**بەرگی دووەم**

# کۆمەڵگای کراوە

# و

# دوژمنەکانی

نووسینی

**کارل پۆپەر**

وەرگێڕانی لە فارسییەوە

**ئیدریس شێخ شەرەفی**

هەولێر - ٢٠٠٦


جامعهء باز و دشمنان آن نوشتهء کارل پوپر،
ترجمهء عزت الله فولادوند، شرکت سهامی خوارزمی، چاپ دوم، ١٣٧٧تهران.
هاوکات پاژی تایبەت بە ئەفلاتوون لەگەڵ ئەم سەرچاوەیەش بەراورد کراوە:
کارل پوپر جامعهء باز و دشمنان آن، جلد یکم: افلاطون ترجمهء امیر جلال الدین اعلم، نشر گفتار، چاپ اول، ١٣٧٦ تهران.

ناوی کتێب: کۆمەڵگای کراوە و دوژمنەکانی (بەرگی دووەم)

- نووسینی: کارل پۆپەر
- وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ئیدریس شێخ شەرەفی
- نەخشەسازی ناوەوە: طــە حسین
- بەرگ: سەیوان سەعیدیان
- سەرپەرشتی چاپ: هێمن نەجات
- پیتچنین: کاوە حسین
- تیراژ: (١٥٠٠) دانە
- ژمارەی سپاردن: ( ٤٣١)
- چاپی یەکەم: هەولێر ٢٠٠٦
- نرخ: (٨٠٠٠) دینار
- چاپخانە: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە

زنجیرەی کتێب: -٧١- (١٧٤)



**ناونیشان**

**دەزگای چاپ و بلاوكردنەوەی موكریانی**

**پۆستی ئەلکترۆنی:** asokareem@ maktoob.com

**ژمارەی تەلەفۆن:** 2260311

www.mukiryani.com

# ناوەرۆك


**پاژی دووەم/ لوتکەی پێشگۆیی و پەیانهێنی**

- بەشی یازدەهەم ٩
- بەشی دوازدەهەم ٥٠

**یاداشتەکان**

- یاداشتی ١١ ١٣٣
- یاداشتی ١٢ ١٩١

**پاژی دووەم**

- بەشی سێزدەهەم ٢٢٩
- بەشی چواردەهەم ٢٤١
- بەشی پازدەهەم ٢٥٦
- بەشی شازدەهەم ٢٧٠
- بەشی حەڤدەهەم ٢٧٩
- بەشی هەژدەهەم ٣٠٧
- بەشی نۆزدەهەم ٣٢٢
- بەشی بیستەم ٣٥٠
- بەشی بیست و یەکەم ٣٨٦
- بەشی بیست و دووەم ٣٩٧
- بەشی بیست و سێیەم ٤١٩
- بەشی بیست و چوارەم ٤٣٧
- بەشی بیست و پێنجەم ٤٨٩

**یاداشتەکان**

- یاداشتی ١٣ ٥٢١
- یاداشتی ١٤ ٥٣٥
- یاداشتی ١٥ ٥٤٠
- یاداشتی ١٦ ٥٤٥
- یاداشتی ١٧ ٥٤٧
- یاداشتی ١٨ ٥٦٠
- یاداشتی ١٩ ٥٧٤
- یاداشتی ٢٠ ٥٩٠
- یاداشتی ٢١ ٦٠٥
- یاداشتی ٢٢ ٦٠٦
- یاداشتی ٢٣ ٦٠٨
- یاداشتی ٢٤ ٦١١
- یاداشتی ٢٥ ٦٣٥

**پاشکۆکان**

١. فاکت و نیشاندەر و راستی ٦٥١
٢. کتێبی شوارتس شیلد ٦٩١
٣. وتووێژ لەگەڵ کارل پۆپەر ٦٩٥

# ئەم بەشە لە ساڵی ١٩٦٥دا زیاد کراوە

لە بەشی سێیەم، یادداشتی ٣١دا، ناوی‌چەند نوسێنێکم هێنا کە پێدەچوو پێشتر تێیدا ئاماژە بە هەندێ بۆچوونی هاوچەشنی بیروباوەڕی من کرابێت سەبارەت بە فەلسەفەی سیاسی ئەفلاتون. پاش نووسنی ئەم کتێبەی ئێستا لەبەردەستتان دایە، هێرشی گەورەی (دایانا سپێرمەنم) بۆ سەر دیکتاتۆرەکان و بۆ سەر لایەنگرانی ئاشتی و هەڵکردن لەگەڵیاندا، لە کتێبی دیکتاتۆریی مۆدێرندا خوێندەوە[1]. ئەو بەشەی کە ئەو لە ژێر ناونیشانی ((تیۆری {تاکرەوی} سەرەڕۆیی)) دا نووسیویەتی، یەکێك لە قوڵترین و بە نفوزترین و لەهەمان کاتدا کورتترین شیکردنەوەکان لەخۆ دەگرێ سەبارەت بە تیۆری سیاسی ئەفلاتون کە من تا ئێستا بینیومە.

1. Diana Spearman, Modern Dictatorship (1939).

## پاژی دووەم

# لوتکەی پێشگۆیی و پەیامهێنی

ئەم دابڕانە ئەخلاقی و مەعنەوی لە جیهانی ئەمڕۆدا، بەم چەشنە دڵتەزێنە دوو بەرەکی دەخاتە نێوان ڕووناکبیرەکان، سەرچاوەکەی بۆ تێك شکان و لەناوچوونی زانستە ئازادەکان (لیبراڵەکان) دەگەڕێتەوە

**- والتێر لیپمەن**

# ١١ ڕەگە ئەرستۆییەکانی فەلسەفەی هێگڵ

نووسینی مێژووی ڕەوتی ئەو هزرانەی کە سەرنجی ئێمە رادەکێشن- واتە مێژووگەرایی و پەیوەندی لەگەڵ تۆتالیتاریزم- کارێك نییە کە بمانەوێ لێرەدا لەسەری بدوێین. هیوادارم خوێنەر ئەوەی لەبیر بێت کەمن تەنانەت هەوڵ نادەم جگە لە چەند دێڕێکی پەرش و بڵاو بۆ ڕوونکردنەوەی پێشینەو زەمینەی سیمای نوێی ئەم هزرانە هیچی تر بڵێم. ناکرێ چیرۆکی گەشە و ئاڵوگۆڕی ئەم هزرانەی ئاماژەمان بۆ کرد، بەتایبەتی لە ئەفلاتونەوە تا هێگل و مارکس، بگێڕینەوە و لەهەمان کاتدا قەبارەی کتێبەکە لەڕادەیەکی مەعقولْدا رابگرین. لەم ڕوویەوە، بەشێوەیەکی ورد ئەرستۆ تاوتوێ ناکەین و نایخەینە بەر توێژینەوە، تەنیا لەم ڕوویەوە نەبێت کە ئەو فۆڕمەی ئەو بە ماهییەتگەرایی ئەفلاتونی بەخشی و دواتر کاریگەری لەسەر هێگل- و لە ڕێگای ئەویشەوە لەسەر مارکس- داناوە لەڕووی باوەڕهێنان بە مێژووگەرایی دەخەینەڕوو. بەم چەشنە، بەرتەسك کردنی توێژینەوەکەمان لە چوارچێوەی ئەو دەستە لە بیروهزرەکانی ئەرستۆ کە وێرای ڕەخنەگرتن لە مامۆستا گەورەکەی واتە ئەفلاتون لەگەڵیاندا ئاشنا بووینە، هێندە بەفیڕۆچوونێکی گەورەش نییە کە ڕەنگە لەسەرەتادا وابێتە بەرچاو. ئەرستۆ، سەرەڕای ئەو زانیارییە سەرسوڕهێنەرەی کە هەیبوو و پانتایی سەرسامکەری ئەو بابەتانەی کە تاوتوێی دەکردن، کەسێك نییە کە ڕەسەنایەتی و نوێکاری هزری ئەو جێگای تێرامان بێت. ئەوەی ئەرستۆ بە هەماری هزری ئەفلاتونیەوە زیاد کرد، زێتر لەڕووی نووسین و ڕێکخستنی {زانست و زانیارییەکان} بوو و هەروەها لەڕووی ئەو هۆگرییە بەتینەی کە لەمەڕ بابەتە ئەزموونیەکانەوە هەیبوو، بەتایبەتی بابەتی بایۆلۆژی. بێگومان داهێنەر و دارێژەری لۆژیك



بوو و لەبەر ئەمە و بەهۆی دەستکەوتەکانی دیکەی، بە تەواوی شایستەی ئەو پادداشتەیە کە (لە کۆتایی کتێبی ڕەت کردنەوە هەڵەکان) خۆی بە خوازیاری دەزانێت- واتە سوپاسی گەرمی ئێمە و چاوپۆشی کردن لە کەموکوڕی و کێماسییەکان. بەڵام لە ڕوانگەی خوێنەران و پیاهەڵدەرانی ئەفلاتونەوە ئەم کێماسیانە زۆر گەورە و کێشە وروژێنن.

## ١

لە هەندێ لە دواین نووسینەکانی ئەفلاتوندا، زایەڵەیەك لە ئاڵوگۆڕی سیاسی هاوسەردەمی ئەو، واتە سەقامگیربوونی زیاتر دیموکراسی لە ئەسینا دەدۆزینەوە. پێدەچێت تەنانەت ئەفلاتونیش هێدی هێدی پێیوا بووبێت دیموکراسی دەمێنێتەوە. لە ئەرستۆدا هەندێ شتی هاوتای ئەمە دەبینین کە ئەو ئیدی لە سنووری گومان تێپەڕیوە و ئیتر هیچ گومانی نییە. ئەرستۆ لایەنگری دیموکراسی نەبوو، بەڵام قبوڵی کردبوو کە دیموکراسی حەتمیە و ئامادە بوو لەگەڵ دوژمندا ئاشتی بکات.

یەکێك لە تایبەتمەندییە دیارەکانی ئەرستۆ کە لە نووسینە ئەنسکلۆپیدیائاساکانی خۆیدا بەجێی هێشتووە، حەزی سازش کردنە کە بە چەشنێکی سەیر لەگەڵ حەزی ڕەخنەگری لە پێشنیان و هاوسەردەمەکانی (بەتایبەتی ئەفلاتون) تێکەڵاو دەبێت. لەم بەرهەمانەدا هیچ ئاماژەیەك لەو دژایەتییە حەسرەتبار و جوڵێنەرەی کە هێزی بزوتنەوەی کارەکانی ئەفلاتونە، نادۆزینەوە. لە جیاتی تروسکەی بە نفوزی بلیمەتی و چاوتیژی کە لە ئەفلاتوندا دەبینرێت، ئەوەی {لە ئەرستۆدا} دەیبینین هەوڵدانە بۆ نووسینەوە و ڕێکخستنی هەموو شتێك بە چەشنێکی وشك و بێ ڕۆح و حەزکردن لەوەی وەکو بەشێکی زۆر لە کۆلکە نووسەرەکانی سەردەمانی دواتر، هەموو بابەتێك لە هەموو جۆرێك بە دەرکردنی ((حکومێکی تۆکمە و هاوسەنگ)) لێك جیابکاتەوەو بیبڕێنێتەوە، بەشێوەیەك کە عەدالەت لەمەڕ هەموویانەوە ڕەچاو بکرێت. ئەمە هەندێ جار بەو مانایەیە کە بە کەیف خۆشی و ویقار و دڵنیاییەوە کونی دوعای لێ ون دەبێت. ئەرستۆ ئەم مەیلە توڕەکەرە لە دۆکترینە بەناوبانگەکەی ((رادەی ناوەند))[١] دەکات بە ڕێسا و هەر ئەمە دەبێتە هۆی گەلێك ڕەخنەی ساختە و تەنانەت نا

1. The man

عەقڵانی لە ئەفلاتون{١}. نموونەی نابەرچاوڕوونی ئەرستۆ- و لەم حاڵەتە نابەرچاوروونیە مێژووییەکەی (چونکە مێژوونووسیش بوو)- ئەم واقیعیەتەیە کە رێك لەو سەردەمەدا کە ئیمپڕاتۆریەتی تاکەکەسی مەکدۆنیا بەسەر دیموکراسیدا زاڵ ببوو و جێگەی گرتبۆوە، ئەرستۆ بێ ئاگا لەم رووداوە مێژووییە، سەقامگیری ڕواڵەتیی دیموکراسی وەکو بەڵگەنەویستێك سەیر دەکات. ئەرستۆش وەکو باوکی یەکێك بوو لە دەرباریەکانی مەکدۆنیا. فیلیپی {مەکدۆنی} هەڵیبژرادبوو بۆ مامۆستایەتی {کوڕەکەی} واتە، ئەسکەندەری گەورە. بەڵام لە ڕواڵەتدا ئەرستۆ بە سووکی سەیری ئەم پیاوانە و گەلاڵەکانیانی دەکرد، رەنگە پێیوابوو بێت کە هیچ نەماوە سەبارەت بەمانە ئەو نەیزانیبێت. بۆچوونی گومپرتس لەم بارەیەوە زۆر گونجاوە کاتێ دەڵێت: ((ئەرستۆ لەسەر خوانی پاشاکان دادەنیشیت و خۆی ئاگای لەم کارە نەبوو{٢})).

بیری ئەرستۆ لە ژێر کۆنترۆڵی تەواوی هزری ئەفلاتون دایە. تا ئەو جێگەیەی کە خووخدەکەی مۆڵەتی پێدەدات، نەك هەر لە روانگەی گشتی سیاسییەوە بەڵکو دەتوانین بڵێین لە هەموو شوێنێك، هەندێ بە زۆرەملێ پەیڕەوی لە مامۆستا گەورەکەی دەکات. لەم روویەوە، تیۆری ئەفلاتون سەبارەت بە کۆیلایەتی سروشتی پەسند دەکات و تەنانەت دەینووسێتەوە و دەڵێ{٣}: ((هەندێ کەس هەر بەشێوەیەکی سروشتی کۆیلەن و بەشێکی تر ئازادن، کۆیلایەتی بۆ دەستەی یەکەم نەك هەر شیاوی بارودۆخیانە بەڵکو دادپەروەرانەشە... ئەو کەسە هەر بە سروشت دارایی خۆی نییە و هی کەسانی ترە، بە چەشنێکی سروشتی کۆیلەیە... خەڵکی یۆنان {هێلینیەکان}(٢) حەز ناکەن خۆیان وەك کۆیلە پێشان بدەن و ئەم وشەیە بۆ بەربەرەکان بەکاردێنن... بەشێوەیەکی گشتی کۆیلە بێ بەرییە لە هەموو جۆرە هێزێکی عەقڵ و بەڵگەخوازی)) و ژنە ناکۆیلەکان تەنیا تۆزێك لەم هێزەیان هەیە. (زۆربەی زانیارییەکانمان لەمەڕ بزاڤی دژە کۆیلایەتی ئەسینا، قەرزداری رەخنەو بەدگۆییەکانی ئەرستۆیە. ئەو بە بەڵگەخوازییەکانی خۆی دژی تێکۆشەرانی رێگای ئازادی بووە هۆی ئەوەی هەندێ لە وتەکانیان پارێزراو بێت). لە هەندێ خاڵی بچووکدا، ئەرستۆ تیۆری کۆیلایەتی ئەفلاتون نەرمتر دەکات و سەرزەنشی مامۆستاکەی دەکات لەبەر توندی زمانەکەی. ئەرستۆ نەك هەر سوود لە هەموو دەرفەتێك وەردەگرێت بۆ گەڕان بەدوای کەموکوڕییەکانی ئەفلاتون، بەڵکو هیچ هەلێك بۆ

2. Hellenes



پێکهاتن و ئاشتی، تەنانەت پێکهاتن لەگەڵ مەیلە ئازادیخوازەکانی سەردەمی خۆیشی، لەدەست نادات.

بەڵام تیۆری کۆیلایەتی تەنیا یەکێکە لەو بیروبۆچوونانەی کە ئەرستۆ دواتر وەریدەگرێت و دەیخوازێت. تیۆرەکەی لەمەڕ **باشترین دەوڵەتەوە**(٣)، تا ئەو شوێنەی زانیاریمان هەیە، بەتایبەتی لەڕووی تیۆرەکانی ناو کۆمار و یاساکان کۆکراوەتەوە. ریوایەتی ئەرستۆ بۆ ئەم تیۆرە، رێنماییەکانی ئەفلاتون زۆر روون و ئاشکراتر دەکەن. تیۆرەکەی سەبارەت بە باشترین دەوڵەت، لە پێکەوەگونجاندنی سێ شت لەتەك یەکتردا پێك هاتووە: یەکیان شێوەی رۆمانتیکی حکومەتی ئەرستۆکراسی ئەفلاتونی، دووەمیان فیۆدالیزمێکی ((تۆکمە و هاوسەنگ)) و سێیەمیان بەشێك لە هزری دیموکراتیك. بەڵام فیۆدالیزم باڵادەستە. ئەرستۆ وەکو دیموکراتەکان، لەسەر ئەو بڕوایەیە کە دەبێ هاووڵاتیان مافی ئەوەیان هەبێت لە حکومەتدا بەشداری بکەن. بەڵام ئەم بیروباوەڕە هێندەش کە ڕەنگە پێبچێت توندو توندڕۆییانە نییە، چونکە ئەفلاتون خێرا روونی دەکاتەوە کە نەك هەر کۆیلەکان بەڵکو هەموو چینە بەرهەم هێنەرەکان دەبێ لەریزی هاووڵاتیاندا دەربکرێن. کەواتە، ئەو لەگەڵ ئەفلاتوندا کۆکە کە نابێت چینی کرێکارەکان حوکمڕانێتی بکەن و نابێ چینە باڵادەستەکان کاربکەن و تەنانەت خەریکی پارە کۆکردنەوەش بن (هەرچەندە گریمانەکە لەسەر ئەوە دامەزراوە کە ئەم چینانەی دوایە خاوەن پارەیەکی زۆر و زەوەندن). ئەندامانی چینی دەسەڵاتدار، خاوەن زەوین، بەڵام نابێ خۆیان لەسەر زەوییەکان کار بکەن. تەنیا شتێك کە بەشایستەی دەسەڵاتدارە فیۆدالەکان حسێب دەکرێت، راو و جەنگ و کات بەسەربردنی لەم جۆرەیە. رەنگە ترسی ئەرستۆ لە هەموو جۆرە پارە وەدەست هێنانێك- یاخود بەشێوەیەکی دیکە، هەر چەشنە چالاکییەکی پیشەیی- تەنانەت لە ترسی ئەفلاتونیش قوڵتربێت، ئەفلاتون پێشتر زاراوەی ((کاسبکار))(٤)ی بۆ وەسف کردنی شێوازی فیکری رەشۆکانە (عەوامانە) و زەبون و لەڕووی ئەخلاقییەوە گەندەڵ بەکارهێنابوو. ئەرستۆ مانا خراپەکەی ئەم وشەیە بەرفراوان دەکات و بەسەر هەموو ئەو کار و هۆگرییانەی دادەسەپێنێ کە تەنیا لایەنی کاتبەسەربردنیان نەبێت. ئەو مانایەی کە ئەرستۆ لەم وشەیەی وەردەگرێ زۆر

3. Best state
4. banausic

نزیکە لە مەدلولی وشی ((پیشەگەریی))[٥]، بەو چەشنەی کە ئێستا لەناو ئێمەدا باوە، بەتایبەتی ((پیشەگەریی)) بەو واتایەی کە کەسێك بێ سەلاحیەت بێت لە بەشداری کردنی لە پێشبڕکێ ئاماتۆڕییەکان و هەروەها بە مانای کەسانی لێزان و پسپۆڕی وەکو پزیشکەکان. لە ڕوانگەی ئەرستۆوە، هەموو جۆرە ئیشێکی پیشەگەریی یان پسپۆڕی[٦]، بەمانای وەدەرنان لە ریزی ئەندامانی ((کاست))ـە. ئەو زۆر شێلگێرانە لەسەر ئەو بڕوایەیە[{٥}] کە نەجیبزادەیەکی فیۆدال نابێ هەرگیز گرنگی لەڕادەبەدەر ((بە هیچ پیشە یان سەنعەت یان زانستێك)) بدات و دەڵێ: ((هەندێ **هونەری ئازادیش**[٧] هەیە، یاخود بەجۆرێکی تر، ئەو هونەرەی کە نەجیبزادەیەك دەتوانێت هەوڵی وەدەست هێنانی بدات، بەڵام هەڵبەتە هەمیشە بەو مەرجە کە لە رادەیەکی دیاریکراو تێنەپەڕێت، چونکە ئەگەر بێتو گرنگی پێدان و هۆگریی لە ئەندازە تێپەڕ بێت، هەندێ شوێنەواری ناخۆشی لێ دەکەوێتەوە)) و مرۆڤ وەکو کەسە پیشەکارەکان، {لەو هونەرانە} شارەزا دەبێت و پێیانەوە خەریك دەبێ و لە ریزی ئەندامانی ((کاست))ی خۆی وەدەردەنرێت. ئەمەیە وێنای ئەرستۆ بۆ پەروەردەو فێرکردنی نائازادی {نالیبراڵ}[٨]ی بەگزادە {یان جێنتڵمەن}ێك- بە جیاکردنەوە لە پەروەردەی کۆیلەیەك یان نۆکەرێك یان خزمەتکارێك یان کەسێکی پیشەگەر- کە مخابن هێشتا واز لەمە نەهێنراوە[{٦}]. هەر بەم چەشنە چەندین جار جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ((یەکەمین بنەمای هەموو جۆرە کارێك، هەبوونی دەستبەتاڵییە))[٩][{٧}]. ئەو ستایش و ڕێزەی کە ئەرستۆ سەبارەت بە چینە دەستبەتاڵەکان هەیەتی، پێدەچێت هێمای هەستێکی سەیری پشێوی و نائاسودەیی دەروونی بێت. وادێتە بەرچاو کە کوڕی پزیشکی دەربارەی مەکدۆنیا، لەمەڕ پلەو پایەی کۆمەڵایەتی خۆیەوە شڵەژابوو، بەتایبەتی سەبارەت بەوە کە نەکا بەهۆی هۆگربوون بە زانست و

5. professional
6. professionalism

٧. liberal arts و وشەی liberal، سەرەڕای ماناکانیتر، بەواتای "ئازاد"و "ئازا"و "سەربەست" یش دێت و (بەو مانایەی کە یۆنانییەکان بەکاریان دێنا) دەلالەتی لەشتێك دەکردکە شایستەی پیاوە ئازادەکان بووـ واتە ئەو کەسانەی کە کۆیلە نەبوون و خودان دارایی و دەستبەتاڵی پێویست بوون... ئەمڕۆ زاراوەی liberal arts بەتایبەتی لە ئەمریکا بەو بەشانە دەگوترێت" زانستە مرۆڤایەتیەکان و زانستە بنەماییەکان، کەبە هەڵاواردن لە خوێندنی پسپۆڕی و تەکنیکی، خوێندنیان لە زانکۆدا بۆ بەهێزکردنی زانیاری گشتی و گەشەی هەمەلایەنەی هێزی بیرکردنەوەیە.

8. Liberal education
9. leisure



لێکۆڵینەوە، لە ((کاست))ی خۆی دەربکرێت و لە ریزی خاوەن پیشەکان بژمێردرێت. بە وتەی گومپرتس[{٨}]: ((وەسوەسەی ئەم بۆچوونە لە هزری مرۆڤدا وەخەبەردێت کە رەنگە ترسابێت هاوڕێ ئەرستۆکراتەکانی توانجی تێبگرن و ریسوای بکەن... جێگەی سەرسوڕمانە کاتێ سەیر دەکەن یەکێك لە گەورەترین توێژەرانی چاخ و سەردەمەکان و رەنگە گەورەترین لێکۆڵەرەوە کە مێژوو بەخۆیەوە بینیوە، حەز ناکات لەریزی زانا پسپۆڕەکان حسێب بکرێت و پێی باشە هونەرنوێن[١٠] و پیاوی دونیا بێت...)) بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە ئەرستۆ دەیەوێت سەربەخۆیی خۆی لە ئەفلاتون بسەلمێنێت و جگە لە رەچەڵەکە ((پیشەییەکە)) خۆی و سەرەڕای ئەم راستیە کە بێگومان خۆی یەکێك بوو لە ((سۆفیستە))[١١] پیشەگەرەکان (و تەنانەت وانەی سەنعەتی وتاربێژی دەوتەوە)، رەنگە هەستی خۆ بەکەم زانینەکەی، بنچینەیەکەی تریشی هەبووبێت، چونکە لە ئەرستۆ بەدواوە، فەلسەفەی ئەفلاتون وازی لە ئارەزووە بەرزەکانی رابردوو هێنا و دەستی لە خواستی دەسەڵات کێشایەوەو لەپاش ئەمە ئیدی تەنیا وەك پیشەی وانە وتنەوە درێژەی بە خۆیدا لەبەر ئەوەی تەنیا خواوەندێکی فیۆداڵ دەیتوانی ببێتە خاوەنی پارەو دەستبەتاڵییەکی کافی بۆ خوێندنی فەلسەفە، تەنیا شتێك کە دەکرا ببێتە هۆی ئارەزوومەندی هیمەتی فەلسەفە، ئەوەبوو کە بگۆڕێت بۆ یەکێك لە پاشکۆکانی خوێندنی بەگزادەکان. بەڕەچاوکردنی ئەم ئامانجە بچووك و کەمە، ئەرستۆ زۆر بە پێویستی دەزانێت بەگزادە فیۆدالەکان رازی بکات کە تێڕامان و چاوەدێری فەلسەفی لەوانەیە ببێتە گرنگترین توخمی ((باش ژیان))، چونکە ئەگەر کەسێك خەریکی جەنگ یان پیلانی سیاسی نەبێت، ئەم کارە خۆشترین و بەرزترین و رازاوەترین شێوازی کات بەسەربردنە و باشترین رێگایە بۆ بەسەربردنی کاتی دەستبەتاڵی، چونکە بە وتەی خۆی ((هیچ کەسێك ... بۆئەم مەبەستە جەنگ ناکات))[{٩}].

10. dilettante

١١. sophist "سۆفیستایی" یان "سۆفستی" عەرەباندنی وشەی یۆنانی "سۆفیستس"ە بە مانای "زانا"و "مامۆستا". سۆفیستەکان جگە لە خەریکبوون بە لێکۆڵینەوە و فەلسەفە، وانەشیان دەگوتەوە و لەبەرانبەریدا کرێیان وەردەگرت (ئەو ئیشەی سوقرات خۆی لێدەبوارد)...

دەتوانین وادابنێین کە فەلسەفەیەکی ئەوتۆ کە دەربارەییەك پێی رازی بێت، فەلسەفەیەکی گەشبینانەیە، چونکە ئەگەر وانەبێت، کات بەسەربردن و دەستبەتاڵییەکی خۆش نابێ. بەڕاستیش گرنگترین دەستکاری کە ئەرستۆ وێڕای نووسینەوە و ڕێکخستنی فەلسەفەی ئەفلاتونی تێیدا کردووە[١٠]، هەر ئەم هێنانە ناوەوەی توخمی گەشبینە بۆئەم قوتابخانەیە. هەستی بێ ئامانجی و سەرلێشێواوی ئەفلاتون لەم تیۆرەدا خۆی دەنوێنێت کە هەموو جۆرە سوڕانێك- لانی کەم لە هەندێ خولی گەردوونیدا- حەتمەن بەرەو دۆخێکی خراپترە و هەمووگۆڕانێك بە مانای گەندەڵییە. تیۆری ئەرستۆ توانای قبوڵ کردنی گۆڕانیشی هەیە بە ئاڕاستەی باشبوون و ئەوە پەسەند دەکات کە لەوانەیە گۆڕانکاری بە مانای پێشکەوتن بێت. ئەفلاتون ڕێنمایی کردبووین کە هەموو چەشنە ئاڵوگۆڕێك لە فۆڕم یان ئایدیای سەرەکی و تەواوەوە دەست پێدەکات و ئەو شتەی ئاڵوگۆڕی بەسەردادێت، بەهەمان پلە کە گۆڕانی بەسەردادێت و پێکچوونی خۆی لەگەڵ بنچەکە (اصل) لەدەست دەدات، وردە وردە تووشی کێماسی دەبێت. نەك هەر ئسپیۆسیپۆسی خوشکەزا و جێگری، بەڵکو ئەرستۆش ئەم تیۆرەی بەلاوەنا. دواجار، ئەرستۆ بەڵگەخوازییەکانی ئسپیوسیپۆسی بەهۆی زێدەڕۆیی و لەبەر ئەوەی پێویستی بە جۆرە پەرەسەندنێکی بایۆلۆژی هەیە بەرەو بوونەوەرە بەرزترەکان، سەرزەنش و مەحکوم دەکات. وادێتە بەرچاو ئەرستۆ دژایەتی تیۆرە بایۆلۆژییەکانی سەردەمی خۆی کردبێت کە بەدەوری تەوەری پەرەسەندندا دەخولانەوە و قسەی کۆڕ و کۆبوونەوەکان بوو[١١]. بەڵام هەر ئەم سووڕانەوە گەشبینانە تایبەتیەش کە بەدەستی ئەو هێنرایە نێو فەلسەفەی ئەفلاتونی، خۆی لە تێڕامان لە زەمینەی بایۆلۆژییەوە سەرچاوە دەگرێ و بناغەکەی لەسەر بیرۆکەی **هۆکاری کۆتایی**[١٢] دامەزراوە.

بەبڕوای ئەرستۆ، یەکێك لە چوار هۆکارەکانی هەموو شتێك- و هەموو جوڵە یان گۆڕانێك- هۆکارێکی کۆتایی یان غایەتێکە کە جوڵە بەمەبەستی ئەو ئەنجام دەدرێت. لەبەر ئەوەی کۆتایی، ئامانج یان غایەتی دڵخواز و جێگەی مەبەستە، هەر بۆیە باشیشە. کەواتە دەگەینە ئەم دەرەنجامە کە نەك هەر (هەروەك پێشتر ئەفلاتون ڕێنمایی کردبووین و ئەرستۆ پەسەندی کردبوو[١٢]) لەوانەیە خێرێکی دیاریکراو چاوگی جوڵەیەك بێت، بەڵکو دەبێ چاکەیەکی

12. Final cause



دیاریکراو لە کۆتایی یان غایەتەکەشی دابێت. ئەم حاڵەتە سەبارەت بە هەموو ئەو شتانە کە خاوەن سەرەتایەکن لەڕووی زەمەنیەوە یان هەروەك ئەرستۆ دەڵێت، هەموو شتێك کە بێتە نێو پانتایی بوونەوە، گرنگیەکی تایبەتی هەیە. **((فۆڕم)) یان ماهییەتی هەر شتێك کە ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت، لەگەڵ مەبەست لەم شتە یان حاڵەتی کۆتایی یان ئەو غایەتەی کەئەم شتە بە ئاڕاستەی ئەو ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت، یەکێکە.** کەواتە لە کۆتایی کارەکە و سەرەڕای نکۆڵی کردنی ئەرستۆ، دەگەینە شتێك کە زۆر بەو گۆڕانکارییە دەچێت کە ئسپیۆسیپۆسی لە فەلسەفەی ئەفلاتوندا پێکی هێنا. فۆڕم یان ئایدیا کە هێشتا وەکو کۆك و هاوڕا بوون لەگەڵ ئەفلاتون، بەشتێکی چاك لەقەڵەم دەدرێت، لەجیاتی ئەوەی لەسەرتا بێت، لە دوایی و کۆتایی دایە. تایبەتمەندی کاری ئەرستۆ کە گەشبینی لە جیاتی ڕەشبینی دادەنێت هەر ئەمەیە.

دوائامانجناسی[١٣] ئەرستۆ- یاخود بە جۆرێکی تر، جەخت کردنی ئەرستۆ لەسەر غایەت یان ئامانج وەکو هۆکاری کۆتایی هەموو گۆڕانێك- ئەوە دەردەخات کە مێشکی لە هەموو شتێ زیاتر بە بابەتی بایۆلۆژییەوە خەریك بووە. لەم باسەدا، نەك هەر ئەرستۆ لەژێر کاریگەری تیۆرە بایۆلۆژییەکانی ئەفلاتون دایە[١٣]، بەڵکو کەتۆتە ژێر کاریگەری ئەم شتەشەوە کە ئەفلاتون گشتیەت بە تیۆرەکەی خۆی دەبەخشێ لەمەڕ دادپەروەرییەوە، بە سەرانسەری دونیادا. ئەفلاتون لە ڕێنماییەکانی خۆیدا هەر بەوەندە ناوەستێ کە بڵێت هەر کام لە چینە جیاوازەکانی هاوولاتیان لە کۆگادا شوێنێکی سروشتیان هەیە کە هی ئەوەو بەشێوەیەکی سروشتی شایەنێتی، بەڵکو هەوڵ دەدات جیهانی تەنە سروشتییەکان و پۆل یان جۆری ئەم تەنانەش بەپێی پرنسیپێکی هاوتای ئەمە راڤە و شی بکاتەوە. دەیەویست کێشی تەنە قورسەکانی وەکو بەردو خاك و مەیلیان بۆ کەوتن و هەروەها مەیلی هەواو ئاگر بۆ بەرزبوونەوە، بەم گریمانەیە روون بکاتەوە کە ئەم تەنانەی ئاماژەمان بۆ کردن، هەوڵ دەدەن یان تەقەلای ئەوەیانە کە شوێنی سروشتی خۆیان، واتە ئەو جێگەیەی کە جۆرەکەیان تێیدا جێگیر بووە، بپارێزن یان بەدەستی بێننەوە. بەرد و خاك لەبەر ئەوە دەکەون چونکە هەوڵ دەدەن لە شوێنێك بن کە زۆربەی بەرد و خاکەکان لەوێن و بەپێی ڕێکی دادپەروەرانەی سروشت سەر بەو جێگەیەن. هەوا و ئاگر بەو هۆیەوە بەرز دەبنەوە چونکە تەقەلای ئەوەیانە لە شوێنێك بن کە

13. teleology

هەواو ئاگر (و تەنە گەردوونیەکان)ی لێیە و بە پێی ڕێکی دادپەروەرانەی سروشت هی ئەوێن[١٤]. ئەرستۆی گیانلەبەرناس ئەم تیۆرەی جوڵەی پەسەند کردبوو، چونکە لەلایەکەوە لەگەڵ تیۆری هۆکاری کۆتاییدا بە ئاسانی لێك دەبەستراو لەلایەکی تریشەوە مۆڵەتی ئەوە دەدا کە هەموو جۆرە جوڵەیەك، بۆ نموونە غاری چوارناڵەکی ئەسپە سەرکێشەکان وەکو گەڕانەوە بۆ تەوێڵە روون بکرێتەوە. ئەرستۆ ئەم تیۆرەی وەکو تیۆری بەناوبانگی خۆی سەبارەت بە شوێنەکان یان جێگەی سروشتی[١٤] گەشەپێدا. هەر شتێك کە لە جێگەی سروشتی خۆی هەڵبگیرێت یان دوور بخرێتەوە، حەزێکی سروشتی هەیە بەرەو ئەوەی بۆ ئەم شوێنە بگەڕێتەو.

سەرەڕای کۆمەڵێك گۆڕانکاری، ریوایەتی ئەرستۆ لەمەڕ ماهییەتگەرایی ئەفلاتون تەنیا هەندێ جیاوازی کەم بایەخ پێشان دەدات. هەڵبەتە ئەرستۆ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بە پێچەوانەی ئەفلاتون، فۆڕم یان ئایدیا بە خودان بوونێکی جیا لە شتە هەستپێکراوەکان وێنا ناکات. ئەگەر ئەم جیاوازییە گرنگی هەبێت ئەوا لەم روویەوەیەکە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ ئەو دەستکاری کردنە هەیە کە لە تیۆری گۆڕاندا پێك هاتووە. یەکێك لە خاڵە سەرەکییەکانی تیۆری ئەفلاتون ئەوەیە کە دەبێ فۆڕم یان ماهییەت یان بنەچە (یان باوك)ـەکان وەکو خاوەن بوونێکی پێشینە و هەر بۆیە، جیا لە شتە هەستپێکراوەکان لەقەڵەم بدەین، چونکە هەستپێکراوەکان لە جوڵەدا لێیانەوە دوور و دوورتر دەبنەوە. ئەرستۆ شتە هەستپێکراوەکان بە ئاڕاستەی هۆکارە کۆتاییەکان یان غایەتەکەیان دەجولێنێ و ئەم هۆکار یان غایەتانە لەگەڵ فۆڕم یان ماهییەتەکەیاندا بە یەك شت دەزانێ[١٥] و وەکو بایۆلۆژیست گریمانەی ئەوە دەکات کە شتە هەستپێکراوەکان تۆوی حاڵەتی غایی یان ماهییەتی خۆیانیان بە ماتەهێزی لە ناخی خۆیاندا هەڵگرتووە. یەکێك لەو بەڵگانەی کە ئەو دەتوانێت لە رێگای ئەوەوە بڵێت فۆڕم یان ماهییەت لە نێو شتدایە و نەك هەروەکو ئەفلاتون دەیگوت، لە پێشەوەی شت و لە دەرەوەیەتی، هەر ئەمەیە. لای ئەرستۆ، هەموو جوڵە یان گۆڕانێك بە مانای وەڕاستگەڕان[١٥] یان ((بەدیهاتنی))[١٦] هەندێ هێز یان توانای ناجەوهەرییە کە لە خودی خۆیدا لە ماهییەتی هەموو شتەکان دایە[١٦]. بۆ نموونە، یەکێك لە هێز یان توانا خودییەکانی پارچە دارێك ئەوەیە

14. natural places
15. realization
16. actualization



کە دەتوانێت بکەوێتە سەر ئاوان بسوتێت. ئەم هێز یان توانایە وەك ماجەوهەریەتی زاتی ماهییەتی دار دەمێنێتەوە، ئەگەرچی دار هەرگیز سەر ئاونەکەوێ یان ئاگر نەگرێت، بەڵام ئەگەر سەرئاو بکەوێت یان بسوتێت، ئەو کاتە هێزێکی وەڕاست گەڕاندووە و لەم رێگەیەوە گۆڕاوە یان جوڵەی کردووە. کەواتە، لەبەر ئەوەی ماهییەت هەموو هێز یان تواناکانی شت لەخۆ دەگرێ، شتێکە وەك سەرچاوەی ناوەکی گۆڕان یان جوڵە. ئەم ماهییەت یان فۆڕمە ئەرستۆییە، ئەم هۆکارە (فۆڕماڵی ((رواڵەتی)))[١٧] یان ((کۆتایی))ییە، بە کردەوە هەمان ((سروشت)) یان ((گیانە)) لای ئەفلاتون و یەکیەتی ئەم دووانە لەلایەن ئەرستۆ خۆیەوە پشت راست دەکرێت. لە کتێبی میتافیزیکدا دەنووسێت[١٧]: ((سروشتیش وەکو رەگەز[١٨] هێزی عەقلاندنی هەیە، چونکە بنچینەی جوڵەیەکە کە لەخودی خۆیدا لە ناخی ماهییەتی خودی شتەکە دایە)). لەلایەکی دیکەوە، ((گیان)) ((وەکو تەواویی یەکەمی[١٩*] تەنی گیاندار)) پێناسە دەکات و لەبەر ئەوەی ((تەواویی یەکەم))یش بەنۆرەی خۆی وەکو فۆڕم یان هۆکاری فۆڕماڵی و وەکو هێزی بزوێنەر راڤە دەکرێت[١٨]، هەر بۆیە، بەیارمەتی ئەم دەزگا تاڕادەیەك ئاڵۆزەی زاراوەناسی، دیسان دەگەینەوە بۆچوونی سەرەکی ئەفلاتون کە گیان یان سروشت شتێکە وەکو فۆڕم یان ئایدیا کە ناجەوهەری زاتی و بنچینەی جوڵەیەتی. (پێم وایە کاتی کە تسلەر ستایشی ئەرستۆی دەکرد لە پێناو ((دانانی زاراوەی گشتگری زانستی و بەکارهێنانی روون و جێگیری زاراوەکان))، رەنگە خۆیشی لە بەکارهێنانی سیفەتی ((روون و جێگیر)) تاڕادەیەك هەستی بە شلەژاوی کردبێت[١٩]، بەڵام دەتوانین گشتگیری {ئەو زاراوانەی ئاماژەیان بۆ کرا} پەسەند بکەین و هەروەها ئەم راستیە جێگەی داخەی کە ئەرستۆ لە رێگای

17. formal cause

١٨. پۆپەر بە class وەریگێڕاوە. لەوەرگێڕانەکەی راس (W.D. Ross)دا بۆ میتافیزیك بە "رەگەز" (genus) لێکدراوەتەوە کە پێدەچێت ورد و رێکتر بێت.

١٩. First entelechy "تەوایی یەکەم" "کمال اول" زاراوەی فەیلەسووفە ئیسلامییەکانە. لەزمانی یۆنانیدا ئینتەلێخیا (entelecheia) لە ئاوێتەکردنی دوو وشە پێکهاتووە: ئینتەلیس (enteles) = کامل، تەواو + ئێخین (echein) = هەبوون. لە فەلسەفەی ئەرستۆدا مەبەست بوونی بەتەواوی وەڕاستگەڕاوی شتە، واتە ئەو شتەی کە ماهییەتەکەی بەتەواوی فیعلیەتی وەرگرتووە لەبەرانبەر ماتەبووندا. هەندێ جاریش بەواتای ماهییەت و رواڵەت بەکاردێت.

بەکارهێنانی ئەم زمانە تەکنیکییە ئاڵۆز و تاڕادەیەك رواڵەتبازەوە، بەشێکی زۆر لە فەیلەسووفەکانی شەیدای خۆی کرد، بەچەشنێك کە ، بە وتەی تسلەر ((هەزاران ساڵ، بوو بە رێنوێنی فەلسەفە)) ).

ئەرستۆ لەو جۆرە مێژوونووسانە بوو کە زیاتر شێوازی ئەنیسکلۆپیدیایی بەکاردێنن و راستەوخۆ هیچ کارێکی بۆ بەرەو پێشبردنی مێژووگەرایی ئەنجام نەدا. لایەنگری شێوەیەکی سنووردار و بەرتەسکی تیۆری ئەفلاتون بوو کە پێیوابوو رووداوە گەورە کارەساتاوییەکان کە دووبارە دەبنەوە، هەرچەند جار کەرەتێك نەوەی مرۆڤ لەبەریەك هەڵدەتەکێنن و تەنیا ژمارەیەکی کەم دەهێڵنەوە[٢٠]. بەڵام جگە لەمە، پێناچێت گرنگیەکی ئەوتۆی بە رەوتە مێژووییەکان دابێت. سەرەڕای ئەم راستیە، دەتوانین لێرەدا پێشانی بدەین کە چۆن تیۆرەکەی سەبارەت بە سوڕان و گۆڕان، هەندێ راڤەی ئەوتۆی لێ دەکەوێتەوە کە لە سەربنەمای مێژووگەرایی دامەزراون و هەڵگری هەموو توخمە پێویستەکانە بۆ گەشەپێدانی فەلسەفەیەکی پڕ زەوق و بەرق کە لەسەر مێژووگەرایی داڕێژراوە. (تا بەر لە هێگل، هیچ کەسێك سوودی تەواوی لەم دەرفەتە وەرنەگرتبوو). دەتوانین سێ دۆکترین دەستنیشان بکەین کە هەرسێکیان راستەوخۆ لە تیۆری ماهییەتگەرایی ئەرستۆوە سەرچاوە دەگرن، (١) تەنیا ئەگەر کەسێك یان دەوڵەتێك پەرە بسێنێت و تەنیا لە رێگای {ئاشنا بوون لەگەڵ} مێژووی ئەو دەوڵەتە یان بەسەرهاتی ئەو کەسەوە دەتوانین شتێك لەمەڕ ((ماهییەتی پەنهان و پەرەسەندووی)) ئەم کەسە یان دەوڵەتە بزانین (دەستەواژی نێو کەوانەی بچووک هی هێگلە[٢١]). ئەم دۆکترینە بە پلەی یەکەم بەکارهێنانی میتۆدێکی مێووگەرایانەی لێ دەکەوێتەوە، واتە بە وەرگرتنی ئەم پرنسیپە کە تەنیا رێگایەك بۆ وەدەست هێنانی هەر چەشنە مەعریفەیەك سەبارەت بە خود[٢٠] یان ماهیاتی[٢١] کۆمەڵایەتی، بەکارهێنانی میتۆدێکی مێژووییە لە رێگای خوێندنەوەی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان. بەڵام ئەم دۆکترینەی ئاماژەمان بۆ کرد لەمەش زیاتر بەرفراوان دەبێ (بەتایبەتی لەکاتێکدا کە لەگەڵ پۆزەتیڤیزمی هێگل لە زەمینەی ئەخلاق[٢٢]دا لێك دەبەسترێت کە لە نێوان واقیعیەت و

20. Entities
21. essences
22. moral positivism



چاکیدا، یەکیەتی یان ئەمئەوەکی[٢٣] دروست دەبێت) و بە پەرستنی مێژوو و بەرزکردنەوەی بۆ ئاستی **سەکۆی مەزنی واقعیەت و دیوانی دادی جیهانی کۆتایی دێت**. (٢) گۆڕان، ئەوە ئاشکرا دەکات کە لە ماهییەتی پەرە نەسەندوودا پەنهانە و تەنیا لەم رێگایەوە دەتوانێت ماهییەت یان هێزەکان یان تواناکان یان تۆوەکان بپشکوێنێ و دەریانبخات- ئەو هێزانەی کە هەر لەسەرەتاوە لەخودی خۆیاندا لە پێشەوەی شتە بگۆڕەکانەوە هاتووە. ئەم دۆکترینە دواتر هزری چارەنووسی مێژوویی یان چارەنووسی خودیی بێ ئەملاوئەولای لێ دەکەوێتەوە کە بیرۆکەیەکە لەسەر بنەمای مێژووگەرایی دامەزراوە، چونکە هەروەکو پێشتر هێگل دەریخست[٢٢]، ((ئەوەی ئێمە بە بنەچە یان ئامانج یان **چارەنووس** ناوزەدی دەکەین)) هیچ نییە جگە لە هەمان ((ماهییەتی پەنهان و پەرەنەسەندوو)). ئەمە بەو مانایەیە کە هەرچی بەسەر کەسێك یان نەتەوەیەك یان دەوڵەتێك بێت، پێویستە وەکو نەشئەیەك سەیر بکرێت لەو ماهییەتە، لەو شتە راستەقینەیە، لەو ((کەسایەتییە)) واقیعیە کە لە قاڵبی ئەو کەسە یان نەتەوەیە یان دەوڵەتەدا خۆدەنوێنێت و دەبێ هەر بە پێی ئەم حاڵەش دەرك بکرێ. ((چارەنووسی مرۆڤێك پەیوەندییەکی بێ نێوانی لەگەڵ بوونی خودی ئەودا هەیە و شتێکە رەنگە ململانێی لەگەڵدا بکات بەڵام بەڕاستی بەشێکە لە ژیانی ئەو)) ئەم فۆڕمۆڵبەندییەی تیۆری هێگڵ لەمەڕ چارەنووسەوە (کە لەلایەن کەیرد[٢٤] ئەنجام دراوە[٢٣] بەئاشکرا هاوتای مێژوویی و رۆمانتیکی تیۆری ئەرستۆیە کە دەڵێت هەموو تەنەکان بەدوای ((شوێنی سروشتی)) خۆیاندا دەگەڕێن و هەمان بیرۆکە کۆنە بێ بایەخەکەیە، ئەوەندە نەبێت بە زمانێکی شڵەژاو دەریدەبڕێت و دەڵێت ئەوەی بەسەر کەسێك دێت نەك هەر پەیوەندی بە بارودۆخ و هەلومەرجی دەرەکییەوە هەیە، بەڵکو پەیوەستە بە خودی خۆیشی و شێوازی دژکردەوەی لە بەرامبەر هەلومەرجەکانیشدا. خوێنەری ساویلکە گەلێ شادمان دەبێ بەهۆی توانای خۆیەوە لە تێگەیشتن و هەست کردن بە حەقیقەتی ئەم حیکمەتە قوڵە- ئەو حیکمەتەی کە دەبێ بە یارمەتی هەندێ وشەی وەکو ((چارەنووس)) و بەتایبەتی ((بوونی خۆی)) فۆڕمۆڵبەندی بکرێ. (٣) بۆ ئەوەی ماهییەت وەڕاست بگەڕێ یان ببێت بە واقعیەت دەبێ لە رەوتی گۆڕاندا بکرێتەوەو گەشە بکات. دواتر ئەم دۆکترینە بە دەستی هێگڵ بەم

23. identity
24. E. caird

جۆرەی لێ هات{٢٤}: ((ئەوەی تەنیا بۆ خودی خۆی[٢٥] بوونی هەیە... هێزی ئەبستراکتە و هێشتا سەری لە ئاسۆی بوونەوە دەرنەهێناوە... ئایدیا[٢٦] تەنیا بەهۆی چالاکییەوە[٢٧]، وەڕاست دەگەڕێت)). کەواتە، ئەگەر من دەمەوێت ((لە ئاسۆی بوونەوە سەر دەربێنم)) ( کە بێگومان چاوەڕوانییەکی زۆرنییە)، دەبێ ((کەسایەتی خۆم دەرخەم). هێگڵ بە ئاشکرا ئەوە دەستنیشان دەکات کە ئەم تیۆرە کە هێشتا تاڕادەیەك لەلایەن هەموانەوە پەسەند دەکرێ، پاساوێکی نوێیە بۆ تیۆری کۆیلایەتی، چونکە خۆسەلماندن[٢٨] لە پەیوەندی نێوان تاك و ئەوانیتردا، واتە هەوڵدان بۆ زاڵبوون بەسەر ئەواندا{٢٥}. هێگل ئەوەمان بیردەخاتەوە کە هەموو پەیوەندییە تاکەکەسییەکان دەتوانین بەم چەشنە بۆ پەیوەندی سەرەکی نێوان سەروەر و کۆیلە[٢٩] و زاڵبوون و خۆبەدەستەوەدان بگۆڕین. هەموو کەسێك دەبێ هەوڵی خۆ سەلماندن بدات و خۆی دەربخات و ئەو کەسەی ترسنۆك و بێ چارەنووس و بێ توانای گشتییە بۆ پاراستنی سەربەخۆیی خۆی، دەبێ بۆ قۆناغی کۆیلەیی دابەزێت. ئەم تیۆرە دڵهەژێنە سەبارەت بە پەیوەندی تاکە کەسی، هەڵبەتە هاوشێوەی تیۆرەکەی هێگلە لەمەڕ پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکانیش. دەبێ نەتەوەکان لەسەر **سەکۆی مێژوو** خۆیان بسەلمێنن و بۆ زاڵبوون بەسەر جیهاندا، ئەرکی هەوڵدانیان لەسەر شانە.

هەموو ئەم دەرەنجامە بەرفراوانانە کە لە بیروباوەڕی مێژووگەرایییانەوە سەرچاوە دەگرن و لە بەشی ئایندەدا لە گۆشەنیگایەکی ترەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەین، بە درێژایی بیست سەدە لە نێو تیۆری ماهییەتگەرایی ئەرستۆدا لە دۆخی ((پەنهان و پەرە نەسەندوو))دا ئۆقرەی گرتبوو. فەلسەفەی ئەرستۆیی زۆر زیاتر لەوەی تەنانەت زۆربەی پیاهەڵدەرانی پێیان زانیبێت، بە کەڵك و مژدەبەخش بووە.

25. for itself
26. Idea
27. activity
28. self- assertion
29. Master and slave



## ٢

**جگە لە تەمەڵی و پشێوی هزری، گەورەترین مەترسی بۆ سەر فەلسەفەی ئێمە شێوازی بیرکردنەوەی سکۆلاستیکە... کە سەرەڕای ئەوەی ناڕوونە، بەجۆرێك مامەڵە دەکات وەك بڵێی ورد و روون و ئاشکرایە.**

ف.پ.ڕەمزی[٣٠]

لێرەدا دەمانتوانی خێرا خەریکی شیکردنەوەی فەلسەفەی مێژووگەرایی هێگل بین یان لانی کەم، ئەو کورتەیەی کە لە بڕگەی ٣ی ئەم بەشە سەبارەت بە گۆڕانکارییەکان لەسەردەمی ئەرستۆوە تا دەورانی هێگل نووسیومانە و هەروەها لەمەڕ بەرزبوونەوەی ئیشی مەسیحیەت، بێنینەوە. بەڵام بەر لەمە گەرەکمە خۆ لە بابەتەکە بدزمەوەو سەبارەت بە بابەتێکی پسپۆڕانەتر- واتە میتۆدی ماهییەتگەرایی ئەرستۆ لە پێناسەکاندا بدوێین.

بابەتی پێناسە و ((مانای وشەکان)) ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە مێژووگەراییەوە نییە، بەڵام سەرچاوەیەکی وشك نەبوونی تێکەڵ کردن و هەڵە و بەتایبەتی جۆرێکی دیاری وشەبازی بووە کە لەو سەردەمەوە کە لە هزری هێگل لەگەڵ مێژووگەراییدا ئاوێتە بوو، بووە هۆی ئەو نەخۆشییە ژاراوییەی ڕۆژگاری ئێمە کەمن بە فەلسەفەی غەیبگۆیانە[٣١] ناوزەدم کردووە. ئەم پرسە گرنگترین چاوگی کاریگەری ئەرستۆ بووە لەسەر هزر و عەقڵ و بەداخەوە تاکو ئێستا خودان هێزی خۆیەتی و لە شێوازی پوچی سکۆلاستیزم[٣٢] سەرچاوە دەگرێ کە بەردەوام لە کۆتوبەندی وشەگەل دابووە و نەك هەر بەسەر سەدەکانی ناڤیندا بەڵکو باڵی بەسەر فەلسەفەی هاوچەرخیشدا کێشاوە. تەنانەت هەروەك دەبینین، ئەو فەلسەفەیەی کە تازە تووشی کاریگەرییەکانی بووە، فەلسەفەی ویتگنشتاینە{٢٦}. بەبڕوای من، دەتوانین گەشە و ئاڵوگۆڕی هزر لە سەردەمی ئەرستۆوە تاکو ئێستا لەم پەیڤەدا کورت بکەینەوە کە هەر بەشێکی {زانستی} تا کاتێك کە میتۆدی ئەرستۆیی پێناسەی بەکارهێناوە، لە دۆخی وشەبازی پووچ و

30. F.P. Ramsey
31. Oracular philosophy
32. Scholasticism

نەزۆکی سکۆلاستیزمدا وەستاوە و زانستە جیاوازەکان تەنیا تاکو شوێنێك توانیویانە بەرەو پێش بچن کە سەرکەوتوانە لە شەڕی ئەم میتۆدە ماهییەتگەراییە رزگاریان بووە. (هەر بەم هۆیەوەیە کە هێشتاش بەشێکی زۆر لە ((زانستە کۆمەڵایەتییەکان))مان هی سەدەکانی ناڤینن). لێدوان لەسەر ئەم میتۆدە دەبێ تاڕادەیەك بە چەشنێکی ئەبستراکت ئەنجام بدرێت، چونکە بابەتەکە بە تەواوی بەدەستی ئەفلاتون و ئەرستۆ شێوێنراوە و کاریگەری ئەم دووانە پێش وەختە حوکمێکی قوڵی ئەوتۆی پێك هێناوە کە هیوای راماڵینی ئەم جۆرە دەمارگرژیانە لاوازە. بەم حاڵە، رەنگە شیکردنەوەی ئەم هەمووە تێکەڵکردن و پشێوی هزری و وشەبازییە، بێ سوود نەبێت.

ئەرستۆ بە پەیڕەوی کردن لە ئەفلاتون، جیاوازی لە نێوان ناسین یان مەعریفە[٣٣] و زەن یان ڕا[٣٤] دادەنێت{٢٧}. بە پێی رای ئەرستۆ، ناسین یان زانست[٣٥] دەکرێ دوو جۆر بێت: سەلماندنی یان پێژنی. مەعریفەی سەلماندیی {بورهانی}[٣٦] لە هەمان کاتدا زانینی ((هۆکارەکان))ـە و بریتییە لەو دۆز یان گوزارەیەی کە دەکرێ بە بەڵگە بسەڵمێنرێت- واتە دەرەنجامەکان- لەگەڵ بەڵگە پێوەری (قیاسی)[٣٧]یەکانیان (کە ((هۆ)) لە ((رادەی ناوەند))[٣٨]دا ئاشکرا دەکات. مەعریفەی پێژنی {شهودی}[٣٩] بریتییە لە تێگەیشتن لە ((فۆڕمی دابەش نەبوو))[٤٠] یان ماهییەت یان سروشتی خودیی شت (ئەگەر بێتو {شت} ((بێ نێوان))[٤١] بێت، واتە ((هۆ))یەکەی رێك وەکو سروشتە خودییەکەی بێت). مەعریفەی پێژنی سەرچاوەی هەموو زانستەکانە، چونکە تێیدا، بنەما یان پێشەکی یەقینی[٤٢] و سەرەکی هەموو بەڵگەکان دەرك دەکرێت.

33. Knowledge
34. opinion
35. science
36. Demonstrative knowledge
37. syllogistic demonstrations
38. Middle term
39. intuitive knowledge
40. Indivisible form
41. “immediate”
42. Basic premises (مقدمات اساسی، یقینیات)



بێگومان ئەرستۆ لەسەر هەق بوو کە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە نابێ هەوڵ بدەین بۆ سەلماندنی هەموو مەعریفەکانی خۆمان لە رێگەی بەڵگە (برهان)ـەوە. هەموو بەڵگەیەك دەبێ لە بنەما یان پێشەکیەك[٤٣] دەست پێبکات. لەم رووییەوە، بەڵگە- واتە دەرەنجامگیری لە پێشەکییەکان (مقدمات)- لە خودی خۆیدا هەرگیز ناتوانێت راستی دەرەنجامەکە دیاری بکات، بەڵکو تەنیا دەریدەخات کە دەبێ دەرەنجامەکە راست بێت بەو مەرجەی پێشەکییەکان راست بن. ئەگەر بمانەوێت پێشەکییەکانیش بە نۆرەی خۆیان بسەلمێنین، پرسی راستی (صدق) تەنیا هەنگاوێك بۆ دواوە، بۆ زنجیرەیەك پێشەکی گەلی نوێ پاڵدەنرێت و هەر بەم چەشنە تابێ کۆتایی درێژەی دەبێ. بۆ ئەوەی هەروەك لۆژیکییەکان دەڵێن لەم زنجیرە تا بێ کۆتاییانە[٤٤] خۆمان ببوێرین، ئەرستۆ وتی دەبێ گریمانەی ئەوە بکەین هەندێ پێشەکیێن ئەوتۆ هەن کە بێگومان و بەیەقینەوە راستن و پێویستیان بە سەڵماندن نییە و ئەم پێشەکیانەی بە ((بنەمای یەقینی)) ناوزەد کرد. ئەگەر وەکو بەڵگەنەویستێك سەیری ئەو میتۆدانە بکەین کە لە رێگای ئەوانەوە دەرەنجامەکان لە بنەمای یەقینیەوە وەردەگیرێن، دەتوانین بڵێین، بە پێی بیروبۆچوونی ئەرستۆ، هەموو مەعریفەی زانستی لەم بنەمایانەدا رێکخراوە و مەعریفەی زانستی بە تەواوی لەبەر دەستی ئێمە دادەبێت و هی ئێمەیە، بەو مەرجەی پێڕستێکی ئنسکلۆپیدیائاسا لە هەموو یەقینیاتەکان بەدەست بێنین. بەڵام چۆن دەتوانین ئەم بنەما یەقینیانە بەدەست بێنین؟ ئەرستۆش وەکو ئەفلاتون لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە ئێمە دواجار ناسین لە رێگەی تێگەیشتنی پێژنی لە ماهییەتی شتەکانەوە بەدەست دێنین. دەنووسێت{٢٨}: ((ناسینی شتێك، ناسینی ماهییەتەکەیەتی)). بەبڕوای ئەرستۆ، ((پێشەکی یەقینی)) هیچ نییە جگە لە گوزارەیەك بۆ وەسف کردنی ماهییەتی شت. ئەم گوزارە یان دۆزە رێك هەمان ئەو شتەیە کە ئەرستۆ بە پێناسە[٤٥] ناو زەدی دەکات{٢٩}. کەواتە هەموو ((بنەما یەقینییەکانی بەڵگە)) بریتیین لە پێناسەکان.

43. Premises
44. infinite regress
45. definition

پێناسە چۆنە؟ نموونەی پێناسە ئەم رستەیەیە: ((تولە بێچووی سەگە)) بابەتی ئەم رستەیە، واتە وشەی ((تولە))، ناسێنراوە[٤٦] و ((بێچووی سەگ)) بە ناسێنەر[٤٧] دادەنرێت. زۆربەی کاتەکان ناسێنەر درێژتر و ئاڵۆزترە لە ناسێنراو و هەندێ جار زۆر درێژتر و ئاڵۆزترە. ئەرستۆ ناسێنراو بە ناوی ماهییەتی شت و ناسێنەر بە وەسفەکەی لە قەڵەم دەدات{٣٠} و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەبێت ناسێنەر وەسفێکی گشتگر و تۆکمەی ماهییەت یان خودەکانی شتە ناوبراوەکە بکات. کەواتە، مەسەلەیەکی وەکو ((تولە چوار پێی هەیە)) سەرەڕای ئەوەی راستە، پێناسەیەکی رازیکەر نییە، چونکە ئەو شتەی کە رەنگە بە ماهییەتی ((تۆلەیی)) بژمێردرێ، لە خۆیدا کۆناکاتەوە بەڵکو بۆ نموونە سەبارەت بە ئەسپیش هەر راستە. مەسەلەی ((تولە قاوەییە)) هەر بەم چەشنەیە، چونکە ئەگەرچی لەوانەیە لەمەڕ هەندێ لە تولەکانەوە راست بێت، بەڵام لە هەمبەر هەموویانەوە راست نییە و وەسفی شتێك دەکات کە تەنیا تایبەتمەندییەکی نا جەوهەری یان بەشێکە لە ناجەوهەرییەکانی ناسێنراو نەك تایبەتمەندییە خودییەکەی (زاتییەکەی).

دژوارترین پرس ئەوەیە چۆن دەتوانین پێناسە و بنەما یەقینییەکان بەدەست بێنین و لە راستیەکەیان دڵنیابین، یاخود یەجۆرێکی تر، دڵنیا بین لەوەی کە هەڵەیەك رووی نەداوە و بە هەڵە ماهییەتێکی دیکەمان نەدۆزیوەتەوە. ئەوەی ئەرستۆ سەبارەت بەمە دەیڵێت هێندە روون نییە{٣١}، بەڵام دەتوانین بڵێین گومانی تێدا نییە کە لێرەشدا بەشێوەیەکی سەرەکی دیسان پەیڕەوی لە ئەفلاتون دەکات. ئەفلاتون لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە بە یارمەتی جۆرە پێژنێکی (شهودێکی) عەقڵی[٤٨] هەڵەنەخواز لە ئایدیاکان تێدەگەین{٣٢}- یان بە جۆرێکی تر، بە ((چاوی دڵ))[٤٩] سەیری ئایدیاکان دەکەین یان دەیانهێنینە بەرچاو[٥٠]. ئەم رەوتە وەکو {بەچاو}[٥١] بینین وێنا دەکات، هێندە نەبێت کە تەنیا پەیوەستە بە هێزی عەقڵاندن و بەلاوەنانی هەموو توخمێك کە پشت بە هەستەکان دەبەستێت. بۆچوونی ئەرستۆ بەم ڕادەیە

46. Term to be defined (or defined term)
47. Defining formula
48. intellectual intuition
49. Mental eye
50 visualize
51. seeiny



توندڕۆیانە نییە و بە ئەندازەی بیروڕای ئەفلاتون خودان ئیلهام نییە، بەڵام سەرەنجام هەر بەو شوێنە دەگاتەوە{٣٣}. سەرەڕای ئەوەی لەسەر ئەو بڕوایەیە کە ئێمە لە دوای بینینی زۆرەوە پێناسە بە دەست دێنین، بەڵام دان بەوە دادەنێت کە ئەزموونی هەستەوەری[٥٢] یان {حسیات} لە خودی خۆیدا ماهییەتی گشتی نادۆزێتەوە و هەر بۆیە، ناتوانێت دیاریکەری تەواوی پێناسە بێت. سەرەنجام ئەوەی ئەرستۆ وەکو کرۆکی بابەتەکە بە بەڵگەنەویستی دادەنێت ئەوەیە کە ئێمە خودان جۆرە شهودێکی عەقڵی واتە هێزێکی زەینی یان عەقڵین کە مۆڵەتمان پێدەدات بەبێ ئەوەی هەڵە بکەین لە ماهییەتی شتەکان تێبگەین و بیانناسین. گریمانەکەی تری بەم جۆرەیە ئێستا کە ئێمە بە چەشنێکی پێژنی ناسینمان لەسەر ماهییەتەکان بەدەست هێنا، بەناچار دەبێ بتوانین وەسف و لەوێشەوە پێناسەیان بکەین. (بەڵگەخوازییەکەی بۆ لایەنگری لەم تیۆرە لە کتێبی ئانالوتیکای دووەمدا بە چەشنێکی سەیر لاوازە و تەنیا بریتییە لە بیرخستنەوەی ئەم خاڵە کە ناکرێ مەعریفەی ئێمە لەسەر بنەمای یەقینی، مەعریفەی بەڵگەیی بێت، چونکە ئەگەر وەها بێت، ئەم رەوشە زنجیرەی لێ دەکەوێتەوە، ئەوە لە کاتێك دایە ئەم بنەمایانە دەبێ لانی کەم بەڕادەی ئەو دەرەنجامانەی لەسەرئەوان دامەزراون، راست و یەقینی بن. بە پێی نووسینەکەی: ((ناکرێ سەبارەت بە بنەما سەرەتاییەکان[٥٣] {یان بەراییەکان (اولیات)}، مەعریفەی بەڵگەیی بوونی هەبێت، چونکە هیچ شتێك جگە لە پێژنی عەقڵی ناتوانێ لە مەعریفەی بەڵگەیی راستتر بێت، کەواتە ئەوە پێژنی (شهودی) عەقڵییە کە دەتوانێ لە بنەما یەقینییەکان تێ بگات)). لە کتێبی گیان و لە بەشی یەزداننناسی میتافیزیکدا تووشی بەڵگەخوازییەکی بەپێزتر دەبین. لەوێدا، تیۆرێکی سەبارەت بە شهودی عەقڵی تێیدایە کە دەڵێت پێژنی عەقڵی لەگەڵ سوژەی خۆی، واتە ماهییەت، پەیوەندی[٥٤] هەیە و تەنانەت لەگەڵیدا یەکدەگرێت: ((مەعریفەی بە کردەوە لەگەڵ سوژەی خۆیدا یەکێکە))[٥٥].

52. sense- experience
53. primary premise
54. contact

٥٥. یان پەیوەندییەکی ئەمئەوەکی یان هاوشووناسی لەئارادایە (یەکێتی سوژەو ئۆبژە).

کورتەی ئەم شیکردنەوە بچووکە ئەوەیە، بە بڕوای من، ئەگەر بمانەوێت وەسفێکی عادیلانە سەبارەت بە بەرزەخواستی ئەرستۆ لەمەڕ مەعریفەی تەواوەوە بخەینەڕوو، پێویستە ئەوە بڵێین کە ئامانجی کۆتایی هەموو جۆرە توێژینەوەیەك بە کۆکردنەوەی ئەنسکلۆپیدیایەك لە قەڵەم دەدا کە هەڵگری پێناسەی شهودی هەموو ماهییەتەکان بێت- واتە ناو- ناسێنەری هەر ماهییەتێك-و پێشکەوتنی مەعریفەی لە دەستبەرکردنی لەسەرخۆی ئەم جۆرە ئەنسکلۆپیدیایە دادەبینیّ- واتە پێوە زیادکردن و پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی و دەرەنجامگیری پێوەری ((ڕژێمی تەواویی فاکتەکان)) لەم ئەنسکلۆپیدیایە کە لە مەعریفەی بەڵگەیی پێك هاتبێت.

پێم وانییە گومانێك لەسەر ئەوە هەبێت کە ئەم بیروباوەڕە ماهییەتگەرایانەیە، لەگەڵ زانستی نوێدا ئەو پەڕی دژایەتیان هەیە. (مەبەستم زانستی ئەزموونییە نەك ماتماتیکی پەتی). یەکەم، هەر چەندە لە زانستدا هیچ هەوڵێك بۆ دۆزینەوەی حەقیقەت لەدەست نادەین، بەڵام ئاگاداری ئەم فاکتەشین کە هەرگیز ناتوانین لەوەدەست هێنانی حەقیقەت بگەینە یەقین. پەندمان لە سەرلێشێواوییەکانی رابردوو وەرگرتووە کە نابێت هیچ کات چاوەڕوانی {ڕاستی} بنبڕ (قگعی) بین. هەروەها فێربووین کە پووچەڵ بوونەوەی تیۆرییە زانستییەکان نابێ تووشی نائومێدیمان بکات، چونکە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا دەتوانین بە دڵنیاییەکی زۆرەوە ئەوە دیاری بکەین کە کام تیۆر لەویتریان باشترە. کەواتە، لە تواناماندا هەیە کە بزانین لە حاڵی پێشڤەچوون داین و زانینی ئەم خاڵە بۆ زۆربەمان، بە باچوونی وەهمی وەدەست هێنانی قەتعیەت و یەقین قەرەبوو دەکاتەوە. بەجۆرێکی تر، ئەو ڕاستیە دەزانین کە دەبێ هەمیشە تیۆرە زانستییەکانمان وەکو گریمانە سەیریان بکرێت، بەڵام لە زۆر حاڵەتی گرنگدا دەتوانین پەی بەوە ببەین کە گریمانە نوێیەکە لە گریمانە کۆنەکە باشترە یان نا. ئەمە لەبەر ئەوەیە ئەگەر دوو گریمانە لەگەڵ یەکتردا جیاوازبن، بەناچاری پێش بینی جوداوازیان لێ دەکەوێتەوە و زۆربەی کات دەتوانین ئەم پێش بینیانە لە ڕێگای تاقیکردنەوە ئەزموون بکەین. لەسەر بنەمای ئەم جۆرە تاقیکردنەوە هەستیارانە هەندێ جار دەتوانین لەوە تێبگەین کە تیۆرە نوێیەکە دەرەنجامی دڵخۆشکەری لێ دەکەوێتەوە ئەوە لەکاتێك دایە کە تیۆرە کۆنەکە دەستەوەستان دەمێنێ. کەواتە رەنگە بڵێین بەدرێژایی ئەو ڕێگایەی کە لەپێناو خواستی حەقیقەتدا بریومانە، پێشڤەچوونی زانستیمان کردۆتە جێگرەوەی یەقینی زانستی. پەسەندکەری ئەم بیروبۆچوونە لەمەڕ میتۆدی زانستی،



ڕەوتی ئاڵوگۆڕی زانستییە، چونکە زانست بە پێچەوانە ڕای ئەرستۆ، بە دەستەبەربوونی لەسەرخۆی زانیاری ئەنسکلۆپیدیائاسا سەبارەت بە ماهییەتەکان، نەشونما ناکات، بەڵکو لە ڕێگایەکی زۆر شۆڕشگێڕانەترەوە گەشە دەکات و بە یارمەتی هزری بوێرانە و لەگەڵ هاتنی تیۆرە نوێ و سەیرەکان (وەکو ئەو تیۆرەی کە دەڵێ زەوی تەخت نییە و ((فەزای مێتریك))[٥٦] تەخت نییە)و بەکەوتنی تیۆرە کۆنەکان، بەرەو پێشەوە دەچێت.

ئەم بۆچوونە لە هەمبەر میتۆدی زانستی بەم مانایەیە[٣٤] کە لە زانستدا، ناسین یان مەعریفە بەو مەفهوومەی کە ئەفلاتون و ئەرستۆ لە هزریان دابوو و بەو مانایە کە پێویستی بە بنبڕی (قطعیت)هەیە، بوونی نییە. ئێمە لە زانستدا هەرگیز بەڵگەی تەواومان لەبەر دەست دانییە بۆ ئەوەی بڕوا بکەین کە حەقیقەتمان وەدەست هێناوە. ئەوەی زۆربەی کات بە ((ناسین یان مەعریفەی زانستی)) ناوزەد دەکرێت، لە بنچینەدا مەعریفە نییە بەم مەفهوومە، بەڵکو زانیارییە سەبارەت بە گریمانە جیاوازە نەیارەکان و ئەوەی هەر کامێکیان لە بۆتەی تاقیکردنەوەدا چۆن دەرچووە، یان بە وتەی ئەفلاتون و ئەرستۆ، زانیارییەکە سەبارەت بە نوێترین ڕای زانستی کە لە هەمووان باشتر ئەزموونەکەی تێپەڕاندووە. ئەم بۆچوونەی ئاماژەمان بۆ کرد بەم مانایەشە کە لە زانستدا (هەڵبەتە جگە لە ماتماتیکی پەتی و لۆژیك) سەلماندن (ئەرگۆمێنت) لە ئارادا نییە. تەنیا زانستە ئەزموونییەکان سەبارەت بەو جیهانەی کە تێیدا دەژین، زانیاریمان پێ دەدەن. ئەگەر ((ئەرگۆمێنت)) بە مانا بەڵگەخوازییەکەی بێت کە بۆ هەتا هەتایە حەقیقەتی تیۆرێك تۆمار دەکات،ئەوا لە زانستەکاندا ئەگۆمێنت بوونی نییە. (ئەوەی بوونی هەیە پووچەڵ کردنەوەی تیۆرە زانستییەکانە). ماتماتیکی پەتی و لۆژیکیش کە ئەرگۆمێنت خوازن، هیچ زانیارییەکمان سەبارەت بە جیهان پێ نادەن بەڵکو تەنیا هەندێ کەرەستەمان دەخەنە بەر دەست بۆ وەسف کردنی جیهان. لەم ڕوویەوە، (هەروەك لە شوێنێکی تردا ئاماژەم بۆ کردووە[٣٥]: ((دۆزە زانستییەکان تا ئەو جێگایە کە بۆ جیهانی {هەست} و ئەزموون دەگەڕێنەوە، دەبێ بۆ پووچەڵ بوونەوە بشێن، و لە هەر شوێنێك بۆ پووچەڵ بوونەوە و ڕەدکردنەوە دەست نەدەن، بۆ جیهانی {هەست} و ئەزموون ناگەڕێنەوە)). بەڵام سەرەڕای ئەوە کە ئەرگۆمێنتەکان هیچ

56. “Metrical space”

ڕۆڵێك لە زانستە ئەزموونییەکاندا ناگێڕن، بەڵام هێشتا بەڵگەخوازی لەم زانستانەدا پشکی هەیە[٣٦] و ئەم پشکە لانی کەم بەڕادەی بینین و تاقیکردنەوە گرنگی هەیە.

هەر بەم چەشنە، ڕۆڵی پێناسەکانیش، بەتایبەتی لە زانستەکاندا، لەگەڵ ئەوەی ئەرستۆ لە مێشکی دابوو زۆر جیاوازە. ئەرستۆ لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە لە پێناسەدا سەرەتا ئاماژە بە ماهییەت دەکەین- هەندێ جار لەگەڵ هێنانی ناوەکەی- و پاشان بە یارمەتی ناسێنەرەکەی هەوڵی شیکردنەوەو وەسف کردنی دەدەین، هەروەك بۆ نموونە، لە ڕستەیەکی ئاسایی وەکو ((ئەم تولەیە قاوەییە))، سەرەتا ئاماژە بۆ شتێکی دیاریکراو دەکەین و دەڵێین ((ئەم تولەیە)) و پاشان بە ((قاوەیی)) وەسفی دەکەین. هەروەها ڕای وابوو کە بەم چەشنە وەسف کردن و شیکردنەوەی ئەو ماهییەتەی کە ناسێنەر ئاماژەی بۆ دەکات، مانای وشەکەشی دیاری دەکەین یان ڕوونی دەکەینەوە[٣٧]. کەواتە، لەوانەیە پێناسە لە یەك کاتدا پەرسڤی دوو پرسیاری زۆر لێك نزیك بداتەوە، پرسیارێکیان ئەوەیە ((ئەمە چییە؟))[(٥٧)]- بۆ نموونە ((تولە چییە؟))- بەم پرسیارە، دەپرسین ئەو ماهییەتەی کە وشەی ناسێنراو بە دەلالەتی هاوجووت، دەلالەتی لێ دەکات، چییە. پرسیارەکەی تریان ئەوەیە کە ((مانای ئەمە چییە؟))- بۆ نموونە، ((مانای'تولە' چییە))- و بەم پرسیارە، پرسیار لە مانای وشەی پرسیارەکە دەکرێ (واتە ئەو وشەیەی کە دەلالەت لە ماهییەت دەکات). لە توێژینەوەی ئێستادا، پێویست ناکات ئەم دوو پرسیارە لە یەکتر جیا بکەینەوە، گرنگ ئەوەیە بزانین چ شتێك لە نێوانیاندا هاوبەشە و گەرەکمانە بەتایبەتی سەرنجی خوێنەر بۆ ئەم ڕاستییە ڕابکێشین کە **هەردوو پرسیارەکە، بەو وشەیەی کە لە پێناسەکەدا لەلای ڕاستەوەیە، دەخرێتەڕوو و بەناسێنەر کە لەلای چەپ دایە وەڵام وەردەگرنەوە**[(٥٨)]. ئەم واقیعیەتە، یەکێکە لە خەسڵەتەکانی ئەو بیروباوەڕەی کە لەسەر

٥٧. یان هەروەك منتقییەکان دەڵێن "ماهو؟" لێرەدا پرسیار لەحەقیقەت و ماهییەتی شت دەکرێت.

٥٨. لە بنەڕەتدا بەپێچەوانەوەیە. بەڵام لەبەرئەوەی ئینگلیزی لەچەپەوە بۆ ڕاست دەنووسرێت و فارسی و {کوردی} لەڕاستەوە بۆ چەپ، هەر بۆیە لە وەرگێڕانەکەدا دەبوایە جێگای ئەم دووانە پێچەوانە بکرێت. مەبەستی پۆپەر ئەوەیەکە لەرستەی "تولە بێچووە سەگە"، پرسیارەکان (واتە "توولە چییە؟"و "تولە بە چ مانایەکە؟") لەگەڵ وشەی "تولە" کە بابەتی دۆزەکەیە و لەلای ڕاستی ڕستەکەیە، دەخرێتە بەرباس‌و بەهۆی "بێچووە سەگ"ەوە وەڵام دەدرێتەوە کە لای چەپی ڕستەکەیە.



بنەمای ماهییەتگەرایی دامەزرابێت و میتۆدی زانستی پێناسە لە ڕەگ و ریشەوە لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا جیاوازی هەیە.

دەتوانین بڵێین ڕاڤەی ماهییەتگەرایانە، پێناسە ((بەشێوەیەکی ئاسایی)) **واتە لە ڕاست بۆ چەپ** دەخوێنێتەوە، ئەوە لەکاتێك دایە کە لە **پێناسەدا بەو جۆرەی کە بەزۆری لە زانستی ئەمڕۆدا بەکاردێت، پێویستە بە پێچەوانەوە، واتە لە چەپەوە بۆ ڕاست بخوێنرێتەوە**، واتە لە ناسێنەرەوە دەست پێدەکات و پاشان خوازیاری ئەتەکێتێکی کورتکراوە دەبێ بۆی. کەواتە، بۆچوونی زانستی سەبارەت بە پێناسەیەکی وەکو ((تولە بێچووی سەگە)) بریتییە لەوەی کە ئەم ڕستەیە وەڵامی ئەم پرسیارەیە کە ((دەبێ بێچووی سەگ چۆن ناوزەد بکەین؟))، نەك بەرسڤی ئەم پرسیارە کە ((تولە چییە؟)) (پرسیاری وەکو ((ژیان چییە؟)) یان ((کێش چییە؟)) هیچ ڕۆڵێك لە زانست داناگێڕن). بەکارهێنانی زانستی پێناسە بەم خەسڵەتە جیادەکرێتەوە کە مامەڵەکردنەکەی لە ((چەپەوە بۆ ڕاستە)) و دەتوانین بە ڕاڤەیەکی ناوگەرایانە ناوزەدی بکەین، بە هەڵاواردن لەو ڕاڤە ئەرستۆییەی کە بناغەکەی لەسەر ماهییەتگەرایی دامەزراوە[٣٨][(٥٩)]. لە زانستی نوێدا، تەنیا پێناسەی ناوگەرایانە یان {پێناسەی ناو} دەست دەکەوێت[٣٩]، واتە سیمبۆڵە کورتکراوەکان یان ئەتەکێت بۆ کورت کردنەوە. لێرەوە خێرا دەتوانین پەی بەوە ببەین کە لە زانستدا، پێناسە پشکێکی هێندە گرنگی نییە، چونکە هەمیشە دەتوانین سیمبۆڵە کورتکراوەکان لەگەڵ دەستەواژەی درێژتر، واتە ناسێنەردا، بگۆڕینەوە کە سیمبۆڵەکان لە جیاتی ئەوان دانراون. بەڵام لە هەندێ حاڵەتدا ئەم کارە زمانی زانستی ئێمە زۆر قورس و هێواش دەکات و دەبێتە هۆی بەفیڕۆدانی کات و کاغەز. بەڵام تۆزقاڵێك زانیاریمان سەبارەت بە فاکتەکان لەدەست ناچێت. تەنانەت ئەگەر هەموو پێناسەکان لەبەر بکەین، ((مەعریفەی زانستیی)) ئێمە بە مانای ڕاستی وشەکە، بەدەست لێنەردراوی دەمێنێتەوە. ئەمە تەنیا کاریگەری لەسەر زمانمان دادەنێت، ئەمەش نە بەو مانایە کە وردەکاری نامێنێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی کورتبڕی و کورتکردنەوە لە دەست دەدات[٤٠]. (هەڵبەتە ئەمە نابێ بەو مانایە لێك بدرێتەوە کە لە زانستەکاندا بەهۆی کورتبڕی و کورتکردنەوە، ممکین نییە پێویستییەکی کردەیی و خێرامان بە پێناسەکان هەبێت).

59. Essentialist definition – nominalist definition

لەوانەیە ئاستەم بێت دژایەتییەك بدۆزینەوە گەورەتر بێت لە دژایەتی نێوان ئەم بۆچوونە لەمەڕ رۆڵی پێناسەکان و رای ئەرستۆ سەبارەت بەمە. پێناسەی ئەرستۆیی کە لە سەر بنەمای ماهییەتگەرایی دامەزراوە {یان پێناسەی خودایەتییەکان (زاتیات)}، بنەمای دەرەنجامگیری هەموو ناسینەکانمانە و هەر بۆیە، هەموو مەعریفەی ئێمە لەخۆ دەگرێت و تەنیا بەکاری ئەوە دێت کە وتەیەکی درێژ لەجیاتی وتەیەکی کورت دابنێت. لەبەرامبەردا، پێناسەی زانستی ناوگەرایانە {پێناسەی ناو} بە هیچ چەشنێ هەڵگری هیچ مەعریفەیەك نییە و تەنانەت هیچ کاتێك ((ڕا))یەکیش لەخۆ ناگرێ و تەنیا کارێك ئەنجام دەدات ئەویش کوتبڕی و دەستبەرکردنی ئەتەکێتی کورتکراوەی نوێیە کە دڵخوازانە هەڵدەبژێردرێن.

ئەم ئەتەکێتانە لە کردەوەدا لەڕادەبەردەر بە سوودن. بۆ سەرنج دان لەم خاڵە، هەر ئەوەندە بەسە کە ئەوە بێنینە بەرچاوی خۆمان کە چ گرفتێکی مەزن دێتە ئاراوە ئەگەر بەکتریاناسێك هەر کاتێ بیەوێ باسی جۆرێکی دیاریکراوی باکتریا بکات. ناچار بووایە وەسفێکی تەواوی بەکتریاکەی دووبارە بکردبایەوە. (بۆ نموونە شێوازی رەنگ کردنی و بابەتەکانی تر کە باکتریای ناوبراو لە جۆرەکانی دیکە جیا دەکاتەوە). هەروەها رەنگە بە یارمەتی ئەم جۆرە تێبینییانە لەوە تێبگەین ئەم شتە- تەنانەت لەلایەن زاناکانیشەوە- فەرامۆش کراوە کە دەبێ پێناسەی زانستی، هەروەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، ((لە چەپەوە بۆ راست)) بخوێندرێتەوە. هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆربەی خەڵك لە کاتێکدا کە خەریکی خوێندنی زانستێك، بۆ نموونە باکتریاناسی دەبن، دەبێ یەکەم جار هەوڵ بدەن لە مانای ئەو زاراوە تەکنیکیە نوێیانە تێبگەن کە سەروکاریان لەگەڵیدا هەیە و لەڕاستیدا بەم چەشنە هەموو پێناسەیەك ((لەڕاستەوە بۆ چەپ)) فێردەبن وەکو بڵێی لەگەڵ پێناسەیەکی ماهییەتگەرایانە {پێناسەکردنی خودایەتییەکان}دا بەرەو روون. قسەیەکی دووردرێژ لە جێگای قسەیەکی کورت دادەنێن. بەڵام ئەمە، لەڕووی دەروونناسییەوە، رێکەوتە و مامۆستا یان نووسەرێکی کتێبی قوتابخانە (خوێندن) لەوانەیە شێوازێکی زۆر جیاواز بگرێتەبەر و تەنیا کاتێك کە پێویستی بە زاراوەیەکی تەکنیکی هەبێت، بیهێنێتە ناو باسەکە[٤١].

تا ئێرە هەوڵم داوە دەریبخەم کە بەکارهێنانی زانستی یان ناوگەرایانەی پێناسەکان {واتە پێناسە بەناو} بەتەواوی لەگەڵ میتۆدی ئەرستۆیی دیاریکردن و پێناسەی ماهییەتگەرایانە



{یان پێناسەی خودایەتییەکان} دا جیاوازی هەیە. بەڵام جگە لەمە، دەتوانین ئەوە پێشان بدەین کە بۆچوون {دیاریکەریی یان} ماهییەتگەرایانە لە پانتایی پێناسەکاندا، لە خودی خۆشیدا بۆ بەرگری لێ کردن ناشێت. بۆ خۆ بواردن لە درێژدادڕی لەو خۆ دزینەوەی کە ئەنجامم دا، تەنیا بە رەخنەگرتن لە دوو تیۆری ماهییەتگەرایانە دەوەستم[٤٢]. ئەم دوو تیۆرە لەم روویەوە گرنگن، چونکە هێشتا هەندێ قوتابخانەی خاوەن نفوزی ئێستا لەسەر بناغەی ئەوان دامەزراون. یەکەمیان تیۆری ناوەکی (باگنی) پێژنی عەقڵیە و پاشان ئەو دۆکترینە زۆر خەڵك پەسەندەی کە دەڵێت ئەگەر گەرەکمان بێت توێژینەوەکانمان ورد بێت ((پێویستە ئەو وشانە پێناسە بکەین کە بەکاریان دێنین)).

ئەرستۆش وەکو ئەفلاتون لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە هێزێکمان تێدایە، واتە هەمان پێژنی عەقڵی کە لە رێگای ئەوەوە دەتوانین بە چاوی دڵ ماهییەت ببینین یان بیهێنینە بەرچاو و پەی بەوە ببەین کە کامە پێناسە راستە. بەشێکی زۆر لە ماهییەتگەرا نوێیەکانیش رێك ئەم دۆکترینە دووپات دەکەنەوە. فەیلەسووفەکانی تر بە پەیڕەوی کردن لە کانت لەسەر ئەو بڕوایەن ئێمە بە هیچ چەشنێك خاوەن هێزێکی ئەوتۆ نین. من پێم وایە، بەئاسانی دەتوانین ئەوە قبوڵ و پەسەند بکەین کە هەر چۆنێك بێ شتێکمان هەیە دەتوانین بە ((پێژنی عەقڵی)) وەسفی بکەین. یاخود بەجۆرێکی وردتر، دانی بەوە دابنێین کە هەندێ لە عەقڵاندنەکانمان[٦٠] بەم چەشنە وەسف دەکرێن. هەر کە یەکێك لە بیرۆکەیەك یان مانایەك ((تێبگات)) یان لە ڕوانگەیەك تێ بگات یان لە شێوازێکی ئەژمێر، بۆ نموونە کردەی جاران (زەرب) تێ بگات، بەو مانایە کە ((هەست بە بابەتەکە بکات))، دەتوانین بڵێین بە ڕێگایەکی پێژنی یان راستەوخۆ لەو شتە تێگەیشتووە. عەقڵاندنی بێ ئەژماری لەم جۆرەمان هەیە. بەڵام من جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە ئەم جۆرە عەقڵاندنانە سەرەڕای ئەو گرنگیەی کە لەڕووی هەوڵە زانستییەکانمانەوە هەیەتی، هەرگیز ناتوانن راستی هزر یان تیۆرێك تۆمار بکەن، هەرچەندە کەسێك بە چەشنێکی پێژنی هەست بەوە بکات کە بێگومان دەبێ ئەم هزر یان تیۆرە راست بێت یان لە بنەڕەتدا ((بەڵگەنەویست))ـە[٦١][٤٣]. ئەم جۆرە تێگەیشتنە راستەوخۆ یان پێژینە

---

60. Intellectual experiences
61. “self- evident”

تەنانەت شوێنی بەڵگەخوازیش ناگرێتەوە، هەچەندە لەوانەیە بۆ دۆزینەوەی بەڵگەخوازی هانمان بدات. ئەمە هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەکرێ کەسێکی دیکە تێگەیشتنێکی پێژنی (شهودی) ڕاستەوخۆی هەبێت بە هەمان گەرموگوڕییەوەو پێیوابێ ئەوتیۆرە چەوتە. ڕێگای زانست تەژییە لەو تیۆرە بەلاوەنراوانەی کە سەردەمێك وەکو بەڵگەنەویست سەیریان دەکرا. بۆ نموونە، فرانسس بیکۆن گاڵتەی بەو کەسانە دەکرد کە نکۆڵیان لە حەقیقەتی بەڵگەنەویستی سوڕانی خۆر و ئەستێرەکان بە دەوری زەوریدا دەکرد، چونکە لە ڕوانگەی ئەوەوە شتێکی ئاشکرابوو کە زەوی وەستاوە. بێگومان پێژن لە ژیانی زانایەکیش وەکو شاعیرێك، پشکێکی گەورەی پێدەبڕێت، بەڵام هەر بەو چەشنە کە زانایەك بەرەو دۆزینەوەکانی ڕێنوێنی دەکات، ڕەنگە تووشی تێك شکانیشی بکات و بەهەرحاڵ هەمیشە بۆ ئەو شتێکی تایبەتییە. زانست لێی ناپرسێت چۆن دەستی بە تیۆرەکانی ڕاگەیشتووە، بەڵکو تەنیا هۆگری ئەو بەڵگەخوازیانەیە کە هەموو کەسێك بتوانێت ئەزموونیان بکات. ماتماتیکزانی گەورە گاوس[٦٢] جارێکیان هاواری لێ هەستا: ((دەرەنجامەکەم بەدەست هێناوە بەڵام هێشتا نازانم دەبێ چۆن بەدەستی بێنم)) و ئەمە وەسفێکی جوانە بۆ ئەو بارودۆخەی باسمان کرد. هەمو ئەو شتانەی سەبارەت بە تیۆری ئەرستۆشەوە لەمەڕ پێژنی عەقڵی ماهییەتەوە وتمان، ڕاستە[٤٤] کە لەلایەن هێگل و لەسەردەمی خۆشماندا بەدەستی هۆسرل و قوتابییە جۆراوجۆرەکانییەوە تەشەنەی پێ دراوە و باسی ئەوە دەکات کە ((پێژنی عەقڵی ماهییەتەکان))- یان بە وتەی هۆسرل ((فینۆمینۆلۆژیا (دیاردەناسی) پەتی)) میتۆدێکە نەزانستییە نە فەلسەفی. (ئەو پرسەی زۆر بەتوندی مشتومڕی لەسەرەو دەپرسێت ئەم میتۆدە، هەروەك پەیڕەوەکانی دیاردەناسی پەتی پێیان وایە، لە داهێنراوە نوێیەکانە یان شێوەیەکی تری فەلسەفەی دیکارت یان هێگلە، بە ئاسانی بۆ یەکلاکردنەوە دەشێت- میتۆدی ناوبراو شێوەیەکی تری فەلسەفەی ئەرستۆییە).

دووەمین تیۆر کە پێویستە بدرێتە بەر ڕەخنە، تەنانەت پەیوەندییەکی پتەوتر لەمانەشی لەگەڵ تیۆرەنوێیەکاندا هەیە و بەتایبەتی پەیوەستە بە پرسی وشەبازییەوە. لە سەردەمی ئەرستۆ، هۆشیاری سەبارەت بەمە بەرفراوان بوو کە هیچ کەسێك ناتوانێت هەموو دۆزەکان بسەلمێنێت و هەموو هەوڵێك لەم پانتاییەدا تێك دەشکێت، چونکە زنجیرەی ئەرگۆمێنتی تا

٦٢. K.F. Gauss (١٧٧٧ـ ١٨٥٥) ماتماتیکزان و زانای ئەڵمانی.



بێکۆتایی لێ دەکەوێتەوە. بەڵام نە ئەرستۆ ئاگادار بوو[٤٥] و نە وەك دیارە ژمارەیەکی زۆر لە نوسەر و توێژەرانی ئێستا کە هەموو چەشنە تەقەلایەك بۆ پێناسەکردنی هەموو وشەکانیش بەناچار هەر بەم جۆرە دەبێ زنجیرەی پێناسەی تا بێکۆتایی لێ بکەوێتەوە. ئەم پارچەیەی خوارەوە لە کتێبی ئەفلاتون، ئەمڕۆ، نووسینی کراسمەن، نموونەی ئەو بیروبۆچوونانەیە کە بەشێکی زۆر لە فەیلەسوفە ناودارە هاوچەرخەکان و یەك لەوان ویتگنشتاین، بەجۆرێکی ناڕاستەوخۆ بڕوایان پێی هەیە[٤٦].

> ...ئەگەر بە وردو روونی مانای ئەو وشانە نەزانین کە بەکاریان دێنین، ناتوانین سەبارەت بەهیچ شتێك بەجۆرێکی بەسوود بدوێین. زۆربەی باسە بێهودەکان کە هەمووومان کاتێ خۆمانی لەسەر بەفیڕۆ دەدەین، بەزۆری هۆبەندی ئەم واقیعیەتەیە کە هەر کامێکمان لای خۆی مانایەکی نا روونی بۆ ئەم وشانە هەیە کە بەکاریان دێنین و گریمانەی ئەوە دەکەین کە نەیارەکانیشمان ئەم وشانە هەر بەم مانایە بەکاردێنن. ئەگەر لەسەرەتاوە پێناسەی وشەکان بکەین، ئەوا باسەکانمان زۆر بە سوودتر دەبێت. هەروەها تەنیا هێندە بەسە کە ڕۆژنامەکان بخوێنینەوە بۆ ئەوەی بۆمان دەرکەوێت کە پڕوپاگەندە (کە هاوتای نوێی پیشەی وتاربێژییە) بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بێنێ زۆرتر پەیوەستە بە تێکەڵوپێکەڵ کردنی مانای وشەکان. ئەگەر سیاسەتمەدارەکان بەپێی یاسا ناچار بکرابان بۆ ئەوەی هەموو ئەو وشانە پێناسە بکەن کە گەرەکیانە بەکاری بێنن، تاڕادەیەکی زۆر لەبەرچاوی هەموو لایەك دەکەوتن و وتارەکانیان کورتتر دەبوو و دەردەکەوت بەشێکی زۆر لە جیاوازییەکانیان تەنیا لەڕووی وشەوەیە.

ئەم پارچەیە هێمای خەسڵەتی یەکێك لەو حوکمە پێش وەختانەیە کە لە ئەرستۆوە بۆمان جێماوە و دەربڕی ئەوەیە کە دەتوانین لە ڕێگای بەکارهێنانی پێناسەوە، زمان وردتر و روونتر بکەین. ئێستا بابزانین ئەم کارە لە واقعدا دەشێت یان نا.

سەرەتا، بە ئاشکرا دەتوانین لەوە تێبگەین کە ئەگەر ((سیاسەتمەدارەکان))یش وەکو هەموو کەسێکی تر ((بەپێی یاسا ناچار بکرابان بۆ ئەوەی هەموو ئەو وشانە پێناسە بکەن کە

گەرەکیانە بەکاری بێنن))، وتارەکانیان نەك هەر کورتتر نابێتەوە، بەڵکو لەڕادەبەدەر درێژ دەبێ. هەروەك چۆن ئەرگۆمێنت یان هەڵێنجانی لۆژیکی[٦٣] بێ توانایە لە تۆمارکردنی راستی دۆز یان دەستەواژەکە[٤٧]، پێناسەش بێ توانایە بۆ تۆمارکردنی مانای وشە و لەهەردوو حاڵەتەکەدا، کێشەکە تەنیا بۆ دواوە رەوانە دەکرێت. هەڵێنجان، کێشەی راستی (صدق) بۆ سەرەتاکانی {پێوەر} و پێناسە، کێشەی مانا بۆ وشەی دەربڕ (راڤەکار)ی پێناسە (واتە بۆ ئەو وشانەی کە ناسێنەرییان لێ پێك دێت) رەوانە دەکرێت. بەزۆر بەڵگە[٤٨]، وشەی دەربڕی پێناسەش رەنگە وەك هەمان ناروونی و شێوێنەری وشەکان بێت کە لەوێوە دەستمان پێ کرد و هەرچۆنێك بێت، ناچار دەبین، وشە بەکارهاتووەکانی ناسێنەریش بەنۆرەی خۆی پێناسە بکەین و ئەم کارە وشەی نوێ دێنێتە ناو مەیدانەکەوە کە دیسان دەبێ پێناسە بکرێن و هەر بەم چەشنە تا بێکۆتایی. کەواتە بینیمان کە خواستی پێناسەکردنی هەموو وشەکانیش وەکو سەلماندنی هەموو دۆزەکان بۆ بەرگری لێ کردن ناشێت.

لە روانگەی یەکەمەوە، رەنگە ئەم رەخنەیە عادیلانە نەبێت. لەوانەیە بوترێت کاتێك خەڵك داوای پێناسە دەکەن، مەبەستیان ئەوەیە تەمومژ و ناڕوونی لەسەر هەندێ وشەی وەکو[٤٩] ((دیموکراسی)) و ((ئازادی)) و ((ئەرك)) و ((ئایین)) و شتی تر هەڵگرن و هەرچەندە بەئاشکرا پێناسەی هەموو وشەکان ئاستەمە، بەڵام رەنگە بکرێ پێناسەی هەندێ وشەی مەترسیدارتر بکەین و هەر لەوێ کۆتایی بەکارەکە بێنین و دەبێ وشەی دەربڕی پێناسە {یان ناسێنەر} بەهەمان شێوە قبوڵ بکەین، یاخود بەجۆرێکی تر، بۆ خۆبواردن لە زنجیرە، پاش یەك دوو هەنگاو کۆتایی بە کارەکە بێنین. بەڵام ئەم بەرگرییە قبوڵ ناکرێت. راستە وشە ناوبراوەکان کەڵکی خراپی زۆریان لێ وەردەگیرێت. بەڵام من نکۆڵی لەوە دەکەم کە هەوڵدان بۆ پێناسەکردنیان، دۆخەکە بەرەو باشبوون دەبات. ئەم کارە تەنیا دەتوانێت بارودۆخەکە خراپتر بکات. کەواتە ئاشکرایە ئەگەر سیاسەتمەدارەکان بیانەوێت تەنانەت یەکجاریش پێناسەی ((ئەو وشانە بکەن کە بەکاری دێنن)) و وشەی دەربڕی پێناسە، پێناسە نەکەن، ئەوا ناتوانن وتارەکانیان کورتتر بکەنەوە. ئەمە هەروەك بینیمان هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەموو پێناسەیەکی ماهییەتگەراییانە {یان پێناسەی خودییەکان} ئەگەر بیانەوێ ((ئەو وشانەی

63. Logical derivation



بەکاریان دێنین)) دیاری بکەن (بەهەڵاواردن لە پێناسە ناوگەرایانە {یان پێناسەی ناو} کە تەنیا زاراوەی نوێی تەکنیکی دێنێتە ناو باسەکەوە)- بەمانا دانانی قسەیەکی درێژە لە جێگەی قسەیەکی کورت. جگە لەمە، هەوڵدان بۆ پێناسەکردنی وشەکان، تەنیا دەبێتە هۆکاری ناڕوونی و تێکەڵی و پشێوی، چونکە ناتوانین خوازیاری ئەوە بین کە هەموو وشە دەربڕەکانی پێناسەش بەنۆرەی خۆیان پێناسە بکرێن، سیاسەتمەدار یان فەیلەسووفێکی زیرەك بە ئاسانی دەتوانێت خواستی خستنەڕووی پێناسە جێبەجێ بکات. بۆ نموونە، ئەگەر لێی بپرسین مەبەستت چییە لە ((دیموکراسی)) دەتوانێ بڵێت ((حکومەتی ئیرادەی گشتی))[٦٤] یان ((حکومەتی رۆحی خەڵك)) و لەبەر ئەوەی بەم وتەیە پێناسەیەکی خستۆتە ڕوو و بەم چەشنە لە هەڵسەنگاندن بە بەرزترین نیشاندەر و پێوەر سەرکەوتوو بووە، هیچ کەسێك ناوێری رەخنەی ئاڕاستەی بکات. ئەو کات، چۆن دەتوانین رەخنەی لێ بگرین کاتێك سەیر دەکەین داخوازی بۆ ئەوەی ((حکومەت)) یان ((خەڵك)) یان ((ئیرادە)) یان ((رۆح))یش بە نۆرەی خۆیان پێناسە بکرێن، بەرەو زنجیرەمان پەلکێش دەکات و هەر بۆیە، هەمووان بۆ هێنانە بەرباسی خواستێکی ئەوتۆ دوودڵن؟ بەڵام تەنانەت ئەگەر سەرەڕای ئەم تێبینیانە کەسێك خوازیاری شتێکی ئەوتۆ بێت، دیسان ئەم خواستەش هەر بەم ئاسانییە بەرسڤ دەدرێتەوە. لەلایەکی ترەوە، ناکۆکی لەسەر ئەو پرسە کە ئایا ئەو پێناسەیەی کراوە راست بووە یان نا، تەنیا مشتومڕی پووچی لێ دەکەوێتەوە لەسەر وشەکان.

کەواتە بڕوابوون بە پێناسەی ماهییەتگەرایانە {یان پێناسە خودێتیەکان} پووچەڵە تەنانەت ئەگەر وەکو ئەرستۆ هەوڵیش نەدەین ((بنەمای)) مەعریفەی خۆمان تۆمار بکەین و تەنیا بەم خواستە بەڕواڵەت بچووکە رازی بین کە ((مانای ئەو وشانە پێناسە بکەین کە بەکاریان دێنین)).

بەڵام ئەو خواستەی گەرەکیەتی روون و بێ تەمومژ بدوێین، بێگومان زۆر گرنگە و دەبێ دەستەبەر بکرێت. ئایا روانگەی ناوگەرایانە دەکارێت ئەم خواستە جێبەجێ بکات؟ ئایا ناوگەرایی دەتوانێت خۆی لە زنجیرە تابێکۆتایی ببوێرێت؟.

64. General will

بەڵێ، دەتوانێت. ناوگەرایی هیچ گرفتێکی نییە کە هاوشێوەی پرسی زنجیرە بێت. هەروەك پێشتر بینیمان، زانست پێناسە بۆ ئەوە بەکارناهێنێت کە مانای زاراوەکانی خۆی دیاری بکات، بەڵکو تەنیا دەیەوێ ئەتەکێتی کورتکراوەو لەبەردەست دابێت کە بەئاسانی سوودی لێوەربگیرێت و لەسەر بنەمای پێناسەش دانەمەزراوە. هەروەك دەتوانرێت بەبێ لەدەست دانی ئەو زانیارییەی کە دەبێ بگوێزرێتەوە، هەموو پێناسەکان بەلاوە بنرێت. لەم وتەیەوە ئەوە دێتە ئاراوە (واپێویست دەکات) **هەر وشەیەك کە بەڕاستی پێویستمان پێی هەیە دەبێ وشەیەکی پێناسەکراو بێت**. ئێستا پرسیار لێرەدایە کە لە هەر کام لە زانستەکاندا چۆن دەتوانین سەبارەت بە مانای زاراوەکانی ئەم زانستە بگەینە یەقین؟ وەڵامی جۆراوجۆر وەك پێشنیار خراوەتە بەردەم ئەم پرسیارە[٥٠] بەڵام بەبڕوای من هیچ کامێکیان دڵخۆشکەر نین. بارودۆخەکە لەڕواڵەتدا بەم جۆرەیە. فەلسەفەی ئەرستۆ و ئەو فەلسەفانەی کە پەیوەندییان پێیەوە هەیە بەدرێژایی سەردەمە دوور و درێژەکان هێندە تەڵقینیان پێ کردووین کە ناسینێکی وردی مانای ئەو وشانەی بەکارییان دێنین گرنگە، هەموومان حەز دەکەین باوەڕ بەو وتەیە بکەین و هێشتا بەم ئارمانجەوە چەسپاوین، سەرەڕای ئەم ڕاستییە بێ ئەملاوئەولایە کە فەلسەفە پاش بیست سەدە دڵەڕاوکێ لەمەڕ مانای وشەکان، نەك هەر لێوانە لە وشەبازی بەڵکو بەچەشنێکی تۆقێنەر پڕە لە وەهم و ناڕوونی، ئەوە لەکاتێك دایە کە زانستێکی وەکو فیزیك لە جیاتی دڕدۆنگی ئەمە دەبڕی ئەو ڕاستییە کە نیگەرانی فاکتەکانە، هەر بۆیە وردەکارییەکی مەزنی بەدەست هێناوە. بێگومان سەبارەت بە وشەکان، لەژێر کاریگەری و نفوزی ئەرستۆدا، بەچەشنێکی دزێو موبالغکراوە سەبارەت بە گرنگی مانای وشەکان، بەڵام پێموایە ئەم بابەتە لەمەش بەرفراوانترەو زیاتر دەچێتە پێش. بەرتەسك کردنی سەرنج و گرنگییەکان لە چوارچێوەی پرسی مانای وشەکان نەك هەر نەیتوانیوە وردەکاری و ڕوونی بەدیاریی بێنێت، بەڵکو خۆی بۆتە چاوگی سەرەکی ناڕوونی و توانجپۆشی و تێکەڵی و پشێوی.

لە زانستدا ڕەچاوی ئەوە دەکەین ئەو دۆزانەی ئیشیان لەسەر دەکەین بەهیچ چەشنێك پەیوەست نەبن بە مانای وشەکان. تەنانەت ئەو کاتەش کە پێناسەی وشەکان کراوە، هیچ کاتێك گەرەکمان نییە زانیارییەك لە پێناسەکان هەڵبێنجین یان پێناسە بکەینە بناغەی بەڵگەخوازی. هەر بەم هۆیەوە کە دەتوانین بڵێین هیچ گرفتێك لەڕووی وشەکانەوە دروست نابێت واتە



لەڕادەبەردەر باریان ناکەین و هەوڵ دەدەین چەندی پێمان دەکرێت کەمتر گرنگی بە وشەکان بدەین. ((مانای)) وشەکان زۆر بەجدی وەناگرین. هەمیشە لەوە ئاگادارین کە ئەو وشانەی بەکاریان دێنین هەندێ تەمومژاوین (چونکە تەنیا لە ڕێگەی بەکارهێنانی زانستییەوە، فێری چۆنییەتی بەکاربردنیان بووین) و وردەکاری و ڕوونی وەدەست دێنین نەك بە کەمکردنەوەی سێبەری وشەکان بەڵکو بەهۆی مانەوە لەو سێبەرەدا و بە ڕەچاوکردنی دانانی ڕستەکان بەجۆرێك کە سەروژێرەکانی نێو مانای وشەکان، گرنگیان نەبێت. لەم ڕێگایەوەیە کە خۆ لە ناکۆکی لە هەمبەر وشەکان دەبوێرین.

بێگومان بۆچوونی ئەو کەسانە کە پێیان وایە زانستی و وردەکاری زمانی زانستی پەیوەندی بە وردەکاری و ئەو زاراوەکانەوە هەیە، زۆر دڵگیرە، بەڵام بەبڕوای من، پێشوەختە حوکمێکی بێ ئەملاوئەولایە. وردەکاری هەموو زمانێك پەیوەستە بەوەوە ڕەچاوی ئەوە بکرێت وشەو زاراوەی ئەو زمانە دەروەستی ڕاکێشانی باری وردەکاری نەبن. بێگومان وشەیەکی وەکو ((تەپۆڵکەی لم)) یان ((با)) زۆر ناروونە. (دەبێ تەپۆڵکەیەکی بچووکی لم بەرزییەکەی چەند بێت بۆ ئەوەی بە ((تەپۆڵکەی لم)) لەقەڵەم بدرێت؟ دەبێ هەوا بە چ خێراییەك جوڵە بکات بۆ ئەوەی بتوانین بە ((با)) ناوزەدی بکەین؟) بەڵام بۆ بەشێکی زۆر لەو مەبەستانەی کە جیۆلۆجیەکان لە هزریان دایە، ئەم وشانە بەڕادەی پێویست وردن و بۆ مەبەستەکانی تر، کاتێك پێویستیمان بە جیاوازییەکی زیاتر هەبێت، بەئاسانی دەتوانێت بڵێ ((مەبەستمان لە تەپۆڵکەیەکە کە بەرزییەکەی لە نێوان (١) تاکو (٩) مەتر دابێت)) یان ((بایەك بەخێرایی ٣٠ تا ٦٥ کیلۆمەتر لەکاتژمێرکدا)). لە زانستە وردەکانیش (پەتیەکان) دیسان بارودۆخەکە هەر بەم جۆرەیە. بۆ نموونە لە پێوانەی فیزیکیدا، بەردەوام ڕەچاوی ئەوە دەکەن کە ئەو پانتاییە حسێب بکەن کە دەشێ هەڵە تێیدا ڕووبدات و وردەکاری بریتیی نییە لەوەی یەکێك هەوڵ بدات ئەم پانتاییە بکاتە هیچ یان واپێشان بدات کە ئەم پانتاییە بوونی نییە، بەڵکو وردەکاری بریتییە، لە ناسینێکی ئاشکرای ئەم پانتاییە.

تەنانەت لە جێگەیەکیشدا کە وشەیەك کێشەی خولڤاندووە- بۆ نموونە، وشەی ((هاوکاتی))[٦٥] لە فیزیکدا- ئەمە بەهۆی نەبوونی وردەکاری یان ناڕوونی مانای وشەکەوە نەبووە بەڵکو بەهۆی تیۆرێکی پێشینەوە بووە کە ناچاری کردووین لە جیاتی ئەوەی لەڕادەی خۆی کەمتر مانا لەم وشەیە باربکەین، مانای زۆر یان مانایەکی لەڕادەبەدەر وردمان لێی بوێت. ئەنشتاین[٦٦] لەو شیکردنەوەی کە بۆ ((هاوکاتی)) ئەنجامیدا، ئەوەی بۆ دەرکەوت کە کاتێك فیزیکزانەکان سەبارەت بە ڕووداوە هاوکاتەکان دەدوێن، بڕوا بە گریمانەیەکی چەوت دەکەن کە ئەگەر هەندێ نیشانە[٦٧] بەخێرایی بێکۆتایی بوونی هەبووایە، هیچ کەسێك نەیدەتوانی گومان لەم گریمانەیە بکات. کەموکوڕییەکە لەوەدا نەبوو کە {فیزیکزانەکان} قسەی بێ مانایان دەکرد یان مانایەکی ناڕوونیان لە هزردا بوو یان وشەی ناوبراو بەڕادەی پێویست خاوەن وردەکاری نەبوو، ئەوەی ئەنشتاین دۆزیبوویەوە ئەمە بوو کە وەلانانی گریمانەیەکی تیۆری کە تا ئەو کاتە بەهۆی بەڵگەنەویستی پێشینەوە لەبەرچاو دیار نەبوو، دەیتوانی ئەو کێشەیە چارەسەر بکات کە لە زانستدا هاتۆتە پێش. کەواتە، دڵەڕاکێی ئەو لەسەر ڕاستی تیۆرەکە بوو نەك پرسی مانای وشەکان. لەوانە نییە هیچ کەسێك بیتوانیبووایە هیچی بۆ بکرێت ئەگەر بەبێ وەبەرچاوگرتنی پرسێکی دەستنیشان کراو لە فیزیکدا، لەڕێگای شیکردنەوەی ((مانای خودیی)) مەفهوومی هاوکاتی ویستبای دەست بە پێك هێنانی چاکسازی بکات لەم مەفهوومەدا یان تەنیا بە شیکردنەوەی ئەمە کە فیزیکزانەکان کاتێ باسی هاوکاتی دەکەن ((بەڕاستی مەبەستیان چییە لێی)).

پێم وایە ئەو پەندەی کە لەم نموونەیە وەریدەگرین ئەوەیە کە گەرەکمان نەبێت بەر لە گەیشتن بە پردەکە لێیبپەڕینەوە {یان وەك کورد دەڵێت نە ڕێکخراوە نە پێچراوە شەقەی دێت}. هەروەها پێم وانییە خۆ خەریك کردن بە پرسی پەیوەندیدار بە مانای وشەو زاراوەکان- وەکو ناڕوونی یان توانجپۆشی پەنهانی ناویان- بەهیچ چەشنێك بە پاڵپشتی نموونەکەی ئەنشتاین، شیاوی پاساو بۆ هێنانە بێت. ئەم جۆرە خۆ خەریك کردنە لەسەر بنەمای ئەم گریمانەیە دادەڕێژرێت کە بەشێکی زۆر لە شتەکان پەیوەندییان بە مانای ئەو وشانەوە هەیە کە بەکاریان دێنین و ئەوەی کاری

65. simultaneity(معیت)

66. A. Einstein

67. signals



پێدەکەین هەر ئەم مانای وشەیەیە. بیرکردنەوەیەکی لەم چەشنە حەتمەن وشەبازی و هاتو هاواری سکۆلاستیکەکانی لێ دەکەوێتەوە. هەر لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین دۆکترینێکی وەکو دۆکترینی وینگنشتاین بدەینە بەر ڕەخنە[٥١] کە لەسەر ئەو بڕوایەیە زانست توێژینەوە لەسەر فاکتەکان دەکات، ئەوە لەکاتێك دایە کە ئیشی فەلسەفە، ڕوونکردنەوەی مانای وشەکان و لەوێشەوە، پاڵاوتنی زمان و بەلانانی لوغزە زمانەوانییەکانە. تایبەتمەندی بیروبۆچوونی پەیڕەوکارانی ئەم قوتابخانەیە ئەوەیە کە بیروباوەڕەکەییان هیچ زنجیرە بەڵگەخوازییەکی لێ ناکەوێتەوە تاکو بتوانین لەسەر بنەمای عەقڵ ڕەخنەی ئاڕاستە بکەین. شیکردنەوەی زیرەکانەی ئەم قوتابخانەیە[٥٢] تەنیا تایبەتە بە بازنەیەکی بچووکی نێوخواز (باگنی) و دانای نهێنییەکان و ئەمە لە ڕواڵەتدا دەریدەخات کە هەر چەشنە هزر خەریك کردنێك بە مانای وشەکان دەرەنجامێکی لێ دەکەوێتەوە کە تایبەتە بە فەلسەفەی ئەرستۆیی، واتە شێوازی بیرکردنەوەی سکۆلاستیك و عیرفانی.

ئێستا با بەکورتی سەیر بکەین بۆ ئەوەی بزانین ئەم دوو دەرەنجامە کە تایبەتە بە فەلسەفەی ئەرستۆیی چۆن دروست بووە: ئەرستۆ جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە بۆ وەدەست هێنانی مەعریفە دوو میتۆدی بنەمایی بوونی هەیە: یەکەمیان ئەرگۆمێنت {سەلماندن} و ئەویتریان پێناسەیە. سەرەتا تیۆری تایبەت بە ئەرگۆمێنت تاوتوێ دەکەین. ناتوانین نکۆڵی لەوە بکەین کە ئەم تیۆرە تەقەلای بێ ئەژمارەی لێ کەوتۆتەوە بۆ سەلماندنی زیاتر لەو شتەی لە ڕێگەی ئەرگۆمێنتەوە بۆ سەلماندن بشێت. فەلسەفەی سەدەکانی ناڤین تەژییە لەم جۆرە بیرکردنەوە سکۆلاستیکە و هەر ئەم مەیلە لە ئەورووپادا {جگە لە بەریتانیا}[٦٨] تەنانەت تا سەردەمی کانتیش دەبینرێت. ڕەخنەی کانت لە هەر چەشنە هەوڵێك بۆ سەلماندنی خوا، پەرچەکرداری ڕۆمانتیکی فیختە و شلینگ[٦٩] و هێگلی لێ کەوتەوەو مەیلێك سەری هەڵدا کە نەك هەر ئەرگۆمێنت بەڵکو وازیان لە هەموو جۆرە بەڵگەخوازییەکی عەقڵیش هێنا. لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕۆمانتیکەکان، جۆرێکی نوێ لە بیرکردنەوەی دۆگم لە فەلسەفە و زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا برەو دەسێنێ و لەگەڵ فتواکەیدا بەرەو ڕوو دەبینەوە کە **دەتەوێ بتەوێ، ناتەوێ مەتهەوێ**.

68. Continent

٦٩. F.W.J. von schelling (١٧٧٥ـ١٨٥٤) فەیلەسووفی ئایدیالستی ئەڵمانی.

شۆپنهاوەر(٧٠) ئەم قۆناغە ڕۆمانتیکەی فەلسەفەی غەیبگۆیانە بە ((چاخی چەوتی و تەزویر)) ناوزەد دەکات و لە وەسفی دادەنوسێت{٥٣}: ((سیفەتی ڕاستی و دروستی، واتە ڕۆحی توێژینەوە بە هاوکاری خوێنەر، کە بەرهەمی جەماوەری فەیلەسووفەکانی پێشوو لێوان لێویەتی، لێرە یەکڕاست بارگەوبنەی دەپێچێتەوە. هەموو لاپەڕەیەك گەواهیدەری ئەوەیە کە ئەم بەناو فەیلەسووفانە بەهیچ چەشنێك لە هەوڵی پەروەردە و فێرکردن دانین بەڵکو دەیانەوێ خوێنەر شەیدا بکەن و سێحری لێ بخوێنن)).

تیۆری ئەرستۆش لە هەمبەر پێناسە دەرەنجامێکی هاوچەشنی ئەمەی لێ کەوتەوە. یەکەم جار، ڕادەیەکی زۆر زیرەکی و تیژبینی لێ کەوتەوە، بەڵام دواتر فەیلەسووفەکان هەستیان بەوە کرد کە ناکرێ سەبارەت بە پێناسەکان هەنجەت بێننەوە. بەم جۆرە، ماهییەتگەرایی نەك هەر هانی وشەبازیدا، بەڵکو بێ هیوابوون و سەرلێشێواوی لە ئەرگۆمێنت و بەڵگەخوازی، واتە لە عەقڵی لێ کەوتەوە. شێوازی بیرکردنەوەی سکۆلاستیك و عیرفان و بێ هیوابوون لە عەقڵ بەکارهێنان، هەموویان دەرەنجامی حەتمی ماهییەتگەرایی ئەفلاتون و ئەرستۆیە و هەڵچوونی ئاشکرای ئەفلاتون لەبەرامبەر ئازادی دەگۆڕێ بۆ ڕاپەڕینی نهێنی ئەرستۆ لەبەرامبەر عەقڵدا.

هەروەك لەسەر بنەمای وتەی ئەرستۆ خۆیەوە دەزانین کە کاتێ لەسەرتادا ماهییەتگەرایی و تیۆری پێناسە خرایەڕوو، دژایەتییەکی توندی کرا، بەتایبەتی لەلایەن یەکێك لە یاوەرە دێرینەکانی سوقراتەوە، واتە ئانتیس تنس کە ڕەخنەکانی زۆر ژیرانە دێنە بەرچاو{٥٤}. بەڵام بۆ بەدبەختی، ئەم دژایەتییە تووشی تێك شکان هات. لەمەڕ گرنگی دەرەنجامەکانی ئەم تێك شکانە لەڕووی گەشەو ئاڵوگۆڕی هزری و عەقڵی مرۆڤ، ڕەنگە هەرچییەکی بیڵێین کەم بێت. هەندێ لەم دەرەنجامانە لە بەشی دواتردا توێژینەوەی لەسەر دەکرێت و لێرەدا کۆتایی بەو خۆدزینەوەیە دێنین کە لە پێناو ڕەخنەگرتن لە تیۆری پێناسەی ئەفلاتونی و ئەرستۆیی ئەنجامان دابوو.

### ٣

ڕەنگە سەر لەنوێ پێویست بەوە نەکات جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە باسەکەم سەبارەت بە ئەرستۆ لەو پەڕی کورتی دابووە و تەنانەت لەو توێژینەوەیەش زۆر کورتترە کە لەمەڕ

٧٠. A. Schopenhauer (١٧٨٨ـ١٨٦٠) فەیلەسووفی ئەڵمانی.



ئەفلاتونەوە ئەنجامدا. مەبەستی سەرەکی لەمەی تاکو ئێستا وتراوە، خستنەڕووی ئەو پشك و بەشدارییەیە کە ئەم دووانە لە پێك هێنانی مێژووگەرایی و ململانێیی لە دژی کۆمەڵگای کراوە، بوویانە و هەروەها ئەو کاریگەرییەی کە لە کێشەی سەردەمی ئێمەدا هەیانبووە- واتە سەرهەڵدانی فەلسەفەی هێگڵ کە باوکی مێژووگەرایی و تۆتالیتاریزمی نوێیە. لێرەدا بە هیچ کلۆجێك ناتوانین سەبارەت بە ئاڵوگۆڕەکانی نێوان سەردەمی ئەرستۆ و هێگڵ هیچ بڵێین. بۆ ئەوەی تەنانەت تاڕادەیەك مافی بابەتەکەمان دابێت، لانی کەم پێویستمان بە بەرگێکی تر هەیە. بەڵام لەو چەند لاپەڕەیەی کە هێشتا لەم بەشە ماوەتەوە، هەوڵ دەدەم ئەوە پێشان بدەم کە چۆن دەتوانین ئەم قۆناغەی نێوان ئەم دووانە لە چوارچێوەی دژایەتی نێوان کۆمەڵگای کراوەو کۆمەڵگای داخراو راڤە و شرۆڤە بکەین.

دژایەتی نێوان تیۆری ئەفلاتونی و ئەرستۆیی لەگەڵ ڕۆحی **نەوەی مەزن**- واتە ڕۆحی پریکلیس و سوقرات و دیموکریتوس- لە سەرانسەری چاخ و سەردەمەکاندا دەبینرێت. ئەم ڕۆحە کەم و زۆر وەکو هەمان پاکی بەرایی لە بزاڤی سەگایەتی {کلبی} پارێزراو وەکو عیسەوییەکانی سەرەتای مەسیحیەت، پڕوپاگەندەیان بۆ برایەتی نێوان مرۆڤەکان دەکرد و ئەم برایەتییەیان لەگەڵ بیروباوەڕی تاقانەپەستانەی خۆیان سەبارەت بە باوکێتی خوا، لێك دەبەست. ئیمپراتۆریەتی ئەسکەندەر و ئیمپراتۆریەتی {قەیسەر} ئاوگۆستۆس(٧١) کەوتە ژێر کاریگەری ئەم جۆرە بیروهزرەوە کە سەرەتا لە قۆناغی ئیمپراتۆریەتخوازی ئەسینا لەسەردەمی پریکلیس داهاتبووە ئاراوە و بزوێنەرە هەمیشەییەکەی، تەماسی نێوان ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا بوو. ئەگەری زۆری هەیە ئەم هزرانە و ڕەنگە تەنانەت بزاڤی سەگایەتی-یش کاریگەری لەسەر سەرهەڵدانی مەسیحیەتدا هەبوو بێت.

٧١. Augustus (بە فەرەنسی ئەگۆست. ئەغوستس عەرەبێزاوی ئەم ناوەیە) (٦٣ پێش زاین تا ١٤ زایینی). جێگری ژول سزار و یەکەمین ئیمپراتۆری ڕۆم کە لە سەردەمی ئەودا وڵات لەوپەڕی دەسەڵاتداری و ئاوەدانی دابوو.

مەسیحیەتیش لەسەرەتاوە، وەکو بزاڤی سەگسیفەتی {سەگایەتی}، دژی ئایدیالیزمی ئەفلاتونگەرای کەسە تایبەتەکان و خۆ وەك ڕۆشنبیر نواندنی ((بنووسەکان — میرزاکان))[٧٢] و زاناکان بوو ((ئەم شتانەت لە ژیرو دانایان شاردەوەو بۆ منداڵانت ئاشکراکرد))[٧٣]. من گومانم لەوە نییە کە ئایینی مەسیح لە هەندێ لایەنەوە ناڕەزایەتییەك بوو لەبەرامبەر ئەوەی ڕەنگە بە ئەفلاتونگەرایی یەهود بە مانا بەرفراوانەکەی وشە{٥٥} لێك بدرێتەوە، واتە پەرستنی خواو پەیڤی یەزدانی لە جیهانی ئەبستراکتدا. ئەوەی بەڵگە نەویستە ئەوەیە کە، خێڵ پەرستی یەهود و تابۆ وشك و ڕەقهەڵگەڕاو و پووچەکانی ئەم گەلە و پاوانخوازییە عەشیرەییەکەیان، بۆ نموونە لە تیۆری گەلی هەڵبژارد- واتە تێگەیشتن لە پلەو پایەی یەزدانی وەکو خوایەکی خێڵەکی- خۆی دەردەخات، لەلایەن مەسیحیەتەوە دژایەتی کراوە. ئەم جۆرە پشت بەستنە بە یاساکانی خێڵ و یەکێتی خێڵەکی، زۆر زیاتر لەوەی خەسڵەتی کۆمەڵگای بەدەوی خێڵەکی بێت، تایبەتمەندی ئەو هەوڵە بکوژانەیەیە کە بۆ گەڕاندنەوە و پاراستنی شێوە کۆنەکانی ژیانی خێڵەکی ئەنجام دراوە و سەبارەت بە یەهود، بەڕواڵەت لە بنچینەدا دژکردەوەیەك بووە لە بەرامبەر کاریگەری داگیرکاری و سەرکەوتنی بابل لە سەر ژیانی خێڵایەتی ئەم گەلە. بەڵام لە پەناو قوژبنی ئەم بزوتنەوەیە بەرو وشك و ڕقهەڵاتنێکی زیاتر، لەگەڵ بزاڤێکی تردا بەرەو ڕوو دەبین کە ئەویش وەك دیارە هەر لەو سەردەمەدا دەستی پێکردووە و بووە هۆی پێك هێنانی هزری مرۆڤدۆستانە، وەکو وەڵامی نەوەی مەزن لەبەرامبەر لەبەریەك هەڵوەشانی ژیانی خێڵەکی لە یۆناندا. وا دێتە بەرچاو کە لە پاش لەناوچوونی یەکجاری سەربەخۆیی یەهودییەکان بەدەستی ڕۆمەکان، ئەم ڕەوتەی سەرەوە سەر لەنوێ دووبارە بۆوە و ئەم جارەیان تەنانەت جیاوازییەکی قوڵتری نێوان ئەم دوو ڕێگاچارەیەی لێ کەوتەوە: یەکەمیان گەڕانەوە بۆ خێڵ هەروەك لەمەڕ یەهودییە ئەرتۆدۆکسەکان ڕوویداو ئەویتریان خڕبوونەوە لە دەوری ئایینێکی

٧٢. Scribes. "لە دین و مێژووی یەهوود، لەبنەڕەتدا هەرکام لە تاکەکانی چینی پیاوچاکانی یەهوود... کە بنووسیان (یان نووسینیان) دەزانی و پاشتر هەموو مامۆستا ڕەسمییەکانی شەریعەتی یەهوود بەپێی چاخی عەتیق و ئەحادیسەکان. بەرهەمی ئەم بنووسانە بە "شەریعەتی زارەکی" ناوزەد کرا بۆ ئەوەی لە شەریعەتی نووسراو (تەورات) جیا بکرێتەوە. (ژێدەر، دایرە المعارف فارسی).

٧٣. پەیڤی عیسای مەسیح لەگەڵ خواـ ئینجیلی لۆقا، پاژی دەیەم، ئایەتی ٢١.



مرۆڤدۆستانەی تاقمێکی نوێی مەسیحیەکان کە بەربەر (یان خەڵکی نایەهودی و ناعیسەوی) و تەنانەت کۆیلەکانیشی وەردەگرت. لە کتێبی کردەوەی پێغەمبەران (نێردراوان)[٧٤]{٥٦} دەتوانین سەیری ئەو پرسانە بکەین- واتە پرسە کۆمەڵایەتی و پرسە نەتەوەییەکان- کە تا چ ڕادەیەك بەپەلە بووە. ئەمە لە تەماشاکردنی ڕەوتی ئاڵوگۆڕی یەهودییەکانیشدا بەدیار دەکەوێت، چونکە ئەو دژکردەوەییەی کە بەشە کۆنسێرڤاتیڤەکەیان لەبەرامبەر هەمان کێشەدا لەخۆی نواند، بریتی بوو لە بزووتنەوەیەکی تر بە ئاڕاستەی وەستاندن و وشك هەڵێنانی شێوازی خێڵەکی ژیان لە ڕێگای خۆ چەسپاندن بە ((یاساکان))[٧٥] بەو بێشەرمییەی کە بێگومان {ئەفلاتون ئاگادار بووایە} ستایش و پەسەندی دەکرد. تاڕادەیەك جێگەی دڕدۆنگی نییە کە ئەو ئاڵوگۆڕەش وەکو ئاڵوگۆڕی هزری ئەفلاتون، سروشتی لە دژایەتییەکی توند لەگەڵ ئارمانجی نوێی کۆمەڵگای کراوە وەرگرتبوو کە لەم حاڵەتەیاندا هەمان ئایینی مەسیحە.

بەڵام پێکچوونی نێوان ئارمانجی نەوەی مەزن، بەتایبەتی سوقرات و ئارمانجی سەرەتای مەسیحیەتی تەنانەت لەمەش قوڵترە. گومانی تێدا نییە کە سەرچاوەی هێزی عیسەوییە بەراییەکان بۆ بوێری ئەخلاقییان دەگەڕایەوە، یاخود بەجۆرێکی تر، لەم فاکتەوە سەرچاوەی دەگرت ئەوان سەربزێویان دەکرد لە بەرامبەر قبوڵ کردنی خواستی ڕۆم کە بانگەشەی ئەوەی دەکرد ((مافی ئەوەی هەیە ڕەعیەتەکانی خۆی ناچار بکات بۆ ئەنجام دانی کردەوەی پێچەوانەی ویژدان)){٥٧}. شەهیدە مەسیحییەکان خۆیان لە قبوڵ کردنی ئەوە دەبوارد کە زۆرەملێ ببێتە پێوەر و معیاری هەق و لە ڕێگای ئەو ئایدیایەدا ڕەنج و ئازاریان دەچەشت کە سوقرات گیانی بۆ بەخت کردبوو.

هەڵبەتە کاتێك لەنێو ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمدا ئایینی مەسیح دەسەڵاتی بەدەست هێنا، ئەم بارودۆخە زۆر گۆڕا. ئێستا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئایا ناساندنی فەرمی کەنیسەی مەسیحی (و دواتر ڕێکخستنی لە ڕێگای خواستنی ئەو نموونەی کە یولیانوسی مولحد[٧٦] بە

٧٤. Acts (of the Apostles) یەکێکە لە ئەسفارەکانی چاخی نوێ لەکتێبی پیرۆزدا.

75. Laws

٧٦. Julian the Apostate (ناوی تەواوی: فلادڤیدیوس کلادیوس یولیانوسە) (٣٦٣ـ٣٣١). ئیمپراتۆری ڕۆم لەساڵی ٣٦١ تا٣٦٣و زایینی. لەخزمە نزیکەکانی ئیمپراتۆر کۆنستانتینوس (قستنتین)ی مەزنە کەپاش

دژە کەنیسەی(٧٧) نییو ئەفلاتونی خۆی دابووی بە دەستەوە{٥٨}) جموجۆڵێکی سیاسی زیرەکانە نەبوو کە دەسەڵاتە حاکمەکان لەم ڕێگەیەوە دەیانەویست نفوزی ئەخلاقی و مەعنەوی مەزنی ئەم ئایینە یەکسانیخوازە وردوخاش بکەن؟ ئەو ئایینەی لە رابردوودا بێهودە هەوڵی دابوو بە رمی زۆرەملێ و تۆمەتبارکردن بە خوانەناسی و خۆنەپارێزی، بچێتە جەنگ لە تەکیدا؟ بەجۆرێکی تر، ئەو پرسیارەی خۆی قوت دەکاتەوە ئەوەیە ئایا رۆما (بەتایبەتی پاش قۆناغی یولیانوس) بە پێویستی نەزانیوە پەندەکەی ((پاریتو)) بەکاربێنێت کە دەڵێ: ((دەبێ سوود لە هەستوسۆز وەربگرین نەك هێزی خۆمان لە هەوڵێکی بێهودەدا بەفیڕۆ بدەین لە پێناو وێران کردنیدا؟)) وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە چەتوونە، بەڵام بێگومان ناتوانین (وەکو تۆین بی{٥٩}) بە پاڵپشتی ((هۆشیاری مێژوویی)) خۆمانەوە بەلاوەی بنێین. بەبڕوای توین بی، لکاندنی پاڵنەری خۆپەرستانە و سارد و سڕانە بەسەردەمی قوستەنتین و جێگرەکانی، پێچەوانەی رۆحی ئەو رۆژگارە و هۆشیاری مێژووییە و ئەم پاڵنەرانە زیاتر لەگەڵ ((مامەڵەی رۆژئاوایی و ئێستای ئێمە سەبارەت بە ژیان)) دادەگونجێت. بەڵام هەروەك بینیمان، ئەم جۆرە پاڵنەرانە تەنانەت لەسەدەی پێنجەمی پێش زایین ((بە خۆپەرستی و ساردوسڕباوەڕی))- یاخود بەجۆرێکی تر، بە بێشەرمییەوە- لەلایەن کریتیاسی رێبەری سی ملهوڕەکە، دەردەبڕدا و وتەی هاوچەشنی ئەمە زۆربەی کات لە مێژووی فەلسەفەی یۆناندا دەست دەکەوێت{٦٠}. بەهەر حاڵ، گومانی تێدا نییە کە چاخی تاریك بەو ئازار و ئەشکەنجەیە دەستی پێکرد کە یوستی نیانوس(٧٨) دەرهەق بە ناعسیەوی و بێ ئیمان و فەیلەسووفەکان ئەنجامی دەدا. کەنیسە پێی خۆی خستە جێ پێی تۆتالیتاریزمی ئەفلاتونی و ئەرستۆیی و ئەم رەوتە دواجار لە <u>**پشکنینی بیروباروەڕدا**</u> گەیشتە لووتکە خۆی. سەرچاوەی پشکنینی بیروباوەڕە بەتایبەتی تیۆرێکی

---

ئەو بوو بە ئیمپراتۆر و لەشەڕی ئێراندا کوژرا. یولیانوس لەسەر بنەمای پەروەردەیەکی مەسیحییانە گەورە بوو بەڵام دواتر دەستیکرد بە زیندوو کردنەوەی بیروباوەڕ و زانیاری کافرەکانی بەر لە مەسیح. بەڵام خۆی لە ئازاردانی عیسەوییەکان دەبووارد.

77. Anti- church

٧٨. Flavius Anicius Justinianus (ناسراو بە مەزن) (٤٨٣ـ٥٦٥) دەسەڵاتدارترین ئیمپراتۆری رۆمی رۆژهەڵات (بیزانس) کە لەمەڕ پرسە ئایینییەکان زۆر دەمارگرژبوو و بەفرمانی ئەو ناوەندە فەلسەفییەکانی یۆنان داخران.



ئەفلاتونی بوو و ئەوە هەمان ئەو تیۆرەیە کە لە سێ کتێبی کۆتایی دایالۆگی یاساکاندا شیکراوەتەوە، لەو شوێنەی کە ئەفلاتون دەریدەخات کە فەرمانڕەواکان بەهۆی تایبەتمەندی شوانێتییەوە، ئەرکی ئەوەیان لەسەر شانە بەهەر نرخێك بووە لە رێگای پاراستنی یاسا وشك و رەقەکان و بەتایبەتی بۆ بەردەوامی بەخشین بە کردەوەو تیۆری ئایینی، پارێزگاری لە مێگەلی مرۆیی خۆیان بکەن، ئەگەرچی لەم رێگایەدا ناچار بن گورگێك بکوژن هەرچەندە لەوانەیە چاکەکار و بەشەرەفیش بێت، بەڵام بەداخەوە ویژدانە نەخۆشەکەی مۆڵەتی پێنادات لەبەرامبەر هەڕەشەی بەهێزەکاندا سەرشۆڕ بکات.

یەکێك لە دژکردەوە تایبەتییەکانی سەردەمی ئێمە لەبەرامبەر فشاری شارستانیەت ئەوەبوو کە مەرجەعیەتخوازی و ئوتوریتەگەرایی ((مەسیحیەت)) لە سەدەکانی ناڤیندا، لە هەندێ کۆڕی رۆشنبیرانەدا بۆتە مۆدێلی رۆژ{٦١}. بێگومان، ئەم حاڵەتە نەك هەر هۆبەندی ئایدیالسازییە لە ڕابردوویەکی بەڕاستی ((ئۆرگانێك)) تر و ((یەکگرتوو)) تر، بەڵکو بەرهەم هێنەری جۆرە بێزارییەکی دەرك کراویشە لە گومانکاری نوێ، چونکە فشاری شارستانیەتی لە ڕادەی خۆی تێپەڕاندوو. مرۆڤەکان لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە خوا بەسەر جیهاندا فەرمانڕەوایی دەکات. ئەم بڕوایە بەرپرسایەتییەکانیانی بەرتەسك دەکرد. بڕوای نوێ کە پێیوا بوو پێویستە مرۆڤ خۆی بەسەر جیهاندا حوکمڕانی بکات، بەرپرسایەتیەکی قورسی دروست کردووە، کە بەشێکی زۆری خەڵك توانا خۆڕاگرتنیان نییە لەبەرامبەریدا. هەموو ئەمانە با لە شوێنی خۆیاندابن. بەڵام من گومانم لەوە نییە کە تەنانەت لە روانگەی مەسیحیەتیشەوە، سەدەکانی ناڤین لەژێر حکومەتێکی باشتر لە سیستەمە دیموکراسییەکانی ئێستای رۆژئاوادا نەبوو. لە ئینجیلدا ئەوە دەخوێنینەوە کە رۆژێکیان ((فەقێیەك))(٧٩) سەبارەت بە پێوەری دەستنیشان کردنی راڤەی راست و راڤەی ناڕاست بۆ پەیڤی مەسیح پرسیارێکی لە دامەزرێنەری مەسیحیەت کرد. مەسیح لە رێگای چیرۆکی ئەو لاڤی(٨٠) و کاهینەوە وەڵامی ئەم پرسیارەی دایەوە- کە هەردووکیان پیاوێکی زامداریان لە حاڵێکی پەرێشاندا بینی بەڵام ((بەلایەکی تردا)) رۆیشتن، لەکاتێکدا کەسێکی سامری(٨١) زامەکانی بۆ بەست و پێداویستییە

---

79. Doctor of the law
80. Levite
81. Samaritan

مادییەکانی بۆ دابین کرد[٨٢]. من پێم وایە، ئەو ((مەسیحیانە)) دەبێ ئەم چیرۆکە بە بیر خۆیان بێننەوە کە نەك هەر بۆ سەردەمێك حەسرەت دەخۆن کە کەنیسە ئازادی و ویژدانی سەرکوت دەکرد، بەڵکو غەم بۆ رۆژگارێك دەخۆن کە بە بەرچاوی کەنیسە و بە پشت بەستن بە مەرجەعیەتی دەسەڵاتدارانی کەنیسە، ستەمی لەڕادەبەردەر، هەموو چەشنە تروسکەی ئومێدێکی لە دڵی خەڵکدا کوشتبوو. ئێستا ئاماژە بە پارچەیەك دەکەم لە کتێبەکەی هانس زینسر بە ناونیشانی **مشك، مێشوولە و مێژوو**[٨٣]{٦٢}، سەبارەت بە نەخۆشی شێتی سەمای گشتگیر لە سەدەکانی ناڤیندا، کە بەناوی ((سەمای سێنت جان)) و ((سەمای سێنت ڤایتوس)) و شتی لەم جۆرە[٨٤]، ناوزەد دەکران، کە شیکردنەوەیەکی هەژێنەرە لەمەڕ مەینەتی و کوێرەوەری خەڵکی ئەو سەردەمە و لە هەمان کاتدا لە هەمبەر ئەو ((مەسیحیەتەی)) کە ئەڤینداره رۆمانتیکەکانی ئێستای سەدەکانی ناڤین خوازیاری گەڕانەوە ئەون. (مەبەستم نییە وەکو یەکێك لە خاوەن راکان سەبارەت بە سەدەکانی ناڤین پەنا بۆ زینسر ببەم و هەر لە بنەڕەتدا پێویستمان بەم کارە نییە، چونکە ئەم راستیانەی باسیان کرا جێگەی هیچ چەشنە مشتومڕێك ناهێڵنەوە. بەڵام ئەم لە شیکردنەوەکەیدا خاوەنی سیفەتی دەگمەنی هەمان سامری {چاکەکارە} کە هزری لەسەر دەرەنجامە کردەییەکانە، واتە پزیشکێکی مەزن و مرۆڤ سیفەت و جوامێر). ((ئەم پەلامارە سەیرانە هەرچەندە لەسەردەمەکانی پێشووشدا پێشینەیان هەبوو، بەڵام لە قوناغی بەدبەختییە تۆقێنەرەکانی و 'مەرگی رەش'[٨٥] و رێك پاش ئەو، گشتیەتی وەرگرت. لە نەخۆشی شێتی سەمادا دەتوانین بڵێین هیچ کام لەو تایبەتمەندییانەی کە ئێمە ئێستا پەیوەستیان دەکەین بە هەوکردنی گوێزراوەی کۆ ئەندامی دەمار، نابینرێت. **نەخۆشی شێتی سەما، زیاتر وەکو هیستریای جەماوەرگیری هۆبەندی وەحشەت و ترس دێتە بەرچاو کە لە خەڵکێك دەرکەوتبێت پلەی چەوسانەوەو قاتو قڕی چەشتن و بەد بەختیەکانیان، ئەمڕۆکە ئێمە توانای وێناکردنیمان نییە.** سەرەڕای بەدبەختی و چارەڕەشی کە بەرهەمی جەنگی

٨٢. ئەم بەسەرهاتە کە بە چیرۆکی سامری چاکەکار ناسراوە لەکتێبی دەیەمی ئینجیلی لۆقا (ئایەتەکانی ٣٠ تا ٣٦)دا هاتووە.

83. H. Zinsser, Rates, Lice, and History

84. Dancing mania

٨٥. Black Death. مەبەست تاعونی گەورەی سەدەی چواری زایینییە.



بەردەوام و لەبەریەك هەڵوەشانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو، تووشبوونێکی تۆقێنەر بە نەخۆشییەکی بەرۆکگر و پڕ نهێنی و مەرگ هێن-یش زیادی کردبوو. مرۆڤ، داماو و بێچارە، کەتبووە داوی دونیایەکی پڕ ترس و هەڕەشە. خەڵکی ئەو سەدەمە کە هەم خواوەند لەلایان وێنایەکی زیندوو بوو و هەم شەیتان، لەژێر باری ئەو تووشبوونە کە بڕوایان وابوو لەلایەن هێزە بان سروشتییەکانەوە دابەزێنراوە، پشتیان چەما بۆوە. بۆ ئەو کەسانە کە پشتیان لەژێر فشارەکەدا تێك دەشکا، هیچ چارەیەك نەبوو جگە لە پەنابردنە بەر پەناگەی ناوەکی پشێوی دەروونی کە لە هەلومەرج و بارودۆخی ئەو کاتدا بە ئاڕاستەی دەمارگرژی ئایینی دەڕۆیشت)). پاشان زینسر ئەم رووداوانە لەگەڵ هەندێ لە دژکردەوەکانی خەڵکی سەردەمی خۆماندا بەراورد دەکات و دەڵێت لەم دژکردەوانە، ((هستریای ئابووری و سیاسی جێگەی هیستریا ئایینییەکانی سەردەمی رابردووی گرتۆتەوە)). سەرەنجام لە کۆکردنەوەی خەسڵەتی ئەو خەڵکەی کە ئەو کات لەژێر دەسەڵاتی ئوتوریتەخوازی و ستەمکاریدا ژیانیان بەسەر دەبرد، دەڵێت ((خەڵکانێك بوون چارەڕەش و بێنەواو دیلی ترس کە لە ژێر باری سەختەی و مەترسییە لە عەقڵ بە دوورەکاندا وردو خاش ببون)). ئایا دیسان پێویست دەکات ئەوە بپرسین کە کام لەم دوو هەڵسوکەوتە زیاتر لەگەڵ ئایینی مەسیحدا دەگونجێت: هەڵسوکەوتێك کە بە حەسرەتی گەڕانەوە بۆ ((هەماهەنگی و یەکیەتی لێك نەپچڕاوی)) سەدەکانی ناڤینە یان ئەو مامەڵەیەی گەرەکیەتی بۆ رزگارکردنی مرۆڤ لە بەڵاو ستەمە، پشت بە عەقڵ ببەستێت؟

دواجار لانی کەم بەشێك لە کەنیسەی ئوتوریتەخواز و ستەمکاری سەدەکانی ناڤین توانی داخی دونیا پەرستی لەم جۆرە فەلسەفە مرۆڤدۆستییە بدات کە بڕوای بە دەرەنجامی کردەیی هەبوو و وەکو تایبەتمەندی ((ئەپیکۆریزم))[٨٦] بیناسێنێت و خەسڵەتی ئەو کەسانەیە کە تەنیا دەیانەوێ ((وەکو چوارپێیەکان ورگیان بئاخنن)). بەم چەشنە، زاراوەی ((ئەپیکۆریزم)) و ((ماتریالیزم)) و ((ئەزموونگەرایی))- بە واتایەکی تر، فەلسەفەی دیموکرتیوس، واتە یەکێك لە گەورەترین کەسەکانی نەوەی مەزن- بوو بە هاو واتای شەڕەنگێزی و بەدخوویی و ئایدیالیزمی خێڵەکی ئەفلاتون و ئەرستۆ وەکو مەسیحیەتێکی پێش مەسیح، نرخێنراو رێزی لێی گیرا. لەڕاستیدا،

٨٦. Epicureanism. ئاماژەیە بۆ چێژپەرستی و پابەندبوون بەعەیش و نۆش کە هەڵبەتە راڤەیەکی هەڵەی رێنماییەکانی ئەبیکۆرە.

تەنانەت لە رۆژگاری خۆشماندا، سەرچاوەی مەرجەعیەت و ئوتوریتەی مەزنی ئەفلاتون و ئەرستۆ هەر بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە کە ئوتوریتە خوازەکانی سەدەکانی ناڤین فەلسەفەی ئەم دووانەیان هەڵبژارد. بەڵام نابێت ئەوەمان لەیاد بچێت کە جگە لە کەمپی تۆتالیتاریزم لە ژیانی کردەیماندا ناوی ئەم دوو فەیلەسووفە زیندووترە لە نفوزەکەیان. سەرەڕای ئەوەی ئەمڕۆ بە دەگمەن کەسێك ناوی دیمۆکراتیوس دێنێتە سەر زمان، بەڵام زانستەکەی و ئەخلاقەکەی هێشتا لەگەڵماندا زیندووە.

# ١٢ هێگل و نوێکردنەوەی خێڵ پەرستی

**کەواتە، فەلسەفەی هێگل... توێژینەوەیەکی هێندە قوڵ بوو لە هزردا کە زۆربەی بۆ لێتێگەیشتن نەدەشیا...**

ه.ج.ئسترلینگ

هێگل سەرچاوەی هەموو ڕێبازە هاوچەرخەکانی مێژووگەراییە. ئەو پەیڕەوکاری ڕاستەوخۆی هیراکلیتوس و ئەفلاتون و ئەرستۆ بوو و کاری سەرسوڕهێنەری دەکرد. بەو شارەزاییەی کە لە لۆژیك هەیبوو، دەرهێنانی کەروێشکە سروشتییە واقعییەکان لە کڵاوە میتافیزیکییە پەتییەکان، بۆ میتۆدە بەهێزە دیالیکتیکتییەکەی، لە یارییەکی منداڵانە زیاتر هیچی دی نەبوو. بەم چەشنە، لە تیمایۆسی ئەفلاتون و عیرفان یان ڕازوەری ئەم کتێبە بە ژمارە دەستی پێکردو-١١٤ساڵ پاش بڵاوبوونەوەی پرنسیپەکانی[١] نیوتن- توانی لە ڕێگای میتۆدە فەلسەفەیە پەتییەکانەوە ((بیسەلمێنێت)) کە هەسارەکان بە پێی یاساکانی کۆپلەر دەجولێن. تەنانەت لەمەشدا سەرکوتوو بوو{١} کە دۆخی ڕاستەقینەی هەسارەکان {بە پێوەر} دەرەنجامگیری بکات و بەم جۆرە بیسەلمێنێت کە ناکرێ هیچ هەسارەیەك لە نێوان مەریخ و موشتەری دابێت (بۆ بەدبەختی ئەو ، لەبیری نەمابوو کە چەند مانگ پێشتر هەسارەیەکی ئەوتۆ دۆزراوەتەوە). هەر بەم چەشنە، سەلماندی کە بە موگناتیسی کردنی ئاسن، بە مانای

١. Newton’s principia مەبەست کتێبە گەورەکەی نیوتنە کە بڵاوبوونەوەی بەرگەکانی لەساڵی ١٦٨٧ کۆتایی پێهات و ناونیشانی تەواوی بریتییە لە <u>**پرەنسیپی ماتماتیکی فەلسەفەی سروشتی**</u>: philosophiae Naturalist Principia Mathematica



زیادکردنی کێشەکەیەتی و تیۆرەکانی نیوتن سەبارەت بە بەردەوامی[٢] و تاودانی زەوی[٣] لەگەڵ یەکتردا دژایەتیان هەیە (کە هەڵبەتە لەم زەمینەیەدا نەیدەتوانی پێشبینی ئەوە بکات کە ئەنشتاین هاوبەهایی[٤] بەردەوامی و تاودانی[٥] تەن دەردەخات) و گەلێك شتی تری لەم جۆرە. ئەم بابەتە کە هەندێ کەس ئەوە بە جدی وەربگرن کە میتۆدێکی فەلسەفی دەتوانێت توانایەکی وەها سەرسوڕهێنەری هەبێت، تەنیا لە هەندێ لایەن و بەوەبەرچاوگرتنی دواکەوتوویی زانستە سروشتییەکان لە ئەڵمانیای ئەو سەردەمەدا، دەکرێ ڕوون بکرێتەوە. بەبڕوای من، ڕاستییەکە ئەوەیە کە کەسە جدییەکانی (وەکو شۆپێنهاوەر یان فریس[٦])، یان لانی کەم زانایەکی وەکو دیموکراتیوس{٢} کە تەنیا کەشف کردنی یاسایەکی هۆداری (هۆ و هۆبەندی) پێ باشتربوو لە پاشایەتی کردنی ئێران، لەسەرتادا ئەم میتۆدە فەلسەفییەیان بەجدی وەرنەدەگرت. کەسانێك هێگیان بەم ناوبانگە گەیاندووە کە زاڵبوونی خێرا بەسەر نهێنییە قوڵەکانی ئەم جیهانەیان پێ باشترە لە خۆ خەریك کردن بە گیروگرفتی تەکنیکی و زەحمەتی یەکێك لە زانستە تایبەتییەکان- ئەو زانستەی کە بەهەر حاڵ ڕەنگە بەهۆی بێ توانای لە کردنەوەی هەموو نهێنیەکان- نائومێدیان بکات. ئەم کەسانە بەزوویی بۆیان دەرکەوت کە جگە لە دیالیکتێکی هێگل، یان هەمان میتۆدی عامز کە ببووە جێگرەوەی ((لۆژیکی فۆرماڵی نەزۆك و بێ بەرهەم)) ناتوانین هیچ شتێك بەم ئاسانییە و لەهەمان کاتدا بەم ڕواڵەتە دژوار و سەیر و سەمەرەیە و بەم سەرکەوتنە خێراو دڵنیایەوە سەبارەت بەهەموو کێشەیەك لە هەر جۆریك بێ بەکار بێنین و ناتوانین سوود لە هیچ شتێك بەم هەرزانی و بەم کەرەستە و پەروەردە کەمە زانستییەوە، وەربگرین. سەرکەوتووی هێگل (بە وتەی شوپێنهاور{٣} کە وەسفی قۆناغی ئایدیالیزمی ئەڵمانی دەکرد) دەستپێکی ((چاخی چەوتی و تەزویر)) بوو و (بە وتەی هایدن[٧] کە وەسفی سەردەمی تۆتالیتاریزمی ئەمڕۆکەی کردووە) دەستپێکی ((چاخی نابەرپرسایەتی))- سەرەتا نابەرپرسایەتی هزری و عەقڵی و پاشان حەتمەن، نابەرپرسایەتی

2. Inertia
3. gravity
4. identity
5. Inert and gravitating mass

٦. J.F. Fries (١٧٥٠ـ١٨٤٣). فەیلەسووفی ئەڵمانی.

7. K. Heiden

ئەخلاقی- بەرەبەیانی رۆژگارێکی نویێ بوو کە ئێستا سێحری وشەی بەزایەڵە و هێزی زاراوە داخراوەکان، بەسەری دا زاڵ بووە.

بۆ ئەوەی لەسەرتاوە نەهێڵین خوێنەر زاراوەڕستنە پڕ دڵەڕاوکێ و گێژکەرەکانی هێگل هێندە بە جدی وەربگرێت، ئێستا بەشێك لە وردەکارییە سەرسوڕهێنەرەکانی دۆزینەوەکەی لەمەڕ دەنگەوە، بەتایبەتی پەیوەندی نێوان دەنگ و گەرمی، وەردەگرین. بۆ وەرگێرانی ئەم زمانە هەزارە زیلە (یا جوج و ماجوجە) لە کتێبی فەلسەفەی سروشتی[8] هێگڵ{٤} زۆر بەتوندی هەوڵم داوە بۆ ئەوەی زۆر بەباشی رەچاوی ئەمانەت بکەم. دەنووسێت: ((بەندی ٣٠٢. دەنگ گۆڕانە لە دۆخی تایبەتی لێك جیابوونەوەی بەشە مادییەکان و {گۆڕانە} لە نەفی کردنەوەی ئەم دۆخە- واتە تەنیا ئایدیالیەتێکی[9] ئەبستراکت یان ئایدیالی[10] ئەم تایبەتمەندییە. بەڵام لەم روویەوە، خودی ئەم گۆڕانە بە چەشنێکی بێ نیوبەند، نەفی کردنیجێگیری ماددی تایبەتیشە و کەواتە، ئایدیالیەتی واقعی تاودانی زەوی تایبەت و بەیەکەوەنووساوە- واتە گەرمی. گەرم کردنی تەنە دەنگدارەکانیش وەکو {گەرم کردنی} تەنە کواتراو یان سواوەکان، دەرکەوتنی گەرمیە کە لەڕووی مەفهومیەوە هاوڕێ لەگەڵ دەنگدا پێك دێت)). هەندێ کەس هەن کە تاکو ئێستاش بڕوایان بە راستگۆیی هێگڵ هەیە یان هەروا دوو دڵن کە رەنگە رەمزی کارەکەی بۆ قوڵی و دەوڵەمەندی هزرەکەی بگەڕێتەوە نەك پووچی و بێ ناوەڕۆکی. حەزم لێیە ئەو کەسانە دوایین رستەی ئەم پارچەیە بە وردی بخوێننەوە کە تاکە دەستەواژەیەکە کە بۆ لێتێگەیشتن دەشێت. لەم رستەیەدا هێگڵ رووی خۆی هەڵدەماڵێت، چونکە بەئاشکرا مانای دەستەواژەکە هیچ نییە جگە لەوە کە: ((گەرم کردنی تەنە دەنگدارەکان... گەرمییە... هاوڕێ لەگەڵ دەنگ)) ئەو پرسیارەی دێتە ئاراوە ئەوەیە ئایا هێگڵ لەژێر کاریگەری ئەو زاراوەسازی و داخراوگۆییەی کە دەیکات، چۆتە خەوێکی ساختەوە و خۆی هەڵخەڵەتاندووە یان زۆر بوێرانە هەوڵی هەڵخەڵەتاندن و سێحر خوێندن لەوانیتر دەدات. بۆ من هیچ جێگای گومان نییە کە بەشی دووەمیان راستە، بەتایبەتی بە وەبەرچاوگرتنی ئەوەی هێگل لە یەکێك لە نامەکانیدا نووسیویەتی. لەم نامەیەدا کە مێژووەکەی بۆ چەند ساڵ بەر لە بڵاوبوونەوەی کتێبی فەلسەفەی سروشت دەگەڕێتەوە، هێگڵ ئاماژە بە کتێبێکی تر کە ئەویش هەر بەناوی فەلسەفەی سروشتە

8. Hegel, philosophy of Nature
9. Ideality
10. Ideal



و دانراوی هاوڕێی کۆنی خۆی واتە شلینگە، بەناز و شانازییەوە (کە جگە لە پیاهەڵگوتن هیچی تر نییە) دەنووسێت: ((ئەم رۆژانە لەوە زیاتر ... بە ماتماتیك ... ئەژمێری جیاکاری (تفاچل) و کیمیا خەریك بوومە کە بە دەستی فرتوفێڵی فەلسەفەی سروشت یان ئەم جۆرە فەلسەفەکارە بێ ئاگایانە لە واقعیەت (فاکتەکان) هەڵبخەڵەتێم ... و فریوی ئەوە بخۆم یەکێك بیەوێت **خەیاڵپلاوە پەتی و تەنانەت گەمژاوییەکانیش وەکو هزر و مانا** جێگە بکاتەوە)). ئەم وتەیە وەسفێکی زۆر عادیلانەیە لە میتۆدی شلینگ، یاخود بەجۆرێکی تر، وەسفی هەمان شێوازی پیاهەڵگوتنی هەڵەشەیانەیە کە هێگڵ هەر کە زانی ((رەنگە)) ئەگەر بگاتە گوێی ئەوانە، سەرکەوتن بەدەست دێنێت، خۆی خواستی و تەنانەت خراپتریشی کرد.

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، دوور دێتە بەرچاو بەبێ پشت بەستن بە ئوتوریتەی دەوڵەتی پروسیا. هێگڵ توانیبای‌بە نفوزترین کەسایەتی فەلسەفەی ئەڵمان بێت. بەڵام وارێکەوت کە پاش جەنگەکانی ناپلیۆن و لە قۆناغی ((گەڕانەوەی)) فیۆدالیەت، ئەو یەکەمین کەس بوو کە لە پلەوپایەی فەیلەسووفی رەسمی قوتابخانەی پروسگەرایی دامەزرا. دواتریش دەوڵەت بەردەوام هەوڵی پارێزگاری کردن لە قوتابییەکانی دا (لەو سەردەمەشدا وەکو ئێستا، ئەڵمان تەنیا زانکۆی حکومی هەبوو) و ئەوانیش بە نۆرەی خۆیان پارێزگاریان لە یەکتر دەکرد. بەڵام سەرەڕای ئەوەی بەشی هەرە زۆریان دواتر بەڕەسمی دەستیان لە فەلسەفەی هێگڵ هەڵگرت، لەو سەردەمەوە تاکو ئێستا فەیلەسووفە هێگڵگەراکان بەردەوام وتنەوەی فەلسەفەییان لە چنگ دابووە و لەم رێگایەوە تەنانەت بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەسەر قوتابخانە ناوەندییەکانیشدا باڵا دەست بوونە. (لە زانکۆ ئەڵمانی زمانەکان، تەنیا زانکۆکانی نەمسای کاتۆلێك وەکو دوورگەی بەردەم لافاو، تاڕادەیەك بەدەست لێنەدراوی مانەوە). پاش ئەوەی فەلسەفەی هێگڵ لە ئەوروپا {جگە لە بەریتانیا} ئەم سەرکەوتنە مەزنەی بەدەست هێنا، لە بەریتانیاشدا لەنێو ئەو کەسانەدا کە هەستیان دەکرد بزاڤێك بەم بەهێزییە بێگومان دەبێ شتێکی لە هەگبە دابێت، بەناچاری هەندێ پشتیوانیان کۆکردەوە و هەر ئەم کەسانە کەوتنە گەڕان بەدوای دۆزینەوەی ئەوەی ئسترلینگ بە **رازی هێگڵ**[11] ناوزەدی دەکات. هەڵبەتە ئەوەی ئەوانی بۆ لای خۆی رادەکێشا ئایدیالگەرایی ((باشتر))ی هێگڵ و بانگەشەکەی بۆ هەبوونی ئەخلاقیاتی ((باشتر)) بوو، بەڵام هاوکات لەوەش دەترسان کە نەکا لەلایەن رەوەی موریدانی هێگڵ مۆری گەندەڵی

11. J.H. stirling, the secret of Hegel.

ئەخلاقیان پێوەبنرێت، چونکە تەنانەت هێگلیە بێ ئیدعاترەکانیش{٥} بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە بیروبۆچوونەکانیان ((هەندێ دەسکەوتی ئەوتۆن کە دەبێ ... لەبەرامبەر هێرش و پەلاماری ئەو هێزانەی کە جاویدانانە دوژمانیەتیان لەگەڵ بەها رۆحانی و ئەخلاقییەکان دا هەیە، بەردەوام بۆ وەدەست هێنانی سەر لە نوێیان هەوڵ بدرێت)). هەندێ لە کەسە بەڕاستی بەرجەستەکان (مەبەستم زیاتر مکتگرێتە) هەوڵێکی جوانیاندا بۆ بیرکردنەوەیەکی دروستکەر لەسەر بنەمای ئایدیالیزم بەڵام سەرەڕای ئەوە کە بیروبۆچوونیان زۆر بەرزتر بوو لە ئاستی هێگل، جگە لەوەی بوونە نیشانەی تیری رەخنەگری وەك خۆیان دیار و بەرجەستە، هیچیان پێ نەکرا. ئەوەی دەتوانین بیڵێن کە لە دەرەوەی ئەوروپا {جگە لە بەریتانیا} و بەتایبەتی لەم بیست ساڵەی دواییدا، هۆگری فەیلەسووفەکان بەرامبەر هێگل هێدی هێدی بەرەو نەمان چووە.

بەڵام ئەگەر وەهایە، بۆچی دەبێ سەبارەت بە هێگل دڵەڕاوکێمان هەبێت؟ پەرسڤەکە ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی هیچ کاتێك زانایانی {زانستە سروشتییەکان} هێگڵیان بەجدی وەرنەگرتووە و (جگە لە ((پەرەسەندنگەراکان))[(١٢)][{٦}]) بەشێکی زۆر لە فەیلەسووفەکان وردە وردە چیتر گرنگی پێ نادەن، نفوزی هێگل، بەتایبەتی کاریگەری زاراوەڕستنەکانی، هێشتاش لە فەلسەفەی ئەخلاقی و فەلسەفەی کۆمەڵگاو زانستە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان (جگە لە حاڵەتی ناوازەی ئابووری) زۆر بەهێزە. نەخاسمە فەیلەسووفەکانی مێژوو و سیاسەت و پەروەردەو فێرکردن هێشتا لە زۆر رووەوە لەژێر سەیتەرەی ئەودان. ئەو شتەی کە لەسیاسەتدا ئەمە زۆر بەتوندی دەردەخات ئەو راستییە کە باڵی چەپی توندڕۆی مارکسییتەکان و میانەڕۆ کۆنسێرڤاتیستەکان و فاشیستە راتگەرا توندڕۆکان، هەر هەموویان هێگل بە بناغەی فەلسەفی سیاسی خۆیان دادەنێن. لەجیاتی جەنگی نەتەوەکان {یان ئەتنەکان} کە لە گەلاڵەی مێژووگەرایانەی هێگلدا بە دیاردەکەوێت، باڵی چەپ بڕوای بە جنگی چینایەتی یە و باڵی راستگەرای توندڕۆش بڕوای بە جەنگی رەگەزەکانە. (میانڕۆ کۆنسێرڤانیستەکان سەبارەت بە قەرزاریان دەرهەق بە هێگل بەزۆری کەمتر ئاگادارن).

چۆن دەتوانین ئەم نفوزە مەزنە روون بکەینەوە؟ نیازی سەرەکی من بەرە لەوەی روون کردنەوە بێت، زیاتر ململانێیە لەگەڵ ئەم کاریگەری و نفوزە. بەڵام دەتوانم چەند رایەك وەکو

12. Evolutionists



روونکردنەوە بخەمەڕوو. فەیلەسووفەکان لەبەر هەندێ هۆی نادیار تەنانەت لەسەردەمی خۆشماندا هەمیشە فەزایەکی وەکو فەزای جادوگەری بە دەوری خۆیاندا دەکێشن. فەلسەفە بەشتێکی سەیر و تەمومژاوی لە قەڵەم دەدرێت و سەروکاری لەگەڵ ئەو نێهنیانەدا هەیە کە روانگەی دیانەتن، بەڵام بەشێوازێك نا کە بتوانرێ بۆ خەڵکی ئاسایی و ((مندالەکان)) کەشف بکرێت. فەلسەفە زۆر بە قوڵتر لەوە دەزانرێت کە بتوانرێت بەم جۆرە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێت، فەلسەفە، بە ئایین و خواناسی رۆشنبیران و بیرمەندان و دانایان لە قەڵەم دەدرێت. فەلسەفەی هێگل بە باشترین شێوە لەگەڵ ئەو راو بۆچوونانەدا دەگونجێت، رێك ئەو شتەیە کە ئەهلی ئەم جۆرە خورافاتە خەڵك پەسەندە، فەلسەفە بەم چەشنە مانا دەکەن. هێگلیانیزم هەموو شتێك لەمەڕ هەموو شتێکەوە دەزانێت. بۆ هەر پرسیارێك، وەڵامێکی ئامادەی هەیە. ئەوکات ئیدی کێ دەتوانێت بە یەقینەوە بزانێت کە ئەم وەڵامە راست نییە؟.

وەلێ هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنی هێگل ئەمە نییە. رەنگە بە هەڵسەنگاندنی پێگەی گشتیی مێژوویی، باشتر لە کاریگەری و نفوزی ئەو و پێویستی ململانێ لە تەکیا تێبگەین.

ئۆتوریتەگەرایی و مەرجەعیەتخوازی سەدەکان ناڤین لەگەڵ دەرکەوتنی رێنسانس وردە وردە بەرەو نەمان چوو. بەڵام لە ئەوروپادا {جگە لە بەریتانیا}، هاوتا سیاسیەکەی، واتە فیۆدالیزمی سەدەکانی ناڤین، هێشتا تا بەر لە شۆڕشی مەزنی فەرەنسا بەجۆرێکی جدی مەترسی لەسەر نەبوو (و بزاڤی چاکسازی ئایینی یان ریفۆڕم تەنانەت ببووە هۆی تۆکمە کردنی). لەگەڵ ئەو هزرەی کە لە ساڵی ١٧٨٩ دا سەری هەڵدا، تازە جەنگی داخوازی کۆمەڵگای کراوە سەر لەنوێ دەستی پێکردەوە، هێندەی پێنەچوو کە حکومەتە پاشاییە فیۆدالیەکان، بە ئەزموون لە مەزنی ئەم مەترسییە تێگەیشتن. لە کاتێکدا کە لە ساڵی ١٨١٥ تاقمی کۆنەپەرست سەر لەنوێ لە پروسیا جڵەوی دەسەڵاتیان گرتە دەست، هەستیان بە پێویستییەکی حەتمی بە ئایدۆلۆژیایەك کرد. هێگل هەر بۆ چارەسەرکردنی ئەم پێداویستییە دامەزرێنرا[(١٣)] و بە ژیاندنەوەی هزری یەکەمین دوژمنە گەورەکانی کۆمەڵگای کراوە، واتە هێراکلیتۆس و ئەفلاتون و ئەرستۆ، قوڵی هەڵماڵی بۆ دابین کردنی ئەم پێداویستییە. هەروەك چۆن دامەزراندنی شۆڕشی مەزنی فەرەنسا هزری جاویدانی نەوەی مەزنی {یۆنان} و ئایینی

١٣. زۆر پێدەچێت مەبەست دامەزراندنی هیگڵ بێت لەساڵی ١٨١٨ وەك مامۆستای فەلسەفە لە زانکۆی بەرلین کە لە رەوشێکی زۆر دۆستانە و نزیك دابوو لەگەڵ حکوومەتی پروسیا.

مەسیح، واتە ئازادی و یەکسانی و برایەتی مرۆڤەکانیان، سەر لەنوێ کەشف کرد، هێگلیش سەر لە نوێ بیروبۆچوونی ئەفلاتونی کەشف کرد کە پشتیوانی راپەڕینی هەمیشەییە لەبەرامبەر عەقڵ و ئازادیدا. فەلسەفەی هێگل وەکو سەرلەنوێ لەدایك بوونەوەی خێڵ پەرستییە. دەتوانین گرنگی مێژوویی هێگل لەم واقعیەتەدا ببینین کە ئەو هەروەك دەڵێن ((بازنەی ونی)) نێوان ئەفلاتون و شێوازی نوێی تۆتالیتاریزمە. لایەنگرانی ئەمڕۆی تۆتالیتاریزم زۆربەی کات ئاگایان لەوە نییە کە بیروبۆچوونەکانیان بۆ دەگەڕێتەوە بۆ ئەفلاتون، بەڵام بەشی هەرە زۆریان ئاگاداری ئەو قەرزەن کە دەرهەق بە هێگل هەیانە و هەر هەموویان لەنێو فەزای داخراوی فەلسەفەی هێگڵدا راهاتوون و فێربوونە دەوڵەت و مێژوو و نەتەوە بپەرستن. (بۆچوونی من لەسەر هێگڵ هەڵبەتە لەسەر ئەم گریمانەیە دامەزراوە کە ئەویش رێنماییەکانی ئەفلاتونی هەر بەم جۆرە کەمن لەم کتێبەدا راڤەم کردووە، شرۆڤە دەکات، واتە وەکو ئەمڕۆ دەڵێن، ئەم رێنماییانە بە خودان خەسڵەتی تۆتالیتێرانە لە قەڵەم دەدات. لە ڕاستیشدا دەتوانین لەسەر بنەمای رەخنەکانی هێگڵ لە ئەفلاتون لە کتێبی فەلسەفەی ماف[١٤]، ئەوە پیشان بدەین کە راڤەکەی لەگەڵ هی ئێمەدا هاوجووتە[{٧}]).

بۆ ئەوەی خوێنەران راستەوخۆ ئاوڕێکی کورت لە دەوڵەت پەرستی ئەفلاتونگەرایانەی هێگڵ بدەنەوە، بەر لەوەی دەست بکەم بە شیکردنەوەی فەلسەفە مێژووگەراکەی، چەند پارچە لە نووسینەکانی وەردەگرم کە دەریدەخات بیروباوەڕی توند و رەگ ئاژۆی هێگل بە کۆگەرایی، رێك بەهەمان ڕادەی پەیوەست بوون بە فردریك ویلهلمی سێیەمی پاشای پروسیا لە سەردەمی قەیراناوی شۆڕشی فەڕەنسا و دواتردا، پەیوەست بوو بە ئەفلاتونەوە. پرنسیپی باوەڕیی هەر هەموویان ئەوەیە کە دەوڵەت واتە هەموو شتێك و تاك واتە هیچ، چونکە تاك هەرچییەکی هەیەتی، بەبوونی جەستەیی و رۆحانییەوە، بۆ هەمووی قەرزداری دەوڵەتە. ئەمەیە پەیامی ئەفلاتون و قوتابخانەی پروسگەرایی فردریك ویلهلم و هێگل. بە پێی نووسینی هێگل[{٨}]: ((دەبێ گشتییەت[١٥] لە دەوڵەتدا بدۆزینەوە. دەوڵەت، ئایدیایەکی[١٦] یەزدانییە بەم چەشنەی

١٤. ناوی تەواوی ئەم کتێبە بە ئەڵمانی بەم جۆرەیە:
Grundlinien der philosophie des Rechts.
پۆپەر بە philosophy of law واتە فەلسەفەی یاسا وەریگێڕاوە!

15. the universal.



کە لەسەر زەوی بوونی هەیە ... کەواتە، دەبێ دەڵەت وەکو دەرکەوتنی یەزدانییەت لەسەر زەوی بپەرستین و ئاگاداربین کە ئەگەر تێگەیشتن لە سروشت دژوارە، ئەوا پەی بردن بە ماهییەتی دەوڵەت لەڕادەبەدەر دژوارترە ... دەوڵەت ویستی خوایە لە سەرانسەری جیهاندا ... دەبێ وەکو بوونەوەرێکی ئۆرگانێك لە دەوڵەت تێبگەین ... هۆشیاری و هزر لە خودی خۆیدا سەر بە دەوڵەتی تەواوە. دەوڵەت دەزانێ ویستی چییە ... دەوڵەت شتێکی واقعیە[١٧] و ... واقعیەتی راستەقینە[١٨]، خاوەن زەروورەتە. ئەوەی واقعیە بە چەشنێکی جاویدانانە زەروورییە[١٩]... دەوڵەت ... لە پێناو خۆیدا بوونی هەیە ... دەوڵەت هەمان ژیانی ئەخلاقییە کە بە کردەوە بوونی هەیە و وەڕاست گەڕاوە))[٢٠] ئەم بیروبۆچوونانە هەڵبژاردەیەکی کافییە کە

١٦. Idea. ئەم وشەیە لە فەلسەفەدا مانای جۆراجۆری هەیە کە لێرەدا ناتوانین بچینە ناو لایەنە وردەکانییەوە و تەنیا ئەوەندە دەخەینە بەر دیدی خوێنەر کە پەیوەندی بە بابەتی ئێستاوە هەیە. لەمەڕ ئەفلاتوون بە پەیڕەوی کردن لە حەکیمە ئیسلامییەکان بە "مپال" وەرگێڕدراوە. "ئایدیای" ئەفلاتوونی بوونی سەربەخۆیی هەیە. بەڕای ئەرستۆ، idea لە هەستپێکراوەکاندا وەك هەبوو دەردەکەوێ و زۆرتر هەمان ئەو شتەیە کە ئێمە بە مەفهووم یان وێنا ناوزەدی دەکەین. لای کانت کە مەرحوم فرووغی لەم بارەیەوە بە "صورت معقول" وەریگێڕاوە، ئەو سێ وێنایە کە عەقڵ بەبێ دەستێوەردانی هەست و ئەزموونەوە بەدەستی دێنێت بۆ ئەوەی دەرکەوتە و دیاردەکانی پێ شرۆڤە بکات: یەکیان وێنای دەروونناسانە یان "گیان ـ نفس"، دووەمیان وێنای گەردوونناسانە یان "جیهان"و سێیەمیان وێنای خواناسانە یان "خوا". کانت ئەو سێ وێنایە بە وێنا یان صور معقول ـ ی پێشوو یان بەرزێتی عەقلّی پەتی ناوزەد دەکات. Ideaی جێگەی مەبەستی هێگل سەرەڕای هەندێ پێکچوونی بە ((وێنای)) ئەرستۆ، هەر لەسەر بنەمای ئەم مانایە دامەزراوە کە کانت لەهزری دابوو و لەبەرئەوەی ئەمە خۆی لەژێر کاریگەری "ئایدیای" ئەفلاتوونی دایە و بەشێکە لێی ـواتە پرەنسیپی "یەکیەتی" یان "چاکە" کە چاوگی "ئایدیاکانی"ترە هەربۆیە دەتوانین سەرچاوەی "ئایدیا"ی هێگلیش لەهەندێ لایەنەوە بۆ "ئایدیا"ی ئەفلاتوونی بگێڕینەوە...
مەبەست لە "ئایدیا" لەلای هیگڵ، یەکیەتی یان "سێنتێز"ی سۆژە و ئۆبژە (یان خود و بابەتی) کە لەهەمان کاتدا ئەم یەکیەتییە جیاوازی هەر دوولاش دەپارێزێت. هەروەها "ئایدیا" دوا ئامانجی ناوەکی و سروشتی هەموو شت و دۆخەکانە و سێ قۆناغە: ژیان و ناسین و ئایدیای رەها...

17. Real
18. reality
19. necessary
20. realized

پەیڕەویی هێگل لە فەلسەفەی ئەفلاتون و سووربوون لەسەر ئوتوریتەی ئەخلاقی ڕەهای دەوڵەت کە پووچەڵ کەرەوەی هەموو جۆرە ئەخلاقیات و ویژدانێکی تاکەکەسییە، دەردەخات. هەڵبەتە ئەوەی لەگەڵیدا بەرەو ڕووین، جۆرە ڕێبازێکی ئەفلاتونی پڕ دڵەڕاوکێ و هیستریکە، بەڵام ئەمە خۆی باشتر دەریدەخات کە {هێگلیانیزم} بازنەیەکە فەلسەفەی ئەفلاتونی بە تۆتالیتاریزمی نوێ دەبەستێتەوە.

دەتوانین بپرسین ئایا هیگڵ بەم خزمەتانە و بەو کاریگەرییەی کە لەسەر مێژووی داناوە، بلیمەتی خۆی نەسەلماندووە؟ پێم وانییە ئەم پرسیارە هێندە گرنگی هەبێت، چونکە ئەو هەمووە لە چوارچێوەی ((بلیمەتی))دا بیرکردنەوە، خۆی بەشێکە لە ڕوانگەی ڕۆمانتیکی ئێمە و جگە لەمە، بڕوام وانییە کە سەرکەوتن، لە بنەڕەتدا هیچ شتێك دەسەلمێنێت یان مێژوو حوکمان بەسەردا دەدات{٩}. ئەم جۆرە بیروباوەڕە زیاتر بەشێکن لە فەلسەفەی هێگل. بەڵام لە هەمبەر هێگلەوە، من تەنانەت بە خاوەن توانای نووسینیشی نازانم. هێگڵ نووسەرێکە شتەکانی هەرس ناکرێت. هەروەکو تەنانەت گەرموگوڕترین لایەنگر و بەرگریکارەکانیشی دانی پێدادەنێن{١٠}، شێوازی نووسینی ((بێ هیچ دڵەڕاوکێیەك مایەی شەرمەزارییە)) و لەڕووی ناوەڕۆکی نووسینەکانیشەوە، تەنیا لە یەك شتدا لە هەموویان باشترە و ئەویش نەبوونی دیار و بەرچاوی ڕەسەنایەتی و داهێنانە. هیچ شتێك لە نووسینەکانی هێگڵدا نییە کە پێشتر لەو باشتر نەگوترابێت. لە میتۆدەکەیدا کە بە دەوری تەوەری پاساو هێنانەوە و بەرگری کردندا دەخولێتەوە، هیچ شتێك دەست ناکەوێ کە لە پێشینیە پاساو هێنەرەکانیەوە نەیخواستبێت{١١}. ئەم بیروبۆچوون و میتۆدە خوازراوانەی بەو پەڕی ورە بەڵام بەبێ بچووکترین نیشانەیەك لە تروسکایی فیکری، تەنیا خستە خزمەت یەك ئامانج و ئەویش شەڕ لەگەڵ کۆمەڵگای کراوەو خزمەتکردنی ئاغاکەی خۆی واتە فردریك ویلهلمی پاشای پروسیا. هێگل عەقڵی خەوشدار و پووچ کرد. ئەمە لە هەندێ لایەنەوە ئامرازی پێویستی گەیشتن بەو ئامانجانە بوو کە لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کردو لە هەندێ لایەنی دیکەشەوە، دەرکەوتێکی ڕێکەوت بەڵام زۆر سروشتی بارودۆخی ڕۆحی خۆی بوو. چیرۆکی هێگل ئەگەر لە ڕووی دەرەنجامە شوومەکانی نەبێت کە دەریدەخات بە چ ئاسانییەك لەوانەیە کۆسەیەك {گاڵتە جارێك} پلەو پایەی ((مێژووساز)) داگیر بکات، ئەوا هەر لە بنەڕەتدا نرخی ئەوەی نەبوو بیگێڕینەوە. کۆمیدیا-تراژیدیای سەرهەڵدانی ((ئایدیالیزمی ئەڵمان)) سەرەڕای هەموو ئەو تاوانە ترسناکانەی کە لێی کەوتۆتەوە، زیاتر لە هەموو شتێ بە ئۆپێراکۆیکێکە و هەر ئەم



قۆناغە سەرەتاییانەی ڕەنگە ئەوە ڕوون بکاتەوە کە بۆچی مرۆڤ ناتوانێت ئەوە دەستنیشان بکات کە ئایا دواین و نوێترین قارەمانەکانی لەسەر سەکۆی ئۆپێراگران و ژێرمانیکەکانی واگنێر ڕایان کردووە یان لەبەرهەمە سووك و گاڵتەجارییەکانی ئۆفن باخ(٢١).

بانگەشەی من هیچ نوێ نییە کە فەلسەفەی هێگل لە هەندێ مەبەستی پەنهان، واتە هۆگری بۆ گەڕاندنەوەی حکومەتی پروسیایی فردریك ویلهلمی سێیەم سەرچاوە دەگرێ و هەر بۆیە ناتوانین بە جدی وەربگرین. هەموو ئەو کەسانە کە ئاشنایەتیان لەگەڵ پێگەی سیاسی ڕۆژ هەبوو، بە باشی ئەم چیرۆکەیان دەزانی و ژمارەیەکیش کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن و بۆ لە قاودان خودان سەربەخۆیی هزری بوون، بە ئاشکرا دەیانگێڕایەوە. باشترین گواهیدەر، شوپێنهاوەرە کە خۆی بە ئایدیالیستێکی ئەفلاتونی لە قەڵەم دەدرا و ئەگەر نەڵێین کۆنەپەرست، لانی کەم کۆنسێرڤاتیست بوو{١٢} و لە هەمان کاتدا ڕاستی و دروستی گەیاندبووە بەرزترین پلە و حەقیقەتی لە هەموو شتێ زیاتر خۆشدەویست بێ دڕدۆنگی، سەلاحیەتی شوپێنهاوەر بۆ قەزاوەت لەسەر بابەتە فەلسەفییەکان لەو سەردەمەدا لە هیچ کەسێك کەمتر نەبوو. هەر ئەم شوپێنهاوەرە کە شانسی ئەوەی هەبوو چێژ لە ئاشنایی تاکەکەسی لەگەڵ هێگڵ وەرگرێت و پێشنیاری دەکرد{١٣} کە لە جیاتی دروشمی فەلسەفەی هێگڵ ئەم وشانەی شکسپیر دابنرێت: ((ئەو وڕێنانەی کە شێتەکان، بێ بیرلێکردنەوە دەهێننە سەر زاریان))، ئەم وێنە شایستەیەی بۆ مامۆستاکەی کێشاوەتەوە: ((هێگل کە لەسەرەوەو بە دەستی سەرچاوەکانی دەسەلات لەسەر کورسی <u>**فەیلەسووفی گەواهی بۆ دراوی مەزن**</u> دانرابوو، ساختەچییەك بوو، گەمژە و گەوج و هیچ لە بارانە بوو و قێزەون و نەخوێندەوار کە لە ڕێگای ڕستن و هەڵڕشتنی گەمژانەترین درۆ و دەلەسەی گێژکەر، هەڵەشەیی گەیاند، چڵەپۆپەی خۆی. پەیڕەوکارە بەکرێگیراوەکانی بەهاتوهاوارەوە ئەم درۆ و دەلەسانەیان وەکو حیکمەتی نەمر ڕاگەیاند و گەوجەکان هەر هەموویان بە ئاسانی قبوڵیان کرد و بەم چەشنە لە پیاهەڵگوتندا گروپێکی ئەوتۆیان دروست کرد کە پێشتر هەرگیز هاوچەشنی ئەمە نەبیسترابوو. لە ڕێگای ئەو گۆڕەپانەی کە دەمڕاستی کاروبارەکان بۆ نفوزی ڕۆحی، خستویانەتە بەردەست هێگلەوە، توانیویەتی بەسەرکەوتوویەوە نەوەیەك تووشی گەندەڵی هزری بکات)). لە شوێنێگی تردا،

٢١. Jacques Offenbach (١٨١٩ـ١٨٩٠). موسیقاژەنی فەرەنسی بەرەچەڵەك ئەڵمانی. دانەری گەلێ ئۆپێرای بەناوبانگە.

شوپێنهاوەر گەمەی سیاسی هێگلیانیزم بەم جۆرە وەسف دەكات: ((فەلسەفە كە بەهۆی كانتەوە سەر لەنوێ ئابڕوی وەدەست هێنابوو ... دەبووایە بەزوویی ببێتە ئامرازی دابین كردنی بەرژەوەندی - لەسەرەوە، بەرژەوەندی دەوڵەت و لە خوارەوە بەرژەوەندی تاكەكەسی ... سەرەڕای ئەم قیافە و وتە سەنگین و جدییانە، هێزی بزوێنەری ئەم بزوتنەوەیە، هێزێكی مەعنەوی و ئایدیالی نییە، مەبەستێكی زۆر واقعیە، واتە بەرژەوەندی تاكە كەسی و رەسمی و ئایینی و سیاسی و بەكورتی، ماددی ... بەرژەوەندی تاقمی، قەڵەمی ژمارەیەكی زۆر لە عاشقانی راستگۆی حیكمەتی بە توندی وەجوڵە خستووە ... بێگومان دوایین شت كە ئەم جەماعەتە بیری لێ دەكەنەوە حەقیقەتە ... كەڵكی خراپ لە فەلسەفە وەردەگیرێت- لەلایەن دەوڵەتەوە بۆتە ئامرازی دەست و لەلایەكی ترەوە، بۆتە هۆكاری سوودخوازی ... ئایا دەتوانین بەڕاستی بڕوا بەوە بكەین كە حەقیقەت وەكو بەرهەمێكی لاوەكی لەم رێگایەوە ئاشكرا بێت؟ حكومەتەكان فەلسەفە دەكەنە ئامرازی خزمەتكردن بە بەرژەوەندییەكانی خۆیان و توێژەرانیش دەیكەنە كارو كاسبی...)) بۆچوونی شوپێنهاوەر سەبارەت بە پلەو پایەی هێگل وەكو كاربەدەستی مووچەخۆری حكومەتی پروسیا، لەلایەن یەكێك لە موریدە ستایشكارەكانی هێگلەوە بەناوی شوێگلێر[٢٢][١٤] پەسەند دەكرێت و ئەمە تەنیا نموونەیەكە. شوێگلێر لەمەڕ هێگلەوە دەڵێت: ((رەنگە ناوبانگ و چالاكی تەواوی لە ساڵی ١٨١٨ واتە لەكاتێ بانگهێشت كردنی بۆ بەرلین دەست پێ بكات. لێرەدا قوتابخانەیەكی زۆر بەرین و ... خاوەن موریدی زۆر و لەڕادەبەدەر چالاك لەدەوری كۆبوونەوە و هەر لەوێشدا بەهۆی نزیكایەتی لەگەڵ سیستەمی دیوانی پروسیا، خۆی نفوزی سیاسی بەدەست هێنا و سیستەمە فەلسەفییەكەی وەكو فەلسەفەی رەسمی{دەوڵەت} راگەیەنرا كە هەڵبەتە هەمیشە ئەمە بەقازانجی ئازادی ناوەكی فەلسەفەكەی یان بەها مەعنەوی و ئەخلاقییەكەی نەبوو)). شتێكی ئاساییە كە ئستەرلینگ كە بە بەرهەمەكانی شوێگلێردا چۆتەوەو یەكەمین پێشەنگی ئینگلیزی هێگلیانیزمە[١٥]، لە بەرامبەر شوێگلێردا بەرگری لە هێگل بكات و هۆشدار بە خوێنەران بدات كە ((ئەم ئاماژە بچووكەی شوێگلێر ... بۆ فەلسەفەی هێگل وەكو فەلسەفەی دەوڵەتی)) هێندە بە مانای حەقیقەتەكەی وەرنەگرن. بەڵام چەند لاپەڕە دواتر، ئستەرلینگ بەهەڵە ئەو راستیانە پەسەند دەكات كە شوێگلێر دەربڕیبوون و دان بەڕاستی ئەم بۆچوونەدا دەنێت كە هێگل ئاگای لە ئەركی فەلسەفەی خۆی هەبووە لە سیاسەتبازیی كوتلەیی و پاسا و هێنانەوەدا. (ئەم بەڵگانەی

22. F.C.A. Schwegler



كە ئستەرلینگ هێناویەتەوە[١٦] دەریدەخات كەشیكردنەوەی هێگل سەبارەت بە ئەركی فەلسەفەكەی تاڕادەیەك بە خەمساردی و گوێنەدان بە پرنسیپەكان بووە). دیسان هەندێ دواتر، كاتێك ئستەرلینگ لە درێژەی وتەكانی دا بە ئاماژەكردن بۆ هێرشی بروسكە ئاسای پروسیا بۆ سەر نەمسا لە ساڵی ١٨٦٦، واتە ساڵێك بەر لە نووسینی ئەم دێرانە، خۆی بەم دەربڕینە كەشفیە شاعیرانە و پێغەمبەرانەی خوارەوە خەریك دەكات و بێ ئەوەی ئاگاداربێت بەم جۆرە ((رازی هێگل)) ئاشكرا دەكات[١٧]: ((ئایا پروسیا لەم ژیان و رێكخستنە بە دەسەڵات و مەزنەدا كە ئێستا بەخێرای لە هەوڵی گەشەپێدانی دایە، قەرزداری هێگل و بەتایبەتی فەلسەفەی ئەخلاق و سیاسەتەكەی نییە؟ ئایا هەر ئەم هێگڵە توندوتیژ و سازشنەكەرە تەوەری ئەم رێكخستنە نییە كە بە مێشكێكی نادیار و هەڵگری بیروڕای رێك و پێك، دەستی بە توانای خۆی وەكو بروسكە دێنێتەخوار كە هێزی لە جەماوەر وەرگرتووە؟ خەڵكانێكی زۆر نرخی ئەم رێكخستنە باشتر هەست پێدەكەن ئەگەر ئەوە بێننە بەرچاوی خۆیان كە لە بەریتانیا كە سیستەمی دەستووری فەرمانڕەوایە، خاوەن پشك (اسهم) و ئەوراقی قەزر بەهۆی گەندەڵی ئەخلاقی باڵا دەستی سەر بازرگانی، لە مەینەتی و هەژاریدا ژیان بەسەر دەبەن، ئەوە لەكاتێك دایە كە خاوەنە ئاساییەكانی پشكی (سهام) رێگای ئاسنی پروسیا دەتوانن بە شێوەیەكی نیونجی پشت بە لەسەدا ٨٫٣٣ سوودی دڵنیا ببەستن. دواجار هەرچییەك بێت ئەمە بێگومان شتێك لەمەڕ هێگلەوە پێشان دەدات!)).

ئستەرالینگ پاشان لە درێژەیی ئەم پیاهەڵگوتنەدا دەڵێت: ((پێم وایە ئێستا بنەمای شكڵ بەندی گشتی هێگل بۆ هەموو خوێنەران روون و ئاشكرایە. من خۆم گەلێ سوودم لە هێگل وەرگرتووە...)) منیش هیوادارم كە ئێستا شكل بەندی گشتی هێگل ئاشكرا بێت و ئەو قازانجەی كە ئستەرالینگ وەریگرتبوو، لەدەست زیانی گەندەڵی ئەخلاقی باڵادەستی سەر بازرگانی بەریتانیای ناهێگلی و خودان حكومەتی دەستووری پارێزراو بێت.

(ئایا دەتوانین لەم پانتاییەدا خۆ لە ئاماژەكردن بەو راستییە ببوێرین كە فەیلەسووفە ماركسیتەكان ئەگەرچی هەمیشە بۆ بیرخستنەوەی ئەم خاڵە ئامادەن كە تیۆری نەیارەكەیان لە ژێر كاریگەری بەرژەوەندییە چینایەتییەكانی دایە، بەهیچ جۆرێك خوویان بەوەنەگرتووە كە هەرگیز ئەم شێوازە لە هەمبەر هێگلەوە بەكاربێنن؟ لەجیاتی هێگل وەكو بەرگریكار و پاساوهێنەری حكومەتی رەهای پروسیا، حەسرەت دەخۆن[١٨] كە بەرهەمی داهێنەری

دیالێکتیك، بەتایبەتی نووسینەکانی لەسەر لۆژیك، لەمە زیاتر لە بەریتانیا خوێنەری نییە، بە پێچەوانەی روسیا کە لەوێ لایەنە باشەکانی فەلسەفەی هێگل بەگشتی و نرخ و بەهای لۆژیکەکەی، بەرەسمی ناسراوە).

بگەڕێینەوە سەر پرسی پاڵنەرەکانی هێگل. پێم وایە بەڵگەی تەنانەت لەڕادەبەدەر تەواو بۆ راستی ئەم رایە لەبەردەست دایە کە فەلسەفەکەی کەوتۆتە ژێر کاریگەری بەرژەوەندی حکومەتی پروسیا کە هێگلی کردبووە مووچەخۆری خۆی. هەڵبەتە لەژێر حکومەتی رەهای فردریك ویلهلمی سێیەم، ئەم کاریگەرییە زۆر شتی زیاتر لەوەی لەخۆ دەگرێت کە شوپێنهاوەر و شۆلگێر بتوانن، چونکە تازە لەم دەیانەی دواییدا هەندێ بەڵگەنامە بڵاوکراونەتەوە کە دەریدەخات ئەم پاشایە چەند راشکاو و بەردەوام پێی لەسەر پێویستی پاشکۆیی هەموو جۆرە مەعریفە و توێژینەوەیەك بۆ بەرژەوەندی دەوڵەت دادەگرێت. لەبەرنامەی پەروەردەی ئەم پاشایەدا هاتووە{١٩}: ((ئەو زانستە ئەبستراکتانەی کە تەنیا پەیوەندییان بە دونیای زانکۆوە هەیە و تەنیا بۆ رۆشن کردنەوەی هزری ئەم گروپە دەشێن، هەڵبەتە لەڕووی بەختەوەری دەوڵەتەوە بێ بایەخن، تەنگ پێ هەڵچنینێکی تەواو بەم زانستنە، نەزانینە بەڵام سنووردارکردنی لە چوارچێوەیەکی راست و گونجاودا، کارێکی بەسوود و ساخلەمە)). بانگهێشت کردنی هێگل بۆ بەرلین لە ساڵی ١٨١٨، لە لوتکەی کۆنەپەرستیدا ئەنجامدرا، واتە لە قۆناغێکدا کە پاشا حکومەتەکەی خۆی لە ریفۆرمیست و کەسە نەتەوەیی و ئازادیخوازەکان پاك دەکردەوە، کە ئەو هەمووە یارمەتیاندا بوو بۆ سەرکەوتن لە ((جەنگی ئازادیخوازانە))[٢٣]دا. بە وەبەرچاوگرتنی ئەم راستییە، دەتوانین ئەو پرسیارە بکەین کە ئایا دامەزراندنی هێگڵ جموجۆڵێك نەبوو بۆ ((سنووردارکردنی فەلسەفە لە چوارچێوەیەکی راست و گونجاودا)) بۆ ئەوەی فەلسەفە بتوانێ بە ساخلەمی بمێنێتەوە و خزمەت بە ((بەختەوەری دەوڵەت))، واتە بەختەوەری فردریك ویلهلم و حکومەتە رەهاکەی بکات؟ هەر ئەم پرسیارە دیسان لەکاتی خوێندنەوەی ئەو شتەی یەکێك لە ستایشگەرە گەورەکانی هێگل بەم چەشنە لەسەری نووسیوە، بە هزرماندا دێت{٢٠}: ((ئەو بەردەوام لە کاتێکدا کە دیکتاتۆری پەسەندکراوی یەکێك لە بەنفوزترین قوتابخانە فەلسەفیەکان بوو لە مێژووی هزردا، تا کاتی مردنی لە ساڵی ١٨٣١ لە بەرلین مایەوە)). پێم وایە باشتر وابوو لە جیاتی ((هزر)) ((بێ

23. War of liberation



هزر))مان دانابووایە، چونکە تێناگەم دیکتاتۆرێك، تەنانەت دیکتاتۆری فەلسەفەش، لە بنەڕتدا چ پەیوەندییەکی بە مێژووی هزرەوە هەیە. بەڵام بەبێ وەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵە، ئەم پارچەی سەرەوە کە زۆر روون و ئاشکرایە، مخابن بە تەواوی راستە، بۆ نموونە هەر ئەم قوتابخانە بە دەسەڵاتە، بەتەقەلایەکی هەماهەنگ و بە یارمەتی پیلانی بێ دەنگی، تەنانەت سەرکەوتوو بوو لەوەی بۆ ماوەی چل ساڵ واقعیەتی بوونی شۆپێنهاوەر لە دونیا بشارێتەوە). کەواتە بۆمان دەردەکەوێت کە رەنگە هێگل بەڕاستی دەسەڵاتی ((سنووردارکردنی فەلسەفە لە چوارچێوەیەکی راست و گونجاو))ی هەبوو بێت و ئەو پرسیارەی هێنامانە بەرباس بەتەواوی لە جێگای خۆی دایە.

لە ئێستا بەدواوە هەوڵ دەدەم دەریبخەم کە دەتوانین هەموو فەلسەفەی هێگل بە وەڵامێکی بێ ئەملاوئەولا- هەڵبەتە پۆزەتیڤ-ی ئەم پرسیارە لە قەڵەم بدەین. هەروەها هەوڵ دەدەم ئەوە ئاشکرا بکەم کە ئەم چەشنە راڤەیە- واتە راڤەی هێگلیانیزم بۆ پاساو هێنانەوەو بەرگری کردن لە پروسگەرایی- چەندە ئەم فەلسەفەیە روون دەکاتەوە. شیکردنەوەکەم بە سەر سێ بەشدا دابەش دەبێت و لە بڕگەکانی ٢و ٣و ٤ ی ئەم بەشەدا دەخرێتە بەر دیدی خوێنەران. لە بڕگەی ٢ هەوڵی تاوتوێ کردنی مێژووگەرایی هێگڵ و پەیڕەوەی کردنی لە پۆزەتیڤیزم لە هەمبەر ئەخلاق دەدات هەروەها لەگەڵ زەمینەی تیۆری تاڕادەیەك غامزی ئەم رێنماییە، واتە میتۆدی دیالیکتێك و ئەوەی بە ((فەلسەفەی شووناس {ئەمئەوەکی}[٢٤]))ی هێگل بەناوبانگە. بڕگەی ٣ تایبەتە بە سەرهەڵدانی ناسیونالیزم {نەتەوەگەرایی}. لە بڕگەی ٤ چەند وشەیەك باس دەکەین لەسەر پەیوەندی هێگل بە بیرکەوە و سەرەنجام لە بڕگەی ٥ دا توێژینەوە لەسەر پەیوەندی تۆتالیتاریزمی نوێ بە دۆکترینەکانی هێگلەوە، ئەنجام دەدەین.

## ٢

شیکردنەوەی فەلسەفەی هێگل بە بەراوردکردنێکی گشتی نێوان رێچکەی مێژووگەرایی هێگل و ئەفلاتون دەست پێدەکەم. ئەفلاتون لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە ئایدیا یان ماهییەتەکان، لە پێشەوەی شتە رەوانەکان (سیلان)دا بوونیان هەیە و دەتوانین رەوتی هەموو گۆڕانکارییەکان وەکو جوڵەی دووربوونەوە لە تەواویی ئایدیا و هەر بۆیە بە جوڵەیەکی رووەو

٢٤. philosophy of identity یان بە هەندێ دەستکارییەوە "فەلسەفەی یەکیەتی"

خوار و بەرەو دارِمان لە قەڵەم بدەین. بەبڕوای ئەو، بەتایبەتی مێژووی دەوڵەتەکان مێژووی گەندەڵی و دارِمانە و ئەم دارِووخانە دواجار لە دارِمانی رەگەزی چینی دەسەڵاتدارەوە سەرچاوە دەگرێت. (پێویستە ئەوە بێنینەوە بیری خۆمان کە لای ئەفلاتون لە نێوان چەمکی ((رەگەز)) و ((گیان)) و ((سروشت)) و ((ماهییەت))دا پەیوەندییەکی نزیك بوونی هەیە[٢١]). هێگل هەروەکو ئەرستۆ، پێیوایە کە ئایدیا یان ماهییەت لە شتە رەوانەکان دایە، یاخود بەجۆرێکی تر، (هەڵبەتە تا ئەو جێگایە کە بتوانین بە وردی توێژینەوە لەسەر هێگل بکەین)، لەگەڵ شتە رەوانەکاندا هاوتایە و لەگەڵیاندا پەیوەندییەکی شووناسی هەیە. بە وتەی ئەو[٢٢]: ((هەموو شتێك بە کردەوە، ئایدیایەکە)). بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە ئەو درزەی کە بەدەستی ئەفلاتون لە نێوان ماهییەتی شت و دەرکەوتە یان رووالەتی هەستپێکراودا دروست کرابوو، ئێستا نەماوە، چونکە سەیر دەکەین هێگل دەنووسێت: ((هەموو یادێك لە ماهییەت، پێویستی بە جیاکردنەوە هەیە لە بوونی(٢٥) {شت}ـەکە... هەموو شتێك، هەروەك وتمان، ماهییەتێکی هەیە، بەجۆرێکی تر، شتەکان ئەوە نین کە یەکراست دێنە بەرچاو)). سەرەڕای ئەمە، هێگلیش وەکو ئەفلاتون و ئەرستۆ، ماهییەت، یان لانی کەم ماهییەتی بوونەوەرە ئۆرگانیکەکان و لەوێشەوە، ماهییەتی دەوڵەتەکان وەکو ((گیان))(٢٦) یان ((رۆح))(٢٧) یان وێنا دەکات.

بەڵام، بە پێچەوانەی ئەفلاتون، هێگل ناڵێت رەوتی گۆڕانکارییە رەوانەکان، رەوتێکی رووە و خوارە کە لە ئایدیا دوور دەکەوێتەوە و بەرەو دارِمان دەچێت. ئەویش وەکو سپیۆسپیۆس و ئەرستۆ، رێنمایی دەکات کە رەوتی گشتی، بەرەو ئایدیایە و خولقێنەری پێشکەوتنە. هێگل لەگەڵ ئەفلاتوندا هاوڕایە و دەڵێت[٢٣]: ((شتی فانی بنچینەکەی لە ماهییەت دایە و لەوەوەسەرچاوە دەگرێت))، بەڵام بە پێچەوانەی ئەمە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە تەنانەت ماهییەتەکانیش پەرەدەسێنن. لە دونیای هێگلیش وەکو دونیای هێراکلیتۆس هەموو شتێك رەوانە و تەنانەت ماهییەتیش کە ئەفلاتون لە بنەڕەتدا بۆ وەدەست هێنانی شتێکی سەقامگیر هێنا بوویە ئاراوە، لەبەرفراوانی ئەم رێسایە دەرناچێت. بەڵام رەوان بوون بە مانای دارِووخان نییە. مێژووگەرایی هێگل، رێچکەیەکی گەشبینانەیە. لە ڕوانگەی ئەوەوە، ماهییەت یان

25. Being
26. soul
27. spirit



رۆح، وەکو گیان لەلای ئەفلاتون، خود-بزوێنەرە(٢٨)، خود-پەرەسێنە(٢٩) یان هەروەك ئەمڕۆ باوە، ((گەشەکەر))(٣٠) یان ((خود-ئەفرێن))(٣١)ـە و خۆی لە ئاستانەی ((هۆکارێکی کۆتایی)) ئەرستۆیانەیان بە وتەی هێگل[٢٤]، بەرەو ((هۆکارێك کە لە خودی خۆیدا کۆتاییەکی خود-وەڕاستگەڕ(٣٢) و خود-وەڕاستگەڕاوە(٣٣))) بەرەو پێش دەچێت. هێگل ئەم هۆکارە کۆتاییە یان ئامانجی پەرەسەندنی ماهییەتە بە ((ئایدیای رەها))(٣٤) یان ((ئایدیا)) ناوزەد دەکات. (بە وتەی هێگل، ئەم ئایدیایە، هەندێ ئاڵۆزە، یەکەیەکە هەڵگری گشتە، واتە جوانی، مەعریفە، چالاکی کردەیی، تێگەیشتن، چاکی بەرزتر و ئەو جیهانەی کە لەلایەن زانستەوە چاوەدێری دەکرێت. بەڵام هەڵبەتە ئەم جۆرە کێشانە، لاوەکین و شایانی دڵەڕاوکێ نین). دەتوانین بڵێین جیهانی رەوانی هێگل، لە حاڵەتی ((گەشەکردن)) یان ((پەرەسەندنی داهێنەرانە)) دایە[٢٥] هەر کام لە قۆناغەکانی لەخۆگری قۆناغی پێشوویە و لەوانەوە سەرچاوەی گرتووە. هەر قۆناغێك هەموو قۆناغەکانی پێشووتر پووچەڵ دەکاتەوە و جێگەیان دەگرێتەوەو لە تەواوی نزیك و نزیکتر دەبێتەوە. کەواتە یاسای باڵادەست بەسەر پەرەسەندندا، یاسای پێشکەوتنە، بەڵام هەروەك دواتر دەیبینین، یاسای باڵادەست بەسەر پێشکەوتندا ((دیالێکتیکی))یە نەك پێشکەوتنێکی سادەو ساکار.

ئەو وتەیەی ئاماژەمان بۆ کرد دەریخست کە هێگل سەر بە رێبازی کۆگەراییە و وەکو ئەفلاتون، دەوڵەت بە بوونەوەرێکی ئۆرگانیێك وێنا دەکات و بە پەیڕەوی لە رۆسۆ کە ((ویستی گشتی)) بە دەوڵەت بەخشی، ماهییەتێکی خاوەن هۆش و بیرکەرەوە بە دەوڵەت دەدات کە هەمان ((عەقڵ)) یان ((رۆح))یەتی. رۆح کە ((ماهییەتە وردو رێکەکەی هەمان چالاکییە)) (و ئەمە خۆی لە خۆیدا، پەیوەندی هێگل بە رۆسۆوە پێشان دەدات)، لە هەمان کاتدا رۆحی کۆگەلی نەتەوەییە کە دەوڵەت لەمە پێك دێت.

28. self- moving
29. self- developing
30. emerging
31. self- creating
32. self- realizing
33. self realized
34. Absolute idea

لەڕوانگەی پەیڕەوەکارانی ماهییەتگەراییەوە، ناسین یان تێگەیشتن لە دەوڵەت، بە ئاشکرا دەبێ بە مانای ناسینی ماهییەت یان ڕۆحەکەی بێت. هەروەك لە بەشی پێشوودا بینیمان[٢٦] دەتوانین ماهییەت و ((تواناکانی)) ماهییەت تەنیا لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ مێژووە ((واقعی))یەکەی بناسین. بەم چەشنە دەگەینە هەڵوێستی بنەڕەتی میتۆدی مێژووگەراییانە کە دەڵێت ڕێگای وەدەست هێنانی مەعریفە لەسەر هەر دەزگایەکی کۆمەڵایەتی، بۆ نموونە دەوڵەت، خوێندنەوەی مێژووەکەی یان مێژووی ((ڕۆح))ـەکەیەتی. پاشان هەر ئەو دوو دەرەنجامەی کە لەبەشی پێشوودا لەسەریان دووایین وەك پێویستی خۆ دەردەخەن. ڕۆحی نەتەوە، چارەنووسی مێژوویی پەنهانی ئەم نەتەوەیە دیاری دەکات و هەر نەتەوەیەك بیەوێت ((سەر لە ئاسۆی بوون دەربێنێت)) دەبێ لە ڕێگای هاتنە ناو ((سەکۆی مێژوو))- واتە لە ڕێگای جەنگ کردن لەگەڵ سەرجەم نەتەوەکانی تر- تاکایەتی یان ڕۆحی خۆی دەربخات و ئامانجی ئەم جەنگە زاڵ بوونە بەسەر جیهاندا. کەواتە بۆمان دەردەکەوێت کە هێگلیش وەکو هێراکلیتوس، جەنگ بە باوك و پاشای هەموو شتەکان دەزانێت، هەروەها وەکو هێراکلیتوس لەسەر ئەو بڕوایەیە کە جەنگ هەقە، هەروەك دەڵێت: ((مێژووی جیهان، دیوانی دادی جیهانە))، و دیسان وەکو هێراکلیتوس، بەتەشەنەدانی ئەم تیۆرە بۆ جیهانی سروشت، گشتیەتی پێدەبەخشێت و دژایەتی و بەرامبەرێتی نێوان شت و دۆخەکان و لەبەرامبەر یەکتر ڕاوەستانی بەرامبەرەکان ... تاد وەکو چەشنێك جەنگ و جۆرە هێزێکی بزوێنەر لە قەڵەم دەدات لە پەرەسەندنی سروشتیدا، سەرەنجام دیسان وەکو هێراکلیتوس بڕوای بە یەکیەتی[٣٥] یان ئۆبژەکتیڤیتی {باتیەت}[٣٦] و سووناسی بەرامبەرەکان هەیە. لەڕاستیدا، لەپەرەسەندن و پێشەکەوتنی ((دیالێکتێکی))دا، یەکیەتی بەرامبەرەکان هێندە گرنگە، کە دەتوانین ئەم دوو بیرۆکەیەی هێراکلیتوس- واتە جەنگی بەرامبەرەکان و یەکیەتی یان شووناسەکەسان- بە دوو بیرۆکەی سەرەکی دیالێکتیکی هێگل وەسف بکەین.

ئەم فەلسەفەیە تا ئێرە وەکو مێژووگەراییەکی تاڕادەیەك ڕاست و دروست خۆ دەنوێنێ- هەرچەندە لەوانەیە هەندێك بەریی بێت لە تازەیی و ڕەسەنایەتی[٢٧]- و بەڵگەیەکمان نییە تا وەك شوپێنهاوەر بە ((ساختەچییەتی)) وەسفی بکەین. بەڵام کاتێ کە دیالێکتیکی هێگل شی دەکەینەوە، ئەم ڕواڵەتە وردە وردە گۆڕانی بەسەردا دێت. کاتێك هێگل ئەم میتۆدە

35. unity
36. identity



دەخاتەڕوو، بیروبۆچوونەکانی بەرەو لای کانت شۆڕ دەبنەوە کە لەو هێرشەی کە کردبوویە سەر میتافیزیك (و توندی ئەم هێرشە دەتوانین بەسەرنج دان بەو ڕستانەی کە من کردومەتە کۆپلەی ((پێشەکی)) ئەم کتێبە، هەڵبسەنگێنن)، هەوڵی دابوو دەریبخات کە هیچ کام لەم تێڕامانانە بۆ بەرگری لێکردن ناشێن. هێگل هەرگیز هەوڵی نەدا کانت ڕەفز بکاتەوە، بەڵکو سەری خۆ بەدەستەوەدانی شۆڕکرد، بەڵام بۆچوونەکەی بەرەو خاڵی پیچەوانە ئاوەژوو کردەوەوە و وای لێهات کە ((دیالێکتێکی)) کانت، واتە هێرشەکەی بۆ سەر میتافیزیك گۆڕا بۆ ((دیالێکتیکی)) هێگل، واتە بوو بە ئامرازی سەرەکی میتافیزیك.

لە کتێبی ڕەخنە لە عەقڵی پەتی، کانت لەژێر کاریگەری هیومدا دەڵێت، هەر کاتێ عەقڵی تیۆری پەتی بێتە نێو پانتایەکەوە کە دەرفەتی کۆنتڕۆڵ کردنی بەهۆی ئەزموونەوە لە ئارادا نەبێت، ئەوان ئەگەری ئەوە هەیە کە گیرۆدەی ئەنتی نۆمیز یان ((پرسی جەدەلی دوو لایەن))[٣٧] بێت و هەندێ شت بداتە دەرەوە کە ئەو بەبێ سڵ کردنەوە بە ((خەیاڵپڵاوی رووت)) ((گوێپێنەدراوەکان))، ((وەهمەکان))، ((دۆگمگەرایی بێ بەرهەم)) و ((بانگەشەی رووکەشانەی ناسینی هەموو شتەکان)) وەسفی کردبوو[٢٨]. کانت دەیەویست پێشانی بدات کە دەتوانین لە بەرامبەر هەموو ((تێزێك))[٣٨] یان حوکمێکی میتافیزیکیدا- بۆ نموونە سەبارەت بە سەرتای زەمەن {یان پەیدابوونی} جیهان یان بوونی خودا- ((ئەنتی تێز))[٣٩] یێك یان حوکمێکی دژانە دابنێین. لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە لەوانەیە هەردوو حوکمەکە لە یەك گریمانەوە بێنە دەرەوە و دەتوانین بە توندی و لاوازییەکی یەکسان لە ڕووی ((بەڵگەنەویستییەوە))[٤٠] بیسەلمێنین. بەجۆرێکی تر، کاتێك کە تێڕامانی ئێمە گۆڕەپانی ئەزموون بەلاوە دەنێت، ناتوانێت هیچ شەئنێکی زانستی هەبێت، چونکە دەبێ لەبەرامبەر هەر بەڵگەخوازییەکدا بەناچار بەڵگەخوازییەکی دژ، بەهەمان هێز و مسداقیەتەوە بوونی هەبێت. مەبەستی کانت ئەوەبوو کە تا ئەبەد پێشی ((زان و زیادبوونی بە نەفرەت بووی)) ئەو بەرهەمانە بگرێت کە قەڵەمگێڕەکانی میتافیزیك دەیانخستە دەرەوە. بەداخەوە، تەقەڵاکانی شوێنەوارێکی زۆر پێچەوانەیان لێ کەوتەوە. کانت تەنیا توانی ئاستەنگ لەبەردەم یەك شتدا دابنێت، ئەویش هەوڵی لەمپەردانان لەبەردەم قەڵەمگێڕەکان (بنووسەکان) بۆ سوود وەرگرتن لە بەڵگەی ژیرانە.

37. antinomies
38. thesis
39. antithesis
40. “evidence”

ئەوان تەنیا دەستیان لە فێرکردن هەڵگرت (نەك وەك شوپێنهاوەر{٢٩} دەڵێت) لە شەیداکردن و سێحر خوێندن لە جەماوەری خەڵك. لەم پرسەدا، بێ گومان بەشی هەرە زۆری سەرزەنشەکان تاڕادەیەکی زۆر بەر کانت دەکەوێت، چونکە هەرچەندە ئەو تەنیا پاش چەندین ساڵی دوورودرێژی تێڕامان و رۆچوون دەستی کرد بە نووسینی بەرهەمەکانی خۆی، بەڵام لەم کارەدا پەلەیەکی زۆری کرد لە ئاکامدا ئاستی پاراوی بابەتە تیۆرییەکان بە زمانی ئەڵمانی کە پێشتریش لەم روویەوە نزم بوو، بەشێوازی غامز و دژواری کانت دیسان زیاتر هاتە خوار{٣٠}.

لە پاش کانت، هیچ کام لە بنووسەکانی میتافیزیك هەوڵیان نەدا رەدی بکەنەوە{٣١} و تەنانەت هێگل هەڵەشەیی گەیاندە ڕادەیەکی ئەوتۆ کە لەبەر ئەوەی کانت ((ناوی دیالێکتیکی دووبارە زیندووکردەوە و گەڕاندییەوە سەر پلەو پایە پڕ لە شانازییەکەی جارانی خۆی))، بە زمانی گەورەیەك لە هەمبەر بچووکێکەوە لەسەری دەدوێت. بەپێی رێنماییەکانی، کانت لە ئاماژەکردن بە پرسە ئەنتی نۆمییەکان بە تەواوی لە سەرهەق بوو، بەڵام دڵەڕاوکێیەکانی سەبارەت بەمە هەڵە بوو، چونکە سروشتی عەقڵ ئەوەیە کە رووبەڕوویی دژایەتی ببێتەوە. هەموو جۆرە عەقلاندنێکی رێك بەپێی ئەو ماهییەتەی کە هەیەتی نەك لەڕووی لاوازی هێزە مرۆییەکانی ئێمە، دەبێ خەریکی دژایەتی و پرسە ئەنتی نۆمییەکان بێت، چونکە رێك هەر لەم رێگایەوەیە کە عەقڵ پەرەدەسێنێ. هێگل دەیگوت کانت عەقڵی وەکو شتێکی جێگیر و وەستاو شیکردۆتەوە، لە بیری چۆتەوە کە مرۆڤ- و هاوڕێ لەگەڵ ئەو، میراتی کۆمەڵایەتی ئێمە- بەردەوام پەرەسەندووتر دەبێت. ئەوەی ئێمە دڵمان پێی خۆشە بە عەقڵی خۆمان ناوزەدی بکەین، هیچ نییە جگە لە بەری ئەم میراتە کۆمەڵایەتییە و بەرهەمی پەرەسەندنی ئەو گروپە کۆمەڵایەتییەی کە ژیانی تێدا بەسەر دەبەین، واتە نەتەوە. ئەم پەرەسەندنە، بەشێوازێکی دیالێکتیکی، یاخود بەجۆرێکی تر، بەم سێینە، رێگاکە دەبڕێت. سەرەتا، تێزێك {یان دانراو} دەخرێتەڕوو کە رەخنە دەخولقێنێت و بانگەشەکارەکان بڕوا بە حوکمی بەرامبەری ئەو دێنن و رەدی دەکەنەوە، واتە نەنتی تیزەکەی {یان دانراوی بەرامبەری ئەو} دێنن. لە دژایەتی ئەم بیروبۆچوونانە، سێنتێزێك {یان کۆی دانراوەکان}(٤١) پێك دێت، واتە جۆرە یەکیەتییەکی بەرامبەرەکان و سازش و ئاشتی لە ئاستێکی بەرزدا. سێنتێز، دەبێتە جێگرەوە و پووچەڵکەری ئەم دوو دانراوە بەرامبەر سەرەکییە و لەم رێگایەوە، وەك بڵێین، لەخۆیدا بیانتوێنێتەوە و

41. synthesis



بەهۆی گۆڕینی ئەمانە بۆ بەشە پێك هێنەرەکانی خۆی، نەفیان دەکات و بەرەو ئاستێکی بەرزتریان دەبات و دەیانپارێزێت. هەر کە سێنتێز تۆکمەو تۆمار بوو، ئەم رەوتە دەکرێ لە ئاستێکی بەرزتردا کە ئێستا بەدەست هاتووە، سەر لەنوێ دووبارە ببێتەوە. ئەمە بەکورتی ئەو سێینەی پێشکەوتن یان هەنگاونان بەرەو پێشەوەیە کە هێگل بە ((سێ کۆڵەگەی دیالێکتیکی))(٤٢) ناوزەدیان دەکات.

من ئامادەم ئەوە قبوڵ بکەم کە ئەگەر بمانەوێت ئەوەشی بکەینەوە کە چۆن هەندێ جار توێژینەوەیەکی رەخنەگرانە و بیرکردنەوەی زانستی رەنگە پێشڤەبچێت، ئەو وەسفەی کرا وەسفێکی خراپ نییە، چونکە هەموو جۆرە رەخنەیەك بریتییە لە وەبیرهێنانەوەی هەندێ دژایەتی و ناتەبایی و پێشکەوتنی زانستی بەزۆری هەر لەمە دایە کە لە هەر جێگایەك تووشی دژایەتی هاتین، هەوڵ بدەین چارەسەری بکەین. زانست لەسەر بنەمای ئەم گریمانەیە بەرەو پێشەوە دەڕوات کە ناتەبایی نارەوایە دەتوانین خۆمانی لێبوێرین. دۆزینەوەی ناتەبایی، زاناکان ناچار دەکات کە ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان بدەن بۆ لەناوبردنی. هەر کە پەسەند کرا دژایەتییەك بوونی هەیە، بەناچار بینای زانست بە تەواوی دادەڕوخێت{٣٢}. بەڵام هێگل وانەیەکی تر لە سێ کۆڵەگە دیالێکتیکیەکەی خۆی فێر دەبێت. لەبەر ئەوە ناتەبایی هۆی پێشکەوتنی زانستە، دەگاتە ئەو دەرەنجامە کە نەك هەر رەوایە و ناتوانین خۆمانی لێبوێرین، بەڵکو زۆر خوازراویشە. دەبێ ئەم تیرەی هێگل بەناچار هەمو چەشنە بەڵگەخوازی و هەر چەشنە پێشکەوتنێك وێران بکات، چونکە ئەگەر نەکرێ خۆ لە ناتەبایی ببوێرین و خوازراو بێت، ئەوا هیچ پێویست ناکات لەناوی ببەین و دەبێ هەرچەشنە پێشکەوتنێك کۆتایی پێ بێت.

بەڵام ئەم تیۆرە تەنیا یەکێك لە پرنسیپە بڕواداریەکانی فەلسەفەی هێگلە. مەبەستی هێگل ئەوە کە هەموو ناتەباییەکان بە ئازادی بەکاربێنێت. بۆ بەرگری کردن لە هەلوێستێك کە نەك هەر بەمانای کۆتایی هەموو جۆرە زانستێکە بەڵکو بەمانای دوماهی هەرچەشنە بەڵگەخوازییەکی ژیرانەشە، جەخت دەکاتەوە کە{٣٣}: ((هەموو شتەکان لە خودی خۆیاندا ناتەبان)). بۆیە گەرەکیەتی ناتەبایی قبوڵ بکات، چونکە حەز دەکات بەڵگەخوازی ژیرانە و لەگەڵ ئەویشدا، پێشکەوتنی زانستی و عەقڵی بوەستێنێت. دەیەوێت بەڵگەخوازی و رەخنەگرتن نامکین بکات بۆ ئەوەی فەلسەفەکەی خۆی لەبەرامبەر هەموو رەخنەکاندا بێ وەی

42. dialectic triad

بێت و هەروەك دۆگمگەرایەکی تۆکمەکە لە بەرامبەر هەموو پەلامارێکدا لە ئەمان دایە و لوتکەی دەست پێڕانەگەیشتووی پەرەسەندنی فەلسەفیە، بناغە دابکوتیّ و پتەو بێت. (لێرەدا لەگەڵ یەکێك لەسەرتایترین نموونەکانی وەرسووڕانە دیالێکتیکییەکاندا رووبەڕوو دەبینەوە، بەو مانایەکە بیرۆکەی پێشکەوتن کە لەو سەردەمەی کە دەگاتە داروین لەلایەن هەمووانە پەسەند دەکرا، بەڵام لەگەڵ بەرژەوەندی کۆنسێرڤاتسیەکان (کۆنەپارێزەکان)دا نەدەگونجا، بەرەو خاڵی پێچەوانەی ئەمە، واتە پەرەسەندنی وەستاویان ئەو پەرەسەندنەی کە گەیشتۆتە کۆتایی رێگاکە، وەرسووڕێنرا).

ئەمەبوو سێ کۆڵەگە دیالێکتیکییەکەی هێگل، یان یەکێك لەو دوو کۆڵەگەی کە فەلسەفەکەی لەسەر دامەزراوە. ماناو گرنگی ئەم تیۆرە کاتێك دەردەکەوێت کە بەکاری بێنین.

کۆڵەگەیەکی تر لە دوو کۆڵەگەکەی هێگلیانیزم، ئەو شتەیە کە بە فەلسەفەی شووناسی {ئەمئەوەکی} هێگل بەناوبانگە و ئەویش بە نۆرەی خۆی، بەکارهێنانێکی دیالێکتیکەکەیەتی. نامەوێ بە هەوڵ دان بۆ دەرهێنانی مانایەك لەم فەلسەفەیە، کاتیّ خوێنەران بەفیڕۆ بدەم، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی پێشتر لە شوێنێکی تر هەوڵی ئەمەم داوە{٣٤}. بەشێوەیەکی بنەڕەتی، فەلسەفەی شوناس، هیچ نییە جگە لە کۆمەڵێك قسەی دووڕووی بێشەرمانە یان بۆ ئەوەی وتەی خودی هێگل بەکاربێنمەوە، کۆمەڵێك ((خەیاڵپڵاو و تەنانەت خەیاڵپڵاوی گەمژانە)). تاریکە ماڵێکە لە نێو هەزار بە هەزارەکانیدا، تارمایی فەلسەفەی رابردوو- لە فەلسەفەی هێراکلیتوس و ئەفلاتون و ئەرستۆ بیگرە تا فەلسەفەی رۆسۆ و کانت- گیرۆدە بوونە و ئێستا جۆرە بەزمێکی شەیتانانەیان هەڵگیرساندووە و شێتانە هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی بینەری ساویلکە گێژ و کاس بکەن و هەڵیبخەڵەتێنن. بیرۆکەی سەرەکی و لەهەمان کاتدا ئەو بازنەیەی کە دیالێکتیکی هێگل بە فەلسەفەی شوناسەکەی دەبەستێتەوە، دۆکترینی هێراکلیتوسە لەسەر یەکێتی بەرامبەرەکان. هێراکلیتوس وتبووی: ((ئەو رێگای بۆ سەرەوە دەچێت لەگەڵ ئەو رێگایەی بۆ خوارەوە دەچێت وەك یەکە. هێگڵ ئەم وتەیە دووبارە دەکاتەوەو دەڵێت: ((رێگای رۆژاوا هەمان رێگای رۆژهەڵاتە)). دۆکترینی هێراکلیتوس لەسەر یەکیەتی بەرامبەرەکان دەخاتە سەر رەوەی یادەوەرییە بەجێماوەکانی رابردوو و لەم رێگەیەوە، ئەم فەلسەفەیە دەکاتە ((بەشە پێك هێنەرەکانی)) سیستەمی فەلسەفی خۆی. ماهییەت و ئایدیا، یەك و فرە، جەوهەر و ناجەوهەر، شێوەو مانا، سوژە و ئۆبژە، بوون و هەبوون، هەموو و هیچ،



سوڕان و وەستان، هێز و کردەوە، نۆومینۆن و دەرکەوتەو مادده و رۆح- هەر هەموو ئەو ئەوراحانەی کە لە قولایی رابردووەوە سەریان دەرهێناوە لە هەمان کاتدا کە دیکتاتۆری گەورە خەریکی سەماکردنە بە فوودانە و پرسە هەڵاوساو و وەهمیەکانی سەبارەت بە جیهان و خوا، مێشکیان کردۆتە رمبازگەی خۆیان. بەڵام شێتایەتییەکەی بەرژەوەندیخوازانەیە- بەرژەوەندی پروسیای تێدا پەنهانە. لە پشت ئەم پشێوییە رواڵەتییەوە قازانج و بەرژەوەندی پاشایەتی رەهای فردریك ویلهلم پەنهانە. فەلسەفەی شوناس، پاکانە بۆ سیستەمی هەنووکەیی دەکات. میوە سەرەکیەکەی، جۆرە پۆزەتیڤیزمێکی ئەخلاقی و دادوەرییە، واتە ئەو تیۆرەی دەڵێت ئەوەی هەیە، چاکە، چونکە جگە لە پێوەرو معیارە هەنووکەییەکان هیچ معیارێکی تر ناتوانێت بوونی هەبێت، تیۆرێکە بە دەوری تەوەرەی ئەم بیروباوەڕەدا دەخولێتەوە کە هێز هەقە.

چۆن ئەم تیۆرە دەرەنجامگیری کراوە؟ تەنیا لە رێگای زنجیرەیەك قسەی دووڕوو. ئایدیای یان فۆڕمی ئەفلاتونی، هەروەك بینیمان، بە تەواوی لەگەڵ ئەو مانا یان وێنا {یان ئایدیایانەی} کە ((لە هزرمان دایە)) جیاوازن. ئەفلاتون لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە تەنای ئایدیاکان راستەقینەن و حەقیقەتیان هەیە و شتە فانیەکان لە واقعیەت یان حەقیقەت بە دوورن. هێگڵ لەم تیۆرەوە هاوکێشەیەك دروست دەکات کە بەپێی ئەمە:

ئایدیال= واقعی یان وەڕاست گەڕاو. کانت لە تەوەری دیالێکتیکدا، لەمەڕ ((فۆڕمە مەعقولەکان {یان ئایدیاکانی} عەقڵی پەتی)) دەدوێت و زاراوەی ((فۆڕمی مەعقول {یان ئایدیا}))ی بە مەفهوومی مانا یان وێنا {یان ئەو ئایدیایانەی} ((کە لە هزرمان دایە)) بەکارهێنابوو. ئەوەی هێگل لەم تیۆرەی وەردەگرێت ئەمەیە کە فۆڕمی ژیرانە (مەعقول) {یان ئایدیا} شتێکی زەینی یان رۆحی یان عەقڵیە و ئەم تێگەیشتنە بە یارمەتی ئەم هاوکێشەیە پێشان دەدات: فۆڕمی ژیرانە {یان ئایدیا}= عەقڵ. ئێستا ئەگەر ئەم دوو هاوکێشەیە یان بەجۆرێکی باشتر، ئەم دوو دێرە دووروویێژییە- لێك گرێ بدەین، هاوکێشەیەکی ترمان دەست دەکەوێت: واقعی یان وەڕاست گەڕاو= عەقڵ. هێگل لەسەر بنەمای ئەمە پێیوایە کەواتە هەرچییەك عەقڵانی و مەعقولە دەبێ واقعی یان وەڕاستگەراو بێت و هەرچییەکیش واقعی یان وەڕاستگەڕاوە پێویستە عەقڵانی مەعقول بێت و هەربۆیە، پەرەسەندنی واقعیەت هەمان پەرەسەندنی عەقڵە. هەروەها، لەبەر ئەوەی هیچ پێوەرو معیارێکی بەرزتر و نوێتر لە

پەرەسەندنی عەقڵ و ئایدیا یان فۆرمی مەعقول {یان ئایدیا} ناتوانێت بوونی هەبێ، کەواتە هەرچییەك ئێستا واقعی و وەڕاست گەڕاوە یان بەکردەوە هەیە، بە زەروورەت بوونی هەیە یان بوونی پێویستە و هەم دەبێ مەعقول بێت و هەم چاك[٣٥]. (هەروەك دواتر دەیبینین، ئەوەی بەتایبەتی چاکە، دەوڵەتی بە کردەوە هەبووی پروسیایە).

ئەمەیە فەلسەفەی شوناس. جگە لە پۆزتیڤیزمی ئەخلاقی[٤٣] کە (بە وتەی شوپێنهاوەر) هەروەکو بەرهەمێکی لاوەکی {ئەم فەلسەفەیە} دێتە ئاراوە، تیۆرێکیش لە هەمبەر ڕاست یان حەقیقەت {لەم بابەتەوە} خۆی دەردەخات کە تیۆرێکی زۆر بەرژەوەندیخوازانەیە و لەگەڵ بارودۆخدا خۆگونجێنە. بۆمان دەرکەوت هەرچییەك ژیرانەیە، واقعی یان وەڕاستگەڕاوە- واتە هەر شتێك ژیرانەیە دەبێ لەگەڵ واقعیەتدا بگونجێت و هەر بۆیە، مەرجەکە راست بێت. حەقیقەتیش بە هەمان ئەو ڕێگایەی کە عەقڵ پەرەسەندووتر دەبێت، پەرەدەسێنێ و هەرچییەك لە دواین قۆناغی پەرەسەندنی عەقڵدا جێگەی پەسەندی عەقڵ بێت، حەتمەن دەبێ لەم قۆناغەدا، راستیش بێت. یاخود بە جۆرێکی تر، هەر شتێك کە لە بۆچوونی ئەو کەسانەی کە عەقڵیان لەگەڵ بارودۆخدا دەگونجێنێت، یەقینی و بێ ئەملاو ئەولا بێت، دەبێ راستیش بێت. بەڵگەنەویستی لەگەڵ راستیدا یەك شتە. تەنیا شتێك کە پێویستتان پێی هەیە ئەوەیە کە باوەڕ بە تیۆرێك بهێنن، بەو مەرجەکە لە کاروانی ڕۆژ دوانەکەوتبێت، هەر ئەمە بە پێی پیناسە، دەبێتە هۆی حەقیقەتی ئەم تیۆرە. بەم چەشنە، پەیوەندی بەرامبەرێتی نێوان ئەو شتەی هێگل بە ((سوژە))[٤٤] ناوزەدی دەکات (واتە ئیمان یان بیروباوەڕ) و ئەوەی ناوی دەنێت ((ئۆبژە))[٤٥] (واتە راست یان حەقیقەت) دەگۆڕێت بۆ پەیوەندی شوناسی، ئەم یەکیەتیەی بەرامبەرەکان، مەعریفەی زانستیش روون دەکاتەوە. بە قسەی ئەو[٣٦]: ((ئایدیا بریتییە لە یەکێتی سوژە و ئۆبژە ... زانست لەسەر ئەم گریمانەیە دامەزراوە کە جیایی نێوان خۆی و حەقیقەت، پێشتر بەلاوەنراوە)).

ئەمەش فەلسەفەی شوناسی هێگل یان دووەمین کۆڵەکەی دانایی کە فەلسەفەی مێژووگەراییەکەی لەسەر ئەمە داڕێژراوە. لەگەڵ دامەزراندنیدا، ئیشی تاڕادەیەك هیلاککەری

٤٣. واتە، بەقسەی نووسەر، ئەوەی هەیە چاکە و هێز {زۆرداری} هەقە.

44. The subjective
45. the objective



شیکردنەوەی دۆکترینە ئەبستراکتترەکانی هێگل بە ئەنجام دەگات. درێژەی ئەم بەشە تایبەت دەبێت بە کارایی ئەم تیۆرە ئەبستراکتە لە سیاسەتی کردەییدا. ئەم کارایی بەکارهێنانە تەنانەت ئەوە روونتر دەکاتەوە کە مەبەستی هێگل لەو هەموو زەحمەت و ماندووبوونە، بەرگری کردن و پاساو هێنانەوە بووە.

بەبڕوای من، دیالێکتیکی هێگل بەشێوەیەکی سەرەکی بە نیازی ئەوە خرایە ڕوو کە ئەو بیرۆکانە ئاوەژوو بکات کە لەساڵی ١٧٨٩ هاتبوونە ئاراوە. هێگل بە تەواوی ئاگاداری ئەم راستیە بوو کە دەتوانرێت بەهۆی میتۆدی دیالێکتیکیەوە هەموو بیرۆکە یان مانایەك بۆ خاڵی بەرامبەری خۆی وەرسوڕێنین. بە وتەی ئەو[٣٧]: ((دیالێکتیك شتێکی نوێ نییە لە فەلسەفەدا. سوقرات ... خووی بەوەرگرتبوو لە ڕێگای رواڵەتبازی بە خواستی مەعریفەیەکی رۆشنتر لەمەڕ ئەو بابەتەی کە لەسەری دەدوان و پاش هێنانە گۆڕی هەموو جۆرە پرسیارێك کە هەر بەم نیازە دەخرایە روو، سەرەنجام ئەو کەسانەی کە دیالۆگی لەگەڵدا دەکردن بەرەو خاڵی بەرامبەر ئەو هەڵوێستە پەلکێش بکات کە لە بەراییدا و لەژێر کاریگەری یەکەمین کاریگەرییەکان، جاڕی راست بوونیان دابوو)). بە وەبەرچاوگرتنی ئەم {راستییە} کە ئامانجی سەرەکی سوقرات بەر لەوەی هێنانە سەر بڕوای خەڵك بێت بە خاڵی بەرامبەری بیروباوەڕەکانی پێشوویان، لەقاودانی دڵنیاییە لە خۆڕاکان و بانگەشە نابەجێیەکان بوو، ئەو وتەیەی هێگڵ رەنگە وەسفێکی عادیلانەی نیازەکانی سوقرات نەبێت، بەڵام بێگومان بۆ دەربڕینی مەبەستەکانی خودی خۆی زۆر بەنرخە، هەرچەندە بە کردەوە ئەوەمان بۆ دەسەلمێت کە میتۆدەکەی زۆر لەوە ساویلکانەترە کە لە بەرنامەی کارەکەیدا خۆی دەنوێنێت.

یەکەمین نموونە کە لەم جۆرە بەکارهێنانەی دیالێکتیك هەڵمبژاردووە، پرسی ئازادی بیروڕا و سەربەخۆیی زانستەکان و معیاری دەستنیشانکردنی حەقیقەتی (ئوبژێکتیڤ) عەینییە، لەسەر بنەمای ئەو باسەی کە هێگل لە کتێبی فەلسەفەی ماف (بەندی ٢٧٠)دا سەبارەت بەم پرسە خستوویەتە ڕوو. ئەوەی هێگل لەسەرەتای باسەکە دەیلێت بە چەشنێکە کە تەنیا دەتوانین وەکو خواستی ئازادی بیروڕا و داخوازی لە دەوڵەت بۆ پاراستنی ئەم ئازادییە، راڤەی بکەین. دەنووسێت: ((بنەمای خودیی دەوڵەت ... هزرە. زانست و ئازادی بیروڕا تەنیا دەتوانن لە

دەوڵەتدا بێنە ئاراوە. ئەوەی جۆرادنۆ برونۆ[٤٦] خستە سەر کڵی ئاگرەوەو گالیلۆی ناچارکرد تۆبە بکات، کەنیسە بوو ... کەواتە دەبێ زانست خوازیاری ئەوە بێت دەوڵەت بیپارێزێت، چونکە ... ئامانجی زانست، ناسینی حەقیقەتی بابەتییە)) لە پاش ئەم دەستپێکە مژدەبەخشە کە دەتوانین وەکو هێمای ((یەکەمین کاریگەرییەکان))ی بانگەشەکارەکان، لێکی بدەینەوە، هێگڵ هەوڵ دەدات ئەوان ((بەرەو خاڵی بەرمبەری ئەو هەڵوێستە پەلکێش بکات کە لە بەرایی داو لەژێر کاریگەری یەکەمین کاریگەرییەکاندا جاڕی راست بوونیان دابوو)). لە ڕێگای هێرشێکی رواڵەتیانەی تر بۆ سەر کەنیسە، سەرپۆش لەسەر ئەم سەنگەر گۆڕینە دادەنێت و دەڵێ: ((بەڵام هەڵبەتە ئەم جۆرە مەعریفەتە هەمیشە لەگەڵ پێوەرە زانستییەکاندا ناگونجێت و لەوانەیە بۆ ئاستی بیروباوەڕێکی پەتی دابڕمێت ... رەنگە زانست لە هەمبەر ئەو بیروباوەڕانە، هەمان خواستە رووکەشەکانی کەنیسە بخاتەوە ڕوو- واتە خوازیاری ئازادی بیروباوەڕ و ئیمان بێت بۆ خۆی)). کەوتە خواستیئازادی بیروڕا و ویستی زانست بۆ ئەوەی لێی بگەڕێن خۆی داوەری بکات، بە خواستێکی ((ڕوواڵەتیانە)) وەسف دەکرێت. بەڵام ئەمە تەنیا هەنگاوی یەکەمە بۆ وەرسوڕاندنی بابەتەکە. پاشان هێگل دەڵێت بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بیروباوەڕی تێکدەرانە، ((دەبێ دەوڵەت پارێزەری حەقیقەتی بابەتی بێت))، لێرەدا ئەو پرسیارە سەرەکییە دێتە بەرباس کە: دەبێ چ کەسێك داوەری لەسەر ئەوە بکات کە چ شتێك حەقیقەتی بابەتییە و چ شتێك حەقیقەتی بابەتی نییە؟ هێگل وەڵام دەداتەوە: ((بەشێوەیەکی گشتی، دەوڵەت... دەبێ خۆی بڕیار بدات کە دەتوانێت چ شتێك بە حەقیقەتی بابەتی لە قەڵەم بدرێت)). و لە ڕێگای ئەم وەڵامەوە، ئازادی بیروڕا و خوستی زانست بۆ ئەوەی خۆی پێوەر و معیاری کارەکانی خۆی دیاری بکات، سەرەنجام دەگۆڕێت بۆ دانراوی بەرامبەر {یان ئەنتی تێزی} خۆی.

دووەمین نموونە کە بۆ ئەم جۆرە بەکارهێنانەی دیالێکتیك هەڵمبژاردووە، توێژینەوەی هێگلە سەبارەت بە هەویستنی **حکومەتێك کە لەسەر بنەمای یاسای بنەڕەتی (دەستوور) دامەزرابێت** کە لەگەڵ باسی یەکسانی و ئازادیدا لێکگرێ دەدرێت. بۆ تێگەیشتن لە پرسی دەستوور دەبێ

٤٦. Giordano Bruno (١٥٤٨ـ١٦٠٠) فەیلەسووفی ئیتالی کە هێرشی دەکردە سەر فەلسەفەی سکۆلاستیك و ڕێبازی ئەرستۆیی و لەژێر کاریگەری ڕێنماییەکانی کۆپەرنیك، تیۆرێکی لەمەڕ یەکیەتی بوون داناو پاش دادگاییەکی دوور و درێژ لەلایەن پیاوانی کەنیسەی کاتۆلیك، بەتاوانی مورتەد بوون سوتێنرا.



ئەوە بێنینەوە یاد کە حکومەتی رەهای پروسیا، جیا لە هەندێ پرنسیپی وەکو پرنسیپی سەروەری تەواوەتی پاشا، بڕوای بە هیچ جۆرە دەستوورێك نەبوو، ئەو کەسانەی کە لە میرنشینە جۆراو جۆرەکانی ئەڵمانیادا خەباتیان دەکرد بۆ بەدەست هێنانی ریفۆڕمی دیموکراتیك، دروشمەکەیان ئەوەبوو کە دەبێ میر ((دەستوور بە وڵات ببەخشێت)). فردریك ویلهلم لەگەڵ ئانسیۆنی[٤٧] راوێژکاریدا سەبارەت بەمە کۆك و هاوبیروباوەڕ کە نابێ هەرگیز لەبەرامبەر ((توندڕۆکان))دا مەیدان چۆل بکەین، واتە ((ئەو گروپە زۆر چالاك و بەهاتوهاوارەی کە چەند ساڵ لەمەوپێش ناوی خۆیانیان نابوو نەتەوەو هاواری دەستووریان دەکرد)){٣٨}. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، سەرەنجام پاشا لەژێر فشارێکی توندا بەڵێنی دەستوور (یاسای بنەڕەتی)دا، بەڵام هەرگیز ئەم بەڵێنەی جێبەجێ نەکرد. (دەگێڕنەوە رۆژێك پزیشکێکی بەدبەختی دەربار بێ ئەوەی هیچ مەبەستێکی هەبێت قسەیەك لەمەڕ ((بنیاتی لەش))[٤٨] دەکات و هەر ئەم قسە سادەیە دەبێتە هۆی دەرکردنی). ئێستا با بزانین هێگل چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم پرسە ناسك و هەستیارە دەکات. دەنووسێت: ((دەوڵەت وەکو رۆحێکی زیندوو، گشتێکی رێکخراوە کە جومگە بەندییەکەی، دامودەزگای جۆراوجۆرە ... دەستوور[٤٩] (یاسای بنەڕەتی) هەر ئەم چومگەبەندی و رێکخراوییەی دەسەڵاتی دەوڵەتە... دەستوور واتە

٤٧. J.P.F. Ancillon (١٧٦٦ـ١٨٣٧) مێژوونووس و سیاسەتمەداری پروسیایی کە لە بەرلین لەدایك بووە، بەڵام وەك دیارە بەرەچەڵەك فەرەنسی بووە... لەمێژوونووسی و بیرکردنەوە و ئاراستەی سیاسیدا، شێوازێکی زۆر کۆنەپەرستانەی هەبووە.

48. Constitution

٤٩. لەم بەندە و لەچەند بەندی دواتریشدا، لەهەموو شوێنی constitution فەرمانایە و هەر ئەم نارِوونی و وشە هاوبەشانەیە کە مانا بە نووسینی هیگڵ دەدات. لێرەدا constitution سەرەڕای "دەستوور- یاسای بنەڕەتی" بە واتای "پێکهاتە و بوونیاد"یش دێت. بەجۆرێکیتر، مەبەست ئەوەیە کە بەشەکانی دەزگای حکوومەت کاتێ لەلایەکەوە هەر کامێکیان ئەرکێکی جیا بخەنە سەرشانی خۆیان و لەیەکتر جودابن و لەلایەکی ترەوە لەیەك گرێ بدرێن و رێکبخرێن، پێکهاتە و بوونیادێکیان لێدروست دەبێت کە "رۆح" پەیدا دەکات و دەبێتە خودان یەکیەتی ئامانج و یەکیەتی کردەوە.

ئەو دادپەروەرییەی هەیە[٥٠]... ئازادی و یەکسانی... ئامانجی کۆتایی و بەرهەمی دەستووره)). بەڵام هەڵبەتە ئەمە تەنیا سەرەتای کارەکەیە. بەر لە تاوتوێ کردنی وەرچەرخانی[٥١] دیالێکتیکی دەستوور[٥٢] بەرەو حکومەتی رەهای پاشایەتی، پێویستە سەرەتا ئەوە دەربخەین چۆن هێگل ئەو دوو ((ئامانج و بەرهەمە)) واتە ئازادی و یەکسانی دەگۆڕێت بۆ دژەکەیان.

سەرەتا بابزانین هێگل چۆن یەکسانی وەردەسوڕێنێت و بۆ نایەکسانی ئاوەژووی دەکاتەوە. دەنووسێ{٣٩}: ((حەقیقەتێکی گەورە لەمەدا پەنهانە کە هاوولاتیان لە بەرامبەر یاسادا یەکسانن. بەڵام کاتێك بابەتەکە بەم چەشنە دەبڕدرێ، تەنیا دووبارەکردنەوەی دیارێکە و تەنیا شتێك کە بەشێوەیەکی گشتی دەیڵێت ئەوەیە کە بارودۆخێکی حقوقی بوونی هەیە و یاسا فەرمانڕەوایە. بەڵام بۆ ئەوەی بابەتەکە بەجۆرێکی روون و ئاشکراتر دەبڕدرێت، {پێویستە بڵێین} هاوولاتیان ... تەنیا لەم رووەوە لەبەرامبەر یاسادا یەکسانن کە لە **دەرەوەی یاساش دا** خودان یەکسانی بن. تەنیا یەکسانی ئەوان لەڕووی خاوەندارێتی و تەمەن و ... تاد شایستەی ئەوەیە کە لە بەرامبەر یاسادا بە یەکسانی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێت ... یاساکان خۆیان ... گریمانەی نایەکسانی هەڵومەرج دەکەن و وەکو بەڵگەنەویست سەیریان دەکەن ... پێویستە بڵێین ئەوەی بەرزترین نایەکسانی تاکە کەسی و دیار بەکردەوە دێنێتە ئاراوە، هەر هەمان پەرەسەندنی مەزن و شێوەی پێگەیشتووی دەوڵەتە نوێیەکانە)).

بۆ ختنەڕووی هێڵە گشتییەکانی ئەو وەرسوڕانەی کە هێگل بە ((حەقیقەتی گەورەی)) یەکسانیخوازی بەخشیوە و بەرەو خاڵی بەرامبەری خۆی ئاوەژووی کردۆتەوە، بەڵگەخوازییەکانیم زۆر بە توندی کورت کردۆتەوە و پێویستە خوێنەر ئاگادار بکەمەوە کە بە درێژایی ئەم بەشە دیسان ناچارم ئەم کارە ئەنجام بدەم، چونکە ئەگەر هەرلە بنەڕەتدا هەلی ئەوە

٥٠. بەجۆرێکیتر، ئەگەر وشەی justice لە جیاتی "دادپەروەری" بەمانای "میانڕۆیی ـ اعتدال" بەکاربێنین، ئەم پێکهاتە و بونیادە کە هەمان دەزگای دەوڵەتە، کاتێ بە شێوازێکی "یاسامەند"و رێك کار دەکات کە "میانڕۆیی" تێدابێت.

51. Transformation

٥٢. یان حکوومەتی یاسا.



هەبێت بتوانین وشەبازی و هزر بزرکاندنەکانی (کە بێگومان زۆر نەخۆشانەن) بە چەشنێك بخەینەڕوو کە بۆ خوێندنەوەی بشێت، تەنیا لەم رێگایەوە دەبێت{٤٠}.

ئێستا با بێینە سەر ئازادی. هێگڵ دەنووسێت: ((سەبارەت بە ئازادی، لەسەردەمانی رابردوودا، مافی شارێك وشتی تریان، بە مافی تایبەتی و مافی گشتییەوە کە لە ڕووی یاساییەوە پێناسە کرابوو بە ((ئازادییەکانی)) ئەو {شارە} ناوزەد دەکرد. لەڕاستیدا، هەموو یاسایەکی راستەقینە، خۆی ئازادییەکە، چونکە پرنسیپێکی عەقڵانی لەخۆ دەگرێت ... واتە، بەجۆرێکی تر، زامنکەری ئازادییەکە ...)) هێگل لە رێگای ئەم بەڵگەخوازییەوە گەرەکیەتی ئەوە پێشان بدات کە ((ئازادی)) لەگەڵ ((ئازادییەك))دا یەك شتە و هەر بۆیە، هەمان ((یاسا))یە و دەگاتە ئەو دەرەنجامە کە هەچەندە یاسا زۆرتر بێت، ئازادی زۆرتر دەبێت. بەڵام ئەم بەڵگەخوازییە جگە لە دەربڕینێکی سادەبینانە و نا شارەزایانەی پارادۆکس نمای ئازادی کە یەکەم جار لەلایەن ئەفلاتونەوە دۆزرایەوە و پێشتر بە کورتی ئاماژەمان بۆ کرد{٤١}، هیچی تر نییە. (دەڵێین دەربڕینێکی سادەبینانەو ناشارەزاییانە چونکە پشتی بەجۆرێك یاری بە وشە بەستووە). دەتوانین پارادۆکسی ناوبراو بەم دەستەواژەیە دەبڕین کە ئازادی بێ سنوور، دژی خۆی لێ دەکەوێتەوە، چونکە ئەگەر ئازادی لە رێگای یاساوە نەپارێزرێت و سنووردار نەکرێت، حەتمەن زۆرداری بەهێزی لە هەمبەر لاوازان لێ دەکەوێتەوە. رۆسۆ بە چەشنێکی تەمومژاوی دووبارە ئەم پارادۆکسەی بەیان کرد تا سەرەنجام کانت توانی چارەسەری بکات. کانت خوازیاری ئەوەبوو کە ئازادی هەموو کەسێك سنووردار بکرێت بەڵام نەك لەو ڕادەیە زیاتر کە بۆ پاراستنی ئازادی هەمووان بە ئەندازەیەکی یەکسان پێویستە. هەڵبەتە هێگل ئاگاداری رێگاچارەکەی کانتە بەڵام حەزی لێ ناکات و بە سووکایەتی پێ کردن و بەبێ ئاماژەکردن بەناوی داهێنەری ئەم رێگاچارەیە، بەم چەشنە باسی دەکات: ((ئەمڕۆ هیچ هزرێك لەمە ئاشناتر نییە کە دەبێ هەموو کەسێك ئازادی خۆی لەبەرامبەر ئازادی ئەوانیتردا سنووردار بکات، چونکە دەوڵەت واتە هەر ئەم هەلومەرجە بەرتەسکە دوولایەنە و یاسا واتە سنوورداریێتی بەڵام)) و لێرەدا هێگل رەخنە لە کانت دەگرێت، ((ئەم هزرە پێشاندەری تێڕوانینێکە کە بە چاوی هەوەسبازی و سەرەڕۆییەکی گێرەشێوێنەوە سەیری ئازادی دەکات)). بەم وتە داخراوە، تیۆری یەکسانیخوازانەی کانت لەمەڕ دادپەروەرییەوە بەلاوە دەنرێت.

بەڵام هێگل خۆی هەست بەوە دەکات کە ئەم زمان شیرینە بچووکە کە ئازادی لەگەڵ یاسا بە یەکسان دەدانێت، بەتەواوی بۆ مەبەستی ئەو بەس نییە و تۆزێك بە وەستان و دوودڵییەوە بۆ ئەو پرسە بەراییەی کە ئاماژەی پێ کردبوو، واتە پرسی دەستوور (یاسای بنەڕەتی) دەگەڕێتەوە و دەڵێت{٤٢}: ((زاراوەی ئازادی سیاسی زۆربەی کات بەم مانایە بەکاردێت کە ئەو کەسانەی ئەرکی سەرەکی خۆیان بە خەریك بوون بە ئامانج و کارە لاوەکییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە قەڵەم دەدەن {واتە هاووڵاتیان}، لە کاروباری گشتی دەوڵەتدا جۆرە بەشدارییەکی رووکەشانەیان هەبێت. بوو بە عادەتیش کە ناونیشانی 'دەستوور' بەم لایەنەی دەوڵەت ببەخشن کە ئەم جۆرە بەشدارییە بەرقەرار دەکات ... و ئەو دەوڵەتەی کە بەرەسمی ئەم کارەی تێدا ئەنجام نەدرێت، بە دەوڵەتێکی بێ دەستوور لەقەڵەم بدەن)). بەڵێ، گومانی تێدا نییە کە ئەمە بووە بە عادەت، بەڵام چۆن دەتوانین لەشەڕەنگێزیەکەی رزگارمان بێت؟ بە فێڵێکی زمانەوانی پەتی- بە پێناسەیەك: ((تەنیا شتێك کە دەتوانین سەبارەت بە دۆخی تایبەتی ئەم زاراوەیە بڵێین ئەوەیە کە دەبێ مەبەستی ئێمە لە دەستوور دیاریکردنی[٥٣] یاسا بەشێوەیەکی گشتی، یاخود، ئازادییەکان بێت...)) لێ دیسان هێگل خۆی هەست بە هەژاری ترسناکی ئەم بەڵگەخوازییە دەکات و لەڕووی داماوییەوە، پەنا بۆ ئامێزی جۆرە عیرفانێکی کۆگەلی (دروست کراوی رۆسۆ) و رێکەی مێژووگەرایی دەبات و دەڵێت{٤٣}: ((ئەم پرسیارە کە دەڵێ 'سەربەستی (اختیار) پێك هێنانی دەستوور بە دەستی کێیە'؟ لەگەڵ ئەم پرسیارەدا یەکێکە کە دەپرسێت 'دەبێ چ کەسێك رۆحی نەتەوەیەك پێك بێنێت'؟ ئەگەر ئەو مەفهوومەی کە لەمەڕ دەستوورەوە هەتانە لە مەفهوومی رۆحی کۆگەلی جیای بکەنەوە- هەروەك بڵێیی رۆحی کۆگەلی دەتوانێت بەبێ دەستوور (یاسای بنەڕەتی) بوونی هەبێت یان بوونی هەبووە- هێزی خەیاڵ کردنتان دەیسەلمێنێت کە تێگەیشتنیتان لەم پەیوەندییە {واتە پەیوەندی رۆح و دەستوور} چەندە رووکەشانە بووە ... ئەوەی دەستوورەکان بە یارمەتی ئەوەوە پێك هاتووە و پێك دێن، هەمان رۆحی ناوەکمێن[٥٤] و مێژووی نەتەوەیە کە ئەویش دیسان مێژووی ئەم رۆحەیە)). بەڵام تەنانەت ئەم جۆرە عیرفانەش هێشتا لەوە تەمومژاویترە کە بتوانێت پاساو بۆ حکومەتی رەها بێنێتەوە. دەبێ روونتر بدوێین و هێگل بەلەز خەریکی ئەم کارە دەبێت و دەنوسێ: ((ئەو گشتە زیندووە و ئەو شتەی کە دەوڵەت و دەستوور دەپارێزێت و بەردەوام

53. Determination
54. Indwelling



دەیهێنێتە بوونەوە، **سیستەمی** دەسەڵاتدارە ... لە سیستەمی دەسەڵاتداردا، ئەگەر وەکو گشتێکی ئۆرگانیك سەیری بکەین، **دەسەڵاتی زاڵ یان فەرماندەیی** ... هەمان ویستی دەوڵەتە کە پارێزگاری لە هەموو شتێك دەکات و بە فەرماندەی ڕەها دەژمێردرێت و بەرزترین **لووتکە** و **یەکیەتییە** گشتگیرەکەیەتی. لە شکلی تەواویی دەوڵەتدا کە تێیدا هەموو توخمێك ... بوونی ئازادی وەدەست هێناوە، ئەو ویستە، **ویستی تاکێکی بە کردەوە و فەرماندەیە** (نەك تەنیا ویستی زۆرینەیەك کە یەکیەتی ویستی فەرماندە تێیدابێ بوونێکی بەکردەوەیە) و ئەوە هەمان حکومەتی پاشایەتییە. کەواتە، کومەتی پاشایەتی، حکومەتی عەقڵی پەرەسەندووە و هەموو جۆرەکانی تری حکومەت سەر بە پلەی خواروتری پەرەسەندن و وەڕاست گەڕانی عەقڵە))[٥٥]. ئەم وتانەی ئاماژەمان بۆ کرد هەر هەموویان لە ئەنسکلۆپیدیای {زانستە فەلسەفیەکان}[٥٦] وەرگیراون، بەڵام بۆ ئەوەی دیسان بابەتەکە روونتر بێت، هێگڵ لە پارچەیەکی هاوشێوەی ئەمە لە کتێبی فەلسەفەی مافدا روونی دەکاتەوە کە ((ئەوەی نرخێنەری دەسەڵاتی میرە لەڕووی میرایەتییەوە، بڕیاری کۆتاییە ... و سەربەستی رەهایە)) و ((توخمێکی بەڕەها بنبڕی ئەم گشتە، یەك تاکە بەتەنیایی، واتە پاشایە)).

کەواتە دواجار مەبەستی سەرەکی بەدیارکەوت. چۆن دەکرێ یەکێك هێندە گەوج بێت کە بۆ وڵاتێك کە لە رەحمەتی پاشایەتی رەها، واتە بەرزترین شێوازی حکومەتی شیاو (ممکین) بەهرەمەندە، داخوازی ((دەستوور)) بکات؟ ئەو کەسانەی کە داخوازی ئەوتۆیان هەیە بێگومان زۆر لەوە نەزانترن تێبگەن چی دەکەن و چی دەڵێن، هەروەك چۆن ئەو کەسانەی ئازادییان دەوێت لەوە کوێرترن سەیری ئەوە بکەن کە لە ژێر پاشایەتی رەهای پروسیادا ((هەموو توخمێك بوونی ئازادی {خۆی} وەدەست هێناوە)). یاخود بەجۆرێکی تر، لێرەدا ئەرگۆمێنتی دیالیکتێکی رەهای هێگل ئەوە دەسەلمێنێت کە پروسیا ((بەرزترین لووتکە)) و قەڵای ئازادییە و حکومەتە رەهاکەی، ئامانجێکە (و نەك هەروەکو رەنگە هەندێ پێیان وابێت زیندانێکە) کە مرۆڤایەتی

٥٥. لەم دوو رستەیەی دواییدا، لەهەموو شوێنی وشەی "حکوومەت" وەرگێڕدراوی وشەی (constitution)ە.

٥٦. ئنسکلۆپیدیا لەساڵی ١٨١٧ بڵاوکرایەوە. تاکە کتێبێکە کە هیگڵ بۆ شیکردنەوەی هەموو فەلسەفەی خۆی نووسیویەتی. ناوی تەواوی بەزمانی ئەڵمانی:
Encyklopadie d. philos. Wissenschaften im Grundrisse.

بەرەو لای پێشەڤەدەچێت و سیستەمە دەسەڵاتدارەکەی، پارێزەرو زێرەڤانی بێگەردترین پاڵاوتەی خەستی ئازادییە. ئەو فەلسەفەیەی کەسەردەمێك بەپاڵپشتی بۆچوونی ئەفلاتون بانگەشەی سەروەری دەکرد لە دەوڵەتدا، بە دەستی هێگل بۆ پلەی سووك و چڕوکترین نۆکەری دەوڵەت، دابەزێنرا.

سەرنجدان لەم خاڵە گرنگە کە ئەم خۆش خزمەتییە بێزارکەرانە، خۆویستانە ئەنجام دراوە[٤٤]. لەو سەردەمە خۆشانەی پاشایەتی رەهادا هێشتا هیچ شوێنەوارێك لە تیرۆری تۆتالیتێر بەرچاو نەدەکەوت و هەروەکو بڵاوکراوەی زۆرو زەوەندی ئازادیخوازەکان دەریدەخات، هێشتا سانسۆر بە چەشنێکی کاریگەر پیادە نەکرابوو. لە کاتی بڵاوبوونەوەی ئەنسکلۆپیدیای {زانستە فەلسەفییەکان}دا، هێگل لە هایدلبرگدا مامۆستای زانکۆ بوو، بەڵام یەکراست دوای بڵاوبوونەوەی ئەم نووسینە، بۆ بەرلین بانگهێشت کراو بە وتەی ستایشکارەکانی لە پلەی ((دیکتاتۆری قبوڵ کراو))ی فەلسەفەدا دامەزرا. رەنگە هەندێ کەس بانگەشەی ئەوە بکەن کە هەموو ئەو پەستنانە تەنانەت ئەگەر راستیش بێت، هیچ شتێك بەزیانی باشی و بەرزی فەلسەفەی دیالێکتیکی هێگل ناسەلمێنێت و لە شکۆیەکەی وەکو فەیلەسووفێك کەم ناکاتەوە. پێشتر لە زمانی شوپێنهاوەرەوە بەرسڤی ئەم بانگەشەیەمان داوەتەوە کە دەڵێت: ((کەڵکی خراپ لە فەلسەفە وەردەگیردرێت- لەلایەن دەوڵەتەوە بۆتە ئامرازی دەست و لەلایەکی ترەوە بۆتە هۆکاری سوودخوازی. **ئایا دەتوانین بەڕاستی بڕوا بەوە بکەین کە حەقیقەت وەکو بەرهەمێکی لاوەکی لەم رێگایەوە ئاشکرا دەبێت**؟.

بە یارمەتی ئەم پارچەی سەرەوە چاوێکی خێرامان بەشێوازی بەکارهێنانی کردەیی میتۆدی دیالێکتیکی هێگل داخشاند. ئێستا با سەیری کارایی لێك بەستراوی دیالیکتیك و فەلسەفەی شوناس بکەین.

هەروەك بینیمان، هێگل لەسەر ئەو بڕوایەیە کە هەموو شتەکان، تەنانەت ماهییەتەکانیش، رەوانن. ماهییەت و ئایدیا و رۆحەکان پەرەدەسێنن و هەڵبەتە پەرەسەندنەکەیان بە چەشنێکی خود بزوێنەر و بەشێوازی دیالێکتیکیە[٤٥]. مەرجە دەبێ دوایین قۆناغی هەموو پەرەسەندنێك عەقڵانی و هەربۆیە، چاك و راستگۆیانە بێت، چونکە چلەپۆپەی هەموو گۆڕانکارییەکانی رابردووە و تەواوی قۆناغەکانی پێشووتر پووچەڵ دەکاتەوە. (کەواتە رەنگە هەموو شتێك بەرەو باشی و باشتر و باشتر بچێت). هەموو رەوتێکی پەرەسەندنی واقعی لەبەر ئەوەی رەوتێکی



واقیعیە، دەبێ بەپێی فەلسەفەی {ئەمئەوەکی} شوناس، رەوتێکی عەقڵانی و مەعقول بێت. ئاشکرایە دەبێ ئەم حوکمە لەمەڕ مێژووشەوە راست بێت.

هێراکلیتوس لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە عەقڵ {یان ئاڕاستەیەکی عەقڵی} لە مێژوودا پەنهانە. لە ڕوانگەی هێگلەوە، پەڕاوی مێژووکراوەتەوە و ئامادەی پشکنینە. پەڕاوێکە تەژییە لە پاکانە و بەرگری رووت کە بە پەنا بردن بۆ حیکمەتی پەروەردگار، پاساو بۆ بەرزێتی رژێمی پاشایەتی پروسیا دێنێتەوەو بە پاڵپشتی بەرزێتی رژێمی پاشایەتی پروسیا، پاکانە بۆ حیکمەتی پەروەردگار دەکات.

مێژوو، رەوتی پەرەسەندنی واقیعە و کەواتە بە پێی فەلسەفەی شوناس{ئەمئەوەکی}، دەبێ مەعقولیش بێت. هێگل پەرەسەندنی جیهانی واقعی (کە مێژوو گرنگترین بەشی پێك دەهێنێت) لەگەڵ جۆرە کردەیەکی لۆژیکی یان رەوتێکی بەڵگەخوازی وەکو یەك سەیر دەکات. بەبڕوای ئەو، مێژوو رەوتی هزریی ((رۆحی رەها)) یان ((رۆحی جیهانی))ـە، هێمای ئەو رۆحەیە، جۆرە پێوەرێکی دیالێکتیکی[٥٧] مەزنە[٤٦] کە هەروەك دەڵێن بە دەستی خواوەند رێك و پێك کراوە. ئەم پێوەرە، گەڵاڵەیەکە خواوەند بەدوای دادەچێت و ئەو دەرەنجامەی کە لە کۆتاییدا بە پێی لۆژیك لێیەوە دەست دەکەوێ، ئامانجێکە کە خواوەند بەدواوەیەتی، واتە تەواویەتی (کمال) جیهان. هێگل لە کتێبی فەلسەفەی مافدا دەنووسێ: ((تەنیا بیرۆکەیەك کە فەلسەفە بەهۆیەوە لە مێژوو نزیك دەبێتەوە، چەمکی سادەی عەقڵە و ئەویش بریتییە لەو دۆکترینە کە عەقڵ سەروەرییەکی زاڵی بەسەر جیهاندا هەیە و هەر بۆیە، مێژووی جیهان، رەوتێکی مەعقولمان بۆ دەخاتە ڕوو. ئەم بیروباوەڕو پێژنە ... لە سنووری فەلسەفەدا حاڵەتی گریمانەیی نییە، بەڵکو لەوێدا دەسەلمێت کە عەقڵ جەوهەرە و دەسەڵاتی بێکۆتاییە ... ماددەی بێکۆتایی ... فۆرمی بیکۆتایی ... توانای بێکۆتاییە ... ئەمە کە ئەو ((ئایدیا)) یان ((عەقڵ))ـە هەمان ماهییەتی راستەقینە و نەمر و بەتوانای رەهایە، و ئەوە کە لە جیهاندا خۆی دەنوێنێ و هیچ شتێك جگە لەم شکۆمەندی و جەبروتە لە جیهاندا خۆنانوێنی، ئەمە بانگەشەیە کە هەروەك وتمان، لە فەلسەفەدا سەلمێنراوەو لێرەدا بە بەڵگێنراو لەقەڵەم دەدرێت)). ئەم لافاوە وشەیە، نامانگەیەنێتە هیچ جێگایەك. بەڵام ئەگەر سەیری ئەو پارچەیە بکەین لەژێر ناونیشانی ((فەلسەفە)) (لە ئەنسکۆپیدیاکەیدا) کە هێگل ئاماژەی بۆ دەکات،

57. Dialectical syllogism

مەبەستەکەی لەمەڕ بەرگری و پاساو هێنانەوە هەندێ روونتر دەبێت، چونکە لەوێدا دەخوێنینەوە: ((ئەوە کە مێژوو و لە هەمووان زیاتر، مێژووی دونیا، لەسەر بنەمای ئامانجێکی خودیی و کردەیی دامەزراوە کە کردەوە تێیدا وەڕاست گەڕاوەو دەگەڕێ- واتە ویستی خواوەند- و ئەوە کە، بەکورتی، عەقڵ لەمێژوودا بوونی هەیە- ئەمانە هەموویان دەبێ لەسەر بناغەی بەڵگەی تەواو فەلسەفی چارەنووسیان روون بکرێتەوەو بەم جۆرە دیاربکرێت کە خودییە و لەڕاستی دا زەروورییە)). بەڵام لەبەر ئەوەی مەبەستی پەروەردگار بەشێوەیدەرەنجامی مێژوویی ((بەکردەوە وەڕاست دەگەڕێت))، دەتوانین سۆسەی ئەوە بکەین کە وەدیهاتنی ئەم شتە هەر لەم پروسیایەی ئێستادا بە ئەنجام گەیشتووە. لە ڕاستیشدا هەروا و تەنانەت چۆنیەتی بەدەست هێنانی ئەم ئامانجەشمان پێ نیشان دەدرێت کە بریتییە لە سێ هەنگاوی دیالێکتیکی لە پەرەسەندنی مێژوویی عەقڵ یان بە وتەی هێگل ((رۆح کە ژیانەکەی ... هەمان سوڕی پێشڕەوی بەتەنبووەکان {یان جیلوەکان}ـە))[٤٧]. هەنگاوی یەکەم، ستەمکاریی رۆژهەڵاتییە، هەنگاوی دووەم، حکومەتی خەڵك و ئەرستۆکراتەکان لە یۆنان و رۆما، سێیەمین و بەرزترین هەنگاو، حکومەتی پاشایی ژێرمانیکە کە هەڵبەتە پاشایەتی رەهایە. هێگل بە ئاشکرا دەڵێت کە مەبەستی جۆرە حکومەتێکی پاشایەتی یۆتۆپیایی و خەیاڵی نییە لە ئایندەدا: ((رۆح ... رابردوو و ئایندەی نییە، بەڵکو لە خودی خۆیدا ئێستایە، ئەمە وەك پێویست و بەزەروورەت بەم مانایەیە کە فۆڕمی ئێستای رۆح لەخۆگری هەموو هەنگاوەکانی پێشووترە و لەوان بەرزترە)).

بەڵام هێگل دەتوانێت تەنانەت لەمەش ئاشکراتر بێتە گۆ. سێیەمین قۆناغی مێژوو، واتە پاشایەتی ژێرمانیك یان ((جیهانی ئەڵمانی))یش دیسان بەسەر سێ بەشی لاوەکیدا دابەش دەکات و دەڵێت[٤٨]: ((دەبێ سەرەتا سەردەمی چاکسازی ئایینی {یان ریفۆرم} وەبەرچاوبگیرێت، واتە ئەو خۆرەی کە لە کۆتایی سەدەکانی ناڤین لە پاش ئەو بەرەبەیانە سوور گوڵەی کە بینیمان، هەڵهات و هەمووانی بە تیشکی خۆی رۆشن کردەوە، پاشان ئەو بارودۆخەی کە لە دوای سەردەمی چاکسازی ئایینیدا هاتە ئاراوە و سەرەنجام سەردەمی نوێ کە سەرەتاکەی بۆ کۆتایی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە)) واتە، بەجۆرێکی تر، لە ساڵی ١٨٠٠ تا ١٨٣٠ (یان دواین ساڵ کە تێیدا ئەم وانانە دەوترانەوە) هێگل سەر لەنوێ دەیسەلمێنێت کە ئەو پروسیایەی لە سەردەمی ئەودا بوونی هەبوو، ترۆپکێکی بەرز و قەڵایەکی پتەو و ئەوپەڕی ئامانجی ئازادییە و دەنووسێ: ((رۆح لەسەرسەکۆی مێژووی جیهاندا {لە دیدی ئێمەوە}



دەبینرێت و بەدیاردەکەوێت و لەسەر ئەم سەکۆیە بە دیارترین شێوە وەڕاست دەگەڕێت و ئاشکرا دەبێت)). هێگل پێیوایە، ماهییەتی رۆح، ئازادییە: ((ئازادی، تاکە حەقیقەتی رۆحە)). لەم روویەوە، دەبێ رەوتی پەرەسەندنی رۆح هەمان رەوتی پەرەسەندنی ئازادی بێت و واپێویست دەکات کە بەرزترین پلەی ئازادی لەم سی ساڵەی پاشایەتی ژێرمانیکدا کە هێمای دواین بەشی پەرەسەندنی مێژووییە، وەدەست هاتبێت. بە وتەی خۆی[٤٩]: ((رۆحی ئەڵمان، رۆحی دونیای نوێیە. ئامانجەکەی، وەڕاست گەڕاندنی حەقیقەتی رەهایە وەکو خود موختاری بێ کەوشەنی ئازادی)). پاشان هێگل دەست دەکات بە پیاهەڵگوت بەسەر پروسیا و دڵنیامان دەکاتەوە کە سیستەمی پروسیا ((لەژێر دەستی دیوانییەکان[٥٨] دایە و لەسەرەوە بە بڕیاری خودی پاشا کۆتایی دێت. هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەروەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، بڕیاری کۆتایی زەروورەتێکی رەهایە)). سەرەنجام هێگل دەگاتە ئەنجامی کۆتایی کارەکەی خۆی و دەنووسێت: ((ئەمە هەمان ئەو خاڵەیە کە {خود}ئاگایی[٥٩] وەدەستی هێناوەو ئەمانەن قۆناغی سەرەکی ئەو شێوەیەی کە ئازادی بەم شێوەیە خۆی وەڕاست گەڕاندووە، مێژووی جیهان هیچ نییە جگە لە ڕەوتی پەرەسەندنی **ئایدیای ئازادی**[٦٠] ... **دادی یەزدانی**[٦١] راستەقینە و پاساو هێنانەوە بۆ خوا لە مێژوودا ... ئەوەی رووی داوە و روودەدات ... لەخودی خۆیدا ئیشی ئەوە)).

کەواتە ئایا لەسەر هەق نەبووم کاتێ دەمگوت هێگل بە یەکەوە پاساو بۆ خواو پروسیا دێنێتەوە؟ ئایا روون و ئاشکرانییە کە ئەو دەوڵەتەی هێگل فەرمانمان پێدەدات وەکو ئایدیای یەزدانی بیپەرستین، تەنیا هەمان پروسیای سەردەمی فردریك ویلهلمە لە ساڵی ١٨٠٠ تا ١٨٣٠ دا؟ ئایا دەشێ کەسێکی تر لەمە زیاتر هەموو شتێکی پاکژ بەم چەشنە بێزارکەرە ئاوەژوو بکاتەوە؟ نەك هەر عەقڵ و ئازادی و یەکسانی و سەرجەم ماناکانی تری پەیوەندیدار بە کۆمەڵگای کراوە، بەڵکو باوەڕی راستگۆیانە بەخودا و تەنانەت هەستی پاکی نیشتمانپەروەری بەم جۆرە بەلاڕێ دابیات؟

---

58. official world
59. Consciousness
60. Idea of freedom
61. Theodicy

**تا ئێرە ئەوەم شیکردەوە کە چۆن هێگل لە خاڵێکەوە دەست پێدەکات کە پێشکەوتنخوازانە و تەنانەت شۆڕشێکڕانەش دێتە بەرچاو بەهەمان میتۆدی دیالێکتیکی وەرسوڕاندن و ئاوەژووکردنەوەی شتەکان کە بێگومان تاکو ئێستا لای خوێنەران روون بۆتەوە، درێژە بە رێگاکەی دەدات و لە ئاکامدا دەگاتە دەرەنجامێك کە بەچەشنێك سەرسوڕهێنەر کۆنسێرڤاتیستیانە (کۆنە پارێزانە)یە. لە هەمان کاتدا، هێگل فەلسەفەی مێژووی خۆی پەیوەست دەکات بە پۆزیتیڤیزمی ئەخلاقی و دادپەروەریی و لەسەر بنەمای مێژوگەرایی پاساو بۆ ئەم رێبازەی دواییان دێنێتەوە. مێژوو قەزاوەتمان لەسەر دەکات. مێژوو و خودا دەسەڵاتە مەوجودەکانیان هێناوەتە بوون و هەر بۆیە، هێزی ئەم دەسەڵاتانە هەقە و تەنانەت هەقی یەزدانیشە.**

**بەڵام تەنانەت ئەم پۆزیتیڤیزمەش لە پانتایی ئەخلاقیدا هێگل رازی ناکات. ئەو زیاتر لەمەی دەوێت. هەروەك چۆن نەیاری ئازادی و یەکسانی دەکات، ئەواش دژایەتی برایەتی مرۆڤەکان و مرۆڤدۆستی یان بە وتەی خۆی ((چاکەکاری)) دەکات. ملکەچی کوێرانە و جۆرە ئەخلاقیاتێکی هێراکلیتی مەیلدار بەرەو ناوبانگ و چارەنووس، دەبێ جێگەی ویژدانی ئەخلاقی بگرێتەوە و جۆرە ناسیۆنالیزمێکی تۆتالیتێر ببێتە جێنشینی برایەتی مرۆڤەکان. چۆنیەتی ئەم کارە لە بڕگەی ٣ و بەتایبەتی بڕگەی ٤ی ئەم بەشەدا روون دەکرێتەوە{٥٠}.**

## ٣

ئێستا لایەنە گشتییەکانی حیکایەتێکی سەیر تاوتوێ دەکەم- حیکایەتی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم لە ئەڵمانیا. ئەو مەیلانەی ئەم زاراوەیە دەلالەتیان لێ دەکات، بێگومان پەیوەندی و پێکچوونێکی بەهێزیان هەیە لەگەڵ راپەڕینی دژی عەقڵ و کۆمەڵگای کراوە. ناسیۆنالیزم لای غەریزە خێڵ پەرستییەکان و حەز و ئارەزوو و حوکمە پێش وەختەکانمان پەسەندە و ژێی خواستی حەسرەتاوی ئێمە وەلەرزین دەخات، بۆ ئەوەی لەژێر فساری بەرپرسایەتی تاکەکەسی رزگارمان بێت و گەرەکیەتی جۆرە بەرپرسایەتییەکی کۆگەلی (دەستەجەمعی) یان گروپی لە جیاتی بەرپرسایەتی تاکەکەسی دابنێت. هەر بە بۆنەی ئەم مەیلانەوەیە سەیر دەکەن تەنانەت کۆنترین بەرهەمی فەلسەفەی سیاسی- واتە لە نووسینەکانی ((ئۆلیگارکی پیر))[٦٢]دا بە

٦٢. بگەڕێنەوە بۆ بڕگەکانی ٤ و٦ و٧، بەشی دەیەم.



چەشنێکی راشکاوانەتر لە بەرهەمەکانی ئەفلاتون و ئەرستۆ- هەندێ بیروبۆچوونی تەواو ناسیۆنالیستیانە دەربڕدراوە. ئەم بەرهەمانە هەر هەموویان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ کۆمەڵگای کراوەو بیرۆکە نوێیەکانی ئیمپڕاتۆریەتخوازی و جیهان نیشتمانی و یەکسانیخوازی نووسراون{٥١}، لە کۆتاییدا نەشونمای زووی ئەم جۆرە فەلسەفە سیاسییە کە مەیلی بەرەو ناسیۆنالیزم هەیە، لە ناکاو لەگەڵ ئەرستۆدا دەوەستێت. لەگەڵ سەرهەڵدانی ئیمپڕاتۆریەتی ئەسکەندەر، ناسیۆنالیزمی راستەقینەی خێڵەکی نەك هەر تاکە ئەبەد بارگەوبنەی دەپێچێتەوە، بەڵکو تا ماوەیەکی درێژیش لە فەلسەفەی سیاسی ون دەبێت. لە ئەسکەندەر بە دواوە، هەموو دەوڵەتە شارستانییەکانی ئەوروپا و ئاسیا دەگۆڕێن بۆ ئەو ئیمپڕاتۆرییەتانەی کە رەنگاورەنگی و جۆراو جۆری رەچەڵەك و بنەچەی ئەو ئەتنانەی لەناویدا دەژین، لە هەژمار نایەت. شارستانیەتی ئەوروپا و هەموو یەکە سیاسییەکانی سەر بەو، لەو کاتەوە تاکو ئێستا حاڵەتێکی نێونەتەوەیی یاخود بەجۆرێکی تر، نێوخێڵایەتی هەبووە. (ئەگەر هەر بەم رادەیە کە لە سەردەمی ئەسکەندەرەوە تا کاتی ئێمە تێپەڕیووە، لە ئەسکەندەرەوە بۆ پێش ئەو بگەڕێینەوە، دەگەین بە ئیمپڕاتۆریەتی دێرینی سۆمەر کە بەڕواڵەت یەکەمین شارستانییەتی نێو نەتەوەیی لەو رۆژگارەدا پێك هێنابوو). ئەوەی سەبارەت بەکردەی سیاسی راستە، لە هەمبەر تیۆری سیاسیشەوە راستە. تا نزیك سەد ساڵ لەمەوبەر، ناسیۆنالیزمی ئەفلاتونی و ئەرستۆیی تاڕادەیەك لە هزری سیاسیدا بارگە و بنەی پێچابۆوە. (هەرچەندە هەڵبەتە هەستی خێڵەکی و ناوچەیی هەمیشە هەر بەهێز بووە). کاتێ کە سەد ساڵ لەمەوبەر ناسیۆنالیزم سەر لەنوێ ژیاوە، ئەم ژیانەوەیە لە یەکێك لە تێکەڵاوترین دەڤەرە تەواو تێکەڵاوەکانی ئەوروپادا روویدا، واتە ئەڵمانیا و بەتایبەتی پروسیا کە ژمارەی دانیشتووانی زیاتر لە سلاڤەکان پێك هاتبوو. (ئەم خاڵە زۆربەی کات نازانرێت کە سەدەیەك لەمەوبەر، ژمارەی دانیشتوانی پرۆسیا بەزۆری سلاڤ بوون و پروسیا لە بنەڕەتدا بە یەکێك لە ویلایەتەکانی ئەڵمان نەدەژمێردرا، سەرەڕای ئەوەی پاشای پروسیا کە وەکو میری براندنبۆرگ[٦٣] لە ریزی ((ئەلکتۆرەکان))[٦٤] ی

63. Brandenburg

٦٤. Electros. بژاردەکان یان ئێلکتۆرەکان... لەمێژووی ئیمپراتۆریەتی پیرۆزی رۆمدا، ئەو میرانەی کە مافی هەڵبژاردنی پاشاکانی ئەڵمان، یاخود بەجۆرێکیتر، 'پاشای رۆمەکانیان' هەبوو... بەکردەوە تەنیا لە ساڵی ١١٢٥ تا ١٤٣٨ هەڵبژاردن بەراستی ئەنجام دەدرا. دواتر، بژاردەکان پاشاکانیان تەنیا لە خانەدانی

ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیا دابوو، بە یەکێك لە میرەکانی ئەڵمان حسێب دەکرا. لە کۆنگرەی ڤیەنا[٦٥]، پروسیا وەکو ((شانشینێکی سلاڤ)) تۆمارکرا و لە ساڵی ١٨٣٠ هێگل تەنانەت هێشتا وەکو نیشتمانی ((سلاڤە بە ئەڵمانی کراوەکان)) لەسەر براندنبۆرگ و مێکلنبۆرگ[٦٦] دەدوێت{٥٢}).

کەواتە، هێشتا کاتێکی زۆر بەسەر ئەو سەردەمەدا تێنەپەڕیووە کە سەر لە نوێ پرنسیپی **دەوڵەتی نەتەوەیی**[٦٧] هاتە ناو فەلسەفەی سیاسییەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم پرنسیپە لەسەردەمی ئێمەدا بە چەشنێکی هێند بەربڵاو پەسەند کراوە کە زۆربەی کات- و بەزۆری بەشێوەیەکی ناخود ئاگایانە- وەکو بەڵگە نەویستێك سەیری دەکرێت و لەبیرکردنەوەی سیاسی خەڵکی ئاساییدا بووتە گریمانەیەکی بەدیهی و بەتایبەتی لەو کاتەوە کە ویلسن[٦٨] پرنسیپی مافی دیاری کردنی چارەنووسی گەلانی لەلایەن خودی نەتەوەکانەوە بە نیەتێکی خێر بەڵام هەڵنەسەنگێنراوەوە هێنایە بەرباس، کەسانێکی زۆر بە پرنسیپی بابەتی ئەخلاقی سیاسیان لەقەڵەم دەدا. مرۆڤ سەری سوڕدەمێنێ کە چۆن دەکرێ کەسێك ئەم پرنسیپە بێ مسداق و ناگشتگیرە پێشنیار بکات لە کاتێکدا بچووکترین زانیاری لەسەر مێژووی ئەوروپا هەبێت و ئاگای لە پاش و پێش بوون و تێکەڵاوبوونی هەموو جۆرە خێڵەکان بێت و ئەوە بزانێت کە شەپۆلی بێ ژماری ئەو نەتەوانەی پاش کۆچکردنیان لەزێدی سەرەکی خۆیان لە ئاسیا، تووشی بازنەی سەر لێشێواوی ئەم نیمچە دوورگانە هاتن کە بە کیشوەری ئەوروپا ناوزەدکراوە، لە یەکتری هەڵبڕان و دیسان لەگەڵ یەکتردا تێکەڵاو بوونەوە. ئەمە هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ویلسنیش وەکو ماساریك[٦٩] کە یەکێك بوو لە گەورەترین خەباتکارانی رێگای کۆمەڵگای کراوە{٥٣}، بوونە قوربانی بزاڤێك کە لە کۆنەپەرسترین و نۆکەر سیفەتترین فەلسەفە سەرچاوەی گرتبوو کە تاکو ئەو سەردەمە لە پانتایی سیاسەتدا بەسەر مرۆڤایەتی بەسەبرد و زەحمەتکێش

هاپسبۆرگ هەڵدەبژارد. لەسەدەی سێزدە ژمارەی بژاردەکان بووبە حەوت... بەڵام لە ١٦٤٨ رای هەشتەم و ... لەساڵی ١٦٩٢ رای نۆیەمیش بۆ هانۆڤەر دانرا..." (دایرە المعارف فارسی)

65. Congress of Vienna
66. Mecklenburg
67. principle of the national state
68. Woodrow Wilson (١٨٥٦-١٩٢٤)

٦٩. T.G. Masaryk (١٨٥٠-١٩٣٧) فەیلەسوف و سیاسەتمەداری چیکۆسلۆڤاکی.



و لەسەرخۆدا، سەپێنراوە. ویلسن بوو بە قوربانی پەروەردە بوون لە قوتابخانەی سیاسی ئەفلاتون و هێگل کە چاوگەکەی میتافیزیك بوو. بوو بە قوربانی بزاڤێکی ناسیۆنالیستی کە بەسەر ئەم قوتابخانەیەدا باڵادەست بوو.

**پرنسیپی دەوڵەتی نەتەوەیی** یان بەجۆرێکی تر، ئەم خواستە سیاسییە کە خاکی هەموو دەوڵەتێك لەگەڵ سەر زەوی نیشتمانی نەتەوەکەدا هاوجووت بێت، بە پێچەوانەی ئەوەی ئەمرۆکە لە ڕوانگەی خەڵکانێکی زۆرەوە سەیر دەکرێ، بەهیچ چەشنێك شتێکی بەڵگەنەویست نییە. تەنانەت ئەگەر کەسێکیش دەرکەوتبووایە و زانیبای کاتێك لەسەر بواری نەتەوایەتی دەدوێت، مەبەستی چییە؟ دیسان بە هیچ جۆرێك روون نەبوو کە بۆچی دەبێت نەتەوە وەکو یەکێك لە چەمکە سیاسییە بنەماییەکان قبوڵ بکرێت و بۆ نموونە لە دین گرنگی زیاتری هەبێت یان لە لەدایك بوون لە نێو ناوچەیەکی جیۆگرافی دیاریکراو، یان ئەمەکناسی دەرهەق بە رەچەڵەك و زنجیرەیەکی (بنەماڵە)ی تایبەت، یان پەیڕەوی کردن لە ئارمانجێکی سیاسی تایبەتی وەکو دیموکراسی (کە دەتوانین بڵێین لە وڵاتێکی فرە زمانی وەکو سویسرا، فاکتەری یەکگرتنە). دەتوانین کەم و زۆر دین یان سەر زەوی یان ئارمانجی سیاسی بە ئاشکرا دیاری بکەین، بەڵام هیچ کەسێك تا ئێستا نەیتوانیوە ئەوە روون بکاتەوە کە مەبەستی چییە لە نەتەوە بە چەشنێك کە بتوانرێت سوود لەم روونکردنەوەیە وەربگیرێت وەکو بنەما لە سیاسەتی پراکتیکیدا. (هەڵبەتە ئەگەر بڵێین نەتەوە بریتییە لە ژمارەیەك خەڵك کە لە وڵاتێکی دیاریکراودا دەژین یان لەوێدا لە دایك بوونە، هەموو شتێك روون دەبێتەوە، بەڵام ئەم وتەیە بە مانای دەست هەڵگرتنە لە پرنسیپی دەوڵەتی نەتەوەتی {یەك نەتەوەیی} کە دەیەوێ وڵات سنووری نەتەوە دیاری بکات نەك بە پێچەوانەوە). هیچ کام لەو بیروڕایانەی کە لایەنگرەکانی پێیان وایە یەکێتی نەتەوە لە رەچەڵەکی هاوبەش یان زمانی هاوبەش یان مێژووی هاوبەش سەرچاوە دەگرێت، بۆ پەسەند کردن ناشێت و بە کردەوە مسداقیەتی نییە. پرنسیپی دەوڵەتی نەتەوەیی نەك بۆ ئەوە نابێت کە پیادەبکرێ بەڵکو مەفهوومەکەی بۆ پرنسیپ و بنچینە بە هیچ جۆرێك روون نییە، ئەفسانەیەکەو تەواو. خەونێکی ناعەقڵانی و یۆتۆپیایی و رۆمانتیکە، خەونی سروشتگەراکان و کۆگەرا خێڵەکییەکانە.

سەیر ئەوەیە کە ناسیۆنالیزمی نوێ، سەرەڕای بوونی مەیلی زاتی کۆنەپەرستانە و ناعەقڵانی، لە مێژووە کورتەکەیدا تا بەر لە هێگل، ئارمانجێکی شۆڕشگێڕانە و ئازادیخوازانە بوو. تەنیا

شتێکی هاوچەشنی ڕێکەوتێکی مێژوویی- واتە دەست درێژی یەکەمین سوپای نەتەوەیی یان سوپای فەڕەنسی ناپلیۆن بۆ سەر خاکی ئەڵمان و دژ کردەوە لە بەرامبەر ئەم ڕووداوە- بووە هۆی ئەوە کە ناسیۆنالیزم ڕێگایەك بۆ ناو کامپی ئازادی بکاتەوە. ڕەنگە سەرنج ڕاکێش بێت کورتەیەك لە مێژووی ئەم ئاڵوگۆڕە بخەینەڕوو و بزانین هێگل چۆن ناسیۆنالیزمی بۆ کەمپی تۆتالیتاریزم گەڕاندەوە- ئەو کەمپەی کە لەو کاتەوە کە ئەفلاتون یەکەمین جار بیروڕای خۆی دەربڕی و وتی پەیوەندی یۆنانی و بەرەبەرەکان وەکو پەیوەندی نێوان سەروەر و کۆیلەکانە، ناسیۆنالیزم سەر بە ئەوێ بووە.

لە یادمانە کە[٥٤] ئەفلاتون بەداخەوە کێشەی بنەمایی سیاسەتی بەم پرسیارە فۆرمۆڵبەندی کرد کە: کێ دەبێ فەرمانڕەوایی بکات؟ دەبێ ویستی کێ وەکو حوکمی یاسا بێت؟ هەتا بەر لە ڕۆسۆ، زۆربەی کات وەڵامەکە لە وشەیەکدا کورت دەکرایەوە: میر. ڕۆسۆ بەرسڤێکی نوێ و لەڕادە بەدەر شۆڕشگێڕانەی دایەوەو وتی گەل فەرمانڕەوایی بکات نەك میر و دەبێ ویستی هەمووان باڵا دەست بێت نەك ویستی تاکەکەسێك. بەم چەشنە بەرەو لایەك پەلکێش کرا کە ویستی گەل یان ویستی دەستە جەمعی یان بە وتەی خۆی ((ویستی گشتی))[٧٠] داهێنا. {چەمکی} گەل هەر کە بە بەخششی ویست ڕازێنرایەوە، دەبووایە بۆ ئاستی ((بەرز کەسایەتی))[٧١] یەك بەزربیێتەوە و بە وتەی ڕۆسۆ: ((سەبارەت بەوەی لە دەرەوەی ئەوە {واتە سەبارەت بە خەڵکی تر}، بگۆڕێت بۆ تاکە بوونەوەرێك یان کەسێکی تاقانە)) سەرەڕای ئەوە کە لەم داهێنانەدا بڕێکی زۆر ویستخوازی ڕۆمانتیك سەبارەت بە کۆگەرایی بوونی هەیە، بەڵام هێشتا هەواڵێك لە مەیلی ناسیۆنالیستیانە نییە. بەم خاڵە، ڕوون و ئاشکرا بوو کە تیۆری ڕۆسۆ هەڵگری تۆوی ناسیۆنالیزمە، چونکە بەم بیروباوەڕە ناسیۆنالیزم جیا دەکرێتەوە کە دەبێ هەموو نەتەوەیەك وەکو یەك کەسایەتی وێنابکرێت. هەنگاوی گەورەی پراکتیکی بە ئاڕاستەی ناسیۆنالیزم لەلایەن شۆڕشی مەزنی فەڕەنساوە هاوێژرا کە سوپایەکی نەتەوەیی لەسەر بنەمای سەربازی یان خزمەتی ئەرکی نەتەوەیی {یان گشتی} دامەزراند.

لە هەنگاوی دواتردا، یەکێك لەو کەسانە کە شتێکی بە تیۆری ناسیۆنالیزمەوە زیاد کرد، هێردێری قوتابی پێشووی کانت و هاوڕێی ئەو سەردەمەی بوو. هێردێر لەسەر ئەو بڕوایە بوو

70. General will (volonte generale یان بە فەرەنسی)
71. super- personality



کە دەبێ دەوڵەتێکی باش خاوەن سنووری سروشتی بێت، واتە ئەو سنوورەی کە لەگەڵ سنوور و توخیبی شوێنی نیشتەجێ بوونی ((نەتەوەکەی))دا گونجاو بێت. یەکەم جار ئەم تیۆرەی لە کتێبەکەیدا لە ژێر ناوی هەندێ بیرۆکە **بەرەو ئامادەکردنی فەلسەفەی مێژووی مرۆڤدا**[٧٢] پێشنیار کرد و نووسی[٥٥]: ((سروشتیترین دەوڵەت ئەو دەوڵەتەیە کە لە یەك نەتەوە پێك هاتبێت لەگەڵ یەك تاکە خووی نەتەوەیی ... هەموو نەتەوەیەك وەکو خێزانێك، بەهۆی گەشەیەکی سروشتییەوە هاتۆتە بوون، هێندە نەبێت کە بەرفراوانترە ... لەمەڕ دەوڵەتیشەوە، وەکو هەموو کۆمەڵە مرۆییەکان، باشترین ڕێکی، ڕێکی سروشتییە، واتە ئەو ڕێکییەی کە تێیدا هەر کەسێك خەریکی ئەو کارە بێت کە سروشت بۆی داناوە)). ئەم تیۆرە کە مەبەستی بوو وەڵامی پرسی سنوورە ((سروشتییەکانی)) دەوڵەت بداتەوە[٥٦]، لە سەرەتادا نفوز و کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوو (هەڵبەتە بەبێ وەبەرچاوگرتنی ئەوە کە وەڵامێکی ئەوتۆ، تازە پرسی نوێی سنوورە ((سروشتییەکانی)) نەتەوەی دەخستەڕوو). شایانی باسە کە کانت خێرا پەی بە ڕۆمانتیزمی نا عەقڵانی و ترسناکی پەنهانی ناو ئەم بەرهەمەی هێردێر بردوو، بەو ڕەخنە ڕاشکاو و بێ پەردەیەی کە ئاڕاستەی کرد، کردی بە دوژمنی باوە کوشتەی خۆی. ئێستا پارچەیەك لەم ڕەخنەیە وەردەگرم، چونکە نەك هەر هێردێر، بەڵکو فەیلەسوفە غەیبگۆکانی دواتری وەکو فیختە و شلینگ و هێگل و هەموو پەیڕەوکارەکانی ئێستای ئەوان بە باشترین شێوە و بە چەشنێکی لێبڕاوانە کۆ دەکاتەوە. کانت دەڵێت: ((تێگەیشتنێکی قوڵ بۆ هەڵبژاردنی وێکچووەکان[٧٣] و خەیاڵدانێکی بوێر بۆ سوود وەرگرتن لێیان، لەگەڵ توانای مۆبۆلیزەکردنی هەستوسۆز و هەڵچوونەکاندا لەگەڵ یەکتر ئاوێتە کراوە بۆ ئەوەی هزر بۆ ئەو ئامانجە رابکێشێت کە هەیەتی- ئەو ئامانجەی کە بەردەوام لە ژێر پەردەی ڕاز دایە. ئەم هەستوسۆزە بە ئاسانی لەگەڵ بیرۆکە بە توانا و قوڵەکان یان لانی کەم ئاماژە قوڵە پڕ ماناکاندا بە هەڵە وەردەگیرێت و چاوەڕوانی ئەوتۆ دەوروژێت زیاتر لەوەی لای هێزی حوکم دان لە سوود و سەودای پاساو بۆ هاتوو خاڵی بێت... هاوواتاکان شوێنی دەربڕینی هۆ دەگرێتەوە و حیکایەتی هێمایی[٧٤] لە جیاتی حەقیقەت دەخرێتە ڕوو)).

72. J.G. Herder, Ideas towards a philosophy of History of mankind (1785)
73. analogies
74. allegories

ئەو كەسە كە ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی بە بەرگی یەكەمین تیۆر رازاندەوە، فیختەبوو. بەپێی بانگەشەی ئەو، سنوورەكانی نەتەوەیەك بەهۆی زمانەوە دیاری دەكرێن. (بەڵام ئەمەش هیچ چارەیەكی پرسەكە ناكات. لە كام خاڵ بە دواوە جیاوازی شێوە زارەكان دەگۆڕێ بۆ جیاوازی زمان؟ سلاڤ و ژێرمەنەكان بە چەندین زمانی جیاواز دەدوێن؟ ئایا دەتوانین بڵێین ئەم جیاوازییانە، تەنیا جیاوازی شێوەزارن؟).

یەكێك لە دامەزرێنەرانی ناسیۆنالیزم لە ئەڵمانی، فیختە بوو و بیروباوەڕەكانی رەوتێكی ئاڵوگۆڕی سەیریان بڕی. لە ساڵی ١٧٩٣ هەستا بە بەرگری كردن لە رۆسۆ و شۆڕشی مەزنی فەڕەنسا و لە ١٧٩٩ هێشتا دەیگوت{٥٧}: ((ئاشكرایە كە لەمەو بە دوا، تاكە جێگایەك كە دەكرێ سەر زەوی باوانی هەموو پیاوێكی خەسڵەت پاك بێت، كۆماری فەڕەنسایەو دەبێ لەنێو هەموو وڵاتەكاندا، هەموو توانای خۆی تەنیا بۆ ئەم وڵاتە بخاتە گەڕ، چونكی نەك هەر راستگۆیانەترین ئارەزووەكانی مرۆڤ، بەڵكو بوونیشی لە گرەوی سەركەوتنی فەڕەنسا دایە ... من بە هەموو هێزمەوە خۆم دەخەمە خزمەت كۆماری {فەڕەنسا})). پێویستە ئەوەمان لەبەرچاو بێت كە كاتێك فیختە ئەم بابەتانەی دەنووسی، خەریكی دانووسان بوو بۆ وەرگرتنی پلەیەك لە زانكۆی ماینتس(٧٥) و ئەم شارە لەژێر دەستی فەڕەنسییەكان دابوو. ئەندرسۆن(٧٦) لە كتێبە باشەكەی خۆیدا لەمەڕ ناسیۆنالیزم دەنووسێت: ((لە ساڵی ١٨٠٤ فیختە ... زۆر حەزی دەكرد لەژێر خزمەتی پروسیا بێتە دەر و ئەو بانگهێشتە قبوڵ بكات كە روسیە بۆی ناردبوو. حكومەتی پروسیا وەك پێویست لە ڕووی داراییەوە نرخیان نەزانیبوو و فیختە هیوادار بوو روسیە باشتر رێزی لێ بگرێت. لەم روویەوە، نامەیەكی بۆ ئەو كەسە نووسی كە لە لایەن روسیاوە بەرپرسی دانووسانەكە بوو و رایگەیاند كە ئەگەر حكومەتی {روسیا} بە ئەندامێتی لە ئاكادیمیای زانستەكانی سێنت پترسبۆرگ دایبمەزرێنێ و مووچەیەكی لانی كەم بە بڕی چوارسەد رۆبڵی بۆ ببڕێتەوە، بە وتەی خۆی تا گیانی لەبەرداماوە، هی ئەوان دەبێت... دوو ساڵ دواتر، گۆڕانی سیمای فیختەی جیهان نیشتمان بەرەو فیختەی ناسیۆنالیست كامڵ ببوو)).

75. Maniz
76. E.N. Anderson



كاتێك كە بەرلین لەلایەن فەڕەنساوە دەستی بەسەردا گیرا، فیختە لەژێر پاڵنەری نیشتمانپەروەری ئەم شارەی بەجێ هێشت بەڵام، بە وتەی ئەندرسۆن، ((ئیشێكی كرد كە ئەم كردەوەیە لە چاوی پاشاو حكومەتی پروسیا ون نەبێت)). لە دوای قبوڵ بوونی مولێر(٧٧) و فون هومبولت(٧٨) بۆ بارەگا و خزمەتی ناپلیۆن، فیختە بە توڕەیەوە بۆ هاوسەرەكەی نووسی: ((من هەرگیز ئیرەیی بە مولێر و فون هومبولت نابەم و خۆشحاڵم كە ئەم شانازییە قێزەونە بە نسیبی من نەبووە ... ئەگەر ... مرۆڤ بە ئاشكرا لە رێگای ئایدیالی بە نرخدا لەخۆ بردوویی هەبێت ... بێگومان لەڕووی ویژدانی خۆی و وەك دیارە لەڕووی سەركەوتنیشی لە ئایندەدا بێ بەرهەم نابێت)). ئەندرسۆن لەم بارەیەوە دەڵێت: ((لەڕاستیدا قازانجیشی كرد، بێگومان بانگهێشت كرانی بۆ زانكۆی بەرلین، دەرەنجامی ئەم رووداوە بوو. هەڵبەتە ئەمە هیچ لەلایەنی نیشتمانپەروەرانەی كارەكەی كەم ناكاتەوە، تەنیا حەقیقەتی بابەتەكە پێشان دەدات)). دەبێ ئەم خاڵەش بە هەموو ئەمانەوە زیادبكەم كە چالاكی فەلسەفی فیختە لە سەرەتاوە لەسەر بنەمای ساختەچییەتی دامەزرابوو. یەكەمین كتێبی خۆی لە كاتێكدا كە خەڵك چاوەڕوانی كتێبی كانت بوون لە زەمینەی فەلسەفەی ئاینییەكان بەبێ ناو لە ژێر سەردێری رەخنەگرتن لە هەموو جۆرە سرووشێك(٧٩) بڵاوكردەوە كە كتێبێكی لەڕادەبەدەر هلاككەر بوو، هەرچەندە بە زیرەكی لاسایی شێوازی كانتی كردبووە. هەموو فرتوفێڵێكی بەكارهینا و یەك لەوان دەنگۆبڵاوكردنەوە، بۆ ئەوەی وەها بە خەڵك پێشان بدرێ كە ئەمە كتێبی كانتە. رەنگە راستییەكە ئاشكراتر بێت ئەگەر ئەوە بێنینە بەرچاوی خۆمان كە فیختە تەنیا لەژێر رەحمەتی دڵنەرمی و دڵۆڤانی كانتدا (كە هەرگیز نەیتوانی لە چەند لاپەڕەیەكی سەرەتای كتێبەكە زیاتر بخوێنێتەوە) توانی بڵاوكەرەوەیەك بۆ بڵاوكردنەوەی ئەم بەرهەمە بدۆزێتەوە. بەڵام كاتێ راگەیاندن بەو نیازەی كە ئەمە كتێبی كانتە، ستایشیان كرد، كانت ناچار بوو بە ئاشكرا رایبگەیەنێت كە ئەمە نووسینی فیختەیە و لەبەرئەوەی فیختە لەناكاو ناوبانگی دەركردبوو، بە پلەی مامۆستای لە ڤێنا(٨٠) دامەزرا. بەڵام كانت جارێكی تریش ناچار بوو راگەیەنراوێكی دیكە بڵاوبكاتەوە بۆ ئەوەی خۆی لەم پیاوە دوور بخاتەوە. ئەم دەستەواژانەی خوارەوە هەر لەم

٧٧. A. Mueller (١٧٧٩ـ١٨٢٩) نووسەر و بیرمەندی ئەڵمانی لە ئابووری سیاسیدا.

٧٨. W. Von Humboldt (١٧٦٧ـ١٨٣٥) سیاسەتمەدارو زمانناسی ئەڵمانی.

79. Critique of All Revelation
80. Jena

راگەیەنراوەدا هاتووە{٥٨} : ((خوا لەشەڕی دۆستەکانمان بمانپارێزی. خۆمان دەتوانین هەوڵ بدەین لەشەڕی دوژمنەکانمان خۆ بپارێزین)).

ئەمانە تەنیا چەند رووداوێکی ژیانی پیشەیی پیاوێکە کە ((چەقە سرۆییەکەی {زۆر بلێی}ـەکەی)) سەرچاوەی ناسیۆنالیزمی ئێستا و چاوگی فەلسەفەی ئایدیالزمی نوێیە کە لەسەر بنەمای ئاوەژووکردنەوەی رێنماییەکانی کانت دامەزراوە. (بە پەیڕەوی لە شوپێنهاوەر، جیاوازی لە نێوان ((زۆر بلێی)) فیختە و ((ساختەچییەتی)) هێگلدا دادەنێین، هەرچەندە دەبێ دان بەوە دابنێم کە سووربوون لەسەر ئەم جیاوازییە رەنگە تاڕادەیەك بەکارێکی بێهوودەبچێت) پرسەکە لەم روویەوە شایەنی گرنگی پێ دانە کە حەقیقەتی بابەتەکە لەمەڕ ((مێژووی فەلسەفە)) و بەشێوەیەکی گشتی سەبارەت بە ((مێژوو)) روون دەکاتەوە. مەبەست نەك هەر واقعیەتی بەجدی وەرگرتنی ئەم جۆرە کۆسانەیە- ئەو واقعیەتەی کە رەنگە زیاتر لەوەی شەرمەزارکەر بێت گاڵتە جارانەیە- و نەك هەر ئەوە کە ئەم جۆرە کەسانە وەکو جۆرە بت و پەرەستراوێکیان لێ دێت و دەبنە بابەتی خوێندنەوەی جدی، بەڵام زۆربەی کات بێزارکەر (و دەبنە پرسیاری تاقیکردنەوە) و دواجار نەك هەر مەبەست ئەم واقعیەتە ترسناکەیە کە فیختەی چەقە سرۆ و هێگلی ساختەچی دێنە ئاستی کەسانێکی وەکو دیموکرتیوس و پاسکاڵ و دیکارت و سپینۆزار و لاك و هیوم و کانت و جان ستوارت میل و برتراندراسل و رێنماییە ئەخلاقییەکانیان بەجدی وەردەگیرێت و رەنگە تەنانەت بە باشتریش لە هی ئەو کەسانەی ناومان هێنان لە قەڵەم بدرێت. هەروەها مەبەست ئەوەی کە ئەم مەداحانەی کە بنووسی مێژووی فەلسەفەن، توانای ئەوەیان نییە هزر لە خەیاڵپڵاو و تەنانەت باشەلە خراپە جیابکەنەوە، هەڵەشەییان گەیشتۆتە جێگایە کە جاڕی ئەوە دەدەن مێژووکەیان قەزاوەتمان لەسەر دەکات و ئەو مێژووی فەلسەفەیەی نووسیویانە بە شێوەیەکی لاوەکی رەخنەیەکە لە ((سیستەمە جیاوازەکانی هزر)). بەڵام بەبڕوای من ئاشکرایە کە بە وەبەرچاوگرتنی ئەو پیاهەڵگوتنانەیان، تەنیا شتێك کە دەکرێ بەشێوەیەکی لاوەکی بکەوێتە ژێر رەخنەوە ئەو مێژوویەیە کە خۆیان لەمەڕ فەلسەفەوە نووسیویانە و ئەو زلگۆیی و هاتو هاوار وروژێنیەیە کە لە رێگای ئەوەوە ویستویانە کاری فەلسەفە وەکو ئیشێکی مەزن پێشان بدەن. لە ڕواڵەتدا ئەوەی ئەم جۆرە خەڵکە لای خۆیان بە ((خەسڵەتی مرۆڤ)) ناوزەدیان کردووە رێساکەی ئەوەیە کە هەرچەندە هزر ناروونتر بێت و کەمتر خزمەتی بەختەوەری مرۆڤ بکات، ئیدعاکانی زۆرتر دەبێت.



فیختە لەکاتێکدا بوو بە پێشڕەوی ناسیۆنالیزم کە جۆرە ناسیۆنالیزمێکی غەریزی و شۆڕشگێڕانە وەکو دژکردەوەیەك لە بەرامبەر هێرشی ناپلیۆندا، لە ئەڵمان تەشەنەی دەسەندو بەرز دەبۆوە یاخود بەجۆرێکی تر، یەکێك لەو دژکردەوە تایبەتییە خێڵەکییانەی کە لە بەرامبەر بەرفراوانبوونی ئیمپڕاتۆریەتە بان نەتەوەییەکان سەر هەڵدەدات. خەڵك خوازیاری چاکسازی دیموکراتیك بوون. راڤەیان بۆ ئەم ریفۆرمە هاوجووت بوو لەگەڵ تێگەیشتنی رۆسۆ و شۆڕشی مەزنی فەڕەنسا، بەڵام ریفۆرمیان بە بێ داگیرکارە فەڕەنسییەکان دەویست و بە یەکجار لە بەرامبەر میرەکانی خۆیان و ئیمپڕاتۆریەتی {فەڕەنسا}دا کەوتنە دژایەتی کردن. ئەم ناسیۆنالیزمە زوو پێگەیشتووە بە گەرموگوڕی ئایینێکی نوێ لەسەر سەکۆ دەرکەوت و وەکو عەبایەك بوو کە بەسەر حەزی مرۆڤدۆستانە و ئازادیخوازانە و یەکسانیخوازانەدا دادرابێت. بە قسەی ئەندرسۆن{٥٩} : ((هەر بەم رادەیە کە مەسیحییەتی دەمارگرژ لەناو دەچوو، ناسیۆنالیزم بردوی دەسەند و جێگەی ئەم جۆرە دیانەتەی پڕ دەکردەوە لە رێگای باوەڕبوون بە جۆرە ئەزموونێکی عیرفانی تایبەت بەخۆی)). ئەمە هەمان ئەزموونی عیرفانی هەستی یەکیەتییە لەگەڵ ئەندامانی تری خێڵی چەوسێنراو کە لەو کاتەدا نەك هەر جێگای مەسیحیەتی دەگرتەوە، بەڵکو دەبوو جێگرەوەی هەستی متمانە و ئەمەکداری بەرامبەر بە پاشاش- ئەو هەستەی کە بەهۆی ستەمکارییەکانی حکومەتی رەها بەرەو نەمان چووبوو. ئەم رێبازە سەربزێو و نوێ و دیموکراتییە بە ئاشکرا چاوگی سەر ئێشە و تەنانەت هەڕەشەش بوو بۆ سەر چینی دەسەڵاتدار و پاشای پروسیا. دەبووایە چۆن رووبەڕووی ئەم مەترسییە ببینەوە؟ لەپاش جەنگە رزگاری خوازەکان، فردریك ویلهلمی پاشای پروسیا، سەرەتا بە وەلانانی راوێژکارە ناسیۆنالیستەکان و پاشان بە دامەزراندنی هێگل هەوڵیدا رووبەڕووی مەترسیەکە ببێتەوە. شۆڕشی مەزنی فەڕەنسا کاریگەری فەلسەفەی سەلماندبوو. لەبەر ئەوەی ئەمە بناغەی ئەو خزمەتە بوو کە خۆی پێشکەشی دەکرد، جەختی لەسەر دەکردەوە. بەپێی نووسینی خۆی{٦٠} : ((بنچینەی خودیی ماتە هێزی ئەم تەنراوە لە ئێستادا شتێکی رۆحییە[81] و لەم رێگەیەوە فەلسەفە زاڵ بووە. دەڵێن شۆڕشی فەڕەنسا دەرەنجامی فەلسەفەیە و بێ هۆنییە کە فەلسەفەیان بە دانایی جیهانگیر ناوزەدکردووە. فەلسەفە نەك هەر لە خودی خۆیدا و بۆ خودی خۆی هەمان حەقیقەتە ... بەڵکو حەقیقەتە بەو جۆرەی کە لە کاروباری دونیایدا خۆی دەردەخات. کەواتە، نابێت ئەم بانگەشەیە رەفزبکەینەوە کە دەڵێت فەلسەفە یەکەمین پاڵی بە

81. the spiritual

شۆڕشەوە نا)). ئەم وتەیە دەریدەخات کە هێگل بەرچاو روون بوو سەبارەت بە ئەرکە هەنووکەییەکەی خۆی کە بریتی بوو لە پاڵنان و تەکاندانێ بەئاراستەی پێچەوانە- ئەو پاڵنانەی کە سەرەڕای ئەوەی بێ پێشینە نەبوو، بەڵام فەلسەفە بەم هۆیەوە دەیتوانی هێزەکانی کۆنەپەرستی پتەو قایم بکات. ئاوەژووکردنەوەی وێنای وەکو ئازادی و یەکسانیش بەشێك بوون لەم ئەرکە. بەڵام ئەرکە بەپەلەترەکە، رامکردنی رێبازی شۆڕشگێڕانەی ناسیۆنالیزم بوو. هێگل بۆ ئەنجام دانی ئەم ئەرکە رۆحی پەندەکەی پارێتوی بەکارهێنا کە دەڵێت: ((دەبێ سوود لە هەستووسۆزەکان وەربگرین نەك هێزی خۆمان لە هەوڵێکی بێهودەدا بۆ وێران کردنی بەفیڕۆ بدەین)). هێگل لە رێگای دژایەتییەکەی راشکاو، سەربزێوی ناسیۆنالیزمی رانەگرت، بەڵکو بەگۆڕینی بۆ ئۆتوریتەخوازی رێککاری پروسیا، پێشی یاخیبوونەکەی گرت و بەم کارەی، چەکێکی بەهێزی بۆ گەڕاندەوە کە هەر لە بنەڕاتدا هی کەمپی کۆمەڵگای داخراوە.

بەڵام ئەم کارانە تاڕادەیەك بە دەستوپێ سپیلکەیی ئەنجام دران. هێگل لەژێر حەزی خۆش خزمەتی بە سیستەمی دەسەڵاتدار، هەندێ جار ناسیۆنالیستەکانی ئاشکراتر لەوەی کە هەیە دەدایە بەر رەخنە، لە کتێبی فەلسەفەی مافدا دەنووسێ{٦١}: ((بەم دواییانە هەندێ کەس سەبارەت بە 'سەروەری گەل' لە بەرامبەر سەروەری پاشادا دەستیان کردووە بە قسەکردن. بەڵام کاتێ 'سەروەری گەل' لەگەڵ سەروەری پاشادا دژ دەکەوێتەوە، بەدیار دەکەوێ کە یەکێکە لەو تەسەوڕاتە شێواوانەی کەلە چەمکی بێ بناغەی گەلەوە سەرچاوەی گرتووە. گەل بەبێ پاشا، لە زۆرینەیەکی بێ قەوارە زیاتر هیچی دی نییە)). پێشتر لە ئینسۆکلۆپیدیادا نووسیبووی: ((زۆربەی کات کۆبوونەوەی تاکی تایبەتی بە **نەتەوە** ناوزەد دەکەن. ئەم کۆمەڵە گەل نین، زۆرینەییەکی سەرسەری و بەرەڵان و تاکە ئامانجی دەوڵەت ئەوەیە کە نەتەوە وەکو کۆمەڵێکی ئەوتۆ **پێ نەنێتە** ناو پانتایی بوونەوە و دەستی بە هێزی کردەوە **رانەگات**. ئەم بارودۆخە سەبارەت بە نەتەوەیەك، دۆخی بێ یاسایی و نارێك و پێکی و نەمانی ئەخلاقی و ئاژەڵ سیفەتییە. لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا، نەتەوە تەنیا هێزێکی دڕندەی کوێر و بێ قەوارەیە وەکو دەریایەکی زریاناوی، بەو جیاوازییە کە دەریا هەوڵی نابودکردنی خۆی نادات، ئەوە لەکاتێك دایە کە نەتەوە لەبەر ئەوەی توخمێکی رۆحانییە، خۆی وێران دەکات. بەم حاڵە، زۆربەی کاتەکان گوێبیستی ئەوە دەبین کە ئەم بارودۆخە بە ئازادی پەتی وەسف دەکەن)). بێگومان، ئەو میتافۆرەی لێرەدا هاتووە بۆ ناسیۆنالیستە ئازادیخوازەکان دەگەڕێتەوە کە شا وەکو نەخۆشی تاعون لەدەستیان رای دەکرد. ئەم خاڵە کاتێك روون و ئاشکراتر دەبێت کە



دەگەینە ئاماژەکانی هێگل بە خەونی ناسیۆنالیستە کۆنەکان بۆ بونیادنانەوەی ئیمپڕاتۆریەتی ئەڵمان. لێرەدا وێڕای پیاهەڵگوتن بە دواین گۆڕانکارییەکانی پروسیا، دەنووسێت: ((ئەو ئیمپڕاتۆریەتە وەهمیە بە تەواوی ون بووە و ئێستا بەسەر دەوڵەتە سەربەخۆکاندا دابەش بووە)). مەیلە دژە ئازادیخوازەکانی هێگل وای لێدەکرد کە وەکو نموونەیەکی تەواوی ((نەتەوە)) بە مانا خراپ و ناپەسەندەکەی سەبارەت بە ئینگلتەرا بدوێت: ((بۆ نموونە ئینگلتەرا بێننە بەرچاوی خۆتان، لەبەر ئەوەی تاکە تایبەتییەکان تێیدا زۆرترین پشکیان هەیە لە کاروباری گشتی دا، وەکو خودان ئازادترین شێوازی حکومەت سەیر دەکرێن. ئەزموون دەریخستووە ئەم وڵاتانە بە بەراورد لەگەڵ سەجەم دەوڵەتە شارستانییەکانی ئەوروپا، لە رووی یاسای مەدەنی و سزایی و لەڕووی رێوشوێنی یاسایی و ئازادی خاوەندارێتی و لەمەڕ رێوشوێنی پێویست بۆ هونەر و زانستەکان، لە هەموویان لەپاشتر و لەوێدا ئازادی بابەتی یان مافی ژیرانە[٨٢] دەکرێتە قوربانی مافی رووالەتی[٨٣] {وێنەیی}{٦٢} و قازانجی تایبەتی و لاوەکی و ئەم کارە تەنانەت لە دەزگا و ئەملاکی تەرخانکراو بۆ کاروبارە ئایینییەکانیشدا ئەنجام دەدرێت)). قسەیەکی زۆر سەیرو سەمەرەیە بەتایبەتی کاتێ کە پرسی ((هونەر و زانستەکان)) دێتەگۆڕێ، چونکە لەم رووەوە هیچ شوێنێك لە پروسیا دواکەوتوتر نەبوو. زانکۆی بەرلین لەژێر کاریگەری جەنگەکانی ناپلیۆندا بنیات نرابوو و ئامانجی دامەزراندنەکەی بە وتەی پاشا{٦٣} ئەوەبوو: ((ئەوەی دەوڵەت لەڕووی هێزی مادییەوە لەدەستی داوە، لەرێگەی توانای بەرزتری هزری و عەقڵی قەرەبووی بکاتەوە)). بەڵام چەند لاپەڕەیەك دواتر، هێگل ئەو شتانە فەرامۆش دەکات کە لەمەڕ ((هونەر و زانستەکانی)) ئینگلتەرا وتوویەتی و باسی ئینگلتەرا دەکات ((کە تێیدا، هونەری مێژوونووسی پاکژ و پالاوتەیە و خەسڵەتێکی توکمەتر و پێگەیشتووتری بەدەست هێناوە)).

کەواتە بۆمان دەردەکەوێ کە هێگل دەیزانی ئەرکەکەی بەربەرەکانییە لەگەڵ مەیلی ئازادیخوازانە و تەنانەت ئیمپڕاتۆریەتخوازانەی ناسیۆنالیستەکان. ئەرکەکەی خۆی بەم چەشنە بەجێ دەگەیاند کە ئەوەی بە ناسیۆنالیستەکان قبوڵ کرد، ئەگەر هەر دەخوازییەکیان هەبێت کە لەسەر بنەمای ئارمانجی کۆگەرایی دامەزرابێت، یەکراست بەهۆی دەوڵەتێکی بەتوانی رەها ئەنجام دەدرێت و ئەوان دەبێ تەنیا یەك کار بکەن، ئەویش پتەوکردنی دەسەڵاتی دەوڵەتە.

82. rational right
83. formal right

بەپێی نووسینی ئەو[٦٤]: ((دەوڵەتی نەتەوەیی هەمان <u>ڕۆحە</u>، لەڕووی مەعقولیەتی وەڕاستگەڕاو و فعلیەتی بێ نێوبەندە و هەربۆیە، دەسەڵاتی هەمان ڕۆحە، لەڕووی مەعقولیەتی وەڕاست گەڕاو و فعلیەتی بێ نێوبەندە و هەر بۆیە، دەسەڵاتی ڕەهای سەر زەوییە ... دەوڵەت بریتییە لە ڕۆحی نەتەوە. دەوڵەتی مەوجود بەکردەوە لە هەموو کاروبارە لاوەکی و جەنگ و دامەزراوەکانی خۆی لەلایەن ئەم ڕۆحەوە گیانی دێتەبەر ... خود ئاگایی هەموو نەتەوەیەکی تایبەت، هۆیەکە بۆ ... گەشە و بەرزبوونەوەی ڕۆحی کۆگەلی، ... ڕۆحی زەمەن، ویستی خۆی دەسپێرێتە ئەو. ڕۆحە نەتەوەییەکانی تر لەبەرامبەر ئەم ویستەدا خاوەنی هیچ مافێك نین: و هەمان نەتەوە بەسەر دونیادا زاڵ بێت)). کەواتە کاراکتەری سەکۆی مێژوو، نەتەوە و ڕۆح و ویستەکەیەتی. مێژوو بریتییە لە جەنگی ڕۆحە جیاوازە نەتەوەییەکان بۆ زاڵ بوون بەسەر جیهاندا. کەواتە، وا پێویست دەکات کە ریفۆرمی جێگەی مەبەستی ناسیۆنالیستە ئازادیخوازەکان، نازەرووری بێت، چونکە کاراکتەری سەرەکی نەتەوە و ڕۆحی نەتەوەیە. ئەوکات، ((هەموو نەتەوەیەك ... خاوەن دەستوورێکی گونجاو لەگەڵ خۆی و هی خۆیەتی)). (پۆزەیتیڤیزمی دادوەری)[٨٤]. کەواتە بۆمان دەردەکەوێت کە هێگل لەلایەکەوە پەرستنی ئەفلاتونیانە و پروسگەرایانەی دەوڵەت و لەلایەکی ترەوە، پەرستنی مێژوو و بەندایەتی لەبەرامبەر سەرکەوتن لە مێژوودا لە جێگەی توخمی ئازادیخوازی ناسیۆنالیزم دادەنێت. (فردریك ویلهلم لە بەرامبەر ناپلیۆندا سەردەکەوێت). بەم چەشنە هێگل نەك هەر پاژێکی نوێی لە مێژووی ناسیۆنالیزم دا کردەوە، بەڵکو تیۆرێکی نوێی بۆ ناسیونالیزم دەستەبەر کرد. فیختە، هەروەك بینیمان، ناسیۆنالیزمی بە بەرگی تیۆرێك ڕازاندبۆوە کە لەسەر بنەمای زمان دامەزرابوو. هێگل تیۆری مێژوویی نەتەوەیی هێنایە ئاراوە. بەبڕوای ئەو، نەتەوە لەگەڵ ئەو ڕۆحەی کە لە مێژوودا کار دەکات یەکدەگرێت و بوونی دوژمنە هاوبەشەکان و هەستی هاوسەنگەری و ڕکەبەرایەتی لە جەنگەکانی ڕابردوو، هۆکاری ئەم یەکگرتنەیە. (دەڵێن ڕەگەز بریتییە لە کۆمەڵێك مرۆڤ کە نەك بەهۆی بنەچەو ڕەچەڵەکی هاوبەش، بەڵکو بەهۆی هەڵەی هاوبەش سەبارەت بە بنەچەو ڕەچەڵەتی خۆیان، یەکیەتیان لەنێو خۆیاندا دروست کردووە. بەم چەشنە، دەتوانین ئاوها بڵێین کە نەتەوە بە مەفهوومی هێگل بریتییە لە کۆمەڵێك مرۆڤ کە بەهۆی هەڵەی هاوبەش لە هەمبەر مێژووی خۆیانەوە، یەکیانگرتووە).

٨٤. واتە هەر یاسایەك هەیە، لەسەر هەقە (یان ڕەوایە).



ئاشکرایە کە چۆن ئەم تیۆرە بە ڕێبازی مێژوویی ماهییەتگەرای هێگلەوە دەلکێت. مێژووی هەر نەتەوەیەك هەمان مێژووی ماهییەت یان ((ڕۆح))ـەکەیەتی کە لەسەر ((سەکۆی مێژوو)) بوونی خۆی دەسەلمێنێت.

لەکۆتایی ئەم کورتە لێدوانە سەبارەت بەسەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم، خراپ نییە ئاماژەیەکیش بە خاڵێك بکەم لەمەڕ ئەو ڕووداوانەی بووە هۆی دامەزرانی ئیمپڕاتۆریەتی ئەڵمان بەدەستی بیسمارك. میتۆدی هێگل ئەوەبوو کە سوود لە هەستوسۆزی ناسیۆنالیزم وەربگرێت نەك هێزی خۆی لە هەوڵێکی بێهودەدا بۆ وێران کردنی بەفیڕۆ بدات. بەڵام ئەم فێڵە ناسراوە، وەك دیارە هەندێ جار دەرەنجامی سەیری لێ دەکەوێتەوە. لە سەدەکانی ناڤیندا، تەنانەت گۆڕینی مەسیحیەت بۆ ئاینێکی ئوتوریتەگەرا و مەرجەعیەتخوازیش نەیتوانی مەیلە مرۆڤدۆستانەکانی دینی مەسیح بە تەواوی سەرکوت و قەڵاچۆ بکات. بەردەوام و دووبارە مەسیحیەتی لە پشت پەردەی ئوتوریتەگەرابیەوە سەری دەردێنا (و بەدەست تێکەڵ کردن لەگەڵ ئیلحاد ئازاریان پێگەیاند). کەواتە پەندەکەی پارێتو لەلایەکەوە بووە هۆی پووچەڵ کردنەوەی مەیلە مەترسیدارەکان بۆ سەر چینی دەسەڵاتدار و لەلایەکی ترەوە، بێ ئەوەی نیازێك لە ئارا دابێت، یارمەتی پاراستنی ئەم مەیلەی کرد. سەبارەت بە ناسیۆنالیزمیش ڕەوتێکی هاوشێوەی ئەمە ڕوویدا. هێگل ناسیۆنالیزمی ڕام کرد و سەر بزێوییەکانی ڕاگرت و دەیەویست جۆرە ناسیۆنالیزمێکی پروسیایی لە جیاتی ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی دابنێت. بەڵام هەر ئەم (هەروەك خۆی دەڵێت) ((گۆڕینی ناسیۆنالیزم بۆ یەکێك لە بەشە پێکهێنەرەکانی)) پروسگەرایی، بووە هۆی ئەوە کە ناسیۆنالیزم ((بپارێزرێت))[٨٥] و پروسیا سەیری کرد هیچ چارەیەکی نییە جگە لەوەی سوود لە هەستوسۆزی ناسیۆنالیستیانەی ئەڵمان وەربگرێت و کاتێ لە ساڵی ١٨٦٦ کەوتە جەنگ لەگەڵ نەمسا، ناچار بوو لەژێر ئاڵای ناسیۆنالیزمی ئەڵمان و بە بیانووی دابین کردنی پێشەوایەتی ((ئەڵمان)) پەنا بۆ ئەم کارە ببات و ئەو پرۆسیایەی کە لە ساڵی ١٨٧١ زۆر بەرفراوان ببۆوە، وەکو ((ئیمپڕاتۆریەتی نوێی ئاڵمان)) و ((نەتەوەی نوێی ئەڵمان)) بە دونیا بناسێنێت کە بە پێی تیۆری هێگل لەمەڕ مێژووی نەتەوەکان و هەروەها لە ژێر ڕەحمەتی جەنگ، وەك یەك شت بەیەکەوە لکابوو.

٨٥. ئاماژەیە بۆ تیۆری دیالێکتیکی "تێز"و "ئەنتی تێز"و "ستێنیتێز".

## ٤

هێشتا لە سەردەمی ئێمەدا ڕێبازی مێژووگەرایی شێتانەی هێگل وەکو کۆدێك وایە کە گەشەی خێرای تۆتالیتاریزم لەوەوە سەرچاوە دەگرێت. هەروەك لە بڕگەی (٥)ی ئەم بەشەدا پێشانی دەدەین، ئەوەی زەمینەکەی خۆش کردووەو پەروەردەی و فێرکردنی تەزویر و ناراستگۆیی فیکری فێری ڕۆشنبیرەکان کردووە، هەر ئەم ڕێبازە بووە. پێویستە پەند وەربگرین و فێری ئەوە ببین کە بنەما و بناغەی هەموو ئەو شتانەی خۆشمان دەوێت، ڕاستی و ڕاستگۆیی هزریە.

بەڵام هەر ئەوەندە و بەس؟ ئایا لە ڕووی ویژدان و عەداڵەتەوە تاڕادەیەك خەمسارد نەبووینە؟ ئایا ئەم بانگەشەیە بە تەواوی پووچ و بێ بناغەیە کە مەزنی هێگل بۆ داهێنان و ئەفراندنی شێوازێکی نوێ، شێوازێکی مێژوویی نوێ بووە بۆ بیرکردنەوەو هەر لەبنەڕەتدا هۆشیارییەکی مێژوویی نوێ بووە؟.

بەشێکی زۆر لە هاوڕێکانم لەمەڕ ئەو تێڕوانینەی کە سەبارەت بە هێگل هەمبووە و بێ تواناییم بۆ تێگەیشتن لەمەزینەکەی، ڕەخنەیان لێ گرتووم. هەڵبەتە ئەوان بە تەواوی لەسەر هەق بوونە، چونکە بەڕاستی من بێ توانا بوومە لە دەرك کردنی ئەم بابەتە (و ئێستاش بێ توانام)، بەڵام بە لابردنی ئەم کەموکوڕییە، توێژینەوەیەکی تاڕادەیەك ڕێکوپێکم سەبارەت بەم کارە ئەنجامدا کە مەزنی هێگل لە کوێ دایە؟

دەرەنجامەکە نائومێدکەر بوو. بێگومان، وتەکانی هێگل لە هەمبەر بەرفراوانی و مەزنی گەمەی مێژوو، فەزایەکی پێك هێنا بۆ هۆگری و گرنگی دان بەم بابەتە. دیسان بێگومان، گشتڕوانی و قۆناغبەندی و ڕاڤە و شرۆڤە دوورودرێژەکانی کە هەر هەموویان سەرچاوەکەیان بۆ مێژووگەرایی دەگەڕێتەوە، بەجۆرێك مێژوونووسەکانی شەیداکرد و بۆ مەیدانی تاقیکردنەوە بانگهێشتی کردن کە هەندێکیان دەستیان کرد بە ئەنجامدانی توێژینەوەی بە نرخ و وردی مێژوویی (و بەبێ ڕێزپەڕ خوێندنەوەکانیان لاوازی دۆزینەوەکان و بێ هێزی میتۆدەکەی ئەویان ئاشکرا کرد). بەڵام پێویستە سەیری ئەوە بکەین کە ئەو کاریگەرییەی کەسانی تری بۆ هێنایە مەیدانی هونەرنوێنی، کارێك بوو کە مێژوونووسێك تێیدا سەکەوتووبوو یان فەیلەسووفێك؟ ئایا ئەم سەرکەوتنە، زیاتر هی پڕوپاگەندە چییەك نەبوو؟ بۆم دەرکەوت حەز دەکەن کە (ئەگەر لە بنەڕەتدا هیچ بایەخێك بۆ هێگل دابنێن) وەکو فەیلەسووفێك ڕێزی لێ بگرن و فەیلەسووفەکان لەسەر ئەو بڕوایەن کە (ئەگەر هەر لە بنەڕەتدا



بە خزمەتکاری دابنێن) خزمەتەکانی لە ئاست یارمەتی بۆ تێگەیشتن لە مێژوو دیاری بکەن. بەڵام هەر چۆنێك بێت، مێژووگەرایی جیاوازی هەیە لەگەڵ مێژوودا و بڕواهێنان نە پێشاندەری تێگەیشتنە لە مێژوو و نە هۆشیاری مێژووییە و ئەگەر بمانەوێت گەورەیی هێگل وەکو مێژوونووس یان فەیلەسووفێك هەڵبسەنگێنن، پێویستە لە جیاتی ئەم پرسیارە کە ئایا هەندێ کەس ئیلهامیان لە تێڕوانینی مێژوویی ئەو وەرگرتووە یان نا، لە خۆمان بپرسین چ هەوێنێکی حەقیقەت لەم تێڕوانینەدا پەنهانە.

تەنیا بیرۆکەیەکی گرنگم دۆزیەوە کە دەکرا بە چەشنێکی لاوەکی بانگەشەی ئەوە بکەین لە فەلسەفەی هێگلدا، بوونی هەیە و ئەویش ئەو بیرۆکەیە بوو کە غافڵ لە قەرزداری عەقڵ دەرهەق بە نەریت، هێگلی دەوروژاند بۆ هەڵکوتانە سەر ڕێبازی عەقڵاندن و عەقڵانیەتی ئەبستراکت. مەبەست جۆرە ئاگاییەکە لەسەر ئەم واقعیەتە کە مرۆڤەکان ناتوانن لە پانتاییەکی بە تەواوی چۆڵەوە دەست پێبکەن و لە هیچەوە جیهانێکی هزری بخولقێنن، بەڵکو بیروبۆچوونیان زیاتر بەرهەمی میراتە هزری و عەقڵیەکانە. (لەگەڵ ئەوەشدا، هێگل خۆی ڕێك ئەم مانایە لە لۆژیکەکەیدا فەرامۆش دەکات).

دان بەوە دادەنێم کە ئەمە خاڵێکی گرنگە و ئەگەر کەسێك هەوڵی بەدواداگەڕان و توێژینەوە بدات، ڕەنگە بتوانێت لە هێگلدا بیدۆزێتەوە. ئەو شتەی نکۆڵی لێ دەکەم ئەوەیە کە ئەم هزرە لە خودی هێگل دانەچۆڕاوە، چونکە هەموو ڕۆمانتیکەکان تێیدا هاوبەشن. ئەوە کە کۆمەڵگا بەرهەمی مێژوویە و نەك داهێنانێك یان ئەفراندنێك کە عەقڵ گەڵاڵەڕێژی بۆ کردبێت، ئەم بابەتەکە هەموو شتەکان بەشکل و ڕێك و پێکییەکن کە لە ژێر کاریگەری یاریی ڕووداو و پێشهاتە پێش بینی نەکراوەکانی مێژوو سەریان هەڵداو لە هەوراز و نشێوی هزر و بەرژەوەندی و کێشمەکێشی ڕەنج و حەزو ئارەزووەکانەوە سەری دەرهێناوە، ئەم بیرۆکانە هەموویان بەر لە هێگل بوونیان هەبووە و سەرچاوەکەی بۆ ئەدمۆنك بێرك دەگەڕێتەوە کە پێ داگرتنی لەسەر مانا و گرنگی نەریتەکان لە ڕووی ئەرکی هەموو دەزگا کۆمەڵایەتییەکانەوە، کاریگەرییەکای مەزنی لەسەر بیرکردنەوەی سیاسی لایەنگرانی بزاڤی ڕۆمانتیکی ئەڵمانیا دانابوو. دەتوانین هەندێ نیشانەی ئەم کاریگەرییە لە هێگل-یشدا بدۆزینەوە، ئەوەندە نەبێت کە تەنیا بە چەشنێکی زێدەڕۆیانە و بۆ بەرگری نەشیاوی جۆرە ڕێژەگەراییەکی مێژوویی و پەرەسەندنی- یاخود بەجۆرێکی تر، لە شێوەی ئەم تێۆرە مەترسیدارەدا کە ئەوەی ئەمڕۆ لە ڕیزی

بیروباوەڕەکان دایە، لە واقعدا راستیشە و لە شێوەی ئەو دەرەنجامە دیسان مەترسیدارە کە ئەوەی دوێنێ راست بوو (واتە ئەوەی راست بوو نەك تەنیا ئەو شتەی کە بە بەشێك لە بیروباوەڕەکان دەژمێردرێت) لەوانەیە سبەینێ درۆ بێت- هەڵبەتە زۆر دوورە ئەم تیۆرە هیچ کەسێك هان بدات بۆ وەدەست هێنانی ئاگایی لەمەڕ گرنگی و مانای ترادیسیۆن.

## ٥

ئێستا هەوڵ دەدەم تاوتوێ کردنی دوایین بەشی توێژینەوە لەسەر هێگلیانیزم و پەیوەندییەکانی خێڵ پەرستی یان تۆتالیتاریزمی نوێ لەگەڵ رێنماییەکانی هێگل شی بکەمەوە.

هەڵبەتە، ئەگەر مەبەستم نوسینی مێژووی سەرهەڵدانی تۆتالیتاریزم بووایە، پێویست بوو لە مارکسیزمەوە دەست پێ بکەم، چونکە فاشیزم خۆی لە هەندێ لایەنەوە لە ئاکامی لەبەریەك هەڵوەشانی مەعنەوی و سیاسی مارکسیزم هاتە ئاراوە. (هەروەك دواتر دەبیینین، هەر ئەم حوکمە سەبارەت بە پەیوەندی نێوان لینینیزم و مارکسیزمیش راستە). بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو بابەتە وبنەڕەتییەی کە من هەوڵی تاوتوێ کردنی دەدەم رێبازی مێژووگەراییە، گەرەکمە لێکۆڵینەوە لەسەر مارکسیزم وەکو چڕترین شێوەی مێژووگەرایی کە تاکو ئێستا سەری هەڵداوە بۆ دواتر هەڵگرم و سەرەتا لەسەر فاشیزم بدوێم.

تۆتالیتاریزمی نوێ تەنیا پێشهاتێکە لە ڕەوتی ڕاپەڕینی هەمیشەیی دژی عەقڵ و ئازادی. جیاوازییەکانی لەگەڵ پێشهاتەکانی پێشوو هێندە پەیوەست نییە بە ئایدۆلۆژیای تایبەتی ئەم رووداوانە، بەڵکو زیاتر خۆی لەم حەقیقەتەدا مەڵاس داوە کە رێبەرەکانی تۆتالیتاریزم توانیان یەکێك لە بوێرانەترین خەونی پێشینیانی خۆیان بخەنە قاڵبی پراکتیکەوە و راپەڕین لە بەرامبەر ئازادی بگۆڕن بۆ بزوتنەوەیەکی جەماوەری. (هەڵبەتە نابێ زێدەڕۆیی لەلایەنە جەماوەرییەکەیدا بکەین، چونکە رۆشنبیرەکان تەنیا بەشێکن لە خەڵك). ئەوەی هەل و دەرفەتی بۆ تۆتالیتاریزم رەخساند، لەبەریەك هەڵوەشانی بزاڤێکی جەماوەری دیکە بوو، واتە سۆسیال دیموکراسی یان شێوەی دیموکراتیکی مارکسیزم لە وڵاتە پەیوەندیدارەکاندا کە لە زەینی خەڵکی کرێکاردا، وەك هێمای ئازادی و یەکسانی خۆی دەنواند کاتێ دەرکەوت کە تەنیا بە رێکەوت نەبوو کە ئەم بزاڤەی نەیتوانی لە ساڵی ١٩١٤دا هەڵوێستێکی لێبڕاو و پتەو لە دژی جەنگ وەربگرێت، ئەو کاتە کە روون بۆوە بزاڤەکە توانای چارەسەرکردنی کێشەی ئاشتی و لەسەرووی هەمووانەوە، پرسی بێکاری و بێ بازاڕی ئابووری نییە و سەرەنجام هەر کە



بزوتنەوەکە بۆ بەرگری کردن لە خۆی لەبەرامبەر دەستدرێژی و سەرەڕۆیی فاشیزم دا لاواز و دوو دڵ بوو- زۆربەتوندی باوەڕ بە بەهای ئازادی و ئیمان بە دەرفەتی وەدەست هێنانی یەکسانی لەرزۆك بوو و راپەڕیوە هەمیشەییەکانی دژی ئازادیش توانیان لە رێگای فرتوفێڵ و هێزەوە، کەم و زۆر پشتیوانی خەڵك بەدەست بێنن.

هەر ئەم راستییە کە فاشیزم ناچار بوو بەشێك لە میراتی مارکسیزم قبوڵ بکات، تاکە رەهەندی ((داهێنراو و نوێی)) ئەم رێچکەیە روون دەکاتەوە کە تەنیا خاڵی لادەرییە لە شێوازە تەقلیدی و هەمیشەییەکەی راپەڕین لە دژی ئازادی. مەبەستم ئەو خاڵەیە کە فاشیزم هێندە گرنگی نەدەدا بە پەنابردنی راشکاوانە بۆ سەرچاوە بان سروشتییەکان. نەك هەر لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا بێ دین و موڵحد و بێ بەری بوو لە هەندێ توخمی عیرفان و ئایین- بەڵام بەرفراوان بوونی گومانکاری لە رێگای مارکسیزمەوە بارودۆخێکی ئەوتۆی لێ کەوتەوە کە هیچ ئارمانجێکی سیاسی خوازیاری راکێشانی رەزامەندی گشتی چینی کرێکار، نەیدەتوانی خۆی بە یەکێك لە جۆرەکان ئایین و ئایینزانە تەقلیدییەکان دەروەست و پابەند بکات. لەم روویەوە، فاشیزم لانی کەم لە قۆناغە بەراییەکاندا، تێکەڵەیەکی (هەویرێکی) لە ماددیەتی پەرەسەندنی سەدەی نۆزدەشی بە ئایدۆلۆژیای خۆیەوە زیادکرد.

لێرەوەیە بۆمان دەردەکەوێ کە فەرمانی لێنانی هەویری فاشیزم لە هەموو وڵاتەکاندا وەکو یەکە: هێگل لەگەڵ هەندێ هەوێنی ماددیەتی سەدەی نۆزدە (بەتایبەتی داروینیزم لە شێوەی تاڕادەیەکی پێنەگەیشتووی (سادە بینانە) هەیکلدا[٨٦]{٦٥}). رەگی توخمی ((زانستی)) رەگەزپەرستی دەگەڕێتەوە بۆ هەیکل کە لە ساڵی ١٩٠٠ پێشبڕکییەکی بۆ هەڵبژاردنی باشترین نووسین لە ژێر ئەم سەردێڕەدا پێك هێنا: ((دەتوانین چی لە پرنسیپەکانی داروینیزم سەبارەت بە ئالوگۆڕی ناوەکی و سیاسی دەوڵەتەکانەوە فێر ببین؟)) خەڵاتی یەکەم بەخشرا بە نووسینی رەگەز پەرستانەی دووررودرێژی شالمایر و بەم چەشنە ئەو بوو بە باوکی مەزنی بایۆلۆژی رەگەزیی. جێگای سەرنجەکە ئەم رەگەزپەرستییە ماددەگەرایە، سەرەڕای ئەو بنەچە و رەگە زۆر جیاوازەی کە هەیبوو، تا چ ڕادەیەك بە رێبازی سروشتی ئەفلاتون دەچێت. لە هەردوو حاڵەتدا، هزری سەرەکی ئەوەیە کە دارمان، بەتایبەتی دارمانی چینە بەرزەکان، چاوگی سەرەکی نەمان و گەندەڵی سیاسییە (هەڵبەتە مەبەست پێگەیشتنی کۆمەڵگای کراوەیە). جگە لەمە،

٨٦. Ernest Hackle (١٨٣٤ـ١٩١٩). زیندەوەرزان و فەیلەسووفی ئەڵمانی.

ئەفسانەی نوێی ((خوێن و خاك)) هاوتایەکی ڕێك و وردی ئەفسانەی ئەفلاتونی ((خاکزادەکان))ـە. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، فۆرمۆڵی ڕەگەزپەرستی ئەمڕۆ، ((هێگل+ هەیکل))ـە نەك، ((هێگل+ئەفلاتون)). هەروەك دواتر بۆمان دەردەکەوێت، مارکس ماددە و بەرژەوەندی ماددی و ئابووری لە جێگای ((ڕۆح))ی هێگل دانا. ڕەگەزپەرستیش هەر بەم جۆرە، شتێکی ماددی، واتە چەمکی نیمچە بایۆلۆژی ((خوێن)) یان ((ڕەگەز))ی لە جیاتی ((ڕۆح))ی هێگل دانا. ئێستا لە جێگای ((ڕۆح))، ((خوێن)) ئەو ماهییەتە خود- پەرەسێنەیە. ((خوێن))ـە بەسەر جیهاندا سەروەرییەکی باڵادەستانەی هەیە و لەسەر سەکۆی مێژوو دەردەکەوێت. ((خوێن))ی هەر نەتەوەیەك و نەك ((ڕۆح))ـەکەی، چارەنووسی خودیی نەتەوە دیاری دەکات.

بەڵام گەڕانەوەی هێگلیانیزم بۆ ڕەگەزپەرستی یان گۆڕینی ڕۆح بەخوێن، گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە مەیلی سەرەکی هیگلیانیزمدا پێك ناهێنێت و تەنیا ڕەنگ و ڕوویەکی بایۆلۆژی و پەرەسەندنگەرایانەی نوێی پێ دەبەخشێت. دەرەنجامەکە، ڕێبازێکی ماددی و لە هەمان کات عیرفانییە کە بڕوای بە ماهییەتێکی خود- پەرەسێن هەیە و ئایینی پەرەسەندنی ئەخلاقی (کە برگسۆنی هێگلیی پێغەمبەرەکەی بوو[٦٦]) بە بیردێنێتەوە. برناردشۆ بە چەشنێك کە پێشاندەری پێشگۆیی و پەیامهێنیە نەك بیرکردنەوەیەکی قوڵ، ئەم ئایینە بە ئیمانێك وەسف دەکات کە ((هەڵگری یەکەمین مەرجی هەموو ئەو ئایینانەیە کە تاکو ئێستا مرۆڤ ئەڤینداری بووەو دڵی پێ بەستووە: واتە دەبێ {ئایین}... جۆرە **میتابایۆلۆژییەك** بێت)). لە ڕاستیشدا سەیر دەکەین لە ئایینی نوێی ڕەگەزپەرستیدا، جۆرەێك، بەناو **میتاتوخم** و **توخمی بایۆلۆژی** خۆی دەردەخات و جۆرە میتافیزیکێکی عیرفانی هێگلی و بایۆلۆژی ماددی هەیکەلی بەرچاو دەکەوێت.

هەر ئەوەندە لەمەڕ جیاوازی نێوان تۆتالیتاریزمی نوێ و هێگلیانیزم بەسە. سەرەڕای مانای ئەم جیاوازییە لەڕووی ڕووتێکردن و بە دەنگەوە چوونی گشتی، گرنگی ئەم جیاوازییە لەلایەنی مەیلە سیاسییە سەرەکییەکانی تۆتالیتاریانیزم و هێگلیانیزم، زۆرکەم و بچووکە. بەڵام هەر کە پێکچوونەکان بێنینە بەرچازی خۆمان، وێنەیەکی ترمان دەست دەکەوێت. دەتوانین بڵێین هەموو چەمکە گرنگەکانی تۆتالیتاریزمی نوێ ڕاستەوخۆ لە هێگلەوە بە میرات بەجێماوە، کە بە وتەی زیمرن[٦٧]، ((جبەخانەیەکی بۆچەکی تایبەتی بزاڤە ستەمکارییەکان)) دەستەبەر کرد و



پارێزگاری لێکردن. سەرەڕای ئەوەی بەشی هەر زۆری ئەم چەکانە دەستکردی هێگل نەبوون و تەنیا بەدەستی ئەم لە جبەخانەی کۆنی ڕاپەڕیوە هەمیشەییەکان لە دژی ئازادی دەرهێنران، بەڵام بێگومان بە هەوڵی هێگل ئەم چەکانە سەر لەنوێ هێنرانە دەرو کەوتە دەستی موریدەکانی ئەمڕۆکەی. کورتە ڕەشنووسێك کە توحفەی ئەم جۆرە چەمك و بیروبۆچوونانە لەخۆ دەگرێت، بەم جۆرەی لای خوارەوەیە. لەبەر ئەوەی پێشتر تۆتالیتاریزم و خێڵ پەرستی ئەفلاتونی و تیۆری سەروەری و کۆیلایەتی خرایە ژێر لێکۆڵینەوە، لە پێڕستەکە دەرم هێناون).

(الف) ناسیۆنالیزم بەشێوەی ئەم وێنا مێژووگەراییە کە دەوڵەت بەرجەستە بوونی ڕۆحی (یان ئەگەر زاراوەی ئەمڕۆ بەکاربێنین، خوێنی) نەتەوە (یان ڕەگەزی) پێکهێنەری دەوڵەتە، نەتەوەی هەڵبژاردە (زاراوەی ئەمڕۆ، ڕەگەزی هەڵبژاردە) تەنیا یەکێکە و چارەنووسی ئەم نەتەوەیە، زالبوونە بەسەر جیهاندا.

(ب) دەبێ دەوڵەت وەکو دوژمنی سروشتی دەوڵەتەکانی تر، لە گۆڕەپانی جەنگدا بوونی خۆی بیسەلمێنیت.

(ج) دەوڵەت بەخشراو و ئازادە لە هەموو جۆرە ئیلتزامێکی ئەخلاقی، مێژوو- یان بەجۆرێکی دیکە، سەرکەوتن لە مێژوودا- تاکە مەرجەعی داوەری و حوکمدەرە، تاکە پرنسیپێك کە بەسەر ڕەفتاری تاکە کەسیدا باڵادەستە ئەوەیە کە چ شتێك بۆ کۆ سوودمەندە، درۆ هەڵبەستن و پڕوپاگەندەیی و ئاوەژووکردنەوەی حەقیقەت، مۆڵەت پێدراوە.

(د) وێنای ((ئەخلاقی)) بوونی جەنگ (جەنگێکی تەواو و کۆمەڵی)، بەتایبەتی جەنگی نێوان نەتەوە گەنج و نەتەوە کۆنەکان، دڵخوازترین چاکە، جەنگ و چارەنووس و ناوبانگە.

(ە) ڕۆڵی داهێنەرانەی پیاوی گەورە یان کەسایەتی جیهانمێژوویی[٨٧] یان ئەم مرۆڤە کە خودان مەعریفەیەکی قوڵ و حەز و هەستێکی بێ کەوشەنە (زاراوەی ئەمڕۆ: پرنسیپی ڕێبەرایەتی).

(و) ئایدیالی ژیانی قارەمانی (ئەگەرکرا ریسك بکە!) و ((مرۆڤی قارەمان)) لە بەرامبەر وردە بۆرژوا و ژیانی ڕواڵەتی تێکەڵاو بە نەخۆشییەکەی.

---

87. World- historical personality

ئەم پێڕستەی شتە دەگمەن و پڕ بایەخە ڕۆحانییەکان، گشتگیر و هەمە لایەنە نییە و بە چەشنێکی ڕێك و پێکیش ئامادە نەکراو. بەڵام هەر کامێکیان بەشێك لەم میراتە کۆنە پێك دێنێت کە نەك هەر لە بەرهەمی هێگل و پەیڕەوەکارەکانیدا بەڵکو لە زەینی ئەو ڕۆشنبیرانەش کە بەدرێژای سێ نەوە بەتایبەتی و تەنیا لەم خۆراکە ڕۆحییە پڕوپووچە سوودیان وەرگرتووە، پاشەکەفت و ئامادەکراوە بۆ بەکاربردن. شوپێنهاوەر هەر لە بەراییدا، ئەم پاشەکەفتە بەجۆرە ((فەلسەفەیەکی درۆینەی تێکدەری عەقڵ)) لە قەڵەم دەدا و بە ((کەڵکی خراپ وەرگرتنی زیانبەخشانە و خراپەکارانەی زمان)) وەسفی دەکرد{٦٨}. ئێستا خەریکی لێکۆڵینەوەیەکی چڕتر دەبم لەسەر ئەو خاڵە جیاوازانەی کە لەم ڕەشنووسەدا هاتووە.

(الف) بەپێی ڕێنمایی نوێی تۆتالیتاریزم، دەوڵەت لەڕووی دەوڵەت بوونەوە، ئامانجی بەرز نییە. دوا ئامانجی (غایەتی) دوور، خوێن و نەتەوە و ڕەگەزە. ڕەگەزە باشەکان، خودان دەسەڵاتی دروستکردنی دەوڵەتن. بەرزترین ئامانجی هەموو ڕەگەز یان نەتەوەیەك، پێك هێنانی دەوڵەتێکی بەهێزە کە بتوانێ بۆ ئەم ڕەگەز یان نەتەوەیە ببێتە ئامرازی بەهێزی پاراستنی خود. ئەم ڕێنماییە (جیا لەوە کە خوێن لە جێگەی ڕۆح دانراوە) لە هێگلەوە سەرچاوە دەگرێت کاتێ دەنووسێ{٦٩}: ((لە بوونی هەر نەتەوەیەکدا، ئەو ئامانجەی کە لە جەوهەرەکەی سەرچاوە دەگرێ ئەمەیە کە ببێتە دەوڵەت و وەکو دەوڵەت، خۆی بپارێزێ. ئەو نەتەوەیەی بەشێوەی دەوڵەت پێك نەهاتووە- واتە نەتەوەیەکی پەتی- ئەگەر بمانەوێ ورد بدوێین، وەکو ئەو نەتەوانەی کە لە حاڵەتی دڕندایەتیدا ژیانیان بەسەر دەبرد، بێ بەریین لە هەرچەشنە مێژوویەك. هەرچی بەسەر نەتەوەیەك دادێت ... سەبارەت بە دەوڵەت مانا وەردەگرێ)). ئەو دەوڵەتەی کە بەم جۆرە دروست بێت، دەبێ دەوڵەتێکی تۆتالیتێر بێت، واتە هێز و دەسەڵاتەکەی دەبێ دەست بەسەر سەرانسەری ژیانی خەڵك لە هەموو کاروبارەکان دابگرێت و کۆنترۆڵی بکات. کەواتە، بەپێی نووسینی هێگل: ((دەوڵەت بناغە و تەوەری هەموو توخمە دیاریکراو و مەلموسەکانی ژیانی خەڵکە، بە هونەر و یاسا و ئەخلاق و ئایین و زانستەوە ... ئەو جەوهەرەی کە ... واقعیەتی دیار و بەرجەستە، واتە دەوڵەتی، تێدایە، هەمان ڕۆحی خودی نەتەوەیە. ئەو دەوڵەتەی کە بەکردەوە بوونی هەیە، لە هەموو کاروبارە لاوەکی و جەنگ و دامەزراوەکانی خۆی هەر بەهۆی ئەم ڕۆحەوە گیانی دێتەبەر)). دەبێ دەوڵەت بە دەسەڵات بێت و لەم ڕوویەوە، لەگەڵ دەسەڵاتی وڵاتەکانی تردا بجەنگێت. دەبێ لەسەر ((سەکۆی مێژوو)) بوونی خۆی بەدیار بخات و ماهییەت یان ڕۆحی تایبەتی خۆی و خووخدەی نەتەوەیی ((بەوردی پێناسەکراوی))



خۆی، لە ڕێگەی کارە مێژووییەکانەوە بسەلمێنێ و دواجار زاڵبوون بەسەر جیهاندا بخاتە بەر دیدی خۆی. هێڵە سەرەکییەکانی ئەم ماهییەتگەراییە مێژووییە، لە زمانی خودی هێگڵەوە بەم چەشنەیە: ((ماهییەتی وردی ڕۆح هەمان چالاکییە کە لە هێزەوە دەیکاتە کردەوە و خودی خۆی دەگۆڕێ بۆ کردەوە و کاری خۆی ... هەر بەم چەشنەیە سەبارەت بە ڕۆحی نەتەوەیەك کە ڕۆحێکە خودان تایبەتمەندی بە وردی پێناسەکراوی خۆی- ئەو تایبەتمەندییانەی کە لە ڕەوتی ڕووداو و هەوراز و نشێوەکانی نرخاندنی مێژووی ئەم ڕۆحە، مەوجود و پایەدار دەبێت. کاری ئەم {ڕۆحە} جگە لەمە هیچی تر نییە- بوونی ئەم نەتەوە تایبەتە هەر ئەمەیە. نەتەوە هەمان ئەو کارانەیە کە ئەنجامی دەدات ... تا کاتێك نەتەوە خەریکی وەڕاست گەڕاندن (وەدیهێنانی) ئامانجە بەرزەکانی خۆی بێت، خودان توانستی ئەخلاقییە و خاوەن فەزیلەت و هێزە ... یاساکانی چاوەدێری شێوازی حکومەت کە نەتەوە جیهانمێژووییەکان لەژێر ئەم یاسایانەدا گەیشتوونەتە لووتکە، تایبەتە بە خودی خۆیان. کەواتە، ناتوانین هیچ شتێك لە دەزگا سیاسییەکانی نەتەوە دێرینە جیهانمێژووییەکان فێر ببین ... لە ڕەوتی مێژووی جیهاندا، دەبێ لەگەڵ هەموو مەیلێکی نەتەوەیی تایبەتدا وەکو یەك تاکەکەس هەڵسوکەوت بکرێ)). ڕۆح یان مەیلی نەتەوەیی دەبێ سەرەنجام بۆ زاڵبوون بەسەر جیهاندا خۆی بنوێنێ: ((خود ئاگایی هەر نەتەوەیەکی تایبەت ... هەمان کردەیی بابەتییە(٨٨) کە ڕۆحی زەمان ویستی خۆی لەوێدا هەڵگرتووە. سەرجەم ڕۆحە نەتەوەییە لاوەکییەکانی دیکە لەبەرامبەر ئەم ویستە ڕەهایەدا خاوەن هیچ مافێك نین: و هەمان نەتەوە بەسەر دونیادا زاڵ دەبێت ...)).

هێگل نەك هەر تیۆری مێژوویی و تۆتالیتێری ناسیۆنالیزمی پەروەردەکرد، بەڵکو تونا سایکۆلۆژییەکانی ناسیۆنالیستەکانیشی بە ئاشکرا پێش بینی کرد و پەی بەوە برد کە ناسیۆنالیزم دەتوانێت بەرسڤی پێداویستییەك بداتەوە- واتە حەزی مرۆڤەکان بۆ ئەوەی شوێنی بێ ئەملاو ئەولاو دیاریکراوی خۆیان لە دونیادا بزانن و بیدۆزنەوەو سەر بەیەك پەیکەری کۆگەلی بەهێز بن. بەڵام لە هەمان کاتدا، ئەم تایبەتمەندییە سەرنجڕاکێشەی ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی- واتە (هەروەك ئەمڕۆ دەڵێن) هەستی خۆ بەمگرتنی بەهێز و گەشەکردوو کە بەتایبەتی لە هەمبەر ئینگلیزەکانەوە دەدەکەوێ- لەوەدا بەدی دەکرێت. هێگل بەسوود وەرگرتن لە هەستوسۆزی ناسیۆنالیستی یان خێڵ پەرستی، بە ئاگاییەوە یارمەتی لەو هەستە

88. objective actuality

دەخوازێ کە لە بەشی دەیەمدا بە **<u>فشاری شارستانیەت</u>** ناوزەدمان کرد و بۆ نموونە دەنووسێت{٧٠} : ((هەموو تاکێکی ئینگلیزی دەڵێت: ئەوە ئێمەین کە زەریاکانمان تەی کردووەو بازرگانی جیهانمان لە چنگی خۆمان داگرتووە و هیندی رۆژهەڵات و سامانەکانی ئەم سەر زەوییەمان کردۆتە هی خۆمان ... پەیوەندی تاکی مرۆیی لەگەڵ ئەم رۆحە بریتییە لەوە ... کە ئەم {پەیوەندییە} ... دەرفەتی ئەوەی بۆ دەرەخسێنێت شوێنێکی بێ ئەملاو ئەولاو دیاریکراوی لە دونیادا هەبێت و ببێتە <u>شتێك</u>. تاکی مرۆڤ لەو نەتەوەی کە پەیوەستە پێیەوە، جیهانێك دەبینێ کە لە بەرپێیەکانی لابردراوەو ئێستا پتەو خۆڕاگرەو دەبێ لەگەڵیدا یەکگرتوو بێت. رۆحی نەتەوەیی لەم کارەی کە بەئەنجامی دەگەیەنێت و هەر بۆیە، لەو دونیایەی کە هەیەتی، بەبوونی خۆی خۆشحاڵ دەبێت و رەزامەندی بە دەست دێنێ)).

(ب) ئەو تیۆرەی کە هێگل و پەیڕەوکارە رەگەزپەرستەکانی هەر هەموویان تێیدا بەشدارن بریتییە لەوە کە دەوڵەت، بەپێی ماهییەت، تەنیا دەکرێ لەژێر زەحمەتی دژایەتی لەگەڵ سەرجەم دەوڵەتەکانی تردا بوونی هەبێت. فرایر(٨٩)، یەکێك لە دیارترین کۆمەڵناسەکانی ئەمڕۆی ئەڵمانیا(٩٠)، ئاوا دەنووسێت: ((ئەو بوونەوەرەی کە خۆی بە دەوران دەوری ناوکی ناوەندی خۆیدا کۆبکاتەوە، تەنانەت بێ ئەوەی ئەم مەبەستەشی هەبێت سنوورێك دروست دەکات و ئەم سنوورە، دیسان بێ ئەوەی مەبەستێك لە ئارا دابێت، دوژمن دروست دەکات)). هێگلیش هەر بەم چەشنە دەنووسێ: ((هەروەك چۆن تاك تا کاتێك کە پەیوەندی بە تاکەکانی ترەوە نەبێت تاکە کەسێکی راستەقینە نییە، دەوڵەتیش تاکایەتی راستەقینەی نییە تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتەکانی تردا هەبێت. پەیوەندی هەر دەوڵەتێکی تایبەت لەگەڵ دەوڵەتەکانی تر، پێشاندەری بگۆڕترین یاری هەژان و هەڵچوون و بەرژەوەندی و ئامانج و توانا و فەزیلەت و دەسەڵات و نادادپەروەری و رەزیلەت و پێشهاتە دەرەکییە پەتییەکانە- ئەو گەمەیەی کە تەنانەت یەکێتی ئەخلاقی یان سەربەخۆی دەوڵەتیش دەکەوێتە ژێر بەخت و رێکەوتەوە)). کەواتە ئایا نابێت بۆ رێك و پێك کردنی ئەم بارودۆخە ناموبارەکە، پرۆژەی کانت بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتییەکی هەمیشەیی لە رێگای دامەزراندنی یەکێتێەکی فیدراڵ هەڵبژێرین؟ هێگل وەڵام دەداتەوە، بە هیچ چەشنێك نابێت و ویڕای رادەربڕین لەسەر پرۆژەی

89. H. Fryer

٩٠. مەبەست کاتی نووسینی کتێبەکە واتە سەردەمی هیتلەرە.



ئاشتی کانت دەنووسێ: ((کانت پێشنیاری یەکێتییەکی دەکرد کە لە میرەکان پێك هاتبوو)) (کە قسەیەکی وردورێك نییە چونکە پێشنیاری کانت ئەوەبوو کە فیدڕاسیۆنێك لەو دەوڵەتانە پێك بێت کە ئەمڕۆ بە دەوڵەتە دیموکراتییەکان ناوزەدیان دەکەین) ((بۆ ئەوەی مشتومڕی نێوان دەوڵەتەکان یەکلا بکاتەوە، رەنگە یەکێتی 'پیرۆزیش'(٩١) ویستبێتی دەزگایەکی ئەوتۆ بێت. بەڵام دەوڵەت تاکە کەسێکە و تاکایەتی لە خودی خۆیدا لە خۆگری نەفییە. لەوانەیە هەندێ دەوڵەت لە دەوری یەکتر کۆببنەوە و خێزانێك پێك بێنن، بەڵام ئەم کۆنفیدراسیۆنە خۆی تاکایەتییەك پێك دێنی کە خولقێنەری دژایەتییە و دوژمن دروست دەکات)). هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە دیالێکتیکی هێگلدا، نەفی یەکسانە بە سنووردارێتی (حصر)(٩٢) و کەواتە، هەم بە مانای سنوور و توخیبەو هەم دژایەتی و دوژمنایەتی پێك دێنێ: ((چارەنووس و کردەوەی دەوڵەتەکان سەبارەت بە یەکتر، ئاشکراکەری رەوتی دیالێکتێکی سروشتی کۆتایداری ئەم رۆحانەیە)). ئەم وتانە هەموویان لە کتێبی فەلسەفەی ماف وەرگیراون، بەڵام لە ئینسۆکلۆپیدیادا کە نووسێنێکی کۆنترە، هێگل تەنانەت لەمەش نزیکتر پێشوازی لە تیۆرە نوێیەکان، بۆ نموونە تیۆری فرایر دەکات و دەڵێت: ((لایەنی کۆتایی دەوڵەت ئەوەیە کە لە {حاڵەتی} کردەیی بێ نێوبەند، وەکو نەتەوەیەك دەردەکەوێت ... وەکو تاکێك لەگەڵ تاکە هاوشێوەکانیدا کۆناکرێتەوە. نەبوونی هەلی پێشبینی کاروبار و رێکەوتی رۆژگاریش پشکی هەیە لە پەیوەندی بەرامبەری {دەوڵەتەکان} لەگەڵ یەکتردا ... ئەم پێکەوە نەلکانە ... مشتومڕی نێوانیان دەگۆڕی بۆ توندوتیژی بەرامبەر و دۆخی جەنگ ... دەسەڵاتی رەهای دەوڵەت هەر لەم دۆخی جەنگەدا خۆی دەنوێنێ ...)) بەوەبەرچاوگرتنی ئەم جۆرە بابەتانەیە سەیری دەکەین تراویچکە(٩٣)، مێژوونووسی پروسیایی چەندە باش توانیویەتی سەرکەوتوو بێت

٩١. Holy Alliance. "رێککەوتنی (٢٦ سیپتامبەری ١٨١٥) نێوان ئیمپراتۆرەکانی روسیا... نەمسا...و پاشای پروسیا (فردریك ویلهلمی سێیەم) کە... بەپێی ئەم پەیماننامەیە، ئەم فەرمانڕەوایانە، رێککەوتن لەسەر ئەوەی کە لەهەمبەر رەعیەتەکانی خۆیانەوە و لەنێوان خۆیاندا لەسەر بنەمای ئایینی مەسیح رەفتاربکەن. دواتر سەرجەم فەرمانڕەواکانی ئەوروپا واژۆیان کرد جگە لە پاشای ئینگلتەراو سوڵتانی عوسمانی... (دواتر ئەم یەکیەتییە) بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕشە نەتەوەیی و مەیلە ئازادیخوازییەکان لە ئەوروپادا بەکارهێنرا...و پاش شۆڕشەکانی ١٨٤٨ لەناوچوو." (دایرە المعارف فارسی).

٩٢. Limitation. یەکێکە لە چەمکەکانی لۆژیکی کۆن.

93. H. Von Treitschke

لە تێگەیشتن لە ماهییەتگەرایی دیالێکتێکی هێگل، کاتێ دەنووسێ: ((جەنگ نەك هەر پێویستییەکی پراکتیکییە، بەڵکو زەرورەتێکی تیۆریشە، خواستی لۆژیکە. چەمکی دەوڵەت پێویستی بە چەمکی جەنگ هەیە، چونکە ماهییەتی دەوڵەت هەمان دەسەڵاتە. دەوڵەت بە مانای رێکخستنی گەلە لە شێوەی دەسەڵاتی فەرمانڕەوادا)).

(ج) دەوڵەت بۆ خۆی یاسایە، هەم یاسای ئەخلاقی و هەم یاسای دادوەری (قەزایی)ـە و هەربۆیە، ناتوانێ پاشکۆیی هیچ پێوەر و معیارێکی دیکە بێت، بەتایبەتی پێودانگی ئەخلاقیاتی مەدەنی. بەرپرسایەتییە مێژووییەکانی دەوڵەت لەم شتانە قوڵترە. تەنیا مەرجەعی حکم دان لەسەری، مێژووی جیهانە. تاکە پێودانگی ممکین بۆ حوکم دان سەبارەت بە دەوڵەت ئەوەیە کە کردەوەکانی لە مێژووی جیهاندا لە **سەرکەوتن** نزیك بێت. سەرکەوتن بریتییە لە زیادبوونی دەسەڵات و بەرفراوان بوونی دەوڵەت و ئەمە دەبێ بەسەر هەموو تێبینییەکانی تری ژیانی تایبەتی هاوڵاتیاندا باڵادەست بێت. هەر شتێك دەوڵەت بەهێزتر بکات، هەقە. ئەوە هەمان تیۆری ئەفلاتونە، تیۆری تۆتالیتاریزمی نوێیە، تیۆری هێگلە: ئەخلاقیاتی ئەفلاتونی و پروسییە. بە وتەی هێگل{٧٢}: ((دەوڵەت بریتییە لە وەڕاستگەرانی **ئایدیای ئەخلاقی. رۆح** ئەخلاقیکە لە شێوەی ویستی بەرجەستەبوو و خود ئاگا و خاوەن جەوهەرییەت)). کەواتە، ناکرێ هیچ چەشنە چەمك و وێنایەك لە ئەخلاقدا، لە دەوڵەت بەرزتر بێت. ((کاتێ ویستی هەندەکی (جزئی) یەکانی دەوڵەتەکان نەتوانن رێك بکەون، تەنیا جەنگ دەتوانێ ناکۆکییەکانیان یەکلا بکاتەوە. هەر سەرپێچییەك کە بە پێشێل کردنی رێکەوتنامە یان دەستدرێژی کردنە سەر رێز و شەرافەت لەقەڵەم بدرێ، دەبێ بەشێوەیەکی نادیاریکراو دەستنیشان نەکراو بمێنێتەوە... لەوانەیە دەوڵەت هەر کام لە لایەنەکانی خۆی بە هەمان نەبوونی سنووردارێتی و شەرافەتی خۆی بناسێنێت)) چونکە... پەیوەندی نێوان دەوڵەتەکان بگۆڕەو هیچ ناوبژیوانێك نییە لە نێوان جیاوازییەکانیاندا داوەری بکات)). یاخود بەجۆرێکی تر، هیچ دەسەڵاتێك لە بەرامبەر دەوڵەتدا نییە کە حوکمی ئەوە بدات چ شتێك هەقە... رەنگە دەوڵەتەکان گرێبەست لە تەك یەکتردا ببەستن بەڵام لە هەمان کات لەم جۆرە رێککەوتنانە بەرزترن)) (واتە پێویست ناکات پابەندی گرێبەستەکان بن). ((پەیماننامەی نێوان دەوڵەتەکان... دواجار پەیوەندی بە ویستە باڵادەست و زاڵە هەندەکییەکانەوە هەیە و هەر بۆیە ناتوانرێ پشتیان پێ ببەسرێت)).



کەواتە تاکە ((حوکمێك)) کە بتوانرێت سەبارەت بەکار و رووداوە جیهانمێژوویەکانە بدرێت، حوکمێکە لەسەر بنەمای دەرەنجام و سەرکەوتنی ئەم کارانە دەربچێت. هەر لەسەر ئەم بنەمایەیە کە هێگل مۆڵەتی ئەوە بەخۆی دەدات کە ((**چارەنووسی خودیی- ئامانجی** رەها یان شتێك کە دیسان هەر بەم مانایەیە- **دەرەنجامی** راستەقینەی مێژووی جیهان)) دەستنیشان بکات{٧٣}. کەواتە تاکە ئامانج و بەزرترین مەبەست و تەنیا بنەمای ناوبژیوانی و حوکمدان، سەرکەوتنە، یاخود بەجۆرێکی تر، لە ململانێی دیالێکتیکی رۆحە جۆراو جۆرە نەتەوەییەکان بۆ زاڵ بوون بەسەر جیهاندا، دەرچوون بە بەهێزتر لەوانیدی. بە گوزارشتی شاعیرانەتری هێگل: ((رۆحی گشتی، رۆحی بێ سنووری جیهانی، هەر لەم رەوتە دیالێکتیکیە هەڵدەقوڵێت و داوەری دەکات و سەبارەت بە نەتەوە تایبەت و دیاریکراوەکانی مێژووی جیهان حوکم دەدات- ئەو داوەرییەی کە بەرزترین داوەرییە، چونکە مێژووی جیهان، دیوانی دادی جیهانییە)).

فرایریش بیرۆکەی گەلێ هاوچەشنی ئەمەی هەیە وەلێ بیروڕاکانی بێ پەردەتر دەردەبڕێت{٧٤}: (( لە مێژوودا، ئاوازێکی پیاوانە و بێ باك فەرمانڕەوایە. ئەو کەسە کە باڵادەستە، تالان هی ئەوە. ئەوەی جوڵەیەکی ناڕاست بکات، تێداچووە ... ئەو کەسە کە بیەوێت تیرەکەی بە نیشانە بکەوێ، پێویستە تیرهاوێژ بێت)). بەڵام هەر هەموو ئەم بروبۆچوونانە هیچ نین جگە لە دووبارەکردنەوەی قسەی هێراکلیتوس کە دەیگووت: ((جەنگ دەستەیەك دەکاتە کۆمەڵە کۆیلەیەك و دەستەیەکی تر دەگەیەنێتە سەروەری و لەم رێگەیەوە دەیسەلمێنێت کە دەستەی یەکەم لە مرۆڤی لاواز زیاتر هیچی دی نین و دەستەی دووەم خواوەندن .. جەنگ هەقە)). بە پێی هەر هەموو تیۆرەکان، لەڕووی ئەخلاقییەوە هیچ جیاوازییەك لە نێوان ئەو جەنگە کە تێیدا هێرشمان بکرێتە سەر و جەنگێك کە ئێمە پەلاماری دراوسێکانمان بدەین، بوونی نییە. تەنیا جیاوازی لەسەرکەوتن دایە. هایزر نووسەری کتێبێك بە ناوی **بنەمای بایۆلۆژیانە و پاکانەی ئەخلاقی کۆیلایەتی**[٩٤] و یەکێك لە پێغەمبەرەکانی تیۆری رەگەزی سەروەر و ئەخلاقی خواوەندی و سەروەری، بەم چەشنە بەڵگەخوازی دەکات: ((ئەگەر بڕیار بێ بەرگری لە خۆمان بکەن دەبێ دەستدرێژکارێك بوونی هەبێت ... کەواتە ئەگەر وایە، بۆچی خۆمان نەبینە

94. F. Haiser, slavery: Its Biological foundation and moral Justification (1923).

دەستدرێژکار؟)) پێشینەی ئەم دوکترینە بۆ تیۆری بەناوبانگی کلاوزویتس[٩٥] دەگەڕێتەوە کە دەیگوت هێرش هەمیشە کاریگەرترین بەرگرییە. بەڵام تەنانەت ئەم دۆکترینەش هێگلییە، چونکە هێگل وێرای وتووێژ لە هەمبەر ئەو پەلامارانەی کە جەنگیان لێ دەکەوێتەوە، نەك هەر دەریدەخات کە پێویستە ((جەنگی بەرگریکاری)) بگۆڕێت بۆ ((جەنگی بەرفراوانکردنی وڵات))، بەڵکو دەڵێت، هەندێ لە دەوڵەتەکان خاوەن تاکایەتیەکی بەهێزن ((و بە سروشتیش مەیلیان هەیە بۆ وروژانێکی زیاتر)) چونکە گەرەکیانە بۆ ئەو شتە کە ئەو بە هەمان راڤە پاکی تایبەتی خۆی بە ((چالاکی توند)) ناوزەدی دەکات، دەرفەت و مەیدان بدۆزنەوە.

کەواتە سەرکەوتن لە مێژوودا تاکە پێودانگی حوکمدان لەسەر پرسە پەیوەندیدارەکان بە دەوڵەت و نەتەوەکانە و لەڕووی ئەخلاقییەوە هیچ جیاوازییەك لە نێوان حاڵەتی وەکو هێرش و بەرگری دانییە. ئێستا ئەم پێویستییە دێتە ئاراوە کە بەڵگەخوازی بکەین بۆ رەفزکردنەوەی چۆنایەتی ئەخلاقی ئەحکامی ویژدانیش. بۆ ئەم کارە، هێگل بەرامبەرێتیەك دروست دەکات لە نێوان ئەو شتەی کە بە ((ئەخلاقیاتی راستەقینە، یاخود بەجۆرێکی باشتر، فەزیلەتی کۆمەڵایەتی)) ناوزەدی دەکات و ئەوەی وەك ((ئەخلاقیاتی درۆین)) گوزارشتی لێ دەکات. پێویست بە گوتن ناکات کە ((ئەخلاقیاتی راستەقینە)) هەمان ئەخلاقیاتی تۆتالیتێری ئەفلاتونییە کە هەندێ لە مێژووگەراییش بۆتە هەوێنەکەی و ((ئەخلاقیاتی درۆین)) کە هێگل بە ((چاکەکاری رواڵەتی پەتی)) ناوزەدی دەکات، ئەخلاقیاتێکە کە لەسەر بنەمای ویژدانی تاکەکەسی دامەزراوە. بەپێی نووسینی هێگل[٧٥]: ((دەتوانین پرنسیپی راستەقینەی ئەخلاقی، یاخود بەجۆرێکی باشتر، فەزیلەتی کۆمەڵایەتی، بە ویژدانەوە لە بەرامبەر ئەخلاقیاتی درۆیندا دابنێین، چونکە مێژووی جیهان لەم جۆرە ئەخلاقیاتە بەرزترە کە خودان خەسڵەتی تاکەکەسییە- واتە ویژدانی تاکەکان و ویست و شێوازی رەفتاری تایبەتی ئەوان ... ئەوەی ئامانجی رەهای رۆح خوازیارێتی و وەدەستی دێنێت و ئەوەی خواوەند دەیکات، لەمە بەرزترە ... کە پاڵنەرە چاك و خراپەکان بخرێنە پاڵ ئەوەوە ... لەم روویەوە، ئەوەی بڕواداران بە هەق و رێکی کۆن (واتە ئەو دەستەیە لە مامۆستایانی ئەخلاقی کە بۆ نموونە پشت بە ئینجیل دەبەستن) بڕوایان پێی هەیە، تەنیا چاکەکاری رواڵەتی (فۆرماڵی)یە کە رۆحی زیندوو و

٩٥. Karl Von klausewitz (١٧٨٠ـ١٨٣١). سەردار و تیۆریسیەنی سەربازی پروسیاو نووسەری کتێبێکی بەناوبانگ سەبارەت بە جەنگ.



خواوەند لێی بێزارن. نابێ کاری پیاوە گەورەکان و کەسایەتییە مێژووییەکانی جیهان ... بخەینە ژێر لێکخشانی بانگەشەی بێ سەروبەری ئەخلاقیەوە. نابێت سەبارەت بە فەزیلەتی تاکەکەسی و خاکەڕێی و خۆبەکەمزانی و خەڵك دۆستی و چاکەکاری و لێبووردەیی و سەبر لە بەرامبەریاندا زارمان ببەستین. مێژووی جیهان بە پێی پرنسیپەکان دەتوانێت ئەو بازنەیە بە تەواوی نادیدەبگرێ کە ئەخلاقیاتی تێدادەگونجێت)). کەواتە سەرەنجام گەیشتینە ئاوەژووکردنەوەی سێیەمین بۆچوون لە بۆچوونەکانی {شۆڕشی مەزنی} ١٧٨٩، واتە چەمکی یەکسانی- یان بە وتەی هێگل، چاکەکاری- لەگەڵ ئەو ئەخلاقەی لەسەر بنەمای ویژدان دامەزراوە. ئەم تیۆرە ئەخلاقییە ئەفلاتونی- هێگلییە، سەرچاوەکەی بۆ دەگەڕێتەوە و بڕوابوون بە مێژووگەرایی و چەندین جار دووبارەکراوەتەوە. بۆ نموونە، مایری مێژوونووسی بەناوبانگ، سەبارەت بە ((هەڵسەنگاندنی بێ رۆح و یەکڕەنگی ئەو کەسانە)) دەدوێت ((کە دەیانەوێ وانەی ئەخلاق بڵێنەوەو سەبارەت بەکارە گرنگە سیاسییەکان بە پێوانگی ئەخلاقی مەدەنی حوکم بدەن و چاوپۆشی لە فاکتەرە قوڵتر و بەڕاستی ئەخلاقییەکان دەکەن لەمەڕ بەرپرسایەتییە مێژووییەکانی دەوڵەت)).

هەر کە کەسێك بڕوای بەم بیروبۆچوونانە هێنا، حەتمەن هەموو جۆرە دردۆنگی و دوودڵیەك سەبارەت بە درۆ پڕوپاگەندەییەکان و چەواشە کردنی حەقیقەت ون دەبێت، بەتایبەتی ئەگەر ئەم درۆ و چەواشەکارییە لە بەرەو پێش بردنی دەسەڵاتی دەوڵەتدا سەرکەوتن بەدەست بێنێت. بەڵام هێگل زیرەکانە لەم پرسە نزیك دەبێتەوەو دەنووسێ[٧٦]: ((بیرمەندێکی گەورە ئەم پرسەی بە ئامادەبوونی هەمووان خستۆتە روو کە ئایا هەڵخەڵەتاندنی خەڵك رەوایە یان نا. بەرسڤەکە ئەوەیە کە خەڵك مۆڵەت نادەن هیچ کەسێك لەمەڕ بنەما جەوهەرییەکانیانەوە[٩٦] هەڵیانبخەڵەتێنێت)). (هایزری مامۆستای ئەخلاق دەڵێت: ((لەو شوێنەی کە پرسی ئەحکامی رەگەزی لە ئارادا بێت، ممکین نییە هەڵە بکرێت))) هێگل درێژەی پێ دەدات: ((بەڵام خەڵك، خۆیان لەمەڕ چونیەتی هوشیاربوون لەم شتە خۆیان فریودەدان ... هەر بۆیە، رای گشتی بەو ڕادەیەی کە شایستەی رێزە، شایانی سووکایەتیشە ... کەواتە یەکەمین مەرجی سەرکەوتن لە کاری مەزندا، سەربەخۆ بوونە لە رای گشتی ... گومانی تێدا نییە کە رای گشتی دواتر سەرکەوتنە مەزنەکان دەست نیشان دەکات و قبوڵی دەکات...)) بەکورتی هەمیشە ئەوەی

96. Substantial basis

حسێب دەکرێ سەرکەوتنە. درۆی سەرکەوتنانە، درۆنییە چونکە خەڵکی سەبارەت بە ((بنەما جەوهەرییەکانیان)) هەڵنەخەڵەتاندووە.

(د) بۆمان دەرکەوت کە دەوڵەت، بەتایبەتی لە پەیوەندییەکانی خۆیدا لەگەڵ دەوڵەتەکانی تر، لە رێسا ئەخلاقییەکان بەخشراوە و پابەندی ئەخلاقیات نییە. کەواتە، رەنگە چاوەڕوانی ئەوە کرابێت کە جەنگ نەك شەڕانگێزی ئەخلاقی، بەڵکو لەڕووی ئەخلاقییەوە بە خەمسارد و یەکسان لە قەڵەم بدرێت. بەڵام تیۆری هێگل راستی ئەم چاوەڕوانییە رەد دەکاتەوە، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەلالەت لەوە دەکات کە جەنگ لە خودی خۆیدا خێرە (چاکەیە). دەڵێت[٧٧]: ((توخمێکی ئەخلاقی لە جەنگدا بوونی هەیە. دەستنیشانکردنی ئەم خاڵە پێویستە کە شتی سنووردار و کۆتایدار- بۆ نموونە زەوی و زار ودارایی و گیان- شتێکی ناجەوهەرییە[٩٧]. ئەم پێویستییە[٩٨] لە سەرەتادا لە شێوەی یەکێك لە هێزەکانی سروشت دەردەکەوێت، چونکە هەموو شتێکی کۆتایدار، بمروتێپەڕە. بەڵام لە سیستەمی ئەخلاقی، لە دەوڵەتدا ... ئەم پێویستییە بۆ پلەی یەکێك لە شوێنەوارەکانی سەربەستی یان یەکێك لە یاساکانی ئەخلاقی بەرزدەبێتەوە ... جەنگ دەبێتە یەکێك لە کۆڵەگەکانی هەق ... جەنگ خاوەن ئەم مانا قوڵەیە کە پارێزەری ساخلەمی ئەخلاقی نەتەوەیەکە و ئامانجە کۆتایدار و سنووردارەکانی لە رەگ و ریشەوە هەڵدەکەنێت ... جەنگ خەڵك لەو گەندەڵییە دەپارێزێت کە لە ئاکامی ئاشتییەکی بەردەوام بەرۆکیان دەگرێت. هەندێ قۆناغی ئەوتۆ لە مێژوودا بەرچاو دەکەون کە دەریدەخات جەنگ تا چ ڕادەیەك بۆ لەمپەر دانان لەبەردەم پشێوییە ناوخۆییەکان سەرکەوتوو بووە ... ئەم نەتەوانە گیرۆدەی شەڕخوازییە نێوخۆییەکان بوون، هێمنی ناوەوەیان لە ئاکامی جەنگی دەرەوە بەدەست هێنا)). ئەم پارچەیە کە لە **فەلسەفەی ماف** وەرگیراوە، کاریگەری رێنماییەکانی ئەفلاتون و ئەرستۆ لەمەڕ ((مەترسییەکانی فرەیی نعمەتەکان)) بە باشی پێشان دەدات و لە هەمان کاتدا، مسداقێکی بەرجەستەیە بۆ بە یەکسان لە قەڵەم دانی ئەخلاقیەت لەگەڵ ساخلەمیەت و ئەخلاق لەگەڵ تەندروستی سیاسی و هەق لەگەڵ هێزدا و هەروەك دواتر دەیبینین و ئەم پارچەیەی **فەلسەفەی مێژوو** دەریدەخات کە فەزیلەت رێك بە بەهێزی لە قەڵەم دەدات. (ئەو پارچەیەی ئاماژەم بۆ کرد، یەکڕاست لە دوای ئەو دەستەواژانە دێت کە لەسەرەوە خواستبوومان و سەبارەت بەمە دەدوێت کە ناسیۆنالیزم هۆیەکە بۆ زاڵبوون

97. Accidental
98. necessity



بەسەر هەستی خۆ بە کەمزانی و باسی ئەوە دەکات لەوانەیە تەنانەت جەنگیش ئامرازێکی شیاو بێت بۆ گەیشتن بەم ئامانجە شەریفە)). لە هەمان کاتدا دەلالەتێکی ناڕاستەوخۆ بوونی هەیە سەبارەت بەو تیۆرە نوێیە کە پێیوایە دەستدرێژی وڵاتە گەنج و نەدارەکان دژی وڵاتە کۆن و گلاو و بەتواناکان، سەرچاوەکەی بۆ فەزیلەت و چاکەکاری وڵاتە گەنجەکان دەگەڕێتەوە. بەپێی نووسینی هێگل: ((تا ئەو کاتە کە نەتەوە خەریکی وەدیهێنانی (وەڕاستگەڕاندنی) ئامانجە بەرزەکانی خۆی بێت، خودان توانای ئەخلاقییە و خاوەن فەزیلەت و هێزە ... بەڵام هەر کە ئەم مەبەستە وەدیهات، ئەو چالاکییەی کە رۆحی نەتەوە لەخۆی پێشان دەدات ئیدی پێویست نییە ... نەتەوە هێشتا دەتوانێت لە جەنگ و ئاشتیدا سەرکەوتنی زۆر بە دەست بێنێت ... بەڵام دەتوانین بڵێین ئەو رۆحە زیندووە جەوهەرییە لە چالاکی وەستاوە ... ژیانی نەتەوەش کاتێ کە لە پێگەیشتوویەوە دەگاتە پیری، رێك بە ژیانی تاك دەچێت. هەر ئەم ژیانە باوە پەتییەیە کە (وەکو ئەو کاتژمێرەی قورمیش کرابێت و لەپاش ئەوە ئیتر خۆی ئۆتۆماتیکی کار بکات) مەرگی سروشتی لێ دەکەوێتەوە ... تاکەکان بەم چەشنە و نەتەوەکانیش بەم جۆرە بە مەرگی سروشتی دەمرن ... هەموو نەتەوەیەك تەنیا کاتێك لەوانەیە بە مەرگی ناسروشتی بمرێت کە پێشتر لەناوخۆی دا بەمەرگی سروشتی مردبێت)). (دوایین وتەیان سەرچاوەکەی بۆ نەریتی قوتابخانەی ((داڕمان و کەوتن)) دەگەڕێتەوە).

شێوازی بیرکردنەوەی هێگل سەبارەت بە جەنگ بە چەشنێکی سەرسوڕهێنەر لەگەڵ ئێستادا دەگونجێت. تەنانەت دەرەنجامە ئەخلاقییەکانی بە ماشینی بوونی جەنگیش پێش بینی دەکات یان رەنگە پێویست بێ بڵێین، بە ماشینی بوونی جەنگ وەکو دەرەنجامی رۆحی ئەخلاقیی تۆتالیتاریزم و بڕوابوون بە کۆگەرایی سەیر دەکات و دەنووسێ: ((ئازایەتی بەشی جۆراوجۆری هەیە. یەکیان ئەو بوێرییەیە کە گیانلەبەرێك یان دزێك دەینوێنی، دووەمیان ئەو دلێرییەی لە هەستکردن بە غرور و شەرەفەوە سەرچاوە دەگرێ، سێیەمیان ئەو نەترسییەیە کە چاوگەکەی بۆ جوامێری دەگەڕێتەوە- بەڵام هیچ کام لەمانە جۆری حەقیقەی ئازایەتی نین. لە نێوان نەتەوە شارستانییەکاندا، ئازایەتی ئەوەیە کەسێك ئامادەبێت خۆی بەگشتی تەرخان بکات بۆ خزمەت کردن بە دەوڵەت بە چەشنێك کە تاك تەنیا بە **یەکێك** لە **کۆ** بژمێردرێت)). (ئاماژەیەکە بە خزمەتی گشتی سەربازی) ((دلێری تاکەکەسی بێ مانایە. لایەنی گرنگی ئازایەتی ئەوەیە کە تاکەکەس خۆی بکاتە پاشکۆی کۆ. ئەم جۆرە بەرزەی {دلێری} دەبێتە هۆی ئەوە کە ئازایەتی زیاتر وەکو خودان لایەنی ماشینی سەیر بکرێت ... رق و کینە ئاڕاستەی گشتێکی رق و کینە

هەڵگر دەکرێت نەك تاکە جیاجیاکان)) (ئەم وتەیە بە مانای پێش بینی کردنی پرنسیپی جەنگی تەواوە). ((... دلێری تاکەکەسی وەك شتێکی بەدوور لە لایەنە تاکەکەسییەکان خۆی دەنوێنێ. دروستکردنی تۆپ، رێکەوت نییە بەڵکو هۆبەندی ئەم پرنسیپەیە)). هەر بەم چەشنە، هێگل سەبارەت بە داهێنانی باروت دەڵێ: ((لەبەر ئەوەی مرۆڤایەتی پێویستی پێی هەبوو، بەخێرایی هاتەبوون)). (دەبێ مەمنوونی لوتفی خواوەند بین!).

کەواتە ئەم هێگلیانیزمە بە خەسترین شێوەی خۆی کاتێ کە لەساڵی ١٩١١ فەیلەسووفێك بە ناوی کاوفمان[٩٩] بۆ رەدکردنەوەی ئایدیای کانت بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەك کە لە کەسە ئازادەکان پێك هاتبێت، بەڵگەخوازی دەکات و دەڵێت{٧٩}: ((ئایدیای کۆمەڵایەتی لە دامەزراندنی کۆمەڵگایەك دانییە کە لە پیاوە ئیرادە ئازادەکان پێك هاتبێت، **بەڵکو لەو جەنگە دایە کە سەرکەوتنی لێ دەکەوێتەوە** ... دەوڵەت لە جەنگدا ماهییەتی راستەقینەی خۆی ئاشکرا دەکات)). هەر بەم چەشنەیە کاتێ کە بانزێ[١٠٠]ی ((زانای بەناوبانگی زانستە سەربازییەکان)) لە ساڵی ١٩٣٣ دا دەڵێت: ((جەنگ بەمانای چڕکردنەوەی هەموو هێزە رۆحییەکانی سەردەمێکە لە بەرزترین پلەدا ... و ئەو پەڕی خەباتی رۆحی خەڵکە ... و بەیەکەوە لکانی رۆح و کردەوەیە. جەنگ بناغەیەك دەستەبەر دەکات کە لەسەر بنەمای ئەو گیانی مرۆڤ بەرزە باڵاتر لە هەمیشە خۆی دەربخات ... لە هیچ جێگایەك وەکو جەنگ، ویستی رەگەزێك لە توانای دانییە بەم چەشنە یەکپارچەیە بە بوون راپەڕێت)). دیسان کاتێ ژنراڵ لودندۆرف[١٠١] لە ساڵی ١٩٣٥ لە درێژەی ئەم قسانەدا دەنووسێ: ((لەسەرانسەری ئەو ساڵانەدا، ئەوەی بەناوی ئاشتی ناوبانگ پێ بەخشراو درێژەی هەبووە، رەنگە سیاسەت تەنیا لەو روویەوە مانای هەبێت کە رێگای بۆ جەنگێکی تەواو و بێ ئەملاو ئەولا خۆش کردبێت)). ئەم وتەیەی لودندۆرف فۆڕمۆڵبەندیەکی رێك و وردی ئەم بیرۆکەیەیە کە ماکس شیلەری[١٠٢] فەیلەسووفی بەناوبانگی ماهییەتگەرایی بەم چەشنە دەربڕیوە: ((جەنگ واتە دەوڵەت لە دۆخی باشترین گەشە و راپەڕیوی بە کردەوە، جەنگ واتە سیاسەت)). فرایر لە ساڵی ١٩٣٥ هەر ئەم دۆکترینە هێگلیە بەم جۆرە سەر لە نوێ فۆڕمۆڵبەندی دەکاتەوە: ((دەوڵەت لە یەکەمین چرکەساتی بوونەوە، لە بازنەی جەنگدا هەڵوێست وەردەگرێ ... جەنگ نەك هەر

99. E. Kaufmann
100. E. Bans
101. General Von ludendorff
102. Max scheler



تەواوترین شێوەی چالاکی دەوڵەتە، بەڵکو توخمێکە کە دەوڵەت تێیدا جێ دەگرێ، هەڵبەتە ئەو جەنگەش کە ئاستەنگی هاتۆتە سەر رێگا یان پێشی لێگیراوە یان خۆی لێ بواردراوە یان چۆتە بیچمێکی ترەوە، لە ژێر ئەم مەفهوومە دادەگونجێت)). بەڵام لنتس گەیشتۆتە بوێرانەترین دەرەنجام لە کتێبەکەیدا لە ژێر ناونیشانی **رەگەز وەکو بنچینەی بەها**[١٠٣] و ئەم پرسیارە دەخاتەڕوو: ((ئەگەر مرۆڤایەتی ئامانج و مەبەستی ئەخلاقیات بێت، ئایا ئێمە لە هەڵبژاردنی ئەو لایەنەی کە لایەنگری لێ دەکەین، بە هەڵەدا نەچووینە؟)) هەڵبەتە بە پەلە ئەم بیرۆکە پووچ و باتڵە رەد دەکاتەوەو وەڵام دەداتەوە: ((دوور بێ لە ئێمە کە بیر لەوە بکەینەوە دەبێ مرۆڤایەتی جەنگ مەحکوم بکات، نا ئەوە جەنگە کە مرۆڤایەتی مەحکوم دەکات)). یۆنگ[١٠٤] ئەم بیرۆکەیە بە مێژووگەراییەوە دەبەستێتەوەو دەنووسێ: ((ئەوەی رێکی و رێسا بە مێژوو دەبەخشێت، مرۆڤدۆستی یان چەمکی مرۆڤایەتی نییە)). بەڵام شانازی بەڵگەخوازی سەرەکی بۆ دژایەتی کردنی مرۆڤدۆستی بە نسیبی فیختەی بە وتەی شۆپێنهاوەر ((زۆر بلێ)) دەبێت کە لەکاتی توێژینەوە لەمەڕ وشەی ((مرۆڤایەتی))[١٠٥]دا دەنووسێت: ((ئەگەر یەکێك لە جیاتی وشەی رۆمانی Humaneness[١٠٦] وەرگێڕاوە راستەکەی بە زمانی ئەڵمانی (manhood)[١٠٧] دەخستە بەردەم تاکێکی ئەڵمانی، ئەم کەسە ئەڵمانییە پێی دەگوت: کەواتە بەدیاردەکەوێ کە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان مرۆڤ بوون و دڕندەبووندا نییە! ئەڵمانیەك وەهای دەگوت- واتە بەو چەشنەی کە بۆ رۆمانیەك ممکین نەبوو. لە زمانی ئەڵمانی دا وشەی (ئادەمیزادێتی) هەمیشە تەنیا دیارێکی دیاردەیی (فینۆمینۆیی)[١٠٨] بووە و هەرگیز وەکو ئەوەی لەنێو رۆمەکاندا روویدا، نەگۆڕا بۆ وێنایەکی بان دیاریدەیی[١٠٩]. ئاشکرایە هەر کەسێك بیەوێ ئەم سیمبۆڵە بێگانە رۆمانییە)) (واتە وشەی ((مرۆڤایەتی))) ((بە قاچاغ و بە فرتوفێڵەوە بێنێتە ناو زمانی ئەڵمانی، پێودانگە ئەخلاقییەکانی ئەڵمانییەکانی تووشی بێ نرخ و پڕوپووچی کردووە...)) شپنگلێر تیۆرەکەی فیختە دووبارە دەکاتەوەو

103. F. lenz, The Race as the principle of value
104. E. Jung
105. humanity

١٠٦. "ئینسانییەت"

١٠٧. "مرۆیی"

108. phenomenal notion
109. super- phenomenal idea

دەنووسێت: ((ئادەمیزادێتی یان دەبێ زاراوەیەکی گیانلەبەرناسی بێ یان وشەیەکی خاڵی لەمانا)). هەر ئاوایە کاتێ کە رۆزنبێرگ[١١٠] دەڵێت: ((ژیانی ناوەکی مرۆڤ لە کاتێکەوە تووشی پووچی هات کە پاڵنەرێکی بێگانە بە هزریدا خوێندرا: واتە رزگاری و مرۆڤدۆستی و کولتووری مرۆڤایەتی)).

کولنای کە لە ناوخەوە پێی قەرزدارم، چونکە جگە لە کتێبەکەی ئەودا نەبێت دەستم بە زۆر بابەت رانەدەگەیشت، لەم پانتاییەدا بەکاریگەرترین چەشن دەڵێت[٨٠]: ((بەشێکی زۆر لە ئێمە... کە پابەندین بە شێوازە ژیرانە و شارستانییەکانی حکومەت کردن و رێکخستنی کۆمەڵگا، لەم خاڵەدا کۆکین کە جەنگ لە خویدی خۆیدا خراپەیە...)) درێژەی پێ دەدات کە بە بڕوای بەشی هەر زۆری ئێمە (جگە لە ئاشتی پەرستەکان) لەوانەیە جەنگ لە هەندێ بارودۆخ و هەلومەجدا بگۆڕێ بۆ شەڕێکی (خراپەیەکی) زەرووری و حەتمی و پاشان لە درێژەی ئەمەدا دەنووسێ: ((بەڵام روانگەی ناسیۆنالیستانە جیاوازی هەیە و هەرچەندە پێویست ناکات نیازداری خواستی جەنگێکی بەردەوام یان تەنانەت دووبارەش بێت، بەڵام جەنگ لەجیاتی خراپە (شەڕانگێزی)، بە چاکە لەقەڵەم دەدات، ئەگەرچی چاکەیەکی مەترسیداریش وەکو شەرابێکی لەڕادەبەدەر سەرمەست کەر، چاکتر وایە بۆ کاتی دەگمەن و چەژن و بۆنە گرنگەکان بەلاوە بنرێت)). جەنگ شەڕ و ئافاتێکی ئاسایی نییە کە بەرفراوانی دەست کەوێ، خێرێکی بە نرخ و دەگمەنە: ئەمە کورتەی بیروباوەڕی هێگل و موریدەکانیەتی.

یەکێك لە تەڕدەستیەکانی هێگل، زیندووکردنەوەی وێنای چارەنووسە لە نێو بیروبۆچوونەکانی هێراکلیتۆسدا. ئەو جەختی دەکردەوە[٨١] کە ئەم وێنا شکۆمەندە یۆنانیە لەمەڕ چارەنووسەوە- بەو مانایە کە چارەنوس ماهییەتی هەر تاکێك یان نەتەوەیەك دەردەخات- خاڵی بەرامبەری وێنای یەهودە بۆ یاسای گشتی- بە یاسا سروشتییەکان یان ئەخلاقییەکانەوە- کە لە بڕوا بوون بە ناوگەرایی سەرچاوە دەگرێ. هەروەك لە بەشی رابردوودا پێشانماندا، دەتوانین تیۆری جەوهەرگەرایی لەمەڕ چارەنووسەوە لەم بیروباوەڕە دەربێنین کە ماهییەتی نەتەوەیەك تەنیا دەشێت لە مێژووی ئەو نەتەوەیەدا بەرجەستە بێت و بە دیاربکەوێ. ئەم تیۆرە بە مانای ((ناچارێتی {جبر}))[١١١] و دنەدەری سستی و بێ کردەوەیی

110. A. Rosenberg
111. fatalism



نییە، ((چارەنووس))[١١٢] جیاوازی هەیە لەگەڵ ((حوکمی ئەزەلی))[١١٣]. پرسەکە بە پێچەوانەوەیە. خودی خۆی و ماهییەتە راستەقینەکەی و ناخی رۆح و و خووخدە و خۆرسك (واتە ویستەکان و هەڵچوونەکان بەجیاکردنەوە لە عەقڵ) گرنگترین و یەکلاکەرەوەترین پشکیان هەیە لەوەدا کە چارەنووسی تاك چی بێت و لە چی دروست ببێت. لەو کاتەوە کە هێگل ئەم تیۆرەی بەرفراوان و بەرین کرد، هزری چارەنووس بۆتە وەسواسێکی هەمیشەیی کە دەست لەسەر راپەڕیوەکان لە دژی ئازادی هەڵناگرێت. کولنای بەهەق جەخت لەسەر پەیوەندی نێوان رەگەزپەرستی (کە دەڵێت چارەنووس وابووە کە کەسێك سەر بە رەگەزێکی تایبەتی بێت) و سەرەڕۆیی لە هەمبەر ئازادییەوە دەکاتەوە و دەنووسێ[٨٢]: ((مەبەست لە پرنسیپی چاوەدێری سەر رەگەز ئەوەیە کە زامنکەرو روونکەرەوەی رەفزی تەواوی ئازادی مرۆڤ بێت و نکۆڵی لە مافە یەکسانەکان بکات و لە بەرامبەر مرۆڤایەتیدا خۆی قوت بکاتەوە)). سوور بوونەکەی رەوایە کاتێ دەڵێت رەگەزپەرستی مەیلی بەرەو ئەوە هەیە کە ((**سەربەستی** (اختیار) لە بەرامبەر **چارەنووس** دابنێت و ئاگایی تاك لە بەرامبەر پاڵنەری بێ سەرپێچی **خوێن** کە کۆنترۆڵ ناکرێت و بەڵگەخوازی قبوڵ ناکات)). تەنانەت هێگل ئەم مەیلەش پێشان دەدات، ئەگەرچی وەکو هەمیشە بە چەشنێکی ئاڵۆز و ناروون لە رێگای ئەم دەستەواژانەوە دەریدەبڕێت: ((ئەوەی ئێمە بە **بنەمای ئامانج**، **چارەنووس** یان سروشت یان وێنای **رۆح** ناوزەدی دەکەین، ماهییەتێکی پەنهان و پەروەردەنەکراو و پەرەسەندوویە کە هەرچەندە لە خودی خۆیدا حەقیقەتی هەبێت، بەم چەشنە بە تەواوی وەڕاست گەڕاو واقعی نییە ... ئەو ئەو هێزە وروژێنەرەی بوون بە مرۆڤەکان دەبەخشێت، **نیاز و غەریزە و مەیل و هەڵچوونەکانیانە**)). کریکی[١١٤] فەیلەسووفی نوێی مێشك شووشتنەوەی پەروەردەیی، تەنانەت لەمەش زیاتر لە ناچارێتی (جبر) نزیك دەبێتەوە و دەڵێت: ((هەموو ویست و چالاکییە عەقڵانییەکانی تاك، لەچوارچێوەی ژیانی رۆژانەی تاکدا بەرتەسك دەبێتەوەو لە دەرەوەی ئەم چوارچێوەیە، ئەو تەنیا تا ئەو جێگایەی کە هێزە باڵا دەستەکانی سەرچارەنووس، بەسەریدا زاڵ بن، دەتوانێت تەواویەتی و چارەنووسێکی بەرزتر بەدەست بێنێ)). پاشان وەك بڵێی باسی ئەزموونی تاکەکەسی دەکات، درێژەی پێ دەدات: ((هەموو تاکێك نەك لە رێگای تەگبیرە عەقڵانییەکانی خۆیەوە، بەڵکو تەنیا بەهۆی ئەو هێزانەی کە لە بان و لە ژێر ئەوەوەن و بێ ئەوەی لە خودی

112. destiny
113. predestination
114. E. krieck

ئەوەوە سەرچاوە بگرن، بە دەوریدا بڵاودەبنەوەو کاردەکەن، دەتوانێت ببێتە بوونەوەرێکی داهێنەر و کاریگەر)). (بەڵام کاتێ هەر ئەم فەیلەسووفە دەکەوێتە بیری ئەوە کە ((نەك هەر چاخی زانستە 'ئوبژێکتیڤ' یان 'ئازادەکان' بەڵکو سەردەمی عەقڵی پەتیش کۆتایی پێ هاتووە))، بەچەشنێك گشتییەك بە ئەزموونی زۆر تاکەکەسی و تایبەتی خۆی دەبەخشێت کە بە هیچ جۆری پاکانەی بۆ ناکرێ).

هێگل نەك هەر وێنای چارەنووس، بەڵکو هاوتاکەی واتە وێنای ناوبانگیش سەر لەنوێ زیندوو دەکاتەوە و لەم پانتاییەدا دەنووسێ[٨٣]: ((تاکەکان... لە **ئامراز** زیاتر هیچی دی نین ... ئەوەی وەك تاکێك و لە ژێر بەرەکەتی پشکی تاکەکەسی لەو کارانەی پەیوەندییان بە جەوهەرەوە هەیە و (سەربەخۆ لەوان ئامادە و دیاری کراوە) بەدەست دێنن، **ناوبانگە** کە پادداشتەکەیانە)). شتاپڵ[١١٥] یەکێك لە جاڕدەرانی مەسیحیەتی کافرانەی نوێ، یەکڕاست ئەم وتەیەی هێگل دووبارە دەکاتەوە و دەڵێت: ((هەموو کارێکی گەورە لە پێناو ناوبانگ و شانازی دا ئەنجام دەدرێت)). بەڵام ئەم مامۆستا ((مەسیحیەی)) ئەخلاق تەنانەت لە هێگلیش توندڕۆترە، چونکە دەنووسێ: ((تاکە ئەخلاقی راستەقینە، شانازی بان سروشتییە)) و تاکە ((فەرمانی رەها))[١١٦] کە دەبێ لەم سیستەمە ئەخلاقییە راستەقینەدا ملکەچی بین، ئەمەیە: ((دەست بۆ ئەو کارانە ببە کە شانازی بە دیاری بێنێت!)).

(ه) بەڵام هەموو کەسێك توانای ئەوەی نییە شانازی بەدەست بێنێ. پەیڕەوی کردن لە قوتابخانەی شانازی پێویستی بە دژایەتی کردنی یەکسانی هەیە- پێویستی بە رێزگرتن لە قوتابخانەی ((پیاوە گەورەکان)) هەیە. رەگەز پەرستی نوێ، ((بە هیچ جۆرێ تاك و مرۆڤەکان بە یەکسان لەقەڵەم نادات)) (پەیڤی رۆزەنبێرگ[٨٤]). لەم روویەوە، هیچ ئاستەنگێکی لەبەردەمدا نییە بۆ ئەوەی پرنسیپی پێشەوایەتی یان بە وتەی هێگل، وێنای کەسایەتی جیهانمێژوویی، لە جبەخانەی ڕاپەڕینی هەمیشەیی دژی ئازادی دەربهێنرێت. یەکێك لەو بابەتانەی کە هێگل حەزی لێ دەکات هەر ئەم بۆچوونەیە و لەکاتی دوان لەسەر پرسیارە کوفرئامێزەکە ((ئایا هەڵخەڵەتاندنی خەڵك رەوایە یان نا)) (بگەڕێنەوە بۆ چەند لاپەڕەی پێشوو)، دەڵێت: ((بەپێی رای گشتی هەموو شتێك، هەم راستە و هەم درۆیە. کاری پیاوی

115. W. Stapel
116. Categorical Imperative



گەورە ئەوەیە کە لەم نێوەدا حەقیقەت کەشف بکات. **یەکێك گەورەپیاوی سەردەمی خۆیەتی کە دەربڕی {زمان حاڵی} ویستی ئەو سەردەمە بێت و بەسەردەمی خۆی بڵێت دەبێ چی بوێت و ئەم ویستە جێبەجێ بکات.** ئەو بەپێی رۆح و ماهییەتی ناوەکی رۆژگاری خۆی دەجوڵێتەوە و وەڕاستی دەگێڕێت. ئەو کەسە کە نەزانێ دەبێ چۆن رای گشتی بەو جۆرەی کە لە پەناو پەسیوان دەنگی بەرزدەبێتەوە، سووکایەتی پێ بکرێت و بە کەم سەیر بکرێت، هەرگیز ناتوانێ سەرکەوتن بەدەست بێنێ لە ئەنجامدانی هیچ کارێکی گەورەدا)). پاشان ئەم وەسفە زۆر وردەی پێشەوا- یان دیکتاتۆری مەزن- وەکو پیاوێکی جاڕدەر، لەگەڵ ئەفسانەیەکی بەتام لەمەڕ مەزنی گەورە پیاوان تێکەڵاو دەکات، بەم چەشنە کە شکۆمەندی پیاوی مەزن لەمەدا کورت دەبێتەوە کە ئەو بەرزترین ئامرازی رۆح بێت لە مێژوودا. هێگل سەبارەت بە ((پیاوە مێژووییەکان و تاکە جیهانمێژووییەکان)) دەڵێت:

> ئەمانە هەندێ پیاوی ئەوتۆ بوون کە گرنگیان بە پرسی کردەیی دەدا. هەندێ پیاوی سیاسی بوون، بەڵام لە هەمان کاتدا، پیاوانی بیرمەندیش بوون کە سەبارەت بە بارودۆخی سەردەم و ئەو شتەی کاتی پەرەپێدانی و پەروەردەکردنی هاتبوو، بەرچاو ڕوونییەکی قوڵیان هەبوو ... پیاوانی جیهانمێژوویی، قارەمانی هەموو چاخێکن و لەم روویەوە، دەبێ بەرۆشن بینی سەردەمی خۆیان لە قەڵەم بدرێن. باشترین کردەوەو گوتەی سەردەم، کردەو گوتەی ئەوانە ... ئەوان بوون کە باشتر لە هەمووان لە دۆخ و بوارەکان تێگەیشتن. ئەوانیتر لەمانەوە فێربوون و تەگبیرەکانی ئەوانیان پەسەند کرد یان لانی کەم لە بەرامبەر سیاسەتەکانیاندا دەمیان داخست. ئەو رۆحەی کە ئەم هەنگاو نوێیەی لە مێژوودا هاویشتووە، لە قوڵایی دەروونی هەموو خەڵك هەڵقوڵاوە- بەڵام ئەو دەروونەی کە لە دۆخی نائاگایی دابووە و گەورەپیاوەکانی وروژاندووە ... کەواتە، هاوجۆری ئەم پیشەوا رۆحانیانە، بەدوای ئەواندا دەڕۆن، چونکە هەست دەکەن هێزی رانەوەستاوی قوڵای رۆحیان لەودا بەرجەستەبووە.

بەڵام پیاوی گەورە نەك هەر لە تێگەیشتن و داناییدا سەرداری هەموانە، بەڵکو هەستو سۆزێکی بێ کەوشەنیشی هەیە و لە هەمووان زیاتر، خاوەن سەوداو بەرزەفڕی سیاسییە و لەم رێگایەوە دەتوانێت هەستو سۆزی ئەوانیتریش بوروژێنێت.

پیاوە گەورەکان لە پێناو ڕەزامەندی خۆیان مەبەستەکان پێك دێنن نەك بۆ دڵخۆش کردنی ئەوانیتر ... گەورەیی ئەو پیاوانە لەوە دایە ویستی ئەوان بەکارێکی مەزنەوە پەیوەستە و لە ئەنجامدانی دا سەرکەوتوو بوونە ... لە جیهاندا هیچ کارێك بەبێ حەزو هەستووسۆز ئەنجام نەدراوە ... **دەتوانین ئەم خاڵە بە فرتوفێڵی عەقڵ[١١٧] ناوزەد بکەین، چونکە عەقڵ حەزو سۆز لە پێناو ئامانجەکانی خۆیدا بەکاردێنێت** ... ڕەنگە حەز و سۆز وشەیەکی گونجاو نەبێت بۆ ئەو شتەی دەمەوێ دەریببڕم. مەبەستم تەنیا ئەوەیە کە چالاکی مرۆڤ لە بەرژەوەندی تایبەتی- یان ئەگەر یەکێك ئەم دەستەواژەیەی پێ باشتر بێت، نەخشە و مەبەستە تایبەت و خۆپەرستانەکان- ەوە سەرچاوە دەگرێ، بە پابەندبوون بەوە کە هەموو هێزی ویست و کەسایەتی بۆ وەدەست هێنانی ئەم مەبەستانە تەرخان دەکرێت ... حەزو سۆزو هەژان و ئامانجە تایبەتییەکان و ڕازی کردنی ئارەزووە خۆخوازانەکان، کاریگەرترین چاوگی کردەوەیە و هێزەکەی لەوە دایە کە ڕێز لە هیچ کام لەو سنوورانە ناگرێت کە دادپەروەری و ئەخلاق دەیانەوێ بەسەریدا بسەپێنن. نفوزو کاریگەری ڕاستەوخۆی ئەم پاڵنەرە سروشتیانە لە مرۆڤەکان زۆر زیاترە نەك لەو دیسپلینە دەستکرد و هیلاکەرەی کە مەیلی بەرەو ڕێکی و خۆپارێزی و یاسا و ئەخلاق هەیە.

لە ڕۆسۆ بەدواوە، لایەنگرانی قوتابخانەی هزریی ڕۆمانتیك، پەیان بەوە برد کە مرۆڤ بەگشتی بوونەوەرێکی عاقڵ و خودان ئاوەزنییە. بەڵام لە هەمان کاتدا کە مرۆڤدۆستە لێبڕاوەکان عەقڵانییەتیان دەکردە نیشانەی خۆیان، ئەو کەسانەی لە دژی عەقڵ ڕاپەڕیون، لە پێناو ئارمانجی سیاسی سوودیان لەم تێڕوانینە دەروونییە وەرگرتووە کە سەبارەت بە ناعەقڵانی بوونی مرۆڤ وەدەستیان هێناوە. کاتێك فاشیزم پەنا دەباتە بەر ((سروشتی مرۆیی))، لە ڕاستیدا گەرەکیەتی لای سۆز و هەڵچوون و نیازە کۆگەلییە ناوەکی و ڕازاوییەکانی ئێمە پەسەند بێت و ڕوو دەکاتە ((مرۆڤ، واتە بوونەوەرێکی نەناسراو)). دەتوانین ئەم پەنابردن و بە پیرەوە هاتنە، بە خواستنی وشەکانی هێگل کە تۆزێك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد بە، فرتوفێڵی ڕاپەڕین دژی ئازادی ناوزەدی بکەین. بەڵام لووتکەی ئەم فرتوفێڵ و ساختەچییەتیە کاتێك

117. Cunning of reason



دەست پێ دەکات کە هێگل دەست بۆ بێباکانەترین وەرسوڕانە دیالێکتیکییەکانی خۆی دەبات و لە هەمان کاتدا کە خەریکی موجامەلەیە لەمەڕ ڕێبازی عەقڵ و عەقلانیەت و بە ئاوازێکی بەرزتر لە هەموو کەسێکی دیکەی پێش یان پاشەخۆی لە هەمبەر عەقڵەوە دەدوێت، ڕوو دەکاتە نا عەقڵانیەت و ڕێچکەی دژە ئاوەزی و نەك هەر سۆز و هەڵچوون بەڵکو زۆرەملێ و وەحشیگەری دەگەیەنێتە پلەی خواوەندی. بە پێی نووسینی خۆی: ((قازانجی ڕەهای عەقڵ لەوە دایە کە ئەم گشتە ئەخلاقییە {واتە دەوڵەت} بوونی هەبێت و هەر لێرەدایە کە ڕەوایەتی و شایستەیی قارەمان و دەمەزرێنەرانی دەوڵەتەکان، هەرچەندە زۆر دڵڕەقیش بن، خۆی دەردەخات ... لەوانەیە ئەم پیاوانە ڕەفتارێکی بێ تێبینی و خەمساردانە لەگەڵ بەرژەوەندییە گەورەو تەنانەت پیرۆزەکانی تردا بکەن ... بەڵام پەیکەرێکی بەهێز و زەبەلاحی ئەوتۆ دەبێ گەلێ گوڵی بێگوناه پێشێل بکات و گەلێك شتی سەر ڕێگا وردوخاش بکات)).

(و) ئەم تێگەیشتنە کە مرۆڤ زیاتر لەوەی ئاژەڵێکی عاقڵ[١١٨] بێت، گیانلەبەرێکی قارەمانە، نووژەنی {اختراع} ڕاپەڕیوانی دژی ئازادی نییە، نموونەیەکی ئایدیالی خێڵ پەرستەکانە. هەڵبەتە دەبێ جیاوازی بکەین لە نێوان ئایدیالسازی بۆ ((مرۆڤی قارەمان)) و ڕێزگرتنێکی ژیرانە لە کارو سیفاتی قارەمانی، کە هەمیشە باش و ستایش کراو بووەو هەرواش دەبێت. بەڵام بەبڕوای من، ئەو ستایشەی کە دەیپژێنین و نساری دەکەین، دەبێ زیاتر لە هەموو شتێك لەسەر بنەمای ڕێزگرتن بێت لەم پرنسیپ و ئامانجە پتەوانە کە قارەمان خۆی بۆ تەرخان دەکات. پێم وانییە توخمی قارەمانی لە کردەی دز و شەڕانگێزاندا هێندە شایانی نرخاندن بێت. بەڵام دەبێ ستایشی کاپتێن سکات[١١٩] و هاوڕێکانی بکەین و ئەگەر بتوانین تەنانەت لەمەش زیاتر ستایشی کەسێك بکەین، دەبێ ئەم ڕێز و نرخاندنە پێشکەشی ئەو قارەمانە بکەین کە توێژینەوەی لەسەر تیشکی ئێکس و گرانەتا و بێگومان ئەو کەسانەی کە هێشتا بەرگری لە ئازادی دەکەن.

ئایدیالی خێڵەکی ((مرۆڤی قارەمان))، بەتایبەتی بەشێوە فاشیستییەکەی، لەسەر بنەمای بیروباوەڕی تر دامەزراوە. پەلامارێکی ڕاستەوخۆیە بۆ سەر ئەو شتەی ستایشی بەشی هەر

١١٨. rational animal یان بە وتەی پێشینان "ئاژەڵی قسەکەر".

١١٩. Captain R.F. Scott (١٨٦٧ـ١٩١٢). یەکێکە لە گەڕۆکە بەنابانگەکانی جەمسەری باشوور کە لەگەڵ چوارکەسیتردا چوون بۆ ئەو ناوچەیە و لە ژانیوەری ١٩١٢ گەیشتنە جەمسەر...

زۆری ئێمە سەبارەت بە کارە قارەمانییەکان دەوروژێنێت، واتە بۆ نموونە هاوکاری بۆ بەرەو پێش بردنی شارستانییەت. هێرشێکە بۆ سەر وێنای ژیانی شارستانیانە و قێزەون کردنی لەژێر ناوی رواڵەتی بوون و ماددی بووندا و لەبەر ئەوەی لە ژیاندا هۆگری دڵنیایی (تأمین) بووەو ڕێزی لێ دەگرێت. ئایدیالێکە فەرمان دەدات ئەگەر کرا ریسك بکە! بەڵام ئەو ئامانجەی کە لە ڕێگایدا مولتەزمی پەیڕەوی لەم فەرمانە بکەیت، لەڕووی گرنگییەوە بە پلەی دووەم دێت. بە وتەی بێست[(١٢٠)]{٨٥}: ((ئەو شتەی کە تای تەرازووەکە بە قازانجی ئێمە دێنێتەخوار، باش جەنگانە نەك 'ئامانجی باش'... ئەوەی گرنگی هەیە تەنیا ئەمەیە کە چۆن دەجەنگێین، نەك ئەوەی ئامانجمان چییە لە جەنگ کردن)). لێرەشدا بۆمان دەردەکەوێ ئەم بەڵگەخوازییە دیسان، شێوەی فراوانکراوی یەکێك لە بیرۆکەکانی هێگلە کە دەنووسێ: ((لە ئاشتیدا، ژیانی مەدەنی زۆرتر بەرفراوان دەبێت و هەموو بوارەکان لەخۆ دەگرێت ... و دواجار هەموو مرۆڤەکان گیرۆدەی وەستان و بێهۆشی دەبن ... لە بەرزایی مینبەرەکانەوە، مەعیزەیەکی زۆر لەسەر نائاسوودە بوون و بێهودەیی و ناسەقامگیری شتە دونیاییەکان دەکرێت و لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، هەر کەس لەسەر ئەو بۆچوونەیە کە دەتوانێت ئەوەی هەیەتی بەجۆرێك بپاترێزێت... دەستینشان کردنی ئەم خاڵە پێویستە کە ... ماڵ و گیان لە شتە ناجەوهەرییەکانن... دەبێ نادڵنیایی وەکو سوارچاکە جەنگاوەرەکان بەشمشێری درەوشاوەی لە کالان هەڵکێشراو سەرەنجام پەلامار بدا بۆ ئەوەی دەریبخات کە دەتوانێت چ چالاکییەکی هەبێت!)) لە شوێنێکی تر، هێگل رووخسارێکی تاریکی ئەو شتە وێنە دەکێشێ کە بە ((ژیانی باوی پەتی))[(١٢١)] ناوزەدی دەکات. وا دیارە مەبەستی لەم جۆرە ژیانە، ژیانی ئاسایی کۆمەڵگای شارستانیە، چونکە دەنووسێ: ((داب[(١٢٢)] واتە چالاکی بەبێ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دژایەتی و نەیاری... کە تێیدا پشکووتن و تام و توانا، ممکین نییە- بوونێکی رواڵەتی پەتی تایبەت بە چێژە هەستییەکان {واتە ئەو شتەی هەندێ لە خەڵکانی سەردەمی ئێمە پێی دەڵێن ((ماددیات))} کە ئیدی خۆی لەو ئامانجەدا نغرۆ ناکات کە هەیەتی... بوونێکی بێ عەقلاندن و جموجۆڵ و سەر زیندویی)). هێگل هەمیشە وەفادارە بە مێژووگەرایی و لەم ڕوویەوە (بە پێچەوانەی ئەرستۆ بە وەبەرچاوگرتنی قازانجی کردەیی هەر شتێك، لەمەڕ ((مەترسییەکانی فراوانی نیعمەتەکان)) هوشداری دەدا)، دژی قازانجی کردەییە و ئەم تێڕوانینە دژە سوودگەراییە لەسەر بنەمای ئەو

120. W .Best
121. mere customary life
122. custom



راڤەیەی کە بۆ مێژوو هەیەتی، دادەڕێژێت و دەنووسێ: ((مێژووی جیهان، سەکۆی خۆشی و بەختەوەری نییە. قۆناغەکانی خۆشی، لاپەڕە بەتاڵەکانی ئەم پەرتووکەیە واتە قۆناغەکانی هەماهەنگی و هاوکارییە)). هەر لەبەر ئەمەیە کە ئازادیخوازی و سەربەستی و عەقڵ، بەردەوام دەکەوێتە بەر پەلاماری هێگڵەوە. ئەو نەڕە شێتانەیەی کە لە کۆشکەکانی هێگلیانیزمدا زایەڵە دێت و لە نێو قەڵای کۆمەڵگای داخراو و راپەڕین دژی ئازادیدا دەنگ دەداتەوە، هی ئەو کەسانەیە کە هاوار دەکەن: ئێمە مێژووی خۆمانمان دەوێت! ئێمە چارەنووسی خۆمانمان دەوێت! ئێمە جەنگمان دەوێت! ئێمە زنجیرمان دەوێت!

گەشبینی بە ناو ڕەسمی هێگل لەم تیۆرەوە سەرچاوە دەگرێ کە هەرچی مەعقولە، واقعییە. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، هەندێ سیمای ئەوتۆی تێدایە کە ڕەگی رەشبینی تایبەتی فەیلەسووفە هۆشیارترە نوێیەکانی لایەنگری رەگەز پەرستییە. زیاتر لەوەی مەبەستمان فەیلەسووفە کۆنەکانی وەکو (لاگارد[(١٢٣)] و ترایچکە و مولێرفان دێن بروك[(١٢٤)]) بێت، ئەو کەسانەیە کە لە دوای شپینگلێری لایەنگری بەناوبانگی قوتابخانەی مێژووگەراییەوە، دێن. ئەم بەختگرەوەیە نەتوانی بە گوریسی بڕوا بوون بە گشتگەرایی لە بایۆلۆژیدا[(١٢٥)] و تێگەیشتنی پێژنی و رۆحی گروپی و رۆحی زەمانە، لەو روانگە رەشبینانەیە رابکات کە هەیبوو و نە تەنانەت بە یارمەتی ئەو شێوازە هزرییە رۆمانتیکیەشی کە دەربڕینی بۆ ئەو کەسانەی کە پێشگۆیی ئایندە دەکەن و خاوەن ئەو هەستەن کە کاریگەریان هەیە لە داهاتنیدا، کردەگەراییەکی[(١٢٦)] ((خوێنتاڵ)) بەجێماوە کە بوونی توخمی نائومێدی تێیدا جێگای گومان نییە. سەرنج راکێش ئەوەیە، سەیر دەکەین هەردوو باڵی رەگەزپەرستەکان- واتە هەم ((موڵحد)) و هەم ((مەسیحییەکان)) وەکو یەك لەم روانگە رەش و تاریکە سەبارەت بە شتەکان هاوبەشن.

شتاپڵیش وەکو هەندێ کەسی نموونەی گۆگارتن[(١٢٧)]، سەر بە باڵی ((مەسیحیەکان))ـە دەنووسێ{٨٦}: ((مرۆڤ یەکڕاست لەژێر نەفرەتی گوناهی بەرایی[(١٢٨)] دایە ... تاکێکی

123. P. de (Boetticher) Lagarde
124. A. Moeller van den Bruck
125. Biological holism
126. activism
127. F. Gogarten

١٢٨. original sin. بەڕای مەسیحییەکان، ئەو گوناهەیە کە مرۆڤ لەگەڵیدا لەدایك دەبێت و رەگەکەی بۆ سەرپێچی ئادەم لە فەرمانی خوا دەگەڕێتەوە و لەمرۆڤ دا نەوە لەدوای نەوە دەگوازرێتەوە...

مەسیحی دەزانێ جگە لەوەی بە گوناهکاری بژی، هیچ چارەیەکی تری نییە ... هەر بۆیە، خۆی لە گەڕان و وردبوونەوە ئەخلاقییە وردەکان دوور دەکاتەوە ... ئەو مەسیحیەتەی کە رووخسارێکی ئەخلاقی بەخۆیەوە بگرێت، لەڕەگ و ریشەوە دژە مەسیحیە ... خوداوەند ئەم جیهانەی بە چەشنێکی فانی دروست کردووە و ئەم جیهانە مەحکوم بە نەمانە. کەواتە خۆزگە بە حوکمی چارەنووس، وێران ببێت! ئەو کەسانەی پێیان وایە دەتوانن چاکسازی تێدا پێك بێنن و گەرەکیانە ئەخلاقیاتێکی 'بەرزتر' دروست بکەن، راپەڕینێکی سووکوچروکی گاڵتەجاڕانەیان لە بەرامبەر خودادا وەڕێ خستووە ... هیواداربوون بە بەهەشت بە مانای چاوەڕوانی کردنی بەختیاری نییە بۆ لەخۆگرانی رەحمەتی {یەزدانی}، بەڵکو بە مانای ملکەچی و هەستی هاوسەنگەرییە)). (گەڕانەوە بۆ خێڵ). ((ئەگەر خوا فەرمان بەسەر بەندەی خۆیدا بکات: بڕۆ بۆ دۆزەخ، ئەو بەندە سوێندخواردووە ... بە ملکەچکردن بۆ فەرمانەکە دەچێتە دۆزەخ... و ئەگەر بەشی عەزابی هەتا هەتایی بۆ دابنێت، دەبێ خۆی لەبەردا راگرێت... ئیمان جگە لە ناوێکی تری سەرکەوتن هیچی تر نییە، بەڵام ئەو جۆرە سەرکەوتنەی کە خواوەند خوازیارێتی...)).

رۆحێکی زۆر هاوشێوەی ئەمە، لەبەرهەمی دوو کەسی دیکە لە فەیلەسووفە ناسراوەکانی ئێستای ئەڵمانیاشدا دەبینرێت: دوو فەیلەسووفی ((ئێگزستانسیالیزم-بوونگەرا))، واتە هایدگەر و یاسپێرس، کە هەردووکیان لە بنەڕەتدا پەیڕەوکاری فەیلەسووفە ماهییەتگەراکان، واتە هوسرل و شلێر بوون. هایدگەر بەهۆی زیندووکردنەوەی فەلسەفی **نەبوون** یان **هیچی** کە فەلسەفەیەکی هێگلە ناوبانگی پەیداکرد. هێگل بە بۆچوونی خۆی ئەم تیۆرەی ((تۆمار)) کردبوو{٨٧} کە ((بونی پەتی)) رێك وەکو ((نەبوونی پەتی))یە و دەیگوت ئەگەر بمانەوێت لە هەموو لایەنەکانەوە بیر لە چەمکی بوونی پەتی بکەینەوە، دەبێ ((هەموو هەبوونایەتییە هەندەکییەکانی[١٢٩] ئۆبژەیەك[١٣٠]))ی لێ دامالێن و هەر بۆیە، بە وتەی ئەو، ((هیچ دەمێنێتەوە))[١٣١]. (دەتوانین ئەم میتۆدە هێراکلیتیە بۆ سەلماندنی هەموو جۆرە پەیوەندییەکی

129. Particular determinations
130. object

١٣١. nothing remains. یان ئەگەر بمانەوێت بەزمانی ئەم جۆرە فەیلەسووفە راڤەی بکەین "هیچ دەمێنێتەوە" یان "نەبوون دەمێنێتەوە".



شوناسی {ئەمئەوەکی} یان وەکیەکیەکی[١٣٢] بێهودە بەکاربێنین، بۆ نموونە لەمەڕ دەوڵەمەندی پەتی و دەستکورتی پەتی، سەروەری پەتی و کۆیلایەتی پەتی، ئاریاییگەری پەتی و یەهوودیگەری پەتی). هایدگەر بە زیرەکی و هۆشمەندییەوە ئەم تیۆرەی هێگل بەسەر جۆرە فەلسەفەیەکی کردەیی ژیانی یان ((بوون))[١٣٣] دادەچەسپێنێ. تەنیا دەتوانین لە رێگای دەرك کردنی نەبوون یان هیچی لە ژیان یا ((بوون)) تێبگەین. لە کتێبی **میتافیزیك چییە**؟[١٣٤] هایدگەر دەڵێت: ((یان دەبێ لە هەبوو[١٣٥]دا وەدی بهێنرێت، یان لە- هیچدا[١٣٦] ... تەنیا لە هەبوو و لە ودیوەوەی ئەو لە- نەبوون[١٣٧]دا)). بەڵام ((دەبێ لە کوێدا بەدوای نەبووندا بگەڕێین؟ دەبێ لەکوێ **نەبوون بدۆزینەوە**؟)) لێکۆڵینەوە لە هیچ یان نەبوون لە رێگای ئەم فاکتەوە دەرفەتی بۆ دەڕەخسێت کە ((ئێمە نەبوون دەناسین))، بەهۆی ترسەوە[١٣٨] نەبوون دەناسین: ((ترس نەبوون ئاشکرا دەکات)).

ترس، ترسی نەبوون، دڵەڕاوکێی[١٣٩] مەرگ- ئەمانەن چەمکە سەرەکییەکانی فەلسەفەی بوونگەرایی هایدگەر، فەلسەفەی ئەو ژیانەی کە مانا راستەقینەکەی{٨٨} ((کەوتنە ڕۆچوون بۆ داوێنی بوون و ڕامالڕان بەرەو مەرگە)). بوونی مرۆڤ دەبێ بەو ((بروسکەیەی کە لە پۆڵاوە دەردەپەڕێت)) راڤە بکرێت، تاکی مرۆڤ کاتێك ((بونی بەرجەستەی)) هەیە کە ((خودی خۆی بێت و ئازادییەکی هەژێنەری هەبێت بۆ ئەوەی بەخودئاگایی و دڵەڕاوکێی تەواوە، بمرێت)). بەڵام ئەم دانپیانانە تاڵانە بە تەواویش خاڵی نییە لە لایەنی دڵخۆشکەر. خوێنەر نابێت یەکڕاست بکەوێتە ژێر کاریگەری هەستوسۆزی هایدگەر بۆ مردن. ویستی هێز و ویستی زیندوومان، پێناچێت لای هایدگەریش کەمتر لە هێگلی مامۆستای گەشەی کردبێت. لەساڵی **١٩٣٣** هایدگەر نووسی: ((ویستی ماهییەت لە زانکۆکانی ئەڵمانیا، ویستێکە بۆ زانست، ویستێکە بۆ پەیامی مێژوویی و رۆحانی نەتەوەی ئەڵمان، ئەو نەتەوەیەی لە دەوڵەتەکەیدا

١٣٢. Identity عەینییەت لەبەرانبەر غەیرییەتدا.

133. Existence
134. M. Heidegger, what is Metaphysics?
135. The Existing

١٣٦. nothing یان "نەبوو"

١٣٧. Nothingness یان "هیچی" یان "نەبوون"

138. fear

١٣٩. anguish. بە "ترسی ئاگایی"یش لێکدراوەتەوە.

ویژدان بەخۆی دەدۆزێتەوە. زانست و چارەنووسی ئەڵمان دەبێ بە تایبەتی لە ویستی خودیی (زاتی)دا، بە دەسەڵات بگات)). لەوانەیە ئەم دەستەواژانەی هایدگەر شاکاری رەسەنایەتی و پاراوی نەبێت، بەڵام بێگومان ئەمەکناسی ئەو دەرحەق بە ئاغاکانی پێشان دەدات. ئەو کەسانەی سەرەڕای هەموو ئەمانە دیسان ستایشی هایدگەر دەکەن و باوەڕیان بە قوڵی ((فەلسەفەی بوونگەرایییەکەی)) هەیە، خراپ نییە وتەکەی شوپێنهاوێر بێننەوە بیری خۆیان کە: ((ئایا دەتوانین بەڕاستی بڕوا بەوە بکەین کە حەقیقەتیش وەکو بەرهەمێکی لاوەکی لەم رەوتەدا ئاشکرا بێت؟)) بە وەبەرچاوگرتنی دوایین پارچە کە لە هایدگەر وەرگیراوە، دەبێ لە خۆیان بپرسن ئایا بەشێکی زۆر لە مامۆستا و پسپۆڕەکانی پەروەردەو فێرکردن ئەو پەندەی کە شوپێنهاوەر بە دەمڕاستێکی ساختەچی دابوو، لەمەڕ گەلێ لە گەنجەکانی ناوەوەو دەرەوەی ئەڵمان بەکاریان نەهێناوە؟ پەندەکەی شوپێنهاوەر بەم جۆرە بوو: ((ئەگەر رۆژێ لە رۆژان ویستت گەنجێك بە گەمژەیی پەروەردە بکەی و توانای هەر چەشنە بیرکردنەوەیەکی بەگشتی لێ بسێنیتەوە، باشترین رێگا ئەوەیە کە لێیگەڕێی کتێبەکانی هێگل بخوێنێتەوە. فرەیی ترسناکی وشەکان بەجۆرێك لە تەك یەکدا دژایەتیان هەیە و یەکتر پووچەڵ و باتڵ دەکەنەوە کە هزر لە هەوڵێکی بێهودەدا بۆ ئەوەی هەرچۆنێك بووە لەم بارەیەوە بیرێك بکاتەوە، هێندە خۆی ئەشکەنجە دەدات تا سەرنجام لەبەر هیلاکی زۆر لە کار دەکەوێت. بەم چەشنە، هەموو جۆرە هێزێکی بیرکردنەوە وەها لەڕەگ و ریشەوە وێران دەبێت کە لە کۆتاییدا لاوەکە وشەبازی پووچ و خاڵی لە ناوەڕۆك لەگەڵ بیرۆکەی راستەقینەدا بە هەڵە تێکەڵ دەکات. ئەو دەمڕاستەی بترسێت نەوەکا گەنجەکەی ژێر دەستی {ئەوەی سەر پەرشتی دەکات} زۆر هۆشمەند بێت و کاتی فرتوفێڵ و هەڵخەڵەتاندنەکانی بگرێت، بۆ پێش گرتن لەم پێشهاتە ناخۆشە دەتوانێت بە قیافەیەکی سادە و بەریئانە پێشنیاری خوێندنەوەی هێگلی پێ بکات)).

یاسپێرس{٨٩} تەنانەت لە هایدگەریش راشکاوترە بۆ راگەیاندنی مەیلە نێهلیستییەکانی (هەڵبەتە ئەگەر شتێکی ئەوتۆ ممکین بێت). بەپێی رێنماییەکانی یاسپێرس، تەنیا کاتێك کە رووبەڕووی **نەبوون** و نەمان[١٤٠] ببنەوە دەتوانن بە ئەزموون لە بوون تێبگەن و رێزی بگرن. ئەو کەسەی بیەوێت بە مانای جەوهەری[١٤١] ژیان بەسەر ببات، دەبێ لە قەیراندا بژی. ئەو کەسەی بیەوێت تامی ژیان بکات، دەبێ نەك هەر نەترسێ و بێ باك بێت، بەڵکو دەبێ بدۆڕێنێ و تێك

140. annihilation
141. in the essential sense



بشکێت! یاسپێرس وێنای مێژووگەرایی گۆڕانکاری و چارەنووس، بەبێ باکیەوە بە تاڵترین دەرەنجامە کۆتاییەکەی دەگەیەنێ. دەبێ هەموو شتێك فەنا ببێت، هەموو شتێك تێك دەشکێت: یاسای مێژووگەرایانەی پەرەسەندن، بەم چەشنە لە زەینی سەرلێشێواو بێ هیوای ئەودا خۆی دەردەخات. بەڵام لەگەڵ نەماندا رووبەڕووببنەوە بۆ ئەوەی رۆحتان بهەژێ و دڵتان وەجۆش و خرۆش بکەوێ! ژیانی راستەقینە تەنیا لە ((بارودۆخی کۆتایی))[١٤٢]، لە سنووری نێوان بوون و نەبوون دایە. نەشئەی ژیان هەمیشە هاوتەریب لەگەڵ ئەو کاتە دەست پێدەکات کە لە دوای ئەوەوە ژیان لە بازنەی عەقڵدا ناگونجێت و ئەمە هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی بارودۆخی کۆتایی جەستەیی، بەتایبەتی مەترسی جەستەیی، دروست دەبێت. بەبێ چەشتنی تامی تێك شکان، ناتوانن تامی ژیان بچێژن. کەواتە فەنابن بۆ ئەوەی شاد بن!

ئەم فەلسەفەیە، فەلسەفەی قومارباز و گونگستێرەکانە. پێویست بە وتن ناکات کە ئەم رێبازە ئەهریمەنیەی وروژاندن و ترس، رێبازی دڕندەی زاڵ و نێچیری لە داوکەوتوو)) (دەستەواژەی کولنای{٩٠})، ئەم نێهلیزمە رەهایە لە تەواوترین مانای وشەدا، ئارمانجێکی خەڵك پەسەند نییە. نموونەی دانپیانانی بازنەیەکی رۆشنبیرە نهێنی زانەکانە کە دەستیان لە عەقڵ و مرۆڤایەتی شووشتووە.

بەڵام ئەڵمانیایەکی تریش لە ئارادایە- ئەڵمانی خەڵکی ئاسایی کە مێشکیان بەم سیستەمە وێرانکەری خوێندنی باڵا، ژەهراوی نەبووە. ئەم ئەڵمانەی ((دیکە))، بێگومان هی بیرمەندەکانی نییە. راستە کە ئەڵمانیا، بیرمەندی ((دیکە))شی هەبووە ( کە سەرداری هەموویان کانتە)، بەڵام بەم حاڵەش، توێژینەوەکەمان کە ئێستا کۆتایی پێ هات، هیوا بەخش نەبوو و من بە تەواوی لەگەڵ کولنایدا هاودەردم کە دەڵێت{٩١}: ((رەنگە ئەم پرسە هێندەش باتڵ نەبێت و بتوانین بێ ئومێدی خۆمان لە کولتووری ئەڵمانیا بەم تێبینییە دابمرکێنین کە هەر

١٤٢. marginal situations. پۆپەر ئاماژە بە چاوگە ئاڵمانییەکەی زاراوەکە ناکات، بەڵام گومانی تێدانییە کە ئەم دوو وشەیە پاچڤەکری ئینگلیزی چەمکی (Grenzsituationen)ەکە یاسپێرس خۆی دایڕشتووە... مەبەستی یاسپێرس بارودۆخێکی ترسناك و نەگۆڕ گومان خولقێن و سەرسوڕهێنەرە کە مرۆڤ زیاتر لەبوونی خۆی هۆشیار دەکاتەوە و بەرەو رێگای بیرکردنەوەی فەلسەفی لەمەڕ خۆی و جیهان پەڵکێشی دەکات. ململانێ و گوناهو مەرگ و رەنج گرنگترین حاڵەتی ئەم جۆرە "بارودۆخە کۆتاییەن".

چۆنێك بێت ئەڵمانێکی تریش جگە لە ئەڵمانی بیرمەندە پروسیەکان بوونی هەیە، ئەگەرچی ئەم ئەڵمانەی دیکە، ئەڵمانی ژنراڵە پروسییەکان بێت)).

## ٦

هەوڵی من بۆ ئەوەبوو دەربیخەم ڕێبازی مێژووگەرایی هێگل ڕێك هەمان فەلسەفەی تۆتالیتاریزمی نوێیە. ئەم پەیوەندییە ئوبژێکتیڤە بە دەگمەن بە ئاشکرا دەرك دەکرێت. مێژووگەرایی هێگل لە زۆر کۆڕو کۆمەڵە- تەنانەت لەنێو ئەو گروپانەی کە بە ڕاشکاوی ((دژفاشیست)) و ((چەپگەران))- بۆتە زمانی ڕۆشنبیران و بەجۆرێك بۆتە بەشێك لە فەزای هزری کە گەلێکیان وەکو ئەو هەوایەی هەڵیدەمژن، ئیدی ئاگایان لەو فەلسەفە و تەزویرکارییە تۆقێنەرەکانی نییە. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، هەندێ لە فەیلەسوفە ڕەگەزپەرستەکان بە تەواوی ئاگاداری ئەو قەرزەن کە دەرحەق بە هێگل لەسەر شانیانە. نموونەیەکیان، تسیگلێرە کە لە کتێبێکدا لەژێر ناوی **نەتەوەی مۆدێرن**[١٤٣]، ((وێنای ڕۆح وەکو کەسایەتی)) کە بیرۆکەیەکی هێگل و (مولێر)ـە[١٤٤]، بە ((شۆڕشی کۆپەرنیکی لە فەلسەفەی نەتەوە)) وەسف دەکات و بەڕاستیش لەسەر هەقە{٩٢}. نموونەیەکی تری ئەم ئاگاداربوونە لەسەر گرنگی هێگلیانیزم کە ڕەنگە بەشێوەیەکی تایبەتی بۆ خوێنەرانی خەڵکی بەریتانیا سەرنجڕاکێش بێ، ئەو قەزاوەتانەیە کە لە یەکێك لە کتێبەکانی ئەم دووییانەی ئەڵمانیا (چاپی ١٩٣٥، نووسینی مێتس)[١٤٥] لەمەڕ فەلسەفەی ئینگلتەرا کراوە. ڕەخنە لە پیاوێکی بەرجەستە و دیاری وەکو گرین[١٤٦] دەگیرێت، هەڵبەتە نەك لەبەر ئەوەی لەژێر کریگەری هێگل دابووە، بەڵکو بەو هۆیە کە ((دووبارە گلاوەتە نێو گێژاوی بڕوابوون بە تاکگەرایی کە تایبەتی ئینگلیزەکانە، ... و نەچۆتە ژێر باری دەرەنجامگیرییە ڕەگ و ریشە دارەکانی هێگل)). کەسێکی وەکو هابهاوش[١٤٧] کە زۆر دلێرانە لەگەڵ هێلگیانیزمدا جەنگا لە تێڕوانینێکی پڕ لە سووکایەتی پێکردندا وەك نوێنەری ((یەکێك لە فۆڕمەکانی جۆرە لیبرالیزمێکی بۆرژوا)) وەسف دەکرێت- ((ئەو

143. H.O. Zeigler, the modern Nation.
144. A. Muller
145. R. Metz
146. T.H. Green
١٤٧. L.T. Hobhouse (١٨٦٤ـ١٩٢٩) فەیلەسوف و کۆمەڵناسی ئینگلیزی، یەکەمین مامۆستای کۆمەڵناسی لەزانکۆی لەندەن و دامەزرێنەری قوتابخانەی بەناوبانگی ئابووری و زانستە سیاسییەکانی ئەم زانکۆیە.



لیبرالیزمەی کە لە بەرامبەر دەسەڵاتی ڕەهای دەوڵەتدا هەستاوە بە بەرگری کردن لەخۆی، چونکە هەست دەکات ئازادییەکەی لەم لایەنەوە کەوترتە مەترسییەوە))- ئەو هەستەی کە بێگومان لە ڕوانگەی هەندێ خەڵکەوە، زۆر بەجێ خۆ دەنوێنێ. بە پێچەوانەوە، بوزنکت[١٤٨] بەهۆی بڕوا بوونی بەهیگلیانیزمی ڕاستەقینە بە مەزنی دەنرخێنرێت. بەڵام بەهەر حاڵ ئەو خاڵەی کە شایستەی گرنگی پێدانە ئەمەیە کە زۆربەی ڕەخنەگرە ئینگلیزییەکان هەموو ئەم بابەتانە تەواوی بەجدی لە قەڵەم دەدەن.

بۆیە ئاماژەم بەم خاڵە کرد تا پێشانی بدەم درێژەدان بە خەباتی شوپێنهاوەر لەگەڵ ئەم داخراوگۆیی و زاراوەچینە ڕواڵەتیانەدا (کە هێگل لە کاتێ دا ((قوڵایی ڕووە و ئاسمان هەڵچووی))[١٤٩] فەلسەفەی خۆی وەسف دەکرد، ڕێك گەیشتە تەختی بنەوە) چەندە چەتوون و لەهەمان کاتدا، چەندە پێویست و شیاوی پەلەتیاکردنە. لانی کەم دەبێ یارمەتی نەوەی نوێ بکەین بۆ ئەوە شەڕەنگێزی ئەم ساختەچییەتییە ڕۆشنبیرانەیە کە ڕەنگە گەورەترین تەزویر بێت لە مێژووی شارستانیەتی ئێمە و جەنگان لەگەڵ دوژمنەکانیدا، ئاسوودە بێت. لەوانەیە تاکەکانی ئەم نەوەیە توانای وەدیهێنانی چاوەڕوانیەکانی شوپێنهاوەریان هەبێت کە لە ساڵی ١٨٤٠ دا پێشگۆیی کرد{٩٣}: ((ئەم بەگەمژە سەیرکردن و کەڵکی خراپ وەرگرتنە گەورەیە لە ساکاری خەڵك، دەبێتە سەرچاوەی بێکۆتایی پلارو توانج و تانەی نەوەکانی ئایندە)). (بەڕاستی تا ئێرە دەرکەوت کە ڕەشبینی گەورە {واتە شوپێنهاوەر} لەمەڕ نەوەکانی ئایندەوە گەشبینییەکی لەڕادەبەدەری هەبووە). گاڵتەجاڕیی هێگل بەڕادەی پێویست زیانی گەیاندووە، دەبێ کۆتایی پێ بێنین. دەبێ دەنگ هەڵبڕین و قسە بکەین، تەنانەت بە نرخی ئەوەی بەدەست بردن بۆ شتێکی وەها شەرمەزارکەر کە سەد ساڵ لەمەوبەر بەداخەوە بێ هیچ دەرەنجامێك سەرپۆشەکەی سەری هەڵگیرا، خۆشمان پیس و چلکن بین. مخابن ئەو فەیلەسوفانەی کە هوشدارە بەردەوام و دووبارەکانی شوپێنهاوەریان فەرامۆش کردووە، ژمارەیان لەڕادەبەدەرە. غفڵەتی ئەم فەیلەسوفانە بەر لەوەی بە زیانی خۆیان بێت (چونکە خۆیان سارد و گەرمیان نەچەستووە)، بە زیانی قوتابییەکانیان و بەزیانی مرۆڤ بووە.

١٤٨. B. Bosanquet (١٨٤٨ـ١٩٢٣) فەیلەسوفی هیگلی، پەیڕەوکاری گرین.
149. Lofty depth

بەبڕوای من، جوانترین کۆتاییە ئەگەر دوایین پەیڤی ئەم بەشە بە شوپێنهاوەر بسپێرم- پیاوێکی دژی ناسیۆنالیزم کە سەد ساڵ لەمەوبەر لەمەڕ هێگلەوە وتی: ((ئەو نەك هەر لە فەلسەفەدا، بەڵکو لە هەموو بەشکانی ئەدەبیاتی ئەڵمانیدا، کاریگەرییەکی وایرانکەرانە، یاخود بەجۆرێکی وردتر، گەمژەکەرانە و هەروەها پێویستە بڵێین، ئافەت خولقێنی لە دوای خۆی بەجێ هێشتووە. بەرەنگاری کردنێکی بەهێز لەگەڵ ئەم نفوز و کاریگەرییە بە هەربۆنە و لە هەر پلەو پایەیەك دابێت، ئەرکی هەموو کەسێکە کە خودان توانای ناوبژییەکی سەربەخۆ بێت. **چونکە ئەگەر ئێمە بێ دەنگ بین، کێ قسە دەکات؟**)).

# یاداشتەکان

# بەشی یازدەهەم

١ـ گەلێ لە توێژەرانی مێژووی فەلسەفە دانیان بەوەدا ناوە کە رەخنەکانی ئەرستۆ لە ئەفلاتوون بەزۆری و لەجێگا گرنگەکان، ناڕەوا بووە. ئەمە یەکێك لەو حاڵەتە کەمانەیە کە تەنانەت ستایشکەر و ئەڤیندارانی ئەرستۆش ناتوانن داکۆکی لێبکەن، چونکە بەزۆری ستایشکەر و ئەڤینداری ئەفلاتوونیشن. بۆ ئاماژەکردن بە یەك نموونە، بۆچوونی تیسلەر لەکتێبی **ئەرستۆ و گەڕۆکە (ئەرستۆیە) کۆنترەکان**[1]، دەگوازمەوە سەبارەت بەپرسی دابەشکردنی زەوی و زار لە **باشترین دەوڵەتی** ئەرستۆدا: "لە یاساکانی ئەفلاتوونیشدا، بەرنامەیەکی هاوچەشنی ئەمە هەیە (لە ٧٤٥c بەدواوە)، بەڵام لەکتێبی **سیاسەت** (٢٤ ١٢٦٥b)، ئەرستۆ ئەو ریزبەندییەی کە ئەفلاتوون بڕوای پێی هەیە، سەرەڕای جیاوازی لەرادەبەدەر بچووك، زۆر بە ناپەسەند لەقەڵەم دەدات." گرۆتیش لەکتێبەکەی خۆیدا، **ئەرستۆ**[2]، قسەیەکی وەك ئەمە دەکات، بەشێکی زۆر لە رەخنەکانی ئەرستۆ لە ئەفلاتوون، زۆر بەتوندی ئاماژەیە بۆ ئەوەکە ئیرەیی لە هەمبەر رەسەنایەتی (هزرەکانی} ئەفلاتوون، بەشێك بووە لە پاڵنەری رەخنەکانی. ئەرستۆ لە شوێنێکدا[3] دڵنیامان دەکاتەوە کە ئەرکی پیرۆزی بەباشتر زانینی هەقیقەت ناچاری دەکات تەنانەت ئەڤینی ئەفلاتوونیش بکاتە قوربانی کە لای ئەو لەهەموو شتێ ئازیزترە. هەمیشە زۆر رێز لەم وتەیە گیراوە، بەڵام بە وەبەرچاوگرتنی ئەوەی پێشتر ئاماژەمان بۆکرد، بەڕای من تاڕادەیەك ریاکارانەیە.

1 E. zeller, Aristotle and the Earlier peripatetics, English trans. By Costello and Muirhead, 1897, II, 261.
2. G. Grote, Aristotle, ch. XIV.

٣. **ئەخلاقی نیکۆماخۆس**، کتێبی یەکەم، بەشی ٦.



٢ـ بگەڕێنەوە بۆ گومپرتس، **بیرمەندانی یۆنان** (ئەڵمانی، بەرگی ٣، ل٢٩٨ یان کتێبی حەوتەم، بەشی ٣١، پاژی ٦). هەروەها بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆ سیاسەت، ١٣١٣a.

فیلد[4] لەبەرانبەر ئەم سەرکۆنەکردنە داکۆکی لە ئەفلاتوون و ئەرستۆ دەکات "ئەگەری ئەم راستییە و لەمەڕ ئەرستۆ، راستی ئەم شتە {واتە داگیرکارییەکانی مەقدونییە}مان لەبەرچاو بوو... لەگەڵ ئەمەشدا، شتێکیان سەبارەت بەم ئاڵوگۆڕە نوێیانە نەگوت." بەڵام سەرەڕای ئەم بۆچوونە توندانە دژی ئەو کەسانەی ئەم سەرزەنشتەیان کردووە، داکۆکی فیلد (کە رەنگە لەبەرانبەر گومپرتس بێت) سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا. (فیلد دەنووسێ: "ئەم رەخنەیە دەربڕی نەبوونی تێگەیشتنی ریزپەڕانەیە"). هەڵبەتە ئەگەر کەسێك بانگەشەی ئەوە بکات ـ هەروەك فیلد بانگەشەی دەکات ـ "کە سەرکردایەتییەکی وەك سەرکردایەتی مەقدۆنییە... شتێکی نوێ نەبووە" ئەوا بانگەشەیەکی راستە. بەڵام لەروانگەی ئەفلاتوونەوە، مقدۆنییە حاڵەتێکی نیمچە بەربەری هەبوو، هەربۆیە، دوژمنێکی ئاسایی بوو. هەروەها فیلد راستدەکات کە "لەناوبردنی سەربەخۆیی بەدەستی مەقدۆنییە" تەواو و کامڵ نەبوو. بەڵام ئایا ئەفلاتوونو ئەرستۆ پێشبینی ئەوەیان دەکرد کە ئەم لەناوبردنە، لەناوبردنێکی تەواو و کامڵ نەبێت؟ بەڕای من، بەرگری وەك داکۆکییەکانی فیلد بەم هۆیە سادەیە ناشێت سەرکەوتن بەدەست بێنێ و دەبێ ئەو شتانە بسەلمێنێ ناتوانرێت بسەلمێنرێت ـ واتە دەبێ بیسەلمێنێ هیچ چاوەدێرێك نەیدەتوانی گرنگی هەڕەشەی مەقدۆنییە لەو سەردەمەدا دەرك بکات، ئەوە لەکاتێك دایە کەبوونی نموونەی وەك دیموستنس[5] پووچەڵی ئەم شتە دەسەلمێنێ. پرسەکە ئەوەیە ئەفلاتوونیش وەك ئیسوکراتس تاڕادەیەك هۆگری ناسیۆنالیزمی پان هێلینی بوو[6] و لە هەڕەشەی "فینیقی و ئۆسکانەکان"[7] بۆ سەرسیراکۆز دەترسا. کەواتە، بۆچی خەمساردبوو لەبەرانبەر مەترسی مەقدۆنییە کە هەڕەشەی لە ئەسینا دەکرد؟ بەرسڤێکی تاڕادەیەك راست بۆ

4. G.C. Field, Plato and His contemporaries, 114 f.

٥. Demosthenes (١٨٤ تا١٢٢ پێش زایین). وتاربێژی بەناوبانگی ئەسینی کە لە سەردەمی فیلیپی مەکدۆنیدا دەژیا و هەستی بە مەترسی داگیرکارییەکانی مەکدۆنیا دەکرد و وتاری گەورەی لێدەگێڕنەوە دژی فیلیپ.

٦. بگەڕێنەوە بۆ یادداشتەکانی ٤٨ تا٥٠، بەشی هەشتەم و کۆمار، ٤٧٠و **نامەی هەشتەمی** ئەفلاتوون کە فیلد بانگەشەی ئەوە دەکات "گومان لەرەسەنایەتییان نییە".

٧. Oscans. یەکێکە لە ئەتنە دێرینەکانی ئیتالیا کەلە ناوچەی کامپانیادا نیشتەجێبوون.

پرسیارێکی لەم چەشنە لەمەڕ ئەرستۆ ئەوەیەکە ئەو سەر بەتاقمی لایەنگری مەقدۆنییە بوو. سەبارەت بە ئەفلاتوون، تووشی وەلامێك کە وێرای داکۆکییەکەی تیسلەر لەمافی ئەرستۆ بۆ پشتیوانی کردن لە مەقدۆنییەدا بەرچاو دەکەوێت. تیسلەر دەڵێت[٨]: "ئەفلاتوون بڕوایەکی تۆکمەی بەوە هەبوو کە رەوشی سیاسی هەنووکەیی بۆ تەحەمول کردن ناشێت و لەم رووەوە، لایەنگری گۆڕانی بنەمایيو بەرفراوان بوو." (تیسلەر پاشان وێرای ئاماژەکردن بۆ ئەرستۆ ئێژێ: "موریدەکەی ئەفلاتوون {واتە ئەرستۆ} دەبووایە تەنانەت زیاتر بڕوای بەم شتە هێنابووایە، چونکە سەبارەت بە مرۆڤ و دۆخەکان خودان بەرچاو ڕوونییەکی قووڵتر بوو...") بەجۆرێکی دیکە، لەوانەیە وەلامەکە ئەوەبێت کە بێزاری ئەفلاتوون لە دیموکراسی ئەسینا بەڕادەیەك بەسەر ناسیۆنالیزمی پانهێلینیدا زاڵ ببوو کە تەنانەت ئەویش وەك ئیسوکراتس بە تاسەوە چاوەڕوانی داگیرکارییەکانی مەقدونییە بوو.

**٣ـ** ئەو وتەیەی لێرەدا وەرمگرتووە و پەیڤە یەك لەدوای یەکەکانی تر هی کتێبی **سیاسەتی** ئەرستۆ[٩] و **میتافیزیکە**، ١٠٧٥a، کە تێیدا "بەپێی سروشت" بەرانبەریەتییەك لەنێوان پیاوە ئازاد و کۆیلەکان خراوەتەڕوو. بەلام هاوکات تووشی ئەم پارچەیەش دەبین :"هەندێ لەکۆیلەکان خاوەنی رۆحی پیاوە ئازادەکان و هەندێ خودان جەستەیانن" (**سیاسەت**، ١٢٥٤b). بەراوردی بکەن لەگەڵ وتەکەی ئەفلاتوون لە تیمایۆس، ٥١eدا، کە لەیادداشتی (٢)٥١ لەبەشی هەشتەمدا ئاماژەمان بۆکردووە. بۆ زانیاری لەمەڕ ئەم نەرمییە کەمەی کراوە و ئەو "حوکمە تۆکمە و هاوسەنگەی" سەبارەت بە یاساکانی ئەفلاتوون دراوە، بگەڕێنەوە بۆ **سیاسەت**، ١٢٦٠b: "ئەو کەسانە بە هەڵەچوونە کە تەنانەت گفتوگۆکردن لەگەڵ کۆیلەکانیشمان لێ قەدەغە دەکەن و دەڵێن دەبێ تەنیا سوود لەزمانی فەرماندان وەربگرین، چونکە دەبێ لەمنداڵەکان زیاتر ئامۆژگاری کۆیلەکان بکەین." (شتێکی باوە لای ئەرستۆ کە دەتوانین بێژین هەرکاتێ باسی ئەفلاتوون دەکات، دەڵێ "ئەو کەسانەی کە". ئەم خاڵەش شایانی ئاماژە بۆکردنە کە ئەفلاتوون لە یاساکان (٧٧٧e) وتبووی نابێ ئامۆژگاری کۆیلەکان بکرێت.) تیسلەر لەو خشتەی درێژەی بۆ فەزیلەتە تاکەکەسیەکانی ئەرستۆی دروست کردووە[١٠] ئاماژە

8. Zeller, op. cit., 11, 41.

٩. **سیاسەت**، ١٢٥٥aـ ١٢٥٤b، ١٢٥٤a، ١٢٥٥a، ١٢٦٠a. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ: ١٢٥٢a بەدواوە. ١٢٥٣b بەدواوە، ١٣١٣b.

10. Zeller, op. cit., 1, 44.



بەو "پرەنسیپە بەرزانەی کە پابەندبوو پێیانەوە" و"خێرخوازی لەهەمبەر کۆیلەکان"یش دەکات. بەلام من ئەو پرەنسیپەی تریشم فەرامۆش نەکردووە کە رەنگە هێندە بەرزیش نەبووبێت بەلام بێگومان خێرخوازانەتر بوو و ماوەیەکی زۆر زووتر لەلایەن ئالکیداماس و لۆکۆفرۆنەوە پێشنیارکرابوو کە پێیانوابوو هەر لەبنەڕەتدا نابێ کۆیلە هەبێت. راس داکۆکی لە هەڵسوکەوتی ئەرستۆ لە تەك پرسی کۆیلایەتی دەکات و دەڵێت[١١] "ئەو لەدیدی ئێمەوە کۆنەپەرستە بەلام رەنگە بەڕای ئەوان {واتە هاوسەردەمەکانی} شۆڕشگێر بووبێت." بۆ پشتڕاست کردنی ئەم بۆچوونە، راس ئاماژە بەم دۆکترینەی ئەرستۆ دەکات کەنابێ یۆنانی، یۆنانی بکاتە کۆیلە. بەلام ئەم دۆکترینە هێندە شۆڕشگێڕانە نەبوو چونکە پێشتر و رەنگە نیوسەدە بەر لەئەرستۆ، بەشێك بوو لەرێنماییەکانی ئەفلاتوون. لەهەموو شوێنێ زیاتر لێرەدا کۆنەپەرستانەبوونی بیروباوەڕەکانی ئەرستۆمان بۆ دەردەکەوێت کە بەردەوام بەپێویستی دەزانێت داکۆکی لەبیروباوەڕەکانی خۆی بکات لەبەرانبەر ئەو تیۆرەی دەڵێت، هیچ مرۆڤێك بەشێوەیەکی سروشتی کۆیلە نییە. شایەتێکی تری ئەم بانگەشەیە، گەواهییەکانیەتی لەهەمبەر مەیلە دژە کۆیلایەتییە دیموکراتییەکانی ئەسینا.

لەبەرایی بەشی چوارەمی کتێبەکەی گرۆتدا لەژێر ناوی **ئەرستۆ**، بۆچوونێکی بەنرخ سەبارەت بە **سیاسەتی** ئەرستۆ دەربڕدراوە کە لێرەدا ئاماژە بە چەند رستەیەکی دەکەم :"ئەو گەلالەی ئەرستۆ لەدوو کتێبەکەی کۆتایی سیاسەتدا بۆ نوێنەرانی بیروباوەڕی خۆی لەمەڕ شتێکی نزیك لە کەماڵ و تەواویەتی پێشنیاری دەکات، بێگومان لەسەر بناغەی کۆماری ئەفلاتوون دامەزراوە، ئەوەندە نەبێت کە جیاوازییەکی گرنگیان هەیە و ئەرستۆ هاوبەشی لەدارایی یان هاوسەر و منداڵ قبوولٚ ناکات. ئەم دوو فەیلەسووفانە هەردووکیان بڕوایان بەچینێکی خەڵك هەیە، کە بەرین لەهەموو جۆرە کارو زەحمەتێکی تاکەکەسیو ئازادن لە ئیش کردن و بۆ وەدەستهێنانی پارە، دیارە چینی هاوولاتیانی ولات بەتەنیا لەمانە پێکدێت. لەراستیدا، **شار** یان ولات بریتییە لەم چینە بچووکە. سەرجەم دانیشتووانی دیکە، سەربە ولات نین، هەندێ زیادەی گرێدراون بەمەوە کە هەڵبەتە هەبوونیان پێویستە، بەلام هەرچۆنێك بێت وەك کۆیلە یان مەڕوماڵات لە {شتێکی} زێدە بەولاوە هیچ حسێبێکیان بۆ ناکرێت". گرۆت ئاگاداری ئەوەیە کە **باشترین دەوڵەت** {یان شاری چاکان}ی ئەرستۆ لەهەر شوێنێك لەرێڕەوی کۆمار لادەدات،

11. W.D. Ross, Aristotle, 2nd ed., 1930, pp. 241 f.

زیاتر یاساکانی ئەفلاتوون دەکاتە نموونە و سەرمەشقی خۆی. شوێنکەوتەی ئەرستۆ بۆ ئەفلاتوون تەنانەت لەو جێگایانەشدا کە مل بۆ سەرکەوتنی دیموکراسی دەدات، بەئاشکرا دیارە. بەتایبەتی بەراوردی بکەن لەگەڵ **سیاسەت**، کتێبی سێیەم، بەشی ١٥،و بەشەکانی ١١ تا١٣و ١٢٨٦b (لە کتێبی چوارەم، بەشی ١٣و بەشی ١٠، ١٢٩٧bیشدا پارچەیەکی هاوچەشنی ئەمە بەرچاو دەکەوێت). پارچەکەی سەرەوە بە ئاماژەکردن بۆ ئەم خاڵە لەمەڕ دیموکراسی بە ئەنجامدەگات: "لەمەو بەدوا، پێناچێت حکوومەت بەهیچ شێوەیەکی‌تر ممکین بێت." بەڵام ئەم دەرەنجامە لەڕێگای بەڵگەخوازییەکەوە بەدەست دێت کە بەپەیڕەویی نزیک لەچیرۆکی ئەفلاتوون لەکتێبی هەشتەم و نۆیەمی کۆمار سەبارەت بە داڕووخان و کەوتنی دەوڵەتەکان خراوەتەڕوو، سەرەڕای ئەوەکە ئەرستۆ بەتوندی ڕەخنە لەم چیرۆکە دەگرێت. (بۆ نموونە لەکتێبی پێنجەم، بەشی ١٢، ١٣١٦a بەدواوە).

٤ـ لە هەمبەر ئەوە کە ئەرستۆ وشەی banausic[12] بەمانای "پیشەکار" یان "خاوەن پیشە" یان "کرێگر" بەکاردەهێنێت، بەئاشکرا لە **سیاسەت**، کتێبی هەشتەم، بەشی٦ (١٣٤٠b)و بەتایبەتی ١٣٤١b، بەدیار دەکەوێت. هەموو کەسێکی پیشەکار، بۆنموونە نەی ژەنێك ـو هەڵبەتە هەموو پیشەوەر یان کرێکارێك، banausicە، بەمانای ئەو کەسەی ئازادنییە، هاوولاتی نییە، هەرچەند بەراستیش کۆیلە نەبێت. پلەوپایەی تاکی banausic، پلەی "کۆیلایەتی هەندەکی یان سنووردار"ە (**سیاسەت**، کتێبی یەکەم، بەشی١٤، ١٣، ١٢٦٠a/b) وادێتە بەرچاو وشەی banausos ڕەگەکەی بۆ وشەیەکی پێش هێلینی بگەڕێتەوە بەواتای "کوورەچی"و کاتێ وەك ئاوەڵناو بەکاردێت بەو مانایەیە کە بنەچە و ڕەچەڵەك و "کاستی" کەسێکە "بۆ دەرخستنی ئازایی لەمەیدانی جەنگدا سەلاحیەتی لێدەسێنێتەوە". (هەڵیبسەنگێنن لەگەڵ نووسینی گرینیج[13] کە لەپەراوێزی ئادام بۆ کۆمار، ٤٥٩e٣٠، ئاماژەی بۆکراوە.) دەتوانین ئەم وشەیە وەك "سەربەکاستی خواروو"، "ماستاوچی و چڵکاوخۆر"، "سووك و چرووك و پووچ" و لەهەندێ حاڵەتدا بەپێی سیاقی دەستەواژەکە "تازە دەوڵەت" وەربگێڕین. ئەفلاتوون هەر بەو مانایەی کە ئەرستۆ بەکاری هێناوە، سوودی

١٢. ئەم وشەیە لەدوان لەمەڕ ئەفلاتوون بە "کاسبکار" وەرمانگێڕابوو کە تاڕادەیەك لەتەك مانای جێگەی مەبەستی ئەودا دەگونجێت. لەم یادداشتەدا پۆپەر ماناکەی زیاتر دەشکێنێ و دەیکاتەوە.

13. Greenidge



لێوەردەگرێ. لە یاساکان (٧٤١e و٧٤٣d)، زاراوەی banausia بۆ وەسف کردنی ڕەوشی گەندەڵی کەسێك بەکاردێت کە جگە لە ڕێگای خاوەنداریێتی پشتاوپشتی زەوی و زار، لەهیچ ڕێگەیەکیترەوە پارە پەیداناکات، هەروەها بگەڕێنەوە بۆ کۆمار، ٤٥٩e و ٥٩٠c. بەڵام ئەگەر بەردتاشی سوقرات و بەسەرهاتی کسنۆفۆن[14] و ستایش کردنی ئانتیس تنیس بۆ کارو هەوڵدان و شێوازی هزری سەگسیفەتەکان بهێنینەوە یادی خۆمان، ئاستەمە سوقرات توانیبێتی لەگەڵ ئەم پێشداوەرییە ئەرستۆکراتانەیەدا ـ واتە وەدەستهێنانی پارە ئیشێکی پڕ شوورەییە ـ کۆك بووبێت. (**فەرهەنگی ئینگلیزی ئۆکسفۆرد** پێشنیار دەکات کە banausic بە "ئامرازیی رووت[15]، شایستەی میکانیکەکان[16]" وەربگێڕین و گرۆت وەك بەڵگە دەهێنێتەوە[17]. بەڵام ئەم پارچەیە زۆر لەم سنووردارترەو ئەو پارچەیەی لەگرۆت خواستراوە، پاساو بۆ ئەم ڕاڤەیە ناهێنێتەوە کە ڕەنگە لەسەر بنەمای بەدحالیبوونی نووسینەکەی پلۆتارخۆس دامەزرابێت. سەرنجڕاکێش ئەوەیە لەشانۆنامەی **خەونی شەوی نیوەی هاوین**[18]ی شکسپیردا، زاراوەی "ئامرازییە رووتەکان"[19] ڕێك بەمانای کەسی banausic بەکارهاتووە،و بەکارهێنانی بەم مانایە ڕەنگە پەیوەندی بە پارچەیەکەوە هەبێت سەبارەت بە ئەرخەمیدس کە لە وەرگێڕانەکەی نورس[20] لەبارەی **ژیانی مارکلوس**[21] ئاماژەی بۆکراوە).

لە **گۆڤاری مانید**[22]دا، وتووێژێکی سەرنجڕاکێش لەنێوان تەیلۆر[23]و کورنفۆرد[24] بڵاوکراوەتەوە. بەبۆچوونی تەیلۆر (ل ١٩٧ بەدواوە) کاتێ ئەفلاتوون لەیەکێك لە پارچەکانی

14. Xenophon, Mem., II, 7.

١٥. Merely mechanical (یان وشە بەوشە "میکانیکی پەتی"). وشەی "میکانیکی"و "میکانیك" لەوشەی یۆنانی مێخانە "mechane" بەواتای ماشین وەرگیراوە (وشەی "مەنجەنیق"یش هەر لەم ڕەگە و عەرەبێنراوی ئەم وشە یۆنانییە) و "ماشین" خۆی لە وشەیەکی یۆنانی‌تر وەرگیراوە (machos) بەمانای "ئامراز"و "ئامێر".

16. Mechanics
17. G. Grote, Eth., VI, 227= Aristotle, 2nd ed., 1880, p. 545.
18. Midsummernight’s Dream.
19. “mere mechanical”
20. North
21. Life of Marcellus.
22. Mind, Vol. 47
23. A.E. Taylor
24. F.M. corn ford

تیمایۆس دا لەمەڕ یەکێ لە "یەزدانەکان" دەدوێت، لەوانەیە مەبەستی "دێهاتییەکەی جووتیار" بێت کە لەرێگای ئیشی جەستەییەوە "خزمەت دەکات". بەڕای من، رەخنەکەی کۆرنفۆرد لەم بۆچوونە زۆر بەڵگەنەویست و رازیکەرە ( ل٣٢٩ بەدواوە). شێوازی بیرکردنەوەی ئەفلاتوون سەبارەت بە هەرچەشنە کارێکی banausic، بەتایبەتی ئیشی دەستی، پەیوەندی بەم پرسەوە هەیە. تەیلۆر پەنادەباتە بەر ئەم بەڵگەخوازییە (ل ١٩٨) کە ئەفلاتوون خواکانی خۆی لەگەڵ "شوانەکان یان سەگەکانی مێگەل" بەراورد دەکات (یاساکان، ٩٠١e و٩٠٧a)، بەڵام لەهەمبەر ئەمەوە دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە ئەفلاتوون لەهەموو شوێنێکدا چالاکی **کۆچەرو نێچیرڤانەکان** بە بەرز و تەنانەت خودایانە لەقەڵەم دەدات، ئەو کەسەی لەروانگەی ئەوەوە banausicو گەندەڵە "دێهاتی جووتیار"ە چونکە نیشتەجێ بووە. هەروەها هەڵیبسەنگێنن لەگەڵ یادداشتی ٣٢، بەشی چوارەم و بابەتە پەیوەندیدارەکانی لەدەقەکەدا.

٥ـ دوو وتە وەرگێڕاوەکەی دواتریان هی **سیاسەتە** (١٣٣٧b).

٦ـ **فەرهەنگی گیرفانی ئۆکسفۆرد**[٢٥] تەنانەت لەچاپی ١٩٣٩ هێشتا دەڵێت: "liberal... (سەبارەت بە خوێندن) شایستەی بەگزادەکان {= جێنتڵمەن}، بەشێوەیەکی گشتی ئەدەبی، لەبەرانبەر تەکنیکی." ئەمە بەوپەڕی راشکاوییەوە کاریگەری قووڵی ئەرستۆ پیشاندەدات.

دان بەوە دادەنێم کێشەیەکی گەورە لەخوێندنی لیبراڵدا هەیە، ئەویش تەسك بینییە. بەڵام پێموانییە دەرمانی دەردەکە، خوێندنی "ئەدەبی" بێت، چونکە ئەمەشیان بەرهەمهێنی جۆرە کورتبینی و خۆبەزل بینیە. لەسەردەمی ئێمە هەرکەسێك حەزی لە زانستەکان نەبێت نابێ بەخوێندەوار لەقەڵەم بدرێت. زۆربەی کاتەکان بۆ داکۆکی لەمە ئێژن کەسێك کە هۆگری کارەبا یان چین ناسییە[٢٦] مەرج نییە لەوکەسە رۆشنبیرو روناکبیرتر بێت کە حەزی لەکاروبارە مرۆییەکانە. بەڵام ئەم داکۆکییە نیشانەی تێنەگەیشتنێکی تەواوە لەکاروبارە مرۆییەکان. زانست تەنیا کۆمەڵە فاکتێك نییە لەمەڕ کارەبا و شتی تر، بەڵکو یەکێکە لەگرنگترین بزووتنەوە رۆحییەکانی سەردەمی ئێمە، هەرکەسێك هەوڵ نەدات لەم بزاڤە تێ بگات، پەیوەندی خۆی لەگەڵ بەرجەستەترین ئاڵوگۆڕی مێژووی کاروبارە مرۆییەکان پچڕاندووە. کەواتە، کۆلێژە ئەدەبییەکانی {زانکۆکانی} ئێمە بەم شێوەیەی ئێستا کۆن و پووچەڵن چونکە

25. The pocket oxford Dictionary.
26. stratigraphy



لەسەر بنەمای ئەم تیۆرە دامەزراون کە دەتوانرێت لەرێگای خوێندنی ئەدەبیات و مێژووەوە قوتابی ببەیتە ناو ژیانی رۆحی و مەعنەوی مرۆڤ. مێژووی مرۆڤ بەبێ مێژووی تێکۆشان و سەرکەوتنە عەقڵییەکانی مرۆڤ ممکین نییە و مێژووی رەوتە هزرییەکان بەبێ مێژووی هزرە زانستییەکان ناشێ وێنا بکرێت. وەلێ رەهەندی نیگەرانی ورووژێنی خوێندنی ئەدەبی لەمەش بەرفراوانتر دەبێت، چونکە نەك هەر هیچ شتێك سەبارەت بە گەورەترین بزاڤی رۆحی سەردەمەکەی فێری قوتابی ناکات کە بەزۆری دەبێ خۆشی مامۆستایەك بێت، بەڵکو بێتوانایە بۆ پەروەردەکردنی بە چەشنێك کە راستگۆیی هزری تێدا گەشە پێبدات. قوتابی زانکۆ تەنیا بەمەرجێك دەتوانێت تۆزقاڵێك لەمەڕ پێڤانەکانی راستگۆیی هزری وەدەستبێنێت و رێز لەحەقیقەت بگرێت و خەمساردبێت لەهەمبەر ئۆتوریتەو دۆگم وێژی کە فێری ئەوە بێت چەند بەئاسانی دەشێ هەڵە بکات و چەند بەدژواری دەتوانێ تەنانەت پێشکەوتنێکی بچووك لەبەستێنی مەعریفە وەدەست بێنێ. ئەمڕۆ هیچ شتێ لە بڵاوکردنەوەی ئەم فەزیلەتە هزرییە سادەیە پێویستترنییە. چەندین ساڵ لەمەوبەر ت.هـ. هاکسلی نووسی: "ئەو هێزە زەینییەی کە لەهەموو شتێ زیاتر لەژیانتاندا گرنگی دەبێت، ئەو هێزەیە کە شتەکان بەبێ وەبەرچاوگرتنی وتەی مەرجەع و متمانەپێکراوەکان هەر بەو چەشنەی کەهەن ببینن... بەڵام لە قوتابخانەو زانکۆدا، ژێدەرێك بۆ حەقیقەت نادۆزنەوە تەنیا ئەم مەرجەع و متمانەپێکراوانە نەبێت[٢٧]." دان بەوە دادەنێم کە مخابن ئەم حوکمە سەبارەت بە گەلێ لە وانە زانستییەکانیش راستە و هێشتا هەندێ لە مامۆستاکان بەجۆرێك لەگەڵ ئەم دەرسانەدا بەرەوڕوو دەبنەوە دەڵێی، هەروەك پێشینان وتوویانە، سەروکاریان لەگەڵ "کۆمەڵەیەکی داخراو لە زانینەکان"دا هەیە. بەڵام هیوادارم ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە سەرەنجام رۆژێ لەرۆژان بارگەو بنەی بپێچێتەوە، چونکە دەتوانین وتنەوەی وانە زانستییەکان بکەینە یەکێك لە دڵگیرترین بەشەکانی مێژووی مرۆڤ و دەربیخەین گریمانە ئازایانەکان چۆن بەرفراوان دەبن و بەهۆی تاقیکردنەوە و **رەخنە و هەڵسەنگاندن** کۆنترۆڵ دەکرێن. ئەگەر زانست بەم چەشنە بووترێتەوە ـ واتە وەك بەشێك لەمێژووی "حیکمەتی سروشتی"و کورتە مێژووی کێشە و بەسەرهاتی هزرەکان ـ رەنگە بەرەو بناغەی خوێندنێکی لیبراڵی نوێ لە زانکۆکان گۆڕانی بەسەرداببێت ـ خوێندنێك کە ئامانجەکەی ئەوەبێت ئەگەر ناتوانێت پسپۆڕ پەروەردە بکات، لانیکەم هەوڵ بدات بۆ پەروەردەکردنی

27. T.H. Huxley, A Liberal Education.

کەسانێك **بتوانن جیاوازی لەنێوان فێڵباز و پسپۆڕدا بکەن**. ئەم ئامانجە بەرتەسکە ناپیشەییە (لیبراڵە) لەهەمموو دەسکەوتەکانیتری کۆلێژە هەنووکەییەکانی ئەدەبیات زۆر بەرزتر دەبێت.

٧ـ "چەندین جار وتوومە دیسان دەیڵێمەوە کە یەکەمین بنەمای هەمموو جۆرە کارێك، دەستبەتاڵییە" (**سیاسەت**، ١٣٣٧b). پێشتریش لەهەمان کتێبدا (١٣٣٤a) ئەوەمان بەرچاو دەکەوێت: "لەبەرئەوەی ئامانجی تاکەکان لەگەڵ ئامانجی دەوڵەتدا یەکێکە... دەبێ هەردووکیان خودان فەزیلەتی دەستبەتاڵی بن... ئەم پەندە چەندە جوانی بۆچووەکە دەڵێت 'کۆیلەکان دەستبەتاڵیان نییە'." هەروەها بگەڕێنەوە بۆ ئاماژەکانی یاداشتی٩ و **میتافیزیك**، ١٠٧٢b٢٣.

سەبارەت بە "ستایش و ڕێزی ئەرستۆ لەهەمبەر چینە دەستبەتاڵ و بێغەمەکان"، بۆ نموونە بگەڕێنەوە بۆ ئەو پارچەیەی **سیاسەت** (١٢٩٣b/١٢٩٤a): "هەمیشە گەوهەر و پەروەردە لەتەك ساماندا جووتە... ئەو جوتییەتیانەی کە نەبوونیان وەسوەسەی ئەنجامدانی تاوان لەمرۆڤدا دەجووڵێنێ، پێشوەختە لای دەوڵەمەندەکان بوونی هەیە و هەربۆیەیە ئەم کەسانە بە بەرزە گەوهەر و بەگزادە ناوزەد دەکەن. پێدەچێت ئاستەم بێت وڵاتێك لەژێر فەرمانی شەریفترین هاووڵاتیان دابێت و تووشی حکوومەتێکی خراپ ببێت..." ئەرستۆ نەك هەر ستایشی دەوڵەمەندەکان دەکات و خۆشی دەوێن،بەڵکو وەك ئەفلاتوون ڕەگەزپەرستیشە (**سیاسەت**، ١٢٨٣ a):"بەرزە ڕەچەڵەکەکان بەمانایەکی حەقیقیتر بەهاووڵاتی دەژمێردرێن نەك هەژارزادەکان... ئەوەی باوانی باشتریان هەیە، ڕەنگە مرۆڤی باشتریش بن، چونکە شەرافەت و ڕەچەڵەك و خانەدانێتی بەمانای بەرزێتی ڕەگەزە."

٨ـ گومپرتس، **بیرمەندانی یۆنان** (ئەڵمانی، بەرگی٣، ل٢٦٣ یان کتێبی شەشەم، بەشی٧، پاژی٧).

٩ـ **ئەخلاقی نیکوماخوس** (کتێبی دەیەم، بەشی٧). زاراوەی ئەرستۆیی "باش ژیان" یان "تەمەن بە چاکی گوزەراندن"[28] پێدەچێت خۆی خزاندبێتە ناو یادگەی گەلێ لە ستایشکەرە نوێیەکانی ئەرستۆ کە هەربەم واتایە لەگەڵ مانا مەسیحییەکەی لێکی گرێ دەدەن ـ واتە تەمەنێك کە بۆ یارمەتی و خزمەت و گەڕان بەدوای "بەها بەرزەکان" تەرخان بکرێت. بەڵام

28. The good life



ئەم لێکدانەوەیە، دەرەنجامی ئایدیالسازی ناڕاستە لەمەبەستەکانی ئەرستۆ. ئەرستۆ تەنیا چاوی لەسەر "باش ژیانی" بەگزادە فیۆدالەکانە و لەدیدی ئەوەوە ئەو تەمەنەی بەچاکە تێپەڕێت تەمەنێك نییە کە بۆ کاری خێر تەرخان کرابێت، بەڵکو تەمەنێکە بەهاونشینی پڕ لەخۆشی ئەو یار و دۆستانەی کە ئەوانیش خاوەن پێگەی تایبەتین، وێڕای **دەستبەتاڵی و کاتبەسەربردنی رازاوە** تێپەڕێت.

١٠ـ پێموانییە ئەگەر (لەجیاتی "دەستکاری") تەنانەت "خەڵك پەسندکردن"یشم بەکارهێنابوایە، دیسان زێدەڕۆیی بووایە، چونکە لە ڕوانگەی ئەرستۆوە، سیفەتی "پیشەیی" بەمانای "ڕەشۆکانە ـ عەوامانە"یەو بێگومان فەلسەفەی ئەفلاتوونی کردە "پیشە". سەرەڕای ئەمە، ئەو فەلسەفەیەی بەرەوشتێکی هیلاککەر گۆڕی، هەروەك تەنانەت تسلەر وێڕای ستایشکردنی دەڵێت[29]: "ئەو بەهیچ چەشنێك ناتوانێ وەك ئەفلاتوون ئیلهاممان پێببەخشێت. بەرهەمەکانی وشکتر و پسپۆڕانەترە لەکارەکانی ئەفلاتوون."

١١ـ ئەفلاتوون لە تیمایۆس[30]دا، تیۆرێکی گشتی سەبارەت بە**چاوگی جۆرەکان لەڕێگای داڕووخانەوە**، دەخاتەڕوو ـواتە داڕووخان لەئاستی یەزدانەکان و یەکەمین مرۆڤ. پیاو، سەرەتا بەرەو ژن دادەڕووخێت و پاشان بەرێز بەرەو گیانلەبەرە بەرزترو نزمترو ڕووەکەکان. ئەم تیۆرە، هەروەك گومپرتس ئێژێت :"تیۆرێکە بەمانای 'دابەزین'" تیۆری 'ناتەبایی'[31] لەبەرانبەر تیۆری ئێستای پەرەسەندن کە گریمانەکەی لەسەریەك بەدوای یەك داهاتنێك بەرەو بەرزی دادەنێت و دەتوانین بەتیۆری بەرزێتی ناوزەدی بکەین." (**بیرمەندانی یۆنان**، ئەڵمانی، بەرگی٢، ل٤٨٢ یان کتێبی پێنجەم، بەشی ١٩، پاژی٣). ئەفلاتوون لەخستنەڕووی ئەم تیۆرە سەبارەت بە داڕووخانی جۆرەکان، بەشێوازێکی ئەفسانەیی و ڕەنگە نیمچە تەنزئامێز سوود لەتیۆری ئورفیسی و فیساگۆری دۆنای دۆن[32] وەردەگرێت. ئەم ڕاستییەش گرنگی خۆی هەیە کە لانیکەم لەسەردەمی ئەمپدۆکلسەوە، هەندێ تیۆری لەمەڕ پەرەسەندنەوە بوون بەباو کە پێیانوایە جۆرەکانی خوارووتر زووتر لە جۆرە بەرزەکان هاتوون. هەربۆیە دەبێ هەمموو ئەو بابەتانەمان لەبیربێت کاتێ لە ئەرستۆ دەبیستین کە سپیوسیپوس و هەندێ لە فیساگۆرییەکان بڕوایان

29. Zeller, op. cit., I, 46.
٣٠. ٤٢a بەدواوە، بەتایبەتی ٩١d بەدواوە، هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یاداشتی (٧)٦، بەشی سێیەم.
31. Devolution
32. transmigration of the soul

بەتیۆرێك هەبوو لەمەڕ پەرەسەندن کە بەپێی ئەم تیۆرە، باشترین و یەزدانیترین (بوونەوەرەکان) کە پلەی یەکەمیان هەیە، لەرووی زەمەنی ئالوگۆڕەوە، لەدوای هەر هەمووویانەوە دێن. هەروەها ئەرستۆ لە **میتافیزیك** (١٠٧٢b٣٠)دا باسی هەندێ کەس دەکات کە "هاوڕا لەگەڵ فیساگۆرییەکان و سپیوسیپوس، لەسەر ئەو بڕوایەن کە باشترین جوانی و چاکی لەسەرتاوە بوونی نییە." لەوانەیە بتوانین لەم وتەیە بگەینە ئەم دەرەنجامە کە هەندێ لەفیساگۆرییەکان (رەنگە لەژێر کاریگەری کسنۆفانس)ـ ئەفسانەی دۆنای دۆنیان کردبووە هۆیەك بۆ خستنەڕووی "تیۆری بەرزێتی". بۆ داکۆکیکردن لەم سۆسەیە، وتەیەکی ئەرستۆمان[٣٣] هەیە کە دەڵێت "وەك دیارە ئەفسانناسەکان لەگەڵ هەندێ لەبیرمەندانی ئێستا {کە پێموایە ئاماژەبێت بە سپیوسیپوس} هاوڕان... ئەم بیرمەندانە دەڵێن شتە چاكو جوانەکان پاش ئەوەی سروشت تاڕادەیەك پێشڤەدەچێت، لەسروشتدا دەردەکەون." سپیوسیپوس وەك دیارە لەسەر ئەم بڕوایەش بوو کە جیهان لەرەوەتی ئالوگۆڕیی خۆیدا سەرەنجام بەرەو **یەکەیەکی** پارمینیدی گۆڕانی بەسەرداێت ـواتە گشتێکی رێکخراو و تەواوهەماهەنگ. (بەراوردی بکەن لەگەڵ **میتافیزیك**،١٠٩٢a١٤، کە تێیدا ئاماژە بەبۆچوونی بیرمەندێك کراوە پێیوایە هەمیشە تەواوتر لە ناتەواوتر دێتەبوون و دەڵێت: "**یەکە** خۆی هێشتا نەهاتۆتە بوون." هەروەها بگەڕێنەوە بۆ **میتافیزیك**، ١٠٩١a١١) لەم وتانەی ئاماژەمان بۆکردن ئەرستۆ هەمیشە دژایەتی تیۆرگەلی بڵندبوون و بەرزێتی دەکات. بەڵگەخوازییەکەی ئەوەیە کە تەنیا مرۆڤێکی تەواو دەتوانێ دروستکەری مرۆڤێکیتر بێت و تۆوی ناتەواو، ناکەوێتە پێشەوەی مرۆڤ. بە وەبەرچاوگرتنی ئەم جۆرە مامەڵەکردنە، ئاسان نییە هەق بە تسلەر بدەین کە تیۆرێك کە بەکردەوە هی سپیوسیپوسە خاتەپاڵ ئەرستۆوە[٣٤]. (ئازبورنیش لەکتێبی **لە یۆنانییەکانەوە تا داروین**[٣٥] لێکدانەوەیەکی بەم چەشنەی کردووە.) لەم رووەوە، رەنگە ناچارین راڤەکەی گومپرتس قبووڵ بکەین کە ئێژێت ئەرستۆ بڕوای بە ئەبەدیەتی نەگۆڕی جۆری مرۆڤ و لانیکەم گیانلەبەرە بەرزترەکان هەبوو. پۆلێن کردنەکانی ئەرستۆ بەپێی مۆرفۆلۆژی[٣٦]، لەسەر بنەمای پاش و پێشی زەمەنی یان لەسەر بنەچە و رەچەڵەك دانەمەزراوە. (بەراوردی بکەن لەگەڵ **بیرمەندانی یۆنان**، کتێبی شەشەم، بەشی١١، پاژی١٠، بەتایبەتی بەشی ١٣، پاژی ٦و

٣٣. **میتافیزیك**، ١٠٩١a٣٤.

34. Zeller, Aristotle, etc., vol. II, 28 f.

35. H.F. Osborn, from the Greeks to Darwin, 1908, pp. 48J56.

36. Morphology



پەراوێزی ئەم پارچانە.) بەڵام هەڵبەتە ئەم ئەگەرە بەردەوام وەك خۆیەتی کە ئەرستۆ لەم خاڵەشدا وەك گەلێ خاڵی دیکە، لە وتەکانیدا رەچاوی هەماهەنگی نەکردبێت و بەڵگەخوازییەکانی دژی سپیوسیپوس هۆبەندی ئەوەبێت کە ویستبێتی سەربەخۆیی بۆچوونی خۆی بخاتەڕوو.

هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی (٦(٧، بەشی سێیەم و یادداشتەکانی ٢ و٤، بەشی چوارەم.

١٢ـ **بزوێنەری یەکەمی**[٣٧] **ئەرستۆ** ـواتە خوا ـ نەمرە، لەپێشەوەی زەمەنو خاوەن سیفەتی چاکە. بۆ ئاگاداربوون لەبەڵگەی یەکسان بوونی هۆکاری فۆرمی (رواڵەتی) و هۆکاری کۆتایی کە لەم بەندەی (دەقەکەدا) ئاماژەی بۆکراوە، بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ١٥ هەر لەم بەشەدا.

١٣ـ لەمەڕ دوائامانجناسی ئەفلاتوون لەبایۆلۆژیدا، بگەڕێنەوە بۆ تیمایۆس، ٧٦e ـ٧٣a. بۆچوونی گومپرتس راستەکانی دەڵێت دوائامانجناسی ئەفلاتوون تەنیا بەمەرجێك بۆ لێتێگەیشتن دەشێت کە ئەوەمان لەبیربێت "گیانلەبەرەکان، مرۆڤی داڕووخاون و هەربۆیە رەنگە مەبەستێك لەپەیکەریاندا خۆبنوێنێ کە لە بنچینەدا تەنیا بە دوائامانجی مرۆڤ بژمێردرێت."

١٤ـ بۆ زانیاری لەسەر ئەو فۆرمەی ئەفلاتوون بەتیۆری جێگەی سروشتی دەبەخشێ، بگەڕێنەوە بۆ تیمایۆس، ٦٠b ـ٦٣a و بەتایبەتی ٦٣b بەدواوە. ئەرستۆ ئەم تیۆرە تەنیا بەهەندێ گۆڕانی بچووکەوە هەڵدەبژێرێ و "سووکی"و "قورسی" تەنەکان بەپێی جووڵەی سروشتی هەر تەنێك "بەرەو سەرەوە" یان "بەرەو خوارەوە" بەئاراستەی جێگەی سروشتی خۆیان شرۆڤەدەکات. بۆنموونە هەڵیبسەنگێنن لەگەڵ **فیزیك**، ١٩٢b١٣و **میتافیزیك**، ١٠٦٥b١٠.

١٥ـ وتەکانی ئەرستۆ هەمیشە لەدەربڕینی ئەم پرسەدا چوونیەك و بنبڕنین. بۆ نموونە لە **میتافیزیك** (١٠٤٤a٣٥)دا دەنووسێت: "هۆکاری فۆرماڵی (مرۆڤ) چییە؟ ماهییەتەکەی. هۆکارە غاییەکەی چییە؟ غایەتەکەیەتی. بەڵام **رەنگە** ئەمانە هەردووکیان، یەك شت بن." بەڵام لەبەشەکانی‌تری ئەم کتێبەدا، وەك دیارە دڵنیایە لەیەك بوونی **فۆرم و غایەت** یان گۆڕان و جووڵە. لەپارچەی ١٠٦٩b ـ١٠٧٠a ئەوەمان بەرچاو دەکەوێت: "هەرشتێ دەگۆڕێت...

37. prime mover

بەهۆی شتێکەوە دەگۆڕێ بۆ شتێك یتر. ئەوەی ئەو شتە بەهۆی ئەوەوە گۆڕانی بەسەردادێت، بزوێنەری راستەوخۆ یان بێ نێوانە[٣٨]،...و ئەوەی ئەو شتەی بۆ دەگۆڕێ {یان بەرەو دۆخی ئەو دەگۆڕێ} فۆرمە." هەندێ دواتر (١٠٧٠a ٩/١٠) دەنووسێت :"جەوهەر سێجۆرە : یەکەم، هیولا[٣٩]...، دووەم، ئەو ماهییەتەی کە {هیولا} بەرەو ئەو دەڕوات، سێیەم، ئەو جەوهەرە تایبەتییەی کە لەم دووانە پێکهاتووە." ئەوەی لێرەدا ئەرستۆ بە "ماهییەت"ی ناوزەد کردووە لەبنەڕەتدا بە "فۆڕم" "ناودێری" دەکات و لەبەرئەوەی لێرەدا بە غایەتی جووڵە لەقەڵەمی دەدات، ئەوەی دەستمان دەکەوێت ئەمەیە: فۆرم = غایەت (دوا ئامانج).

١٦ـ سەبارەت بەم دۆکترینەکە جووڵە بریتییە لە وەڕاستگەڕان یان فعلیەت وەرگرتنی هێزەکان، بۆ نموونە بگەڕێنەوە بۆ میتافیزیك، کتێبی دەیەم، یان بۆ هەمان کتێب، ١٠٦٥b١٧، کە تێیدا زاراوەی "بۆچێ بوون شیاو" بۆ وەسفکردنی هێزێکی دیاریکراوی تایبەت بەماڵێك لەئایندەدا بەکارهاتووە: "شتێکی 'بۆچێ بوون شیاو'... کاتێ بەکردەوە بوونی هەیە کە لەدەستی چێکراو {بینایە} دابێت و ئەوە هەمان رەوتی چێ‌کردنە." هەروەها بەراوردی بکەن لەگەڵ میتافیزیك، ٢٠١b٤ بەدواوە و گومپرتس، بیرمەندانی یۆنان، کتێبی شەشەم، بەشی ١١، پاژی ٥.

١٧ـ میتافیزیك، ١٠٤٩b٥، هەروەها بگەڕێنەوە بۆ کتێبی پێنجەم، بەشی٤، بەتایبەتی ١٠١٥a١٢ بەدواوە و کتێبی حەوتەم، بەشی٤، بەتایبەتی ١٠٢٩b١٥.

١٨ـ لەهەمبەر پێناسەی گیان وەك تەواویی یەکەم {= یەکەمین ئەنتێ لیێخیا} سەیری ئەو شوێنانە بکەن کە تسلەر داوای گەڕانەوە بۆیانی کردووە[٤٠]. سەبارەت بەوە کە ئەنتێلیێخیا بەمانای هۆکاری فۆرمییە، بگەڕێنەوە بۆ هەمان کتێب، بەرگی ١، ل٣٧٩/ پەراوێزی٢. بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە لە ئەرستۆدا بەهیچ چەشنێك ورد و لەجێی خۆیدا نییە. (بگەڕێنەوە بۆ میتافیزیك، ١٠٣٥b١٥). هەروەها هەڵیبسەنگێنن لەتەك یادداشتی١٩، بەشی ٥، و بابەتی پەیوەست بەمە لەدەقەکەدا.

١٩ـ تسلەر، هەمان کتێب، بەرگی١، ل٤٦.

38. Immediate mover
39. matter
40. Zeller, op. cit., vol. 11, p. 3, n.1.



٢٠ـ بەراوردی بکەن لەگەڵ سیاسەت، ١٢٦٩a، کەتێیدا داوای گەڕانەوە کراوە بۆ ئەفسانە جۆراوجۆرەکانی ئەفلاتوون لەمەڕ خاکزادەکان (کۆمار، ٤١٤c، سیاسەتمەدار، ٢٧١a، تیمایۆس، ٢٢cو یاساکان ٦٧٧a).

٢١ـ هیگڵ، هەندێ وانە لەمەڕ فەلسەفەی مێژوو، "پێشەکی"، ل٢٣[٤١]. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ هەڵبژاردەکانی هیگڵ، پیاچوونەوەی لۆوێن بێرك[٤٢]. سەرتاسەری "پێشەکی"یەکە ـ بەتایبەتی ئەم لاپەڕەیە و لاپەڕەکانی دواتر ـ بەروونی وابەستەیی هیگڵ بە ئەرستۆ دەردەخات. لەهەمبەر ئەوەکە هیگڵ ئاگای لەم شتە بووە لەشێوازی ئاماژەکردنەکەی بۆ ئەرستۆ لەلاپەڕە ٥٩دا بەدیار دەکەوێت (هەڵبژاردنەکانی لۆوین بێرك، ل٤١٢).

٢٢ـ هیگڵ، هەمان کتێب، ل٢٣ (هەڵبژارەکان، ل٣٦٥).

٢٣ـ کایرد، هیگڵ[٤٣].

٢٤ـ ئەو وتانەی لێرەدا ئاماژەمان بۆکردوون هی ئەو لاپەڕانەن کە لەیادداشتەکانی ٢١ و٢٢ ویستوومانە بۆیان بگەڕێنەوە.

٢٥ـ سەبارەت بەو قسانەی کە لەخوارەوە هاتوون، بگەڕێنەوە بۆ پێشەکییەکانی فەلسەفەی هیگڵ، ساڵی دووەم، فینۆمینۆلۆژیای رۆح، وەرگێڕانی هریس (لۆوێن بێرك، ل٦٨ بەدواوە)[٤٤]، هەرچەندە هەندێ گۆڕانکاریم لەم وەرگێڕانەدا کردووە. قسەکانی من ئاماژە بۆ ئەم بەشە سەرنجڕاکێشانەی خوارەوەن : بەندی ٢٣: بزوێنەری خودئاگایی ئەوەیە کە 'سروشتی راستەقینە'ی خۆی وەراست بگێڕێت... لەم رووەوە... بۆ سەلماندنی لەدەرەوە... چالاکی ئەنجام دەدات." (لە ئەڵمانیدا، خودئاگایی[٤٥]، بە مانای سەلماندنیش[٤٦] دێت، بەراوردی بکەن لەگەڵ کۆتایی بەشی شازدەهەم). بەندی ٢٤: "خودئاگایی لە گەشەسەندن یان بزاوتدا خودان

41. Hegel, lectures on the philosophy of History, trans. By J.sibree, London, 1914, Introduction, 23.
42. Loewenberg’s Hegel- selection (the Moderen student’s library), 366.
43. caird, Hegegl (Blackwood, 1911), 26 f.
44. Hegel’s philosophical propaedeutics, 2nd year, phenomenology of the spirit, trans. by W.T. Harris (Loewenberg’s edition, 68 ff.).
45. self- consciousness
46. self- assertion

سیٚقۆناغە:... (٢) لەم روانگەیەوە پەیوەندی بە 'خودی'[47] ئەویترەوە هەیە... : پەیوەندی نێوان سەروەر و بەندە (سەروەرایەتی و بەندایەتی)." هیگڵ جگە لەمە ئاماژە بەهیچ جۆرە "پەیوەندییەکی 'خود' بە ئەویترەوە ناکات. پاشان ئەمە دەخوێنینەوە: "(٣) **پەیوەندی نێوان سەروەرو بەندە**... بەندی ٣٢: بۆ ئەوەی خودئاگایی وەك بوونەوەرێکی ئازاد خۆی بسەلمێنێت و لەم رووەوە **ببێتە ناسێنەر**، دەبیٚ خۆی بەسەر خودێکیتردا بسەلمێنێت... بەندی ٣٣ : لەگەڵ خواستی ناسینی دوولایەنە... پەیوەدی نێوان سەروەر و بەندە دەستپیٚ دەکات... بەندی ٣٤ : لەبەرئەوەی... دەبیٚ هەرکامێکیان تێبکۆشێت بۆ ئەوەی خۆی بسەلمێنێت و خۆی دەربخات... ئەو لایەنەی کە ژیانی پێباشترە لە ئازادی دەچێتە ناو رەوشی بەندایەتییەوە و بەم چەشنە دەریدەخات کە خاوەنی قابیلییەت {ئەگەر ئەفلاتوون و ئەرستۆ بوونایە دەیانوت 'سروشت'}... نییە بۆ سەربەخۆیی... بەندی ٣٥ : ئەو لایەنەی کە بەندایەتی دەکات بیٚ بەشە لە 'خود' {یان 'منایەتی'[48]} و 'خودی' ئەویتر لەجیاتی 'خود'ی خۆی دادەنێت... بەپێچەوانەوە، سەروەر، بەچاوێکی پرسووکایەتییەوە سەیری خزمەتکار دەکات و ئیرادەی تاکەکەسی خۆی دەپارێزێت و ئازیزە لای... بەندی ٣٦ : ئیرادەی تاکەکەسی خزمەتکار... لەترسی خزمەت پێکراوەکە، بیٚبارگ دەبێت..." تاد. بەئاسانی ناتوانین چاوپۆشی لەم توخمە هیستریەی ناو ئەم تیۆرەی پەیوەندییە مرۆییەکان بکەین و غافل بین لەوە کە ئەم پەیوەندییە دەگۆڕێت بۆ پەیوەندی نێوان سەروەر و کۆیلە. گومانم لەوەنییە کە میتۆدی هیگڵ بۆ لەخاکنانی هزرەکانی لەژێر تەپۆلکەی وشە و وشەبازی، یەکێك لەنیشانەکانی هیستریاکەیەتی تەپۆلکەیەك لە وشە و وشەبازی (هەروەك لە بەراوردکردنی وتە وەرگێراوەکان لەتەك دەقە سەرەکییەکەدا دەردەکەوێت) کە پێویستە لەسەر رێگا هەڵبگیرێت بۆ ئەوەی بتوانین مانای جێگای مەبەستی ئەو وەدەستبێنین. ئەم میتۆدە، جۆرە راکردنێکە" رێگایەکە بۆ خۆبواردن لەرووناکی رۆژ. بۆمن جێگای گومان نییە کە ئەم میتۆدەی هیگڵیش وەك خەونە پەریشانەکانی لەمەڕ زاڵبوون و خۆبەدەستەوەدان، بابەتێکی گەلیٚ باشە بۆ دەروون شیکاری. (دەبیٚ ئەوە بخەمەوە بیرتان کە لەکۆتایی بەندی ٣٦ کە لێرەدا بەشێکمان خستەڕوو، دیالێکتێکی هیگڵ (بچوونە سەر بەشی دواتر) بەرەو ئەودیوی پەیوەندی نێوان سەروەرو بەندە "بەرەو ئیرادەی گشتیو ئازادی پۆزەتیڤ" پەلکێشی دەکات. هەروەك لەبەشی دوازدەهەمدا

47. self
48. selfhood



(بەتایبەتی بڕگەکانی ٢ و٤) دەردەکەوێت، کە ئەم وشە خۆش ئاوازانە هیچ نین جگە لە پەردەپۆش کردنی تۆتالیتاریزمی دەوڵەتی و زۆر لەجێگای خۆیدایە کە سەروەرایەتی و بەندایەتی، بەرەو "بەشە پێکهێنەرەکانی" تۆتالیتاریزم گۆڕانیان بەسەردا بێت.

لەسەرووتر ئاماژەمان بە وتەیەکی هیگڵ کرد (بەندی ٣٥) سەبارەت بەوە کە کۆیلە کەسێکە ژیانی پیٚ لەئازادی باشترە. ئەم وتەیەو قسەکانی ئەفلاتوون بەراورد بکەن بە کۆماردا (٣٨٧a) ئێژی ئەو کەسانە ئازادن کە لەمەرگ زیاتر لەبەندایەتی دەترسێن. بەمانایەك ئەم قسەیە راستە ئەو کەسانەی کە ئامادە نەبن خەبات بکەن بۆ بەرگریکردن لە ئازادی خۆیان، ئازادیان لەدەست دەچێت، بەڵام ئەم تیۆرەی کە بەشێوەیەکی لاوەکی لە وتەکانی ئەفلاتوون و هیگڵدا خۆی مەڵاس داوە و زۆر بەدڵی نووسەرەکانی دواتر چەسپاوە ئەوەیە کە ئەو کەسانەی کە لەبەرانبەر هێزێکی باشتردا تەسلیم نابن یان مەرگیان پیٚ لەخۆ بەدەستەوەدان لەبەرانبەر بەڕەڵای چەکدار باشترنییە، هەر بەسروشت "کۆیلەی زگماکن"و شایستەی بارودۆخێکی باشتر نین. لەروانگەی منەوە، تەنیا خوێنخۆرترین دوژمنانی شارستانیەت دەتوانن بڕوا بەم تیۆرە بێنین.

٢٦ـ بەڕای ویتگنشتاین، زانست توێژینەوە لەسەر فاکتەکان دەکات ئەوە لەکاتێك دایە کەئیشی فەلسەفە، روونکردنەوەی مانای وشەکانە. بۆ زانیاری لەسەر ئەو رەخنەیەی ئاراستەی ئەم بۆچوونەمان کردووە، بگەڕێنەوە بۆ یادداشتگەلی ٢٦، بەتایبەتی ٥١ و٥٢ لەم بەشەدا.

(هەروەها بگەڕێنەوە بۆ وتاری ه.گومپرتس لەژێر ناوی "**مانای مانا**" لە بڵاوکراوەی **فەلسەفەی زانست**، بەتایبەتی لاپەڕەی ١٨٣)[49].

سەبارەت بە هەموو ئەم پرسە ـ کە ڕاکردنی ئێستا لە بابەتەکە (تا یادداشتی ٥٤ی ئەم بەشە) تایبەتە بەم ـواتا پرسی **ماهییەتگەرایەتی لە میتۆدۆلۆژیا لەبەرانبەرە ناوگەرایی**، بگەڕێنەوە بۆ یادداشتەکانی ٢٧ تا ٣٠ بەشی سێیەم،و بابەتی پەیوەندیدار لەدەقەکەداو یادداشتی ٣٨ لەم بەشەدا.

٢٧ـ بۆ زانیاری لەمەڕ ئەو جیاوازییەی ئەفلاتوون ـ یان بەجۆرێکی باشتر، پارمیندس ـ لەنێوان مەعریفەو ڕادا دایدەنێت، بگەڕێنەوە بۆ بەشی سێیەم، یادداشتەکانی ٢٢ و٢٦ بابەتە

49. H. Gromperez, the Meanings of Meaning, in philosophy of science, vol. 8, 1941, esp. p. 183.

پەیوەستەکانی دەقەکە و بەشی پێنجەم، یادداشتی ١٩و بەشی هەشتەم، یادداشتی ٢٥ تا٢٧ (ئەم جیاوازییە لای فەیلەسووفە نوێیەکانی وەك لوك و هۆبزیش هەروا جێگەی پەسند بووە). بۆ ئاگاداربوون لەجیاوازی لەم چەشنە لای ئەرستۆ، بۆ نموونە بگەڕێنەوە بۆ **میتافیزیك**، ١٠٣٩b٣١ و **ئانالوتیکای دووەم**، ٨٨b٣٠ بەدواوە و ١٠٠b٥".

سەبارەت بەو جیاوازییەی کە ئەرستۆ لەنێوان مەعریفەی بورهانی و مەعریفەی پێژنی (شهودی)دا بڕوای پێ‌هەیە، بگەڕێنەوە بۆ دوایین بەشە **ئانالۆتیکای دووەم** (کتێبی دووەم، بەشی ١٩، بەتایبەتی ١٧ـ ١٠٠b٥، هەروەها ٢٤ـ ٧٢b١٨و ٧٥b٣١و ٨٤a٣١و ٩١a١١ـ ٩٠a٦). لەمەڕ پەیوەندی نێوان مەعریفەی بورهانی و "هۆکارەکانی" هەرشتێك کە "لەسروشتی خودیی شتەکە جیاوازن" هەر بۆیە پێویستمان بەرادەی ناوەند[٥٠] هەیە، بگەڕێنەوە بۆ هەمان نووسین، کتێبی دووەم، بەشی ٨ (بەتایبەتی ٩٣a٥ و ٩٣b٢٦). لەپانتایی پەیوەندی هاوچەشنی نێوان پێژنی عەقڵی و "فۆرمی دابەش نەبوو" کە لەلایەن پێژنی عەقلییەوە دەرك دەکرێت ـواتە ماهییەتی دابەش نەبوو و سروشتی تاکەکەسی لەگەڵ هۆکاری خۆیدا یەکێکە ـ بۆ هەمان بەرهەم بگەڕێنەوە، ٧٢b٢٤ و ٧٧a٤ و ٨٥a١ و ٨٨b٣٥. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ هەمان کتێب، ٩٠a٣١: "ناسینی سروشتی شت بریتییە لە ناسینی بەڵگەی ئەوەی بۆچی ئەو شتە هەیە" (واتە هۆکارەکەی)، هەروەها ٩٣b٢١: "سروشتگەلێکی خودی بوونیان هەیە کە بێ نێوبەندن، واتە بنەما یان پێشەکییە یەقینییەکان".

سەبارەت بەوە کە ئەرستۆ ئەوەی دەست نیشانکرد بوو کە دەبێ سەرەنجام لەشوێنێك لە زنجیرەی بەڵگەو ئەرگۆمێنتەکان بوەستین و هەندێ لە **بنەماکان** بەبێ بەڵگە قبوولبکەین، بۆ نموونە بگەڕێنەوە بۆ **میتافیزیك**، ١٠٠٦a٧ :"ئاستەمە هەموو شتێك بەبەڵگە بسەلمێنرێت، چونکە لەم حاڵەتدا زنجیرە دێتە پێش..." هەروەها بگەڕێنەوە بۆ **ئانالۆتیکای دووەم**، کتێبی دووەم، بەشی٣ (٢٧ـ ٩٠b١٨).

شایانی ئاماژە پێکردنە شیکردنەوەی من بۆ تیۆری ئەرستۆ لەمەڕ پێناسەکان، بەشێوەیەکی سەرەکی لەتەك شیکردنەوەی گرۆتدا هاوجووتە بەڵام لەهەندێ لایەنەوە لە شیکردنەوەکەی راس جیاوازە. دەتوانین جیاوازی گەورەی نێوان راڤەی ئەم دوو نووسەرە بە خواستنی دوو پارچە

50. middle term



لەکتێبەکانیان دەربخەین. ئەو دوو پارچانەمان وەرگرتووە کە تایبەتە بەشیکردنەوەی کتێبی دووەمی **ئانالۆتیکای دووەم**. راس دەنووسێت: "لەکتێبی دووەمدا، ئەرستۆ بەڵگە وەك ئامێرێك وەبەرچاو دەگرێت کە لەرێگای ئەوەوە **پێناسە** بەدەستدێت."[٥١] ئێستا، ئەم وتەیە لەبەرانبەر قسەکەی گرۆت دابنێین کە دەڵێت :"هەرگیز بەبەڵگە پێناسە ناسەلمێت چونکە تەنیا ماهییەتی بابەتەکە رادەگەیەنێت...، ئەوە لەکاتێك دایە کە بەڵگە لای سەلماوە کە ماهییەت ناسراوە..."[٥٢] هەروەها هەڵیبسەنگێنن لەگەڵ کۆتاییەکانی یادداشتەکانی ٢٩ی ئەم بەشە.

٢٨ـ **میتافیزیك**، ١٠٣١b٧، ١٠٣١b٢٠، هەروەها ٩٩٦b٢٠:"ئێمە بەمەرجێ مەعریفەمان لەسەرشتێ هەیە کە ماهییەتەکەی بناسین."

٢٩ـ "پێناسە هەواڵێکە ماهییەتی شت وەسف دەکات" (ئەرستۆ، **توبیکا**[٥٣]، کتێبی یەکەم، بەشی ٥، ١٠١b٣٦، کتێبی هەشتەم، بەشی ٣، ١٥٣a، ١٥٣a١٥، تاد. هەروەها **میتافیزیك**، ١٠٤٢a١٧) "پێناسە... سروشتی خودێك ئاشکرا دەکات" (**ئانالۆتیکای دووەم**، کتێبی دووەم، بەشی ٣، ٩١a١). "پێناسە... هەواڵی ماهییەتی شت دەگەیەنێت" (هەمان کتێب، ٩٣b٢٨). "تەنیا ئەو شتانە خاوەن ماهییەتن کە شیکردنەوەیان بریتی بێت لە پێناسەکەیان" (**میتافیزیك**، ١٠٣٠a٥ بەدواوە). "ماهییەت، لە شیکردنەوەکەی هەمان پێناسەیە، بە جەوهەری[٥٤] شتیش ناوزەد دەکرێت" (**میتافیزیك**، ١٠١٧b٢١). "کەواتە، روونە کە پێناسە شیکردنەوەی ماهییەتە..." (**میتافیزیك**، ١٠٣١a١٣).

دەبێ جیاوازی ئەم دوو پرەنسیپانە[٥٥] ـواتە سەرەتا یان پێشەکی یەقینی[٥٦] بەڵگە (بورهان) ـ بکەین: (١) پرەنسیپی لۆژیکی)[٥٧]و (٢)ئەو پێشەکییەی دەبێ بەڵگە لێوە دەستپێبکات و ئەگەر قەرار وایە خۆ لەزنجیرەی بەرەو بێ‌کۆتایی ببوێرین، ناتوانین ئەم پێشەکیانە بەبەڵگە بسەلمێنین (بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی٢٧ ئەم بەشە). دەستەی دواییان هەمان

51. W.D. Ross, Aristotle, 2nd ed., p49.
52. G. Grote, Aristotle, 2nd ed., 241; also 240\241.
53. Topics.
54. Substance
55. principles
56. Basic premises

٥٧. بەراوردی بکەن لەگەڵ **میتافیزیك**، ٢٥ ٩٩٦b بەدواوە.

پێناسەکانە: "پێشەکییە یەقینییەکانی بەڵگە، بریتییە لە پێناسەکان" (**ئانالۆتیکای دووەم**، کتێبی دووەم، بەشی ٣، ٩٠b٢٣، هەروەها ٨٩a١٧و ٩٠a٣٥و ٩٠b٢٣).

هەروەها بگەڕێنەوە بۆ راس[٥٨] کە سەبارەت بە پارچەیەکی **ئانالۆتیکای دووەم**[٥٩] بەم جۆرە دەدوێت :"کەواتە بەپێی ئەوەی {لە ئەرستۆ} گوێبیستی دەبین، دەبێ پێشەکییەکانی زانست لەخودی خۆیدا یان بەمانای (الف) بێت یان بەمانای (ب)." لەلاپەڕەی پێشوودا راس دەنووسێ کە پێشەکی بەمانی (الف)و (ب) بەمەرجێك لەخودی خۆیدا پێویست (یان بە شێوەیەکی خودی پێویستە)[٦٠] کە **لەسەر بنەمای پێناسە** دامەزرابێت.

٣٠-ئەرستۆ لە **میتافیزیك**[٦١] دادەنووسێت: "ئەگەر{شتێك}ناوێکی هەبێت، شیکردنەوەیەکیش بۆ مانا کە لەئارادایە"پاشان روونی دەکاتەوەکە هەر شیکردنەوەیەکی مانای ناوەکە، پێناسە نییە: بەڵام ئەگەرناوەکە، ناوی جۆر یان رەگەزبێت ، ئەوکاتە شیکردنەوەکەی، پێناسەکەیەتی. سەرنجدان لەم خاڵە گرنگە کەمن هەمیشە "پێناسە" (بەپێ بەکارهێنانی نوێی ئەم وشەیە) بەمانای کۆی ناسێنراو و ناسێنەر بەکاردێنم ،ئەوە لەکاتیك دایە کە ئەرستۆ و (هەندێ کەسی وەك هۆبز کە لەم بەستێنەدا پەیڕەویان لێکردووە) هەندێ جار ئەم وشەیە هاوواتای ناسێنەریش[٦٢] دەکاردێنن[٦٣] پێناسە هەندەك[٦٤] لەخۆناگرێت و تەنیا هەمەکییە[٦٥][٦٦]و تەنیا ماهییەتە، واتە ئەوشتەی کە جۆری رەگەزێك بێت (یاخود بەجۆرێکی

58. Ross, op. cit., p. 45\46

٥٩. کتێبی یەکەم، بەشی چوارەم، ٧٤a٤ـ٢٠.

60. Essentially necessary

٦١. ١٤ ١٠٣٠aو هەروەها ١٠٣٠b٢٤.

62. Definiens

٦٣. بەشێکی زۆر لە مەنتیقەکانی خۆشمان کاتێ باسی ناسێنەر دەکەن مەبەستیان پێناسەیە.

64. Particulars

65. universals

٦٦. **میتافیزیك**، ٢٨ ١٠٣٦a.



تر، **دواین بەش**)[٦٧] و فۆرمێکی دابەش نەبوو[٦٨]. بگەڕێنەوە بۆ **ئانا لوتیکای دووەم**، کتێبی دووەم، بەشی١٣، ٩٧b٦ بەدواوە.

٣١ـ لەکۆتایی یادداشتی ٢٧ ئەم بەشە و بە بەراوردکردنی ئەم دوو لێکدانەوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە باسەکەی ئەرستۆ هێندە روون نییە. زۆربەی ناروونییەکە کاتێ رووبەروومان دەبێتەوە کە ئەرستۆ باسی ئەوە دەکات ئێمە چۆن بەهۆی ئستقرائەوە رەوتێکی روو لەبەرزی دەپێوین و هەندێ پێناسەگەلی ئەوتۆ وەدەست دێنین کە هەمان پرەنسیپەکانن. بەتایبەتی هەڵیبسەنگێنن لەگەڵ **ئانالوتیکای دووەم**، کتێبی دووەم، بەشی ١٩، ١٠٠a بەدواوە.

٣٢ـ بۆ زانیاری لەسەر تیۆری ئەفلاتوون، بگەڕێنەوە بۆ یادداشتەکانی ٢٥ تا٢٧، بەشی هەشتەم و بابەتەکانی دەقەکە.

گرۆت دەنووسێ:[٦٩] "ئەرستۆی دۆکترینی **ئاوەز**[٧٠] یان **عەقڵی** هەڵەنەکەر کە بەتەواوی لەخلیسکان بەدوورە، لە ئەفلاتوون دەخوازێت." پاشان لەدرێژەی قسەکانیدا جەخت لەسەر ئەمە دەکاتەوە کە ئەرستۆ بەپێچەوانەی ئەفلاتوون، بەسووکی سەیری بینین و ئەزموون ناکات، بەڵکو ئاوەز (واتە پێژنی عەقڵی) "نەك هەربە چڵەپۆپەی ئیستقرا بەڵکو بەگرێدراوی {ئیستقراشی} لەقەڵەم دەدات." (هەمان کتێب، هەمان لاپەڕەو لاپەڕەی ٥٧٧). ئەمە راستە، بەڵام وەك دیارە بینین و ئەزموون تەنیا بەکاری ئەوە دێت کە هێزی پێژنی عەقڵی ئێمە

٦٧. last differentia. لەو نموونەیە دا کە ئەرستۆ هەر لەم بەشەی **میتافیزیکدا** دەهێنێتەوە (١٠٣٨a) ئێژێ راست نییە بڵێین "مرۆڤ ئاژەڵێکە خاوەن پێ کە دوو پێی هەیە"" هەرئەوەندە بەسە دواین بەش بەکار بێنین و بڵێین "مرۆڤ ئاژەڵێکی دوو پێیە".

٦٨. **میتافیزیك**، ١٠٣٨a١٩.

69. Grote,op.cit.,260

٧٠. Nous (نۆس).ئەم وشەیە لەیۆنانیدا بە مانای زەین و عەقڵە و وەك زاراوە بە مانای بنەما یان ئاوەزێکی بەرزە کە جیهانی ماددە (یان گەردوون) لە پێناو مەبەستێکی تایبەتدا رێك دەخات. لە فەلسەفەی ئەفلاتووندا مەبەست توانای بینینی پێژنی وراستەوخۆیە. لە فەلسەفەی ئەرستۆدا، هەندێ جار مەبەست حاڵەتی ئینفعالی عەقڵە (nous pathetikos) و هەندێ کەرەت حاڵەتی چالاك و داهێنەری عەقڵە (nous poietikos)کە هاوجووت بێت لەگەڵ پۆلینبەندی عەقڵ لەروانگەی ئیبن سیناوە،لە عەقڵی هیولانییەوە تا عەقلی بەکردەوە و تەنانەت چالاك.

بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکەی کە ئیدراکی پێژنی ماهییەتە پەروەردە و ئامادە و تەیاری بکات و هیچ کاتێ کەسێك ئەوەی روون نەکردۆتەوە پێناسەکە **لە خلیسکان بەدوورە**، چۆن بەهۆی ئیستقرائەوە بەدەستدێت.

**٣٣ـ** ئەرستۆش هەر دەگاتە ئەو خاڵە کە ئەفلاتوون پێیگەیشتووە، چونکە دواجار بۆ هیچ کامیان پەنابردنەبەر ئەرگۆمێنت یان بەڵگەخوازی ممکین نییە. تەنیا کارێك کە ئەنجامدەدرێت ئەوەیە کە لەمەڕ هەر پێناسەیەکەوە **بە شێوەیەکی دۆگم** بانگەشەی ئەوە بکەین کە وەسفێکی راستگۆیانەی ماهییەتی شتە، و ئەگەر بپرسن بۆچی ئەم وەسفە راستگۆیانەیە و هیچ وەسفێکی دیکە راستگۆیانە نییە، تاکە رێگا، پشت بەستنە بە "ئیدراکی پێژنی ماهییەت".

ئەرستۆ لانیکەم بەدوو مانا لە ئیستقرا دەدوێت : یەکیان بەمانای میتۆدێك بەشێوەیەکی هیورستیك[٧١] پەسند دەکرێت بۆئەوەی بەرەو (پێژنی پرەنسیپە گشتییەکان رێنوێنیمان بکات[٧٢] و ئەویتریان بەمانایەکی ئەزموونیتر[٧٣].

لە (**ئانالوتیکای دووەم**) ٧٧a٤ دەخوێنینەوە کە پێناسە نەهەمەکییە نەهەندەکی، بەڕای من رەنگە ئەم ناتەباییە رووالەتیە لەم رێگایەوە چارەسەر بکرێت کە بە پێچەوانەی میور[٧٤] کە لە وەرگێڕانی چاپی ئۆکسفۆردا ئێژێ پێناسە "بەهیچ چەشنێك بەمانای راستەقینەی وشە، حوکم یان دۆزنییە" بڵێین پێناسە هەمەکی و زەروورییە، نەك تەنیا هەمەکی. (بەراوردی بکەن لەتەك ٧٣b٢٦، ٩٦b٤، ٩٧b٢٥.

سەبارەت بە "بەڵگەخوازی" **ئانالوتیکای دووەم** کەلە دەقەکەدا ئاماژەمان بۆکردووە بگەڕێنەوە بۆ ١٠٠b٦ بەدواوە. لەمەڕ یەکیەتی عیرفانی (عالم و معلوم) کە لەکتێبی گشتی **گیاندا**

٧١. heuristic. مەبەست شێوازێکە بەهۆیەوە ئەوەی دواتر دەبێت بسەلمێت، جارێ بەشێوەیەکی خێرا بۆ دۆزینەوە نادیارێکی دیاریکراو گریمانە دەکرێت.

٧٢. **ئانالوتیکای یەکەم**، ٦٧a٢٢ بەدوواوە، ٣٣-٢٧b٢٥" **ئانالوتیکای دووەم**، ٧١a٧، ٨١a٣٨، ١٠٠b٤بەدواوە.

٧٣. **ئانالوتیکای یەکەم**، ٣٧-٦٨b١٥، ٦٩a١٦" **ئانالوتیکای دووەم**، ٧٨a٣٥، ٨١b٥ بەدواوە" **توبیکا**، ١٠٥a١٣، ١٥٦a٤، ١٥٧a٣٤.

٧٤. G.R.G.Mure. ناوی وەرگێڕی ئینگلیزی **ئانالۆتیکای دووەم** لەچاپی ئۆکسفۆردە.



ئاماژەی پێکراوە، بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆ ٤٢٥b٣٠ بەدواوە، ٤٣٠a٢٠ و٤٣١a١. لەروانگەی ئێمەوە پارچەی گرنگ، ٤٣٠b٢٧ە کە دەڵێت: "تێگەیشتنی پێژنی پێناسەی ماهییەت هەرگیز هەڵە ناکات... هەروەك چۆن... بینی بەرچاو روونەکان ممکین نییە هیچ کاتێ هەڵە بکات." سەبارەت بە بەشەکانی تایبەت بە ئیلاهیات لە **میتافیزیکدا**، بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆ ١٠٧٢b٢٠ (کە باسی "تەماس" دەکات)، هەروەها ١٠٧٥a٢. بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی (٢)٥٩، بەشی دەیەم، یادداشتی٣٦، بەشی دوازدەهەم و یادداشتەکانی ٣ و٤ و٦ و٢٩ تا ٣٢ و٥٨، بەشی بیست و چوارەم. لەهەمبەر "سیستەمی تەواوی فاکتەکان" کە {لەدەقەکەدا} لەبەندی دواتر ئاماژەی بۆکراوە، بگەڕێنەوە بۆ کۆتایی **ئانالوتیکای دووەم** (١٠٠b١٥ بەدواوە).

جێگەی لێڕامانە کە بۆچوونەکانی هۆبز (کە ناوگەرابوو بەڵام پەیڕەوی لەناوگەرایی نەدەکرد لە میتۆدۆلۆژیادا) چەندە هاوچەشنی ماهییەتگەرایی ئەرستۆیە لە میتۆدۆلۆژیادا هۆبزیش بڕوای وابوو کە پێشەکییە یەقینییەکانی هەموو جۆرە مەعریفەیەك {لەبەرانبەر ڕادا} هەمان پێناسەکانن.

**٣٤ـ** ئەم بۆچوونە لەمەڕ میتۆدی زانستی، لە کتێبەکەی مندا **لۆژیکی دۆزینەوەی زانستی** گەشەی پێدراوە، بۆ نموونە بگەڕێنەوە بۆ لاپەرە٢٧٨ بەدواوە و لاپەرە٣١٥ بۆ دواوە کە لەوێدا ئەو بابەتانەی کەلە (گۆڤاری) **ئێرکنت نیسدا** چاپ کرابوون[٧٥]، بەشێوەیەکی تەواوتر بەم جۆرە وەرگێڕدراوە:"دەبێ خوو بەوەوە بگرین کە لەجیاتی ئەوەی زانستەکان وەك کۆمەڵەیەکی داخراو لە مەعریفەکان وەبەرچاوبگرین، وەك سیستەمێك لە گریمانەکان لێکیان بدەینەوە ـواتە پێش بینییە تۆمار نەکراوەکان کە تا ئەوکاتەی بەهێز دەکرێن، دەتوانین بەکاریان بهێنین و مافی ئەوەمان نییە بێژین 'راستگۆیانە' یان 'کەم تا زۆر یەقینی' یان تەنانەت 'ئەگەر' یشیان هەیە."

**٣٥ـ** وتە وەرگیراوەکە هی ئەو یادداشتەیە کە لە **ئێرکنت نیسدا** نووسیبووم[٧٦] و وەرگێڕدراوەکەی (بە ئینگلیزی) لە **لۆژیکی دۆزینەوەی زانستی** (ل ٣١٢ بەدواوە)دا چاپ کراوە

75. Erkenntnis,vol.5(1934)
76. Erkenntnis,vol.3(1933)

و بەشێوەیەکی جیاواز گشتییەت بەوتەکەی ئەنشتاین دەبەخشێ لەکتێبەکەیدا بەناوی **ئەندازیاری و ئەزموون**[٧٧].

**٣٦ـ** هەڵبەتە ممکین نیە پێشبینی ئەوە بکەین ئایا تیۆر و بەڵگەخوازی و ئەرگۆمێنت زیاتر بۆ زانست گرنگن یان بینین و تاقیکردنەوە، **چونکە زانست بەردەوام هەمان تیۆرە کە دەخرێتە ژێر بینین و تاقیکردنەوەوە**. بەڵام بەڵگەنەویستە ئەو پۆزیتیڤیستانەی هەوڵدەدەن دەریبخەن زانست "بەرەنجامی کۆی بینینەکانی ئێمە"یە یان لەجیاتی ئەوەی تیۆریك[٧٨] بێت بینینیە[٧٩]، هەموویان لەهەڵەدان. چەندی لەمەڕ پشکی تیۆرو بەڵگەخوازی لەزانستدا بێژین، کەمان وتووە. بەشێوەیەکی گشتی سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ئەرگۆمێنت و بەڵگەخوازی لۆژیکی، بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٤٧ لەم بەشەدا.

**٣٧ـ** بۆ نموونە هەڵبسەنگێنن لەگەڵ **میتافیزیك**، ١٤ و ١٠٣٠a٦ (بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٣٠ هەر لەم بەشەدا).

**٣٨ـ** پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە قسەکانم لێرەدا سەبارەت بە **ناوگەرایی لەبەرانبەر ماهییەتگەراییدا**، تەنیا لایەنی میتۆدۆلۆژی لەخۆ دەگرێت. من بڕوام بەهیچ هەڵوێستێك نییە لەبەرانبەر **میتافیزیکی** هەمەکیدا ـواتە پرسی میتافیزیکی ناوگەرایی لەبەرانبەر ماهییەتگەراییدا (ئەگەرچی بەڕای من، لەم پانتاییەدا زاراوەی "ماهییەتگەرایی" باشترە لە "ریالیزم"). هەروەهای بێگومان لایەنگری ناوگەرایی نیم لەمیتافیزیکدا، وەك بڵێی لایەنگری ناوگەراییم لەمیتۆدۆلۆژیدا. **بەرانبەرێتی نێوان ئەو پێناسانەی لەسەر بنەمای ناوگەرایی دامەزراون و ئەو پێناسانەی لەسەر بنەمای ماهییەتگەرایی دامەزراون** کە لەدەقەکەدا خراونەتەڕوو، هەوڵێکە بۆ نوێکردنەوەی جیاوازی کۆنی نێوان رادەی "ناوی"[٨٠] و رادەی "راستەقینە"[٨١]. **بەڵام جەختکردنەوەی سەرەکی من لەسەر ئەم پرسەیە، ئایا پێناسە لە چەپەوە بۆ راست دەخوێنرێتەوە یاخود لەراستەوە بۆ چەپ، یاخود بەجۆرێکیتر، ئایا وتەیەکی کورت لەجێگەی وتەیەکی درێژ دادەنرێت یان وتەیەکی درێژ لەجێگەی وتەیەکی کورت**.

77. Geometry and Experience.
78. theoretical
79. observational
80. veral definition
81. real definition



**٣٩ـ** بانگەشەکەم لەهەمبەر ئەوە کە لەزانستەکاندا **تەنیا** ئەو پێناسانە دەستدەکەون کە لەسەر بنەمای ناوگەرایی دامەزراون، پێویستی بە داکۆکی لێکردن هەیە.( لێرەدا مەبەستم تەنیا پێناسە راشکاوەکانە نەك پێناسە لاوەکییەکان یان بۆ گەڕاوەکان)[٨٢]. بێگومان بانگەشەکە مەرج نییە بەم مانایە بێت کە وشەکان بەشێوەیەکی کەم تازۆر "پێژنی" لەزاستەکاندا بەکارنایەن. ئەم مانایە کاتێ روون دەبێتەوە کە ئەوە بێنینە بەرچاوی خۆمان کە هەموو زنجیرەیەك لە پێناسەکان دەبێ لە **وشە پێناسە نەکراوەکانەوە** دەست پێبکات کە ناتوانرێت ماناکانیان پێناسە بکرێت بەڵام دەشێت بە شایەت و نموونە پێشانبدرێت. ئەو کاتە، ئاشکرایە کە لەزانستەکاندا بەتایبەتی لەماتماتیکدا، بەزۆری (وشەیەکی وەك "دووری" یان "راستی" ) سەرەتا لەرێگای پێژینەوە بەکاردەهێنین و پاشان هەوڵدەدەین پێناسەی بکەین. بەڵام ئەوە وەسفێکی وردی ئەو شتە نییە کە روودەدات. وەسفە وردەکە بەم جۆرەیە. هەندی جار دەتوانین هەندێ وشەی پێناسەکراو لەجیاتی وشە پێناسە نەکراوەکان دابنێین کە بەشێوەیەکی پێژنی (شهودی) بەکاردەبرێ. رەنگە بتوانین دەریخەین کە ئەم وشە پێناسەکراوانە هەمان ئەو نیازانە دەردەبرن کە لە وشە پێناسەنەکراوەکاندا مەبەست بوونە. بەجۆرێکیتر لەبەرانبەر هەر رستەیەکدا کە وشەی پێناسە نەکراوی تێدا بەکارهاتووە (بۆ نموونە {ئەو رستەیەی} کە بە شیتەڵی[٨٣] لەقەڵەمدراوە) رستەیەکیتر لەئارادایە کە ئەو وشەیەی تێدا بەکاردێت کە تازە پێناسە کراوە (و لەپێناسەکەوە دێتە ئاراوە).

بێگومان دەتوانین بڵێین مێنگەر[٨٤] "دووری" بەشێوەیەکی بۆ گەڕانەوە (تراجعی) پێناسە کردووە یان تارسکی پێناسەی "راستی" کردووە. بەڵام لەوانەیە دەربڕینی بابەتەکە بەم جۆرە بەدحاڵیبوونی لێبکەوێتەوە. راستییەکەی ئەوەیە مێنگەر پێناسەیەکی تەواو ناویی[٨٥] لە پلەی کۆمە خاڵەکان داوە بەدەستەوە کە بە "n دووری" ناوزەدی کردووە، چونکە لەوانەیە چەمکە نوێیەکە لەهەمووحاڵەتە گرنگەکاندا لەجیاتی چەمکی پێژینی ماتماتیکی "n دووری" دانابێت. دەتوانین لەمەڕ چەمکی "راستی" تارسکیش هەر بەم چەشنە بدوێین. تارسکی پێناسەیەکی ناویی خستەڕوو (یاخود بەجۆرێکی باشتر، شێوازێك بۆ ئامادەکردنی پێناسەی ناویی) کە بە "راست" ناوزەدی دەکرد چونکە دەکرا سیستەمێك لە رستەکان لەپێناسەی

82. recursive definition
83. analytic
84. K.Menger
85. nominal

بەرانبەری ئەم رستانە هەڵبینجێت (وەك رێسای قەدەغەکردنی ناوەند)[٨٦] کە پێشتر لەلایەن گەلێ لە لۆژیکی و فەیلەسوفەکان بەکاردەهات سەبارەت بەو شتەی ئەوان بە "راست" ناوزەدیان دەکرد.

٤٠ـ تەنانەت دەتوانین بڵێین ئەگەر بڕیاربووایە خۆمان لە پێناسەکان ببوێرین و ئەم زەحمەتە مەزنە لەسەرشانی خۆمان هەڵگرین و هەمیشە وشە دەربڕدراوەکانی پێناسە لەجیاتی ناسێنراوەکان بەکاربهێنین، زمانمان ورد و رێکتر دەبوو. میتۆدە باوەکانی پێناسە، خۆیان سەرچاوەی نارێکی و ناڕوونین. ئەو میتۆدەی لەلایەن کارناپەوە دروستکراوە (١٩٣٤) پێدەچێت یەکەمین میتۆدی خۆبواردن بێت لە نەگونجاوی و ناتەواوییەکانی زمان کە سوود لە پێناسەکان وەردەگرێت[٨٧]. ئەو دەریخستووە کە ئەو زمانەی پێناسە وەربگرێت لەزۆربەی حاڵەتەکاندا گیرۆدەی ناگونجاویی و ناتەواویی دێت، تەنانەت ئەگەر خودی ئەم پێناسانە لەگەڵ رێسای گشتی پێناسەدا هاوجووت بن. کاتێ سەیر ئەکەین ئەم ناگونجاوییە بەکردەوە تاڕادەیەك کەم بایەخن، لەم راستییەوە سەرچاوەدەگرن کە بەردەوام دەتوانین ناسێنراوەکان بەلاوە بنێین و وشە دەربڕدراوەکانی پێناسەیان لەجیات دابنێین.

٤١ـ چەند نموونەیەك لەم میتۆدە کە زاراوە نوێیەکە تەنیا لەکاتی پێویستی دا دێنێتە ناو باسەکەوە، لەم کتێبەشدا بەرچاو دەکەوێت. ئەم کتێبە سەروکاری لەگەڵ بیروباوەڕی فەلسەفیدا هەیەو هەربۆیە لەرووی کورتبڕیشەوە بوویێت، ناتوانین خۆ لەهێنانی هەندێ ناو بۆ ئەم بیروباوەڕانە ببوێرین. هەربۆیە من ئەو هەموو "یزم {گەرایی}"م بەکارهێناوە. بەڵام لەگەڵێ حاڵەتدا، ئەم جۆرە ناوانە تەنیا پاش شیکردنەوە و دەربڕینی هەڵوێست یان بیروباوەڕەکان، هاتوونە ناو باسەکەوە.

٨٦. law of the exclued middle. واتە لە نیوان دۆزێك و دژەکەیدا هیچ نیۆبەند(واسطە)ێك لە ئارادانییە.

٨٧. بگەڕێنەوە بۆ: R.carnap,logical syntax of language,1937,p.67.
هەروەها: Hilbert-Bernays,Grundlagen d. math,1939,II.pp.
هەروەها: 259,note1.



٤٢ـ بۆ رەخنەگرتنێکی رێکوپێکتر لە میتۆدی ماهییەتگەرایی، رەنگە بتوانین سێ کێشە جیا بکەینەوە کە ماهییەتگەرایی نە دەتوانێت لەدەستیان رابکاتو نە لەتوانای دایە چارەسەریان بکات.

(١) کێشەی جیاکردنەوەیەکی روون لەنێوان دابی زمانەوانی پەتی و پێناسەی ماهییەتگەرایانە {یان پێناسەکردنی خود} کە ماهییەتی {شت} "بەراستی" بەیان دەکات. (٢) کێشەی جیاکردنەوەی نێوان پێناسە خودیەکانی {یان سنووری} "راست"و "چەوت" {یان "درۆ"}. (٣) کێشەی خۆبواردن لە زنجیرەی پێناسەکان. من لێرەدا بەکورتی سەروکارم لەگەڵ کێشەی (٢) و(٣) هەیە. کێشەی (٣) لەدەقەکەدا دەخرێتەروو. لەمەڕ کێشەی دووەمەوە، بگەڕێنەوە بۆ یادداشتەکانی (١) ٤٤و ٥٤ لەم بەشەدا.

٤٣ـ هەندێ جار رەنگە راست بوونی گوزارەیەك ئەوە روون بکاتەوە بۆچی لەروانگەی ئێمەوە ئەم گوزارەیە بەدیهی و ئاساییە و لەمەڕ حاڵەتی "٢ +٢=٤" بەم جۆرەیە، یان سەبارەت بەو رستەیەی کە دەڵێت: "خۆر هەم تیشك دەداتەوە و هەم گەرما". بەڵام پێچەوانەی دۆزەکە راست نییە. ئەم راستییە کە رستەیەك لەروانگەی هەندێ لەئێمەیان تەنانەت هەموومان وەك شتێکی "ئاسایی" خۆی دەنوێنێ یاخود بەجۆرێکیتر، هەندێ لەئێمە یان تەنانەت هەموومان بڕوایەکی پتەومان بەڕاستییەکەی هەیە و ناتوانین چەوتییەکەی تەسەوڕ بکەین ـ نابێتە هۆی ئەوە کە رستەکە راست بێت. (راستی بێتوانایی ئێمە بۆ وێناکردنی چەوتی گوزارەیەك، لەگەڵێ حاڵەتدا تەنیا هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هێزی خەیاڵمان پڕکێماسییە یان گەشەی پێویستی نەکردووە.) یەکێك لە گەورەترین هەڵەکان ئەوەیە فەلسەفەیەك لەجیاتی بەڵگەخوازی بۆ لایەنگری کردن لەراستی رستەیەك، پەنابباتە بەر بەداهەت. لەگەڵ ئەوەشدا، دەتوانین بڵێین هەموو فەیلەسوفە ئایدیالیستەکان دەست بۆ ئەم کارە دەبەن. ئەمە دەریدەخات کە فەلسەفە ئایدیالستەکان زۆربەی کاتەکان هیچ نین جگە لەسیستەمێك لەداکۆکی بۆ پشتیوانی کردن لەهەندێ بیروباوەڕی دۆگم.

ئەم بیانووە مسداقیەتی نییە کە بێژین زۆربەمان لەبارودۆخێکی ئەوتۆ داین کە دەبێ بەشێك لەرستەکان تەنیا بەهۆی ئاسایی بوونیان قبوڵ بکەین. بەزۆری پرەنسیپی لۆژیك و میتۆدی زانستی (بەتایبەتی "پرەنسیپی ئیستقرا" یان "رێسای وەکیەکی سروشتی") وەك نموونەی ئەو گوزارانە ئاماژەی بۆ دەکرێت کە ناچارین پەسندیان بکەین و ناتوانین لەسەر بنەمای هیچ شتێ

پاساویان بۆ بهێنینەوە تەنیا بەداهەت نەبێ. بەڵام ئەگەر تەنانەت بەم جۆرەیش بووایە، دیسان باشتر وابوو بێپەردە بمانووتبایە ناتوانین پاساوی بۆ بهێنینەوە، بەوەندە وازمان هێنابووایە. راستییەکەی ئەوەیەکە هەر لەبنەڕەتدا پێویستمان بە "پرەنسیپی ئیستقرا" نییە. (بگەڕێنەوە بۆ کتێبەکەم، **<u>لۆژیکی دۆزینەوەی زانستی</u>**). سەبارەت بە "پرەنسیپەکانی لۆژیك"یش کەلەم ساڵانەی دواییدا گەلێ کاری لەسەرکراوە کە دەریدەخات تیۆری بەداهەت پووچەڵە.

(بەتایبەتی هەڵبسەنگێنن لەگەڵ دوو کتێبەکەی کارناپ، **<u>سینتاکسی لۆژیکی زمان</u>** و **<u>دەروازەی واتاناسی</u>**). هەروەها بگەڕێنەوە بۆ ژێرەوە بۆ یادداشتی (٢) ٤٤.

٤٤ـ (١) ئەگەر ئەم تێبینییانە سەبارەت بە پێژنی عەقڵی ماهییەکان بەکاربێنین بۆمان دەردەکەوێت کە ماهییەتگەرایی بێتوانایە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە کە چۆن دەتوانین پەی بەوە ببەین ئایا ئەو پێناسەیەی کەسێك پێشنیاری کردووە و لەرووی فۆرمیشەوە رێکە، راستیشە یان ناو بەتایبەتی چۆن دەتوانین لەنێوان دوو پێناسەی نادیاردا، یەکێکیان هەڵبژێرین؟ ئاشکرایە لەروانگەی کەسێکەوە کە لە میتۆدۆلۆژیدا پەیڕەوی لە ناوگەرایی دەکات، وەڵامدانەوەی ئەم جۆرە پرسیارانە پووچ و کەم بایەخە. گریمان یەکێك (وەك **<u>فەرهەنگی ئۆکسفۆرد</u>**) بڕوای بەوەبێت کە "تولە واتە گەنجێکی لەخۆرازی و بێ مێشك و سەرەڕۆ"و لەبەرانبەر ئەمەدا کەسێکیتر کە دەست لە پێناسەکەی پێشووتری ئێمە هەڵناگرێت، سوورە لەسەر قسەکەی خۆی. لەحاڵەتێکی ئەوتۆدا، لایەنگری ناوگەرایی ئەگەر تاقەتی ئەم جۆرە باسانەی هەبێت، ئەوە دەخاتەوە بیرمان کە تاقەتی کێشەی ئەتیکێتەکانی نییە، چونکە هەڵبژاردنی ئەتیکێت ئیشێکی دڵخوازانەیە. رەنگە جەخت لەسەر ئەوەش بکاتەوە **<u>ئەگەر مەترسی ئیهام لەئارادابێت</u>**، دەتوانین بەئاسانی دوو ئەتیکێت دروستبکەین: یەکیان "تولەی ـ١"و ئەویدیان "تولەی ـ٢". ئەگەر لایەنی سێیەم بانگەشەی ئەوەبکات کە "تولە واتە سەگی قاوەیی" پەیڕەوکاریی ناوگەرایی بە لەسەرخۆیی پێشنیاری دروستکردنی ئەتیکێتی "تولەی ـ٣"دەکات. بەڵام ئەگەر لایەنەکانی کێشەکە دیسان درێژە بە ناکۆکییەکەیان بدەن و یەکیان سووربێت لەسەر ئەوەی کە تولەکەی ئەو تاکە تولەی مەشروعەو ئەویتریان سووربێت کە لانیکەم دەبێ ئەتیکێتی "تولەی ـ١" لەتولەکەی ئەو بدرێت، پەیرەوی ناوگەرایی سەرەڕای ئەوپەڕی لەسەرەخۆیی، لەوە بەدوا بەخەمساردییەوە شانی هەڵدەتەکێنێ (بۆ خۆبواردن لە بەدحاڵیبوون، دەبێ هوشداری ئەوە بدەم کەلە **<u>ناوگەرایی میتۆدۆلۆژیانەدا</u>** پرسی بوونی



هەمەکییەکان (کلیات) ناخرێتە بەرباس، هەربۆیە، هۆبز **<u>ناوگەرایەکی ئەنتۆلۆژییە</u>**[88]، نەك پەیڕەوکاری ناوگەرایی لە میتۆدۆلۆژیادا.

بەڵام هەر ئەم پرسە کەم بایەخە، کیشەی بێچارەسەر لەمیتۆدی ماهییەتگەراییدا دروست دەکات. پێشتر گریمانەکەمان لەسەر ئەوە دامەزرابوو کە ماهییەتگەرا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بۆنموونە رستەی "تولە، سەگێکی قاوەییە" لەخۆگری پێناسەیەکی راستی ماهییەتی "تولەیەتی"نییە. چۆن دەتوانرێت داکۆکی لەم بیروباوەڕە بکات؟ تەنیا بەپشتبەستن بە پێژنی عەقڵی خۆی بۆ ماهییەت. دەرەنجامی کردەیی ئەم راستییە ئەوەیە ئەگەر ئەو پێناسەیەی ماهییەتگەراکان خستویانەتەڕوو گومانی لێ بکرێت و قبووڵ نەکرێت، بەتەواوی دادەمێنێت، چونکە تەنیا لەدوو رێگاوە دەتوانێ دژکردەوە پێشان بدات. یەکیان ئەوەیە سەرسەختانە جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە کە پێژنی عەقڵی ئەو تاکە پێژنی عەقڵی راستەقینەیە) کە هەڵبەتە لەم حاڵەتەدا رەنگە نەیارەکەشی هەر ئەم جۆرە بەرسڤە بداتەوە و لەئاکامدا لەجیاتی وەدەست هێنانی مەعریفەیەکی رەها و کۆتایی و بەدوور لە دڕدۆنگی کە ئەرستۆ بەڵێنی دابوو، تووشی بنبەست دێین، رێگایەکەیتر ئەوەیە دان بەوە دابنێین کە دەرکی پێژنی نەیاریش بەهەمان راستی دەرکی پێژنی ئەوە بەڵام تێگەشتنە لە ماهییەتێکیتر کە مخابن لەلایەن نەیارەوە هەر بەم ناوە ناوزەد دەکرێت. ئەم بانگەشەیە ئەم پێشنیارەی لێدەکەوێتەوە کە دوو ئەتیکێتی جیاواز ـ بۆنموونەی "تولەی ـ١"و "تولەی ـ٢"ـ بۆ دوو ماهییەتی جیاواز بەکاربێنین. وەڵی ئەم هەنگاوە بەمانای بەلاوەنانی تەواوی هەڵوێستی ماهییەتگەرایانەیە، چونکە ئەوەی ئێمە دبێ لێ یتێبگەین ئەوەیە کە ئێمە لەناسێنراوەوە دەست پێدەکەین‌و پاشان ئەتیکێتێکی لێدەدەین، یاخود بەجۆرێکیتر، "لەچەپەوە دەڕۆین بۆ راست" ئەم بۆخۆی بەم مانایەیە کە دەبێ لەلێدانی ئەتیکێت دا بە ئارەزووی خۆمان بجولێینەوە. بۆ تێگەیشتن لەم بابەتە ئەوەندە بەسە ئەمە بێنینە بەرچاوی خۆمان کە شێلگیربوون لەسەرئەوە کە "تولەی ـ١" لەخودی خۆیدا بێچووی سەگە ئەوە لەکاتێك دایە کە رەنگە سەگی قاوەیی تەنیا "تولەی ـ٢" بێت، دیسان هەمان کێشەی لێدەکەوێتەوە کە لەبنەڕەتدا ماهییەتگەرایی تووشی ئەم پێڤانە دوولایەنە کرد. کەواتە، دەبێ هەموو پێناسەکان بەیەکسانی وەك شیاوی پەسندکردن لەقەڵەم بدرێن (بە مەرجەکە لەرووی فۆرمەوە راست بن) ئەوە بەم مانایە دەبێ کە

88. ontological nominalism

بە وتەی ئەرستۆ، هەموو پێشەکییەکی یەقینی هەر بەو ڕادەیە ڕاستە کە پێشەکییە دژەکەی ڕاستەو "**ئاستەمە یەکێك گوزارەیەك دەربڕێت درۆبێت**". (ئەو کەسەی پێدەچێت وەبیرهێنەری ئەم خاڵە بووبێت، ئانتیس تنیسە، بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٥٤ هەر لەم بەشەدا). کەواتە ئەم بانگەشە ئەرستۆییە خاڵ بەخاڵی بێبناغەیە کە دەڵێت چاوگی مەعریفەی ڕاستی هەڵەنەکەری دوور لە دڕدۆنگی (بە هەڵاواردن لەڕا) هەمان پێژنی (شهودی) عەقڵییە و پێناسەکە پێشەکی یەقینی تۆکمە و پێویستی هەموو جۆرە دەرەنجامگیرییەکی زانستییە، لەڕێگای پێژنی عەقڵییەوە وەدەستدێت. جگە لەمە، دەردەکەوێت کە پێناسە هیچ نییە جگە لەو ڕستەیەی کە پێماندەڵێت ناسێنەر لەگەڵ ناسێنراودا یەکێکە و دەتوانین هەردووکیان لەجیاتی یەکتر دابنێین. بەکارهێنانی پێناسە بەپێی پێوەرەکانی ناوگەرایی ئەو دەرفەتەمان پێدەدات کە لەجیاتی زۆرویژی، لەکورتی بیبڕینەوە، هەربۆیە خاوەن قازانجی کردەییە. بەکارهێنانەکەی بەپێی بۆچوونی ماهییەتگەراکان تەنیا بۆ ئەوە یارمەتیمان دەدات کە قسەیەکی کورت لەتەك قسەیەکی درێژ بگۆڕینەوە کە هەمان مانا دەدات بەدەستەوە ئەوەندە نەبێت زۆر درێژترە و تاکە سوودی هاندانی وشەبازییە.

a. بۆ زانیاری لەو ڕەخنەیەی کە لە تیۆرەکەی هۆسرل گیراوە سەبارەت بە پێژنی ماهیات، بگەڕێنەوە بۆ کتێبی ی.کرافت، **لە هۆسرلەوە بۆ هایدگەر** (ئەڵمانی، ١٩٣٢)[٨٩]. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٨، بەشی بیست و چوارەم. لەنێو هەموو ئەو نووسەرانە کە بڕوایان بە بۆچوونگەلێك بووە لەم بەستێنەدا، ڕەنگە ماکس ڤیبەر گەورەترین کاریگەری و نفووزی هەبووبێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی کۆمەڵناسیدا. ئەو لەسنووری زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا لایەنگری "میتۆدی تێگەیشتنی پێژنی"[٩٠] بوو "نموونە ئایدیالیەکەی"[٩١] لەگەڵی ڕووەوە لەتەك ماهییەتی ئەرستۆ و هۆسرل هاوجووتە. شایانی باسە کە سەرەڕای ئەم ئاراستانە ڤیبەر ئاگاداری ئەوەبوو کە پشتبەستن بە بەداهەت، بۆ قبووڵ کردن ناشێت. ئەو دەڵێت: "ئەوەکە لێکدانەوەیەك زۆر بەتوندی بەدیهی و ئاساییە، لەخودی خۆیدا هیچ شتێ لەمەڕ مسداقیەتە ئەزموونییەکەیەوە ناسەلمێنێت."[٩٢] ڤیبەر بەهەق ئەوەمان بیردەخاتەوە کە

89. J.Kraft,from Husserl to Heidegger(1932)
90. method of intuitive understanding
٩١. ideal types. یەکێکە لە چەمکە سەرکییەکانی کۆمەڵناسی ماکس ڤیبەر.
92. M.weber ,Ges. Aufsaetze, 1992,.pp.404.



دەبێ تێگەیشتنی پێژنی "**هەمیشە لەلایەن میتۆدە ئاساییەکانەوە کۆنترۆڵ بکرێت.**" (هەمان کتێب، هەمان لاپەڕە، تۆخکردنەوەی وشەکان لەمنەوەیە). بەڵام ئەگەر وابێت، ئەمە بەپێچەوانەی خۆی کە پێیوابوو، یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی زانستی "ڕەفتاری مرۆیی"[٩٣] نییە، بەڵکو هی ماتماتیك و فیزیك و ئەوانیتریشە. دەردەکەوێت ئەو کەسانە کە تێگەیشتنی پێژنی بەمیتۆدی تایبەتی زانستگەلی تایبەت بە "ڕەفتاری مرۆیی" لەقەڵەم دەدەن، بەزۆری لەم ڕووەوە بڕوا بەم جۆرە بۆچوونانە دێنن، چونکە ناتوانن وێنای ئەوە بکەن ماتماتیکزان یان فیزیکزانێکیش ڕەنگە ئاشنایەتییەکی هێندە نزیکی لەگەڵ بابەتی {توێژینەوەی} خۆیدا هەبێت کە بتوانێ "هەستی پێ بکات" ڕێك بەو جۆرە کە کۆمەڵناسێك، ڕەفتاری مرۆیی "هەست پێ دەکات".

٤٥ـ "زانست، وەك بەڵگەنەویست سەیری پێناسەی هەموو زاراوەکانی خۆی دەکات..." (ڕاس، هەمان کتێب، ل٤٤، بەراوردی بکەن بە **ئانالوتیکای دووەم**، کتێبی یەکەم، بەشی٢). هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٣٠ لەم بەشەدا.

٤٦ـ پارچە وەرگیراوەکە هی لاپەڕەی ٧١ کتێبی **ئەفلاتوون، ئەمڕۆ** نووسینی کراسمەنە.

کۆهن و (نەیگل)یش لەکتێبەکەی خۆیاندا **دەروازەی لۆژیکی زانستی**[٩٤]، تیۆرێکی لەم چەشنەیان هەیە و دەڵێن: "بێگومان گەلێ لە مشتومڕەکان سەبارەت بە حەقیقەتی خاوەندارێتی یان دیانەت یان یاسا... لەناو دەچوو ئەگەر ئەو هاوکێشانەی کە بەوردی و ڕاشکاوییەوە پێناسە کراون جێگای ئەم وشانەیان گرتبایەوە." (بگەڕێنەوە بۆ یادداشتەکانی ٤٨ و٤٩ لەم بەشەدا).

ئەم بۆچوونەی لەمەڕ ئەم پرسەوە لەلایەن ویتگنشتاین و چەند کەسێك لە پەیڕەوکارەکانی دەربڕدراوە، وەك بیروڕای کراسمەن و کۆهن و نەیگل یەکلاکەرەوە و ڕاشکاو نییە. ویتگنشتاین فەیلەسووفێکی دژە میتافیزیك بوو. لە دیباجەی **نامیلکەی لۆژیکی ـ فەلسەفەی**[٩٥]دا دەنووسێت: "ئەم کتێبە سەروکاری لەگەڵ پرسی فەلسەفەدا هەیەو بەڕای من، دەریدەخات کە شێوازی فۆرمۆلبەندی ئەم پرسانە لەسەر بنەمای بەدحاڵیبوونی لۆژیکی زمانی ئێمە

93. human behaviour
94. M.R.cohen,E.Nagel,An Introdaction to logic and scientific Method (1936),p.232.
95. L.wittgenstein,Tractatus Logico_philosophicus(1921-1922).

دامەزراوە." ئەو هەوڵ دەدات پێشانی بدات میتافیزیك "تەواو بێمانا"یەو تێدەکۆشی لەزمانی ئێمەدا سنوورێك لەنێوان مانادار و بێمانا دیاری بکات و دەنووسێت: "دەتوانین ئەم سنووره لەزمانەکاندا دیاری بکەین و ئەوەی بکەوێتە ئەو دیوی ئەم سنوورەوە، تەواو بێمانایە." بەپێی بۆچوونی ویتگنشتاین لەو کتێبەدا، دۆزەکان مانایان هەیە: یان راستن یان درۆ. دۆزە فەلسەفییەکان لەبنەڕەتدا بوونیان نییە، تەنیا وەك نیمچە دۆز دێنە بەرچاو، بەڵام لەراستیدا بێمانا و پووچن. سنووری نێوان مانادار و بێمانا، هاوجووتە لەتەك سنووری زانستە سروشتییەکان و فەلسەفە: "تەواویەتی[٩٦] دۆزە راستەکان {یەکسانە لەگەڵ} تەواوی[٩٧] زانستی سروشتی (یان تەواویەتی زانستە سروشتییەکان). فەلسەفە یەکێك لە زانستە سروشتییەکان نییە." __**کەواتە، ئەرکی راستەقینەی فەلسەفە، فۆرمۆلبەندی دۆزەکان نییە، روون کردنەوەی دۆزەکانە:**__ "بەرەنجامی فەلسەفە، چەند 'دۆزێکی فەلسەفی' نییە، ئەوەیەکە دۆزەکان روون کاتەوە." ئەو کەسانەی ئاگایان لەم شتە نییە و دۆزە فەلسەفییەکان دەخەنەڕوو، پڕوپووچی میتافیزیکی دەڕێسن.

(نابێ ئەوەمان لەیادبچێت کە برتراند راسڵ لە هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی ئەو گیروگازانەی لەو پارادۆکسانەی[٩٨] کەشفی کردبوون، سەرچاوەیان گرتبوو، یەکەمین کەس بوو هەڵاواردن و جیاکردنەوەیەکی دیاری لەنێوان ئەو دۆزە مانادارانەی کە مەفهوومێکیان لێ دەست دەکەوێت و دەستەواژە زمانەوانییە بێماناکان دانا کە رەنگە بە دۆزەکان بچن بەڵام هیچ مەفهوومیان نیە. راسڵ ئەو دەستەواژانەی کرد بەسی بەش کە وەك دۆز دێنە بەرچاو، چونکە دەتوانین هەندێ دۆز جیابکەینەوە کە لەوانەیە راست یان چەوت (درۆ) بن و نیمچە دۆز کە بێماناو پووچن. ئاگاداربوون لەم خاڵە گرنگە کە بەکارهێنانی زاراوەی "بێمانا" یان "بێمەفهووم" لێرەدا لەهەندێ لایەنەوە لەتەك بەکارهێنانی ئاسایی ئەم وشانەدا دەگونجێت بەڵام زۆر ورد و رێکترە، چونکە لە دەکاربردندا، بەزۆری ئەگەر گوزارە یان دۆزێکی راستەقینە بۆنموونە "پووچەڵ"[٩٩] بێت ـ واتە هەڵگری دژایەتی یان بەئاشکرا چەوت یان درۆ بێت ـ پێی

96. totality
97. total

٩٨. Paradox. وشەی پاردۆکس لە بنەڕەتدا یونانییە، بەمانای شتێکی پێچەوانەی چاوەڕوانی و بڕوا پێکردن و بۆ پێشبینی نەشیاو.

99. Absurd



دەگوترێت "بێمانا". بەم جۆرە، ئەو دۆزەی ئێژێ تەنێکی سروشتی دیاریکراو لەیەك ساتدا لەدوو جێگای جیاوازدایە، درۆیەك نەك بێمانا، یان دۆزێکە لەگەڵ دابی زمانی بەکارهێنانی زاراوەی "تەن" لە فیزیکی کلاسیکدا ناتەبایە. هەر بەم چەشنە، ئەو دۆزەی دەیخاتە پاڵ ئەلکترۆنیکی دیاریکراو کە هەم خاوەن جێگایەکی وردورێکە و هەم خودان پێوەری جووڵەیە، بەپێچەوانەی ئەوەی هەندێ لە فیزیکزانەکان بەنگەشەیان بۆکردووەو هەندێ لە فەیلەسووکانیش بە پەیڕەوی کردن لەمان دووپاتیان کردۆتەوە، بێمانانیە، بەڵکو تەنیا لەگەڵ فیزیکی نوێدا ناتەبایە. کۆبەندی ئەو بابەتانەی تاکو ئێستا باسمان کردووە بەم جۆرەیە. ویتگنشتاین بەدوای سنووری نێوان بێماناو مانادارەوەیە و دەگاتە ئەم دەرەنجامە کە ئەم سنووردانانە لەگەڵ سنووری نێوان زانست و میتافیزیکدا هاوجووتە، واتە نێوان رستەی زانستی و نیمچەدۆزە فەلسەفییەکان. (جارێ کارمان بەوەنییە کە بەهەڵە قەڵەمڕەوی زانستە سروشتییەکان لەگەڵ بەستێنی رستە راستەکان بەیەك شت لەقەڵەم دەدات. لەگەڵ ئەمەشدا، بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٥١ لەم بەشەدا). ئەم تێگەیشتنە لە ئامانجی ویتگنشتاین بەم وتەیەی پشتڕاست دەکرێت :"فەلسەفە سنووری زانستە سروشتییەکان بەرتەسك دەکاتەوە."[١٠٠] (هەموو ئەو رستانەی تا ئێستا وەرمانگرتووە، هی لاپەڕەی ٧٥ و٧٧ (ی __**نامیلکەی لۆژیکی ـ فەلسەفی**__)یە.

دواجار ئەم هێڵە سنوورییە چۆن دەکێشرێت؟ چۆن دەشێت "زانست" لە "میتافیزیك" و لەرێگەی ئەوەوە "مانادار" لە "بێمانا" جیابکرێتەوە؟ ئەو شتەی پێکچوونی نێوان تیۆری ویتگنشتاین و تیۆری کراسمەن و ئەوانیتر تۆمار دەکات، وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەیە. ویتگنشتاین بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ دەڵێت ئەو وشە یان "هێمایانەی"[١٠١] کە زانایانی {زانستە سروشتییەکان} بەکاری دەهێنن، مانادارە، ئەوە لەکاتێك دایە کە دانای میتافیزیك "هیچ مانایەکی بۆ هەندێ لە هێما دیارەکانی دۆزەکەی خۆی دەست نیشان نەکردووە." ئەوەی خۆی (لە لاپەڕە ١٨٧ و١٨٩) لەم بوارەدا نووسیویەتی بەم جۆرەیە :"میتۆدی راست لەفەلسەفە ئەوەیە هیچ نەڵێین تەنیا ئەوە نەبێت کە بۆ وتن دەشێ، واتە دۆزەکانی زانستە سروشتییەکان، واتە شتێك کە هیچ پەیوەندییەکی بە فەلسەفەوە نەبێت: لەم حاڵەتەشدا هەمیشە کاتێ کەسێك بیەوێت شتێکی میتافیزیکی بڵێت، دەبێ پێی بسەلمێنرێت هیچ

١٠٠. یاخود بەجۆرێکی روونتر: "فەلسەفە سنووری زانستە سروشتییەکان پێکدێنێت."

101. Sings

مانایەکی بۆ هەندێ لەهێما دیارەکانی دۆزەکەی خۆی دەست نیشان نەکردووە." بەکردەوە، ئەم وتەیە ئەم پێویستییە دێنێتە ئاراوە کە لەدانای (حەکیم) میتافیزیکی بپرسین :"مەبەستت لەم وشەیە چییە؟ چ مانایەکت لەم وشەیە دەوێت؟ بەجۆرێکی‌تر، **داوای پێناسەی لێبکەین، ئەگەر پێناسەیەك نەخرایەڕوو، گریمانەی ئەوە بکەین ئەم وشەیە بێمانایە.**

بەڵام هەروەك لەدەقەکەدا پێشان دەدرێت، ئەم تیۆرە لەمە بێئاگایە کە (الف) دانایەکی میتافیزیکی ناسك و خەمسارد لەمەڕ بنچینەکان، هەرکەرەتێك لێی بپرسرێت "مەبەستت لەم وشەیە چییە؟" خێرا پێناسەیەك پێشکەش دەکات بەجۆرێك کە ئەم یارییە، دەبێتە تاقیکردنەوەی حەوسەلە و تاقەت، (ب) زانای زانستە سروشتییەکانیش لە رووی لۆژیکییەوە لە پێگەیەکی باشتر لەپێگەی دانای میتافیزیکی دا نییەو تەنانەت ئەگەر لەتەك حەکیمێکی خەمسارد بەبنچینەکان بەراورد بکرێت، رەنگە لەبارودۆخێکی خراپتریش دابێت.

شایانی باسە شلیك[١٠٢] لەکاتی دوان لەمەڕ دۆکترینی ویتگنشتاین[١٠٣]، ئاماژە بە کێشەی زنجیرەی بێ‌کۆتایی ـ یش دەکات. بەڵام ئەو رێگا چارەی پێشنیاری دەکات (ئەو رێگا چارەی پێدەچێت بە ئاراستەی ئیستقرا یان پێوەر"[١٠٤] یان رەنگە ئۆپەراسیۆنالیزم[١٠٥] بێت[١٠٦]) نەروونە و نەدەتوانێ پرسی سنووربەندی چارەسەر بکات. پێموایە ئەو تیۆرە لۆژیکییەی کە تارسکی ناوی ناوە "واتا ناسی" هەندێ لە مەبەستەکانی ویتگنشتاین و شلیك دەستەبەر دەکات کە خوازیاری فەلسەفەیەکی مانادارن. بەڵام پێموانییە هاوجووتی ئەم مەبەستانە لەگەڵ "واتاناسی"دا پانتاییەکی هێندە دوورودرێژی هەبێت، چونکە "واتا ناسی" نەك هەر هەوڵی "روون کردنەوە" بەڵکو هەوڵی خستنەڕووی دۆزەکانیش دەدات. وتەکانم لەمەڕ ویتگنشتاین لە یادداشتەکانی ٥١ و٥٢ ئەم بەشە درێژەی پێدەدرێت (هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتەگەلی (٢)٨ و٣٢ لەبەشی بیست و چوارەم و یادداشتەکانی ١٠ و٢٥ لەبەشی بیست و پێنجەم.

102. M. Schlick
103. Erkenntnis, I, p. 8.
104. constitution
105. operationalism

١٠٦. هەڵبسەنگێنن لەتەك یادداشتی ٥٠ لەم بەشەدا.



٤٧ـ گرنگە جیاوازی بکەین لەنێوان بەڵگەی (بورهان) تایبەت و دەرەنجامگیری[١٠٧] لۆژیکی بەشێوەیەکی گشتی. بەڵگە، دەرەنجامگیرییەکە کە راستی ئەنجامەکە بەشێوەیەکی بنبڕ تۆماردەکات. ئەرستۆ هەر بەم جۆرە ئەم زاراوەی بەکاردەهێنا، (بۆ نموونە لە **ئانالوتیکای دووەم**، کتێبی یەکەم، بەشی٤، ٧٣a بەدواوە) خوازیاری تۆمارکردنی راستی "پێویستی ـ زەرووری" ئەنجامە. کارناپیش ئەم زاراوەیە هەر بەم چەشنە بەکاردەهێنێ (بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆ **سینتاکسی لۆژیکی زمان**، پاژی ١٠، ل٢٩ و پاژی ٤٧، ل١٧١)، دەربدەخات ئەو ئەنجامانەی بەم مانایە بسەلمێنرێن یان "بەڵگەیان بۆ بێتەوە"، بەشێوەی "شیکردنەوەیی" راستن. (لێرەدا ناچمە ناو بابەتی "شیتەڵی"[١٠٨] و "پێکهاتەیی" یان "ئاوێتەیی"[١٠٩].

لە ئەرستۆ بەدواوە، هەمیشە ئەوە روون بووە کە هەموو دەرەنجامگیرییەك، بەڵگە نییە. هەندێ دەرەنجامگیری ئەوتۆ لە لۆژیکدا بوونیان هەیە کە بە بەڵگە ناژمێردرێن ـ بۆ نموونە، لەسەر بنەمای پێشەکی چەوتیش دەتوانین هەندێ ئەنجام بەدەست بێنین. ئەم جۆرە دەرەنجامگیریانە، بەڵگەنین. کارناپ دەرەنجامگیری نابەڵگەیی بە "هەڵێنجان"[١١٠] ناوزەد دەکات. (هەمان کتێب، هەمان شوێن). سەرنجراکێش ئەوەیەکە بەرلەو، هیچ کەسێك هیچ ناوێکی لەم دەرەنجامگیرییە نابەڵگەییانە نەنابوو. ئەم حاڵەتە نیشانەی خۆ خەریك کردنە بەبەڵگەوە ـ ئەو خۆخەریك کردنەی کە سەرچاوەکەی بۆ حوکمی پێش وەختەی ئەرستۆ دەگەڕێتەوە لەهەمبەر ئەوە کە "زانست" یان "مەعریفەی زانستی" دەبێ هەموو ئەو دۆزانە تۆماربکات کە سەروکاری لەگەڵیاندا هەیە، واتە یان دەبێ ئەم جۆرە دۆزانە وەك پێشەکی بەدیهی پەسند بکات یان گرنگی بە سەلماندنیان بدات. بەڵام دۆخەکە بەم چەشنەیە کە لە **دەرەوەی بازنەی لۆژیکی پەتی و ماتماتیکی پەتیدا، ناتوانین هیچ بەبەڵگە بسەلمێنین**. بەڵگەخوازی لە زانستەکانی‌تردا و (تەنانەت، هەروەك لاکاتوش[١١١] دەریخستووە، هەندێ بەڵگەخوازییەکانی ماتماتیکیش) هەڵێنجانی پەتییە، نەك بەڵگە (بورهان).

107. Deducation
108. Analytic
109. synthetic
110. derivation
111. I. Lakatos

شایانی ئاماژە پێکردنە کە لە نێوان پرسی تایبەت بە **هەڵێنجان** و پرسی تایبەت بە **پێناسە** و پرسی تایبەت بە **راستی رستەکان** و پرسی تایبەت بە **مانای وشەکان**، وێکچوونێکی بەرفراوان لەئارادایە.

هەڵێنجان لەپێشەکییەکانەوە دەستپێدەکات و ئەنجامی لێدەکەوێتەوە، پێناسە (ئەگەر لە چەپەوە بۆ راست بخوێنرێتەوە) لە ناسێنراوەوە دەستپێدەکات و دەگاتە ناسێنەر. هەڵێنجان لەراستی ئەنجام ئاگادارمان دەکاتەوە **بەم مەرجە** کە ئاگاداری راستی پێشەکییەکان بین، پێناسە لە مانای ناسێنراو ئاگادارمان دەکاتەوە **بە مەرجێك** کە لە مانای وشە دەربڕدراوەکانی پێناسە ئاگاداربین. بەم چەشنە، هەڵێنجان، پرسی راستی دەنێرێت بۆ پێشەکییەکان بێ ئەوەی هەرگیز چارەسەری بکات، پێناسە پرسی مانا دەنێرێت بۆ وشە دەربڕدراوەکانی پێناسە بێ ئەوەی هەرگیز بتوانێت چارەسەری بکات.

**٤٨ـ** هۆکاری ئەوەی رەنگ بێت وشە دەربڕدراوەکانی پێناسە خاوەن روونی و وردەکاری ناسێنراو نەبن بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆربەی کاتەکان ئەبستراکتر و هەمەکیترن. هەڵبەتە ئەگەر سوود لەهەندێ میتۆدی نوێی پێناسە (وەك "پێناسە بەهۆی ئەبستراکت کردن[112]") وەربگیرێت کە بەشێکە لە میتۆدی لۆژیکی سیمبۆلی[113])، ئەم حوکمە مەرج نییە راست بێت، بەڵام سەبارەت بە هەموو ئەو پێناسانەی کە لەوانەیە لەهزری کراسمەن دابێت، بەتایبەتی لەمەڕ هەموو پێناسە ئەرستۆییەکان (بە **رەگەز** و بە **بەش**) بێگومان راستن.

هەندێ لە پۆزەتیڤیستەکان، بەتایبەتی ئەو کەسانەی کەوتوونەتە ژێر کاریگەری لوك و هیوم، پێیانوایە کە دەکرێت وشە ئەبستراکتەکانی وەك ئەو وشانەی کە لە زانستەکان یان لە سیاسەتدا بەکاردێن[114]، بەیارمەتی بینین یان هەستەوەری هەندەکی و دیار پێناسە بکەین. کارناپ ئەم جۆرە میتۆدە "ئیستقرائییە"ی پێناسە بە "پێوەر"[115] ناوزەد دەکات. بەڵام دەتوانین بڵێین محاڵە هەندەکەکان "پێوراو"ی هەمەکەکان بن. (لەم پانتاییەدا بگەڕێنەوە بۆ کتێبەکەی من،

112. “definition by abstraction”
113. symbolic logic
١١٤. بگەڕێنەوە بۆ بابەتە پەیوەندیدارەکانی یادداشتی دواتر لە دەقەکەدا.
115. constitution



**لۆژیکی دۆزینەوەی زانستی**، بەتایبەتی پاژی ١٦، ل٦٤و پاژی ٢٥، ل٩٣، هەروەها نووسینی کارناپ لەژێر ناوی، **تاقیخوازی و مانا**، لە (گۆڤاری) **فەلسەفەی زانست**[116]).

**٤٩ـ** ئەو نموونانەی ئاماژەمان بۆکردن هەر ئەوانەن کە کۆهن و نەیگل لەهەمان کتێبی پێشوو (ل ٢٣٢)دا بۆ پێناسە پێشنیاریان کردبوو (بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی ٤٦ لەم بەشەدا) لێرەدا دەتوانین سەبارەت بە بێسوود بوونی ئەو پێناسانەی لەسەر بنەمای ماهییەتگەرایی دامەزراون هەندێ تێبینی گشتی زیاد بکەین (هەڵیبسەنگێنن لەگەڵ کۆتایی یادداشتی (١) ٤٤ هەر لەم بەشەدا).

(١) هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی پرسی تایبەت بە فاکتەکان یان گەڕانەوە بۆ پێناسەکان، بەزۆری بەمانای دانانی پرسێکی تەواو زمانەوانییە لەجیاتی پرسی تایبەت بە فاکتەکان. (نموونەی زۆرباشی ئەم میتۆدە، لەکتێبی **فیزیکی** ئەرستۆ، کتێبی دووەم، کۆتاییەکانی بەشی ٦، بەرچاو دەکەوێت.) ئەم شتە لەم نموونانەی خوارەوەدا پێشاندراوە. (الف) پرسێکی تایبەت بەفاکتەکانمان هەیە کە بەم جۆرەیە : ئایا دەتوانین بۆ قەفەزی خێڵپەرستی بگەڕێنەوە؟و ئەگەر دەتوانین، لەچ رێگایەکەوە؟ (ب) پرسێکیترمان هەیە تایبەتە بە ئەخلاق و بەم چەشنەیە : ئایا شایستەیە بۆ قەفەز بگەڕێینەوە؟

ئەو فەیلەسووفەی خەریکی مانای (وشەکانە)، کاتێ لەگەڵ (الف) یان (ب)دا بەرەوڕوو دەبێتەوە، دەڵێت : پەیوەندی بەوەوە هەیە بە چ مانایەك ئەم وشە ناڕوونانە بەکاردێنین، سەرەتا پێم بڵێن "گەڕانەوە"و "قەفەز"و "خێڵپەرستی" چۆن پێناسە دەکەن، **رەنگە بتوانم بەیارمەتی ئەم پێناسانە، بڕیار لەسەر پرسی ئێوە بدەم**. لەبەرانبەر ئەم هەڵوێست و تێڕوانینەدا، من پێموایە ئەگەر قەرار بێت بەیارمەتی پێناسەکان بڕیار بدەین ـواتە ئەگەر بڕیار لە ئەنجامی پێناسەکانەوە بەدەست بێت ـ ئەو پرسەی بەم جۆرە بڕیاری لەسەر دراوە، پرسێکی تەواو زمانییە، چونکە چاسەرەکەی لەدەرەوەی فاکت و بڕیارە ئەخلاقییەکانە.

(٢) بارودۆخی ئەو فەیلەسووفەش کە خەریکی مانای {وشەکانە}و پەیڕەوی لە ماهییەتگەرایی دەکات، رەنگە تەنانەت لەمەش خراپتر بێت، بە تایبەتی لەبەستێنی پرسی (ب)دا. بۆ نموونە، لەوانەیە بڵێت پرسی ئەوەکە ئایا شایستەیە بگەڕێینەوە پەیوەندی هەیە بە

116. R. Carnap, Testability and Meaning, in philosophy of science, vol. 3, 1936, pp. 419 ff., vol. f, pp. I. ff.

"ماهییەت" یان "خەسڵەتی خودیی" یان رەنگە "سروشتی" شارستانییەتەکەمان. (هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی (٢) ٦١ لەم بەشەدا.

(٣) ماهییەتگەرایی‌و تیۆری پێناسەکان، بووە هۆی گۆڕانکارییەکی سەرسوڕهێنەر لەزانستی ئەخلاق دا[١١٧] گۆڕانکارییەك بەئاراستەی ئەبستراکتی روو لەزیاد و پچڕانی پەیوەندی و **دوورکەوتنەوە لەبنەمای هەموو جۆرە ئەخلاقێك** کە بریتی بێت لەپرسە زانستییەکانی ئەخلاق کە دەبێ هەر ئێستاو هەر لێرەو بێ بەفیڕۆدانی کات چارەسەر بکرێن. گۆڕانکارییەکە، سەرتا ئەم پرسیارە گشتییەی لێدەکەوێتەوە کە "چاك چییە؟" یان "چاکی رەها چییە؟"و پاشان کارەکە بەم پرسیارە دەگات "'چاکی رەها' مانای چییە؟"و سەرەنجام لێرەدا کۆتایی پێدێت کە "ئایا دەتوانین بەرسڤی "'چاکی رەها' چییە؟" بدەینەوە؟" یان "ئایا دەتوانین پێناسەی 'چاك بکەین'؟" جەی.ئی.مۆر لە کتێبەکەیدا بەناوی **پرەنسیپەکانی زانستی ئەخلاق**[١١٨] ئەم پرسەی دواییان دەخاتەڕوو، بێگومان لەسەرهەقە کە سوورە لەسەرئەوە کە "چاك" بەمانا ئەخلاقییەکەی، بەپێی چەمکە "سروشتییەکان" بۆ پێناسەکردن ناشێت، چونکە ئەگەر شیابووایە، بەمانای شتێکی وەك "تاڵ" یان "شیرین" یان "سەوز" یان "سوور" دەردەچوو و بەهیچ چەشنێك هیچ پەیوەندییەکی بە ئەخلاقییاتەوە نەدەبوو. هەروەك چۆن پێویستمان بە وەدەست هێنانی شتێکی تاڵ یان شیرین و تاد نییە، لەو حاڵەتەشدا هیچ هۆیەك لەئارادانییە بۆ ئەوەی حەزمان لە "چاك"ێکی سروشتی ئەوتۆ بێت لە رووی ئەخلاقییەوە. لێ ئەگەرچی سەبارەت بەوی کە رەنگە بەراستی بەقسەی سەرەکی مۆر لەقەڵەم دەدرێت لەسەرهەق بووبێت، لەلایەکی ترەوە دەتوانین بڵێین کە شیکردنەوەی چەمکی "چاك" یان هەر چەمك و ماهییەتێکی دیکە، بەهیچ چەشنێك یارمەتی بەرەو پێش بردنی هیچ تیۆرێکی زانستی ئەخلاق ناکات کە بیەوێت لەگەڵ بنچینەی هەرچەشنە زانستێکی ئەخلاقدا بگونجێت کە بریتییە لە پرسە ئەخلاقییە خێراکان کە دەبێ هەر ئێستا و هەرلێرەوە بێ بەفیڕۆدانی کات چارەسەر بکرێن. ئەم جۆرە شیکردنەوەیە تەنیا ئەوەندەی لێدەکەوێتەوە کە پرسێکی زمانەوانی جێگای پرسێکی ئەخلاقی بگرێتەوە. (بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی(١) ١٨، بەشی پێنجەم، بەتایبەتی ئەوەی لەمەڕ بێ‌جێ‌بوونی حوکمە ئەخلاقییەکان وتراوە.

117. Ethics
118. G.E. Moore, principia Ethica.



٥٠ـ مەبەستم میتۆدی "پێوەر"ە (بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٤٨ لەم بەشەدا)و میتۆدەکانی "پێناسەی لاوەکی" و"پێناسە بەهۆی هاوپەیوەندی"[١١٩]و "پێناسە لەسەر بنەمای ئۆپەراسیۆن"[١٢٠]. بەڵگەخوازی "ئۆپەراسیۆنیستەکان" پێدەچێت بەشێوەیەکی سەرەکی راست بێت، بەڵام ناتوانین چاو لەم راستییە بپۆشن کە لەو پێناسانە کە لەسەر بنەمای ئۆپەراسیۆنی دەیخەنەڕوو، پێویستیمان بە وشەگەلی گشتی هەیە کە دەبێ بێ پێناسە قبووڵ بکرێن و هەربۆیە پرسەکە سەرلەنوێ دووبارە دەبێتەوە.

لێرەدا دەتوانین لەهەمبەر چۆنیەتی "بەکارهێنانی وشەکان" چەند ئاماژە و کینایەیەك زیادبکەین. ئەم ئاماژانە، بێ روونکردنەوە و بەکورتی دەگەڕێنەوە بۆ هەندێ پرسی تەکنیکی و هەربۆیە بەم شێوەیەی ئێستا هەموو کەسێك لێی تێ ناگات.

کارناپ دەریخستووە[١٢١] **پێناسەی لاوەکی**، بەتایبەتی لە ماتماتیکدا، "پێناسە" نییە بەمانا ئاسایییەکەی. ناتوانین بڵێین سیستەمێك لە پێناسە لاوەکییەکان، پێناسەی مۆدێلێك دەکەن، ئەو پێناسەیەی دەیخاتەڕوو، پێناسەیەکی گشتی یەك ریز لە "مۆدێلەکانە". هەربۆیە، ناتوانین ئەو سیستەمە لە سیمبۆلەکان کە بەهۆی سیستەمێك لەپێناسەی لاوەکی پێناسە دەکرێن بە سیستەمێکی **نەگۆڕ**[١٢٢] بژمێرین، بەڵکو دەبێ بەگۆڕاو[١٢٣] لەقەڵەم بدرێن (یان پانتاییەکی دەست نیشان کراو کە بەهۆی ئەم سیستەمەوە بەشێوەیەکی دیاریکراو بەیەکترەوە بەستراون). بەڕای من، لەنێوان ئەم دۆخەو چۆنیەتی "بەکارهێنانی وشەکان" لە زانستدا وێکچوونێکی بەرتەسك لەئاردایە. دەتوانین بەم جۆرە ئەم پێکچوونە وەسفبکەین کە لەهەر لقێکی ماتماتیکدا کە تێیدا بەهێمای پێناسەکراو بەهۆی پێناسەی لاوەکییەوە دەجوڵێینەوە، ئەوە کە ئەم هێمایانە هیچ "مانایەکی دیاریکراویان"نییە، هیچ کاریگەرییەك لەسەرکردەکانمان بەم هێمایانە یان لەسەر وردەکاری تیۆرەکانمان دانانێت. بۆچی بەم جۆرەیە؟ چونکە هێماکان لەرادەبەدەر بار ناکەین. "مانا" یەکیان ناخەینەپاڵ کە لەڕادەی سێبەری ئەو مانایە تێپەڕبێت کە پێناسەی لاوەکی دەرفەتمان دەدات. (ئەگەر مانایەکی پێژنی پێوە بنوسێنین، چاودێری ئەوەین کە لەگەڵ ئەم مانایەك وەك هۆ یان ئامرازێکی یاریدەدەر بۆ سوود وەرگرتنی تایبەتی

119. “Definition by Correlation”
120. “operational definition”
121. R. Carnap in symposion I, 1927, 335 ff; also Abriss.
122. constants
123. variables

هەڵسوکەوت بکەین و نابێ لەتیۆرەکەوە بگلێت). بەم چەشنە هەوڵدەدەین، وەك دەڵێن، لەناو "نیوەسێبەری ناروونی" یان (اهام)دا بمێنینەوە و خۆمان لە گەیشتن بەکێشەی سنووری ڕێك ئەم نیوە سێبەرە یان پانتایی ببوێرین، پاشان دەردەکەوێت دەتوانین بەبێ دوان لەمەڕ ئەم هێمایانە، سەرکەوتنی زۆر بەدەست بێنین، چونکە **هیچ شتێك پەیوەست** نییە بە مانای ئەم هێمایانەوە. هەر بەم چەشنە، بەڕای من، دەتوانین کارێکی ئەوتۆ بە وشەکان بکەین کە ماناکانیان "لەسەر بنەمای ئۆپەراسیۆنی" یان "لەسەر بنەمای کردەوە" فێربووینە. دەبێ بەجۆرێك بەکاریان بێنین کە هیچ شتێك ـ یان تاڕادەیەك هیچ شتێك ـ پەیوەست نەبێت بەماناکانیانەوە. باشی "پێناسە لەسەر بنەمای کردەوە" ئەوەیە کە یارمەتیمان دەکات پرسە بنێرینە پانتاییەك کە تێیدا هیچ شتێك یان تاڕادەیەك هیچ شتێك ـ پەیوەست نییە بە وشەکانەوە. **بەڕوونی دوان واتە قسەکردن بەشێوازێك کە وشە مانای نەبێت**

٥١ـ ویتگنشتاین لە **نامیلکەی لۆژیکی ـ فەلسەفیدا** بەم جۆرە ڕێنماییمان دەکات[١٢٤]، فەلسەفە ناتوانێت دۆزەکان بخاتەڕوو، هەموو دۆزە فەلسەفییەکان، لەڕاستیدا نیمچە دۆزی بێمەفهوومن. ئەم تیۆرە لەگەڵ دۆکترینەکەی تریدا پەیوەندییەکی نزیکی هەیە کە دەڵێت ئەرکی ڕاستەقینەی فەلسەفە، خستەڕووی ڕستەکان نییە، {بەڵکو} ڕوون کردنەوەیانە :"ئامانجی فەلسەفە ڕوون کردنەوەی بیرۆکەکانە لەڕوانگەیەکی لۆژیکییەوە. فەلسەفە، تیۆرنییە، چالاکییە. بەرهەمێکی فەلسەفی لەخودی خۆیداو لەبنەڕەتدا بریتییە لە ڕوون کردنەوەکان." (هەمان کتێب، ل٧٧).

ئەم پرسیارە دێتە پێش، ئایا ئەم بۆچوونە لەتەك ئامانجە سەرەکییەکەی ویتگنشتایندا هەماهەنگە کە گەرەکیەتی دەریبخات میتافیزیك بێماناو پووچە و لەم ڕێگەیەوە هەوڵی لەنابردنی بدات؟ لەکتێبی **لۆژیکی دۆزینەوەی زانستیدا** (بگەڕێنەوە بۆ لاپەڕەی ٣١١و لاپەڕەکانی دواتر)، تێکوشاوم پێشانی بدەم کە میتۆدەکەی ویتگنشتاین ڕێگا چارەیەکی تەواو وشەبازانەی لێدەکەوێتەوە و بەناچار سەرەڕای توندڕەوییە ڕواڵەتییەکەی، دەبێتە هۆی پەلکێش کردنی میتافیزیك بۆ ناو سنووری زانست و تێکەڵ کردنی بە زانستەکان نەك لەناوبردن یان وەلانان یان تەنانەت سنووربەندییەکی ڕوونی میتافیزیك. هۆکاری ئەم شتە زۆر سادەیە.

١٢٤. بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٤٦ هەر لەم بەشەدا کە لەوێدا داوای گەڕانەوەی زیاتر کراوە.



(١) وەك نموونە یەکێك لەرستەکانی ویتگنشتاین دێنینە پێش چاوی خۆمان کە ئێژێت: "فەلسەفە تیۆرنییە، چالاکییە." بێگومان ئەم ڕستەیە سەربە "تەواوی زانستی سروشتی یان تەواویەتی زانستە سروشتییەکان نییە". کەواتە بەپێی خودی ڕای ویتگنشتاین (بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٤٦ لەم بەشەدا)، ناتوانی هی "تەواویەتی دۆزی ڕاستەکان" بێت. لە لایەکی دیکەوە، دۆزێکی درۆش نییە (چونکە ئەگەر وابووایە، دەبووایە نەرێیەکەی ڕاست بووایە و دۆزەکە پەیوەست دەبوو بە زانستە سروشتییەکان). **کەواتە، دەگەینە ئەم دەرەنجامە کەدەبێ "بێمانا" یان "بێمەفهووم" یان "پووچ" بێت. هەر ئەم حوکمە لەمەڕ زۆربەی دۆزەکانیتری ویتگنشتاین ـ یش ڕاستە**. ویتگنشتاین خۆی ئاگاداری ئەم دەرەنجامەی دۆکترینەکەی خۆی بوو، چونکە (لە لاپەڕە ١٨٩)دا دەنووسێت :"دۆزەکانی من ڕوونکردنەوەیین[١٢٥] بەچەشنێك کە ئەو کەسەی لە {بۆچوونەکەم} تێدەگات، سەرەنجام ئەم دۆزانە بەبێ مەفهووم لەقەڵەم دەدات." ئەو دەرەنجامەی کە وەدەست هاتووە زۆر گرنگە. فەلسەفەی ویتگنشتاین بێ واتایە و دان بەوە دادەنرێت کە وەهایە. بەڵام ئەو لەدیباجەی کتێبەکەیدا دەنووسێت: "لەلایەکیترەوە، ڕاستی ئەو هزرانەی لێرەدا گوازراونەتەوە، بەڕای من بەرین لە بەرهەڵستی و بنبڕی. کەواتە، پێموایە سەرەنجام کێشەکان چارەکراون." ئەمە دەریدەخات دەتوانین **هزرە ڕاستەکان بەشێوازێکی بەری لە بەرهەڵستی و بنبڕی لەڕێگای ئەو دۆزانەی دانیان پیادەنرێت پووچن بگوازینەوە** و "سەرەنجام" کێشەکان بەخستنەڕووی شتە پووچەکان چارەسەر بکەین (هەروەها بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی (ب) (٢)٨، بەشی بیستوچوارەم.

ئێستا سەیربکەن ئەمە بەچ مانایەکە. بەم مانایەیە کە ئەو هەمووە پووچە (مهملات) میتافیزیکییە کە بیکۆن و هیومی کانت و ڕاسل چەندین سەدە لەگەڵیدا جەنگاون، ئێستا دەتوانی بەئاسوودەیی جێگەبکرێت و تەنانەت ڕاشکاوانە دان بەوەدابنرێت کە پووچن. (ئەمە ئەو کارەیە کە هایدگەر ئەنجامی دەدات ـ بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی ٨٧، بەشی دوازدەهەم). ئەو شتەی ئێستا سەروکارمان لەگەڵیدا هەیە جۆرێکی تازەی پووچە ـ پووچێکە خەریکی گواستنەوەی هزرەکان دەبێ ـ ئەو هزرانەی ڕاستییەکەیان بەرییە لە بەرهەڵستی و بنبڕی ـ بەجۆرێکیتر، **پووچێکی بەقووڵی تەژی لە مانا**.

125. Elucidatory

من نکۆڵی لەوە ناکەم کە بیروڕای ویتگنشتاین بەرییە لە بەرهەڵستی و بنبڕی، چونکە چۆن لەبنەڕەتدا دەکرێ بەرهەڵستیان بکرێت؟ ئاشکرایە بمانەوێت هەرچییەك وەك دژایەتی لەگەڵ بیروڕاکانیدا بڵێین حەتمەن فەلسەفییە، هەربۆیە پووچە و دەتوانین هەربەم ناوە بەلاوەی بنێین. بەم چەشنە، لەگەڵ ئەو جۆرە هەڵویستەدا بەرەوڕوو دەبینەوە کە لە شوێنێکی تردا لەکاتی دوان لەمەڕ هیگڵ من بە بیرکردنەوەی دۆگمی تۆکمە[١٢٦] ناوزەدم کرد (هەڵیبسەنگێنن لەگەڵ یادداشتی ٣٣، بەشی دوازدەهەم). لەلاپەڕە ٢١ی کتێبی لۆژیکی توێژینەوەی من (کە ئێستا لەژێر ناوی لۆژیکی دۆزینەوەی زانستی وەرگێڕدراوەتە (سەر ئینگلیزی) نووسیومە :"تاکە شتێك کە پێویستتان پێی هەیە ئەوەیە کە تێگەیشتنتان بۆ وشەی 'مەفهوم' یان 'مانا' بەچەشنێکی شایستە تەنگ و بەرتەسك بکەنەوە بۆ ئەوەی بتوانن سەبارەت بەهەموو پرسیارێکی سەرئێشە ساز و کات بەفیڕۆدەر بڵێن ناتوانین 'مەفهوم' یان 'مانا'یەکی تێدا بدۆزنەوە. کاتێ کە تەنیا پرسەکانی زانستە سروشتییەکان بە 'خاوەن مانا' لەقەڵەم بدرێن، هەرلێدوانێك لەمەڕ 'مانا' بەناچار دەچێتە ریزی پووچەکانەوە. هەرکە بنچینەی دۆگمی مانا لەسەر کورسی داگیرکرد، بۆ هەتاهەتایە لەسەر ئەم پلە بەرزە دەمێنێتەوە کە ئەگەری هێرش کردنە سەری لەئارادانییە و 'بەرییە لەبەرهەڵستی و بنبڕی'."

(٢) تیۆرەکەی ویتگنشتاین نەك هەر بانگهێشتە بۆ ئەوەی هەموو جۆرە پووچێکی میتافیزیکی ژێستێکی بەقووڵی تەژی لەمانا بەخۆیەوە بگرێت، بەڵکو ئەوەی من بە پرسی سنووربەندی ناوزەدم کردووە[١٢٧]، لەبەریەك هەڵدەوەشێنێ. پاڵنەرەکەی لەم کارەدا ئەو وێنا خاو و ساویلکانەیە کە شتێکی "لەخودی خۆیدا" یان "بەسروشت" زانستی بوونی هەیە و شتێکی "لەخودی خۆیدا" یان "بەسروشت" میتافیزیکی لە ئارادایە و ئەرکی سەرشانمانە سنووری "سروشتی" نێوان ئەم دووانە بدۆزینەوە. من هەر لەو کتێبەدا کە ئاماژەم بۆکرد، لە لاپەڕە ٨دا نووسیومە: "پۆزیتیڤیزم بە میتۆدی سروشتگەراکان راڤەی پرسی سنووربەندی دەکات و لەجیاتی ئەوە کە تێگەیشتنەکەی ئەوە بێت، پێویستە پرسەکە بەپێی سوودی کردەیی چارە بکەین، بەدوای ئەو جیاوازیەدا دەگەڕێت کە پێیوایە 'بەشێوەیەکی سروشتی' لەنێوان زانستە سروشتیەکان و میتافیزیکدا بوونی هەیە." بەڵام ئاشکرایە ئەو ئەرکەی لەفەلسەفە یان

126. reinforced dogmatism

١٢٧. هەمان کتێب، ل٧.



میتۆدۆلۆژیدا لەسەر شانی ئێمەیە هیچ نییە جگە لەداهێنان و پێشنیارکردنی سنووربەندییەکی بەسوود لەنێوان ئەم دووانەداو ئەمە بەخستنەپاڵی سیفەتی "بێمەفهووم " یان "بێمانا" بە میتافیزیك، ناکرێت چونکە، یەکەم ئەم وشانە زیاتر بەدەردی کردنەوەی گرێی دڵ دەشێت سەبارەت بە میتافیزیکییەکان و میتافیزیك نەك دەربڕینی وەسفێکی تەکنیکی و سنووربەندییەك و دووەم، بەکارهێنانی ئەم وشانە دیسان پرسەکە دەنێرنە شوێنێکی تر و دەبێ بپرسین "'مانادار' و 'بێمانا' چ واتایەکی هەیە؟" ئەگەر "مانادار" هاوواتای "زانستی" بێت و "بێمانا" هاوواتای "نازانستی"، ئاشکرایە پێشکەوتنێکمان بەخۆوە نەبینیوە. کەواتە لەبەر ئەم شتانە بوو پێشنیارم کرد وشەی کارتێکەر یان هەڵچوون ئامێزی[١٢٨] وەك "مانا"و "مانادار"و "بێمانا"و تاد بەتەواوی لەباسە میتۆدۆلۆژییەکان بەلاوە بنرێن(هەمان کتێب لاپەڕە ٨ بەدواوە، لاپەڕە ٢١ بەدواوە و لاپەڕە ٢٢٧). (هەروەها وێڕای ئەم راسپاردەیە کە بەسوود وەرگرتن لە توانستی بەدرۆخستنەوە یان بۆ تاقیکردنەوەشیان یان توندی و لاوازی بۆ تاقیکردنەوەشیان وەك پێودانگی خەسڵەتی ئەزموونی سیستەمێکی زانستی، پرسی سنووربەندی چارەسەر بکەین، جەختم لەسەر ئەوە کردەوە کە هێنانی ئاوەڵناوی "مانادار" وەك هاوواتای "بۆ تاقیکردنەوەشیان"، خاوەن هیچ باشییەك نییە.) *سەرەڕای خۆبواردنی راشکاوانەی من لەلێکدانەوەی توانستی بەدرۆخستنەوە و بۆ تاقیکردنەوشیان (یان هەر شتێکی دیکە) وەك "پێودانێکی مانا" دیسان سەیر دەکەین فەیلەسووفەکان زۆربەی کات ئەوە دەخەنە پاڵ من کە ویستوومە ئەو پێودانگە وەك نیشاندەری مانا هەڵبژێردرێت (بۆ نموونە، بگەڕێنەوە بۆ کتێبی بیری فەلسەفی لە فەرەنساو وڵاتە یەکگرتووەکان، بەپێاچوونەی فاربێر[١٢٩])* بەڵام تەنانەت ئەگەر هەرچەشنە ئاماژەیەك بۆ "مانا"و "مەفهووم"یش لە تیۆرەکانی ویتگنشتاین بەلاوە بنرێت، دیسان سەیر دەکەین رێگاچارەکەی بۆ پرسی دیاریکردنی سنووری نێوان زانست و میتافیزیك، هەروا رێگاچارەیەکی لەرادەبەدەر جێگەی داخە. ویتگنشتاین "تەواویەتی دۆزە راستەکان" وەك هەمان تەواویەتی زانستی سروشتی لێکدەداتەوەو هەربۆیە، هەموو گریمانە ناراستەکان لە "بەستێنی زانستە سروشتییەکان" بەلاوە دەنێت. بەڵام لەبەرئەوەی هەرگیز نازانین گریمانەیەك راستە یان چەوت (درۆ)، هەربۆیە هیچ کاتێ ناتوانین بزانین فلانە گریمانە سەربە بەستێنی زانستە سروشتییەکانە یان نا. هەروەك

128. Emotive terms
129. philosophic thought in France and in the united states, ed. M. Farber, 1950, p. 570.

پێشتریش ئاماژەم بۆ کرد[١٣٠]، پرەنسیپی بەناوبانگی "توانستی بەدیهاتن"ی ویتگنشتاین دەرئەنجامێکی بەم چەشنە جێگەی داخی لێدەکەوێتەوە، واتە سنووربەندی بەجۆرێك کە هەموو گریمانەکان لەبەستێنی زانستە سروشتییەکان بچنە دەرەوەو برۆنە ناو سنووری میتافیزیك. (هۆیەکەی بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە کە گریمانە، بەمانای وردی وشە، بۆ وەدیهاتن و سەلماندن[١٣١] ناشێت، بەڵام بەمانایەکی ناورد دەتوانین بێژین تەنانەت سیستەمێکی میتافیزیکی وەك ڕێبازی ئەتۆمیستە کۆنەکانیش خراوەتە ژێر سەلماندنەوە.) هەر ئەم دەرەنجامگیرییە لەساڵەکانی دواتردا لەلایەن خودی ویتگنشتاینەوە ئەنجامدرا کە بە گوتەی شلیك[١٣٢]، لەساڵی **١٩٣١** وتی تیۆرە زانستییەکان "بەڕاستی دۆز" ـواتە خاوەن مانا ـ"نین". کەواتە تیۆر و گریمانەکان ـ یاخود بەجۆرێکی باشتر، گرنگترین گوتەی زانستی ـ لە پەرستگای زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەکرێتە دەرەوە دەچێتە ئاستی میتافیزیکەوە.

تیۆرە سەرەکییەکەی ویتگنشتاین لە **نامیلکەدا**، تەنیا دەکرێ لەسەر بنەمای ئەم گریمانەیە ڕوون بکرێتەوە کە نەیدەزانی هەڵسەنگاندنی گریمانە لەڕووی زانستییەوە، چ جۆرە دژواریگەلێك لەخۆ دەگرێت. **گریمانەی زانستی زۆر زیاتر لە دەربڕینی سادەی واقیعیەتەکان دەڕواتە پێش**. ئەو شتەی ویتگنشتاین لێی غافڵ بوو پرسی گشتییەت یان هەمەکییەت بوو. لەم پانتاییەدا پەیڕەوی لە پۆزیتیڤیستە کۆنەکان، بەتایبەت ئۆگست کۆنت دەکرد. کۆنت نووسیبووی[١٣٣]: "بینینی فاکتەکان، تاکە بنەمای تۆکمەی مەعریفەی مرۆییە... ئەو دۆزەی نەگۆردرێتە سەر دەربڕینی سادەی واقیعیات ـ بەتایبەت و گشتییەوە ـ ممکین نییە هیچ مانایەکی بەرهەمدار و ماقووڵی هەبێت." ئەگەرچی هەرگیز کۆنت پەی بەگرنگی کێشەی پەنهانی پشت دەستەواژەی سادەی "واقیعیاتی گشتی" نەبرد، بەڵام لانیکەم بەزیادکردنی وشەی "بەتایبەت و گشتی"یەوە، **ئاماژەیەکی** بەم کێشەیە کرد. بەلابردنی ئەم وشانەی سەرەوە، وتەکەی کۆنت دەگۆڕێت بۆ فۆرمۆلبەندییەکی زۆر کورت و بەسوودی پێودانگی سەرەکی ویتگنشتاین بۆ دەست نیشان

130. Erkenntnis, 3 (1933), p. 427.
131. verifiable

١٣٢. بگەڕێنەوە بۆ **لۆژیکی دۆزینەوەی زانستی**، پەراوێزی ٧ بۆ پاژی ٤.

١٣٣. بگەڕێنەوە بۆ ئەم کتێبەی خوارەوەی ئەو:
Early Essay on social philosophy, ed. H.D. Hutton, 1911, p. 223.
هەروەها بگەڕێنەوە بۆ: F.A. Von Hayak, Economica, VIII, 1941, p. 300.



کردنی مەفهووم یان مانا، بەچەشنێك کە ئەم پێودانگە لە **نامیلکەدا** دەربڕدراوە و شلیك لەساڵی **١٩٣١** شیدەکاتەوە. (فۆرمۆلبەندی ویتگنشتاین بۆ ئەم پێودانگە بەم جۆرە بوو: هەموو گوزارە یان دۆزەکان، "پاشکۆی بەهاکانن"[١٣٤]، هەربۆیە دەشێ بگۆڕدرێنەوە سەر دۆزە دابەشنەبووەکان[١٣٥]، واتە وێنەی فاکتە دابەشنەبووەکان (ئەتۆمییەکان)[١٣٦]. ئەو پێودانگەی کۆنت بۆ دەستنیشان کردنی مانا خستبوویە بەردەست، دواتر جۆن ستوارت میل هەڵیبژارد.

بەکورتی تیۆری دژە میتافیزیکی ویتگنشتاین لەمەڕ مانا کە لە **نامیلکەدا** ئاماژەی پێکراوە، نەك هەر هیچ یارمەتییەکی ململانێ لەگەڵ بیرکردنەوەی دۆگمی میتافیزیکی و فەلسەفەی غەیببێژانە ناکات، بەڵکو ڕوونکەرەوەی بیرکردنەوەیەکی دۆگمی تۆکمەیە کە دەرگا لەسەر پشت بەڕووی دوژمندا ـ واتە پووچە میتافیزیکییە بەقووڵی تەژی لەماناکان ـ ڤاڵا دەکات و هەر لەم ڕێگایەوە دڵسۆزتر دۆست واتە گریمانەی زانستی ـ دەکاتە دەرەوە.

**٥٢ـ** پێدەچێت ڕێچکەی ناعەقڵی ـ بەمانا ئەو دۆکترین یان ئارمانجەی لەجیاتی خستنەڕووی بەڵگەخوازی تۆکمە و ڕێك و پێك و شایانی قسە لەسەرکردن، وشەی کورت و گوتەی دۆگم دەخاتەڕوو کە یان دەبێت لێیان "تێبگەین" یان بەلایاندا نەچین ـ بەگشتی بەرەو ئەم ئاراستەیە دەڕوات کە ببێتە پاوانی تایبەتی ژمارەیەك لە دانا ڕاز زانەکان. ئەم پێشبینییە بەدیتنی هەندێ لەو بڵاوکراوانەی لەقوتابخانەی ویتگنشتاین دەردەچن، پشتڕاست دەکرێتەوە. (نامەوێ گشتیەت بە پرسەکە ببەخشم، بۆ نموونە هەرچیم لەنووسینەکانی وایسمان[١٣٧] بینیوە وەك زنجیرەك لە بەڵگەخوازی ماقووڵ و زۆر ڕوون خراوەتەڕوو کە بەهیچ جۆری شێوازی بیرکردنەوەی "دەتەوێ بتەوێ، ناتەوێ نەتەوێ"ی تێدا بەرچاو ناکەوێت.)

هەندێ لەم بڵاوکراوانە تایبەتن بەدانا راز زانەکان، بەڕای من هیچ چەشنە پرسێکی جددی لەخۆناگرن و وەك دیارە لەپێناو خودی وردبینیدا، خەریکی وردبینین. سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە ئەم نووسینانە لە قوتابخانەیەکەوە دێنە وەشاندن کە بناغەی کارەکەیان هەر لەسەرتاوە لەسەر مەحکووم کردنی فەلسەفە بەهۆی بەدواگەڕانە تیژ و وردبینییە بێهوودەکان بۆ خەریك بوون بەپرسە چەوتەکان دامەزرابوو.

134. Truth functions
135. atomic propositions
136. atomic facts
137. F. Waismann

لەکۆتایی ئەم رەخنەیەدا، گەرەکمە بەکورتی جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە پێموانییە جەنگان لەگەڵ میتافیزیکدا هێندە رەوابێت و لەم ململانێیەوە شتێکی بەسوودمان دەست بکەوێت. چارەسەرکردنی پرسی سنووربەندی نێوان زانستەکان و میتافیزیك، پێویستە، بەڵام وێڕای ئەمە دەبێ ئەوە بزانین کە گەلێ لە سیستەمە میتافیزیکییەکان زۆر ئەنجامی گرنگی لێکەوتووەتەوە. هەر ئەوەندە بەسە ئاماژەیەك بە سیستەمی بان سروشتی دیموکریتوس و میتافیزیکی شۆپنهاوەر بکەین کە زۆر بەبیروڕاکانی فرۆید دەچێت. هەندێ لەم سیستەمانە ـ وەك فەلسەفەی ئەفلاتوون یان مالبرانش[۱۳۸] یان شۆپنهاوەر ـ لەجیهانی هزردا بینای جوانن. بەڵام لەهەمان کاتدا پێموایە دەبێ بکەوینە خەبات و ململانێ لەگەڵ ئەو سیستەمە میتافیزیکییانەی دەیانەوێت سیحرمان لێبخوێنن و بیروڕاکانمان بشێوێنن. هەڵبەتە دەبێ لەگەڵ سیستەمە نامیتافیزیکی و دژە میتافیزیکییەکانیش هەر بەم جۆرە هەڵسوکەوت بکەین، ئەگەر مەیلی وەها ترسناك دەربڕن. پێویستە زەحمەتی شیکردنەوەی سیستەمەکان خاڵبەخاڵ لای خۆمان تەخت و هەموار بکەین. دەبێ دەریبخەین تێدەگەین مەبەستی نووسەر چییە، بەڵام وێڕای ئەمە ئاشکراشی بکەین کە مەبەستەکەی بەڕادەی زەحمەتەکەی بایەخی نییە. (هەموو ئەم سیستەمە دۆگمانە، بەتایبەتی فەلسەفەی شایستەی دانا راز زانەکان، بەم تایبەتمەندییە جوێ دەکرێنەوە کە ستایشکار و لایەنگرەکانیان، رەخنەگرەکان "بەتێنەگەیشتن" تۆمەتبار دەکەن، ئەم کەسانە لەبیریان دەچێتەوە کە تەنیا سەبارەت بە رستە بێ ناوەرۆك و ناگرنگەکان، تێگەیشتن مەرجە کۆکبوونی لێکەوێتەوە و لەهەموو حاڵەتەکانیتردا، مرۆڤ دەتوانێ تێبگات و لەهەمان کاتدا دژیش بێت).

۵۳ـ وتە وەرگیراوەکان هی یەکێك لەکتێبەکانی شۆپنهاوەرە بە ناوی **پرسە سەرەکییەکان**[۱۳۹]. ئەو وێڕای رادەربڕین لەمەڕ "ئەو عەقڵەی بەهێزی پێژنی عەقلی و بەیارمەتی سێکۆڵەکەی غەیبیبێژانە فتوا دەدات"[۱٤۰] دەنووسێت: "ئەمەیە چاوگی ئەو میتۆدە فەلسەفییەی کە یەکڕاست پاش کانت هاتە ناو مەیدانەوە ـ سەرچاوەی میتۆدی گێژکردنی خەڵك و سەپاندن بەسەریاندا، میتۆدی هەڵخەڵەتاندن و چاوبەستنیان ـ میتۆدی گوپ پڕکردن لەهەواو زۆربڵێیی.

۱۳۸. Nicolas de Malebranche (۱٦۳۸ـ۱۷۱۵) فەیلەسووفی فەرەنسی.

139. A. Schopenhauer, Grundproblemw (44th ed., 1890, p. 147).

۱٤۰. زاراوەی "فەلسەفەی غەیبیبێژانە"م ئالیرە وەرگرتووە.



رۆژێك دادێت مێژووی فەلسەفە وەك چاخی چەوتی و تەزویر یادی ئەم قۆناغە دەکاتەوە." (پاشان ئەو پارچەیە دێت کە لە دەقەکەدا ئاماژەمان بۆکردووە.) سەبارەت بەشێوازی بیرکردنەوەی ناعەقڵانی "دەتەوێ بتەوێ، ناتەوێ نەتەوێ"، بگەڕێنەوە بۆ بابەتەکانی تایبەت بە یاداشتەکانی ۳۹ و٤۰ لەدەقی بەشی بیست و چوارەمدا.

٥٤ـ تیۆری ئەفلاتوون سەبارەت بە پێناسە[۱٤۱] کە دواتر لەلایەن ئەرستۆوە گەشەی پێدراوە و نووسرایەوە، لەدوولایەنی سەرەکییەوە دژایەتی کرا: (۱) لەلایەن ئانتیس تنیس و (۲) لەلایەن قوتابخانەی ئیسۆکراتس، بەتایبەتی لەلایەن تیۆپۆمپیوس[۱٤۲].

(۱) سیمپلیکیوس کە یەکێکە لەباشترین ژێدەرەکانی ئێمە سەبارەت بەم شتە دوورلە یەقین و گوماناوییانەیە، ئانتیس تنیس[۱٤۳] نەك هەروەك نەیاری تیۆری ئایدیای ئەفلاتوون، بەڵکو یەکڕاست وەك نەیاری ماهییەتگەرایی و پێژنی عەقلی دەناسێنێت. دەگێڕنەوە ئانتیس تنیس وتوویەتی: "ئەی ئەفلاتوون، من ئەسپ دەبینم، بەڵام ناتوانم ئەسپایەتی[۱٤٤] ببینم." (ژێدەرێکی بچووکتر و کەم بایەختر[۱٤٥] وتەیەکی زۆر هاوچەشنی ئەمە دەخاتەپاڵ دیۆگنسی سەگسیفەت و هیچ هۆیەك لەئارادانییە بۆ ئەوەی ئەم قسەیەی نەکردبێت.) وەك دیارە سیمپلیکیوس دەستی بە تیوفراستوس راگەیشتووە. بە وەبەرچاوگرتنی ئەوە کە وتەکەی خودی ئەرستۆ لە **میتافیزیکدا** (بەتایبەتی ۱۰٤۳b۲٤) بەباشی لەگەڵ ئەم هەڵویستەی ئانتیس تنیس لەمەڕ دژایەتیکردنی ماهییەتگەراییدا دەگونجێت، بەڕای من دەتوانین لە نووسینەکەی سیمپلیکیوس دڵنیابین.

لەدوو شوێنی **میتافیزیکدا**، ئەرستۆ باسی دژایەتی ئانتیس تنیس دەکات لەگەڵ تیۆری ماهییەتگەراکان لەمەڕ پێناسەوە و ئەم دوو پارچەیە زۆر سەرنجڕاکێشن. لەیەکەمیاندا (**میتافیزیك**، ۱۰۲٤b۳۲) ئەمە دەخوێنینەوە کە ئانتیس تنیس ئەو نارەزایەتییە دەخاتەڕوو کە لەیاداشتی (۱) ٤٤ی ئەم بەشەدا لەسەری دواین، یاخود بەجۆرێکی دیکە، لەسەر ئەو

۱٤۱. بگەڕێنەوە بۆ یاداشتی ۲۷، بەشی سێیەم،و یاداشتی ۲۳، بەشی پێنجەم.

۱٤۲. Theopompus (لەدایك بووی نزیکەی ۳۸۰ پێش زایین). مێژوونووس و وتاربێژی یۆنانی و یەکێکە لەقوتابییەکانی ئیسوکراتس.

143. Ad. Arist. Catag., pp. 66b, 67b.

144. Horseness

145. Diog. Laert., VI, 53.

بڕوایەبوو کە ڕێگایەك لەئارادانییە بۆ جیاوازی دانان لەنێوان پێناسە "ڕاست"و "چەوت"ەکان (بۆ نموونە لەمەڕ "تولە"وە)و لەم ڕووەوە، ئەگەر دوو پیناسەمان هەبێت لەڕواڵەتدا دژی یەکتربن، ئەوا ئەم دوو پێناسەیە بۆ دوو ماهییەتی جیاواز دەگەڕێنەوە (بۆ نموونە "تولەی ـ١"و "تولەی ـ٢"). هەربۆیە هیچ دژایەتییەك لەگۆڕێ نییە و هیچ کەسێك ناتوانێت سەبارەت بە ڕستە چەوتەکان (درۆییەکان) بدوێت. ئەرستۆ لەهەمبەر ئەم ڕەخنەیەوە دەنووسێ: "ئانتیس تنیس دەستوپێ سپی و ساویلکەبوو کاتێ بانگەشەی ئەوەی کرد کە هیچ شتێك بۆ وەسف کردن ناشێت تەنیا بەهۆی شیکردنەوەی تایبەت بەخۆی نەبێت ـواتە دراوەپاڵێك (محمول) لەبەرانبەر بابەتێك ـو پاشان بەم جۆرە ئەنجامگیری لەم وتەیە کراوە کە دژایەتی ممکین نییە و دەتوانین بڵێین دۆزی چەوت ناشێ بوونی هەبێت[١٤٦]." (لەو لێکدانەوەی کە بۆ ئەم پارچەیە کراوە، زۆربەی کاتەکان لەجیاتی ئەوەی وەك ڕەخنەی ئانتیس تنیس لەتیۆری پێناسەکان سەیری بکەن، وەك تیۆری پۆزەتیڤی ئانتیس تنیس ناسێنراوە. بەڵام ئەم لێکدانەوەیە بەبێ وەبەرچاوگرتنی باسە گشتییەکەی ئەرستۆ لێرەدا خراوەتەڕوو. سەرانسەری پارچەکە لەگەڵ ئەگەری بوونی پێناسە چەوتەکان (درۆیەکان)دا سەروکاری هەیە، واتە ڕێك ئەو پرسەی کە بە وەبەرچاوگرتنی کەموکورتییەکانی تیۆری پێژنی عەقڵی، بۆتە هۆکاری ئەو کێشانەی لەیادداشتی (١)٤٤ شیکراونەتەوە. سەرەڕای ئەمە، لەقسەکانی ئەرستۆوە بۆمان دەردەکەوێت کە هەم ئەم کێشانە و هەم هەڵسوکەوتی ئانتیس تنیس لەتەکیدا، بۆتە هۆی نیگەرانی ئەرستۆ.) پارچەی دوومیش (**میتافیزیك**، ١٠٤٣b٢٤) لەگەڵ ڕەخنەگرتن لەو پێناسانەی لەسەر بنەمای ماهییەتگەرایی (پێناسەکردنی خودەکان) دامەزراوە دەگونجێت، بەو جۆرەی کە لەم بەشەدا بەدرێژی قسەمان لەسەرکرد، دەریدەخات هێرشی ئانتیس تنیس بۆسەر ئەم جۆرە پێناسانە بەهۆی بێسوود بوونیان و لەبەر **دانانی وتەیەکی درێژ لەجیاتی وتەیەکی کورت بووە.** هەروەها ئەم پارچەیە پێشانیدەدات کە ئانتیس تنیس زۆر ژیرانە دانی بەوەداناوە کە هەرچەندە پێناسە **بێسوودە**، بەڵام ئەگەری ئەوە لەئارادایە شتێك بە پێکچوونی بەشتێکی تر کە دیار و ناسراوە وەسف بکرێت یان **ڕوون بکرێتەوە** یان ئەگەر شتێك ئاوێتە[١٤٧] بێت، ئەم کارە بەڕوون کردنەوەی ئەوەکە بەشە پێکهێنەرەکانی چین ئەنجام بدرێت. ئەرستۆ دەنووسێت: "هەڵبەتە لەو

١٤٦. لێرەدا و هەندێ لەخوارتر لەپارچەی دواتردا، وتەکانی ئەرستۆمان بەسوود وەرگرتن لەوەرگێڕانی ئینگلیزی ڕاس **لەمیتافیزك** کردووە بەفارسی کە لەهەندێ شوێندا لەڕووی دەستەواژەو زاروەوە ڕوونتر بوو.

147. Composite



کێماسییانەی کە لایەنگرانی قوتابخانەی ئانتیس تنیس و ئەم جۆرە خەڵکە نەخوێندەوارە ئاماژەی بۆدەکەن، خاڵێکی بەجێشی تێدایە. ئەوان دەیانوت شتێك چییە (یان 'چییەتی' شت) بۆ پێناسەکردن ناشێت، چونکە ئەوەی بە پێناسە لەقەڵەم دەدرێت تەنیا شیکردنەوەیەکی درێژە. بەڵام بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دانی بەوە دادەنا کە ئەگەری ئەوە لەئارادایە کە ئەو شتە ـ بۆنموونە زیو ـ چ جۆرە شتێکە، چونکە دەتوانرێ بوترێت وەك قەڵاییە." ئەرستۆ ئەمەش زیاد دەکات کە لەم تیۆرەی سەرەوە دەگەینە ئەم ئەنجامەکە (دەتوانین شتەکان یان جەوهەرە ئاوێتەکان پێناسە یان شی بکەینەوە، جاچ هەستپێکراوبن یان ماقووڵ (یان پەیوەست بن بەپێژنی عەقڵی)، بەڵام بەشە بەراییەکان بۆ پێناسەکردن ناشێن..." (لەدرێژەی قسەکاندا، ئەرستۆ لەبابەتەکە دوور دەکەوێتەوە و هەوڵدەدات ئەم بەڵگەخوازییە لەگەڵ تیۆرەکەی خۆیدا لێکبدات کە ناسێنەر لەدوو بەش پێکهاتووە، ڕەگەز و بەش و ئەم دووانە، وەك مادده و فۆرم بەیەکەوە پەیوەست و **یەکگرتوون**.)

لەبەر ئەوە لێرەدا تاوتوێی ئەم بابەتەمان کرد چونکە پێدەچێت دوژمنانی ئانتیس تنیس ـ بۆ نموونە ئەرستۆ[١٤٨] وتارەکەیان بەجۆرێك گواستبێتەوە کە بەچەشنێك لێی تێبگەن ئەوەی (ئانتیس تنیس) وتوویەتی بنچینەی ڕێنماییەکانی بووە نەك ئەو ڕەخنانەی گرتوویەتی. ئەوەی هەلی ئەم جۆرە تێگەیشتنەی ڕەخساند تێکەڵاوکردنی بوو لەگەڵ تیۆرێکی تردا کە لەوانەیە ئانتیس تنیس بڕوای پێی هەبووبێت. مەبەستم ئەم تیۆرە سادەیەیە کە دەڵێت دەبێ بەڕوونی قسەبکەین و هەموو وتەیەك تەنیا بەیەك مانا بەکاربێنین و لەم ڕێگەیەوە لەهەموو گیروگازەکان خۆببوێرین کە تیۆری پێناسەکان بێهوودە هەوڵدەدات بەسەریاندا زاڵ بێت. هەروەك پێشتریش ئاماژەمان بۆکرد، بەهۆی کەمی بەڵگەکان، هەموو ئەم بابەتانە زۆر دوورن لەیەقین. بەڵام پێموایە گرۆت لەسەر هەق بێت کە "ئەم مشتومڕەی نێوان ئانتیس تنیس و ئەفلاتوون وەك یەکەمین پەلاماری ناوگەراکان بۆ سەر ڕێبازی تۆندڕۆیانەی ریالیزم[١٤٩]" وەسف دەکات (یان وەك ئێمە دەڵێین بۆ سەر ڕێبازی توندڕۆیانەی ماهییەتگەرایی). بەم چەشنە، دەتوانین داکۆکیلە هەڵوێستی گرۆت بکەین لەبەرانبەر پەلاماری فیلد[١٥٠]دا کە ئێژێت ناساندنی ئانتیس تنیس وەك یەکێك لەناوگەراکان "بەتەواوی هەڵەیە."

١٤٨. بگەڕێنەوە بۆ **توبیکا**، ١٠٤b٢١.

149. Realism
150. G.C. Field, Plato and His contemporaries, 167.

بۆ پشتڕاست کردنی ئەو راڤەیەی بۆ بیروباوەڕی ئانتیس تنیس ـ کردم، رەنگە بتوانم ئاماژە بەم خاڵەش بکەم کە دیکارت[١٥١] و لوك[١٥٢] ـ یش هەندێ بەڵگەی هاوچەشنی "بەڵگەی منیان" بۆ رەدکردنەوەی تیۆری سکۆلاستیکەکان لەمەڕ پێناسە خستۆتەڕوو (بە ئاماژەکردن بەم جیاوازییە کە بەڵگەخوازییەکانی لوك وەك هی دیکارت روون و ئاشکرانەبوون). دواجار دیکارت و لوك هەروا وەك لایەنگری ماهییەتگەرایی مانەوە. ئەو کەسانەی هێرشیان کردەسەر رێبازی ماهییەتگەرایی یەکیان هۆبز[١٥٣] و ئەویتریان بارکلی[١٥٤] بوو. بارکلی یەکەمین کەس بوو کە بڕوای **<u>بەناوگەرایی هەبوو لە میتۆدۆلۆژیادا</u>**و هەڵبەتە ئەمە جیاییە لەبڕوابوونی بەناوگەرایی لە ئەنتۆلۆژی یان باسی بووندا[١٥٥]. بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٧(٢)، بەشی بیست‌و پێنجەم.

(٢) لەنێو رەخنەگرەکانی تری تیۆری ئەفلاتوونی و ئەرستۆیی پێناسەدا، ئەوەندە بەسە ئاماژە بەناوی تیۆپۆمپوس بکەم (کە ئەپیکتتوس وتەکانی گێڕاوەتەوە[١٥٦].) پێموایە بەپێچەوانەی رای گشتی، رەنگە سوقراتیش لەگەڵ تیۆری پێناسەکاندا کۆك و هاوڕا نەبووبێت. پێدەچێت ئەوەی سوقرات بەرەنگاری لەگەڵدا دەکرد ئەو رێگاچارە تەواو وتەییانە بوون بۆ پرسە ئەخلاقییەکان و ئەوەی بەتێکوشانی سوقرات لەپێناو پێناسەکردنی زاراوە ئەخلاقییەکان ناوزەد کراوە، بە وەبەرچاوگرتنی دەرەنجامە نیگەتیڤەکانی، ئەگەری زۆری هەیە هەوڵدان بووبێت بۆ لەناوبردنی پێشداوەری وتەیی.

(٣) لێرەدا گەرەکمە ئەوەش زیادبکەم کە سەرەڕای ئەو رەخنانە گرتوومە، بەتەواوی دان بەلێهاتوویی‌و نرخی ئەرستۆ دادەنێم. ئەرستۆ دامەزرێنەری لۆژیکە و تاکاتی دانانی پەرتووکی **<u>پرەنسیپەکانی ماتماتیك</u>**[١٥٧]، سەرانسەری لۆژیك هیچ نەبوو جگە لەشیکردنەوە و درێژکردنەوە

151. R. Descartes, the philosophical works, tr. Haldane and Ross, 1911, Vol. I, 317.
152. J. Locke, Essay, Book III, ch, II, to ch. IV, 6; also ch. X, 4 to II; see esp. ch. IV, 5.
١٥٣. بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٣٣ هەر لەم بەشەدا.
154. G. Berkeley
155. ontological nominalism
156. Epictetus, II, 17, 4- 10. Grote, Plato, I, 324.
١٥٧. Principia mathematica ٠ کتێبی بەناوبانگی برتراند راسل و ئەلفرێد نۆرن وایتهد (whitehead (A.N.)ی مامۆستای کە بەرگەکانی لە دوودەیەی سەدەی بیستەم بڵاو کرانەوە و شۆڕشێکیان لە هزری لۆژیست و ماتماتیکزانەکاندا بەرپا کرد.



و گشتاندنی بنەما ئەرستۆییەکان. (راستە ئێستا سەردەمێکی نوێ لەلۆژیکدا دەستی پێکردووە، بەڵام بەڕای من، ئەم کارە بە جیاکردنەوەی "میتا زەمان"[١٥٨] لە "زمانی بابەتی"[١٥٩] ئەنجام دراوە نەك بەدروست کردنی ئەو شتەی بە سیستەمە "نائەرستۆیی"[١٦٠] یان "چەند بەهاییەکان"[١٦١] ناوزەد دەکرێت.) جگە لەمە، ئەرستۆ خاوەن ئەم چاکە مەزنەشە کە هەوڵیداوە بە پشتبەستن بە عەقڵی ساخڵەم، پێشی سەرەڕۆیی ئایدیالیزم بگرێت. لەم مامەڵەیەدا، تەنیا تاك و کەسەکان[١٦٢]، بە "واقیعی" لەقەڵەم دەدرێن ("مادده"و "فۆرمەکانیان" تەنیا روو یان ئەبستراکتەکانیان[١٦٣] پێکدەهێنن).* بەڵام لەهەمان کاتدا، هەر ئەم مامەڵەیە بووە هۆی ئەوە کە ئەرستۆ تەنانەت لە هەوڵی چارەسەرکردنی پرسە هەمەکییەکانیشدا[١٦٤] نەبێت کە لەلایەن ئەفلاتوونەوە خرابوونەڕوو. مەبەست ئەم پرسەیە کە بۆچی هەندێ لەشتەکان بەیەکتر دەچن و هەندێکیان بەیەکتر ناچن، چونکە بۆچی نابێت بەڕادەی شتە مەوجوودەکان، ماهییەتی ئەرستۆیی جیاواز لەشتەکاندا بوونی هەبێت؟*

٥٥ـ کاریگەری رێبازی ئەفلاتوون بەتایبەتی لە ئینجیلی یوحەننادا بەرچاو دەکەوێت، ئەگەرچی لە ئینجیلەکانی‌تردا کەمتر بەرچاو دەکەوێت بەڵام ناڵێم بەهیچ چەشنێك بوونی نییە. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، هەموو ئینجیلەکان راشکاوانە مەیلێکی دژە رۆشنبیرانەو دژە فەلسەفەخوازییان هەیە و خۆ لەپەنابردنە بەرو پشتبەستن بە بیروبۆچوونی فەلسەفی دەبوێرن، بێگومان دژی زانینخوازی و دیالێکتیکن ـوەك ئەوەی بۆ نموونە لای "بنووسەکان" بوونی هەبووە. هەڵبەتە زانینخوازی و لێکۆڵینەوە لەو سەردەمەدا بەمانای راڤەکردنی کتێبی پیرۆز بووە بە مەفهوومی دیالێکتیکی و فەلسەفی، بەتایبەتی بەو مانایەی کە نییو ئەفلاتوونییەکان لەهزریان دابوو.

٥٦ـ گرنگترین پرسی مێژووی سەرتای مەسیحییەت، پرسی ناسیۆنالیزم و ئینتەرناسیۆنالیزمە کە چۆن خێڵ پەرستی یەهوودی پووچەڵ کردەوە کە روویەکی لۆکاڵی و خۆجێیی هەبوو.

158. metalanguage
159. object-language
160. non-aristotelian
161. multi-valued
162. individual things
163. aspects or abstractions
164. universals

زایەڵەی ئەم بەرهەڵستیانە لەکتێبی **کردەوەی پێغەمبەران** بەرچاو دەکەوێت (بگەڕێنەوە بۆ بابی دەیەم، لە ١٥ بەدواوە و بابی یازدەهەم، ١ ـ١٨، هەروەها ئینجیلی مەتتا، ٣، ٩، و هەروەها ئەو مشتومڕەی لە **کردەوەی پێغەمبەران**، بابی دەیەم، ١٠ـ ١٥، لەمەڕ تابۆ یان حەرامکراوە خۆراکییەکاندا هاتووە). سەرنجڕاکێش ئەوەیە ئەم پرسە وێڕای پرسی کۆمەڵایەتی دەوڵەمەندی و دەستکورتی و پرسی کۆیلایەتی خراوەتەڕوو. بگەڕێنەوە بۆ نامیلکەی ئەم پرسە وێڕای کۆمەڵایەتی دەوڵەمەندی و دەستکورتی و پرسی کۆیلایەتی خراوەتەڕوو. بگەڕێنەوە بۆ **نامیلکەی پۆڵسی پێغەمبەر بۆ غەلاتییەکان**، بابی سێیەم، ٢٨، بەتایبەتی **کردەوەی پێغەمبەران**، بابی پێنجەم، ١ـ ١١، کە تێیدا دارایی تایبەتی وەك یاخی بوونی گەورە دەناسێنرێت.

هەندێ خاڵی زۆر سەرنجڕاکێشیتر، یەکیان مانەوەی گەڕەکە یەهوودییەکان لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات تا ساڵی ١٩١٤و تەنانەت دوای ئەویش و ئەویتریان بوونی وشك و وەستاوی خێڵ پەرستی لەنێو یەهوودییەکاندا (بەراوردی بکەن لەگەڵ ئەو شێوازەی کە هۆزەکانی ئسکاتلەند هەوڵیان دەدا لە ڕێگایانەوە پارێزگاری لەژیانی خێڵەکی خۆیان بکەن.

٥٧ـ ڕستە وەرگیراوەکە هی تۆین بییە (**خوێندنەوەیەك بۆ مێژوو**، بەرگی ٦، ل٢٠٢) لەم بەشەدا، تۆین بی لەمەڕ پاڵنەری دەسەڵاتدارە ڕۆمییەکان (کە بەزۆری لە کاروباری ئایینیدا لەگەڵێ بەسەبرو لێبووردەبوون) بۆ ئازاردانی مەسیحییەکان دەدوێت و دەنووسێت: "حکومەت بانگەشەی ئەوەی دەکرد مافی ئەوەی هەیە خەڵکی (اتباع)ی خۆی ناچار بکات بۆ ئەنجامدانی کردەوەی پێچەوانەی ویژدان. مەسیحییەکان ئەم بانگەشەیەیان قبووڵ نەکرد. لەڕوانگەی ئیمپراتۆریەتی {ڕۆم}، ئەمە تۆخمێکی مەسیحییەت بووکە تەحەمول نەدەکرا... دەرکەوت کە شەهیدبوونی {مەسیحییەکان} نەك هەر کاریگەری نەبوو لەسەر بەرگرتن لە بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیح، بەڵکو کاریگەرترین فاکتەربوو بۆ ڕاکێشانی خەڵك بەرەو ئەم ئایینە..."

٥٨ـ لەهەمبەر دژە کەنیسەیی نیبو ئەفلاتوونی یولیانوس و هیرارکییەتی ئەفلاتوونگەریەکەی، هەروەها سەبارەت بە خەباتی دژی "مولحدەکان" ـواتە پەیڕەوانی ئایینی مەسیح ـ بۆ نموونە بگەڕێنەوە بۆ **خوێندنەوەیەك بۆ مێژوو**، بەرگی ٥، ل٥٦٥و ل٥٨٤، کە



تۆین بی بەم چەشنە هەندێ ڕستەی گفکن[165] دەگوازێتەوە :"لەبیروباوەڕی یام بلیخوس[166]دا {کە فەیلەسووفێکی کافر و عارفێکی پەیڕەوی عیرفانی ژمارەی بوو و دامەزرێنەری قوتابخانەی سریانی نیبو ئەفلاتوونییەکان بووە و لەدەورووبەری ساڵی ٣٠٠ی زایینی ژیاوە} ڕەفتاری ئایینی تاك... بەلاوە نرابوو و کەنیسەیەکی مەیلدار بەرەو عیرفان کە خودان ڕێورەسمی پیرۆزو ڕەچاوکردنێکی وردی فۆرمالیتەی خواپەرستی و سرووتێکی هاوچەشنی ڕێورەسمی سیحربازی هەبوو جێگای گرتبۆوە و توێژێك کە لە پیاوە ئایینیەکان پێك هاتبوو... بیروبۆچوونی یولیاس لەمەڕ بەرزکردنەوەی پلەی ڕۆحانیەت، ڕێك لەبیروباوەڕی یام بلیخوس وەرگیرابوو کە حەز و دەمارگرژی لەهەمبەر پیاوە ئایینییەکان و سەبارەت بە ڕەچاوکردنی وردەکارییەکانی ڕەسمیاتی خواپەرستی و لەمەڕ پابەندبوون بە بنچینەکانی بیروباوەڕێکی ڕێك و دوور لەسەرپێچی، ڕێگای بۆ دروست کردنی جۆرە ڕێکخراوێکی ئایینی بتپەرستانە خۆشکرد." لەم بنچینانەی کە یولیانوس و ئەم فەیلەسوفە سریانییە ئەفلاتوونگەرایە بڕوایان پێی هەبوو، دەتوانین نەشونمای مەیلێکی ڕاستەقینەی ئەفلاتوونی و (ڕەنگە مەیلی یەهوودییەکان قۆناغی دوایی) ببینین بۆ ڕاوەستان لەبەرانبەر ئۆلێك کە ویژدانی تاکەکەسی و مرۆیەتی و جوامێری کردبوو بەبنەمای خۆی. دەبوایە ئەم بەرگرییە هەم لەڕێگای وەستاندنی هەموو جۆرە گۆڕانێك ئەنجام بدرێت و هەم بەهۆی باڵادەست بوون بەسەر ئایینێکدا کەپاکی و پاکژییەکەی بەدەستی ((کاستێك)) کە لە پیاوە ئایینیە فەلسەفەخوازەکان پێك هاتبوو و لە ڕێگای ڕاگرتنی تابۆ وشك و ڕەقهەڵاتووەکان، بپارێزرابێ. (بەراوردی بکەن لەگەڵ دەقی تایبەت بەیادداشتەکانی ١٤ و١٨ تا٢٣، بەشی حەوتەم،و هەروەها بەشی هەشتەم، بەتایبەتی بابەتەکانی پەیوەست بەیادداشتی ٣٤ لەدەقەکەدا.) بەڵام لەو کاتەوە کە یوستی نیانوس کەوتە ئازاردان و ڕاوەدونانی ناعیسەوی و مورتەدەکان، بەتایبەتی لەساڵی ٥٢٩ی زایینی کاتێ فەلسەفەی یاساغ کرد، بارودۆخەکە پێچەوانە بۆوەو لەوەبەدوا مەسیحییەکان هەندێ شێوازی تۆتالیتاریانەیان دروست کرد و هاتنە سەر ئەو بڕوایە لەڕێگای توندوتیژیو زۆرە ملێوە بەسەر ویژدانی تاکەکەسدا زاڵ بن. چاخە تاریکەکان هەرلێرەوە دەست پێدەکەن.

165. Gogeffken
166. jamblichus

٥٩ـ سەبارەت بە هوشداری توێن بی کە پێیوایە نابێ بەرزبوونەوەی کاری ئایینی مەسیح لەچوارچێوەی پەندەکەی پارێتودا لێکبدەینەوە، بگەڕێنەوە بۆ **خوێندنەوەیەك بۆ مێژوو**، بەرگی ٥، ل٧٠٩.

سەبارەت بە پەندەکەی پارێتو، بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٦٥، بەشی دەیەم و یادداشتی١، بەشی سێزدەهەم.

٦٠ـ لەپانتایی ئەم دۆرکترینە کە سەرچاوەکەی بۆ ساردو سڕی و خۆبەزلزانی کریتیاس و ئەفلاتوون دەگەڕێتەوە کە ئایینیان بەتراکی خەڵك لەقەڵەم دەدا، بگەڕێنەوە بۆ یادداشتەکانی ٥ تا١٨ (بەتایبەتی ١٥ و١٨)، بەشی هەشتەم. (هەروەها سەیری **توبیکا**، a٣٠ ١٠١ بەدواوە بکەن). سەبارەت بەنموونەکانی دواتر (لە پۆلوبیوس[١٦٧] و سترابۆن[١٦٨]) بۆ نموونە بگەڕێنەوە بۆ **خوێندنەوەیەك بۆ مێژوو**، بەرگی٥، ل٦٤٦و ل ٥٦١، کە تێیدا توێن بی بەم چەشنە نووسینێکی پۆلوبیوسمان بۆ دەگوازرێتەوە[١٦٩]: "بەبڕوای من، گەورەترین هۆکاری باشتربوونی حکوومەتی ڕۆم بەسەر حکوومەتەکانیتردا، بۆ شێوازی هەڵسوکەوت کردنی لەگەڵ ئایین دەگەڕێتەوە... ڕۆمەکان توانیویانە پەیوەندی سەرەکی سیستەمی کۆمەڵایەتی خۆیان... لەخورافات دروست بکەن"، تاد. هەروەها توێن بی ئەم پارچەیەی سترابۆن دەگوازێتەوە: "ناتوانین بەڕەڵلاو سەرسەرییەکان... ناچاربکەین بەرسڤی بانگی **عەقڵی فەلسەفی** بدەنەوە... کاتێ تووشی ئەم جۆرە خەڵکانە دەبن، ناتوانیت واز لەخورافات بێنیت"،تاد. بە وەبەرچاوگرتنی بیروبۆچوونی ئەم زنجیرە درێژەی فەیلەسووفە ئەفلاتوونگەراکان کە هەموویان لە ڕێنماییەکانی خۆیاندا ئایین وەك "تریاکی خەڵك"دەناسێنن، نازانم چۆن دەشێت، ئەگەر ئەم

١٦٧. polybius (نزیکەی ٢٠٥تا١٢٥پێش زایین) مێژوونووسی یۆنانی کە وەك زیندانی سیاسی بردرایە ڕۆماو لەوێ لەگەڵ سیاسەتمەداران و پیاوانی سەربازی و ئەهلی زانست و ئەدەب تێکەڵاو بوو. ئەو پارچەیەی هەندێ دواتر وەرمانگرتووە هی کتێبی **مێژووەکان** ـ ی ئەوە کە مێژووی گشتی ڕۆما و وڵاتە دراوسێکانی لە نیوەی سەدەی دووەم تا ناوەڕاستی یەکەمین سەدەی پێش زایین لە خۆ دەگرێت.

١٦٨. strabo (نزیکەی ٦٣ پێش زایین تا ٢٤ی زایینی ). جیوگرافیزانی یۆنانی کە لە ڕۆما نیشتەجێ بوو و گەلێ سەفەری دوور و درێژی کرد و کتێبێکی بەناوی **جیوگرافیا** نووسی بۆ شیکردنەوەی ڕەوشی ئەورووپا و ئاسیا و میسر و لیبیا.

169. Polybius, historiae, vI, 56.



جۆرە پاڵنەرانە بدرێنە پاڵ قوستەنتین، دەکرێ **بەپێچەوانەی ڕۆحی سەردەم** وەسف بکرێت. پێویستە ئاماژە بەم خاڵەش بکەین کە ئەو کەسەی توێن بی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بە نەبوونی هۆشیاری مێژوویی تۆمەتباری دەکات، نەیارێکی بەهێز و گەورەی وەك لۆرد ئەکتۆنە کە لە کتێبی **مێژووی ئازادیدا**، وێڕای دوان لە سەر پەیوەندی قوستەنتین لەگەڵ مەسیحییەکان دەنووسێت[١٧٠]: "قوستەنتین بە هاتنە سەر دینی ئەوان، نە نیازی بوو واز لەسیاسەتی گشتی پێشینانی خۆی بێنێ و نە ورەی دەست شوشتن لە ئوتوریتەی سەرەڕۆیانە هەبوو، **بەڵکو دەیویست کورسی دەسەڵاتی خۆی بە سوود وەرگرتن لە پشتیوانی ئایینی مەسیح تۆکمەتر بکات** کە بە هۆی دەسەڵاتی پایەداری خۆی جیهانی تووشی سەرسامی کردبوو..."(تۆخ کردنەوەی وشەکان لەمنەوەیە).

٦١.منیش وەك هەموو کەسێکی تر، ستایشی بینای کەنیسەکانی سەدەکانی ناڤین دەکەم و دان بە مەزنی و تاقانەیی هونەری پیشەکارانی ئەو سەردەمە دادەنێم. بەڵام پێموایە هەرگیز نابێت بۆبەڵگەخوازی دژی مرۆڤدۆستی سوود لە جوانپەرستی وەربگرین.

وەك دیارە پیاهەڵگوتن بە سەدەکانی ناڤین لە گەڵ بزووتنەوەی ڕۆمانتیك لە ئەڵمانیا دەستی پێکرد و ئێستا بە ژیانەوەی ئەم بزاڤە کە بە داخەوە لەم سەردەمە لەبەر چاومانە ، بووە بە مۆدی ڕۆژ. ڕۆمانتیزم بزاڤێکی دژە ئاوەز یان دژە عەقڵە و لە ڕوانگەیەکی ترەوە لە بەشی بیست و چوارەمدا لەسەری دەدوێین.

دوو شێوە بیرکردنەوە یان تێڕوانینی ئەقڵانی و دژە عەقڵانی سەبارەت بە سەدەکانی ناڤین، هاوجووتە لەتەك دوو **ڕاڤە بۆ "مێژوو"** (بەراوردی بکەن لەگەڵ بەشی بیست و پێنجەم ).

(١) ڕاڤەی عەقڵانی مێژوو، ئەو قۆناغانە بەهیواوە لێکدەداتەوە کە تێیدا مرۆڤ بە چاوی عەقڵ سەیری کاروبارە مرۆییەکانی کردووە و **نەوەی مەزن** (بەتایبەتی سوقرات) و سەرەتای مەسیحییەت (تا سەردەمی قوستەنتین) و قۆناغی ڕێنسانس و سەردەمی ڕۆشنگەری و زانستی نوێ وەك بەشێك لەم بزووتنەوەیە دەبینێ کە بەزۆری تووشی وەستاندن کراوە. ئەم ڕاڤەیە ،سەردەمەکان و ئەو ڕەوشانەی قسەیان لەسەر دەکرێ وەك هەوڵێك لەلایەن مرۆڤەکان لێکدەداتەوە بۆ ڕزگارکرنی خۆیان و فڕین لە کۆمەڵگای قەفەزی داخراو و دروست کردنی

170. Lord Acton, history of freedom, 1909, p030

کۆمەڵگایەکی کراوە. لەم ڕاڤەیەدا، ئەم ئاگاییە بوونی هەیە کە ئەم بزاڤە نە نوێنەری "یاسای پێشکەوتن "ە ،نەنوێنەری شتێکی تری لەم جۆرەیە، بەڵکو تەنیا پەیوەندی بە خودی ئێمەوە هەیە و ئەوە ئێمەین دەبێ لە بەرانبەر دووژمنەکانیدا بەرەڤانی لێبکەین و لە بەرانبەر تەمبەڵی و تەوەزەلی بیپارێزین ، ئەگینا ئەم بزووتنەوەیە لەناو دەچێت. لە راڤەی عەقلانی مێژوودا، قۆناغەکانی نێوان ئەم سەردەمانە، بە چاخی تاریکی لەقەڵەم دەدرێت. هەر کام لەم چاخانە، ژێدەر و سەرچاوەی ئەفلاتوونگەرایی تایبەتی بە خۆیانیان هەبووە و پشتی بە هیرارکییەتی پلەی سوارچاکەکان[١٧١] بەستووە، هەروەك لەژیانی خێڵەکیدا باوە.

ئەو کەسەی بەباشترین شێوە کە هەرگیز لە یاد ناچێتەوە، ئەم ڕاڤەیەی گەڵاڵەکرد لۆرد ئەکتۆنە کە دەنووسێت: "لە دوو هەزار و پێنج سەد و شەست ساڵ لەمەو بەر کە ئەم تۆوە لەئەسینا چێنرا، لە پاش ئاین، هەمیشە ئازادی {لە لایەکەوە} پاڵنەری کردارە چاکەکان بووە و {لەلایەکی ترەوە} بیانوی گشتی تاوانکاری بووە...پێشڤەچوونی ئازادی لە هەموو سەردەمێکدا بەردەوام گیرۆدەی دوژمنە سرووشتییەکانی بووە-گیرۆدەی نەزانی و خورافات، تووشی شەهوەتی وڵات داگیرکردن، تووشی خۆویستی و دەسەڵاتخوازی بەهێزەکان و بژێوخوازی هەژارەکان بووە. ماوە بە ماوە بە درێژایی قۆناغە درێژەکان، ئازادی بە تەواوی لە بەرەو پێش چوون وەستێنراوە. بەڵام هیچ بەربەست و لەمپەرێك وەك دوودڵی و هزر شێواوی لەمەڕ خودی ئازادی هێندە پایەدار نەبووە و زاڵبوون بەسەریدا هێندە دژوار نەبووە. **هزرە پووچەڵەکان تەنانەت لە قازانجی بەرهەڵستکارەکان زیاتر زیانی گەیاندووە.**"

(هەمان کتێب ،ل ١: تۆخکردنەوەی وشەکان لە منەوەیە ).

سەیرە لە چاخە تاریکەکاندا، چ هەستێکی بەهێز لە تاریکی باڵادەست بووە. زانست و فەلسەفە لەم سەردەمانەدا،هەردووکیان تووشی وەسوەسەی ئەم هەستە ببوون کە **ڕۆژگارێك لە ڕابردوودا حەقیقەت ناسرابوو بەڵام ئێستا ون بووە**. ئەم شتە لە بڕوا هێنان بە ڕازی کۆن و لەدەستچووی بەردی فەیلەسووفان[١٧٢] و ئیمان هێنان بە حیکمەتی دێرینی ئەستێرەناسی خۆی

171. knights

١٧٢. philosophers' stone " بەرد یان مادەیەکی خەیاڵی کە پێیان وابوو توانای گۆڕینی کانزا نزمەکانی هەیە بۆ زێڕ و چەندین سەدەی یەك لەدوای یەك کیمیاگەرەکان بەدوایدا گەڕان و هەندێکیشیان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کەلە هەوڵی دروستکردنی دان، هەندێکیتر لەتەك ئەکسیردا بەیەکیان دەزانی." (دایرە المعارف فارسی).



خۆی دەنوێنێت، هەروەها لەم بیرۆکەیەدا کە هیچ هزرێك بەهای نییە ئەگەر نوێ بێت و هەموو بیرێك پێویستی بە پشتبەستن بە ئۆتوریتەکۆنەکان واتە ئەرستۆ و کتێبی پیرۆز هەیە. سەیرە ئەوانەی هەستیان دەکرد کلیلی نهێنی حیکمەت و دانایی لە کون و کەلێنی ڕۆژگاردا ون بووە، ڕاستیان دەکرد،چونکە ئەم کلیلە هەمان ئیمانە بە عەقل و ئازادییە" ڕکەبەرایەتی ئازادی بیرەکانە کە بەبێ ئەمە، ئازادی هزرممکین نییە.

(٢) ڕاڤەی دووەم، لە تەك تۆین بیدا، عەقڵگەرایی یان ڕاسیۆنالیزم چ لە یۆنان و چ لە سەردەمی نوێ (لە ڕێسانس بە دواوە)، بە **لادەری** لە ڕێگای ئیمان لەقەڵەم دەدات. تۆین بی دەنووسێت: "لە چاوی نووسەری ئەم دێڕانەدا، تۆخمی هاوبەشی عەقڵانییەت کە لە شارستانییەتی هێلینی و ژیاری ڕۆژئاوادا دیار و بەرچاوە، هێندە بەرجەستە و دیار نییە کە ئەم دووکۆمەڵگایە لە هەموو مرۆڤەکانی تر جیا بکاتەوە...ئەگەر جەوهەری شارستانییەتی ڕۆژئاوا ئایینی مەسیح بێت، ئەو کات بۆمان دەردەکەوێت کە گەڕانەوەمان بۆ هێلینیزم **بە مانای وەدیهاتنی توانا پەنهانەکانی ناو مەسیحییەتی ڕۆژئاوایی نییە، بەڵکو لادەرییە لە ڕێگای ڕاستی گەشەو نمای ڕۆژئاوا، واتە لەڕاستیدا هەنگاوێکی چەوت کە ڕەنگە قەرەبووکردنەوەی لە ئێستادا ممکین بێت یان نەبێت.**" (**خوێندنەوەیەك بۆ مێژوو**، بەرگی ٥، ل ٦، ژێرەوەی لاپەڕە: تۆخکردنەوەی وشەکان لەمنەوەیە).

بە پێچەوانەی تۆین بی، من بە هیچ چەشنێك گومانم لەوەدا نییە دەشێت ئەم هەنگاوە پاشڤەڕۆییە باوێژین و بگەڕێینەوە ناو قەفەز و تاریکی و خورافات و بەڵاو ئافاتەکانی سەدەکانی ناڤین. بەڵام پێموایە ئەم کارە نەکەین باشترە. بانگەشەی من ئەوەیە دەبێ‌ئێمە خۆمان ئازادانە بڕیار بدەین دەبێت چی بکەین و نابێ ئەم بڕیارە نەلەسەر بنەمای پەیڕەویکردن بێت لە ماهییەتگەرایی لە چوارچێوەی مێژووگەرایی داو، نە، هەروەك تۆین بی ئێژێ[١٧٣]، لە سەر بناغەی "ئەم پرسە کەخەسڵەتی خودی شارستانییەتی ڕۆژئاوا دەشێت چی بێت."

(ئەم پارچانەی تۆین بی کە لێرەدا ئاماژەمان بۆ کرد هەموویان بەشێکن لە وەڵامی نامەکەی دکتۆر بێڤان.[١٧٤]بە ڕای من لە نامەکەی بێڤاندا-واتە یەکەمین نامە لەو دوونامەیەی تۆین بی

١٧٣. بگەڕێنەوە بۆ یاداشتی ٢٩(٢) هەر لەم بەشە.

174. Dr. E. Bevan

ئاماژەی بۆ کردووە- ئەو ڕاڤەیەی من بە ڕاڤەی عەقڵانی ناوزەدم کردووە بە چەشنێکی زۆر ڕوون و ئاشکرا دەربڕدراوە.)

**٦٢. پارچە وەرگێراوەکە هی لاپەڕەی ٨٠ و٨٣، چاپی ١٩٣٧ کتێبی زینسرە بەڵام تۆخکردنەوەی وشەکان لە منەوەیە.**

سەبارەت بە پەیڤەکەم لە کۆتایی ئەم بەشە کەزانست و ئەخلاقیاتی دیموکریتوس تا ئێستاش لەگەڵماندا دەژیت، دەبێ ئەوە زیادبکەم کەپەیوەندییەکی مێژوویی و ڕاستەوخۆ، دیموکرتیوس و ئەپیکوروس {ئەبیقوٚر}[١٧٥] لەڕێگای لوکرتیوسەوە[١٧٦] نەك بە گاسندی[١٧٧] بەڵکو بە لوکیشەوە دەبەستێتەوە. بوونی وشەی"ئەتۆم {بەشە دابەش نەبووەکان} و بۆشایی" بەردەوام هێمای کاریگەری ئەم نەریتە و حیکمەتی سروشتی "بۆشایی و ئەتۆمەکان" زۆربەی کاتەکان لەگەڵ فەلسەفەی ئەخلاقی چێژخوازی ئەویترخوازانە[١٧٨] یان قازانجخوازیدا هاوڕییە. بەڵام من پێموایە، پێویستە لەجیاتی ئەم پرەنسیپەی قوتابخانەی چێژخوازی و قازانجخوازی کە دەڵێت: "**چێژ بگەیەننە ئەو پەڕی خۆی!**" دەبێ پرەنسیپێکی تر بهێنین کە هەم باشتر لەگەڵ بیر و

١٧٥. Epicurus (٣٤١ ـ ٢٧٠ پێش زایین). "فەیلەسووفی یۆنانی کە لە پێناسەکردنی فەلسەفەدا دەیگوت، هونەری وەدەستهێنانی بەختەوەرییە و چاکە (خێر) لای ئەو لەچێژی مەعنەوی یان ئارامی ڕۆحیدا کورت دەبۆوە. ڕێنماییەکانی دواتر بەهەڵە و بەپێچەوانەی مەبەستەکانی ئەو، وەك فەلسەفەی عەیش و نۆش و دەرکی چێژی جەستەیی ناسرا."

١٧٦. Lucretius ( نزیکەی ٩٩ ـ٥٥ پێش زایین) "شاعیر و فەیلەسووفی ڕۆمی... بەرهەمە گەورە و نەمرەکەی... پەرتوکێکە بەناوی لەمەڕ **سروشتی شتەکان**... بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی فەلسەفەی سروشتی و ئەخلاقی ئەپیکۆروس... لوکرتیوس لەم پەرتووکەدا ئێژێ... جیهان... لەفەزا یان بۆشایی بێکۆتایی و ئەتۆمی بێکۆتایی... پێکهاتووە و هەموو تەنەکان لە مادده و بۆشایی (خلا) دروست بوونە. ڕێبەری ئەخلاق و ڕەفتاری مرۆڤ هەستی چێژ و ئازارە و دەبێ ئامانجی مرۆڤ لەژیاندا ئەمە بێت کە بەچەشنێك هەڵسوکەوت بکات کە چێژی زۆرتر و ئازاری کەمتری بەنسیب بێت." (دایره المعارف فارسی).

١٧٧. Pierre Gassendi (١٥٩٢ـ١٦٥٥). "قەشە، فەیلەسووف و ماتماتیکزانی فەرەنسی کە پشکداربوو لە بەرەوپێش بردنی بزاڤی دژە ئەرستۆییدا... تیۆری ئەتۆمی ئەپیکۆروس و لوکرتیوسی ژیاندەوە..." (دایره المعارف فارسی).

178. Altruistic hedonism



بۆچوونە سەرەکییەکانی دیموکرتوس و ئەپیکوروسدا دەگونجێت و هەم کەمتر بەرزە فڕانەیە و گەلێ بەلەز تریشە. مەبەستم ئەم پرەنسیپەیە کە فرمان دەدا: "**ئازار و کوێرەوەری بگەیەننە لانیکەمی خۆی!**" بە ڕای من، هەوڵدان بۆ گەیاندن چێژوشادی خەڵك بۆ ئەو پەڕی خۆی، نەك هەر هەوڵێکی محاڵە بەڵکو زۆر ترسناکیشە، چونکە حەتمەن تۆتالیتاریزمی لێدەکەوێتەوە[١٧٩]. بێگومان ، زۆربەی پەیڕەو کارەکانی دیموکریتوس (بۆ نموونە برتراند راسڵ کە هێشتا هۆگری ئەتۆم و ئەندازیاری (هەندەسە) و چێژخوازییە) ڕەخنە لەم فۆرمۆلبەندییە نوێیەی پرەنسیپی چێژ و {ئازار} ناگرێت بەم مەرجە کە هەر بەو مانایە لێکبدرێتەوە کە مەبەستی من بووە نەك بەمانای پێڤان و نیشاندەرێك لە زانستی ئەخلاقدا.

١٧٩. بگەڕێنەوە بۆ بەشەکانی نۆیەم و بیست و چوارەم و بیست و پێنجەم لەم کتێبەدا.

١. له نامەی ئوستادیەکەی[٥] لە ساڵی ١٨٠١. (هەسارۆکی سێرس[٦] ڕۆژی یەکەمی ژانویەی ١٨٠١دۆزرابۆوە).

٢. دیلس[٢] دیمۆکریتوس. هەڵبسەنگێنن لەگەڵ بەشی دەیەم، بابەتەکانی تایبەت بە یادداشتی ٢٩ لە دەقەکەدا.

٣.شوپنهاوەر، **پرسە سەرەکییەکان**[٧] بەراوردی بکەن لەتەك بەشی یازدەهەم، یادداشتی ٥٣.

٤. سەرانسەری کتێبی **فەلسەفەی سروشت** پڕیەتی لەم جۆرە پێناسانە. بۆ نموونە، ستافۆرد هەتفیلد[٨] بەم جۆرە پێناسەکەی هیگڵی بۆ گەرمی وەرگێڕاوە: "گەرمی خۆگەڕاندنەوەی ماددەیە لە دۆخی بێشکلیدا، میعانەکەی سەرکەوتنی هەمەویەتیە ئەبستراکتەکەیەتی بە سەرسنوورداری و دیاریکردنی تایبەتدا، بەردەوامی ڕووت و مەوجوودی بەخودەکەی وەك نەرێی نەریێ، لێرەدا وەك چالاکی دانراوە." (لە وەرگێڕانەکەی هەتفیلد خواستراوە لە کتێبی **ئاناتۆمی زانستە نوێیەکان**، نووسینی باوینك)[٩] پێناسەی هیگڵ بۆ کارەباش هەر بەم جۆرەیە.

سەبارەت بە وتە وەرگیراوەکەی دواتر، بگەڕێنەوە بۆ **نامەکانی هیگڵ**، بەرگی١، ل ٣٧٣. والاس ئەم پارچەیەی لە وەرگێڕانی **لۆژیکی هیگڵ** گواستۆتەوە[١٠]. (تۆخکردنەوەی وشەکان لە منەوەیە ).

٥. بگەڕێنەوە بۆ **مێژووی فەلسەفەی نوێ**، نووسینی فالکنبێرگ (ئارمسترانگ[١١] وەریگێڕاوەتەوە سەر ئینگلیزی).

٦. مەبەستم فەلسەفە جۆرا و جۆرەکانی "پەرەسەندن"یان"پێشکەوتن"یان"گەشەکردن" ە، وەك فەلسەفەی برگسۆن یان ئەلگزاندزر[١٢] یان فیلد مارشال سمارتـز[١٣] ئەلفێرد نۆرس وایتهد.

5. De orbities planetarum

٦. Asteroid Ceres. (هەسارۆك بچووككراوەی هەسارەیە.)

7. Schopenhauer, Gundprobleme (4th ed., 1890), p. 147.
8. H. Stafford Hatfield
9. B. Bavink, the Anatomy of Modern science, p. 30
10. Hegel, Briefe, I, 373, the logic of Hegel, trans. W. Wallace, p. XIV f.
11. R. Falkenberg, History of Modern philosophy (6th German ed., 1908, p. 612; English Trans. By Armstrong 1895, p. 632).
12. S. Alexander
13. field- Marshal smuts

# بەشی دوازدەهەم

**تێبینییەکی گشتی سەبارەت بەم بەشە**: لە هەر جێگەیەکی پێویستی کردبێت داوای گەڕانەوەم کردووە بۆ هەڵبژاردەکان-**هەڵبژاردەکانی بەرهەمی هیگڵ**، پیاچوونەوەی لۆنبێرگ، چاپی ١٩٢٩[١] ئەم هەڵبژاردە نایاب و بەردەستە، گەلێ لە قسەکانی هیگڵی لە خۆگرتوو کە بە باشترین شێوە دیاریکەر و جیاکەرەوەی بیر و بۆچوونەکانی ئەوە و لەم ڕووەوە، لە زۆر حاڵەتدا، هەلی هەڵبژاردنی وتە وەرگیراوەکانی ئەوی ڕەخساندووە . لە گەڵ ئەوەشدا ، لە هەر شوێنێك ڕستەیەکی هەڵبژاردەکانم وەرگرتبێت، یەکڕاست داوای گەڕانەوەم کردوو بۆ دەقە سەرەکییەکانی هیگڵ. هەروەها بە پێی توانا لە **کۆمەڵە بەرهەمەکانی هیگڵ**[٢] بەڵگەم هێناوەتەوە. نووسینێکی گرنگ لەمەڕ **ئینسکلۆپیدیای {زانستە فەلسەفییەکان}** لە **کۆمەڵەدا** نەنووسراوە و لە ژێرناوی "**ئینسکلۆپیدیای١٨٧٠**"[٣] ئاماژەی بۆکراوە.وتە خواستەکانم لە **فەلسەفەی ماف** بە پێی ژمارەی بەندەکانی ئەو کتێبەیە و پیتی"د" دەریدەخات کە ئەم پارچەیەی باسی دەکەین تایبەتە بە یادداشتی دەرزەکان کە لە چاپی ١٨٣٣ گانس[٤]دا زیادکراوە. دەستەواژەکانی وەرگێڕەکانم لە هەمووجێگایەك وشە بە وشە وەرنەگرتووە.

1. Hegel: selection, edited by lowenberg, 1929. (from the modern student’s library of philosophy)

٢. لە پێناو کورتبڕیدا، پۆپەر ئەم کتێبەی خوارەوە بەدوو پیتی WW ئاماژەی بۆ دەکات و ئێمەش تەنیا بە **کۆمەڵە** ناوی دەبەین:

Hegel’s samtliche werke, herausgegeben von H. Glockner, Stuttgart (from 1927 on).
3. Encycl. 1870. G.W.F. Hegel, Encyclopödie, herausgegeben von K. Rosenkranz, Berlin, 1870.
4. Gons

٧. پارچەی جێگەی باس ، لە خوارووتر لە یادداشتی (٢)٤٣ ئاماژەی بۆ کراوە و شیکراوەتەوە.

٨. سەبارەت بە هەشت پەرەگرافە وەرگیراوەکە لەم بەندەی {دەقەکەدا}، بگەڕێنەوە بۆ هەڵبژاردەکان، ل ٣٨٩(=**کۆمەڵە**، بەرگی ٦ ،ل٧١)" ل ل ٤٤٧،٤٤٣،٤٤٦ (سێ پەرەگرافی وەرگیراوە)" و ل ٣٨٨

(=**کۆمەڵە** بەرگی ١١، ل ٧٠) (دوو پارەگرافی وەرگیراو ).

وتەکان لە بنچینەدا هی **فەلسەفەی مافن** (بەندەکانی ٢٧٢د،٢٥٨د، ٢٧٠د): یەکەمین و دوایین پارچەی هی **فەلسەفەی مێژووە**.

سەبارەت بە بیر و ڕای هیگڵ لە مەڕ گشتگەرایی و تیۆرەکەی لە هەمبەر ئۆرگانیکیەتی دەوڵەت ،بۆ نموونە بگەڕێنەوە بۆ ئاماژەکانی بۆمنێینوس ئاگریپا(**لی ڤیوس**، بەرگی ٢، ل٣٢) لە فەلسەفەی مافدا، بەندی ٢٦٩د (بۆ ئاگاداربوون لەم ڕەخنانەی ئاراستەی ئەم بۆچوونە کراون ، بگەڕێنەوە بۆبەشی دەیەم، یادداشتی ٧). سەبارەت بە فۆرمۆلبەندییەکەی لە مەڕ بەرانبەرێتی نێوان بەتوانایی گرووپێکی ڕێکخراو و بێتوانایی "ئاپۆڕا یان کۆمەڵێکی یەکە لێکجیاکان" بگەڕێنەوە بۆ کۆتاییەکانی بەندی ٢٩٠د (هەروەها بەراوردی بکەن لە گەڵ یادداشتی ٧٠ لەم بەشەدا).

هیگڵ لە دووحاڵەتی زۆر گرنگیتریشدا پەیڕەوی لە ڕێنماییەکانی ئەفلاتوون دەکات (١) تیۆری تایبەت بە یەکە و کەم و فرە[١٤] (بگەڕێنەوە بۆ نموونە بۆ **فەلسەفەی ماف**، بەندی٢٧٣): پاشا یەك کەسە" **ژمارە کەمەکان** لە گەڵ {دەسەڵاتی} جێبەجێکردن و **ژمارە زۆرەکان**...لە گەڵ {دەسەڵاتی} یاسادانان دێنە ناو مەیدانەوە. لە بەندی (٣٠ و بەندەکانی دیکەشدا دیسان ئاماژە بە "زۆرەکان" کراوەتەوە.

(٢)تیۆری بەرانبەرێتی نێوان مەعریفەو ڕا (بگەڕێنەوە بۆ ئەو باسەی کە سەبارەت بە بەندی ٢٧٠ **فەلسەفەی ماف** (**ئازادی هزر**) لە دەقەکەدا لە میانی داوای گەڕانەوە بۆ یادداشتی ٣٧و٣٨ هەر لەم بەشەدا هاتووە).

١٤. یان "یەکێك"و "هەندێك"و "زۆران".



هیگڵ سوود لەم تیۆرە وەر دەگرێت بۆ وەسفکردنی ڕای گشتی وەك "بیر و باوەڕی ئاپۆڕا {یان زۆرەکان}"

یان تەنانەت "هەوەسبازی ئاپۆڕا {یان زۆرەکان}" . بەراوردی بکەن لە گەڵ **فەلسەفەی ماف**، بەندی ٣١٦ بە دواوە و یادداشتی ٧٦ لەم بەشەدا.

بۆ زانیاری لە سەر ئەو ڕەخنە سەرنجڕاکێشەی کە هیگڵ لە ئەفلاتوونی گرتووە و ئەو بادانەوە سەرنجڕاکێشترەی کە هیگڵ لە ڕەخنەکەی خۆیدا ئەنجامی دەدات، بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی (٢) ٤٣ لەم بەشەدا.

٩.سەبارەت بەم بۆچوونانەی لێرەدا بەیان کراون، بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆبەشی بیست و پێنجەم .

١٠. بەراوردی بکەن لەگەڵ **هەڵبژاردەکان**، ل xII("پێشەکی" کتێبەکە بە پێنووسی لۆبنێرگ).

١١. مەبەستم نەك هەر پێشینیە نزیك و جیانەکراوەکانییەتی لە فەلسەفەی نوێدا (وەك فیختە و شلێگڵ[١٥] شیلنگ بەتایبەتی شلایر ماخەر[١٦])، بەڵکو بناوانەکەیەتی لە فەلسەفەی دێریندا (واتە هێراکلیتوس و ئەفلاتوون و ئەرستۆ) و جگە لە مانە، بەتایبەتی ڕۆسۆ و سپینۆزا و مۆنتسکیۆ[١٧] و هێردر و بێرك[١٨] و شیلەری شاعیری مەزن. قەرزداری هیگڵ بە ڕۆسۆ و مۆنتسکیۆ (**ڕۆحی یاساکان**، کتێبی نۆزدەهەم ، بەشی ٤بەدواوە) و هێردر (لەبەر کتێبەکەی بەناوی **ڕۆحی نەتەوە**[١٩]) دیار و بەرچاوە. بەڵام پەیوەندی لەگەڵ سپینۆزادا لە ئاستێکی چۆنایەتی تر دایە. سپینۆزا بڕوای بە پێویستی هۆیەتی هەبوو. هیگڵ دوو بیرۆکەی گرنگی

١٥. Friedrich von schlegel (١٧٧٢ـ١٨٢٩) شاعیر و توێژەری ئەڵمانی.

١٦. F.D.E. schleiermacher (١٧٦٨ـ١٨٣٤) مەسیحی و عارفی ئەڵمانی کە بڕوای بە کاریگەری قووڵی هەستوسۆزو ئیشراق هەبوو لەسەر ئاینی.

١٧. Charles de secondat Baron de Montesquieu (١٦٨٩ـ١٧٥٥) بیرمەندی بەناوبانگی فەرەنسی و نووسەری کتێبی **ڕۆحی یاساکان**.

١٨. بگەڕێنەوە بۆ بڕگەی ٤ لەم بەشەدا.

19. J.G. Herder, spirit of the nation

لێخواستووه یان ئەگەر بە شێوەیەکی باشتر بیڵێم ، لەگەڵ مەبەستەکانی خۆیدا دەیگونجێنێت . سەرەتا ئەم بیرۆکەیە کە سەرەبەستی بوونی نییە تەنیا لەدەست نیشان کردنی عەقڵانی زەرووەتی[٢٠] هەموو شتێك و لەو کاریگەرییەش کە عەقڵ و دەست نیشان کردن دەتوانێت لە سەر هەڵچوونەکانی دابنێت. هیگڵ بە چەشنێك ئەم بیرۆکەیە گەشە پێدەدات کە عەقڵ (یان "رۆح") لای ئەو یەکسانە بە ئازادی و بڕوای بەوە هەیە کە ئازادی یان سەربەستی {هەڵبژاردن} هەمان حەقیقەتی زەرووەت یان ناچار بوونە. (**هەڵبژاردەکان**، ل ٢١٣: **ئینسکلۆپیدیای** ١٨٧٠، ل ١٥٤). تەوەری بیرۆکەی دووەم ، بڕوای سەرسوڕهێنەری سپینۆزایە بە پۆزەتیفیزم لەئەخلاقدا —یاخود بەجۆرێکی تر، ئەم تیۆرە کە هێز، هەقە. سپینۆزا دەیەویست سوود لەم بیرۆکەیە وەربگرێت بۆ ململانێ لەگەڵ ئەو شتەی بە حکوومەتی هێز و زۆرەملێ ناوزەدی دەکرد، واتە ئەو حکوومەتەی هەوڵ دەدات لە ڕادەبەدەر دەسەڵاتی ڕاستەقینەی خۆی پیادەبکات. سپینۆزا بە شێوەیەکی سەرەکی نیگەرانی ئازادی ڕادەربڕین بوو هەربۆیە ڕێنمایی دەکرد کە ئاستەمە حوکمڕانێك بتوانێ بیر ناچار بکات (چونکە بیر ئازادە) و هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە محاڵە و ئیشێکی ملهوڕانەیە. لەسەر بنەمای ئەم ڕێنماییە، پشتیوانی لە دەوڵەتە نادینییەکان دەکرد لە بەرانبەر کەنیسەدا (بە دڵسافی هیوادار بوو دەوڵەتە نادینەکان، تەنگ بە ئازادی بیرکردنەوە هەڵنەچنن ) . هیگڵیش پشتیوانی دەوڵەت بوو لە بەرانبەر کەنیسەدا و زمان لووسی لە مەڕ ئازادی هزر دەکرد کە ئاگاداری گرنگییە سیاسییە مەزنەکەی بوو (بگەڕێنەوە بۆ دیباجەی **فەلسەفەی ماف**)، بەڵام لە هەمان کاتدا،ئەم بیروکەیەی توشی لاڕێی کردو بانگەشەی ئەوەی دەکرد دەبێ دەوڵەت هەق و (ناهەق) دیاری بکات و دەتوانێ هەموو ئەو شتانە قەدەغە و سەرکوت بکات کەلای پوچەڵ و باتڵە(بگەڕێنەوە بۆ ئەو باسەی کە لەو دەقەدا لە نێوان داوای گەڕانەوە بۆ هەرد و یاداشتی ٣٧،٣٨ سەبارەت بە بەندی ٢٧٠ **فەلسەفەی مافدا** هاتووە). ئەوەی هیگڵ لەشیلەری وەرە گرتووە (بێ ئەوەی ئاماژە بە قەرزباری خۆی بکات یان تەنانەت واپێشان بدات وتەی کەسێکی خواستووه) پەیڤە بەناوبانگەکەیەتی سەبارەت بەمە کە: "مێژووی جیهان ، دیوانی دادی جیهانییە".ئەم وتەیە (کە لەکۆتایی بەندی ٣٤٠فەلسەفەی مافدا نووسراوە- بگەڕێنەوە بۆ دەقی تایبەت بە یادداشتی٢٦) گەلێ شت لەخۆدەگرێت لە مەڕ فەلسەفەی سیاسی هیگڵ. فەلسەفەی سیاسی هیگڵ لە سەر بنەمای مێژووگەرایی دامەزراوە و نەك هەر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەربڕی

20. necessary



بەندایەتییەکەیەتی لە بەرانبەر سەرکەوتن و لەوێشەوە دەسەڵاتدا، بەڵکو دەربڕی بڕوا بوونییەتی بە پۆزەتیڤیزمی ئەخلاقی و تیۆرەکەیشی سەبارەت بەعەقڵانی بوونی مێژوو .

ئەم پرسە کە ئایا هیگڵ لەژێر کاریگەری ڤیکودا بووە یان نا، وەك دیارە هێشتا یەکلای نەکراوەتەوە .

(وەرگێڕانی ئەڵمانی ڤیبەر بۆ کتێبی **زانستی نوێی** (ڤیکۆ) لە ساڵی ١٨٢٢دا بڵاو کرایەوە .)

١٢. شوپنهاوەر نەك هەر ئەفلاتوون بەڵکو هیراکلیتوسیشی زۆر خۆشدەویست و ستایشی دەکرد و پێیوابوو بەڕەڵاو سەرسەریەکان وەك چوارپێ ورگی خۆیان دەئاخنن و ئەم وتەیەی بیاسی[٢١] لە گوێ گرتبوو کە دەیووت "مرۆڤەکان هەموویان بەد خەسڵەت و شەڕانگێزن". بڕوای وابوو حکوومەتی ئەرستۆکراتی بەو شێوازەی ئەفلاتوون داوای دەکات ، باشترین حکوومەتە و لە ناسیۆنالیزم، بەتایبەتی ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی زۆر بێزار بوو و جیهانی بە نیشتمانی خۆی دەزانی. ئەو ترس و بێزارییە تا ڕادەیەك جاڕزکەری کە شۆپنهاوەر لە بەرانبەر شۆڕشگێڕەکانی ١٨٤٨دەریدەبڕی، ڕەنگە لە ڕوویەکەوە هۆیەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە ترسی لەوە هەبوو نەکا لە ژێر سایەی "حکوومەتی بەڕەڵاو سەرسەرییەکان" لە سەربەخۆیی بێبەش بکرێ و لە لایەکی تریشەوە لە بەر ئەوەی لە ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیستی ئەم بزووتنەوەیە بێزار بوو.

١٣.سەبارەت بە پێشنیارەکەی شوپنهاوەر بۆ هەڵبژاردنی ئەم دروشمەی (کە لە شانۆنامەی **سیمبلین**[٢٢]ی شکسپیر (پەردەی پێنجەم، دیمەنی چوارەم وەریگرتووە)، بگەڕێنەوە بۆ کتێبەکەی **ئیرادە لە سروشتدا**، لاپەڕە ٧[٢٣]. دوو وتە وەرگێراوەکەی دواتری لە بەرهەمەکانی[٢٤] وەرگیراوە ("دیباجە" پیاچوونەوەی دووەم، **جیهان وەك ئیرادە و نواندن**[٢٥]، تۆخکردنەوەی وشەکان لەمنەوەیە ). بە بڕوای من، بێگومان هەر کەسێك شوپنهاوەر بخوێنێتەوە، دەکەوێتە ژێر

٢١. Bias دانای یەیونیایی بەر لە سوقرات، خەڵکی پری نییە کە نزیکی ساڵی ٥٧٠ پێش زایین ناوبانگی دەرکرد و بەیەکێك لەحەوت داناکەی یۆنانی دێرین دەژمێردرێت.

22. Cymbeline.

23. A. Schopenhauer, will in nature (4th ed. 1878), p. 7.

24. A. Schopenhauer, works (2nd ed., 1888) vol. v, 103f and vol. II, p. XVII f.

٢٥. The world as will and idea ناونیشانی تەواوی ئەم کتێبە بە ئەڵمانی بریتییە لە:
Die welt als wille and vorstellung

کاریگەری دڵسۆزی و ڕاستگۆییەکەی. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ داوەرییەکەی کێرکی گۆر[٢٦] سەبارەت بەم کە لە دەقی تایبەت بە یادداشتی ١٩و٢٠، بەشی بیست و پێنجەم ئاماژەی بۆکراوە.

١٤.یەکەمین نووسین کە شولگەر لە ساڵی **١٨٣٩** دا بڵاوی کردەوە، وتارێك بوو لە بیرەوەری هیگڵدا .

ئەو ڕستانەی وەرمگرتووە هی **میژووی فەلسەفە**- کەیەتی کە سترلینگ وەریگێڕاوە[٢٧] .

١٥.کارد دەنووسێ: "یەکەمین کەس کە بە دەربڕینێکی تۆکمە، پرەنسیپە (فەلسەفییەکانی) هیگڵی دەرخستەوە و بەخوێنەرە ئینگلیزییەکانی ناساند، دکتۆر هاچینسن سترلینگ بوو!" ئەمە دەریدەخات سترلینگ زۆر بەجددی وەرگیراوە. ئەم ڕستانەی کە تۆزێ دواتر ئاماژەیان بۆ کراوە هی **بەدواداچوونەکانی**[٢٨] سترلینگە لە سەر **مێژووی فەلسەفەی** شوەگلەر(ل ٤٢٩). ئەم ڕستەیەش کە کراوەتەوە سەر دێڕی ئەم بەشە هەر لەم کتێبە (ل ٤٤١) وەرگیراوە.

١٦. سترلینگ دەنووسێ (هەمان کتێب ،ل٤٤١):"لە ڕوانگەی هیگڵەوە دواجار گرینگترین شت ئەوە بوو کەتاك ،هاوڵاتییەکی باش بێت و بە بڕوای ئەو کەسێکی ئەوتۆ ،پێویستی بە فەلسەفە نابێت. لەم ڕووەوەیە سەیردەکەن کەسێك بە ناوی مسیۆ دوبۆك[٢٩] لەنامەیەکدا کە بۆ هیگڵی نووسیوە سەبارەت بەو کێماسیانەی کە لە تێگەیشتنی سیستەمی (فەلسەفی هیگڵ) هەیەتی شیکردنەوەیەك دەنووسێت و هیگڵ پێی دەڵێت لە ئاستی سەرۆکێکی لێهاتووی بنەماڵەیەك و باوکی خێزانێك و لە گەڵ بوونی ئیمانێکی پتەو ، هەرچییەکی پێویستە هەیبێت هەیەتی و دەتوانێ لەمە زیاتر —بۆ نموونەفەلسەفە-وەك جوانکاری (تجملات)هزری لە قەڵەم بدات." کەواتە، بەپێی وتەکەی سترلینگ، **هیگڵ هیچ حەزی لەوە نەدەکرد کێماسییەکی سیستەمی(فەلسەفی خۆی) چاك بکات، بەڵکو تەنیا گەرەکی بوو هاووڵاتییە "خراپەکان"بگۆڕێ بۆ هاوڵاتی "باش"**.

٢٦. S. Kierkegaard (١٨١٣ـ١٨٥٥). فەیلەسووفی دانیمارکی، یەکێکە لە پێشڕەوانی فەلسەفەی وجودی نوێ و نەیارێکی سەرسەختی هیگڵە.
27. F.C.A. Schwegler, History of philosophy, trans. H. stirling, 7th ed., p. 322.
28. Annotations
29. Duboc



١٧. سترلینگ، هەمان کتێب،ل ٤٤٤ بەدواوە. بەم جۆرە درێژە بە دوایین رستە دەدات کە لە دەقەکەدا ئاماژەمان بۆ کردووە :"من گەلێ سوودم لە هیگڵ وەرگرتووە و هەمیشە بە سوپاسەوە دان بەم خاڵەدا دەنێم، بەڵام هەڵوێستی من سەبارەت بەو، هەڵوێستی کەسێك بووە کە ویستوویەتی بە تێگەیاندنی ئەوەی بۆ لێتێگەیشتن ناشێت، خزمەتێك بە خەڵك بکات." لەکۆتاییدا بەم چەشنە دوایی بە قسەکەی خۆی دەهێنێت : "بە رای خۆم...ئامانجە گشتییەکەی من، لەگەڵ ئامانجی گشتی هیگڵدا یەك شتە ...واتە ئامانجی فەیلەسووفێکی مەسیحی."

١٨.بۆ نموونە بگەڕێنەوە بۆ: **کتێبی دەرسیی {یان قوتابخانەیی} فەلسەفەی مارکسیست**[٣٠] .

١٩. ئەم ڕستەیەم لە کتێبی لە ڕادەبەدەر بە نرخی ئەندرس وەرگرتووە بەناوی **ناسیۆنالیزم و قەیرانی کەلتووری لە پروسیا لە نێوان ١٨٠٦تا١٨١٥**[٣١] . شیکردنەوەکەی ئەندرسن بۆ ناسیۆنالیزم ،شیکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانەیە. بە ئاشکرا دەریدەخات کە توخمێك لە نەخۆشی دەروونی و هیستریای لە ناسیۆنالیزم دایە (بۆ نموونە بەراوردی بکەن لە گەڵ لاپەڕەی ٦ی کتێبەکەی).

لەگەڵ ئەوەشدا، من بە تەواوی کۆك نیم لەگەڵ تێڕوانینەکەیدا. بە ڕای من، ئەندرسن لە ژێر کاریگەری ئەو هۆگرییەی وەك مێژوونووسێك بۆ تاوتوێکردنی بابەتیانەی دۆزەکان هەیەتی ، لە ڕادەبەدەر بزووتنەوەی ناسیۆنالیزم بە جددی وەردەگرێت . ئەو شتەی بە تایبەتی لەگەڵیدا هاوڕانیم ئەمەیە کە فردریك ویلهلم لەبەر تێنەگەیشتنی لە بزووتنەوەی ناسیۆنالیزم مەحکووم دەکات. لە لاپەڕە ٢٧١دا دەنووسێت: "فردریك ویلهلم توانای دەست نیشان کردنی مەزنایەتی نەبوو- جاچ مەزنیی ئارمانجەکان بێت یان مەزنی کردەوەکان . شارێگای ناسیۆنالیزم کە ئەدەب و فەلسەفەی گەنج و گەشەسەندووی ئەڵمانی بە رووی هەموانیدا کردەوە، بەردەوام لای ئەم بە نەکراوەی مایەوە".

بەڵام باشترین بەشی ئەدەب و فەلسەفەی ئەڵمانی، دژی ناسیۆنالیزم بوو، کانت و شۆپنهاوەر هەردووکیان دژە نەتەوەیی[٣٢] بوون و تەنانەت گۆتە خۆی لە ناسیۆنالیزم دوور دەختەوە.

30. A. Textbook of Marxism philosophy.
31. E.N. Anderson, Nationalism and the cultural crisis in Prussia, 1806-1815 (1939), p. 270.
32. anti- national

کەواتە، بۆ پاکانە ناشێت، ئەگەر چاوەڕوانی ئەوەمان لە کەسێك بە تایبەتی کەسێکی پارێزکار و سادە و بیرپای وەك پاشا هەبێت ، کە زۆر بلێیەکانی {چەند بازییەکانی} فیختە بیهەژێنێ، بێگومان ، گەلێ کەس بە تەواوی لەگەڵیدا هاوڕان کە باسی "نوسینەکانی سەد منی غازێکی بێ سەرو بن"ی دەکرد(هەمان کتێب، هەمان شوێن). من هیچ قسەم لەسەر ئەوە نییە کە پارێزکاری پاشا زور جێگای داخە،بەڵام لەهەمان کاتدا، گەورەترین رێزیش لە سادەیی و بەرەنگارییەکەی دەکەم لەبەرانبەر شەپۆلی شێتانەی ناسیونالیزمدا.

٢٠.هەڵبژاردەکان، صXI ("پێشەکی") لونبێرك).

٢١.بگەڕێنەوە بۆ بەشی پێنجەم، یادداشتی ١٩،بەشی یازدەهەم، یادداشتی ١٨ بابەتی پەیوەندیدار بەمە لەدەقەکەدا.

٢٢.سەبارەت بەم وتە وەرگیراوە،بگەڕێنەوە بۆ **هەڵبژاردەکان**، ل١٠٣(=**کۆمەڵە**، بەرگی ٣، ل١١٦).لەمەڕ وتە وەرگیراوەکەی دواتر، سەیری **هەڵبژاردەکان** بکەن، ل١٣٠(=گ.و.ف هیگڵ، **بەرهەمەکان**، بەرگی ٦، ل٢٢٤)[٣٣]. دواین وتەی وەرگیراوی ئەم بەندە هی هەڵبژاردەکان، ل١٣١-٥ (= بەرهەمەکان، بەرگی٦، ل٢٢٤-٢٢٥).

٢٣.**هەڵبژاردەکان**، ل١٠٣(=**کومەڵە**، بەرگی ٣، ل١٠٣).

٢٤. **هەڵبژاردەکان**، ل١٢٨(=**کۆمەڵە**، بەرگی ٣، ل١٤١).

٢٥.ئاماژەکەم بۆ برگسۆن و کتێبەکەیەتی بەناوی **پەرەسەندنی ئەخلاق**[٣٤]. پێدەچێت کە خەسڵەتی هیگڵیانەی ئەم نوسینە هێشتا بەو شێوەیەی پێویست نەناسرابێت. ڕەوانبێژی و پاراوی زمانی برگسۆن و ئەو شێوازە بەڵگەییەی بۆ دەربڕینی بیر و بۆچوونەکانی بەکاری دەهێنێت، هەندێجار پەیبردن بەم خاڵە دژوار دەکات کە چەندە فەلسەفەکەی وابەستەی فەلسەفەکەی هیگڵە. بەڵام ئەگەر بۆ نمونە ئەمە بێنینە پێش چاوی خۆمان کە بەپێی رێنمای برگسۆن، ماهییەت بریتییە لە گۆڕان یان ئەگەر نموونەی هاوشێوەی ئەم پارچەیەی خوارەوە بخوێننەوە(**پەرەسەندنی ئەخلاق**، ل(٢٧٨،٢٧٥)، هیچ گومانێکمان لە مەڕ ئەم بابەتە نابێت:

33. G.W.F. Hegel, werks, Berlin and Leipzig, 1832-1887, VI, 224.
34. H. Bergson, the creative Evolution (Engl. Trans. by A. Mitchell, 1913).



دەنووسێت: "شتێکی تر کە لایەنیخودیی هەیە،پێشکەوتنە بەرەو ناوەڕۆك بینی. ئەگەر شیکردنەوەکەمان راست بێت، خود ئاگایی، یان بە جۆرێکی تر، سوپەرخودئاگایی[٣٥]، لە ناو سەرچاوەی ژیان دایە. خودئاگایی ڕێك هاوجووتە لەگەڵ سەربەستی هەڵبژاردن لای بووی زیندوو و لە ڕووی ڕادەی ڕاستییەوە یەکسانە بەو بازنەیەی کردەوە ممکینەکان کە دەوری کردەوە ڕاستەقینەکان دەگرێت. **خودئاگایی** لەگەڵ هێزی چێکردن و **لەگەڵ سەربەستیدا هاوواتایە**". (تۆخ کردنەوەی وشەکان لە منەوەیە). بە یەکسان زانینی خودئاگایی (یان "ڕۆح") لە گەڵ سەربەستی، دەربڕینی هیگڵە بۆ فەلسەفەی سپینۆزا. تەنانەت هەندێ جار دەتوانین هەندێ لە تیۆرەکانی هیگڵ بێ دوودڵی بە تیۆری "برگسۆن" وەسف بکەین. بۆ نموونە سەیری ئەم نموونەیە بکەن: "حەقیقەتی ڕۆح ڕێك هەمان چالاکییە کە هێزەکانی وەڕاست دەگەڕێنێ و خۆی دەکاتە کارو ئیشی خۆی ..." **هەڵبژاردەکان**، ل ٤٣٥(=**کۆمەڵە**، بەرگی١١، ل ١١٣ )).

٢٦. بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٢١تا٢٤، بەشی یازدەهەم و بابەتەکانی دەقەکە . ئەم پارچەیەش مشتێکە لە نموونەی خەروار: " بنچینەی پەرەسەندن، وەك لە خۆگری تۆوی بوون لە حاڵەتی ماتی دا- واتە ئەو توانا یان لێهاتوویەیە کە لە هەوڵی وەڕاست گەڕان دایە." (**هەڵبژردەکان**، ل٤٠٩ (=**کۆمەڵە**، بەرگی١١، ل٨٩). سەبارەت بەم وتەیە کە لە خوارتر لەم بەندەدا ئاماژەی بۆ کراوە، بگەڕێنەوە بۆ **هەڵبژاردەکان**، ل ٤٦٨ (**فەلسەفەی ماف**، بەندی ٣٤٠:هەروەها بەراوردی بکەن لە گەڵ یادداشتی ١١ی ئەم بەشە).

٢٧.لە لایەکی ترەوە، بە سەرنجدان لەمە کە تەنانەت هێگلیانیەتی پلە دوو کە هیچ نەبوون جگە لە فیختەگەرایی و ئەرستۆ گەرایی پلە سێ و چوار، زۆربەی کاتەکان بە هاتو هاوارەوە وەك دەسکەوتی ڕەسەن و داهێنەرانە نرخێنراوە، ڕەنگە قسەکردن لەسەر ئەوە کە هیگڵ رەسەنایەتی نەبووە، تا ڕادەیەك سەختگیری بێت دەرهەق پێی. (لە گەڵ ئەوەشدا، بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ١١).

35. super- consciousness

٢٨. کانت، **هەڵسانگاندی عەقڵی پەتی**، پیاچوونەوەی دووەم، ل ١٥٤(سەرووی لاپەڕەکە): هەروەها ل٥١٨(کۆتایی پاژی ٥). ڕستەکانی سەردێڕی "پێشەکی" ئەم کتێبە، نامەیەکی کانتە بۆ مێندڵسۆن[٣٦] لە ڕێکەوتی ٨ ئاوریلی ١٧٦٦.

٢٩. بگەڕێنەوە بۆ بەشی یازدەهەم، یادداشتی ٥٣وبابەتی پەیوەست بەمە لە دەقەکەدا.

٣٠. ڕەنگە ئەم گریمانەیە ژیرانە بێت کە ئەوەی زۆربەی کاتەکان بە "ڕۆحی زمانێك" ناوزەد دەکرێت، بە زۆری **نەریتی باوی پاراو نووسین** بێت کە نووسەرە گەورەکان دەیهێننە ناو ئەم زمانە. هەڵبەتە لە هەموو زمانێکدا جگە لە پاراوی، هەندێ پێڤانی بۆماوەیی تریش لە ئارادەیە،وەك سادەیی و جوانی پەیڤ و کورت بڕی و تاد، بەڵام پاراوی و ڕوونی لە هەمویان گرنگترن و جگە لەمە، یەکێك لەو میراتە کەلتوورانەیە کە دەبێ زۆر بەوردی پارێزگای لێبکرێت. زمان یەکێکە لە گرینگترین دەزگاکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەرکەکەی وەك هۆیەك بۆ تێگەیشتن و تێگەیاندنی عەقڵانی پەیوەندی بە پاراوی و ڕوونییەوە هەیە. ئەرکی زمان بۆ گواستنەوە و هەستوسۆز گرنگییەکەی زۆر لەمە کەمترە، چونکە دەکرێت بێ ئەوەی یەك و شەش دەربڕێت، کۆمەڵێك هەستو سۆز بگوازرێتەوە.

* ئەم خاڵەش شایانی باسە کە ئەگەر چی هیگڵ گەلێ شت لە بیرکەوە سەبارەت بەگرنگی گەشەی مێژوویی نەریتەکانەوە فێر بوو ، بەڵام بە کردەوە لەلایەکەوە بەهۆی تیۆری "فێڵی عەقڵ"[٣٧] کە لە باسی هەڵچوونەکاندا ختسییە ڕوو (بگەڕێنەوە بۆ یادداشتەکانی ٨٢و٨٤ لە دەقەکەدا) و لە لایەکی ترەوە، بە هۆی ئەو میتۆدەی لە بەڵگەخوازیدا بەکاریدەهێنا، ڕۆڵێکی‌کاریگەری هەبوو لە نابوودکردنی نەریتی عەقڵانییەت کە بە دەستی کانت دامەزرابوو. کارێکی تری هیگڵ ئەوە بوو کە بەپشت بەستن بە ڕێژەگەرایی مێژوویی- واتە ئەو تیۆرەی کە ئێژێ حەقیقەت ڕێژەییە و پەیوەندی بەرۆحی سەردەمەوە هەیە- نەریتی حەقیقەتخوازی و ڕێزگرتنی ڕاستگۆیی وێران کردن. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ برگەی ٤ی ئەم بەشە و بۆ وتارەکەم

٣٦. M. Mendelssohn (بە ئەڵمانی مێندلسنرون) (١٧٢٩ـ١٧٨٦). فەیلەسووفی یەهوودی ئەڵمانی کە ژیرایەتی بەناوبانگ بوو و بە "سوقراتی ئەڵمان" ناوزەد کرابوو. لەگەڵ کانتدا نامە گۆڕینەوەی هەبووە کە روون کردنەوەی کێشەی فەلسەفەی کانت بەسوودە. باپیری فلیکس میندلسۆن بارتولدی ئاوازدانەرێکی بەناوبانگی ئەڵمانی بوو.

37. “The cunning of reason”



لەژێرناوی **بەرەو تیۆرێکی عەقڵانی لە مەڕ نەریت** کە یەکەمجار **لەساڵنامەی عەڵقگەرا** (ساڵی ١٩٤٩) بلاّو کرایەوە و ئێستا بەشێکە لە کتێبی **حەدسیات و ڕەدیات**.*

٣١. زۆر بە دەگمەن کەسێك هەوڵیداوە دیالێکتیکی کانت و (تیۆرەکەی سەبارەت بەپرسی دیالێکتیکی دوو لایەنە) ڕەد بکاتەوە. ڕەخنەی جددی لەپێناو ڕوون کردنەوەی بەڵگەخوازییەکانی کانت و دەربڕینەوەیان لە قاڵبی دەستەواژەی دیکەدا، یەکیان لە کتێبەکەی شوپنهاوەر، **جیهان وەك ئیرادە و نواندن** خراوەتە ڕوو و ئەویتریان لە کتێبەکەی فریسدا بە ناوی **ڕەخنەی نوێ یان ئەنترۆپۆلۆژیانەی عەقڵ**[٣٨]. بە پێی لێکدانەوەی من، کانت بڕوای بەوە هەیە کە لەو جێگایەی ئەزموون نەتوانێت بارگە و بنەی تیۆرە پووچەڵەکان تێکەوەپێچێت، تێڕامانی ڕووت ناتوانێ هیچ شتێك تۆمار بکات. (بگەڕێنەوە بۆ گۆڤاری **مایند**، ساڵی ١٩٤٠، ١٩٤٩، ل٤١٦ و **حەددسیات و ڕەدیات**، ل٣٢٦ بەدواوە. هەر لەو خولەی **مایندا**(ل٢٠٤بەدواوە) م.فرید[٣٩] ڕەخنەیەکی وردوسەرنج ڕاکێشی لە کانت گرتووە.) لە بەشی بیست و سێیەم، وێڕای شیکردنەوەی لایەنی کۆمەڵایەتی میتۆدی زانستی و لە بەشی بیست و چوارەمدا لە ڕاڤە کردنی چەمکی"عەقڵ"، هەوڵێکیش دراوە بۆ تێگەیشتن لە تیۆری دیالێکتیکی هیگڵ سەبارەت بە عەقڵ و لێکدانەوەکەی بۆ عەقڵ لە سەر بنەمای کۆگەرایی( یان بە قسەی خۆی"ڕۆحی بابەتی".

٣٢. لەنووسینێکدا لەژێر ناوی **دیالێکتیك چییە**؟[٤٠] هۆکارەکانی ئەم شتەم بە تێر و تەسەلی باسکردووە (بگەڕێنەوە بۆ گۆڤاری **مایند**، ٤٩، ل ل ٤٠٣ بە دواوە، بەتایبەتی دواین ڕستە لە لاپەڕە ٤١٠“ هەروەها بۆ **حەددسیات و ڕەدیات**، ل ٣٢١). هەروەها بگەڕێنەوە بۆنووسینێکی لە ژێرناوی **ئایا ناتەباییەکان لەخۆگرن**[٤١]؟

*ئەم وتارە پاش نووسینی ئەم چەند دێرە ، لە گۆڤاری **مایند** (ساڵی١٩٤٣،١٩٥٢، ل٤٧ بەدواوە) بلاوکرایەوە. کتێبی کارناپ، **دەروازەی واتاناسی**، پاش ئەوەی ئەم وتارەم نووسی

38. J.F. Fries, New or Anthropological critique of Reason, 2nd German ed., 1828, pp. XXIV ff.
39. M. fried
40. what is Dialectic?
41. Are contradictions embracing?

بەدەستم گەیشت. لەو کتێبەدا زاراوەی "گشتگیر"[٤٢] بەکار دەهێنێت کە لە هەمبەر وشەی "لە خۆگر"[٤٣] باشتر دێتە بەر چاو.بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆ بەندی٣٠ کتێبەکەی کارناپ.*

لە **دیالێکتیك چییە**؟ دا کۆمەڵە پرسێك –بەتایبەتی پەڕینەوە لە کانتەوە بۆ هیگڵ و دیالێکتیکی هیگڵ و فەلسەفەی شوناسەکەی-خراوەتە ژێر تاوتوێ کردنەوە کە لەم کتێبەدا تەنیا بەکورتی ئاماژەی بۆکراوە. هەرچەندە هەندێ ڕستەی ئەو وتارە لەم کتێبەدا دووپات کراونەتەوە، بەڵام شێوازی خستنە ڕووی پرسەکان لەم دوو شوێنەدا تەواوکەری یەکترن. هەروەها هەڵبیسەنگێنن لەگەڵ یادداشتەکانی دواتر تا یادداشتی ٣٦.

٣٣. **هەڵبژاردەکان**، لXXVIII (وتە وەرگێراوەکە بەزمانی ئەڵمانییە: بۆزانیاری لە مەڕ وتەی هاوچەشنی ئەمە، بگەڕێنەوە بۆ **کۆمەڵە**، بەرگی ٤، ل٦١٨و **بەرهەمەکان**، بەرگی ٦ل٢٥٩). سەبارەت بە دۆگماتیزمی تۆکمە کە لەم بەندەدا خراوەتە ڕوو، بگەڕێنەوە بۆ **دیالێکتیك چییە؟** ل٤١٧و **حەددسیات و ڕەدیات**، ل٣٢٧، و یادداشتی (٥)، بەشی یازدەهەم.

٣٤.**دیالێکتیك چییە**؟ بە تایبەتی لە لاپەڕە٤١٤(پرسی"چۆن زەینی ئێمە دەتوانێت لە جیهان تێبگات؟" تا لاپەڕەی ٤٢٠(**حەددسیات و ڕەدیات**، ل ل ٣٢٥-٣٣٠).

٣٥. بە وتەی هیگڵ: "هەموو شتێکی بە کردەوە ، ئایدیایەکە." بەراوردی بکەن لەگەڵ هەڵبژاردەکان، ل١٠٣.

(=**کۆمەڵە**، بەرگی٣، ل١١٦). پۆزەتیڤیزمی ئەخلاقی لە تەواو (کامل)بوونی ئایدیایەوە دێتە ئارا.بگەڕێنەوە بۆ **هەڵبژاردەکان**، ل٣٣٨ (=**کۆمەڵە**، بەرگی ١١، ل٧٠) واتە دوایین پارچە کە لە دەقی تایبەت بە یادداشتی ٨ ئاماژەی بۆکراوە. هەروەها بگەڕێنەوە بۆبەندی ٦ ئینسکلۆپیدیا و"دیباجە"و بەندی ٢٧٠د، **فەلسەفەی ماف**. ڕەنگە پێویست بە وەبیرهێنانەوە نەبێت کە ناونیشانی **دیکتاتۆری مەزن**، لە بەندی پێشووشدا، ئاماژەیەکە بۆ فیلمە بەناوبانگەکەی چارلی چاپلین.

٣٦. **هەڵبژاردەکان**، ل١٠٣(=**کۆمەڵە**، بەرگی ٣ ،١١٦)بگەڕێنەوە بۆ **هەڵبژاردەکان**، ل١٢٨، بەندی ١٠٧

42. Comprehensive
43. Embracing (شامل)



(=**کۆمەڵە**، بەرگی ٣، ل١٤٢).

گومانی تیا نییە کە لە فەلسەفەی شوناسی هیگڵدا، کاریگەری تیۆری عیرفانی ئەرستۆ لە مەڕ مەعریفە-واتە یەکێتی سوژە(ناسێنەر)[٤٤] و ئۆبژە(ناسێنراو)[٤٥] بەرچاو دەکەوێت. (بەراوردی بکەن لە گەڵ یادداشتی٣٣، بەشی یازدەهەم،یادداشتەکانی ٥٩ تا ٧٠، بەشی دەیەم و یادداشتگەلی ٤و٦و٢٩تا٣٢، بەشی بیست و چوارەم).

ئەم خاڵەش بەو شتەی لەدەقەکەدا سەبارەت بە فەلسەفەی شوناسی {ئەمئەوەکی} هیگڵ وتوومانە، زێدە بکەین کە ئەمیش وەك زۆربەی فەیلەسووفە هاوسەردەمەکانی خۆی، پێیوابوو کە لۆژیك ،زانستی بیرکردنەوەو بەڵگە خوازییە (بگەڕێنەوە بۆ **دیالێکتیك** چییە؟ ل٤١٨).ئەو دەرەنجامەی لەکۆکردنەوەی ئەم تیۆرە لە تەك فەلسەفەی شوناسدا دەستدەکەوێت ئەوەیە کە لۆژێك زانستی هزرە یان زانستی عەقڵ یان ئایدیاکان وتەزەکان یان **شتە وەڕاستگەڕاوەکانە**. پێشەکییەکی تر ئەوەیە کە بیر بەشێوازی دیالێکتیکی بەرەو تەواوێتی دەڕوات. هیگڵ لەم پێشەکییانەوە بەم دەرئەنجامە دەگات کە ئەقڵ و ئایدییەکان یان وتەزاو شتە **وەڕاستگەوەکان**، هەموویان بەجەشنێکی دیالیتکی پەرە دەسێنن و لەئاکامدا بەم ئەنجامە دەگات کە **لۆژیك =دیالێکتیك و لۆژیك= زانستی واقیعەت (یان وەڕاستگەڕان)**. ئەم تیۆرە دواییان بە تیۆرە پان — لۆژیکیزمی[٤٦] هیگڵ ناسراوە .

لەلایەکی دیکەوە ،هیگڵ لەم پێشەکییانەوە بەم ئەنجامە دەگات کە وتەزاکان بەشێوازێکی دیالێکتیکی پەرە دەسێنن، واتە توانای خۆ ئەفراندنیان هەیە و دەتوانن لەنەبوون یان هیچەوە بێنە بوون و پەرەبسێنن. (**لە ئایدیای بوونەوە** دەست پێدەکات کەپێویستی بەدژەکەی خۆی واتە نەبوون هەیە و تێپەڕین لە **نەبوونەوە** بەرەو **بوون** واتە **سەیروورە** دێنێتە ئاراوە). دوو پاڵنەر لەپشت ئەم هەوڵەوەن بۆ هێنانە ئاراو گەشەپێدانی وتەزاکان لە هیچ یان نەبوونەوە. یەکەمین پاڵنەر ئەم وێنا هەڵەیەیە کە دەبێ فەلسەفە بێ ئەوەی شتێك وەك بەڵگەنەویست سەیر بکات و دەربەستی بێت، ئیشی خۆی دەست پێبکات (ئەم وێنایە دواجار سەر لەنوێ لەلایان هۆسرلەوە پشت ڕاست کرایەوە و لەبەشی بیست و چوارەمدا تاوتوێ کراوە) — بگەڕێنەوە بۆ یاداشتی ٨

44. knowing subject
45. Know object
46. pan- logism

لەو بەشەدا و بابەتە پەیوەندیدارەکانی لە دەقەکەدا ). ئەمە دەبێتە هۆی ئەو کەهیگڵ لە نەبوونەوە دەست پێ بکات.

پاڵنەرەکەی تریان ، هیوایە بۆ خستنە ڕووی پاساوێکی ڕێکوپێك سەبارەت بەخشتەی چەمکەکانی کانت. کانت وتبووی دوو چەمکی یەکەم لە هەر گرووپێکدا بەرانبەرێتی یەکترن و چەمکی سێیەم جۆرە سێنتێزێکی ئەم دووانەیە.

وتەکەی کانت و (کاریگەری فیختە) هیوای بە هیگڵ بەخشی بتوانێ هەمووچەمکەکان "بە چەشنێکی دیالێکتیکی" لە هیچ یان نەبوونەوە هەڵبێنجێت و لەم ڕێگەیەوە پاساو بۆ "زەرووەرت"ەکەیان بێنێتەوە.

٣٧. **هەڵبژاردەکان**، ل XVI (=**بەرهەمەکان**، بەرگی٦، ل ١٥٣-١٥٤).

٣٨. ئەندرسن،هەمان کتێب، ل ٢٩٤.ڕۆژی ٢٢مەی ١٨١٥ پاشا بەڵێنی دەستوور (یاسای بنەڕەتی)دا.

وەك دیارە بەسەرهاتی پزیشکی دەربار لە زۆربەی میرەکانی ئەم قوناغە (بۆ نموونە ئیمپراتۆری نەمسا، فرانسیسی یەکەم وجێگرەکەی ،فردنیادی یەکەم )دەگێڕنەوە. وتە وەرگێراوەکەی دواتر هی **هەڵبژاردنەکانە**،

ل٢٤٦(=**ئینسکلۆپیدیای** ١٨٧٠،ل٤٣٧-٤٣٨).

٣٩. **هەڵبژاردەکان**، ل٢٤٨ (=**ئینسکلۆپیدیای** ١٨٧٠،ل٤٣٧-٤٣٨).تۆخ کردنەوەی وشەکان لەمنەوەیە.

٤٠.بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی ٢٥ لە بەشی یازدەهەم .

٤١.سەبارەت بە **پارادۆکسی ئازادی** بگەڕێنەوە بۆ خوارتر بۆ یادداشتی (١)٤٣،چوار بەندی بەر لەیادداشتی ٤٢ لەدەقی بەشی شەشەم،هەروەها یادداشتەکانی٤و٦ لەبەشی حەوتەم ،یادداشتی ٧ لە بەشی بیست وچوارەم، بابەتی پەیوەست بەمە لە دەقەکە دا. (هەروەها سەیری یادداشتی ٢٠ بکەن لە بەشی حەڤدەهەمدا). ڕۆسۆ سەر لەنوێ ئەم پاڕادۆکسە بەشێوازێکی تر بەیان دەکات- بگەڕێنەوە بۆ **پەیمانی کۆمەڵایەتی**، کتێبی یەکەم، بەشی هەشتەم ،بەندی دووەم. بۆ ئاگادار بوون لە ڕێگا چارەی کانت، بگەرپێنەوە بۆ یادداشتی٤“ بەشی شەشەم. هیگڵ بەزۆری



ئاماژە بۆ ئەم ڕێگا چارەیە دەکات (بگەڕێنەوە بۆ **میتا فیزیکی ئەخلاق**، بەرهەمی کانت، "پێشەکی تیۆری ماف، بەندی ج)[47]- بۆ نمونە لە فەلسەفەی ماف،بەندی ٢٩، هەروەها بەندی ٢٧٠ بە پەیڕەوی کردن لە ئەرستۆ و بێرك[48]، بەڵگەخوازی دەکات بۆ ڕەفز کردنەوەی تیۆری لۆکۆفرون و کانت و بەم جۆرە گاڵتە جاڕانەیە دەربدەبڕێت :" ئەرکی تایبەتی دەوڵەت، پاراستنی گیان و ماڵ و هەواو هەوەسی هەموو تاکەکانە."

ئەو دوو وتەیەی لە سەرەتا و کۆتایی ئەم بەندەدا وەرمانگرتووە هی **هەڵبژاردنەکانە**، ل٢٤٨و ٢٤٩(= **ئینسکلۆپیدیای** ١٨٧٠،ل٤٣٩).

٤٣. (١) سەبارەت بە وتە وەرگێراوەکان بە ڕیز بگەڕێنەوە بۆ: **هەڵبژاردەکان**، ل٢٥١ (بەندی٥٤٠=**ئینسکلۆپیدیای**١٨٧٠، ل٤٤٢)، **هەڵبژاردەکان**، ل٢٥٣بەدواوە (سەرەتای بەندی ٥٤٢، تۆخکردنەوەی هەندێ لە وشەکان لەمنەوەیە)=**ئینسکلۆپیدیای** ١٨٧٠،ل٤٤٣). ئەم پارچانە هی **ئینسکلۆپیدیان**. "پارچە هاوچەشنەکە" لە **فەلسەفەی ماف**، دواین پەرەگرافی بەندی ٢٧٣ تا بەندی ٢٨١ دایە.ڕستە وەرگێراوەکە، بەریز هی بەندی ٢٧٥وکۆتاییەکانی یەکەمین پەرەگرافی بەندی ٢٧٩ یە (تۆخکردنەوەی وشەکان لەمنەوەیە) .سەبارەت بە بەکارهێنانێکی گوماناوی تری پارادۆکسی ئازادی ، بگەڕێنەوە بۆ **هەڵبژاردەکان**، ل٣٩٤ (=**کۆمەڵە**، بەرگی ١١،ل٧٦): "ئەگەر پرەنسیپی ڕەچاوکردنی ئیرادەی تاکەکەسی وەك تاکە بنەمای ئازادی سیاسی لەقەڵەم بدرێت ...**دەستوورێك** (یاسایەکی بنەڕەتی))یمان **نابێت** بەمانا ڕاستەکەی. "هەروەها بگەڕێنەوە بۆ **هەڵبژاردەکان**، ل ٤٠٠ بەدواوە (=**کۆمەڵە**، بەرگی ١١،ل٨٠-٨١)و **هەڵبژاردەکان**، ل٤٤٩ (**فەلسەفەی ماف**، بەندی ٢٧٤).

هیگڵ بەم جۆرەکۆبەندی ئەم بادانەوەی خۆی دەکات (**هەڵبژاردەکان**، ل٤٠١=**کۆمەڵە**، بەرگی ١١، ل٨٢): لە یەکێك لەقۆناغەکانی رابردووی باسەکەماندا... **سەرەتا ئایدیای ئازادیمان** بە ئامانجی ڕەها و غایی دانا...**پاشان** دەوڵەتمان **وەك گشتێکی ئەخلاقی واقیعییەتی ئازادی ناساند** ..." یاخود بەجۆرێکی تر، لە ئازادییەوە دەستمان پێ کرد و گەیشتینە دەوڵەتی

47. Kant, metaphysic of morals, Introduction to the theory of law, sec. c; works, ed., by Cassirer, VII, p. 31.

٤٨. بگەڕێنەوە بۆ بەشی شەشەم، یادداشتی ٤٣و بابەتی پەیوەندیدار پێیەوە لە دەقەکەدا.

تۆتالیتێر . ئەستەمە بتوانین ئەم بادانەوەیە بەم جۆرە خەمساردانەیە بە هۆی پرەنسیپەکانەوە دەربڕین.

(٢) بۆ ئاگاداربوون لە بادانەوەیەکی دیالێکتیکی تر-**واتە ئاوەژوو کردنەوەی عەقڵ بەرەو هەڵچوون و توندوتیژی**-بگەڕێنەوە بۆ کۆتاییەکانی بەندی (ز) لە بڕگەی ٤ی ئەم بەشەدا[٤٩] (بابەتەکانی پەیوەست بە یادداشتی ٨٤ لە دەقەکەدا). ئەو شتەی لەم بەستێنەدا بەتایبەتی سەرنجڕاکێشە، **ڕەخنەی هیگڵە لە ئەفلاتوون** (بگەڕێنەوە بۆ یادداشتەکانی ٧و٨ ی ئەم بەشە و بابەتی پەیوەندیدار لە دقەکەدا) هیگڵ سەرگەرمی موجامەلە و زمانلووسییە لە مەڕ کۆی ئەو بەها نوێیانەی کە لە ئاینی مەسیحەوە هەڵقوڵاون —واتە نەك هەر ئازادی، بەڵکو تەنانەت "ئازادی زەینی" تاکیش- بەم جۆرە ڕەخنە لەبڕوای ئەفلاتوون بەگشتگەرایی و کۆگەرایی دەگرێت (**فەلسەفەی ماف**، بەندی ١٨٧): "ئەفلاتوون ...پرەنسیپی کەسایەتی بێ نیاز و خۆبەسی تاکەکەسی ، واتە پرەنسیپی ئازادی زەینی، لەو مافەی کەپێیەوە بەندە بێبەش دەکات. ئەم پرەنسیپە لە ئاینی مەسیح و...لە جیهانی ڕۆمەکان سەری هەڵدا." ئەم ڕەخنەیە زۆر بەنرخە و دەیسەلمێنێ هیگڵ دەیزانی ئەفلاتوون خەریکی چییە. لەڕاستیدا، تێگەیشتنی هیگڵ لە ئەفلاتوون زۆر بەباشی لەگەڵ تێگەیشتنی مندا دەگونجێت. تەنانەت ئەم پارچەیەی وەرمانگرتووە ڕەنگە ئەوە بەخوێنەری سەرەتاییش بسەلمێنێ کە تاوانبارکردنی هیگڵ بە کۆگەرایی، ناهەق و بێ ئینسافانەنییە. بەڵام هەر ئەوەندە بەسە بگەڕێینەوە بۆ بەندی ٧٠ لە هەمان نووسیندا بۆ ئەوەی بۆمان دەرکەوێت کە هیگڵ بەتەواوی هاوڕێیە لەگەڵ توندترین وتەی ئەفلاتوون بۆ لایەنگری کردن لە کۆگەرایی- واتە ئەم وتەیە کە دەڵێت "ئێوە لە پێناو گشتدا ئەفرێنراون نەك گشت لە پێناو ئێوەدا"- کاتێ دەنووسێت: "پێویست بە گوتن ناکات کە کەسێك بە تەنیایی ، هەندەك و پاشکۆیە و لەم ڕوویەوە دەبێ خۆی بۆ گشتی ئەخلاقی {واتە دەوڵەت} تەرخان بکات ". ئەمەیە "تاکگەرایی" یەکەی هیگڵ.

بەڵام ئەگەر وایە بۆچی ڕەخنە لە ئەفلاتوون دەگرێ؟ بۆچی جەخت لەسەر گرنگی "ئازادی زەینی" دەکاتەوە؟

٤٩. بەندی (ز) لە بڕگەی ٥. گومانی تێدا نییە هەڵەیەك ڕووی داوە.



بەندی٣١٦و٣١٧ **فەلسەفەی ماف** بەرسڤی ئەم پرسیارە دەداتەوە. هیگڵ بڕوایەکی بەتینی بەوە هەیە کە تاکەڕێگای خۆبواردن لە شۆڕش، دانی هەندێ ئازادییە بە خەڵك کەوەك کڵاو ڕۆژنەی دڵنیایی کاربکات. بەڵام لەهەمان کاتدا، نابێ ئەم ئازادییە لەم ڕادەیە زیاتر بچێتە پێش کە تەنیا دەرفەتێکی بێ مانا بدات بە خەڵك بۆ هەڵڕشتنی هەستوسۆزەکانیان. دەنووسێت (**فەلسەفەی ماف**، بەندی ٣١٦ و ٣١٧ دا- تۆخکردنەوەی وشەکان لەمنەوەیە): ((لەسەردەمی ئێمەدا... پرەنسیپی ئازادی زەینی زۆر گرنگ و پڕمانایە... هەموو کەسێك دەیەوێت بەشداری لە باس و ڕاوێژەکاندا بکات. بەڵام هەر کە قسەی خۆی کرد... زەینی تێر دەبێت و **لەوە پاش گەلێ شت تەحەمول دەکات**. ئەمە لە فەڕەنسا سەلماوە کە مەترسی ئازادی گووتە زۆر کەمترە لەو بێدەنگییەی کە بە تۆبزیدا بسەپێنرێت" لە بێدەنگی داسەپێنراودا ... خەڵك ناچارە هەموو شتێك هەرەس بکات ، ئەوە لە کاتێك دایە ئەگەر مۆڵەتی قسەکردنیان هەبێت، هەم کڵاو ڕرژنەیەکیان دەبێ بۆ هەناسە هەڵکێشان و هەم تا ڕادەیەك ڕازی دەبن" و **بەم جۆرە ڕەنگە ئاسانتر بچنە پێشەوە**. " ئاستەمە کەسێك بتوانێ بێ ئیمانی و خەمساردی لەهەمبەر پرەنسیپەکان لەم ڕادەیە زیاتر تێپەڕێنێت کەلەم باسەدا بەرچاو دەکەوێت ـ ئەو باسەی هیگڵ لە میانیدا بەم جۆرە ئازادانەیە هەستو سۆزی خۆی سەبارەت بە "ئازادی زەینی" یان ئەو شتەی بەو ویقار و گەورەییە بە "پرەنسیپی دونیایەکی نوێ" ناوزەدی دەکات، هەڵدەڕێژێت.

بە کورتی هیگڵ بە تەواوی لەگەڵ ئەفلاتووندا کۆك و هاوڕایە، جگە لەوە نەبێت کە ڕەخنە لە کەمتەرخەمیەکەی دەگرێت بۆ دابینکردنی وەهمی "ئازادی زەینی" بۆ خەڵکی ژێردەستە.

٤٤. سەرسوڕهێنەر ئەوەیە کە ئەم خۆش خزمەتییە بێزارکەرانەیە توانیویەتی سەرکەوتن بەدەست بێنێت و تەنانەت خەڵکی جدیش بەم میتۆدە دیالێکتیکییەی هیگڵ هەڵخەڵەتاون. بۆنموونە، دەتوانین ئاماژە بەم حاڵەتە بکەین کەتەنانەت خەباتکار و هەڵسەنگێنەر و ڕۆشنبینێکی ڕێگای ئازادی و عەقڵی وەك ڤان-یش ریاکاری هیگڵ هەڵیدەخەڵەتێنێ و بڕوای خۆی دەردەبڕێت لە هەمبەر" بڕوای هیگڵ بە ئازادی و پێشکەوتن **کە بەپێی بەڵگەکانی خۆی** ...جەوهەری ئارمانجەکانی ئەو پێکدێنن" (ڤان، **خوێندنەوەیەك بۆ مێژووی فەلسەفەی سیاسی**، بەرگی٢، ل ٢٩٦[٥٠]- تۆخکردنەوەی وشەکان لەمنەوەیە). هەڵبەتە دەبێ دان بەوە

50. C.E. Vaughan, studies in the History of political philosophy, vol. II, p. 296.

دابنێین کە ڤان ڕخنە لە "حەزی لەخۆڕای "هیگڵ" بە ئاراستەی ڕێکی سەقامگرتووە" دەگرێت (ل١٧٨)و تەنانەت لە مەڕ هیگڵەوە ئیژێ" هیچ کەسێك نەیدەتوانی...بەم ڕادەیە ئامادە بێت...بۆ دڵنیایی بەخشین بە دونیا کە ...دەبێ ... پاشڤەڕۆیانەترین و زاڵمانە ترین دەزگاکان... وەك دەزگای ژیرانەی بەڵگە نەویست قبووڵ بکات." (ل٢٩٥). لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، هێندە بە "بەڵگەکانی خودی هیگڵ" دڵگیر دەبێت کە ئەم جۆرە سیمایانە تەنیا وەك "زیادەڕۆیی" (ل٢٩٥) یان "کەموکورتییەك کە دەشێ بە ئاسانی چاو پۆشیان لێبکرێت" لێکدەداتەوە. جگە لەمە، چارەنووس وەها نەبوو کە بەهێزترین و بەجێ ترین پەیڤی ئەو — کە دەڵێت هیگڵ " لوتکەی عەقلانییەتی سیاسی و چڵەپۆپەی... مێژوو لە شێوازی حکوومەتی پروسیا دا دەدۆزێتەوە " (ل١٨٢)-بەبێ دژە ژەهری نوێکردنەوەی متمانەی خوێنەر بە هیگڵ، چاپ بکرێت. **خوێندنەوەیەك بۆ مێژووی فەلسەفەی سیاسی** پاش مردنی ڤان بڵاو کرایەوە. ئەو کەسەی پیا چۆتەوە، بە ئاماژەکردن بۆ پارچەیەکی هیگڵ کە پێیوابووە ڤان پشتی پێ بەستووە(بە بێ ئاماژەکردن بۆ ئەو پارچەیەی لە دەقی تایبەت بە یادداشتەکانی ٤٧و٤٨و٤٩لێرەدا خواستراون) هێزی پەیڤەکەی ڤان بە زیادکردنی ئەم پەراوێزە لە ناو دەبات: "پێناچێت ئەم پارچەیە پێویست بەم ڕا دەربڕینە بکات...".

٤٥. بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٣٦ لەم بەشەدا. تەنانەت لای ئەرستۆش هەندێ نیشانەی ئەم تیۆرییە دیالێکتیکییە بەر چاو دەکەوێت(**فیزیك**، کتێبی یەکەم، بەشی پێنجەم).

٤٦. زۆر خۆم بە قەرزباری پرۆفیسۆر گمبریچ دەزانم کە مۆڵەتی ئەوەی پێدام مانا بنەڕەتییەکانی ئەم بەندە لەو ڕەخنە لێزانانە بخوازم کە من پێموایە ئاڕاستەی فەلسەفەی هیگڵی کردووە.

سەبارەت بەم بۆچوونەی هیگڵ "ڕۆحی ڕەها لە مێژووی جیهاندا خۆی دەنوێنێت" بگەڕێنەوە بۆ **فەلسەفەی ماف**، بەندی٢٥٩ د. لە هەمبەر ئەوە کە "**ڕۆحی ڕەها**" و "**ڕۆحی جیهانی**" بە یەکێك لەقەڵەم دەدات، بگەڕێنەوە بۆ **فەلسەفەی ماف**، ٣٣٩د.لە مەڕ ئەم ڕایەی کە ئامانجی خواوەند تەواوەتییە، هەروەها بۆ زانیاری لە سەر هێرشی هیگڵ بۆ سەر ئەم بۆ چوونە (کانتییە) کە ویستی خواوەند نادیار و نەزانراوە، بۆ هەمان کتێب بگەڕێنەوە ، بەندی



٣٤٣.(بۆ ئاگادار بوون لە پەلاماری پێچەوانەو سەرنجڕاکێشی فۆستەر[٥١]، بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ١٩، بەشی بیست و پێنجەم ).

سەبارەت بە سوود وەرگتنی هیگڵ لە پێوەرە دیالێکتیکییەکان[٥٢] بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆ **ئینسکلۆپیدیاکەی**، بەندی ١٨١("پێوەر، ماقووڵ[٥٣] و هەموو شتێکی ماقووڵە)، لە بەندی١٩٨کە دەوڵەت وەك پێوەری سێینە یان وەك سێ کۆلکەی پێوەرەکان وەسف دەکرێت و بەندەکانی ٥٧٥ تا ٥٧٧ کە تێیدا گشت سیستەمی {فەلسەفەی} هیگڵ وەك ئەم سێ کۆلکەیە لە پێوەرەکان[٥٤] دەناسێنرێت . بە پێی پارچەی دواییان، دەتوانین بەم چەشنە دەرەنجامگیری بکەین کە "مێژوو" سنووری "دووەمین پێوەر"ە (بەندی٥٧٦)-بەراوردی بکەن لەگەڵ **هەڵبژاردەکان**، ل٣٠٩.سەبارەت بە یەکەمین پارچە(لە بەشی سێیەمی"پێشەکی" **فەلسەفەی مێژوو**)، بگەڕێنەوە بۆ **هەڵبژاردەکان**، ل٣٤٨. لەمەڕ پارچەی دواتر (لە **ئینسکلۆپیدیادا**) بگەڕێنەوە بۆ **هەڵبژاردەکان**، ل٢٦٢.

٤٧. **هەڵبژاردەکان**، ل٤٤٢(دوایین بەند=**کۆمەڵە**، بەرگی١١،ل١١٩).دواین وتەی وەرگێراویش لەم بەندە هەر هی ئەو شوێنەیە.

سەبارەت بەم سێ هەنگاوە ،بگەڕێنەوە بۆ **هەڵبژاردەکان**، ل ل٣٦٠،٣٦٢،٣٩٨ (=**کۆمەڵە**، بەرگی١١،ل ل ٤٤،٤٦،٧٩-٨٠). هەروەها بگەڕێنەوە بۆ **فەلسەفەی مێژووی** هیگڵ (وەرگێڕانی سیبری[٥٥]، چاپی ١٨٥٧: وتە وەرگێراوەکە هی چاپی١٩١٤یە)، ل ١١٠کە تێیدا دەنووسێت:"ڕۆژهەڵات دەیزانی تەنیا **یەکێك** ئازادە: جیهانی یونانی و ڕۆمەکان دەیزانی **هەندێ** ئازادن: دونیای ئەڵمان دەزانێت **هەموو** ئازادن. کەواتە، یەکەمین شێوازی حکوومەت کە لە مێژوودا دەیبینن **ستەمکارییە**: دووەمیان، **دیموکراسی و حکوومەتی ئەرستۆکراتییە**: و سێیەمیان، **حکوومەتی پاشایەتییە**."

(بۆ زانیاری لەسەر باسێکی زیاتر لە مەڕ ئەم سێ هەنگاوە، بگەڕێنەوە بۆ هەمان کتێب، ل ل ١١٧، ٢٦٠، ٣٥٤.

51. M.B. faster
52. dialectical syllogisms
53. the rational
54. triad of syllogisms
55. J. sibree

٤٨. فەلسەفەی مێژوو، ٤٢٩: **هەڵبژاردەکان**، ل ل ٣٥٨، ٣٥٩ (=**کۆمەڵە**، بەرگی١١، ل ل ٤٣-٤٤). لێدوانی ئێمە لە دەقەکەدا تا ڕادەیەك بابەتەکە سادە دەکاتەوە، چونکە هیگڵ سەرەتا جیهانی ژێرمانێك بە سەر سێ قۆناغدا دابەشدەکات (**فەلسەفەی مێژوو**، ل ٣٥٦) و ئەم سێ پێشاژۆیە بە"مەلەکووتی **باوك**، مەلەکوتی **کوڕ** و مەلەکووتی **ڕۆح**"[٥٦] ناوزەد دەکات: پاشان مەلەکووتی ڕۆح سەرلەنوێ بە سەر سێ قۆناغدا دابەشدەکات هەروەك لە دەقەکەدا ئاماژەمان بۆ کردووە.

٤٩. سێ پارچەکەی دواتر لە **فەلسەفەی مێژوو** وەرگیراوە (ل ل ٣٥٤،٤٧٦-٤٧٧).

٥٠. بە تایبەتی بگەڕێنەوە بۆ دەقی تایبەت بە یادداشتی ٥٧ لەم بەشەدا.

٥١. بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆ یادداشتەکانی ٤٨تا٥٠، بەشی هەشتەم.

٥٢. **فەلسەفەی مێژوو**، ل ٤١٨.(وەرگێڕی (ئینگلیزی) دەستەواژەی"سکلاڤە بە ئەڵمانی کراوەکان"[٥٧]ی بۆ بەکار هێناوە).

٥٣. هەندێ جار ماساریك —یان بە"**شافەیلەسووف**" وەسف کردووە، بەڵام بێگومان حوکمڕانێکی ئەوتۆ نەبوو کەئەفلاتوون پەسندی بکات، چونکە پیاوێکی دێموکراتیخواز بوو. ماساریك زۆر هۆگری ئەفلاتوون بوو، بەڵام بۆ ئاستێکی ئایدیالی بەرزی دەکردەوە و تێگەیشتنی بۆ ڕێنماییەکانی، تێگەیشتنێکی دیموکراتیانە بوو. ناسیۆنالیزمەکەی دژکردەوەیەك بوو لە بەرانبەر ئەو زوڵمەی لە نەتەوەکەی دەکرا و هەمیشە لەگەڵ زێدەڕۆیی ناسیۆنالیستەکان دادەجەنگا.

شایانی باسە یەکەمین نووسینی ئەو کە بە زمانی چیکی بڵاو کرایەوە، وتارێك بوو لە سەر نیشتمانپەروەری ئەفلاتوون.(بگەڕێنەوە بۆ ژیاننامەی ماساریك بە پێنوسی چاپك[٥٨]، بەشی تەرخان کراو بۆ قۆناغی خوێندنی لە زانکۆ ). ڕەنگە حکومەتی چیکۆسلاڤاکیا لە سەردەمی

٥٦. ئاماژەیەك بە تیۆری سێینە. کوڕ و باوك و ڕۆحی پیرۆز.

٥٧. Germanized slaves. وشەی "سلاڤ" لە وشەی لاتینی "سلاڤۆس" (slavus) وەرگیراوە بە مانای کۆیلە. (بە فەرەنسی بەکۆیلە دەڵێن "سلاڤ" slave فۆرمی کۆنی وشەی ئێستای slavــە لە زمانی ئینگلیزیدا (ئەمرۆش لە زمانی ئینگلیزیدا slav (=سلاڤ )و slave (= کۆیلە) تەنیا بە یەك پیت جیاوازیان هەیە...

58. K. Capek



حکوومەتی ماساریکدا، یەکێك بووبێت لە باشترین و دیموکراتترین وڵاتەکان کە تائێستا بوونی هەبووە، بەڵام لەتەك ئەمەشدا، لە سەر بنەمای دەوڵەتی نەتەوەیی دامەزرابوو- ئەو پرەنسیپەی لەم دونیایەدا بۆ پیادەکردن ناشێت. ئەگەر فدراسیۆنێکی نێونەتەوەیی لە دۆڵی دانوبدا دروست ببوایە، لەوانەبوو پێشی گەلێ ڕووداوی گرتبووایە.

٥٤. بگەڕێنەوە بۆ بەشی حەوتەم. ئەو وتەیەی تۆزێك لە خوارتر لەم بەندەدا لە ڕۆسۆمان وەرگرتووە، هی **پەیمانی کۆمەڵایەتی**، کتێبی یەکەم، بەشی حەوتەمە. لە مەڕ بۆچوونی هیگڵ سەبارەت بە سەروەری گەل، بگەڕێنەوە بۆ ئەو پارچەیەی کە لە بەندی ٢٧٩ی فەلسەفەی ماف لە دەقی تایبەت بە یادداشتی ٦١ ی ئەم بەشەدا خواستراوە.

٥٥. ئەم وتەیەی هێردر لە کتێبەکەی زیمرن بە ناوی **دۆکترینە سیاسییە مۆدێرنەکان**[٥٩]، خواستراوە.

(ئەم پارچە وەرگیراوەی ناو دەقەکە، جیایە لە وشە بازییە پووچەکانی هێردر کە لەلایەن کانتەوە ڕەخنەی لێگیراوە).

٥٦. بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی ٧،بەشی نۆیەم. ئەم دوو وتەیەی کانت کە لەخوارتر هەر لەم بەندەدا ئاماژەی بۆ کراوە، هی کۆمەڵە بەرهەمەکەیەتی[٦٠].

٥٧. **نامە گۆڕینەوەکانی فیختە**، پیاچوونەوەی شولتس[٦١]، بەشێکی ئەم نامەیە لە کتێبەکەی ئەندرسندا[٦٢] ئاماژەی بۆ کراوە (هەروەها هەڵبسەنگێنن لە تەك کتێبەکەی هێگمەن دا[٦٣]). وتە وەرگیراوەکەی دواتر یان هی ئەندرسنە (هەمان کتێب،ل٣٤)و ئەو وتانەی لە بەندی دواتردا خراونەتە ڕوو(هەمان کتێب،ل٣٦بە دواوە- تۆخکردنەوەی وشەکان لەمنەوەیە).

شایانی ئاماژە پێکردنە کە هەستوسۆزی دژە ئەڵمانی، لەبنەڕەتدا لەناو زۆربەی دامەزرێنەرانی ناسیۆنالیزمی ئەڵمانیدا هاوبەشە و ئەمە دەریدەخات ناسیۆنالیزم چەندە لە سەر بنەمای هەستی خۆبەکەمزانی دامەزراوە (بگەڕێنەوە بۆ یادداشتەکانی ٦١و٧٠ لەم بەشەدا). بۆنموونە،

59. Sir Arthur Zimmern, Modern political Doctrines (1939) p. 165 f.
60. Kant, works (ed. By E. Cassirer), vol. IV, p. 179 & p. 195.
61. fichte, Briefwechsel (ed, schulz), 1925, vol. II, p. 100.
62. Anderson, Nationalism, p. 30.
63. Hegemann, op. cit., 2nd ed., 1934, p. 118.

ئەندرسن سەبارەت بە کەسێك بە ناوی ئارنت[٦٤] کە دواتر چووە ریزی ناسیۆنالیستە بەناو بانگەکان ، دەڵێت (هەمان کتێب ،ل٧٩):"کاتێ ئارنت لە نێوان ساڵەکانی ١٧٩٨-١٧٩٩لە ئەوروپادا خەریکی سەفەر کردن بوو، خۆی وەك سویدییەك دەناساند چونکە دەیگوت ئەڵمانی بوون`بێ تام بووە لە دونیادا`، بەڵام وێرای ئەمە هەر بەشێوازی تایبەت بەخۆی درێژەی پێدەدات کە خەڵکی ئاسایی لەم دۆزەدا بێ‌سووچن." هێگمەن بە هەق جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە (هەمان کتێب، ل١١٨) کە ڕێبەرە رۆحانییەکانی ئەڵمانیا لەو سەردەمەدا بەتایبەتی دژی دڕندایەتی پرۆسیابوون و لە وینکلمان[٦٥] دەگێڕنەوە کەوتوویەتی: "من پێم خۆشترە خواجەیەکی تورك بم نەك پروسیاییەك" ولیسنگ[٦٦] ئێژێ: "پروسیا، کۆیلە سیفەتترین وڵاتی ئەوروپایە"و ئاماژە بە گۆتە دەکات کە بە حەز و سۆزەوە هیوادار بوو بەڵکو لەگەڵ هاتنە سەرکاری ناپلیۆن کرانەوەیەك بێتە ئاراوە لە مەڕ خۆیەوە کە دانەری کتێبێکە لە دژی ناپلیۆن، دەنووسێت"ناپلیۆن پیاوێکی تاکڕەو بوو... بەڵام هەرچییەك وەك ڤەچڤاندن و سەر کۆنە بێژین، دیسان دەبێ دان بەوە دابنێین کە سەرکەوتنەکەی لەینا، دەوڵەتی کۆنە پەرستی فردریکی ناچار کرد دەست بۆ هەندێ ریفۆرم ببات کە دەبوایە زۆر زووتر ئەنجام درابوونایە."

یەکێك لە داوەرییە سەرنجڕاکێشەکان سەبارەت بە ئەڵمانیای ١٨٠٠، لە نووسینێکی کانتدا لە ژێر ناوی **ئەنترۆپۆلۆژیا**[٦٧] بەر چاو دەکەوێت. کانت لەم باسەدا بە زمانێکی نیوە جددی لە مەڕ **خەسڵەتە نەتەوەییەکان** دەدوێت و سەبارەت بە تاکی ئەڵمانی دەنووسێت[٦٨]: "لایەنە خراپەکەی ئەو وەسواسییە کە بۆ لاسایی کردنەوەی ئەوانیتر هەیەتی و خۆبەکەمزانین لە رووی داهێنان و رەسەنایەتییەوە... بەتایبەتی جۆرە مەیلێکی پیرە پیاوانە بۆ ئەوەی بە وردییەکی تەواوەوە خۆی لە بەرانبەر سەرجەم هاووڵاتیانی تر بە پێی هیراکیەت و جۆیەتی، پلە بەندی بکات. بۆ چێکردنی ناسناو و ناونیشان لە ناو ئەم پەیژەیەدا ماندوویی نەناسێت و هەر بۆیە، **بەهۆی پیرەپیاو بوون، کۆیلە سیفەتە**... لە ناو هەمووە ئەتنە شارستانییەکاندا، ئەڵمانی لە هەموان ئاسانتر و لە ماوەیەکی درێژتردا خۆ دەدات بە دەست ئەو حکومەتەوە کە لەژێریا

64. E.M. Arndt

٦٥. J.J. Winckelmann (١٧١٧ـ١٧٦٨). ئەدیب و ئارکیۆلۆژیستی ئەڵمانی.

٦٦. G.E. Lessing (١٧٢٩ـ١٧٨١) شانۆنامەنووس و رەخنەگر و بیرمەندی ئەڵمانی.

67. Kant, Anthropology (1800)

68. Kant, works, vol, VIII, pp. 213, 211, 212.



دەژیت. هیچ کەسێك وەك ئەم خەمسارد نییە لەهەمبەر گۆڕان و ڕەنگا و ڕەنگی و لەم کەمتر لە بەرانبەر سیستەمی جێگیردا ڕاناوەستێت. خەسڵەتێکی عەقڵانی هەیە کە مەیلی بەرەو بەڵغەمی هەیە."

٥٨. کانت، **بەرهەمەکان**[٦٩]. کاتێ فیختە لە ونی و پەرێشانیدا داوای لە کانت کرد، کانت بێ ڕاوەستان قۆڵی یارمەتی لێ هەڵماڵی. بەڵام پاش ئەوە کە یەکەمین کتێبی نووسەر بەبێ ئاماژەکردن بەناوی نووسەرەکەی بڵاو کرایەوە، کانت سەرەڕای پاڵە پەستۆ لە لایەنی جۆرا و جۆرەوە-وبۆ نموونە لە لایەن خودی فیختەوە کە وەهای پێشاندەدا ئەو هیوایەی بەدیهێناوە کە بە فەلسەفەی کانت هەبووە- تا حەوت ساڵ خۆی لەڕادەربڕین لە مەڕ فیختە بوارد. سەرەنجام کانت بۆ وەڵامدانەوەی"تکای شێلگیرانەی یەکێك لە ڕەخنەگرەکان کە بە ناوی خەڵکەوە" داوای ڕادەربڕینی کردبوو، شیکردنەوەیەکی نووسی لەژێرناوی **ڕوونکردنەوەیەك سەبارەت بە فیختە بۆ ئاگاداری هەمووان** و ڕایگەیاند، بەڕای ئەو "سیستەمی فیختە بە هیچ جۆرێ بۆ بەرگری لێکردن ناشێت" و حەز ناکات بە هیچ چەشنێك ئیشی بەم فەلسەفەیە هەبێت کە جگە لە "گەڕانە بێ ئاکامەکان" هیچی تری لە خۆ نەگرتووە و پاش پاڕەنەوە لە خوا (هەروەك لە دەقەکەدا بینیمان) بۆ ئەوەی لە شەڕی دۆستەکانمان بمانپارێزێت لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: "چونکە لەوانەیە... دۆستی ساختەچی و خائینی ئەوتۆ بوونیان هەبێت کە هەرچەندە بەزمانی خێرخوازی دەدوێن، بەڵام خەریکی پیلانگێڕی و تەڵەدانان بن بۆ وێران کردنمان، مرۆڤ چەندە بۆ خۆبواردن لەو داوەی ئەو جۆرە کەسانە بڵاوی دەکەنەوە وریا بێت، هێشتا کەمە." کانت یەکێك بوولە هاوسەنگترین و خێرخوازترین و بە ویژدانترین کەسەکان، کاتێ ئەو بەم جۆرە دەورووژێت کە قسەی لەم جۆرە بکات، بە تەواوی مافی خۆمانە ئەگەر داوا کارییەکەی بەجددی وەربگرین. **بەڵام تا ئێستا نەمبینیوە لە هیچ مێژوویەکی فەلسەفەدا بە ڕاشکاوی نوسرابێت کە بە بڕوای کانت، فیختە پیاوێکی فێڵباز و ساختەچی بووە**، ئەگەر چی بینیومە لەگەڵێ لە مێژووی فەلسەفەکاندا هەوڵیاندا بۆ نموونە ئەو تۆمەتانەی شۆپنهاوەر دەیانخاتەڕوو، بە ئاماژە کردن بۆ ئیرەییەکەی پاساوی بۆ بێننەوە.

69. Kant, works, vol, VIII, p. 516.

دۆزەکە بە هیچ چەشنێك پەیوەندی بە ڕەخنەکانی کانت و شۆپنهاوەرەوە نییە. ئا.ڤۆن فویر باخ[٧٠]-یش لەنامەیەکدا لە ڕێکەوتی **٣٠**ژانویەی **١٧٩٩**بۆ شۆپنهاوەر، هەر بە زمانێکی وا تووند قسە دەکات[٧١].

شیلەریش بڕوایەکی ئەوتۆی لای دروست ببوو، گۆتەش هەروابوو و نیکۆلیڤیوس[٧٢]، فیختەی بە "مەراییکەر و هەڵخەڵەتێنەر "ناوزەدی دەکرد. (بگەڕێنەوە بۆ هێگمەن، هەمان کتێب، ل **١١٩** بەدواوە). زۆر سەیرە کاتێ دەبینین پیاوێکی وەك فیختە لە ڕێگای هاتوهاوارەوە دەتوانێت ڕێنماییەکانی "مامۆستاکەی" **سەرەڕای ناڕەزایەتییەکانی کانت و لە کاتی ژیانیدا**، ئاوەژوو بکاتەوە. ئەم بەسەرهاتە تەنیا سەد ساڵی بە سەرداتێپەڕیوە و هەر کەسێك نامەکانی کانت و فیختە و ڕاگەیەنراوەکانی کانت بخوێنێتەوە، بە ئاسانی دەتوانێ توێژینەوەیان لە سەر بکات.

هەر لێرەوەیە دەتوانین لەوە تێبگەین کە تیۆرەکەم لەهەمبەر ئاوەژوو کردنەوەی ڕێنماییەکانی سوقرات لە لایەن ئەفلاتوونەوە، بە پێچەوانەی ئەوەی کە ڕەنگە بە بیری ئەفلاتوونییەکاندا بێت، تیۆرێکی بێ بنەما نییە، سوقرات لەو کاتەدا مرد بوو و هیچ نامەیەکی لە پاش خۆی بەجێ نەهێشتبوو. ئەگەر ئەم بەراوردە نەبووبا بەهۆی بەرز کردنەوەی پلەی فیختە و هیگڵ لە ڕادەیەکی زیاتر لە هەقی خۆیان، لەوانەبوو کە مرۆڤ تووشی ئەم وەسوەسەیە بێت کە بێژێت: بە بێ ئەفلاتوون، ئەرستۆ نەدەبوو و بەبێ فیختە، هیگڵ.)

**٥٩**. ئەندرسن، هەمان کتێب ، ل **١٣**.

**٦٠**، هیگڵ، **فەلسەفەی مێژوو**، ل **٤٦٥**. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ **فەلسەفەی ماف**، بەندی **٢٥٨**.سەبارەت بە پەیوەندییەکەی پارێتو، بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ١ ، بەشی سێزدەهەم.

**٦١**. **فەلسەفەی ماف**، بەندی**٢٧٩**. وتەکەی دواتریان هی **هەڵبژاردنەکانە**، ل **٢٥٦**(=**ئینسکلۆپیدیای ١٨٧٠**، ل ٤٤٦). پەلاماردانی فەرەنساش هەر لە **هەڵبژاردەکان**، **٢٥٧**وەرگیراوە(=**ئینسکلۆپیدیای ١٨٧٠**، ل ٤٤٦)وەرگیراوە . سەبارەت بە ئاماژەی هیگڵ بۆ ئیمپراتۆریەتی ئەڵمان ، بگەڕێنەوە بۆ **فەلسەفەی مێژوو**، ل **٤٥٧** (هەروەها یادداشتی **٧٧**ی ئەم بەشە). هەستی خۆ بەکەمزانین، بە تایبەتی لە هەمبەر ئینگلتەراو پەنابردنێکی زیرەکانە بۆ بەر ئەم هەستە، پشکێکی گەورەی لە داستانی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم پێ بڕاوە- بگەڕێنەوە بۆ یادداشتەکانی **٥٧**و**٧٠**هەر لەم بەشەدا. سەبارەت بە پارچەکانی تر لە مەڕ ئینگلتەرا، بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی دواتر و یادداشتی **٧٠**و بابەتە پەیوەندیدارەکان لە دەقەکەدا. (وشەی"هونەر و زانستەکان" لە لایەن منەوە تۆخکراوەتەوە).

**٦٢**. ئاماژەی پڕ لە سووکایەتی هیگڵ بۆ مافی "رواڵەتی" پەتی ، دەستووری "رواڵەتی"پەتی وتاد، لەم ڕووەوە سەرنجڕاکێشە کە چاوگی گوماناوی ڕەخنە نوێیەکانی مارکسیستەکانە لە دیموکراسی "رواڵەتی" پەتی کە بە بڕوای ئەوان، جگە لە ئازادی "رواڵەتی" پەتی هیچی تر بە دیاری ناهێنێت. بەراوردی بکەن لە گەڵ یادداشتی **١٩**، بەشی حەڤدەهەم و دەقەکە.

ئێستا هەروەك نموونە، لە خوارەوە ئاماژە بۆ چەند پارچەیەکی تر دەکەم کە هەموویانم لە **فەلسەفەی مێژوو** وەرگرتووە و هیگڵ هەندێ چەمکی وەك ئازادی "رواڵەتی" پەتی ترۆ دەکات. "لیبرالیزم، لە بەرانبەر هەموو ئەمانەدا {واتە گەڕانەوەی "گشتگەرایی" بۆ پروسیا} ڕێسایەك بە بنەمای کاری خۆی دادەنێت کە لە سەر بنەمای هەندەکگەرایی دامەزراوە و پشت بە ئیرادەی تاکەکان دەبەستێت و دەڵێت دەبێ هەموو حکوومەتێك... مۆڵەتێکی ڕاشکاوانەی {لە لایەن خەڵکەوە} هەبێت. کەواتە، ئەم تاقمە بەجتکردنەوە لە سەر **لایەنی رواڵەتی ئازادی**، واتە ئەم هەمەکی خوازییە پەتییە، بە تەواوی دەرفەتی سەقامگیر بوونی هەموجۆرە ڕێکخراوێکی سیاسی ناهێڵێت"(ل ٤٧١)". دەستووری ئینگلتەرا بریتییە لە کۆمەڵە مافێکی هەندەکی پەتی و جۆیەتی تایبەت... ئەو دەزگایانەی کە تایبەتمەندییەکەیان بریتییە لە ئازادی ڕاستەقینە {لە بەرانبەر ئازادی رواڵەتی پەتی} لە هەموو شوێنی لە ئینگلتەرا زیاترە. {ئەم جۆرە دەزگایانە} کێماسییەکی سەیر لە بۆچوونی مافی تایبەتی و ئازادی خاوەندارێتیدا دروست دەکات. بەڵگەی کافی ئەم شتە پەیوەستە بە یەکەم زادەییەوە کە وادەخوازێت پلە و پایە لە ڕیزی سوپا یان ڕۆحانییەت بۆ کوڕە بچوکترەکانی ئەرستۆکراتەکان، (لە ڕێگای دانانی پارە یان لە ڕێگای ترەوە) دابین بکرێت"(ل ٤٧٤). بگەڕێنەوە بۆ لاپەڕەی **٤٦٢** سەبارەت بە جاڕی مافی مرۆڤی فەرەنسا و پرەنسیپەکانی کانت کە ئاماژە دەکات بە "ئیرادەی **رواڵەتی** و

---

٧٠. زۆر پێدەچێت مەبەست P.A.J. von feuerbach (١٧٧٥ـ١٨٣٣)ی مافناس و فەیلەسووفی ئەڵمانی بێت کە لایەنگری هەڵوەشاندنەوەی ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی تۆمەتبارەکان و پێشەنگی ریفۆرمی گەورە بوو لەیاساکانی سزاداندا.

71. Schopenhauer, works, vol. V, p. 102
72. Nicolovius

بەس" و "پرەنسیپی ئازادی "کە "لە حاڵەتی رواڵەتی پەتیدا مابۆوە"و پاشان بۆ نموونە ئەم بابەتە لە بەرانبەر بابەتەکانی لاپەڕ٣٥٤دابنێن کە گەرەکیەتی دەریبخات **رۆحی** ئەڵمانی هەمان رۆحی ئازادی "راستەقینە"یان" رەها"یە: "**رۆحی** ئەڵمان، رۆحی دونیای نوێیە. ئامانجەکەی، وەراستگێرانی هەقیقەتی ڕەهایە وەك ئۆتۆنۆمی بێ کەوشەنی ئازادی —واتە ئەو جۆرە ئازادییە کە مەبەست و دوائامانج و کورتەکەی هەمان فۆرمی ڕەهای خۆیەتی ." ئەگەر من ویستبام" ئازادی ڕواڵەتی" بە مانا پڕ لە سوکایەتییەکەی بەکار بێنم، ئەم زاراوەیەم بە سەر "ئازادی زەینی" هیگڵدا دەسەپاند بەو جۆرەی کە لەبەندی ٣١٧د لە **فەلسەفەی** مافدا تاوتوێکراوە (بگەڕێنەوە بۆ کۆتاییەکانی یادداشتی ٤٣).

٦٣. ئەندرسن، هەمان کتێب، ل ٢٧٩. سەبارەت بە ئاماژەکردنی هیگڵ بۆ ئینگلتەرا لە کۆتاییی ئەم بەندەدا، بگەڕێنەوە بۆ **هەڵبژاردەکان**، ل ٢٦٣(=**ئینسکلۆپیدیای ١٨٧٠**، ل٤٥٢) و یادداشتی ٧٠لەم بەشەدا.

٦٤. **فەلسەفەی ماف**، بەندی٣٣١.سەبارەت بە دوو وتە وەرگیراوەکەی دواتر، بگەڕێنەوە بۆ **هەڵبژاردەکان**، ل ٤٠٣ (=**کۆمەڵە**، بەرگی ١١،ل ٨٤)و **هەڵبژاردەکان**، ل ٢٦٧(=**ئینسکلۆپیدیای ١٨٧٠**،ل٤٥٥). ئەم وتەیەی لە خوارتردا ئاماژەی بۆ کراوە (پۆزەتیفیزمی دادوەری)، هی **هەڵبژاردەکانە**، ل ٤٤٩ (**فەلسەفەی ماف**، بەندی ٢٧٤). تیۆری سەروەری جیهانی بەراورد بکەن بە تیۆری باڵادەستی و ژێردەستەیی و بەندایەتی کە سەرەقەڵەمەکانی لە یادداشتی ٢٥، بەشی یازدەهەم و دەقەکە نووسراوە. لە هەمبەر تیۆری رۆح یان ئیرادە یان بلیمەتی نەتەوەیی کە لە مێژوودا خۆی دەردەخات —واتە لەمێژووی جەنگ-بگەڕێنەوە بۆ دەقی تایبەت بە یادداشتەکانی ٦٩و٧٧.

سەبارەت بە **تیۆری مێژوویی نەتەوە**، چاوێك بەم قسانەی خوارەوەدا بخشێنن کە هی رێنانە (کە لە هەمان کتێبی زیمرن،ل ١٩٠،داهاتووە): "لەیاد بردن-و تەنانەت دەمەوێ بڵێم-بە هەڵە تێگەیشتن لە مێژووی خۆت: لە ڕوانگەی پێکهاتنی نەتەوەیەك {یان هەر وەك ئەمڕۆ دەیزانین، دروست بوونی دەوڵەتێکی تۆتالیتێر} فاکتەرێکی بنەڕەتییە" هەر بۆیە، پێشڤەچوونی خوێندنەوەی مێژوویی زۆربەی کات لە لایەنی نەتەوایەتییەوە مەترسی دارە...ئەمە لە خودی هەموو نەتەوەیەك دایە کە هەموو تاکەکان گەلێ سیمای هاوبەشیان هەبێت و گەلێ شتیان لەیاد کردبێت". مرۆڤ ناتوانێت بڕوا بەوە بکات ڕێنان ناسیۆنالیستە، هەرچەندە لە جۆری



ناسیۆنالیستە دیموکراتەکان، بەڵام وەهایە و ناسیۆنالیزمەکەی لە جۆری هیگڵە، کاتێ دەنووسێت(هەمان کتێب، ل ٢٠٢): "نەتەوە هەمان رۆحە،پرەنسیپێکی رۆحانییە."

٦٥. ناتوانین هەیکل وەك فەیلەسووف یان زانایەکی {زانستە سروشتییەکان} بە جددی وەربگرین. خۆی دەیگوت ئازادیخوازە بەڵام بەڕادەیەك لە سەربەخۆیی هزری بێ بەهرەبوو کە لە ساڵی ١٩١٤گەڕەکی بوو "سەرکەوتن {لە جەنگ} ئەم دەرەنجامانە لە خۆ بگرێت"(١) رزگاربوون لە کۆتی زۆردارانەی ئینگلتەرا: (٢) هێرشی هێزی دەریایی و وشکانی ئەڵمانیا بۆ وڵاتی دەریابڕی بەریتانیاو داگیرکردنی لەندەن"

(٣) دابەش کردنی بەلژیك"" و بەم جۆرە تا کۆتایی. (ئەم بابەتانە لە کتێبی **وەهای گوت ئەڵمان**[٧٣] لە ژێدەرێکی ترەوە وەرگیراوە)[٧٤].

کتێبەکەی شالمایر کە خەڵاتەکەی وەرگرت ، بەم ناوە بوو: **بۆ ماوە و هەڵبژاردن لە ژیانی نەتەوەکان**[٧٥]. (هەروەها بگەڕێنەوە بۆیادداشتی ٧١، بەشی دەیەم).

٦٦. سەباەت بە هێگیانیزمی برگسۆن، بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٢٥ لەم بەشەدا. لە هەمبەر وەسفەکانی برنارد شۆ لە مەڕ رێبازی پەرەسەندنی ئەخلاق، بگەڕێنەوە بۆ **گەڕانەوە بۆ متوشالح**، دوایین بەشی "سەروتار" (پشکی من لەم دۆزەدا"): "...هێدی هێدی کە چەمکی پەرەسەندنی داهێنەرانە بەرفراوان بوو، بۆم دەرکەوت سەرەنجام ئیمانێکمان لەبەر دەست دایە خولقێنەری یەکەمین مەرجی هەموو ئەو ئایینزایانەیە کە تائێستا مرۆڤ گیرۆدەیان بووە: واتە دەبێ {ئایینزا} لە بەرایی و لەبنەڕەتدا جۆرە زانستێکی میتابایۆلۆژی {یان بان زیندەوەر زانی} بێت."

٦٨. بگەڕێنەوە بۆ پێشەکی بەپێزی زیمرن لە کتێبی **دۆکترینە سیاسییە مۆدێرنەکان** (ل XVIII). سەبارەت بە تۆتالیتاریزمی ئەفلاتوون، بگەڕێنەوە بۆ دەقی تایبەت بە یادداشتی ٨ لەم بەشەدا. لە هەمبەر تیۆری سەروەری و بەندایەتی و زاڵبوون و ژێر دەستەیی، بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٢٥، بەش یازدەهەم، یادداشتی ٧٤ لەم بەشەی ئێستادا.

٦٨. شوپنهاوەر، **پرسە سەرەکییەکان**، ل XIX.

73. Thus spoke Geramny, p. 270.
74. Das Monistische Johrhundert, 1914, No. 31/32, pp. 65 f.
75. Heredity and selection in the life of the Nation.

٦٩. ژێدەری ئەم هەشت پەرەگرافە وتە وەرگیراوانە لەم بەندەدا بەم جۆرەیە: **هەڵبژاردەکان**، ل ل٢٦٧، ٤٠٧، ٣٩٩، ٤٣٦، ٤٣٥، ٤٠٣، ٤٠٢، ٢٦٥ (=**ئینسکلۆپیدیای١٨٧٠**، ل ٤٥٣، **کۆمەڵە**، بەرگی١١، ل ل٨٣، ٨٤، ١١٣، ١١٤، ٨١، ٨٨، **ئینسکلۆپید**، ل ل ٤٥٥-٤٥٦). هەروەها بگەڕێنەوە بۆ **فەلسەفەی ماف**، بەندی ٣٤٧.

٧٠. **هەڵبژاردەکان**، ل ٤٣٥(=**کۆمەڵە**، بەرگی ١١، ١٤٤). سەبارەت بە پرسی هەستی خوبەکەمزانین بگەڕێنەوە بۆ یاداشتەکانی٥٧، ٦١ لەم بەشەدا و بابەتی پەیوەست بەم دوو یادداشتە لەدەقەکەدا. لەهەمبەر پارچەکانی تری تایبەت بە ئینگلتەرا، بگەڕێنەوە بۆ یادداشتگەلی ٦١ تا ٦٣ لەم بەشەو بابەتی پەیوەست بەم یادداشتانە لە دەقەکەدا. لە **فەلسەفەی ماف**، بەندی. ٢٩د، پارچەیەکی زۆر سەرەنجڕاکێش بەرچاو دەکەوێت کە بەیانی بنەڕەتی گشتگەرایی لەخۆدەگرێ کە دەربدەخات هیگڵ نەك هەر لە چوارچێوەی گشگەرایی و کۆگەرایدا بیری دەکردەوە، بەڵکو ئاگاداری ئەوەش بوو کەئەم پرەنسیپە بۆ ڕێکخستنی پرۆلیتاریش لەبار و گونجاوە.دەنووسێت: "چینەکانی خوارتر کەم تا زۆر بەرێکنەخستراوی ماونەتەوە، ئەوە لەکاتێك دایە ڕێکخستنیان گرنگییەکەی لەرادەبەدەری هەیە. ئەم چینانە تەنیا لەم ڕێگایەوە دەتوانن بەهێز بن،چونکە بەبێ ڕێکخستن، جگە لەئاپوڕا یان کۆمەڵەیەکی پەرشوبڵاو هیچی ترنین."

لێرەدا هیگڵ زۆر لە مارکس نزیك دەبێتەوە .

٧١. ئەم دەستەواژانە کە کتێبەکەی کونلای، **جەنگ لەگەڵ ڕۆژئاوا**، ل ٤١٧،وەرگیراوە، لەبنەڕەتدا هی کتێبی فرایرە بە ناوی **پالاس ئەسینی**[٧٦]. گەلێ قەرزداری کونلاوی و ئەم بەرهەمەی ئەوم ،چونکە ئەم دەرفەتەی بۆ ڕەخساندم لە درێژەی ئەم بەشەدا وتەی گەلێ لە نووسەرەکان بخوازم، ئەگەر ئەم کتێبە نەبووایە،دەستم بەنووسینەکانیان ڕانەدەگەیشت .(هەڵبەتە هەمیشە ڕێکاو ڕێك وەرگێڕەکانی کولنایم بەکار نەهێناوەتەوە-سەبارەت بەوە کە فرایر بە یەکێك لە گەورەترین کۆمەڵناسەکانی ئەڵمانیای هاوچەرخ لە قەڵەم بدرێت، بگەڕێنەوە بۆ کتێبەکەی فون هایك، **ئازادی و سیستەمی ئابووری**.

76. H. Freyer, pallas Athene (1935).



لە هەمبەر ئەو ڕستانەی کە لە دەقەکەدا لە **فەلسەفەی ماف**-مان خواستووە (بەندەکانی ٣٣١، ٣٤٠، ٣٤٢، د هەروەها ٣٣١و٣٤٠)، بگەڕێنەوە بۆ **هەڵبژاردەکان**، ل ل ٤٦٦، ٤٦٧، ٤٦٥، ٤٦٨.سەبارەت بە پارچە وەرگیراوەکانی **ئینسکلۆپیدیا**، بگەڕێنەوە بۆ **هەڵبژاردەکان**، ل٢٦٠(=**ئینسکلۆپیدیای١٨٧٠**، ل ل ٤٤٠-٤٤٩).(دوایین ڕستەی خواستراو، فۆرمێکی جیاوازی یەکەمین ڕستەی بەندی ٥٤٦)ـە.

سەبارەت بە ڕستە وەرگیراوەکان لە فون ترایچکە، بگەڕێنەوە بۆ **وەهای گوت ئەڵمان** (١٩٤١)، ل ٦٠.

٧٢. **فەلسەفەیماف**، بەندی ٢٥٧=**هەڵبژاردەکان**، ل ٤٤٣. لە مەڕ سێ پەرەگرافە وەرگیراوەکەی دواتر،بگەڕێنەوە بۆ **فەلسەفەی ماف**، بەندەکانی ٣٣٤و٣٣٩د=**هەڵبژاردەکان** ل ٤٦٧. دوایین وتەی وەرگیراو هی **فەلسەفەی مافە**، بەندەکانی ٣٣٠د و ٣٣٣.

٧٣. **هەڵبژاردەکان**، ل ٣٦٥(=**کۆمەڵە**، بەرگی ١١،ل ٤٩)- تۆخکردنەوەی هەندێ لە وشەکان لە منەوەیە. سەبارەت بە وتە وەرگیراوەکەی دواتریان بگەڕێنەوە بۆ **هەڵبژاردەکان**، ل ٤٦٨= **فەلسەفەی ماف**، بەندی ٣٤٠.

٧٤. لە هەمان کتێبی کولنای، لە هەمان لاپەڕە وەرگیراوە. سەبارەت بە هیراکلیتوس، بگەڕێنەوە بۆ دەقی تایبەت بە یادداشتی ١٠، بەشی دووەم. لە هەمبەرهایزر، کولنای، هەمان لاپەڕە" هەروەها بەراوردی بکەن لە گەڵ تیۆری هیگڵ سەبارەت بە بەندایەتی کە لە یادداشتی ٢٥، بەشی یازدەهەم ، ئاماژەی پێکراوە. دوایین وتەی وەرگیراو: **هەڵبژاردەکان**، ل ٤٦٧=**فەلسەفەی ماف**، بەندی ٣٣٤. سەبارەت بە گۆڕانی "جەنگی بەرگریکارانە"بەروەو"جەنگ لە پێناو وڵاتگیری": **فەلسەفەی ماف**، بەندی ٣٢٦.

٧٥. هەموو وتە وەرگیراوەکانی ئەم بەندە هی **هەڵبژاردنەکانە**، ل ٤١٦(=**کۆمەڵە**، بەرگی ١١، ١٠٥-١٠٦) سەبارەت بەو پارچەی کە تێیدا وتراوە دەبێ مێژووی جیهان ئەخلاق ڕەش بکاتەوە، بگەڕێنەوە بۆ **فەلسەفەی ماف**، بەندی ٣٤٥. لە هەمبەر مایر، بگەڕێنەوە بۆ کۆتاییەکانی یادداشتی ١٥(٢)، بەشی دەیەم.

٧٦. **فەلسەفەی** ماف، بەندی ٣١٧ **هەڵبژاردەکان**، ل ٤٦١: لە بەندی ٣١٦شدا پارچەی هاوچەشنی ئەمە نووسراوە: "ڕای گشتی بەم چەشنەی هەیە، بەردەوام لەگەڵ خۆیدا لەدژایەتی

دایە": هەروەها بگەڕێنەوە بۆ بەندی ٣٠١=**هەڵبژاردەكان**، ل ٤٥٦و هەروەها بەندی ٣١٨د. (بۆ ئاگادار بوون لە بۆچوونەكانی تری هیگڵ سەبارەت بە رای گشتی، بگەڕێنەوە بۆ دەقی تایبەت بە یادداشتی ٨٤ لەم بەشەدا). سەبارەت بە قسەكانی هایزر:كولنای:هەمان كتێب،ل ٢٣٤.

٧٧. **هەڵبژاردەكان**، ل ل ٤٦٤، ٤٦٥: پارچە وەرگیراوەكان هی **فەلسەفەی ماف** لە بەندی ٣٢٤و٣٢٤د. سەبارەت بە پارچە وەرگیراوەكانی **فەلسەفەی مێژوو**، بگەڕێنەوەی بۆ هەڵبژاردەكان، ل ٤٣٦(=**كۆمەڵە**، بەرگی ١١٤،١١-١١٥). (ئەو قسانەی پاش ئەم پارچە خواستومانە، بەم جۆرە درێژەی پێ دەدرێت: "...لە هەناوی خۆیدا بە مەرگی سروشتی مردبێت، بۆنموونە وەك شارەكانی ئیمپراتۆریەتی ئەڵمان و حكوومەتی ئیمپراتۆریەتی ئەڵمان." ئەم بابەتانە بەراورد بكەن لەگەڵ یادداشتی ٦١لەم بەشەدا و ئەوەی لە دەقەكەدا پەیوەندی بەم یادداشتەوە هەیە.)

٧٨. **فەلسەفەی ماف**، بەندی ٣٢٧د،٣٢٨=**هەڵبژاردەكان**، ل٤٦٥(تۆخكردنەوەی وشەكان لەمنەوەیە). سەبارەت بە باروت: **فەلسەفەی مێژوو**، ل ٤١٩.

٧٩. لە هەمبەر وتە وەرگیراوەكانی كاوفمان و بانزێ و لودندۆرف و شیلەر و فرایر و لنتس و یونگ، بگەڕێنەوە بۆ هەمان كتێبی كولنای ، ل ل ٤١١، ٤١٢، ٤١١، ٤١٧، ٤١١و٤٢٠.

ئەو وتانەی لە كتێبەكەی فیختە، **گوتاربێژی رووەو نەتەوەی ئەڵمان**، خواستراوە هی چاپی ئەڵمانی ١٨٧١ كتێبەكەیە[77]: هەروەها بگەڕێنەوە بۆ كتێبەكەی زیمرن،ل١٧٠. سەبارەت بە شپنگلەر، بگەڕێنەوە بۆ **داڕووخانی رۆژئاوا**، بەرگی ١، ل ١٢: لە هەمبەر رۆزنبێرگ، بگەڕێنەوە بۆ كتێبەكەی ئەفسانەی سەدەی بیستەم[78]" هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٥٠، بەشی هەشتەم و كتێبەكەی م .م ریدر بێ سازش: **دژایەتی دوو جیهان**، ل ١١٦.

٨٠. كولنای، هەمان كتێب، ل ٤١٢.

٨١. كێرد. **هیگڵ**(١٨٨٣)، ل ٢٦.

77. J.G. Fichte, Addresses to the German Nation (1808), German edition, 1871 (edited by I.H. Fichte), p. 49 f.
78. A. Rosenberg, Myth of the Twentieth century (1935), p. 143.



٨٢. كولنای، هەمان كتێب، ل ٤٣٨. قسەكانی هیگڵ لەهەڵبژاردەكان وەرگیراوە ،ل٣٦٥ (تۆخكردنەوەی هەندێ لە وشەكان لەمنەوەیە): هەروەها بگەڕێنەوە بۆ دەقی تایبەت بە یادداشتی ٨٤ لەم بەشەدا.سەبارەت بە وتەكانی كریك، بگەڕێنەوە بۆ هەمان كتێبی كولنای، ل ٦٥و كتێبەكەی كریك خۆی، **پەروەردە و فێركردنی نەتەوەیی-سیاسی**[79]، خواستراوە لە **وەهای گوت ئەڵمان**، ل ٥٣.

٨٣. **هەڵبژاردەكان**، ل ٢٦٨(=**ئینسكلۆپیدیای ١٨٧٠**، ل ٤٥٦): سەبارەت بە شتاپل: كولنای ، هەمان كتێب، ل ٢٩٢.

٨٤. سەبارەت بە رۆزنبێرگ، بگەڕێنەوە بۆ هەمان كتێبیكولنای، ل ٢٩٥. لە هەمبەر بۆچوونەكانی هیگڵ لە مەڕ رای گشتی، هەروەها بگەڕێنەوە بۆ دەقی تایبەت بە یادداشتی ٧٦ لەم بەشەدا. قسەكانی هیگڵ لێرە خواستراوە: **فەلسەفەی ماف**، بەندی٣١٨د=**هەڵبژاردەكان**، ل ل٤٦١ (توخكردنەوە لە منەوەیە)، ٣٧٥، ٣٧٧، ٣٧٧، ٣٧٨، ٣٦٧/٣٦٨، ٣٨٠،٣٦٨،٣٦٤،٣٨٨،٣٨٠(=**كۆمەڵە**، بەرگی ١١ل ل٥٩، ٦٠،٦٠-٥١،٦١-٦٣،٥٢، ٥٢، ٤٨، ٧٠-٧١، ٦٣). لەهەمبەر پیاهەڵگوتنی هیگڵ لەمەڕ سۆز و هەڵچوون و بەرژەوەندی تاكەكەسی، هەروەها بگەڕێنەوە بۆ دەقی تایبەت بە یادداشتی٨٢لەم بەشەدا.

٨٥. گوتەكەی بێست لە كولنای خواستراوە، هەمان كتێب، ل ٤١٤. قسەكانی هیگڵ لێرە وەرگیراوە: **هەڵبژاردەكان**، ل ل ٤٦٤، ٤٦٤، ٤٦٥، ٤٣٧(=كۆمەڵە ،بەرگی ١١، ل ١١٥-پێكچوونی بە برگسۆن سەرنجڕاكێشە)، ٣٧٢. (هەروەها فەلسەفەی ماف، بەندەكانی ٣٢٤، ٣٢٤د، ٣٢٧د). ئەرستۆ، **سیاسەت**، ١٣٣٤a.

٨٦. سەبارەت بە شتاپل،بگەڕێنەوە بۆ كولنای،هەمان كتێب،٢٢٥-٢٥٧.

٨٧. **هەڵبژاردەكان**، ل ١٠٠: "ئەگەر چاوپۆشی لە **هەموو** هەبوونایەتییەكانی ئۆبژەیەك بكەین، هیچ نامێنێتەوە." سەبارەت بە كتێبی **میتافیزیك چییە**؟ بگەڕێنەوە بۆ یەكێك لە نووسینەكانی كارناپ[80]. لە هەمبەر پەیوەندی نێوان هایدیگەر لەگەڵ هۆسرل و شیلەر، بگەڕێنەوە بۆكتێبی ی. كرافت، **لە هۆسرلەوە بۆ هایدگەر**[81]. هایدیگەر خۆی دەزانێت

79. E. Krieck, National- political Education (in German ed., 1932) p. 1.
80. Erkenntnis, 2, 229.
81. J. Kraft, from Husserl to Heidegger (2nd German ed., 1957).

رستەکانی بیٚ مانایە و دەنووسیٚت:[٨٢] "پرسیار و وەڵام لە مەڕ نەبوونیش هەر بەم چەشنە بیٚ مانایە ." پیٚویستە بۆمان دەربکەویٚت کە لەسەر بنەمای نامیلکەی ویتگنشتاین، دەتوانین لە مەڕ ئەم جۆرە فەلسەفەیەوە بلیٚین کە خۆی بە راشکاوی دان بە پووچویٚژی —هەرچەندە پووچە بە قووڵی پڕماناکان-دادەنیٚت؟ (بەراوردی بکەن لەگەڵ بەشی یازدەهەم،یادداشتی ٥١(١)). لەکتیٚبی شنبیٚرگ[٨٣]، کۆمەڵیٚك بەڵگە و دیکۆمیٚنت سەبارەت بە چالاکییە سیاسییەکانی هایدیگەر کۆکراوەتەوە.

**٨٨**. ئەو قسانەی لە هایدیگەر وەرگیراوە ، لە کتیٚبی کولنای، ل ل**٢٢١**، **٣١٣**دا هاتووە. سەبارەت بە وتەکەی شوپنهاوەر، بگەڕیٚنەوە بۆ **کۆمەڵە بەرهەمەکەی**، بەرگی ٥، ل ٢٥(پراویٚز).

**٨٩**. بگەڕیٚنەوە بۆ کتیٚبی کولنای، ل **٢٧٠**بەدواوە. لە لاپەڕە **٢٨٢**، کولنای، یاسپرس بە "برای بچووکی هایدیگەر" ناوزەد دەکات. بەڵام من لەگەڵیدا هاوڕانیم چونکە یاسپرس، بە پیٚچەوانەی هایدیگەر بیٚگومان هەندیٚ کتیٚبی نووسیوە کە گەلیٚ بابەتی سەرنجڕاکیٚشی تیٚدایە و تەنانەت کتیٚبی وەك **سایکۆ پاسۆلۆژی گشتی**[٨٤] نووسیوە کە لەسەر بنەمای بینین و ئەزموون دامەزراوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ، خراپ نییە لیٚرەدا چەند پارچەیەك لە کتیٚبەکەی تری واتە **سایکۆلۆژیای جیهانبینییەکان**[٨٥]، وەربگرین کە دەریدەخات کە زۆر زووتر بەر لەوەی هایدگەر دەست بۆ قەڵەم ببات ، جیهانبینی یاسپرس کەوتبووە سەر ڕیٚگای پەرەسەندن.(یەکەمین چاپی ئەڵمانی کتیٚبەکە لەساڵی **١٩١٩**بڵاو کرایەوە، ئەو وتانەی وەریاندەگرین هی چاپی **١٩٢٥**)ـە." بۆ ئەوەی ژیانی کەسیٚك بەرجەستە بکەین، دەبیٚ بزانین چۆن 'سات[٨٦]' تیٚپەڕ دەکات. 'سات' تاکە واقعیەت و خودیی واقیعیەتە لە ژیانی رۆحیدا. هەموو 'ساتیٚ' لەژیان، دوایین چرکە سات و تاکە واقیعیەتی مەلموس و پڕ خویٚن و ڕاستەوخۆ و زیندوو و بە جەستە ئامادە و هەمەکی واقیعیەتە...مرۆڤ دواجار بوون و هەقیقەتی رەها لە 'ساتدا' دەدۆزیٚتەوە و بەس "(ل ١١٢). وئیٚستا هەندیٚ ڕستە لەبەشی "تیٚڕوانینی پڕ تاسە" ،ل ١١٢: "لەهەر شویٚنیٚ 'تاسە' پاڵنەری ڕەهاو تاکە بەڵگەی ڕیٚگا بیٚت-بە جۆریٚکی تر، لە هەر جیٚگەیەك

82. Erkenntnis, 2, 231.
83. G. Schneeberger, Nachlese zu Heidegger (1962)
84. K. Jaspers, General psychopathology.
85. K. Jaspers, psychology of word- wiews.
86. Moment.



مرۆڤ نغرۆی واقیعیەت و بۆ واقیعیەت بژی و هیٚشتا ئەو بۆرییەی تیٚدا بیٚت کە بە هەرچی هەیەتی بەرەو پیری مەترسی بڕوات-لەو شویٚنەیە دەتوانین لە رۆحی قارەمانی بدویٚین: لە ئەڤینی قارەمانی و ململانیٚی قارەمانی و کاری قارەمانی ،تاد.پاژی٥: تیٚڕوانینی پڕ تاسە هەمان ئەڤینە..." (بەهرەی ٢، ل ١٢٨): "دڵسۆزی ئەڤین نییە..." (ل ١٢٧):"هەر بۆیە ئەڤین بەزەیی ناناسیٚت و لە هیچ شتیٚك نابووریٚت و لیٚرەوەیە ئەڤینداری ڕاستەقینە تەنیا بەم مەرجە باوەڕ بە ئەڤین دیٚنیٚ."(ل ٢٥٦ بە دواوە): " سیٚیەم. **دۆخی کۆتایی تاك(مفرد)**... الف ململانیٚ:

ململانیٚ یەکیٚکە لە فۆرمە سەرەکییەکانی هەموو جۆرە بوونیٚك ... **دژ کردەوەکان** لە بەرانبەر بارودۆخی کۆتایی هاوجووت لەگەڵ ململانیٚ: ٢٠٠٠. **تیٚنەگەیشتنی مرۆڤ لەم واقیعیەتەکە لە ململانیٚ بەرزتر هیچی تر نییە**: مرۆڤ بە ترسنۆکی خۆی لەبەر دەدزیٚتەوە ..." و بەم جۆرە تادوایی. هەمیشە هەمان ویٚنە دەبینینەوە: رۆمانتیزمیٚکی شیٚتانەی هاوجووت لە گەڵ بەربەرییەتی وەحشییانە و خۆبەزلزانی مامۆستایانە و تیژبینی بۆ دابەشکردنی بابەتەکان بەسەر بەش و پاژ و بەهرە و نەمەت.

**٩٠**. کولنای، هەمان کتیٚب،ل ٢٠٨.

سەبارەت بە مەی وتم"فەلسەفەی قوماربازان" چاویٚك بەم رستەیەی شپنگلەردا بخشیٚنن (**کاتژمیٚری بڕیار: ئەڵمان و پەرەسەندنی جیهانمیٚژوویی**[٨٧]، دەقی ئەڵمانی، **١٩٣٣**، ل ٢٣٠- خواستراوە لە **وەهای گوت ئەڵمان**، ل ٢٨):"ئەو کەسەی بە شمشیٚرەوە سەر بکەویٚت، جیهان لەژیٚر یاقوتەکەی دایە. مۆرەکان {زارەکان} لیٚرەن، ئامادەن بۆ ئەم یاریی مەزن و سەرسوڕهیٚنەرە. بەڵام کییە جورئەتی مۆرە هاویشتنی هەبیٚت؟".

سبارەت بە فەلسەفەی گنگسترەکان، نووسەری بە توانا فون زالمون کتیٚبیٚکی هەیە بە ناوی **یاخییەکان**[٨٨] کە رەنگە تەنانەت لەوەی بینیشمان ڕۆشن تربیٚت. ئەمە ڕستەگەلی ئەم کتیٚبەیە (ل ل ١٠٥، ٧٣، ٦٣، ٣٠٧، ٧٣، ٣٦٧): "ئاه لەم شەهوەتە شەیتانییە! ئایا من و دەمانچەکەم یەکیٚکین؟... یەکەمین شەهوەتی مرۆڤ ، شەهوەتی ویٚرانکارییە...جیاوازی نەبوو، تەقەیان لە هەمووان دەکرد چونکە چیٚژیان لەم ئیشە وەردەگرت ... ئیٚمە لە کۆتی بەرنامە و

87. O. Spengler, the Hour of Decision; Germany and world- Historical Evolution.
88. E. Von salomon, the outlaws (1930).

شێواز و رێکی ئازادین... ئەوەی دەمانەویست نەماندەزانی چییە و ئەوەی دەمانزانی و دەماننناسی نەماندەویست... بەرزترین شەهوەتێ کەهەستم پێ دەکرد، شەهوەتی وێرانکاری بوو "، تاد(هەروەهابگەڕێنەوە بۆ هەمان کتێبی هێگمان،ل (١٧).

**٩١.** کولنای، هەمان کتێب، ل **٣١٣**.

**٩٢.** کولنای، هەمان کتێب ،ل **٣٩٨**.

**٩٣.** شوپنهاوەر، **پرسە سەرەکییەکان** (چاپی چوارەم ،١٨٩٠) "پێشەکی" بۆ چاپی یەکەم (١٨٤٠)، ل XIX. قسەی هیگڵ سەبارەت بە "قووڵایی ڕووە و ئاسمان هەڵچوو" (یان"بەرزترین قووڵایی") لە یەکێك لە نووسینەکانی خواستراوە. دوایین رستەی شوپنهاوەریش هەر لەم کتێبە وەرگیراوە (ل XVIII).

# میتۆدی مارکس

# ١٣ مارکس و قەدەرگەرێتی لە کۆمەڵناسی دا

**پەیڕەوانی ڕێچکەی کۆگەلی... حەز و سۆزێکی ئەوتۆیان دەرهەق بە پێشکەوتن و هاودەردیی لەگەڵ هەژاران و ئاگایی و تێگەیشتنێکی قوڵیان سەبارەت بە چەوساندنەوە و ناهەقی و پاڵنەرێکی ئەوتۆیان بۆ هەنگاونان بەرەو کاری گەورە هەیە کە لە لیبرالیزم نوێ و ئەمڕۆییدا دەست ناکەوێت. بەڵام کردەوەکانیان لەسەر خراپ تێگەیشتنێکی قوڵ دامەزراوە... و هەر بۆیە، کردەوەکانیان بە قوڵی وایرانکەرو کۆنەپەرستانەیە. لەم ڕوویەوە، دڵی مرۆڤەکان تووشی پشێوی و دڕدۆنگی بووە و بیریان گیرۆدەی پەرێشانی و هەندێ ڕێگای ئەوتۆیان بۆ دادەنرێت کە هەڵبژاردنی هیچ کامێکیان ممکین نییە.**

**- والتێر لیپمەن**

ئەو کەسانەی لە دژی ئازادی ڕاپەڕیون و هەڵیانکوتاوەتە سەری، هەمیشە پەنایان بۆ ئەم شێواز و فرتوفێڵە بردووە: ((دەبێ سوود لە هەستوسۆز وەربگرین نەك هێزی خۆمان لە هەوڵێکی بێهوودەدا بەفیڕۆ بدەین بۆ وێران کردنی))[١]. بە نرخترین هزرە مرۆڤدۆستییەکان بەردەوام بە هاتوهاوارەوە، لەلایەن زاڵمترین دوژمنەکانیانەوە پەسەند کراون و بەرز نرخێنراون و ئەم دوژمنانە توانیویانە لەم ڕێگایەوە لە بیچمی دۆست و هاوپەیمانیدا بچنە کەمپی مرۆڤدۆستان و دووبەرەکی و ناپاکی بنێنەوە. ئەم فێڵە زۆربەی کاتەکان سەرکەوتنێکی شایانی باسی وەدەست هێناوە، هەروەکو چۆن ئێستاش بەشێك لە مرۆڤدۆستە ڕاستەقینەکان وێنای ئەفلاتون بۆ



((دادپەروەری)) یان واتای سەردەکانی ناڤینی ئوتوریتە ((لە ئایینی مەسیح)) یان بیرۆکەی ڕۆسۆ لەمەڕ ((ویستی گشتی)) یان بیروهزری فیختە و هێگل لە زەمینەی ((ئازادی نەتەوەیی)) دەپارێزن و لایان مەزنە[٢]. بە یارمەتی ئەم شێوازە بۆ درزتێخستن و دووبەرەکی نانەوەو ناپاکی دروست کردن لە کەمپی مرۆڤدۆستاندا، وردە وردە تاوەری پێنجەمی ڕۆشنبیرانی لەم کەمپەدا پێك هێنا، لەبەر ئەوەی مەبەستێکیان نەبوو و بە نەزانی کاریان دەکرد، دوو هێندە کاریگەرییان هەبووە. بەڵام کاتێ ئەم شێوازە توانی گەورەترین سەرکەوتن بەدەست بێنێت کە فەلسەفەی هێگل بوو بە بناغەی پتەوی یەکێك لە ڕاستەقینەترین بزاڤە مرۆڤدۆستیەکان، واتە مارکسیزم کە هەتا ئێستا چڕترین، پەرەسەندووترین و مەترسیدارترین فۆڕمی ڕێبازی مێژووگەرایی بووە.

وەسوەسەی ئەم کارە بەهێزە کە تەنیا لە هەمبەر پێکچوونەکانی مارکسیزم، واتە پاڵی چەپی هێگلیانیزم و فاشیزم {واتە باڵی ڕاستی ئەم فەلسەفەیە} بە دوور و درێژی بدوێین. بەڵام بە تەواوی لەویژدان بەدوور دەبێت ئەگەرچاو لە جیاوازییەکانیان بپۆشین. سەرچاوەی هزریی هەردووکیان تاڕادەیەکی زۆر یەك شتە، بەم جیاوازییەکە هیچ گومانێك سەربارەت بە پاڵنەری مرۆڤدۆستانەی مارکسیزم لە ئارادا نییە. جگە لەمە، بە پێچەوانە هێگلییەکانی باڵی ڕاست، مارکس بۆ بەکارهێنانی میتۆدە عەقڵیەکان سەبارەت بە خێراترین و گەرمترین پرسەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، هەوڵێکی ڕاستگۆیانەیدا. تەقەڵاکانی بەشێوەیەکی گشتی تووشی تێك شکان هات، بەڵام هەروەکو دواتر دەریدەخەین، ئەم ڕاستییە هیچ لە بەهاکەی کەم ناکاتەوە. زانست بەهۆی تاقیکردنەوە و هەڵە، {واتە} بە هەردووکیان پێش دەکەوێت. مارکس تاقیکردنەوەی ئەنجامدا و سەرەڕای ئەوەی لە بیرۆبۆچوونە بنەڕەتییەکانیدا تووشی هەڵە هات، بەڵام تاقیکردنەوەکەی بێهوودە نەبوو. چاومانی کردەوەو لەگەڵێ ڕووەوە تیژ بین تری کردین. بەر لە مارکس گەڕانەوە بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان تەسەور ناکرێت. هەموو توێژەرە نوێییەکان قەرزداری مارکسن، ئەگەرچی خۆیان ئاگاشیان لەم قەرزە نەبێت. ئەم حوکمە بە تایبەتی لەسەر ئەو کەسانە ڕاستە کە وەکو من دژی بیروبۆچوونەکانی ئەون و من بە تەواوی دان بەوە دادەنێم کە لێکۆڵینەوەو بیروباوەڕەکانم بۆ نموونە لەسەر ئەفلاتون[٣] و هێگل، لەژێر کاریگەری ئەودایە.

بە ویژدانەوە حوکم دان لەسەر مارکس، جگە لە داننان بەڕاستگۆییەکەی، ممکین نییە. ئەوەی کردی بە بە نفوزترین خەباتکاری جیهان لە ململانێی لەگەڵ ریاو هەڵخەڵەتاندندا، هزرە کراوەکەی و ئەو دەرك و تێگەیشتننە بوو کە لەمەڕ واقعیاتەوە هەیبوو و هەروەها خۆبواردن لە وشەبازی، بەتایبەتی وشەبازی بە ئامانجی وتنەوەی وانەی ئەخلاق. مارکس حەزێکی بەتین و ئاگرینی هەبوو بۆ یارمەتیدانی ستەملێکراوەکان و بەتەواوی ئاگاداری ئەوەبوو کە دەبێ ئەوەی پابەندە پێیەوە نەك هەر لە گوتەدا بەڵکو لە کردەوەشدا بسەلمێنێت. توانا و لێهاتوویەکەی زیاتر چۆنایەتییەکی تیۆریی هەبوو و لەم روویەوە، هەوڵ و تەقەلایەکی مەزنی بۆ دانان و رێك کردنی ئەو شتە تەرخان کرد کە پێیوا بوو چەکێکی زانستییە بۆ خەبات کردن لە رێگای باشکردنی بارودۆخی زۆرینەی بەرفراوانی خەڵك. بەبڕوای من، ئەوەی مارکس لە زۆربەی پەیڕەوکارەکانی جوێ دەکاتەوە، راستگۆیی هزری و پاکییەکەی بوو لە گەڕان بەدوای حەقیقەتدا (هەرچەندە بەداخەوە ئەویش نەیتوانی بە تەواوی لەژێر کاریگەری گەندەڵکاری پەروەردەبوون لە ناو فەزای دیالێکتێکی هێگل خۆی دوور بخاتەوە کە شوپێنهاوەر بە ((وێرانکەری هەموو جۆرە عەقڵێك)) وەسفی دەکات{٤}). هۆگری مارکس بە زانستە کۆمەڵایەتییەکان و فەلسەفەی کۆمەڵایەتی، بناغەیەکی زانستی هەبوو. مەعریفە لە روانگەی ئەوەوە، ئامرازێك بوو بۆ یارمەتیدانی پێشکەوتنی مرۆڤ{٥}.

کەواتە بۆچی دەبێ هێرش بکەینە سەر مارکس؟ بەبڕوای من، مارکس سەرەڕای هەموو لێهاتوویەکانی پێغەمبەرێکی درۆین بوو. رەوتی مێژووی پێشگۆیی کرد و پێشگۆییەکانی راست دەرنەچوون. بەڵام تۆمەتبارکردنی سەرەکی من دژی مارکس ئەمە نییە. گرنگتر لەمە ئەوەیە کە ئەو دەیان کەسی هۆشمەندی گومڕا کرد و هێنانیە سەر ئەو بڕوایە کە رێگای زانستی مامەڵە کردن لەگەڵ کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتییەکان، پێشگۆیی کردنی مێژووە. ئەگەر لە ریزی ئەو کەسانەدا کە دەیانەوێت هاوکاری بەرەو پێش بردنی ئایدیایی کۆمەڵگای کراوە بکەن، کاریگەرییەکی وەها وێرانکەر و بناغە هەڵتەکێن لە میتۆدی هزری مێژووگەرایانە بەجێماوە، بەرپرسایەتی ئەم کارە لەسەر شانی مارکسە.

بەڵام ئایا ڕاستە مارکسیزم یەکێکە لە شێوازە بێگەردەکانی رێبازی مێژووگەرایی؟ ئایا هەندێ توخمی تەکنەلۆژیای کۆمەڵایەتی لە مارکسیزمدا دەست ناکەوێت؟ خەڵکانێکی زۆر لەبەر ئەوەی سەیر دەکەن روسیا دەستی کردووە بە تاقیکردنەوەی ئازایانە و بەزۆری سەرکەوتوانە لە



ئەندازیاریی کۆمەڵایەتیدا، گەیشتوونەتە ئەو دەرەنجامە کە مارکسیزم وەکو زانست یان ئارمانجێك کە بنەمای تاقیکردنەوەکانی روسیا بووە، حەتمەن جۆرە تەکنەلۆژیاییەکی کۆمەڵایەتی یان لانی کەم یاریدەدەری تەکنەلۆژیای کۆمەڵایەتییە. بەڵام هەر کەسێك کەمترین زانیاری لەسەر مارکسیزم هەبێت، تووشی هەڵەیەکی ئەوتۆ نابێت. مارکسیزم تیۆرێکی تەواو مێژووییە، تیۆرێکە ئامانجەکەی پێشگۆیی کردنی ئایندەی گۆڕانکارییە ئابووری و دەسەڵاتدارییە سیاسییەکان و بەتایبەتی شۆڕشەکانە و لەبەر ئەوەی بەم چەشنە بووە، بێگومان نەیتوانیەوە پاش ئەوەی حزبی کۆمۆنیستی روسیا دەسەڵاتی سیاسی بەدەست هێنا، بناغەیەك بۆ رێباز و پڕۆگرامەکەی دەستەبەر بکات. دەتوانین بڵێین مارکس تاڕادەیەکی زۆر هەموو جۆرە تەکنەلۆژیایەکی کۆمەڵایەتی یاساغ کردووە و چونکە پێیوا بووە شتێکی خەیاڵی یان یۆتۆپیاییە، ریسواو ترۆی کردووە{٦}. لەم روویەوە، پەیڕەوکارەکانی لە روسیادا لە سەرەتاوە بۆیان دەرکەوت بە هیچ چەشنێك ئامادەی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو ئەرکە مەزنە نین کە لە قەڵەمڕەویی ئەندازیاریی کۆمەڵایەتیدا لەسەر شانیانە. لینین بە خێرایی پەی بەوەبرد کە مارکسیزم هیچ یارمەتییەکی لەدەست نایەت لە پانتایی ئابووری پراکتیکیدا و پاش گەیشتن بە دەسەڵات، وتی{٧}: ((هیچ سۆسیالیستێك شك نابەم کە لەگەڵ ئەم کێشەو گرفتنەدا بەرەو روو بووبێتەوە)). و لە جێگایەکی تردا وتی: ((لە کتێبە دەرسییەکانی بەلشەڤیك و مەنشەڤیکەکاندا هیچ شتێك لەمەڕ بارودۆخێکی ئەوتۆ نە نووسرابوو)). پاش قۆناغێك لە تاقیکردنەوەی سەر نەکەوتوو- واتە ئەو قۆناغەی کە بە ((کۆمۆنیزمی جەنگ)) بەناوبانگە- لینین بڕیاریدا هەندێ هەنگاو باوێژێت کە بە کردەوە بەمانای گەڕانەوەی سنووردار و کاتی بوو بۆ سەرمایەگوزاری و خاوەندارێتی تایبەتی. بەڵام ئەم شێوازە کە بە ((نپ)) یان ((سیاسەتی ئابووری نوێ)) ناوبانگی دەرکرد و ئەو تاقیکردنەوانەی کە دواتر ئەنجام دران- وەکو بەرنامەی پێنج ساڵە و شتی لەم جۆرە- بەهیچ چەشنێك پەیوەندی بە تیۆری ((سۆسیالیزمی زانستی))[1] مارکس و ئنگلسەوە نەبوو. بەبێ وەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵە، نەدەتوانین لە بارودۆخێکی تایبەتی لینین تێبگەین پاش جێبەجێ کردنی ((نپ)) و نەسەرکەوتنەکانی دەرك دەکرێن. لە لێکۆڵینەوە ئابوورییە بەرفراوانەکانی مارکسدا هیچ ئاماژەیەك بە بابەتی بنیات نانەوەی ئابووری، بۆ نموونە بەرنامەڕێژی لە ئابووریدا، نەکرابوو. لینین خۆی دانی بەوە دادەنا کە جگە لە دروشمی بێ سوود و ئازانج{٨}ی وەکو ((هەر کەس بەگوێرەی توانای خۆی و هەر کەس بەڕادەی

1. Scientific socialism

پێداویستییەکانی)) **تەنانەت یەك وشەش لە بەرهەمەکانی مارکسدا سەبارەت بە ئابووری سۆسیالیزم بەرچاو ناکەوێت.** ئەم دۆخە هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە لێکۆڵینەوە ئابوورییەکانی مارکس تەنیا بەکاری پێشگۆییە مێژووییەکەی دەهات و یەکڕاست لە خزمەتی ئەم ئامانجەدا بوو. بەڵام قسەکە لێرەدا نابڕێتەوە. مارکس جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە بەرامبەرێتی لە نێوان میتۆدە مێژووگەراییەکەی خۆی و هەر چەشنە شیکردنەوەیەکی ئابووریدا هەیە بەمەبەستی پلان دانانی عەقڵانی. مارکس ئەم شیکردنەوانە لە قاودەدا چونکە پێیوابوو یۆتۆپیایی و ناڕەوان. لە ئاکامدا، مارکسیتەکان تەنانەت لەم پانتاییەدا خۆیان لە خوێندنەوەی بەرهەمی ئابووریزانە بەناو ((بۆرژاواکانیش)) دەبووارد، ئەوە لەکاتێك دایە کە بەم زانیارییەی بەدەستیان هێنابوو، بەڕادەی هەندێ لە ((ئابووریزانە بۆرژواکان))نیش بۆ کاری بوونیاتنەر ئامادەییان نەبوو.

مارکس پەیامی خۆی لەوەدا دەبینی کە سۆسیالیزم لە زەمینە و پێشینە خەوناوی و هەستوسۆزاوییەکەی رزگار بکات کە گەرەکی بوو وانەی ئەخلاق بلێتەوە. دەبووایە سۆسیالیزم لە قۆناغی یۆتۆپیاییەوە بەرەو پلەی زانستی پەرەبسێنی[٩]. و لەسەر بناغەی میتۆدی زانستی شیکردنەوەی هۆ و هۆبەند و پێش بینی زانستی دابمەزرێت. لەبەر ئەوەی گریمانەکەی بەم جۆرە بوو کە پێش بینی کۆمەڵایەتی و پێشگۆیی مێژووی یەك شتن، هەر بۆیە دەبووایە سۆسیالیزمی زانستیش لەسەر بنەمای خوێندنەوەی هۆکارە مێژووییەکان و هۆبەندە مێژووییەکان و سەرەنجام، لەسەر بنچینەی پێشگۆیی دەرکەوتنی خودی سۆسیالیزمی زانستی دابمەزرێت.

مارکسیستەکان کاتێ هێرش دەکرێتە سەر بیروبۆچوونەکانیان، بەزۆری بۆ ئەم هەڵوێستە پاشەکشێ دەکەن کە مارکسیزم بە پلەی یەکەم، بەر لەوەی تیۆر و دۆکترین بێت، میتۆدە و تەنانەت ئەگەر بەشێکی تایبەت لە رێنماییەکانی مارکس یان کۆمەڵێك لە پەیڕەوکارەکانی لەناوبچێت، دیسان میتۆدەکەی بەردەوام لە پەلاماردران پارێزراوە. بەبڕوای من، بەهیچ جۆرێك دەگمەن نییە ئەگەر کەسێك پێ لەسەر ئەوە دابگرێت کە دەبێ مارکسیزم بە میتۆد لەقەڵەم بدرێت، بەڵام هەڵەیە ئەگەر یەکێك پێیوابێت لەبەر ئەوەی مارکسیزم میتۆدە، کەواتە دەبێ لە بەرامبەر هێرشدا پارێزراو بێت. هەر کەسێ بیەوێت لەمەڕ مارکسیزمەوە داوەری بکا، دەبێ وەکو یەکێك لە میتۆدەکان، توێژینەوەی لەسەر بکات و بیداتە بەر رەخنە، یاخود بەجۆرێکی تر، بە پێوەرەکانی میتۆدۆلۆژیا هەڵیبسەنگێنێت. دەبێ بپرسین ئایا مارکسیزم میتۆدێکی بە



ناوەڕۆك و سوودمەندە یان میتۆدێکی بێ بەرهەمە، واتە ئایا دەتوانێ یارمەتی زانست بکات بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکەکانی یان نا. کەواتە ئەو پێوەرانەی کە بۆ داوەری کردن لەسەر میتۆدی مارکسیستی بەکاریان دێنین، دەبێ خاوەن ماهییەتی زانستی بن. کاتێ ماکسیزمیشم بە چڕترین شێوەی رێبازی مێژووگەرایی ناوزەدکرد، مەبەستم ئەوەبوو کە میتۆدی مارکسیستی، میتۆدێکی زۆر لاواز و بێ بەرهەمە[١٠].

خودی مارکسیش {ئەگەر مابووایە} بێگومان لەگەڵ ئەم جۆرە مامەڵەکردنە پراکتیکییە سەبارەت بە تیۆرەکەی خۆی کۆك و هاوڕا دەبوو، چونکە ئەو یەکێك بوو لەو فەیلەسووفە بەراییانەی کە ئەو بیروباوەڕەیان بەرفراوان کرد و گەشەپێدا کە دواتر بە ((پراگماتیزم))[٢] ناوبانگی دەرکرد. پێم وایە ئەوەی بەرەو ئەم هەڵوێستەی پەلکێش کرد، بڕوا بوون بوو بە پێویستی دابین کردنی زەمینەیەکی زانستی بۆ ئەو سیاسەتمەدارانەی، هەڵبەتە لە روانگەی خۆیەوە، ئەو سیاسەتمەدارە سۆسیالیستانەی کە خەریکی بابەتە پراکتیکییەکان بوون. مارکس لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە زانست دەبێ ئەنجامی کردەیی هەبێت. ئەو رێنمایی دەکرد کە هەمیشە بە دوای میوە و بەرەکاندا بگەڕێن و سۆراغی دەرەنجامی پراکتیکی هەموو تیۆرێك بکەن. ئاکامی کردەیی دەبڕی بوونیادی زانستی تیۆرە. ئەو فەلسەفە یان زانستەی کە ئاکامی کردەیی نەبێت، تەنیا روونکردنەوەیەکە بۆ راڤەی ئەو جیهانەی کە تێیدا دەژین، ئەوە لە کاتێك دایە کە بەڕاستی دەکرێ و دەبێ کارێکی لەمە گەورەتر ئەنجام بدات- دەبێ جیهان بگۆڕێت. مارکس لە هەمان سەرەتای کارەکەوە نووسی[١١]: ((فەیلەسووفەکان تەنیا لە رێگای جۆراو جۆرەوە جیهانیان راڤە و شرۆڤە کردووە، بەڵام بابەتەکە گۆڕینیەتی)). رەنگە هەر ئەم هەڵوێستە بێت کە مارکسی لە پراگماتیستەکان زیاتر بەرەو خستنەڕووی ئەم دۆکترینە گرنگە میتۆدۆلۆژییە پاڵنا کە تایبەتمەندترین ئەرکی زانست پێش بینی کردنی ئایندەیە، نەك وەدەست هێنانی مەعریفە لە رابردوو.

پشت بەستن بە پێش بینی زانستی لە خودی خۆیدا دۆزینەوەیەکی گرنگ و پێشکەوتوو بوو لە پانتایی میتۆلۆژیادا، بەڵام بەدبەختانە مارکسی بەلارێ دابرد. ئەم بەڵگەخوازییە ناپەسەند نییە کە زانست تەنیا بەمەرجێك دەتوانێ پێش بینی ئایندە بکات کە پێشتر رابردوو، ئایندەی هێنابێتە بوون یان پێشتر دیاری کردبێت- واتە بەمەرجێك کە ئایندە هەروەك دەڵێن ئامادەیی

---

2. pragmatism

هەبێت لە رابردوودا و لە دوورەوە تێیدا درەوشابێتەوە. بەڵام بەڵگەخوازی ناوبراو، مارکسی بەرەو ئەم بیروباوەڕە پووچەڵە پەلکێش کرد کە دەبێ هەموو میتۆدێکی زانستی تۆکمە لەسەر بنەامی قەدەرگەرێتی (دیتێرمینیزم)[٣]ی هۆداری وشك و رەقهەڵاتوودا دامەزرابێت. ئەو یاسا ((بۆ زاڵبوون نەشیاوانەی))[٤] کە مارکس لە قەڵەمڕەوی سروشت و لە پانتایی پەرەسەندنی مێژووییدا بڕوای پێیان هەبوو، بە ئاشکرا پێشاندەری کەوتنە ژێر کاریگەری فەزای بیروباوەڕەی لاپلاس[٥] و ماتریالیستە فەرەنسییەکان بوو. بەڵام ئەمڕۆ دەتوانین بڵێین ئەو بیروباوەڕەی پێیوابێت هەر دوو زاراوەی ((زانستی)) و ((هۆداری-علّی)) ئەگەر هاوواتاش نەبن، لانی کەم ناشێ لە یەکتری جیابکرێنەوە، ئەوا یەکێکە لە خورافاتەکانی ئەو سەردەمەی کە هێشتا بە تەواوی تێپەڕ نەبووە[١٢]. لەبەر ئەوەی من زۆرتر هۆگری پرسی میتۆدم، خۆشحاڵم کاتێ لە روانگەی میتۆدۆلۆژییەوە لەمەڕ دیتێرمینیزمی (قەدەرگەرێتی {موجبیت}) هۆدارییەوە دەدوێم. بەبێ وەبەرچاو گرتنی دەرەنجامەکانی ئەم جۆرە ناکۆکییە میتافیزیکیانە- وەکو کاریگەری تیۆری کوانتۆم لەسەر پرسی ((ئازادی ویست)) یان ((سەربەستی {اختیار}))- بەبڕوای من شتێکی بەڵگەنەویستە. هیچ جۆرە قەدەرگەرێتیەك- جا چ لە قاڵبی پرنسیپی پێکچوونی سروشتی دەربڕدرێت یان وەکو یاسای گشتی هۆیەتییەتی و هۆبەندییەتی (علّیت و معلولیت)- ئیتر ناشێت بە یەکێك لە گریمانە پێویستەکانی میتۆدی زانستی لە قەڵەم بدرێت، چونکە فیزیك کە لە هەموو زانستەکان پێشکەوتووترە، دەریخستووە کە نەك هەر پێویستی بەم جۆرە گریمانانە نییە، بەڵکو تاڕادەیەك تەنانەت لەگەڵیاندا دژیش دەکەوێتەوە. بڕوابوون بە قەدەرگەرێتی هۆداری، مەرجی پێشتری هیچ زانستێك نییە کە توانای پێش بینی هەبێت و هەربۆیە، ناتوانین بڵێین میتۆدی زانستی، کۆکە لەگەڵ گوتەی قەدەرگەرێتی هۆداری رەها. زانست دەتوانێ بەبێ ئەم گریمانەیەش بەردەوام لایەنی بۆ نەرمی نەشیاوی زانستی خۆی بپارێزێت. هەڵبەتە ناتوانین سەرکۆنەی مارکس بکەین لەبەرئەوەی بڕوای بە بەپێچەوانەی ئەمە هەبووە، چونکە تەنانەت باشترین زاناکانی سەردەمی ئەویش پابەندی هەمان تیۆربوون.

دەبێ ئەوە بێنینەوە یاد کە ئەوەی مارکسی بەرەو لاڕێی پەلکێش کرد، بەر لەوەی دۆکترینی ئەبستراکت و تیۆری قەدەرگەرێتی هۆداری بێت، کاریگەری ئەم دۆکترینە بوو لەسەر

3. Determination
4. inexorable laws
٥. P.S. Laplace (١٧٤٩ـ١٨٢٧) ماتماتیکزان و فیزیکزانی و ئەستێرەناسی فەرەنسی.



تێگەیشتنەکانی سەبارەت بە میتۆدی زانستی و تێڕوانینی لەمەڕ ئامانج و ئیمکانیاتی زانستە کۆمەڵایەتییەکان. وێنای گشتی ئەوە کە ((هۆکارەکان))، ((دەبنە هۆی پێك هێنانی))، گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان، لەخودی خۆیدا زیانمەندنییە بەو مەرجە کە رێبازی مێژووگەرایی لێ نەکەوێتەوە. هیچ هۆیەك نییە بۆ ئەوەی ئەو وێنایە ئێمە بەرەو تێڕوانینی مێژووگەرایانە سەبارەت بە دەزگا کۆمەڵایەتیەکان پاڵ بنێت کە **لەگەڵ تێڕوانینی تەکنەلۆژیکی هەموو خەڵکدا، بەتایبەتی لایەنگرانی قەدەرگەرێتی هۆداری، سەبارەت بە ماشینە** میکانیکی یان کارەباییەکان، دژایەتییەکی وەها سەرسوڕهێنەری هەیە. هیچ هۆیەك لە ئارادا نییە بۆ ئەوەی بێینە سەر ئەم باوەڕە کە لەنێو هەموو زانستەکاندا، تەنیا زانستە کۆمەڵایەتییەکان بە کەشف کردنی ئەوەی لە ئایندەدا چی چاوەڕوانیمان دەکات، ئەم خەونە دێرینە بجەنە قاڵبی کردەوەوە. بڕوا هێنان بەم جۆرە بەخت خوێندنەوەو فاڵگرتنەوە زانستیە، تەنیا لەسەر بنەمای قەدەرگەرێتی هۆداری (موجبّیت علّی) دانەمەزراوە، بەڵکو پایەکەی تری لەسەر گوماناوی کردنی **پێشبینی زانستی** بوونیان نراوە، هەروەك لە فیزیك یان ئەستێرەناسیدا لەگەڵیدا ئاشناین، لەگەڵ **پێشگۆیی مێژوویی بە مایکرۆپێوەر** کە دەربڕی هێڵە گشتییەکانی پەرەسەندنی ئایندەی کۆمەڵگایە. ئەم دوو جۆرە پێش بینییە (هەروەك لە جیگایەکی دیکەشدا هەوڵم داوە دەریبخەم[١٣]) زۆر لەگەڵ یەکتردا جیاوازن. خەسڵەتی زانستی پێش بینی زانستی بە هیچ چەشنێك بەڵگەنییە بۆ خەسڵەتی زانستی پێشگۆیی مێژوویی.

تێگەیشتنی مێژووگەرایی مارکس بۆ ئامانجەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، بڕواکەیان لەمەڕ پراگماتیزم تووشی لەرزۆکی کرد کە لە بەراییدا سەرنجی ئەویان بۆ ئەرکی پێش بینی لە زانستەکان راکێشا و هەروەها ناچاری کردبوو بۆچوونی خۆی لەمەڕ زانستەکان بگۆڕێت کە بە پێی ئەو، زانست دەبووایە و دیتوانی گۆڕانکاری لە جیهاندا پێك بێنێ. ئەگەر بڕیار وابێ کە هەر لە بنەڕەتدا زانستە کۆمەڵایەتییەکان بوونیان هەیە، کەواتە، دەکرێ پێشگۆی مێژوویی ئەنجام بدرێت، دەبووایە ڕەوتی سەرەکی مێژوو پێشتر دیاری کرابێت و نەویستی خێر بەسەر گۆڕینیدا توانای هەبێت نە عەقڵ. تەنیا شتێك کە دەمانتووانی لەڕووی دەستکاری کردنی بارودۆخەکان ئەنجامی بدەین ئەوەبوو کە لە رێگای پێشگۆیی مێژووییەوە، دڵنیابین لە رەوتی روودانی نزیکی گۆڕانکارییەکان و بەربەستە گەورەکان لەسەر رێگا هەڵگرین. مارکس لە کتێبی **سەرمایەدا** دەنووسێ[١٤]: ((تەنانەت لەکاتێ کۆمەڵگا، ئەو یاسایە دەدۆزێتەوە کە دەبێتە هۆی جوڵەی خۆی ... لەم ساتەشدا ناتوانێت لە قۆناغە سروشتییەکانی پەرەرسەندنی

خۆی، خۆ بدزێتەوەو بچێتە پێشەوە یان تەنیا بەنووکە قەڵەمێك، ئەم قۆناغانە لە دونیا بکاتە دەرەوە. تەنیا ئەوەندەی لەدەست دێت کە ئازاری زانەکە کەمتر و کورتتر بکاتەوە)). ئەو کەسانەی کە لە دەلاقەی چاوی ئەندازیارە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەیری دەزگا کۆمەڵایەتییەکانیان دەکرد و لەسەر ئەم بڕوایە بوون کە ئەم دەزاگایانە پاشکۆی عەقڵ و ویست (ئیرادە)ی مرۆڤن و ئەو توانستەیان هەیە کە بە چەشنێکی عەقڵانی پلانیان بۆ دابنرێت، مارکس بە پێی ئەو تێبینییانەی ئاماژەمان بۆ کرد، هەر هەموویانی بە خەیاڵاوی و ((یۆتۆپیایی)) لە قەڵەم دەدا و ریسوای دەکردن، پێیوابوو کە ئەم ((یۆتۆپیاگەرانە)) گەرەکیانە بە دەستی لاوازوباریکی مرۆڤ، پاپۆری کیۆئاسای کۆمەڵگا بە نێو دەریای بە شەپۆڵ و زریاناوی مێژوودا ڕێنوێنی بکەن. بەبڕوای مارکس، زاناکان تەنیا یەك کاریان لەدەست دەهات. ئەویش پێش بینی کردنی ڕەشەباو گێژاوەکان بوو و هەر بۆیە، بەکردەوە هیچ خزمەتێکی لەدەست نەدەهات کە لە بەرامبەر مەترسی گەردەلوولی داهاتوو و لاڕێ بوونی پاپۆڕەکە لە ڕێگای ڕاست (کە هەڵبەتە هەمان ڕێگای چەپ بوو!) هۆشداری بدات یان بە ڕێبوارەکان بڵێت باشتر وایە لە کام لای کەشتیەکەدا کۆببنەوە. لە ڕوانگەی مارکسەوە، ئەرکی ڕاستەقینەی سۆسیالیزمی زانستی، ڕاگەیاندنی داهاتنی نزیکی سەردەمی بەڵێندراوی سۆسیالیزم بوو. پێیوا بوو کە ڕێنماییە زانستیەکانی سۆسیالیزم تەنیا لە ڕێگای ئەم مژدەیەوە دەتوانێت یارمەتی دروست کردنی جیهانی سۆسیالیستی بکات و بە ئاگادارکردنەوەی خەڵك لەم گۆڕانکارییە کە بەم نزیکانە روو دەدات و ئەو پشکەی کە لە گەمەی مێژوودا بەر ئەوان کەوتووە، داهاتنی ئەم جیهانە ئاسانتر بکات. کەواتە، سۆسیالیزمی زانستی، تەکنەلۆژیای کۆمەڵایەتی نییە و ڕێگا و شێوازی دامەزراندنی دەزگا سۆسیالیستیەکان فێری کەس ناکات. تێگەیشتنی مارکس لە پەیوەندی نێوان لایەنی تیۆری و پراکتیکی سۆسیالیزم، بێگەردی بیروبۆچوونە مێژووگەراییەکانی پێشان دەدات.

هزری مارکس لە زۆر لایەنەوە بەرهەمی سەردەمی خۆی بوو کە هێشتا یادی ئەم بوومەلەرزە گەورە مێژووییە، واتە شۆڕشی مەزنی فەرەنسا، تازەیی خۆی لەدەست نەدابوو ( و بە شۆڕشی ١٨٤٨ سەر لەنوێ ژیایەوە). مارکس هەستی بەوە دەکرد ناشێت شۆڕشێکی ئەوتۆ بەهۆی هێزی عەقڵی مرۆڤەوە بەرنامەڕێژی بۆ کرابێت و روویدابێت، بەڵام زانستە کۆمەڵایەتییە مێژووگەراکان دەیانتوانی پێش بینی بکەن و بێگومان روانگەیەکی تەواو لەمەڕ بارودۆخی کۆمەڵایەتی، هۆکارەکانی ئاشکرا دەکرد. هەم مارکس بڕوای بە مێژووگەرایی هەبوو هەم جۆن



ستوارت میل و پێکچوونی ئەم دووانە لەم روویەوە (کە هاوتای پێکچوونی فەلسەفە مێژووگەراییەکانی پێشینانیان، واتە هێگل و کۆنتە) دەریدەخات کە ئەم جۆرە روانگە مێژووگەراییە تاڕادەیەك لە تایبەتمەندییەکانی ئەو قۆناغە بووە. مارکس هێندە بڕوای بە ((ئابووریزانە بۆرژواکانی وەکو ... جۆن ستوارت میل)) نەبوو[١٥] و بەجۆرێك لە جۆران بە نوێنەری ((ڕێچکەیەکی چینینەوەی پووچ و بێ ناوەڕۆك))ی لە قەڵەم دەدا. ڕاستە مارکس هەندێ جار جۆرە ڕێزێکی لە ((مەیلە نوێیەکان))ی ئەو ((ئابووریزانە چاکەکارە))، واتە میل دەگرت، بەڵام بەبڕوای من، هێما و ئاماژەی زۆر و زەوەند لەبەر دەستە بۆ ڕەدکردنەوەی ئەم سۆسەیە کە مارکس لە بیروبۆچوونەکانیدا سەبارەت بە میتۆدەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەری میل ( یا بەجۆرێکی باشتر، کۆنت)دا بووە و تەنانەت ئەم شتە هاوڕایی نێوان بیروباوەڕی مارکس و میل سەرنجڕاکێشتر دەکات. کەواتە، کاتێ مارکس لە دێباچەی کتێبی سەرمایەدا دەنووسێت: ((ئامانجی کۆتایی ئەم کتێبە، ئاشکرا کردنی ... یاسای جوڵەی کۆمەڵگای ئەمڕۆیە))[١٦]، دەتوانین بێژین خەریکی جێبەجێ کردنی بەرنامەکەی میلە کە نووسیبووی: ((پرسی سەرەکی ... زانستە کۆمەڵایەتییەکان، دۆزینەوەی یاسایەکە کە بە پێی ئەو، هەموو جۆڵەیەکی نێو کۆمەڵگا، حاڵەتی دواتر دێنێتە بوون کە دەبێتە جێگرەوەی)). میل توێژینەوەی کۆمەڵناسی بەسەر دوو جۆر دابەش دەکات. جۆری یەکەم جووتە لەگەڵ ئەوەی من بە تەکنەلۆژیای کۆمەڵایەتی ناوزەدم کردووە، جۆری دووەم لەگەڵ پێشگۆیی مێژووگەراییانەدا دەگونجێت. میل لایەنگری جۆری دووەم بوو و بە ((زانستی گشتی کۆمەڵگا))[٦] ناودێری دەکات. بە یارمەتی ئەم زانستە، ((دەرەنجامە تایبەتییەکانی جۆرەکەی تری توێژینەوەکە دەبێ سنووردار و کۆنترۆڵ بکرێت)). میل بە پەیڕەوی کردن لەو بۆچوونەی کە سەبارەت بە میتۆدی زانستی هەیبوو، بنەمای ئەم زانستە گشتییەی کۆمەڵگا بە بنچینەی هۆداری لە قەڵەم دەدات و شیکردنەوەی هۆداریی کۆمەڵگا بە ((میتۆدێکی مێژوویی)) ناوزەد دەکات. ((حاڵەتەکانی کۆمەڵگا)) لە روانگەی میلەوە[١٧] خاوەن ((تایبەتمەندیگەلێکە {کە} ... لە هەموو سەردەمێکدا ... گۆڕانی بەسەردا دێت)). ئەم حاڵەتانە بە تەواوی لەگەڵ ((قۆناغە مێژووییەکانی)) مارکسدا هاوجووتە. میل و مارکس هەردووکیان بڕوایان بە پێشکەوتن هەیە و گەشبینن پێی. دواجار، بیروباوەڕی میل زۆر لە هاوتا دیالێکتیکیەکەی پێنەگەیشتووتر و ساویلکانەترە. (میل لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە ئەو

6. General science of society

دوو جۆرە جوڵەی ((کە حاڵ و کاری مرۆڤەکان دەبێ لەگەڵیدا هاوجووت بێت... بەناچار... یەکێك لە دوو)) جوڵەی مکینی ئەستێرە ناسییە: یان ((دانراو)) یان ((گوازراو))ـە. پەیڕەوکارانی مارکس بەم ڕادەیە لە سادەیی یاسا باڵادەستەکانی سەر پەرەسەندنی مێژوویی دڵنیا نین و وەك دەڵێن بڕوایان بە دانان یان تێکەڵ کردنی ئەم دوو جۆرە جوڵەیەی میل هەیە کە شتێکی وەك جوڵەی شەپۆلی یان زیکزاکییە.

هەندێ پێکچوونی دیکەش لە نێوان مارکس و میلدا هەیە. بۆ نموونە، هەردووکیان لەو لیبڕالیزمە بێزاربوون کە لەسەر بنەمای ئازادکردن یان دەستوەرنەدان[٧] دامەزرابوو و هەردووکیان هەوڵیان دەدا بنەمایەکی باشتر بۆ جێبەجێ کردنی پرنسیپی بنەمایی ئازادی دابین بکەن. بەڵام لە بیروباوەڕەکانیاندا سەبارەت بە میتۆدی کۆمەڵناسی، جیاوازییەکی زۆر گرنگ بەرچاو دەکەوێت. میل پێیوابوو کە خوێندنەوەی کۆمەڵگا دواجار دەبێ بگۆڕێ بۆ دەروونناسی و یاسا باڵادەستەکانی سەر پەرەسەندنی مێژوویی، لە چوارچێوەی سروشتی مرۆڤ و ((یاسا دەروونییەکان)) و بەتایبەتی، تایبەتمەندی پێشکەوتنخوازانەی مرۆڤ، روون بکرێتەوە و هۆی بزاندرێت. بە پێی نووسینی خۆی[١٨]: ((لەسەر بناغەی پێشکەوتنخوازی مرۆڤ، میتۆدێك بۆ... زانستە کۆمەڵایەتییەکان... داڕێژراوە کە زۆر زیاتر... لە جۆرە... باوەکانی... رابردوو... باشترە...)) ئەم تیۆرە کە دەبێ کۆمەڵناسی بە پێی پرنسیپەکان شیاوی گۆڕان بێت بەرەو دەروونناسی کۆمەڵایەتی- هەرچەندە بەهۆی ئەو کێشە و گرفتانەی کە لە کردەوە و دژکردەوەی تاکە بێ ئەژمارەکان لە تەك یەکتردا، هەندێ دژواری لەم کارەدا سەرهەڵدەدات- لە نێو بەشێکی زۆر لە بیرمەندەکان بە چەشنێکی بەرفراوان برەوی هەبووە و یەکێك لەو تیۆرانەیە کە هەمیشە راستییەکەی وەکو بەڵگەنەویست سەیر دەکرێت. من ئەم جۆرە مامەڵە کردنەم لەگەڵ کۆمەڵناسی بە دەروونناسیگەرایی (لە میتۆدۆلۆژیادا) ناودێر کردووە[١٩]، بە پێی ئەم راڤەیە میل بڕوای بە دەروونناسیگەرایی هەبوو بەڵام مارکس گومانی هەبوو لە راستیەکەی و نووسیی[٢٠]: ((ناتوانین پەیوەندییە حقوقیەکان (مافیەکان) و بوونیادە سیاسییە جیاجیاکان... بە پەنابردن بۆ ئەو شتەی بە پێشکەوتنخوازی گشتی دەروونی (سایکۆلۆژی) مرۆڤ ناوزەدکراوە روون بکەینەوە)). رەنگە گەورەترین سەرکەوتنی مارکس لە کۆمەڵناسیدا هەر ئەمە بوو بێت کە گومانی لە دەروونناسیگەرایی هەبوو و بەم کارەی خۆی، رێگای بۆ وەدەستهێنانی

7. laissez- fair liberalism



وێنایەکی قوڵتر و بەنفوزتر لە قەڵەمڕەوی تایبەتی یاساکانی کۆمەڵناسی و دواجار جۆرە کۆمەڵناسییەکی، لانی کەم لە هەندێ لایەنەوە سەربەخۆ کردەوە.

لە بەشەکانی داهاتوو، هەوڵی شیکردنەوەی بەشێك لە خاڵەکانی میتۆدی مارکس دەدەین و بەردەوام تێدەکۆشم بەتایبەتی پشت بەو دەستەیە لە بیروباوەڕەکانی ببەستم کە بە بۆچوونی من، خودان بەها و نرخێکی جێگیر و پایەدارن. سەرەتا، لەمەڕ هێرشی مارکس بۆ سەر دەروونناسیگەرایی دەدوێم- واتە بەڵگەخوازییەکانی بۆ لایەنگری لە جۆرە زانستێکی کۆمەڵایەتی سەربەخۆ و نەگۆڕ بەرەو دەروونناسی- و پاشان هەوڵ دەدەم لاوازییە سەرەکی و هیلاکەر و دەرەنجامی وێرانکاری بڕوابوونی بە مێژووگەرایی شی بکەمەوە.

# ١٤ سەربەخۆیی کۆمەڵناسی

**دژایەتی** مارکس لەگەڵ دەروونناسیگەرایی{١}- واتە لەگەڵ تیۆرێکی بە ڕواڵەت دڵگیر کە دەڵێت دەبێ هەموو یاسا باڵادەستەکانی سەر ژیانی کۆمەڵایەتی دواجار بۆ یاسای دەروونناسانەی باڵادەست بەسەر ((سروشتی مرۆڤ)) بگەڕێنەوە- بە چەشنێکی کورت و بەسوود لەم پەیڤە داهێنەرانە و بەناوبانگەی خۆیدا دەردەبڕێت: ((ئاگایی مرۆڤ بوونەکەی پێك ناهێنێت- بە پێچەوانەوە، بوونی کۆمەڵایەتییە دەبێتە هۆی دروست کردنی ئاگایی)){٢}. ئامانجی سەرەکی ئەم بەشە و دوو بەشی داهاتوو شیکردنەوەو ڕوونکردنەوەی ئەم پەیڤەیە و پێویستە خێرا ئەمە زیاد بکەم کە لە پێشاندانەوەی ئەوەی پێم وایە دژایەتی مارکسە لەگەڵ دەروونناسیگەرایی، لەڕاستیدا ئەوتیۆرە بەرفراوان دەکەم کە خۆم پەیڕەوی لێدەکەم.

هەر بۆ نموونە و وەکو یەکەمین هەنگاوی ئەم توێژینەوەیە، ئەو پرسەی بە ((هاوسەرێتی دەرەکی))(١) ناسراوە، دێنینە بەرچاوی خۆمان، واتە پرسی ڕوونکردنەوەی برەوسەندنی بەربڵاوی ئەو دەستە لە یاساکانی ژنخوازی کە لە کولتووره بە تەواوی جیاوازەکاندا دەبینرێت و لە ڕواڵەتدا مەبەست لەمە پێش گرتنە لە وەچەخستنەوەو منداڵبوون لە نێوخزمەکاندا. میل و لایەنگرانی قوتابخانە کۆمەڵناسییەکەی کە بڕوایان بە دەروونناسیگەرایی هەیە (و هەروەها گەلێك دەروونشیکار کە دواتر هاتنە ریزی ئەمانەوە) ئەگەر هەوڵیان دابووایە ئەم ڕێسایە ڕوون

١. Exogams. هەلبژاردنی هاوسەر لە دەرەوەی گرووپێکی تایبەتی (وەك خێزان و خێڵ و تاد) کە هاوسەرێتی تاکەکان بەبێ داب و نەریت یان یاساکان یاساغ بێت. نموونەی ئەم حاڵەتە یاساغی هاوسەرێتی نێوان مەحرەمەکانە.



بکەنەوە، پەنایان دەبردە بەر ((سروشتی مرۆڤ)) و بۆ نموونە دەیانگوت لە مرۆڤدا جۆرە بێزارییەکی غەریزی بوونی هەیە لەمەڕ زیناکردن لەگەڵ کەسە نزیکەکان{محارم}دا ( کە رەنگە بەهۆی هەڵبژاردنی سروشتی یان لە ئاکامی ((سەرکوت کردنی- چەپاندنی))(٢) هەندێ لە حەزەکان دروست بووبێت). ڕوونکردنەوەیەکی ساویلکانە و خەڵك پەسەندیش لەوانەیە شتێکی لەم جۆرە بێت. بەڵام ئەگەر کەسێك پەیڕەوی لەو بۆچوونە بکات کە لە وتەکەی مارکسدا دابڕاوە، دەپرسێت ئایا پرسەکە بە پێچەوانەوە نییە؟ ئایا ئەم غەریزە رواڵەتییە بەرهەمی پەروەردە نییە و نابێت لە جیاتی هۆ، بە هۆبەندی ڕێسا کۆمەڵایەتی و نەریتەکان بژمێردرێت کە هاوسەرێتی دەرەکی بەڕەوا دەزانێ و زینا لەگەڵ کەسە پلە یەکەکان {محارم} یاساغ دەکات{٣} ؟ ئاشکرایە ئەم دوو جۆرە مامەڵەکردنە ڕێك لەگەڵ هەمان کۆنە کێشەدا هاوجووتە کە ئایا یاسا کۆمەڵایەتییەکان ((سروشتی))ن یان ((پەیمانی و دابی)) و (لە بەشی پێنجەمدا بە چڕوپڕی لەسەری دواین). لە بابەتێکی وەکو ئەوەی لێرەدا وەك نموونە هەڵبژێردرا، دژوارە بتوانین دیاری بکەین کە کام یەك لە تیۆرەکان راستە: ئەو تیۆرە کە ڕێسا کۆمەڵایەتییە نەریتیەکان لەسەر بنەمای غەریزە روون دەکاتەوە یان ئەوە کە غەریزەیەکی رواڵەتی بە هۆبەندی ڕێسا کۆمەڵایەتییە نەریتییەکان دەژمێرێت؟ بەڵام لە حاڵەتی هاوچەشنی ئەمە- واتە بێزاری بە ڕواڵەت غەریزی لە مار- سەلمێنراوە کە دەرفەتی چارەسەری ئەم جۆرە بابەتانە لە ڕێگای تاقیکردنەوەوە لە ئارادایە. ڕواڵەتی شتەکە بەم چەشنەیە کە بێزاری لە مار، غەریزیتر یان ((سروشتی)) ترە، چونکە نەك هەر مرۆڤ، بەڵکو هەر هەموو مەیموونە مرۆڤنوێنەکان و زۆربەی ئەنتەرەکانیش دا بەرچاو دەکەوێت. بەڵام لە ڕواڵەت تاقیکردنەوە دەریدەخات کە ئەم ترسە، بنەمایەکی ((دابی)) یان ((پەیمانی)) هەیە و پێدەچێت نەك لە نێو ئادەمیزاد، بەڵکو بۆ نموونە لە شامپانزێشدا بەرهەمی پەروەردە بێت، چونکە{٤} ئەگەر فێری ترس لەمار نەکرێن، نە منداڵی مرۆڤ ئەم غەریزە بانگەشەکارییە لەخۆ دەنوێنێ و نە بێچووی شامپانزێ. ئەم نموونەیە دەبێ وەکو هوشدار وەربگیرێت. ئەوەی لێرەدا لەگەڵیا بەرەو ڕووین ئەو نەفرەتە بە ڕواڵەت گشتی و هەمە لایەنەیە کە تەنانەت لە سنووری جۆری مرۆڤیش تێدەپەڕێت. لەسەر ئەو بنەمایە کە فلانە خوو گشتی نییە، رەنگە بتوانین بگەینە ئەم دەرەنجامە کەوا بنچینەیەکی غەریزی نییە (ئەگەرچی تەنانەت ئەم بەڵگەخوازییەش مەترسیدارە، چونکە هەندێ لە داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان دەبنە هۆی پێشگرتنی غەریزەکان). بەڵام سەیر دەکەن پێچەوانەی

2. Repression

پرسەکە بە یەقینەوە راست نییە. روودان و دەرکەوتنی گشتی و هەمە لایەنی فلانە رەفتار، بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوەی چۆنایەتی غەریزییەکەی یان رەگ و ریشەداربوونی لە ((سروشتی مرۆڤ))دا نییە.

لەوانەیە ئەم تێبینیانە ئەمە پێشان بدەن کە گریمانەی ئەوەی هەموو یاسا کۆمەڵایەتییەکان دەبێ بە پێی بنچینە ئاکامی تایبەتمەندییە دەروونییەکانی ((سروشتی مرۆڤ)) بێت، چەندە پێنەگەیشتوو و ساویلکانەیە. بەڵام شیکردنەوەکەمان هێشتا خودان ناسکی و پاکژی پێویست نییە. بۆ ئەوە هەنگاوێکی تر بهاوێژین، دەبێ بنەڕەتی دەروونناسگەرەکان راستەوخۆتر شی بکەینەوە کە دەڵێن لەبەر ئەوەی کۆمەڵگا بەرهەمی کردەوەو دژکردەوەی دەروونی تاکەکانە لە تەك یەکتردا، دەبێ یاسا کۆمەڵایەتییەکان دواجار بەرەو یاسا دەروونییەکان بگۆڕێن و بگەڕێنەوە، چونکە رووداو و پەیمانەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەبێ حەتمەن بەرەنجامی پاڵنەرە دەروونییەکانی تاکەکان بێت.

لەوانەیە بەرگریکارانی سەربەخۆیی یان ((خود رێبازی)) کۆمەڵناسی بۆ رەفزکردنەوەی ئەم تیۆرەی رێبازی دەروونناسیگەرایی، پەنا بۆ ئەو بیروباوەڕە ببەن کە لەسەر بنەمای دەزگاگەرایی دامەزراوە[٥] و بڵێین، یەکەم، ناتوانین هیچ کردەوەیەك تەنیا لەسەر بنەمای پاڵنەر روون بکەینەوە. ئەگەر بڕیارە بۆ روون کردنەوەی کردەوە، پەنا بۆ پاڵنەری (یان هەر چەمکێکی دەروونی یان رەفتاری تر) ببەین، دەبێ وەکو تەواوکار، بۆ بارودۆخی گشتی و بەتایبەتی بۆ ژینگە بگەڕێینەوە. سەبارەت بە کردەوەکانی مرۆڤ، ئەم ژینگەیە بە چەشنێکی سەرەکی خودان ماهییەتی کۆمەڵایەتییە و هەر بۆیە، ناتوانین کردەوەکانمان بەبێ گەڕانەوە بۆ ژینگەی کۆمەڵایەتی و دەزگاکانی کۆمەڵگای خۆمان و شێوازی ئەرکەکانیان روون بکەینەوە. لەم روویەوە، بە پێی بانگەشەی ئەو کەسە کە دەزگا بە بنچینە دەزانێت، ئاستەمە شیکردنەوە دەروونی یان رەفتارییەکانی کردەوەی ئێمە، ببێتە بنەمای کۆمەڵناسی، بە پێچەوانەوە، لە هەموو شیکردنەوەیەکی لەم چەشنەدا، دەبێ لە بنەماکانی کۆمەڵناسی وەکو گریمانەی بەرایی دەست پێبکەین. بەم جۆرە، ئیدی ناشێت کۆمەڵناسی یەکڕاست پشت بە شیکردنەوەی دەروونی ببەستێت و هەموو یان لانیکەم بەشێکی هەرە گرنگی، حەتمەن سەربەخۆ و خود رێبازە.

لەبەرامبەر ئەم بۆچوونەدا، لایەنگرانی دەروونناسیگەرایی لەوانەیە وەڵامی بدەنەوە کە گرنگی لە ڕادەبەدەری فاکتەرە ژینگەییەکان- بە سروشتی و کۆمەڵایەتییەوە- هیچ گومانێکیان تێدا



نییە، ئەوەندە نەبێت کە بوونیادی (یان بۆ ئەوەی سوودیان لە وشەیەك وەرگرتبێت کە مۆدیلی رۆژە، ((نموونە))ی) ژینگەی کۆمەڵایەتی، بەجیاکردنەوە لە ژینگەی سروشتی، دەستکردی مرۆڤە و هەر بۆیە، دەبێ لەسەر بنەمای سروشتی مرۆڤ و بە پێی تیۆری لایەنگرانی دەروونناسیگەرایی بۆ روون کردنەوە بشێت و شیاوی هۆ بۆ هێنانەوە بێت. بۆ نموونە، ئەو دەزگایەی کە ئابووریزانەکان پێی دەڵێن ((بازاڕ)) و وەزیفەکەی بابەتی سەرەکی خوێندنەوەکانیانە، دواجار دەبێ لە تایبەتمەندییە دەروونییەکانی ((مرۆڤی ئابووری))، واتە، بە وتەی میل، لە ((دیاردەی دەروونی ... خواستی سامان)) بێتە ئاراوە[٦]. هەروەها، رەنگە لایەنگرانی دەروونناسیگەرایی پێ لەسەر ئەم خاڵە دابگرن بەهۆی بوونیادی دەروونی تایبەت بە سروشتی مرۆیی، ئەم پشکە گرنگە لە کۆمەڵگاکەمان بەدەست دێنن و لەم رووەوە، هەموو دەزگایەك هەر کە سەقامگیر بوو و جێگەی گرت، دەبێتە خودان مەیلێك و دەگۆڕێ بۆ یەکێك لە بەشە تەقلیدی و تاڕادەیەك جێگیرەکانی ژینگەکەمان. سەرەنجام لایەنگرانی ئەم قوتابخانەیە لەوانەیە ئاماژە بەم خاڵە- کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە خاڵێکی یەکلاکەرەوەیە- بکەن کە **<u>چاوگ و رەوتی گۆڕانکاری نەریتەکان، هەردووکیان</u>** دەبێ لەسەر بناغەی سروشتی مرۆیی شرۆڤە بکرێن. کاتێ بەدوای چاوگی نەریت و دەزاگاکان دادەچین و دەگەینە سەرچاوەکانیان، بۆمان دەردەکەوێ کە دەستپێکەکەیان هۆکاری دەروونی لە پشتەوە بووە، چونکە مرۆڤ لە پێناو هەندێ ئامانجی تایبەت و لەژێر کاریگەری هەندێ پاڵنەردا دایمەزراندوون. تەنانەت ئەگەر ئەم پاڵنەرانە بە تێپەڕبوونی کات ونیش بووبێتن، هەر ئەم فەرامۆشییە و ئامادەیی ئێمە بۆ هەڵکردن لەگەڵ ئەو دەزگایانەی کە ئامانجەکانیان نادیارە، ئەمە دیسان خۆی لە سروشتی مرۆییەوە سەرچاوە دەگرێت. کەواتە، بە وتەی میل[٧]: ((دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، هەر هەموویان دیاردەگەلێکن کە لە سروشتی مرۆڤەوە هەڵدەقوڵێن)) و ((یاسا باڵادەستەکانی سەر دیاردە کۆمەڵایەتییەکان هیچ نین و ناتوانن هیچ بن جگە لە یاسای باڵادەست بەسەر کارو هەڵچوونی و کارلێکی مرۆڤەکانی)) یاخود بەجۆرێکی تر، ((یاسای سروشتی تاکە کەسی مرۆڤ. کاتێ مرۆڤەکان لە دەوری یەکتر خڕدەبنەوە، بەرەو جەوهەری رەگەزێکی تر گۆڕانی بەسەردا نایەت ...))[٨].

لە دواین دەستەواژەی میلدا، یەکێك لە ستایش ورۆژێنترین لایەنەکانی دەرووناسیگەرایی بەرچاو دەکەوێت و ئەویش دژایەتی عاقڵانەی ئەم قوتابخانەیە لەگەڵ کۆگەرایی و گشتگەرایی و خۆبوورانە لە کەوتنە ژێر کاریگەری رۆسۆ و هێگل- واتە ویستی گشتی یان رۆحی نەتەوەیی یان هەندێ جار رۆحی گروپی. بە بڕوای من، دەرووناسیگەرایی تەنیا هەتا شوێنێك راست

دەڕواتە پێش کە پشت بە ((تاکگەرایی (لەبەرامبەر کۆگەرایی) لە میتۆدۆلۆژیادا)) دەبەستێت و بە هەق پێ لەسەر ئەوەدا دەگرێت کە ((رەفتار)) و ((کردەوە))ی کۆمەڵەکان-ی وەکو وڵات و گروپە کۆمەڵایەتیەکان- دەبێ بۆ رەفتار و کردەوەی تاکەکان بگۆڕدرێت و هەڵبەگەڕێنرێتەوە. بەڵام (هەروەك لەم بەشەدا دەریدەخەین) ئەم بیروباوەڕە هەڵەیە کە هەڵبژاردنی ئەم میتۆدە کە لەسەر بنەمای تاکگەرایی دامەزراوە پێویستی بە هەڵبژاردنی میتۆدی دەروونناسانە هەیە، ئەگەرچی ئەم گفتە لە سەرەتادا زۆر رازیکەرە. لە خوێندنەوەی بەشەکانی دیکەی بەڵگەخوازی میل بۆمان دەردەکەوێ کە رێبازی دەروونناسیگەرایی، بەبێ وەبەرچاوگرتنی ئەو میتۆدە پەسەندەی کە بە پەیڕەوی کردن لە تاکگەرایی لەسەری دەڕوات، لەوێ بە دواوە دەچێتە ناو قۆناغێکی مەترسیدارەوە. بەڵگەخوازی ناوبراو پێشانی دەدات کە **لایەنگرانی دەروونناسیگەرایی هیچ چارەیەکیان نییە جگە لەوەی پەنا ببنە بەر میتۆدەکانی مێژووگەرایی**. هەوڵدان بۆ هەڵگەڕاندنەوەی واقعیاتەکانی ژینگەی کۆمەڵایەتی بۆ واقعیاتی دەروونی، ناچارمان دەکات بۆ تیۆردانان لەمەڕ چاوگ و رەوتی گۆڕانکاری دۆخەکان. کاتێك کۆمەڵناسیی ئەفلاتونمان شیدەکردەوە، هەلێکمان بۆ رەخسا بۆ ئەوەی زیاتر زیانەکانی ئەم شێوازەی مامەڵەکردن لەگەڵ زانستە کۆمەڵایەتییەکان هەڵبسەنگێنین (بگەڕێنێتەوە بۆ بەشی پێنجەم)، ئێستا کە خەریکی رەخنەگرتم لە میل، هەوڵ دەدەم گورزێکی کاریگەری تێ بسەروێنم. ئەو شتەی میلی ناچارکرد میتۆدی مێژووگەرایی وەربگرێت، بێگومان بڕوا بوونی بوو بە دەروونناسیگەرایی. میل خۆی تەنانەت بە چەشنێکی تەمومژاوی ئاگاداری پووچەڵی یان هەژاری مێژووگەرایی بوو، چونکە سەیر دەکەن بۆ پاساو هێنانەوە بۆ ئەو هەژارییە، هەوڵدەدات ئاماژە بەو کێشە و گرفتە ئاڵۆزانە بکات کە لەم کردەوە و دژکردەوە دەروونییەی نێوان ئەو هەموو تاکە کەسانە لەگەڵ یەکتریدا هەڵدەقوڵێ و دەنووسێت[٩]: ((یەکجار زۆر پێویستە ... تا کاتێ کە نەتوانین بەڵگەی کافی بە پشت بەستن بە بە سروشتی مرۆیی بخەینەڕوو، هەرگیز هیچ حوکمێکی گشتی نەهێنینە ناو زانستە کۆمەڵایەتییەکانەوە. بەم حاڵەش پێم وانییە هیچ کەسێك بانگەشەی ئەوە بکات کە دەرفەتی ئەوە هەبێت یەکێك لە بنەمای سروشتی مرۆڤ و هەلومەرج و بارودۆخی گشتی پێگەی مرۆڤەوە دەست پێبکات و لای خۆیەوە {بەبێ پشت بەستن بە ئەزموون} ئەو ریز بەندییە دیاری بکات کە دەبووایە پەرەسەندنی مرۆڤ لەسەر بناغەی ئەوەوە رووی دابێت و لە ئاکامدا، رووداوە گشتییەکانی مێژوو هەتا ئەمرۆ پێشبینی بکات)). بەڵگەی میل ئەوەیە کە: ((پاش چەند یەکەیەکی



سەرەتای لەم زنجیرەیەدا، کاریگەری نەوەکانی پێشووتر لەسەر هەر نەوەیەك، هێدی هێدی بەسەر هەموو کاریگەرییەکانی تردا زاڵ دەبێت)). (یاخود بە جۆرێکی تر، ژینگەی کۆمەڵایەتی، کاریگەرییەکی باڵا دەستانە وەدەست دێنێ). ((ناشێت هێزە مرۆییەکان بتوانن، ئەم زنجیرە دوور و درێژەی کردەوە و دژکردەوەکان بژمێرن ...)).

ئەم بەڵگەخوازییە-و بەتایبەتی گوتەی میل سەبارەت بە ((چەند یەکەیەکی سەرەتای ئەم زنجیرەیە)) لاوازی تێگەیشتنی لایەنگرانی دەروونناسیگەرایی لە مێژووگەرایی بە چەشنێکی سەرنجراکێش پێشان دەدات. ئەگەر بڕیارە هەموو رێکی و رێساکان لە ژیانی کۆمەڵایەتی- واتە یاسا باڵادەستەکانی سەر ژینگەی کۆمەڵایەتی و هەر هەموو دەزگا و شتەکانی تر- دواجار لەسەر بنەمای ((کارو کردەوەو هەڵچوونی مرۆڤەکان)) روون بکرێتەوە و بەرەو ئەم چوارچێوەیە بگۆڕدرێت، ئەم رێچکەیە نەك هەر چەمکی پەرەسەندنی مێژوویی هۆداری، بەڵکو وێنای **یەکەمین هەنگاویش** لەم پەرەسەندنەدا بەسەر ئێمەدا دەسەپێنێت. پشت بەستن بە چاوگی دەروونی {سایکۆلۆژی} رێسا یان دەزگا کۆمەلایەتییەکان تەنیا دەشێت بەم مانایە لێك بدرێتەوە کە دەتوانین بۆ رابردوو بگەڕێینەوە و بگەینە ئەم دۆخەی کە دەستپێکی ئەم رێسا و دەزگایانە تێیدا تەنیا پەیوەستە بە فاکتەرە دەروونی، یان بەجۆرێکی وردتر، سەربەخۆ لە هەموو دەزگایەکی جێگرتووی کۆمەڵایەتی بووە. بەم چەشنە، لایەنگرانی دەروونناسیگەرایی ناچار دەبن، بیانەوێت و نەیانەوێت، پەنا بۆ وێنای **سەرەتای کۆمەڵگا** و هەروەها بیروبۆچوونی وەکو سروشتی مرۆڤ و تایبەتمەندییە دەروونییەکانی ئادەمیزاد ببەن، بەو جۆرە کە لە پێشەوەی دروست بوونی کۆمەڵگا بوونی هەبووە. بەجۆرێکی تر، وتەی میل لەمەڕ ((چەند یەکەیەکی سەرەتای زنجیریی)) پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی، بە پێچەوانەی ئەوەی دەشێت وێنا بکرێ، بە رێکەوت و دەرەنجامی هەڵەی پێنووسەکەی نییە، بەڵکو پێشاندەری هەڵوێستێکە کە بەهۆی بێ هیوایی و داماوی بەسەری داسەپاوە. لەم روویەوە دەڵێین بێ هیوایی و داماوی، کە تیۆرێکی ئەوتۆ لەمەڕ سروشتی بەر لە بە کۆمەڵایەتی بوونی مرۆڤ کە دامەزراندنی کۆمەڵگا روون دەکاتەوە- و دەبڕی تێگەیشتنی لایەنگرانی دەروونناسیگەراییە بۆ ((پەیمانی کۆمەڵایەتی))- نەك هەر لە رووی مێژووییەوە، بەڵکو لە رووی میتۆدۆلۆژیشەوە ئەفسانەیە و هەربۆیە، شایستەی ئەوە نییە توێژینەوەیەکی جدی لەسەر بکرێت، چونکە هەموو بەڵگەکان ئەم بیروباوەڕە پەسەند دەکەن کە بەوەرچاوگرتنی ئەوە کە بۆ نموونە، بوونی کۆمەڵگا مەرجە بۆ زمان، مرۆڤ- یان باشتر وایە بڵێین، باوانی مرۆڤ- بەر لەوەی مرۆڤ سیفەت بێت، کۆمەڵایەتی

بووە. بەڵام هەر کە بڕوامان بەم بۆچوونە هێنا، وا پێویست دەکات بڵێین دەزگا کۆمەڵایەتییەکان- و وێرای ئەوانیش، ڕێکی و ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان یان یاساکانی کۆمەڵناسی[١٠]- بێگومان بەر لەو شتەی کە هەندێ کەس دڵیان پێی خۆش کردووەو بە ((سروشتی مرۆڤ)) ناوزەدی دەکەن و تەنانەت بەر لە دەروونناسی ئادەمیزاد، بوونی هەبووە. کەواتە، ئەگەر بڕیارە هەر لە بنەڕەتدە گۆڕینەوەیەك لە ئارادا بێت، مژدە بەخشتر دەبێت ئەگەر هەوڵ بدرێت بۆ گۆڕین یان ڕاڤەی دەروونناسی لە چوارچێوەی کۆمەڵناسیدا، نەك بە پێچەوانەوە.

دیسان دەگەینەوە سەر گوتەکەی مارکس کە لە سەرەتای ئەم بەشەدا ئاماژەمان بۆ کرد. مرۆڤ بەرهەمی ژیانی ناو کۆمەڵگایە نەك خولقێنەری ئەم ژیانە و مەبەست لە مرۆڤ، دەروونەکەی و نیاز و هیوا و ترس و چاوەڕوانی و پاڵنەر و پێداویستییە مرۆییەکانیەتی. دەبێ دان بەوە دابنێین کە بوونیادی ژینگەی کۆمەڵایەتی ئێمە، بە مانا تایبەتییەکەی، دەستکردی مرۆڤە و دەزگا و نەریتەکانی ناوەوەی نەکاری خوایە و نە کاری سروشت، بەڵکو بەرەنجامی کردەوەو بڕیارەکانی مرۆڤە و بەهۆی کردەوە و بڕیارەکانیە و گۆڕانی بەسەردا دێت. هەڵبەتە مەبەستمان ئەوە نییە کە ئەم دەزگا و نەریتانە هەر هەموویان بە مەبەست و هۆشیارییەوە گەڵاڵەیان بۆ داڕێژراوەو لەسەر بنەمای پێداویستی یان هیوا یان پاڵنەرەکان روون دەکرێنەوە. بە پێچەوانەوە، تەنانەت ئەو دەزگا و نەریتانەش کە لە ئاکامی کردەوەی هۆشیارانە و مەبەستداری مرۆڤەوە دروست کراون، لە بنەڕەتدا **بەرهەمی لاوەکی و ناڕاستەوخۆ و بێ مەبەست و زۆربەی کات نەخوازراوی ئەم کردەوانەیە**. هەروەك پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد[١١]: ((تەنیا بەشێکی کەم لە دەزگا کۆمەڵایەتییەکان بەمەبەست و ئاگاییەوە بەرنامەیان بۆ داڕێژراوە. بەشی هەرە مەزنیان خۆیان 'ڕواون و گەورە بوونە' و دەرەنجامی بێ مەبەستی و بەرنامە بۆ دانەڕێژراوی کردەوەی مرۆڤن))، و دەتوانین ئەمەش زیاد بکەین کە تەنانەت ئەو دەزگایانەی کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن و بە ئاگایی و سەرکەوتووانە بەرنامەیان بۆ دادەڕێژرێت (وەکو یەکێتییە کرێکارییەکان یان زانکۆ تازە بوونیات نراوەکان) بە کەمی وەکو گەڵاڵە سەرەکی دەردەچن و هۆیەکەشی دیسان هەر بۆ ئەو ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتییە بێ مەبەستانە دەگەڕێتەوە کە لە دروستکردنی مەبەستداری ئەوانەوە سەرچاوە دەگرێت. هۆیەکەی بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە کە دروست کردنی ئەم دەزگایانە نەك هەر کاریگەری لەسەر گەلێ دەزگای کۆمەڵایەتی تر دادەنێت بەڵکو ((سروشتی مرۆڤ))یش دەخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە- واتە لە بەرایی دا لەسەر هیواو



ترس و ئارەزووی ئەو کەسانە کە ڕاستەوخۆ لە مەیدانەکەدان دادەنێت و پاشان زۆربەی کات لەسەر هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا شوێنەوار بەجێ دێڵێت. یەکێك لە دەرەنجامەکانی ئەم حاڵەتە ئەوەیە کە، هەروەك لە بەشی نۆیەم لە کاتی باس کردنی ((کەڤاڵ سڕین))ی شۆڕشە توندڕۆکان ئاماژەمان بۆ کرد، بەها ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگا- واتە ئەو خواست و ڕاسپاردانەی کە هەمووان، یان تاڕادەیەك هەمووان، پەسەندی دەکەن- بە چەشنێکی وەها چڕوپڕ لەگەڵ دەزگا و نەریتەکانی کۆمەڵگادا تەنراون کە ناکرێت پاش لەناوبردنی نەریت و دەزگاکان دیسان لە جێگەی خۆیاندا بمێننەوە.

هەموو ئەوانەی وتمان هەر بەم ڕێگایە سەبارەت بە قۆناغە دێرینەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیش ڕاستە، واتە لەمەڕ کۆمەڵگای کراوەوە کە تێیدا، گەڵاڵەڕێژی ئاگایانەی دەزگاکان لە ڕادەبەردەر نایاب و بەڵکو دەگمەن بووە. ئەگەر ئەمڕۆکە وردە وردە بارودۆخەکان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، هۆیەکەی بۆ زیادبوونی هێواش و لەسەرخۆی مەعریفەی ئێمە لەسەر کۆمەڵگا دەگەڕێتەوە، واتە بەهۆی ئەو خوێندنەوانەی کە سەبارەت بە ڕەنگدانەوە بێ مەبەستەکانی بەرنامە و کردەوەکانی ئێمە ئەنجام دەدرێت و زۆر پێدەچێت ڕۆژێك دابێت مرۆڤەکان هۆشیارانە هەوڵی دروست کردنی کۆمەڵگایەکی کراوە بدەن و بەم چەشنە، پشکێکی زیاتر لەمەڕ دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان بخەنە سەر شانیان. (هەروەك لە بەشی داهاتوودا بۆمان دەردەکەوێ، مارکس بەهیوای ئەم ڕۆژە بوو). بەڵام هەموو ئەمانە لە هەندێ لایەنەوە، توندی و لاوازی هەیە و هەرچەندە لەوانەیە فێری ئەوە ببین کە بەشێکی زۆر لە دەرەنجامە بێ مەبەستەکانی کردەوەکانمان پێشبینی بکەین (کە ئامانجی هەموو جۆرە تەکنەلۆژیایەکی کۆمەڵایەتییە)، بەڵام دیسان گەلێك لە دەرەنجامەکان بە پێش بینی نەکراوی دەمێننەوە.

بە بڕوای من، هەر ئەم ڕاستییە کە لایەنگرانی دەروونناسیگەرایی ناچارن بڕوا بەهەندێ بۆچوونی تایبەت بە چاوگی دەروونیی کۆمەڵگا بێنن، خۆی بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە بۆ پووچەڵی ڕێبازەکەیان. بەڵام ئەمە تاکە بەڵگە نییە، ڕەنگە گرنگترین ڕەخنە ئەوە بێت کە ڕێبازی دەروونناسیگەرایی بێ توانایە لە تێگەیشتن لە ئەرکی سەرەکی زانستە کۆمەڵایەتییە ڕوونکەرەوەکان[٣].

---

3. Explanatory social sciences

ئەم ئەرکە، بە پێچەوانەی بڕوای لایەنگرانی مێژووگەرایی، پێشگۆیی کردنی ڕەوتی ئایندەی مێژوونییە، کەشف و ڕوونکردنەوەی ئەو پەیوەندییانەیە کە لە قەڵەمڕەوی کۆمەڵایەتیدا کە هێندە ئاشکرا نین، کەشف کردنیئەو کێشە و گرفتانەیە کە ئاستەنگن لەبەردەم ڕێگای کردەی کۆمەڵایەتیدا، تاوتوێ کردنی ئەم بابەتەیە کە بۆچی هەویری (ماددی) کۆمەڵایەتی[٤] لە دەستان خۆش نییە، بۆچی دەشکێ یان بۆ کشان شیاوە و بۆچی لە بەرامبەر هەوڵەکانماندا کە گەرەکمانە لە قاڵبی بدەین و کاری پێ بکەین، بەرەنگاری دەکات.

بە مەبەستی تیشك خستنە سەر ئەو خاڵەی لە هزرم دایە، گەرەکمە بە کورتی تیۆرێك شی بکەمەوە کە زۆر باوە و بەبڕوای من، ئامانجی زانستە کۆمەڵایەتییەکان ڕێك بە پێچەوانەوە بە گریمانە وەردەگرێت. ئەم تیۆرە کە بە ((تیۆری کۆمەڵایەتی پیلانگێڕی))[٥] ناوزەدم کردووە، بریتییە لەو بیروباوەڕە کە ڕوون کردنەوەی هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بە مانای پەیداکردنی تاك یان ئەو گروپانەیە کە بە ڕوودانی ئەم دیاردەیە قازانجیان پێدەگات و پەیوەندییان پێیەوە هەیە و خەریکی بەرنامەڕێژی و پیلانگێڕبوونە بۆ پێك هێنانی. (هەندێ جاریش دەبێ سەرەتا ئەو نهێنییە ئاشکرا بکرێت کە لە ئارادا بووە).

گومانی تێدا نییە کە ئەم تێگەیشتنە لە ئامانجی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، لەم تیۆرە هەڵەیەوە سەرچاوە دەگرێ کە پێیوایە هەر چییەك لە کۆمەڵگادا ڕوودەدات- بەتایبەتی هەندێ ڕووداوی وەکو جەنگ و بێکاری و هەژاری و نەبوونی کە بەزۆری خەڵك لێیان بێزارە- دەرەنجامی مەبەستی ڕاستەوخۆی هەندێ تاك و گروپی بەهێزە. ئەم تیۆرە بەشێوەیەکی بەربڵاو باوەو تەنانەت لە مێژووگەراییش (کە هەروەك لە شێوە سەرەتاییە خواپەرستانەکەی دەردەکەوێ، یەکێك لە لقەکانی تیۆری پیلانگێڕییە)، ڕەگ و ڕیشەی کۆنتری هەیە و بەشێوەی ئێستا، وەکو ڕێبازی نوێی مێژووگەرایی و هەندێ لە تێڕوانینە نوێیەکان سەبارەت بە ((یاساکانی سروشت))، یەکێ لەو دەرەنجامانەیە کە بەجۆرێك لە جۆرەکان لە سیکۆلاریزەکردنی {بە دونیایی بوونی}[٦] خورافاتی دینی هاتۆتە ئاراوە. پێشتر بۆ پەیداکردنی هۆکاری جەنگی ترۆیا، دەستەو داوێنی یەزدانەکان دەبوون کە لە هۆمیرۆسدا ئاماژەیان پێکراوە. بڕوا بوون بەم خودایانە ئێستا بارگەو بنەی پێچاوەتەوەو تەنانەت خودی یەزدانەکانیش خوێندنەوەیان لەسەر

4. social stuff
5. Conspiracy theory of society
6. secularization



کراوە. بەڵام تاکەکان یان گروپە بە دەسەڵاتەکان جێگای ئەوانیان گرتۆتەوە- گروپی فشاری نەحس و بەد خووی وەکو پیرانی سەهیۆن[٧] یان مۆنۆپۆلیستەکان یان سەرمایەدارەکان یان ئیمپریالیستەکان، کە شەڕەنگێزییەکانیان سەرچاوەی هەموو ئەو خراپە و بەڵایانەیە کە لە گەڵیاندا دەستەو یەختە بووینە.

بەشێوەیەکی لاوەکی مەبەستم ئەوە نییە کە هەرگیز هیچ پیلانگێڕیەك روونادات. بە پێچەوانەوە، پیلان یەکێك لە دیاردە جۆرییەکانی کۆمەڵگایە. بۆ نموونە، هەر کاتێك ئەو کەسانە دێنە سەر دەسەڵات کە بڕوایان بە تیۆری پیلانگێڕی هەیە، پیلان گرنگی پێدەدرێت. هەندێ لەوانەیە لە هەموو کەسێك زیاتر پەیڕەوی لە تیۆری پیلانگێڕی بکەن و لە بەرنامە دژە پیلانییەکانی دژی پیلانگێڕاندا بەرەو ڕوو ببنەوە کە بوونی دەرەکیان نییە و لە ناخی دڵەوە بڕوایان بەوە هەیە کە دەتوانن دونیا بکەنە بەهەشت، چونکە تاکە پاساو بۆ ئەوەی بۆچی لە دروست کردنی بەهەشتدا هەرەسیان هێناوە، نیازی گڵاوی شەیتانە کە لە هەبوونی دۆزەخدا قازانجێکی بێ ئەملاو ئەولای پێ دەبڕێت. بەڵێ، دەبێ ئەوە پەسەند بکەین کە پیلانگێڕی ڕوودەدات. بەڵام ئەو ڕاستیەی کە سەرەڕای ڕوودانی پیلانەکان، تیۆری پیلانگێڕی پووچەڵ دەکاتەوە ئەوەیە کە زۆر دەگمەنن ئەو پیلانانەی دەستەوتێکیان هەبێت. پیلانگێڕەکان بە دەگمەن دەتوانن لە بە ئاکام گەیاندنی پیلاندا سەرکەوتن بەدەست بێنن.

بۆچی ئاوهایە؟ بۆچی ئەم جیاوازییە بەرفراوانە لە نێوان ئارەزوو و سەرکەوتنەکاندا هەیە؟ چونکە، بە پیلان یان بێ پیلان، لە ژیانی کۆمەڵایەتییدا وا باوە. ژیانی کۆمەڵایەتی تەنیا بریتی نییە لە زۆرانبازی نێوان گروپە نەیارەکان، کردەوەیە لە چوارچێوەیەکی تاڕادەیەك بۆ کشان شیاو یان شیاوی شکانی دەزگاو نەریتەکان و بەبێ وەبەرچاوگرتنی هەموو جۆرە

٧. The learned Elders of Zion. ئاماژەیە بە ڕووداو یان دەنگۆیەکی مێژوویی کە گوایە لە ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدە کۆمەڵێك لە ریش سپیەکانی یەهوود گروویێکی هاوبەشیان پێکهێناو و بەڵێننامەیەکیان لەنێوان خۆیاندا ئیمزاکرد کە لە ڕێگای ئامرازی گڵاو وبێ بەزەییانە، ئەم گەلە بەسەر جیهاندا زاڵ بکەن. لەساڵی ١٩٠٥ بەشێوەیەکی بەربڵاو هەندێ بەڵگەنامە بلاوکرایەوە کە گوایا ئەم بەڵێننامانەن. هەرچەندە گەلێ کەس هەوڵیاندا ساختەیی بوونی ئەم بەڵگەنامانە بسەلمێنن (و لای خۆیان سەلماندیشیان) بەڵام هێشتا کۆمەڵێك (بەتایبەتی دژە یەهوودییەکان) لە ئەوروپا و ئەمریکا و ناوچەکانی تر بڕوایان بە ڕاستی ئەم پرسە هەیە.

کردەوەیەك کە ئاگایانە و مەبەستدار بە ئاڕاستەی پێچەوانە ئەنجام بدرێت، گەلێ دژکردەوەی پێش بینی نەکراو و تەنانەت هەندێ جار بۆ پێش بینی نەشیاویش لەم چوارچێوەیەدا پێك دێنێ.

بەبڕوای من، ئەرکی سەرەکی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، بەپێی توانا شیکردنەوە و پێش بینی ئەم دژکردەوانەیە، شیکردنەوەی رەنگدانەوە کۆمەڵایەتییە بێ مەبەستەکانی کردەوە مەبەستدارەکانی مرۆڤە- واتە هەمان ئەو رەنگدانەوەیەی کە نرخ و گرنگیەکەیان هەم لە تیۆری پیلانگێڕی و هەم لە رێبازی دەروونناسیگەرایی فەرامۆش کراوە، هەروەك بەر لە ئێستا ئاماژەمان بۆ کرد. ئەو زانستە کە رێك تەریب لەگەڵ مەبەست و نیازەکان بەرەو پێشەوە بچێت، هیچ کێشەیەك بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان دروست ناکات (جگە لەوەی کە رەنگە پێویست بەم روونکردنەوەیە بکات کە بۆچی لەم حاڵەتە تایبەتەدا هیچ چەشنە رەنگدانەوەیەکی بێ مەبەست سەری هەڵنەداوە). بۆ رۆشن بوونەوەی مانای دەرەنجامە بێ مەبەستەکانی ئەو کردەوانەی کە ئەنجامیان دەدەین، یەکێك لە سەرەتاییترین کارە ئابوورییەکان بە نموونە دەهێنینەوە. گریمان کەسێك دەیەوێ بە پەلەماڵێك بکڕێت. بێ گومان ئەو کەسە حەز ناکات نرخی شوێنی نیشتەجێ بوون بباتە سەر. بەڵام هەر ئەم فاکتە کە بۆ کڕین دەچێتە بازاڕ، مەیلێك بۆ زیادکردنی نرخ لە بازاڕدا پێك دێنێت. هاوشێوەی ئەم تێبینییە سەبارەت بە فرۆشیاریش هەر راستە. یان بۆ ئەوەی نموونەیەکمان لە پانتاییەکی زۆر جیاواز هێنابێتەوە، کەسێك وەبەرچاو دەگرین کە گەرەکیەی تا تەمەنی ماوە خۆی بیمە بکات. پێناچێت ئەم کەسە نیازی ئەوەی هەبێت خەڵك هان بدات بۆ کڕینی پشکی (اسهم) کۆمپانیاکانی بیمە، بەڵام کردەوەکەی ئەم دەرەنجامەی لێ دەکەوێتەوە. کەواتە بە ئاشکرا بۆمان دەردەکەوێ کە دەرەنجامی کردەوەکانمان هەمیشە ئەو دەرەنجامە نییە کە مەبەست و نیازێك بۆ ئەنجام دانیان لەئارادابێت، چونکە ماناکەی بانگەشەکردنە بۆ ئەوەی هەموو دەرەنجامەکان- تەنانەت ئەو دەرەنجامانەش کە لە بەراییدا پێناچێت هیچ کەسێك نیازێکی لە دروست کردنیاندا هەبێت- دەرەنجامی مەبەستداری ئەو کەسانەیە کە قازانجێکیان لە خولقاندنیاندا پێدەگات.

لەم نموونانەی کە هێنامانەوە بۆمان دەردەکەوێت کە تیۆری پیلانگێڕی بە ئاسانی ناتوانێت رێبازی دەروونناسیگەرایی پووچەڵ بکاتەوە، چونکە لەوانەیە یەکێك بەڵگەخوازی بکات کە ئەم رەنگدانەوانەی ئاماژەیان بۆ کرا، **هۆیەندی ئاگایی** فرۆشیار بێت لەمەڕ ئامادەیی کڕیار



لە بازاڕدا و هەروەها بوونی هیوا بۆ فرۆشتن بە نرخێکی بەرز و یاخود بە جۆرێکی تر، هەڵقولاوی فاکتەرە دەروونییەکانە. هەڵبەتە ئەمە بە تەواوی راستە، بەڵام نابێت ئەوەمان لەیاد بچێت کە ئەم ئاگایی و هیوایە، بنەمای هەموو دراوەکان {داتاکان} نییە لەمەڕ سروشتی مرۆڤ، بەڵکو ئەویش بەنۆرەی خۆی دەبێ لەسەر بناغەی **دۆخی کۆمەڵایەتی**- واتە بارودۆخی بازاڕ- روون بکرێتەوە.

ناتوانین بارودۆخی کۆمەڵایەتی بۆ پاڵنەر و یاسا گشتییە باڵادەستەکانی سەر ((سروشتی مرۆڤ)) بگێڕینەوە. تەنانەت هەندێ جار لەوانەیە دەسوەردانی هەندێ ((تایبەتمەندی خەسڵەتی مرۆڤ))، وەکو کەوتنە ژێر کاریگەری پڕوپاگەندە، هەندێ بەلاڕێ داچوونی لێ بکەوێتەوە لەم رەفتارە ئابوورییانەی ئاماژەمان بۆ کردن. ئەو کات ئیدی، ئەگەر بارودۆخی کۆمەڵایەتی جیاوازبێت لەوەی وەبەرچاوگیراوە، لەوانەیە بەکاربەر هەر بەم کردەیەی کڕین، بە چەشنێکی ناڕاستەوخۆ یارمەتیدەربێت بۆ هەرزان بوونی شمەك و بۆ نموونە لەم رێگەیەوە بەرهەم هێنانی فراوانی ئەم شمەکە بە سوودتر بکات. هەرچەندە ئەم کاریگەرییە لەڕاستیدا بە قازانجی ئەوە وەکو کڕیارێك، بەڵام لەوانەیە وەکو شوێنەواری پێچەوانەی خۆی، بەجۆرێکی نا مەبەستدار و رێك لەژێر هەمان هەلومەرجی دەروونیدا هاتبێتە ئاراوە. ئاشکرایە لەبەرئەوەی رەنگە بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئەم رەنگدانەوە جیاوازە بێ مەست یان نەخوازراوەی لێ بکەوێتەوە، دەبێ ببێتە بابەتی خوێندنەوەی جۆرە زانستێکی کۆمەڵایەتی کە (بەگوتەی میل) پەیڕەوکارەکانی نەڵێن[١٢]: ((یەکجار زۆر پێویستە، تا کاتێ کە نەتوانن بەڵگەی کافی بە پشت بەستن بە سروشتی مرۆڤ بخەینەڕوو، هەرگیز هیچ حوکمێکی گشتی نەهێنینە ناو زانستە کۆمەڵایەتییەکانەوە)). دەبێ زانستێکی کۆمەڵایەتی خود رێباز و سەربەخۆ، توێژینەوە لەسەر ئەم جۆرە بارودۆخە کۆمەڵایەتییە بکات.

بەڵگەیەکی تر بۆ پووچەڵی رێبازی دەروونناسیگەرایی ئەوەیە کە کارەکانی ئێمە دەبێ لە زۆر لایەنەوە لە چوارچێوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتییدا روون بکرێتەوە. هەڵبەتە هیچ کردەوەیەك هەرگیز بە تەنیایی لە چوارچێوەی بارودۆخدا، بە تەواوی ناکرێ روون بکرێتەوە. روون کردنەوەی جوڵەی ئەو پیاوەی کە لە کاتی تێپەڕبوون بە پانی شەقام لە پێش ئۆتۆمبێلەکان خۆی لادەدات، لەوانەیە لە سنووری خودی ئەم بارودۆخە تێپەڕێت و بۆ نموونە بۆ پاڵنەرەکانی لەمەڕ ((غەریزەی)) پاراستنی خود یان بۆ حەزەکانی بۆ خۆبواردن لە ئێش و ئازار... تاد بگەڕێتەوە.

بەڵام بە بەراوردکردن بەوەی **لۆژیکی باڵادەست بەسەر بارودۆخدا** چۆن دەبێتە هۆی پێك هێنانی وردەکارییەکانی کردەوەی پیاوەکە، بەشی ((دەروونی)) بە زۆری روونکردنەوەیەکی زۆر سادە و کەم بایەخە، بەبێ وەبەرچاوگرتنی ئەوە کە گونجاندنی هەموو فاکتەرە دەروونییەکان بۆ وەسف کردنی بارودۆخەکە ممکین نییە. شیکردنەوەی بارودۆخ- یان لۆژیکی رەوشی-[8] لە ژیانی کۆمەلایەتی و لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا پشکێکی زۆر گرنگی هەیە و لەڕاستیدا، هەمان میتۆدی شیکردنەوەی ئابوورییە. بۆ ئەوەی نموونەیەك لە دەرەوەی سنووری ئابووری بهێنینەوە، ئاماژە بە ((لۆژیکی دەسەڵات)) دەکەین{١٣} کە نەك هەر بۆ روونکردنەوەی جموجۆڵی دەسەڵاتمەداری سیاسی، بەڵکو دەتوانین بۆ روونکردنەوەی شێوازی کاری هەندێ دەزگای سیاسیش سوودی لێوەربگرین. میتۆدی بەکارهێنانی لۆژیکی رەوشی لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، لەسەر بنەمای هیچ گریمانەیەکی دەروناسانە سەبارەت بە عەقڵانی بوون (یان ناعەقڵانی بوون)ی ((سروشتی مرۆڤ)) دانەمەزراوە. بە پێچەوانەوە، کاتێك کە لەسەر ((رەفتاری عەقڵانی)) یان ((ناعەقڵانی)) دەدوێین، مەبەستمان ئەو رەفتارەییە کە لەگەڵ لۆژیکی باڵادەست بەسەر ئەو دۆخە تایبەتەدا هاوگونجاوە یان نا. لەڕاستیدا، هەروەکو ماکس ڤیبەر ئاگادارمان دەکاتەوە{١٤}، شیکردنەوەی کردەوەکان لەسەر بنەمای دەروونناسی و بە پێی پاڵنەرە عەقڵانی و ناعەقلانییەکان پەیوەستە بەم گریمانەیەوە کە پێشتر پێودانگ و معیارێك بەدەست هاتبێت، بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو شتەی دەبێ لەو دۆخەی کە وەبەرچاوگیراوە بە عەقڵانی لەقەڵەم بدرێ.

نابێ بەڵگەخوازییەکانی من بۆ رەدکردنەوەی رێبازی دەروونناسیگەرایی بەخراپ گوزارشتی لێ بکرێت{١٥}. مەبەست لێیان دەرخستنی گرنگ نەبوونی خوێندنەوەو دۆزینەوە دەروونناسییەکان نییە بۆ زانایای زانستە کۆمەڵایەتییەکان. بە پێچەاونەوە، مەبەست ئەوەیە کە دەروونناسی، واتە دەروونناسی تاکەکەسی-یش یەکێکە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان، ئەگەرچی بنەمای هەموو زانستە کۆمەڵایەتیەکانیش نەبێت. هیچ کەسێك نکۆڵی لە واقعیاتی دەروونی وەکو حەسرەتی دەسەڵات و دیاردە نۆرۆ تیکەکانی پەیوەندیدار بەوەوە، لە ڕووی زانستە سیاسییەکانەوە، ناکات. بەڵام ((حەسرەتی دەسەڵات)) چەمکێکە هەم کۆمەڵایەتییە و هەم دەروونی و نابێ ئەوەمان لەیاد بچێت ئەگەر بۆ نموونە خەریکی خوێندنەوەی دەرکەوتنی بەرایی

8. Situational logic.



ئەم دیاردەیە دەبین لای منداڵان، ئەم خوێندنەوەیە لە هەناوی بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا، بۆ نموونە لە پانتایی خێزانێکی ئێستا و لەنێو خۆماندا، ئەنجام دەدرێت (و خێزانێکی ئەسکیمۆ لەوانەیە ببێتە هۆی دەرکەوتنی دیاردەی دیکە). راستیەکی تر کە لە کۆمەڵناسیدا گرنگی هەیە و کێشەی مەترسیدار لەڕووی سیاسی و دەزگاییەوە دەوروژێنێت، ئەوەیە کە بۆ کەسانێکی زۆر (بەتایبەتی بۆ لاوەکان کە رەنگە بەهۆی پێکچوونی نێوان رەوتی پەرەسەندنی تاك و ڕەوتی پەرەسەندنی جۆر، پێدەچێت دەبێ لە قۆناغێکی خێڵەکی یان ((سوور پێستی)) تێبپەڕن)، ژیان لە پەنای خێڵ یان ((کۆمەڵەیەکی)) هاوچەشنی خێڵ، خودان زەرورەتێکی سۆزدارییە. سوود وەرگرتنم لە چەمکێکی وەکو ((فشاری شارستانیەت)) لە بەشی دەیەم- ئەو فشارەی کە بە شێوەیەکی هەندەکی کە دەرەنجامی ئەم نیازە سۆزدارییە تێر نەکراوەیە- دەریدەخات کە هێرشەکەم بۆ سەر دەروونناسیگەرایی، بە نیازی هێرش بردن بۆ سەر هەموو تێبینییە دەروونناسیەکان نەبووە. چەمکی ناوبراو، دەلالەت لە هەندێ هەستوسۆز دەکات کە لە نا ئاسوودەیی و ئۆقرەنەگرتن سەرچاوە دەگرێ و هەربۆیە، چەمکێکی دەروونناسانەیە. وەلێ، لە هەمان کاتدا، یەکێکە لە چەمکەکانی کۆمەڵناسیش، چونکە نەك هەر لەلایەنی ناخۆش و نائارامی وروژێنی ئەم هەستوسۆزە دەستنیشان دەکات، بەڵکو پەیوەستیان دەکات بە بارودۆخێکی نوێ و دەیلکێنێت بە دژایەتی نێوان کۆمەڵگای کراوەو کۆمەڵگای دەخراو. (بەشێکی زۆر لە چەمکەکانی دیکەی کۆمەڵناسی وەکو بەرزەفڕی یان عیشق دۆخێکی هاوچەشنی ئەمەیان هەیە). هەروەها نابێ ئەوەمان لەبیربچێت کە رێبازی دەروونناسیگەرایی، بەهۆی لایەنگری لە تاکگەرایی و دژایەتی کردن لەگەڵ کۆگەرایی، ئیمتیازێکی گەورەی لە میتۆدۆلۆژیادا وەدەست هێناوە، چونکە بەم جۆرە، دەزگا کۆمەڵایەتییەکان، هەمیشە دەبێ وەکو بەرهەمی بڕیار و کارو تێڕوانینی کردەوەی تاکەکان لە قەڵەم بدرێت و نابێ ئێمە هەرگیز بە پاساو هێنانەوەو روونکردنەوە لە چوارچێوەی ((کۆمەڵەکان))ی (وەکو وڵاتەکان و نەتەوەکان و رەگەزەکان و ... تاد) رازی بین. بەڵام هەڵەی پەیڕەوانی دەروونناسیگەرایی لەوەدایە کە پێیان وایە لەبەرئەوەی میتۆدی توێژینەوە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر تاکگەرایی دامەزراوە، هەر بۆیە دەبێ هەموو دیاردە و رێسا کۆمەڵایەتییەکان بۆ دیاردە دەروونییەکان و یاساکانی دەروونناسی بگەڕێنینەوە. هەروەك بینیمان مەترسی ئەم گریمانەیە مەیلیەتی بەرەو مێژووگەرایی. پێویستی تیورێکی چاوەدێر بەسەر رەنگدانەوە کۆمەڵایەتییە بێ مەبەستەکانی کردەوەکان و پێویستی بەو شتەی بە

لۆژیکی بالادەست بەسەر بارودۆخەکان وەسفمان کرد، دەریدەخات کە هەر لە بنەڕەتدا ئەم گریمانەیە ناڕەوایە.

بۆچوونی مارکس ئەوەبوو کە ناتوانین پرسی کۆمەڵگا بۆ بابەتی ((سروشتی مرۆڤ)) بگەڕێنینەوە. لەوەی پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، بۆ سەر لەنوێ خستنەڕووی ئەم بۆچوونە و بەرگری کردن لێی، ئەو مۆڵەتەم بەخۆمدا لەڕادەی ئەو بەڵگانە زیاتر بڕۆمە پێش کە ئەو خۆی هێنابوویەوە. مارکس نە لە ((ڕێبازی دەروونناسیگەرایی)) دواوە و نە بەشێوەیەکی ڕێك و پێك ڕەخنەی لێگرتووە و نە لەو پەیڤەی کە لەسەرەتای ئەم بەشەدا لە مارکسمان خواست، مەبەستی میلە. نووکی تیژی ئەم گوتەیە ئاڕاستەی ئایدیالیزمی شێوازی هێگلی دەکرێت. بەلام سەبارەت بە پرسی سروشتی دەروونی کۆمەڵگا، ڕێبازی دەروونناسیگەرایی میل لەگەڵ تیۆری ئایدیالیزم کە مارکس لە تەکیدا دەجەنگا، هاوجووتە{١٦}. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، ئەوەی مارکسی بەرەو ئەم بیروباوەڕانە پەلکێش کرد کە لەم بەشەدا هاتووە، توخمێکی تری هێگلیانیزم بوو، واتە بڕوای ئەفلاتونگەرایانەی هێگل سەبارەت بە کۆگەرایی- بەجۆرێکی تر، ئەم تیۆرە کە دەوڵەت یان نەتەوە لە تاك ((واقعی)) ترە و تاك لە هەموو شتێدا قەرزاریەتی. و (ئەمە مسداقێکی دیکەی ئەم حەقیقەتەیە کە هەندێ لە بیروبۆچوونەکانی هێگلی بەرفراوان کرد لەمەڕ بەرزێتی کۆمەڵگا بەسەر تاکدا و وەکو بەڵگەیەك بۆ ڕەدکردنەوەی بیروباوەڕی هێگل سوودی لێوەرگرتن. بەم حاڵەش، لەبەر ئەوەی من میلم بە نەیارێکی شایستەتر لە هێگل لەقەڵەم داوە، هەربۆیە تەنیا بە دوان لەسەر مێژووی ڕەوتی هزری مارکس نەوەستام و هەوڵمدا بیروڕاکانی بەشێوەی بەڵگەخوازییەك لە دژی میل بەرفراوان بکەم.

# ١٥ مێژووگەرایی لە ئابووری دا

ڕەنگە بۆ بەشێکی زۆر لە مارکسیست و دژە مارکسیستەکان سەرسوڕهێنەر بێت کاتی سەیر بکەن مارکس بەم ناوە، واتە وەکو نەیاری هەموو جۆرە تیۆرێکی دەروونناسانە لەمەڕ کۆمەڵگاوە، دەناسرێنرێت، چونکە پێدەچێت خەڵکانێکی زۆر بڕوایان بە چیرۆکێکی تەواو جیاواز هەبێت. ئەم کەسانە پێیان وایە، مارکس بڕوای بە کاریگەری گشتگیری پاڵنەری ئابووری هەبووە لە ژیانی مرۆڤەکاندا لە ڕێگای پێشاندانی ئەمەکە ((پێویستی وەدەست هێنانی ئامرازەکانی بژێو لە مرۆڤدا بەسەر هەموو شتێکدا زاڵە))، توانی دەسەڵاتی زاڵ و بەزەبروزەنگی ئەم پاڵنەرە روون بکاتەوە{١} و بەم چەشنە، گرنگی بنەڕەتی هەندێ چەمکی وەکو پاڵنەری سوودخوازی[١] و بەرژەوەندی چینایەتی[٢] لە کردەوەی تاك و گروپە کۆمەڵایەتییەکان بسەلمێنێت و دەریبخات دەبێ چۆن بە سوود وەرگرتن لەم چەمکانە رەوتی مێژوو روون بکەینەوە. ئەم کەسانە پێیان وایە، کاکڵە و جەوهەری مارکسیزم لەم دۆکترینەدا هاتووە کە ئەو هێزەی مێژوو بەرەو پێش دەبات **پاڵنەری ئابووری**[٣] و بەتایبەتی **بەرژەوەندی چینایەتییە** و ناونیشانی ((**راڤەی ماددیی مێژوو**))[٤] یان ((**ماتریالیزمی مێژوویی**))[٥]- ئەو ناوەیە کە مارکس و ئەنگلس لەسەر پوختەی ڕێنماییەکانی خۆیانیان داناوە- ڕێك دەربڕی ئەم دۆکترینەیە.

1. Profit motive
2. class interest
3. Economic motive
4. materialistic interpretation of history
5. historical materialism



ئەم جۆرە بۆچوونە زۆرباوی هەیە، بەڵام دڵنیام کە لە خراپ راڤەکردنی ڕێنماییەکانی مارکسەوە سەرچاوەیان گرتووە. من ئەو کەسانەم بە **مارکسیتی رەشۆکی**[٦] ناودێر کردووە، کە ستایشی مارکس دەکەن بەهۆی بوونی ئەم چەشنە بیروباوەڕە (بۆ ئەوەی ئاماژەیەك بێت بە ((**ئابووریزانە رەشۆکیەکان**)) ئەو ناسناوەی کە مارکس لەسەر هەندێ لە نەیارەکانی خۆی دانابوو){٢}. هەموو **مارکسیستێکی رەشۆکی** نێونجی لەسەر ئەم بڕوایەیە کە یەکەم، ئەوەی لە مێژوودا هێزەکانی پشتی پەردە وەجوڵە دەخات چاوچنۆکی و تەما و رژدی سوودی ماددیە و دووەم، مارکس بەهۆی ئاشکرا کردنی ئەم پاڵنەرانە، پەردەی لەسەر رازی نەحس و ترسناکی ژیانی کۆمەڵایەتی هەڵماڵی و سێیەم، ئەم هێز و دەسەڵاتانە بە ئەنقەست و لە ڕێگای فرتوفێڵەوە لە نێوەندی هەبوونی و زۆرو زەوەندیدا، خەریکی ئەفراندنی جەنگ و بێ بازاڕی و بێکاری و برسیەتی و هەموو شێوەکانی تری بەدبەختی کۆمەڵایەتین بۆ ئەوەی نیازە گڵاوەکانی خۆیان بۆ وەدەست هێنانی سوودی زیاتر تێر بکەن. (هەروەها هەندێ جار مارکسیستی رەشۆکی بەجدی نیگەرانی ئەم بابەتە دەبێت کە چۆن بانگەشەکانی مارکس لەگەڵ بانگەشەی فرۆید و ئادلێر[٧] بگونجێنێت و ئەگەر نەتوانێت حوکم لەسەر راستی یەکێك لەم دوو لایەنە بدات، هەندێ جار دەگاتە ئەم دەرەنجامە کە برسێتی و عیشق و شەهوەتی دەسەڵات{٣}، **سێ پاڵنەری گەورەو پەنهانی سروشتی مرۆڤن** کە مارکس و فرۆید و ئادلێر، سێ دامەزرێنەری گەورەی فەلسەفەی مرۆڤی نوێ، پەردەیان لە ڕوو هەڵماڵی ...).

بەبێ وەبەرچاو گرتنی ئەمە کە ئایا ئەم بیروبۆچوونانە بۆ بەرگری لێکردن دەشێن و سەرنجڕاکێشن یان نا، بێگومان پێناچێت هیچ پەیوەندییەکی بە دۆکترینی ((ماتریالیزمی (ماددیەتی) مێژوویی)) مارکسەوە هەبێت. هەڵبەتە دەبێ دان بەوە دابنێم، ئەو هەندێ جار قسە لە هەندێ دیاردەی دەروونی وەکو چاوچنۆکی و پاڵنەری سوودخوازی ... تاد دەکات، بەڵام دەبێ ئاگادار بین کە هەرگیز ئەمە لە پێناوی روونکردنەوەی مێژوو ئەنجام نادات. مارکس ئەم دیاردانە بە هێماو نیشانەی کاریگەری گەندەڵکاری **سیستەمی کۆمەڵایەتی**، واتە سیستەمی دەزگا گەشەسەندووەکان لە رەوتی مێژوودا، لە قەڵەم دەدات و زیاتر لەوەی

6. vulgar Marxism
٧. Alfred Adler (١٨٧٠ـ١٩٣٧) دەروونناس و دەروونپزیشکی خەڵکی ڤیەننا کە سەرتا پەیڕەوکاری فرۆید بوو بەڵام دواتر خۆی تیۆرێکی سەربەخۆی دانا.

بەهۆکاری گەندەڵییان بزانێت، بەهۆبەندی (معلول) گەندەڵییان دەژمێرێت و بە رەنگدانەوەی مێژوو وەسفی دەکات نەك هێزە بزوێنەرەکەی. ئەو بەڕاست یان بە هەڵە، سەرچاوەی دیاردەگەلی وەکو جەنگ و بێ بازاڕی و بێکاری و برسێتی لە نێوەندی هەبوون و زۆر و زەوەندی دا بۆ پیلانگێڕی و فرتوفێڵی (سەرمایەدارە گەورەکان) یان (جەنگخوازە ئیمپریالیستەکان) ناگێڕێتەوە، بەڵکو بە دەرەنجامی کۆمەڵایەتی نەخوازراوی ئەو کردەوانەی کە بەمەبەستی وەدەست هێنانی هەندێ دەرەنجامی دیکە لە قەڵەمی دەدا و لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە خودی کاراکتەری ئەم کردەوانەش لەنێو تۆڕی سیستەمی کۆمەڵایەتیدا گیرۆدە بوونە. مارکس بە چاوی یاریچەیەك سەیری هەموو کاراکتەرەکانی سەر سەکۆی مێژوو و یەك لەوان کاراکتەرە ((گەورەکان))ی دەکرد کە بە گوریسی ئابوورییەوە بەستراونەتەوە و توانای بەرگری کردنیان لێ سەنراوەتەوە و سەرەداوەکەیان بە دەستی هێزە مێژووییەکانی دەرەوەی چاوەدێری ئەوانەوەیە. لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە سیستەمی کۆمەلایەتی هەر هەموومان بەیەکەوە گرێ دەدات و سەکۆی مێژوو هەر لەم سیستەمەدا، واتە لە ((سنووری پێویستی و ناچاربووندا))، دەڕازێنرێتەوە. (بەڵام دواجار هەر ئەم یاریچانە ئەم سیستەمە وێران دەکەن و ((مەلەکوتی ئازادی)) وەدەست دێنن).

زۆربەی پەیڕەوەکارانی مارکس- رەنگە لەبەر هەندێ هۆکاری پڕوپاگەندەیی و یان لەوانەیە لەبەر ئەوەی لە رێنماییەکانی تێناگەن- دەستیان لەم دۆکترینەی هەڵگرتووە و لە زۆر لایەنەوە، **تیۆری مارکسیستی** رەشۆکانەی پیلانگێڕیان لەجیاتی تیۆرە هۆشمەندانەو زۆر داهێنەرانەکەی داناوە. دابەزینێکی هزری زۆر حەسرەتاوییە ئەم هەڵدێران و کەوتنە لە کتێبی **سەرمایە**وە بەرەو کتێبی **ئەفسانەی سەدەی بیستەم**[٨].

بەهەر حاڵ، فەلسەفەی مێژووی خودی مارکس کە بە زۆری بە ((ماتریالیزمی مێژوویی)) ناوزەد دەکرێت و بابەتی سەرەکی ئەم بەشانەی ئێستایە، بەم چەشنەیە کە بینیمان. لەم بەشەدا بەکورتی پاڵپشتی ماددی یان ئابوورییەکەی شی دەکەینەوە و پاشان بە دوورودرێژییەکی زیاتر لەسەر گرنگی جەنگی چینایەتی و بەرژەوەندی چینایەتی و تێگەیشتنی مارکس بۆ ((سیستەمی کۆمەلایەتی)) دەدوێین.

٨. پێدەچێت مەبەست کتێبی رۆزنبێرگی تیۆریسیەنی حزبی نازی بێت.



## ١

لە پێناو دەربڕینێکی ئاساندا، دەتوانین بیروباوەڕی مارکس بە مێژووگەرایی لە ئابووریدا[٤] پەیوەست بکەین بەو بەراوردەی کە لە نێوان مارکس و میلدا ئەنجامماندا. مارکس لەگەڵ میلدا کۆك و هاوڕایە کە دەبێت دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە روانگەی مێژووییەوە روون بکرێتەوەو دەبێ هەوڵ بدەین هەموو قۆناغێکی مێژوو وەکو بەرهەمی مێژوویی گۆڕانکارییەکانی پێشووتر تێبگەین. جیاوازی ئەو لەگەڵ میلدا، هەروەك بینیمان، لەسەر دەروونناسیگەراییە (کە لەگەڵ ئایدیالیزمی هێگلدا هاوجووتە). لە رێنماییەکانی مارکسدا، ئەوەی بە ماددیەت یان ماتریالیزم ناوزەدی دەکات، شوێنی ئەم مانایە دەگرێتەوە.

گەلێك شت لە هەمبەر رێبازی ماددی مارکسەوە وتراوە کە بۆ بەرگری لێکردن ناشێت. یەکێك لە ئاوەژووکردنە تایبەتە گاڵتەجاڕەکان، بانگەشەی ئەو کەسانەیە کە دەڵێن مارکس هیچ شتێکی قبوڵ نییە جگە لە لایەنەکانی ((خواروەتر)) و ((ماددی)) ژیانی مرۆڤ. (ئەم بانگەشەیەش روویەکی دیکەی هەمان سووکایەتی کردنی کۆنەپەرستانە بە لایەنگرانی ئازادی، واتە دووپات کردنەوەی دروشمی هێراکلیتوسە کە دەڵێت ((وەکو چوارپێیەکان ورگی خۆیان دەئاخنن))[٥]). سەرەڕای ئەوە کە مارکس زۆربەتوندی لە ژێر کاریگەری ماتریالیستەکانی سەدەی هەژدەی فەڕەنسادا بوو و تەنانەت خۆیشی دەیگوت پەیڕەوکاری رێچکەی ماددییە و ئەم وتەیە لەگەڵ بەشێکی زۆر لە رێنماییەکانیدا بە باشی دەگونجێت، بەڵام بەو مانایەی ئاماژەمان پێکرد بەهیچ چەشنێك ناتوانین بەماتریالیست ناودێری بکەین، هەروەك چۆن هەندێ لە پارچە گرنگەکانی بەرهەمەکانی ناشێت بەهۆی رێچکەی ماددیەوە راڤە بکرێن. بەبڕوای من، راستیەکەی ئەوەیە کە مارکس هێندە نیگەرانی پرسە فەلسەفیەکان نەبوو و لەم روویەوە، بۆ نموونە کە ئەنگلس یان لینین خۆی پێوخەریك دەکرد و بەشێوەیەکی گشتی هۆگری لایەنی کۆمەڵناسانە یان میتۆدۆلۆژیانەی بابەتەکە بوو.

لە کتێبی **سەرمایە**دا مارکس هەندێ رستەی بەناوبانگی هەیە کە دەڵێت[٦]: ((لە نووسینەکانی هێگلدا دیالێکتیك لەسەر سەری خۆی وەستاوە {یان ئاوەژووکراوەتەوە}، دەبێ سەر لە نوێ سەرەکەی بەرەو سەرەوە هەڵبگێڕینەوە ...)) ناوەڕۆکی پەیڤەکە ئاشکرایە. مارکس گەرەکیەتی بڵێت ((سەر))- واتە هزری مرۆڤ- بناغەی ژیانەکەی نییە، بەڵکو جۆرە

سەرخانێکە[٩] کە لەسەر بنەمای ماددی بوونیات نراوە. هەر ئەم واتایە لەم دەستەواژانەشدا بەیان کراوە: ((شتی ئایدیالی[١٠] هیچ نییە جگە لە شتی ماتریالی[١١] کە بەرەو سەری مرۆڤ گوێزراوەتەوە)). بەڵام لەوانەیە سەرنجێکی پێویست لەم خاڵە نەدرابێت کە ئەم دەستەواژانە دەربڕی یەکێك لە فۆڕمە توندڕۆییەکانی ڕێچکەی ماددی نییە، بەڵکو گوزارشت لە مەیلێك دەکات بەرەو دوالیزمی جەستەو ڕۆح- واتە، وەك دەڵێن، جۆرە دوالیزمێکی کردەیی[١٢]. سەرەڕای ئەوە کە لای مارکس، ڕۆح لە رووی تیۆرییەوە فۆڕمێکی تر (یان لایەنێکی دیکەی) ماددە یان ((پاش دیاردە))کەیەتی[١٣]، بەڵام بەکردەوە هەر ڕێك لەبەر ئەوەی فۆڕمێکی ترە، لەگەڵ ماددەدا جیاوازی هەیە. ئەو ڕستانەی وەرمانگرت ئەوەمان پێشان دەدات کە هەرچەندە دەبێ قاچمان لەسەر رووی زەوی پتەوی جیهانی ماددی دابێت، لێ دەبێ سەرمان خەریکی هزر و مانا و بیروبۆچوونەکان بێت- و ئەوەمان لەیاد نەچێت کە مارکس نرخێکی زۆر بۆ سەری مرۆڤ دادەنێت. بەبڕوای من، ناتوانین جگە بە لەبەر چاوگرتنی ئەم دوالیزمە، لە مارکسیزم و کاریگەرییەکانی تێبگەین.

مارکس ئەڤینداری ئازادی ڕاستەقینە (هەڵبەتە نە ئازادی ڕاستەقینەی هێگل) بوو و بەبڕوای من، ئەو یەکسانیەی قبوڵ بوو کە هێگل لە نێوان ئازادی و ڕۆحدا دروستی کردبووە، چونکە پێوابوو ئازادی بۆ ئێمە تەنیا وەکو بوونەوەری ڕۆحانی ممکینە. بەڵام لە هەمان کاتدا، لەبەر ئەوەی کە بڕوای بە جۆرە داولیزمێکی کردەییش هەبوو، ئاگاداری ئەوەبوو کە ئێمە بە کردەوە هەم ڕۆحین و هەم جەستە و بەواقعبینیەوە لەسەر ئەم باوەڕە بوو کە لەم دووانە، جەستە خاوەن لایەنی سەرەکییە. لەم ڕوویەوە بوو کە دژایەتی هێگلی دەکرد و دەیگوت ئەو شتەکانی ئاوەژوو کردۆتەوە. لەلایەکی دیکەوە، سەرەڕای ئەوەی کە مارکس ئەوەی قبوڵ کردبوو کە بنچینە، ژیانی ماددی و پێداویستییەکانیەتی، هەستی بە هیچ عشقێك نەدەکرد بەرامبەر ((سنووری زەرووڕەت))- واتە ئەو کۆمەڵگایەی کە لە ژێر کۆتوبەندی پێداویستییە مادییەکان دابێت -و لە ڕێزگرتن لە جیهانی ڕۆح- واتە ((مەلەکوتی ئازادی)) و لایەنی ڕۆحانی ((سروشتی مرۆڤ))- لە هیچ مەسیحیەك کەمتر نەبوو کە بڕوای بە دوالیزم هەبێت، ئەمە لەلایەك و هەندێ جار

٩. super structure دەکرێ زاراوەی "سەربوونیاد"یشی بۆ بەکاربهێنن.

10. The ideal
11. the material
12. practical dualism
13. epi- phenomenon



لەبەرهەمەکانیدا نیشانەی نەفرەت و بێزاری لە شتە مادییەکان دەردەبڕی. ئەوەی ئێستا دەخرێتە بەردیدتان، ڕەنگە دەریبخات کە ئەم ڕاڤەیە بۆ بیروبۆچوونەکانی مارکس پشت بە دەقی نووسینەکانی خودی ئەو دەبەستێت.

لە پارچەیەك لە بەرگی سێیەمی کتێبی سەرمایەدا{٧}، مارکس لایەنی ماددی و بەتایبەتی ئابووری ژیانی کۆمەڵایەتی، واتە بەرهەم هێنان و بەرکاربردن، بەدرێژەی میتابولیزمی مرۆڤ، واتە ئاڵوێری ماددە لە نێوان مرۆڤ و سروشت، دەناسێنێت و بەڕاشکاوی دەڵێت هەمیشە بەناچار ئازادی ئێمە بەهۆی زەرووڕەتی ئەم میتابولیزمە سنووردار و بەرتەسك دەکرێتەوە. بە وتەی خۆی، تەنیا یەك کارمان لەدەست دێت بۆ زیادکردن و فراوان کردنی ئازادی و ئەویش ئەوەیە کە ئەم میتابولیزمە بە چەشنێکی عەقڵانی ئەنجام بدەین ... بە بەرکاربردنی لانی کەمی وزە، لە ئابڕوومەندانەترین هەلومەرج و بە تەواوترین شێوە بەپێی سروشتی مرۆڤ. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم {سنوورە} بەردەوام وەك قەڵەمڕەوی زەرووڕەت و ناچارێتی دەمێنێتەوە. گەشە و بەرزبوونەوەی هێزەکانی مرۆڤ کە لە خودی خۆیدا ئامانج و مەلەکوتی ئازادییە، تەنیا لە دەرەوەو لەو دیوی ئەم قەڵەمڕەوە دەست پێدەکات. بەڵام ئەم مەلەکوتەش تەنیا دەشێت لە پانتاییەکدا بپشکوێ و گەشە بکات کە سنووری زەرووڕەتی تێدایە و هەمیشە وەکو بناغەی ئەو دەمێنێتەوە ...)) یەکڕاست بەر لەم ڕستانە مارکس دەنووسێ: ((لەڕاستیدا مەلەکوتی ئازادی لە جێگەیەکەوە دەست پێدەکات کە ڕەنج کێشان کۆتایی پێ بێت- ئەم ڕەنج کێشانەی کە دەبێ لە ئاکامی دژواری و قبوڵ کردنی ئامانجە بێگانەکان بە زۆرەملی پەسەندیان بکەین. کەواتە، دەبێ مەلەکوتی ئازادی بێگومان لەو دیوی بازنەی تایبەتی بەهەم هێنانی ماددیدا جێگەی هەبێت)). و لە کۆتایی پارچەکەدا، مارکس دەگاتە دەرەنجامێکی پراکتیکی کە بە ئاشکرا دەریدەخات کە تەنیا مەبەستی کردنەوەی ڕێگایەك بووە بۆ هەمان مەلەکوتی نامادی ئازادی بۆ هەر هەموو مرۆڤەکان. دەڵێت: ((مەرجی لە پێشەوەو سەرەکی، کورت کردنەوەی کاتژمێری کاری ڕۆژانەیە)).

بەبڕوای من، ئەو پارچەیەی ئاماژەمان بۆ کرد، هیچ گومانێك لەمەڕ ئەو شتەی بە دوالیزمی یان دووگەرایی بیروبۆچوونی پراکتیکی مارکس سەبارەت بە ژیان لە قەڵەم دراوە، ناهێڵێتەوە. ئەو لەگەڵ هێگلدا کۆك و هاوڕایە کە ئامانجی پەرەسەندنی مێژوویی، ئازادییە و وەکو ئەو، مەلەکوتی ئازادی بە هەمان سنووری ژیانی ڕۆحی مرۆڤ دەژمێرێت. بەڵام لە هەمان کاتدا ئەم

خاڵەش وەبەرچاو دەگرێ کە ئێمە تەنیا بوونەوەرێکی رۆحانی نین، ئازادی تەواومان نییە و هەرگیزیش ناتوانین بمانبێت، چونکە هیچ کاتێك ناتوانین لە کۆتی زەروورەتی میتابولیزم و هەر بۆیە، لە کۆتوبەندی زەحمەتی بەرهەم هێنان، بە تەواوی رزگارمان بێت. تەنیا گەیشتن بە یەك ئامانج بۆ ئێمە دەلوێ و ئەویش، باسکردنی هەلومەرجی نالەبار و حەسرەتاوی کار و یەکسان کردنی ئەم هەلومەرجە و کەمکردنەوەی رەنج کێشان و کوێرەوەرییە، بەڕادەیەك کە **هەموومان بتوانین لانی کەم بەشێك لە ژیانمان بە ئازادی تێبپەڕێنین**. بە بڕوای من، ئەم مانایە، بنەمای ((بۆچوونی مارکسە سەبارەت بە ژیان)) کە وێرای ئەمە، لەبەر ئەوەی بەنفوزترین ڕێنمایی مارکس بووە، خودان لایەنێکی تەوەرەیی و بنەڕەتیشە.

ئێستا پێویستە ئەم بۆچوونەی ئاماژەمان بۆ کرد لەگەڵ بیروباوەڕی مارکس لەمەڕ قەدەرگەرێتی هۆداری لە میتۆدۆلۆژیادا (کە لە بەشی سێزدەهەمدا توێژینەوەمان لەسەر کرد)، تێکەڵاو بکەین. مارکس لەسەر ئەو بڕوایەیە لەبەر ئەوەی کۆمەڵگا بە پێی دیتێرمینیزمی هۆداری، هۆبەندی رابردووی خۆیەتی، دەکرێ مامەڵەیەکی زانستی لەگەڵ کۆمەڵگا و پێشبینی مێژوو بە چەشنێکی زانستی ئەنجام بدرێت. ئەم گووتەیە پێویستی ئەوە دێنێتە ئاراوە کە زانست تەنیا لەگەڵ قەڵەمڕەوی و سنووری زەروورەتدا سەروکاری هەبێت. ئەگەر مرۆڤەکان توانیبایان ئازادی تەواو وەدەست بێنن، پێشگۆیی کردن مێژوویی و لەوێشەوە، زانستی کۆمەڵایەتی کۆتایی پێ دەهات. ئەگەر گریمان چالاکی رۆحی ((ئازاد)) بوونی هەبووایە، واپێویست بوو لە دەرەوەی دەست پێڕاگەیستنی زانست دابێت، چونکە زانست بەردەوام بە دوای هۆ و مەوجبات[14] دادەگەڕێت و هەر بۆیە، تەنیا تاکو جێگەیەك دەتوانێ مامەڵە لەگەڵ ژیانی رۆحی ئێمەدا بکات کە ((سنووری زەروورەت)) و ماددیات، بەتایبەتی هەلومەرجی ئابووری ژیان، بوو بێتە هۆکاری هزر و بیروبۆچوونی ئێمە و هۆی ئەوان بێت و یان ئەمانەی سەپاندبێت. تەنیا بەمەرجێك دەتوانین مامەڵەیەکی زانستی لەگەڵ هزر و بیروبۆچوونەکاندا بکەین کە لەلایەکەوە، گرنگی بدەین بە هەلومەرجی ماددی هاتنە بوونیان- واتە هەلومەرجی ئابووری ئەو کەسانە کە سەرچاوەی ئەم هزرانە بوونە- و لەلایەکی ترەوە، هەلومەرجی ماددی وەرگرتنی ئەم مانایە وەبەرچاو بگرین- واتە هەلومەرجی ئابووری ئەو کەسانە کە ئەم هزر و بیروبۆچوونانەیان پەسەند کردووە. کەواتە، لەڕووی زانستی یان هۆدارییەوە، دەبێت هزرو

14. causes and determinants



بیروبۆچوونەکان بە ((سەرخانە ئایدۆلۆژییەکان)) لە قەڵەم بدەین کە بناغەکەیان هەلومەرجی ئابوورییە. مارکس، بە پێچەوانەی هێگل، بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە کلیلی مێژوو- و تەنانەت مێژووی هزرو بیروڕاکان- لە پەرەسەندنی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ژینگەی کۆمەڵایەتی و جیهانی ماددی دایە- واتە نە لە ژیانی رۆحیدا، بەڵکو لە ژیانی ئابووری مرۆڤدایە. هەر بەم هۆیەیە دەتوانین مێژووگەرایی تایبەتی مارکس، بەجیاکردنەوە لە ئایدیالیزمی هێگڵ یان دەروونناسیگەرایی میل، بە ئابووریگەرایی ناوزەد بکەین. بەڵام ئەم ناودێرکردنە پێشاندەری خراپ تێگەیشتنمانە، ئەگەر ئابووریگەرایی مارکس لەگەڵ ئەو جۆرە ماتریالیزمە یان ڕێچکەی مادییەدا بە یەکسان لە قەڵەم بدەین کە پێویستی بە نرخ دانەنان بۆ ژیانی رۆحانی مرۆڤە. دەتوانین خەونی مارکس لەمەڕ ((مەلەکوتی ئازادی))- واتە رزگاری هەندەکی بەڵام عادیلانەی مرۆڤەکان لە کۆتوبەندی خەسڵەتی ماددی- بەخودان چۆنایەتی مەعنەوی {یان ئایدیالیستی} وەسف بکەین. ئەگەر روانگەی مارکس سەبارەت بە ژیان بەم چەشنە هەڵبسەنگێنین، پێناچێت دژایەتی و پارادۆکسێکی تێدا بێت. مارکس چالاکییەکانی مرۆڤی لە هەندێ رووەوە لە چوارچێوەی قەدەرگەرێتی هۆداری وەبەرچاو دەگرت و لە هەندێ لایەنی ترەوە بە سەربەستانە (اختیاری) لە قەڵەمی دەدا. ئەگەر سەرنج لەمە بدەین، ئەو دژایەتی و رەخنانە نامێنن کە لە ڕوانگەی ئەودا دەبینرێت.

## ٢

ئاشکرایە ئەوەی من بە ڕێبازی دوالیزمی و بیروباوەڕی مارکس سەبارەت بە قەدری هۆیەتی زانستیی لە قەڵەمم داوە، لەگەڵ بۆچوونەکەی لە هەمبەر مێژوودا، چ پەیوەندییەکی هەیە. مێژووی زانستی لای مارکس لەگەڵ کۆی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا یەکسانە و دەبێ ئامانجەکەی لێکۆڵینەوە لەو یاسایانە بێت کە ئاڵوێری ماددە لە نێوان مرۆڤ و سروشتدا بە پێی ئەوان پەرەدەسێنێ. ئەرکی سەرەکی مێژووی زانستی روونکردنەوەی رەوتی پەرەسەندنی هەلومەرجی باڵادەستە بەسەر بەرهەم هێناندا. پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان تەنیا بەڕادەی توندی و لاوازی پەیوەندییەکەیان لەگەڵ پرۆسەی بەرهەم هێنان گرنگی مێژوویی و زانستی وەدەست دێنن- واتە بەڕادەی ئەو کاریگەرییەی کە لەسەر ئەم پرۆسەی دایدەنێن یان دەکەونە ژێر کاریگەری ئەم پرۆسەوە. ((مرۆڤی شارستانیش وەکو مرۆڤی کێوی، ناچارە بۆ تێرکردنی پێداویستییەکانی خۆی و زیندوومان و وەچەخستنەوە لەگەڵ سروشتدا دەستەویەخە بێت و لە

هەموو فۆرمێکی کۆمەڵگا و لە هەموو شێوازێکی بەرهەم هێناندا دەبێ درێژە بەم کارە بدات. سنووری زەرووڕەتیش وەکو پانتایی نیازە مرۆییەکان، چەندی زیاتر پەرەبسێنێ، بەرفراوانتر دەبێت. بەڵام لە هەمان کاتدا، هێزە بەرهەم هێنەرەکانیش کە دەبێ ئەم پێداویستییانە دابین بکەن، بەرفراوانتر دەبن))[٨]. ئەمە کورتەی روانگەی مارکسە سەبارەت بە مێژووی مرۆڤ.

ئینگلیش، هەندێ بیروڕای هاوچەشنی ئەمەی هەیە. بەبڕوای ئەو[٩]، بەربڵاوبوونی ئامرازەنوێییەکانی بەرهەم هێنان ((یەکەمین جارە کە ... دەرفەتی دابین کردنی ژیانی هەر هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا {دەستبەر دەکات} ... بە چەشنێك کە نەك هەر لە ڕووی ماددییەوە بەشی بکات، بەڵکو ... هەلی ئەوە بڕەخسێنێ ... هێزە جەستەیی و دەروونییەکانیشی گەشە بکات و بەکار بکەوێت)). ئازادی- واتە رزگاربوون لە دیلایەتی جەستە- بەم چەشنە هەلی هاتنە ئارای بۆ دەلوێت. ((لێرەدا ... ئادەمیزاد سەرەنجام لە جیهانی گیانلەبەری رزگاری دەبێت ... بوونی ئاژەڵی بەجێ دەهێڵێت و دەچێتە ناو هەلومەرج و بارودۆخێکی بەڕاستی مرۆییەوە)). مرۆڤ ڕێك بەو ڕادەیە کە ژێردەستەی ئابوورییە، لە کۆت و بەندایەتی دایە. کاتێك کە ((زاڵبوونی بەرهەم بەسەر بەرهەم هێنەر لەناوچوو ... ئەو کات مرۆڤ ... لەڕێگای بەدەست هێنانی هەژموون بەسەر ژینگەی کۆمەڵایەتی خۆی، بۆ یەکەمین جار ڕێك هەر لە کاتی خود ئاگاییدا، بەڕاستی سەروەری بەسەر سروشتدا وەدەست دێنێ ... تا ئەو کاتە، مرۆڤ بەخود ئاگاییەکی تەواوە نابێتە دروستکەری مێژوو ... بازدانی مرۆڤ لە سنووری زەرووڕەتەوە بەرەو مەلەکوتی ئازادی هەرلەمەدایە)).

ئێستا ئەگەر تێگەیشتنی مارکس سەبارەت بە مێژووگەرایی لەگەڵ تێگەیشتنەکەی میلدا هەڵبسەنگێنین، بۆمان دەردەکەوێ کە بڕوا بوونی مارکس بە ئابووریگەرای بە ئاسانی دەتوانێت ئەو کێشەیە چارەسەر بکات کە هەروەك ئاماژەمان بۆ کرد لە ڕێبازی دەروونناسیگەرایی میلدا بێ چارەسەر بوو. مەبەستمان ئەم بۆچوونە نائاساییەیە کە دەڵێ دەتوانین سەرەتای کۆمەڵگا لەسەر بنەمای دەروونناسی روون بکەینەوە- ئەو تیۆرەی کە من بە تێگەیشتنی لایەنگرانی دەروونناسیگەرایی سەبارەت پەیمانی کۆمەڵایەتی لە قەڵەمدا. ئەم وێنایە هیچ چەشنە هاوتاو وێنەیەکی لە تیۆری مارکس دانییە. لە پێشەوە بوونی ئابووری لە جیاتی لە پێشەوەبوونی دەروونناسی، هیچ کێشەیەکی هاوتای ئەمە دروست ناکات، چونکە ((ئابووری))، میتابولیزمی مرۆڤ، وایە ئاڵوێری ماددە لە نێوان مرۆڤ و سروشت لەخۆ دەگرێت. دەتوانین ئەم



پرسە بە هەڵپەرسێردراوی بهێڵینەوە کە ئایا ئەم میتابۆلیزمە هەمیشە، تەنانەت لە چاخەکانی بەر لە مرۆییش، خاوەن ڕێکخراویی و ئامادەکراویی کۆمەڵایەتی بووە یان سەردەمێك تەنیا پشتی بە تاك بەستووە. تەنیا گریمانەیەك کە دەتوانین بڕوای پێ بێنین ئەوە کە دەبێ زانستی کۆمەڵگا لەگەڵ مێژووی پەرەسەندنی هەلومەرجی ئابووری کۆمەڵگادا- کە مارکس زۆربەی کات بە ((هەلومەرجی بەرهەم هێنان))[١٥] ناودێری دەکات- هاوجووت بێت.

وەکو ڕستەی دژایەتی کردن دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە مەبەست لە زاراوەی مارکسیستی ((بەرهەم هێنان)) لە بەراییدا مانا گشتییەکەی ئەم وشەیە بووە کە سەرانسەری پرۆسسی ئابووری، بۆ نموونە دابەشکردن و بەکاربرد لەخۆ دەگرێت. بەڵام مارکس و مارکسیستەکان هەرگیز گرنگییەکی ئەوتۆیان بەم دووانە نەداوەو بەردەوام تەوەری سەرەکی جێگای سەرنجی ئەوان بەرهەم هێنان بووە بە مانا تایبەتییەکەی. ئەمە خۆی لە خۆیدا نموونەیەکی تری تێڕوانینی ساویلکانەی مێژوویی- پەرەسەندنییە، واتە بڕواهێنان بەوەی کە دەبێ زانست تەنیا بەدوای هۆکارەکاندا بگەڕێت و تەنانەت لە بازنەی بارودۆخە دەستکردەکانی مرۆڤیش، دەبێ هەمیشە بپرسێت ((کێ ئەمەی دروست کردووە؟)) و ((فلانە شتە لەچی دروست کراوە؟)) نەك ((کێ گەرکیەتی سوودی لێوەربگرێت؟)) و ((بۆچی دروست کراوە؟)).

## ٣

ئێستا ئەگەر هەوڵ بدەین ((ماتریالیزمی مێژوویی)) مارکس- یان لانی کەم بەشێك لەم چەمکە کە تا ئێرە لەسەری دواوین- بخەینە ژێر رەخنە و هەڵسەنگاندن، دەبێ جیاواز لە نێوان دوو لایەنی جوایەزدا دابنێین. سەرەتا، مێژووگەرایییە، واتە ئەم بانگەشەیەی کە پێیوایە قەڵەمڕەوی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ پانتایی میتۆدی مێژوویی یان پەرەسەندنی و بەتایبەتی پێشگۆییدا، هاوجووتە. بەبڕوای من دەبێ ئەم بانگەشەیە ڕەدبکەینەوە. دووەم، ئابووریگەرایی یا ((ماددیت))ـە، واتە ئەو بانگەشەیەی تر کە دەڵێت ڕێکخستنی ئابووری کۆمەڵگاو ڕێکخراوەیی ئاڵوێری ماددە لە نێوان ئێمە و سروشتدا، بۆ هەموو دەزگا کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەتی لە ڕووی پەرەسەندنی مێژوویی ئازادییەوە، ڕەهەندێکی بنەمایی هەیە. ئەم بانگەشەیە، بەبڕوای من بە تەواوی ڕاستە، هەڵبەتە بەم مەرجە کە ئاوەڵناوی ((بنەمایی)) بە واتا باوە تاڕادەیە لێلاوییەکەی وەبەرچاو بگرین و زۆر جەختی لەسەر نەکەین.

15. conditions of production

به جۆرێکی تر، له هەموو خوێندنەوەیەکی کۆمەڵایەتیدا- جا چ خوێندنەوەی دەزگاکان بێت یان خوێندنەوەی مێژوویی- بێ گومان سوودمەندە ئەگەر لەهەمان کاتدا سیلەی چاوێکمان لەسەر ((هەلومەرجی ئابووری)) کۆمەڵگا بێت. تەنانەت مێژوو زانستێکی ئەبستراکتی وەکو ماتماتیکیش لەم ڕێسایە ڕێزپەڕ نییە{١٠}. ئەگەر مێژوگەرایی مارکس بەم مانایە راڤە بکرێت، دەبێ دان بەوە دابنێین کە ئەمە هێمای پێشکەوتنێکی لە ڕادەبەدەر بە نرخە لە میتۆدی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا.

بەڵام هەروەك پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد، نابێت ئاوەڵناوی ((بنەمایی)) هێندە بەجدی وەربگرین. بێگومان مارکس کارێکی ئەوتۆی کردووە. بەهۆی پەروەردەبوونی لە قوتابخانەی هێگلدا، زۆر بەتوندی کەوتبووە ژێر کاریگەری جیاوازی دێرینی نێوان ((نۆمینۆن-بوو)) و ((دەرکەوتە)) و جیاوازی هاوچەشنی ئەمە لە نێوان ((خودی)) و ((ناجەوهەری)) دا. ئەو پێشکەوتنەی کە خۆی پێیوابوو لەمەڕ هێگل و کانتەوە بەدەستی هێناوە لەوەدا بوو کە ((نومینۆن)) یان ((واقعیەت))ی لەگەڵ جیهانی ماددی{١١} بۆ نموونە میتابولیزمی مرۆیی بە یەك شت لە قەڵەم دەدا و ((دەرکەوتە)) یان ((رووالەت)) لەگەڵ جیهانی بیروبۆچوون و وێناکاندا. لەم رووییەوە، بەبڕوای ئەو، دەبووایە هەموو بیرۆکە یان وێنایەك بگەڕێنرێتەوە سەر واقعیەتی خودی و بنەمای، واتە هەلومەرجی ئابووری، بۆ ئەوەی بۆ روونکردنەوە بشێت. ئاشکرایە کە ئەم بیروباوەڕە فەلسەفیە باشیەکی ئەوتۆی بەسەر فۆڕمەکانی تری ڕێبازی ماهییەتگەرایی دا نییە{١٢} و ڕەنگدانەوەکانی لە پانتایی میتۆددا، بەناچار جەخت کردنەوەیەکی لە ڕادەبەدەری لەسەر ئابووری، لێدەکەوێتەوە، **چونکە هەرچەندە لەمەڕ گرنگی گشتی ئابووری کە مارکس بڕوای پێ هەبووە، هەرچییەك بڵێین کەمە، بەڵام لە پشت بەستن بە هەلومەرجی ئابووری لە حاڵەتی تایبەتیدا، لەوانەیە بە ئاسانی تووشی ڕێگایەکی توندڕۆیانە ببین**. بۆ نموونە، هەندێ زانیاری لە هەمبەر هەلومەرجی ئابووری ڕەنگە یارمەتیدەر بێت بۆ تێگەیشتن لە مێژووی ماتماتیك، بەڵام زانیاری لەسەر خودی بابەتی ماتماتیك زۆر زیاتر بۆ ئەم مەبەستە گرنگترە. تەنانەت لەوانەیە مێژووی ماتماتیك زۆر بە باشی بنووسین بەبێ بچووکترین ئاماژە بە ((زەمینەی ئابووری)) ماتماتیك. (بەبڕوای من، ((هەلومەرجی ئابووری)) یان ((پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان)) دوو چەمکن کە بە ئاسانی دەتوانین زێدەڕۆییان لەسەر بکەین و ڕەنگە هەردووکیان بۆ ئاستێکی بێ تام و پڕوپووچ هەرەس بێنن).



بەڵام ئەمە تەنیا نموونەیەکی بچووکی مەترسییەکانی جەخت کردنێکی لەڕادەبەدەرە لەسەر ئابووریگەرایی. زۆربەی کات مێژووگەرایی تەنیا و تەنیا بەم مانایە بەکاردێنن کە هەرچەشنە ئاڵوگۆڕێکی کۆمەڵایەتی پەیوەستە بە ئاڵوگۆڕی هەلومەرجی ئابووری و بەتایبەتی پەرەسەندنی ئامرازە ماددییەکانی بەرهەم هێنان. بەڵام پووچەڵی ئەم جۆرە تیۆرە ئاشکرایە. لە نێوان هەلومەرجی ئابووری و هزرەکاندا، کردەوەو دژکردەوەیەکی بەرامبەر بوونی هەیە. بەم جۆرە نییە کە تەنیا هزر پەیوەست بێت بە هەلومەرجی ئابوورییەوە. تەنانەت دەتوانین بڵێین هەندێ ((مانا)) یان ((هزر)) کە مەعریفەی ئێمەیان لێ پێك دێت، بنەماییترن لە ئامرازە ماددیە ئاڵۆزەکانی بەرهەم هێنان، هەروەك لەم نموونەی ئێستادا بۆمان دەردەکەوێت. گریمان ڕۆژێ لە ڕۆژان سیستەمی ئابووری ئێمە، بۆ نموونە هەموو ئامرازە ماشینی و هەموو ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانمان، لەناو بچن و تەنیا مەعریفەی تەکنیکی و زانستەکەمان لە پاش بەجێ بمێنێت. لە دۆخێکی ئەوتۆدا دەتوانین وێنای ئەوە بکەین کە هێشتا زۆری پێنەچووە، کە سیستەمی ئابووری (بە پێودانگێکی بچووکتر و پاش ئەوەی ژمارەیەکی زۆر تووشی برسێتی دێن) سەر لەنوێ دروست دەکرێتەوە. بەڵام با وادابنێین کە **مەعریفەی** پێویست بۆ ئەم حاڵەتە **بە تەواوی** لەناوبچێت و تەنیا شتە ماددییەکان بمێننەوە. ئەوەی رووی دەدا هاوتای ئەوەیە خێڵێکی کێوی (وەحشی) وڵاتێکی چۆڵ بەڵام زۆر شارستانی داگیر بکات، زۆر بەخێرایی هەموو شوێنەوارە ماددییەکانی شارستانیەت بە تەواوی لەناو دەچێت.

لە گەمەکانی ڕۆژگار یەکێکیان ئەوەیە کە مێژووی خودی مارکسیزم شایەتە لەسەر ڕەدبوونەوەی ئەم بیروباوەڕە موبالەغە ئامێزە لەمەڕ مێژووگەرایی. دروشمی ((کرێکارانی جیهان یەکگرن!)) دەربڕی یەکێك لە **هزرەکانی** مارکس بوو کە هەتا ڕۆژێك بەر لە شۆڕشی ڕوسیا خودان بەرزترین گرنگی بوو و کاریگەری لەسەر هەلومەرجی ئابووری دادەنا، بەڵام کاتی شۆڕش سەری هەڵدا، بارودۆخەکە زۆر دژوار بوو، چونکە هەروەك لینین خۆی دانی پیادەنێت، ئیدی هزری دروستکەر بوونی نەبوو (بگەڕێنەوە بۆ بەشی سێزدە). پاشان لینین خۆی هەندێ بیرۆکەی نوێی هێنا کە ئەمە دروشمە چڕ کراوەکەی بوو: ((سۆسیالیزم واتە دیکتاتۆری پرۆلیتاریا لەگەڵ نوێترین مەکائینی کارەباری لە بەرفراوانترین پێوەر و مقیاسدا)). ئەم هزرە نوێیە بوو بە بناغەی ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ کە زەمینەی ئابووری و ماددی یەك لەسەر شەشی جیهانی بە تەواوی گۆڕی. لە ململانێیەکی ترسناکدا کە ئەگەری سەرکەوتن تێیدا لەڕادەبەدەر کەم بوو، بەسەر گەلێك گیروگرفتی ماددیدا زاڵ بوون و لەخۆبردووییەکی بێ ئەژمار ئەنجام درا

بۆ ئەوەی هەلومەرجی ئابووری گۆڕانی تێدا پێك بێت، یاخود بەجۆرێکی باشتر، لە هیچەوە دروست بکرێت. هێزی بزوتنەری ئەم ئاڵوگۆڕە، تەنیا عیشق بوو بەرامبەر هزرێك. ئەم نموونەیە روونی دەکاتەوە کە لە هەندێ هەڵومەرج و بارودۆخدا، لەوانەیە بیروهزر لەجیاتی ئەوەی لە قاڵبی هەلومەرجی ئابووریدا شکل بگرێت، هەلومەرجی ئابووری وڵات سەرەو ژێر بکات. کەواتە دەتوانین بڵێین مارکس گرنگییەکی ئەوتۆی بە، هەروەك خۆی دەڵێت، هێزی مەلەکوتی ئازادی و توانا و دەرفەتەکانی نەدەدا بۆ داگیرکردنی سنووری زەرروورەت.

لە تیۆری میتافیزیکی مارکسدا جیاوازی دادەنرێت لە نێوان ((نۆمینۆن)) یان واقعیەتی ئابووری و ((دەرکەوتە)) یان رووالەتە ئایدۆلۆژییەکەیدا. ئەو دەستەواژانەی ئێستا بە نموونە وەریاندەگرم بە باشترین شێوە ئەوە روون دەکاتەوە کە چ دژایەتییەکی کوشندە لە نێوان ئەم تیۆرە و رەوتی ئاڵوگۆڕی شۆڕشی روسیادا هەیە. مارکس دەنووسێت[١٣]: ((کاتێ ئەم جۆرە شۆڕشانەوە بەرچاو دەگرین، بەردەوام پێویستە جیاوازی بکەین لە نێوان شۆڕشی ماددی لە هەلومەرجی ئابووری بەرهەم هێناندا کە قەدەرگەرێتی هۆداری وردی زانستی لەخۆ دەگرێت لەگەڵ دیاردەی دادوەری (قچایی) و سیاسی و ئایینی و زەوقی و فەلسەفی و-لە یەك قسەدا- فۆڕمی رووالەتی ئایدۆلۆژی...)) بەبڕوای مارکس، چاوەڕوانیەکی بێهوودەیە ئەگەر بمانەوێت لە رێگای ئامرازی حقوقی یان سیاسی، گۆڕانکاری گرنگ وەدەست بێنین. لەوانەیە **شۆڕشی سیاسی** تەنیا گۆڕینی فەرمانڕەواکانی لێ بکەوێتەوە. تەنیا پەرەسەندنی ماهییەتی ژێرخانی، واتە واقعیەتی ئابووری، دەتوانێت گۆڕانێکی خودی یان واقعی، واتە **شۆڕشی کۆمەڵایەتی** پێك بێنێت و تەنیا لەپاش وەدیهاتنی شۆڕشی کۆمەڵایەتییە، رەنگە شۆڕشی سیاسی نرخ و مانایەك بەدەست بێنێ. ئاشکرایە لەم حاڵەتەشدا شۆڕشی سیاسی تەنیا سیمای دەرەوەی گۆڕانێکی خودی یان واقعیە کە پێشتر روویداوە. بە وتەی مارکس، شۆڕشی کۆمەڵایەتی بەم چەشنە بە پێی تیۆری ناوبراو سەرهەڵدەدات کە هەلومەرجە ماددییەکانی بەرهەم هێنان گەشە دەکەن و پێگەیشتووتر دەبن بۆ ئەوەی سەرەنجام لەگەڵ پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و حقوقیەکاندا دژ بکەونەوەو وەکو ئەو جەستەیەی کە جلەکەی بۆ تەنگ بوو بێتەوە، ئیدی لەم قاڵبەدا نەگوجێن. بە وتەی خۆی: ((پاشان سەردەمی شۆڕشی کۆمەڵایەتی دەست پێدەکات. بەهۆی ئەو گۆڕانەی لە بناغەی ئابووریدا پێك هاتووە، هەر هەموو ئەو ژێرخانە مەزنە کەم و زۆر بەخێرایی گۆڕانکاری بەسەردا دێت ... پەیوەندییە نوێ و بەرهەم هێنەرترەکان {لەم سەرخانەدا} هەگیز نایەنە نێو پانتایی بوونەوە تەنیا کاتێك نەبێت کە پێشتر هەلومەرجی ماددی بوونیان لە



منداڵدانی کۆمەڵگای کۆندا ئامادەکرابێت)). بە سەرنج دان لەم وتانە، بەبڕوای من محاڵە شۆڕشی‌روسیا لەگەڵ ئەو شۆڕشە کۆمەڵایەتییە بە یەك شت بزانین کە مارکس پێشگۆیی دەکرد، چونکە بەڕاستی هیچ پێکچوونێکیان لە نێواندا نییە[١٤].

لەم زەمینەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە هاوڕێ شاعیرەکەی مارکس، واتە هاینریش هاینە[١٦]، بیروڕایەکی زۆر جیاوازی سەبارەت بەم شتانە هەبوو و نوسیی[١٥]: ((هۆشتان هەبێ ئەی پیاوە گردەن بەرزەکانی کار! ئێوە هیچ نین جگە لە ئامرازی ناخودئاگایی دەستی پیاوانی هزر کە بەزۆری لە گۆشەگیری و دەستکورتییەکی تەواودا، ئێوە لەسەر ئەرکەکانتان دادەمەزرێنن کە دەرچوون لێی محاڵە. ماکسی میلیێن رۆبسپێر[١٧] هیچ نەبوو جگە لە دەستی ژان ژاك رۆسۆ...)) (رەنگە شتێکی هاوچەشنی ئەم گوزارشتە لەمەڕ پەیوەندی نێوان لینین و مارکسیش راست بێت). تێبینی ئەوە دەکەین کە هاینە، بە پێی راڤەی مارکس، لایەنگری ئایدیالیزم بووە و تێگەیشتنی ئایدیالیستیانەی خۆی بۆ مێژوو، بەسەر شۆڕشی مەزنی فەرەنسادا دەچەسپێنێت. یەکێك لە گرنگترین حاڵەتەکان کە مارکس بۆ سەلماندنی رێبازی ئابووری خۆی وەکو شایەت دەیهێنایەوە، شۆڕشی مەزنی فەڕەنسا بوو کە ئێستا پێدەچێت (ئەگەر لەگەڵ شۆڕشی روسیادا بەراورد بکرێت) تاڕادەیەك لەگەڵ تیۆرەکەیدا دەگونجێت. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا و سەرەڕای کفربێژی هاینە، مارکس بەردەوام درێژە بە هاوڕێیەتی خۆی دەدات لەگەڵیدا[١٦]، چونکە لەو سەردەمە خۆشەدا، تەکفیرکردن و بەگومڕا لەقەڵەم دان هێشتا لەنێو ئەو کەسانەدا کە لە رێگای کۆمەڵگای کراوەدا دەجەنگان، تاڕادەیەك نائاسایی بوو و هێشتا لێبوردەیی و پێك هەڵکردن تەحەمول دەکرا.

نابێت رەخنەکانی من لە ((ماتریالیزمی مێژوویی)) بەم جۆرە راڤە بکرێت کە ئایدیالیزمی هێگلم پێ لە ماتریالیزمی مارکس باشترە و هیوادارم ئەوەم روون کردبێتەوە کە لە دژایەتی نێوان ئایدیالزم و ماتریالیزمدا، لەگەڵ مارکسدا کۆك ترم. مەبەستی من پێشاندانی ئەم خاڵە بوو کە ((راڤەی ماددی)) مارکس بۆ مێژوو، سەرەڕای هەموو ئەو نرخەی کە رەنگە هەیبێت، نابێ زۆر بەجدی وەربگیرێت. دەبێ ئەم تیۆرە تەنیا وەکو راسپاردەیەکی بە نرخ سەیر بکەین و پێویستە دۆخ و شتەکان بە بەراورد لەگەڵ زەمینە ئابوورییەکانیان وەبەرچاو بگرین.

---

١٦. H. Heine (١٧٩٧ـ١٨٥٦) شاعیری گەورە و نووسەری قسەخۆشی ئەڵمانی.

١٧. Maximilien Robespierre (١٧٥٨ـ١٧٩٤) شۆڕشگێڕی بەنابانگی فەرەنسی.

# ۱۶
# چینەکان

یەکێك لە گرنگترین فۆرمۆڵبەندییەکانی ((ماتریالیزمی مێژوویی)) مارکس، ئەم وتەیەی ئەو (وئنگڵس)ـە: ((مێژووی هەموو ئەم کۆمەڵگایانەی کە تا ئێستا هەبوونە، مێژووی ململانێی چینایەتی بووە))[۱]. ناوەرۆکی پەیڤەکە ئاشکرایە و بەشێوەیەکی لاوەکی دەلالەت لەوە دەکات کە (بە پێچەوانەی بیروڕای هێگل و زۆربەی مێژوونووسەکان) ئەوەی مێژوو بەرەو پێش دەبات و دەبێتە هۆی چارەنووسی مرۆڤەکان، جەنگی چینایەتییە، نەك جەنگی نێوان نەتەوەکان. بۆ شرۆڤەکردنی هۆکاری گۆڕانکارییە مێژووییەکان و جەنگی نەتەوەکان، دەبێ بەرژەوەندی چینایەتی جێگەی بەرژەوەندی بانگەشەیی نەتەوەیی بگرێتەوە کە لەڕاستیدا جگە لە بەرژەوەندی چینی دەسەڵاتدار بەسەر هەر نەتەوەیەکدا هیچی تر نییە. ململانێی چینایەتی و بەرژەوەندی چینایەتی لەم جۆرە شتانە بەرزترە و هەندێ دیاردەی ئەوتۆ روون دەکاتەوە کە رەنگە مێژوو بە مانا کلاسیکیەکەی، تەنانەت توانای هەوڵدان بۆ روونکردنەوەشیانی نەبێت. نمونەی ئەم جۆرە دیاردانە کە لە تیۆری مارکسدا شایانی گرنگی پێدانە، رەوتی زیادبوونی بەرهەمدارییە[۱] لە مێژوودا. مێژوو بە مانا کلاسیکیەکەی، لەبەر ئەوەی بنەماکەی لەسەر دەسەڵاتی سەربازی دامەزراوە، تەنانەت ئەگەر ئەم جۆرە رەوتانە تۆماریش بکات، کەچی بێ توانایە لەمەڕ شرۆڤەکردنی ئەم دیاردانە. بەڵام، بەبڕوای مارکس بەرژەوەندی چینایەتی و ململانێی چینایەتی لە توانای دا هەیە ئەمە بە تەواوی روون بکاتەوە. بەشێکی گەورەی کتێبی سەرمایە، تایبەتە بە شیکردنەوەی ئەم بابەتە کە بەرژەوەندی چینایەتی و ململانێی

1. Productivity



چینایەتی لە رێگەی چ میکانیزمێکەوە لە قۆناغی بە وتەی مارکس ((سەرمایەداری))دا دەبێتە هۆی زیاد بوونی بەرهەمداری.

پێشتر لەمەڕ تیۆرێکەوە دوایین کە پێیوایە بنچینە، دەزگا کۆمەڵایەتییەکانن و کۆمەڵناسی، زانستێکی سەربەخۆ و خود رێبازە[۲]. ئێستا پێویستە بزانین چ پەیوەندییەك لەنێوان ئەم تیۆرە و تیۆری جەنگی چینایەتی دا هەیە. لەسەرتادا رەنگە وابێتە بەرچاو کە ئەم دوو تیۆرە لەگەڵ یەکتردا دژایەتییەکی ئاشکرایان هەیە، چونکە لە تیۆری جەنگی چینایەتی، پشکی سەرەکی بەر بەرژەوەندی چینایەتی دەکەوێت کە لە رواڵەتدا جۆرە **پاڵنەرێکە**. پێم وانییە دژایەتییەکی گرنگ لەم بەشەی تیۆرەکەی مارکسدا هەبێت و تەنانەت لەسەر ئەو بڕوایەم کە هەرکەسێ نەزانێت چۆن دەشێت {بەرژەوەندی چینایەتی} لەگەڵ تیۆری ململانێی چینایەتی دا پێك بێنی و بگونجێنێت، نەیتوانیوە لە رێنماییەکانی مارکس، بەتایبەتی تیۆرەکەی لە هەمبەر دژایەتی کردن لەگەڵ دەروونناسیگەرایی کە مزگێنی گەورەی ئەوە، تێبگات. پێویست ناکات وەکو مارکسیستە رەشۆکەکان گریمانەی ئەوە بکەین کە دەبێ بەرژەوەندی چینایەتی راڤەی دەروونی (سایکۆلۆژی) هەبێت. رەنگە لە نووسینەکانی مارکسدا هەندێ پارچە ببینینەوە کە تارادەیەك رەنگدانەوەی ئەم جۆرە مارکسیزمە رەشۆکییە بەسەروەیە، بەڵام هەر کاتێ بەجدی سوود لە چەمکێکی وەکو بەرژەوەندی چینایەتی وەردەگرێت، هەمیشە شتێکی مەبەستە لە سنووری کۆمەڵناسی دایە. مەبەستی شتێك یان دۆخێکە، نەك شێوازی بیرکردنەوەیان هزرێك یان هەست کردن بە قازانج وەرگرتن لە شتێکدا. فلانە شتە یان فلان دەزگای کۆمەڵایەتی یان فلان بارودۆخی کۆمەڵایەتییە کە سوودی بۆ فلان چین هەیە. بەرژەوەندی چینایەتی، بەشێوەیەکی سادەتر، هەر شتێکە کە دەسەڵات یان نیعمەتی چینایەتی زیاد دەکات.

بەبڕوای مارکس، بەرژەوەندی چینایەتی بەم مانا دەزگاییە یان ((بابەتییە))، کاریگەرییەکی یەکلاکەرەوە دادەنێت لەسەر دەروونی مرۆڤەکان. ئەگەر بمانەوێت بەسوود وەرگرتن لە وشە تەکنیکیەکانی هێگل بابەتەکە دەربڕین، دەتوانین ئاوها بڵێین کە بەرژەوەندی بابەتی هەموو چینێك لە رۆحی زەینی[۲] تاکەکانی ئەو چینەدا بە تیشکی ئاگایی دەدرەوشێتەوەو دەیانکاتە خودان بەرژەوەندی و هۆگری چینی خۆیان و ئاگایی (یان هۆشیاری) چینایەتیان پێ دەبەخشێت و ناچاریان دەکات لەسەر ئەم بنەمایە کار بکەن. بارودۆخی دەزگایی یان بابەتی و

2. subjective mind

کاریگەرییەکەی لەسەر دەروونی مرۆڤ، لەو وتەیە کە (لە سەرەتای بەشی چواردەهەم) لە مارکسمان خواستووە، دەربڕدراوە: ((ئاگایی مرۆڤ بوونەکەی پێك ناهێنێت- بە پێچەوانەوە، بوونی کۆمەڵایەتییە دەبێتە هۆی دروست کردنی ئاگایی)). تەنیا پێویستە یەك شت بەم گووتەیەوە زیاد بکەین ئەویش ئەمەیە کە بەجۆرێکی وردتر و لە قوتابخانەی مارکسدا، ئەوەی دەبێتە هۆی ئاگایی هەموو کەسێك، پلەوپایەکەیەتی لە کۆمەڵگادا، واتە بارودۆخە چینایەتییەکەیەتی.

مارکس هەندێ ئاماژەی هەیە کە ئەم قەدەرگەرێتیە چۆن کار دەکات. لە بەشی رابردوودا بینیمان کە بەبڕوای مارکس، هەرچەندە زیاتر خۆمان لە کۆتوبەندی پرۆسسی بەرهەم هێنان رزگار بکەین، ئازارتر دەبین. ئێستا سەیر دەکەین لە هیچ کۆمەڵگایەکدا کە تا ئێستا بوونی هەبووە، تەنانەت بەم ڕادەیەش ئازاد نەبووینە. مارکس دەپرسێت کە {ئەگەر وستبامان ئازاد بین} دەبووایە چۆن خۆمان لە پرۆسسی بەرهەم هێنان رزگار بکەین؟ ئاشکرایە کە تەنیا بەناچارکردنی ئەوانیتر بۆ ئەنجامدانی کاری سووك و چروك لەجیاتی خۆمان. واتە ناچارین ئەوان بکەینە ئامرازی گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆمان و بۆ پلەیەکی حەسرەتاوی دایانبەزێنین. تەنیا بە نرخی بەندایەتی ئەوانیتر و دابەشکردنی مرۆڤ بەسەر چینەکان دەتوانین خۆمان خاوەن ئازادییەکی زۆرتر بین. دەبێ تاکەکانی چینی ژێردەست یان بەندەکان، نرخی ئازادی چینی دەسەڵاتدارەکان بدەن. بەڵام دەرەنجامی ئەو واقعیەتە ئەوەیە کە دەبێ خودی ئەندامانی چینی دەسەڵاتداریش نرخی ئازادی خۆیان بەهۆی جۆرێکی دیکەی کۆتوبەند بدەن، چونکە ئەگەر بیانەوێت ئازادی و پێگەکەیان بە تۆکمەیی بمێنێتەوە، دەبێ پابەندی ئەوە بن کە لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە فەرمانڕەواییان بەسەردا دەکەن بجەنگن و بیانچەوسێننەوە. ناچارن پەنا بۆ ئەم کارە ببەن، چونکە ئەگەر یەکێك ئەمە نەکات، لەوە بەدوا ئیدی سەر بە چینی دەسەڵاتدار نییە. کەواتە فەرمانڕەواکان گیرۆدەی قەدەریەتی هۆداری بارودۆخی چینایەتی خۆیانن و ناتوانن لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی خۆیان لەگەڵ ژێردەستەکان دەربچن. لەژێردەستەکان گرێ دراون، چونکە پێی خۆشیان لە کۆتی میتابولیزمی کۆمەلایەتی دایە. هەر هەموو، بە دەسەڵاتدار و ژێر دەستەوە، کەتوونەتە داوی ئەم تۆڕە و ناچارن لەگەڵ یەکتردا بجەنگێن و بەبڕوای مارکس، هەر ئەم گیرۆدەیی و بەندایەتی و هەر ئەم قەدەرگەرێتیەیە کە ململانێی و دەرفەتی ناکۆکی دەخاتە ژێر سێرەی میتۆدی زانستی و لە بازنەی پێشگۆیی مێژوویی زانستیدا دایدەنێت و دەرفەتی مامەڵەی (زانستی لەگەڵ مێژووی کۆمەڵگا وەکو مێژووی ململانێی چینایەتی



دەرەخسێنێت. ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییە کە هەموو چینەکان تێیدا کەوتوونەتە داوەوە و ناچارن لەگەڵ یەکتردا بجەنگن، هەمان ئەو شتەیە کە مارکسیزم بە بوونیادی ئابووری کۆمەڵگا یان سیستەمی کۆمەڵایەتی ناوزەدی دەکات.

بەپێی ئەم تیۆرە، سیستەمە کۆمەڵایەتیەکان یان سیستەمە چینایەتییەکان لەگەڵ ئاڵوگۆڕی هەلومەرجی بەرهەم هێناندا گۆڕانکاریان بەسەر دێت، چونکە چۆنیەتی بەهرە وەرگرتنی دەسەڵاتدارەکان لە خەڵکی ژێر حوکمڕانێتی و جەنگان لەگەڵیاندا، پەیوەستە بەم مەرجەوە. لەبەرامبەر هەموو قۆناغێکی تایبەتی گەشەپێدانی ئابووریدا، سیستەمێکی کۆمەڵایەتی تایبەتی بوونی هەیە و ئەوەی هەر قۆناغێکی مێژوو بە باشترین شێوە دەستنیشان دەکات، سیستەمی کۆمەڵایەتی چینەکانە لەم قۆناغەدا و هەر بۆیەشە سەبارەت بە ((فیۆدالیزم)) و ((سەرمایەداری)) و... تاد دەدوێین. بە وتەی مارکس[٣]: ((بە دەستاڕ کۆمەڵگای لۆردێکی فیۆدالتان[٣] دەست دەکەوێت، بە ماشینی هەڵم، کۆمەڵگای سەرمایەدارێکی پیشەسازی)). پەیوەندییە چینایەتییەکان کە سیستەمی کۆمەڵایەتی دەستنیشان دەکەن، سەربەخۆ و لە دەرەوەی ئیرادەو خواستی تاکەکانە. سیستەمی کۆمەڵایەتی وەکو ماشینێکی زەبەلاحەکە تاکەکان دەکەونە داویەوەو وردو خاش دەبن. مارکس دەنووسێت[٤]: ((کاتێ مرۆڤەکان لە کۆمەڵگادا ئامرازەکانی بژێوی خۆیان دروست دەکەن، دەچنە ناو پەیوەندییەکی دیاریکراو و حەتمی لەگەڵ یەکتردا کە سەربەخۆ و لە دەرەوەی ویستی ئەوانە. ئەو پەیوەندییە بەرهەم هێنەرییە لەگەڵ قۆناغی تایبەتی گەشەپێدانی هیزە بەرهەم هێنەرە ماددییەکانی ئەواندا هاوجووتە. سیستەمی هەموو ئەم پەیوەندییە بەرهەم هێنەرییە، بوونیادی ئابووری کۆمەڵگا {واتە سیستەمی کۆمەڵایەتی} پێك دێنێ.

هەرچەندە ئەم سیستەمە کۆمەڵایەتییە لۆژیکی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام کوێرانە دەجولێتەوە نەك ژیرانە و ئەو کەسانەش کە لە قەراغی خولۆکەکاندا گیرۆدە دەبن یان بەگشتی کوێرن یان تاڕادەیەك کوێر و ناتوانن پێش بینی هەندێ لە گرنگترین رەنگدانەوەی کارەکانی خۆیان بکەن. لەوانەیە یەکێکیان ئامادەکردنی شمەکێك کە زۆروزەوەندە، بۆ خەڵکانێکی زۆر ناممکین بکات، رەنگە هەندێ بکرێت و لە چرکەساتێکی هەستیاردا پێشی دابەزینی هەندەکی نرخ بگرێت. لەوانەیە ئەویتر لە رووی دلۆڤانی و دڵپاکییەوە سامانەکەی خۆی دابەش بکات

3. Feudal lord

بەڵام لە هەمان کاتدا لەم ڕێگەیەوە ململانێی چینایەتی لاواز بکات و ببێتە هۆی وەدواخستنی ڕزگاری ستەملێکراوەکان. تاڕادەیەك محاڵە خۆمان بتوانین پێشبینی ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتیە دوورەکانی کردەوەکانی خۆمان بکەین. هەر هەمووومان بەبێ ڕێزپەڕ لەم تۆڕەدا گرفتارین و هەبۆیە، ناتوانین بە چەشنێکی کاریگەر لەگەڵیدا دەستەو یەخەبین. ئاشکرایە نەك هەر ناتوانین لە دەرەوەڕا کاریگەری لەسەر دابنێین، بەڵکو لەبەر ئەوەی لەبەرچاو ڕوونی بێبەشین، تەنانەت ناتوانین لەناوەوەش تەگبیر بۆ چاکسازییەکەی بکەین. هەلی ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی لە ئارادا نییە و هەر لەم ڕوویەشەوە، تەکنەلۆژیای کۆمەڵایەتیش بێ سوودە. لە توانای ئێمە بەدەرە بەرژەوەندی خۆمان بەسەر سیستەمی کۆمەڵایەتیدا بسەپێنین، بە پێچەوانەوە، ئەو سیستەمە کە بەزۆرەملێ شتەکانمان بەسەردا دەسەپێنێ و پاشان ئەم بڕوایەمان لا دروست دەکات کە بەرژەوەندیمان لەمەدایە و ئەم کارە بەم چەشنە ئەنجام دەدات و ناچارمان دەکات بە پێی بەرژەوەندی چینایەتی خۆمان بجولێینەوە. نابێ بێهوودە گوناهی هەلومەرجی زاڵمانە و گەندەڵی کۆمەڵگا بخەینە ئەستۆی فلانە ((سەرمایەدار)) یان ((بۆرژوا))، چونکە کۆی ئەم هەلومەرجە، سەرمایەدار ناچار دەکات ئەم کردەوەیە ئەنجام بدات. هەروەها نابێ بێهوودە هیوامان بەوە هەبێت کە لەڕێگای پێك هێنانی چاکسازی لە تاکەکاندا، بارودۆخەکە ریفۆڕمی تێدا پێك بێت، هەر کاتێ ئەو سیستەمەی کە خەڵك لەژێریدا دەژین باشتربوو، ئەوا خەڵکیش باشتر دەبن. بەپێی نووسینی مارکس لە کتێبی سەرمایەدا[٥]: ((سەرمایەدار تەنیا بەو ڕادەیە کە هێمای بەرجەستەی سەرمایەیە، پشکێکی لە مێژوودا لەسەر شانە ... بەڵام، لەلایەکی ترەوە، ڕێك بە هەمان ڕادە، پاڵنەرەکەی بەرهەم هێنانی شمەکیشە بۆ ئاڵوێر {کە ئەرکە مێژووییەکەیەتی} نەك ئامادەکردنی شمەکی بەسوود و کەڵك وەرگرتن لێیان. بەڵام بە دەمارگرژییەوە، شێلگیر و سوورە لەسەر بەرفراوان کردنی بەرهەم هێنان و بێ بەزەییانە کار بە مرۆڤەکان دەکات بۆ بەرهەم هێنان لە پێناو خودی بەرهەم هێناندا ... لەگەڵ پارە کۆکەرەوەی چاوچنۆکدا لە شەهوەتی داراییدا هاوبەشە. بەڵام ئەوەی لە پارە کۆکەرەوەدا بەجۆرە شێتی و شەیداییەك لە قەڵەم دەدرێت، لای سەرمایەدار هۆبەندی میکانیزمی کۆمەڵایەتییەکە ئەو تێیدا لە خولۆکەیەکی بزوێنەر زیاتر هیچی دیکە نییە ... سەرمایەداری، هەموو سەرمایەدارێك بەتەنیا دەکاتە پاشکۆی یاسا ناوەکییەکانی بەرهەم هێنان بەشێوازی سەرمایەداری- ئەو یاسایانەی کە خودان لایەنی دەرەکی و ناچارکەرن. ڕکەبەرایەتی بێ ئەوەی



هەلی هەناسە هەڵکێشان بدات، بۆ پاراستنی سەرمایەکەی خۆی ناچاری دەکات هەوڵی بەرفراوان کردنی بدات)).

بەم چەشنە، بەبڕوای مارکس، سیستەمی کۆمەڵایەتی، دەبێتە هۆی کاروکردەوەی تاکەکان- بە دەسەڵاتدار و ژێر دەستەو سەرمایەدار و بۆرژوا و پرۆلیتێرەوە- و ئەمەش گەواهێکە لەسەر ئەوەی پێشتر بە ((لۆژێکی هەموو ڕەوشێکی کۆمەڵایەتی)) ناودێر کرا. هەموو کردەوەکانی هەر سەرمایەدارێك تاڕادەیەکی زۆر ((تەنیا پاشکۆی سەرمایەیەکە)) بە وتەی مارکس کە لێرەدا بەشێوازی هێگل دەدوێت[٦] ((بەهۆی ئەوەوە[٤]، دەبێتە خودان ئیرادە و ئاگاییی)). بەڵام ئەمە بەو مانایەیە کە سیستەمی کۆمەڵایەتی، دەبێتە هۆی بیروهزری تاکەکانیش، چونکە هزر یان وێنا، لە هەندێ لایەنەوە، ئامرازی کردەوەیە و لەلایەنی تریشەوە، ئەگەر لای خەڵکی خۆی بنوێنێ، یەکێکە لە جۆرە گرنگەکانی کاری کۆمەڵایەتی و لە حاڵەتی ئێستادا، ڕاستەوخۆ ئامانجەکەی بریتییە لە کاریگەری دانان لەسەر کاروکردەوەی تاکەکانی تری کۆمەڵگا. سیستەمی کۆمەڵایەتی و بەتایبەتی ((بەرژەوەندی بابەتی)) هەر چینێك، بەم چەشنە دەبێتە هۆی {پێك هاتنی} هزری مرۆڤەکان و بەم جۆرە (بەپێی وشە تەکنیکییەکانی هێگل کە پێشتریش سوودمان لێوەرگرت[٧]) لە ڕۆحی زەینی تاکەکانی کۆمەڵگادا بە تیشکی ئاگایی ڕووناك دەبێتەوە. ئامرازی گەیشتن بەم ئامانجە، ململانێی چینایەتی و هەروەها ڕکەبەرایەتی ئەندامانی هەر چینێکە لەگەڵ یەکتردا.

بەر لەمە ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد بۆچی بەبڕوای مارکس، ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی و لە ئاکامی ئەوەدا، تەکنەلۆژیای کۆمەڵایەتی ممکین نییە: لەبەر ئەوەی زنجیرەی هۆداری (هۆ و هۆبەندی) پەیوەندییەکانمان، ئێمە پابەند دەکەن بە سیستەمی کۆمەڵایەتی نەك بە پێچەوانەوە. بەڵام سەرەڕای ئەوە کە ئێمە بە خواستی خۆمان توانای ئەوەمان نییە ئاڵوگۆڕ لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا پێك بێنین[٨]، سەرمایەدار و کرێکاران، بەناچاری هەردووکیان یارمەتیمان دەکەن بۆ گۆڕین و دواجار ڕزگاربوونمان لەم کۆتە. سەرمایەدارەکان لە ڕێگای ((کارکردن بە مرۆڤەکان بۆ بەرهەم هێنان لە پێناو خودی بەرهەم هێناندا))[٩]، خەڵك ناچار دەکەن ((هێزە کۆمەڵایەتییە بەرهەم هێنەرەکان گەشە پێبدەن و هەوڵی پێك هێنانی هەمان

4. through his instrumentality

هەلومەرجی ماددی بەرهەم هێنان بدەن کە بەبێ ئەو، دروستکردنی ژێرخانێکی ماددی[٥] جۆرێکی بەرزتری کۆمەڵگا کە بنچینە سەرەکییەکەی گەشەی تەواو و ئازادانەی یەك یەکی تاکە مرۆییەکانە، ممکین نییە بێتە ئاراوە)). کەواتە تەنانەت ئەندامانی چینی سەرمایەداریش دەبێ بەم چەشنە لەسەر سەکۆی مێژوودا رۆڵی خۆیان رایی بکەن و یارمەتی دەرکەوتنی کۆتایی سۆسیالیزم بکەن.

بە سەرنجدان لەو بەڵگەخوازییانەی لەمەو پاش دەیانهێنینەوە، خراپ نییە لێرەدا ئاماژەیەکی زمانەوانی بە دوو زاراوەی مارکسیستی بکەین کە بە زۆری بە ((خودان ئاگایی چینایەتی))[٦] و ((ئاگایی چینایەتی))[٧] وەردەگێڕدرێن. هەردوو زاراوە، بە پلەی یەکەم، دەلالەت لەسەر ئاکامی پرۆسسێك دەکات کە پێشتر شیکردنەوەی لەسەر کراوە و بەهۆی ئەوەوە، بارودۆخی بابەتی هەر چینێك (واتە بەرژەوەندی چینایەتی و ململانێی چینایەتی) لە رۆحی تاکەکانی چینەکەدا بە تیشکی ئاگایی رووناك دەبێتەوە یان بۆ ئەوەی هەر ئەم مانایە بە زمانێکی سەربەخۆتر لە هێگل دەربڕین، لەم رێگەوە تاکەکانی هەر چینێك ئاگاداری بارودۆخی چینایەتی خۆیان دەبن. لەبەر ئەوەی تاکەکانی چینەکە خودان ئاگایی چینایەتین، نەك هەر پلەو پایەی خۆیان دەناسن، بەڵکو ئاگاداری بەرژەوەندی چینایەتی راستەقینەی خۆشیانن. بەڵام بەبێ وەبەرچاوگرتنی ئەم مانایە، ئەو وشەیەی کە مارکس لە زمانی ئەڵمانیدا بەکاری دەهێنێت، مەفهوومێکی تریشی هەیە کە کە زۆر بەکات لە وەرگێڕاندا لەدەست دەچێت. وشەی ناوبراو لە وشەیەکی ناوی ئاڵمانی داتاشراوە کە بۆتە بەشێك لە وشە تەکنیکییەکانی هێگل. وەرگێڕانە حەرفییەکەی ((خود ئاگایە))[٨]، بەڵام تەنانەت لە بەکارهێنانیشدا ئەو مانایەی کە دەیبەخشێت بریتییە لە **ئاگایی لەمەڕ بەهاو هێزی خۆ**، واتە خۆڕانان و دڵنیابوونی تەواو و تەنانەت خۆبەزلزانی و لەخۆڕازیبوون. کەواتە، ئەو وشەیەی کە بە ((خودان ئاگایی چینایەتی)) وەردەگێڕدرێت، لە زمانی ئەڵمانیدا تەنیا بەم مانایە نییە، بەڵکو ئەو مانایەی کە زیاتر لێی وەردەگیرێت بریتییە لەوە کە یەکێك ((لە چینی خۆی دڵنیا بێ و خۆی رابنێت)) و بە ئاگاداربوون بە پێویستی یەکگرتن، هەست بە پابەندی بکات دەرهەق بەم چینە. لەم روویەوە، مارکس و مارکسیستەکان ئەم وشەیە تاڕادەیەکی زۆر هەمیشە لەمەڕ کرێکارەکانەوە

5. Material
6. class- conscious
7. class consciousness
8. self- conscious



بەکاردێنن و هەرگیز بەسەر ((بۆرژوازی))دا ناچەسپێنن. پرۆلیتێری خودان ئاگایی چینایەتی، کرێکارێکە کە نەك هەر ئاگاداری بارودۆخی چینایەتی خۆیەتی بەڵکو خۆی بە چینەکەیە وە ڕادەنێت و شانازی پێوە دەکات و دڵنیایە لە پەیامە مێژووییەکەی و لەسەر ئەو بڕوایەیە کە ململانێ بێ ئامانەکەی، جیهانێکی باشتر دێنێتەوە بوون.

ئەو چۆن دەزانێت شتێکی ئەوتۆ روو دەدات؟ چونکە خودان ئاگایی چینایەتییەوە و هەر لەم روویەوە بەناچار مارکسیستە. تیۆری مارکسیزم پێشگۆیی زانستی سەبارەت بە دەرکەوتنی سۆسیالیزم بەشێکی جیانەکراوەی هەمان پرۆسسی مێژووییە کە بارودۆخی چینایەتی لە رێگەی ئەوەوە (( بە تیشکی ئاگایی رووناك دەبێتەوە)) و لە زەینی کرێکاراندا خۆی دەگرێت و سەقامگیر دەبێت.

## ٢

رەخنەی من لە تیۆری مارکس سەبارەت بە چینەکان لە رووی پشت بەستن بە مێژووگەراییەوە، بە هەمان ئاڕاستەی بەشی پێشوودا دەڕوات. ئەو رێسایەی کە دەڵێت ((هەموو مێژوویەك، مێژووی ململانێی چینایەتییە))، سەبارەت بەم راسپاردەیە کە پێیوایە دەبێ لەمەڕ پشکی گرنگی ململانێی چینایەتی لە دەسەڵاتەدارییە سیاسییەکان و ئاڵوگۆڕەکانی تر توێژینەوە ئەنجام بدەین، زۆر بە نرخە و بەتایبەتی نرخێکی زیاتری دەبێت کاتێ شیکردنەوە درەخشانەکەی ئەفلاتون لە هەمبەر ململانێی چینایەتی لە مێژووی دەوڵەتشارەکانی یۆناندا وەبەرچاوبگرین کە بە دەگمەن لە دوای ئەودا درێژەی پێدرا. بەڵام دیسان گومانی تیا نییە کە لێرەشدا نابێ وشەی ((هەموو)) لای مارکس زۆر بەجدی وەربگرێت. بەوەبەرچاوگرتنی گرنگی جیاوازی بیروبۆچوون لە نێو هەر چینێکدا، تەنانەت مێژووی پرسە چینایەتییەکانیش، هەمیشە مێژووی ململانێی چینایەتی نییە بە مەفهوومە مارکسیەکەی. لێك خشانی بەرژەوەندی و قازانجەکان، چ لەناو چینی دەسەڵاتدار و چ لە نێو چینی خەڵکی ژێر دەستەدا پێ دەنێتە شوێنێکی ئەوتۆ کە تەنانەت ئەگەر ئەوە پەسەند بکەین کە ناکۆکی نێوان دەوڵەمەند و دەستکورت بەردەوام خودان گرنگی بنەماییە، دیسان پێویستە تیۆرەکەی مارکس لەمەڕ چینانەکانەوە بە ساویلکەیەکی مەترسیدار لە قەڵەم بدەین. یەکێك لە نموونەکانی جیاوازی نێو چینی دەسەڵاتدار، ناکۆکی نێوان پاپا و ئیمپڕاتۆرەکان بوو کە یەکێکە لە بابەتە سەرەکییەکانی سەدەکانی ناڤین. بە ئاشکرا هەڵەیە

ئەگەر کەسێك ئەم ناکۆکییە وەك ناکۆکی نێوان چەوسێنەر و چەوساوە لێك بداتەوە. (هەڵبەتە دەتوانین مەفهوومەکەی مارکس بۆ ((چین)) بەڕادەیەك بەرفراوان بکەین تا ئەم حاڵەتە هاوچەشنەش لەخۆ بگرێت و مەفهوومی ((مێژوو)) بە ئەندازەیەك بەرتەسك بکەینەوە کە سەرەنجام دۆکترینی مارکس ببێتە خاوەن مسداقیەتێکی کەم بایەخ و بگۆڕێ بۆ روونکردنەوەی شتە روونەکان، بەڵام بەم جۆرە ئیدی هیچ مانای نامێنێ).

یەکێك لە مەترسیەکانی رێساکەی مارکس ئەوەیە، ئەگەر بێتو زۆر بەجدی وەربگیردرێت، رەنگە مارکسیستەکان تووشی هەڵە بکات کە هەموو چەشنە دژایەتیەك بە دژایەتی نێوان چەوسێنەر و چەوساوەکان راڤە بکەن (یا وەکو هەوڵێك بۆ حەشاردانی ((پرسە واقعی))ـەکە، واتە دژایەتی سەرەکی چینایەتی). هەر لەم روویەوە بوو کە هەندێ لە مارکسیستەکان، بەتایبەتی لە ئەڵمانیا، جەنگێکی وەکو جەنگی جیهانی یەکەمیان وەکو شەڕی هێزە شۆڕشگێڕە ((نەدارەکان)) واتە دەوڵەتە ناوەندییەکان و یەکێتی وڵاتە کۆنسێرڤاتیستەکان یان ((داراکان)) راڤە دەکرد[٩]- ئەو شرۆڤەکردنەی دەشیا ببێتە بیانوی هەموو جۆرە دەستدرێژییەك. ئەمە تەنیا نموونەیەکی مەترسیە پەنهانەکانی نێو خودی گشتبێژییە یەك جێ و داخراوەکانی مارکسە کە لەسەر بنەمای مێژووگەرایی دامەزراوە.

لەلایەکی ترەوە، سەرەڕای هەندێ موبالەغە و فەرامۆشکردنی هەندێ لایەنی گرنگ، بەبڕوای من تەقەلاکانی مارکس بۆ سوود وەرگرتن لە ((لۆژیکی چینایەتی)) بۆ روونکردنەوەی ئەرکی دەزگاکانی سیستەمی پیشەسازی، جێگە ستایش و نرخاندنە- یان لانی کەم وەکو شیکردنەوەیەکی کۆمەڵناسانەی ئەو قۆناغەی جێگەی مەبەستی ئەوە لە سیستەمی پیشەسازیدا، شایانی رێز و ئافەرینە- سیستەمی سەرمایەداری سەد ساڵ لەمەوبەر کە لەژێر ناونیشانی ((سەرمایەداری هەوسارپچڕاو)) یادی دەکەینەوە[١٠].

---

٩. مەبەست دەوڵەتی ئەڵمان، نەمساـ هەنگاریا، عوسمانی و بولگاریایەکە لەگەڵ بریتانیا فەرەنسا، رووسیا، ئیتالیا، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ژاپۆن، بەلجیکا، سربستان، مۆنتینگرۆ، یۆنان، پرتوگال و رۆمانیا شەڕیان دەکرد.

# ١٧ سیستەمی ماف و سیستەمی کۆمەڵایەتی

هەستیارترین خاڵ لە شیکردنەوە و رەخنەی ئێمە لە مارکسیزم، رەنگە لەسەر تیۆری مارکس بێت سەبارەت بە دەوڵەت و- هەرچەندە لەوانەیە ئەم مانایە لە روانگەی هەندێ کەسەوە لە هەناوی خۆیدا هەڵگری دژایەتی بێت- بڕوای مارکس بەبێ توانایی هەموو جۆرە سیاسەتێك. ئێستا ئامادەین تاوتوێی ئەم خاڵە بکەین.

## ١

بۆ ناساندنی تیۆرەکەی مارکس لە هەمبەر دەوڵەتەوە، دەبێ دەرەنجامەکانی دوو بەشی رابردوو بەیەکەوە بنووسینەوە. بەبڕوای مارکس دەبێ سیستەمی ماف (حقوقی) یان دادوەری سیاسی (واتە کۆی دەزگا حقوقیەکان کە بە پشتیوانی دەوڵەت هێزی جێبەجێ کردن وەدەست دێنن) بەسەرخان لە قەڵەم بدرێت کە لەسەر بناغەی هێزە واقعیەکانی بەرهەم هێنانی سیستەمی ئابووری دامەزراوەو یەکێك لە سیماکانی ئەم سیستەمەیە. لەم زەمینەدا مارکس لەمەڕ ((سەرخانی دادوەریی و سیاسی دەدوێت))[١]. شتێکی بەڵگەنەویستە کە واقعیەتی ئابووری یان ماددی و پەیوەندی نێوان ئەو چینانە کە لەگەڵ ئەو واقعیەتەدا رووبەڕوون، تەنیا بەم تاکە شێوەیە لە جیهانی ئایدۆلۆژیا و هزرەکاندا سەرهەڵنادات. بەپێی بیروبۆچوونە مارکسیستیەکان، نموونەیەکی تری ئەم سەرخانە، سیستەمی ئەخلاقی باڵادەستە کە بەپێچەوانەی سیستەمی ماف کە بەهۆی دەسەڵاتی دەوڵەتەوە جێبەجێ دەکرێت، گرانتی جێبەجێ بوونەکەی، ئەو ئایدۆلۆژیایەیە کە چینی دەسەڵاتدار پێکی دەهێنێت و کۆنترۆڵی دەکات. جیاوازی نێوان ئەم دوو سیستەمە، کەم و زۆر هەمان جیاوازی (بە گوتەی



ئەفلاتون[٢]) رەزامەندی و زۆرەملێ (یان ناچارکردن)ـە. ئەوەی سوود لە زۆرەملێ وەردەگرێت، دەوڵەتە، واتە سیستەمی حقوقی یان سیاسییە- ئەو زۆرەملێیەی کە بە گوتەی ئەنگلس[٣]، ((زۆرەملێیەکی تایبەتی و سەرکوتکەرە)) بۆ ئەوەی دەسەڵاتدارەکان بتوانن خەڵکی ژێردەستە ناچار بکەن ملکەچی بن. هەروەك چۆن لە مانیفێستی {کۆمۆنیست}دا هاتووە[٤]: ((دەسەڵاتی سیاسی بە مانا تایبەتییەکەی، دەسەڵاتێکی رێکخراوی چینێکە بۆ ستەم کردن لە چینێکی تر)). لینینیش پێناسەیەکی هاوچەشنی ئەمە دەخاتەڕوو و دەڵێت[٥]: ((بەبڕوای مارکس، دەوڵەت ئامرازێکە بۆ زاڵبوونی چینایەتی، ئامرازێکە بۆ ستەمکاری چینێك بەسەر چینێکی دیکەدا. ئامانجەکەی پێك هێنانی 'ریکی' یەکە بۆ ئەوەی رووخسارێکی یاسایی و بەردەوام بەم ستەمکارییە ببەخشێت ...)) بەکورتی دەوڵەتیش بەشێکی تری ئەو ماشینەیە کە چینی دەسەڵاتدار بەیارمەتی ئەو درێژە بە ململانێ دەدات.

بەر لە هەڵدڕینی دەرەنجامەکانی ئەم بیروباوەڕە سەبارەت بە دەوڵەت، پێویستە ئەوە بخەمەوە یاد کە تیۆری ناوبراو، لە هەندێ لایەنەوە دەزگاگەرایانەیە و لە هەندێ لایەنی ترەوە لەسەر بنەمای ماهییەتگەرایی دامەزراوە. تیۆرێکی دەزگاییە چونکە مارکس گەرەکیەتی ئەوە دیاری بکات کە دەزگا حقوقیەکان چۆن ئەرکێکیان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا هەیە. جەوهەرییە، لەم روویەوە کە مارکس نە لە هەوڵی لێکۆڵینەوە لە ئامانجە جۆراو جۆرەکان دایە کە رەنگە ئەم دەزگایانەی ئاماژەیان بۆ کرا لە خزمەت ئەمانەدا بن (یان خرابنە خزمەت ئەمەوە) و نەبۆچوونی دەردەبڕێت کە پێویستە چ ریفۆرمێك لەم دەزگایانەدا بکرێت بۆ ئەوەی لەم رێگایەوە دەوڵەت ناچار بکرێت خزمەتی ئەو ئامانجانە بکات کە خۆی هەندێ جار بە گونجاو و خوازراو لە قەڵەمیان دەدات. مارکس لەمەڕ ئەو ئەرکانەی کە حەز دەکات دەوڵەت یان دەزگا حقوقییەکان یان حکومەت ئەنجامی بدەن، هیچ چەشنە خواست و پێشنیارێك ناخاتەڕوو، بە پێچەوانەوە دەپرسێت ((دەوڵەت <u>**چییە**</u>؟))- یاخود بەجۆرێکی تر، دەیەوێ ئەرکی <u>**خودیی**</u> دەزگا حقوقیەکان کەشف بکات. هەروەك پێشتریش پیشانماندا[٦]، ئەم جۆرە لە چەشنی پرسیارە جەوهەرییەکانە و ناشێت وەڵامێکی رازیکەر بدۆزێتەوە، بەڵام هەڵبەتە لەگەڵ شێوازی مامەڵەی میتافیزیکی و جەوهەرگەرایی مارکسدا هاوجووتە کە بیروبۆچوون و وێناو نۆرمەکان بە دەرکەوتە یان رواڵەتی واقعیەتی ئابووری راڤە دەکات.

دەرەنجامەکانی ئەم تیرە سەبارەت بە دەوڵەت چییە؟ گرنگترین دەرەنجام ئەوەیە کە سیاسەت و دەزگا حقوقی و دەزگا سیاسییەکان و خەباتی سیاسی هەرگیز ممکین نییە لە ڕووی گرنگییەوە بە پلەی یەکەم بێن. **سیاسەت بێ توانایە** و هیچ کاتێ لە توانایدا نییە واقعیەت بە چەشنێکی یەکلاکەرەوە بگۆڕێت. ئەرکی سەرەکی- و ڕەنگە تاکە ئەرك- لە چالاکی سیاسی هاوجووت لەگەڵ ڕۆشن بینی، چاوەدێرییە بۆ بەدەست هێنانی متمانە لەوەی هەر گەڕانەوەو ئاڵوگۆڕێك لە ڕواڵەتی دادوەری- سیاسی لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی واقعیەتی کۆمەڵایەتی- واتە ئامرازەکانی بەرهەم هێنان و پەیوەندی نێوان چینەکان- هاوهەنگاو بێت. لەم حاڵەتەدا، حەتمەن لەو دژوارییانە خۆ دەبوێردرێت کە دەبێ لە ئاکامی پاشکەوتنی سیاسەت لەم جۆرە گۆڕانکارییانە بێتەپێش. یاخود بەجۆرێکی تر، گۆڕانکاری سیاسی یان ڕووکەشانەیەو لە واقعیەتی قوڵتری سیستەمی کۆمەڵایەتییەوە سەرهەڵنادات کە لەم حاڵەتەدا حەتمەن هیچ گرنگییەکی نییە و هەرگیز ممکین نییە بەڕاستی یارمەتیەك بە ستەم لێکراو و چەوساوەکان بگەیەنێت، یان دەبڕی گۆڕانێکە لە پانتایی ئابووری و بارودۆخی چینایەتی کە لەم حاڵەتەدا وەکو هەڵچوونی چیاگڕکانیەکان، شۆڕشێکی تەواوەو لەبەر ئەوەی لە سیستەمی کۆمەڵایەتییەوە هەڵدەقوڵێت ڕەنگە بۆ پێش بینی کردن بشێت و لەوانەیە بڵێسەکەی بەخوبواردن لە بەرەنگاری لە بەرامبەر هێزە بە گوڕەکەیدا کەم بکرێتەوە، بەڵام نە هۆبەندی کاری سیاسییە و نە بۆ سەرکوت کردن دەشێت لە ڕێگای چالاکی سیاسییەوە.

ئەم دەرەنجامە جارێکی تر یەکپارچەیی سیستەمی هزری مارکس پێشان دەدات کە بنەماکەی لەسەر مێژووگەرایی دامەزراوە. بەڵام بە وەبەرچاوگرتنی ئەوە کە کەم بزاڤ هەبووە هێندەی مارکسیزم، کاریگەری هەبوو بێت لە وروژاندنی هۆگری کاری سیاسی، تیۆری بێ توانای بنەمایی سیاسەت، تاڕادەیەك ناکۆك و دژ دێتە بەرچاو. (مارکسیستەکان ڕەنگە بە یەکێك لەم دوو ڕێگایەوە هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم ڕەخنەیە بدەن. سەرەتا لەوانەیە بڵێن بەم جۆرەش نییە کە لە تیۆری ناوبراودا هیچ ئەرکێك بۆ کردەوەی سیاسی دیاری نەکرا بێت. ڕاستە کە حزبی کرێکاران ناتوانێت بەم کردەوانەی کە ئەنجامیان دەدات بارودۆخی جەماوەرە چەوساوەکان باش بکات، بەڵام بەرەنگارییەکانی دەبێتە هۆی وروژاندنی ئاگایی چینایەتی و بەم چەشنە ڕێگا بۆ شۆڕش خۆش دەکات. ڕەنگە ئەمە بەڵگەخوازی باڵی توندڕۆ بێت. باڵی میانەڕۆ دەڵێت لەوانەیە لە مێژوودا هەندێ قۆناغی ئەوتۆ بێتە پێش کە کردەوەی سیاسی ڕاستەوخۆ سوودی هەبێت- ئەو قۆناغانەی کە هێزی دوو چینە ناکۆکەکە تێیدا تاڕادەیەك هاوسەنگ بێت. لەم



قۆناغانەدا، ڕەنگە هەوڵ و تەقەلای سیاسی بۆ باشکردنی بارودۆخی کرێکاران کاریگەرییەکی یەکلاکەرەوەی هەبێت، ئاشکرایە کە ئەو کەسانەی پەنا دەبەنەبەر بەڵگەخوازی دووەم، بە نەزانییەوە بەشێك لە هەڵوێستە سەرەکییەکانی تیۆری ناوبراو دەکەنە قوربانی بێ ئەوەی بگەنە ڕەگی بابەتەکە).

شایانی باسی، بەپێی تیۆری مارکسیستی، حزبی کرێکاران تا ئەو کاتە کە ئەو ئەرکەی لەسەر شانیەتی جێبەجێ بکات و هەوڵ بدات بۆ شێلگیربوون لەسەر خواستی کرێکاران، ممکین نییە تووشی هەڵەی گرنگی سیاسی بێت، چونکە ناکرێ هەڵەی سیاسی لە بارودۆخی واقعیی چینایەتی و هەر بۆیە لە واقعیەتی ئابووریدا کە هەموو شتێ دواجار پەیوەستە بەوەوە، کاریگەرییەکی گشتی هەبێت.

دەرەنجامێکی دیکەی تیۆرەکە ئەوەیە کە هەموو جۆرە حکومەتێك، تەنانەت حکومەتی دیموکراتیش، بریتییە لە دیکتاتۆری چینی دەسەڵاتدار بەسەر خەڵکی ژێردەستەدا. لە مانیفێستی {کۆمۆنیست}دا نووسراوە[٧]: ((دەسەڵاتی جێبەجێ کردن لە دەوڵەتە نوێیەکاندا، جگە لە کۆمیتەیەك بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئابووری سەرانسەر بۆرژوازی هیچی تر نییە...)) بەپێی ئەم تیۆرە، ئەوەی ئێمە بە دیموکراسی ناوزەدمان کردووە، هیچ نییە جگە لە شێوازێکی دیکتاتۆری چینایەتی کە لە فلانە بارودۆخی مێژوویی دیاریکراودا، بە ڕێکەوت لە هەموویان بێ کێشەتر و بەردەسترە. (هەڵبەتە ئەم دۆکترینە هێندە گونجاو نییە لەگەڵ تیۆری هاوسەنگی چینایەتی باڵی میانەڕۆ). هەروەك چۆن دەوڵەت لە قۆناغی سەرمایەداریدا، دیکتاتۆری بۆرژوازییە، لە دوای شۆڕشی کۆمەڵایەتیش لە بەراییدا دیسکتاتۆری پرۆلیتاریا دەبێت. بەڵام هەر کە بەرەنگاری بۆرژوازی کۆن تێك شکا، ئەرکەکانی دەوڵەتی پرۆلیتاریاش بە ناچار کۆتاییان پێدێت، چونکە شۆڕشی پرۆلیتاریایی، کۆمەڵگای یەك چین و لەوێشەوە، بێ چینی لێ دەکەوێتەوە کە دیکتاتۆری چینایەتی تێیدا ممکین نییە. کەواتە لەبەر ئەوەی دەوڵەت لە هەموو جۆرە ئەرکێك بێ بەش دەبێت، حەتمەن دەبێ لەناوبچێت یان بە وتەی ئەنگڵس، ((سیس ببێت و وشك هەڵبێ))[٨].

## ٢

من بە هیچ چەشنێك نامەوێت بەرگری لە تیۆری مارکس بکەم سەبارەت بە دەوڵەت و بەتایبەتی تیۆرەکەی لەمەڕ بێ توانای هەموو جۆرە سیاسەتێك و بیروباوەڕەکەی لە هەمبەر دیموکراسی. بەبڕوای من نەك هەر هەڵەیە، بەڵکو هەڵەیەکی کوشندەیە. بەڵام دەبێ دان بەوە دابنرێت لە پشت ئەم تیۆرە رەشبینانە و هەڵبەتە هۆشمەندانەیەوە، ئەزموونگەلێکی رەشبینانە و حەسرەتاوی لە ئارادا بووە. بەبڕوای من، هەرچەندە مارکس لە تێگەیشتنی ئایندە کە هێندە گیرۆدەی پێش بینی کردنی بوو، سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، بەڵام هەر ئەم تیۆرە هەڵەیە، بەڵگەیە بۆ تێڕوانینی کۆمەڵناسانەی ئەو لە هەمبەر بارودۆخ و هەڵومەرجی سەردەمی خۆی و هەستی مرۆڤدۆستی و دادپەروەریخوازی بێ ئەملاو ئەولا و تۆکمەی مارکس.

تیۆری مارکس لەمەڕ دەوڵەت، سەرەڕای خەسڵەتە ئەبستراکت و فەلسەفیەکەی، راڤەیەکی رۆشنگەرانە لەسەر قۆناغی مێژوویی ژیانی ئەو دەدات بەدەستەوە و لانی کەم تیۆرێکە کە بۆ بەرگری لێکردن دەشێت چونکە یەکەم سەبارەت بەوەی بە ((شۆڕشی پیشەسازی)) ناسرا، لە بەراییدا زیاتر شۆڕش بوو لە ((ئامرازە ماددییەکانی کۆمەڵگا و لەوێشەوە، سەرهەڵدانی سیستەمی کۆمەڵایەتی نوێی لێ کەوتەوە، دووەم، سەبارەت بەوە کە شۆڕشە سیاسییەکان و گۆڕانکارییەکانی تری سیستەمی حقوقی، لە پاش ئەم ئاڵوگۆڕانە هاتۆتە ئاراوە و وەکو هەنگاوی سێیەم بوو. مێژوونووسەکان گومانیان لەم راڤەیەی مارکس لەمەڕ ((دەرکەوتنی سەرمایەداری)) هەبووە و توانیویانە هەندێ لە بناغە ئایدۆلۆژییە قوڵەکانی ئاشکرا بکەن (ئەو بناغانەی کە تیۆرەکەی مارکسی لە مسداقیەت دەخست و رەنگە خۆیشی بە تەواوی لێیان بێ ئاگا نەبووبێت[٩]). لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، هیچ دوو دڵیەك سەبارەت بە راڤەکەی مارکس وەکو یەکەمین نزیکبوونەوە و هەروەها لەمەڕ ئەو خزمەتانەی کە ئەو بە جێگرەکانی خۆی کرد لەم پانتاییەدا لە ئارادا نییە. راستە کە یاسادانان نەك هەر بە ئەنقەست مەیدان بە هەندێ لەو گۆڕانکارییانە دەدات کە مارکس توێژینەوەی لەسەر دەکرد، بەڵکو لە بنەڕەتدا (هەروەکو خۆی دانی پیادەنا[١٠]) دەرفەتی بۆ روودانی ئەم جۆرە ئاڵوگۆڕانە دەڕەخساند. بەڵام ئەو یەکەمین کەس بوو کە هەستا بە لێکۆڵینەوە لەسەر کاریگەری گۆڕانکاری و بەرژەوەندی ئابووری لە یاساداناندا و ئەم پرسەی هێنایە بەرباس کە



هەنگاوەکانی یاساداڕشتن رمێکە بۆ ململانێی چینایەتی و ئامرازێکە بۆ پێك هێنانی ((دانیشتووانی زیادە))[١] و لە ئاکامدا پرۆلیتاریای پیشەسازی.

لەهەندێ لە وتەکانی مارکسەوە دەردەکەوێت کە ئەم جۆرە بینین و تێڕوانینە، لەسەر ئەم بیروباوەڕە شێلگیرتری کرد کە سیستەمی دادوەری- سیاسی تەنیا ((سەرخان))ی سیستەمی کۆمەڵایەتی- واتە ئابووری-یە[١١]. بێگومان ئەم تیۆرە لەژێر تیشکی ئەزموونەکانی دواتردا رەدکرایەوە، بەڵام هێشتا شایانی سەنج لێدانە و بە بڕوای من، حەقیقەتێکی هەرچەند بچووکی تێدا دەبینرێت[١٢].

بەڵام هەر تەنیا بیروبۆچوونە گشتییەکانی مارکس لەمەڕ پەیوەندی سیستەمی ئابووری لەگەڵ سیستەمی سیاسی دانەبوو کە بەم چەشنە کەوتبووە ژێر کاریگەری ئەزموونە مێژووییەکانی. مارکس دیموکراسی و لیبرالیزمی تەنیا وەکو سەرپۆشێك بۆ دیکتاتۆری بۆرژوازی لە قەڵەم دەدا و بیروبۆچوونەکانی لەم بارەیەوە شرۆڤەکردنێکی بارودۆخی سەردەمی خۆیەتی. لەو سەردەمەدا بە سەرنج دان لەو ئەزموونە تاڵانەی کە وەدەست هاتبوو، ئەو راڤەیە لەگەڵ دۆخەکەدا زۆر بەجێ و گونجاو دەهاتە بەرچاو. مارکس، بەتایبەتی لە قۆناغی بێ شەرمانەترین و بێ بەزەییانەترین بەهرەکێشییەکاندا دەژیا. بەرگریکارە ریاکار و مەراییکەرەکانی {ئەم بارودۆخە} پەنایان دەبردە بەر پرنسیپی ئازادی مرۆڤ و مافی ئادەمیزاد بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی و دەیانگوت هەموو کەسێك مافی خۆیەتی بەسەربەستی بەو جۆرە کە لە بەرژەوەندییەتی پەیمان ببەستێت بەم بیانووە بەرگرییان لەو بەهرەکێشیە بێ شەرمانەیە دەکرد.

---

١. surplus population یاخود بەشێوەیەکی باوتر relative surplus population بەپێی شیکردنەوەی مارکس، مەبەست بەشێکە لەژمارەی کرێکاران یان هێزی کرێکاری کە لە سیستەمی سەرمایەداریدا زیادە لە پێویستی پیشەسازی بەڵام بەردەوام دەبێ رابگیرێت و بپارێزرێ بۆ ئەوەی(١) کرێی ئەو کرێکارانەی کاردەکەن بە نزمی بهێڵێتەوە(٢) و لەداهاتوودا سەرمایەدار بەهرەکێشی لێبکات. سەرهەڵدانی زێدە دانیشتووان هۆبەندی یاساگەلی باڵادەستی سەر بە بەرهەمهێنانە بەشێوازی سەرمایەداری کە هەل بۆ زێدەبایی و خڕبوونەوەی سەرمایە دەڕەخسێنێ. بەکورت کراوەیی لێرە وەرگێراوە:

A Dictionary of Marxism thought, ed. Tom Bottomore et al. oxford: Black well, 1983, pp. 378 f.

سەرمایەداری هەوسار پچڕاوی ئەم قۆناغە بە پشت بەستن بە دروشمی ((رکەبەرایەتی یەکسان و ئازاد بۆ هەمووان)) تا ساڵی ١٨٣٣ لە بەرامبەر هەموو یاساکانی کاردا بەربەرەکانی دەکرد و تاکو چەند ساڵ دواتر سەرپێچی لە جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە دەکرد[١٣]. دەرەنجامی ئەم دۆخە، ژیانێکی پەرێشان و پڕ لە کوێرەوەری بوو کە ئەمڕۆ تەنانەت وێناکردنیشی بۆ ئێمە دژوارە. بەهرەکێشی لە ژنان و منداڵان بەتایبەتی، ڕەنج و مەینەتییەکی ئەوتۆی لێدەکەوتەوە کە مرۆڤ دەتاسێنێ. مارکس لە کتێبی سەرمایەدا بەم چەشنە باسی دوو نموونەی ئەم مەینەتیانە دەکات: ((ویلیام وود[٢]، کوڕێکی نۆ ساڵە، تەنیا حەوت ساڵ و دە مانگ لە تەمەنی تێپەڕیبوو کە دەستی بەکارکردن کرد ... هەموو ڕۆژێکی هەفتە کاتژمێر ٦ی بەیانی دەهاتە سەرکار و کاتژمێر ٩ی شەو دەستی لەکار هەڵدەگرت ...)) نووسەری یەکێك لە راپۆرتە رەسمیەکانی ساڵی ١٨٦٣ی ((کۆمیسۆنی تاوتوێ کردنی کاری منداڵان))[٣] هاوار دەکات[١٤]: ((پانزە کاتژمێر کار بۆ منداڵێکی حەوت ساڵان!)) منداڵەکانی تریان ناچار دەکرد لە کاتژمێر ٦ی نیوەشەو بێنە سەرکار یان بەدرێژایی شەو هەتا ٦ی بەرەبەیان کار بکەن. پازدە کاتژمێر کاری زۆرەملێ بۆ منداڵانی تەمەن شەش ساڵە، شتێکی نائاسایی نەبوو. ((ماری ئان واکلی[٤] لەگەڵ ٦٠ کیژی تردا ٢٦ کاتژمێر و نیو بێ وچان کاری کردبوو، ٣٠ کەس لەم ژمارەیە، لە یەك هۆدەدا کارییان دەکرد ... کاتێ دکتۆر واتە، مسترکیز[٥] یان بانگ کرد، کار لە کارترازابوو و لەبەردەم دەستەی لێکۆڵینەوە، لەمەڕ هۆکاری مەرگی ئەمانەدا بەم جۆرە شایەتیدا: ماری ئان واکلی بەهۆی کار بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە هۆدەیەکدا کە جێگەی ئەو هەمووانەی تێدا نەبۆتەوە، مردووە. دەستەی لێکۆڵینەوە کە دەیەویست وانەیەکی باشی ئەدەب و ئیحترام فێری ئەم بەڕێزە بکات، بەم جۆرە رای خۆی دەربڕی: (کەسەکە بەهۆی جەڵتەوە مردووە). بەڵام هەندێ بەڵگە لە ئارادان کە مخابن مەرگەکە بەهۆی کاری لەڕادەبەدەر لە ژوورێکی کارکردندا کە جێگەی ئەو هەموو کەسەی تیانەبۆتەوە، خێراتر بووە[١٥]. بەم چەشنە بوو بارودۆخی چینی کرێکار تەنانەت لە ساڵی ١٨٦٣ دا کە مارکس کتێبی سەرمایەی دەنووسی. لەم سەردەمەدا نەك هەر ئابووریزانەکان بەڵکو رۆحانییەکانیش بە لیبوردەییەوە

2. William wood
3. children's Employment commission
٤. Mary Anne Walkey هەڵبەتە مێری ئان واکلی منداڵ نەبوو، گەنجێکی بیست ساڵان بوو (بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێنەوە بۆ، سەرمایە، وەرگێڕانی فارسی، ج١، ص ٢٤٩).
5. Mr. Keys



چاوپۆشیان لەم تاوانانە دەکرد و تەنانەت هەندێ جار بەرگریشیان لێ دەکردن. ناڕەزایەتی ئاگرینی مارکس دژی ئەم خراپەکارییانە، بۆ هەتا هەتایی ناوی لە ریزی رزگاریدەرانی مرۆڤ بە نەمری دەهێڵێتەوە.

بە وەبەرچاو گرتنی ئەم ئەزموونانە، هێندە جێگای سەرسوڕمان نییە کە مارکس بیروباوەڕێکی ئەوتۆی بە لیبرالیزم نەبوو و دیموکراسی پەرلەمانی تەنیا وەکو پەچەی دیکتاتۆری بۆرژوازی لە قەڵەم دەدا و هیچ گیروگرفتێکی لەوەدا نەدەبینی کە بەم چەشنە حەقیقەتەکان بکات پاڵپشتی شیکردنەوەکەی خۆی لە هەمبەر پەیوەندی نێوان سیستەمی ماف و سیستەمی کۆمەڵایەتی. لەسەر بنەمای سیستەمی ماف، یەکسانی و ئازادی، لانی کەم تاڕادەیەك هاتبووە ئاراوە. بەڵام لە پراکتیك و واقعیەتدا مانایەکی سەیری هەبوو! کەواتە ناتوانین سەرزەنشی مارکس بکەین لەبەر ئەوەی دەیگوت تەنیا راستییە ئابوورییەکان ((واقعیەت)) یان هەیە و لەوانەیە سیستەمی کۆمەڵایەتی تەنها سەرخان بێت- واتە سەرپۆشێکە بۆ {حەشاردانی} ئەم واقعیەتە و ئامرازێکە بۆ زاڵبوونی و باڵادەستی چینایەتی.

بەرامبەرێتی نێوان سیستەمی ماف و سیستەمی کۆمەڵایەتی بە رۆشنترین شێوە لە کتێبی سەرمایەدا گەشەی پێ دراوە. لە یەکێك لە بەشە تیۆرییەکانی کتێبەکەدا (کە لە بەشی بیستەمدا زیاتر توێژینەوەی لەسەر دەکرێت)، مارکس هەوڵ دەدات سیستەمی ئابووری سەرمایەداری شی بکاتەوەو لە پێناو سادەکردنەوە باسەکە، بە چەشنێکی ئایدیالی گریمانەی ئەوە دەکات کە سیستەمی ماف لە هەموو لایەنەکانەوە تەواوە. ئازادی و دادپەروەری و یەکسانی لە مافدا بۆ هەموو کەسێك بە مسۆگەر شیمانە دەکرێ. هیچ چینێك بوونی نییە کە لەبەردەم یاسادا خودان جوێیەتی (امتیازات) تایبەتی بێت. لە سەروو هەموو ئەمانەوە، گریمانەی ئەوە دەکرێ کە تەنانەت لە سنووری ئابووریشدا هیچ چەشنە ((دزی))یەك بوونی نییە، واتە وەکو بەڵگەنەویستێك ئەوە لە قەڵەم دەدرێ کە بۆ هەر شمەکێك- بۆ نموونە هێزی کار کە کرێکار لە بازاڕی کاردا بەسەرمایەداری دەفرۆشێت- ((نرخێکی عادیلانە))ی[٦] پێ دەدرێت. ((نرخی عادیلانە)) بەم مانایەیە کە هەموو شمەکەکان بە پێی بڕی تێکڕای کار بۆ

6. Just price

بەرهەم هێنانی سەرلەنوێی[٧] هەر کامێکیان پێویستە (یان ئەگەر زاراوەی مارکس بەکاربێنین، بەرێژەی ((بەهای))[٨] راستەقینە{١٦}) بفرۆشرێت یان بکڕدرێت. هەڵبەتە مارکس ئەمە دەزانێت کە هەموو ئەم قسانە بۆ ساکارکردنەوەی پرسەکانە، چونکە، بەبڕوای ئەو، هەرگیز بەم چەشنە دادوەرانەیە لەگەڵ کرێکاردا هەڵسوکەوت ناکرێت و زۆربەی کات فێڵی لێدەکرێت. بەڵام مارکس بەڵگەخوازییەکەی لەم جۆرە پێشەکییە ئایدیالییانەوە دەست پێدەکات بۆ ئەوەی دەریبخات تەنانەت لەژێر ئەم سیستەمە حقوقیە بەرز و تەواوەشدا دیسان سیستەمی ئابووری بەجۆرێك مامەڵە دەکات کە کرێکار ناتوانێت سوود لە ئازادی خۆی وەربگرێت و سەرەڕای بوونی ئەو هەمووە ((دادپەروەرییە)) دیسان بارودۆخێکی باشتر لە کۆیلەی نابێت{١٧}، چونکە ئەگەر هەژار بێت، ناچارە خۆی و ژن و منداڵەکەی لە بازاڕی کاردا بە نرخێك بفرۆشێ کە تەنیا بۆ بەرهەم هێنانی سەر لەنوێ هێزی کاری خۆیان پێویستە. یاخود بەجۆرێکی تر، بەڕادەی هەموو هێزی کاریان، هیچ شتێکیان دەست ناکەوێ زیاتر لەوەی بۆ لانی کەمی بژێوییان پێویستە. ئەمە دەیسەلمێنێت کە چەوساندنەوە تەنیا دزی نییە و تەنیا بەهۆی ئامرازی یاسایی

٧. reproduction "بەرهەمهێنانەوە" یان "دووبارە بەرهەمهێنانەوە" ئەم زاراوەیە نەك هەر لە نووسینە سەرەکییەکانی مارکس (گروندریسەو سەرمایە)دا بەڵکو لەبەرهەمی پەیڕەوکارانیشیدا هەمیشە جێگەی مشتومڕ بووە و ئەم باسانە تا ئەمڕۆکەش درێژەیان هەیە. بەڕای مارکس، بەرهەمهێنانەوە یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی سەرمایەداری. شێوازی بەهەمهێنان و ئەو هەلومەرجەی دەرفەت بۆ بەرهەمهێنان دەرەخسێنێ، دەبێ هەمیشە نوێبکرێتەوە و بەردەوام بێت. لەشێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا، دەبێ کرێکار درێژە بە دروست کردنی سەرمایە و سەرمایەداریش درێژە بە دروست کردنی هێزی کار بدات. ئەم حاڵەتە پرۆسسی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بەرەو رەوتێکی گشتگیر و نەپچڕاوە ـ واتە رەوتی دووبارە بەرهەمهێنانەوە ـ دەگۆڕێت. کرێکار دەبێ ئەم حەقدەستەی هەموو جارێ وەریدەگرێت لەنوێ کردنەوەی هێزە بەرهەمهێنەرەکانی خۆی خەرجی بکات و سەرلەنوێ سەرمایە (زێدەبایی) بخولقێنێت. لەم رووەوە، پەیوەندی بەرهەمهێنانی پێشوو بەردەوام دەپارێزرێ یان نوێ دەکرێتەوە. (لە هەمان کتێبی Bottomore، ل٤١٧ ـ ل٤١٩) وەرگیراوە.

8. True “value”



و حقوقی لەناو ناچێت (و رەخنەی پرۆدۆن[٩] کە دەیگوت ((خاوەندارێتی واتە دزی)) رەخنەیەکی رووکەشانەیە{١٨}).

مارکس لەمەوە گەیشتە ئەو دەرەنجامە کە سیستەمی ماف، کە هەروەك هەموو لایەك دەزانن، هەژار و دەوڵەمەند بە یەکسانی لەشەوگەڕی سەر کورسی پارکەکان ئازاد دەکات و لە هەمان کاتدا بە یەکسانی هەڕەشەی سزادان لە هەردووکیان دەکات بە تاوانی ((گەڕۆکی و نەگەڕان بەدوای ئامرازەکان بژێوی ژیاندا)). ئەو دەرەنجامەی بەم چەشنە ئەو بەدەستی هێنا، پەی بردن بوو بە جیاوازی نێوان (بە وتەی هێگل) ئازادی رواڵەتی و ئازادی ماددی[١٠]. ئازادی رواڵەتی{١٩} یان یاسایی لە روانگەی مارکسەوە بە تەواوی بێ نرخ نییە بەڵام بۆ دابین کردنی ئەو جۆرە ئازادییە کە بە بڕوای ئەو، ئامانجی پەرەسەندنی مێژووی مرۆڤە، بەس نییە. ئەوەی گرنگی هەیە ئازادی واقعی {یان راستەقینە}، واتە ئازادی ئابووری یان ئازادی ماددییە و ئەم ئازادییە بەدەست نایەت تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە هەموو بە یەکسانی لە کوێرەوەری رزگاریان بێت. بۆ ئەم جۆرە رزگاربوونە، ((کورت بوونەوەی کاتژمێری کاری رۆژانە مەرجی سەرەتایی و سەرەکییە)).

## ٣

لە بەرامبەر شیکردنەوەی مارکسدا دەتوانین چی بڵێین؟ ئایا پێویستە بڕوا بەوە بێنین کە سیاسەت، یان هەمان چوارچێوەی دەزگا حقوقییەکان، لە خودی خۆیاندا بێ توانان لە چارەسەرکردنی ئەم بارودۆخە و تەنیا چارە، شۆڕشێکی تەواویی کۆمەڵایەتی، واتە گۆڕینی سەرانسەری ((سیستەمی کۆمەڵایەتی))یە؟ یان دەبێ بڕوا بە وتەی بەرگریکارانی ((سەرمایەداری هەوسار پچڕاو)) بکەین کە پشت بە سوودە مەزنەکانی میکانیزمی بازاڕی ئازاد دەبەستن (و بەبڕوای من لەم جەخت کردنەوەیەدا لەسەر هەقن) و لەم پێشەکییەوە دەگەنە

٩. P. J. Proudhon (١٨٠٩ـ ١٨٦٥) بیرمەندی فەرەنسی، یەکێك لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی فاشیزم و چالاکێکی سۆسیالیستی نامارکسیستی. کتێبێکی بەناوبانگی نووسی بەناوی چاوەندارێتی چییە؟ و وەڵامی بۆ ئەم پرسیارە ئەوە بوو کە لەم دەقەدا بینیمان. کتێبێکی بەناوبانگی تریشی هەیە بەناوی **فەلسەفەی هەژاری** کە مارکس لەوەڵامدا کتێبی **هەژاری فەلسەفەی** نووسی.

10. Material freedom

ئەو دەرەنجامە کە ئەگەر بازاڕی کار بەڕاستی ئازاد بێت، بۆ هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان بەرزترین سوود و باشی هەیە؟.

بەبڕوای من، هیچ گومانێك لەسەر ئەو ستەم و بێ دادی و ناجوامێریەی ((سیستەمی سەرمایەداری هەوسار پچڕاو)) نییە کە مارکس شی دەکاتەوە، بەڵام دەتوانین لە چوارچێوەی ئەو شتەی لە یەکێك لە بەشەکانی رابردوودا[٢٠] **<u>به پارادۆکسنمای ئازادی</u>** ناوزەدمان کرد، تێبیرڕوانین. وتمان ئەگەر ئازادی بێ سنوور بێت، ئەوا دژی مەبەست دەبێت. مانای ئازادی بێ سنوور ئەوەیە بەهێز دەتوانێت زوڵم لە لاواز بکات و بی تۆقێنێت و لە ئازادی بێ بەشی بکات. هەر لەم روویەوە، خواستی ئێمە ئەوەیە کە دەوڵەت ئازادی تاڕادەیەك سنووردار بکات بۆ ئەوەی یاسا پارێزەری ئازادی هەمووان بێت. نابێ هیچ کەسێك بە پێچەوانەی ویستی خۆی یەکڕاست لەژێر **<u>دەسەڵات و خزمەتی</u>** ئەوانیتردا بێت. **<u>هەموو مافی خۆیانە</u>** لەژێر سایەی پارێزگاری دەوڵەت دابن.

هەرچەندە مەبەستی سەرەکی ئەوەبووە کە ئەم جۆرە تێبینیانە، چاوەدێری سەر زۆرەملی و تیرۆری جەستەیی بن، بەڵام بەبڕوای من، دەبێ سنووری ئابووریش لەخۆ بگرێت. تەنانەت گریمان دەوڵەت پارێزەری پەیڕەوکارەکانی خۆیەتی لە بەرامبەر هێز و تۆقاندنی جەستەیی (هەروەك لە بنچینەدا لە سیستەمی سەرمایەداری هەوسار پچڕاویشدا هەیە)، ئەگەر خۆ لە پاراستنیان ببوێرێت لە بەرامبەر کەڵکی خراپ وەرگرتن لە دەسەڵاتی ئابووری، لەوانەیە ببێتە هۆی پێشێل کردنی مەبەستەکە. لە دەوڵەتێکی ئەوتۆدا، ئەو کەسەی لەڕووی ئابوورییەوە بەهێزە، بەردەوام ئازادە بۆ ئەوەی زوڵم لەو کەسە بکات کە لەڕووی ئابوورییەوە تووشی لاوازی هاتووە و بێ تۆقێنێت و لە ئازادی بێ بەشی بکات. لەم کەش و بارودۆخەدا، رەنگە ئازادی بێ سنووری ئابووری، رێك وەکو ئازادی بێ سنووری جەستەیی، ببێتە هۆی پێشێل کردنی مەبەست و دەسەڵاتی ئابووریش رێك وەك زۆرەملێ و توندوتیژی جەستەیی ترسناك بێت، چونکە ئەو کەسانەی زێدەی کەلوپەلی خۆراکیان لەبەردەست دایە و هی ئەوانە، لە توانایاندا هەیە، برسیەکان بەبێ بەکارهێنانی توندوتیژی بە تۆبزی ناچار بکەن ((بە ئازادی)) کۆیلایەتی قبوڵ بکەن. ئەگەر دەوڵەت هەموو چالاکی خۆی تەنیا لە چوارچێوەی پێشگرتن لە توندوتیژی و زەبروزەنگ (و پاراستنی خاوەندارێتی) کورت



بکاتەوە، ئەو کەمینەی کە هێزی ئابووریان لەبەردەست دایە، لەوانەیە خەریکی بەهرەکێشی بێت لەو زۆرینەی کە دوچاری لاوازی ئابووری هاتووە.

ئەگەر ئەم شیکردنەوەیە راست بێت[٢١]، ئەوا ماهییەتی چارەسەری دیار و ئاشکرایە. چارەسەر دەبێ چارەیەکی سیاسی بێت، هاوچەشنی ئەو چارەسەرییەی کە بۆ ئاستەنگ خستنە بەردەم توندوتیژی جەستەیی بیرمان لێکردۆتەوە. دەبێ بۆ پارێزگاری کردن لەو کەسانە کە لە رووی ئابوورییەوە لاوازن لە بەرامبەر ئەوانەی خودان دەسەڵاتی ئابوورین، خەریکی دروست کردنی ئەو جۆرە دەزگا کۆمەڵایەتیانە بین، کە بە پشت بەستن بە دەسەڵاتی دەوڵەت هێزی یاسای وەدەست دێنێت. دەبێ دەوڵەت دڵنیا بێت کە هیچ کەسێك پێویست ناکات لە ترسی برسێتی یان ماڵوێرانی ئابووری، پەنا بۆ رێوشوێنی نادادپەروەرانە ببات.

هەڵبەتە ئەمە بەمانای دەست هەڵگرتن لە پرنسیپی دەسوەرنەدان و بەلاوەنانی سیستەمە هەوسار پچڕاوە ئابوورییەکان نییە. ئەگەر خوازیاری مسۆگەرکردنی ئابوورین، پێویستە گەرەکمان بێت دەسوەردانی بەرنامە بۆداڕێژراوی دەوڵەت شوێنی ئازادی بێ سنووری ئابووری بگرێتەوە. دەبێ بمانەوێت کە جۆرە **<u>دەسوەردانگەراییەکی ئابووری</u>**[١١] جێگەی سەرمایەداری هەوسار پچڕاو بگرێتەوە[٢٢]. سەیر دەکەین ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە رووی داوە. لە هەموو شوێنێك ئەو سیستەمە ئابوورییەی کە مارکس ناساندوویەتی و سەرزەنشی کردووە لەناوچووە و نەك ئەو سیستەمانەی کە دەوڵەت تێیاندا وردە وردە ئەرکی خۆی لەدەست دەدات و لە ئاکامدا ((نیشانەکانی سیس بوون وشك هەڵگەڕان)) دەردەخات، بەڵکو سیستەمی دەستێوەردانی جۆراوجۆر جێگایان گرتۆتەوە کە بەستێنی ئەرکی ئابووری هەر کامێکیان زۆر زیاتر لەڕادەی پارێزگاری کردنی لە خاوەندارێتی و ((گرێبەستە ئازادەکان)) بەرفراوانترە. (ئەم گۆڕانکارییە لە بەشی داهاتوودا لێکۆڵینەوە لەسەر دەکرێ).

**٤**

پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە ئەو خاڵەی پێی گەیشتووین، بنچینەی سەرەکی شیکردنەوەکەمانە. تەنیا لێرەدایە کە هێدی هێدی پەی بە مانای ناکۆکی نێوان مێژووگەرایی

---

11. economic interventionism

و بڕوا بوون بە ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی دەبەین و ئاگاداری کاریگەرییەکانی دەبین لەسەر میتۆدی کاری ئەویندارانی کۆمەڵگای کراوە.

مارکسیستەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە مارکسیزم تەنیا زانست نییە و ئیشەکەی بە پێشگۆیی کردنی مێژوو بەرتەسك نابێتەوە. بانگەشەی ئەوە دەکەن کە مارکسیزم بنەمای هەنگاوی کردەیی سیاسییە. کۆمەڵگای هەنووکە دەدەنە بەر تیری رەخنە و لەسەر ئەو بڕوایەن دەتوانن بەرەو جیهانێکی باشتر رێبەرایەتیمان بکەن. بەڵام بەپێی تیۆری خودی مارکس، لێمان نایەت کە واقعیەتی ئابووری بە خواست و ئیرادەی خۆمان، بۆ نموونە، بە ریفۆڕمی ئابووری بگۆڕین. سیاسەت جگە لەوەی ((ئازاری ژان کورتتر و سووکتر بکات))[٢٣]، هیچی تری لەدەست نایەت. بەڵام من پێم وایە، ئەمە بەرنامەیەکی سیاسی زۆر کەم ناوەرۆکە و کەم ناوەرۆکییەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە پەیژەی دەسەڵاتەکاندا، لەڕووی گرنگییەوە دەسەڵاتی سیاسی لە پلەی سێیەم دایە. دەسەڵاتی راستەقینە، بەبڕوای مارکس، لە پەرەسەندنی ئامرازە ماشینیەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، سیستەمی باڵادەستی سەر پەیوەندییە چینایەتییەکان لەڕووی گرنگیەوە بە پلەی دووەم دێت، و گرنگی سیاسەت لە هەموویان کەمترە.

ئەو هەڵوێستەی ئێمە لە شیکردنەوەکەماندا پێی گەیشتووین، رێك دەکەوێتە خاڵی بەرامبەری ئەم بۆچوونە و دەسەڵاتی سیاسی بە بنەمای کارەکە لە قەڵەم دەدات. بەپێی ئەم بۆچوونە، ئەوە دەسەڵاتی سیاسییە کە هەوساری دەسەڵاتی ئابووری لەدەست دایە و ئەمەش بە مانای بەرفراوانبوونی مەزنی سنووری چالاکییە سیاسییەکانە. بە خواستی خۆمانە بزانین چیمان گەرەکە و چۆن دەبێ وەدەستی بێنین. بۆ نموونە دەتوانین بۆ پاراستنی لاوازەکان لەڕووی ئابوورییەوە، بەرنامەیەکی سیاسی عەقڵانی دابڕێژین. دەتوانین بۆ بەرتەسك کردنی بەهرەکێشی، یاسا دابنێین، دەتوانین کاتژمێری کاری رۆژانە سنووردار بکەین و گەلێك کاری تر ئەنجام بدەین. دەتوانین بەپێی یاسا کرێکارەکان (یان لەوێش باشتر، هەموو هاووڵاتیان) لە بەرامبەر شوێنەوارەکانی لە کارکەوتن و بێکاری و پیریدا بیمە بکەین. دەتوانین ئەم جۆرە بەهرەکێشانە کە لە داماوی ئابووری کرێکارەوە سەرچاوە دەگرێ و بۆ خۆبواردن لە برسێتی، ناچاری دەکەن پەنا بۆ هەموو شتێك ببات، بەم چەشنە لە بازنەی دەرفەت بۆ رەخسان بەلاوە بنێین. ئەگەر رۆژێك بەپێی یاسا بتوانین بژێوی هەموو ئەو کەسانە مسۆگەر بکەین کە ئامادەن کار بکەن- و هیچ هۆیەك نییە بۆ ئەوەی بەم ئامانجە نەگەین- ئەو کات پاراستنی ئازادی



هاووڵاتی لە گورزی ترسی ئابووری و تۆقینی ئابووری، لە تەواوێتی (کمال) نزیك دەبێتەوە. لەم روویەوە، کلیلی پاراستنی ئابووری دەسەڵاتی سیاسییە. دەسەڵاتی سیاسی و باڵادەستی بەسەر دەسەڵاتی سیاسیدا واتە هەموو شتێك. نابێ دەرفەتی ئەوە بدەن دەسەڵاتی ئابووری بەسەر دەسەڵاتی سیاسیدا زاڵ بێت، تەنانەت دەبێ لەکاتی پێویستدا لە دژی بجەنگێین و لە رێگای دەسەڵاتی سیاسییەوە کۆنترۆڵی بکەین.

لەمەڕ ئەم بۆچوونەوە دەتوانین بڵێین کە لە ئاکامی تێڕوانینی پڕ لە سووکایەتی مارکس سەبارەت بە دەسەڵاتی سیاسی، نەك هەر لە گەشەپێدانی تیۆرێك لەهەمبەر گرنگترین ماتە ئامرازی باشکردنی بارودۆخی کەسە لاوازەکان لەڕووی ئابوورییەوە خۆی بواردووە، بەڵکو لە گەورەترین ماتە ترسی سەر ئازادی مرۆڤیش غافڵ بووە. ئەم بۆچوونە خاو و ساویلکەی مارکس کە دەڵێ لە کۆمەڵگای بێ چیندا، دەسەڵاتی سیاسی لە هیچ کونێك جێگەی نابێتەوە و دەوڵەت ئەرکی خۆی لەدەست دەدات و ((سیس دەبێت و وشك هەڵدێت))، بەئاشکرا ئەوە دەردەخات کە هەرگیز لەوە تێنەگەیشتووە کە دەسەڵاتی سیاسی چ کارێکی بۆ خزمەتکردنی ئازادی و مرۆڤایەتی لەدەست دێت و دەبێ لەدەستی بێت. (لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، هەر ئەم بۆچوونەی مارکس خۆی گەواهی ئەم راستیەیە کە سەرەڕای ئەوەی لەسەر بنەمای بڕوابوون بە کۆگەرایی، پەنای بۆ ئاگایی چینایەتی دەبرد، دواجار باوەڕی بە تاکگەرایی هەبوو). لەم روویەوە، رای مارکس هاوچەشنی بۆچوونی لیبراڵەکانە کە دەڵێن تەنیا پێویستمان بە یەك شتە و ئەویش ((یەکسانی دەرەتانەکان {امکانات})). هەڵبەتە پێویستی ئەم بوارە، بێ ئەملاو ئەولایە. بەڵام ئەمە بە تەنیا بەس نییە، چونکە ئەو کەسانەی لێهاتوویی کەمتریان هەیە یان دڵنەرمترن یان بێ بەشن لە شانسی گونجاو لە چەوساندنەوە بەدەستی ئەوانەی کە لێهاتووتر و دڵڕەقتر و بەختیارترن ناپارێزێ.

جگە لەمە، ئێستا سەیر دەکەین، ئەوەی مارکسیستەکان لەڕووی سووکایەتییەوە ناویان ناوە ((ئازادی رواڵەتی پەتی)) بنەمای هەموو شتەکانی ترە. ئەم ((ئازادییە رواڵەتیە پەتییە))- واتە دیموکراسی، واتە مافی خەڵك بۆ داوەری کردن لەسەر حکومەت و بەلاوەنانی- تاکە ئامرازی بەردەستمانە بۆ پارێزگاری و پاراستنی خۆمان لە زیانی کەڵکی خراپ وەرگرتن لە دەسەڵاتی سیاسی[٢٤]، تەنیا رێگایەکە کە لێیەوە ژێر دەستەکان دەتوانن هەوساری دەسەڵاتدارەکان بەدەستەوە بگرن. لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی دەتوانێت دەسەڵاتی

ئابووری کۆنترۆڵ بکات، تەنیا ئامرازێك کە بۆ چاوەدێری کردن بەسەر دەسەڵاتی ئابووری لەبەردەستی خەڵکی ژێر حوکمڕانیدا دەمێنێتەوە، دیموکراسی سیاسییە. بەبێ چاوەدێرکردن بە چەشنێکی دیموکراتیانە، بەهیچ جۆرێ هیچ هۆیەك نییە بۆ ئەوەی هەموو حکومەتەکان لەپێناو ئامانجە تەواو جیاوازەکانیان لەگەڵ ئازادی هاووڵاتیان سوود لە دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری خۆیان وەرنەگرن.

## ٥

ئەو مارکسیستانە پێیان وایە دیموکراسی رواڵەتی بەس نییە و دەیانەوێت بە ((دیموکراسی ئابووری)) تەواوی بکەن، بێ ئاگان لە رۆڵی سەرەکی ((دیموکراسی رواڵەتی)). چەمکی لێڵ و رووکەشی ((دیموکراسی ئابووری))، ئەو راستە لەبەرچاو دەشارێتەوە کە تاکە گرانتی سیاسەتە دیموکراتیکە ئابوورییەکان، هەمان ((ئازادی رواڵەتی پەتی))یە.

مارکس گرنگی دەسەڵاتی ئابووری کەشف کرد و دەرکیش دەکرا لەمەڕ پلەو پایەکەی زێدەڕۆیی بکات. ئەو و مارکسیستەکان پێیان وایە دەسەڵاتی ئابووری لە هەموو شوێنێکدا لەئارا دایە. بەڵگەخوازییان ئەوەیە کە هەر کەسێك پارەی هەبێ، دەسەڵاتی هەیە، چونکە ئەگەر پێویست بکات، نەك هەر دەتوانێت دەمانچە بکڕێ، بەڵکو تەنانەت خودی کۆنگسترەکانیش بەکرێ بگرێت. بەڵام ئەم بەڵگەخوازییە وەکو خواردن لە پشت سەرەوەیە، چونکە تێیدا دان بەوەدا دەنرێت کە ئەو کەسەی دەمانچەی هەیە دەسەڵاتی هەیە. ئەگەر ئەو کەسەی دەمانچەی هەیە پەی بەمە ببات، هێندە ناخایەنێت کە هەم دەمانچەی دەبێت و هەم پارە. هەڵبەتە لەسەرمایەداری هەوسارپچڕاودا، بەڵگەخوازی مارکس تارادەیەك راستە، چونکە ئەو رێسایەی کە بۆ هەوسارکردنی دەمانچە و گۆنگسترەکان دەزگا دادەمەزرێنێ، بەڵام دەسەڵاتی پارە دەخاتە رێزپەڕەوە، رەنگە بکەوێتە ژێر کاریگەری ئەم دەسەڵاتەوە. لە دەوڵەتێکی ئەوتۆدا، هیچ بە دوور نییە کە گۆنگستریزمی سەرەڕۆیانەی سامان باڵا دەست بێت. بەڵام بە بڕوای من ئەگەر مارکس {دەکەوتە ژێر ئەم رەخنەیەوە} خێرا دانی بەوەدا دەنا کە ئەم رێسایە لەمەڕ هەموو دەوڵەتەکانەوە راست نییە و هەندێ سەردەمی ئەوتۆ لە مێژووودا هەبووە کە بەهرەکێشی یەکڕاست حاڵەتی چەتەیی وەرگرتووە و راستەوخۆ پشتی بە هێزی چەك بەستووە. تەنانەت ئەمڕۆکەش پێناچێت هیچ کەسێك بەرگری لەم بیروباوەڕە سادە و ساویلکانەیە بکات کە ((پێشکەوتنی مێژوو)) تا ئەبەد کۆتایی بەم جۆرە شێوازە راستەوخۆییەی بەهرەکێشی



هێناوە و لەبەر ئەوەی ئازادی رواڵەتی وەدەست هاتووە، ئیدی هیچ کەسێك دووبارە نابێتەوە قوربانی ئەم جۆرە فۆرمە بەرابییەی چەوساندنەوە.

ئەو تێبینیانەی ئاماژەمان پێکردن بۆ پووچەڵ کردنەوەی ئەم تیۆرە دۆگمە بەسە کە لایەنگرەکانی دەڵێن دەسەڵاتی ئابووری بنەڕەتیترە لە دەسەڵاتی سیاسی یان دەسەڵاتی دەوڵەت. بەڵام هەندێ تێبینی تریش لە ئارادایە. هەندێ لە بیرمەندان (بۆ نموونە برتراند راسڵ و والتر لیپمەن[٢٥]) بە هەق جەختیان لەسەر ئەم خاڵە کردۆتەوە کە تەنیا دەسوەردانی چالاکانەی دەوڵەت- واتە پارێزگارکردنی یاسایی لە خاوەندارێتی کە پشت بە گرانتی جێبەجێ کردنی جەستەیی و ماددی ببەستێت- سامان دەگۆڕێ بۆ ماتە چاوگی دەسەڵات و بەبێ ئەم جۆرە دەسوەردانە، زۆر زوو تاك سامانەکەی لەدەست دەدات. کەواتە، دەسەڵاتی ئابووری یەکڕاست پەیوەستە بە دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتی فیزیکی و ماددی. راسڵ بۆ دەرخستنی ئەم پەیوەستەییە و هەندێ جار تەنانەت لاوازی و داماوی سامان، ئاماژە بە هەندێ شایەدی مێژوویی دەکات و دەنووسێت[٢٦]:

> دەسەڵاتی ئابووری لە هەموو وڵاتێکدا سەرەڕای ئەوە کە دواجار لە یاساو رای گشتیەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام بە ئاسانی بەجۆرە سەربەخۆییەك دەگات. دەتوانێ یاسا بەهۆی گەندەڵی و رای گشتی لە رێگای پڕوپاگەندەوە بخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە. دەتوانێت سیاسەتمەدارەکان بخاتە ژێر قەرزی خۆیەوەو ئازادی هەڵسوکەوتیان سنووردار بکات. دەتوانێت هەڕەشەی خولقاندنی تەنگژەی دارایی بکات. **لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، ئەوەی دەتوانێت بەدەستی بێنێت سنووردارە بە سنوورێکی تەواو دیاریکراوەوە.** قەرزدەرەکانی یارمەتی {یولیوس}ی قەیسەریان کرد بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، چونکە جگە لە سەرکەوتنی ئەو، هیچ هیوایەکی تریان نەبوو بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانیان. بەڵام هەر کە {قەیسە} سەرکەوت، دەسەڵاتەکەی گەیشتە شوێنێکی ئەوتۆ کە لە بەرامبەریاندا دەستی کرد بە سەربەرزکردنەوە. شارلی پێنجەم[١٢] ئەو

١٢. Charles V زۆر پێدەچێت مەبەست شارلی پێنجەم (ناسراو بە شارل کۆن)و ئیمپراتۆری پیرۆزی رۆم بێت (١٥٠٠ـ١٥٥٨ ) کە وەك شارلی یەکەم بوو بە پاشای ئیسپانیا. بەو پارەیەی کەلە ساڵی ١٥١٩ لە یاکوب

پارەیەی کە بۆ کڕینی پلەی ئیمپراتۆری پێویستی پێی هەبوو لە بنەماڵەی فوگر[١٣] بە قەرز وەریگرت، بەڵام پاش گەیشتن بەم پلە و پایەیە، هیچ حسابێکی بۆنەکردن و داخوازی قەرزدەرەکان بەبا چوو.

باوەڕهێنانێکی دۆگم بەم بنچینە کە ڕەگو ریشەی هەموو شەڕانگێزی و ئافاتەکان بۆ دەسەڵاتی ئابووری دەگەڕێنێتەوە، دەبێ بەلاوە بنرێت و تێگەیشتن لە مەترسی **هەر چەشنە** دەسەڵاتێکی کۆنترۆڵ نەکراو شوێنی بگرێتەوە. پارە لە خودی خۆیدا هەڵگری هیچ مەترسییەك نییە، تەنیا کاتێك ترسناك دەبێ کە یان ڕاستەوخۆ بتوانێ دەسەڵات بکڕێت یان لەم ڕێگەیەوە بتوانێت ئەو کەسانەی لەڕووی ئابوورییەوە لاوازن بە کۆیلە بگرێ کە ناچارن بۆ دابین کردنی بژێوی ژیان، خۆیان بفرۆشن.

دەبێ لە ئاستی تێفکرین لەم حاڵەتە، تەنانەت لە مارکسیش، وەك دەڵێن، ماددیتر بیر بکەینەوە. دەبێ لەوە تێبگەین کە کۆنترۆڵ کردنی دەسەڵاتی فیزیکی و بەهرەکێشی فیزیکی، هەمیشە تەوەری هەموو بابەتە سیاسییەکانە و بۆ ئەو مەبەستە پێویستە دەستمان بە هەمان ((ئازادی رواڵەتی پەتی)) رابگات. کاتێ لەم کارەدا سەرکەوتنمان بەدەست هێنا و فێربووین چۆن لەم ڕێگەوە دەسەڵاتی سیاسی کۆنترۆڵ بکەین، هەموو شتێك پەیوەست دەبێ بە خۆمانەوە. ئیدی نابێ گوناهەکە بخەینە گەردەنی خەڵکانی ترەوەو لەدەست شەیتانە ئابوورییەکانی پشت پەردە بناڵێنین چونکە لە دیموکراسیدا هەوسارکردنی شەیتانەکان لە دەست ئێمە دایە و دەتوانین رامیان بکەین. دەبێ ئاگاداری ئەوە بین و سوود لەو کلیلانە وەربگرین کە لە بەردەستمان دایە، پێویستە بۆ کۆنترۆڵ کردنی دەسەڵاتی ئابووری بە شێوازێکی دیموکراتیانە و پاراستنی خۆمان لە بەهرەکێشی ئابووری، هەوڵی دروست کردنی دەزگای پێویست بدەین.

ئەو شتەی بەردەوام مارکسیستەکان جەختیان لەسەر کردۆتەوە، هەڵی کڕینی دەنگەکانە {لە هەڵبژاردن} بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان لە ڕێگای دانی پارە بۆ پڕوپاگەندە. بەڵام ئەگەر زیاتر

فوگێر (Jakoob fugger) بەقەرز وەری گرت، بۆ ئیمپراتۆر هەڵبژێردرا، بەسەر دوژمنەکانیدا سەرکەوت و دەسەڵات و ڕێزێکی زۆری بەدەست هێنا و دواجار لە سەومعەیەك لە ئیسپانیا خەڵوتنشینی هەڵبژارد.

١٣. fugger بنەماڵەیەك لە سەڕاف و بازرگانەکانی ئەڵمانیا، خەڵکی ویلایەتی باواریا، کە دەسەڵاتێکی ئابووری مەزنیان بەدەست هێنا و چەندین سەدە پارێزگاریان لە سامان و نفووزی خۆیان کرد.



وردبینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەمەش یەکێکە لە نموونە دیارەکانی بارودۆخێك کە دەسەڵاتمەداری سیاسی تێیدا باڵادەستە و پێشتر توێژنەوەمان لەسەر کرد. کاتێ ئازادی رواڵەتی وەدەست بێنین، دەتوانین بەهەر شێوازێك بێت کڕینی دەنگیش کۆنترۆڵ بکەین. بۆ بەرتەسك کردنی گوژمەی هەڵبژاردن هەندێ یاسا هەیە و بە تەواوی لە سەلاحیەتی ئێمە دایە کە چاوەدێری ئەوە بین کە تەنانەت یاسا گەلی زۆر توندتر دابڕێژێت{٢٧}. دەتوانین سیستەمی ماف و یاسا بگۆڕین بۆ ئامرازێکی بەهێز لە پێناو پاراستن و پاسەوانی کردن لە خۆمان ئەو کات ئیتر، دەتوانین کاریگەریمان هەبێت لەسەر ڕای گشتی و شێلگیرانە خوازیاری ئەوە بین کە هەندێ پێودانگی ئەخلاقی تۆکمەتر بەسەر کاروباری سیاسیدا باڵا دەست بێت. دەتوانین هەموو ئەو کارانە ئەنجام بدەین، بەڵام سەرەتا دەبێ لەوە تێبگەین کە ئەم جۆرە ئەندازیارییە کۆمەڵایەتییە ئەرکێکە لەسەر شانی خۆمانە و بە ئەنجام گەیاندنی لە توانای خودی ئێمە دایە. نابێ دابنیشین و چاوەڕوانی بوومەلەرزەیەك بین لە ئابووریدا رووبدات و موعجیزە ئاسا جیهانێکی ئابووری نوێمان بۆ چێ بکات، بە چەشنێك کە هیچ ئیشێکمان نەبێت جگە لەوەی تەنیا پەردە لەسەر رووی هەڵماڵین و ئەو سەرپۆشە سیاسییە کۆنە بۆ دوور توڕ هەڵبدەین.

## ٦

هەڵبەتە بە کردەوە، مارکسیستەکان هەرگیز بە تەواوی پشتیان بە تیۆری بێ توانیی دەسەڵاتی سیاسی نەبەستووە. کاتێك کە دەرفەتی کار یان هەلی بەرنامەرێژیی بۆ ئەنجامدانی کاریان هەبووە، وەك هەموو کەسێکی تر بەزۆری بەڵگەنەویست بووە لایان کە دەتوانرێت بۆ کۆنترۆڵ کردنی دەسەڵاتی ئابووری، سوود لە دەسەڵاتی سیاسی وەربگیردرێت. ئەوەندە نەبێت، بۆ داڕشتنی بەرنامە و کارەکانیان نە هەرگیز ئەو تیۆرەیان ڕەدکردۆتەوە کە پێشتر بڕوایان پێی هەبووە و نە سەرەکیترین کێشەی سیاسەت- واتە کۆنترۆڵ کردنی کۆنترۆڵکارەکان و کەڵەکە بوونی ترسناکی دەسەڵات لەدەستی دەوڵەت- یان بە وردی هەڵسەنگاندووەو هیچ کاتێك بە تەواوی پەیان بە گرنگی دیموکراسی نەبردووە، وەکو تاکە ئامرازی چاوەدێری لەسەر چاوەدێرەکان.

لە ئاکامدا، هەرگیز لەوە تێنەگەیشتوون کە زێدەکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت، لە خودی خۆیدا سیاسەتێکی مەترسیدارە. کەم و زۆر ناخودئاگایانە دەستیان لە تیۆری بێ توانایی سیاسەت هەڵگرتووە، بەڵام هێشتا لەسەر ئەو بڕوایەن کە دەسەڵاتی دەوڵەت کێشەیەکی گرنگ نییە و

تەنیا ئەگەر لە دەست بۆرژواری دابێت، خراپە. لەوە تێنەگەیشتوون کە هەموو دەسەڵاتێك مەترسیدارە و لەم رووییەوە دەسەڵاتی سیاسی هیچی لە دەسەڵاتی ئابووری کەمتر نییە. بۆ ئەم مەبەستە، رێسای دیکتاتۆری پرۆلیتاریان پاراستووە. نەیانتوانیووە ئەم پرەنسیپە دەرك بکەن کە دەبێ هەموو سیاسەتێکی بەرین و بە بەستێن لەسەر بنەمای دەزگاکان دابمەزرێت نەك تاکەکان (بگەرێنەوە بۆ بەشی هەشتەم) و کاتێ بەهاتوهاوارەوە (بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی کە مارکس سەبارەت بە دەوڵەت هەیبوو) خوازیاری بەرفراوانبوونی سەڵاحیاتی دەوڵەتن، هەرگیز بیر لەوە ناکەنەوە رەنگە رۆژێك لە رۆژان ئەم سەڵاحیاتە بەرفراوانە بکەوێتە دەست کەسانی ناپەسەندەوە. ئەمە یەکێك لەو لایەنانە بووە کە هەر کاتێ کەوتوونەتە بیری دەستێوەردانی دەوڵەت، بەرنامەیان دارشتووە بۆ ئەوەی بەکردەوە سەڵاحیاتی ئابووری بێ کەوشەن بە دەوڵەت بدەن. مارکس لەسەر بنەمای بڕوابوونی بە گشتگەرایی، گەیشتبووە ئەو ئیمانە وەهمی و یۆتۆپیاییە کە تاکە رێگا چارەی چاکسازی بارودۆخ، پێك هێنانی ((سیستەمێکی کۆمەڵایەتی)) سەرانسەر نوێیە. مارکسیستەکان پارێزگاریان لەم ئیمانە کردووە.

لە یەکێك لە بەشەکانی رابردوو (بەشی نۆیەم)، ئاماژەم بۆ ئەوە کرد کە ئەگەر گەرکمان بێت، بەچەشنێکی یۆتۆپیایی و رۆمانتیك ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی بێنینە پێش چاوی خۆمان، چ جۆرە گیروگرفتێك دێتە ناو ئەم رێچکەیەوە. لێرەدا دەبێ ئەوە زیاد بکەم کە دەسوەردانی ئابووری- تەنانەت ئەو میتۆدە لەسەرخۆ و بەرەبەرەیەی منیش جەختی لەسەر دەکەم- بە ئاراستەی زیاد کردنی دەسەڵاتی دەوڵەت دەچێتە پێش. کەواتە، دەسوەردانگەرایی لەرادەبەدەر ترسناکە. هەڵبەتە ئەمە بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە نییە بۆ رەدکردنەوەی. دەسەڵاتی دەوڵەت هەمیشە بە ناچاری ئافەتێکی ترسناك و حەتمی و پێویستە. بەڵام دەبێ ئەمە هۆشدارێك بێت بۆ ئێمە کە ئەگەر وشیار نەبین و لە هەمان کات کە پلان بۆ دەسوەردان دادەرێژین و سەڵاحیاتی بەرفراوانتر بە دەوڵەت دەبەخشین، هەوڵی پتەوکردنی دەزگا دیموکراتیکەکان نەدەین، رەنگە ئازادیمان لەدەست بچێت و ئەگەر ئازادی لە دەست بچێت، هەموو شتێك و یەك لەوان ((پلان دانان)) لەدەست دەروا، چونکە ئەگەر خەڵك هیچ سەڵاحیاتێکیان نەبێت بۆ جێبەجێ کردنی بەرنامەکان، ئیدی لە بنەڕەتدا بۆچی دەبێ بەرنامەیەك بۆ بەختەوەری و باشژیانی ئەوان جێبەجێ بکرێت؟ تاکە شتێك دەتوانێ ئاسایش دابین بکات ئەویش ئازادییە.



کەواتە بۆمان دەردەکەوێ کە تەنیا پارادۆکسنمای ئازادی نییە، بەڵکو پارادۆکسنمای بەرنامەرێژی (پلان دانان) دەوڵەتیش لە ئارادایە. ئەگەر زێدەرۆیی بکەین لە بەرنامەرێژیدا و دەسەڵاتێکی لەرادەبەردەر بە دەوڵەت بدەین، ئازادی لەدەست دەچێت و لەدەست چوونی ئازادیش بە مانای کۆتایی پلان دانانە.

ئەم تێبینیانە دیسان دەمانگەرێنێتەوە بۆ سەر خواستی میتۆدی لەسەرخۆ یان بەرەبەرەی ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی لە بەرامبەر میتۆدی یۆتۆپی و گشتگەراکاندا، دەمانگەرێنێتەوە بۆ ئەم خواستەی کە لەجیاتی چاوبرینە فلانە خێری نموونەیی یان چاکی ئایدیالی، هەنگاو باوێژین بۆ بەربەرەکانی لە تەك گەندەڵی و ئافەتی دەستنیشان کراو. دەبێ دەستێوەردانی دەوڵەت بەو شتەی کە بەراستی بۆ پاراستن و پاسەوانی ئازادی پێویستە، سنووردار بکرێت.

لەلایەکی ترەوە، هەر ئەوەندە بەس نییە بڵێین دەبێ چارەسەریی بەلانی کەم سنووردار بکرێت و پێویستە چاوەدێر و هۆشیار بین و نابێ لەو رادەیە زیاتر کە بۆ پاراستنی ئازادی پێویستە، سەڵاحیاتی بە دەوڵەت بدەین. ئەو وتانە کێشەکان دەخەنە بەرباس، بەڵام رێگایەك بۆ چارەسەرکردن ناخاتە بەردەست. تەنانەت دەتوانین وێنای ئەوە بکەین کە هەر لە بنەڕەتدا چارەسەریەك لە ئارادا نییە و کاتێ سەڵاحیاتی ئابووری نوێ دەکەوێتە ژێر دەستی دەوڵەت- کە بەهەرحاڵ سەڵاحیاتەکانی بە بەراورد لەگەڵ سەڵاحیاتی هاووڵاتیان هەمیشە بە چەشنێکی مەترسیدار بەربلاو بووە- وەستانەوە لە بەرامبەر حکومەتدا نامڕکین دەبێت. بەڵام تا ئێستا نە پێشانمان داوە کە پاراستنی ئازادی ممکینە و نەوتوومانە چۆن دەتوانین پارێزگاری لێ بکەین.

لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا خراپ نییە، ئەو تێبینیانە بێنینەوە یادی خۆمان کە لەبەشی حەوتەم لەمەڕ پرسی چاوەدێری کردن بەسەر دەسەڵاتی سیاسی و پارادۆکسنمای ئازادی پێشکەشمان کرد.

## ٧

ئەو جیاوازییە گرنگەی لەوێدا ئاماژەمان بۆ کرد، جیاوازی نێوان تاکەکەس و دەزگاکان بوو. وتمان رەنگە پرسی سیاسی رۆژانە پێویستی بە چارەسەری تاکەکەسی هەبێت، بەڵام سەبارەت بە هەموو سیاسەتێکی درێژخایەن- بەتایبەتی هەموو سیاسەتێکی درێژخایەنی دیموکراتیك- دەبێ لە چوارچێوەی دەزگاکان و بە دوور لە بابەتە تاکەکەسییەکان بیر بکەینەوە. هەروەها

ئاماژەمان بەوەش کرد کە بەتایبەتی پرسی کۆنترۆڵ کردنی حوکمڕانەکان و چاوەدێری کردن بەسەر سەڵاحیاتەکانیاندا، پرسێکی دەزگاییە- واتە بە کورتی بابەتی پلاندانان بۆ ئەو دەزگایانەیە کە تەنانەت بۆ ئەوەی حوکمڕانە خراپەکانیش نەتوانن لەڕادەبەدەر زیان بگەیەنن.

هاوچەشنی ئەم تێبینیانە، لە هەمبەر پرسی کۆنترۆڵ کردنی دەسەڵاتی ئابووری دەوڵەتیش راستە. ئەوەی دەبێ لەمپەری بخەینە بەردەم، زیادبوونی دەسەڵاتی حوکمڕانەکانە. دەبێ هەم ئاگاداری تاکەکان بین و هەم ئاگامان لە سەرەڕۆییەکانیان بێت. لەوانەیە هەندێ لە دەزگا جیاجیاکان، سەڵاحیاتی سەرەڕۆیانە بە تاکەکان ببەخشین، بەڵام هەندێ جۆری تر پێویستە پێشی بەخشینی ئەم سەڵاحیاتانە بگرن.

ئەگەر بۆ نموونە لەم روانگەیەوە سەیری یاساکانی کار بکەین، هەردوو جۆرە دەزگامان بەرچاو دەکەوێت. بەشێکی زۆر لەم یاسایانە هیچ بە دەسەڵاتی ماشینی راپەڕاندنی دەوڵەتەوە زیاد ناکەن. هەڵبەتە دەتوانین وێنای ئەوە بکەین کە فلاّنە کاربەدەستی دەوڵەت بۆ تۆقاندنی فلاّنە هاووڵاتی بێ گوناه و زلبوون بەسەریدا، بۆ نموونە کەڵکی خراپ لە یاسای قەدەغەکردنی کاری منداڵان وەربگرێت. بەڵام ئەم جۆرە مەترسیانە بە بەراورد لەگەڵ ئەو هەڕەشانەی کە لەو یاسایانەوە سەرچاوە دەگرن کە بەپێی بارودۆخ هەندێ سەڵاحیات بە حوکمڕانەکان دەدات و بۆ نموونە لە بەڕێوەبردنی هێزی کار سەربەستیان دەکات[٢٨]، هێندە گرنگ نییە. هەر لەم روویەوە، رەنگە بەپێی یاسا بڕیاربدرێت کە ئەگەر هەر هاووڵاتیەك کەڵکی خراپ لە دارایی خۆی وەربگرێت، ئەوا دەبێ بەهۆی دەستبەسەراگرتنی داراییەکەی سزا بدرێت. مەترسی ئەم یاسایە بەراورد ناکرێت لەگەڵ ئەو یاسایەی سەڵاحیەت بە حوکمڕانەکان یان لێپرسراوانی دەوڵەت دەبەخشێت بەپێی بارودۆخ و بەهۆی دەستنیشان کردنی خۆیان، دەست بەسەر دارایی هەر هاووڵاتیەك دابگرن ئەگەر ویستیان.

کەواتە ئێستا دەگەین بە جیاوازی دوو میتۆدی بە تەواوی جیا لە دەسوەردانی دەوڵەت لە کاروبارەکاندا[٢٩]. میتۆدی یەکەم، میتۆدی گەڵاڵە دارشتنە بۆ ((چوارچێوەیەکی حقوقی)) دیاریکراو کە لە دەزگاکان پێك هاتوە و لە پێناو پاراستنگەرایی دایە. (نموونەی ئەو یاسایانەی کە سەڵاحیاتی خاوەن ماڵات و زەوی و زارەکان سنووردار دەکات). دووەمیان میتۆدێکە سەڵاحیەت بە ماشینە دەوڵەتییەکان دەدات بە کردەوە- لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا- بۆ وەدەست هێنانی ئەو ئامانجانە کە حوکمڕانەکان بڕیاریان لەسەر داوە، هەر جۆرێ کە بە



پێویستیان زانی بجولێنەوە. دەتوانین یەکەمیان بە میتۆدی دەسوەردانی ((دەزگایی)) یان ((ناڕاستەوخۆ)) ناوزەد بکەین و دووەمیان بە میتۆدی دەسوەردانی ((تاکەکەسی)) یان ((راستەوخۆ)). (ئاشکرایە حاڵەتی نێوانیش بوونی هەیە).

پێم وانییە گومانێك لەسەر ئەوە بێت کە لە ڕووی شێوازی چاوەدێری دیموکراتیك، کام میتۆدیان مەرجەعە. ئاشکرایە کە لە هەموو حاڵەتەکانی دەسوەردان بەشێوازی دیموکراتیك، دەبێ سیاسەتی ئێمە تا ئەو شوێنەی دەگونجێت بەکارهێنانی میتۆدی یەکەم بێت و سوود وەرگرتن لە میتۆدی دووەم تەنیا لە کاتێك دابێت کە میتۆدی یەکەم کافی نەبێت بۆ وەدیهێنانی مەبەستەکان. (حاڵەتی ئەوتۆ بوونی هەیە. نموونە کۆن و دیارەکەی رێکخستنی بودجەیە کە دەریدەخات وەزیری دارایی[١٤] بە چ جۆرێك سوودی لە سەڵاحیاتەکانی خۆی وەرگرتووە و چ شتێکی بە دادپەروەرانە و عادیلانە دەستنیشان کردووە. دەتوانین وێنای ئەوە بکەین کە هەرچەشنە هەنگاوێکی دژە سووڕ[١٥] رەنگە خودان چۆنایەتییەکی هاوتای ئەمە بێت- کە هەڵبەتە شتێکی زۆر نەخوازراوە.

لە روانگەی ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی لەسەرەخۆ یان بەرەبەرە، جیاوازی نێوان ئەم دوو میتۆدە زۆر گرنگە تەنیا لە رێگای میتۆدی یەکەمەوە، واتە میتۆدی دەزگایی، ئەم دەرفەتە دەڕەخسێت کە بە پشت بەستن بە ئەزموونی رابردوو و پاش راوێژی پێویست، هەوڵی رێکخستن و دەستکاری بدەین و شێوازی تاقیکردنەوە و هەڵە لە هەنگاوی سیاسیدا بەکاربهێنین. راستە ئەم میتۆدە، میتۆدێکی درێژخایەنە، بەڵام دەتوانین چوارچێوەی جێگیری حقوقی هێواش هێواش بگۆڕین بۆ ئەوەی جێگەیەك بۆ دەرەنجامە پێش بینی نەکراو و نەخوازراوەکان و پێك هێنانی گۆڕانکاری بەشەکانی دیکەی چوارچێوە و شتی لەم جۆرە بکرێتەوە. تەنیا بەهۆی ئەم میتۆدەوە دەتوانین لەسەر بنەمای شەکردن و شیکردنەوە، بزانین کە دەسوەردانەکەمان لە پێناو فلاّنە مەبەستدا، بە کردەوە بەمانای ئەنجامدانی چ کارێك بووە. ئەو بڕیارانەی کە حوکمڕانەکان یان لێپرسراوانی دەوڵەت بەپێی بارودۆخ دەریدەکەن، لە دەرەوەی بازنەی ئەم جۆرە میتۆدە عەقلانیەوەیە. بڕیاری کورت خایەن و کاتەکین کە لەمڕۆ بۆ سبەینێ، یان لانی زۆر، لەم ساڵەوە

١٤. chancellor لە بەریتانیا رێکخستنی بودجە ئەرکی وەزیری داراییە.

١٥. counter- cycle measure ئەو هەنگاوانەی کە دەوڵەت بۆ پێشگیری کردن لەئاڵوگۆرە نەخوازراوەکان لە سوڕێکی بازرگانی تایبەتدا ئەنجامی دەدات.

بۆ ساڵێکی تر گۆڕانی بەسەردا دێت. بەزۆری ناتوانین ئەم جۆرە بڕیارانە تەنانەت لەبەردەم هەموو لایەك بێنینە بەرباس و لێدوان (هەڵبەتە گرنگترین ڕێزپەڕ بودجەیە)، چونکە نەك هەر زانیاری کافی لەبەردەست دانییە، بەڵکو ئەو پرنسیپەش روون نییە کە بۆتە بنەمای بڕیارەکە. گریمان ئەم پرنسیپەش بوونی هەیە، زۆربەی کات بەشێکە لە نەریتی نێوخۆیی ئیداری نەك شتێك کە لە چوارچێوەی دەزگاکاندا بگونجێت.

بەڵام تەنیا بەم مانایە نیە کە دەتوانین میتۆدی یەکەم بە عەقلانی و میتۆدی دووەم بە ناعەقلانی وەسف بکەین. بەمانیەکی تەواو جیاواز و زۆر گرنگیش هەر بەم جۆرەیە. چوارچێوەی حقوقی بۆ هەموو هاووڵاتیەك شیاوی دەرك کردن و ناسینە و پێویستە بە چەشنێك گەڵاڵەڕێژی بکرێت کە بەم جۆرە بێت. ئەرکێکی هەیە کە شیاوی پێش بینی کردنە و یەقین و دڵنیایی و ئارامی دێنێتە ناو ژیانی کۆمەڵایەتیەوە. کاتێ گۆڕانکاری لەم چوارچێوەیەدا پێك دێنین، دەتوانین لە خوولی گواستنەوەدا، هەندێ پێشبینی بۆ ئەو دەستە لە خەڵکیش بکەین کە بەرنامەکانیان بە متمانە بە جێگیری و مانەوەی چوارچێوەکە ڕێکخستبوو.

لە بەرامبەر ئەمەدا، میتۆدی دەسوەردانی تاکەکەسی هەر رۆژێکی ژیانی کۆمەڵایەتی لە رۆژی پێشوو نەشیاوتر دەکات بۆ پێش بینی کردن و هاوکات، هەستێکی ئەوتۆ لە خەڵکدا دروست دەبێت کە ژیانی کۆمەڵایەتی بنەمایەکی عەقڵی نییە و نا ئارامە. سوود وەرگرتن لە سەلاحیات بە پێی بارودۆخ، هەر کە بوو بە میتۆدێکی باو و جێگەی پەسند، بەخێرایی گشتیەت وەردەگرێت، چونکە پێویستی ڕێکخستن و دەستکاری دێتە پێش و ناتوانین بڕیارە کورت خایەنە بارودۆخیەکان لە ڕێگای ئامرازی دەزگاییەوە هەموار و دەستکاری بکەین. ئەم رەوتە بەناچار سیستەمەکە ناماقوڵتر لە ڕابردوو دێنێتە پێش چاو و لەناو خەڵکێکی زۆردا دەبێتە هۆی پێك هێنانی ئەم سۆسەیە کە هەندێ دەستی نادیار لە پشت پەردەوە کار دەکەن و ئامادەیان دەکات بۆ پەسندکردنی تیۆری کۆمەلایەتی پیلانگێڕی بە هەموو شوێنەوار و بەرەنجامەکانی وەکو بگرە و بکوتەی مولحدەکان و سەرکێشی و ناکۆکی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و چینایەتی.

بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم تێبینیانە، بە هیچ چەشنێك هێشتا بە گشتی ئەوە قبوڵ نەکراوە کە ئەگەر لە شوێنێك لوا، دەبێ ئەفزەڵیەت بدەین بە پیادەکردنی میتۆدی دەزگایی. پێم وایە خۆبواردن لە قبوڵ کردنی ئەم سیاسەتە روون و ئاشکرایە، هۆکاری جیاوازی هەیە. یەکێکیان



ئەوەیە کە داڕشتنەوەی سەر لەنوێی ((چوارچێوەی حقوقی)) کارێکی درێژخایەنە و بۆ بە ئەنجام گەیاندنی، پێویستمان بەڕادەیەك لە بێ لایەنی و دووربینی هەیە. حکومەتەکان بەردەوام گیرۆدەی کێشەو گرفتن و بە زللەیەك روومەتی خۆیان سوور هەڵدەگەڕێنن و سەڵاحیاتی بارودۆخ لەگەڵ ئەم شێوازی ژیانەدا گونجانێکی تایبەتی هەیە. هەڵبەتە نابێت لەم واقیەتەش غافڵ بین کە ئەوانەی لەسەر کورسی دەسەڵات دانیشتوون لە خودی خۆیدا حەزیان لەم سەڵاحیاتانەیە. بەڵام بێگومان گرنگترین بەڵگە ئەوەیە کە مانا و گرنگی جیاوازی نێوان دوو میتۆدەکە، بەڕاستی دەرك ناکرێت و ڕێگای تێگەیشتن لێی بەڕووی پەیڕەوکارانی ئەفلاتون و هێگل و مارکسدا داخراوە. ئەم جۆرە کەسانە هەرگیز لەوە تێناگەن کە دەبێ پرسیاری کۆنی ((کێ دەبێ فەرمانڕەوایی بکات؟)) جێگەی خۆی بدات بەم پرسیارە واقعیترە کە ((چۆن دەتوانین فەرمانڕەوەکان رام بکەین و پێشی سەرکێشیەکانیان بگرین؟)).

## ٨

ئێستا ئەگەر بێتو ئاوڕێك لە دواوە بدەینەوە و ڕێنماییەکانی مارکس سەبارەت بەبێ توانیی سیاسەت و توانامەندی هێزە مێژووییەکان بێنینە پێش چاوی خۆمان، بەناچار دەبێ ئەوە پەسند بکەین کە تیۆرەکەی بینایەکی بەشکۆیە کە ڕاستەوخۆ لە میتۆدەکەی بۆ کۆمەڵناسی و بیروباوەڕی بە مێژووگەرایی لە ئابووریدا هەڵدەقوڵێت و لەم دۆکترینەوە سەرچاوە دەگرێ کە پەرەسەندنی سیستەمی ئابووری، واتە میتابولیزمی مرۆڤ، دەبێتە هۆی پەرەسەندنە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکەی. مارکس بارودۆخی سەردەمی خۆی دەبینی و لەبەر {هەستی} مرۆڤدۆستی، ناخی پڕ بوو لە توڕەیی و هەستی دەکرد دەبێ دڵی دەردەداری ستەم لێکراوەکان لە ڕێگای پێشگۆییەوە هێور بکرێتەوە و هیوایان پێ بدرێت و تەنانەت دڵنیاش بکرێن کە سەرکەوتن هی ئەوانە. ئەمانە هەموو لە دەوری یەك خڕ بوونەوەو سیستەمێکی فەلسەفی بە هەیبەتی پێك هێنا، هاوتا و تەنانەت بەرزتر لە سیستەمی ئەفلاتون و هێگل کە لەسەر بنەمای گشتگەرایی دامەزرابوو. تاکە هۆکاری ئەمە کە مێژووی فەلسەفە گوێی بە مارکس نەداوە و لە ریزی پڕوپاگەندەچییەکان حسیبی نەکردووە، بۆ ئەوەی دەگەڕێتەوە کە بە ڕێکەوت کۆنەپەرست و دواکەوتوو نەبووە. رەخنەگرێك {پاش بڵاوبوونەوەی سەرمایە} لە هەڵسەنگاندنی ئەم کتێبەدا نووسی{٣٠}: ((لە تێڕوانینی بەرایيدا ... دەگەمە ئەو دەرەنجامە کە نووسەر یەکێکە لە گەورەترین فەیلەسوفە ئایدیالیستەکان بە مانای ئەڵمانی وشەکە، واتە

بە مانای ناپەسەندی وشە 'ئایدیالیست'. بەڵام راستیەکەی ئەوەیە کە لە هەموو پێشینیانی لەڕادەبەدەر واقعبین ترە ...)) بۆچوونی ئەم رەخنەگرە بە تەواوی راست بوو. مارکس دواین کەس بوو کە سیستەمێکی گەورەی لەسەر بنەمای گشتگەرایی دامەزراند. بەڵام دەبێ چاوەدێری ئەوە بین کە کارەکە هەر لێرەدا کۆتایی پێ بێت. نابێ هەوڵ بدەین سیستەمێکی گەورەی دیکە لەجیاتی سیستەمەکەی ئەو دابنێین. ئەوەی پێویستمان پێی هەیە رێبازی گشتگەرایی نییە، بەڵکو ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی لەسەرخۆ یان بەرەبەرەیە.

لێرەدا شیکردنەوە رەخنەییەکەی من لەسەر فەلسەفەی مارکس لە هەمبەر میتۆدی زانستە کۆمەڵایەتییەکان و هەڵسەنگاندنی بیروباوەڕەکەی سەبارەت بە قەدەری هۆیەتی لە ئابووریدا و ئیمانی بە پێشگۆیی کردن لە سەر بنەمای مێژووگەرایی، بە کۆتا دێت. بەڵام هەموو میتۆدێك کاتێ لەمەحەکی تاقیکردنەوەی کۆتایی دەدرێت کە دەرەنجامەکانی بە کردەوە لە بۆتەی تاقیکردنەوەدا دانرابێت. کەواتە، ئێستا هەوڵی توێژینەوەیەکی چڕ دەدەین لەسەر دەرەنجامی سەرەکی میتۆدەکەی- واتە پێشگۆیی دەرکەوتنی بەم نزیکانەی کۆمەڵگای بێ چین.

# پێشگۆیی مارکس

# ١٨ دەرکەوتنی سۆسیالیزم

## ١

ئەو میتۆدەی مارکس بۆ شیکردنەوەی گۆڕانکارییەکانی ئایندەی کۆمەڵگا بەکاری دەهێنێت ئەوەیە کە مێژوو لە ئابووریدا بە بنچینە دادەنێت. بەبڕوای ئەو، هەموو سیستەمێکی کۆمەڵایەتی تایبەت ناچار خۆی وێران بکات، چونکە بەناچار هەندێ هێز پێك دەهێنێ کە ئەم هێزانە قۆناغی دواتر لە مێژوودا دێننە بوونەوە. ئەگەر کەسێك رێك بەر لە شۆڕشی پیشەسازی، بە قوڵی سیستەمی فیۆدالی شیکردبووایەوە، لەوانەبوو سەرکەوتنی بەدەست هێنابا لە کەشف کردنی ئەو هێزانەی کە خەریکی وێران کردن و لەناوبردنی فیۆدالیزم بوون و هەروەها توانیبای گرنگترین تایبەتمەندییەکانی قۆناغی ئاینده، واتە سەرمایەداری، پێش بینی بکات. هەر بەم چەشنە، ئێستاش ئەگەر رەوتی پەرەسەندنی سەرمایەداری شی بکەینەوە، رەنگە پەی بەوە ببەین کە چ هێزگەلێك بۆ لەناوبردنی لە ئارادان و پێش بینی گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەو قۆناغە مێژووییە نوێیە بکەین کە لە پێشمانە. بەڵگەنەویستە کە بە هیچ بەڵگەیەك ناتوانین بڕوا بەوە بێنین کە لەنێو هەموو سیستەمە کۆمەڵایەتییەکاندا، سەرمایەداری هەتا ئەبەد هەر پایەدار دەبێت. بە پێچەوانەوە، هەلومەرجی ماددی بەرهەم هێنان و لە ئاکامدا شێوازی ژیانی مرۆڤ، هەرگیز بەم خێراییە نەگۆڕاوە کە لە قۆناغی سەرمایەداریدا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. هۆی ئەو گۆڕانکارییەی کە سەرمایەداری بەم چەشنە لە بنەمای خۆیدا پێکی دەهێنێت، هیچ چارەیەکی نییە جگە لەوەی خۆیشی ئاڵوگۆڕی بەسەردابێت و قۆناغێکی نوێ لە مێژووی مرۆڤ بخولقێنێت.



بەپێی میتۆدی مارکس کە پێشتر ئاماژەمان بە پرنسیپەکانی کردووە، بۆ دۆزینەوەی ئەو هێزە بنەماییی یان خودییانەی کە سەرمایەداری لەناو دەبەن یان گۆڕانکاری تێدا پێك دێنن[١]، دەبێ بەدوای رەوتی پەرەسەندنی ئامرازە مادییەکانی بەرهەم هێناندا بگەڕێین. هەر کە ئەم هێزە بنەماییانەمان دۆزییەوە، دەرفەتی ئەوە دەڕەخسێت کە بەدوای کاریگەرییەکەیان دابچین لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان چینەکانی و دەرکەوتەکانیان لە سیستەمی دادوەری و سیستەمی سیاسیدا.

مارکس لە کتێبی سەرمایەدا کە گەورەترین بەرهەمی ژیانیەتی، دەست دەکات بە شیکردنەوەی هێزە بنەماییە ئابوورییەکان و مەیلە خۆکوژییەکانی ئەو قۆناغەی کە بە ((سەرمایەداری)) ناوزەدی دەکات. ئەم قۆناغە مێژوو و ئەم سیستەمە لە ئابووری کە مارکس توێژینەوەی لەسەر دەکات، تایبەتە بە ئەورووپای رۆژئاوا بەتایبەتی ئینگلتەرا، لە نزیکەی نیوەی سەدەی هەژدەوە هەتا ساڵی ١٨٦٧ (واتە ساڵی بڵاوبوونەوەی چاپی یەکەمی سەرمایە). مارکس لە دیباچەی کتێبەکەدا دەنووسێ[٢]: ((ئامانجی کۆتایی ئەم بەرهەمە، ئاشکراکردنی یاسای ئابووری جووڵەیە لە کۆمەڵگای نوێ)) لە پێناو پێشگۆیی کردنی چارەنووسەکەی. ئامانجی دووەمی {لاوەکی}[٣] بریتی بوو لە رەدکردنەوەی بانگەشەی بەرگریکار و پاساوچییەکانی سەرمایەداری، واتە ئەو ئابووریزانانەی کە یاسا باڵادەستەکانی سەر شێوازی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری بە چەشنێك دەنوێنن وەك بڵێی یاسای بۆ زاڵبوون نەشیاوی سروشتە و لەگەڵ بێرکدا ڕادەگەیەنن کە: ((یاساکانی بازرگانی هەمان یاساکانی سروشتن و هەربۆیە یاسای یەزدانین)). مارکس ئەم یاسا بۆ زاڵبوون نەشیاوە بانگەشەییە لە بەرامبەر یاساگەلێکدا دادەنێت کە بەبڕوای خۆی، تاکە یاسای بۆ زاڵبوون نەشیاوی کۆمەڵگا، واتە یاسای باڵادەستی بان پەرەسەندنی کۆمەڵایەتییە و هەوڵ دەدات ئەوە پێشان بدات ئەوەی ئابووریزانەکان جاڕی بۆ دەدەن کە یاسایێن نەمر و جێگیر و نەگۆڕن، لەڕاستیدا هیچ نییە جگە لە رێکی و رێسایەکی کاتەکی تێپەڕ کە لەگەڵ خودی سەرمایەداریدا مەحکووم بە لەناوچوونە.

پێشگۆیی مێژوویی مارکس لە قاڵبی کۆمەڵە بەڵگەیەکی بەیەکەوە لکاو و پێکەوە گونجاو خراوەتە ڕوو، تەنیا ئەوەی من بە ((هەنگاوی یەکەم)) ناوزەدم کردووە- واتە شیکردنەوەی هێزە بنەماییە ئابوورییەکان لە سەرمایەداری داو کاریگەری ئەم هێزانە لەسەر پەیوەندیی نێوان چینەکان- بە چڕوپڕی باسکراوە. ((هەنگاوی دووەم)) کە حەتمیەتی شۆڕشی کۆمەڵایەتی لەوەوە

سەرهەڵدەدات و نیازی بەم هەنگاوەیە و ((هەنگاوی سێیەم)) کە پێشگۆیی کردنی دەرکەوتنی کۆمەڵگای بێ چین، واتە کۆمەڵگای سۆسیالیستی لێدەکەوێتەوە زۆر بەکورتی ئاماژەی بۆ کراوە. لەم بەشەدا، سەرەتا سێ هەنگاوەکەی بەڵگەخوازی مارکس بە چەشنێکی روونتر قاڵا دەکەین و پاشان بە دوورودرێژی توێژینەوە لە سەر هەنگاوی سێیەم دەکەین. هەنگاوی دووەم و یەکەم لە دوو بەشی ئایندەدا تاوتوێ دەکرێت. ئاوەژووکردنەوەی ریزبەندی هەنگاوەکان بەم شێوەیە، لە هەموو میتۆدێکی دیکە باشترە بۆ باسێکی درێژ و رەخنەگرانە. باشیەکەی لەوەدایە کە لە رێگای ئەم ریزبەندەوە، ئاسانتر و بێ حوکمی پێش وەختە دەتوانین راستی پێشەکیەکان (مقدمات) لە هەموو هەنگاوەکانی بەڵگەخوازیدا وەکو بەڵگەنەویست سەیر بکەین و تەنیا سەرنج لەوە بدەین کە ئایا دەرەنجامەکە لە هەر هەنگاوەکانی تایبەتی پێشەکیەکان دەکەوێتەوە یان نا. سێ هەنگاوی ناوبراو بەم چەشنەی لای خوارەوەیە. لە **یەکەمین هەنگاوی** بەڵگەخوازیدا، مارکس شێوازی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری شی دەکاتەوە و سەیر دەکات مەیلێك بە ئاڕاستەی **زیادکردنی بەرهەمداری** لە ئارادایە کە هەم پەیوەستە بە پێشکەوتنە تەکنیکیەکان و هەم ئەوەی خۆی بە کەڵەکە بوونی[1] ئامرازەکانی بەرهەم هێنان ناوی دەبات. بەڵگەخوازییەکە لێرەوە دەست پێدەکات و مارکس دەگەیەنێتە ئەو ئەنجامە کە لە سنووری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان چینەکان، ئەو مەیلەی ئاماژەی بۆ کرا بە ناچار دەبێ زیادبوونی هەرچی زیاتری سامانی لێبکەوێتەوە لە دەستی ژمارەیەکی هەرچی کەمتردا، یاخود بەجۆرێکی تر، ئەم دەرەنجامە بە دەست دێت کە دەبێ مەیلێك بە ئاڕاستەی **زۆربوونی سامان و زیادبوونی هەژاری** بوونی هەبێت، واتە زۆربوونی سامانی چینی دەسەڵاتدار یان بۆرژوازی و زیادبوونی هەژاری چینی ژێر دەست یان کرێکارەکان. ئەم هەنگاوە لە بەشی بیستەمدا توێژینەوەی لەسەر دەکرێت.

لە **دووەمین هەنگاوی** بەڵگەخوازیدا، ئەو دەرەنجامە بە بەڵگەنەویست لە قەڵەم دەدرێت کە لە هەنگاوی یەکەمەوە بەدەست هاتووە و لەسەر بنەمای ئەمە، دوو دەرەنجامگیری ئەنجام دەدرێت: یەکەم هەموو چینەکان، جگە لە بۆرژوازییەکی بچووکی دەسەڵاتدار و چینێکی گەورە و چەوساوەی کرێکاران، بەناچاری لەناودەچن یان هیچ مسداقیەت و گرنگیەکیان نامێنێ،

1. Accumulation



دووەم کێشمەکێش و گرژی رۆژ لەگەڵ رۆژ روو لە زیادی نێوان ئەم دوو چینە بەناچار شۆڕشی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە. ئەم هەنگاوە لە بەشی نۆزدەهەمدا شی دەکرێتەوە.

لە **سێیەمین هەنگاوی** بەڵگەخوازیدا. ئەو دەرەنجامەی لە هەنگاوی دووەم بەدەست هاتووە وەکو بەڵگەنەویستێك لە قەڵەم دەدرێت و ئەم دەرەنجامە کۆتاییەی لێ بەدەست دێت کە پاش سەرکەوتنی کرێکاران بەسەر بۆرژوازیدا، کۆمەڵگایەك دێتە ئاراوە کە تەنیا لە یەك چین پێك دێت، هەر بۆیە، کۆمەڵگایەکی بێ چین و بێ بەهرەکێشی دەبێت. ئەوە هەمان **سۆسیالیزمە**.

## ٢

ئێستا هەوڵ دەدەین **توێژینەوە لەسەر هەنگاوی سێیەم**، واتە پێشگۆیی کۆتایی دەرکەوتنی سۆسیالیزم بکەین.

بنەماو پێشەکیە سەرەکییەکانی ئەم هەنگاوە کە لە بەشی داهاتوودا دەخرێتە بەر رەخنە و هەڵسەنگاندن و ئێستا وەك بەڵگە نەویستێك سەیری دەکرێن بەم جۆرەیە: پەرەسەندنی سەرمایەداری بۆتە هۆی لەناوبردنی هەموو چینەکان جگە لە دوو چین کە بریتین لە بۆرژوازییەکی بچووك و پرۆلیتاریایەکی مەزن. لەلایەکی ترەوە، زیادبوونی هەژاری، پرۆلیتاریای ناچارکردووە بۆ ڕاپەڕین دژی بۆروژوازی. لێرەدا دەگەین بە دوو دەرەنجام: یەکەم، کرێکاران حەتمەن لەم ململانێیەدا سەرکەوتن بەدەست دێنن و دووەم، بە لەناوبردنی بۆرژوازی، کۆمەڵگایەکی بێ چین دادەمەزرێنن، چونکە تەنیا تاکە چینێك {لە پانتاییەکەدا} ماوەتەوە.

ئامادەم ئەوە قبوڵ بکەم کە دەرەنجامی یەکەم لە پێشەکیە ئاماژە بۆ کراوەکانەوە (لەگەڵ چەند پێشەکیەکی کەم بایەخ کە پێویستییان بە رەخنە لێگرتن نییە) کەوتۆتەوە. بۆرژواکان نەك هەر ژمارەیان کەمە، بەڵکو مانەوەی جەستەیی و ماددیشیان، واتە ((میتابولیزمەکەشیان)) پەیوەستە بە پرۆلیتاریاوە. چەوسێنەر یان مشەخۆر، بەبێ چەوساوەکان دەکەوێتە برسێتیەوە و بە هەرحاڵ ئەگەر بێتو چەوسێنراوەکان لەناو ببات، ئەوا کۆتایی بە بوونی مشەخۆرانەی خۆی دێنێت. کەواتە ناتوانێ سەرکەوتن بەدەست بێنێ. باشترین کار کە لەدەستی بێت ئەوەیە ململانێیەکە درێژ بکاتەوە. بەڵام کرێکار بۆ مانەوەی ماددی خۆی، پەیوەست نییە بە چەوسێنەرەوە و هەر کە دەست بە ڕاپەڕین بکات و لە چرکەساتێکدا کە بڕیاری وەستانەوە بدات لە بەرامبەر سیستەمی هەنووکەیی، لەوە بەدوا ئیدی چەوسێنەر قازانج لە هیچ

سوودێکی کۆمەڵایەتی زەرووری وەرناگرێت. کرێکار دەتوانێت بێ ئەوەی بوونی خۆی بخاتە مەترسییەوە، دوژمنی چینەکەی خۆی لەناو ببات. کەواتە تەنیا دەرفەتی یەك دەرەنجام هەیە. بۆرژوازی لەناو دەچێت.

بەڵام ئایا دەرەنجامی دووەمیش پێویستە؟ ئایا راستە دەبێ سەرکەوتنی کرێکاران کۆمەڵگایەکی بێ چینی لێ بکەوێتەوە. لەم راستیەوە کە لە نێوان دوو چیندا تەنیا یەکێکیان ماوەتەوە. ئەم دەرەنجامە بە دەست نایەت کە کۆمەڵگایەکی بێ چین دێتە ئاراوە. **چینەکان** وەك **تاکەکان نین**، تەنانەت ئەگەر ئەوەش قبوڵ بکەین کە تاکاتێ دوو چین بوونی هەبێت و درێژە بە ململانێ بدەن، کەم تا کورتی رەفتاریان وەکو رەفتاری تاکەکان دەبێت. بەپێی شیکردنەوەی مارکس خۆی، یەکیەتی و یەکگرتوویی هەموو چینێك، بەشێکە لە ئاگایی چینایەتی ئەندامەکانی{٤} و ئەم ئاگاییە بەگشتی بەرهەمی ململانێی چینایەتییە. هیچ بەڵگەیەك لە ئارادا نییە بۆ ئەوەی تاکەکانی پرۆلیتاریا پاش کۆتایی هاتنی ئەو فشارەی کە لە ململانێی لەگەڵ دوژمنی هاوبەشدا سەرچاوەی دەگرت، بەردەوام پارێزگاری لە یەکێتی چینایەتی بکەن. هەر چەشنە دژایەتیەك کە هەتا ئێستا لە حاڵەتی شاراوەیی‌دا بوونی هەبووە، رەنگە پرۆلیتاریا بەسەر چینی نوێدا دابەش بکات کە پێشتر یەکگرتوو بووە و بگۆڕێ بۆ ململانێیەکی چینایەتی نوێ. (پرنسیپی دیالێکتیك دەلالەت لەوە دەکات کە بەخێرایی ئەنتی تێزێکی نوێ و بەرمبەرێتی و ناکۆکییەکی تازە حەتمەن سەرهەڵدەدات. بەڵام هەڵبەتە دیالێکتیك بەرادەیەك لێڵ و بۆکشان شیاوە کە دەتوانێ هەموو شتێك و هەر لەوێشەوە، کۆمەڵگای بێ چینیش وەك سێنتێزێك روون بکاتەوە کە بوونەکەی لە رووی دیالێکتیکەوە لە ئاڵوگۆڕێکی بەرامبەرێتیدا پێویستە{٥}).

هەڵبەتە شیمانەترین ئاڵوگۆڕ ئەوەیە کە ئەو کەسانەی لە چرکەساتی سەرکەوتن، بەڕاستی دەسەڵاتیان لەدەستدا بووە- واتە ئەو تاقمە لە رێبەرە شۆڕشگێڕ و دەستوپێوەندەکانیان کە لە بگرەو بەردەی ململانێ لەسەر دەسەڵات و پاکتاوکردنی جۆراو جۆر، گیانیان دەربازکردووە- <u>**چینێکی نوێ، چینێکی نوێی باڵادەست بەسەر کۆمەڵگایەکی نوێ**</u>، پێك بێنن و حکومەتێکی ئەرستۆکراتی یان بیرۆکراتی تازە بێننە ئاراوە{٦} و لەمەش شیمانەتر ئەوەیە کە گەرەکیان بێت ئەم واقعیەتە حەشار بدەن. بۆ وەدەست هێنان و گەیشتن بەم مەبەستە، ئاسانترین رێگە ئەوەیە هەرچی زۆرتر بۆ پاراستنی ئایدۆلۆژی شۆڕشگێڕی تێبکۆشن و ( بە پەیڕەوی کردن لە پەندەکەی



پاریتو بۆ هەموو دەسەڵاتدارەکان) لەجیاتی ئەوە کە کاتی خۆیان بە لەناوبردنی هەستو سۆزەکان بەفیڕۆ بدەن، سوود لە هەستو سۆزەکان وەربگرن. هەروەها ئەگەری ئەوە هەیە ئەگەر بەستێنی ترس لە رەوتە دژە شۆڕشگێڕییەکان بەرین بکەن، بتوانن زۆرترین سوود لە ئایدۆلۆژیای شۆڕشگێڕی وەربگرن. بەم چەشنە، ئایدۆلۆژیای شۆڕشگێڕی بۆ بەرگریکاری و پاساو هێنانەوە، لە خزمەتیاندا دەبێت: هەم بۆ پاساو هێنانەوە لەو سوودەی کە لە دەسەڵاتەکەیان وەریدەگرن و هەم بۆ سەقامگیرکردنی ئەم دەسەڵاتە و بەکورتی وەکو ((تریاکێکی نوێ بۆ خەڵك)).

لەسەر بنەمای ئەو پێشەکیانەی کە مارکس خۆی وەك بەڵگەنەویست سەیری کردوون، ئەگەری ئەم جۆرە پێشهاتانە بە تەواوی لە ئارادایە. هەڵبەتە ئەو کارەی من لێرەدا لە پێشمە، هەوڵدان نییە بۆ پێشگۆیی مێژوویی (یان راڤەو شرۆڤەکردنی مێژووی رابردووی شۆڕشەکان). تەنیا دەمەوێ ئەوە پێشان بدەم کە ئەو دەرەنجامەی مارکس گەرەکیەتی بەدەستی بهێنێ- واتە پێشگۆیی کردنی دەرکەوتنی کۆمەڵگایەکی بێچین- لەم پێشەکیانەوە سەرهەڵنادات کە لەسەریەك هەڵچنراوە. هەنگاوی سێیەمی بەڵگەخوازییەکەی بەرەنجام و هۆی دەرەنجامەکە نییە.

قسەی من تەنیا ئەوەندەیە و بەتایبەتی ناڵێم کەسێك دەتوانێت پێشگۆیی ئەوە بکات کە سۆسیالیزم دەرناکەوێت یان بڵێت دەرکەوتنی سۆسیالیزم لەسەر بنەمای ئەم پێشەکیانە زۆر دوورە. بۆ نموونە، لەوانەیە تەقەلاو ناکۆکی دوور و درێژ و شادی سەرکەوتن، هەستی یەکگرتوویی بەردەوام بپارێزێت، تا ئەو کاتە کە هیچ یاسایەك بۆ ئاستەنگ خستنە بەردەم بەهرەکێشی و کەڵکی خراپ وەرگرتن لە دەسەڵات دانەڕێژراوە. (هەڵبەتە بێ وەبەرچاوگرتنی ئەوە کە سەقامگیرکردنی هەندێ دەزگا و کۆنترۆڵ کردنی حوکمڕانەکان بەشێوازی دیموکراتیك، تاکە رێگای وەلانانی بەهرەکێشیە). بەبڕوای من، ئەگەری دامەزرانی کۆمەڵگایەکی ئەوتۆ، لە زۆر لایەنەوە پەیوەستە بەوەی کە کرێکاران لەجیاتی گرنگیدان بە بەرژەوەندی هەنووکەیی چینی خۆیان، وەدیهێنانی هزری سۆسیالیزم و ئازادی بکەنە روانگەی هیمەتی خۆیان. ناتوانین ئەم بوارانە بە ئاسانی پێش بینی بکەین، تاکە شتێك کە بەلێبڕان و یەقینەوە دەتوانین بیڵێین ئەوەیە کە ململانێی چینایەتی لە خودی خۆیدا هەمیشە لە نێو ستەم لێکراوەکاندا یەکێتی و یەکگرتوویی پێك ناهێنێ. هەڵبەتە هەندێ نموونە بۆ ئەم جۆرە یەکگرتوویی و لەخۆبردووییە لە

ڕێگەی ئایدیایی هاوبەشدا بوونی هەیە، بەڵام هەندێ نموونەی تریش لە ئارادایە کە دەریدەخات گروپە کرێکارییەکان تەنانەت ئەو کاتەش کە بەرژەوەندی گروپەکەیان لەگەڵ بەرژەوەندی کرێکارەکانی تر و لەگەڵ بیرۆکەی یەکێتی زوڵم لێکراوەکان بە ئاشکرا دژایەتی هەیە، دیسان بە دوای بەرژەوەندی تایبەتی گروپی خۆیان دەکەون. پێویست ناکات بەهرەکێشی بە لەناوچوونی بۆرژوازی لەناو بچێت، چونکە بەباشی دەرفەتی ئەوە هەیە کە هەندێ گروپی کرێکاران دەستیان بە کۆمەڵە ئیمتیازاتێك رابگات کە وەدەست هێنانیان یەکسان بێت بە بەهرەکێشی لەو گروپانە کە هێندە بەختیار نین[۷].

کەواتە بۆمان دەردەکەوێ لەوانەیە گەلێ ئاڵوگۆڕ لەسەرکەوتنی شۆڕشی پرۆلیتاریاوە دەست بکەوێت: بەڵگەنەویستە کە ژمارەی دەرفەتەکان زۆر لەوە زیاترە کە بتوانرێت سوود لە میتۆدی پێشگۆیی مێژوویی وەربگیرێت و بەتایبەتی دەبێ جەخت لەسەر ئەم خاڵە بکەین زۆر نازانستیە ئەگەر بمانەوێ هەندێ لە دەرفەتەکان نادیدە بگرین چونکە بە دڵی ئێمە نییە. بەڕواڵەت هێور بوونەوەی ئارەزوو {واتە دانانی ئارەزوو لە جیاتی واقعیەت}[۲] شتێکە ناتوانین خۆمانی لێ ببوێرین. بەڵام بەهەر حاڵ نابێ لەگەڵ بیرکردنەوەی زانستی بە هەڵە تێکەڵاوی بکەین. هەروەها دەبێ سەرنج لەوە بدەین ئەم پێشگۆییەی ئاماژەمان بۆ کرد و بانگەشەی زانستی بوون دەکات، بۆ بەشێکی زۆر لە خەڵك جۆرە خودزینەوەیەکە و ڕێگایەك دروست دەکات بۆ خۆدزینەوە لە بەرپرسایەتییەکانی ئێستا لە پێناو بەهەشتی ئایندەدا. ئەم چەشنە پێشگۆییە بۆ ئەوەی ئەم بەهەشتەی بە شێوازێکی شایستە تەواو کردبێت، لە جەخت کردن لەسەر بێ توانایی و داماوی تاك لە بەرامبەر هێزە ئابوورییە زاڵ و ئەهریمەنییە ئێستاییەکاندا، ڕێگای موبالەغە و زێدەڕۆیی دەکرێتەبەر.

## ٣

ئێستا ئەگەر تۆزێك بە وردی سەیری ئەم هێزانە و سیستەمی ئابووری هەنووکەی خۆمان بکەین، ڕاستی ئەو ڕەخنەیەمان بە ئەزموون بۆ دەردەکەوێ کە ئاراستەی ڕەهەندە تیۆرییەکەیمان کرد. بەڵام وێڕای ئەمە دەبێ وشیار بین و لە ژێر تیشکی ئەم پێش داوەرییەی مارکسیستەکان بە هەڵە ڕاڤەی ئەزموون نەکەین کە بانگەشە دەکەن ((سۆسیالیزم)) یان ((کۆمۆنیزم)) تاکە تای بەرامبەری ((سەرمایەداری)) و تاکە ئاڵتێرناتیڤییەتی. نەمارکس

2. wishful thinking



هەرگیز ئەوەی سەلماندووە و نە هیچ کەسێکی تر کە سۆسیالیزم بە مانای کۆمەڵگای بێ چین و بە واتای ((جۆرە هاوگروپییەك کە تێیدا گەشە و بەرزبوونەوەی ئازادانەی هەر کەسێك جەوازێك بێ بۆ گەشەو بەرزبوونەوەی ئازادانەی هەمووان))[۸] تاکە تای ممکینە لە بەرامبەر بەهرەکێشی بێ بەزەییانەی سیستەمی ئابووری ((سەرمایەداری))دا- ئەو سیستەمەی مارکس {زیاتر لە سەدەیەك لەمەوبەر (لەساڵی ١٨٤٥) هەستا بە وەسف کردنی و ناوی ((سەرمایەداری)) لەسەر دانا[۹]. هەرکەسێك بیەوێت بیسەلمێنێ کە سۆسیالیزم تاکە ئالتێرناتیڤی ((سەرمایەداری هەوسارپچڕاو))ی مارکسە، دەتوانین بە ئاسانی بانگەشەکەی بە ئاماژەکردن بۆ واقعیاتی مێژوویی پووچەڵ بکەینەوە. ((ئازادکردن)) {یان ((ئازادی کردەوە))}[۳] لەسەر لاپەڕەی زەوی ڕەش بۆتەوە بەڵام سیستەمی سۆسیالیستی یان کۆمۆنیستی بە مانا مارکسیەی جێگەی نەگرتۆتەوە. تەنیا لە شەش یەکی زەوی، واتە لە ڕوسیە[٤]، سیستەمێکی ئابووریمان دەست دەکەوێ کە هاوجووت لەگەڵ پێشگۆیی مارکس، ئامرازەکانی بەرهەم هێنان تێیدا سەر بە دەوڵەتە، بەڵام دەسەڵاتی سیاسی، بە پێچەوانەی پێشگۆییەکەی، هیچ مەیلێکی نییە بەرەو سیس بوون و کەوتن لە سەرانسەری جیهاندا، دەسەڵاتی سیاسی ڕێکخراو کەوتۆتە سەر ڕێگایەك کە کاری ئابووری بە بەستێن و بەرفراوان ئەنجام دەدات. قۆناغی مێژوویی نوێی **دەسوەردانگەرایی** سیاسی و دەستکاری و دەستێوەردانی ئابووری دەوڵەت، جێگەی **سەرمایەداری هەوسارپچڕاوی** گرتۆتەوە. دەستوەردانگەرایی شێوازی جیاجیای وەرگرتووە. یەکیان جۆرە ڕوسیەکەیەتی، ئەویتریان شێوەی فاشیستی تۆتالیتاریزمە، و پاشان دەسوەردانگەرایی بەشێوازی دیموکراتیانە لە ئینگلتەرا و وڵاتە یەکگرتووەکان و ((دیموکراسیە بچووکەکان)) و لە سەرووی هەموویانەوە سویدە[١٠] کە تەکنەلۆژیای دەستێوەردانی دیموکاتیك تێیدا گەیشتۆتە بەرزترین ڕادەی خۆی. ئەو گۆڕانکارییەی ئەم جۆرە دەستێوەردانەی لێ کەوتەوە، لە سەردەمی مارکسدا لە یاساکانی چاوەدێری سەر کارخانەکانی ئینگلتەرا دەستی پێکرد و بە سنووردار بوونی کاتژمێری کار بۆ ٤٨ کاتژمێر لە هەفتەدا و پاشان بە دروست کردنی بیمەی بێکاری و جۆرەکانی دیکەی بیمەی کۆمەڵایەتی، دەستی بە یەکەمین سەرکەوتنە بێ ئەملاو ئەولاکان ڕاگەیشت. تەنیا ئەوەندە بەسە بەرنامە دە بەندییەکەی مارکس بۆ شۆڕشی

3. laissez- fair

٤. هەڵبەتە ئەم بابەتە پەیوەندی بەپێش لە سەرهەڵدانی ڕژێمە کۆمۆنیستەکانی چین و ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ناوچەکانی ترەوە هەیە.

کۆمۆنیستی لەگەڵ سیستەمی ئابووری دیموکراسییەکانی ئێستا بەراورد بکەین بۆ ئەوەی لە تێڕوانینی یەکەمەوە بۆمان دەرکەوێ کە بە یەکسان سەیرکردنی ئەم سیستەمە لەگەڵ ئەو سیستەمەی ئەو بە ((سەرمایەداری)) ناوزەدی دەکات، چەندە پووچ و بێ مانایە. ئەگەر هەندێ لە بەندە کەم بایەخترەکان لەم بەرنامەیە بەلاوە بنێین (بۆ نموونە((٤ دەست بەسەراگرتنی دارایی راپەڕیو و یاخیەکان و هەموو ئەوانەی نیشتمانیان بەجێ هێشتووە). بۆمان دەردەکەوێ کە زۆربەی بەندەکانی بەرنامەکە لە وڵاتە دیموکراتیکەکان بەتەواوی یان بەشێوەیەکی گشتی جێبەجێ کراون و گەلێ هەنگاوی گرنگی تریش بە ئاڕاستەی دڵنیایی کۆمەڵایەتی هاوێژراوە کە هەرگیز بە بیری مارکسدا نەهاتبوو. هەر ئەوەندە بەسە ئاماژە بەم بەندانەی خوارەوە بکەین: ٢- دانانی باج لەسەر داهاتی گرانی روو لە زیاد (بە تەواوی جێبەجی کراوە). ٣- هەڵوەشاندنەوەی تەواوی مافی میرات. (تاڕادەیەکی زۆر لە رێگای باج دانان لەسەر میرات جێبەجێ کراوە. بەڵام ئایا لەمەش زیاتر خوازراوتر بێت جێگەی گومانە). ٦- چاوەدێری ناوەندیی دەوڵەت لەسەر ئامرازەکانی پەیوەندی و گواستنەوەو گەیاندن. (بەر لە جەنگی جیهانی ١٩١٤، لە ئەوروپای ناوەندی بە ئاڕاستەی سەربازیدا جێبەجێ کرا، بەڵام دەرەنجامی بە سوودی لێ نەکەوتەوە. لە زۆربەی ((دیموکراسییە بچووکترەکان))دا جێبەجێ کراوە. ٧- زیادکردنی ژمارە و بەرفراوانی کارخانە دەوڵەتیەکان و ئامرازی بەرهەم هێنانی سەر بە دەوڵەت ... (لە ((دیموکراسیە بچووکترەکان))دا جێبەجێ کراوە. ئەوە کە ئەم کارە هەمیشە بە سوودە، جێگە گومانە). ١٠- خوێندنی بە خۆڕایی بۆ هەموو منداڵەکان لە قوتابخانە دەوڵەتیەکاندا و قەدەغەکردنی کاری منداڵان لە کارخانەکاندا بە شێوەیەکی کردەیی[٥] ... (خواستی یەکەم لە ((دیموکراسییە بچووکترەکان)) و تاڕادەیەك لە هەموو جێگەیەکدا جێبەجێ کراوە. جێبەجێ کردنی خواستی دووەم تەنانەت لەڕادەی خواستیش تێپەڕیوە).

چەند بەندێکی بەرنامەکەی مارکس (بۆ نموونە ((١- هەڵوەشاندنەوەی هەموو چەشنە خاوەندارێتیەکی زەوی)) ) لەو وڵاتانەدا کە دیموکراسی تێیدا باڵادەستە بەدی نەهاتووە[١١]. لەم روویەوە، مارکسیستەکان بە هەق بانگەشە دەکەن کە لەم جۆرە وڵاتانەدا ((سۆسیالیزم)) سەقامگیر نەبووە. بەڵام ئەگەر گەرەکیان بێت لەم پێشەکییە بگەنە ئەو دەرەنجامە کە لەم وڵاتانەدا هێشتا ((سەرمایەداری)) بە مانا مارکسیەکەی فەرمانڕەوایە، بەم دەرەنجامگیرییە

٥. واتە بەو شێوەیەی کە لە سەردەمی مارکسدا لە ئارادابوو.



تەنیا خەسڵەتی دۆگم و بت پەرستی پێش گریمانەی خۆیان دەسەڵمێنن کە دەڵێ تایەکی تر نییە {لە بەرامبەر سەرمایەداریدا} و دەریدەخەن چۆن رەنگە کەسێك لە ژێر کاریگەری هزر دەمارگرژانە و خەمساردی بەرامبەر بە بینراوەکان، هێزی بینایی لە دەست بدات. مارکسیزم نەك هەر رێنوێنێکی خراپە بۆ ئایندە، بەڵکو پەیڕەوکارەکانی خۆی بێ توانا دەکات لەمەی لە پێش چاوی خۆیان، لە قۆناغی خۆیان و هەندێ جار بە هاوکاری خۆیان روودەدات.

## ٤

رەنگە ئەم پرسیارەمان ئاڕاستە بکرێ ئایا ئەو رەخنانەی گرتمان، لە خودی خۆیدا میتۆدی پێشگۆیی مێژوویی بە پێوەری بەرفراوان رەد دەکاتەوە؟ ئایا ناتوانین لە بنچینەدا پێشەکی بەڵگەخوازی پێشگۆکارەکان بە چەشنێك بەهێز بکەین کە دەرەنجامێکی راستمان لێی دەست بکەوێت؟ هەڵبەتە دەتوانین. هەمیشە ئەم دەرفەتە لە ئارادایە کە ئەگەر بەڕادەی پێویست پێشەکیەکان بەهێز بکەین، ئەوا هەر دەرەنجامێك بەدەست بێنین کە دڵمان دەیەوێت. بەڵام تاڕادەیەك لەمەڕ هەموو پێشگۆییەکی مێژوویی بە پێوەری بەرفراوان، بارودۆخەکە بە جۆرێکە کە پێویستە سەبارەت بە فاکتەری مەعنەوی و ئەخلاقی- واتە فاکتەری مارکس گوتەنی ((ئایدۆلۆژیك))[٦] بڕوا بە هەندێ گریمانە بێنین کە گۆڕین و راڤەیان بۆ فاکتەری ئابووری، لە

٦. سەرنجی خوێنەران بۆ ئەوە رادەکێشین کە چەمکی "ئایدۆلۆژیا" لای مارکس و ئینگڵس بەتەواوی جیاوازە لەو واتایەی کە ئێستا لەژێر کاریگەری جێنشینەکانی (بەتایبەتی لینین)دا گەڵاڵە بووە. مارکس و ئینگلس گەرەکیان بوو دەریبخەن کە فۆرمە "پێچەوانە" یان "ئاوەژوو"ەکانی ئاگایی حەتمەن پەیوەندییان بە هەلومەرجی ماددی ژیانەوە هەیە و ئەوەی دژایەتییە کۆمەڵایەتییەکان پەنهان دەکات هەر ئەم پەیوەندییە یان "ئایدۆلۆژیا" یەیە. لەبەرئەوەی مرۆڤەکان ناتوانن بەکردەوە دژایەتیە کۆمەڵایەتییەکان لەناو ببەن، هەربۆیە پەنا بۆ چارەی زەینی یان "ئایدیۆلۆژیك" دەبەن. دژایەتییەکان لە چوارچێوەی "ئایدیۆلۆژییەکان"دا دادەرێژن و لەم رێگەیەوە خەسڵەتە راستەقینەکان پەنهان دەکەن. ئەم کارە هەمیشە بەسوودی چینی دەسەڵاتدار تەواو دەبێت. کەواتە، دەبێ بەراستی ئایدیۆلۆژیا وەك "ئاگایی درۆین" سەبارەت بە هەلومەرجە باڵادەستەکانی سەرکۆمەڵگا لێك بدەینەوە. چەمکی ئێستا "ئایدیۆلۆژیا" کە ئەم جۆرە دەلالەتە نیگەتیڤ و ریسوایانەی لەدەستداوە، سەرچاوەکەی بۆ پەیڕەوانی مارکس و بەتایبەتی لینین دەگەڕێتەوە. لینین بەهۆی نەبوونی زانیاری لەسەر هەندێ نووسینی مارکس (بەتایبەتی ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی) کە ئەم چەمکە لەوێدا بەقووڵتری شیکراوەتەوە، گشتییەتی بە وێنای ئایدیۆلۆژیا بەخشی و جیاوازی لەنێوان ئایدیۆلۆژیای بۆرژوازی (بەمانای

توانای ئێمەدا نییە. مارکس خۆیشی {ئەگەر مابووایە} خێرا دانی بەو دادەنا کە ئەم میتۆدە زۆر نازانستیە. میتۆدەکەی بۆ پێشگۆیی بە تەواوی پەیوەستە بەم گریمانەیەوە کە پێویست ناکات کاریگەرییە ئایدۆلۆژیکەکان وەکو توخمی سەربەخۆ و بۆ پێش بینی نەشیاو لە قەڵەم بدرێن، بەڵکو دەبێ بە شیاوی گۆڕین و پەیوەستی هەلومەرجی ئابووری بینراو لێك بدرێنەوە و هەر بۆیە بە شیاوی پێش بینی لە قەڵەمی بدەین.

هەندێ لە مارکسیستەکان کە وازیان لە نەریتخوازی هێناوە، دان بەوە دادەنێن کە دەرکەوتنی سۆسیالیزم تەنیا پەیوەستە نییە بە پەرەسەندنی مێژوویی و لەبەر ئەوەی مارکس تەنیا بەشێوەیەکی داخراو وتوویەتی ((دەتوانین ئازاری زان)) بۆ لە دایك بوونی سۆسیالیزم ((کورتتر و سوکتر بکەین))، رەنگە وتەکەی بەم مانایە لێك بدەینەوە کە هەروەك چۆن بە وەرگرتنی سیاسەتی ناڕاست و دروست دەتوانین کاتی پەرەسەندن کورتتر بکەینەوە و بیگەیەنینە لانی کەم، بە سیاسەتی ناڕاست و چەوتیش لەوانەیە دەرکەوتنی سۆسیالیزم تەنانەت بۆ چندین سەدە دوا بخەین. بەم شرۆڤەیە، تەنانەت هەلێ دانپیانان بەم شتە بۆ مارکسیستەکانیش دەڕەخسێت کە ئایا کۆمەڵگای سۆسیالیستی لە ئاکامی شۆڕشەوە دێتە ئاراوە یان نا، بەشێوەیەکی گشتی پەیوەستە بە خۆمانەوە- واتە پەیوەستە بە ئامانج و راستگۆیی و دڵسۆزی و لە خۆبردوویی و هۆشی ئێمە، یا خود بە جۆرێکی تر، پەیوەستە بە فاکتەری مەعنەوی و هەر بۆیە، لەوانەیە یارمەتی سەرهەڵدانی سۆسیالیزم بکات. بەپێی بانگەشەی ئەوان، ئەوەی مارکس بەڕاستی دەیەویست بیسەلمێنێ ئەوە بوو کە لە دوو دەرفەت زیاتر بوونی نییە: یا ئەم دونیا تۆقێنەرە کە دەبێ بۆ هەتا هەتایە درێژەی هەبێت، یان دەبێ دواجار جیهانێکی باشتر بێتە ئاراوە. دەرفەتی یەکەم هەر لە بنەڕەتدا نرخی نییە تا کەسێك بیەوێ کاتێ خۆی بە بیرکردنەوەی جدی لەم بابەتە

جێگەی مەبەستی مارکس و ئینگلس)و ئایدیۆلۆژیای پرۆلیتاریا دەنا. لە روانگەی ئەوەوە، ئایدیۆلۆژیا بەواتای ئاگایی سیاسی هەرکام لەچینە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بە بەرژەوەندی چینەکانەوە هەیە. مارکسیستەکانی دواتری وەك لۆکاش و گرامشی کەم تازۆر ئەم لێکدانەوەیان هەڵبژارد. بەڵام ئێستا مشتومڕ لەنێوان مارکسیستەکان لەئارادایە کام یەك لەم دوو راڤەیە راستە. کەواتە ئێستا دوو تێگەیشتنی جیاواز بۆ ئایدیۆلۆژیا لەمارکسیزمدا بوونی هەیە. یەکیان مەفهوومی مارکس و ئینگلس و ئەویتریان بۆچوونی هەندێ لە پەیرەوکارەکانیان، بەڵام هەڵبەتە لێرەدا مەبەست هەمان مەفهوومی سەرەکی و یەکەمینی مارکسە. (بەکورتی هەمان کتێبی Bottomore، ل٢١٩ـ ل٢٢٣) وەرگیراوە.



بەفیڕۆبدات. کەواتە، پێشگۆییەکەی مارکس بە تەواوی پاساو هەڵگرە. هەرچەندە مرۆڤەکان روون و ئاشکراتر پەی بەوە ببەن کە دەتوانن دەستیان بە دەرفەتی دووەم رابگات، بە هەنگاوی پتەوترەوە بڕیاری بازدان لەسەر مایەداریەوە بەرەو سۆسیالیزم دەدەن. بەڵام ناتوانرێت پێشگۆیی لەمە ننبڕترو بێ ئەملاو ئەولاتر بکرێت.

لەم بەڵگەخوازیەدا، دان بە کاریگەری فاکتەری {راستەخۆ} و بۆ راڤە نەشیاوی مەعنەوی و ئایدۆلۆژیك لە رەوتی مێژوو و جێگەی متمانە نەبوونی میتۆدی مارکس نراوە. لە هەمبەر ئەم بەشە لە بەڵگاندن کە مەبەست لێی، بەرگری کردنە لە مارکسیزم، سەر لەنوێ دەبێ ئەوە دووپات بکەمەوە کە هیچ کەسێك هەرگیز ئەوە نەسەلماندووە کە تەنیا دوو تا بوونی هەیە: ((سەرمایەداری)) یان ((سۆسیالیزم)). من بە تەواوی کۆکم لەگەڵ ئەوەدا کە بیرکردنەوە لەمەڕ درێژەی هەتا هەتایی دونیایەکی نادڵگیر، نرخی کات بە فیڕۆدانی نییە. بەڵام پێویست ناکات تایەکەی تری، بیرکردنەوە بێت لەمەڕ دەرکەوتنی پێشگۆیی کراوی جیهانێکی باشتر یان یارمەتی کردن بۆ لەدایك بوونی لە رێگای پڕوپاگەندە و ئامرازە ناعەقڵانیەکانی دیکە و تەنانەت توندوتیژیشەوە. تایەکەی تریان دەکرێ، بۆ نموونە، چێ بوونی جۆرە تەکنەلۆژیایەك بێت بۆ باشکردنی خێرای ئەو جیهانی تێیدا دەژین یان هاتنە ئارای میتۆدێك بێت بۆ ئەندازیاریی لە سەرەخۆ و دەستێوەردانی دیموکراتیك[١٢]. هەڵبەتە مارکسیستەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەم جۆرە دەستێوەردانە محاڵە، چونکە ناتوانرێت بەپێی بەرنامەی عەقڵانی چاکسازی لە دویندا پێك بهێنرێت و مێژوو دروست بکرێ. بەڵام ئەم تیۆرە هەندێ دەرەنجامی زۆر سەیرو سەمەرەی لێدەکەوێتەوە. ئەگەر رەوشەکان بە سوود وەرگرتن لە عەقڵ بۆ باشبوون نەشێن، دەبێ موعجیزەیەکی مێژوویی یان سیاسی رووبدات بۆ ئەوەی دەسەڵاتە ناعەقڵانیەکانی مێژوو بتوانن لەخۆوە جیهانێکی باشتر و عەقڵانی بهێننە ئاراوە[١٣].

کەواتە هیچ چارەیەکمان نییە جگە لە گەڕانەوە بۆ ئەم هەڵوێست و تێڕوانینە و بڵێین فاکتەرە مەعنەوییەکان و فاکتەرە ئایدۆلۆژیکەکانی تر کە لە ئاقاری پێشگۆیی زانستیدا ناگونجێن، کاریگەرییەکی زۆر بەرفراوانیان هەیە لەڕەوتی مێژوودا. یەکێك لەم فاکتەرە بۆ پێش بینی نەشیاوانە، کاریگەری تەکنەلۆژیای کۆمەڵایەتی و دەستێوەردانی سیاسیە لەکاروباری ئابووریدا. پسپۆڕی تەکنەلۆژیای کۆمەڵایەتی و ئەندازیاریی لەسەرەخۆ یان بەرە بەرە لەوانەیە گەڵاڵەیەك بۆ دروست کردنی دەزگا نوێیەکان یان گۆڕینی بیچمی دەزگا کۆنەکان دابڕێژێت،

رەنگە تەنانەت بەرنامەڕێژی بۆ ئامرازی پێك هێنانی ئەم گۆڕانکارییە بکات، بەڵام لەبەر ئەوەی دەست بۆ ئەم کارە دەبات ((مێژوو)) بۆ پێش بینی شیاوتر نابێت. ئەو بۆ گشت کۆمەڵگا بەرنامە دانارێژێت و نازانێ ئایا بەرنامەکانی جێبەجێ دەکرێن یان نا. تەنانەت دەبێ بڵێین هەرگیز بەرنامەکانی بەبێ دەستکاری و گۆڕانکاری گرنگ جێبەجێ ناکرێن، یەکەم لەبەر ئەوەی لە رەوتی چێ کردندا ئەزموونمان زۆرتر دەبێت و ئەویتر لەم رووییەوە کە ناچارین مل بۆ هەندێ سازش بدەین[١٤]. کەواتە مارکس راستی دەکرد کاتێ دەیگوت ناتوانین لەسەر لاپەڕە پلان بۆ ((مێژوو)) دابنێین. بەڵام دەتوانین پلان بۆ **دەزگاکان** دابنێین و ئەم کارە بەکردەوە ئەنجام دەدرێت. تاکە هیوای وەدەست هێنانی جیهانێکی باشتر ئەوەیە کە بەرەبەرە پلان بۆ دەزگاکانی پارێزەری ئازادی- بەتایبەتی ئازادی لە دەست شەڕەنگێزی بەهرەکێشی دابڕێژین[١٥].

### ٥

بۆ پێشان دانی گرنگی تیۆری مێژووگەرایی مارکس لە رووی سیاسەتی پراکتیکیەوە لە هەرسێ بەشی پەیوەندیدار بە سێ هەنگاوەکانی بەڵگەخوازییەکەیدا، هەر بۆ نموونە ئاماژە بە چەند خاڵێك دەکەین سەبارەت بە شوێنەواری پێشگۆییە مێژووییەکەی لە مێژووی ئەم دواییانەی ئەوروپادا. بەهۆی نفوزی دوو حزبی گەورەی مارکسیت- واتە حزبی کۆمۆنیست و حزبی سۆسیال دیموکرات- لە ئەوروپای ناوەندی و ئەوروپای رۆژهەڵات، ئەم شێوازە زۆر بەرفراوان و بە بەستێن بووە.

هیچ کام لەم دوو حزبە بە هیچ چەشنێك بۆ کارێکی مەزنی وەکو پێك هێنانی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگادا ئامادە نەبوون. کۆمۆنیستەکانی روسیا کە بەر لەوانیتر گەشتبوونە دەسەڵات، زۆر بە بێخەبەری و نائاگایی دەستیان برد بۆ پرسی گرنگ و مەزنی قوربانیدانی پێویست و ئەو رەنج و کوێرەوەرییەی کە لە پێشیاندا بوو. سۆسیال دیموکراتەکانی ئەوروپای ناوەندی کە هەندێ دواتر نۆرەیان گەیشتێ، چەندین ساڵ، خۆیان لە شان خستنە ژێر ئەو بەرپرسایەتیانە دەدزییەوە کە کۆمۆنیستەکان وەها بەلەز خستبوویانە سەرشانی خۆیان و گومانیان لێی هەبوو- رەنگە گومانەکەیان راست بوو بێت- کە ئایا هیچ خەڵکێك جگە لە گەلی روسیا کە بەم دڕندەیتیە لە رژێمی تزاری {قەیسەری}دا تووشی کوێرەوەری و نەگبەتی هاتبوو، ئامادەیی خۆڕاگری لە بەرامبەر ئەو رەنج و فیداکارییە پێویستەیان هەیە بۆ شۆڕش و شەڕی ناوخۆ و قۆناغی تاقیکردنەوەی لە بەراییدا بێ ئاکام، یان نا. ئەو کات، لە ساڵە هەستیارەکانی ١٩١٨ هەتا



١٩٢٦، ئەنجامی ئەو تاقیکردنەوەیەی کە لە روسیا ئەنجام دەدرا بە بۆچوونی ئەوان لەڕادەبەدەر لە دڵنیایی بە دوور بوو و لە راستیشدا هیچ بنچینەیەك لە ئارادا نەبوو بۆ داوەری کردن لەمەڕ ئایندەکەی. دەتوانین ئاوها بڵێین کە شەقاری نێوان کۆمۆنیست و سۆسیال دیموکراتەکانی ئەوروپای ناوەندی، لە راستیدا شەقاری نێوان ئەو مارکسیستانە بوو کە دەستەیەکیان بە پێچەوانەی عەقڵ ئیمانیان بەسەرکەوتنی یەکجاری ئەم تاقیکردنەوەیە بوو کە لە رووسیا ئەنجام دەدراو دەستەکەی تر کە ژیرانە گومانیان لێی هەبوو. کاتێك دەڵێین ((بە پێچەوانەی عەقڵ)) و ((ژیرانە))، بە پێوانەی خۆیان، واتە پێوەری مارکسیزم، حوکمیان لەسەر دەدەین، چونکە بەپێی رێچکەی مارکسیزم، دەبووایە شۆڕشی پرۆلیتاریایی دەرەنجامی کۆتایی بە پیشەسازی بوون[٧] بێت نەك بە پێچەوانەوە[١٦] و جگە لەمە، یەکەمجار لە وڵاتە زۆر پیشەسازییەکاندا رووبدات و ماوەیەکی زۆر درەنگتر لە روسیا[١٧].

ئارمانج لەم وتەیە، بەرگری کردن نییە لە رێبەری سۆسیال دیموکرات[١٨] کە سیاسەتەکانیان بە تەواوی هۆبەندی پێشگۆیی مارکس و بڕوای پتەو بوو بە دەرکەوتنی حەتمی سۆسیالیزم. ئیمانی ئەم ژمارەیە بەزۆری هاوڕێ بوو لەگەڵ دڕدۆنگیەکی بێ چارەسەری سەبارەت بە ئەرك و فرمانی هەنووکەیی خۆیان و ئەوەی یەکڕاست لە بەردەمیان بوو[١٩]. لە قوتابخانەی مارکس فێربووبوون دەبێ کرێکارەکان رێکبخەن و باوەڕێکی تۆکمەیان تێدا بڕوێنن سەبارەت بە ئەرکەکەیان، واتە رزگارکردنی مرۆڤ[٢٠]. بەڵام نەیاندەتوانی ئامادەیی ئەمەکداری بن سەبارەت بەم بەڵێنانە. لە کتێبەکاندا وانەکانیان باش خوێندبوو و شارەزابوون و هیچ شتێك نەمابوو لەمەڕ ((سۆسیالیزمی زانستی)) نەیزانن و بۆ نموونە دەیانزانی کە فەرمانی لێنانی ئایندە، هەناردنە دەرەوەی هیچ نییە جگە لە یۆتۆپیاگەرایی نازانستی. مەگەر مارکس گاڵتەی بە یەکێك لە پەیڕەوانی کۆنت نەکردوو کە لە گۆڤاری **رێڤیو پۆزتیڤیست**[٨] بەهۆی غافڵ بوون لە بەرنامە پراکتیکیەکان رەخنەی ئاراستەی مارکس کردبوو؟ مارکس بە ئاوازێکی پڕ لە سووکایەتی نووسیبووی[٢١]: ((رێڤیوپۆزیتیڤیست تۆمەتبارم دەکات کە بە شێوازێکی میتافیزیکی مامەڵەم لەگەڵ ئابووریدا کردووە و سەرەڕای ئەمە- ئەو شتەی کە تەنانەت سۆسەشتان نەدەکرد- لەجیاتی ئەوە کە بۆ ئەو چێشتخانەیە فەرمان دەربکەم کە ئایندەی تێدا لێدەنرێت (ئایا مەبەست لە فەرمانی لێنان بەشێوە و سیاقی قوتابخانەی کۆنتە؟) تەنیا بە شیکردنەوەی

7. Industrialization
8. Revue positivist

واقعیاتە هەنووکەییەکان وازم هێناوە)). کەواتە، رێبەرە مارکسیستەکان زۆر لەوە داناتر بوون کە کاتیٚ خۆیان لەسەر بوارێکی وەکو تەکنەلۆژیا بەفیڕۆ بدەین. ((کرێکارانی هەموو وڵاتەکان یەکگرن!)) جگە لەمە، بەرنامەیەکی پراکتیکی تریان نەبوو. کاتیٚ کرێکارانی وڵاتەکانیان یەکیانگرت، کاتیٚ هەلێك بۆ لەکۆڵ نانی بەرپرسیارێتی حکومەت و بناغە دارِشتنی جیهانێکی باشتر هاتە ئاراوە، کاتیٚ سەرنجام چرکەساتی وادە دراو هات، وازیان لە کرێکارەکان هێنا. رێبەرەکان تیٚ مابوون چی بکەن. لە چاوەڕوانی خۆ کوشتنی وادە دراوی سەرمایەداری رۆنیشتبوون. هیوادار بوون پاش کەوتنی بیٚ ئەملاو ئەولاو حەتمی سەرمایەداری، پاش ئەوەی هەموو شتێك یەکڕاست پەرێشان بوو، پاش ئەوەی هەموو شتێك بەرەو نەمان چوو و مەترسی بیٚ ئابڕویی و ریسوایی بۆ ئەوانە بە تەواوی دامرکایەوە، ئەو کات ببن بە رزگاریدەری مرۆڤ. (و هەڵبەتە راستەو نابیٚ ئەوەمان لە یادبچێت کە سەرکەوتنی کۆمۆنیستەکان لە روسیا، بێگومان لە هەندیٚ لایەنەوە بەهۆی ئەو رووداوە وەحشەتناکانەی کە بەر لە بەدەسەڵات گەیشتنی ئەوان روویدابوو، دەرفەتی بۆ ڕەخسا). بەڵام کاتیٚ قەیرانی گەورەی {ئابووری} بە گەڕ کەوت- ئەو قەیرانەی کە خۆیان هەر لە سەرەتادا کەوتن و داروخانی وادەدراویان تێدا بینیبوو و چووبوونە پێشوازی، وردە وردە لەوە تێگەیشتن کە کرێکارەکان لەوە هیلاك بوونە تەنیا راڤەی مێژووییان دەرخوارد بدریٚ و لەسەرەوە بکرێنەوە[٢٢] و ئیدی هەر ئەوەندە بەس نییە پێیان بڵێن، بەپێی سۆسیالیزمی لە هەڵە بەدوور و زانستی مارکس، حەتمەن فاشیزم دواین سەنگەری سەرمایەدارییە بەر لە کەوتن و داروخانی نزیك وەخت. جەماوەری رەنجبەر پێویستیان بەشتێکی لەمە زیاتر هەبوو. وردە وردە رێبەرەکان پەیان بە ئاکامە وەحشەتناکانی سیاسەتی هیواو چاوەڕوانی و دڵسپاردن بە موعجیزەی سیاسی گەورە برد. بەڵام ئیدی کار لە کارترازا بوو و دەرفەت لە دەست چووبوو.

ئەم وتانە زۆر کورت و چڕبوون، بەڵام هەڵگری هەندیٚ نیشانە بوو کە دەربڕی دەرەنجامی پراکتیکی پێشگۆیی مارکس بوو لەمەڕ دەرکەوتنی سۆسیالیزم.

# ۱۹ شۆڕشی کۆمەڵایەتی

گرنگترین گریمانەی مارکس لە دووەمین هەنگاوی بەڵگەخوازییە پێشگۆییانەکەیدا ئەوەیە کە سەرمایەداری بە ناچار زۆربوونی سامان و زیادبوونی هەژاری لێ دەکەوێتەوە- واتە سامانی بۆرژوازی کە ژمارەی تاکەکانی بەرەو کەمبوونەوە دەچێت و هەژاری چینی کرێکار کە ژمارەی ئەندامەکانی بەرەو زیادبوون دەڕوا. لە بەشی داهاتوودا ئەم گریمانەیە دەدەینە بەر ڕەخنە، بەڵام ئێستا قبوڵی دەکەین. ڕەنگە ئەو دەرەنجامانەی کە لێیەوە وەردەگیرێت بەسەر دوو کەرتدا دابەش بکرێت. کەرتی یەکەم، پێشگۆیی کردنی سەرهەڵدان و گەشەی **بوونیادێکی چینایەتی** تایبەتە لەسەرمایەداریدا و ڕازی بوون بەوە کە جگە لە بۆرژوازی و پرۆلیتاریا، هەموو چینەکان، بەتایبەتی چینی بەناو ناوەڕاست[1]، حەتمەن لەناو دەچن و لەئاکامی زیادبوونی کێشمەکێش و گرژی نێوان بۆرژوازی و پرۆلیتاریا، ئاگایی پرۆلیتاریا و یەکێتی پرۆلیتاریا بەردەوام فرە دەبێت. کەرتی دووەم، بریتییە لەو پێشگۆییە کە ناکرێ کێشمەکێش و گرژی ناوبراو بەرز ببێتەوە و دواجار **شۆڕشی کۆمەڵایەتی**[2] پرۆلیتاریایی لێ نەکەوێتەوە.

بەبڕوای من هیچ کام لەم دوو دەرەنجامانە لەم پێشەکییەوە هەڵناقوڵێت. ئەو ڕەخنەیەی دەمەوێ لێرەدا ئاڕاستەی ئەم بۆ بۆچوونەی بکەم، بەشێوەیەکی گشتی هاوچەشنی هەمان ئەو ڕەخنانەیە کە لە بەشی ڕابردوودا خستمانە ڕوو. بەجۆرێکی تر، هەوڵ دەدەم پێشانی بدەم کە لە بەڵگەخوازییەکانی مارکسدا، گەلێك لە ئاڵوگۆڕە ممکینەکان پشت گوێ خراون.

1. middle classes
2. social revolution



## ۱

سەرەتا لەسەر **دەرەنجامی یەکەم** دەدوێین- واتە ئەم پێشگۆییە کە جگە لە پرۆلیتاریا کە ئاگایی چینایەتی و یەکگرتوویی ئەندامەکانی بەناچاری زیاد دەبێت و جگە لە بۆرژوازی، سەرجەم چینەکانی دیکە حەتمەن لەناو دەچن یان گرنگی و پلەو پایەیان نامێنێت. پێشەکی بەڵگەخوازی مارکس تیۆری زیادبوونی سامان و هەژارییە و بەپێی ئەمە پێش بینی دەکرێ کە چینێکی ناوەڕاستی تایبەت- کە لە سەرمایەدارە لاوازترەکان و وردە بۆرژوازی[3] پێك دێت- لەناو دەچێت. بەپێی نووسینی خۆی{1}: ((هەر سەرمایەدارێك، بەشێکی زۆر لە هاوگروپەکانی خۆی لەناو دەبات)). ئەم هاوگروپە سەرمایەدارانە، پێدەچێت بۆ پلەی کرێگر دابەزن کە لە ڕوانگەی مارکسەوە، یەکسانە بە پرۆلیتاریا. ئەم ڕەوتەی ئاماژەمان بۆ کرد هەمان ڕەوتی زیادبوونی سامان و کەڵەکە بوونی هەرچی زیاتری سەرمایە و خڕبوونەوە و چەقبەستنیەتی لە دەستی ژمارەیەکی هەرچی کەمتردا[4]. مارکس دەنووسێت{2} هاوچەشنی ئەم چارەنووسە چاوەڕوانی ((توێژاڵەکانی خوارووتری چینی ناوەڕاست))یش دەکات. ((پیشەوەران و دوکاندارە بچووکەکان و گشت کاسبکارە خانەنشین کراوەکان و خاوەن پیشەسازییە دەستییەکان و جووتیارەکان، هەموویان وردە وردە دەبنە بەشێك لە پرۆلیتاریا و تێیدا نغرۆ دەبن، یەکەم لەبەر ئەوەی سەرمایە کەمەکەیان چونکە بە بەراورد لەگەڵ پیشەسازی مۆدێرن ناکافییە، لە گۆڕەپانی ڕکەبەرایەتی لەگەڵ سەرمایەدارە گەورەکاندا لەناو دەچن و دووەم بەهۆی ئەوە کە ئامرازە نوێیەکانی بەرهەم هێنان، پسپۆڕی و شارەزاییان بێ بایەخ دەکات. بەم چەشنە، خەڵك لە هەموو چینەکانەوە پەیوەندی بە پرۆلیتاریاوە دەکەن)). ئەم وەسف کردنە، بەتایبەتی لەمەڕ پیشەسازی دەستی، بێگومان تاڕادەیەك ڕاستە و هەروەها ڕاستە کە بەشێکی زۆر لە تاکەکانی پرۆلیتاریا، بە ڕەچەڵەك دێهاتین.

تێڕوانینەکانی مارکس شایستەی ستایش کردنن، بەڵام وێنەکە کەموکوڕی هەیە. ئەو ڕەوتەی مارکس توێژینەوەی تێدا دەکات، ڕەوتێکی پیشەسازییە، ((سەرمایەدار))، سەرمایەدارێکی پیشەسازییە و ((پرۆلیتێر)) کرێکاری پیشەسازییە. ڕاستە بەشێکی زۆر لە کرێکارە

3. petty bourgeoisie

٤. مارکس جیاوازی لە نێوان هەرسێ زاراوەی "خڕبوونەوە" accumulation و "کەڵەکەبوون" (concentration) و "چەقبەستن" (centralization) دادەنێت.

پیشەسازییەکان بەرەچەڵەك دێهاتین، بەڵام ئەو بەڵگە نییە بۆ ئەوە کە بۆ نموونە، جوتیار و دێهاتییەکان هەر هەموویان وردە وردە بۆ ئاستی کرێکاری پیشەسازی داببەزن. تەنانەت کرێکارەکانی کشتوکاڵیش پێویست ناکات بەهۆی هەستی هاوبەشی یەکگرتوویی و ئاگایی چینایەتی لەگەڵ کرێکارە پیشەسازییەکاندا یەکبگرن. مارکس خۆی دان بەوە دادەنێت کە[٣]: ((رێك لە هەمان کاتدا کە خڕبوونەوەی سەرمایە لە دەستی ژمارەیەکی کەمدا هێزی بەرەنگاری کرێکارە شارییەکان زیاد دەکات، ئەوا پەرتەوازەیی کرێکارە دێهاتییەکان لەناوچە بەربڵاوەکاندا، توانای بەربەرەکانی و وەستانەوەیان لێ دەسێنێتەوە)). ئەم شتە دەربڕی یەکێتیەك نییە لە گشتێکی خودان ئاگایی چینایەتیدا، بە پێچەوانەوە دەریدەخات کە لانی کەم هەلی دووربەرەکی بوونی هەیە و هەندێ جار لەوانەیە کرێکاری کشتوکاڵی هێندە پەیوەست بێت بە دەرەبەگەکەی، واتە جوتیار یان وەرزێڕەکەی(٥)، بە چەشنێك کە نەتوانێت لە ئایدیای پرولیتاریای پیشەسازیدا هاوبەش بێت. لەلایەکی ترەوە، جوتیاران یان وەرزێران رەنگە بە ئاسانی بڕیار بدەن پشتیوانی لە بۆرژوازی بکەن لە جیاتی کرێکاران، هەروەك مارکس خۆی بیری خستۆنیەتەوە[٤]. کەواتە، ئەم جۆرە بەرنامە کرێکارییە، وەکو ئەو بەرنامەیەی کە لە <u>مانیفێستی</u> {کۆمۆنیست}دا شی کراوەتەوە و یەکەمین خواستی ((هەڵوەشاندنەوەی هەموو چەشنە خاوەندارێتیەکی زەوی))ـە[٥]، پێناچێت ئەم جۆرە حەزە لەناو ببات.

ئەمە دەریدەخات کە لانی کەم لە بازنەی ئەگەر دایە، کە چینی ناوەڕاستی دێهاتی لەناو نەچێت و پرۆلیتاریای دێهاتی لە نێو پرۆلیتاریای پیشەسازیدا نەتوێتەوە. بەڵام پرسەکە لێرەدا کۆتایی پێنایەت. شیکردنەوەی خودی مارکس پێشانی دەدات کە بەرفراوان کردنی دووبەرەکی

٥. farmer or peasant زاراوەی "وەرزێر" یان "جوتیار" (بەجیاکردنەوەی لە کرێکاری کشتوکاڵی) بەزۆری لای مارکس بەکەسێك دەگوترێت کە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، واتە زەوی و ئامێری کشتوکاڵی لەبەردەستدایە- جاچ خاوەنی زەوی بێت و چ بەکرێ وەریگرتبێت ـو سەربەستە هەر چۆنێکی بیەوێت سوود لەزەوی و هێزی کار و بەرهەمی خۆی وەربگرێت. رۆڵی جوتیاران لەگەشەی سەرمایەداریدا بەردەوام لەنێوان مارکسیستەکاندا، جیگەی مشتومڕ بووە. هەندێکیان پێیان وابووە کە جووتیاران چینێك پێکدێنن لەناو سەرمایەداریدا، بەشێکی تریان ئێژن وەرزێری شێوازێکی بەرهەمهێنانی تایبەتە و پەیوەندی بە سەرمایەدارییەوە نییە و کۆمەڵێکی دیکە، جووتیارەکان بە "پاشماوەی" شێوازی بەرهەمهێنانی پێش سەرمایەداری و چینێك کە لە قۆناغی "پەڕینەوە" دایە و بەرەو سەرمایەداری حسێب دەکەن.



لە نێوان کرێگرەکاندا، گرنگیەکی لەڕادەبەردەری بۆ بۆرژوازی هەیە، دیسان خودی مارکس بینیبووی کە لانی کەم لە دوو رێگاوە دەتوانین ئەم ئامانجە وەدەست بێنین. یەکیان پێك هێنانی چینێکی ناوەڕاستی <u>نوێیە</u>، واتە گروپێکی ئەو کرێگرانە کە خودان ئیمتیازاتن و هەست بەوە بکەن رێك لەو کاتەدا کە لە کرێکارانی دەستی بەرزترن[٦]، لەژێر دەستی دەسەڵاتی حوکمڕانەکانیش دان. رێگای دووەم، سوود وەرگرتنە لە سووك و چرووکترین توێژاڵی کۆمەڵگا یان بە وتەی مارکس، ((گێرەشێوین {لۆمپێن} پرۆلیتاریا))(٦). هەروەکو خۆی ئاگادارمان دەکاتەوە، لەوانەیە هەندێ خراپەکار ئامادەبن خۆیان بە دوژمنی چینایەتی بفرۆشن، هەر لەم توێژاڵە هەڵدەبژێردرێن. مارکس دان بەوەدادەنێت کە زۆربوونی هەژاری، حەتمەن دەبێتە هۆی زیادبوونی ئەندامانی ئەم توێژاڵە- ئەو گۆڕانکارییەی ناتوانین بڵێین یارمەتی یەکگرتوویی هەمە لایەنەی ستەم لێکراوەکان دەکات.

بەڵام تەنانەت یەکگرتوویی چینی کرێکارە پیشەسازییەکانیش دەرەنجامی جەبری هەژاری روو لە زیاد نییە. ئەوە قبوڵ دەکەم کە هەژاری روو لە زیاد حەتمەن بەرەنگاری و تەنانەت رەنگە راپەڕینیشی لێ بکەوێتەوە. بەڵام گریمانەکەی ئێمە ئەوە بوو کە تا ئەو کاتەی شۆڕشی کۆمەڵایەتی سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە، هەژاری و بێنەوایی روو لە کەمبوونەوە ناکات و ئەمەش بێگومان بەو مانایەیە کە ئەو کرێکارانەی کە بەربەرەکانی دەکەن، لە هەوڵێکی بێ ئاکام بۆ باشکردنی بارودۆخ، تووشی تێك شکانی یەك لە دوای یەك دەبن. گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ حەتمەن پێویست ناکات ئاگاییەکی چینایەتی زیاتر بە مانا مارکسییەکەی[٧] بە کرێکاران ببەخشێت- واتەکارێك بکات زۆرتر شانازی بە چینی خۆیانەوە بکەن و خۆڕابنێن و لەمەڕ پەیامی خۆیانەوە دڵنیایی وەدەست بێنن- بەڵکو رەنگە، بە پێچەوانەوە، بەم مانایە ئاگایی چینایەتیان پێبدات کە ئاگاداربن بەشێك لە لەشکرێکی تێك شکاو پێك دێنن، ئەگەر کرێکارەکان نە بەزۆربوونی ژمارەکەیان دڵیان بەهێز بێت و نە لە گەشەی ماتە هێزی خۆیان لە ئابووریدا، لەوانەیە شتێکی ئەوتۆ رووبدات. رەنگە ئەو حاڵەتە رووبدات کە مارکس پێشگۆیی کردووە، بەڵام مەرجەکەی ئەوەیە کە جگە لە چینی کرێکار و چینی سەرمایەدار، هەموو چینەکانی تر مەیلیان هەبێ بۆ لەناوچوون. بەڵام لەبەر ئەوەی هەروەك بینیمان، ئەم پێشگۆییە

٦. Rabble- proletariat یاخود بە دەربڕینێکی ئاشناتر "لۆمپێن پرۆلیتاریا".

پێویست ناکات حەتمەن وەڕاست بگەڕێت، لەوانەیە تەنانەت یەکگرتوویی کرێکارە پیشەسازییەکانیش بەهۆی رۆحی تێك شکانەوە لاواز ببێت.

کەواتە بە پێچەوانەی مارکس کە شێلگێرانە پێشگۆیی دەکرد بەناچار دوو چینی بە تەواوی لە یەك جیا پێك دێت، سەیر دەکەین تەنانەت لەسەر بنەماکانی خودی ئەویش، ئەگەری ئەوە هەیە کە بوونیادی چینایەتی بەم شێوەیە گۆڕانکاری بەسەردا بێت: ١) بۆرژوازی، ٢) خاوەندار و خاوەن زەوی و زارە گەورەکان، ٣) خاوەن زەوی و زارەکانی تر، ٤) کرێکارانی دێهاتی، ٥) چینی ناوەڕاستی نوێ، ٦) کرێکارانی پیشەسازی، ٧) لۆمپێن پرۆلیتاریا. (ئاشکرایە کە شیمانەی سەرهەڵدانی هەر چەشنە پێکهاتەیەك لەم چینانەش هەیە). جگە لەمە، بۆمان دەردەکەوێ کە رەنگە ئەم ئاڵوگۆڕە یەکێتی چینی٦) لەرزۆك بکات.

کەواتە، دەتوانین بڵێین لە **دووەمین هەنگاوی** بەڵگەخوازی مارکسدا، هیچ دەرەجامێك لە {پێشەکییەکان} هەڵناقولێت. هەڵبەتە هەروەکو وێرای رەخنەگرتن لە سێیەمین هەنگاو ئاماژەم بۆ کرد، مەبەستم ئەوە نییە پێشگۆییەکی دیکە لە جێگەی پێشگۆیی مارکس دابنێم. ناڵێم ناکرێت پێشگۆییەکەی ئەو راست دەربچێت یان ئەو گۆڕانکارییانەی من شیم کردنەوە وەڕاست دەگەڕێ- تەنیا دەڵێم رەنگە وای لێ بێت. (تەنانەت باڵی مارکسیستە توندڕەوەکانیش کە سەرەڕمی جێگەی پەسەندیان بۆ بەڵگەتراشی بۆ رەدکردنەوەی گۆڕانکارییەکانی پێچەوانەی گەلاڵەی پێشگۆیی کراو، بریتییە لە سوود وەرگرتن لە تۆمەتی خیانەت و بەرتیل خۆری و نا یەکگرتوویی چینایەتی، چەتونە بتوانن نکۆڵی لەو ئەگەرە بکەن کە باسمان کرد) ئەو ئەگەرانەی ئاماژەمان بۆ کرد هەموویان پشکیان هەبووە لەو گۆڕانکارییانەی کە بوونە هۆی دەرکەوتن و سەرهەڵدانی فاشیزم. ئەوە کە رەنگە ئەم جۆرە پێشهاتانە روو بدەن، بۆ هەموو کەسێك کە سەیری ئەم گۆڕانکارییانە بکات، روون و ئاشکرایە. تەنیا ئەگەری {ئەم جۆرە رووداوانە} کافیە کە یەکەمین دەرەنجام خەوشدار و بێ ئیعتبار بکات کە لە دووەمینی هەنگاوی بەڵگەخوازی مارکس بەدەست هاتووە. هەڵبەتە ئەمە کاریگەری هەیە لەسەر **دووەمین دەرەنجام**، واتە پێشگۆیی کردنی رووداني شۆڕشی کۆمەڵایەتیش. بەڵام بەر لەوەی بڵێین ئەم پێشگۆییە لەسەر چ بنەمایەك ئەنجام دەدرێت و چ رەخنەیەکی لێدەگیرێت، بە پێویستی دەزانم تۆزێك بە درێژی لەمەڕ پشکی ئەم پێشگۆییە لە گشت بەڵگەخوازییەکە و هەروەها سەبارەت بەو مانایەی کە مارکس بۆ زاراوەی ((شۆڕشی کۆمەڵایەتی)) بەکاری دەهێنێت، بدوێم.



## ٢

کاتێ مارکس لەمەڕ **شۆڕشی کۆمەڵایەتی** دەدوێت لە تێڕوانینی یەکەمەوە مەبەستەکەی روون و ئاشکرایە. لە زاراوەی مارکسدا، ((شۆڕشی کۆمەڵایەتی پرۆلیتاریا)) **چەمکێکی مێژووییە** کە دەلالەت لە گواستنەوەیەکی تاڕادەیەك خێرا دەکات لە قۆناغی مێژوویی سەرمایەدارییەوە بەرەو قۆناغی مێژوویی سۆسیالیزم. یاخود بەجۆرێکی تر، ناوێکە بۆ قۆناغێکی تێپەڕ لە ململانێی چینایەتی دوو چینە سەرەکییەکە، هەتا سەرکەوتنی یەکجاری کرێکاران. کاتێ لە مارکسیان پرسی ئایا زاراوەی ((شۆڕشی کۆمەڵایەتی)) پێویستی بە شەڕێکی توندوتیژی ناوخۆیی نێوان دوو چینی ناوبراویشەوە هەیە، بەرسڤی دایەوە{٨} مەرج نییە حەتمەن بەم جۆرە بێت، زیاتر وتی،بەڵام بەدبەختانە ئومێدی خۆبواردن لە شەڕی ناوخۆ هێندە بەهێز نییە، و رەنگە پێویست بووبێت دیسان پێیەوە زیاد بکات کە سەرەڕای ئەوەی لە روانگەی پێشگۆیی مێژووییی، ئەم پرسیارە بە تەواوی بێ جێ و رەمەکی نییە، بەڵام هەر چۆنێك بێت لە رووی گرنگیەوە بە پلەی دووەم دێت. لە رێبازی مارکسدا، ژیانی کۆمەڵایەتی لێوانە لە توندوتیژی و جەنگی چینایەتی هەموو رۆژێك قوربانی دەوێت{٩}. ئەوەی بەڕاستی گرنگی هەیە، دەرەنجام، واتە سۆسیالیزمە. تایبەتمەندی خودیی ((شۆڕشی کۆمەڵایەتی)) گەیشتنە بەم دەرەنجامە.

ئەگەر کرابووایە بە دڵنیاییەوە بزانین یان هەر لە سەرەتاوە یەقینمان هەبێت کە سۆسیالیزم لە دوای سەرمایەداری دێت، ئەم شیکردنەوەیە لەمەڕ زاراوەی ((شۆڕشی کۆمەڵایەتی)) رەنگ بوو جێگەی رەزامەندی بێت، بەڵام لەبەر ئەوەی تیۆری شۆڕشی چینایەتی خۆی بەشێکە لە بەڵگەخوازی زانستی کە بەهۆی ئەوەوە گەرەکمانە دەرکەوتنی سۆسیالیزم وەدی بێنین و بیسەلمێنین، ئەم روونکردنەوەیە بە هیچ چەشنێك جێگەی رەزامەندی نییە. ئەگەر لەم جۆرە بەڵگەخوازییەدا بڵێین شۆڕشی کۆمەڵایەتی قۆناغی تێپەڕینە بەرەو سۆسیالیزم، بەڵگەخوازییەکەمان تووشی خوول دەبێت، وەکو بەڵگەخوازی ئەو پزیشکەکە کاتێ لێیان پرسی بۆچی پێش بینی مەرگی نەخۆشەکە دەکەیت، دانی بەوە دانا کە نە لە نیشانەکانی نەخۆشییەکە شارەزایە و نە لە هیچ شتێکی تر، تەنیا ئەوەندە دەزانێت کە ئەم نەخۆشیە بۆ ((نەخۆشیەکی بکوژ)) گۆڕانی بەسەردا دێت. (واتە ئەگەر نەخۆشەکە نەمرێت، هێشتا نەخۆشیەکە ((نەخۆشی بکوژ)) نییە، ئەگەر شۆڕش سۆسیالیزمی لێ نەکەوێتەوە، هێشتا ((شۆڕشی کۆمەڵایەتی)) نییە). کەواتە دەبێ رەخنەکەمان بەم شێوە سادەیە لێ بکەین کە

لە هیچ کام لە سێ هەنگاوی بەڵگەخوازییەکەدا کە بۆ پێشگۆیی کردن ئەنجام دەدرێت، هیچ شتێك بە بەڵگەنەویست و گریمانە بۆ کراو لە قەڵەم نەدەین کە لە هەنگاوی دواتر دەرەنجامگیری دەکرێت.

ئەم تێبینیانە دەریدەخات کە بۆ بوونیات نانەوەی راست و دروستی بەڵگەخوازییەکانی مارکس، دەبێ تایبەتمەندییەکی ئەوتۆ بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتی بدۆزینەوە کە بۆ سۆسیالیزم نەگەڕێتەوە و هەلی ئەوە بدات کە شۆڕشی کۆمەڵایەتی پشکی خۆی بە باشترین شێوە لە بەڵگەخوازیدا جێبەجێ بکات. پێدەچێت تایبەتمەندی خولقێنەری ئەم مەرجانە بەم چەشنە بێت: شۆڕشی کۆمەڵایەتی، تەقەلای پرولیتاریایەکی بە گشتی یەکگرتووە بۆ داگیرکردنی تەواوی دەسەڵات، بە ورەیەکی پۆڵاین بەمەکە تەنانەت ئەگەر لە پێناو وەدەست هێنانی ئامانجەکە، پێویست بە توندوتیژی بکات، رووی خۆی لە توندوتیژی وەرنەگێڕێت و لە بەرامبەر هەوڵی نەیاراندا بۆ وەدەست هێنانەوەی دەسەڵات، بەرەنگاری بکات. ئەم وەسفە یەکەم، بەرییە لەو کێشەو گرفتانەی کە ماوەیەك پێش ئاماژەمان بۆ کرد، دووەم، تا ئەو شوێنەی کە سێیەمین هەنگاوی بەڵگەخوازی راست و خودان مسداقیەتە، لە گەڵیدا دەگونجێت و ناهێڵێت چۆنایەتی بێ گومان عەقڵخوازەکەی پەنهان بێتو سەرەنجام، هەروەك پێشانی دەدەین، لەگەڵ مارکسیزمدا هاوجووتە و بەتایبەتی کۆکە لەگەڵ مەیلە مێژووگەراییەکەی کە گەرەکیەتی خۆ لە هەموو جۆرە رادەربڕینێکی یەکلاکەرەوە[١٠] ببوێرێ سەبارەت بەوە ئایا بە کردەوە لەم قۆناغە لە مێژووودا خۆ لە توندوتیژی دەبوێردرێت یان نا.

سەرەڕای ئەوەی کە ئەم وەسفە پێشنیارکراوە، وەکو پێشگۆیی مێژوویی، بە لێبڕان و یەقینەوە نالێت کە توندوتیژی پیادە دەکرێت، بەڵام لە رووی ئەخلاقی یان حقوقی پرسەکە شتێکی ترە. هەموو شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بەم تایبەتمەندییانە، بێگومان بە مانای **<u>راپەڕینێکی توندوتیژانەیە</u>**، چونکە نیازی توندوتیژگەری گرنگترە لە چەسپانی واقعی بە توندوتیژییەوە و گریمانەی ئێمە بوونی ورەیەکی پۆڵاین بوو بۆ ڕوو وەرنەگێڕان لە توندوتیژی گەری، هەر کە توندوتیژیخوازی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی بزوتنەوە وەك پێویستی خۆ بنوێنێت، ئەگەر یەکێك بڵێت ورەی پۆڵاین بۆ روو وەرنەگێڕان لە توندوتیژیخوازی بەشێکە لە پێداویستییەکانی شۆڕشی کۆمەڵایەتی بە مانای راپەڕینی توندوتیژانە، وتەکەی نەك هەر لەگەڵ روانگەی حقوقی ئەخلاقیدا، بەڵکو لەگەڵ بۆچوونی ئاسایی لە هەمبەر ئەم جۆرە بوارانەشدا گونجاوە. ئەگەر



یەکێك بۆ وەدەست هێنانی ئامانجەکانی خۆی سوور بێت لەسەر بەکارهێنانی توندوتیژی، دەتوانین بڵێین، بەبێ وەبەرچاو گرتنی ئەوە کە لە فلانە حاڵەتی تایبەتدا دەستی بۆ توندوتیژی بردووە یان نا، بەهەر حاڵ بە کردەوە حاڵەتێکی دەستدرێژکەر و توندوتیژی بەخۆیەوە گرتووە. گومانی تێدا نییە ئەگەر بمانەوێت فلانە کاری تایبەتی ئەو لە ئایندەدا پێش بینی بکەین، دەبێ وەکو مارکسیستەکان خۆ لە رادەربڕینێکی یەکلاکەرەوە ببوێرین و بڵێین نازانین ئایا بەڕاستی پەنا بۆ زۆرەملێ و توندوتیژی دەبات یان نا. (کەواتە ئەم وەسفەی خستمانە ڕوو لە روویەکەوە لەگەڵ بۆچوونی مارکسیستەکاندا دەگونجێت). بەڵام ئاشکرایە ئەگەر مەبەستمان نەبێت پێشگۆییەکی مێژوویی بکەین و تەنیا گەرەکمان بێت دۆخەکەی بەشێوەیەکی ئاسایی وەسف بکەین، ئەم نەبوونی بنبڕییە رەفز دەبێتەوە.

پێویستە بە تەواوی ئەوە روون بکەمەوە کە بەبڕوای من، زیانبەخشترین توخمی مارکسیزم، لە رووی سیاسەتی پراکتیکیەوە، هەر ئەم پێشگۆیی کردنەی ئەگەری شۆڕشێکی توندوتیژانەیە. پێم وایە بەر لە دەستکردن بەشیکردنەوە، باشتر وایە بە کورتی ئەو بەڵگانە روون بکەمەوە کە لەمەڕ ئەم بیروباوەڕە هەمە.

بەو جۆرەش نییە کە من لە هەموو بارودۆخێك و گشت هەلومەجێکدا، دژی شۆڕشی توندوتیژبم. منیش وەکو هەندێ لە بیرمەندانی مەسیحی سەدەکانی ناڤین و قۆناغی رێنسانس کە کوشتنی دەسەڵاتدارە ملهوڕەکانیان بەڕەوا دەزانی، لەسەر ئەو بڕوایەم کە بەڕاستی رەنگە لە حکومەتێکی ملهوڕ و بە زەبروزەنگدا، جگە لەمە هیچ چارەیەکی تر لە ئارادا نەبێت و لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا، دەبێ شۆڕشی توندوتیژانە بە پاکانە بۆ کراو لەقەڵەم بدرێت. بەڵام هاوکات لەسەر ئەو بڕوایەم کە دەبێ تاکە ئامانجی شۆڕشێکی لەم جۆرە، دامەزراندنی دیموکراسی بێت، مەبەستم لە یموکراسی شتێکی ناڕوون و دوولایەنی وەك ((حکومەتی گەل)) یان ((حکومەتی زۆرینە)) نییە، مەبەستم کۆمەڵە دەزگایەکە (بەتایبەتی هەڵبژاردنی گشتی، واتە مافی خەڵك بۆ لەسەر کار لابردنی حکومەتەکەیانە) کە دەرفەت بۆ چاوەدێری گشتی بەسەر حوکمڕانەکان و لەسەر کار لابردنیان دەڕەخسێنێت، ئەو مۆڵەتە بە خەڵکی ژێر دەستە دەدات کە بەبێ توندوتیژی و تەنانەت بە پێچەوانەی خواستی فەرمانڕەواکان، ئەو ریفۆڕمانە ئەنجام بدەن کە گەرەکیانە. یاخود بەجۆرێکی تر، توندوتیژیخوازی تەنیا لە حکومەتە ملهوڕ و بە زەبروزەنگەکاندا دەشێ پاکانەی بۆ بکرێت کە

ریفۆرمی بێ توندوتیژی نا ممکین دەکات. پێویستە تاکە ئامانجی بریتیی بێت لە پێك هێنانی هەلومەجێك کە هەل بۆ ریفۆرمی ئاشتیانە بڕەخسێنێت.

بەبڕوای من، هەرگیز نابێ هەوڵی ئەوە بدەین بە پەنا بردن بۆ ئامرازی توندوتیژانە، جگە لەو شتانەی ئاماژەمان بۆ کرد هیچی تر بەدەست بێنین، چونکە پێم وایە ئەو تەقەلایە هەڵگری ئەم مەترسیەیە کە ئەگەری ریفۆرمی ژیرانە رەفزیکاتەوە، رەنگە بەکارهێنانی دوورودرێژی توندوتیژی، دواجار لەناوبردنی ئازادی لێ بکەوێتەوە و لەبەر ئەوەی ئەگەری ئەوە بوونی هەیە کە لەجیاتی سەقامگیرکردنی حکومەتی بێ غەرەز و مەتینی عەقڵ، فەرمانڕەوایی سەرەڕۆی تاکەکەسی لێ بکەوێتەوە. ئەو شۆڕشە توندوتیژەی کە ئامانجێکی زیاترە لە رووخاندنی حکومەتێکی ملهوڕانەی هەبێت، هەر بەو ڕادەیە کە رەنگە مەبەستی راستەقینە وەدەست بێنێت، لانی کەم بە هەمان ڕادەش رەنگە ببێتە هۆی بەدەسەڵات گەیاندنی حکومەتێکی ملهوڕانەی تر.

بەبڕوای من تەنیا لە یەك حاڵەتی تری ناکۆکی سیاسیدا، سوود وەرگرتن لە توندوتیژی پاکانە هەڵگرە و ئەویش لەکاتی بەربەرەکانی کردن لەگەڵ هەموو جۆرە هێرشێك (چ لەناوخۆ و چ لە دەرەوەی وڵات) بۆ سەر بنەمای حکومەتی دیموکراتیك و پەلاماردانی شێوازەکانی دیموکراسی کە پاش سەقامگیربوونی دیموکراسی ئەنجام بدرێت. لەسەر هەموو هاووڵاتیە بە ئەمەکەکان پێویستە لە بەرامبەر هەموو جۆرە پەلامارێکی لەم چەشنە، تەنانەت بە پەنابردن بۆ توندوتیژیش، بەرەنگاری بکەن، بەتایبەتی ئەگەر هێرشەکە لە لایەن حکومەتی سەرچاوەی دەسەڵات لە خودی وڵاتەکە ئەنجام بدرێت یان حکومەت لە بەرامبەریدا لێبوردە و ئاسانکار بێت. درێژەی کاری دیموکراسی بەگشتی پەیوەستە بە تێگەیشتن لەم مانایە کە ئەو حکومەتەی کەڵکی خراپ لە دەسەڵات و سەڵاحیاتی خۆی وەردەگرێت و ملهوڕ و زۆرەملێ دەکاتە بنچینەی کارەکانی خۆی (یان دامەزراندنی حکومەتێکی ملهوڕانە لەلایەن هەر کەسێکەوە تەحەمول دەکات) یاسایی بوون و مەشروعیەتی خۆی لەدەست دەدات و هاووڵاتیان نەك هەر مافی خۆیانە، بەڵکو ئەرکی سەرشانیانە کردەوەی ئەم جۆرە حکومەتە وەکو تاوان لە قەڵەم بدەن و ئەندامەکانی بە کۆمەڵە تاوانبارێکی ترسناك بژمێرن. بەڵام بەبڕوای من، ئەم جۆرە بەرگرییە لە بەرامبەر هەوڵدان بۆ رووخاندنی دیموکراسی، دەبێ تەنیا رەهەندی بەرەڤانی هەبێت. نابێ بچووکتر گومان لەوە هەبێ کە تاکە ئامانجی بەرگری، رزگارکردنی دیموکراسییە.



کەڵکی خراپ وەرگرتن لە پێگە بۆ پەنابردن بۆ کردەوە و هەنگاوی ملهوڕانە بەمەبەستی بەربەرەکانی لەگەڵ ملهوڕیدا، رێك بەرادەی تەقەلای سەرەکی بۆ سەقامگیرکردنی حکومەتی ملهوڕ و زۆرەملێ تاوانە. کەواتە، پەنابردن بۆ ئەم جۆرە کردەوەیە، تەنانەت ئەگەر بەڕاشکاوی لە پێناو رزگاری دیموکراسی و دەرکردنی دوژمنەکانی بێت، شێوزاێکی زۆر نەخوازراوە بۆ بەرەڤانی لە دیموکراسی و لە چرکەساتەکانی کۆتاییدا شڵەژان دەخاتە ریزی بەرگریکارەکان و هەر بۆیە، لەوانەیە بە یارمەتی دوژمن بکات.

مەبەست لەم وتانە ئەوەیە هەموو سیاسەتێکی دیموکراتیك بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بێنێت، پێویستی بە ڕەچاوکردنی هەندێ ڕێسا هەیە لەلایەن بەرگریکارانی دیموکراسیەوە. دواتر لەم بەشەدا، ئاماژە بە هەندێ لەم رێسایانە دەکەین، بە پەلە تەنیا گەرەکمە ئەوە روون بێتەوە کە بۆچی پێم وایە تێگەیشتنی مارکسیستی بۆ توندوتیژی، یەکێك لەو خاڵانەیە کە لە هەموو شیکردنەوەیەکی ڕێنماییەکانی مارکسدا دەبێ بۆی بگەڕێینەوە.

## ۳

دەتوانین مارکسیستەکان بە پێی راڤەیان بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتی بەسەر دوو گروپی سەرەکیدا دابەش بکەین: باڵی توندڕۆ {یان رادیکاڵ} و باڵی میانەڕۆ. ئەم پۆلێن کردنە کەم و زۆر (بەڵام نەك بە وردی) لەگەڵ جیاوازی نێوان حزبە کۆمۆنیست و سۆسیال دیموکراتەکاندا هاوجووتە[۱۱].

زۆربەی کات مارکسیستەکان سەرەلەقێ دەکەن لەمەڕ دوان لەم بابەتە کە ئایا شۆڕشی توندوتیژانە ((پاکانە))ی بۆ دەکرێ یان نا و دەڵێن ئێمە مامۆستای ئەخلاق نین. زانا و ئەهلی زانستین و خەریکی واقعیەتی ئەو شتەین کە هەیە یان دەبێت، نەك لەگەڵ ئەو شتەی دەبێ هەبێت. بەجۆرێکی تر، هەندێ پێغەمبەرن کە پێشگۆیی مێژوو دەکەن و لە سنووری ئەوەی چی رووددەدات، پێ درێژتر ناکەن. بەڵام با گریمانەی ئەوە بکەین کە توانیومانە رازیان بکەین لەمەڕ پاساو هەڵگری شۆڕشی کۆمەڵایەتی بدوێن. لەم حاڵەتەدا، بەبڕوای من، بۆمان دەردەکەوێ کە هەموو مارکسیستەکان لە بنچینەدا لەگەڵ ئەم بۆچوونە کۆنە هاوڕان کە شۆڕشی توندوتیژانە تەنیا بە مەرجێ پاکانە هەڵگرە کە دژی حکومەتی ملهوڕانە ئەنجام بدرێت. بەڵام لێرە بە دواوە بیروباوەڕی ئەم دوو باڵە جیاوازی تێ دەکەوێت.

باڵی توندڕۆ {یان رادیکاڵ} پێ لەسەر ئەم بیروباوەڕە دادەگرێت کە بەپێی ڕێنماییەکانی مارکس، هەر چەشنە حکومەتێکی چینایەتی حەتمەن، دیکتاتۆری، واتە حکومەتی ملهوڕی و زۆرەملێیە[١٢]. کەواتە، دیموکراسی راستەقینە تەنیا بە سەقامگیرکردنی کۆمەڵگایەکی بێ چین و داڕووخاندنی دیکتاتۆری سەرمایەداری بە دەست دێت، ئەگەرچی ئەم کارە پێویستی بە پەنا بردنەبەر توندوتیژیش هەبێت. باڵی میانەڕۆ لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا کۆك نییە و شێلگیرانە لەسەر ئەو بڕوایەیە کە تەنانەت لەژێر سیستەمی سەرمایەداریشدا ئەگەری وەدیهێنانی دیموکراسی تاڕادەیەك لە ئارادایە و هەر بۆیە، دەرفەتی ئەوە هەیە شۆڕشی کۆمەلایەتی لە ڕێگای ئامرازی ئاشتیانە و بەهۆی ریفۆرمی لەسەرخۆ ئەنجام بدرێت. بەڵام تەنانەت باڵی میانەڕۆش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ڕوودانی ئەم جۆرە گۆڕانکارییە هێمن و ئاشتیانەیە یەکلاکەرەوە نییە و ئاگادارمان دەکاتە کە ئەوە بۆرژوازییە کە کاتێ بۆی دەرکەوێت لەوانەیە لە مەیدانی دیموکراسیدا بەکرێکارەکان بدۆڕێنێ، رەنگە پەنا بۆ توندوتیژی ببات. لەم ڕووەوە، باڵی میانەڕۆ بانگەشەی ئەوە دەکات کە کرێکاران مافی خۆیانە قەرەبووی بکەنەوەو حکومەتی خۆیان لە ڕێگای ئامرازی توندوتیژانەوە سەقامگیر بکەن[١٣]. هەر کام لە دوو باڵەکە بانگەشەی ئەوە دەکات نوێنەری مارکسیزمی راستەقینەی مارکسە و بەمانایەك هەردوولا لەسەر هەقن، چونکە هەروەك پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد، بیروبۆچوونی مارکس لەم پانتاییەدا، بەهۆی ڕێبازە مێژووگەراییەکەی، تاڕادەیەك دوولایەنە. سەرەڕای ئەمە، پێدەچێت مارکس لە ماوەی تەمەنی دا بیروباوەڕەکانی خۆی گۆڕیبێت و لە توندڕۆی (یان رادیکالیزم)ـەوە دەستی پێکردبێت و دواتر هاتبێتە سەر هەڵوێستێکی میانەڕۆیانەتر[١٤].

سەرەتا **هەڵوێستە رادیکاڵەکەی** تاوتوێ دەکەین. بەبڕوای من، تەنیا ئەم هەڵوێست و تێڕوانینە لەگەڵ بابەتەکانی کتێبی سەرمایە و سەرانسەری رەوتی بەڵگەخوازییە پێشگۆییانەکانیدا سازگارە. بیروباوەڕی بنەڕەتی مارکس لە کتێبی سەرمایەدا ئەوەیە کە دەبێ بەرامبەرێتی و دوژمنایەتی نێوان سەرمایەدار و کرێکار حەتمەن زیاد ببێت و هەر چەشنە سازشێك محاڵە. لەم ڕوویەوە، سەرمایەداری بۆ ریفۆرم ناشێت و تەنیا دەبێ لەناو بچێت. ئێستا ڕێك ئەم پارچە سەرەکییە کە مارکس تێیدا ((مەیلی مێژوویی سەرمایەداری بۆ کەڵەکەکردن)) بەشێوەیەکی دوماهی کۆکردۆتەوە، لە کتێبی سەرمایە وەردەگرین. دەنووسێت[١٥]:



> هاوکات لەگەڵ کەمبوونەوەی ڕێك و پێکی ژمارەی سەرمایەدارە گەورەکان کە هەموو ئیمتیازاتەکانی رەوتی پەرەسەندنیان داگیرکردووە و تایبەتیان کردووە بە خۆیان، بەستێنی هەژاری و بێنەوایی و ستەم و بەندایەتی و سووك و چروکی و بەهرەکێشی زیاد دەبێت، بەڵام لە هەمان کاتدا توڕەیی و هەڵچوونی کرێکارانیش دەچێتە سەر کە تاکەکانی بەردەوام زۆرتر دەبێت و بەهۆی هەمان میکانیزمەکانی شێوازی بەرهەم هێنانی سەرمایەدارییەوە، دیسپلین و یەکێتی و ڕێکخراو پێك دێنن. هەمان شێوازی بەرهەمهێنان کە وێرای مۆنۆپۆلی سەرمایە و لەژێر ئەودا گەشەی کردووە، دواجار دەبێتە لەمپەرێك لەبەردەم {مۆنۆپۆلگەری}دا. چەقبەستنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لەدەست ژمارەیەکی کەمدا و ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی {هێزی} کار دەگاتە شوێنێکی ئەوتۆ کە پۆشەری سەرمایەداری تووشی هەناسە تەنگی دێت و دەدڕێت. کاتژمێری {مەرگی} خاوەندارێتی تایبەت هاتووە. لە رفێنەری خاوەنداریخوازەکان، خاوەندارێتی دەسێنرێتەوە.

بە وەبەرچاو گرتنی ئەم دەستەواژە سەرەکیانە، پێم وانییە هیچ گومانێك مابێتەوە کە کرۆکی ناوەندی ڕێنماییەکانی مارکس لە کتێبی سەرمایەدا، محاڵ بوونی چاکسازی سەرمایەداری و پێشگۆیی کردنی ڕووخاندنی توندوتیژانەیەتی- ئەو دۆکترینەی کە لەگەڵ بۆچوونی باڵی توندڕۆدا هاوجووتە و بە باشترین شێوە لەگەڵ بەڵگەخوازیە پێشگۆیانەکەی جێگەی مەبەستی ئێمەدا دەگونجێت. ئەگەر پێشەکی دووەمین هەنگاو و هەروەها یەکەمین دەرەنجام بە بەڵگەنەویست لە قەڵەم بدەین، ئەوا بێگومان پێشگۆیی شۆڕشی کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە بەم جۆرە کە لەو دەستەواژانەدا هاتووە و لە کتێبی سەرمایە وەرمانگرت و (هەروەها سەرکەوتنی کرێکاران هەروەك لە بەشی رابردوودا ئاماژەمان بۆ کرد). لەڕاستیدا، چەتونە بتوانین چینی کرێکاران بێنینە بەرچاوی خۆمان کە سەرانسەر یەکگرتوو و بەتەواوی خودان ئاگایی چینایەتی بن و ئەگەر بێنەوایی و هەژارییەکەی لە ڕێگای ئامرازی ترەوە کەم نەکرێتەوە، سەرەنجام بە ورەیەکی پۆڵاینەوە هەوڵی داڕماندنی سیستەمی کۆمەڵایەتی نەدات. وەلێ ئەم دۆخە بێ مسداقە بوونی دەرەنجامی دووەم رەفز ناکاتەوە، چونکە هەروەك دەرمانخست، یەکەمین دەرەنجام بێ مسداق و خەوشدارە و خودی پێشەکی بە تەنیایی- واتە

زیادبوونی سامان و هەژاری- حەتمیەتی شۆڕشی کۆمەڵایەتی لێ ناکەوێتەوە. هەروەك پێشتر لە شیکردنەوەی یەکەمین دەرەنجامدا جەختمان لەسەر کرد، تەنیا دەتوانین بڵێین راپەڕین و یاخیبوون حەتمیە، بەڵام لەبەر ئەوەی نەدەتوانین لە یەکێتی چینایەتی دڵنیا بین و نە لە گەشەی ئاگایی چینایەتی، ناتوانین ئەم جۆرە راپەڕینانە بە شۆڕشی کۆمەڵایەتی لە قەڵەم بدەین. (تەنانەت پێویست ناکات ئەم جۆرە راپەڕینە سەرکەوتووش بێت، کەواتە، گریمانەی ئەوە کە ئەم جۆرە یاخیبوونانە بە مانای شۆڕشی کۆمەڵایەتیە، لەگەڵ سێیەمین هەنگاوی {بەڵگەخوازیدا} ناگونجێت).

بە پێچەوانەی هەڵوێستی رادیکاڵ کە لانی کەم بە باشی لەگەڵ بەڵگەخوازی پێشگۆیانەدا سازگارە، **هەڵوێستی میانەڕۆیی** یەکڕاست ئەم بەڵگەخوازییە وێران دەکات. بەڵام هەروەك پێشتر وتمان، ئەم هەڵوێستەش پشت بە ئوتوریتەی مارکس دەبەستێت. تەمەنی مارکس هێندە درێژ بۆوە کە بەچاوی خۆی ئەو ریفۆرمانەی بینی کە بە محاڵی لە قەڵەم دەدا. بەڵام هەرگیز بیری لەوە نەکردەوە کە باشبوونی بارودۆخی کرێکاران لە هەمان کاتدا تیۆرەکەی ئەویش پووچەڵ دەکاتەوە. تێگەیشتنی بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتی، لە بڕوای بە مێژووگەراییەوە سەرچاوەی گرتووە و بەم تێگەیشتنە دوو ڕوویە، ئەم جۆرە ریفۆرمانەی بە دەروازە[١٦] یان تەنانەت سەرتایی شۆڕشی کۆمەڵایەتی لە قەڵەم دەدا. ئینگلس دەڵێت[١٧] مارکس گەیشتە ئەم دەرەنجامە کە بە هەر حاڵ لە ئینگلتەرا، ((شۆڕشی کۆمەڵایەتی حەتمیە و لەوانەیە بە تەواوی لە رێگای ئامرازی هێمنانە و بەشێوەیەکی یاسایی بە ئەنجام بگات. هەڵبەتە ئەو هەمیشە ئەوەشی زیاد دەکرد کە پێش بینی ئەوە ناکات چینی دەسەڵاتداری ئینگلتەرا 'بەبێ و یاخیبوون بۆ لایەنگری کرد لە کۆیلایەتی'[٧]، مل بۆ ئەم شۆڕشە ئاشتەوایی و یاساییە بدات)). ئەم راپۆرتە لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەو نامەیەدا دەگونجێت کە مارکس سێ ساڵ بەر لە مردنی نووسیویەتی[١٨]: ((حزبی من ... شۆڕش لە ئینگلتەرا بەحەتمی نازانێت، تەنیا بە پێی پێشینەیی مێژوویی، بە ممکینی لە قەڵەم دەدات)). دەبێ ئاگادار بین کە لانی کەم یەکەمین وتە کە وەرمانگرت بە ئاشکرا دەربڕی تیۆری ((باڵی میانڕۆ)) یەکە پێیان وایە ئەگەر چینی دەسەڵاتدار خۆی بەدەستەوە نەدات، ئەوا توندوتیژیخوازی ناچاری دەبێت.

7. Pro – slavery rebellion



بەبڕوای من، تیۆری میانڕۆیی ناوبراو، ئەو بەڵگەخوازییە یەکڕاست لەناو دەبات کە بەمەبەستی پێشگۆیی ئەنجام دراوە[١٩]، چونکە بە چەشنێکی لاوەکی دلالەت لە بوونی هەلی سازش و ئەگەری ریفۆرمی لەسەرەخۆی سەرمایەداری و کەواتە، کەمبوونەوەی بەرامبەرێتی و دوژمنایەتی چینایەتی دەکات، ئەوە لەکاتێك دایە کە تاکە بنچینەی بەڵگەخوازی جێگەی مەبەستمان، زیادبوونی ئەم جۆرە دوژمنایەتیەیە. هیچ پێویستیەکی لۆژیکی لە ئارادا نییە بۆچی دەبێت ریفۆرمی لەسەرەخۆ کە لەسەر بنەمای سازش دامەزراوە، وێران بوونی تەواوی سەرمایەداری لێ بکەوێتەوە، بۆچی ئەو کرێکارانەی کە بەتاقیکردنەوە فێربوونە بارودۆخیان لە رێگای ریفۆرمی لەسەرەخۆ باش دەبێت، نابێ درێژەی ئەم میتۆدە پەسند بکەن، ئەگەرچی ئەم میتۆدە بە ((سەرکەوتنی تەواو)) واتە خۆ بەدەستەوەدانی چینی دەسەڵاتدار کۆتایی بێت، بۆچی نابێت لەجیاتی ئەوەی لەگەڵ بۆرژوازیدا سازش بکەن و ئامرازەکانی بەرهەم هێنان بۆ خاوەندارێتی ئەو بەجێ بهێڵن، بەخستنەڕووی ئەو خواستانەی کە رەنگە پێکدادانی توندوتیژی لێبکەوێتەوە، هەر چییەکیان بەدەست هێناوە، بە یەکجار بخەنە ژێر مەترسییەوە. تەنیا بەمەرجێك دەتوانین پێشگۆیی بکەین کە کرێکاران ناچار دەبن سەرانسەری سیستەمەکە لە بەریەك هەڵوەشێنن کە گریمانەی ئەوە بکەین ((پرۆلیتاریا جگە لە زنجیرەکانیان هیچیان نییە لە دەستی بدەن))[٢٠] و ئەوە بە بەڵگەنەویست لە قەڵەم بدەین کە یاسای هەژاری روو لە زیاد خودان مسداقیەتە یان لانی کەم ریفۆرم نا ممکین دەکات. کەواتە ئەگەر ((شۆڕشی کۆمەڵایەتی)) بە ((پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی)) راڤە بکرێت، بەڵگەخوازی مارکسیستی لە هەنگاوی یەکەمەوە تا دواین هەنگاو یەکڕاست دادەڕووخێت و تاکە شتێك کە لە مارکسیزم بەجێ دەمێنێت، شێوازی مامەڵەی مێژووگەراییە. کەواتە، ئەگەر بڕیار بێت یەکێك بەردەوام لە هەوڵی پێشگۆیی مێژوویی دابێت، پێویستە ئەم پێشگۆییە لەسەر بنەمای بەڵگەخوازییەکی تەواو نوێ دابڕێژێت.

ئەگەر گەرەکمان بێت بەپێی بیروباوەڕی دواتری مارکس و بیروبۆچوونی باڵی میانڕۆ، لە هەمان کاتدا کە گۆڕاناکاری لە بەڵگەخوازیدا پێك دێنین، بنچینەی تیۆرەکەش هەرچی زیاتر بپارێزین، دەبێ بەڵگەکانمان یەکڕاست لەسەر ئەم بانگەشەیە دابمەزرێت کە چینی کرێکار لە ئێستادا نوێنەری **زۆرینەی** خەڵکە یان رۆژێك لە ئایندەدا دەبێتە {نوێنەری زۆرینە}. بەڵگەخوازییەکی ئەوتۆ دەبێ بەم چەشنەی خوارەوە رێك بخرێت. ((شۆڕشی کۆمەڵایەتی)) (کە ئێستا تەنیا بە مانای زیادبوونی ململانێی چینایەتی نێوان سەرمایەداران و کرێکارانە) دواجار گۆڕانکاری لە

سەرمایەداریدا پێك دەهێنێ، ئەم شۆڕشە ڕەنگە بە شێوازی لەسەرەخۆ و دیموکراتیك بەرەو پێش بچێت یان توندوتیژانە بێت یان بەنۆرە فۆڕمی لەسەرەخۆ و توندوتیژانە وەربگرێت، هەموو ئەم بارودۆخانە پەیوەندییان بە بەرەڤانی بۆرژوازییەوە هەیە، بەڵام بەهەر حاڵ، و بەتایبەتی ئەگەر ئەم ڕەوتە چۆنایەتییەکی ئاشتیانە بەخۆوەبگرێت دەبێ ئەوەی لێ بکەوێتەوە کە هەروەك چۆن لە **مانیفێستی** {کۆمۆنیست}دا هاتووە[٢١]، کرێکاران لە ((پلەوپایەی چینی دەسەڵاتدار))دا قەرار بگرن و لە ((خەباتی ڕێگای دیموکراسی))دا سەرکەوتن بەدەست بێنن، چونکە ((بزاڤی پرۆلیتاریا، بزاڤێکی سەربەخۆ و خودئاگایی زۆرینەی مەزنی {خەڵك}ـە، لەپێناو سوودی هەمان ئەم زۆرینە مەزنەدا)).

دەبێ ئاگاداربین کە پێشگۆیی {مارکس} تەنانەت بەم شێوە میانڕۆ و گۆڕاوەش دیسان بەم هۆیانەی خوارەوە بۆ داکۆکی لێکردن ناشێت. ئەگەر دەرفەتی ریفۆڕمی لەسەرەخۆ قبوڵ بکەین، دەبێ واز لە تیۆری هەژاری روو لە زیاد بێنین. بەڵام لەم حاڵەتەدا، بانگەشەی ئەوە کە دەبێ رۆژێك لە رۆژان کرێکارە پیشەسازییەکان ((زۆرینەی مەزنی {خەڵك})) پێك بێنن، تەنانەت لە رواڵەتیشدا پاساو هەڵگر نابێت. بەچەشنێکی لاوەکی تیۆری ناوبراو هەرگیز گرنگی پێویستی بە جوتیار و وەرزێرەکان نەداوە. بەڵام ئەگەر یاسای هەژاری روو لە زیاد کە بڕیار وایە چینی ناوەڕاست بۆ ئاستی پرۆلیتاریا دابەزێنێت، خۆی لە مسداقیەت بێ بەری بێت، نابێ سەرمان بسوڕمێت کە چینی ناوەڕاست بە ئەندامە زۆرەکانیەوە بەردەوام درێژە بە بوونی خۆی بدات (یان چینێکی ناوەڕاستی نوێ سەرهەڵبدات) و بۆ دژایەتی کردنی هاتنە سەرکاری چینی کرێکار، لەگەڵ چینە ناپرۆلیتارییەکانی تردا هاوکاری بکات و هیچ کەسیش نەتوانێت بە لێبڕان و یەقینەوە بڵێت کە ئەنجامی ئەم زۆرانبازی و پێکدادانە چی دەبێت. راستی ئەوەیە کە، بە پێچەوانەی رابردوو، ئامار پێشاندەری زۆربوونی ژمارەی کرێکارە پیشەسازییەکان نییە بە نسبەت چینەکانی ترەوە. تەنانەت سەرەڕای درێژەی کەڵەکە بوونی ئامرازەکانی بەرهەم هێنان، مەیلەکە بە ئاڕاستەیەکی پێچەوانە دەبینرێت. ئەم راستیە بە تەنیا بەسە بۆ لە مسداقیەت خستنی بەڵگەخوازییە گۆڕاوەکە کە لە پێناو پێشگۆیی کردن خراوەتە روو. ئەوەی دەمێنێتەوە ئەم شتە گرنگە بینراوەیە کە ریفۆرمی کۆمەلایەتی، زیاتر[٢٢] لە ژێر کاریگەری فشاری ستەم لێکراوەکان- یان ئەگەر کەسێك ئەم زاراوەی پێ باشتر بێت، لەژێر کاریگەری فشاری ململانێی چینایەتی- ئەنجام دەدرێت (کە ئەمەش لە هەڵسەنگاندن بە پێودانگە پڕ زەوق و بەرقەکانی



پێشگۆییە مێژووگەراییەکان، زۆر بچووك و بێ بایەخە). بەجۆرێکی تر، رزگاریی ستەم لێکراوەکان بەشێوەیەکی گشتی بەرهەمی هەوڵدانی خۆیانە[٢٣].

٤

بەڵگەخوازی بە مەبەستی پێشگۆیی کردن، بەهەر جۆرێك- چ رادیکال و چ میانڕۆیانە- راڤەبکرێت، بۆ بەرگری لێکردن و نۆژەن کردنەوە ناشێت. بەڵام بۆ تێگەیشتنێکی تەواو لەم بارودۆخە، پووچەڵ کردنەوەی پێشگۆیی تەنانەت بەشێوەیەکی گۆڕاویش بەس نییە. دەبێ زێدەتر لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم هەڵوێستە **دووڕووە سەبارەت بە پرسی توندوتیژی**، ئەنجام بدەین کە لە حزبە توندڕۆ و میانڕۆ مارکسیستەکان دەبینرێت. قسەی من ئەوەیە کە ئەم تێڕوانینە کاریگەرییەکی شایانی باسی لەسەر ئەم پرسە هەیە کە ئایا ((خەبات لە ڕێگای دیموکراسی))دا سەرکەوتن بەدەست دێنێت یان نا، چونکە لەهەر شوێنێك باڵی میانڕۆی مارکسیست هەڵبژاردنی گشتی برۆتەوە یان لە سەرکەوتن نزیك بۆتەوە، لە ڕواڵەتدا یەکێك لە بەڵگەکانی ئەوەبووە کە بەشێکی زۆری چینی ناوەڕاستی بۆ لای خۆی راکێشاوە. هەڵبەتە ئەمە بەهۆی هەڵوێستی مرۆڤدۆستانە و ئازادیخوازانەی تاکەکانی ئەم باڵە و دژایەتی کردنیان لەگەڵ زوڵم و ستەم بووە. بەڵام لەبەر ئەوەی هەڵوێستیان لە هەمبەر پرسی توندوتیژیخوازی بەردەوام دووڕوو و هەڵگری دژایەتی بووە، سەرنجراکێشیەکەیانی بەتاڵ کردۆتەوە و بە سوودی دوژمنانی دیموکراسی و نەیارانی مرۆڤدۆستی، واتە فاشیستەکان کۆتایی پێهاتووە.

دوو جۆرە دووروبێژی یان دژایەتی لە تیۆری ماکسیستیدا هەیە. ئەم دووڕووبێژییە پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ یەکتردا هەیە و لەڕووی باسەکەی ئێمەوە، هەردووکیان گرنگن. یەکێکیان، هەڵوێستی دووڕوویە سەبارەت بە پرسی توندوتیژیخوازی کە بنەماکەی لەسەر ڕێچکەی مێژووگەرایانە دامەزراوە. ئەویتریان، دووڕووبێژی ماکسیستەکانە لەمەڕ ئەوەی لە **مانیفێستی** {کۆمۆنیست}دا بە ((داگیرکردنی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن پرۆلیتاریا))ـەوە ناوزەد کراوە[٢٤]. مانای ئەم دەستەواژەیە چییە؟ لەلایەکەوە رەنگە واتاکەی ئەوەبێت- هەرچەندە هەندێ جار بەم شێوەیەش راڤە دەکرێت- کە حزبی کرێکاران وەك هەموو حزبێکی دیموکراتیکی تر، ئامانجەکەی بریتییە لە وەدەست هێنانی زۆرینە و پێك هێنانی حکومەت- ئەو ئامانجەی کە ناتوانین بڵێین ئازار بە هیچ کەسێك دەگەیەنێت. بەڵام لەلایەکی ترەوە لەوانەیە بەم مانایە لێك بدرێتەوە- هەرچەند بە ئاماژە و کینایە بەزۆری لەلای ماکسیستەکان بەم

مانایەش ڕاڤە دەکرێت- کە حزب هەر کە بە دەسەڵات گەیشت، گەرەکیەتی لە شوێنگەی دەسەڵاتدا سەنگەر بگرێت و یاخود بەجۆرێکی تر، بە چەشنێك سوود لەو زۆرینەیە وەربگرێت کە بە دەستی هێناوە کە وەرگرتنەوەی دەسەڵات بەشێوە ئاساییە دیموکراتیکەکان بۆ ئەوانیتر زۆر دژوار بێت. جیاوازی نێوان ئەم دوو ڕاڤەیە زۆر گرنگە. هەر حزبێك کە لە کەمینە دایە ئەگەر حزبێکی تر، جا چ بە پەنابردن بۆ توندوتیژی یان بە سوود وەرگرتن لە رای زۆرینە، سەرکوت بکات، بە چەشنێکی لاوەکی مافی ئەو حزبە پەسند دەکات بۆ ئەنجامدانی هەمان ئیش کە بە کردەوە زۆرینەی بەدەست هێناوەو لەڕووی ئەخلاقیەوە مافی سکاڵا و شکایەت لە سەرکوت کردن لەخۆی دەسێنێتەوە و لە ڕاستیدا، بیانوویەك دەخاتە بەردەست گروپەکانی ناو حزبی دەسەڵاتدار کە دەیانەوێت لە ڕێگای زۆرەملێوە نەیارەکان سەرکوت بکەن.

بۆ کورت کردنەوە، ئەم دوو جۆرە دووڕووبێژییە بەڕێز ناو دەنێم، **دووڕووبێژی لە پیادەکردنی توندوتیژی و دووڕووبێژی بۆ داگیرکردنی دەسەڵات**. ڕەگی دووچەندانی ئەم دووڕووبێژیانە یەکێکیان ئەو لێڵییەیە[8] کە لە ڕێچکەی مێژووگەراییدا پەنهانە و ئەویتریان بۆ ئەو لێڵیە دەگەڕێتەوە کە لە تیۆری مارکسیستی سەبارەت بە دەوڵەت بوونی هەیە. ئەگەر زۆرەملێی چینایەتی لە خودی دەوڵەتدا ڕسکابێت، دەبێ بگەینە ئەم دەرەنجامە کە، یەکەم، توندوتیژیخوازی ڕەوایە و دووەم، جگە لە نیشتەجێ کردنی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا لە جێگەی دیکتاتۆری بۆرژوازی هیچ چارەیەکی تر نییە و هەر کەس نیگەرانی دیموکراسی ڕواڵەتی بێت، بێ بەشە لە هۆشیاری مێژوویی، چونکە وتەکەی لینینی لەیاد کردووە کە دەیگوت{٢٥}:
((دیموکراسی ... تەنیا یەکێك لە قۆناغەکانی ڕەوتی پەرەسەندنی مێژوویە)).

هەردوو جۆر دژایەتی و دووڕووبێژی خودان پشکن لە تیۆرە تاکتیکیەکانی باڵی توندڕۆ و باڵی میانڕۆداو هەڵبەتە ئەمە بە تەواوی دەرك دەکرێت، چونکە سوود وەرگرتنی ڕێك و پێك لە دووڕووبێژی ئەو دەرفەتە بە هەردوو باڵەکە دەدات بۆ ئەوەی ئەو پانتاییە بەرفراوانتر بکەن کە گەرەکیانە تێیدا خەریکی ڕاکێشانی پەیڕەوکارەکانیان بن. بەڵام باشی ئەم تاکتیکە ڕەنگە لە هەستیارترین چرکەساتەکاندا هەندێ کێماسیش بخاتەوەو هەر کاتێ توندڕۆترین ئەندامەکان بیر لەوە بکەنەوە کە کاتژمێری کردەوەی توندوتیژانە هاتووە، درزو کەلێنی لێ بکەوێتەوە. ئەو دەستەواژانەی کە ئێستا ئاماژەیان بۆ دەکەین و لە شیکردنەوەی ڕەخنەگرانەی ئەم دواییانەی

8. vagueness



پارکس[9] لەمەڕ مارکسیزمەوە گوڵبژێر کراوە، گەواهێکە بۆ ئەوەی، چۆن لەوانەیە باڵی توندڕۆ سوودێکی ڕێك و پێك لەم دووڕووبێژییە وەربگرێت بۆ پیادەکردنی توندوتیژی{٢٦}. دەنووسێت: ((لەبەر ئەوەی حزبی کۆمۆنیستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕایگەیاندووە کە نەك هەر ئێستا لایەنگری شۆڕش نییە، بەڵکو هەرگیز لە ڕابردووشدا لایەنگری لێ نەکردووە، جێگەی خۆیەتی چەند ڕستەیەکی بەرنامەی ئەنترناسیۆنال کۆمۆنیست (کە لە ١٩٢٨ داڕێژراوە) ڕێك وەك خۆی لێرەدا بنووسینەوە)) بەشێك لەو پارچەیەی کە پارکس لەم بەرنامەیەی وەرگرتووە بەم جۆریەیە:

> داگیرکردنی دەسەڵات لەلایەن پرۆلیتاریاوە بە مانای ((بەدەستەوە گرتنی)) جڵەوی دەوڵەتی حازرو ئامادەی بۆرژوانییە بەشێوەی ئاشتیانە و بە پشت بەستن بەڕای زۆرینەی پەرلەمان... داگیر کردنی دەسەڵات... واتە داڕماندنی توندوتیژانەی دەسەڵاتتی بۆرژوا و لەناوبردنی ماشێنی دەوڵەتی سەرمایەداری... حزب... ئەم ئەرکەی لەسەر شانە کە ڕێبەرایەتی جەماوەر بکات بۆ هێرشی ڕاستەوخۆ بۆ سەر دەوڵەتی بۆرژوا. ئەو کارە بەهۆی... پڕوپاگەندە... و... چالاکی بەرینی جەماوەری ئەنجام دەدرێت... چالاکی بەرینی جەماوەری دواجار... مانگرتنی گشتی، هاوکات لەگەڵ ڕاپەڕینی چەکدارانەی لەخۆ دەگرێت... کردەوەی دووەمیان {ڕاپەڕینی چەکداری}... کە بەرزترین فۆرمی کردەوەیە، دەبێ بەپێی ڕێساکانی جەنگ بە ئەنجام بگات.

کەواتە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم جۆرە بەرنامەیە بە هیچ چەشنێك دووڕوو نییە. بەڵام ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی کە حزب سوودێکی ڕێك و پێك لە دووڕووبێژی لەمەڕ پیادەکردنی توندوتیژی وەرنەگرێت و بەپێی خواستی پێگەی تاکتیکی{٢٧} زاراوەی ((شۆڕشی کۆمەڵایەتی)) بە گۆڕانکاری ئاشتیانە ڕاڤە نەکات و بۆ هەڵوێستی ئاشتی و پێك هەڵکردن پاشەکشێ نەکات. سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە هەموو ئەم کارانە لە کاتێکدا ئەنجام دەدرێت کە دواین بەندی **مانیفێستی** {کۆمۆنیست} (کە لە بەرنامەی ١٩٢٨دا پارێزراوە) بەڕاشکاوی دەڵێت{٢٨}: ((کۆمۆنیستەکان شەرم لە حەشاردانی بۆچوون و ئامانجەکانی خۆیان دەکەن و

9. H.B. Parks

بەڕاشکاوی رایدەگەیەنن کە گەیشتن بە ئامانجەکانیان ممکین نییە تەنیا بە رووخاندنی توندوتیژانەی هەموو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییە هەنووکەییەکان نەبێت...)).

بەڵام گرنگتر ئەوەیە چۆن باڵی میانەڕۆ سوودێکی رێك و پێکیان هەم لە دووڕوویێژی بۆ پیادەکردنی توندوتیژی و هەم لە دووڕوویێژی بۆ داگیرکردنی دەسەڵات وەرگرتووە. ئینگلس شێوازی ئەم کارەی لەسەر بنەمای بیروبۆچوونە میانەڕووترەکانی مارکس گەشەپێداو چێی کرد کە پێشتر وەرمانگرت و ئەم خۆی گۆڕاوە بۆ دۆکترینێکی تاکتیکی و کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر گۆڕانکارییەکانی دواتر داناوە. رەنگە بکرێ ئەم دۆکترینە بەم چەشنە دەربڕین[٢٩]: ئێمە مارکسیستەکان، ئەگەر لە توانامان دابێت، گۆڕانکاری ئاشتیانە و دیموکرات بەرەو سۆسیالیزم بە باشتر دەزانین. بەڵام لەبەر ئەوەی لە سیاسەتدا واقیع بینین، پێش بینی ئەم ئەگەرە دەکەین کە بۆرژوازی هێمن و گوێڕایەڵ نەکشێتەوەوە هەر تەنیا بە نزیك بوونەوەمان لە وەدەست هێنانی زۆرینە، هەوڵی لەناوبردنی دیموکراسی بدات. لەم حاڵەتەدا، بێ ئەوەی نێوچاوانمان گرژ بکەین، دەبێ بجەنگین و دەسەڵاتی سیاسی داگیربکەین و لەبەرئەوەی ئەم ئەگەرەمان لە پێشە، دەبێ کرێکارەکان ئامادە بکەین بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵیدا،ئەگینا خیانەتمان لە ئایدیایی خۆمان کردووە. ئینگلس لەم بارەیەوە دەنووسێت[٣٥]: ((ئێستا پاراستنی یاسا هێندە بە سوودی ئێمەیە کە تا ئەم رەوشە درێژەی هەیە، شێتین ئەگەر کۆتایی پێ بێنین. بەڵام دەبێ بۆمان دەرکەوێت ئایا ئەوە بۆرژوازی نییە کە یەکەمجار ... بۆ وردوخاش کردنی ئێمە لە رێگای توندوتیژییەوە، کۆتایی پێ دەهێنێت؟ **فەرموون بەرێزە بۆرژواکان، ئێوە گوللەی یەکەم بتەقێنن!** هەرگیز گوللە مەتەقێنن، ئەوان گوللەی یەکەم دەتەقێنن. بەرە بەیانیەك ... سەرەنجام بۆرژوازی بە بینینی زیادبوونی خێرایهێزی سۆسیالیزم وەزاڵە دەێت و پەنا دەباتە بەر بێ یاسایی و توندوتیژی)). ئەوە کە پاشان چی روودەدات، بەشێوەیەکی رێك و پێك لە پشت پەردەی دووڕوویێژیدا حەشار دەدرێت. لە پێناو هەڕەشەکردن سوود لەم دووڕوویێژییە وەردەگیردرێت، چونکە تۆزێك دواتر، ئینگلس رووی دەمی دەکاتە ((بەرێزە بۆرژواکان)) و دەڵێت: ((ئەگەر ... دەستوور بخەنە ژێر پێی خۆتانەوە ... حزبی سۆسیال دیموکرات سەربەست دەبێت دژی ئێوە کردەوە ئەنجام بدات یان نەدات- هەر کامێکی خۆی پێی باش بێت. بەڵام هەر چۆنێك بێت، ئەمرۆکە رازی خۆی لای ئێوە ئاشکرا ناکات کە چی دەکات!)).



جێگەی تێڕامانە کە ئەم بیرۆکەیە چەندە لەگەڵ وێنای سەرەکی مارکسدا جیاوازی هەیە کە پێش بینی دەکرد شۆڕش لە ئاکامی فشاری روو لە زیادی سەرمایەداری بۆ سەر کرێکارەکان روودەدات، نەك لە ئەنجامی فشاری روو لەزیادی بزاڤی سەرکەوتووی چینی کرێکار بەسەر سەرمایەدارەکاندا. ئەم سەنگەر گۆڕییە لەڕادەبەدەر جێگەی سەرنجە[٣١] و کاریگەری گۆڕانکارییەکی تایبەت لە کۆمەڵگادا پێشان دەدات کە ئەگەر وردبینەوە بۆمان دەدەکەوێت، کەمبوونەوەی هەژاری و بێنەوایی بووە. بەڵام بیرۆکە نوێیەکەی ئینگلس کە داهێنانی شۆڕشگێڕی یاخود بەجۆرێکی وردتر، دژی شۆڕشگێڕی بە چینی دەسەڵاتدار دەسپێرێت، لەڕووی تاکتیکیەوە پووچ و مەحکووم بەتێك شکانە. تیۆرە سەرەکیەکەی مارکس پێی دەگوتین کاتێ وەستان و بێ بازاڕی بگاتە ئەو پەڕی خۆی لە چرکەساتێکدا کە تێك تەپیی سیستەمی ئابووری، سیستەمی سیاسی لاواز دەکات، شۆڕشی کرێکاری بلێسە دەسێنێ و ئەم بارودۆخە یارمەتیەکی شایستە بە سەرکەوتنی کرێکاران دەکات. بەڵام ئەگەر بانگهێشتی ((بەڕێزە بۆرژواکان)) بکرێت گوللەی یەکەم بتەقێنن، ئایا تەسەرو دەکرێ ئەم بەرێزانە بەڕادەیەك گەمژە بن کە بە عەقڵ و دووربینی باشترین چرکەسات بۆ ئەم کارە هەڵنەبژێرین؟ ئایا تەدارەکێکی پێویست بۆ ئەم جەنگە ناکەن کە گەرەکیانە بێنە ناوی؟ و چونکە بەپێی ئەم تیۆرەی ئاماژەمان بۆ کرد، جڵەوی دەسەڵاتیان لەدەست دایە، ئەم تەدارەکە بەمانای مۆبۆلیزەکردنی ئەو هێزانە نییە کە کرێکاران لەرووبەڕووبوونەوە لە تەکیدا بچووکترین شانسی سەرکەوتنیان هەبێ؟ ناتوانین ئەم کێشەیە بە ئەنجامدانی چاکسازی لەم تیۆرەدا بەم چەشنە چارەسەر بکەین کە نابێ کرێکاران چاوەڕوانی گورزی نەیار بن، بەڵکو دەبێ بەرەو رووی بچن، چونکە لە تیۆرەکەدا وا گریمانەکراوە کە لە پێش بوون بۆ ئامادەیی و تەدارەك هەمیشە بۆ سەرچاوەکانی دەسەڵات ئاسانترە- واتە ئەگەر کرێکاران دار و تێڵایان هەبێت، ئەوان دەتوانن چەك ئامادە بکەن، ئەگەر کرێکاران دەست بدەنە چەك، ئەوان دەتوانن تۆپ بێننە مەیدانەوە، ئەگەر کرێکاران تەدارەك بۆ هێنانی تۆپ بکەن، لایەنی بەرمبەر دەتوانی فڕۆکەی بۆمب هاوێژ بێنێتە گۆڕەپانی جەنگەوە و هەر بەم جۆرە تا کۆتایی.

## ٥

بەڵام هەرچەندە ئەم گیروگرفتە لایەنی پراکتیکی هەیە و بە تاقیکردنەوە پەسند کراوە، دیسان رووکەشانەیە. کەموکوڕی بیرۆکەی جێگەی باس رەگ و ڕیشەی قوڵتری هەیە. بەبڕوای من، گیروگرفتەکە لەوەدایە کە رەنگە هەم پێشگریمانەی بیرۆکەکە و هەم دەرەنجامە تاکتیکیەکانی، رێك هەمان بەرچەکرداری دژە دیموکراتیك لە بۆرژوازیدا پێك بێنێت کە لە خودی بیرۆکەکەدا پێش بینی کراوە بەڵام (بە دووروویبێژی) بانگەشەی بێزاربوونی لێدەکرێت- واتە فاکتەری دژە دیموکراسی لە بۆرژوازیدا تیژ دەکات و جەنگی ناوخۆی لێدەکەوێتەوە و دەزانین رەنگە ئەم حاڵەتە بە تێك شکان و دەرکەوتنی فاشیزم کۆتایی بێت.

بە کورتی کێشەکە لەوەدایە کە هەر حزبێکی سیاسی گرنگ هەر کە بیرۆکەی تاکتیکی ئینگلسی- یان بە بەیانێکی گشتیتر، دووڕوویبێژی بۆ پیادەکردنی توندوتیژی و داگیرکردنی دەسەڵاتی- کردە رێچکەی نوێ، خولۆکەی دیموکراسی لە سوڕان دەوەستێت. کێشەی سەرەکی من لە رەخنەگرتن لەم گیروگرفتانە ئەوەیە کە دیموکراسی تەنیا بەمەرجێك کردەییە کە حزبە سەرەکییەکان بڕوایان بە تایبەتمەندییە ئەرکمەندییەکانی هەبێت. دەتوانین ئەم تایبەتمەندییانە بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێن بکەین (هەروەها بگەڕێنەوە بۆ بەشی حەوتەم، بڕگە ٢):

١-ئەگەرچی دەزگای هەڵبژاردنی گشتی خودان بەرزترین گرنگییە، بەڵام تایبەتمەندی دیموکراسی تەنیا لە حکومەتی زۆرینەدا سنووردار ناکرێت، چونکە لەوانەیە زۆرینە بە ملهوڕی و زۆرەملێ حکومەت بکات. (بۆ نموونە رەنگە زۆرینەی ئەو کەسانەی کە باڵایان کورتترە لە مەتریك و ٨٠ سانتیمەتر بڕیار بدەن دەبێ هەموو باجەکان ئەو کەمینەیە بیدات کە بە ژنیان لە مەتریك و ٨٠ سانتیمەتر بەرزترە). لە دیموکراسیدا، دەبێ دەسەڵات و سەڵاحیاتی حکومڕانەکان بەرتەسك بێت. پێودانگی دیموکراسی ئەوەیە کە لەم سیستەمەدا دەبێ خەڵکی ژێردەستە بتوانن بەبێ خوێنڕشتن حوکمڕانەکان- واتە حکومەت- لەسەرکار لاببەن. کەواتە، ئەگەر سەرچاوەکانی دەسەڵات خۆ لە زامن کردنی دەزگاکان ببوێرن کە ئەم دەزگایانە دەرفەتی چالاکی کەمینە دابین دەکات بۆ وەدەست هێنانی گۆڕانکاری ئاشتیانە، ئەوا حکومەتەکەیان ملهوڕانەیە.



٢-ئەوەندە بەسە حکومەتەکان تەنیا بەسەر دوو جۆردا دابەش بکەین: یەکەم، ئەو حکومەتانەی ئەم جۆرە دەزگایانەیان هەیە (واتە دیموکراسی) و دووەم، هەموو حکومەتەکانی تر (واتە حکومەتە ملهوڕەکان).

٣-بۆ ئەوەی بوونیادی یاسایی حکومەتێکی دیموکرات دوور بێت لە دژایەتی، دەبێ تەنیا یەك جۆر گۆڕانکاری لە سیستەمی حقوقیدا یاساغ بکات و ئەویش ئەو گۆڕانەیە کە چۆنایەتی و خەسڵەتە دیموکراتیکیەکەی بخاتە مەترسیەوە.

٤-لە دیموکراسیدا، نابێ پارێزگاری کردنی تەواو لە کەمینەکان ئەو کەسانە لەخۆ بگرێت کە لە یاسا سەرپێچی دەکەن و بەتایبەتی نابێ ئەو کەسانە لەخۆ بگرێت کە هانی ئەوانیتر دەدەن بۆ رووخاندنی توندوتیژانەی دیموکراسی.

لە پێکهێنانی ئەو دەزگایانەی کە گرانتی دیموکراسین، دەبێ هەمیشە لەسەر بنەمای ئەم گریمانەیە بچینە پێش کە هەم لەنێو ژێردەستەکان و هەم لە نێو حوکمڕانەکاندا، لەوانەیە حەزی دژە دیموکراتیك لە دۆخی مات و پەنهاندا بوونی هەبێت.

٦- ئەگەر دیموکراسی لەناو بچێت، هەموو مافەکان لەناو دەچن. تەنانەت ئەگەر هەندێ سەربوونی (مزایا) ئابووری بۆ خەڵکی ژێردەستە درێژەی هەبێت، تەنیا بە چاوپۆشی کردن و لەبەر ئەوەی هێشتا هەنگاو بۆ سەندنەوە و رفاندنی ئەم سەربوونانە ئەنجام نەدراوە، درێژەی دەبێت{٣٣}.

٧- دیموکراسی باشترین گۆڕەپان بۆ خەبات کردن لە پێناو وەدیهێنانی گۆڕانکاری عاقڵانە دابین دەکات، چونکە دەرفەت بۆ گۆڕانی خاڵی لە توندوتیژی دەڕەخسێنێت. بەڵام ئەگەر لە هەموو پێکدادانێکی تایبەتی لەم گۆڕەپانەدا، پاراستنی دیموکراسی بە بەرزترین تێبینی لە قەڵەم نەدرێت، ئەو حەزە دژە دیموکراتیانەی کە هەمیشە لە دۆخی ماتیدا بوونیان هەیە (و هەروەك لە بەشی دەیەمدا ئاماژەمان بۆ کرد، لەلای ئەو کەسانەی کەوتوونەتە ژێر فشاری شارستانیەت باش پەسند دەکرێت)، رەنگە ببێتە هۆکاری لەبەریەك هەڵوەشانی دیموکراسی. ئەگەر هێشتا دەرك کردنی ئەم پرنسیپە پێشڤەچوونی بەخۆوە نەبینیوە، پێویستە تێبکۆشین بۆ بەرەو پێش بردنی. لەوانەیە پێچەوانەی ئەم سیاسەتە، مەرگاوی بێت و تێك شکانی گرنگترین خەبات، واتە خەبات لە رێگای خودی دیموکراسی، لێ بکەوێتەوە.

لەبەرامبەر ئەم سیاسەتەدا، دەتوانین سیاسەتی حزبە مارکسیستەکان بەم تایبەتمەندییە جیا بکەینەوە **کە کرێکاران لەمەڕ دیموکراسیەوە بەدگومان دەکات**. بە وتەی ئینگڵس[٣٤]: ((لەڕاستیدا دەوڵەت هیچ نییە جگە لە ماشێنێك بۆ ستەمکاری چینێك بەسەر چینێکی تردا و ئەم حوکمە سەبارەت بە {سیستەمە} دیموکراسییەکانی کۆماری و حکومەتە پاشاییەکان وەکو یەك راستە)) ئەم جۆرە بیروبۆچوونە، ناچار ئەم ئاکامانەی لێ دەکەوێتەوە:

أ. سیاسەتێك دێنێتە ئاراوە کە گوناهی هەموو ئەو خراپە و ئافاتانە دەخاتە ملی دیموکراسی، کە دیمەکراسی لە توانایدا نییە پێشگیریان لێ بکات و ناتوانێ ئەوە دەست نیشان بکات کە پەیڕەوکارانی دیوکراسی گوناهبارن و زۆربەی کات لەم بەستێنەدا خەمساردی و سووچی کەمینەی نەیار لە زۆرینە کەمتر نییە. (هەموو کەمینەیەکی نەیار، شایستەی ئەو زۆرینەیە کە لە بەرامبەریدا وەستاوەتەوە).

ب. سیاسەتێك دێنێتە ئاراوە کە فێری خەڵکی ژێر دەستە دەکات، لەجیاتی ئەوەی دەوڵەت بە هی خۆیان بزانن بە هی حوکمڕانەکانی لەقەڵەم بدەن.

ج. سیاسەتێك دێنێتە ئاراوە کە بە خەڵك دەڵێت تاکە ڕێگای باشکردنی بارودۆخ، **داگیرکردنی تەواوی دەسەڵاتە** و ئەم خاڵە بەڕاستی گرنگە وەبەرچاو ناگرێت کە ئەرکی دیموکراسی کۆنتڕۆڵ کردنی دەسەڵات و پێك هێنانی هاوسەنگییە تێیدا.

ئەو سیاسەتانە، زەحمەتی هەوڵدان لە کۆڵی دوژمنانی کۆمەڵگای کراوە دەکاتەوە و تاوەرێکی پێنجەمیان دەخاتە بەردەست کە بێئەوەی بزانێت خەریکی وێران کردن دەبێت. **مانیفێستی** {کۆمۆنیست} هەر بەم چەشنە دوو ڕوویە دەڵێت[٣٥]: ((یەکەمین هەنگاو لە شۆڕشی چینی کرێکاردا، گەیاندنی پرۆلیتاریایە بە پلەوپایەی چینی دەسەڵاتدار، واتە سەرکەوتن لە خەبات لە ڕێگای دیموکراسیدا)). بەڵام من لە بەرامبەر ئەمەدا دەڵێم ئەگەر ئەم شتە بە یەکەمین هەنگاو لە قەڵەم بدەین، خەبات لە ڕێگای دیموکراسیدا تووشی هەرەس دەبێت.

ئەمانەیە دەرەنجامی گشتی بیرۆکەی تاکتیکی ئینگلس و ئاکامەکانی ئەو دووڕووبێژیانەی کە لە تیۆری شۆڕشی کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوە دەگرن کە دواجار دواین بەرەنجامەکانی پرسیاری ئەفلاتونە لەمەڕ کێشەی سیاسەت کە دەپرسێ: ((دەبێ کێ بەسەر وڵاتدا حکومەت بکات؟))



(بگەڕێنەوە بۆ بەشی حەوتەم). بەڵام ئیدی ئێستا کاتی پەند وەرگرتن هاتووە و دەبێ فێری ئەوە بین کە پرسیاری ((دەبێ کێ بەسەر وڵاتدا دەسەڵاتدار بێت؟)) پرسیارێکی زۆر بێ بایەخە لە بەرامبەر ئەم پرسیارەدا کە ((چۆن دەسەڵات پیادە دەکرێت؟)) و ((**چەندە** دەسەڵات پیادە دەکرێت؟)) دەبێ فێری ئەوە ببین کە لە درێژخایەندا، هەموو مژارێك لە سیاسەتدا، مژاری چوارچێوەی یاسایی و حقوقییە نەك پرسی تاکەکان و تاکەگرانتی پێشڤەچوون بەرەو یەکسانیەکی زیاتر، کۆنتڕۆڵ کردنی دەسەڵاتە لە ڕێگای دەزگاکانەوە.

## ٦

ئێستا وەکو بەشی رابردوو، هەوڵدەدەم بۆ شایەدی هێنانەوە لەسەر دووەمین هەنگاوی {بەڵگەخوازی}، هەندێ لە چۆنیەتی کاریگەری پێشگۆیی {مارکس} لەسەر گۆڕانکارییە مێژووییەکانی ئەم دواییانە پێشان بدەم. هەموو حزبێکی سیاسی، بە جۆرێك لە جۆرەکان ((سوودمەندە)) لە جموجۆڵی خەڵك ناپەسندی نەیارەکانی خۆی و لەم ڕێڕەوەوە ژیان بەسەر دەبات و هەر بۆیە، جەخت لەسەر ئەم جۆرە جموجۆڵانە دەکاتەوە و تەنانەت بە حەزەوە چاوەڕوانیان دەکات و هەندێ جار تا ئەو شوێنە خۆی لە توانای دابێت و بەرپرسایەتی نەیەتە سەرشان، نەیارەکەی هان دەدات بۆ ئەنجامدانی هەڵە. ئەم پرسە دەستی خستۆتە ناو دەستی تیۆرەکەی ئینگلس و هەندێ لە حزبە مارکسیستەکانی ناچار کردووە کە پێشوازی لە بزاڤە سیاسیە دژە دیموکراتیەکانی نەیاری خۆیان بکەن. لەجیاتی ئەوە کە بە چڕنووك و دەستەو یەخە لەگەڵ ئەم جۆرە بزوتنەوانەدا بجەنگێن، دڵی خۆیان بەوە خۆش کردووە کە بەلانگرانی خۆیان بڵێن: ((سەیر بکەین ئەم خەڵکانە چی دەکەن. ئەمەیە ئەو شتەی ناویان ناوە دیموکراسی. ئەمەیە ئەوەی پێی دەڵێن ئازادی و یەکسانی! لە **ڕۆژی هەژمار**(١٠) دا، ئەم کارانەتان لەبیر بێت)) (رستەیەکی دووڕوویە کە رەنگە ماناکەی ڕۆژی هەڵبژاردن بێت یان ڕۆژی شۆڕش). ئەم شێوازەی مەیدان دان بە نەیار بۆ ئاشکرا کردنی خۆی، ئەگەر بەسەر بزاڤە دژە دیموکراتیکەکانیشدا گشتیەتی پێببەخشرێت، حەتمەن کارەسات هێنەرە، چونکە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو مەترسییە راستەقینەو ڕوو لە زیادانەی کە هەڕەشە لە دەزگاکانی دیموکراسی دەکات، سیاسەتی زۆر ڕستن و بێ کردەوەییە- سیاسەتی جەنگ لە جیهانی وشەدا و

10. day of reckoning

ئاشتی لە پلەوپایەی کردەوەدا- هەر ئەم سیاسەتە بوو کە فاشیستەکانی فێری میتۆدی ئاشتی لە جیهانی وشەدا و جەنگ لە پلەوپایەی کردەوە کرد.

بێگومان، گروپە فاشیستیەکان کە لە هەوڵێکی بێوچاندا بوون بۆ لەناوبردنی دیموکراسی، سوودیان هەر لەم دوورووبێژیانە وەردەگرت، دەبێ هەمیشە ئەم ئەگەرە وەبەرچاو بگرین کە گروپی لەم چەشنە لە ئاراداو و نفوزیان لەو شتەی کە بە بۆرژوازی ناسراوە، زیاتر پەیوەستە بە سیاسەتی حزبی کرێکارانەوە.

هەر بۆ نموونە خراپ نییە، سەیرێکی ئەوە بکەین کە چۆن لە تێکۆشانی سیاسیدا سوود لە هەڕەشەکردن بۆ {ئەنجامدانی} شۆڕش یان (بەجیاکردنەوەی لە جیاوازی لەسەر کرێ و شتی لەم جۆرە) تەنانەت هەڕەشەکردن بۆ {ئەنجامدانی} مانگرتنی سیاسی، وەرگیراوە. هەروەك پێشتریش روونمان کردەوە، پرسی سەرەکی ئەوەیە کە ئایا ئەم جۆرە ئامرازانە وەکو رمی پەلاماردان بەکاردەهێنرێت یان تەنیا بۆ بەرگری کردن لە دیموکراسی. لە هەناوی سیستەمی دیموکراسیدا، پەنا بردن بۆ ئەم ئامرازانە تەنیا وەکو رمی بەرەڤانی پاساو هەڵگرە، هەروەك لە رابردووشدا هەر کاتێ بە ورەیەکی پۆڵایین و لەمەڕ خواستە بەرەڤانییەکان و بەری لە دوورووبێژی سوودیان لێوەرگیراوە، دەرەنجامەکەی سەرکەوتووانە بووە. (شایەدی ئەم حاڵەتە، تێك شکانی خێرای کودەتای بروسکە ئاسای کاپ[11] بوو). بەڵام سوود وەرگرتن لەم ئامرازانە وەکو رمی پەلاماردان، دەبێتە هۆی بەهێز بوونی مەیلە دژە دیموکراتیکەکان لە کەمپی نەیاراندا، چونکە دەبێتە بەربەست لە بەردەم درێژەی کاری دیموکراسیدا. ئەو کات ئیدی ئەم جۆرە سوود وەرگرتنە، بەناچار کاریگەری بەرگریکارانەی چەکەکە لەناو دەبات. ئەگەر سەگێکتان هەبێت و تەنانەت لە کاتێکدا کە سەگەکە هیچ کارێکی خراپی ئەنجام نەداوە،

١١. Kapp's putsch. بەناوی ڤۆلفگانگ کاپ، سیاسەتمەداری راستگەرای ئەڵمانی، کە لە مارسی ١٩٢٠ بەپشتیوانی ژمارەیەك لە ئەمیرو ئەفسەرەکانی سوپا هەوڵی رووخاندنی کۆماری ئەڵمانیاداو وەزارەتەکانی داگیرکردو خۆی وەك راوێژکاری رایش ناوزەد کرد، لێ لەبەرانبەر بەرهەڵستی کرێکارەکانی بەرلین خۆی رانەگرت کە دەستیان دا مانگرتنێکی گشتی و راپکرد. (وشەی ئەڵمانی "پووچ" کە لێرەدا بەکودتای بروسکەئاسا وەرگێڕدراوە، لەبنەڕەتدا بەمانای هەڵچوون و راپەڕین دێت و لەرووی سەربازیشەوە بەواتای هێرشی خێراو لەناکاو دێت. لە زانستە سیاسییەکاندا هەندێ جار وەك زاراوەی فەرەنسی "کودەتا" بەهەمان شێوەی سەرەکی بەکاردێت.



دارکاری بکەن، دواتر بۆ پێشگرتن لە ئیشی خراپ، ئیتر دارکاری سوودی نابێت. بۆ داکۆکی کردن لە دیموکراسی، دەبێ نرخی تاقیکردنەوە دژە دیموکراتیکەکان بەڕادەیەك چەتوون و زەحمەت بکەن کە هیچ کەسێك دەست بۆ ئەم جۆرە تاقیکردنەوانە نەبات- واتە تەنانەت زۆر چەتوون و زەحمەتتر لە سازش بەشێوازی دیموکراتیانە ... سوود وەرگرتنی کرێکاران لە هەر جۆرە فشاری نا دیموکراتیانە، رەنگە فشارێکی هاوچەشن یان تەنانەت فشارێکی دژە دیموکراتیکی لێ بکەوێتەوە لەلایەنی بەرامبەرەوە لە پێناو وروژان لە دژی دیموکراسی. ئاشکرایە، ئەم جۆرە جموجۆڵە کاتێ لەلایەن حوکمڕانەکانەوە ئەنجام بدرێت زۆر مەترسیدارترە لەو کاتە کە لەلایەن خەڵکەوە دەربچێت. ئەرکی سەرشانی کرێکارانە کە بە پەلەو بێ دوودڵی لە دژی ئەم هەنگاوە ترسناکانە خەبات بکەن و هەر لە سەرەتاوە کە هێشتا هیچ دیار نییە، لەمەپەریان بخەنە بەردەم، بەڵام ئەگەر خۆیان جموجۆڵی لەم جۆرە ئەنجام بدەن، چۆن دەیانەوێ لەژێر ئالای دیموکراسیدا بجەنگێن؟ کارە دژە دیموکراتیکەکانی خۆیان هەل بۆ دوژمنەکانیان و دوژمنانی دیموکراسی دەڕەخسێنێت.

هەڵبەتە ئەگەر یەکێك ویستی، دەتوانێت واقعیەتی ئەم گۆڕانکاریانەی ناومان بردن بە چەشنێکی دیکە راڤەو شرۆڤە بکات و بەم ئەنجامە بگات کە دیموکراسی ((سوودی نییە)). ئەمە هەمان ئەو دەرەنجامەیە کە بەشێکی زۆر لە مارکسیستەکان پێی گەیشتوون. پاش هەرەسهێنان لەوەی بە بڕوای خۆیان خەباتی دیموکراتیانە بوو (ئەو تێکۆشانەی کە هەر لەگەڵ فۆرمۆڵبەندی ئەم بیرۆکە تاکتیکیە تووشی ناکامی هات، پێیان لەسەر ئەم وتەیە داگرت کە: ((ئێمە تا ئێستا لەڕادەبەدەر نەرم و لێبوردە و جوامێر بووینە- جارێکی تر شۆڕشێکی بەڕاستی خوێناوی هەڵدەگیرسێنین!)) ئەمە رێك وەکو ئەوەیە یەکێك لە پێشبڕکێی مشتەکۆڵەدا بدۆڕێت و بگاتە ئەم دەرەنجامە کە: مشتەکۆڵە سوودی نییە- دەبووایە تێلاّم بە دەستەوە گرتبووایە ... راستی ئەوەیە مارکسیستەکان تیۆری جەنگی چینایەتیان فێری کرێکارەکان کرد بەڵام پراکتیکەکردنیان فێری کۆنەپەرستە رژدو چنۆکە بورژوازیەکان کرد. مارکس دەمی لە جەنگ دەدا. نەیارەکانی بە وردی گوێیان هەڵخست و پاشان وردە وردە دەستیان کرد بە دوان لەسەر ئاشتی و تۆمەتبارکردنی کرێکاران بە شەڕخوازی. مارکسیستەکان نەیانتوانی نکۆڵی لەم تۆمەتە بکەن چونکە خۆیان دروشمی جەنگی چینایەتیان بەرزکردبۆوە و دواتر فاشیستەکان هاتنە ناو ئیشەکەوە.

تائیرە، شیکردنەوەکەمان بەشێوەیەکی گشتی تایبەت بوو بە حزبە ((توندڕۆ)) سۆسیال دیموکراتەکان کە سیاسەتیان یەکڕاست لەسەر بیرۆکە تاکتیکی و دووڕووەکەی ئینگڵس دامەزرابوو. ئەو شتەی کە شوێنەواری کارەساتاوی تاکتیکەکانی ئینگلسی لەمەڕ ئەوانەوە توندتر دەکرد، هەروەکو لە بەشی رابردوودا شیمان کردەوە، نەبوونی هیچ چەشنە بەرنامەیەکی پراکتیکی بوو. بەڵام کۆمۆنیستەکانیش لە هەندێ وڵات و لە هەندێ قۆناغدا- بەتایبەتی لە هەر شوێنێك کە حزبی کرێکاران، وەکو حزبی سۆسیال دیموکرات یان حزبی کرێکار، رێبازەکانی دیموکراسییان پاراستبێت- رێك هەر پەیڕەویان لەم تاکتیکانە کردووە کە خستمانە ژێر رەخنەوە.

هەڵبەتە بارودۆخی کۆمۆنیستەکان جیاوازی هەبوو، چونکە بەرنامەیان هەبوو و بەرنامەکەش ئەوەبوو: ((لاسیای روسیا بکەنەوە!)) ئەمە دەبووە هۆی ئەوە هەم لە بیرۆکە شۆڕشگێڕییەکاندا ئاوازێکی یەکلاکەرەوەتریان هەبێت و هەم لەم بانگەشەدا کە دیموکراسی جگە لە دیکتاتۆری بۆرژوازی هیچی تر نییە[٣٦]. بەپێی ئەم بانگەشەیە، ئەگەر ئەم دیکتاتۆریە پەنهانە رووی هەڵماڵدرابووایە و کەوتبا بەر دیدی هەمووان، نەك هەر زیانی نەدەگەیاند، بەڵکو گەلێ سوودیشی پێدەگایاندین، چونکە بەم هۆیەوە شۆڕش نزیکتر دەبوو[٣٧]. تەنانەت کۆمۆنیستەکان هیواداربوون سەقامگیربوونی دیکتاتۆرییە تۆتالیتێرەکان لە ئەورووپای ناوەندیدا، مژارەکان خێراتر بکات. لەبەر ئەوەی روودانی شۆڕش شتێکی حەتمی بوو، فاشیزمیش بە یەکێك لە ئامرازەکانی گەیشتن پێی لەقەڵەم دەدرا. بەکورتی دەبووایە شۆڕش گەلێك زووتر روویدابووایە و وەدواکەوتووە. روسیا سەرەڕای بارودۆخی پاشکەوتووی ئابووری، شۆڕشی کردبوو و تەنیا ئەو هیوا بێهودانەی کە دیموکراسی دەیهێنانە ئاراوە[٣٨]، شۆڕشیان لە وڵاتە پێشکەوتووترەکان دوادەخست. کەواتە لەناوچوونی دیموکراسی بە دەستی فاسیستەکان و دڵساردبوونەوەی کرێکاران لە شێوازە دیموکراتیکەکان، دەبووە هۆی بەرەو پێش بردنی شۆڕش. باڵی توندڕۆ {یان رادیکالی} مارکسیزم پێیوابوو لە رێگای ئەم بەڵگەخوازییەوە ((ماهییەت)) و ((رۆڵی راستەقینەی فاشیزمی کەشف کردووە[٣٩]. لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە فاشیزم لە ماهییەت خۆیدا، **دواین سەنگەری بۆرژوازییە**. کەواتە، کاتێ فاشیستەکان دەیانەویست دەسەڵات بەدەستەوە بگرن، کۆمۆنیستەکان نەجەنگان ( و هەڵبەتە هیچ کەسێك چاوەڕوانی جەنگ نەبوو لە سۆسیال دیموکراتەکان). کۆمۆنیستەکان دڵنیابوون کە شۆڕشی پرۆلیتاریا دواکەتووە ئەم نێوان پەردەیە زیاتر لە چەند مانگێك ناخاتەنێت و بۆ خێراکردنی شۆڕش



زەرووریيە[٤٠]، دڵنیابوون کە نابێ دەست بۆ هیچ کردەوەیەك ببەن و ئیشیان بە ئیشی هیچ کەس بێت. داگیرکردنی دەسەڵات لەلایەن فاشیستەکانەوە هەرگیز لەگەڵ شتێکدا بەرەو ڕوونەبووە بەناوی ((مەترسی کۆمۆنیزم)). هەروەك ئەنشتاین جارێکیان شێلگیرانە وتی، لە نێو هەموو گروپە پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگادا، تەنیا کەنیسە- یان بەجۆرێکی باشتر، بەشێك لە کەنیسە- بەرگرییەکی جدی کرد.

# ٢٠

# سەرمایەداری و چارەنووسەکەی

بەپێی تیۆری مارکس، سەرمایەداری لەژێر فشاری ئەو دژایەتییە ناوەکیانەی کە ئەم سیستەمە دەخاتە ژێر مەترسی داڕووخانەوە، پەلەقاژە دەکات. یەکەمین هەنگاوی بەڵگەخوازی پێشگۆیانەی مارکس، تایبەتە بە شیکردنەوەی وردی ئەم دژایەتیانە و ئەو بزاڤە مێژووییانەی کە دژایەتی ناوبراو بەسەر کۆمەڵگادا دەسەپێنێت. ئەمە گرنگترین هەنگاوی تیۆرەکەیەتی و بەشی هەرە مەزنی ئەو زەحمەتەی مارکس کێشاویەتی بۆ ئەمە بووە. دەتوانین بڵێین تاڕادەیەکی زۆر هەرسێ بەرگی کتێبی سەرمایە ( کە چاپە سەرەکییەکەی زیاتر لە ٢٢٠٠ لاپەڕە لەخۆ دەگرێت[١])، بۆ ئەم شیکردنەوە دوورودرێژە تەرخان کراوە. ڕەهەندی ئەبستراکتی ئەم هەنگاوە لە هەموویان کەمترە، چونکە بناغەکەی، لەسەر شیکردنەوەی وەسفیی سیستەمی ئابووری سەردەمی مارکس- واتە سەرمایەداری هەوسار پچڕاوە- و پشت بەستن بە ئامار دامەزراوە. بە وتەی لینین: ((مارکس حەتمیەیی گۆڕانی کۆمەڵگای سەرمایەداری بەرەو سۆسیالیزم، بەگشتی و بەتایبەتی لە **یاسای ئابووری جوڵەی کۆمەڵگای هاوچەرخ** دەرەنجامگیری دەکات)).

بەر لە ڕوونکردنەوەی لایەنە وردەکانی یەکەمین هەنگاوی بەڵگەخوازی مارکس، پێویستە ئەو بیروبۆچوونە سەرەکییانەی، پێرست ئاسا بەیان بکەین کە تێیدا داڕێژراوە.

مارکس لەسەر ئەو بڕوایەیە کە ڕکەبەرایەتی لە سیستەمی سەرمایەداریدا، چارە لە دەست سەرمایەداری دەسێنێت و ناچاری دەکات سەرمایە کەڵەکە بکات. بەڵام ئەم کارە بە زیانی بەرژەوەندی درێژخایەنی سەرمایەدار تەواو دەبێت (چونکە ڕەنگە کەڵەکەبوونی سەرمایە ببێتە هۆی کەمبوونەوەی سوودەکەی). بەم چەشنە، هەرچەندە ئەو بە زیانی بەرژەوەندییە



تاکەکەسییەکانی خۆی دەجولێتەوە، بەڵام کارەکەی لە بەرژەوەندی ڕەوتی پەرەسەندنی مێژووە و ئەو بێ ئەوەی بزانێت، بە ئاڕاستەی بەرەو پێشچوونی ئابووری و سۆسیالیزم کار دەکات. هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کەڵەکەبوونی سەرمایە، یەکەم، بە مانای زیادبوونی بەرهەمداری و زۆربوونی (فرەبوونی) سامان و خربوونەوەی توانا و دەوڵەمەندی لە دەست ژمارەیەکی کەم دایە و دووەم، بە واتا زیادبوونی دەستکورتی و بێنەواییە. بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێت بەم هۆیەوە کرێکاران ناچار بکرێن بۆ ئەوەی بە کرێیەك کە لە ئاستی پێداویستیەکانی بژێوی ژیان یان نەمر نەژی[1] دایە، کار بکەن و کرێکارە زیادەکان- یان وەك دەڵێن ((لەشکری پیشەسازیی یەدەك {ریزێرڤ}))[2]- کرێ لە نزمترین ڕادەی ممکیندا رادەگرن. سوڕی بازرگانی[3] ناهێڵێت کرێکارە زیادەکان بۆ ماوەیەکی درێژ بەرەو پیشەسازێین ڕووەو گەشە کێش بکرێن. ئەگەر وادابنێین سەرمایەدارەکانیش بیانەوێت، ناتوانن ئەم ڕەوشە بگۆڕن، چونکە ڕێژەی ڕوو لە دابەزینی سود، پێگەیان لە ڕووی ئابوورییەوە لەرزۆك دەکات و هەربۆیە، ناتوانن هەنگاوی کاریگەر بهاوێژن. کەواتە سەرەڕای ئەوە کە کەڵەکەبوونی سەرمایە دەبێتە هۆی پێشکەوتنی تەکنیکی و ئابووری و مێژووی بەرەو سۆسیالیزم، بەڵام پرۆسێکی خۆکوژەو تووشی دژایەتی خودیی هاتووە.

## ١

یەکەمین هەنگاوی {بەڵگەخوازی مارکس} لە دوو پیشەکییەوە دەست پێ دەکات: یەکیان یاسای ڕکەبەرایەتییە لە سیستەمی سەرمایەداریدا و ئەویتریان یاسای کەڵەکەبوونی ئامرازەکانی بەرهەم هێنانە. ئەو دەرەنجامەی کە لەمە دەکەوێتەوە یاسای بوونی سامان و زیادبوونی هەژارییە. باسەکەمان بە ڕوونکردەوەیەك لەمەڕ ئەو پێشەکییە و دەرەنجامەکانی دەست پێ دەکەین.

لە سیستەمی سەرمایەداریدا، هەڤرکی (ڕکەبەرایەتی) سەرمایەدارەکان لەگەڵ یەکتردا زۆر گرنگە. بەپێی شیکردنەوەی مارکس لە کتێبی سەرمایەدا[٣]، ((شەڕی ڕکەبەرایەتی)) بریتیە لەوەی کە شمەکی بەرهەم هێنراو بەنرخێکی کەمتر لەوەی کە بۆ نەیار خەرج دەکرێت، بفرۆشرێت. مارکس ڕوونی دەکاتەوە: ((هەرزانی هەر شمەکێك (ئەگەر هەلومەرجەکانی تر

1. Subsistence or starvation wages
2. Industrial reserve army
3. trade cycle

یەکسان بن) پەیوەستە بە بەرهەمداری کرێکار و ئەمەش بە نۆرەی خۆی پەیوەندی بە رادەی بەرهەم هێنانەوە[٤] هەیە)) لە بەرهەم هێنان بە پێوەری زۆر بەرفراواندا، بەگشتی سوود لە ئامرازی ماشینی تایبەتمەندتر و بەڕادەیەکی زۆرتر وەردەگیرێت. ئەم دۆخە بەرهەمداری کرێکاران بەرزدەکاتەوە و ئەم دەرفەتە بۆ سەرمایەدارە گەورەکان بەسەر سەرمایەدارە بچووکەکاندا زاڵ دەبن ... رکەبەرایتی هەمیشە دەبێتە هۆی هەرەس هێنانی سەرمایەدارە بچووکەکان و گوێزرانەوەی سەرمایەکەیان بەرەو لای زاڵبوو)). (مارکس جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە سیستەمی ئیعتباری ئەم جوڵەیە یەکجار زۆر خێراتر دەکات).

بەپێی شیکردنەوەی مارکس، ئەو پرۆسەسەی کە روون کرایەوە- **واتە ئەو کەڵەکە بوونەی کە لە رکەبەرایەتیەوە سەرچاوە دەگرێ**- خاوەن دوو لایەنی جیاوازە. یەکیان ئەوەیە کە سەرمایەدار، بۆ درێژەدان بە بوون، ناچارە بۆ کەڵەکە کردن یان خڕکردنەوەی هەرچی زیاتری سەرمایە، واتە بە کردەوە دەبێ هەرچی زیاتر بۆ دەستەبەرکردنی ئامرازی ماشینی زۆرتر و نوێتر سەرمایەگوزاری بکات و بەردەوام **بەرهەمداری** کرێکارەکانی زیاد بکات. لایەنی تری کەڵەکەکردنی سەرمایە، **خڕبوونەوەی** هەرچی زیاتری سامانە لە دەستی سەرمایەدارە جیاوازەکان و چینی سەرمایەداردا کە هاورێیە لەگەڵ کەمبوونەوەی ژمارەی سەرمایەدارەکان- ئەو جوڵەیەی کە مارکس بە **چەقبەستنی**{٤} سەرمایە ناوزەدی دەکات (بە جیاکردنەوە لە کەڵەکەبوون یان خڕ بوونەوەی پەتی).

بەبڕوای مارکس، ئەم سێ زاراوەیە- رکەبەرایەتی و کەڵەکەبوون و زیادبوونی بەرهەمداری دەلالەت لە مەیلە بنەماییەکانی هەموو جۆرە بەرهەم هێنانێك دەکات بە شێوازی سەرمایەداری: ئەو مەیلانەی کە لە کاتی شیکردنەوەی **پێشەکی لۆژیکی** هەنگاوی یەکەم، لەژێر ناونیشانی ((یاسای رکەبەرایەتی و کەڵەکەبوون لە سیستەمی سەرمایەداریدا)) ئاماژەمان بۆ کرد. بەڵام زاراوەی چوارەم و پێنجەم- خڕبوونەوەو چەقبەستن- دەلالەت لەسەر مەیلی زیادکردنی بەردەوامی سامان و چەقبەستنی لە دەست ژمارەیەکی هەرچی کەمتر دەکات. ئەم مەیلە بەشێکە لە **دەرەنجامی** یەکەمین هەنگاو. بەشەکەی دیکەی دەرەنجامەکە، واتە یاسای هەژاری روو لە زیاد، لە بەڵگەخوازییەکی زۆر لەمە ئاڵۆزترەوە بە دەست دێت.

4. Scale of production



بەڵام بەر لە شیکردنەوەی ئەم بەڵگەخوازییە، روونکردنەوەیەك لەمەڕ خودی دەرەنجامی دووەم پێویستە.

زاراوەی ((هەژاری روو لە زیاد))[٥] بەو جۆرەی کە لای مارکس بەکاردێت، رەنگە دەلالەت لە دوو شتی جیاواز بکات. لەوانەیە لەلایەکەوە دەلالەت لە **بەرفراوانبوونی**[٦] هەژاری بکات و پێشانی بدات کە ژمارەیەکی رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتری خەڵك بەرەو قورگی دەستکورتی دەڕۆن یان لەلایەکی ترەوە، باس لە **تاو[٧] و توندی** رەنج و کوێرەوەری خەڵك بکات. بێگومان مارکس لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە هەم فراوانی و هەم توندی هەژاری رووەوە زیادبوون دەچێت. بەڵام بۆ سەلماندنی ئەو خاڵەی لە هزریدا بوو، پێویستی بەم دووانە بوو. لە رووی بەڵگەخوازی لە پێناو پێشگۆیی کردندا، راڤەی ((هەژاری روو لە زیاد)) بە مانا گشتیەکەی ئەگەر باشتر نەبێت{٥}، بەهەر حاڵ کەموکوڕی تێدا نییە- واتە ئەو راڤەیەی کە بەپێی ئەو، بەرفراوانی هەژاری زیاد دەبێت لە کاتێك رەنگە توندییەکەی زۆرتربێت یان نەبێت، بەڵام هەر چۆنێك بێت کەمبوونەوەیەکی بەرچاو پێشان نادات.

لێ تێبینییەکی دیکە و زۆر گرنگتریش لە ئارادایە کە دەبێ {بەم باسەیەوە} زیاد بکرێت. بە بۆچوونی مارکس، هەژاری روو لە زیاد لە بنەڕەتدا ئەمە لەخۆ دەگرێت کە **کرێکارە دەستبەکارەکان (شاغل) نەك هەر ژمارەیان زۆر دەبێت، بەڵکو بە چەشنێکی توندتر، رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر دەکەونە ژێر بەهرەکێشیانەوە**. جگە لەمە، هەژاری روو لە زیاد نیازی بەوەیە کە هەم ژمارەی بێکارەکان- یان بە وتەی مارکس{٦} ((زۆربوونی دانیشتووان رێژەیی))[٨] یان ((لەشکری پیشەسازیی یەدەگ))- زیاد بێت و هەم رەنج و کوێرەوەرییەکانیان توندتر بێت. ئەو کارەی کە بێکارەکان لەم رەوتەدا بە ئەنجامی دەگەیەنن ئەوەیە کە فشارەکە ئاڕاستەی کرێکارەکان دەکەن و لەم رێگایەوە یارمەتی سەرمایەدارەکان دەکەن بۆ هەوڵدان لە پێناو سوود وەرگرتن لە دەستبەکارەکان و بەهرەکێشی لێیان. بەپێی نووسینی مارکس{٧}: ((لەشکری پیشەسازیی یەدەك بە چەشنێك پەیوەستە بە سەرمایەدارییەوە کە هەر دەڵێی سەرمایەدارەکان ئەندامەکانی {ئەم لەشکرەی} لە بودجەی خۆی پەروەردە کردووە. سەرمایە، بۆ {تێرکردنی}

5. increasing misery
6. extent
7. intensity
8. (relative) “surplus population”

پێداویستیە جۆراو جۆرەکانی، زەخیرەیەکی[٩] هەردەم ئامادە لە مەواد و کەرەستەی مرۆیی شیاوی بەهرەکێشی دەستەبەر دەکات ... لە قۆناغی بێ بازاری و نیمچە بوژانەوەدا[١٠]، لەشکری پیشەسازیی یەدەگ، فشاری خۆی لەسەر ریزی کرێکارە دەستبەکارەکان دەپارێزێت و لە قۆناغەکانی بەرهەم هێنانی لەڕادەبەدەر[١١] و ترۆپکی کارو کاسبیدا[١٢]، بە کاری کۆنترۆڵ کردنی ئارەزووەکانی ئەوان دێت)). بە بڕوای مارکس، هەژاری روو لە زیاد لە ماهییەتی خۆیدا یەکسانە لەگەڵ بەهرەکێشی روو لە زیاد لە هێزی کار. لەبەر ئەوەی بەهرەکێشی لە هێزی کاری بێکارەکان ناکرێت، بێکارەکان لەم ڕەوتەدا دەبن بە یاریدەدەری بێ کرێ و بێ مووچەی سەرمایەدارەکان بۆ چەوساندنەوەی کرێکارە دەستبەکارەکان. هۆی گرنگی ئەم خاڵە لەوە دایە کە مارکسیستەکانی ئەم دواییانە زۆربەی کات وەکو یەکێك لە واقعیاتە ئەزموونیەکان بۆ پەسندکردنی پێشگۆیی زیادبوونی هەژاری ئاماژە بە بێکاری دەکەن. بەڵا تەنیا بەمەرجێك دەکرێ بێکاری بە پەسەندکەری تیۆرەکەی مارکس لە قەڵەم بدەین کە نەبوونی بەکارخستن وێڕای بەهرەکێشی روو لە زیاد لە کرێکارە دەستبەکارەکان- واتە لەگەڵ کاتژمێری کاری دوورودرێژ و کرێ (حەقدەست)ی دابەزیووی واقعی[١٣]-دا بێ.

ئەوەی ئاماژەمان بۆ کرد رەنگە بۆ روونکردنەوەی زاراوەی ((هەژاری روو لە زیاد)) بەس بێت، بەڵام هێشتا روونکردنەوەیەك سەبارەت بە یاسای هەژاری روو لە زیاد کە مارکس بانگەشەی کەشفکردنی دەکرد، پێویستە. مەبەست لە یاسای هەژاری روو لە زیاد کە پێشگۆیی مارکس بە تەواوی لەسەر بنەمای ئەمە داڕێژراوە، ئەم تیۆرەیە کە دەڵێت، ناشێت کەمبوونەوەی هەژاری کرێکاران بە سوودی سەرمایەداری بێت، چونکە میکانیزمی کەڵەکەبوون لە سەرمایەدارەیدا، سەرمایەداری دەخاتە ژێر فشاری ئابووری توندەوەو ناچارە بۆ ئەوەی هەرەس نەهێنێ ئەم فشارە بۆ کرێکارەکان بگوازێتەوە. لەم روویەوە، سەرمایەدارەکان ناتوانن سازش بکەن، ناتوانن (تەنانەت ئەگەر بشیان هەوێ) هیچ کام لە خواستە گرنگەکانی کرێکاران دەستبەر بکەن و ((ناشێ لەسەرمایەداریدا ریفۆرم بکرێت و تەنیا دەبێ لەناو بچێت)){٨}. ئاشکرایە کە دەرەنجامی یەکلاکەرەوەی هەنگاوی یەکەم، هەر ئەم یاسایەیە. دەرەنجامەکەی تر،

9. supply
10. seim-prosperity
11. excessive production
12. Boom
13. real wages



واتە یاسای زۆر بوونی سامان، هیچ زیانێکی نەدەبوو ئەگەر کرابووایە کرێکارانیش لەم سامان زۆرە، سوودمەند ببوونایە. کەواتە، بابەتی سەرەکی شیکردنەوە رەخنەیەکەمان، بانگەشەی مارکسە لەمەڕ محاڵ بوونی ئەم شتە. بەڵام پێش ئەوەی بەڵگەکانی مارکس بۆ سەلماندنی ئەم بانگەشەیە بخەینە روو و رەخنەی ئاراستە بکەین، گەرەکمە بە کورتی لەمەڕ بەشی یەکەمی ئەو دەرەنجامەی ئەو پێی گەیشتووە، واتە تیۆری زۆر بوونی سامان، رای خۆم دەرببڕم.

مەیل بۆ کەڵەکەکردن و خڕکردنەوەی سامان کە مارکس تێبینی دەکرد، جێگای گومان نییە. تیۆرەکەی لەمەڕ زیادبوونی بەرهەمداریش لە بنەڕەتدا دوورە لە رەخنە. ئەگەرچی رەنگە شوێنەواری سوودمەندی گەشەی دامەزراوێکی قازانجخواز[١٤] لە بەرهەمدارییەکەی سنووردار بێت، دوور دێتە بەرچاو کە شوێنەواری بە سوودی باشکردن و کەڵەکەکردنی ئامرازی ماشینی، ملکەچی هیچ سنووردارییەك بێت. بەڵام سەبارەت بە مەیلی سەرمایە بۆ چەقبەستن لە دەستی ژمارەیەکی کەمدا، بابەتەکە بەم سادەییە نییە. بێگومان حەزێك بەم ئاڕاستەیە لە ئارادایە و دەتوانین دان بەوەدا بنێین کە لە سیستەمی سەرمایەداری هەوسار پچڕاودا، ئەو هێزەی بێ بارگی بکات {یان لە کارایی بخات} بە کەمی بوونی هەیە. لەم روویەوە، ئەگەر ئەم بەشەی شیکردنەوەکەی مارکس بۆ وەسف کردنی سەرمایەداری هەوسا پچڕاو بێت، هیچ رەخنەیەکی لەسەر نییە، بەڵام ئەگەر وەکو پێشگۆیی وەبەرچاو بگیرێت، ئیدی هێندە بۆ بەرگری لێکردن ناشێت، چونکە دەزانین ئێستا لە رێگای دانانی یاسای پێویست، دەتوانین لە گەلێ رێگاوە دەستکاری ئەم دۆخە بکەین. وەرگرتنی باجی جۆراو جۆر، یەك لەوان باجی سەرمیرات، کاریگەرترین ئامرازە بۆ بێ بارگ کردنی چەقبەستوویی و بە کردەوەش بۆ وەدیهێنانی ئەم مەبەستە سوودی لێوەرگیراوە. دەتوانین پەنا بۆ یاساگەلی دژتریش ببەین، وەکو بلێی رەنگە بەم رادەیە کاریگەر نەبێت. نابێ لە هەڵسەنگاندنی هێزو لاوازی بەڵگەخوازی و پێشگۆیی مارکسدا ئەوە وەبەرچاو نەگرین کە هەموو چەشنە باشبوون و ریفۆرمێك لەم لایەنەوە ممکینە. بەڵام لێرەشدا وەکو بەشەکانی پێشوو، ناچارم ئەوە رابگەیەنم کە ئەو بەڵگەخوازییەی مارکس لەسەر بنەمای چەقبەستنی {سەرمایە} و کەمبوونەوەی ژمارەی سەرمایەدارەکان پێشگۆییکردووە، بێ بەرهەم و نەزۆکە و دەرەنجام لە پێشەکییەوە دەست ناکەوێت.

14. enterprise

کەواتە لەمەڕ پێشەکییەکان و دەرەنجامە سەرەکییەکانی هەنگاوی یەکەمەوە روونکردنەوەیەکمان پێشکەش کردو یەکەمین دەرەنجامان تاوتوێ کرد و بەلامانەوە نا. ئێستا دەتوانین یەکڕاست سەرنج لەم خاڵە بدەین کە مارکس چۆن دەرەنجامەکەی تر، واتە یاسای هەژاری روو لە زیاد هەڵدێنجێت کە وەکو پێشگۆییەك خراوەتە روو. دەتوانین لە تەقەلاکانیدا بۆ سەلماندنی ئەم پێشگۆییە، سێ رەوتی هزری جیاواز دەستنیشان بکەین کە لە چوار بڕگەی بەشی ئێستادا لە ژێر ئەم ناونیشانانەدا تاوتوێ دەکرێن: لە بڕگەی ٢، تیۆری بەها، لە بڕگەی ٣، کاریگەری زێدە حەشیمەت لەسەر کرێ، لە بڕگەی ٤، سووڕی بازرگانی، لە بڕگەی ٥، شوێنەوارەکانی رێژەی روو لە کەمی قازانج.

## ٢

بەشێوەیەکی گشتی تیۆری مارکس <u>**لەمەڕ بەها**</u>، لای مارکسیست و دژە مارکسیستەکان بە بەردی بناغەی ئارمانجی مارکسیستی لە قەڵەم دەدرێت. بەڵام بە بڕوای من، ئەمە یەکێك لە بەشە تاڕادەیەك کەم بایەخەکانی پێك دێنێت. تاکە هۆیەك بۆ ئەوەی یەکڕاست ناچمە سەر بڕگەی دواتر و هەوڵی تاوتوێ کردنی ئەم تیۆرە دەدەم، بۆ ئەو گرنگیە دەگەڕێتەوە کە بەشێوەیەکی گشتی بەم تیۆرەی دەدەن و بێ ئەوەی توێژینەوەی لەسەر بکەم، ناتوانم بەرگری لەو بەڵگانەی خۆم بکەم کە جیاوازی بیروباوەڕی من لەگەڵ ئەوانیتری پێ دیاری دەکەم. بەڵام هاوکات دەبێ خێرا ئەوە روون بکەنەوە کە کاتێ دەڵێم تیۆری بەها[١٥] یەکێك لە بەشە زیادەکانی مارکسیزم پێك دێنێت، گەرەکمە داکۆکی لە مارکس بکەم نەك پەلاماری بدەم. بەشێکی زۆر لە رەخنەگران ئەوەیان سەلماندووە کە تیۆری بەها لە خودی خۆیدا زۆر لاوازە و بێگومان ئەوان لەسەر هەقن. بەڵام ئەگەر بە هەڵەشدا بچن، کاتێ دەربکەوێت رێنماییە گرنگە مێژوویی و سیاسیەکانی مارکسیزم بە تەواوی سەربەخۆیە لە تیۆرێکی وەها جێگەی ناکۆکی، ئەوا هەڵوێست و پێگەی ئەم ئارمانجە بەهێزتر دەبێت.

ئەو چەمکەی کە بە <u>**تیۆری بەهای کار**</u>[١٦] ناسراوە، مارکس لە پێناو هەندێ مەبەستی خۆیدا لە هەندێ ئاماژەی پێشینیان (بەتایبەتی بە وتەی خۆی لە ئادەم سمیس[١٧] و دەیڤد

15. Theory of value
16. Labour theory of value



ریکاردۆ[١٨])ی خواستووە{٩}. ئەم چەمکە زۆر سادەیە ئەگەر ئێوە پێویستیتان بە دارتاش هەبێت، دەبێ بەپێی کاتژمێر کرێی پێ بدەن. ئەگەر لێیی بپرسین بۆچی فلانە شت لە فلانە شتی تر گرانترە، پێتان دەڵێت لەبەر ئەوەی کارێکی زۆرتری ویستووە. هەڵبەتە جگە لە کار، دەبێ پارەی داریش بدەن. بەڵام ئەگەر زیاتر ورد ببینەوە، بۆتان دەردەکەوێ کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بۆ ئەو کارەش کە لەپێناو دارچاندن و بڕینی درەخت و گواستنەوە و داربڕین و شتی لەم جۆرە سەرف کراوە، پارە دەدەن. ئەم تێبینیە دەربڕی ئەم تیۆرە گشتیەیە کە دەبێ کەم تا زۆر بۆ ئەو شتە یان شمەکەی کە دەیکڕن، بەپێی ئەو پارەیەی تێی چووە- واتە کاتژمێری کاری پێویست بۆ بەرهەم هێنانی- پارە بدەن.

دەڵێین ((کەم تا زۆر))، چونکە نرخە واقعیەکان لە هەڵبەزدابەزدان. بەڵام بەردەوام بەم جۆرەیە، یان لانی کەم وا دەردەکەوێت، کە شتێکی جێگیرتر- جۆرە نرخێکی ناوەنجی {یان تێکڕای نرخ} کە نرخە فعلیەکان لە بەرز و نزم بوونەوەدان{١٠} و بە ((بەهای ئاڵوگۆڕی))[١٩] یان، بە کورتی ((بەها))ی هەر شتێك ناوزەد کراوە- لە پشت ئەم نرخانەوە بوونی هەیە. مارکس بە سوود وەرگرتن لەم وێنا گشتیە، بەهای هەر شمەکێك، بەتێکڕای ژمارەی کاتژمێری کاری پێویست بۆ بەرهەم هێنان (یان بەرهەم هێنانەوە) پێناسە دەکات.

چەمکی دواتر، <u>**واتە تیۆری زێدە بەهاش**</u>[٢٠] تاڕادەیەك هەر بەم ساکارییەیە. مارکس ئەم چەمکەشی لە پێشینیانی خۆی خواستووە (ئینگڵس دەڵێت- رەنگە بە هەڵە، بەڵام من بۆ دەربڕینی بابەتەکە پەیڕەوی لێ دەکەم- کە ژێدەری سەرەکی مارکس، ریکاردۆ بووە{١١}). تیۆری زێدە بەها، هەوڵێکە لە چوارچێوەی تیۆری بەهای کاردا، بۆ بەرسڤ دانەوەی ئەم پرسیارە کە: ((سەرمایەدار لە چ رێگایەکەوە سوودی پێدەگات؟)) ئەگەر وادابنێین ئەو شمەکەی کە لە کارخانەکەیدا دروست دەکرێت لە بازاڕدا بەپێی بەهای راستەقینە دەفرۆشرێت- واتە بە پێی کاتژمێری کاری پێویست بۆ بەرهەم هێنانی ئەم شمەکە- سەرمایەدار تەنیا دەکرێ لەم

١٧. Adam smith (١٧٢٣ـ١٧٩٠) ئابووریزانی سکۆتلەندی کە بەنووسینی کتێبی بەناوبانگی توێژینەوە <u>**لەمەڕ ماهییەت و هۆکاری سامانی گەلان (١٧٧٦)**</u>، بناغەی زانستی ئابووری سیاسی داڕشت.

١٨. David Ricardo (١٧٧٢ـ١٨٢٣) ئابووریزانی ئینگلیزی و خاوەنی کتێبی <u>**پرەنسیپی ئابووری سیاسی و وەرگرتنی باج**</u>.

19. Exchange- value
20. Theory of surplus value

ڕێگایەوە سوودی پێ بگات کە کرێیەکی کەمتر لە بەهای تەواوی بەرهەمەکەیان بە کرێکارەکانی بدات. کەواتە ئەو حەقدەستەی کرێکار وەریگرتووە، هێمای بەهایەکە کە لەگەڵ ئەو کاتژمێرانەی کاری کردووە یەکسان نییە و بەم شێوەیە، دەتوانین کاری ڕۆژانەی کرێکار بەسەر دوو بەشدا دابەش بکەین: یەکیان ئەو کاتژمێرەی کە سەرفی بەرهەم هێنانی بەهای هاوتای حەقدەستەکەی کردووە و دووەم، ئەو کاتژمێرەی کە سەرفی بەرهەم هێنانی بەهای کردووە بۆ سەرمایەدار[١٢]. هەر بەم چەشنە، دەتوانین هەموو ئەو بەهایەی کە کرێکار بەرهەمی هێناوە بکەین بە دوو بەشەوە: بەهای هاوتای حەقدەستەکەی و پاشماوەکەی کە بە زێدە بەها[٢١] ناوزەد دەکرێت. ئەم زێدە بەهایە تاکە بنچینەی قازانجی سەرمایەدارە و دەچێتە گیرفانی ئەوەوە.

تا ئێرە داستانەکە سادەیە. بەڵام ئێستا لە ڕووی تیۆرییەوە گرفتێك دێتە پێش. تیۆری بەها لە بنەڕەتدا بۆ ڕوون کردنەوەی ئەم خاڵە چێ کراوە کە چۆن هەموو شمەکەکان بە نرخی فیعلی ئاڵوێر (ئاڵشت) دەکرێن. هەڵبەتە هێشتا گریمانەکە لەسەر ئەوە دامەزراوە کە سەرمایە دەتوانێت بەهای تەواوی بەرهەمی خۆی لە بازاڕدا بەدەست بێنێت- واتە نرخێك کە هاوجووتە لەگەڵ هەموو ئەو کاتژمێرانەی کە سەرفی بەرهەم هێنانی ئەم بەرهەمە کراوە. بەڵام پێدەچێت کرێکار نرخی تەواوی ئەو شمەکەی کە لە بازاڕی کاردا بە سەرمایەداری دەفرۆشێت، وەدەست ناهێنێت. وادێتە بەرچاو فێڵی لێدەکرێت و دزی لێ دەکەن یان بەهەر حاڵ ئەوەی پێی دەدرێت هاوجووت نییە لەگەڵ یاسای گشتیدا کە لە تیۆری بەهادا وەکو بەڵگەنەویست گریمانە کراوە و دەڵێت هەموو نرخە فیعلیەکان، لانی کەم بە نزیك کردنەوە لە بەرایدا، لەلایەن بەهای شمەکەوە دیاری دەکرێت. (ئینگڵس دەڵێت ئەو ئابووریزانانەی کە مارکس بە ((پەیڕەوانی قوتابخانەی ریکاردۆ)) ناوزەدی کردبوون، پەیان بەم کێشە نەبرد بوو، بەڵام لەبەرئەوەی بێ توان بوون لە چارەسەرکردنی، قوتابخانەکەیان لەبەریەکهەڵوەشا[١٣]). ئەو چارەیەی بۆ لابردنی ئەم کێشەیە دۆزرایەوە تاڕادەیەك ڕوون و ئاشکرابوو. سەرمایەدار ئامرازەکانی بەرهەم هێنان مۆنۆپۆل دەکات و بەم هێزە بەرزە ئابوورییەوە دەتوانێت زوڵم لە کرێکار بکات و بیترسێنێ و ناچاری بکات گرێبەستی پێچەوانەی یاسای بەها ببەستێت. بەڵام ئەم ڕێگەچارەیە (کە بەبڕوای من بارودۆخەکە بە جۆرێکی ژیرانە وەسف دەکات) لە بناغەوە تیۆری بەها دەڕووخێنێت، چونکە

21. surplus value



دەردەکەوێ هەندێ لە نرخەکان- واتە کرێیەکان- تەنانەت بە نزیك کردنەوە لە بەراییش لەگەڵ بەهای واقعیدا هاوجووت نییە و لەناکاو ئەم دەرفەتە دەرەخسێت کە ڕەنگە نرخەکانی تریش بەهۆی لەم چەشنە بەم جۆرە بن.

بارودۆخەکە هەر بەم شێوەیە بوو هەتا مارکس بۆ پێشگرتن لە لەناوچوونی تیۆری بەهای کار، هاتە مەیدانەوەو بەیارمەتی بیرێکی سادە بەڵام درەخشان، دەریخست کە تیۆری زێدە بەها نەك هەر لەگەڵ تیۆری بەهای کاردا دژایەتی نییە، بەڵکو ڕێك لەوەوە دەرەنجامگیری دەکرێت. بۆ هەنگاونان بەرەو ئەم دەرەنجامگیرییە، ئەوەندە بەسە لە خۆمان بپرسین: ئەو شمەکەی کە کرێکار بە سەرمایەداری دەفرۆشێت، ڕێك چییە؟ مارکس بەرسڤ دەداتەوە: ئەوەی کرێکار دەیفرۆشێت **کاتژمێری** کارەکەی نییە، هەر هەموو **توانای** کارەکەیەتی، ئەوەی سەرمایەدار لە بازاڕی کاردا دەیکڕێت یان بەکرێی دەگرێت، **توانای** کاری کارێکارە. ئێستا بە پەلە وادانێین ئەم شمەکە لەسەر بنەمای بەهای ڕاستەقینەی (حقیقی) خۆی دەفرۆشرێت. بەها ڕاستەقینەکەی چییە؟ بەپێی پێناسەی بەها، بەهای توانای کار یەکسانە لەگەڵ تێکڕای **کاتژمێری** کاری پێویست بۆ بەرهەم هێنان یان بەرهەم هێنانەوە. بەڵام ئەمە بە ئاشکرا هەمان ژمارەی کاتژمێری کاری پێویستە بۆ دابین کردنی **پێداویستییەکانی بژێوی ژیانی**[٢٢] کرێکار و (ئەندامانی خێزانەکەی).

کەواتە مارکس گەیشتە ئەم دەرەنجامە کە بەهای ڕاستەقینەی هەموو توانای کاری کرێکار یەکسانە بە کاتژمێری کاری پێویست بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی بژێوی ژیانی خۆی. توانای کار بەم نرخە بەسەرمایەدار دەفرۆشرێت. ئەگەر کرێکار بتوانێت بۆ ماوەیەکی درێژتر لەمە کار بکات، زێدە کارەکەی[٢٣] دەبیتە هی کەسێك کە تواناکەی دەکڕێ یان بەکرێ دەگرێت. هەرچەندە بەرهەمداری کار زیاتر بێت- واتە هەرچەندە کرێکار بتوانێ لە هەر کاتژمێرێکدا زۆرتر بەرهەم بێنێت- کاتژمێری کەمتر بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی بژێوی ژیانی ئەو پێویستە و کاتژمێری زیاتر بۆ بەهرەکێشی لە کارێکار دەمێنێتەوە. ئەمە دەریدەخات کە بنەمای بەرهەرەکێشی لە سەرمایەداریدا، **بەرهەمداری فراوانە**. ئەگەر کرێکار نەیتوانیابە بەدرێژایی ڕۆژ زیاتر لە پێداویستییە ڕۆژانەکانی خۆی بەرهەم بێنێت، ئەوا بەهرەکێشی بەبێ سەرپێچی کردن لە یاسای بەها، ممکین نەدەبوو و تەنیا لە ڕێگەی فرت و فێڵ

22. Means of subsistence
23. surplus labour

یان دزی یان کوشتن دەکرا ئەنجام بدرێت. بەڵام هەر کە بە سوود وەرگرتن لە ئامرازی ماشینی، بەرهەمداری کار بەڕادەیەك بەرز ببێتەوە کە هەر کەسێك بتوانێ زۆر زیاتر لە پێداویستییەکانی خۆی بەرهەم بێنێت، ئەوان ئەو کات بەهرەکێشی بەشێوازی سەرمایەداری ممکین دەبێت و تەنانەت لە کۆمەڵگایەکی ((ئایدیالی)) سەرمایەداریشدا- واتە ئەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا هەموو شمەکێك، و یەك لەوان توانای کار، بەپێی بەهای راستەقینەی خۆی بکردرێ و بفرۆشرێت- دەشێ ئەنجام بدرێت. لە کۆمەڵگایەکی ئەوتۆدا، نادادپەروەری چەوساندنەوە لەوەدا نییە کە ((نرخێکی دادپەروەرانە)) لە بەرامبەر تونای کار، بەکرێکار نادرێت، بەڵکو لەوە دایە کە لە هەمان کاتدا کە ئەو بەڕادەیەك دەستکورت دەبێت کە بەناچاری دەبێ تونای کاری خۆی بفرۆشێت، سەرمایەدار هێندە سامان کۆدەکاتەوە کە هەوڵ دەدات بەڕادەیەکی زۆر توانای کار بکڕێت و لەم رێگەوە قازانجی پێ دەگات.

مارکس بەم چەشنە تیۆری زێدە بەهای دەرەنجامگیری کرد{١٤} و لەم رێگەیەوە بەشێوەیەکی کاتەکی بەهای کاری لە هەڕەشەی لەناوچوون رزگارکرد. ئەگەرچی من ((کێشەی بەها)) (بەمانای بەهای ((بابەتی)) راستەقینە کە نرخەکان بە دەوری دا بەرز و نزم دەبنەوە) یەکڕاست بە شتێکی دەرەوەی بابەتەکە لە قەڵەمی دەدەم، بەڵام بە تەواوی داکۆکی لەوە دەکەم کە رێگاچارەی مارکس، لە ڕووی تیۆرییەوە، گونجاندنێکی پلە یەکە. ئەو کارەی کە مارکس ئەنجامی دا تەنیا ئەوە نەبوو کە ئەم تیۆرە لە مەترسی پووچەڵ بوونەوە رزگار بکات کە ((ئابووریزانە بۆرژواکان)) لە بنەڕەتدا پێشنیاریان کردبوو، بەڵکو بە بەردێ دوو کێلی شکاند: هەم تیۆرێکی لەمەڕ بەهرەکێشی خستەڕووەوە و هەم تیۆرێك سەبارەت بەوە بۆچی کرێی کرێکاران لە دەوری پێداویستییەکانی بژێوی ژیان (یان نەمر و نەژی)دا مەیلی بەرەو بەرزبوونەوە و نزم بوونەوە هەیە. بەڵام گەورەترین سەرکەوتنی مارکس لەوەدا بوو کە توانی هەماهەنگ لە تەك تیۆرە ئابوورییەکەی خۆی سەبارەت بە سیستەمی حقوقی، روونی بکاتەوە بۆچی شێوازی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری، حەزی لە هەڵبژاردنی پۆشەری یاسای لیبرالیزمە. تیۆرە نوێیەکە بەم دەرەنجامەی گەیاند کە هەر کە بەرهەمداری کار بە یارمەتی ئامرازە ماشینییەکان، چەند بەرامبەر بێت {زیاد بکات}، بەهرەکێشی بە چەشنێکی نوێ ممکین دەبێت کە بنەماکەی لەسەر رێزگرتنی ((فۆرماڵی {رواڵەتی}) ) لە دادپەروەری و یەکسانی ماف و ئازادییەکان دامەزراوە و تێیدا لە جیاتی زوڵم و دڕندەیی، سوود لە بازاڕی ئازاد وەردەگیرێت. قسەکەی ئەوەبوو کە سیستەمی سەرمایەداری کە بە سیستەمی ((رکەبەرایەتی



ئازاد)) بەناوبانگە، ((لە رێگای بەهرەکێشی لە کاری ئەوانیترەوە دەپارێزرێت- ئەو کارەی کە تەنیا بە مانای رواڵەتی ئازادە)){١٥}.

مارکس تیۆری بەها بەسەر حاڵەت گەلێکی ئەوتۆدا پیادە دەکات کە بەڕاستی سەرسوڕهێنەرە. چوونە ناو وردەکارییەکانی ئەم حاڵەتانە لێرەدا نە دەکرێ و نە پێویستە، چونکە هەروەك وێرای رەخنەکانم دەردەکەوێت، لە بنەڕاتدا دەتوانین تیۆری بەها لە هەموو ئەم توێژینەوانە وەلاوە بنێین. ئێستا هەوڵ دەدەم بە درێژی باسی ئەم رەخنانە بکەم کە سێ کۆڵەگەی بەم جۆرەیە: (الف) تیۆری مارکس بۆ روون کردنەوەی بەهرەکێشی بەس (کافی) نییە، (ب) بۆ روون کردنەوەی ئەم رەوشە دەبێ بڕوا بە گریمانەی زیاتر بێنین، ئەم گریمانانە پێویست و کافین بە چەشنێك کە تیۆری بەها، دەبێتە شتێکی زیادە، (ج) تیۆری مارکس لەمەڕ بەهاوە، تیۆرێکی ماهییەتگەرایانەیە و هەر بۆیە میتافیزیکیە.

(الف) یاسای بنەمایی لە تیۆری بەهادا ئەوەیە کە دەتوانین بڵێین نرخی هەموو شمەکێك و هەروەها کرێ، لەلایەن بەهاکەیەوە دیاری دەکرێت. یاخود بەجۆرێکی تر، نرخی هەر شمەکێك، لانی کەم بەنزیك کردنەوەی بەرایی، گونجاوە لەگەڵ کاتژمێری کاری پێویست بۆ بەرهەم هێنانی. بەڵام ئەم یاسایە کە رەنگە بە ((یاسای بەها))ی ناوزەد بکەین، یەکسەر کێشە دەخولقێنێت. بۆچی ئەم یاسایە راستە؟ ئاشکرایە کە نە کڕیاری شمەك دەتوانێت بە چاولێکردنێك ئەوە دەستنیشان بکات کە چەند کاتژمێر کار بۆ بەرهەم هێنانی پێویستە و نەفرۆشیار، باوا دابنێین دەشتوانن، دیسان ئەم شتە یاسای بەهای روون نەدەکردەوە. ئاشکرایە کڕیار دەیەوێ تا ئەو شوێنەی لە توانایدا هەیە هەرزانتر بکرێت و فرۆشیار گەرەکیەتی تا پێیدەکرێت گرانتر بفرۆشێت. ئەمە بە ناچار یەکێکە لە گریمانە سەرەکییەکانی هەر تیۆرێك سەبارەت بە نرخی بازاڕ. بۆ روون کردنەوەی یاسای بەها، پێویستە دەریبخەین کە بۆچی بە دوور دەزانرێت کڕیار بتوانێت شمەکێك بە نزمتر لە ((بەها))کەی بکڕێت و فرۆشیار بەرزتر لە ((بەها))کەی بیفرۆشێت. هەڵبەتە پەیڕەوانی تیۆری بەهای کاریش کەم تا زۆر گرنگیان بەم مژارە داوە و وەڵامەکەیان بەم جۆرە بووە. لە پێناو ئاسان کردنەوەی پرسەکەو بە دەست هێنانی جۆرە نزیکەیەکی بەرایی، باوا دابنێین کە رکەبەرایەتی بە تەواوی ئازادە. ئێستا تەنیا شمەکەکان وەبەرچاو دەگرین کە (ئەگەر کرێکار بەڕادەی پێویست هەبێت) لەوانەیە تاڕادەیەکی بێ سنوور بەرهەم بهێنرێت. گریمان نرخی ئەم شمەکە بەرزترە لە بەهاکەی. ئەوە بەم مانایەیە کە

لەم بەشە تایبەتییەدا، بەرهەم هێنەر دەتوانێ سوودێکی زۆر و زەوەند وەربگرێت. بەڵام هەر ئەم ڕەوشە بەرهەم هێنەرە جیاوازەکان هان دەدات بۆ بەرهەم هێنانی ئەم شمەکە و نرخ بەهۆی ڕکەبەرایەتییەوە دادەبەزێت. پێچەوانەی ئەم ڕەوتە، زیادبوونی نرخی شمەکی لێ دەکەوێتەوە کە بە نزمتر لە بەهای خۆی دەفرۆشرێت. کەواتە نرخ بەرز و نزم دەبێتەوە و ئەم هەڵبەزدابەزە بە دەوری تەوەری بەهای شمەکدا ئەنجام دەدرێت. یاخود بەجۆرێکی تر، ئەوەی یاسای بەها بەسەر ڕکەبەرایەتی ئازاددا باڵا دەست دەکات، میکانیزمی **خواست و خستنەڕوویە**[٢٤]{١٦}.

ئەم جۆرە تێبینیانە بە فراوانی لە مارکسدا دەست دەکەوێت، بۆ نموونە لە بەرگی سێیەمی کتێبی سەرمایە{١٧}، لەو شوێنەی ڕوونیدەکاتەوە بۆچی لە بەشە جیاجیاکانی پیشەسازی بەرهەم هێناندا، مەیلێك لە ئارادایە بۆ ئەوەی هەموو جۆرە قازانجێك لە قازانجی ناونجی دیاریکراو نزیك ببێتەوەو لە گەڵیدا هاوجووت بێت. لە بەرگی یەکەمیشدا لەم جۆرە تێبینیانەمان دەست دەکەوێ. بەتایبەتی بۆ دەرخستنی ئەوەی کە بۆچی کرێ لە ئاستی نزمی پێداویستییەکانی بژێوی ژیان یان تەنیا تۆزێك بەرزتر لە ڕادەی نەمر نەژیدا، ڕادەگیرێت، کە بەهەرحاڵ مانای هەدووکیان یەکێکە. ئاشکرایە کە ئەگەر کرێ لەم ڕادەیە نزمتر بێت، کرێکار بە کردەوە تووشی برسێتی دەبێت و خستنەڕووی توانای کار لە بازاردا لەناو دەچێت. بەڵام تا کاتێ مرۆڤەکان زیندوون، درێژە بە بەرهەم هێنانەوە (سەر لەنوێ بەرهەم هێنان) دەدەن و (هەروەك لە بڕگەی ٤ ئەم بەشەدا بۆمان دەردەکەوێت) مارکس هەوڵی دەدا لە ڕێگای ئاماژەکردن بە وردەکارییەکان پێشانی بدات کە بۆچی میکانیزمی کەڵەکەبوون لە سیستەمی سەرمایەداریدا، بە ناچار زێدە حەشیمەت یان لەشکری پیشەسازیی یەدەك پێك دێنێت. کەواتە تا ئەو کاتەی کە کرێ تۆزێك بەرزتر لەڕادەی نەمر نەژی ڕابگیرێت و بپارێزرێ، خستنەڕووی توانای کار نەك هەر هەمیشە بەڕادەی پێویست لە بازاڕی کاردا بوونی دەبێت، بەڵکو لەڕادەی پێویستیش (کفایت) تێدەپەڕێت و بەبڕوای مارکس، هەر ئەم خستنەڕووە لەڕادەبەدەرە دەبێتە بەربەست لە بەردەم زیادبوونی کرێدا{١٨}: ((لەشکری یەدەکی پیشەسازیی پارێزگاری لە فشار و پاڵەپەستۆ دەکات بۆ سەر ڕیزی کرێکارە دەستبەکارەکان... کەواتە زێرە حەشیمەت،

24. supply and demand



پاژنەیەکە کە یاسای خواست و خستنەڕووی کاری لەسەر دەسووڕێت[٢٥]. زێدە حەشیمەت، ئەو گۆڕەپانە بە سنوور گەلێك بەرتەسك دەکاتەوە کە ئەم یاسایە مۆڵەتی هەیە لە پانتاییەکەیدا بجوڵێتەوە کە بەباشترین شێوە لەگەڵ چاوچنۆکی بەهرەکێشی و هەژموونی خوازی سەرمایەداریدا بگونجێت)).

(ب) هەروەك لە پاراگرافە وەرگیراوەکانەوە بۆمان دەردەکەوێ، خودی مارکس ئاگاداری پێویستی ئەم شتە بووە کە دەبێ تیۆرێك ببێتە پشتیوانی یاسای بەها کە زیاتر سەروکاری لەگەڵ بابەتیەت و واقعیاتدا هەبێت- ئەو تیۆرەی پێشانی بدات کە لە هەموو حاڵەتێکی تایبەتیدا، **چۆن یاساکانی خواست و خستنەڕوو**[٢٦] دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی هەندێ شوێنەواری وەکو کرێی نەمر نەژی کە پێویستە بۆچییەکەی ڕوون بکرێتەوە. بەڵام ئەگەر ئەم یاساگەلە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم شوێنەوارانە کافی بن، ئیدی بە هیچ چەشنێك پێویستیمان بە تیۆری بەهای کار نابێت، جا چ وەکو نزیك کردنەوەی بەرایی بۆ بەرگری لێکردن بشێت (کە بەبڕوای من ناشێت) و چ نەشێت. ئەو کات، هەر وەك مارکس خۆی ئاگادار بوو، یاساگەلی خواست و خستنەڕوو بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو حاڵەتانە پێویستە کە ڕکەبەرایەتی ئازاد لە ئارادا نەبێت و یاسای خودی ئەو لەمەڕ بەهاوە بە ئاشکرا لە کاربکەوێت. نموونەی ئەم حاڵەتە، ڕەوشێکە کە تێیدا بتوانرێ بەهۆی مۆنۆپۆلەگەرییەوە بەردەوام نرخ بەرزتر لە ((بەها)) ڕابگیرێت. مارکس ئەم جۆرە ڕەوشە بە حاڵەتی ڕیزپەڕ لە قەڵەم دەدات کە هەڵبەتە بۆچوونێکی ڕاست نییە، وەلێ بەبێ وەبەرچاوگرتنی ڕاستی و ناڕاستی، حاڵەتی مۆنۆپولەکردن دەریدەخات کە یاساکانی خواست و خستنەڕوو نەك هەر لەڕووی تەواوکردنی یاساکەی لەمەڕ بەهاوە پێویستیە، بەڵکو لەلایەنی بەکارهێنانیشەوە گشتیەتێکی زیاتری هەیە.

لەلایەکی ترەوە، ئاشکرایە ئەگەر ئێمەش وەکو مارکس بوونی بازاڕی ئازادی کار و خستنەڕووی لەڕادەبەدەر و موزمینی توانای کار بە بەڵگەنەویست دابنێین، ئەوا یاساکانی خواست و خستنەڕوو بۆ ڕوونکردنەوەی هەموو ئەو دیاردانەی کە لە بەهرەکێشییەوە سەرچاوە دەگرن و مارکس تێبینی دەکردن- واتە بە جۆرێکی وردتر، دیاردەی هەژاری کرێکاران لە پەنای

٢٥. ئەم ڕستەیە لەسەرمایە، وەرگێڕانی ئیرەج ئەسکەندەری خواستراوە چونکە لە وەرگێڕانە ئینگلیزییەکە مانا زیاتر دەدا بەدەستەوە.

26. Laws of supply and demand

دەوڵەمەندی وەبەرهێنەرەکان (سەرمایەگوزارەکان)- نەك هەر پێویست بەڵکو کافییە. (تیۆری مارکس لەمەڕ خستنەڕووی لەرادەبەدەری {توانای کار} بە دوور و درێژییەکی زیاتر لە بڕگەی(٤) ئەم بەشەدا توێژینەوەی لەسەر دەکرێت). هەروەك مارکس پیشانی دەدات، ئاشکرایە کە لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا، کرێکارەکان ناچار دەبن چەندین کاتژمێری دوور و درێژ بەکرێیەکی (حەقدەستێکی) کەم و هیچەوە کار بکەن و یاخود بە جۆرێکی تر، روخسەتی ئەوە بەسەرمایەدار بدەن کە ((بەشی هەرەمەزنی بەری کاری ئەوان بخاتە گیرفانی خۆیەوە)). بەڵام تەنانەت لەم بەڵگەخوازییە ئاشکرا و کەم بایەخەشدا کە بەشێکە لە بەڵگەخوازی خودی مارکس، هیچ پێویستیمان بە ئاماژەکردن بۆ چەمکی ((بەها)) نییە.

کەواتە بۆمان دەکەوت کە تیۆری بەها، بەشێکی بە تەواوی زیادی تیۆری مارکس لەمەڕ بەهرەکێشی پێك دێنێ. راستی ئەم حاڵە بە تەواوی لەم پرسە سەربەخۆیە کە ئایا تیۆری بەها راستە یان نا. بەڵام جگە لە تیۆری بەها، سەرجەم تیۆرەکەی سەبارەت بە بەهرەکێشی بێگومان راستە، بەو مەرجە کە تیۆری زێدە حەشیمەتی پەسند بکەین. راستیەکەی ئەوەیە کە تا کاتێ دەوڵەت هەوڵی دەستکاری کردنی سامان نەدات، بوونی زێدە حەشیمەت (دانیشتووان) حەتمەن کرێی نەمر نەژی و جیاوازیی تورەکەری لێ دەکەوێتەوە لەسەر ئاستی ژیاندا.

(ئەو شتەی کە نە بەم جۆرە روون و ئاشکرایە و نە مارکس روونکردنەوەیەکی لەمەڕ پێشکەش دەکات ئەوەیە کە بۆچی دەبێ بەردەوام خستنەڕووی کار زیاتر بێت لە خواست؟ ئەگەر ((بەهرەکێشی)) لە کرێکار سوودێکی وەها لێوان لێوی بە دواوەیە، کەواتە ئەی بۆچی سەرمایەداران بەهۆی هەڤڕکییەوە (رکەبەرایەتیەوە) ناچار نابن، لە رێگای دامەزراندنی کرێکاری زیاترەوە، سوودەکەیان زیاد بکەن؟ بەجۆرێکی تر، بۆچی لە بازاڕی کاردا هەڤڕکی لەگەڵ یەکتردا ناکەن بۆ ئەوەی کرێ بەرادەیەك بەرز بکەنەوە کە ئیدی سوودهێن نەبێت و لە پاش ئەو ئیتر نەتوانین لە بەهرەکێشی بدوێین؟ ئەگەر مارکس ئەم پرسیارە بیستبووایە، وەڵامی دەدایەوە: ((چونکە رکەبەرایەتی ناچاریان دەکات زیاتر و زیاتر سەرمایەگوزاری لەسەر ئامرازە ماشینیەکان بکەن و لەم روویەوە، ناتوانن ئەو بەشە لەسەرمایە کە تایبەتە بەدانی کرێ بەرز بکەنەوە)) (بڕوانە سەر بڕگەی ٥ هەر لەم بەشەدا). بەڵام ئەم وەڵامە رازیکەر نییە، چونکە تەنانەت ئەگەر سەرمایەدارەکان بیانەوێت هەموو ئەو سەرمایەی هەیانە خەرجی ئامرازی ماشینی بکەن، تەنیا لەم رێگەیەوە دەتوانن کارێکی وەها بکەن کە یان خۆیان هەوڵی کڕینی هێزی کارێکی زیاتر بدەن



بۆ کڕینی ئامرازی ماشینی یان ببنە هۆی ئەوەی کە ئەوانیتر ئەم کارە ئەنجام بدەن کە لە هەردوو حاڵەتەکەدا خواستی کار زیاد دەبێت. بە وەبەرچاوگرتنی بەم جۆرە بەڵگانە، پێدەچێت ئەو دیاردانەی کە لە ((بەهرەکێشی))یەوە سەرچاوەیان دەگرت و مارکس تێبینی دەکردن، بە پێچەوانەی بۆچوونی ئەو، هۆبەندی میکانیزمی رکەبەرایەتی تەواو نەبووبێت لە بازاڕدا، بەڵکو لە فاکتەری ترەوە- بەتایبەتی تێکەڵەیەك لە بەرهەمداری نزم و نەبوونی رکەبەرایەتی تەواو لە بازاڕدا- سەرچاوەی گرتووە. بەڵام پێناچێت هێشتا روونکردنەویەکی چڕوپڕ و رازیکەر سەبارەت بەم دیاردانەی ئاماژەمان بۆ کرد بوونی هەبێت[19]).

(ج) بەر لەوەی کۆتایی بە باسەکەم لەمەڕ تیۆری بەهاو گرنگیەکەی لە شیکردنەوەی مارکس بێنم، گەرەکمە بە کورتی بۆچوونی خۆم لەهەمبەر یەکێکی تر لە لایەنەکانی دەربڕم. ئەم وێنایە داهێنراوی مارکس نەبوو کە لە پشت نرخەکانەوە شتێکی تر لە ئارادایە- واتە بەهای بابەتی یان واقعی یان راستەقینە کە نرخ تەنیا ((فۆرمە رواڵەتی))[27] یان ((دەکەوتە))کەیەتی[20]. ئاشکرایە ئایدیالیزمی ئەفلاتون- لەو جیاوازییەی کە لە نێوان ((فاکت)) یان ((واقعیەتی)) خودیی و پەنهان و ((دەرکەوتە)) یان ((رواڵەتی)) ناجەوهەری و هەڵخەڵەتێنەری هەر شتێك دایدەنا- کاریگەری لەسەر ئەم هزرە هەبووە. دەبێ ئەوە قبوڵ بکەین کە مارکس لە پێناو سڕینەوەی خەسڵەتی عیرفانی و رازاوی ((بەهای)) بابەتی، هەوڵێکی زۆری داوە[21] بەڵام سەرکەوتوو نەبووە. تێکۆشاوە واقیعبین بێت و تەنیا شتێکی گرنگ و بینراوی وەکو کاتژمێری کار وەك ئەو واقیعیەتەی لە بیچمی نرخدا دەردەکەوێت، قبوڵ بکات. هەڵبەتە سەبارەت بە گرنگی کاتژمێری کاری پێویست بۆ بەرهەم هێنانی هەر شمەکێك- واتە بە وتەی مارکس ((بەها))ی شمەك- هیچ گومانێك لە ئارادا نییە. لەڕاستیدا بە مانایەك، ئەم پرسە تەنیا پرسێکی زمانەوانیە کە ئایا دەبێ ئەم کاتژمێری کاری پێویستە بە ((بەها))ی شمەك ناوزەد بکەین یان نا. بەڵام ئەگەر ئێمەش وەکو مارکس گریمانەکەمان لەسەر زیادبوونی بەرهەمداری دابنێین، ئەم جۆرە زاراوانە گەلێ گومڕاکەر و بە چەشنێکی سەرسورهێنەر پێچەوانەی واقیعبینی دەبێت. مارکس خۆی جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە بە زیادبوونی بەرهەمداری، بەهای هەموو شتەکان دادەبەزێت و هەر بۆیە، زیادبوونی کرێی راستەقینە و قازانجی راستەقینە[28]- واتەزیادبوونی ئەو ((شمەك))انەی کە بەریز، کرێکاران و

27. Form of appearance
28. real profist

سەرمایەداران خەرجی دەکەن- ممکینە. کەواتە، سەرەڕای پێشکەوتنە راستەقینەکان- وەك کەمبوونەوەی کاتژمێری کار و باشبوونی بەرچاوی ئاستی ژیانی کرێکاران (بێ وەبەرچاوگرتنی داهاتی دراوی زیاتر{٢٣} ئەگەرچی ئەم داهاتە بەزێڕ حسێب بکرێت)- کرێکاران رەنگە دیسان زۆربەتوندی سکاڵا بکەن کە ((بەهای)) داهاتەکەیان بەپێی راڤەی مارکس، واتە ماهییەت یان جەوهەرە راستەقینەکەی، وردە وردە بەرەو کەمبوونەوە دەچێ، چونکە کاتژمێری پێویست بۆ بەرهەم هێنانی کەم کراوەتەوە. (سەرمایەدارەکانیش دەتوانن سکاڵایەکی لەم چەشنە بکەن). مارکس دان بە هەموو ئەم بابەتانە دادەنێت و ئەمە دەریدەخات کە زاراوەگەلی تایبەت بە بەها چەندە گومڕاکەرن و ئەزموونی کۆمەڵایەتی راستەقینەی کرێکاران چ رەنگدانەوەیەکی لاوازی تێدا هەیە. لە تیۆری بەهای کاردا، ((ماهییەتی)) ئەفلاتونی بە تەواوی لەو شتەی لە ئەزموونەدا رادەبرێت، جیابۆتەوە{٢٤}...

### ٣

هەڵبەتە تەنانەت پاش بەلاوەنانی تیۆری بەهای کار و تیۆری زێدە بەهایی، دیسان گرنگی شیکردنەوەی مارکس سەبارەت بە ئەو فشارەی کە زێدە حەشیمەت لەسەر کرێی کرێکارە دەستبەکارەکانی دادەنێت، لەجێی خۆیدا پارێزراوە. (بگەڕێنەوە بۆ کۆتاییەکانی بەندی (الف) لە بڕگەی ٢ دا). ناتوانین نکۆڵی لەوە بکەین کە ئەگەر هەم بازاڕی ئازادی کار بوونی هەبێت و هەم زێدە حەشیمەت- واتە بێکاری بەرفراوان و موزمین و (بێگومان بێکاری نەك هەر لە سەردەمی مارکسدا، بەڵکو لەو کاتەوە تاکو ئێستاش هەمیشە گرنگیەکی شایستەی هەبووە)- ناشێت کرێ لەڕادەی نەمر نەژی بەرزتر ببێتەوە. هەروەها ئەگەر وەکو بەڵگەنەویستێك سەیری بوونی بازاڕی کاری ئازاد و زێدە دانیشتوان (حەشیمەت) بکەین و تیۆری کەڵەکەبوون قبوڵ بکەین کە پێشتر لێکۆڵینەوەمان لەسەر کردووە، دەبێ ئەوە پەسند بکەین کە ئەگەرچی مارکس هەقی نەبوو لەسەر بنەمای ئەم گریمانانە، یاسایەك بە ناوی یاسای هەژاری روو لە زیاد بێنێت، بەڵام مافی خۆی بوو کاتێ دەیگوت لە دونیای قازانجی لێوان لێو و سامانی روو لە زیاددا، کرێی نەمر نەژی و ژیانێکی پڕ لە کوێرەوەری، رەنگە پشکی هەتا هەتایی کرێکاران بێت.

پێم وایە تەنانەت ئەگەر شیکردنەوەی مارکس کێماسیشی هەبێت، هەوڵەکەی بۆ روونکردنەوەی دیاردەی ((بەهرەکێشی)) شایستەی بەرزترین رێز و نرخاندنە. (هەروەك لە کۆتاییەکانی بەندی (ب) لە بڕگەی پێشوودا ئاماژەمان بۆ کرد، بەڕواڵەت هێشتا لەم



بەستێنەدا تیۆرێکی بەڕاستی رازیکەر بوونی نییە). هەڵبەتە ناچارین ئاماژە بەم خاڵە بکەین کە مارکس بە هەڵە پێشگۆیی ئەوەی دەکرد کە ئەگەر هەلومەرجی بینراو بەهۆی شۆڕشەوە گۆڕانکاری بەسەردا نەیەت، ئەوا شێوەیەکی هەمیشەیی وەردەگرێت و هەڵە گەورەترەکەی ئەوەبوو کە پێشگۆیی خراپتر بوونی ئەم بارودۆخەی دەکرد. ئەوەی لەم ماوەیەدا رووی داوە، پێشگۆییەکانی مارکسی پووچەڵ کردۆتەوە. جگە لەمە، گریمان راستی و مسداقیەتی شیکردنەوەکانی لەمەڕ سیستەمە هەوسار پچڕاو و دەستێوەرنەدەرەکان، قبوڵ دەکەین، دیسان بەڵگەخوازییە پێشگۆیانەکەی نەزۆك و بێ بەرهەم دەبێت. هەژاری روو لە زیاد، بەپێی شیکردنەوەی خودی مارکس، تەنیا لە سیستەمێکدا دەتوانێت ئیش بکات کە بازاڕی کاری ئازاد بێت- واتە لەژێر سیستەمی سەرمایەداری بە تەواوی هەوسار پچڕاودا. بەڵام هەر کە دەرفەتی بوونی یەکێتیە کرێکارییەکان و دانووساندنە کۆگەلی(٢٩) و مانگرتنەکان قبوڵ بکەین، ئەو گریمانانەی کە شیکردنەوەکەمانی لەسەر دامەزراوە ئیدی راست نابێ و بەڵگەخوازی لە پێناو پێشگۆیی کردندا بە تەواوی دادەڕووخێت. بەپێی شیکردنەوەی مارکس، دەبێ چاوەڕوان بین گۆڕانکاری وەك ئەوەی وتمان، ئاستەنگی بخرێتە بەردەم و سەرکوت بکرێ یان بە مانای شۆڕشی کۆمەڵایەتی بێت. دانووساندنی کۆگەلی (دەستە جەمعی) دەتوانێ هێزی کار بکاتە مۆنۆپۆلی {یەکێتیەکان} و بەرەیەك لە بەرامبەر سەرمایەداری دروست بکات، دەتوانێ ببێتە لەمپەر لەبەردەم ئەوەدا کە سەرمایەدار لە پێناو نزم راگرتنی کرێیەکان سوود لە لەشکری پێشەسازیی یەدەك وەربگرێت، و بەم چەشنە دەتوانێت سەرمایەدارەکان ناچار بکات بۆ ئەوەی بەقازانجێکی کەمتر رازی بن. کەواتە بۆمان دەردەکەوێ بۆچی بە بۆچوونی مارکس، هاواری ((کرێکاران، یەکگرن!)) بەڕاستی تاکە وەڵامێکی شیاو بوو بە سەرمایەداری هەوسار پچڕاو.

هەروەها بۆمان دەردەکەوێت بۆچی ئەم هاوارە بە ناچار مژاری دەستێوەردانی دەوڵەت دێنێتەبەر باس و بۆچی ئەگەری ئەوەیە هەیە کۆتایی کاری سیستەمە هاوسار پچڕاوەکان و سەرەتای سیستەمێکی نوێی لێ بکەوێتەوە کە لەسەر بنەمای **دەسوەردانگەرایی** دامەزرابێ{٢٥} کە رەنگە لە ئاراستەگەلی زۆر جیاوازدا ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت. تاڕادەیەك حەتمیە کە سەرمایەدارەکان لە دژی مافی یەکگرتنی کرێکاران رادەپەڕن پاساویشیان ئەوە دەبێت کە یەکێتییە کرێکارییەکان، ئازادی رکەبەرایەتی لە بازاڕی کاردا دەخەنە ژێر

29. Collective bargaining

مەترسییەوە. کەواتە، سیاسەتی دستێوەردان لەگەڵ ئەم کێشەیەدا (کە بەشێکە لە پارادۆکسنمای ئازادی[٢٦]) رووبەڕوو دەبێتەوە: دەبێ دەوڵەت پارێزگاری لە کام ئازادی بکات؟ ئازادی بازاڕی کار یان ئازادی یەکگرتنی هەژارەکان؟ هەر کام لەم دوو رێگەیە هەڵبژێردرێت دەستێوەردانی دەوڵەتی- واتە بەسوود وەرگرتن لە دەسەڵاتی سیاسی رێکخراوی دەوڵەت و یەکێتییەکان لە پانتایی ئابووریدا- لێ دەوێتەوە و لە هەموو بارودۆخ و هەلومەرجێکدا، بەرفراوانبوونی بەرپرسایەتی ئابووری دەوڵەتی لێ دەکەوێتەوە، جا چ ئەم بەرپرسایەتییە ئاگایانە و بە زانینەوە بێت یان بە نەزانینەوە قبوڵ بکرێت. هەموو ئەم بابەتە بەم مانایەیە کە ئەو گریمانانەی شیکردنەوەی مارکس لەسەر بناغەی ئەوان دامەزراوە، دەبێ وازیان لێ بهێنرێت.

کەواتە دەرەنجامگیری یاسای مێژوویی هەژاری روو لە زیاد بەپێی لۆژیك راست نییە و دەرەنجامەکە لە پێشەکی نەکوتۆتەوە. تەنیا شتێك کە دەمێنێتەوە، روونکردنەوەی هەژێنەری هەژاری و بێنەوایی سەد ساڵ لەمەوبەری کرێکاران و هەوڵی دلێرانەی مارکس بۆ روونکردنەوەی هۆکاری ئەم رۆژ ڕەشیانەیە کە بەیارمەتی ئەو شتە دەتوانین هاودەنگ لەگەڵ لینین بە ((یاسای ئابووری جوڵە لە کۆمەڵگای هاوچەرخ)) ناوزەدی بکەین[٢٧] (واتە یاسای سەرمایەداری هەوسار پچڕاوی سەدەیەك لەمەوبەر). بەڵام ئەگەر ئەم بابەتانە بە مەبەستی پێشگۆیی مێژوویی و بە نیازی دەرەنجامگیری ((حەتمیەت))ی هەندێ ئاڵوگۆڕی مێژووی بڕیاری لەسەر درابێت، بەرییە لەڕاستی و مسداقیەت.

## ٤

گرنگی و بایەخی شیکردنەوەکەی مارکس، بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ئەم حەقیقەتە دامەزراوە کە لە سەردەمی ئەودا بەڕاستی زێدە حەشیمەت بوونی هەبوو و هێشتاش تاکو سەردەمی ئێمە لە ئارادایە و (هەروەك پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، تا ئێستا هۆکارەکەی بە چەشنێکی رازیکەر بەیان نەکراوە). مارکس بانگەشەی ئەوە دەکات کە میکانیزمی بەرهەم هێنان بە شێوازی سەرمایەداری ئەم زێدە حەشیمەتە بۆ نزم راگرتنی کرێی کرێکارانی دەستبەرکار پێك دێنێت. بۆ داکۆکی کردن لەم بانگەشەیە، هەندێ بەڵگە دێنێتەوە کە هێشتا لێکۆڵینەوەمان لەسەر نەکردووە. ئەم تیۆرە نەك هەر لە خودی خۆیدا هۆشمەندانە و سەرنجڕاکێشە، بەڵکو لە هەمان



کاتیشدا لەخۆگری **تیۆری مارکسە لەمەڕ سووڕی بازرگانی** و بێ بازاڕی گشتی[٣٠] کە بە ئاشکرا پەیوەستە بە پێشگۆیی کردنی هەرەس هێنانی سیستەمی سەرمایەداری بەهۆی خەڵقاندنی هەژارییەکی تاقەتپڕوکێن. بۆ ئەوەی تیۆرەکەی مارکس بەپێی توانا بەهێز بکرێت و بۆ بەرگری لێکردن بشێت، هەندەك گۆڕانمان تێدا پێك هێناوە[٢٨] (بەو واتایە کە جیاوازیمان کردووە لە نێوان دوو جۆر ئامرازی ماشینی، یەکێکیان بۆ **بەرفراوانکردنی**[٣١] بەرهەم هێنان و ئەویتریان لە پێناو **توندکردنیدا**)[٣٢]. بەڵام پێویست ناکات خوێنەرە مارکسیستەکان لەم گۆڕانە بەد گومان بن، چونکە بەهیچ چەشنێك نامەوێت رەخنە لەم تیۆرە بگرم.

دەتوانین تیۆری چاککراوی زێدە حەشیمەت و سووڕی بازرگانی بەم شێوەیە کورت بکەینەوە. کەڵەکەبوونی سەرمایە بەم مانایەیە کە سەرمایەدار بەشێك لە سەرمایەی خۆی لە پێناو ئامرازی ماشینی نوێدا خەرج دەکات. هەروەها دەتوانین ئەم راڤەیە بەم چەشنە دەربڕین کە تەنیا بەشێك لە قازانجی راستەقینەی ئەو لە شمەکە بەکاربراوەکان[٣٣] پێك دێنێ و بەشەکەی تریان بریتییە لە ئامرازی ماشینی. ئامرازە ماشینەیەکانیش رەنگە بە نۆرەی خۆیان بۆ بەرفراوانکردنی پیشەسازی بێت- واتە دامەزراندنی کارخانەی تازە و شتی لەم جۆرە- یان بۆ توندکردنی بەرهەم هێنان لە رێگای زیادکردنی بەرهەمداری کار لە پیشەسازییە مەوجوودەکاندا. ئامرازی ماشینی جۆری یەکەم، دەرفەت بۆ زیادبوونی ئیش و کار دەرەخسێنێ و ئامرازی ماشینی جۆری دووەم بەهۆی کاریگەرییەکەیانەوە، کرێکاری زیادە دێننە ئاراوە یان ئەگەر زاراوەی سەردەمی مارکس بەکاربێنن ((کرێکارەکان ئیزن دەدەن)) (ئەمڕۆ ئەم رەوتە بە ((بێکاری زادەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا)) ناوزەد دەکەن). لەلایەکی ترەوە بەپێی تیۆری چاککراوی مارکسیستی لەمەڕ سووری بازرگانی، میکانیزمی بەرهەم هێنان لە سەرمایەداری بەم جۆرە کار دەکات. ئەگەر وادابنێین، لە هەندێ رووەوە، بەشێوەیەکی گشتی بەرفراوانی لە پیشەسازیدا هاتبێتە ئاراوە، ئەوا بەشێك لە لەشکری پیشەسازیی یەدەك کێش دەکرێت، فشاری سەر بازاڕی کار کەم دەبێتەوە، کرێ زیاد دەبێت و قۆناغی بوژانەوە دەست پێدەکات. بەڵام هەر کە کرێیەکان بەرزبوونەوە، هەندێ لە ئامرازە ماشینییە باشەکان کە بەرهەم هێنان توند دەکەن و پێشتر بەهۆی نزم بوونی کرێیەکان سەرفیان نەدەکرد، لەوانەیە

30. general depression
31. Extension
32. intensification
33. goods for consumption

سوودهێن بن (هەرچەندە تێچوونیان رووەو زیادبوون بچێت). کەواتە، بەرهەم هێنانی ئامرازی ماشینی کە ((کرێکارەکان ئیزن دەدەن)) رووەو زیادبوون دەچێت و تا کاتێك کە ئەم جۆرە ماشینانە هەر لە دەستی بەرهەم هێنان دابن {و بەکارنەهێنرابن}، بوژانەوە درێژەی دەبێت و تەنانەت زیاتریش دەبێت. بەڵام هەر کە ماشینە نوێیەکان خۆیان دەست بە بەرهەم هێنان بکەن، نمایشەکە گۆڕانکاری تێدا پێك دێت. (بەبڕوای مارکس، ڕێژەی روو لە کەمی سوود- کە لە برگەی ٥ی ئەم بەشەدا توێژینەوەی لەسەر دەکرێت- ئەم ئاڵوگۆڕە توندتر دەکات. کرێکارەکان ((ئیزن)) دەدرێن، واتە مەحکوم بە برسێتی دەکرێن. لەلایەکی ترەوە، بەهۆی کەم بوونەوەی توندی بەکاربەرەکان، بازاڕی ناوخۆیی حەتمەن هەرەس دێنێ. لە ئاکامدا، بەشێکی زۆر لە ماشینەکان لە کارخانە بەرفراوان بووەکاندا (هەڵبەتە لە سەرەتادا ئەو ماشینانەی کە کاراییەکی کەمتریان هەیە) لە کار دەکەون و پووچەڵ دەبنەوە و ئەمە زیادبوونی بێکاری و تێك تەپینی زیاتری بازاڕی لێ دەکەوێتەوە. لە کارکەوتنی ئەم هەموو ماشینە بەم مانایەیە کە بەشێکی گەورەی سەرمایە بەهای خۆی لەدەست دەدات و گەلێك لەسەرمایەدارەکان ناتوانن پەیمانەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن و بەم چەشنە، قەیرانی دارایی سەرهەڵدەدات کە بەبێبازاڕی[٣٤] تەواوی بەرهەم هێنانی شمەکە سەرمایەییەکان و شتی لەم جۆرە کۆتایی دێت. بەڵام هەر لەو کاتەدا کە بێ بازاڕی (یان وتەی مارکس {قەیران (تەنگژە)}[٣٥]) رەوتی خۆی دەبڕێت، هەلومەرجەکان بۆ باشبوون ئامادە دەبێت. هەلومەرجی ناوبراو رەنگە بەشێوەیەکی گشتی بریتی بێت لە گەشەی لەشکری پیشەسازیی یەدەك و لە ئاکامدا، ئامادەیی کرێکاران بۆ قبوڵ کردنی کرێی نەمر نەژی. کاتێ کرێیەکان زۆر نزم بن، تەنانەت بەرهەم هێنان بە نرخی لەگەڕی نێو بازاڕی وەستاو بێبازاڕیش، سوودهێن دەبێ و هەر لەگەڵ دەستپێکی بەرهەم هێنان، سەرمایەدار سەر لەنوێ دەست دەکات بە کەڵەکەکردن و کڕینی ئامرازی ماشینی. بەڵام لەبەرئەوەی هێشتا حەقدەست زۆر نزمە، ئەو دەگاتە ئەم دەرەنجامە کە بەکارهێنانی ئامرازی ماشینی نوێ (کە هەندێ جار لەم ماوەیەدا نووژەن (اختراع) کراوە و کرێکاران ((ئیزن)) دەدات) هێشتا بۆ بەکاربردن ناشێت. کەواتە، سەرەتا هەندێ ماشین دەکڕێ بەمەبەستی بەرفراوان کردنی بەرهەم هێنان. بەڵام ئەم کارە دەبێتە هۆی بەرفراوان بوونی ئیش و کار و باشبوونی بارودۆخی بازاڕی ناوخۆیی. دیسان کار و کاسبی دەبوژێتەوە و دووبارە

34. Stagnation
35. crisis



دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خاڵەی کە لێیەوە دەستمان پێ کردبوو. سووڕە کە کۆتایی پێ دێت و هەمان ڕەوت سەر لەنوێ دەست پێ دەکاتەوە.

ئەمەبوو تیۆرە چاککراوەکەی مارکسیزم لەمەڕ بێکاری و سووڕی بازرگانی. هەروەك بەڵێنم دابوو، رەخنەی ئاڕاستە ناکەم. تیۆری سووڕی بازرگانی مژارێکی زۆر دژوارە و بێگومان زانیاری ئێمە (یان لانی کەم زانیاری من) سەبارەت بەمە هێشتا کافی نییە. ئەگەری زۆری هەیە، کە ئەم تیۆرەی کە ئێستا بەکورتی ئاماژەمان بۆ کرد، کەموکوڕی هەبێت. بە کورتی نە بوونی سیستەمێکی دراوی کە لەهەندێ لایەنەوە لەسەر بنەمای پێك هێنانی ئیعتبارات دامەزرابێ، بەڕادەی پێویست لەوێدا حسابی بۆ کراوە و نە شوێنەوارەکانی قۆرخ کردن و شتی لەم جۆرە. بەهەر حاڵ، سووڕی بازرگانی واقعیەتێکە کە ناتوانین بە بەڵگەتاشین خۆمانی لێ ببوێرین و یەکێك لەلایەنە هەرە باشەکانی مارکس لەوەدابوو کە وەك یەکێك لە گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان جەختی لەسەر گرنگیەکەی کردووەتەوە. ئەمانە هەموویان لە جێگەی خۆیاندا پارێزراون، بەڵام پێشگۆیی مارکس کە بنەمای تیۆرەکەیەتی لەمەڕ سووڕی بازرگانی، جێگەی رەخنە لێگرتنە. سەرەتا مارکس بانگەشەی ئەوە دەکات قۆناغەکانی بێ بازاڕی، هەم لە ڕووی بەستێنی گشتگیری و هەم لە رووی توندی ئازار و کوێرەوەری کرێکارانەوە، هێدی هێدی خراپتر دەبێت، بەڵام هیچ بەڵگەیەك (جگە لە تیۆری ڕێژەی روو لە دابەزینی قازانج کە بەم زووانە توێژینەوەی لەسەر دەکەین) بۆ داکۆکی کردن لەم بانگەشەیە ناهێنێتەوە. ئەگەر بە کردەوە سەیرێکی ئەو گۆڕانکاریانە بکەین کە روویان داوە، بۆمان دەردەکەوێت کە سەرەڕای شوێنەواری وەحشەتناکی بێکاری- بەتایبەتی لەڕووی سایکۆلۆژی و تەنانەت لەم وڵاتانەدا کە ئێستا کرێکاران خاوەن بیمەی بێکارین- رەنج و کوێرەوەری کرێکاران لە سەردەمی مارکسدا بێگومان لەڕادەبەدەر لەمڕۆ خراپتر بووە. بەڵام پلاری سەرەکی من ئەمە نییە.

وەرگرتنی سیاسەتێك کە ئێستا بە ((سیاسەتی دژە سووڕ)) ناسراوە و بە یەکێك لە تاکتیکەکانی دەستێوەردانی دەوڵەت لە قەڵەم دەدرێت، لە سەردەمی مارکسدا بەهزری هیچ کەسێکدا نەدەهات و بێگومان سیستەمی سەرمایەداری هەوسار پچڕاو، بە تەواوی لەگەڵ ئەم بیرۆکەیەدا نامۆ بوو. (سەرەڕای هەموو ئەمانە، سەیر دەکەن بەر لە مارکسیش دردۆنگی و تەنانەت توێژینەوە لەمەڕ عەقڵانی بوونی سیاسەتی ئیعتباریی بانکی {ناوەندی} ئینگلتەرا لە رۆژگاری بێ بازاڕیدا دەستی پێکردووە[٢٩]). بەڵام بیمەی بێکاری خۆی بە مانای

دەستێوەردان و هەربۆیە، زیادبوونی بەرپرسایەتی دەوڵەتە و ئەگەری ئەوە هەیە هەندێ تاقیکردنەوەی لە پانتایی سیاسەتی دژە سووڕی لێ بکەوێتەوە. ناڵێم دەبێ ئەم تاقیکردنەوانە حەتمەن سەرکەوتن بەدەست بێنن (هەرچەندە لەسەر ئەو بڕوایەم رەنگە دواجار دەرکەوێت کە بابەتەکە بەم دژواریەش نەبووە و وەهەروەها پێم وایە کە بەتایبەتی سوید[٣٠] دەریخستووە کە دەشێت لەم بەستێنەدا چی بکرێت). ئەوەی بە دڵنیاییەوە گەرەکمە بیڵێم ئەوەیە کە بڕواهێنان بە نەبوونی وەلانانی ئەگەری بێکاری لە رێگای کاری لە سەرەخۆ یان هەنگاو بە هەنگاو بە هەمان رادە بەڵگەی فیزیکی ئەو کەسانە دۆگم و بەندەییانەیەکە تەنانەت پاش مارکسیش دەیانەویست ئەوە بسەلمێنن کە پرسی ئاسمانگەڕی بۆ هەتا هەتایە بە چارەسەر نەکراوە دەمێنێتەوە. کاتێ مارکسیستەکان دەڵێن مارکس بێهوودەیی سیاسەتی دژە سووڕی و ئەم جۆرە هەنگاوە لەسەرەخۆیانەی سەلماندووە، راستی بابەتەکە دەرنابڕن. راستی ئەوەیە کە مارکس لێکۆڵینەوەی لەسەر سیستەمی سەرمایەداری هەوسارپچڕاو دەکرد و تەنانەت بە خەونیش سیاسەتی دەسوەردانگەریی نەدەبینی. ئەو هەرگیز توێژینەوەی نەکرد لەسەر دەرفەتی دەستکاری رێك و پێك لە سووڕی بازرگانیدا و بێگومان هیچ کاتێك ئەرگۆمێنتێکی بۆ رەدکردنەوەی ئەم دەرفەتە نەهێنایە. جێگای سەرسوڕمانە هەر ئەو کەسانەی کە لە دەست نابەرپرسایەتی سەرمایەداران لە هەمبەر رەنج و کوێرەوەریی مرۆییدا سکاڵایانە، خۆیان هێندە لە هەستی لێپرساوییەتی دوورن کە بەم جۆرە بۆچوونە دۆگم و بیروباوەڕە بەندییانە، لەگەڵ تاقیکردنەوەی ئەوتۆدا دژایەتی دەکەن کە رەنگە فێرمان بکات چۆن لە کوێرەوەری مرۆڤ کەم بکەینەوە (چۆن، بە وتەی مارکس، بەسەر ژینگەی کۆمەڵایەتی خۆماندا باڵادەست بین) و چۆن هەندێ لە رەنگدانەوە کۆمەڵایەتییە نەخوازراوەکانی کردەوەکانی خۆمان کۆنترۆڵ بکەین. بەرگریکاران و پاساوهێنەرانی مارکسیزم لەم راستیە بێ ئاگان کە لە ژێر ئاڵای ئەو بەرژەوەندییانەی وەدەستیان هێناوە، لەگەڵ پێشکەوتندا دەجەنگێن. ئاگاداری ئەم مەترسییە نین کە هەموو بزاڤێکی وەکو مارکسیزم لەوانەیە بە ئاسانی بگۆڕێ بۆ سەنگەری پاراستنی بەرژەوەندییە تایبەتییە جۆراو جۆرەکان. ئاگایان لەوە نییە کە هەروەك چۆن قازانجی ماددی بوونی هەیە، بەرژەوەندی رۆشنبیریش لە ئارادایە.

خاڵێکی دیکە کە پێویستە جەختی لەسەر بکەم ئەوەیە کە مارکس، هەروەك بینیمان، لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە بێکاری لە بنەڕەتدا یەکێك لە ئامرازەکانی نێو میکانیزمی سەرمایەدارییە بۆ نزم راگرتنی کرێ و ئاسانکاری بەهرەکێشی لە کرێکاران. بە بۆچوونی ئەو، هەژاری روو لە



زیاد هەمیشە زامنکەری هەژاری روو لە زیادی کرێکارە دەستەبەرەکانیشە و لە بنچینەدا مەبەست لە هەموو پیلانگێڕی و بەڵگەتاشیەکان هیچ نییە جگە لەمە. بەڵام باوادابنێین کە ئەم رایە لە سەردەمی ئەودا راست و بە هەق بووە، لێ تاقیکردنەوەکانی دواتر، وەکو پێشگۆییەك پووچەڵیەکەیان سەلماندووە. لە سەردەمی مارکسەوە تا ئێستا، ئاستی ژیانی کرێکارە دەستبەکارەکان لە هەموو شوێنێکدا بەرز بۆتەوە. هەروەك پارکس لە رەخنەکانی خۆی لە مارکس شێلگیرانە ئاماژەی پێ دەکات[٣١]، لە رۆژگاری بێ بازاڕیدا بەهۆی ئەوە کە نرخەکان خێراتر لە کرێ دادەبەزن، کرێی راستەقینەی **کرێکارە دەستبەکارەکان** تەنانەت رووەو بەرزبوونەوە دەچێت (هەروەك بۆ نموونە قۆناغی دواین قەیرانی گەورەی ئابووریدا بەم جۆرە بوو). ئەم شتە پووچەڵ بوونەوەی تیۆری مارکس بە چەشنێکی دیار و بەرجەستە پێشان دەدات، بەتایبەتی لەم رووەوە کە دەیسەلمێنێ باری سەرەکی بیمەی بێکاری لەسەر شانی کرێکاران نەبووە بەڵکو لەسەر ملی وەبەرهێنەرە (سەرمایەگوزارە) تایبەتیەکان بووە و ئەم کۆمەڵەیە لەجیاتی ئەوە کە، بەپێی تیۆری مارکس، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، سوود لە بێ ئیشی کرێکارەکان وەربگرن، راستەوخۆ زیانیان پێ گەیشتووە.

**٥**

لە هیچ کام لە تیۆرەکانی مارکسدا کە تا ئێستا توێژینەوەمان لەسەر کردووە، هەوڵێکی جدی بۆ سەلماندنی گرنگترین خاڵ لە هەنگاوی یەکەمی {بەڵگەخوازی} ئەنجام نەدراوە. مەبەستم لەو خاڵەیە کە سەرمایەدار ناچارە بۆ پێش گرتن لە لەناوچوونی خۆی، ئەو فشار بۆ کرێکاران بگوازێتەوە کە بەهۆی کەڵەکەبوونەوە دێتە سەری و هەر بۆیە، سەرمایەداری بۆ چاکسازی ناشێت و تەنیا دەبێ لەناو ببرێت. مارکس لە تیۆرێکدا تەقەلای داوە بۆ سەلماندنی ئەم خاڵە کە مەبەست لێی سەقامگیرکردنی **یاسای رێژەی رووەو نزمی قازانجە**.

ئەوەی مارکس بە رێژەی قازانج(٣٦) ناوزەدی دەکات، هەمان تێکڕای سوودە(٣٧)، واتە تێکڕای نیونجی ساڵانەی قازانجی سەرمایەدار لە گشت سەرمایەی بنەمایی(٣٨). مارکس دەڵێت ئەم

36. rate of profit
37. rate of interest
38. Invested capital

ڕێژەیە بەهۆی گەشەی خێرای وەبەرهێنانە جێگیرەکان[٣٩]، بەرەو کەمبوونەوە لار دەبێتەوە، چونکە کەڵەکە بوونی وەبەرهێنانی جێگیر خێراتر لە زیادبوونی قازانج ئەنجام دەدرێت.

بەڵگەخوازی مارکس بۆ سەلماندنی ئەم دۆخە زۆر هۆشیارانەیە. بینیمان کە ڕکەبەرایەتی لەسەرمایەداریدا، سەرمایەدارەکان ناچار دەکات بۆ وەبەرهێنان لە پێناو بەرزکردنەوەی بەرهەمداری کار. مارکس دان بەوە دادەنێ سەرمایەدار لە ڕێگای بەرزکردنەوەی بەرهەمداری {یان بەرهەم هێنەرێتی} خزمەتێکی گەورە بە مرۆڤ دەکات. دەنووسێ{٣٢}: ((یەکێك لە لایەنەکانی سەرمایەداری کە یارمەتی تەشەنەسەندنی شارستانیەت دەکات، وەدەست هێنانی زێدە بەهایە بەشێوازێك و لەژێر هەلومەرجێکدا کە لەرووی گەشەپێدانی هێزەکانی بەرهەم هێنان و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی بۆ بوونیات نانەوەی کۆمەڵگا لە ئاستێکی بەرزتردا، گونجاوترە لە شێوازەکانی رابردوو (وەك کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتی و تا). بۆ گەیشتن بەم مەبەستە {سەرمایەداری} تەنانەت توخمە پێویستەکانیش دێنێتە ئاراوە ... چونکە بڕی ئەو شمەکە بەسوودانەی کە بەدرێژایی ماوەیەکی دیاریکراو بەرهەم دێت، پەیوەستە بە بەرهەمداری کارەوە)). دواجار سەرمایەداران مەبەستیان نییە ئەم خزمەتە بە مرۆڤ بکەن و جگە لەمە، ئەو کردەوەیەی کە بە زۆرەملێ و لەژێر فشاری ڕکەبەرایەتیدا ئەنجامی دەدەن، بەم هۆیانەی خوارەوە دژی بەرژەوەندی خۆیانە.

دەتوانین سەرمایەی هەموو خاوەن پیشەسازییەك بەسەر دوو بەشدا دابەش بکەین: یەکیان ئەوەیە کە زەوی و ئامرازی ماشینی و کەرەستەی سەرەتایی (خاو) و شتی لەم جۆرەدا وەبەردەهێنرێت {سەرمایەگوزاری دەکرێت} و ئەویتریان بۆ دانی کرێ خەرج دەکرێت. مارکس بەشی یەکەم بە ((سەرمایەی جێگیر))[٤٠] و بەشی دووەم بە ((سەرمایەی گۆڕاو))[٤١] ناوزەد دەکات، بەڵام لەبەر ئەوەی من ئەم دوو زاراوەیە تاڕادەیەك بە گومڕاکەر دەزانم، یەکەمیان بە ((سەرمایەی وەستاو))[٤٢] و دووەمیان بە ((سەرمایەی کرێ))[٤٣] ناودێر دەکەم. بەبڕوای مارکس، سەرمایەدار تەنیا لە ڕێگای بەهرەکێشی لە کرێکاران یاخود بەجۆرێکی وردتر، بە سوود وەرگرتن لە ((سەرمایەی کرێ))- دەتوانێ قازانج بکات. سەرمایەی وەستاو بارێکی

39. capital investments
40. Constant capital
41. variable capital
42. Immobilization capital
43. wage capital



گرانە کە سەرمایەدار بەهۆی هەڤڕکی، بەردەوام ناچارە تەحەمول و تەنانەت زیادیشی بکات. بەڵام ئەم زیادکردنە، هاوڕێژەی قازانج نییە. تەنیا بەرفراوان بوونی سەرمایەی کرێ ڕەنگە شوێنەوارێکی وەها سوودمەندی هەبێت. مەیلی گشتی بۆ زیادکردنی بەرهەمداری بەم مانایەیە کە بەشی ماددی سەرمایە بە نسبەت بەشی تایبەت بە کرێ، زیاد دەبێت. کەواتە، هەمەکی سەرمایەش زیاد دەبێت، ئەوەندە نەبێت بێ ئەوەی زیادبوونی قازانج بتوانێت قەرەبووی بکاتەوە. بەجۆرێکی تر، بەناچار دەبێ ڕێژەی قازانج کەم ببێتەوە.

ئەم بەڵگەخوازییە چەندجار کەوتۆتە ژێر گومانەوە و تەنانەت ماوەیەکی زووتر لە مارکس، بەشێوەیەکی لاوەکی هێرشی کراوەتە سەر{٣٣}. سەرەڕای ئەم هێرشانە، من لەسەر ئەو بڕوایەم کە دوور نییە شتۆکەیەك لەم بەڵگەخوازییەی مارکسدا هەبێت، بەتایبەتی ئەگەر لەگەڵ تیۆرەکەی لەمەڕ سووڕی بازرگانی وەبەرچاوی بگرین. (لە بەشی داهاتوودا، دووبارە بە کورتی ئەم بابەتە تاوتوێ دەکەین). ئەوە شتەی ئێستا دەبێ لێی دڕدۆنگ بین، پەیوەندی ئەم بەڵگەخوازییەیە لەگەڵ هەژاری ڕوو لە زیاد.

مارکس پەیوەندی ناوبراو بەم چەشنە دەبینێ کە ئەگەر ڕێژەی قازانج بەرەو کەمی بچێت، سەرمایەدار لەگەڵ مەترسی لەناوچوون بەرەو ڕوو دەبێتەوە و جگە لەمە هیچی لەدەست نایەت کە ((قەرەبووکردنەوەی پرسەکە، لە کرێکارەکان دەربێنێتەوە)) واتە بەهرەکێشی زیاد بکات. ڕێگای ئەم کارە، درێژکردنەوەی کاتژمێری کارە، خێراکردنی کارە، دابەزاندنی کرێیە، بەرزکردنەوەی خەرجی ژیانی کرێکارە (واتە پێك هێنانی هەڵاوسان) و بەهرەکێشەیە لە ژمارەیەکی زۆرتر لە ژن و منداڵان. لێرەدا پارادۆکسی ناوەکی سەرمایەداری کە لە دژایەتی نێوان ڕکەبەرایەتی و قازانج خوازیەوە سەرچاوە دەگرێ، دەگاتە ترۆپکی خۆی و یەکەم سەرمایەدار ناچار دەکات بۆ کەڵەکە کردن و بەرزکردنەوەی بەرهەمداری و هەر بۆیە، ڕێژەی قازانج دەهێنێتە خوارەوە، دووەم ناچاری دەکات بۆ زیادکردنی تاقەتپروکێنی بەهرەکێشی و لە ئاکامدا پێك هێنانی گرژی لە نێوان چینەکاندا. سازش محاڵ دەبێت" پارادۆکسەکان بە چارەسەرنەکراوی دەمێنێتەوەو سەرەنجام، هەر ئەم دۆخە چارەنوسی سەرمایەداری دیاری دەکات.

بەڵگەخوازی بنەڕەتی ئەمە بوو. بەڵام ئایا دەرەنجامەکە لە پێشەکیەوە هەڵدەقوڵێت؟ ئەوەمان لە یادنەچێت بنچینەی بەهرەکێشی لە سەرمایەداریدا، بەرهەمداری زۆرترە. تەنیا لە حاڵەتێکدا کە کرێکار زۆر زیاتر لە پێداویستییەکانی خۆی و خێزانەکەی بەرهەم بێنێت،

سەرمایەدار دەتوانێت بەری ئەم زێدەکارە بخاتە گیرفانی خۆیەوە. بە وتەی مارکس، بەرهەمداری فراوانتر بە مانای زێدەکاری زۆرترە- واتە دەبێ، هەم ژمارەی ئەو کاتژمێرانە زیاد بکات کە کرێکار لە خزمەتی سەرمایەدار دایە و هەم ژمارەی ئەو شمەکانەی کە لە هەر کاتژمێرکدا بەرهەم دێن. بەجۆرێکی تر، بەرهەمداری زیاتر بە مانای زیادبوونی بەرچاوی قازانجە. مارکس دان بەم حاڵە دادەنێت[٣٤]. ناڵێت قازانج رووەو کەمبوونەوە دەچێت، دەڵێت هەمەکی سەرمایە زۆر خێراتر لە قازانج رووە و زیادبوون دەچێت و هەر بۆیە رێژەی قازانج کەمایەسی دێنێ.

بەڵام ئەگەر وەها بێت، هیچ هۆکارێك لە ئارادا نییە بۆ ئەوەی سەرمایەدار بە پێچەوانەی خواستی خۆی، لەژێر ئەو فشارەی کە لە لایەنی ئابوورییەوە دێتە سەری و ناچارە بۆ کرێکارەکانی بگوازێتەوە، پەلە قاژە بکات. رەنگە راست بێت کە حەز ناکات شایەدی دابەزینی رێژەی قازانجی خۆی بێت. بەڵام تا کاتێ کە داهاتەکەی کەم نەبێتەوە و بەڵکو بەرزتریش ببێتەوە، بەراستی مەترسییەك هەڕەشەی لێ ناکات. هەموو سەرمایەدارێکی مامناوەندی کە لە کارەکەیدا سەرکەوتن بەدەست بێنێ بۆی دەردەکەوێت کە داهاتەکەی خێرا و سەرمایەکەی تەنانەت خێراتر بەرز دەبێتەوە، یاخود بەجۆرێکی تر، پاشکەفتیەکەی خێراتر لەو بەشە داهاتەکەی کە خەرجی دەکات، بەرەو زیادبوون دەچێت. پێم وانییە ئەمە بارودۆخێك بێت ناچاری بکات بگاتە خاڵی کۆتایی یان دەرفەتی سازش لەگەڵ کرێکاران بڕەخسێنێ. بە پێچەوانەوە، بەبڕوای من، بارودۆخەکە بە تەواوی بۆ تەحەمول کردن دەشێت.

راستە کە مەوقعیەتەکە بە تەواوی لە مەترسی بە دوور نییە. ئەو سەرمایەدارانەی کە بە خەیاڵی رێژەی جێگیر یان روو لە زیادی قازانج، دەست بدەنە سەفتەبازی، لەوانەیە تووشی زەحمەت بێن و دوور نییە ئەم جۆرە کارانە یارمەتی سووڕی بازرگانی بکەن و بێ بازاڕی توندتر بکەن. بەڵام ئەمە هیچ پەیوەندییەکی بەو دەرەنجامە بەربڵاوانە نییە کە مارکس پێشگۆییان دەکات.

لێرەدا گەیشتینە کۆتایی سێیەمین و دواین بەڵگەخوازی کە مارکس لە پێناو سەلماندنی یاسای هەژاری روو لە زیاد خستویەتە ڕوو.



## ٦

ئێستا چەند رستەیەك لە کتێبی سەرمایە وەردەگرم- بەشی ((یاسای گشتی کەڵەکەبوون لەسەرمایەداریدا))- بۆ ئەوەی دەربیخەم چۆن مارکس لە پێشگۆییەکانیدا بە تەواوی لە هەڵەدا بوو بەڵام لە هەمان کاتدا چەندە لە ناڕەزایەتیە ئاگرینەکانی دژی دۆزەخی سەرمایەداری هەوسار پچڕاو و بانگهێشت بۆ ئەوەی ((کرێکاران یەکگرن!)) لەسەر هەق بووە[٣٥]:

> لە کارخانەکاندا... جەماوەری کرێکارە نێرە کەم تەمەنەکان، بەر لە گەیشتن بە قۆناغی پیاوەتی، توانا و برسیتان لێ دەبڕدرێت، بە چەشنێك لە پاش ئەمە ئیدی تەنیا بەشێکی بچووکیان هێشتا بە کاری پیشەسازی دێن و ئەوانیتر دەستە دەستە وەدەردەنرێن و بە ئاپۆڕای زێدە حەشیمەتی هەڵوەداوە دەلکێن کە هەرچەندە پیشەسازی گەشە بکات، ژمارەیان زیاتر دەبێت... سەرمایەدار هێندە بەخێرایی سوود لە توانای کار وەردەگرێت کە کرێکارێکی تەمەن مامناوەندی زۆربەی کات مرۆڤێکی لەکار کەوتووە... دکتۆر لی[٤٤]، پشکنەری تەندروستی، ماوەیەك لەمەو پێش رایگەیاند کە ((تێکڕای تەمەن لە شاری مانچیستر لەنێو چینی ناوەڕاستدا لە سەرووی ٣٨ و لە چینی زەحمەتکێشدا ١٧ ساڵە و لە شاری لیڤەرپول، بەریز ٣٥ ساڵ و ١٥ ساڵە...)) بەهرەکێشی لە منداڵانی چینی کرێکار، بەهاکەیان لەڕادەی ئاسایی بەرزتر دەکاتەوە... هەرچەندە بەرهەمداری کار زیاتر بێت... هەلومەرجی ژیانی کرێکار لەرزۆکتر دەبێت... لە سیستەمی سەرمایەداریدا، هەموو شێوازێك بۆ زیادکردنی بەرهەمداری کۆمەڵایەتی کار ... دەگۆڕێ بۆ ئامرازی دەسەڵاتخوازی و بەهرەکێشی و کرێکار لەت و پەت دەکات و دەیگۆڕێ بۆ مرۆڤێکی ناتەواو و بۆ ئاستی برغو و مۆرەی بێ نرخی ماشین دایدەبەزێنێت و کار دەکات بە ئەشکەنجە... و ژن و منداڵی کرێکار لە ژێر خلۆکەی جاگرنات[٤٥]-ی سەرمایەداریدا وردوخاش دەکات... **کەواتە**

44. Dr. Lee

٤٥. Juggernaut یان جاگانات (لەسانکسریتیدا = خودای جیهان)، گالیسکەیەك کە هەموو ساڵێك پەیکەری ڤیشنوی خوای مەزنی هیندۆسەکانی بەرەو پەرستگا دەگواستەوە و دەگێڕنەوە هیندۆسەکان خۆیان

> **دەگەینە ئەو دەرەنجامە کە هەرچەندە سەرمایە کەڵەکەتر بکرێت، بارودۆخی کرێکار، بەبێ وەبەرچاوگرتنی کرێیەکەی، دەبێ خراپتر ببێت**.. هەرچەندە سامانی کۆمەڵایەتی زۆرتر و سەرمایەی چالاك بەربڵاوتر و بەرفراوانی و توندی گەشەکەی زیاتر بێت ... زێدە حەشیمەت زۆرتر دەبێت، لەشکری پیشەسازیی یەدەك بەرێژەی زیادبوونی هێزی سامان، گەشە دەکات. بەڵام... هەرچەندە لەشکری پیشەسازی یەدەك زیاتر ببێت، بەرفراوانی جەماوەری ئەو کرێکارانەی کە تاکە رێگای کەمبوونەوەی هەژارییەکەیان زیادبوونی کوێرەوەرییە، زیاد دەبێت... و ژمارەی ئەو کەسانەی کە بەرەسمی بە بەساڵاچوو لەقەڵەم دەدرێن فراوان دەبێت. **ئەمەیە یاسای رەهاو گشتی کەڵەکەبوون لە سەرمایەداریدا**... کەڵەکەبوونی سامان لە جەمسەرێکی کۆمەڵگادا، پێویستی بە کەڵەکەبوونی هاوکاتی هەژاری و کوێرەوەی و کۆیلایەتی و نەزانی هەیەو لە جەمسەری پێچەوانەدا پێویستی بەو ئاژەڵ سیفەتی و داروخانی ئەخلاقی هەیە...

بەداخەوە ئەو وێنە تۆقێنەرەی کە مارکس بۆ ئابووری سەردەمی خۆی دەیکێشێت، بە تەواوی راستە. بەڵام یاساکەی لە هەمبەر ئەوە کە دەبێ هەژاری و کەڵەکەبوون لەگەڵ یەکتردا زیاد بکەن، راست نییە. لە سەردەمی ئەوەوە تا ئێستا، ئامرازەکانی بەرهەم هێنان بەرادەیەك کەڵەکە بووە و بەرهەمداری کار بە ئەندازەیەك زۆر بووە کە رەنگە دەرفەتی ئەمە تەنانەت بۆ مارکس شیاوی تەسەور کردنیش نەبوو بێت. بەڵام کارکردن بە منداڵان و کاتژمێری تاقەتپروکێنی کار و کوێرەوەری و لەرزۆکی ژیانی کرێکار نەك هەر زیادی نەکردووە بەڵکو بەرەو کەمبوونەوە چووە. ناڵێم دەبێ ئەم رەوتە حەتمەن درێژەی هەبێت. هیچ شتێك بەناوی یاسای پێشکەوتن بوونی نییە و هەموو شتێك پەیوەندی بە خودی ئێمەوە هەیە. پارکس بارودۆخی راستەقینە لە رستەیەکدا بەم چەشنە دادپەروەرانەیە و بە کورتبڕی کۆ دەکاتەوە{٣٦}: ((کرێی نزم و کاتژمێری کاری دوور و درێژ و کارکردن بە منداڵان، بەشێك بوون لە تایبەتی سەرمایەداری بەڵام، بەپێچەوانەی پێش بینی مارکس، نە لە بەساڵاچوویی بەڵکو لە هەرزەکاری ئەم سیستەمەدا)).

---

دەخستە ژێر چەرخەکانی و گیانیان لەدەست دەدا. خوازەیەکە بۆ هێزێکی زەبەلاح و تۆقێنەر کەبەرەو پێش دەچێت و هەرچی بکەوێتە سەر رێگای وردوخاشی دەکات.



سەرمایەداری هەوسارپچڕاو کۆتایی پێ هات. لە سەردەمی مارکسەوە تاکو ئێستا، دەسوەردانگەرایی بە شێوازی دیموکراتیك هەنگاوی زۆر گەورەی بەرەو پێشەوە هاویشتووە و باشبوونی بەرهەمداری کار- کە لە ئاکامی کەڵەکەبوونی سەرمایەوە سەری هەڵداوە- هەلی لەرەگەوە دەرهێنانی هەژاری و بێنەوایی دابین کردووە. ئەمە دەریدەخات کە سەرەڕای ئەو هەڵە حاشاهەڵنەگرە گەورانەی کە روویان داوە، گەلێ سەرکەوتنیش بەدەست هاتووە و دەبێ لەسەر ئەم بیروباوەڕە دڵمان بەهێز بێت کە دیسان دەتوانین گەلێ کاریتر ئەنجام بدەین. هێشتا گەلێ نەکراو هەیە دەبێ بیانکەین و گەلێك کراو کە دەبێ قەرەبوویان بکەینەوە. دەسوەردانگەرایی بە شێوازی دیموکراتیك تەنیا دەرفەت دەرەخسێنێت. کردنی کارەکە لە دەست خۆمان دایە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، من بە هیچ جۆرێك لەمەڕ هێزی ئەو بەڵگانەی هێنامەوە، تووشی وەهم نایەم. ئەزموون دەریخستووە کە پێشگۆییەکانی مارکس هەڵە دەرچوونە. بەڵام هەمیشە دەتوانرێت بە بەڵگەتاشین ئەزموون پشت گوێ بخرێت، هەروەك هەم مارکس و هەم ئینگڵس بۆ روونکردنەوەی ئەوە کە بۆچی یاسای هەژاری روو لە زیاد بەو جۆرەی کە چاوەڕوان دەکرێ کاری نەکردووە، پەنایان بۆ **گریمانەیەکی یارمەتیدەر**(٤٦) بردووە. بەپێی ئەم گریمانەیە، رەوتی دووانەی رێژەی روو لە نزمی قازانج و هەژاری روو لە زیاد، لە ئاکامی **بەهرەکێشی کۆلۆنیالی** یان ئەگەر زاراوەیەکی باوتر بەکاربێنین، ((ئیمپریالیزمی نوێ)) بێ بارگ دەکرێت. بەهرەکێشی کۆلۆنیالی، بەپێی ئەم تیۆرە، شێوازێکە بۆ گواستنەوەی فشار بۆ سەر پرۆلیتاریای موستەعمەراتەکان، واتە ئەو گروپەی کە لە رووی ئابووری و سیاسیەوە، هێشتا لاوازترن لە پرۆلیتاریای پیشەسازی ناوخۆیی. بەپێی نووسینی مارکس{٣٧}: ((وەبەرهێنان لە موستەعمەراتەکاندا رەنگە بەم هۆکارە سادەیە قازانجبەخشتر بێت کە لەوێدا گەشەسەندنی سەرمایەداری هێشتا لە قۆناغێکی پاشکەوتووانە دایە و هەر بۆیە، رێژەی قازانج زیاترەو هەروەها بەم هۆیە زیادەشەوە کە بوونی کۆیلە و کرێکاری خۆجێیی و تاد، باشتر هەل بۆ بەهرەکێشی لەکار دەرەخسێنێت. من هۆکارێك نابینم کە ئەم قازانجە زۆرتر و بەنسبەت بەرزترە ... کاتێ بۆ وڵاتی دایك دەنێردرێتەوە، لەوێدا کاریگەری لەسەر رێژەی نێوەنجی قازانج نەبێت و هەر بەم هاورێژەیە، یارمەتی نەدات بۆ بەرز راگرتنی)). (شایانی ئاماژە بۆ کردنە کە ئەو بیرۆکە سەرەکییەی کە تیۆری ((ئیمپریالیزمی نوێ))ی لەسەر دامەزراوە، بۆ ١٦٠ ساڵ

---

46. Auxiliary hypothesis

لەمەبەر دەگەڕێتەوە[٤٧] کە ئادەم سمیس دەیگوت بازرگانی کردن لە تەك موستەعمەراتەکاندا ((حەتمەن یارمەتی بەرز راگرتنی رێژەی قازانج دەکات))). ئینگڵس زیاتر ئەم تیۆرەی گەشە پێ داو تەنانەت هەنگاوێك لە مارکس زیاتر چووە پێش. ئەو لەبەر ئەوەی بە ناچار دەبووایە دان بەوە دابنێت کە لە ئینگلتەرا لەجیاتی ئەوەی هەژاری رووە و زیادبوون بچێت، بۆنی باشبوونی بارودۆخەکە دێت، لە بابەت دەردەچوو و دەیوت رەنگە ئەم دۆخە لەوەوە سەرچاوە بگرێت کە ئینگلتەرا ((سەرانسەری دونیا دەچەوسێنێتەوە)). ئینگڵس گاڵتەی بە ((چینی کرێکاری ئینگلتەرا)) دەکرد کە بەپێچەوانەی چاوەڕوانی، لەجیاتی رەنج کێشان ((بەکردەوە هەموو رۆژێك زیاتر دەبێ بە بۆرژوا)) و دەیگوت[٣٨]: ((پێدەچێت ئەم گەلە کە لە هەموو گەلەکان بۆرژواترە، بیەوێت کارەکە بگەیەنێتە جێگەیەکی ئەوتۆ کە لە **پەنای و دراوسێی بۆرژوازیدا**، هەم ئەرستۆکراتی بۆرژوا هەبێ و هەم پرۆلیتاریای بۆرژوا)). ئەم هەڵوێست گۆڕینەی ئینگڵس ئەگەر لە هەڵوێست گۆڕینەکەی تری کە لەبەشی رابردوودا ئاماژەمان بۆ کرد[٣٩] سەرنجڕاکێشتر نەبێت، هیچی لەو کەمتر نییە. سەرەڕای ئەمە، ئەم جارەشیان وەکو کەرەتی پێشوو، هەڵوێستگۆڕینەکە لە ئاکامی وەرچەرخانی کۆمەڵگا بە ئاڕاستەی کەمبوونەوەی هەژاری روویداوە. مارکس سەر زەنشی سەرمایەداری دەکرد کە ((چینی ناوەڕاست و بۆرژوازی ئاستنزم دەگۆڕی بۆ کۆمەڵە پرۆلیتاریایەك)) و کرێکاران بەرەو هەژاری پەلکێش دەکات. ئینگلێ گاڵتە بە سیستەمەکە دەکات- و ئەم گاڵتەپێکردنە هێشتاکەش بەردەوامە- کە کرێکارەکانی کردۆتە بۆرژوا. بەڵام بەتامترین خاڵ لە سکاڵا و نارەزایەتی ئینگڵس، تورەیی و پەرێشانیەکەیەتی. ئینگلیزەکان {بە گەلێکی} ((لە هەموو گەلان بۆرژواتر)) لە قەڵەم دەدات چونکە بەڕادەیەك کەمتەرخەم بوونە کە ئیشێکیان کردووە پێشگۆییەکانی مارکس بە درۆ دەربچن. بەپێی تیۆری مارکس چاوەڕاوانیمان دەکرد ((گەلی لە هەموو گەلان بۆرژواتر))، هەژاری و کێشمەکێشە چینایەتییەکان بگەیەنێتە پلەیەکی بۆ تەحەمول نەشیاو، بەڵام لە بەرامبەردا گوێبیست دەبین پێچەوانەی ئەم رەوتە رووی داوە. هەموو مارکسیستێکی ئیماندار کاتێ گوێبیست دەبێ کە سیستەمی سەرمایەداری هێندە گڵاو و بەد خوو بووە کە پرۆلیتاریا حەقیقیەکانی گۆڕیوە بۆ بۆرژوای بێ حەقیقەت، موی لەشی دەبێ بە نەشتەر. ئەوەندە نەبێت لەیادی دەچێت کە مارکس گڵاوی سیستەمەکەی تەنیا لەوەدا دەبینی کە بەپێچەوانەی ئەمە

٤٧. ئێستا دەبێ بڵێین زیاتر لە دووسەد ساڵ بەرلە ئێستا.



دەجولێتەوە. لە شیکردنەوەکانی لینین سەبارەت بە هۆکارە ئافەت خولقێن و شوێنەوارە تۆقێنەرەکانی ئیمپرپیالیزمی نوێی ئینگلتەرا، دەخوێنینەوە[٤٠]: ((هۆکارەکان: ١) چەوساندنەوەی سەرانسەری دونیا بە دەستی ئەو وڵاتە،٢)هەڵوێستە مۆنۆپۆلگەرایانەکەی لە بازاڕی جیهانیدا، ٣) مۆنۆپۆلگەرییەکەی لە موستەعمەراتەکاندا. شوێنەوارەکان: ١) **بە بۆرژوابوونی بەشێك لە پرۆلیتاریای ئینگلتەرا**، ٢) بەشێك لە پرۆلیتاریا هەندێ کەسیان بۆ رێبەرایەتی دیاری کردووە کە بۆرژوازی ئەمانەی کڕیوە یان لانی کەم پارەیان پێ دەدات)). لینین خۆش زەوقیەکی بەشێوازی مارکسیستی بەکارهێناوەو ناوی ئەم مەیلە نەفرەتاوییەی ناوە ((بە بۆرژوابوونی پرۆلیتاریا)). (بۆچی نەفرەتاوی؟ چونکە ئەم جۆرە مەیلە لەگەڵ ئەو رەوتەدا گونجاو نییە کە دەبێ بەبڕوای مارکس دونیا لەسەری بڕوات). بەڕواڵەت لە خەیاڵی خۆیدا ئەم جۆرە خۆش زەوقییە بۆ ناونان، مەیلی ناوبراو دەکاتە مەیلێکی مارکسیستی، ئەوە لەکاتێك دایە کە مارکس پێیوابوو دونیا چەندی خێراتر قۆناغی پێویستی پیشەسازی گەرایی بەشێوازی سەرمایەداری لە مێژوودا تێپەڕ بکات، باشترە. هەر بە وەبەرچاو گرتنی ئەم تێبینیانە بوو کە مارکس حەزی دەکرد پشتیوانی لە گۆڕانکاری ئیمپرپیالیستی بکات[٤١]. بەڵام ئەنجامگیری لینین جیاواز بوو لەمە. ئەو لەسەر ئەم بڕوایە بوو کە بوونی وڵاتە کۆلۆنی کراوەکانی بەریتانیا بۆتە هۆی ئەوەی کرێکارانی ناوخۆیی ئەم وڵاتە لەجیاتی ئەوەی سەر بە کۆمۆنیستەکان بن، کەچی پەیڕەوی لەو رێبەرانە دەکەن کە ((بۆرژوا ئەوانی کڕیوە)). لینین ئەم وڵاتە کۆلۆنی کراوانەی بە ماتە تەرەقەی تەقینەوە لە قەڵەم دەدا. ئەگەر شۆڕشێك لە موستەعمەراتەکاندا رووی دابووایە، ئەوا یاسای هەژاری روو لە زیاد لە ئینگلتەرا وەکار دەکەوت و لە ئاکامدا، شۆڕش لەم وڵاتەدا رووی دەدا. کەواتە، ئەو شوێنەی دەبووایە ئاگر لەوێوە بەرەو جێگاکانی تر تەشەنە بسێنێ، وڵاتە کۆلۆنی کراوەکان بوون ...

بەڵام پێم وانییە تەنانەت گریمانەی یارمەتیدەریش کە بە کورتە مێژووییەکەی خرایەڕوو، لە توانای دابێت یاسای هەژاری روو لە زیاد رزگار بکات چونکە پووچەڵ بوونەوەی خودی ئەم تیۆرە بە تاقیکردنەوە سەلماوە. هەندێ وڵات هەن- وەکو {سیستەمە} دیموکراسیەکانی ئەسکەندیناڤیا و چکسلۆڤاکیا[٤٨] و نیوزلاند و هەڵبەتە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا- کە بەهرەکێشی وڵاتە کۆلۆنی کراوەکان هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ئەوێ نەبووە یان بەهەرحاڵ،

٤٨. لەسەردەمی نووسینی ئەم رستانەدا، هێشتا کۆمۆنیستەکان بەسەر چێکۆسلۆڤاکیادا زاڵ نەببوون.

لەوە کەم بایەختر بووە کە داکۆکی لەم گریمانەیە بکات و لەگەڵ ئەوەشدا دەسوەردانگەرایی بەشێوازی دیموکراتیك، ئاستی ژیانی کرێکارانی {ئەم وڵاتانەی} بەرزکردۆتەوە. ئەو کات ئیدی، بەراوردکردنی هەندێ وڵاتی وەکو هۆڵەندا و بەلژیك کە ((بەهرەکێشی)) لە موستەعمەراتەکان دەکەن لەگەڵ هەندێ وڵاتی وەك دانمارك و سوید و نۆرێژ و چکسلۆڤاکیا کە ((بەهرەکێشی)) لە وڵاتە کۆلۆنی کراوەکان ناکەن، بە ئاشکرا دەریدەخات کە سەرەڕای وێکچوونی بارودۆخی چینی کرێکار لە هەموو ئەو وڵاتانەدا، بوونی موستەعمەرات هیچ قازانجێکی بە کرێکارە پیشەسازییەکان نەگەیاندووە. جگە لەمە، هەرچەندە ئەو هەژاری و بێنەواییەی کە چەوساندنەوەگەری بەسەر خەڵکی خۆجێی وڵاتە کۆلۆنی کراوەکانیدا سەپاندووە، یەکێك لە ڕەشترین لاپەڕەکانی مێژووی شارستانیەت بووە، بەڵام ناتوانین بڵێین هەژاری ئەم خەڵکە لە سەردەمی مارکسە بەم لاوە زیادی کردووە. مەسەلەکە تەواو پێچەوانەیە و بارودۆخەکە زۆر باشتر بووە. ئەگەر گریمانەی یارمەتیدەر و خودی تیۆرەکە راست بوونایە، ئەوا پێویست بوو زیادبوونی هەژاری لەم وڵاتانە زۆر بەرچاو بووایە.

## ٧

ئێستا لە درێژەی میتۆدی بەشەکانی رابردوو لەمەڕ هەنگاوی دووەم و سێیەم، شایەتێك لە یەکەمین هەنگاوی بەڵگەخوازی پێشکۆییانەی مارکس دەهێنمەوە بۆ ئەوەی هەندێ لە شوێنەوارە پراکتیکیەکانی لە تاکتیکی حزبە مارکسیستیەکان رۆشن ببێتەوە.

سۆسیال دیموکراتەکان لەژێر فشاری واقعیەتە روون و ئاشکراکان، لە رواڵەتدا وازیان لە تیۆری توندی هەژاری هێنا، بەڵام هەموو تاکتیکەکانیان بەردەوام لەسەر ئەم گریمانەیە دامەزرابوو کە یاسای زیادبوونی بەرفراوانی هەژاری کەم تا زۆر هێشتا مسداقیەتی هەیە. زۆربوونی ژمارەی کرێکارانی پیشەسازی درێژەی دەبێت. لەو رووەوە نەك هەر دەیانەویست سیاسەتیان تەنیا نوێنەری بەرژەوەندی کرێکارە پیشەسازییەکان بێت، بەڵکو بیروباوەڕێکی پتەویان هەبوو کە خۆشیان نوێنەری ((زۆرینەی بەرینی خەڵکن)) یان بەهەر حاڵ، دەبن[٤٢]. ئەوان هەرگیز گومانیان لەوە نەبوو کە هەروەك لە <u>مانیفێستی</u> {کۆمۆنیست}دا هاتووە: ((هەموو بزوتنەوە مێژووییەکان، بزاڤی کەمینەکان بووە ... و تەنیا بزوتنەوەی پرۆلیتاریا، بزاڤی خودئاگا و سەربەخۆیی زۆرینەی مەزنی {خەڵکە} بە ئاڕاستەی بەرژەوەندی ئەم زۆرینە مەزنە)). کەواتە، سۆسیال دیموکراتەکان لە چاوەڕوانی رۆژێکدا بوون کە ئاگایی چینایەتی و متمانە بەخۆبوونی



کرێکارە پیشەسازییەکان، سەرەنجام زۆرینەی هەڵبژاردنیان بە نسیب بکات. بچووکترین دوو دڵیان لەسەر ئەوە نەبوو کە ((لە کۆتاییدا کێ سەر دەکەوێت: ئەم چەند کەسە بەهرەکێشە کەمە یان ئەم زۆرینە مەزنە، واتە کرێکاران)). ئەوان ئاگاداری ئەوە نەبوون کە کرێکارەکان لە هیچ شوێنێکدا تەنانەت زۆرینەش نەبوون چ بگات بە ((زۆرینەی مەزن)) و ئامار بە پێچەوانەی رابردوو، بە هیچ چەشنێك باسی زۆربوونی ژمارەی کرێکارانی نەدەکرد. لەوە تێنەدەگەیشتن کە بوونی حزبێکی کرێکاری دیموکرات تەنیا تا کاتێ پاکانەی بۆ دەکرێ کە ئەم حزبە ئامادەی سازش کردن یان تەنانەت هاوکاری بێت لەگەڵ حزبەکانی تر، وەکو حزبی جوتیاران یان چینی ناوەڕاست. نەیاندەزانی ئەگەر گەرەکیان بێت تەنیا وەك نوێنەری زۆرینەی خەڵك بەسەر وڵاتدا حکومەت بکەن، دەبێ تەواوی سیاسەتەکانیان بگۆڕن و دەست لەوە هەڵگرن کە بەشێوەیەکی گشتی یان تایبەتی نوێنەری کرێکارە پیشەسازییەکان بن. بەڵگەنەویستە لە جیاتی ئەم گۆڕانکارییە لە سیاسەتدا، نەدەکرا تەنیا بە ساویلکەیەوە بانگەشە بکرێت (بە وتەی مارکس[٤٣]) رێبازی پرۆلیتاریا ((بەرهەم هێنەرە دێهاتیەکان دەخاتە ژێر رێبەرایەتی هزری قەزاکانەوە و دەستیان دەخاتە دەستی <u>**پارێزەری سروشتی**</u> بەرژەوەندییەکانیان، واتە کرێکارە پیشەسازییەکان ...)).

بەڵام حزبە کۆمۆنیستەکان هەڵوێستێکی تریان هەبوو و هەروا بێ ئەملاو ئەولا بە تیۆری هەژاری روو لە زیادەوە چەسپا بوون و هێشتا باوەڕیان بەوە دەکرد کە هەر لەگەڵ لەناوچوونی هۆکارەکانی بە بۆرژوابوونی کاتەکی کرێکاران، نەك هەر بەرفراوانی، بەڵکو توندی هەژاریش زیاد دەبێت. ئەم بیروباوەڕە یارمەتیەکی بەرچاوی بەو شتە کرد کە رەنگە بوو مارکس بە ((ناتەبایی ناوەکی)) سیاسەتەکانیان لە قەڵەمی بدابووایە.

پێگەی تاکتیکی بە تەواوی ساکار بوو. بە وەبەرچاو گرتنی پێشگۆیی مارکس، کۆمۆنیستەکان گومانیان لەوە بوو کە دەبێ هەژاری بە زوویی بەرەو زۆربوون بچێت. هەروەها دەیانزانی کە حزب ناتوانێ متمانەی کرێکاران بەرەو لای خۆی رابکێشێت تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە نە بۆ ئەوان و لە پەنای ئەواندا بەڵکو لە پێناو باشکردنی بارودۆخەکەیان خەبات بکات.ئەم دوو گریمانە سەرەکییە، پرنسیپی تاکتیکی گشتیی کۆمۆنیستەکانی دیاری دەکرد. کرێکارەکان ناچار بکەن داوای پشکی خۆیان بکەن، لە هەموو قۆناغێکی شەڕی بێوچانیان لە پێناو وەدەست هێنانی نان و پەناگەیەك پشتیوانیان بن و لە خەبات بۆ وەدیهێنانی خواستەکانیان، بە

ئابووری و سیاسیەوە، گۆرچکبڕ لە پەنایاندا بجەنگێن بۆ ئەوەی بتوانن متمانەیان بۆ لای خۆتان رابکێشن. لە هەمان کاتدا، کرێکاران فێر دەبن کە بەم لێکدان و پێکدادانە سووك و کەم بایەخانە، ئاستەمە بتوانن بارودۆخی خۆیان رێك و پێك بکەن و هیچ شتێك جگە لە شۆڕشێکی تەواو و بێ ئەملاو ئەولا، ناتوانێ باشبوونی بارودۆخ لەگەڵ خۆیدا بهێنێت. هەموو ئەم پێکدادانە سووك و بچووکانە مەحکوم بە تێك شکانن. مارکس فێری کردووین کە سەرمایەدارەکان توانای درێژە پێدانی سازشیان **نییە** و سەرەنجام **دەبێ** هەژاری حەتمەن زیاد ببێت. کەواتە، شەڕی رۆژانەی کرێکاران لەگەڵ ستەمکاری جگە لە زیادبوونی ئاگایی چینایەتی کرێکاران- کە دەرەنجامێکی زۆر پڕ بایەخە- هیچی تری لێ ناکەوێتەوە، جگە لە هەستی یەکێتی کە تەنیا لە جەنگدا بە نسیبی هاوسەنگەرەکان دەبێت و جگە لە ناسینی ئەم حەقیقەتە کە شۆڕش تاکە رێگای رزگار بوونە لە هەژاری و بێنەوایی، بە هیچی تر کۆتایی نایەت.

ئەمە تیۆرەکە بوو و کۆمۆنیستەکان بەپێی ئەوە جوڵانەوە. سەرەتا دەستیان کرد بە پشتیوانی لە خەباتی کرێکاران لەپێناو باشکردنی بارودۆخی خۆیان. کاتێ بە پێچەوانەی هەموو چاوەڕوانی و پێشگۆییەکان، خەبات سەرکەوتنی بەدەست هێناو داخوازییەکان جێبەجێ کران، بە یەقین پێیان وابوو هۆکاری سەرکەوتن بۆ کەم و بچووك بوونی خواستەکان دەگەڕێتەوە. هەر بۆیە، دەبووایە زیاتریان بوێت. بەڵام دیسان خواستەکان جێبەجێ کران[٤٤]. هێدی هێدی هەژاری و بێنەوای رووی لە کەمی کرد. کرێکاران کەمتر هەستیان بە ئاوارەیی و رۆژڕەشی دەکرد و زیاتر لەوەی کە ئامادەی شۆڕش بن، ئامادەی دانووسان بوون لەسەر کرێ.

کۆمۆنیستەکان بۆیان دەرکەوت دەبێ سیاسەتیان ئاوەژوو بکەنەوە، دەبێ کارێکی ئەوتۆ بکەن کە یاسای هەژاری روو لە زیاد بێتە ناو ئیشەکەوە. بۆ نموونە دەبووایە لە وڵاتە کۆلۆنی کراوەکاندا (تەنانەت لەو شوێنانەش کە دەرفەتی سەرکەوتنی شۆڕش لە ئارادا نەبوو) نا ئارامی و پشێوی هەڵبگیرسێنن و لە پێناو ئاستەنگ خستنە بەردەم بە بۆرژوابوونی کرێکاران، سیاسەتێك بۆ پێك هێنانی هەموو جۆرە کارەسات و رووداوێکی سەروژێرکەر بگرنە بەر. بەڵام ئەم سیاسەتە، متمانەی کرێکارانی لەدەست دەدا. جگە لەو کەسانەی کە لە خەباتی واقعیی سیاسیدا بێ ئەزمون بوون، سەرجەم ئەندامانی تر وردە وردە لە کۆمۆنیستەکان جیا دەبوونەوە. کەسانێکی ئەوتۆ لە دەست دەچوون کە پێشتر کۆمۆنیستەکان نازناوی ((پێشەڕەوی چینی



کرێکار)) یان پێ بەخشیبوون. ئەو پرنسیپەی کۆمۆنیستەکان ناڕاستەوخۆ هەڵسوکەوتیان لەسەر دەکرد ئەمەبوو: ((هەرچەندە بارودۆخەکە خراپتر بێت باشترە، چونکە ئاگری شۆڕش جگە لە پشگۆی هەژاری و بێنەوایی بە هیچی تر داناگیرسێت)). بەڵام کرێکاران هێدی هێدی متمانەی خۆیانیان دەرهەق بەم پرنسیپە لەدەست دەدا و بەدگومان دەبوون. بەو ڕادەیەی کە ئەم پرنسیپە کارایی باشتری وەدەست دێنا، بەدگومانی کرێکاران بەهێزتر دەبوو. کرێکار بوونەوەرێکی واقیع بینە، بۆ ئەوەی متمانەی بەدەست بهێنرێت، دەبێ لە پێناو باشکردنی بارودۆخەکەی هەوڵ بدرێت.

کەواتە دەبووایە دیسان سیاسەتەکە ئاوەژوو بکرێتەوە. دەبووایە بە زۆرەملێ لە رێگای باشکردنی خێرای بارودۆخی کرێکاراندا خەبات بکرێت بەڵام لە هەمان کاتدا هیوادار بین کە دەرەنجامێکی ئاوەژوومان چنگ بکەوێت.

بەڵام کاتێ کار گەیشتە ئێرە، ((ناتەبایی ناوەکی)) تیۆرەکە، دواین قۆناغی ئاوارەیی و هەڵوەدایی لێ دەکەوێتەوە- هەمان ئەو قۆناغەی کە ئاستەمە بتوانرێ تێیدا دیاری بکرێت کێ خائینە، چونکە لەوانەیە خیانەت رێك ئەمەکداری و ئەمەکداری هەمان خیانەت بێت. هەندێ کەسی ئەوتۆ هەبوون کە پەیڕەویان لە حزب دەکرد- پەیڕەوییان دەکرد نەك تەنیا لەبەر ئەوە کە حزبیان (بەداخەوە، بەهەق) وەکو تاکە بزوتنەوەی زیندوو و چالاکی خودان ئامانجی مرۆڤدۆستانە دەستنیشان کردبوو، بەڵکو بەتایبەتی لەم رووەوە کە سەیریان دەکرد حزب تیۆرێکی زانستی کردۆتە بنەمای کاری خۆی. ئێستا ئەم کەسانە یان دەبووایە وازیان لە حزب هێنابووایە یان راستگۆیی هزری خۆیان کردبایە قوربانی و لەمەوبەدوا لە رێگای کوێرانە و ئیمانێکی بێ ئەملاو ئەولا هەنگاو باوێژن. دەبووایە سەرەنجام روو بکەنە عیرفان و لە عەقڵ و بەڵگەخوازی یاخی بن.

کەواتە وا دەردەکەوێ تەنیا سەرمایەداری نییە کە لە ژێر فشاری ناوەکی پەلەقاژەیەتی کە ئەم سیستەمە دەخاتە بەردەم هەڕەشەی داڕووخانەوە ...

# ٢١ هەڵسەنگاندنی پێشگۆیی

ئەو بەڵگەخوازیانەی کە پێشگۆیی مێژوویی مارکسیان لەسەر دامەزراوە، نەزۆك و بێ بەرهەمن. هەوڵی هۆشمەندانەی مارکس بۆ هەڵێنجانی دەرەنجامی پێغەمبەرئاسا لەو تێبینییانەی کە لەمەڕ مەیلە ئابوورییەکانی سەردەمی خۆی ئەنجام دابوو، تووشی تێك شکان هات. هۆکاری ئەم تێك شکانە، کەموکوڕی و کەمایەسی بنەمای ئەزموونی بەڵگەخوازییەکان نەبوو. شیکردنەوەی کۆمەڵناسانە و ئابووری مارکس لە هەمبەر کۆمەڵگای هاوچەرخی خۆی رەنگە تاڕادەیەك لایەنی تاك رەهەندی هەبوو بێت، بەڵام سەرەڕای ئەم تاك رەهەندییە، لەڕووی وەسفییەوە بەرز و بەنرخ بوو. هۆکاری تێك شکانەکەی لە پلەوپایەی پێغەمبەری و پێشگۆییدا یەکڕاست پەیوەستە بە هەژاریی رێبازی مێژووگەراییەوە، واتە ئەم راستیە کە ئەگەر ئەمڕۆ شتی ببینین کە وەك مەیل یان رەوتێکی مێژوویی بێتە بەرچاو، ناتوانین بزانین ئایا سبەینێش وادێتە بەرچاو یان نا.

دەبێ دان بەوە دابنێم کە دەست نیشان کردنەکانی مارکس لەمەڕ گەلێ شتدا راست بووە. ئەوەندە بەسە ئەوەبێنینە بەچاوی خۆمان کە پێشگۆیی دەکرد سیستەمی سەرمایەداری هەوسارپچڕاو، بەو چەشنەی خۆی بەو ناساندبوو، زۆری پێناچێت و دەرکەوت ئەو لەسەر هەقە و بەرگریکاران و پاساوهێنەرانی ئەم جۆرە سەمایەدارییە پێیان وابوو سیستەمی ناوبراو بۆ هەتا هەتایە بە سەقامگیری دەمێنێتەوە و لە هەڵەدابوون. هەروەها راستی دەکرد کە سەرمایەداری هەوسارپچڕاو بەشێوەیەکی گشتی لە ئاکامی ((ململانێی چینایەتی))، واتە هاوگروپ بوونی کرێکارانەوە، بەرەو سیستەمێکی ئابووری نوێ گۆڕانی بەسەدا دێت. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، هەڵەیە ئەگەر بڵێین مارکس تەنانەت پێش بینی ئەم سیستەمە نوێیە، واتە



دەسوەردانگەرایشی (ئەوەندە نەبێ بەناوێکی تر، واتە سۆسیالیزم) دەکرد[١]. راستی ئەوەیە رۆمی ئاگای لەو شتە نەبوو کە لە پێشەوە بوو. ئەو شتەی ئەو بە ((سۆسیالیزم)) ناوزەدی دەکرد، لە هیچ کام لە فۆرمەکانی دەسوەردانگەرایی، تەنانەت لە شێوازی رووسیش نەدەچوو، چونکە ئەو لەسەر ئەو بڕوایە بوو، دەبووایە ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ئاستانەی روودان دان پێویستە نفوزی دەوڵەت کەم بکەنەوە هەم لە ڕووی سیاسی و هەم لە لایەنی ئابوورییەوە، ئەوە لەکاتێك دایە کە دەسوەردانگەرایی لە هەموو شوێنێکی، دەوڵەتی بە نفوزتر کردووە.

لەبەر ئەوەی مارکسم داوەتە بەر رەخنە و تاڕادەیەکیش لایەنگری دەستێوەردانی لەسەرەخۆ یان بەرە بەرە (بەتایبەتی لە جۆری دەزگایی کە لە بەشی حەڤدە بڕگەی ٧دا شیکرایەوە) دەکەم، دەبێ ئەوە روون بکەمەوە کە لەگەڵ مارکسدا زۆر هەست بە کۆکی و یەکدەنگی ناکەم کە هیواداربوو نفوزی دەوڵەت بەرەو کەم بوونەوە بچێت. بێگومان، گەورەترین مەترسی دەسوەردانگەرایی- بەتایبەتی دەستێوەردانی راستەوخۆ- کۆتایی هاتنیەتی بە زیادبوونی دەسەڵاتی دەوڵەت و بەرفراوان بوونی بیرۆکراسی. ئەوەی مەترسیەکە زیاد دەکات ئەوەیە کە کەم کەس لە لایەنگرانی دەسوەردانگەرایی کەموکوڕییەك لەم بابەتەدا دەبینێ یان گرنگیەکی ئەوتۆی پێدەدات. بەڵام بەبڕوای من، کاتێ دەتوانین بەسەر مەترسیەکەدا زاڵ بین کە خۆ لە رووبەڕووبوونەوە گەڵەڵیدا نەدزینەوە. ئەمەش یەکێکە لە هەمان گرفتی تایبەت بە تەکنەلۆژیای کۆمەڵایەتی و ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی لەسەرەخۆ یان هەنگاو بە هەنگاو، ئەوەندە نەبێت کە تا درەنگ نەبووە دەبێ لە تەکیا ڕابێین، ئەگینا دیموکراسی تووشی هەڕەشە دەبێت. دەبێ هەم بۆ ئاسایش بەرنامە دابڕێژین هەم بۆ ئازادی، چونکە تەنیا ئازادی ئاسایش دابین دەکات.

بگەڕێینەوە سەر پێشگۆیی مارکس. یەکێك لەو مەیلە مێژووییانەی کە مارکس بانگەشەی کەشف کردنی دەکرد، بەڕواڵەت لە مەیلەکانی تر خەسڵەتێکی تۆکمە و سەقامگیرتری هەبووە. مەبەستم مەیلی کەڵەکە کردنی ئامرازەکانی بەرهەم هێنان و بەتایبەتی بەرزکردنەوە بەرهەمداری کارە. پێدەچێت ئەگەر شارستانیەت بە سەقامگرتوویی بپارێزین، ئەم مەیلەش تا ماوەیەك درێژەی دەبێت. مارکس ئەم مەیلەی ناسیەوە و ئەو لایەنەی دەسنیشان کرد کە کە یارمەتی ((تەشەنەسەندنی شارستانیەت)) دەکات، بەڵام وێرای ئەمە مەترسیە پەنهانەکانی

ناویشی بینی. هەچەندە هەندێ کەس و یەك لەوان فۆوریە[١]، لەم پانتاییەدا فەزڵی لەپێش بوونیان هەیە بەسەر ئەودا{٢}، بەڵام مارکس لە یەکەمین کەسەکان بوو کە جەختی لەسەر پەیوەندی دوو شت کردەوە: یەکێکیان ((پێك هێنان و گەشەپێدانی هێزە بەرهەم هێنەرەکان)) کە بەڕای ئەو{٣} ((پەیام و بیانووی مێژوویی سەرمایەداری)) بووە و ئەویتریان سووڕی بازرگانیە کە وێرانکەرترین دیاردەیە کە لە سیستەمی ئیعتباری سەرچاوە دەگرێ- ئەو سیستەمەی بەڕواڵەت یارمەتی گەشەی خێرای پیشەسازی کردووە.

تیۆری مارکس سەبارەت بە سووڕی بازرگانی (کە لە بڕگەی ٤ بەشی رابردوودا توێژینەوەی لەسەر کرا) رەنگە بتوانین بەم جۆرە و بە دەستەواژەی دیکە دەیبڕین: ئەگەر راست بێت کە یاساگەلی خودیی بازاڕی ئازاد، بەکارخستنی تەواو پێك دێنێ، دەبێ راستیش بێت کە هەر کەرەتێك کە بەرەو لای بەکارخستنی (اشغال) تەواو بچین- واتە یارمەتی کەمبوونەوەی کرێکار بکەین- نووژەن و وەبەرهێنەرەکان بۆ ئەوە دەوروژێنین کە ئامرازی ماشینی نوێ بۆ دەست پێوەگرتنی کار دروست بکەن و بیهێننە ناو ئیشەوە و ئەمە خۆی (سەرەتا بوژانەوەیەکی کورت بەکارو کاسبی و پاشان) شەپۆڵێکی نوێی بێکاری و بێ بازاڕی لێ دەکەوێتەوە. من نازانم ئایا ئەم تیۆرە راستە یان نا و تا چ رادەیەك حەقیقەتی تێدایە. هەروەك لە بەشی رابردووشدا باسم کرد، تیۆری سووڕی بازرگانی یەکێك لە بابەتە دژوارەکانە و نامەوێ شەن و کەوی بکەم. بەڵام بە وەبەرچاو گرتنی گرنگی بانگەشەی مارکس کە زیادبوونی بەرهەمداری بە یەکێك لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی سووڕی بازرگانی لە قەڵەم دەدات، مۆڵەت دەخوازم بۆ داکۆکی کردن لێی هەندێ تێبینی تاڕادەیەك روون و ئاشکرا دەربڕم.

هەڵبەتە ئەو پێڕستەی ئێستاکە لەمەڕ حاڵەتە ممکینەکان دەیخەمەڕوو، کەمایەسی هەیە، بەڵام بەچەشنێك رێك و پێك کراوە بۆ ئەوەی پێشانی بدات هەر کاتێ بەرهەمداری کار زیاد بکات، دەبێ لانی کەم یەکێك لەو گۆڕانگارییانەی ئاماژەیان بۆ کرا- هەندێ جار هاوکات لەگەڵ چەند گۆڕانکاری تردا- دەست پێ بکات و هێندە بەردەوام بێت تا زیادبوونی بەرهەمداری هاوسەنگ دەبێت.

---

١. Charles Fourier (١٧٧٢ـ١٨٣٨) بیرمەندی کۆمەڵایەتی فەرەنسی، خاوەن توێژینەوە لەپێناو چاکسازی رەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتی، کە بیروبۆچوونەکانی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر سۆسیالیست و ریفۆرمخوازەکانی دواتر داناوە.



١- وەبەرهێنان رووە و زیادبوون دەچێت، واتە ئەو جۆرە شمەکە سەرمایەییانە بەرهەم دێن کە توانای بەرهەم هێنانی شمەکەکانی تر پتەو دەکات. (لەبەر ئەوەی ئەم شتە زیادبوونی زۆرتری بەرهەمداری لێ دەکەوێتەوە، بەتەنیایی ناتوانێ شوێنەوارەکانی بۆ ماوەیەکی درێژ هاوسەنگ بکات).

٢- بەکاربردن رووەو زیادبوون دەچێت، ئاستی ژیان بەرزدەبێتەوە:

الف — لە {نیۆ} گشت دانیشتوان"

ب — لە هەندێ بەشدا (بۆ نموونە لە چینێکی تایبەتیدا).

٣- ماوەی کار کەم دەبێتەوە:

الف — کاتژمێری کاری رۆژانە کەم دەکرێتەوە"

ب — ژمارەی ئەو کەسانەی کە کرێکاری پیشەسازی نین بەرەو زیادبوون دەچێت، بەتایبەتی:

ب١) ژمارەی زانایان، پزیشکان، هونەرمەندان، بازرگانان و ...تاد بەرەو زیادبوون دەچێ.

........................................................

ب٢) ژمارەی کرێکارە بێکارەکان زۆرتر دەبێت.

٤- بڕی شمەکە بەرهەم هێنراو بەڵام بەکار نەبراوەکان بەرەو زیادبوون دەچێت:

الف — شمەکی بەکاربردن (بەرخۆری) لەناو دەچێت"

ب — شمەکە سەرمایییەکان بەکارنابرێن (کارخانەکان بێکار دەبن"

ج — شمەکی جیا لە شمەکی بەکاربردن و شمەکی جۆری (١) بەرهەم دەهێنرێت، بۆ نموونە چەك و چۆل.

د — سوود لە کرێکار وەردەگیرێت بۆ لەناوبردنی شمەکی سەرمایەیی (بۆ ئەوەی بەرهەمداری کەم ببێتەوە).

هەڵبەتە دەتوانین لەمە زیاتر ئەم پێڕیستە درێژ بکەینەوە، بەڵام من حاڵەتە جیاجیاکانم بە چەشنێك پێڕست بەندی کردووە کە تا دێڕی بۆشایی {یان چەند خاڵەکە}- واتە هەتا پێش

(٣/ب٢)- گۆڕانکارییە خوازراوەکان بێن و لە (٣/ب٢) بەدواوە، گۆڕانکاری نەخوازراوەکان، واتە ئەوانەی کە دەربڕی بێ بازاڕی و دروست کردنی چەك و چۆڵ و جەنگە.

ئاشکرایە لەبەر ئەوەی فاکتەری(١)، سەرەڕای گرنگی زۆر، بە تەنیایی ناتوانێت هەمیشە هاوسەنگی رابگرێت، یەك یان چەند گۆڕانکاری دیکەش دەبێ دەست پێ بکات. جەگە لەمە، بەپێی لۆژیك دەتوانین گریمانەی ئەوە بکەین کە ئەگەر دەزگایەك لە ئارادا نەبێت کە درێژەی گۆڕانکارییە خوازراوەکان هەتا هاوسەنگ بوونی بەرهەمداری روو لە زیاد مسۆگەر بکات، هەندێ گۆڕانکاری نەخوازراو دێنە پێش. جگە لە بەرهەم هێنانی کە رەستەی جەنگ، هەموو ئەم جۆرە گۆڕانکارییانە رەنگە کەمبوونەوەی توندی (١) و لە ئاکامدا، خراپتر بوونی بارودۆخەکەی لێ بکەوێتەوە.

پێم وانییە تێبینی وەکو ئەوەی بەیان کرا، بە هیچ مانیەك بشێت {هۆکاری} بەرهەم هێنانی کەرەستەی جەنگ یان جەنگ ((شرۆڤە بکات)). هەرچەندە لەوانەیە ئەوە روون بکاتەوە کە بۆچی دەوڵەتە تۆتالیتێرەکان لە خەبات لە دژی بێکاریدا سەرکەوتن بەدەست دێنن. هەروەها پێم وانییە ئەم جۆرە تێبینیانە بتوانن {هۆکاری} سەرهەڵدانی سووڕی بازرگانی ((شرۆڤە بکەن))، ئەگەرچی لەوانەیە یارمەتیەك بەم جۆرە هۆدۆزینەوانە بکات کە پرسی پارەو ئیعتبار ئەگەری ئەوە هەیە بەشدارییەکی گرنگیان تێیدا هەبێت، چونکە بۆ نموونە کەمبوونەوەی[1] لەوانەیە یەکسان بێت بە وەستانی ئەو پاشکەفتیانەی کە رەنگە لە دۆخێکی جیا لەمەدا وەبەربهێنرێت. ئەم فاکتەرە گرنگیەکی یەکجار زۆری هەیە و گەلێ توێژینەوەی لەسەر کراوە{٤}. جگە لەمە، دوور نییە کە یاسای مارکسیستی رێژەی روو لە دابەزینی قازانج (ئەگەر یاسایەکی ئەوتۆ هەر لەبنەڕەت بۆ بەرگری لێ کردن بشێت{٥}) سەرەداوێك بدات بە دەستەوە بۆ روونکردنەوەی قۆرخ کردن، چونکە ئەگەر قۆناغەکانی کەڵەکەکردن خێرا کەمبوونەوەی رێژەی قازانجی لێ بکەوێتەوە، رەنگە ئەم دۆخە ببێتە هۆی دڵساردبوونەوە لە وەبەرهێنان و هاندان بۆ وەسەر یەکنان و قۆرخ کردن و کورتکردنەوەی فاکتەری(١).

بەڵام تیۆری سووڕی بازرگانی لە هەموو ئەمانە جیایە و دەبێ کارێکی تر ئەنجام بدات. دەبێ ئەوە روون بکاتەوە کە بۆچی دەزگای بازاڕی ئازاد کە ئامرازێکی وەها کارایە بۆ یەکسان کردنی خواست و خستنەڕوو، بۆ پێش گرتن لە بێ بازاڕی{٦}- واتە سەرڕێژی بەرهەم هێنان[2]

2. Overproduction



و بەکاربردنی ناکافی[3]- بەش ناکات. یاخود بە جۆرێکی تر، دەبێ ئەوە دەربخەین کە سووڕی بازرگانیش یەکێکە لە رەنگدانەوە کۆمەڵایەتییە نەویستراوەکانی کردەوەی خۆمان و{٧} هۆبەندی کڕین و فرۆستنە لە بازاڕدا. تیۆری مارکسیستی سووڕی بازرگانی رێك ئامانجێکی ئەوتۆی هەیە. ئەو تێبینیانەی لە هەمبەر شوێنەواری زیادبوونی گشتی بەرهەمداری خستمانەڕوو، لانی زۆر لەوانەیە تیۆری ناوبراو تەواوتر بکات.

لێرەدا مەبەست ئەوە نییە باشی و کەموکوڕی ئەم تیۆری داڕشتنە لەمەڕ سووڕی بازرگانی هەڵسەنگێنم. بەڵام پێم وایە روون و ئاشکرایە کە تەنانەت ئەگەر ئەم جۆرە تیۆر داڕشتنە بە وەبەرچاوگرتنی بیروبۆچوونی نوێ بە تەواوی هەڵوەشابنەوە، دیسان لە جێگەی خۆیاندا نرخ و بەهایان هەیە. هەر ئەم راستیە کە مارکس باسێکی دوور و درێژی لە هەمبەر ئەم کێشەیە پێشکەش کردووە، بە تەنیا وەکو ئیمتیازێکی گەورە بۆ ئەو حسێب دەکرێت. لانی کەم پێشگۆییەکەی هەنووکە تا ئەم ڕادەیە راست دەرچووە کە یەکەم مەیلی بەرهەمداری بۆ زیادبوون درێژەی هەیە و دووەم سووڕی بازرگانیش بەردەوامە و سێیەم بەردەوام بوونی سووڕی بازرگانی رەنگە هەنگاوی بێ بارگکەری دەسوەردانگەرایی و لەوێشەوە، سنووردارببوونی زیاتری سیستەمی بازاڕی ئازادی لێ بکەوێتەوە. ئەم رەوتە لەگەڵ پێشگۆیی مارکسدا هاوجووتە کە دەیگوت سووڕی بازرگانی یەکێك لە فاکتەرەکانی رووخانی سیستەمی سەرمایەداری هەوسارپچڕاوە. شتێکی تر کە پێویستە بەم بابەتەوە زیادبکرێت، پێشگۆییە راستەکەی تریەتی کە فاکتەرێکی گرنگی دیکەی ئەم رەوتە، هاوگروپ بوونی کرێکارانە.

ئێستا ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ کە بە وەبەرچاو گرتنی رێزبەندی ئەم پێشگۆییە گرنگ و لە هەندێ رووەوە سەرکەوتووانە، ئایا پاساوی هەیە یەکێك لەمەڕ هەژاری {کڵۆڵی} مێژووگەراییەوە بدوێت؟ ئەگەر تەنانەت پێشگۆییەکانی مارکس لە هەندێ لایەنەوە راست دەرچووبێت، بێگومان نابێ لەخۆڕا میتۆدەکەی بەلاوە بنێین. بەڵام ئەگەر وردتر لە سەرکەوتنەکانی مارکس بڕوانین، بۆمان دەردەکەوێت کە **ئەوەی بەردەوام بۆوەتە هۆی سەرکەوتنی، میتۆدی شیکردنەوەی دەزگاکان بووە نەك میتۆدی مێژووگەرایی**. ئەوەی ئەم ئاکامگیرییەی لێ دەکەوێتەوە کە رکەبەرایەتی سەرمایەدار ناچار دەکات بۆ زیادکردنی بەرهەمداری، شیکردنەوەی ئاسایی دەزگاکانە نەك میتۆدی مێژووگەرایی. مارکس تیۆری

3. underconsumption

سووڕی بازرگانی و زێدە حەشیمەتی لەسەر بناغەی شیکردنەوەی دەزگاکان دامەزراندووە، تەنانەت تیۆری ململانێی چینایەتی، تیۆرێکی دەزگاییە و بەشێکە لە میکانیزمی چاوەدێری بەسەر دابەشکردنی سامان و دەسەڵات- میکانیزمێك کە دەرفەت بۆ دانووسانی کۆگەلی بەمانا گشتییەکەی دەڕەخسێنێت. لە هیچ جێگەیەکی ئەم شیکردنەوانەدا، یاسای مێژووگەرایی ((پەرەسەندن)) یان ((قۆناغەکان)) یان ((سووڕەکان)) یان ((مەیلەکان)) لە مێژوودا بە هیچ چەشنێك بەشدارییان نییە. هیچ کام لە ئاکامگیرییە دووروودرێژەکانی مارکس کە لەسەر بنەمای مێژووگەرایی ئەنجام دراون- واتە ((یاسای بۆ زاڵبوون نەشیاوی پەرەسەندن)) یان ((ئەو قۆناغە مێژووییانەی خۆدزینەوە لێیان ممکین نییە))- هەرگیز پێشگۆییەکی سەرکەوتووانە نەبووە. مارکس تەنیا لە هەندێ شوێندا توانیویەتی دەزگاکان و ئەرکی دەزگاکان شی بکاتەوە. پێچەوانەی پرسەکەش راستە: هیچ لە پێشگۆییە یەك جێ و رێزپەڕ هەڵنەگر و دوور و درێژەکانی لە قاڵبی شیکردنەوەی دەزگاکاندا ئەنجام نەدراوە. تەنانەت خواستی پشتیوانی شیکردنەوەی دەزگاکان بۆ ئەم پێشگۆییانەش نەیتوانیوە پێشی نەزۆك بوونی بەڵگەوازییەکە بگرێت. راستی ئەوەیە کە پێوەرە بەرزەکانی خودی مارکس دەریدەخات کە پێشگۆییە یەك جێ و رێزپەڕ هەڵنەگرەکان لە ڕووی کرۆکی هزرییەوە تاڕادەیەك سووك و بێ بایەخن و ئەوەی پێیەتی زیاتر بەکاری هێور کردنەوەی ئارەزووەکان دێت و هەڵگری داهێنەرایەتییەکی سیاسی پێویست نییە. ((بۆرژوا))کانی سەردەمی مارکس و ئەو دەستە لە خاوەن پیشەسازییەکان کە خودان بیرێکی پێشکەوتنخوازانەبوون و بڕوایان بە یاسای پێشکەوتن هەبوو و مارکس لەگەڵیاندا هاوڕا بوو. بەڵام ئەم گەشبینییە ساویلکانەی هێگل و کۆنت و مارکس و میل بنەماکەی لەسەر مێژووگەرایی بوونیاد نراوە و وەك رەشبینی ئەفلاتون و شپنگلێر کە ئەویش لە مێژووگەراییەوە سەرچاوە دەرگرێت، وەهمی و خەڕافیە. ئەم بەرگە، رازێنەری بەژنی هیچ پێشگۆکار و پێغەمبەرێك نییە، چونکە هێزی خەیاڵاندنی مێژوویی دەخاتە تەنگانەوە. یەکێك لە پرنسیپەکانی هەموو جۆرە تێڕوانینێکی بەری لە پێش داوەری سەبارەت بە سیاسەت ئەوەیە کە لە کاروباری تایبەت بە مرۆڤدا، هەموو شتێك ممکینە و بە تایبەتی نابێ هیچ گۆڕانکارییەکی ممکین تەنیا لەبەر جیاوازی لەگەڵ ئەوەی بە حەزی مرۆڤ بۆ پێشکەوتنی مەعریفە یان دژایەتی لەگەڵ یەکێك لە یاسا بانگەشەیە باڵادەستەکانی تری سەر ((سروشتی مرۆڤ)) بەلاوە بنرێت. بەڵام پێشکەوتن، یەکێك لە یاساکانی سروشت نییە. ئەوەی نەوەیەك رستوویەتی لەوانەیە بە دەستی نەوەی دواتر ببێتەوە خوری.



بە پەیڕەوی کردن لەم پرنسیپە کە هەموو شتێك دەشێ رووبدات، رەنگە ئاماژەکردن بەم خاڵە بێ سوود نەبێت کە بەهیچ جۆرێ دوور نەبوو پێشگۆییەکانی مارکس راست دەربچێت. لایەنگرانی قوتابخانەی پێشکەوتن لە سەدەی نۆزدە، کۆمەڵە خەڵکێکی گەشبین بوون. ئەم جۆرە گەشبینیە، ئیمانێکە دەکرێ بگۆڕدرێ بۆ هێزێکی سیاسی گەورە و ئەوەی گەشبینەکان پێش بینیان کردووە بخاتە چوارچێوەی کردەوەوە. کەواتە، تەنانەت پێش بینی راستیش نابێت بە پەلە بە داکۆکی کەری فلانە تیۆر و خەسڵەتە زانستەکەی لە قەڵەم بدرێت، چونکە لەوانەیە ئاکامی خەسڵەتە دینیەکەی بێت و توانای ئەو ئیمانە بسەلمێنی کە خۆی لە مرۆڤەکاندا رواوە. لەمەڕ بوونی توخمی ئایینی لە مارکسیزمدا، هیچ گومانێك لە ئارادا نییە. لە تاریکترین کاتژمێرەکاندا کە کرێکاران تووشی هەژاری و بێنەوایی و سووکایەتی و بەکەم گرتن دەبوونەوە، ئیلهامیان لە پێشگۆیی مارکس وەرگرت و بڕوایان بە پەیامی خۆیان و ئەو ئاییندە بەشکۆیە هەبوو کە دەبووایە تەڤگەرەکەیان بۆ هەموو تاکەکانی مرۆڤایەتی ئامادەی بکات. کاتێ ئاوڕ لە رابردوو دەدەینەوە و رەوتی رووداوەکان لە نێوان ساڵی ١٨٦٤ تا ١٩٣٠، دێنینە بەرچاوی خۆمان، ئەم بیرۆکەیە بە مێشکمان دادێت کە ئەگەر ئەم راستییە تاڕادەیەك رێکەوتیە لە ئارادا نەبووایە کە مارکس ئاستەنگی خستبووە بەردەم توێژینەوە لەسەر تەکنەلۆژی کۆمەڵایەتی، لەوانەبوو ئەوروپا لەژێر کاریگەری ئەم رێبازە پێغەمبەرانەیە بە ئاڕاستەی جۆرە سۆسیالیزمێکی ناکۆمۆنیستی گۆڕانی بەسەردا بێت. ئەگەر مارکسیستەکانی رووسیا و ئەوروپای ناوەندی ئامادەیی پێویستیان وەدەست هێنا بووایە بۆ ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی و پلان دانان بۆ ئازادی، رەنگ بوو سەرکەوتنێکی حەتمیان بەدەست هێنابا و گومان و دڕدۆنگی لە دڵی هەموو دۆستانی کۆمەڵگای کراوە بسڕدرێتەوە. بەڵام تەنانەت سەرکەوتنێکی ئەوتۆش داکۆکی لە خەسڵەتی زانستی پێشگۆیی نەدەکرد و دەبووایە بڵێین ئاکامی تەڤگەرێکی ئایینیە و دەرەنجامی ئیمانێکی مرۆڤدۆستانەیە کە لەگەڵ بەکارهێنانی هەڵسەنگێنراوی عەقڵدا ئاوێتە بووە بۆ گۆڕینی جیهان.

بەڵام رەوتی گۆڕانکاری دۆخەکان بە چەشنێکی تر بوو. توخمی پێشگۆیی و پێغەمبەری لە ئارمانجی مارکسدا لە زەینی پەیڕەوکارانیدا بەسەر هەموو شتێکدا زاڵ ببوو و هەموو شتێکی تری بەلاوەنا و هێزی داوەری هەڵسەنگێنراو و خاڵی لە سات و سەودای بۆ دوور هەڵداشت و ئەم ئیمانەی وێران کرد کە بە یارمەتی عەقڵ دەتوانین جیهان بگۆڕین. ئەوەی لە رێنماییەکانی

مارکس بەجێما، فەلسەفەی غەیبیبێژانەی هێگل بوو کە ئێستا لە بەرگی مارکسیزمدا ددانی تیژدەکردووە بۆ ئەوەی ململانێ لە پێناو کۆمەڵگای کراوە تووشی بن بەست بکات.

# پرنسیپە ئەخلاقییەکانی مارکس

# ٢٢ ئەخلاق و مێژووگەرایی

ئەو کارەی مارکس لە کتێبی سەرمایەدا تەقەلای بۆ دا، کەشف کردنی یاساگەلی بۆ زاڵبوون نەشیاوی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی بوو. ئەوەی بەڕای ئەو بۆ تەکنەلۆژیستی کۆمەڵایەتی سوودمەند بوو، دۆزینەوەی یاسا ئابوورییەکان نەبوو یان شیکردنەوەی هەلومەرجی ئابووری کە هەلی بۆ وەدیهاتنی ئامانجە سۆسیالیستیەکانی وەك دانانی نرخی دادپەروەرانە و دابەشکردنی یەکسانی سامان و دابین کردن و بەرنامەرێژییەکی عەقڵانی بۆ بەرهەم هێنان و لە هەموو ئەمانە گرنگتر، ئازادی دەڕەخساند یان تەنانەت هەوڵدان لە پێناو شیکردنەوەو روون کردنەوەی ئەم ئامانجانە.

مارکس زۆر بە توندی دژایەتی لەگەڵ تەکنەلۆژیای یۆتۆپیایی و هەر چەشنە تەقەلایەك دەکرد لە پێناو پاساو هێنانەوەی ئەخلاقی بۆ ئامانجەکانی سۆسیالیزم. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا نووسینەکانی لەخۆگری تیۆرێکە لەمەڕ ئەخلاق کە لەمیانی هەلسەنگاندنە ئەخلاقییەکانی سەبارەت بە دەزگا کۆمەڵایەتییەکان دەبینرێت. ئەو لە رووی ئەخلاقییەوە سەرمایەداری مەحکوم دەکات. **سیستەم مەحکوم دەکرێ**، چونکە ئەو ستەمکارییە بێ بەزەییانەی کە لە زاتیدا پەنهانە لەگەڵ داد و فەزیلەتی ((رواڵەتی))دا تاوێتەی دەکات. سیستەم پرۆتێستۆ دەکرێ لەبەر ئەوەی چەوسێنەر ناچار دەکات چەوساوە بکاتە کۆیلەی خۆی و لەم رێگەوە ئازادی هەردووکیان دەرفێنێت. مارکس نە دژایەتی سامانی دەکرد و نە هەژاری ستایش دەکرد. لە سەرمایەداری بێزار بوو نەك لەبەر کەڵەکەکردنی سامان، بەڵکو بەهۆی ئەوە کە سەروەری بە ژمارەیەکی کەم دەبەخشێت بەسەر سەرجەم خەڵکیدا. نەفرەتەکەی لەوەوە سەرچاوەی دەگرت کە لەم سیستەمەدا، سامان یەکسان بوو بە دەسەڵاتی سیاسی بە مانای دەسەڵاتدارێتی بەسەر



ئەوانیتردا. لە سەرمایەداریدا، توانای کار دەگۆڕدرێ بۆ شمەك و ئەمە بەو مانایە بوو کە مرۆڤەکان بەناچاری دەبووایە لە بازاڕدا هەوڵی خۆ فرۆشتن بدەن. مارکس نەفرەتی لەم سیستەمە دەکرد چونکە لە کۆیلایەتی دەچوو.

مارکس پشتی بەلایەنی ئەخلاقی دەزگا کۆمەڵایەتییەکان دەبەست بۆ ئەوەی جەخت لەسەر بەرپرسایەتیەکانمان بکات لە بەرامبەر رەنگدانەوە کۆمەڵایەتییە دوورترەکانی کارو کردەوەکانمان- وەکو ئەو کاروکردەوانەی کە لەوانەیە یارمەتی بەردەوام بوونی ژیانی دەزگا کۆمەڵایەتییە ستەمکارەکان.

لە ڕاستیدا سەرمایە بەشێوەیەکی گشتی نامەیەکە لەمەڕ ئەخلاقی کۆمەڵایەتییەوە، بەڵام لەجیاتی ئەوەی مانای ئەخلاق بەڕاشکاوی لەژێر ئەم ناونیشانەدا تاوتوێ بکرێت، ناڕاستەوخۆ دەردەبڕدرێت کە هەڵبەتە بەهۆی روون بوونی کینایە، ئەم چۆنایەتییە هیچ لە هێزی دەربڕین کەم ناکاتەوە. بەبڕوای من، مارکس بەم هۆیە خۆی لە ڕاشکاوانە دەربڕینی هەموو چەشنە تیۆرێکی ئەخلاقی دەبوارد، چونکە لە وەعز و ئامۆژگاری بێزار بوو، بە قوڵی دەرهەق بەم مامۆستایانەی ئەخلاقی و ئامۆژگاریکارانە بێ متمانە بوو کە خەڵکیان بۆ خواردنەوەی ئاو رادەسپارد و خۆیان شەرابیان دەخواردەوە، لەم رووییەوە، حەزی لە دەربڕینی راشکاوانەی ئەو بیروباوەڕانەی نەبوو کە لەمەڕ ئەخلاقیەوە هەیبوو. پرنسیپی مرۆڤایەتی و پاکژخوویی لە روانگەی ئەوەوە هیچ پێویستی بە قسە لەسەرکردن نەبوو، دەبووایە وەك بەڵگەنەویست سەیری بکرێ و (ئەمە لایەنێکی دیکە گەشبینیەکەی بوو). هێرشی دەکردە سەر مامۆستایانی ئەخلاق چونکە بە بەرگریکار و پاساو هێنەری مەراییکاری سیستەمی گەندەڵی کۆمەڵایەتی لە قەڵەمی دەدات، پەلاماری دەبردە سەر پیاهەڵدەرانی لیبرالیزم چونکە دەیزانی لە خۆیان رازین و ئازادی بە هاوتای ئازادی رواڵەتی سیستەمی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە دژمێرن کە وێرانکەری ئازادی بوو. بەم چەشنە، بەشێوەیەکی لاوەکی دانی بەو ئەڤینەدا دەنا کە لە هەمبەر ئازادی هەیبوو و سەرەڕای ئەوە کە لە فەلسەفەدا مەیلی بەرەو گشتگەرایی هەبوو، بەڵام لەڕاستیدا پەیڕەوکاری رێبازی کۆگەلی نەبوو، چونکە گیرۆدەی ((سیس بوون و وشك هەڵاتن))ی دەوڵەت ببوو. بەبڕوای من، ئیمانی مارکس، لە بنەڕەتدا باوەڕبوو بە کۆمەڵگای کراوە.

بیروباوەڕی مارکس لەم بەستێنەدا لەگەڵ هەڵوێستی لەمەڕ دینی مەسیح پەیوەندییەکی نزیکی هەبوو. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی پیرۆزی خوازە مەسیحیەکانی ئەو سەردەمە ئەوەبوو کە بە دووڕوویی بەرگرییان لە بەهرەکێشی دەکرد لە سیستەمی سەرمایەداریدا، ئەمە کاریگەری لەسەر شێوازی هزری مارکس دادەنا لە هەمبەر مەسیحیەت. (تێڕوانینەکەی، لەم لایەنەوە، تاڕادەیەك هاوچەشنی ریفۆرمیستی گەورەی مەسیحی کیرکەگور بوو کە لە هەمان سەردەمدا دەژیا و هەوڵی دەدا پیرۆزی خوازە دژە مەسیحی و ریاکارییە دژە مرۆییەکانی عیسەوییەکانی ئەو رۆژگارە ئاشکرا بکات{١}). لە ریزی نوێنەرانی ئەم جۆرە مەسیحیەتە، یەکیان قەشەی کەنیسەی بەرزی(١) {ئینگلتەرا} ج. تاوەن زەندە، کە خاوەنی **نامەیەك لەمەڕ یاسای سواڵکەران بە پێنوسی یەکێك لە خێرخوازانی مرۆڤ**(٢) بوو کە بە ساویلکانەترین شێوە بەرگری لەم چەوسانەوەیە دەکرد کە مارکس دەمامکی لەڕوو هەڵماڵیبوو. تاون زەند لە دەستپێکی پیاهەڵگوتنەکەیدا نووسیبووی{٢}: ((برسێتی فشارێکی هێمن و بێدەنگ و هێورنەبۆوە و سروشتیترین پاڵنەری کار و تەقەلایە و دەبێتە هۆی توندترین هەوڵدان لە مرۆڤدا)). مارکس لە وەڵامدا وتی کە لەو رێکییەی کە بەبڕوای تاون زەند بە پێی ((دینی مەسیح)) بەسەر جیهاندا فەرمانڕەوایی دەکات، هەموو شتێك پەیوەستە بە هەمیشەیی بوونی برسێتی لەنێو چینی کرێکار و خواوەند جگە لە گەیشتن بەم ئامانجە، هیچ مەبەستێك نەبووە لە دانانی پرنسیپی گەشەی دانیشتووان. ئەگەر تاون زەند بیروباوەڕێکی جیاواز لەمەی هەبووایە نەیدەنووسی: ((لە ڕواڵەتدا ئەمە یەکێك لە یاساکانی سروشتە کە دەبێ هەژارەکان تاڕادەیەك بەری بن لە عەقڵی بژێوی ژیان بۆ ئەوەی بەردەوام بۆ ئەنجامدانی چرووکترین و پیسترین و بێ ئابڕووترین کار لە کۆمەڵگادا کەسێك دەست بکەوێت))، نەیدەنووسی: ((تێکڕای بەختەوەری مرۆڤ بەم جۆرە زۆر بەرز دەبێتەوەو لە هەمان کاتدا، ئەو کەسانەی کە ناسك خووترن... بەبێ گرفت بە ئازادی دەتوانن خەریکی ئەو کارانە بن کە لەگەڵ میزاجیاندا دەگونجێت)). ئەم ((مەراییکەرە ناسك خووە قەشە رێچکەیە)) (ئەو ناسناوەی کە مارکس بە بۆنەی رستەی سەرەوە بۆ تاون زەندی دانابوو) پێی وابوو کە یاسای سواڵکەری بەهۆی دەستگرتنی برسیەکان، ((ئەو هەماهەنگی و جوانی و هاوجووتی و رێکییەی کە خواو سروشت لە جیهاندا بەرقەرارییان کردووە، لەناو دەبات)).

1. High church
2. J. Townsend, A Dissertation on the poor laws, by a well wisher of mankind (1817).



ئەگەر ئەمڕۆکە ئەم جۆرە ((مەسیحیەتە)) لە بەشی هەرە زۆری جیهان بارگەو بنەی پێچاوەتەوە، لە گەلێ لایەنەوە بەهۆی چاکسازی ئەخلاقی مارکسەوە بووە. هەڵبەتە کەنیسە زۆر پێشتر لە مارکس دەستی کردبوو بە چاککردنی رەفتاری خۆی سەبارەت بە هەژارەکان لە ئینگلتەرادا، بەڵام ئەم جۆرە گۆڕانکارییە لە وڵاتەکانی تری ئەورووپادا بە شێوەیەکی گشتی لەژێر کاریگەری مارکسدا بە ئەنجام گەیشت و سۆسیالیزم کاریگەری هەبوو لەسەر تۆکمەبوونی لە ئینگلتەرا. رەنگە بتوانین کاریگەری مارکس لەسەر دینی مەسیحی لەگەڵ کاریگەری لۆتەر لە مەزهەبی پرۆتستاندا بەراورد بکەین. لە هەردوو حاڵەتدا ئەم دووانە پانتاییەکیان خوڵقاند و ئەم شتە بووە هۆی سەرهەڵدانی بزاڤی دژە ریفۆرمیستی(٣) لە کەمپی دوژمن و پیاچوونەوەو سەر لەنوێ هەڵسەنگاندنەوەی پێودانگە ئەخلاقییەکان. ئەگەر ئەمڕۆ مەسیحیەت لەسەر رێگایەك دەڕوات جیا لە رێگایەکی تەنانەت سی ساڵ لەمەوبەر، ئەم گۆڕانە لەزۆر رووەوە بۆ میتۆدەکەی قەرزداری مارکسە. کیرکەگور لە کتێبی **دادوەردا**(٤) سەبارەت بە شیکردنەوەی چالاکییەکانی خۆی دەنووسێ{٣}: ((ئەو کەسەی ئیشی خوڵقاندنی هزری چاکسازیخوازانەیە، تەنیا ئەوەندە بەسە بە وردبینی و قوڵڕوانینەوە، خوێندنەوە لەسەر بەشە رزیوەکانی سیستەمی هەنووکەی بکات و پاشان بەلایەنگرییەکی زیاترەوە، داکۆکی لە پێچەوانەکەی بکات)). و (پاشان لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: ((لەبەر ئەوەی بەم جۆرەیە، تاکێکی بەڕواڵەت زیرەك دەردەکەوێت و لایەنگیری بە جۆرە کەموکوڕیەك لە هزری ریفۆرمیستیدا لە قەڵەم دەدات و خەڵکی رازی دەکات کە حەقیقەتی ئەم هزرە جگە لەم لایەنگیرییە هیچی تر نەبووە))) تەنانەت ئەو گرنگی پێدانەی کەنیسە بە بانگی کیرکەگور لە هەندێ رووەوە قەرزباری مارکسە و بەم مانایە دەتوانین بڵێین کە مارکسیزمی بەرایی بە وردبینی و توندی کردەوە کە لەمەڕ پرسە ئەخلاقییەکان بەکاری دێنا و ئەو جەختەی کە لە سەرکردەوەی دەکرد لەجیاتی وتە، رەنگە گرنگترین هزری ریفۆرمیستی سەردەمی ئێمەی هێنابێتە مەیدانەوە{٤}. دەبێ لەمەدا بەدوای کاریگەری ئەخلاقی و مەعنەوی مەزنی ماکسیزمدا بگەڕێین.

لە هەندێ لە نووسینە کۆنترەکانی مارکسدا بەتایبەتی لەگەڵ ئەم خاڵە بەرەو روودەبین کە دەبێ مرۆڤەکان بیسەلمێنن چییان لە هەگبەدایە. ئەم هەڵوێست و تێڕوانینە رەنگە بتوانین بە

3. Counter- reformation
4. S. Kierkegoard, Book of the judge

**کردەوەخوازی**[٥] مارکس ناوزەدی بکەین، لە دواین ((تێز))کەیدا لە **کتێبی تێزگەلێ لەمەڕ فویرباخ**[٦] بەو پەڕی ئاشکراییەوە دەبینرێت کە تێیدا هاتووە{٥}: ((فەیلەسوفەکان تەنیا لە رێگای جۆراو جۆرەوە جیهانیان راڤە و شرۆڤە کردووە، بەڵام پرسەکە، گۆڕنیەتی)). لە گەڵێك پارچەی تریشدا هەر ئەم مەیلە بۆ ((کردەوەخوازی)) دەبینرێت، بەتایبەتی لەو پارچانەدا کە مارکس تێیاندا سۆسیالیزم بە ((مەلەکوتی ئازادی)) و سنووری ((سەروەری مرۆڤ بەسەر ژینگەی کۆمەڵایەتی خۆی))دا دەناسێنێت. مارکس سۆسیالیزمی وەك قۆناغێك وێنا دەکرد کە ئێمە هەمووومان لە کۆت و بەندی ئەو هێزە نامەعقولانەی کە ئەمڕۆ ژیانمانی بەرتەسك کردۆتەوە، ئازاد بوو بێتین و جڵەوی کاروباری مرۆڤ بەدەست عەقڵەوە بێت. بە وەبەرچاوگرتنی ئەم جۆرە تێبینیانە و بە سەرنجدان لە هەڵوێستی ئەخلاقی و سۆزداری گشتی مارکس، بۆ من هیچ جێگای دڕدۆنگی نییە کە ئەگەر لێیان پرسیبووایە ((ئایا ئێمە دەبێ بوونیاتنەری چارەنووسی خۆمان بین یان تەنیا بە پێشگۆیی کردنی رازی بین؟)) ئەو بوونیاتنەری بەسەر پێشگۆیی رووتدا پەسەند دەکرد.

بەڵام هەروەك پێشتر بینیمان، باوەڕی مارکس بە مێژووگەرایی ئەم مەیلەی ئەوی بۆ ((کردەوەخوازی)) بێ بارگ کردبۆوە. هەر لەژێر کاریگەری ئەم بیروباوەڕەدا بوو کە گۆڕا بۆ پێشگۆکار و گەیشتە ئەم دەرەنجامە کە، لانی کەم لە سیستەمی سەرمایەداریدا، دەبێ هەمووومان مل بۆ ((یاسا بۆ زاڵبوون نەشیاوەکان)) بدەین و خۆ بدەین بە دەست ئەم راستیەوە کە تەنیا یەك کارمان لەدەست دێت و ئەویش ((کورت کردنەوەو کەمکردنەوەی ئازاری زانی قۆناغە سروشتییەکانی پەرەرسەندنەکەیەتی)){٦}. لەنێوان کردەوەخوازی مارکس و بڕوابوونی بە مێژووگەرایی، گێژاوێکی مەزن لەمپەرە و تیۆرەکەی سەبارەت بەوە کە هیچ چارەیەك نییە جگە لەخۆ بەدەستەوەدان لە بەرامبەر هێزە ناعەقڵانییەکانی مێژوو، تەنانەت ئەم گێژاوە بەرینتر دەکات. مارکس هەموو هەوڵێکی عەقڵانی لە پێناو پلان دان بۆ ئایندە بەکارێکی خەیاڵپڵاوانە و یۆتۆپیایی لە قەڵەم دەدا و مەحکومی دەکرد. کەواتە، بەبڕوای ئەو، **نەدەشیا عەقڵ کاریگەری هەبێ لەسەر پێك هێنانی جیهانێکی مەعقولتر و ژیرانەتر**. بەڵام بەبڕوای من، ئەم بۆچوونە بۆ بەرگری لێکردن ناشێت و حەتمەن عیرفانی لێ دەکەوێتەوە. هەڵبەتە ئەوە قبوڵ دەکەم کە بە ڕواڵەت لە جێهانی بیروبۆچووندا، دەرفەتی سازکردنی پرد لەسەر ئەم گێژاوە

5. activism
6. theses on feuerbach



لە ئارادایە، بەڵام من ئەم پردە بە پردێکی تۆکمە نازانم. من ئەم پردە کە تەنیا گەڵاڵەیەکی کورتی لە نووسینەکانی مارکس و ئینگڵسدا دەبینرێت، **بەتیۆری ئەخلاقی مێژووگەراییانە ناوزەد دەکەم**{٧}.

لەبەر ئەوەی مارکس و ئینگڵس نەیاندەویست تەنانەت بیروبۆچوونی ئەخلاقی خۆیان بەهیچ چەشنێك بە یەکلاکەرەوەو لە خودی خۆیدا پاکانە بۆ کراو لە قەڵەم بدەن، بە باشیان دەزانی ئامانجە مرۆڤدۆستانەکانی خۆیان بە پەیڕەوی کردن لەو تیۆرەی کە بڕوایان پێی هەبوو، بە بەرهەم یان رەنگدانەوەی هەلومەرج و بارودۆخی کۆمەڵایەتی بژمێرن. دەتوانین تیۆرەکەیان بەم جۆرە شەن و کەو بکەین. ئەگەر ریفۆرمیستێکی کۆمەڵایەتی یان شۆڕشگێڕێك لەسەر ئەو بڕوایە بێت کە نەفرەت لە ((ستەم)) و ئەڤین بۆ ((داد)) ئیلهامی پێ دەبەخشێت، ئەوا ئەویش وەکو هەمووو کەسێکی تر (وەکو بەرگریکاران و پاساو هێنەرانی سیستەمی پێشوو) تووشی وەهم و خەیاڵ هاتووە. بە دەربڕینێکی وردتر، وێنا ئەخلاقییەکەی لە ((ستەم)) و ((داد)) بەرهەمی لاوەکی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و مێژووییە، ئەوەندە نەبێت کە بەرهەمێکی لاوەکی گرنگە کە بەشێکە لە میکانیزمێکی بزوتنەوەوروژێن و کۆمەڵگا لە رێگای پەرەسەندندا پێشڤەدەبات. بۆ نموونە، هەمیشە لانی کەم دوو وێنای زۆر جیاواز بۆ ((داد)) یان ((ئازادی)) یان ((یەکسانی)) لە ئارادایە. یەکیان وێنای ((داد))ـە بەپێی تێگەیشتنی چینی دەسەڵاتدار و ئەویتریان هەر ئەم وێنایەیە بەپێی تێگەیشتنی چینی زوڵم لێکراو. هەڵبەتە هەر کام لەم دوو وێنایە بەرهەمی بارودۆخی چینایەتییە، بەڵام لە هەمان کاتدا، کاریگەرییەکی مەزن لەسەر ململانێی چینایەتی دادەنێت و ئاسوودەیی ویژدان بەو لایەنە دەبەخشێت کە ئەم وێنایەی هەیە بۆ ئەوەی درێژەی بە ململانێ بدات.

دەتوانین ئەم تیۆرە ئەخلاقییە بە تیۆرێکی مێژووگەراییانە وەسف بکەین، چونکە ئەو کەسانەی بڕوایان پێی هەیە لەسەر ئەو باوەڕەن کە هەموو چەمکێکی ناو ئەخلاق، پشت بە بارودۆخی مێژوویی دەبەستێت. ئەو ناوەی کە بەزۆری بۆ ئەم تیۆرەی بەکاردێنن، **رێژەگەرایی مێژووییە** لە ئەخلاقدا. لە روانگەی ئەم تیۆرەوە ئەم پرسیارە کە ((ئایا راستە بەم شێوەیە بجولێمەوە؟)) پرسیارێکە کەموکوڕی تێدایە. پرسیاری تەواو بەم جۆرەیە ((ئایا بەپێی تێگەیشتنی ئەخلاقیی فیۆدالیزم لە سەدەی پازدە، جولانەوە بەم شێوەیە راستە یان نا؟)) یان ((ئایا بەپێی

تێگەیشتنی ئەخلاقیی پرۆلیتاریا لە سەدەی نۆزدە، هەڵسوکەوت کردن بەم جۆرە راستە یان نا؟)) ئینگڵس ئەم رێژەگەراییە مێژووییە بەم چەشنە دەردەبڕێت[٨]:

> ئەمڕۆکە کامە پرنسیپی ئەخلاقی بۆ ئێمە وەعز دەکرێت؟ یەکەمیان، پرنسیپی ئەخلاقیی مەسیحی- فیۆدالیە کە چەندین سەدەیە بە میرات ماوەتەوە. ئەم خۆی بۆ دوو بەشی لاوەکی دابەش دەبێت: پرنسیپی ئەخلاقی کاتۆلیکی رۆمی و پرنسیپی ئەخلاقی پرۆتستان و هەر کامێك لەمانەش دیسانی بەشی جیاوازیان هەیە، لە یەسوعی کاتۆلیکیەوە بیگرە هەتا ئەتەدۆکسی- پرۆتستان و ئەخلاقی بێ سەروبەری ((پێشکەوتووانە)). لە پەنای ئەمانەدا، رووبەڕووی پرنسیپی ئەخلاقی بۆرژوازی ئەمڕۆکە و پرنسیپی ئەخلاقی پرۆلیتاریای ئایندە دەبینەوە...

بەڵام تەنانەت ئەم ((رێژەگەراییە مێژووییە))ش بەشێوەیەکی تەواو خەسڵەتی مێژووگەرایانەی تیۆری مارکس لەمەڕ ئەخلاق لەخۆ ناگرێت. وادابنێین لەو کەسانەی کە بڕوایان بەم تیۆرە هەیە و یەك لەوان لە مارکس دەپرسێن ((بۆچی بەم شێوەیە دەجولێیتەوە؟))، ((بۆچی بۆ نموونە پێت وایە ناشیرین و بێزارکەرە کە بۆ دەست هەڵگرتن لە چالاکی شۆڕشگێڕانە، بەرتیلی بۆرژوازی قبوڵ بکەیت؟)) پێم وانیە مارکس حەز لێبێت وەڵامی ئەم جۆرە پرسیارانە بداتەوە. رەنگە هەوڵی دابووایە خۆی بدزێتەوە یان رەنگ بوو بڵێت هەر چۆنی بیەوێ یان هەرچۆنی ناچار بێت، هەڵسوکەوت دەکات. بەڵام هیچ کام لەمانە پەیوەندییان بە کێشەی ئێمەوە نییە. بەڵگەنەویستە کە مارکس لەو بڕیارانەی کە بە کردەوە لە ژیانی دادەیگرتن، پابەندی رێبازێکی ئەخلاقی تۆکمە و لە هەڵە بەدوور بوو و بێگومان هەر ئەم چاوەڕوانیەشی لە هاوکارەکانی هەبوو، بێوەبەرچاوگرتنی ئەوەی چ زاراوەیەك بەکاربێنن، ئەو کێشەیەی بەرەو ڕوومان دەبێتەوە ئەو پرسەیە کە پرسیبامان ((بۆچی بەم شێوەیە دەجولێیتەوە؟)) یان ((بۆچی بۆ نموونە هەوڵدەدەیت یارمەتی ستەم لێکراوەکان بدەیت؟)) چ وەڵامێکی دەداتەوە. (دەبێ ئاگاداری ئەوە بین کە مارکس نە لەڕووی رەچەڵەکەوە سەر بەم چینەبوو نە لە رووی پەروەردەو شێوازی ژیان).

پێم وایە ئەگەر مارکس بەم چەشنە شێلگیرانە پرسیاری ئاڕاستە کرابووایە، بە جۆرەی لای خوارەوە بیروباوەڕی خۆی دەردەبڕی (کە کورتەی تیۆری ئەخلاقی مێژووگەراییەکەیەتی) و



رەنگە وتبای لەبەر ئەوەی من زانای زانستە کۆمەڵایەتیەکانم، دەزانم کە مانای ئەخلاقی ڕمی ئێمەیە لە ململانێی چینایەتیدا و دەتوانم بێ ئەوەی پابەندی ئەم جۆرە بیروبۆچوونانە بم، خوێندنەوەیان لەسەر بکەم. بەڵام هەروەها لە پلەی زانایەکدا لەسەر ئەم خاڵە پێ دادەگرم کە ناتوانم لەم ململانێیەدا خۆ لە هەڵوێست وەرگرتن ببوێرم و هەموو رێگایەك هەڵبژێرم- هەرچەندە دووری و خەمساردی- بەجۆرێك لە جۆرەکان بەمانای هەڵوێست وەرگرتنە. کەواتە، کێشەکەی من بەم جۆرەی لێ دێت کە بچمە پاڵ کامە لایەنەوە. بەڵام هەر کە لایەنێکی دیاریکراوم هەڵبژارد، هاوکات ئەو پرنسیپە ئەخلاقییەشم هەڵبژاردووە کە دەبێ پێیوە پابەندبم. لەوە بەدواوە دەبێ پەیڕەوی لە سیستەمێك بکەم لە ئەخلاقدا کە بە بەرژەوەندی ئەو چینە بەستراوەتەوە کە بڕیارم داوە پشتیوانی لێ بکەم. بەر لەم بڕیارە بنەماییە، لەبنەڕەتدا، ناتوانین بڵێین هیچ سیستەمێکم لە ئەخلاقدا هەڵبژاردووە- هەڵبەتە بەو مەرجە کە سەرەتا لە کۆتی نەریتە ئەخلاقییەکانی ئەو چینە رزگارم بوو بێت کە سەر بەوم کە ئەمە خۆی مەرجی پێویستی هەموو هەڵبژاردنێکی عەقڵانی نێوان سیستەمە ئەخلاقییە نەیارەکانە. لەلایەکی ترەوە، لەبەر ئەوەی هەموو بڕیارێك تەنیا نسبەت بەو رێبازە ئەخلاقییەی کە پێشتر هەڵبژێردراوە ((ئەخلاقی)) یان ((نائەخلاقی))ـە، هەر بۆیە بڕیاری بەرایی من لەبنەڕەتدا نەدەکرا لایەنێکی ئەخلاقی هەبێت. بەڵام هەڵبەتە دەیتووانی خودان چۆنایەتی زانستی بێت، چونکە من زانای زانستە کۆمەڵایەتییەکانم و دەتوانم ئەوە دەستنیشان بکەم کە لە ئایندەدا چی روودەدات. دەتوانم ئەوە ببینم کە بۆرژوازی و سیستەمە ئەخلاقییەکەی بارگە و بنە تێك دەنێ. من ئەم گۆڕانکارییە بە حەتمی لە قەڵەم دەدەم. وەستانەوە لە بەرامبەریدا شێتایەتییە هەروەك چۆن راوەستان لە بەرامبەر یاسای کێشی زەوی شێتایەتییە. لەم روویەوە، بڕیاری بنەمایی من، لایەنگری کردنە لە پرۆلیتاریا و ئەخلاقی پرۆلیتاریا. ئەم بڕیارە تەنیا لەسەر بنەمای ئایندەبینی زانستی و پێشگۆیی مێژوویی زانستیانە دامەزراوە و هەرچەندە لە خودی خۆیدا لایەنی ئەخلاقی نییە چونکە لەسە بناغەی هیچ سیستەمێك لە ئەخلاق بوونیات نەنراوە، بەڵام بێگومان دەبێتە هۆی هەڵبژاردنی سیستەمێکی ئەخلاقی دیاریکراو. کورتەی وتە ئەوەیە کە بە پێچەوانەی بۆچوونی ئێوە، بڕیارە بنەماییەکەم، بڕیارێك نییە بەپێی هەڵچوونێکی سۆزدارانە لەپێناو یارمەتی کردنی ستەم لێکراوەکان وەرگیرابێت، بڕیارێکی زانستی و عەقڵانیە و دەڵێت بە بێهوودەیی لە بەرامبەر یاساکانی پەرەسەندنی کۆمەڵگادا مەوەستنەوە. ئەوە قبوڵ دەکەم کە لە ململانێی لە رێگای ئەوەی بەهەر حاڵ هەر دێت، سوود وەرگرتن لە چەکی سۆزداری

(عاطفی) ئەخلاقی پێویستە، بەڵام تا بەر لە وەرگرتنی ئەو بڕیارەی کە وتمان، ئامادەنیم ئەم جۆرە سۆزدارییە قبوڵ بکەم یان بە تەواوی سوودی لێوەربگرم. واقعیاتەکانی قۆناغی ئایندە دەکەمە پێوەری ئەخلاقیی خۆم و هەروەها گرێی ئەم ناتەباییە رواڵەتییە دەکەمەوە کە چۆن دەکرێ جیهانێکی عەقلانیتر دروست بکرێت کە عەقڵ گەلاڵەی بۆ دانەڕشتبێت. بەپێی پێوەرە ئەخلاقییە هەنووکەییەکانی من، جیهانی ئایندە ناکرێ جیهانێکی باشتر نەبێت و لە رابردوو زیاتر لەگەڵ پێودانگی عەقڵیدا هاوجووت نەبێت. راستە من لە هەمان کاتدا کە بڕوام بە رەوتی حەتمی مێژوو هەیە، پێموایە دەبێ هەوڵ بدرێت و دەست لە چالاکی هەڵنەگیرێت. بەڵام بەو شێوازەی کە هەڵمانبژاردووە دژایەتی ئەم دووانەش چارە دەکرێت، چونکە روون و ئاشکرایە هەرچەندە یاسای سروشتیی باڵادەستی سەر جوڵەی کۆمەڵگام دۆزیوەتەوە، بەڵام تەنیا بە نووکە قەڵەمێك ناتوانم قۆناغە سروشتییەکانی پەرەسەندنەکەی لە جیهاندا بەلاوە بنێم. بەم حاڵەش، ئەوەندەم لەدەست دێت کە لە رێگای چالاکییەوە، ئازاری زانی ئەم قۆناغە کورتتر و کەمتر بکەم.

پێم وایە ئەمە بەرسڤی مارکس دەبوو- ئەو بەرسڤەی کە بەبڕوای من، دەربڕی گرنگترین شێوەی ئەو شتەیە کە بە ((تیۆری ئەخلاقی مێژووگەراییانە)) ناوزەدم کردووە. ئینگڵس بە وەبەرچاو گرتنی ئەم تیۆرە دەنووسێت{٩}:

> بێگومان ئەو ئەخلاقەی کە هەڵگری زۆرترین توخمی پایەدار بێت، نەك هەر ئێستا هێمای هەرەسهێنانی سەردەمی هەنووکە، بەڵکو مژدە بەخشی ئایندەشە و ئەوە هەمان ئەخلاقی پرۆلیتاریایە... بەپێی ئەم تێگەیشتنە، هۆیهۆکارگەلی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و شۆڕشە سیاسییەکان ئەوە نییە کە خەڵك تێگەیشتن و تێروانێکی زیاتر لەمەڕ دادپەروەرییەوە وەدەست دێنێت، دەبێ لە **ئابووری** هەر سەردەمێکدا بەدوای هۆکاری کۆتاییدا بگەڕێین نەك لە **فەلسەفەکەیدا**. هۆشیاری زیاتر لەمەڕ هاوجووت نەبوونی دەزگا کۆمەڵایەتییە هەنووکەییەکان لەگەڵ عەقڵ و داد، خۆی یەکێکە لە نیشانەکانی {نەك یەکێك لە هۆکارەکان}...

یەکێك لە مارکسیستە نوێیەکان سەبارەت بەم تیۆرە نوێیە دەنووسێ{١٠}: ((مارکس و ئینگڵس **لە جیاتی ئەوە کە لە ڕووی ئەخلاقییەوە پاساو** بۆ ئایدیایی سۆسیالیستی بێننەوە، کە



لەسەر بنەمای یاسای ئابووری و عەقڵی باڵادەستی سەرپەرەسەندنی کۆمەڵگا دایانمەزراندووە و بەم چەشنە، سۆسیالیزم وەکو پێویستیەکی مێژوویی دەناسێنین)). تیۆری ناوبراو هەرچەندە لایەنگری فرەی هەیە، بەڵام بە دەگمەن بەشێوەیەکی روون و راشکاوانە فۆرمۆڵبەندی کراوە. لەم روویەوە، رەخنە و هەڵسەنگاندنەکەی لەوە گرنگترە کە لە سەرەتادا رەنگە بێتە بەرچاو.

سەرەتا، ئاشکرایە کە تیۆری نێوبراو بەشێوەیەکی گشتی پەیوەستە بە ئەگەری پێشگۆیی راستی مێژووییەوە. ئەگەر دەرفەتی ئەم شتە بکەوێتە ژێر گومانەوە- کە حەتمەن دەبێ وای لێ بکرێت- هیچ شتێك لە تیۆرەکە نامێنێتەوە. بەڵام بەر لە پێناو شیکردنەوە، وا دادەنێین کە ئایندەزانی مێژوویی ، واقعیەتێکی وەدیهاتووە. تەنیا مەرجێك کە هەمانە ئەوەیە ئایندەزانیەکەمان سنووردار بێت، واتە لە ٥٠٠ ساڵی داهاتوو تێنەپەڕێت ئەو مەرجەی کە پێم وانییە بۆ پەیڕەوکارانی مارکسیستی مێژووگەرا تەنانەت لەمەڕ بوێرانەترین بانگەشەکانیان هیچ بەرتەسکیەك پێك بێنێ.

ئێستا سەرەتا لەسەر ئەم بانگەشەیەی پەیڕەوانی تیۆری ئەخلاقی مێژووگەراییانە توێژینەوە ئەنجام دەدەین کە دەڵێت بڕیاری بنەمای سەبارەت بە قبوڵ کردن یان رەدکردنەوەی هەر کام لە سیستەمە ئەخلاقییە ناوبراوەکان، لە خودی خۆیدا لایەنی ئەخلاقی نییە و بنەماکەی لەسەر پێش بینی مێژوویی زانستی دامەزراوە نەك هیچ چەشنە تێبینی یان هەستێکی ئەخلاقی. بەبڕوای من ئەم بانگەشەیە بۆ بەرگری لێکردن ناشێت. بۆ ئاشکرا بوونی پرسەکە، هەر ئەوەندە بەسە روون بکرێتەوە کە بڕیارە بنەماییەکە لە خۆگری چ شتێکی رەها یان بنچینەییەکە کە دەبێ بکرێتە ژێدەری کردەوە. بنچینەی ئاماژپێکراو ئەمەیە: ((پەیڕەوی لە سیستەمی ئەخلاقی ئایندە بکەن!)) یان: ((پەیڕەوی لە سیستەمی ئەخلاقی ئەو کەسانە بکەن کە کردەوەکانیان لەوە دێهێنانی ئایندەدا لە هەمووان کاریگەرترە!)) بەڵام بەبڕوای من ئاشکرایە کە تەنانەت گریمان بزانین ٥٠٠ ساڵی داهاتوو رێك چۆن دەبێت، بە هیچ چەشنێك پێویست ناکات پەیڕەوی لە بنچینە و پرنسیپێکی ئەوتۆ بکەین. نموونەیەك دەهێنمەوە. گریمان یەکێك لە موریدە مرۆڤدۆستەکانی ڤۆڵتێر کە لە ساڵی ١٧٦٤ گۆڕانکاری فەرەنسای تا ١٨٦٤ پێش بینی دەکرد، ئایندەیەکی ئەوتۆی پەسەند نەکرد و هەر بۆیە، بڕیاری دەدا لە پەیڕەوی کردن لە پێوەرە ئەخلاقییەکانی ناپلیۆنی سێیەم خۆی ببوێرێت. رەنگ بوو بەخۆی بڵێت من پارێزگاری لە هەمان پێوەری مرۆڤدۆستانەی خۆم دەکەم و فێری قوتابییەکانم دەکەم تا بەڵکو ئەم قۆناغە

تێ بپەڕێنن و ڕۆژێ لە ڕۆژان سەرکەوتن بەدەست بێنن. و دیسان گریمان (بەڕاستیش ئیدعای لەمە زیاتر ناکەین) کە یەکێك ئەمڕۆ بە یەقین و بێ ئەملاو ئەولا پێش بینی ئەوە بکات کە هەموومان بەرەو قۆناغێکی کۆیلایەتی بەرەو پێش دەچین و بەرەو قەفەزی کۆمەڵگایەکی وەستاو دەگەڕێینەوە یان تەنانەت بۆ قۆناغی دڕندان دەگەڕێینەوە. سەرەڕای ئەم جۆرە پێش بینییانە، ئەم کەسە ڕەنگە بڕیار بدات دژی پەیڕەوی کردن لە پێوەرە ئەخلاقییەکانی ئەم قۆناغە نزیکە ڕابوەستێت و لە بەرامبەردا، هەرچی لە دەستی دێت لە پێناو مانەوەی ئایدیالە مرۆڤدۆستانەکانی خۆی ئەنجامی بدات، چونکە هیوادارە ڕۆژێك لە ڕۆژان و لە ئایندەیەکی نادیاردا، پرنسیپە ئەخلاقییەکانی سەر لەنوێ زیندوو ببنەوە.

هەموو ئەو شتانەی باسمان کرد، لانی کەم بۆ وێناکردن دەشێن. ڕەنگە ئەم جۆرە بڕیارانە، ((ژیرانەترین)) بڕیار نەبن، بەڵام نە مەعریفە لەمەڕ ئایندە دەرفەتی وەرگرتنی ئەم جۆرە بڕیارانە ڕەفز دەکات و نە هیچ کام لە یاساکانی کۆمەڵناسی و دەروونناسی و هەر ئەم ڕاستیە دەریدەخات کە یەکەمین بانگەشەی لایەنگرانی تیۆری ئەخلاقی مێژووگەرایانە، بۆ بەرگری لێکردن ناشێت. خودی ئەم پرسە، مژارێکی ئەخلاقییە کە ئایا دەبێ پرنسیپە ئەخلاقییەکانی ئایندە تەنیا لەبەر ئەوەی بنچینەی ئەخلاقی ئایندەن قبوڵ بکەین یان نا؟ ناتوانین بڕیاری بنەمایی و بەرایی لە هیچ ئاگایی و مەعریفەیەکەوە سەبارەت بە ئایندە دەرەنجامگیری بکەین.

لە بەشەکانی ڕابردوودا ئاماژەمان بە ڕێبازی پۆزیڤیتیزم کرد لە ئەخلاقدا (بەتایبەتی لە فەلسەفەی هێگڵدا). لایەنگرانی ئەم تیۆرە دەڵێن هیچ پێودانگێك لە ئەخلاقدا نییە جگە لە پێودانگی هەنووکەیی و هەموو ئەو شتانەی ئێستا هەیە، عەقڵانی و باشە و هەربۆیە هێز، هەقە. لایەنی پراکتیکی ئەم تیۆرە بەم چەشنەیە. ڕەخنەگرتنی ئەخلاقی لە بارودۆخی هەنووکەی ممکین نییە، چونکە پێودانگە ئەخلاقییەکانی خۆشمان هۆبەندی ئەم بارودۆخەیە. فۆرمێکی تری ئەم ئەخلاقە پۆزیتیڤیستیە، ئەخلاقی مێژووگەرایانەیە کە حاڵی حازر جێگەی باسی ئێمەیە و لەجیاتی ئەوەی بڵێت ئێستا هێز هەقە، دەڵێت لە ئایندەدا هێز هەقە و لە ڕووی کردەییەوە، ڕەخنەگرتنی ئەخلاقی لە بارودۆخی ئایندە بە مەحاڵ لە قەڵەم دەدات، چونکە پێودانگە ئەخلاقییەکانی خۆشمان بە هۆبەندی ئەم بارودۆخە دەزانێت. لەم تیۆرەدا، جیاوازی نێوان ((ئێستا)) و ((ئایندە)) تەنیا پرسی پلەیە. دەتوانین بڵێین ئایندە هەر ئەم بەیانیە دەست پێدەکات یان پێنج سەد ساڵی تر یان سەد ساڵی دیکە. **بەڵام لەڕووی بوونیادی**



**تیۆرەوە، لە نێوان کۆنسێرڤاتیستی (پارێزگارێتی) ئەخلاقی و ئێستاگەرایی[7] ئەخلاقی و ئایندەگرایی[8] ئەخلاقیدا هیچ جیاوازییەك بوونی نییە**. لەڕووی سۆزداری ئەخلاقیشەوە جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەنێواندا نییە. ئەگەر ئایندەگەرایی ئەخلاقی ڕەخنە لە ترسنۆکی و نەوێری کۆنسێرڤاتیستی ئەخلاقی بگرێت کە تۆ لایەنگری لە دەسەڵاتە هەنووکەیەکان دەکەی، کۆنسێرڤاتیستی ئەخلاقیش دەتوانێت لە بەرامبەر ئەمەدا توانجی تێ بگرێ کە تۆش ترسنۆك و بێ ورەی چونکە لایەنگری لە دەسەڵاتەکانی ئایندە واتە حوکمڕانەکانی سبەینێ دەکەیت.

ئەرخەیانم ئەگەر مارکس ئەم دەرەنجامە لاوەکیانەی (ناڕاستەوخۆیانەی) هەڵسەنگاندبووایە، ئەخلاقی مێژووگەرایانەی بەلاوە دەنا. بەشێکی زۆر لە وتە و کردەوەکانی مارکس ئەوە دەسەلمێنێت کە هەندێ پاڵنەری ئەخلاقی بەرەو سوسیالیزم پەلکێشیان دەکرد نەك داوەری زانستی و بزوێنەری مارکس ئەوەبوو کە یارمەتی ستەم لێکراوەکان بکات و کرێکارە دەستکورت و بێنەواکان کە بەم بیشەرمییە دەچەوسێنرانەوە لە کۆت و بەند ڕزگار بکات. گومانم لەوە نییە کە ڕازی ڕێنماییەکانی هەر ئەم کێشە ئەخلاقییە بوو. ئەوەی ئەم هێزە مەزنەی بەم تاودانە بەخشی ئەوەبوو کە مارکس لە جیهانی ئەبستراکتدا وەعزی ئەخلاقی دانەدەدا و بانگەشەی ئەوەی نەدەکرد مافی ئەم کارەی هەیە. پێدەچێت ئەم پرسیارەی لەخۆی کردبێت چ کەسێکە ئەگەر نیشاندەری (هێمای) سووکایەتی بکاتە پێودانگ، لە هەڵسەنگاندن پێی سەربەرز نەیەتە دەرەوە؟ ئەم هەستە بووە هۆی ئەوە کە ئەو پرسە ئەخلاقییەکان بەشتێکی کەم سەیر بکات و لە هەوڵی دۆزینەوەی ئەرگۆمێنتێك بێت لە زانستە کۆمەڵایەتییە پێشگۆکەرەکان، جێگەی متمانەتر لەو مەرجعیەتەی کە لە خۆیدا بۆی دەگەڕا.

گومانی تێدا نییە کە بەپێی پرنسیپە ئەخلاقییەکانی مارکس، هەندێ چەمکی وەك ئازادی و یەکسانی لە هەموو شتێکی دیکە گرنگتر بوو. نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت کە ئەو ئایدیاکانی شۆڕشی مەزنی فەڕەنسای بە جدی وەردەگرت و بۆی دەرکەوتبوو چۆن دەتوانرێت چەمێکی وەکو ((ئازادی)) بەشێوەیەکی بێشەرمانە ئاوەژوو بکرێتەوە. لەم ڕوویەوە بە کردەوە وەعزی ئازادی دەدا نەك لە دونیا وشەدا. مارکس دەیەویست کۆمەڵگا بەرەو باشبوون ببات، بەڵام باشبوون لە ڕوانگەی ئەوەوە بە مانای ئازادی زیاتر و یەکسانی زیاتر و دادپەروەری زیاتر و

7. moral modernism
8. moral futurism

دڵنیایی زیاتر و ژیانێکی باشتر و بەتایبەتی بە مانای کورتترکردنەوەی کاری ڕۆژانە بوو کە یەکڕاست **بڕێکی زیاتر** ئازادی بە کرێکار دەبەخشیێ. مارکس لە ریاکاری بێزار بوو و نەیدەویست لەمەڕ ئەم ((ئایدیا بەرزە)) قسە هەڵبچنێت. جگە لەمە، بەو گەشبینیە سەیرەی هەیبوو، بڕوای بە وەڕاستگەڕانی ئەم ئارمانجانە هەبوو لە ئایندەیەکی نزیکدا، ئەمانە هەموو دەبووە هۆی ئەوەی کە بیروباوەڕە ئەخلاقییەکانی خۆی لە بەرگی فۆرمۆڵگەلی مێژووگەراییدا بپێچێتەوە. کاتێ ئەخلاقی پۆزیتیڤیستی بگۆڕێ بۆ ئایندەگەرایی ئەخلاقی، دەرەنجامێکی ئەوتۆی لێ دەکەوێتەوە کە هێز لە ئایندەدا هەقە. بەبڕوای من، ئەگەر مارکس سەرنجی لەم خاڵە دابووایە، ئەوەندە بەجدی بەرگری لێ نەدەکرد. بەڵام کەسانێکی ئەوتۆ هەن لە عیشقی پڕ جۆشوخرۆشی ئەو بۆ مرۆڤ بێ بەهرەن و ڕێك لەبەر ئەوە کە ئایندەگرایی ئەخلاقی ئەم جۆرە دەرەنجامەی لێ دەکەوێتەوە، هەر بۆیە لایەنگری لێ دەکەن. ئەم کەسانە هەندێ هەلپەرستن کە تەنیا گەرەکیانە بیبەنەوە. ئایندەگەرایی ئەخلاقی، ئەمڕۆکە زۆر باوە. لەوانەیە رەگە قوڵتر و نا هەلپەرستانەکەی ئەم بیروباوەڕەی لێ بکەوێتەوە کە ((لە کۆتاییدا)) چاکە بەسەر خراپەدا سەردەکەوێت. بەڵام ئایندەگرا ئەخلاقییەکان ئەوەیان لە یاد دەچێت کە تەمەنی ئێمە بەشی ئەوە ناکات شایەدی دەرەنجامی ((کۆتایی)) ڕووداوەکانی ئێستا بین. دەڵێن ((مێژوو داوەریمان لەسەر دەکات!)) بەڵام ئەم دەستەواژانە مانایان چییە؟ بەم واتایەیە کە پێودانگی کۆتایی داوەری، سەرکەوتنە. کەسانێکی زۆر کە ناکرێ ڕەوایەتی هێز لە ئێستادا قبوڵ بکەن، هێزپەرستی و سەرکەوتن لە ئایندەدا دەکەنە بەرزترین پێودانگی داوەری خۆیان و (ئەوەیان لەبیر دەچێت کە ڕۆژێك بوو ئەمڕۆ، بە ئایندە لە قەڵەم دەدرا). ئەمانە هەموویان لەوەوە سەرچاوە دەگرن کە هەندێ کەس بۆیان دەردەکەوێ ناچارن دەبێ لە نێوان گەشبینی ئەخلاقی و گومانکاری ئەخلاقیدا جۆرە سازشێك پێك بێنن. لەلایەکەوە بڕوا کردن بە بانگی ویژدان چەتوونە و لەلایەکی تریشەوە خۆبواردن لە پەیوەندی کردن بە کۆمەڵی براوەکان.

هەڵبەتە هیچ کام لەم ڕەخنانە دژایەتیان لەگەڵ ئەو گریمانەیەدا نییە کە دەتوانین بۆ نموونە هەتا ٥٠٠ ساڵی تریش ئایندە پێش بینی بکەین. ئەوەندە نەبێت هەر کە وازمان لەم گریمانە تەواو ساختەیە هێنا، تیۆری ئەخلاقیی مێژووگەرایانە یەکڕاست ڕووخساری عەقڵ پەسەندی خۆی لەدەست دەدات. بەڵام دەبێ واز لەم گریمانەیە بێنین، چونکە هیچ چەشنە کۆمەڵناسییەکی پێغەمبەرانە بوونی نییە کە یارمەتیمان بکات بۆ هەڵبژاردن لە نێوان سیستەمە



ئەخلاقییەکان. ناتوانم بەرپرسایەتی ئەم هەڵبژاردنە کە دەبێ خۆم هەڵیبگرم، بەویتر- تەنانەت بە ((ئایندەی))- بسپێرم.

ئاشکرایە تیۆری ئەخلاقی مارکس کە لەسەر بنەمای مێژووگەرایی دامەزراوە، ئاکامی بیرواکانیەتی لەمەر میتۆدی زانستە کۆمەڵایەتیەکان و بڕوابوونی بە **قەدەرگەرێتی هۆداری لە کۆمەلناسدا**. ئەم بیروباوەڕە ئێستا تاڕادەیەك بۆتە شتێکی باو. دەڵێن هەموو بیروباوەڕەکانمان و یەك لەوان پێودانگەکانمان بۆ ئەخلاق، پەیوەندی بە کۆمەڵگا و پێگە مێژووییەکەیەوە هەیە و بەرهەمی کۆمەڵگا یان بارودۆخی چینایەتیە. پەروەردە و فێرکردن بە ڕەوتێکی تایبەتی پێناسە دەکرێ کە جەماعەت لەم ڕێگەیەوە ((گەرەکیانە کولتوور و پێودانگە ئەخلاقییەکانی خۆیان کە دەیانەوێ تاکەکان بەپێی ئەمان بژین)) بۆیان ((بگوازنەوە)). هەروەها جەخت لەسەر ئەم خاڵە دەکرێتەوە کە ((پەروەردە و فێکردن، چ لە رووی تیۆری و چ لە ڕووی پراکتیکیەوە، شتێکی ئیعتبارییە سەبارەت بە سیستەمی باڵادەست)){١١}، و تەنانەت چۆنایەتی هەموو زانستێك پەیوەستە بەوەوە کە ئەو زانایەی کە خەریکی ئەم زانستە دەبێت لە کامە توێژی کۆمەڵایەتی سەری هەڵداوە و... تاد.

ئەم جۆرە تیۆرە ئەگەر پشت بە پەیوەندی کۆمەڵایەتی بیروباوەڕی ئێمە ببەستێت، هەندێ جار بە **کۆمەڵناسیگەرایی**[٩] ناوزەد دەکرێت و ئەگەر جەخت لەسەر لایەنی مێژوویی ئەم پەیوەندییە بکاتەوە بە مێژووییێتی[١٠] ناو دەبرێت. (ئاشکرایە نابێ مێژووییێتی لەگەڵ مێژووگەرایی بە هەڵە تێکەڵ بکەین). لایەنگرانی کۆمەڵناسیگەرایی و مێژووییێتی لەسەر ئەو بڕوایەن کە کۆمەڵگا یان مێژوو دەبێتە هۆی مەعریفەی زانستی[١١] ئێمە. لە دوو بەشی داهاتوودا لەسەر ئەم بابەتە دەدوێین. بەڵام لەمەڕ کاریگەری کۆمەڵناسیگەرایی لەسەر زانستی ئەخلاق، پێشتر دەبێ لێرەدا چەند قسەیەك بکەم. بەر لە چوونە ناو وردەکارییەکانەوە، گەرەکمە ئەو بیروباوەڕەی لەمەڕ ئەم تیۆرە هێگڵیانەیە هەمە بە تەواوی ڕوون بکەمەوە. بەبڕوای من، ئەم دوو تیۆرە هیچ نین جگە لە زۆر بلێیی سەبارەت بە کۆمەڵێك بواری کەم بایەخ، ئەوەندە نەبێت بە زمانی داخراوی فەلسەفەی غەیببێژانە دەربڕدراوە.

---

9. sociologism
10. historism
11. scientific knowledge

سەرەتا تاوتوێی ئەخلاقی ((کۆمەڵناسیگەرایانە)) دەکەین. راستە هەم مرۆڤ بەرهەمی کۆمەڵگایە و هەم ئامانجەکانی، بەڵام کۆمەڵگاش بەری مرۆڤ و ئامانجەکانیەتی و لەوانەیە لە ئایندەدا تەنانەت زیاتر لە جاران بەم ئاڕاستەیەدا بڕوات. پرسیاری گەورە ئەوەیە کە کام لەم دوو لایەنانەی پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ کۆمەڵگادا گرنگترە و دەبێ کامەیان جەختی لەسەر بکرێتەوە؟.

باشتر لە کۆمەڵناسیگەرایی تێدەگەین ئەگەر لەگەڵ ((سروشتگەرایی)) هەڵیبسەنگێنین کە پەیڕەوکارەکانی لەسەر ئەو بڕوایەن هەم خودی مرۆڤ بەرهەمی بۆماوە و ژینگەیە و هەم ئامانجەکانی. گومان لە ڕاستی ئەم بۆچوونە نییە. بەڵام بەڵگەنەویستەکە ژینگەی مرۆڤیش بەرهەمی ئەو و ئامانجەکانیەتی و چەندە زیاتر بەسەر ئەمەدا تێبپەڕێ، ئەم حوکمە زیاتر مسداق بەدەست دێنێ. بۆ ماوەش هەر بەم جۆرەیە، ئەوەندە نەبێت بەڕادەیەکی سنووردارتر. بەڵام لێرەشدا دەبێ دیسان بپرسین کام یەك لەم دوو لایەنە گرنگتر و سوود بەخشترە؟ رەنگە وەڵامەکە ئاسانتر بێت ئەگەر مژارەکە بەشێوەیەکی پراکتیکیتر بخەینە ڕوو. هەمووومان لەسەر ئەوە کۆکین کە ئێمە، ئەو نەوەیەی لە ژیاندایە، بەشێوەیەکی گشتی بەرهەمی دایك و باوکمانین و ئەو شێوازەی کە ئێمەیان لەسەر پەروەردە کردووە و زەین و بیریشمان هەر بەم جۆرەیە. نەوەی دواتریش، هەر بەم چەشنەو بەم رادەیە، بەرهەمی ئێمە و کرداری ئێمە دەبێت و بەو شێوازەی کە بەخێویان دەکەین. ئێستا پێویستە لەوە بڕوانین کە ئەمڕۆ لەنێوان ئەم دوولایەنەدا، لای ئێمە کامیان گرنگترە.

ئەگەر بەوردی پرسەکە هەڵسەنگێنین، بۆمان دەردەکەوێ خاڵی سەرەکی ئەوەیە کە زەین و بیروباوەڕی ئێمە هەر چەندە بە شێوەیەکی بنەڕەتی پەیوەستە بە شێوازی پەروەردەی ئێمەوە، بەڵام یەکڕاست وەهاش نییە. ئەگەر هیچ شتێك جگە لە پەروەردە کاریگەری لەسەر ئەم حاڵەتە نەبووایە و نەمانتوانیبایە خۆمان تاقی بکەینەوە و رەخنە لە خۆمان بگرین و پەند لەو شێوازەی لێیەوە دەڕوێنینە کاروبارەکان و ئەو ئەزموونانەی کۆیان دەکەینەوە وەربگرین، لەم حاڵەتەدا هەڵبەتە شێوازی پەروەری ئێمە بە دەستی نەوەی رابردوو ئەوەی دیاری دەکرد کە ئێمە بە چ جۆرێ نەوەی ئایندە پەروەردە دەکەین. بەڵام بێگومان بەم چەشنە نییە. لەم روویەوە، هەموو هێزی رەخنەگرانەی خۆمان بۆ ئەم مژارە دژوارە تەرخان دەکەین کە چۆن



نەوەی دواتر بەجۆرێك پەروەردە بکەین کە پێمان وایە لەم شێوازە باشترە کە ئێمەی لەسەر پەروەردە کراوە.

رێك هەر لەم لایەنەوە دەتوانین لە هەمبەر ئەم بارودۆخەوە بدوێین کە پەیڕەوکارانی کۆمەڵناسیگەرایی هێندە پشتی پێ دەبەستن، حەقیقەتێکی ئاشکراو کەم بایەخە زەین و بیروڕای ئێمە بە مانایەك بەرهەمی کۆمەڵگایە. گرنگترین بەشی ژینگەی ئێمە، بەشە کۆمەڵایەتیەکەیەتی. بەتایبەتی هزر بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندی بە مامەڵەی کۆمەڵایەتییەوە هەیە و زمان کە ئامرازی بیرکردنەوەیە، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، ناتوانین نکۆڵی لەوە بکەین کە ئێمە بیروبۆچوونەکان تاوتوێ دەکەین و دەیانخەینە ژێر هەڵسەنگاندن و رەخنەوەو بەرەو باشیان دەبەین و سەرەڕای ئەمە، ژینگەی ماددی خۆمان بەپێی ئەو گۆڕانکاری و ریفۆرمەی کە لەبیرماندا پێك دێت، دەگۆڕین و چاکسازی تێدا چێ دەکەین. هەر ئەم حوکمە لەمەڕ ژینگەی کۆمەڵایەتی ئێمەش هەر راستە.

ئەوەی کە هەیە، هیچ کام لەم تێبینیانە هیچ پەیوەندییەکی بە ((پرسی میتافیزیکی {جەبر} و سەربەستی (اختیار)ـەوە)) نییە. تەنانەت ئەو کەسەش کە نکۆڵی کە قەدەرگرێتی هۆداری دەکات، تاڕادەیەك پەیوەست بوون بە میراتگری و فاکتەرە ژینگەیی و بەتایبەتی کۆمەڵایەتییەکان قبوڵ دەکات. لەلایەکی ترەوە، تەنانەت لایەنگرانی قەدەرگەرێتی هۆداریش دەبێ دان بەمە دابنێن کە کاریگەری بۆ ماوەیی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی یەکڕاست و بە تەنیایی نابێتە هۆی کردەوەکانمان. دەبێ فاکتەری تریش- وەك ئەزموونە ((رێکەوتیەکان)) یان ((زووتێپەڕەکان)) کە لە ماوەی ژیاندا وەدەست دێت- وەربگرن و قبوڵی بکەن کە ئەم جۆرە فاکتەرانەش بە نۆرەی خۆیان کاریگەرن. قەدەرگەرێتی و ناقەدەرگەرێتی تا ئەو کاتە کە لە سنووری میتافیزیکەوە تێ ناپەڕن، هیچ پەیوەندییەکیان بە کێشەی ئێمەوە نییە. بەڵام قسە کە لێرەدایە کە لەوانەیە لەم سنوورانە تێبپەڕن و بۆ نموونە، بڕوابوون بە قەدەرگەرێتی میتافیزیکی، ببێتە هۆی بڕوابوون بە قەدەرگەرێتی کۆمەڵناسانە یان ((کۆمەڵناسگەرایی)). هەر کە ئەم جۆرە تیۆرە بڕژێتە قالبێکی ئەوتۆوە، دەبێ تاقی بکرێتەوەو گومانی تێدا نییە کە ئەزموون چەوتیەکەی (درۆینیەکەی) دەخاتەڕوو.

بۆ هێنانەوەی نموونەیەك لە سنووری هونەردا کە جۆرە پێکچوونێکی هەیە لەگەڵ سنووری ئەخلاقدا، بتهۆڤن بە نموونە وەردەگرین. بێگومان لە هەندێ لایەنەوە بتهۆڤن **بەرهەمی** ئەو

پەروەردەیە بوو کە لە مۆسیقادا وەریگرتبوو و ئەو نەریتەی کە لەم هونەرەدا بوونی هەبوو. بەشێکی زۆر لەو کەسانەی کە گرنگی پێ دەدەن، دەکەونە ژێر ئەم لایەنەی کارەکانیەوە. بەڵام لایەنی گرنگتر ئەوەیە کە ئەو ئافرێنەی مۆسیقا بوو و پەروەدەو نەریتی مۆسیقاش بەرهەمی کاری ئەوە. نامەوێ لەگەڵ پەیڕەوکارانی قەدەرگەرێتی میتافیزیکیدا مشتومڕ بکەم کە سوورن لەسەر ئەوەی کە تێکەڵەیەك لە کاریگەری بۆ ماوەیی و ژینگەی بۆتە هۆی هەر ((میزانێك)) لە مۆسیقای بتهۆڤن. بانگەشەیەکی ئەوتۆ لەڕووی ئەزموونیەوە بە تەواوی بێ بایەخە، چونکە هیچ کەسێك ناتوانێت تەنانەت یەك ((میزان)) لە مۆسیقاکەی بەم جۆرە ((شرۆڤە بکات)). گرنگ ئەوەیە کە هەموو کەسێك دەزانێت ناتوانین دانراوەکانی نە لەسەر بنەمای بەرهەمی پێشینیانی بتهۆڤن روون بکەینەوە و نە لەسەر بنچینەی ژینگەی کۆمەڵایەتی ژیانی ئەو یان تووش بوونی بەکەڕی یان ئەو خۆراکەی کە خزمەتکارەکەی بۆی لێ دەنا و نە، بەجۆرێکی تر، لەسەر بنەمای هیچ کۆمەڵەیەك لە کاریگەری ئەو بارودۆخ و ژینگەیەی کە بۆ لێکۆڵینەوەی ئەزموونی بشێت یان هیچ شتێك کە دەرفەتی ئەوە هەبێ لەمەڕ بۆماوەی بتهۆڤن بیزانین.

من نکۆڵی لەوە ناکەم کە هەندێ لە لایەنەکانی بەرهەمی بتهۆڤن لەڕووی کۆمەڵناسیەوە سەرنج راکێشە. بۆ نموونە، هەموو دەزانن کە گۆڕانی ئۆرکسترا بچووکەکان بۆ ئۆرکسترای سامفۆنیکی گەورە لە هەندێ لایەنەوە پەیوەندی بە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانەوە هەبووە. سەردەمێك داهات کە پێویست بوو ئۆرکسترا لە فۆڕمی ئامرازی کاتبەسەربردنی شازادە و میرەکان بێتەدەر و بەهۆی گرنگی پێدان و هۆگری رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتری تاکەکانی چینی ناوەڕاست بە مۆسیقا، لانی کەم تاڕادەیەك پشت بە هاوکاری ئەم چینە ببەستێت. من داکۆکی لە بەهای هەموو ((شرۆڤەیەکی)) کۆمەڵناسانەی لەم جۆرە دەکەم و ئەوە قبوڵ دەکەم ئەو لایەنانە رەنگە شایستەی توێژینەوەی زانستی بن (هەروەك چۆن لەم کتێبەدا- ویڕای توێژینەوە لەسەر ئەفلاتون- بۆ خۆم هەوڵی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیەم داوە).

کەواتە ئامانجم لەم هێرشە چییە؟ ئامانجی هێرشی من زێدەڕۆیی و گشتنێژییە لەمەڕ هەر لایەنێکی لەم چەشنە. ئەگەر {هۆکاری هاتنە بوونی} ئۆرکسترای سامفۆنیکی بتهۆڤن بەم چەشنە ((شرۆڤەکردنە)) کە ئێستا ئاماژەمان پێکرد، لەڕاستیدا هیچمان روون نەکردۆتەوە. ئەگەر بتهۆڤن بە نوێنەری بۆرژوازی لە قۆناغی تەقەلای ئەم چینە بۆ وەدەست هێنانی ئازادی بناسێنین، تەنانەت ئەگەر قسەکانمان راستیش بێت، لەڕاستیدا هیچمان نەوتووە. بێگومان



رەنگە ئەم لایەنە (هەروەك سەبارەت بە ڤاگنەر دەیبینین) لەگەڵ دانانی بەرهەمی خراپیش هاوڕێ بێت. نەدەتوانین بەم رێگەیە بلیمەتی بتهۆڤن شرۆڤە بکەین نە بە هیچ رێگایەکی تر.

پێم وایە دەکرێ هەر بەم چەشنە بە پشت بەستن بە ئەزموونی رەدکردنەوەی قەدەرگەرێتی هۆداری لە کۆمەڵناسیدا کەڵك لە بیروبۆچوونەکانی خودی مارکس وەربگرین. ئەگەر لەژێر تیشکی قەدەرگەرێتی هۆداری سەیری هەردوو تیۆری کردەوەخوازی {واتە بڕوا بوون بە کاریگەری کردەوە بۆ گۆڕینی رەوتی مێژوو} و مێژووگەرایی {واتە بڕوا بوون بە رەوتی حەتمی مێژوو} بکەین و کێشمەکێشی ئەم دوو تیۆرە لە سیستەمی مارکسدا وەبەرچاوبگرین، ناچارین کە دەبێ بڵێین بڕوا بوون بە مێژووگەرایی زیاتری شایستەی بەرگریکار و پاساو هێنەرێکی کۆنسێرڤاتیستە، نەك شۆڕشگێڕێك یان تەنانەت ریفۆرمیستێك، هەروەك چۆن هێگڵ هەر بەم ئاڕاستەیە {واتە بەرگری کردن لە کۆنسێرڤاتیزم} سوودی لێ وەرگرتووە. مارکس مێژووگەرایی لە هێگل خواست، بەڵام دواتر بەم رادەیە نەوەستاو مۆڵەتی ئەوەیدا مێژووگەرایی بەسەر کردەوەخوازی {یان بڕوابوون بە کاریگەری کردەوە}دا زاڵ بێت. لەوانەیە ئەم راستیە ئەوە دەربخات کە مەرج نییە ئەو رێگایەی تاك لەڕووی هزری و عەقڵییەوە هەڵیدەبژێرێ هەمیشە هۆبەندی هەڵوێستەکانی بێت لە خەباتی کۆمەڵایەتیدا. هەروەك سەبارەت بە مارکس بۆمان دەردەکەوێ، هەندێ جار رەنگە فاکتەری ناجەوهەری- وەك کاریگەری یەکێك لە پێشینیان یان تەنانەت کورتبینی- زیاتر لەلایەنگری کردن لە بەرژەوەندی راستەقینەی چینێکی تایبەت، ببێتە هۆی هەڵبژاردنی تیۆرێکی دیاریکراو لە جیهانی هزردا. بۆ نموونە، ئەو کەسەی کە بڕوای بە کۆمەڵناسیگەرایی هەیە، رەنگە باشتر لە بیروباوەڕەکانی هێگڵ تێ بگات، بەڵام ئەگەر مارکس وەبەرچاو بگرێ، بۆی دەردەکەوێ کە پەیڕەوکارانی ئەم قوتابخانەیە لەخۆڕا گشتیەت و هەمەکیەت بە مەسەلەکان دەبەخشن. حاڵەتی خودی مارکسیش هەر بەم چەشنەیە کە بە سووکی سەیری بایەخ و گرنگی بیروڕا ئەخلاقییەکانی خۆی دەکرد، ئەوە لەکاتێك دایە کە نهێنی نفوزی مارکس لەناو بیروباوەڕەکان، بۆ کێشی ئەخلاقی رێنماییەکانی دەگەڕایەوە و ئەو رەخنانەی کە ئەو ئاڕاستەی سەرمایەداری دەکرد، زۆرتر وەکو رەخنەی ئەخلاقی کاریگەریان هەبوو. مارکس دەریخست کە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی دەکرێ لە خودیخۆیدا ستەمکار بێت و ئەگەر سیستەم خراپ بێت، چاکەکاری و فەزیلەتی ئەو تاکانەی سوودی لێوەردەگرن، هیچ نییە جگە لە رووالەتسازی و ریاکاری، چونکە ئێمە بەرپرسی بوونی سیستەم و لێپرساوی مانەوەی ئەو دەزگایانەشین کە مۆڵەتی سەقامگیری و پایەداریان پێ دەدەین.

ئەوەی نفوزی مارکس روون دەکاتەوە و لە خودی خۆیدا مایەی هیوادارییە، هەر ئەم توندڕۆییە {رادیکالیزمە} ئەخلاقییەیەتی کە هێشتا زیندووە. لەسەرمانە بۆ زیندوو مانەوەی هەوڵ بدەین و نەهێڵین بەرێگایەکدا بڕوات کە توندڕۆییە سیاسیەکەی مەحکوم و ناچارە پێیدا بڕوات. ماکسیزمی ((زانستی)) مرد. بەڵام دەبێ دوو شت بە زیندوویی بمێنێتەوە: یەکیان هەستی بەرپرسایەتی کۆمەڵایەتی و ئەویتریان ئەڤینی ئازادییە.

# ئاکامەکان

# ٢٣ کۆمەڵناسی مەعریفە

**تەنیا لە قۆناغی زاڵبوونی عەقڵ دانییە کە دەبێ ئاوەز بە بەرزترین پێوەری گشتی سەربەخۆی حەقیقەت لە قەڵەم بدرێت... لەمەش گرنگتر ڕۆژە ڕەشەکانە کە خەڵك ئاوەز بە سووك و چرووك سەیری دەکەن و وەك خەونی پووچی ئەو کەسانە لێکی دەدەنەوە کاتێ ناتوانن هاوڕا بن، هێندە پیاو نین دەست بخەنە خوێنی یەکترەوە.**

- برتراند راسڵ

بێگومان فەلسەفەی هێگل و مارکس کە لەسەر بنەمای مێژووگەرایی دامەزراوە، بەرهەمی تایبەت بە سەردەمی خۆیان، واتە ڕۆژگاری گۆڕانکاری کۆمەڵایەتییە و وەك فەلسەفەی هێراکلیتوس و ئەفلاتون و کۆنت و میل و لامارك و داروین، فەلسەفەی ئاڵوگۆڕە و گەواهیدەری کاریگەری مەزن و سەرسوڕهێنەری سەروژێر بوونی ژینگەی کۆمەڵایەتییە لە زەینی ئەو کەسانەدا کە لەم ژینگەیەدا دەژیان. دژ کردەوەی ئەفلاتون لە بەرامبەر ئەم بارودۆخە، تەقەلابوو لە پێناو وەستاندنی هەموو جۆرە گۆڕانێك. لە ڕواڵەتدا فەیلەسووفە نوێیەکان پەرچەکەرداری تر پێشان دەدەن و پێشوازی لە ئاڵوگۆڕەکان دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم عەشقە بۆ گۆڕان، لەڕوانگەی منەوە تاڕادەیەك دووڕووانە خۆی دەنوێنێ، چونکە سەرەڕای ئەوە کە ئەم فەیلەسووفانە بێ هیوا بوونەوە لە وەستاندنی گۆڕان، بەڵام لە پلەی پەیڕەوکاری مێژووگەرایی، هەوڵی پێش بینی کردنی دەدەن و گەرەکیانە جڵەوی ئاڵوگۆڕەکان بە عەقڵ بسپێرن و ئەم کارە تاڕادەیەك بە دەستەمۆکردنی دەچێت. لەم ڕوویەوە، وا



دێتە بەرچاوم کە لای مێژووگەراکان، هێشتا گۆڕانکاری بە تەواوی رووخسارە تۆقێنەرەکەی جارانی لەدەست نەداوە.

لە سەردەمی خۆماندا کە ڕۆژگاری گۆڕانە خێراکانە، سەیر دەکەین سەرەڕای پێشبینی کردنی ئاڵوگۆڕەکان، مەیلێك دروست بووە بۆ کۆنترۆڵ کردنی لە ڕێگای پلان دانانی ناوەندی بە پێوەری گەورە. بۆچوونی ئەو کەسانەی دەیانەوێ بەم چەشنە گشت بە بنچینە دابنێن، دەربڕی مەیلێکە بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەك لەنێوان تیۆری ئەفلاتون و تیۆری مارکس. ئەفلاتون گەرەکی بوو گۆڕانکاری بوەستێت و مارکس ئاڵوگۆڕی بە شتێکی حەتمی لە قەڵەم دەدا. کۆکردنەوەی ئەم دووانە لەگەڵ یەکتردا، جۆرە ((پێکەوە دانان)) یان ((دۆخی گشتکۆیی)) یان ((سێنتێزی)) هێگلی دروست کردووە کە پێیوایە لەبەر ئەوەی ناکرێ بە تەواوی گۆڕانکاری بوەستێنرێ، دەبێ لانی کەم لە ڕێگای دەوڵەتەوە بەرنامەڕێژی و کۆنترۆڵ بکرێ و بۆ ئەم مەبەستە، دەسەڵاتی دەوڵەت تا ئەو پەڕی توانا، بەرفراوان بکرێت.

لە تێڕوانینی یەکەمدا، ڕەنگە وەها بێتە بەرچاو کە لایەنگرانی ئەم بیروباوەڕە پەیڕەوی ڕێچکەی عەقڵی و ئاوەز پیشەن و هەڵوێستەکەیان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە خەونی مارکسەوە هەیە لەمەڕ ((مەلەکوتی ئازادی)) و سەروەر بوونی مرۆڤ بەسەرچارەنووسی خۆیدا. بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە ئەم کەسانە هاوپەیمانی نزیکی لایەنگرانی تیۆرێکی دیکەن کە بە تەواوی دژایەتی لەگەڵ عەقڵانیەت و (بەتایبەتی لەگەڵ بیرۆکەی یەکیەتی مرۆڤەکان لە ڕووی عەقڵییەوە[1]) هەیە و لەگەڵ مەیلە ناعەقڵانی و عیرفانییەکانی سەردەمی ئێمەدا هاوجووتە. مەبەستم ئەو تیۆرە مارکسیستییەیە کە دەڵێت بەرژەوەندی چینایەتی و بەشێوەیەکی گشتی پێگەی کۆمەڵایەتی و مێژووی سەردەمی خۆمان دەبێتە هۆی دروست کردنی بیروباوەڕەکانمان (بە ئەخلاقی و زانستییەوە). ئەم دۆکترینە بەم دواییانە لەژێر ناوی ((کۆمەڵناسی مەعریفە))[2] یان ((کۆمەڵناسیگەرایی)) (بەتایبەتی لە بەرهەمەکانی شلێر و مانهایم[3]{1})دا بەجۆرێکی نوێ گەشەی پێدراوە. بەپێی ئەمە، مەعریفەی زانستی، پاشکۆی قەدەرگەرێتی کۆمەڵایەتییە.

---

١. بگەڕێنەوە بۆ بەشی بیستو چوارەم.

2. Sociology of knowledge
3. K. Mannheim

بەڵگەخوازی پەیڕەوانی کۆمەڵناسی مەعریفە ئەوەیە کە بیری زانستی- بەتایبەتی بیرکردنەوە لەمەڕ کاروبارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان- لە فەزایەکی کۆت کراو بە هەلومەرجی کۆمەڵایەتیدا دەجوڵێتەوە نەك لە بۆشاییدا و بەشێوەیەکی گشتی دەکەوێتە ژێر کاریگەری هەندێ توخمی ویژدانی ناخودئاگا یان دەرەوەی بازنەی خودئاگایی[٤]. کاتێ بیرمەند دەست بە تێڕوانین دەکات ئەم توخمانە لە دیدی خودی ئەوەوە دیار نامێنێ، چونکە وەك دەڵێن، شوێنگە یان **زێدی کۆمەڵایەتی**[٥] ئەو پێك دێنن. زێدی کۆمەڵایەتی بیریار دەبێتە هۆی دروست کردنی سیستەمێکی تەواوی بیروباوەڕ و تیۆرەکان. ئەم راو بیروبۆچوونە لە دیدی خودی بیرمەندەوە وەکو حەقیقەتی بەڵگەنەویست یان بێ ئەملاو ئەولا خۆ دەنوێنێت، وەکو ئەو رستەیە کە ((هەموو مێزێك مێزە))، راستیەکەی بەهۆی بەڵگەنەویستی عەقڵیەوە ئاشکرایە. لەم روویەوە، بیریار ئاگاداری ئەوە نییە کە بڕوای بە کۆمەڵێك گریمانە هێناوە. بەڵام ئەگەر لەگەڵ بیرمەندێکی تردا بەراوردی بکەین کە لە زێدێکی کۆمەڵایەتی جیاوازدا ژیان بەسەر دەبات، ئەو کات هەندێ شت سەرنجمان رادەکێشێت کە بیرمەندی یەکەم وەك بەڵگەنەویست سەیری کردووە، چونکە بیرمەندی دووەمیش لە سیستەمێکی پێك هاتوو لە گریمانە بەڕواڵەت بێ ئەملاو ئەولاکان دەست پێ دەکات. رەنگە جیاوازی نێوان ئەم دوو سیستەمە بەڕادەیەك بێت کە هیچ پردێك لە دونیای عەقڵ و هزردا نەتوانێت بە یەکیان بگەیەنێت و دەرفەتی هیچ چەشنە سازشێك لە نێوانیاندا نەبێت. هەر کام لەم دوو سیستەمە جیاوازەی بەڵگەنەویستەکان کە هۆکاری پێکهێنەری کۆمەڵایەتی تریان هەبووە، بە لایەنگرانی کۆمەڵناسی مەعریفەی **تاك ئایدۆلۆژی هەمەکی**[٦] ناوزەد دەکرێن.

دەتوانین کۆمەڵناسی مەعریفە، بە فۆڕمی هێگلی باسی تیۆری مەعریفە یان مەعریفەناسی[٧] کانت لە قەڵەم بدەین، چونکە بە هەمان ئاڕاستەی رەخنەکانی کانت لەو شتەی رەنگە لە مەعریفەناسیدا بە تیۆری ((پاسیڤیست))[٨] ناوزەد بکرێت، بەردەوامی بەخۆی دەدات. مەبەستمان ئەم تیۆرەی لایەنگرانی {هەست} و ئەزموون و بۆ نموونە هیومە کە دەڵێن مەعریفە لە رێگای هەستەکانەوە بە ئێمە دەگات و روودانی هەڵە چاوگەکەی بۆ دەستکاری و

4. Unconscious or subconscious element
5. social habit
6. total ideology
7. theory of knowledge
8. “Passivist” theory of knowledge



دەستێوەردانی ئێمە لەو ماددانە دەگەڕێتەوە کە هەستەکان پێمان دەگەیەنن یان بۆ ئەو تەداعیاتە دەگەڕێتەوە کە ئەم ماددانە {یان دراوە هەستیانە} لەگەڵ یەکتردا دروستیان کردووە و باشترین رێگا بۆ خۆبوواردن لە هەڵە ئەوەیە کە بە تەواوی پاسیڤ و لێکراو بین. لەبەرامبەر ئەم تیۆرەی مەعریفەناسیدا کە پەیڕەوکارەکانی، زەینی ئێمە بەشتێکی وەك دەفر سەیر دەکەن و (بەزۆری من بە ((تیۆری سەتڵ شێوەیی زەین))[٩] ناوزەدی دەکەم)، کانت بەڵگەخوازی دەکات[{٢}] کە مەعریفە یان ناسین، کۆمەڵە پێشکەشییەك نییە کە لەلایەن هەستەکانمانەوە دەرك بکرێت و زەینی ئێمەش مۆزەخانە نییە بۆ ئەوەی ئەم دیاریانەی تێدا پاشەکەفت بکرێت. بەشێوەیەکی سەرەکی مەعریفە دەرەنجامی چالاکی زەینی خۆمانە و ئەوە ئێمەین کە ئەگەر خوازیاری وەدەست هێنانی مەعریفە بین، دەبێ بەوپەڕی چالاکییەوە دەست بەکاربین و خەریکی گەڕان و بەراوردکردن و وەك یەککردن و گشتیەت بەخشین بین بە دۆخەکان. دەتوانین ئەم تیۆرە لە مەعریفە ناسیدا بە تیۆری ((چالاکیەت یان بکەیی))[١٠] ناودێر بکەین. کانت بە وەبەرچاو گرتنی تیۆری دواییان، گەیشتە ئەم دەرەنجامە کە ئەو کەسانەی دەیانەوێ دەستیان بە زانستێك رابگات کە هیچ چەشنە پێش گریمانەیەکی نەبێت و هیچ شتێك بە بەڵگەنەویست سەیر نەکات، ئەوا ئارەزوویەکی ساویلکەیان لە مێشك دایە. (لە بەشی داهاتوودا دەریدەخەین کە ئەم ئامانجە تەنانەت لە خودی خۆیدا هەڵگری دژایەتییە). کانت بە تەواوی روونی کردەوە کە ئێمە ناتوانین لە هیچەوە دەست پێ بکەین و دەبێ لەسەرتادا خۆمان بە کۆمەڵە پێش گریمانەیەك تەیار بکەین بۆ ئەوەی بتوانین لەگەڵ ئەو ئەرکەدا رووبەڕوو ببینەوە کە لەسەر شانمانە و دەبێ ئەم پێش گریمانانە قبوڵ بکەین، بێ ئەوەی لە رێگای میتۆدی ئەزموونی زانستەکانەوە تاقیمان کردبێتەوە. دەتوانین ئەم کۆمەڵەیە بە ((دەزگای وتەزاکان))[١١] ناوزەد بکەین[{٣}]. کانت لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە تەنیا یەك دەزگای چەمکەکان بوونی هەیە کە راست و نەگۆڕە و نوێنەری چوارچێوەی نەگۆڕی جیهازی عەقڵی ئێمە- واتە ((عەقڵی)) مرۆییە- و دەشێت ئەم دەزگایە کەشف بکرێت. هێگڵ کە بەپێچەوانەی کانت، بڕوای بە یەکیەتی مرۆڤ نەبوو، ئەم بەشە لە تیۆرەکەی بەلاوە نا و لە بەرامبەردا، رێنمایی کردین کە تەجهیزاتی عەقڵی مرۆڤ بەردەوام لە گۆڕان دایە و بەشێك لە میراتە کۆمەڵایەتییەکەی پێك دێنێت و لەم روویەوە، دەبێ پەرەسەندنی عەقڵی مرۆڤ هاوکات لەگەڵ

9. “Bucket theory of the mind”
10. “activist” theory of knowledge
11. Categorial apparatus

لەگەڵ پەرەسەندنی مێژوویی کۆمەڵگا- یاخود بەجۆرێکی تر، پەرەسەندنی ئەو نەتەوە یان گەلەی کە تاك سەر بەوە- ئەنجام بدرێت. ئەم تیۆرەی هێگل- بەتایبەتی لەم ڕووەوە کە دەڵێت هەموو مەعریفە و هەموو حەقیقەتێك ((ڕێژەیی))ـە بەو مانایە کە مێژوو بۆتە هۆی پێك هێنانی- هەندێ جار بە ((مێژوویێتی)) ناودێر دەکرێت (بەجیاکردنەوە لە ((ڕێبازی مێژووگەرایی)) هەروەك لە بەشی پێشوودا ئاماژەمان بۆ کرد). ئاشکرایە کە کۆمەڵناسی مەعریفە یان ((ڕێبازی کۆمەڵناسیگەرایی)) ئەگەر لەگەڵ تیۆری ناوبراودا یەکێك نەبێ لانی کەم پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵدا هەیە. تاکە جیاوازی ئەوەیە کە کۆمەڵناسی مەعریفە لەژێر کاریگەری مارکسدا پشت بەم خاڵە دەبەستێ کە پەرەسەندنی مێژوویی، بە پێچەوانەی بیروباوەڕی هێگڵ، لەجیاتی دروست کردنی ((ڕۆحێکی نەتەوەیی)) یەکسان، چەند ((ئایدۆلۆژیایەکی هەمەکی)) هەندێ جار دژ پێك دێنێت بە پێی چین یان توێژاڵی کۆمەڵایەتی یان زێدی کۆمەڵایەتی پەیڕەوکارانی ئەم ئایدۆلۆژیانە لە هەناوی گەلێك یان نەتەوەیەکدا.

بەڵام هاوتایی ئەم قوتابخانەیە لەگەڵ بیروباوەڕی هێگڵ تەنیا لەمەدا کورت نابێتەوە. پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد کە بە بڕوای لایەنگرانی کۆمەڵناسی مەعریفە، دروست کردنی هیچ پردێك یان پێکهێنانی هیچ چەشنە سازشێك لە دونیای عەقڵ و هزردا لە نێوان ئایدۆلۆژیا هەمەکیە جیاوازەکاندا ممکین نییە. بەڵام ئەم گومانکارییە بنەماییە بەو ڕادەیەش کە دێتە پێش چاو جدی نییە. ڕێگایەك بۆ چارەسەر کردنی لە ئارادایە وەك شێوازی هێگل بۆ چارەسەرکردنی ئەو دژایەتیانەی کە بەر لەو لەمێژوویی فەلسەفەدا هاتووە پێش ڕۆحی هێگل، ئازاد لە هەموو ئاوێزانێك {پەیوەستیەك} لەسەر گێژاوی فەلسەفە دژەکاندا سەر ئاو کەوتبوو. هەموو ئەم دژایەتیانەی بە بەشە پێکهێنەرەکانی هەمان بەرزترین سێنتێز، واتە سیستەمی فەلسەفی خۆی، چارەسەر کرد. هەر بەم شێوەیە، کۆمەڵناسانی مەعریفەش لەسەر ئەو بڕوایەن کە ((عەقڵی سەر ئاوی ئازاد لە ئاوێزانی)) توێژی ڕۆشنبیران، لەبەر ئەوەی لەنێو نەریتە کۆمەڵایەتییەکاندا لەنگەرگەیەکی پتەوی نییە، لەوانەیە بتوانێ خۆی لە داوی ئایدۆلۆژیا هەمەکیەکان ببوێرێت و تەنانەت دەمامك لە ڕووخساری ئەم ئایدۆلۆژیا و پاڵنەرە پەنهان و سەرجەم پێکهێنەرەکانیان هەڵماڵێت و پەی بە حەقیقەتەکەیان ببات. بەبڕوای لایەنگرانی کۆمەڵناسی مەعریفە، عەقڵی سەرئاو کەوتووی ئازاد لە ئاوێزان دەتوانێت لە ڕێگای شیکردنەوەی ئایدۆلۆژیا پەنهانە جیاجیاکان و ئاشکراکردنی لەنگەرگاکانیان لە ویژدانی ناخودئاگادا، دەستی بە بەرزترین ڕادەی بابەتیەت ڕا بگات. کەواتە وادەردەکەوێ مەعریفەی



ڕاستەقینە لە ڕێگای ئاشکرا کردنی ئەو دۆخانەی کە بەشێوەیەکی ناخودئاگایانە بە بەڵگەنەویست دادەنرێن- واتە جۆرە بەناو، دەروون- دەرمانی[12] یان، بە داوای لێبووردنەوە، کۆمەڵگا دەرمانی[13] بەدەست دێت. تەنیا کەسێك دەتوانێت بە بەرزترین سێنتێزی مەعریفەی بابەتی بگات کە پێشتر کۆمەڵگا شیکاری[14] کرابێت- یان خۆی، کۆمەڵگاشیکار کردبێت- و لە کۆتی ئەم گرێ کۆمەڵایەتییە[15]، واتە ئایدۆلۆژیای کۆمەڵگای خۆی، ڕزگار بوو بێت.

لە یەکێك لە بەشەکانی ڕابردوو، وێڕای توێژینەوە لەسەر ((مارکسیزمی ڕەشۆکی)) ئاماژەم بە مەیلێك کرد لە نێو گروپێك لە فەلسەفە نوێیەکان کە لەسەر بنەمای ئاشکراکردنی پاڵنەرە پەنهانەکانی پشتەوەی کردەوەی مرۆیی دامەزراوە. کۆمەڵناسی مەعریفە و دەروونشیکاری[16] و هەندێ لەو فەلسەفانەی کە پەیڕەوکارەکانیان دەیانەوێ ((بێهودەیی یان بێ مانابوونی)) بیروباوەڕی نەیارەکانیان ئاشکرا بکەن، هەموویان سەر بەم گروپەن{٤}. ئەو پێشوازییەی لەم بیروبۆچوونانە دەکرێت، بەبڕوای من بۆ ئاسانی بەکارهێنانەکانیان و ڕەزامەندی هەندێ کەس لە پەی بردن بەو حەقیقەتەی کە لە هەندێ دۆخ و بەتایبەتی نەزانی گەمژەکان وەدەستی دێنن، دەگەڕێتەوە. هەڵبەتە چێژ وەرگرتن لەم کارە هیچ ئازارێکی نەدەگەیاند ئەگەر لایەنگرانی بیروبۆچوونی ناوبراو بەهۆی سەقامگیرکردنی بنەمای ئەو شتەی من بە ((دۆگماتیزمی تۆکمە)) ناوزەدی دەکەم{٥} و (تاڕادەیەك هاوتای ئایدۆلۆژیای هەمەکییە)، بناغەی عەقڵیی هەموو جۆرە دیالۆگێکیان وێران نەکردبایە. موریدەکانی فەلسەفەی هێگل جاڕی ئەوە دەدەن کە بوونی ناتەبایی نەك هەر ڕەوا، بەڵکو سوودمەند و بەرهەم داریشە و لەم ڕێگەیەوە بنەمای دیالۆگی عەقڵیی هەڵدەتەکێنن. بەڵام ئەگەر پێویستمان بە خۆبوواردن لە ناتەبایی نەبێت، هەموو جۆرە باس و ڕەخنەیەك دەچێتە خانەی محاڵەوە، چونکە لە بنچینەدا ڕەخنە جگە لەمە هیچی تر نییە کە یان ئاماژە بە ناتەباییەك بکات لە خودیی فلان تیۆرە یان بەو ناتەباییەی کە لەو تیۆرە و هەندێ لە واقعیاتیئەزموونی دابوونی هەیە. بارودۆخی دەروونشیکاریش هەر بەم شێوەیەیە: بۆ دەروونشیکار بەردەوام ئەوە مسۆگەرە کە ئەو ڕەخنانەی ڕەخنەگر ئاڕاستەیان دەکات، چاوگەکەی بۆ حەزە چەپێنراوەکانی بگەڕێنێتەوە و لەم ڕێگەیەوە، هەموو کێشەیەك بە

12. psycho- therapy
13. Socio- therapy
14. socio- analysed
15. social complex
16. psycho- analysis

بەڵگەتاشی بەلاوە بنێت. هەر بەم چەشنە، فەیلەسووفانی شیکردنەوەی مانای وشەکانیش تەنیا ئەوەندە بەسە ئاماژە بەوە بکەن کە ئەوەی لایەنی بەرامبەر بڕوای پێی هەیە بێ مانایە، چونکە دەتوانن ((بێ مانابوون)) بە جۆرێك پێناسە بکەن کە هەر باسێك لەسەری، بەپێی پێناسەکە، بێهوودە و بێ مانا بێت[٦].

مارکسیستەکانیش هەر بەم جۆرەن کە خوویان بەوە گرتووە هەموو بیروباوەڕێکی پێچەوانە کە نەیارەکەیان دەریدەبڕێت، لەسەر حسابی مەیل یان دەمارگرژی چینایەتی لێك بدەنەوەو هەروەها کۆمەڵناسانی مەعریفەش کە جیاوازی را لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژی هەمەکی بەرامبەر لێکدەدەنەوە. میتۆدێکی لەم جۆرە، هەم بەکارهێنانێکی ئاسانی هەیە و هەم بە ئامرازێکی کات بەسەربردن لە قەڵەم دەدرێت، بەڵام بە ئاشکرا بنەمای عەقڵانی دیالۆگ وێران دەکات و سەرەنجام بەناچار ڕێچکەی ناعەقڵانی و عیرفانی لێ دەکەوێتەوە.

سەرەڕای ئەم مەترسیانە، هیچ هۆیەك لە ئارادا نییە بۆ ئەوەی تەنیا من چاوپۆشی لەم کات بەسەربردنە بکەم و لە یاری کردن بەم میتۆدگەلە بێ بەش بم. دەروونشیکاری لە هەموو کەسێك زیاتر بە دەردی خودی دەروونشیکارەکان دەخوات[٧]: هەر بەم جۆرە، کۆمەڵگا شیکارەکانیش هێندە حەزیان لە بەکارهێنانی ئەو میتۆدەی خۆیانە کە ناتوانین ئەم رووخۆشییە وەبەرچاو نەگرین و میتۆدەکەیان لەمەڕ خۆیانەوە بەکار نەهێنین. ئایا ئەو وەسفەی کە بۆ توێژی رۆشنبیران دەیکەن وەکو کۆمەڵێکی بێ لەنگەرگایەکی پتەو لەنێو نەریتەکان، وەسفێکی پاکژنییە لەمەڕ گروپی کۆمەڵایەتی خۆیان؟ ئایا روون و ئاشکرا نییە کە ئەگەر تیۆری ئایدۆلۆژیای هەمەکی راست بێت ئەمەش بەشێکە لە هەموو ئایدۆلۆژیایەکی هەمەکی کە هەموو کەسێك پێیوابێت گروپەکەی خۆی لە حوکمی پێش وەختە بێ بەرییە و لە ڕاستیدا تاکە کۆمەڵێکی هەڵبژێردراو و دەستەبژێرە کە توانای داوەری بابەتی هەیە؟ کەواتە، ئایا ناتوانین چاوەڕوانی ئەوەمان هەبێت ئەگەر تیۆری ناوبراو راست بێت، ئەو کەسانەی بڕوایان پێی هەیە، بۆ پاراستنی بابەتیەتی رای خۆیان، لە ڕێگای هاوپێچ کردنی تەواوکارێك بە تیۆرەکەیانەوە، ناخودئاگایانە خەریکی خۆ خەڵەتاندن بن؟ و ئایا دەتوانین ئەم بانگەشەیەیان بە جدی وەربگرین کە دەڵێن لەبەر ئەوەی لەڕووی کۆمەڵناسییەوە خود شیکاریان[١٧] کردووە، دەستیان بە پلەی بەرزتری بابەتیەت راگەیشتووە؟ کاتێ بانگەشە دەکەن کە ئایدۆلۆژیای هەمەکی بەهۆی

17. self- analysis



کۆمەڵگا شیکاری لەناو دەچێت، ئایا دەتوانین بانگەشەکەیان بەجدی وەربگرین؟ تەنانەت ئەم پرسیارەش خۆی قووت دەکاتەوە کە نەکا تیۆری ناوبراو سەرانسەر روونکەرەوەی بەرژەوەندی چینایەتی ئەم گروپە تایبەتە بێت- بەرژەوەندی چینایەتی توێژێك لە رۆشنبیران کە سەرەڕای ئەوەی لەنێو نەریتدا لەنگەرگایەکی پتەویان نییە، بەڵام هەرچۆنی بێت لەنگەرەکەیان تا ئەو ڕادەیە تۆکمەیە کە زمانی هێگل بکەنە زمانی زگماکی خۆیان و قسەی پێ بکەن؟

ئەوەندە بەسە پەیوەندی نێوان کۆمەڵناسانی مەعریفە و هێگل بێنینە بەرچاوی خۆمان بۆ ئەوەی بۆمان دەرکەوێت ئەم جەماعەتە چەندە لە کۆمەڵگاشیکاری- واتە لەڕەگەوە هەڵکەندنی ئایدۆلۆژی هەمەکی خۆیان- ناکام بوونە. لایەنگرانی کۆمەڵناسی مەعریفە ئاگاداری ئەوەنین کە ئەو شتەی دەیڵێن دووبارەکردنەوەی وتەکانی هێگلە، بە پێچەوانەوە، پێیان وایە نەك هەر گەیشتونەتە رادەیەك لە گەشەو پێگەیشتن و پێشی کەوتوونەتەوە، بەڵکو تەنانەت توانیویانە پەی بە ماهییەتەکەشی ببەن و کۆمەڵگاشیکاری بکەن و هەربۆیە، ئێستا دەتوانن، نەك لە گۆشەنیگای هیچ زێدێکی کۆمەڵایەتی تایبەت، بەڵکو بەشێوەیەکی بابەتی لە ئاستێکی بەرزترەوە سەیری بکەن. هەر لەم تێك شکانە بەرچاوە لە خودشیکاریدا دەتوانین باسەکە درێژە پێ بدەن.

بەڵام بێ گاڵتە، رەخنە و کەموکوڕی جدیتر لە ئارادایە. کۆمەڵناسی مەعریفە نەك هەر کەرەستەی وێران کردنی خۆی دەستەبەر دەکات و خۆی بابەتێکی سەرنجڕاکێشی کۆمەڵگا شیکارییە، بەڵکو دەربڕی بێ توانایییەکی سەرسوڕهێنەرە بۆ تێگەیشتن لە بابەتی خودی ئەم زانستە، واتە **<u>لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی مەعریفە</u>**[١٨] یان بەجۆرێکی باشتر، میتۆدی زانستی. زانست یان مەعریفە وەك پرۆسسێك لە زەین یان ((ئاگایی)) هەموو زانایەك یان رەنگە وەك بەرهەمی ئەم پرۆسسە لە قەڵەمی بدات. ئەگەر ئەو شتەی کە بە بابەتیەتی زانستی ناوی دەرکردووە بەم جۆرە تێبینی بکرێت، نەك هەر لە زانستە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکاندا کە لەوانەیە تێیاندا بەرژەوەندی چینایەتی و پاڵنەری پەنهانی هاوچەشن خودان پشك بن، بەڵکو لە زانستە سروشتیەکانیشدا وەکو شتێکی تەواو بۆ تێگەیشتن نەشیاو و تەنانەت محاڵی لێ دێت. هەر کەسێ بچووکترین زانیاری لەسەر مێژووی زانستە سروشتیەکان هەبێت، دەزانێت کە بەشێکی زۆر لە ناکۆکییە زانستیەکان بە چ بێ شەرمیەکی گەرموگوڕەوە ئەنجام دراوە.

18. Social aspect of knowledge

دەمارگرژی هەندێ لە زانایانی زانستە سروشتیەکان بۆ سووربوون لەسەر بیروراکانیان هەندێ جار دەگەیشتە پلەیەکی ئەوتۆ کە ممکین نییە دەمارگرژی سیاسی هەرچەندە بەتینیش بێت، بەم رادەیە کاریگەری لەسەر تیۆری سیاسیدا بنێت. ساویلکەی پەیڕەوەکانی کۆمەڵناسی مەعریفە لەوە دایە کە پێیان وایە دەبێ بابەتیەتی زانستی لەسەر نەبوونی دەمارگرژی و دیدی بابەتیانەی زاناکە دابڕێژرێت، ئەوە لەکاتێکدایە ئەگەر وەهابووایە، پێویست بوو بابەتیەتی زانستی ماچ بکەین و بەلاوەی بنێین. راستیەکەی ئەوەیە، بە مانایەك، دەبێ ئێمە تەنانەت لە لایەنگرانی کۆمەڵناسی مەعریفەش گومانکارتر بین، چونکە بێگومان هەموومان گیرۆدەی سیستەمی پێش داوەری یاخود بە جۆرێکی تر، ((ئایدۆلۆژیای هەمەکی)) خۆمان بووینە و گەلێ شت وەکو بەڵگەنەویست سەیر دەکەن و بێ هەڵسەنگاندن قبوڵی دەکەین و تەنانەت بەشێوەیەکی ساویلکانە و دۆگم پێمان وایە کە هیچ جۆرە رەخنە و هەڵسەنگاندنێك پێویست نییە. گومانی تێدا نییە، زاناکانیش لەم رێسایە رێزپەڕ نین، هەرچەندە هەندێ لە دەمارگرژییەکانیان بە چەشنێکی رووکەشانە لەخۆیان سڕیبێتەوە کە بەشی تایبەت بە خۆیان هەیانبووە. هەڵبەتە دەبێ دان بەوە دابنرێت کە هێشتا خۆیان بەهۆی کۆمەڵگاشیکاری یان میتۆدی هاوچەشنی ئەمە پاکژ نەکردۆتەوەو هەوڵی ئەوەیان نەداوە بگەنە ئاستێکی بەرزتر بۆ ئەوەی بتوانن باشتر لە نەزانیە ئایدۆلۆژییەکانی خۆیان تێبگەن و بیخەنە ژێر کۆمەڵگاشیکاری و بیپالێون. بەڵام ناشێت هیچ زانایەك لە رێگای ((بە بابەتیانەکردنی)) زەینی خۆی، دەستی بەو شتە رابگات کە بە ((بابەتیەتی زانستی)) ناسراوە. ئەو تێگەیشتنەی کە بەزۆری بۆ رازاوەی دواییان هەمانە لەسەر بناغەیەکی تر دامەزراوە{٨} و پەیوەندی بە میتۆدی زانستییەوە هەیە. تەنزی پرسەکە لێرەدایە کە بابەتیەت پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ **<u>لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی میتۆدی زانستیدا</u>** هەیە و بەم واقعیەتەوە پەیوەستە کە زانست و بابەتیەتی زانستی ئاکامی تەقەلای تاکەکەسی زانا نییە بۆ ((دۆزینەوەی دیدێکی بابەتیانە)) و (ناکرێ ئاکامی ئەمە بێت)، **<u>بەڵکو لە هاوکارییە تێکەڵ بە دۆستی و دوژمنایەتییەکانی گەلێ لە زانایان</u>** سەرچاوە دەگرێ. دەتوانین بابەتیەتی زانستی بە تایبەتمەندی ((نێوان زەینی)) میتۆدی زانستی وەسف بکەین، بەڵام ئەو کەسانەی ناوی خۆیان ناوە کۆمەڵناسانی مەعریفە، بە تەواوی لەم لایەنە کۆمەڵایەتییەی زانست بێ ئاگاو غافڵن.

میتۆدی زانستە سروشتییەکان خودان دوو رەهەندی گرنگە کە بە کۆکردنەوەیان ((خەسڵەتی گشتی یان کۆمەڵایەتی میتۆدی زانستی)) پێك دێت. یەکەم، شتێکی تارادەیەك وەك **<u>رەخنەی ئازادە</u>**. لەوانەیە زانا تیۆرێك بخاتەڕوو و بڕوایەکی پتەوی هەبێت کە تیۆرەکەی خاڵی لە رەخنەیە و لە دژایەتی پارێزراوە. بەڵام ئەم بڕوایە نەك هەر هاوکار و نەیارە زاناکانی رازی ناکات، بەڵکو زیاتر بۆ مەیدانەکە پەلکێشیان دەکات، چونکە پێیان وایە شێوازی هزری زانستی بە مانای رەخنەو هەڵسەنگاندنی هەموو شتێکە و تەنانەت لە وتەی مەرجەع و متمانە پێکراوەکانیش هیچ ترسێکی نییە. دووەم، کاتێ زاناکان دێنە ناو دایالۆگەوە، هەوڵ دەدەن خۆ لە هەڵە و ناروونی ببوێرن. (بیری خوێنەران دەهێنمەوە کە قسەی من لەسەر زانستە سروشتییەکانە، هەرچەندە بەشێك لە ئابووری نوێش لەخۆ دەگرێت). بەو پەڕی جدیەتەوە تێدەکۆشن بە یەك زمان بدوێن، هەرچەندە زمانی زگماکی جیاوازیان هەبێت. لە زانستە سروشتییەکاندا، ئەزموون وەکو ناوبژیوانێکی بێ لایەن لە قەڵەم دەدەن و لەم رێگایەوە ئەو ئامانجە وەدەست دێنن کە ئاماژەمان بۆ کرد. کاتێ دەڵێین ((ئەزموون)) مەبەستم ئەزموونی ((گشتی))یە(١٩) بە مانای بینین و تاقیکردنەوە، نەك ئەزموون بە واتای رەوتی ناوەکی یان ویژدانیاتی ((تایبەتی))ی(٢٠) هونەری یان ئایینی. ئەزموون بەمەرجێك ((گشتی))یە کە هەموو کەسێ بتوانێت ئەگەر زەحمەت بداتە بەرخۆی، بتوانێت دووبارەی بکاتەوە. بۆ خۆ بوواردن لە هەڵەو ناروونی، زانایان بیربۆچوونەکانی خۆیان بە چەشنێك دەردەبڕن کە لەسەر بنەمای ئەم جۆرە ئەزموونە، تایبەتمەندی بۆ تاقیکردنەوەشیان، واتە توانستی پووچەڵ بوونەوە (یان قبوڵ کردنی) هەبێت.

بابەتیەتی زانستی واتە ئەمە. هەر کەسێ تەکنیکی تێگەیشتن و تاقیکردنەوەی تیۆرە زانستیەکان فێربووبێت، دەتوانێ تاقیکردنەوەکان دووبارە بکاتەوە و بۆخۆی داوەری بکات و حوکم بدات. سەرەڕای ئەمە، هەمیشە هەندێ کەسی ئەوتۆ هەیە کە حوکمی پڕ لە غەرەزو تەنانەت خوار و خێچ و بێ ناوەڕۆك دەردەکەن. هەڵبەتە ئەم دۆخە حەتمیە و بۆ خۆلێبواردن ناشێت، بەڵام ئالۆزی و تێك چوونێکی جدی لە کاری **<u>دەزگا کۆمەڵایەتییە</u>** جیاجیاکان- وەك تاقیگەکان و بڵاوکراوەکان و کۆنگرە زانستیەکان-دا پێك ناهێنێت کە لە پێناو بەرەو پێشبردنی بابەتیەت و یارمەتی دانی رەخنە و هەڵسەنگاندنی زانستی دامەزراون. ئەم رەهەندی میتۆدی زانستی پێشانی دەدات کە بە یارمەتی ئەو دەزگایانەی لە پێناو پیادەکردنی چاوەدێری گشتی دامەزراون و لە رێگای ئازادکردنی رای گشتی (هەرچەندە لە بازنەیەکی

19. public
20. Private

دیاریکراوی پسپۆڕەکاندا)، دەتوانین بە چ ئامانجێك بگەین. هەموو پێشەڤەچوونێکی زانستی و تەکنەلۆژیك و سیاسی دواجار پشت بە بەردەوامی کاری ئەم دەزگایانە دەبەستێت و تەنیا شتێك کە رەنگە زیانی پێ بگەیەنێت، دەسەڵاتی سیاسییە کاتێ کەمتەرخەمی دەکات لە پاراستنی و پاسەوانی کردن لە ئازادی رادەربڕین یان کاتێك کە بۆ سەرکوت کردنی رەخنەی ئازاد سوودی لێوەربگیرێت.

جەخار کە ئەم لایەنەی میتۆدی زانستی فەرامۆش کراوە، بەڵام بۆ ئەوەی روون و ئاشکراتر بێت، ئەم بیرۆکەیە تاوتوێ دەکەین کە بەرژەوەندی وا دەخوازێ زانست بەپێی میتۆدەکەی بناسرێت نەك لەو دەرەنجامانەی کە لێی دەکەوێتەوە.

سەرەتا، گریمان پیاوێکی شارەوە بین[٢١]، لەسەر بنەمای ئەو شتەی بە خەون دەیبینێ یان بەشێوەیەکی ناخودئاگا و بە ئیلهام وەرگرتن لە جیهانی رەمزاوی رۆحی، پەرتوکێك دەنووسێ. پاشان باوادابنێین کە چەندین ساڵ دواتر، لە ئاکامی دۆزینەوەی زانستیی نوێ و شۆڕشگێڕانە، زانایەکی گەورە (کە هەرگیز ئەم کتێبەی نەبینیوە) رێك پەرتوکێکی وەکو ئەمە دەنووسێت. یان بۆ ئەوەی بابەتەکەمان بە جۆرێکی تر دەربڕیبێت، شیمانەی ئەوە دەکەین ئەم کتێبە زانستییە کە ممکین نەبووە لەو سەردەمەدا لە خامەی هیچ زانایەك داچۆڕێت، چونکە لەو رۆژگارەدا هێشتا گەلێ دۆزینەوەی پێویست ئەنجام نەدراوە، بە دڵی ئەو پیاوە شاراوەبینەدا هاتووە. پرسیارەکەی ئێمە ئەوەیە ئایا دەتوانین بڵێین پیاوە شاراوەبینەکە پەرتوکێکی زانستی نووسیوە؟ گریمان ئەم کتێبە لەو سەردەمەدا دەخرایە بەردەم داوەری زانا خاوەن سەلاحیەتەکان، لە هەندێ لایەنەوە بە بۆ لێ تێگەیشتن نەشیاو و لە هەندێ لایەنی دیکەوە بە خەیاڵی و سەیر، وەسفیان دەکرد. کەواتە ناچارین بڵێین کتێبی پیاو شاراوەبینەکە ئەو کاتەی نووسراوە، لایەنی زانستی نەبووە، چونکە بەرهەمی میتۆدی زانستی نەبووە. ئەم بەرهەمە هەرچەندە لەگەڵ هەندێ دەرەنجامی زانستیشدا هاوجووت بووبێت، بەری میتۆدی زانستی نییە و من بە ((زانستی ئیلهامی))[٢٢] ناوزەدی دەکەم.

21. clairvoyant
22. revealed science



بۆ ئەوەی بتوانین ئەم تێبینیانە لەمەڕ پرسی گشتی بوونی میتۆدی زانستی بەکاربێنین، گریمان رۆبنسۆن کروزۆ[٢٣] لە دورگەکەیدا توانیویەتی تاقیگەی فیزیکی و کیمیایی و رەسەدخانە و شتی لەم جۆرە دروست بکات و گەلێك وتار و نامەی پشت بەستوو بە تێڕوانین و تاقیکردنەوەی بنووسێ. تەنانەت وادادەنێین کاتێکی بێ سنووری هەبووە و سەرکەوتوو بووە لە داهێنان و وەسفی سیستەمگەلێ لە زانستدا کە لەگەڵ دەرەنجامی جێگای پەسەندی زانایانی سەردەمی ئێمەدا هاوجووتە. بەوەبەرچاو گرتنی ئەم تایبەتمەندییانەی ئاماژەمان پێکرد،لەوانەیە لە سەرەتادا هەندێ کەس لەسەر ئەو بڕوایە بن کە ئەم زانستە کروزۆییە، زانستی راستەقینەیە نەك ((زانستی ئیلهامی)). هەڵبەتە زانستی کروزۆی لەو کتێبەی کە بە پیاوە شاراوەبینەکە ئیلهام کرابوو، زۆر زیاتر بە زانست دەچێت، چونکە رۆبنسۆن کروزۆ تاڕادەیەکی زۆر سوودی لە میتۆدی زانستی وەرگرتووە. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، من بانگەشەی ئەوە دەکەم کە تەنانەت زانستی کروزۆییش ((زانستی ئیلهامی))ـە، چونکە هێشتا توخمی میتۆدی زانستی تێدا نییە. کەواتە، دەبێ بڵێین واقعیەتی دەست راگەیشتنی کروزۆ بەو دەرەنجامانەی کە ئێمە ئێستا پێیان دەگەین، بە هەمان رادە رێکەوتی و موعجیزەئاسان کە لەمەڕ پیاوە شاراوەبینەکە ئاماژەمان پێکرد. هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هیچ کەسێك جگە لە کروزۆ لەوێ نەبووە بۆ ئەوەی بە دەرەنجامەکانی دابچێتەوە، جگە لەو هیچ کەسێ نەبووە کە پێش داوەرییەکانی راست بکاتەوە کە دەرەنجامی حەتمی بەسەرهاتی زەینی خۆی بووە و هیچ کەسێ جگە لەخۆی لە ئارادا نەبوو بۆ ئەوەی یارمەتی بکات تا لە شەڕی ئەو کوێرییە سەیر و سەمەرەیە رزگاری بکات کە بەرۆکی هەموومانی گرتووە و لەم دیاردەیەوە سەرچاوە دەگرێ کە بەشی زۆری ئەو دەرەنجامانەی پێی دەگەین لە رێگای تاڕادەیەك پەرتەوازەوە پێیان دەگەین و هەربۆیە، بێ توانایین لەدەست نیشان کردنی دەرفەتە پەنهانەکانی ناو ئەم دەرەنجامانە. بەڵام سەبارەت بە وتار و نامە زانستیەکانی کروزۆ ئەو شتەی پێویستە بیڵێین ئەوەیە کە ئەو تەنیا بە مەرجێك لەوانە بوو توانیبای سەرکەوتوو بێت لەوەدەست هێنانی دسپلینی هزری پێویست بۆ دەربڕینی مەبەستی خۆی بە چەشنێکی روون و بەڵگەخوازانە کە هەوڵی دابووایە ئەو شتەی نووسیویەتی **بۆ کەسێکی روون بکاتەوە کە هیچ پەیوەندییەکی بەم نووسینەوە نەبووە**، چونکە ئەم کارەش بەشێکە لە میتۆدی زانستی. بەڵام ئەو خاڵەی کە (سەرەڕای گرنگی تاڕادەیەك کەمتری)

٢٣. Robinson Crusoe پاڵەوانی داستانی بەناوبانگی نووسەری ئینگلیزی دانیل دیفۆ (١٦٦٠ـ١٧٣١).

خەسڵەتی ((ئیلهامی)) زانستی کروزۆیی ئاشکراتر دەکات ئەوەیە کە ناچارین گریمانەی ئەوە بکەین کە کروزۆ توانیویەتی ((هاوکێشەی تاکەکەسی))[٢٤] خۆی، واتە زەمەنی دژکردەوەی تاکە کەسی[٢٥] خۆی کە تایبەت بووە بەم کەشف بکات، کە کاریگەری هەبووە لەسەر تێڕوانینەکانی لەسەر ئەستێرەناسی. هەڵبەتە دەتوانین وێنای ئەوە بکەین کە ئەو گۆڕانکارییەکانی زەمەنی دژکردەوەی خۆی کەشف کردبوو و لە حیساب کردندا وەبەرچاوی دەگرت. بەڵام ئەگەر بێتو ئەم میتۆدەی پەی بردن بە زەمەنی دژکردەوە لەگەڵ میتۆدی کەشف کردنەکەی لە زاستی ((گشتی))دا هەڵبسەنگێنین- واتە لە ڕێگای دۆزینەوە ناتەبایی نێوان ئەو دەرەنجامانەی کە ڕامێنە جیاوازەکان وەدەستی دێنن- ئەو کات خەسڵەتی ((ئیلهامی)) زانستی ڕۆبنسۆن کروزۆ بە تەواوی ئاشکرا دەبێت.

بۆ سەریەك خستنەوەی ئەم تێبینییانە، دەتوانین بڵێین ئەوەی ئێمە بە ((بابەتیەتی زانستی)) ناوزەدی دەکەین بە تەنیا بەرهەمی بێ لایەنی و بێ غەرەزی {بوونی مەبەستێکی تایبەت لە پشتەوەی} هەر زانایەك نییە، بەڵکو لە ئاکامی خەسڵەتی کۆمەڵایەتی یان گشتی میتۆدی زانستیەوە دەکەوێتەوە. بێ لایەنی زانا، ئەگەر هەر لە بنەڕەتدا بوونی هەبێت، چاوگی بابەتیەتی زانستی نییە، لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە بابەتیەتی زانستی شێوەیەکی کۆمەڵایەتی وەردەگرێت یان لە دەزگاکاندا پێك دێت.

هەڵەی پەیڕەوەکانی کانت و هێگل[٩] لەوەدایە کە پێیان وایە لەبەر ئەوەی ئێمە لەکاتی ((بە کۆڵەگەدانانی)) ئەو ئەزموونانەی کە لە ڕێگای چالاکییە زەینیەکانی خۆمان وەدەستی دێنین، ناچارین سەرەتا بڕوا بە هەندێ پێش گریمانە بێنین، ئەم پێش گریمانانە کەرەستەی پێویستی کاری ئێمەن و نە بەهیچ بڕیارێك دەگۆڕێن و نە لەسەر بنەمای هیچ ئەزموونێك بۆ پووچەڵ بوونەوە دەشێن و پلەو پایەیان لەوە مەزنترە کە بخرێنە بەر تاقیکردنەوەی زانستیەوە و دەبێ بەمەرجی لە پێشەوەی هەموو جۆرە بیرکردنەوەیەك بژمێردرێن. بەڵام ئەم زێدەڕۆییە و ڕەگەکەی بۆ بە هەڵە ڕاڤەکردنی پەیوەندی نێوان تیۆر و ئەزموون دەگەڕێتەوە لە زانستەکاندا. یەکێك لە گەورەترین سەرکەوتنە زانستیەکانی سەردەمی ئێمە کاتێ بەدەست هات کە ئەنشتاین دەریخست بە وەبەرچاوگرتنی ئەزموونە وەدەست هاتووەکان، هیچ ئاستەنگێك

24. Personal equation
25. Personal reaction time



لەبەردەم ئەوەدا نییە گومان و پێداچوونەوە بۆ ئەو پێش گریمانانە بکەین کە تەنانەت سەبارەت بە زەمەن و شوێن بڕوامان پێیان هەیە- واتە ئەو بیروبۆچوونانەی کە پێشتر هەمیشە وەك پێش گریمانەی پێویستی هەموو زانستێك و سەر بە ((دەزگای وتەزاکان)) لێك دراوەتەوە. کەواتە، گومانکاری و دژایەتی لایەنگرانی کۆمەڵناسی مەعریفە سەبارەت بە زانست، بە وەبەرچاوگرتنی میتۆدی زانستی، پووچ و بێ مانایە. میتۆدی ئەزموونی[٢٦] بەتەواوی لە توانایدا هەیە لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێت.

بەڵام میتۆدی ئەزموونی لەم ڕێگەیەوە لەسەر پێی خۆی ناوەستێت کە لەجیاتی ئەوەی یەکەیەکە حوکمە پێش وەختەکانمان (پێش داوەرییەکانمان) بەلاوە بنێت، لەناکاو هەوڵی لە ڕەگەوە هەڵکێشانی هەموویان بدات. شایەدی ناسراوی ئەم شتەش دیسان کاری ئەنشتاینە کە پێش داوەری ئێمەی لەمەڕ زەمەنەوە ئاشکرا کرد. ئەنشتاین تەقەلای بۆ دۆزینەوەی ئەو پێش داوەرییانە نەدەدا و تەنانەت مەبەستی نەبوو ڕەخنە لە بیروبۆچوونەکانمان بگرێت لەمەڕ زەمەن و شوێنەوە. ئەو کێشەیەی هەیبوو کێشەیەکی دیاریکراوی فیزیکی بوو و دەیەویست ئەو تیۆرە بەشێوەیەکی نوێ دابڕێژێتەوە (چونکە هەندێ لە تاقیکردنەوەکان کە لەسەر بنەمای ئەمە ئەنجام درابوون لەگەڵ یەکتردا ناتەبابوون) کە لە کار کەوتبوو. ئەنشتاین و بەشی هەرە زۆری فیزیکزانەکان پەیان بەوە بردبوو کە ئەم {ناتەباییە} بە مانای چەوتی ئەم تیۆرە بوو. گەیشتە ئەم دەرەنجامە کە ئەگەر ڕێك هەمان خاڵ لە تیۆرەکەدا بگۆڕدرێت کە تا ئەو کاتە هەموو لایەك پێیان وابوو بەڵگەنەویستە و هەربۆیە، کەمتر گرنگیان پێ دابوو، کێشەکە چارەسەر دەکرێت. بەجۆرێکی تر، کارەکەی جگە لەمە هیچی تر نەبوو کە میتۆدی ڕەخنەو هەڵسەنگاندنی زانستی و داهێنان و بەلاوەنانی تیۆرەکان، واتە میتۆدی تاقیکردنەوەو هەڵە، بەکاربهێنێت. بەڵام بەکارهێنانی ئەم میتۆدە نابێتە هۆی وازهێنان لە هەموو پێش داوەرییەکان، چونکە تەنیا پاش بەلاوەنانی هەر پێش داوەرییەك بۆمان دەردەکەوێت تووشی بووینە.

هەڵبەتە دەبێ دان بەوە دابنێین کە تیۆرە زانستیەکانی ئێمە لە هەموو چرکەساتێکی دیاریکراودا پەیوەستن بە دوو شتەوە: یەکیان ئەو تاقیکردنەوانەی کە تا ئەوکاتە ڕێکمان خستووە و ئەویتریان حوکمە پێش وەختەکان، واتە ئەو حاڵەتانەی کە وەك بەڵگەنەویست سەیرمان کردووە. هەرچەندە ئەگەری ئەوە هەبووە کە ئەم حاڵەتانە لە ئاکامی سوود وەرگرتن

26. empirical method

لە هەندێ میتۆدی لۆژیکی ئاشکرا بن، بەڵام تا ئەو کاتە سەرنجی ئێمەیان ڕانەکێشاوە. هەرچۆنێك بێت، ئەو شتەی دەتوانین لەمەڕ ئەم جۆرە توێژاڵەتیە بیلێین ئەوەیە کە زانست لە توانایدا هەیە هەندێ لەم جۆرە توێژانە کەشف بکات و هەڵیاندرێت. ڕەنگە ئەم ڕەوتە هەرگیز نەگاتە پلەی تەواویی، بەڵام هیچ لەمپەر و بەربەستێکی جێگیر لە ئارادانییە کە حەتمەن بیوەستێنێت. بنچینەکە ئەوەیە کە هەموو گریمانەیەك دەشێت ڕەخنەی لێ بگیرێت و هەڵسەنگێنرێت. بابەتیەتی زانستی جگە لەمە مانایەکی نییە کە ڕەخنە لەلایەن هەموو کەسێکەوە ڕەوایە.

کە دەڵێین دەرەنجامە دەستکەوتووەکانی زانست ((ڕێژەیی))ـە (هەڵبەتە ئەگەر هەر لە بنەڕەتدا ئیزنی ئەوەمان هەبێت ئەم وەسفە بەکاربێنن)، تەنیا بەو مانایەیە کە ئەم دەرەنجامانە لە قۆناغێکی تایبەتی پەرەسەندنی زانستی وەدەست هاتووەو لەوانەیە لەڕەوتی پێشڤەچوونی زانستی هەڵبوەشێتەوە. بەڵام ئەمە بە مانای ((ڕێژەیی)) بوونی ڕاستی[٢٧] نییە. ئەگەر دۆزیك ڕاست بێت، بۆ هەتا هەتایە ڕاستە[١٠]. واتای قسەکەمان ئەوەیە کە بەشی هەر زۆری دەرەنجامە زانستیەکان خودان خەسڵەتی گریمانەیین، واتە ئەو دەستەواژەیەی کە پشت بە شایەدی یەکلاکەرەوە نابەستێت و هەر بۆیە ڕەنگە لە هەر کاتێکدا بخرێتە بەر پیاچوونەوە. ئەم تێبینیانە (کە لە جێگایەکی تردا بە دووردرێژی لەسەری دواوین[١١]) سەرەڕای ئەوەی لە ڕووی ڕەخنەگرتن لە کۆمەڵناسەکانەوە هیچ پێویست ناکات، بەڵام ڕەنگە یارمەتیدەربێت بۆ تێگەیشتن لە تیۆرەکانیان و هەروەها، بە وەبەرچاوگرتنی ئەو ڕەخنە سەرەکیانەی کە پێشتر گرتمان، لەوانەیە گرنگی هاوکاری و تایبەتمەندی نێوانزەینی و گشتیەتی میتۆد لە ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی زانستی و پێشکەوتنی زانست تاڕادەیەك ڕوون بکاتەوە.

ڕاستە کە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا هێشتا گشتیەتی میتۆد بە تەواوی بەدەست نەهاتووە. بەڵام ئەم دۆخە لە هەندێ لایەنەوە بۆ کاریگەری عەقڵ ڕووخێنی ئەرستۆ و هێگل دەگەڕێتەوە و لە هەندێ ڕووی ترەوە ڕەنگە هۆبەندی کەمتەرخەمی ئەهلی ئەم زانستانە بێت بۆ سوود وەرگرتن لە ئامرازە کۆمەڵایەتییەکان بۆ وەدەست هێنانی بابەتیەتی زانستی. کەواتە، دەبێ تا ئێستا زانستە کۆمەڵایەتیەکان بە ((ئایدۆلۆژیای هەمەکی)) لە قەڵەم بدەین. بەجۆرێکی تر، هەندێ لە زانایانی زانستە کۆمەڵایەتیەکان هێشتا لە توانایاندا نییە و تەنانەت ئامادەنین بە

27. truth



زمانێکی هاوبەش بدوێن. بەڵام هۆیەکەی بۆ بەرژەوەندی چینایەتی و چارەسەرەکەی، واتە سێنتێزی دیالێکتیکی هێگل یان خودشیکاری نییە. زانایانی زانستی کۆمەڵایەتی جگە لەمە هیچ چارەیەکیان نییە کە ڕەوانبێژی بەلاوە بنێن و بۆ خۆ دان لەقەرەی پرسە کردەییەکانی سەردەمی ئێمە، پەنا بۆ ئەو جۆرە میتۆدە تیۆریانە ببەن کە لە بنچینەدا لە هەموو زانستەکاندا یەك شتە. مەبەستم، میتۆدی تاقیکردنەوەو هەڵەیە، میتۆدێکە کە بەپێی ئەو دەبێ گریمانەی بەکردەوە بۆ تاقیکردنەوە شیاو دابهێنین و بیانخەینە بەر ئەزموونی پراکتیکیەوە. **ئەوەی پێویستە جۆرە تەکنەلۆژیایەکی کۆمەڵایەتییە کە بتوانرێت دەرەنجامەکەی بەهۆی ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی لەسەرخۆ یان بەرەبەرە تاقی بکرێتەوە.**

ئەو دەرمانەی پێشنیارمان کرد بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان، ڕێك دەکەوێتە جەمسەری پێچەوانەی ئەو دەرمانەی کە لە کۆمەڵناسی مەعریفەدا پێشنیار دەکرێت. بەبڕوای ئەو کەسانەی کە کۆمەڵناسی بە بنچینە دادەنێن، ئەوەی لەڕووی میتۆدەوە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی دژواری لە زانستە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا، خەسڵەتی ناکردەیی کێشە پراکتیکی و تیۆریەکان نییە، بەڵکو واقعیەتی تێك ئاڵۆزەکان و گرێپۆچکەیی ئەم کێشانەدا لەگەڵ یەکتری و لە پانتایی مەعریفەی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا. لە یەکێك لە بەرهەمە سەرەکییەکانی کۆمەڵناسی مەعریفەدا، دەخوێنینەوە[١٢]: ((تایبەتمەندی مەعریفەی سیاسی، بەجیاکردنەوە لە مەعریفەی 'پەتی' ئەوەیە کە مەعریفە (واتە شتێکی عەقڵانی) و خواست (واتە کۆمەڵە دۆخێکی دەرەوەی بازنەی عەقڵ) بە چەشنێك لە خودی خۆیاندا لەیەکەوە بەستراون کە جیاکردنەوەیان لە یەکتری ممکین نییە)). لە وەڵامدا دەبێ بڵێین کە بە مانایەك، ((مەعریفە)) و ((خواست)) هەمیشە، بۆ لێك جیاکردنەوە نەشیاون، بەڵام ئەمە پێویست ناکات هیچ جۆرە بەریەککەوتنێکی ترسناکی لێ بکەوێتەوە. هیچ زانایەك ناتوانێ بەبێ هەوڵ و هۆگری، مەعریفەیەك وەدەست بێنێ و بەزۆری ئەم هەوڵە تاڕادەیەك مسۆگەری بەرژەوەندی تاکەکەسیشە. ئەندازیار شتەکان لەلایەنی کردەییەوە تاوتوێ دەکات. جوتیاریش هەر بەم جۆرەیە. کردەوە نەك هەر دوژمنی مەعریفەی تیۆری نییە، بەڵکو بەنرخترین هاندەریەتی. ڕەنگە هەندێ دوورەپەرێزی و بێ لایەنی ڕازێنەری زانا بێت، بەڵام گەلێ نموونەمان لەبەردەست دایە کە دەریدەخات بێ لایەن بوون هەمیشە بۆ زانا گرنگ نییە. ئەوەی گرنگی هەیە ئەمەیە کە تەماسی لە تەك واقعیەت و کردەوەدا نەپچڕێت، چونکە بەهای غافڵ بوون لەم شتە، تووش بوونە بە شێوازی هزری سکۆلاستیك. کەواتە دەبێ ڕوانگەی ناعەقڵانی لە ڕێگای بەکارهێنانی

کردەیی ئەو شتەی دۆزیومانەتەوە، لە زانستە کۆمەڵایەتیەکان بسڕینەوە، نەك بەهەوڵدان بۆ جیاکردنەوەی ((مەعریفە)) و ((خواست)) لە یەکتری.

لەبەرامبەردا، لایەنگرانی کۆمەڵناسی مەعریفە هیوادارن لە ڕێگای ڕاکێشانی سەرنجی زانایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەهۆی هێزە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو ئایدۆلۆژیایانەی کە ئەو بەشێوەیەکی ناخود ئاگا تووشیان بووە، ریفۆرم لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا پێك بێنن. بەڵام گەورەترین سەر ئێشەی پێش داوەری ئەوەیە کە ڕێگایەکی ڕاستەوخۆی ئەوتۆ بۆ رزگاربوون لێی بوونی نییە. چۆن هەرگیز ئەوە بزانین کە لە هەوڵ بۆ رزگاربوون لە پێشداوەری، پێشکەوتنێکمان بە خۆمانەوە بینیوە؟ ئایا ئەزموونی گشتی دەریناخات کە ئەوانەی لە هەموو کەسێك زیاتر پێیان وایە لە پێش داوەری رزگاریان بووە، خۆیان لە هەموو کەسێك زیاتر گیرۆدەی پێش داوەری (حوکمی پێش وەختە) بوونە؟ ئەم بۆچوونە بەتەواوی هەڵەیەکە ئەگەر کەسێك لەڕووی کۆمەڵناسی یان ئەنسرۆپۆلۆژییەوە خوێندنەوە لەسەر پێش داوەرییەکان بکات، ئاسانتر دەتوانێ لە شەڕییان رزگاری بێت. بەشێکی زۆر لەوانەی خەریکی ئەم جۆرە خوێندنەوانەن، خۆیان لە پێش داوەریدا نغرۆ بوونە. خودشیکاری ئێمە، بۆ زاڵبوون بەسەر پێکهێنەری ناخودئاگای بیروڕاکانمان کاریگەری نییە. جگە لەمە، زۆربەی کات، خوهەڵخەڵەتاندنی باریکتری لێ دەکەوێتەوە. لە هەمان نووسین لەمەڕ کۆمەڵناسی مەعریفە کە پێشتر رستەیەکمان لێ خواست، بەم چەشنە ئاماژە بە چالاکی پەیڕەوکارانی ئەم قوتابخانەیە کراوە[١٣]: ((مەیلێکی رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتر لە ئارادایە بۆ ئەوەی، ئەو فاکتەرانە بەشێوەیەکی خودئاگا لێ بکەن کە تا ئێستا بە شێوەیەکی ناخودئاگایانە لەژێر دەستیاندا بووە... ئەو کەسانەی دەترسین مەعریفەی روو لە زیادی ئێمە سەبارەت بە فاکتەری پێکهێنەری {بڕیارەکانمان} هێزی بڕیارمان تێدا لاواز بکەن و 'سەربەستی' بخاتە مەترسییەوە، ئەرخەیان بن. تەنیا کەسێك بەڕاستی ناچارە {یان کۆتی قەدەرگەرێتیە} کە سەرەکیترین فاکتەری پێکهێنەر نەناسێت و لەژێر فشاری ڕاستەوخۆی ئەو هۆپێکهێنەرانەی کە لەم نادیارن، هەڵسوکەوت بکات)). ئاشکرایە ئەم پەیڤە دووبارەکردنەوەی هەمان هزری هەمیشەیی هێگڵ و یەکێك لە حوکمە پێش وەختە کۆنەپەرستیەکانە کە ئینگڵێش لەڕووی ساویلکەییەوە لە قاڵبی ئەو رستەیەدا کە ((سەربەستی (اختیار) واتە تێگەیشتن لە جەبر))، بەنۆرەی خۆی وتوویەتیەوە[١٤]. ئایا ئەو کەسانەی لەژێر فشاری هۆپێکهێنەرە ناسراوەکان- بۆ نموونە زۆرەملێی سیاسی- دا هەڵسوکەوت دەکەن، بە بەرەکەتی ئەم مەعریفەیە ئازاد دەبن؟ ئەم



جۆرە چیرۆکانە تەنیا لە هێگڵ دەوەشێتەوە. خودی ئەم راستیە کە تا ئێستا لایەنگرانی کۆمەڵناسی مەعریفە پارێزگاریان لەم پێش داوەرییە کردووە، دەریدەخات کە بۆ رزگاربوون لە ئایدۆلۆژییەکان، رێیەکی قەدبڕ لە ئارادانییە. (کاتێ یەکێك بوو بە هێگڵی، بۆ هەتا هەتایە هێگلییە). خودشیکاری ناتوانێ جێگای ئەو کارانە بگرێتەوە کە بۆ دامەزراندنی دەزگا دیموکراتیکەکان پێویستە و تاکە گرانتی ئازادی بیری هەڵسەنگێنەر و پێشکەوتنی زانستیە.

# ٢٤ فەلسەفەی غەیبیێژانە و ڕاپەڕین دژی عەقڵ

مارکس پەیڕەوکاری عەقڵانیەت و ئاوەز پیشەبوو. ئەویش وەکو سوقرات و کانت لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە عەقڵی ئادەمیزاد بناغەی یەکیەتی مرۆڤە. بەڵام ڕێنماییەکەی کە دەڵێ بەرژەوەندی چینایەتی دەبێتە هۆی پێك هێنانی راو بیروبۆچوونەکانمان، لەناچوونی ئەو بیروباوەڕەی خێراتر کرد. ڕێنماییەکانی ئەویش وەکو هێگل کە دەیگوت وێناکانمان هۆبەندی بەرژەوەندی و نەریتە نەتەوەییەکانە، هێدی هێدی رەگی بڕوابوون بە عەقڵی سست و لاواز کرد کە سەرچاوەکەی بۆ پەیڕەوی کردن لە ڕێچکەی عەقڵانی دەگەڕایەوە. هەڵوێستی عەقڵانی سەبارەت بە پرسە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان کە بەم چەشنە لە راست و چەپەوە هەڕەشەی لێدەکرا، کاتێ لەناو جەرگەی سوپاوە کەوتە بەرهێرشی و پەلاماری مێژووگەرا پێشگۆکارو ناعەقڵانییە غەیبیێژەکانەوە، توانای خۆڕاگرتنی نەما. هەربۆیە سەیردەکەین دژایەتی نێوان عەقڵانیەت و ناعەقڵانیەت بوو بە گرنگترین مژاری جێگەی ناکۆکی هزری و تەنانەت ئەخلاقی سەردەمی ئێمە.

## ١

بە هەڵە هەردوو زاراوەی ((عەقڵ)) و ((عەقڵانیەت)) ئاوێتەی یەکترکراون و هەر بۆیە لێرەدا پێویستە بە کورتی روونکردنەوەیەك لەمەڕ بەکارهێنانەکانیان بخرێتەڕوو. سەرەتا دەتوانین بڵێین هەردووکیان بە مانای گشتی بەکاردەهێنرێن{١} و لەم بەکارهێنانەدا نەك هەر چالاکی هزری، بەڵکو بینین و تاقیکردنەوەش لەخۆ دەگرێ، چونکە ((عەقڵ)) و (عەقڵانیەت)) زۆربەی کات بە مانایەکی جیاواز و سنووردار، نەك لە بەرامبەر ((ناعەقڵانیەت)) بەڵکو لە بەرامبەر ((ڕێچکەی ئەزموونی)) بەکاردەهێنرێت. ئەگەر زاراوەی ((ڕێچکەی عەقڵی)) یان



((عەقڵانیەت)) بۆ مانایەکی ئەوتۆ دابنرێت، مەبەست لێی بەپەسند زانینی بیروعەقڵیە بەسەر بینین و تاقیکردنەوەدا، هەر بۆیە دەتوانین بە ((ئاوەزباوەڕی)) یان ((عەقڵانیەت)) یان ((ڕێبازی عەقڵاندن)) ناو زەدی بکەین. بەڵام کاتێ من باسی ((عەقڵانیەت)) دەکەم، ئەم زاراوەیە، هەردوو ((ڕێچکەی ئەزموونی)) و ((ڕێبازی عەقڵاندن)) دەگرێتەوە، ڕێك هەروەك چۆن زانست، هەم سوود لە تاقیکردنەوە وەردەگرێت و هەم لە هزر. دووەم، ئەو مانایەی کە من لە زاراوەی ((عەقڵانیەت))ی دەخوازم، کەم تا زۆر دەلالەت لە هەڵوێستێك دەکات کە لایەنگرەکانی دەیانەوێت بابەتەکان هەرچی زۆرتر بە پەنابردن بۆ عەقڵ، واتە دووربینی و ئەزموون، چارەسەر بکەن، نەك بە پەنابردنە بەر هەڵچون و جۆش و خرۆش. هەڵبەتە ئەم روونکردنەوەیە وەکو هەموو زاراوەیەکی تری وەك ((عەقڵ)) و ((جۆش و خرۆش)) و ((هەڵچوون)) هێندە جیگەی رەزامەندی نییە. ئێمە بەم مانایە خودان ((عەقڵ)) و ((جۆش و خرۆش)) نین کە خاوەن هەندێ ئەندامی وەکو مێشك و دڵین یان هەندێ ((هێزی)) وەکو هێزی قسەکردن و ددان جیڕکردنەوەمان هەیە. کەواتە بۆ ئەوەی وردتر دوابین، باشتر وایە لە چوارچێوەی کردار یان رەفتارەکاندا عەقڵانیەت روون بکەینەوە. لەم حاڵەتەدا رەنگە بڵێین عەقڵانیەت یان بەڵگەخوازیی بریتییە لە ئامادەیی بۆ بیستنی بەڵگەی رەخنەگرانە و ئەزموون وەرگرتن و لە بنچینەدا هەڵوێستی ئەو کەسەیە کە دان بەوە دادەنێت **((رەنگە من هەڵە بکەم و ئێوە لەسەر هەق بن، بەڵام ئەگەر هەوڵ بدەین، ئەگەری ئەوە هەیە لە حەقیقەت نزیکتر ببینەوە))**، هەڵوێست و تێڕوانینی کەسێکە کە بە ئاسانی بێ هیوا نابێت لەوەی کە خەڵك بتوانن لە ڕێگای هەندێ ئامرازی وەکو بەڵگەخوازی و بینینی وردەوە، لەمەڕ گەلێ پرسی گرنگەوە ڕێکبکەون و ئاواتەخوازە تەنانەت لەو شوێنەش کە خواست و بەرژەوەندی تاکەکان تووشی بەریەککەوتن و لێك خشان دێت، هێشتا توانای بەڵگەخوازییان هەبێت سەبارەت بە خواست و پێشنیارە جۆراوجۆرەکانی خۆیان و لەوانەیە بتوانن لە ڕێگەی داناییەوە، بگەنە ئاشتەواییەك کە بەهۆی دادپەروەرانە بوونی، ئەگەر نەڵێین بۆ هەموویان، لانی کەم بۆ زۆربەیان جێگای پەسند بێت. بەکورتی، هەڵوێستی عەقڵانی یان ئەگەر بتوانین ئەم ناونیشانە بەکاربێنین واتە، ((هەڵوێستی ماقوڵانە))[١]، زۆر هاوچەشنی هەڵوێستی زانستیە، هاوتای ئەم بیروباوەڕەیە کە دەبێ بۆ گەڕان بە دوای حەقیقەتدا هاوکاری یەکتر بکەین و بەیارمەتی بەڵگەخوازی، هێدی هێدی دەتوانین تاڕادەیەك دەستمان بە بابەتیەت رابگات.

1. Attitude of reasonableness

له هەندێ لایەنەوە گرنگە ئەم پێکچوونەی نێوان هەڵوێستی عەقڵانی و هەڵوێستی زانستی زیاتر شی بکەینەوە. لە بەشی رابردوودا، هەوڵماندا لایەنی کۆمەڵایەتی میتۆدی زانستی بە یارمەتی چیرۆکی دروستکراوی ئەهلی زانست بوونی رۆبنسۆن کروزۆ، زیاتر ڤاڵا بکەین. لە رێگای تێبینی هاوچەشنە ئەوەوە، دەتوانین پەی بە خەسڵەتی کۆمەڵایەتی تێڕوانینی عەقڵانی- بەجیاکردنەوە لە توانای هزری و عەقڵی و بیرتیژانە- ببەین. عەقڵ و بەڵگەخوازیش وەکو زمان، بەرهەمی ژیانی کۆمەڵایەتییە. ئەگەر کەسێکی وەکو رۆبنسۆن کروزۆ لە منداڵیەوە لە دوورگەیەکی دوورە دەستدا بە تەنیایی بەرەڵا بکرێت، لەوانەیە هێندە زیرەك و هۆشیار بێت کە بەسەر گەلێ کێشەدا زاڵ بێت، بەڵام نەدەتوانێت زمان دابهێنێت و نە توانای ئەوەیە هەیە تەکنیکی ئەرگۆمێنت و بەڵگەخوازی نووژەن (اختراع) بکات. گومانی تێدا نییە کە هەموومان زۆرکات لەگەڵ خۆماندا بەڵگەخوازی دەکەین، بەڵام بەم هۆیەوە خوومان بەم کارە گرتووە کە فێری بەڵگەخوازی بووینە لەبەرامبەر ئەوانیتردا و بە تاقیکردنەوە بۆمان دەرکەوتووە ئەوەی حسێبی لەسەر دەکرێ بەڵگەخوازییە نەك تاکی بەڵگەخواز. (هەڵبەتە کاتێ لەگەڵ خۆماندا بەڵگەخوازی دەکەین، ئەم تێبینیە دواییان کاریگەری نییە). کەواتە، پێویستە بڵێین بەڵگەخوازییەکانیشمان وەکو زمانمان، قەرزداری هەڵسوکەوت و هاتوچۆیە لە تەك ئەوانیتردا. ئەو کەسەی پابەندی هەڵوێستی عەقڵانیە، حسێب لەسەر بەڵگەخوازی دەکات. ئەم راستیە خودان گرنگیەکی بەرفراوانە و ئەم بۆچوونەی لێ دەکەوێتەوە کە دەبێ لەگەڵ هەر کەسێکدا کە ئاڵوویری ماناو گۆڕینەوەی هزر دەکەین، بە ماتە ژێدەری بەڵگەو چاوگی زانیاری عەقڵانی لە قەڵەمی بدەین. هەر بەم راستیە بناغەی ئەو شتەی رەنگە بە ((یەکیەتی عەقڵانی مرۆڤ)) ناوزەدی بکەین، تۆکمە و سەقامگیر دەبێت.

بەمانایەك دەتوانین بڵێین شیکردنەوەمان بۆ ((عەقڵ)) تاڕادەیەك هاوچەشنی شیکردنەوەی هێگل و هێگلیەکانە کە عاقڵ بە بەرهەمێکی کۆمەڵایەتی و لەڕاستیدا، بە بەشێك لە گیان یان رۆحی کۆمەڵگا (بۆ نموونە گەل یان نەتەوە یان چین) لە قەڵەم دەدەن و لەژێر کاریگەری بیرکدا، دەتوانین بڵێین لە هەموو لایەکەوە بە قەرزداری میراتی کۆمەڵایەتیمان دەزانن. هەڵبەتە گومانێك لەسەر هەندێ پێکچوونی نێوان شیکردنەوەی ئێمە و ئەوان نییە. بەڵام هەندێ جیاوازی گەورەش لە ئارادایە. هێگل و هێگلیەکان کۆ بە بنچینە دەزانن و بەڵگەخوازییەکەیان ئەوەیە کە لەبەر ئەوەی ئێمە بۆ عەقڵ قەرزداری کۆمەڵگا- یان جۆرێکی تایبەت لە کۆمەڵگا بۆ نموونە نەتەوە-ین، کەواتە کۆمەڵگا واتە هەموو شتێك و تاك واتە هیچ، تاك هەر بەهایەکی



هەبێت، ئەم بەهایە لە کۆوە سەرچاوە دەگرێت کە گوێزەرەوەی حەقیقی هەموو بەهاکانە. لە بەرامبەردا، بەپێی ئەو شیکردنەوەی لەسەرەوە کردمان، بوونی کۆ بە بنچینەیەکی بەڵگەنەویست لە قەڵەم نادرێت. بۆ نموونە ئەگەر من بڵێم ئێمە بۆ عەقڵ قەرزداری کۆمەڵگاین، بەردەوام مەبەستم ئەوەیە کە بۆ عەقڵمان بە هەندێ تاکەکەسی دیاریکراو و دەستنیشان کراوە- هەرچەندە ژمارەیەکی زۆر کەسی نەناسراویش بن- و بە ئاڵوێری هزری و عەقڵی لەگەڵ ئەوان، قەرزدارین. لەم روویەوە، کاتێ لە تیۆری ((کۆمەڵایەتی)) عەقڵ (یان میتۆدی زانستی) دەدوێین، بە چەشنێکی وردتر مەبەستم تیۆرێکە کە لەسەر بنەمای {پەیوەندی} نێوان تاکەکان دامەزراوە نەك ئەو تیۆرەی کە لەسەر کۆگەرایی دارێژراوە. هیچ گومانێك لەمەڕ قەرزی زۆر و زەوەندمان دەرهەق بە نەریت و گرنگی نەریتەکان نییە، بەڵام دیسان دەبێ خودی زاراوەی ((نەریت))یش بۆ پەیوەندی تاکەکەسی دیاریکراو و دەستنیشان کراو شیتەڵ بکەینەوە[٢]. ئەگەر کارێکی ئەوتۆ ئەنجام بدەین، دەتوانین لەم هەڵوێست و تێڕوانینە رزگارمان بێت کە هەموو نەریتێك بە پیرۆز و لە خودی خۆیدا بە بەها لە قەڵەم بدەین و لەبەرامبەردا دەتوانین هەڵوێستێکی ئەوتۆ وەرگرین کە بەپێی کاریگەریان لەسەر تاکەکان، نەریتەکان بە بەهادار یان زیانبەخش بژمێرین. رەنگە لەم رێگەوە پەی بەوە ببەین کە هەر کام لە ئێمە، بەو سەرمەشقەی پێشکەشی دەکەین و لە رێگای رەخنەو هەڵسەنگاندنەکانمانەوە، لەوانەیە یارمەتی گەشە یان رووخاندنی ئەم نەریتانە بکەین.

ئەم هەڵوێست و تێڕوانینەی لێرەدا کاری پێ دەکەین، لەگەڵ ئەم بۆچوونە خەڵك پەسند و لە بنەڕەتدا ئەفلاتونیەدا گەلێ جیاوازی هەیە کە عەقڵ بە جۆرە ((هێز))ێکی مرۆیی دەناسێنێت کە تاکەکان بەبڕی جیاواز و نایەکسان لێی بەهرەمەند دەبن و بە پلەی زۆر جیاواز گرنگی بە پەروەردەکردنی دەدەن {لەنێو خۆیان}دا، گومانی تێدا نییە کە رەنگە توانای هزری و عەقڵی {تاکەکان} جیاواز بێت و تەنانەت کاریگەری لەسەر ئەوەش هەبێت کە تاك شێوازی عەقڵانی هەڵبژێرێت. بەڵام حەتمەن مەرج نییە وابێت. لەوانەیە کەسە هۆشمەندەکان لە هەمان کاتدا زۆر نادادپەروەر و نا ماقوڵ بن و بەهیچ چەشنێك دەست لە پێش داوەرییەکانی خۆیان هەڵنەگرن و هەرگیز بایەخ بۆ بیروباوەڕی ئەوانیتردانەنێن. ئەوەی ئێمە ئێژین ئەوەیە کە نەك هەر بۆ عەقڵی خۆمان قەرزداری خەڵکانی ترین، بەڵکو هەرگیز ناتوانین بە چەشنێك لە عەقڵانی بووندا پێش ئەوانیتر بکەوینەوەو بانگەشەی ئۆتوریتە و مەرجەعیەت بکەین. ئۆتوریتەخوازی و رێچکەی عەقڵانی، بەو مانایەی ئێمە لە هزرمان

دایە، هیچ کاتێ لە تەك یەکترا کۆك نابن، چونکە بنەمای کاری تاکی دادپەروەر و ماقوڵ، ئەرگۆمینت و بەڵگەخوازییە کە رەخنەو هەڵسەنگاندن و هونەری گوێگرتنیش لەخۆ دەگرێت. کەواتە، رێچکەی بەڵگەخوازی یان عەقڵی، بەو مانایەی ئێمە بەکاری دەهێنین، خاڵی پێچەوانەی خەونی ئەفلاتونیە. کەسانێکی ئەوتۆ خەوی لەم چەشنە دەبینین کە لە خەونی ((جیهانە بوێرە جوانەکان))دا دەژین- ئەو جیهانانە کە تێیدا عەقڵێکی بەرزتر لە عەقڵی ئەوانیتر ((بەرنامە)) بۆ پەروەردەکردنی شعوری خەڵك دابنێت و جڵەوەکەی بگرێتە دەست. بەڵگەخوازی و عەقڵیش وەکو زانست، لە ژێر بەرەکەتی رەخنەو هەڵسەنگاندنی دوولایەنەدا گەشە دەکات و تاکە رێگای شیاو بۆ ((پلان دانان)) بۆ گەشەی عەقڵ، پێك هێنان و پەروەردەکردنی ئەو دەزگایانەیە کە پارێزەرو گرانتی ئازادی رەخنە، واتە ئازادی بیروڕان. نابێ ئەوەمان لە یاد بچێت کە تەنانەت ئەفلاتونیش، سەرەڕای ئەوە کە بڕوای بە تیۆرێکە کە لەسەر بناغەی ئوتوریتەخوازی دامەزراوەو خوازیاری ئەوەیە گەشەی عەقڵیی زێرەڤانەکانی[٢] (هەروەك بەتایبەتی لە بەشی هەشتەمدا ئاماژەمان پێکرد) بە تەواوی کۆنتڕۆڵ کراو بێت، **کەچی بەم شێواز و داڕشتنەی کە لە نووسیندا بەکاری دێنێت**، رێز لە تیۆرەکەمان دەگرێت کە کۆڵەگەکەی لەسەر پەیوەندی نێوان تاکەکان داڕێژراوە. بەشی زۆری بەڵگەخوازییە کۆنەکانی بۆ وەسف کردنی ئەو بەڵگەخوازییانەیە کە بە رۆحێکی گەلێ عەقڵانیەوە ئەنجام دەدرێن.

لەوانەیە مەبەستەکەم لەمەڕ زاراوەی ((رێچکەی عەقڵی)) تاڕادەیەك رۆشنتربێت ئەگەر جیاوازی لە نێوان رێچکەی عەقڵیی راستەقینە و رێچکەی عەقڵیی درۆین یان نیمچە عەقڵانی، دابنێین. ئەوەی من بە ((رێچکەی عەقڵیی راستەقینە)) ناوزەدی دەکەم هەمان رێچکەی عەقڵیی سوقراتە- واتە هۆشیاری تاك لە هەمبەر سنووری توانای خۆی و خاکەڕێیی هزری و عەقڵی ئەو کەسانەی دەزانن چەندە هەڵە دەکەن و ئاگاداری ئەوەن کە تەنانەت بۆ ئەم برە زانینەش تا چەندە پەیوەستن بەوانیترەوە، واتە پەی بردن بەوە کە نابێ چاوەڕوانی لە ڕادەبەدەرمان لە عەقڵ هەبێت، واتە تێگەیشتن لەم خاڵە کە بەڵگەخوازی بە دەگمەن بابەتێك یەکالا دەکاتەوە بەڵام تاکە رێگای فێربوونە- هەڵبەتە نەك فێربوونی رۆشن بینی بەڵکو رۆشن بینی زیاتر لە رابردوو. ئەوەی من بە ((رێچکەی نیمچەعەقڵانی)) ناوزەدی دەکەم هەمان

٢. هەروەك پێشتر ئاماژەمان بۆکرد، لای ئەفلاتوون "زێرەڤانان" بەواتای فەرمانڕەوای باشترین شارەکەی دێت.



شهودی عەقڵی ئەفلاتونە- واتە بڕوایەکی هەڵەشانە و یاخیانە بە توانای عەقڵی خۆ و بانگەشەکردنی زاڵبوون بەسەر نهێنی و مەعریفەی یەکلاکەرەوە و مەرجەعیەت. بەبڕوای ئەفلاتون، سۆسە یان زەن- تەنانەت ((سۆسەی راست))، هەروەك لە نامەی تیمایۆسدا هاتووە{٣}- ((هاوبەشی نێوان هەموو مرۆڤەکانە، بەڵام عەقڵ {یان ((پێژنی {شهودی} عەقڵی))} تەنیا لەنێو خواوەندەکان و ژمارەیەکی کەمی مرۆڤەکاندا هاوبەشە)). ئەم عەقڵانیەتە هاوجووت لەگەڵ ئوتوریتەخوازییە، ئەم بڕوا پۆڵاینە بە خاوەن بوونی ئامرازی هەڵەنەکار یان میتۆدی هەڵەنەکەری دۆزینەوە، ئەم بێ توانابییە لە جیاوازی دانان لە نێوان هێزی عەقڵیی مرۆیی و قەرزداری دەرهەق بە ئەوانیتر لەمەڕ هەموو ئەو شتانەی کە ئەگەری ئەوە هەبووە بیانزانێت یان لێیان تێ بگات، ئەم رێچکە نیمچە عەقڵانیە، بەزۆری بە ((رێچکەی عەقڵی)) دەناسرێت، ئەوە لەکاتێکدایە دەکەوێتە جەمسەری پێچەوانەی ئەو شتەی ئێمە بەم جۆرە ناوزەدی دەکەین.

بە تەواوی دان بەوە دادەنێم کە گومانی تێدا نییە شیکردنەوەکەم لەمەڕ هەڵوێستی عەقلانی، هەم زۆر ناتەواو و هەم تاڕادەیەك ناروونە، بەڵام سەبارەت بەو مەبەستەی کە هەمە کافییە. ئێستا بە هەمان شێوە گەرەکمە وەسفی رێچکەی ناعەقڵانی یان نا بەڵگەخوازانە بکەم و لە هەمان کاتدا، دەریبخەم تاکی ناعەقڵانی چۆن ئەگەری ئەوە هەیە بەرگری بکات.

دەتوانین هەڵوێست و تێڕوانینی نابەڵگەخوازانە بە چەشنەی لای خوارەوەشی بکەینەوە. لایەنگری ئەم رێچکەیە رەنگە ئەوە پەسند بکات کە ئەگەر بمانەوێت لە ئاست و رووی دۆخەکاندا بمێنینەوە یان بگەین بە مەبەستێکی ناعەقڵانی، عەقڵ و بەڵگەخوازی زانستی ئامرازێکی خراپ نییە، بەڵام ئەو دەست لەم بیروباوەڕە هەڵناگرێت کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی ((سروشتی مرۆڤ)) نابەڵگەخوازانەیە. بەبڕوای ئەو، مرۆڤ لەلایەکەوە لە ئاژەڵی قسەکەر یان گیانلەبەرێکی عەقڵمەند، بەرزترەو لەلایەکی ترەوە، نزمترە. بۆ ئەوەی پەی بەلایەنی دووەم ببەین، هەر ئەوەندە بەسە ئەوە بێنینە بەرچاوی خۆمان کە ژمارەی ئەو کەسانە چەندە کەمە کە توانای بەڵگەخوازیان هەیە. کەواتە، بەبڕوای پیاوی ناعەقڵانی، هەمیشە ناچارین لە رێگای پەنابردن بۆ هەڵچوون و جۆش و خرۆشەوە لەگەڵ زۆرینەی خەڵکدا بەرەو رووببێنەوە، نەك بە پەنا بردن بۆ عەقڵ و بەڵگەخوازی. لەلایەکی دیکەوە، مرۆڤ لەهەمان کاتدا بەرزترە لە گیانلەبەرێکی عەقڵمەند، چونکە هەرچییەك لە ژیانیدا بەڕاستی گرنگی هەیە، لە سنووری

عەقڵ تێدەپەڕێت. تەنانەت ئەو ژمارە کەمەی زانایانیش کە عەقڵ و زانست بەجدی وەردەگرن، بەهۆی ئەو ئەڤینەی دەرهەق بە هەڵوێستە عەقڵانیەکەی خۆیان هەیانە، پێیەوە پابەندن. کەواتە تەنانەت لەم جۆرە حاڵەتە دەگمەنانەشدا دووبارە بینای سۆزداری و هەڵچوونی مرۆڤە کە هەڵوێست و شێوازی بیرکردنەوەی دیاری دەکات نەك عەقڵ. ئەوکات ئەوەی دەبێتە هۆی گەورەیی هەر زانایەك، تێگەیشتنی شهودی و تێڕوانینی عیرفانی خۆیەتی لەمەڕ حەقیقەتی دۆخەکان، نەك عەقڵاندن و بەڵگەخوازی. کەواتە ڕێچکەی عەقڵانی تەنانەت بێ توانایە لە پاساو هێنانەوەیەکی کافی و پێویست بۆ چالاکیە بەڕواڵەت عەقڵیەکانی زاناکانیش. تازە ئەوە لە بازنەی زانستە کە لەگەڵ بەڵگەخوازی و پاساوی عەقڵانیدا گونجاوی و یارمەتی تایبەتی هەیە، کاتێ دەچینە سەر پانتاییەکانی تری چالاکی مرۆڤ، نابێ ئەوە بەدوور بزانین کە دەستی عەقڵ و بەڵگەخوازی تەنانەت لەمەش کورتتر ببێتەوە، هەروەك چۆن سەیر دەکەین چاوەڕوانییەکانمان ڕاست دەرناچێت. لایەنەکانی نزمتری سروشتی مرۆڤ بەلاوە دەنێین و لە یەکێك لە بەرزترین رووەکانی، واتە هێزی ئافرێنەریی مرۆڤ، دەڕوانین، دیسان دەبینین ئەو خاوەن بەهرانەی کە بەرهەمێکی وجودییان هەیە- واتە ئافرێنەرانی بەرهەمە هونەری و هزرییەکان و دامەزرێنەرانی ئایینەکان و گەورە پیاوە سیاسییەکان و کەسە نائاساییەکان کە دەرفەتمان بۆ دەرەخسێنن، بۆ ساتێکیش بوو بێت، پەی بە مەزنی راستەقینەی مرۆڤ ببەین- زۆر کەمن و بەپەنجەی دەست دژمێردرێن. ئەوە لەکاتێك دایە کە هەر ئەم پێشەوایانەی مرۆڤیش هەرچەندە وەکو ڕێگەی بەرەو پێش بردنی مەبەستەکانی خۆیان سوود لە عەقڵ وەردەگرن، کەچی هیچ کاتێ پابەندی عەقڵ و بەڵگەخوازی نابن. ڕەگ و ریشەکانیان بەرەو خوارتر ڕۆدەچێت و لە قوڵایی غەریزە و پاڵنەرەکانی خۆیان و کۆمەڵەکەیاندا سەرچاوە دەگرێت. ئافرێنەری، هێزێکی تەواو نابەڵگەخوازانە و عیرفانیە ...

## ٢

پرسی جێگەی کێشەی نێوان لایەنگرانی عەقڵانیەت و ڕێچکەی ناعەقڵانی، بۆ رابردووە دوورە دەستەکان دەگەڕێتەوە. گومانی تێدا نییە کە فەلسەفەی یۆنان لە بەراییدا بۆ ئەنجامدانی کاری عەقڵانی دەستی پێ کرد، بەڵام هەر لەم بەراییەدا ڕەگ و ریشەی عیرفانیشی تێدا بوو. هەروەك لەبەشی دەیەمدا ئاماژەمان بۆ کرد، بوونی ئەم جۆرە توخمە عیرفانیە لە ڕێبازێکدا کە بنچینەیەکی عەقڵانی هەبوو، گوزارشتی لە دڵتەنگی بۆ یەکیەتی و ئاسایشی لەدەست چووی



ڕۆژگاری خێڵنشینی دەکرد[٤]. یەکەمین جار کە دژایەتی نێوان عەقڵانیەت و ناعەقڵانیەت پەردەی لەڕوو هەڵماڵدرا و ناتەبایی نێوان فەلسەفی سکۆلاستیك و عیرفان خۆی دەرخست، لە سەدەکانی ناڤین دابوو. (شایانی باسە ڕێچکەی عەقڵانی لە ویلایەتەکانی پێشووی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمدا گەشەی کردبوو، ئەوە لەکاتێکدایە ئەو کەسانەی لە عیرفاندا پلەوپایەی بەرزیان بەدەست هێنا خەڵکی وڵاتە ((بەربەر))ـەکان بوون). لەسەدەی حەڤدە و هەژدەو نۆزدەدا، لەگەڵ بەرزبوونەوەی کاری عەقڵانیەت و عەقڵ باوەڕی و ماتریالیستی، سەرەنجام لایەنگرانی ناعەقڵانیەت ناچاربوون گرنگیەکی زیاتر بەم شەپۆڵە بدەن و بۆ ردکردنەوەی، لە هەوڵی بەڵگەخوازی دابن. هەندێ لەم ڕەخنەگرانە و یەك لەوان بێرك کەوتنە هەوڵدان بۆ ئاشکراکردنی سنوور و بەرتەسکیەکانی ئەم ڕێچکە ناعەقڵانیە (کە هێشتا لە ڕێچکەی عەقڵیجیایان نەدەکردەوە بەم مانایەی کە جێگای پەسندی ئێمە) و لە قاودانی و بانگەشەی سەرەڕۆیانەی لایەنگرەکانی و لەم ڕێڕەوەدا وایان لە هەموو عەقڵگەرا راستەقینەکان کرد ڕێز و ستایشیان بۆ بنرێن. بەڵام ئێستا ڕۆژگار گۆڕاوەو (بە وتەی کانت) ((کینایانی بەڕاستی پڕ مانا... و حەکایەتی ڕەمزی)) بۆتە مۆدیلی ڕۆژ. هەندێ کەسی وەك برگسۆن و زۆربەی فەیلەسووفە و بیرمەندە ئەڵمانییەکان، بیناکەیان لەسەر جۆرە غەیبیبێژییەکی دژە عەقڵ داناوەو خوویان بەوەگرتووە بوونی بوونەوەرە سووك و چرووکەکانی وەکو لایەنگرانی عەقڵانیەت بە هەند هەڵنەگرن یان ئەگەر زۆر دڵسۆزی لەگەڵ دابنوێنن، بە مایەی داخ و پەژارەی لەقەڵەم بدەن. لەڕوانگەی ئەمانەوە، پەیڕەوکارانی عەقڵانیەت- یان بەو جۆرەی کە زۆربەی کات لە قەڵەم دەدرێن، واتە ((ماتریالیستەکان))- و بەتایبەتی ئەو زانایانەی بڕوایان بە عەقڵ و بەڵگەخوازی هەیە، هەندێ ڕۆح وشك هەڵگەڕاون کە خەریکی چالاکی بێ ڕۆح و زۆرتر ماشینین[٥] و بەتەواوی غافڵن لە پرسی قوڵی چارەنووسی مرۆڤ و حیکمەتەکەی. بەزۆری عەقڵگەراکانیش شتێکی لەم چەشنە دەکەن و گوتەی لایەنگرانی ناعەقڵانیەت بە قسەی پڕوپووچ و ڕەدکراوە دەژمێرن. هیچ کاتێ تاکو ئێستا، لێك پچڕانی پەیوەندی نەگەیشتۆتە ئەم ڕادەیە. گرنگی پچڕانی پەیوەندی دیپلۆماسی فەیلەسووفەکان لەکاتێکدا سەلما کە بوو بەهۆی پچڕانی پەیوەندی دیپلۆماتیکی نێوان دەوڵەتەکان.

لەم کێشەیەدا ئەو لایەنەی من لایەنگری لێ دەکەم، عەقڵە. تەنانەت ئەگەر هەست بەوە بکەم کە عەقڵگەراکان درێژدادڕی دەکەن، دیسان لەگەڵیاندا هاوسۆزم، چونکە پێم وایە زێدەڕۆیی لەم لایەنەوە (تا کاتێك کە سەرەڕۆیی و هەڵەشەیی لایەنگرانی ڕێچکەی نیمچە عەقڵانی ئەفلاتون

بەرێزپەڕ دابنێین)، بە بەراورد لەگەڵ زێدەڕۆیی لایەنەکەی تریان، گەلێ بێ زیانترە. بەبڕوای من، عەقڵانیەت تەنیا کاتێ دەتوانێ زیانی هەبێت کە تەور لەڕەگی خۆی بدات و دژکردەوەی ناعەقڵانیەکان توندوتیژتر بکات. تەنیا ئەم مەترسیە وام لێدەکات بۆ ئەوەی توێژینەوەیەکی قوڵتر لەسەر بانگەشەی بەڵگەخوازگەرا توندڕۆکان بکەم و خوازیاری عەقڵانیەتێکی خاکەڕێ تر بم کە رەخنە لەخۆی دەگرێت و بڕوای بە هەندێ سنوور هەیە. کەواتە، لەدرێژەی باسەکەماندا لە نێوان دوو جۆرە هەڵوێستی عەقڵیدا جیاوازی دادەنێین و یەکیان بە ((ڕێچکەی عەقڵانی رەخنەیی {یان هەڵسەنگێنراو}[٣])) ناودێر دەکەین و ئەویتریان بە ((ڕێچکەی عەقڵانی نا رەخنەیی {یان ناهەڵسەنگێنراو}[٤])) یان ((سەرتاپاگیر))[٥]. (ئەم جیاوازییە، سەربەخۆ لە پۆلێن کردنی پێشووی ڕێچکەی عەقڵانی بەسەر دوو جۆری ((راستەقینە)) و ((درۆیین)) دابەش دەبێت، وەك بلێیی ڕێچکەی عەقڵی ((راستەقینە)) بە واتای جێگەی پەسندی من، ناکرێ لە هەمان کاتدا خاڵی بێت لە رەخنە و هەڵسەنگاندن).

عەقڵانیەتی نارەخنەیی یا سەرتاپاگیر، هەڵوێست و تێڕوانینی کەسێکە کە دەڵێت ((ئامادەنیم هیچ شتێك قبوڵ بکەم ئەگەر بە پشتیوانی بەڵگە یان ئەزموون بۆ بەرگری لێکردن نەشێت)) و هەروەها دەتوانین لە شێوەی ئەم بنچینەیەدا دەریببڕین کە هەر گریمانەیەك ئەگەر پشت بە بەڵگەخوازی و ئەزموون نەبەستێت، دەبێ وازی لێ بهێنرێت[٦]. بەڵام بە ئاسانی بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم بنچینەیە هەڵگری دژایەتیە، چونکە ناکرێ خۆی پشت بە بەڵگە یان ئەزموون ببەستێت و هەربۆیە دەبێ بەپێی زەرووڕەتی لۆژیکی بەلاوە بنرێت و (لەم ڕوویەوە، هاوتای پارادۆکسی درۆزنە، واتە ئەو رستەیەی کە حوکم لەسەر چەوتی (درۆی) خۆی دەکات)[٧]. کەواتە ڕێچکەی عەقڵانی یان بەڵگەخوازی نارەخنەیی بەپێی لۆژیك بۆ بەرگری لێکردن ناشێت و لەبەر ئەوەی ئەم شتە لە ڕێگای بەڵگەخوازی لۆژیکی رووتەوە دەسەلمێت، هەر بۆیە دەتوانین لایەنگرانی ئەم ڕێچکەیە بە چەکی هەڵبژاردەی خۆیان، واتە بەڵگەخوازی تێك بشکێنین.

رەنگە بتوانین گشتیەت بەم رەخنەیە ببەخشین. لەبەرئەوەی هەموو بەڵگەخوازییەك دەبێ لە گریمانەوە دەست پێ بکات، ئاشکرایە ئەگەر چاوەڕوانی ئەوەمان هەبێت خودی گریمانەکانیش

3. Critical rationalism
4. Uncritical rationalism
5. comprehensive rationalism



بەڵگەخوازیان لە پێشەوە بێت، ئەوا چاوەڕوانی شتێکی مەحاڵمان کردووە. گەلێ لە فەیلەسووفەکان چاوەڕوانی ئەوەیان هەیە کە هیچ شتێك بە بەڵگەنەویست لە قەڵەم نەدەین و هیچ بەڵگەیەك بە کافی نەژمێرین. ئەوانیتر بۆ ئەوەی هەندێ لە چاوەڕوانیەکانیان کەم کردبێتەوە، دەڵێن ژمارەی گریمانەکان یان ((وتەزاکان))[٦] دەبێ زۆر کەم بێت. بەڵام چاوەڕوانی هەر دوو دەستەکە هەڵگری دژایەتییە، چونکە خۆی لەسەر بنەمای ئەم گریمانە زەبەلاحە داڕێژراوە کە ئەگەری ئەوە هەیە بە بێ هیچ گریمانەیەك یان لەچەند گریمانە کە بە پەنجەی دەست دژمێردرێن دەست پێ بکرێت و بەم حاڵەش، بگەینە دەرەنجامی بە نرخ. (لەڕاستیدا پێویستە بڵێین، بەپێچەوانەی ئەوەی هەندێ کەس بۆی دەچن، بنچینەی خۆبواردن لە هەموو جۆرە پێش گریمانەیەك {یان پرنسیپی بابەتی} نەك هەر ڕێنوێنێك نییە بۆ بەدەست هێنانی تەواویی {کەمال}، بەڵکو خۆی ڕوویەکی تری هەمان پارادۆکسی درۆزنەکەیە[٨]).

ئەوەی لەسەری دواین تاڕادەیەك گشتی بوو. بەڵام دەتوانین بە وەبەرچاوگرتنی مژاری ڕێچکەی عەقڵیی، بەشێوەیەك کە کەمتر لایەنی رواڵەتی هەبێت دەریببڕین. تایبەتمەندی هەڵوێستی عەقڵانی گرنگیەکە کە پەیڕەوکارەکانی بۆ بەڵگەخوازی و ئەزموونی دادەنێن. بەڵام نە بەڵگەی لۆژیکی دەتوانێت هەڵوێستی عەقڵی یان بەڵگەخوازی لە کەسێکدا دابکوتێت نە ئەزموون، چونکە بەڵگەخوازی و ئەزموون تەنیا کاریگەری لەسەر ئەو کەسانە دادەنێن کە پێشتر ئامادە بوونە هەڵیبسەنگێنن و کەواتە، هەر لە سەرەتاوە ئەم هەڵوێستەیان وەرگرتبێت. بەجۆرێکی تر، مەرجی کاریگەربوونی بەڵگەخوازی یان ئەزموون ئەوەیە کە یەکەم، یەکێك پابەندی هەڵوێستی بەڵگەخوازی یان عەقڵانی بوو بێت و لەم ڕوویەوە، ئەم هەڵوێستە ناکرێت خۆی لەسەر بەڵگەخوازی و ئەزموون دامەزرابێت. (ئەم تێبینیە بەتەواوی لەم پرسە سەربەخۆیە کە ئایا هەر لە بنچینەدا بەڵگەخوازی رازیکار بۆ وەرگرتنی هەڵوێستی بەڵگەخوازانە بوونی هەیە یان نا). کەواتە بەناچاری دەگەینە ئەم دەرەنجامە کە بەڵگەی عەقڵیی لەسەر ئەو کەسەی نەیەوێت هەڵوێستی عەقڵانی وەرگرێت، هیچ چەشنە کاریگەرییەکی عەقڵانی نابێت و هەربۆیە ڕێچکەی عەقڵانی سەرتاپاگیر بۆ بەرگری لێکردن ناشێت.

ئەوەی ئاماژەمان بۆ کرد بەم مانایەیە کە بۆ وەرگرتنی هەڵوێستی عەقڵانی، دەبێ تاك پێشتر بەشێوەیەکی خودئاگا یان ناخودئاگا، تەسلیمی قبوڵ کردنی پێشنیارێك یان دانی بڕیارێك یان

6. categories

پەیڕەوی کردن لە بیروباوەڕێك یان بەدواداچوونی ڕەفتارێکی تایبەتی بووبێت. بەڵام تەسلیم بوون بەهەر کام لەم دۆخانە، خۆی کردەوەیەك بووە دوور لە عەقڵ و بەڵگەخوازی و کارێکی ((ناعەقلانی)) یان ((نابەڵگەخوازانە)) بووە و بەبێ وەبەرچاوگرتنی ئەوە کە لایەنی کاتی هەبوو بێت یان تۆکمە و سەقامگیر بوو بێت، **دەبێ وەك ئیمانێکی ناعەقلانی و نا بەڵگەخوازی لەبەرامبەر عەقڵ و بەڵگەخوازی وەسف بکرێت** و حەتمەن دەبێ بگەینە ئەم دەرەنجامە کە عەقڵانیەت هیچ جۆرێك سەرتاپاگیر و نیازبێ نییە لەوانیتر. بەڵگەخوازگەرایان زۆربەی کات لەوە غافڵن و خۆیان دەخەنە بارودۆخێکەوە کە هەر کاتێ نەیارە نا بەڵگەخوازەکەیان گەرەکی بوو سوود لە چەکەکەیان وەربگرێت لە دژی خۆیان، بتوانێ هەر بەم چەکە و لەماڵی خۆیاندا بەسەریاندا زاڵ بێت. لەلایەکی ترەوە، هەندێ لە دوژمنانی عەقڵ و بەڵگەخوازی سەرنجی ئەوەیان داوە کە هەر کاتێ تاك ویستی، دەتوانێت خۆی لە قبوڵ کردنی بەڵگەکان- جا هەموو بەڵگەکان بێت یان جۆرێکی دیاریکراوی بەڵگەکان- ببوێرێت و بێ ئەوەی تووشی دژایەتی لۆژیکی بێت، تا کۆتایی پارێزگاری لەم هەڵوێستە بکات. ئەم کەسانە بۆیان دەرکەوتووە کە ئەو کەسەی پەیڕەوی لە ڕێچکەی عەقڵانی نارەخنەیی {یان ناهەڵسەنگێنەر} دەکات و لەسەر ئەو بڕوایەیە کە ئەم ڕێچکەیە جگە لەخۆی پێویستی بە هیچی تر نییە و بناغەکەی تەنیا لەسەر بەڵگەخوازی دامەزراوە، هەڵە دەکەن. کەواتە، ڕێچکەی ناعەقلانی بەپێی لۆژیك بەهێزتر و بەرزترە لە ڕێچکەی عەقڵانی نارەخنەیی.

بەڵام ئەگەر بەم جۆرەیە، بۆچی نابێت ڕێچکەی ناعەقلانی هەڵبژێرین؟ گەلێ لەو کەسانەی لە سەرەتادا پەیڕەویان لە عەقڵ و بەڵگەخوازی کردووە، پاش ئەوەی کەشفیان کرد کە عەقڵانیەت ئەگەر لەڕادەبەدەر سەرتاپاگیر بێت، خۆی ئامرازی تێك شکانی خۆی دەستەبەر دەکات، بێ هیوان بوون و بەکردەوە لە بەرامبەر ناعەقڵگەراکاندا قەڵغانیان هەڵدا. (ئەگەر بە هەڵە دانەچووبم ئەوە هەمان پێشهاتە کە بۆ وایتهد رووی دا[١٩]). بەڵام ئەو کردەوانە کە سەرچاوەکەیان بۆ تاسان و شڵەژاوی دەگەڕێتەوە، بەتەواوی نا پێویست و لە خۆڕایە. ڕاستە کە ڕێچکەی عەقڵانی نارەخنەیی و سەرتاپاگیر بەپێی لۆژیك بۆ بەرگری لێکردن نەشیاوە و ڕێچکەی ناعەقلانی سەرتاپاگیر بەشێوەیەکی لۆژیکی بۆ بەرگری لێکردن دەشێت، بەڵام ئەمە نابێتە هۆی ئەوە کە پەیڕەوی لە ڕێچکەی دووەمیان بکەین. هەندێ هەڵوێستی شیاوی بەرگری لێ کردنی تر لە ئارادان، بەتایبەتی عەقڵانیەتی هەڵسەنگێنراو و رەخنەیی کە دەستنیشانی ئەوە دەکات کە بنەمای هەڵوێستی عەقڵیی (لانی کەم بەشێوەیەکی کاتەکی) ئیمانە- ئیمان



بە عەقڵ. کەواتە، لە هەڵبژاردندا ئازادین. دەتوانین ڕێگەی ناعەقلانی تەنانەت بە شێوازی بنەمای یان سەرتاپاگیر هەڵبژێرین و لە تواناماندا هەیە ڕێچکەیەکی عەقڵی هەڵسەنگێنراو هەڵبژێرین کە پەیڕەوکارانی بە ئاشکرا دان بەوە دادەنێن بۆ هەڵبژاردنی ئەم ڕێگەیە، سەرەتا بڕیارێکی نابەڵگەخوازانەیان وەرگرتووە و (لەم ڕوویەوە، لە پێشەوەبوونی ناعەقلانیەت و نابەڵگەخوازی بە مانایەکی تایبەت قبوڵ دەکەن).

## ٣

ئەو ڕێگایەی پێویستە هەڵیبژێرین تەنیا لە سنووری جیهانی هزرو ژیریدا بەرتەسك نابێتەوە یان پەیوەندی بە زەوق و حەزەوە نییە. بڕیارێکی ئەخلاقییە (بەو مانایەی کە لە بەشی پێنجەمدا شیکردنەوەمان لەسەر کرد[١٠]). ئەم مژارە بە قوڵی کاریگەری لەسەر ئەو هەڵوێستە دادەنێت کە سەبارەت بەوانیترو پرسی ژیانی کۆمەڵایەتی وەری دەگرین کە ئایا دەمانەوێت پەیڕەوی لە جۆرە ڕێچکەیەکی ناعەقلانی کەم تازۆر بنەمایی بکەین یام گەرەکمانە ئەو لانی کەمی ئیمتیازە بە نەیارانی عەقڵ و بەڵگەخوازی بدەین و بە وتەی من، بچینە ریزی ((عەقڵانیەتی رەخنەیی یان هەڵسەنگێنراو))ـەوە. پێشتر ئاماژەمان بەوەکرد کە ڕێگای عەقڵ و بەڵگەخوازی پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ بڕوابوون بە وەکیەکی مرۆڤ هەیە. لەبەرئەوەی ڕێچکەی نا بەڵگەخوازانە بۆ خۆبوارد لە دژایەتی هیچ کۆت و بەندێك ناناسێت، لەوانەیە لەگەڵ هەموو جۆرە بیروباوەڕێك و یەك لەوان بڕوابوون بە یەکسانی مرۆڤەکاندا لێك گرێ بدرێت. بەڵام هەر ئەم ڕاستیە کە بەئاسانی دەتوانێ لەگەڵ بیروباوەڕە زۆر جیاوازەکاندا ئاوێتە بێت و بەتایبەتی کە بەهاسانی ڕەنگە ببێتە لایەنگری ئەم بیروباوەڕە ڕۆمانتیکە کە هەندێ کەس، بژاردە و هەڵبژێردراون و هەر هەموو مرۆڤەکان بەسەر دوو دەستەی ڕێبەر و پەیڕەوکاران و سەروەرە سروشتیەکان و کۆیلە خۆڕسکەکاندا دابەش دەبن، بەئاشکرا دەریدەخات کە هەڵبژاردن لە نێوان ئەم ڕێچکەیە و جۆرە ڕێچکەیەکی عەقڵی هەڵسەنگێنراو، لەهەمان کاتدا گرانتی دەرکردنی بڕیارێکیشە لەڕووی ئەخلاقییەوە.

هەروەك پێشتر (لە بەشی پێنجەمدا) بینیمان و دیسان وێڕای شیکردنەوەی ڕێچکەی بەڵگەخوازی هەڵنەسەنگێنراو سەیرمان کرد، بەڵگەخوازی، **نابێتە هۆی** وەرگرتنی بڕیارێکی ئەخلاقی بنەمای لەم جۆرە. بەڵام لەم پێشەکییەوە ناتوانین بگەینە ئەم دەرەنجامە کە هیچ چەشنە بەڵگەخوازییەك یارمەتی دەرکردنی ئەم بڕیارە نادات. بەپێچەوانەوە، هەمیشە لەکاتی

دانی بڕیارە ئەخلاقییە گشتییەکان، ئەوەی لە هەموو شتێ زیاتر یاریدەمان دەدات ئەوەیە کە دەرەنجامی شیمانەیی هەر کام لە ڕێگا هەڵبژێردراوەکان بەوردی شی بکەینەوە، تەنیا بەمەرجێك بەڕاستی پەی بە واتای بڕیاری خۆمان دەبەین کە ئەم دەرەنجامانە بەچەشنێکی دیاریکراو و بە کردەوە لەلای خۆمان بەرجەستە بکەین، ئەگینا دەبێ بڵێین کوێرانە بڕیارمان داوە. بۆ ئەوەی شایەتێکم بۆ ئەم وتەیەی خۆم هێنابێتەوە، پارچەیەك لە {شانۆنامەی} ژاندارك، بەرهەمی برنادشۆ وەردەگرم. گێڕەرەوە هەر ئەو قەشەیەیە کە زۆربەتوندی خوازیاری مەرگی ژاندارك بوو، بەڵام کاتێ سەیری دەکات لە داریان بەستووە بۆ ئەوەی بەئاگر بیسوتێنن، وێران دەبێت و دەڵێ: ((مەبەستم ئەشکەنجە و ئازار نەبوو. نەم دەزانی وەهای لێدێت ... نەمدەزانی دەست بۆ چ کارێك دەبەم، ئەگەر بمزانیبووایە، خۆم لەچنگیان رزگارم دەکرد. مرۆڤ نازانێ. هێشتا نەیبینیوە کاتێ نازانێ، دوان ئاسانە. بە قسە، خۆی شێت دەکات ... بەڵام کاتێ بەناچاری پەی بەوە دەبات، کاتێ دەزانی چی کردووە، کاتێ چاو توانای بینینی نییە و هەناسەبڕکێی دەکەوێتێ و دڵی لەت لەت دەبێ، ئەوکات- ئەو کات، ئای خوایە، ئەم دیمەنە لەپێش چاوم لابە!)) هەڵبەتە هەندێ کەسی تریش لە شانۆ نامەکەی شۆدا بوون کە بەباشی دەیانزانی چی دەکەن و بەم حاڵەش، بڕیاری ئەم کارەیاندا و دواتریش بە هیچ چەشنێك پەشیمان نەبوونەوە. هەندێ نایانەوێ هاوجۆری خۆیان لە ئاگردا ببینن، بەڵام ئەوانیتر وەها نین. ئەم خاڵە کە (گەلێ گەشبینانی سەردەمی شاژن فیکتۆریا لێی بێخەبەربوون) شیاوی گرنگی پێدانە، چونکە دەریدەخات کە شیکردنەوەی عەقڵانی دەرەنجامی بڕیارێك، ئەم بڕیارە ناگۆڕێ بۆ بڕیارێکی عەقڵانی. دەرەنجامەکان نین کە دەبنە هۆی بڕیاردان، بڕیاردەر ئێمەین. جیاوازی نێوان بڕیار بەچاو بەستراوی و بڕیاری چاوکراوانە، لە دەرەنجامە دەستنیشانکراوەکان و تێگەیشتنی روون لە دەرەنجامەکانەوە بەیارمەتی خەیاڵ، سەرچاوە دەگرێت و لەبەر ئەوەی ئێمە بەدەگمەن هێزی خەیاڵی خۆمان بەکاردێنین{١١}، بەداخەوە زۆربەی کات کوێرانە بڕیار دەدەین، بەتایبەتی ئەگەر بە بادەی فەلسەفەیەکی غەیببێژانەش سەرخۆش بوو بین- واتە یەکێك لە بەهێزترین ئامرازەکان کە بەهۆیەوە، هەروەك شۆ دەڵێت، دەتوانین خۆمان تووشی شێتایەتی بکەین.

دەتوانین هاوچەشنی شیکردنەوەی عەقڵی و خەیاڵی دەرەنجامی تیۆرە ئەخلاقییەکان لە میتۆدی زانستیشدا بدۆزینەوە. لە زانستیشدا تەنیا لەبەر ئەوەی فلانە تیۆری گشتی و ئەبستراکت لەخودی خۆیدا رازیکەرە، ئامادە نابین قبوڵی بکەین. تەنیا کاتێ بڕیار لەسەر پەسند کردن یان رەدکردنەوەی تیۆرەکە دەدەین کە لێکۆڵینەوەمان لەسەر دەرەنجامە دەستنیشان کراو و زانستی و



راستەوخۆ تاقیخوازەکەی کردبێت. جیاوازی سەرەکی لەوە دایە کە سەبارەت بە تیۆری زانستی، بڕیار پەیوەندی بە دەرەنجامی تاقیکردنەوەکەوە هەیە، ئەگەر تیۆر لە ئاکامی تاقیکردنەوە پەسند بکرێت هەتا دەرکەوتنی تیۆرێکی باشتر، ئامادەین قبوڵی بکەین. بەڵام تەنیا بە پێودانگی ویژدان دەتوانین دەرەنجامی تیۆری ئەخلاقی هەڵبسەنگێنین. تاقیکردنەوە چ حوکمێك دەدات، ئەمەیان لەدەستی ئێمەدا نییە، بەڵام حوکمی ویژدان پەیوەستە بە خودی خۆمانەوە.

هیوادارم توانیبێتم ئەوە بۆ خوێنەران روون بکەمەوە کە شیکردنەوەی دەرەنجامەکان بە چ مانایەك لەوانەیە بێ ئەوەی ببێتە هۆی بڕیار، کاریگەری لەسەر بڕیاردان هەبێت. بەڵام هاوکات پێویستە هۆشدار بدەم کە بۆ خستنەڕووی دەرەنجامی دوو جۆرەکە- واتە رێچکەی عەقڵانی و رێچکەی ناعەقڵانی- کە دۆخەکە پەیوەندی بە هەڵبژاردنی یەکێکیانەوە هەیە، بێ لایەنی ناپارێزم. تا ئێرە بۆ ناساندنی ئەم دوو جۆرەی کە لەبەر دەممانە و لەڕووی ئەخلاقییەوە دەبێ بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی یەکێکیان بدەین- ئەو بڕیارەی کە لە زۆر لایەنەوە سەرەکیترین بڕیارە لە سنووری ئەخلاقدا- هەوڵم داوە وێرای خۆبواردن لە حەشاردانی مەیلی خۆم- بەبێ لایەنی بمێنمەوە. بەڵام ئێستا گەرەکمە لەمەڕ دەرەنجامی هەردوو جۆرەکە، هەندێ تێبینی پێشکەش بکەم کە پێموایە لە هەموو تێبینیەکی تر کاریگەرتر و رۆشنگەرترە و کاریگەری هەبووە لەسەر بڕیاری خودی خۆم بۆ رەدکردنەوەی رێچکەی ناعەقڵانی و بڕوا هێنان بە عەقڵ.

سەرەتا دەرەنجامەکانی ناعەقڵانی تاوتوێ دەکەم. لایەنگری ئەم رێچکەیە سوورە لەسەر ئەوەی کە سەرچاوەی کردەوەکانی مرۆڤ هەستوسۆزو هەڵچوونە نەك عەقڵ. پەیڕەوکاری رێچکەی عەقڵیی بەرسڤ دەداتەوە کە رەنگە بەم جۆرە بێت، بەڵام لەسەرمان پێویستە تا ئەو جێگایەی لە توانامانداا هەیە هەوڵ بۆ چاککردنی ئەم بارودۆخە بدەین و هەرچی زیاتر عەقڵ بێنینە ناو کارەکانمانەوە. کەسی ناعەقڵانی (ئەگەر هەر لە بنەڕەتدا منەتمانە لە سەر نەکات و ئامادەی دیالۆگ بێت) لە وەڵامدا دەڵێت ئەم جۆرە هەڵوێست و شێوە بیرکردنەوەیە بەڕادەیەك دوورە لە واقیع بینی کە ناتوانین هیچ هیوایەکمان پێی هەبێت، چونکە لاوازی ((سروشتی مرۆڤ)) و کەمایەسی و کەموکورتی عەقڵی زۆربەی خەڵك و پەیوەست بوونی ئاشکرای زۆرینە بە هەستوسۆز و هەڵچوونەوە، وەبەرچاو نەگیراوە.

من باوەڕێکی پتەوم بەوە هەیە کە ئەم پشت بەستنەی رێچکەی ناعەقڵانی بەجۆش و خرۆش و هەڵچوون، دواجار شتێکی لێ دەکەوێتەوە کە جگە لە تاوان ناتوانین هیچ ناوێکی تری لەسەر

دابنێین. یەکێك لە هۆیەکانی بڕواکەم ئەوەیە کە هەڵوێستێکی ئەوتۆ، لە باشترین حاڵەتدا، هەڵوێستی خۆ بەدەستەوەدان و ڕازی بونە لەبەرامبەر خەسڵەتی ناعەقلیی مرۆڤەکان و لە خراپترین حاڵەتدا، هەڵوێستی بە سووك سەیر کردنی عەقڵی مرۆڤە و هەربۆیە ناکرێ لە هیچ دیالۆگێکدا جگە لە توندوتیژی و پێك دادان بەشتێکی تر کۆتایی بێت. دیالۆگ کاتێ سەرهەڵدەدات کە بەشە بوونیاتنەرەکانی هەستوسۆزو هەڵچوون- وەك هەستی ڕێزو خۆشەویستی و لەخۆبردوویی لە ڕێگای ئایدیا هاوبەشەکاندا- کە لە بنچینەدا دەبێ یارمەتی لەناوبردنی فیتە بکات، لە توانای دا نەبێت کێشە چارەسەر بکات. کاتێ ئاوهابێت، جگە لەپەنا بردن بۆ جۆرەکانی تری هەستوسۆز و هەڵچوون کە لایەنی بوونیاتنەری لاوازتریان هەیە- وەك ترس و ڕق و ئیرەیی و دواجار توندوتیژی- ئیدی چی لەدەست ئەو کەسانە دێت کە پەیڕەوی لە عەقڵ و بەڵگەخوازی ناکەن؟ ئەم مەیلە کاتێ توندییەکی زیاتر بەخۆیەوە دەبینێت کە بڕوا بە نایەکسانی مرۆڤەکانیشی پێوە زیاد بێت کە پێموایە، یەکێکی ترە لە لایەنە خودییەکانی ڕێچکەی ناعەقلانی.

هەڵبەتە ناکرێ نکۆڵی لەوە بکەین کە مرۆڤەکانیش وەکو هەموو بوونەوەرەکانی تری ئەم دونیایە، لە زۆر لایەنەوە نایەکسانن و دیسان ناتوانین گومانمان لەوە هەبێت کە ئەم نایەکسانیە شایستەی ئەو پەڕی گرنگی پێدانە و تەنانەت لەزۆر ڕووەوە، گەلێ خوازراویشە[١٢] (یەکێك لە مۆتەکەکانی خەڵکی سەردەمی ئێمە ئەوەیە، نەکا بەرهەم هێنانی زۆر و زەوەند و ڕەپێشدانی (تقدم) کۆ {بەسەر تاکدا} بەهۆی ئەو پەرچەکردارەی لەنێو تاکەکاندا دروستی دەکات، نایەکسانی یان تاکێتی (فردیت)ـەکەیان لەناو ببات[١٣]). هیچ کام لەم تێبینیانە پەیوەندییان بە پرسیارەکەی ئێمەوە نییە کە ئایا دەبێ مرۆڤەکان، بەتایبەتی لە پرسە سیاسیەکاندا، بەیەکسان (یان بەپێی توانا بە یەکسان) لەقەڵەم بدەین- واتە خاوەن مافی یەکسان و وەکو یەك شایستەی ڕەفتاری یەکسان بن- و لە ئاکامدا، دەزگا سیاسیەکان لەسەر ئەم بنچینەیە دابمەزرێنین یان دەبێ بنچینەیەکی تر بکەینە سەرچاوە. <u>**((یەکسانی لەبەردەم یاسا)) واقعیەت نییە- یەکێك لە خواستە سیاسیەکانە کە لە بڕیارێکەی ئەخلاقەوە سەرچاوە دەگرێت**</u>[١٤] و بەتەواوی لەم تیۆرە ڕەنگە ناڕاستە سەربەخۆ بێت کە دەڵێت ((هەموو مرۆڤەکان بە یەکسانی لە دایك دەبن). ناڵێم وەرگرتنی هەڵوێستی مرۆڤدۆستانەی بێ لایەن و بێ دەمارگرژی، ئاکامی ڕاستەوخۆی هەڵبژاردنی ڕێچکەی عەقلانیە. بەڵام مەیل بۆ بێ لایەنی پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ ڕێچکەی عەقلانیدا هەیە و ناتوانین لە ئارمانجی عەقلیی بیکەینە دەرەوە. ناڵێم ئەو



کەسەی پەیڕەوی لە ڕێچکەی ناعەقلانیەت دەکات، ناتوانێ بێ ئەوەی تووشی پارادۆکس بێت، لایەنگری یەکسانی و بێ لایەنی بێت. کەسێکی ئەوتۆ تەنانەت ئەگەر لەم کارەدا تووشی دژایەتی و پارادۆکسیش بێت، ناچار نییە خۆی لە دژایەتی ببوێرێت. ئەو ڕاستیەی گەرەکمە جەختی لەسەر بکەمەوە ئەوەیە کە ئەو کەسی هەڵوێستی ناعەقلانی وەردەگرێ، بە دژواری دەتوانێ خۆی لە دژایەتی لەگەڵ یەکسانی ببوێرێت، چونکە پشتی بە هەستو سۆز و هەڵچوون بەستووە و هیچ کەسێك ناتوانێت لەهەمبەر هەموو خەڵکیەوە هەستوسۆزێکی یەکسانی هەبێت. هەموومان لەڕووی هەڵچوون یان سۆزدارییەوە، خەڵکی بەسەر دوو دەستەدا دابەش دەکەین: ئەو کەسانەی لێمانەوە نزیکن و ئەو کەسانەی دوورن لێمان. ئاشکراترین پۆلێن کردنی سۆزداری، دابەشکردنی مرۆڤەکانە بەسەر دوو دەستەی دۆست و دوژمن کە تەنانەت لە ئایینی مەیسحیشدا کە فرمان دەدات ((دوژمنەکانی خۆتان خۆشبوێت)) گرنگی پێدراوە. تەنانەت بەباوەڕترین مەسیحیەکانیش کە بەردەوام لە ژیاندا ئەم فەرمانە جێبەجێ دەکەن و (هەروەك بە بەراورد کردنی هەڵوێستی ئەوان لەگەڵ شێوازی بیرکردنەوەی مەسیحییەکانی ناوەند سەبارەت بە ((مادديیەکان)) و ((مولحدەکان)) بۆمان دەردەکەوێت، کە ژمارەیان هێندە زۆر نییە)، دیسان لە توانایان دانییە هەست بە خۆشەویستی بکەن لەهەمبەر هەموان. ئێمە ناتوانین ((لە جیهانی ئەبستراکت و بەشێوەیەکی گشتی)) خۆشمان بوێت. تەنیا ئەو کەسانەمان خۆشدەوێت کە دەیانناسین. کەواتە خودان بەرزترین سۆز- واتە خۆشەویستی و غەمخۆریش جگە لەمە هیچی لەدەست نایەت کە مرۆڤەکان بەسەر دەستەی جیاجیادا دابەش بکات و ئەم حوکمە لەمەڕ هەستوسۆز و هەڵچوونە سووك و چرۆکترەکان هەر بەم چەشنە ڕاستە. دژکردەوەی ((سروشتی)) یان ((خۆڕسکی)) ئێمە بە چەشنێکە کە مرۆڤەکان بەسەر دۆست و دوژمن، هاونیشتمانی و غەیبە، بارودۆخ وەکیەك و ناوەکیەك، بە ئیمان بێ ئیمان، هاوولاتی و بێگانە، هاوڕێی هاوچین و دوژمنی چین، ڕێبەر و پەیڕەوکار، دابەش بکەین.

پێشتر ئاماژەمان بەوەکرد کە ئەو تیۆرەی کە لایەنگرەکانی پێیان وایە هزر و بیروباوەڕەکانمان، پشت بە بارودۆخی چینایەتی یان بەرژەوەندی نەتەوەیی ئێمە دەبەستێت، بە ناچار دوژمنایەتی کردنی عەقڵ و بەڵگەخوازی لێ دەکەوێتەوە. ئێستا دەمەوێ جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە پێچەوانەی مەسەلەکەش هەر ڕاستە. وازهێنان لە هەڵوێستی عەقلانی و پشت کردن لە عەقڵ و بەڵگەخوازی و گوێنەدان بەڕای ئەوانیتر و پشت بەستن بە توێژاڵە ((قوڵترەکانی)) سروشتی مرۆڤییش، بەناچار بەم بیروباوەڕە کۆتایی دێت کە هزر تەنیا سیمای ڕووکەشانەی ئەو شتانەیە

کە لە قوڵایی خووخدەی ناعەقڵانی مرۆڤەکاندا پنهانە. بەبڕوای من، ئەو کەسەی کە پەیڕەوی لەم هەڵوێست و تێڕوانینە بکات، هەمیشە لەجیاتی ئەوە کە سەیری ئەوە بکات چ هزرێك خراوتە بەرباس، سەرنج لە خاوەن هزرەکە دەدات و ئەم بڕوایە تێیدا پتەو دەبێت کە ((چاوگی بیری ئێمە، خوێن و ڕەگەز و میراتی نەتەوەیی ئێمەیە یان ئەو چینەی کە سەر بە ئەوین)). ڕەنگەی ئەم بیروباوەڕە لە قاڵبێکی ماددیدا بەیان بکرێت یان بەشێوەیەکی زۆر ڕۆحانی و مەعنەوی لەوانەیە بۆچوونی ((ڕەگەزمان چاوگی بیرمانە)) جێگای خۆی بدات بەم بیروباوەڕە کە لە دونیادا هەندێ گیانی هەڵبژێردراو هەن کە هێندێك شتیان وەك ئیلهام پێدەگات و بەخششی یەزدانی ڕێنوێنی هزرەکانیانە. من بەهۆی ئەخلاقییەوە سەرپێچی دەکەم لە چوونە ژێرباری ئەم جۆرە هەڵاواردن و جیاوازی دانانە. لایەنی هاوبەشی هەموو ئەم راوبیروبۆچوونانە، سەرکێشی و هەڵەشەیی هزری و عەقڵییە. خاوەنی ئەم جۆرە بیروباوەڕانە، باشی و کەمایەسی خودی بیرۆکەکە ناکەن بە تەرازووی داوەری کردن و لەبەر ئەوەی عەقڵ بەلاوە دەنێن، مرۆڤ بەسەر دۆست و دوژمن دابەش دەکەن: لایەنێکیان، ژمارەیەکی کەم کە (بە وتەی ئەفلاتون) لەگەڵ خواوەندەکان لە عەقڵدا شەریکن و لایەنەکەی تریان، ئاپۆڕای ئەو کەسانەیە کە لەم بەشدارییە بێ بەشن، لایەنێکیان، خزم و کەسە نزیکەکانە کە بە پەنجی دەست دەژمێردرێن و لایەنەکەی تریان، ژمارەیەکی زۆر و زەوەندە کە هیچ چەشنە نزیکایەتیەکیان نییە، لایەنێکیان، ئەوانەن کە بە زمانی هەڵچوون و هەستوسۆزی ئێمە دەدوێن و زمانەکەیان تەنیا ئێمە لێی تێدەگەین و لایەنەکەی تر، ئەو خەڵکەی کە زمانەکەیان زمانی ئێمە نییە. هەر کە بکەوینە سەر ئەم ڕێگایە، یەکسانیخوازی سیاسی بە کردەوە دەبێ بەشتێکی مەحاڵ.

دژایەتی کردنی یەکسانی لە ژیانی سیاسیدا- واتە لە سنووری ئەو پرسانە کە لە دەسەڵاتدارێتی مرۆڤ بەسەر مرۆڤدا سەرچاوە دەگرێت- ڕێك ئەو شتەیە کەمن بە تاوان ناودێری دەکەم، چونکە ئەو کەسانەی کە خودان ئەم هەڵوێست و تێڕوانینەن، گەرەکیانە پاساو بۆ ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بێننەوە کە چینە جیاوازەکانی مرۆڤ مافی جیاوازیان هەیە: کۆیلەدار مافی خۆیەتی کۆیلە تووشی کۆیلایەتی بکات و هەندێ کەس مافی ئەوەیان هەیە خەڵکانی تر بکەنە ئامرازی دەستی خۆیان. و لە ئاکامدا کار بەشوێنێك دەگات کە هەروەك لە ئەفلاتوندا بۆمان دەرکەوت[١٥]، سوود لەم هەڵوێستە وەردەگیرێت بۆ پاساو هێنانەوەی مرۆڤکوژی.



من ئاگاداری ئەم ڕاستەیەم کە هەندێ کەسی ئەوتۆ هەیە کە هەم نەیاری عەقڵ و بەڵگەخوازین و هەم مرۆڤیان خۆشدەوێت و هەموو فۆرمەکانی ڕێچکەی ناعەقڵانی خراپەکاری لێ ناکەوێتەوە. بەڵام پێم وایە ئەو کەسەی دەڵێت دەبێ عیشق فەرمانڕەوایی بکات نەك عەقڵ، دەروازە بەرووی ئەم کەسانەدا دەکاتەوە کە بە ڕق و کینەوە فەرمانڕەوایی دەکەن. (بەبڕوای من، هەر لە پێناو گرنگیدان بەم خاڵە بوو کە سوقرات دەیگوت بێ متمانەیی بە عەقڵ یان بێزاربوون لە بەڵگەخوازی پەیوەستە بەبێ متمانەیی بەمرۆڤ و بێزاربوون لێی[١٦]). ئەوانەی خێرا لەم پەیوەندییە تێناگەن و بڕوایان بە حکومەتی ڕاستەوخۆیی عیشقی هەڵچوون و سۆز هەیە، دەبێ ئەمەیان لەبیر بێت کە عیشق لە خودی خۆیدا یارمەتی بێ لایەنی و نەبوونی دەمارگرژی ناکات و دژایەتی و ناکۆکی لەناو نابات. بۆ ئەوەی بۆمان دەرکەوێت کە لە خودی خۆیدا ڕەنگە نەتوانێت دژایەتییەکان چارەسەر بکات، نموونەیەکی سادە دەهێنینەوە، کە نموونەی حاڵەتی جدیترە. هیوا هۆگری شانۆیە و ژیار حەزی لە میوانییە.هیوا لەبەر خۆشەویستی بەرامبەر ژیار، سوورە لەسەر چوون بۆ میوانی و ژیار دەیەوێت لەبەر هیوا بچێت بۆ شانۆ. ناتوانین ئەم کێشمەکێشە بە سۆزو موحبەت یەکالا بکەینەوە. بە پێچەوانەوە، چەندە خۆشەویستی زیاد بکات، کێشمەکێشەکە زیاتر دەبێت. تەنیا دوو ڕێگاچارە لە ئارادیە: یەکیان پەنابردن بۆ هەڵچوون و سەرەنجام توندوتیژی و ئەویتریان پەنا بردنە بەر عەقڵ و بێ لایەنی و سازشی ماقوڵانە. مەبەست ئەوە نییە کە من جیاوازی نێوان خۆشەویستی و ڕق نازانم یان پێموایە ژیانی بێ ئەڤین نرخی بەردەوام بوونی هەیە. (هەروەها بە تەواوی ئامادەم ئەوە قبوڵ بکەم کە خۆشەویستی لە ئایینی مەسیحییدا تەنیا بە مانای سۆز نییە). ئەو شتەی جەختی لەسەر دەکەمەوە ئەوەیە کە هیچ سۆزێك، تەنانەت خۆشەویستیش، ناتوانێ جێگەی حکومەتی دەزگاکان بکرێتەوە کە عەقڵ چاوەدێریان دەکات.

هەڵبەتە ئەمە تەنیا هۆی ڕەدکردنەوەی حکومەتی ئەڤین نییە. سۆزو خۆشەویستی بەرامبەر ئەویدی، بە مانای ئارەزووی بەختەوەر کردنیەتی (ڕەنگە ئاماژەکردن بەم خاڵە بێ جێ نەبێت کە ئەوە هەمان ئەو پێناسەیەیە کە تۆماس ئەکویناس بۆ خۆشەویستی دەکات). بەڵام لەناو هەموو ئایدیالە سیاسییەکاندا، ڕەنگە ئایدیایی بەختەوەرکردنی خەڵك لە هەموویان مەترسیدارتر بووبێت، چونکە بۆ ئەوەی ئەوانیتر ناچار بکەن کردەوەیەك ئەنجام بدەن کە بەبڕوای ئێمە مەرجی بەختەوەر بوونیانە و بۆ ئەوەی، وەك دەڵێن، لە گومڕایی ڕزگاریان بکەین، بەبێ ڕێزپەڕ دەبێ کارەکە بگەیەنینە شوێنێکی ئەوتۆ کە سەپاندنی بەها ((بەرزترەکانی)) خۆمانی

لێ بکەوێتەوە. ئایدیایی بەختەوەرکردنی ئەوانیتر ڕێگایەکە کە بە یۆتۆپیاگەرایی و ڕۆمانتیزم کۆتایی دێت. هەموومان بە یەقینەوە پێمان وایە کە هەموو کەسێك لە کۆمەڵگا خەیاڵیەکەماندا کە تەژییە لە جوانی و تەواویی، بەختەوەر دەبێت و هەڵبەتە گومانی تێدا نییە ئەگەر هەموو یەکتریمان خۆشبویستبایە، دونیا دەبوو بە بەهەشت، بەڵام هەروەك پێشتریش (لە بەشی نۆیەمدا) وتمان، هەوڵدان بۆ پێك هێنانی بەهەشت لەم دونیایەدا، بەبێ ڕێزپەڕ بە دروست بوونی دۆزەخ کۆتایی دێت: نالێبووردەیی دەخولقێنێ، جەنگە ئاینییەکانی لێ دەکەوێتەوە، بۆ ڕزگارکردنی خەڵك لە گومڕایی، دەزگای پشکنینی بیروباوەڕ ساز دەکات، جیا لە هەموو ئەمانە، بەبڕوای من، لە بنەڕەتدا، لە خراپ تێگەیشتنی تەواویی ئەرکە ئەخلاقییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکمانە ئەوەیە یارمەتی ئەو کەسانە بکەین کە پێویستیان بە کۆمەك هەیە. بەڵام ناکرێ ئەرکی سەرشانمان بێت خەڵك بەختەوەر بکەین، چونکە بەختەوەری ئەوان پەیوەندی بە ئێمەوە نییە و بەزۆری ئەم کارە دەبێتە هۆی دەستدرێژی کردنە سەر خەڵوەتی ئەم کەسانە کە هێندە لە گەڵیاندا نیاز پاکین. هەروەك چۆن دەمانەوێت لەجیاتی شێوازی یۆتۆپیایی، شێوازی لەسەرەخۆ یان هەنگاو بە هەنگاو لە سیاسەتدا پیادە بکرێت، لەم لایەنەشەوە دەبێ ململانێ لەگەڵ ڕەنج و کوێرەوەری بە ئەرکی خۆمان بزانین، وەلێ دڵسۆزی بۆ بەختیاری بەرامبەر، بە مافی تایبەتی دۆستە نزیکەکانیان لە قەڵەم بدەین. بەڵام وئەگەر ئێمەش دۆستیان بین، ڕەنگە بەجۆرێك لە جۆرەکان مافی ئەوەمان هەبێت بەهاکانی خۆمان لەمەڕ هەندێ پەسند کردن (وەکو زەوقی تاکەکەسی لە هەمبەر مۆسیقاوە) بەسەر بەرامبەردا بسەپێنین و (تەنانەت هەندێ جار بە ئەرکی خۆمانی دەزانین کە بەرەو جیهانی بەهاکانی خۆمان ڕێنماییان بکەین کە دڵنیاین یارمەتیەکی شایستە بە بەختەوەریان دەکات). بەڵام مافێکی ئەوتۆ تەنیا بەم مەرجە و تەنها بەم هۆیەوە بوونی هەیە کە دۆستەکانمان دەتوانن لە دەستمان ڕزگاریان بێت- بەم هۆیەوە بوونی هەیە کە دەکرێ دۆستایەتی کۆتایی پێ بێت. پەنا بردن بۆ ئامرازی سیاسی بۆ سەپاندنی بەها بەسەر کەسانیتردا، پرسێکی بە تەواوی جیاوازە. پرسە ئەبەدییەکانی ئەخلاقی کۆمەڵایەتی- ئەو بابەتانەی کە (بە وتەی بێنتهام)(٧) دەبێ لە ((بەرنامەی کاری)) سیاسەت دانان بۆ کۆمەڵگا دابنرێت و وەبەرچاو بگیرێت- ڕەنج و

٧. J. Bentham (١٧٤٧ـ١٨٣٢) فەیلەسووف و مافناسی ئینگلیزی و یەکێکە لە دامەزرێنەرانی قوتابخانەی سوودگەرایی لەماف و فەلسەفەدا.



کوێرەوەری و ستەمکارییە و تەگبیری پێویست بۆ پێش گیری کردن لەم بەڵایانەیە. بەها ((بەرزەکان)) نابێ بە بەشێك لەم ((بەرنامەی کارە)) بژمێردرێن و پێویستە بسپێردرێتە سنوور و قەڵەمڕەویی ئازادی کردەوە. کەواتە ئەو شتەی دەتوانین بیڵێین ئەوەیە کە: یارمەتی دانی دوژمنان و هاوکاریکردنی گرفتاران، تەنانەت ئەگەر ڕقیشیان لێمان بێت، بەڵام خۆشەویستی تەنیا بۆ دۆستەکان. ئەمە تەنیا بەشێك بوو لە هۆیەکانی ڕەدکردنەوەی ڕێچکەی ناعەقلانی و تەنیا پشکێکی ئەو دەرەنجامانەیە کە بەرەو وەرگرتنی هەڵوێستی بەرامبەر- واتە ڕێچکەی عەقلانی ڕەخنەیی- هانم دەدات. هەڵوێستی دووەمیان هەروەك پێشتریش ئاماژەم بۆ کرد، بەهۆی جەخت کردن لەسەر بەڵگەخوازی و تاقیکردنەوە و بیرخستنەوەی ئەوە کە ڕەنگە من هەڵە بکەم و ئێوە لەسەر هەق بن، بەڵام ئەگەر هەوڵ بدەین، لەوانەیە لە حەقیقەت نزیکتر ببینەوە))، پێکچوونێکی نزیکی لەگەڵ هەڵوێست و تێڕوانینی زانستیدا هەیە و بەم وێنایەوە بەند دەکرێت کە ((ڕەنگە هەموو هەڵە بکەن، بەڵام یان خۆیان دەتوانن هەڵەکان دەستنیشان بکەن یان کەسانی تر یان خۆیان بەیارمەتی ڕەخنەی ئەوانیدی. کەواتە، ڕێچکەی عەقلانی هەڵسەنگێنراو دەربڕی ئەم بیرۆکەیەیە کە نابێ هیچ کەسێك داوەری و قەزاوەت لەمەڕ خۆیەوە بکات و هزری بێ لایەنی و خۆ دوور خستنەوە لە دەمارگرژی لە تەك خۆی دادەنێت (ئەمە لەگەڵ وێنای ((بابەتیەتی زانستی))دا پەیوەندییەکی نزیکی هەیە کە لەبەشی پێشوودا شی کرایەوە). ئەو باوەڕەی کە پەیڕەوکاری ئەم هەڵوێستە بە عەقڵ هەیەتی، تەنیا باوەڕ بە عەقڵی خۆی نییە، بەڵکو بڕوای بە عەقڵی ئەوانیتریش هەیە و ڕەنگە زیاتر لە هی خۆیشی. ئەو کەسەی لە ڕێگای عەقڵ هەنگاو داوێژێت، تەنانەت ئەگەر پێیوابێت لە بیرو عەقڵدا لە خەڵکانی تر بەرزترە، بە هیچ چەشنێك بانگەشەی ئۆتوریتە ناکات{١٧} چونکە دەزانێ ئەگەر گریمان لەڕووی هۆشمەندییەوە لەوانیتر بەرزترییش بێت (کە هەرچۆنێك بێت حوکمدان لەمەڕ ئەم بابەتە لەلایەن خۆیەوە دژوارە)، تەنیا لەم ڕوویەوە بەرزترە کە پەند لە ڕەخنەی ئەوانیتر و هەڵەکانی خۆی و خەڵکی وەردەگرێت و ئاگاداری ئەوەیە کە هەموو کەسێك تەنیا بەم مەرجە دەتوانێت بەم مانایە شتێك فێربێت کە ئەوانیدی و بەڵگەکانیان بەجدی وەربگرێت. ڕێبازی عەقڵ هەرگیز لەم هزرە جیا نەبووە کە دەبێ وتەکانی بەرامبەریش ببیسین و مافی ئەوەی پێ بدەین بەرگری لە بانگەشەکانی بکات. کەواتە ئەم هەڵوێستە پێویستی بە لێبووردەیی و پێك هەڵگردن هەیە{١٨} و لانی کەم ئەو کەسانەی کە خۆیان نالێبوودە نین، بە شایستە لێبووردەییان دەزانێت. کاتێ یەکێك لەسەر ئەم بڕوایە بێت کە بە پلەی یەکەم ناچارە گوێ لە

بەڵگەکانی بەرامبەرەکەی بگرێت، ئیدی دەست بۆ خوێنی نابات. (کانت لەسەر هەق بوو کە عەقڵی بە کۆڵەگەی ((یاسای زێڕینی {ئەخلاق}))[8] دادەنا. ئەوەندە نەبێت کە پێویستە خاڵێکمان لەبەرچاو بێت. بێگومان ناکرێ یەکێك لە توانای دابێت هەر بەم چەشنە کە بۆ لایەنگری کردن لە مەسەلەیەکی زانستی بەڵگەخوازی دەکات، ڕاستی پرنسیپە ئەخلاقییەکانیش بسەلمێنێت یان تەنانەت بەهەمان شێوە بەڵگە بۆ هەواداری ئەم پرنسیپانە بێنێتەوە. ئەخلاق لەریزی زانستەکان نییە. وەلێ هەر چەندە کۆڵەگەی عەقڵی بەو مانایەی کە لە زانستەکاندا بەکاردێت بۆ ئەخلاق بوونی نییە، بەڵام کۆڵەگەی ئەخلاقی بۆ زانست و ڕێچکەی عەقڵیی لە ئارادایە). جگە لەمە، وێنای بێ لایەنی، وێنای بەرپرسایەتی لێ دەکەوێتەوە. ئێمە نەك هەر دەبێت لە بەرامبەر بەڵگەخوازیدا گوێی بێتنمان هەبێت، بەڵکو ئەرکی سەرشانمانە کاتێ کردەوەکانمان کاریگەری لەسەر ئەوانیدی دادەبێت، بەرسڤ بدەینەوەو دژکردەوە پێشان بدەین. کەواتە پەیڕەوی کردن لە ڕێچکەی عەقڵانی دواجار بە دەستنیشان کردنی ئەم شتە پەیوەست دەبێت کە بوونی دەزگا کۆمەڵایەتییەکان بۆ پاسەوانی کردن لە ئازادی ڕەخنە و هەڵسەنگاندن و ئازادی بیروڕاو ئازادی خەڵك پێویستە. عەقڵ و بەڵگەخوازی ئیلتزامی (دەروەستی) ئەخلاقی بۆ پشتیوانی کردن لەم جۆرە دەزگایانە پێك دەهێنێت. پەیڕەوی کردن لە عەقڵ لەگەڵ خواستی ئەندازیاری کۆمەڵایەتی پراکتیکی و لەسەرەخۆ بە مانا مرۆڤدۆستانەکەی و لەگەڵ خواستی ڕێکی عەقڵیی لە کۆمەڵگادا{١٩} بە مەبەستی بەرنامەداڕشتن بۆ ئازادی، پەیوەندییەکی نزیکی هەیە. هەڵبەتە دەبێ ئەم جۆرە بەرنامەڕێژییە کۆنترۆڵ کراوبێت، بەڵام دەبێ کۆنترۆڵەکەی لە دەستی عەقڵ دابێت- عەقڵی سوقراتی کە ئاگاداری سنوورەکانی خۆیەتی و هەر بۆیە، ڕێز لەوانیتر دەگرێت و ئامانجەکەی ناچارکردنیان نییە تەنانەت بۆ بەختەوەرکردنیشیان. هەرگیز نابێ بەڕەوا بزانرێت کە جڵەوی پلان دانان بۆ ئازادی بە ((زانست)) و ئوتوریتەی نیمچە زانستی بەشێوازی ئەفلاتونی بسپێردرێت. جگە لەمە، پەیڕەوی کردن لە ڕێچکەی عەقڵانی پێویستی بە ئامرازێکی هاوبەش هەیە بۆ تێگەیاندن و تێگەیشتن، واتە زمانی هاوبەشی عەقڵی و سەبارەت بە زمانێکی ئەوتۆ جۆرە ئیلتزامێکی ئەخلاقی پێك دەهێنێ- ئیلتزام بەرامبەر پاراستنی پێودانگەکانی پاراویی{٢٠}، ئیلتزام بەرامبەر بەکارهێنانی زمان بەشێوەیەك کە مەبەست لێی وەك ئامرازێك بۆ بەڵگەخوازی پارێزراو بێت، ئیلتزام بەرامبەر دەربڕینێکی ئاشکرا و سادە، ئیلتزام بەرامبەر

8. The Golden Rule



بەکارهێنانی زمان وەك ئامرازێکی عەقڵانی بۆ ئاڵوویری هزر و زانیاری بەسوودی مانا، نەك وەك ئامرازێك بۆ ((کەسایەتی نواندن)) هەروەك زۆربەی پسپۆڕانی پەروەردەو فێرکردن پێی دەڵێن زمانی داخراو و ڕۆمانتیك و پڕ کەموکوڕی. (لە تایبەتمەندییە هیستیریییە ڕۆمانتیکەکانی سەردەمی ئێمە یەکیان ئەوەیە کە ڕەپێشدانی عەقڵیی بە شێوازی هێگلی بە هی کۆ دەزانێت و ڕەپێشدانی سۆزداری بە چەشنێکی موبالەغە ئامێز بە هی تاك دەژمێرێت و ئەم دووانە لەگەڵ یەکتردا تێکەڵاو دەکات. ئەمە بۆتە هۆی ئەوە کە زمان وەکو ئامرازێك بۆ ((دەرخستنی کەسایەتی)) سەیر بکرێت نەك ئامرازی تێگەیاندن و تێگەیشتن. ئاشکرایە ئەم دوو شێوازی بیرکردنەوە هەردووکیان نیشانەی یاخیبوون و ڕاپەڕینە دژی عەقڵ). وەرگرتنی هەڵوێستی عەقڵانی پێویستی بە دەستنیشان کردنی ئەم مانایە هەیە کە ئەوەی دەبێتە مایەی یەکێتی نێوان مرۆڤەکان، تونای وەرگێڕانی زمانە زگماکییە جیاوازەکانە بۆ سەر یەکتری تا ئەو شوێنەی کە ئەم زمانانە زمانی عەقڵ بن. لە هەلوێست و تێڕوانینی عەقڵانیدا، یەکێتی عەقڵی مرۆیی پەسند دەکرێت.

پێویستە چەند وشەیەکیش سەبارەت بە پەیوەندی هەڵوێستی عەقڵانی لەگەڵ هەڵوێستی ئەو کەسانەی ئامادەن، وەك دەڵێن، هێزی ((خەیاڵی)) خۆیان بەگەڕ بخەن. زۆربەی کاتەکان وادادەنرێت کە خەیاڵ لە تەك سۆز و هەڵچوون و هەربۆیە، لەگەڵ ڕێچکەی ناعەقڵانیدا پەیوەندیی و خزمایەتی هەیە ڕێچکەی عەقڵانی حەزی لە بیرکردنەوەی قوتابخانەیی وشك و بەدوور لە ناسکی خەیاڵە. نازانم ئەم بۆچوونە هیچ بنەمایەکی لە دەروونناسیدا هەیە یان نا، بەڵام پێیوا نییە هەیبێت. هەر چۆنێك بێت، من زیاتر هۆگری دەزگاکانم نەك دەروونناسی و لەڕووی دەزگاییەوە و (لەڕووی میتۆدەوە)، پێدەچێت بەپێی ڕێسا دەبێ عەقڵ مەیدان بە خەیاڵ بدات و دژایەتی کردنی عەقڵ بە پێچەوانەوە، دەبێتە لەمپەر لەبەردەم خولانەوەیدا. ئەو شتەی کە دەربڕی ئەمەیە، ئەو کەسە کە لە ڕێگای عەقڵ هەنگاو دەهاوێژێت، لە هەوڵی ڕەخنە و هەڵسەنگاندن دایە و ئەو کەسەی کە پەیڕەوی ڕێچکەی ناعەقڵانییە، حەزی لە دۆگماتیزمە (چونکە کاتێ جێگەیەك بۆ بەڵگەخوازی نەمێنێتەوە، یان دەبێ هەموو شتێك بە یەکەوە قبوڵ بکەیت یان یەکڕاست نکۆڵی لە هەموو شتێك بکەیت). ڕەخنەو هەڵسەنگاندن هەمیشە تاڕادەیەك پێویستی بە بەکارهێنانی خەیاڵە، ئەوە لەکاتێك دایە کە دۆگماتیزم، ئەم هێزە سەرکوت دەکات و پێشی لێدەگرێت توێژینەوەی زانستی و داهێنانی پیشەسازی و نووژەن و چێکردن، بەبێ هاوکاری خواستن لە خەیاڵدان، ممکین نییە. بەپێچەوانەی فەیلەسووفە

غەیببێژەکان کە بەهۆی دووبارەکردنەوەی بێ کۆتایی وشە بە ویقارەکان گەرەکیانە بگەنە مەبەست، هیچ کەسێك لەو پانتاییانەی ئاماژەمان بۆ کرد، جگە لە نوێگەری ناگات بە هیچ شوێنێك. گرنگی خەیاڵ لە بەکارهێنانی زانستیانەی پرنسیپی یەکسانی و بێ لایەنیشدا لانی کەم هەر بەم پلەیەیە. بیروباوەڕی سەرەکی پەیڕەوکارانی ڕێچکەی عەقڵانی لەسەر ئەو دامەزراوە کە ((ڕەنگە من هەڵە بکەم و ئێوە لەسەر هەق بن)). لەکاتی دژایەتی و جیاوازی بیروبۆچووندا، هەڵوێستێکی ئەوتۆ پێویستی بە یارمەتی ڕاستەقینەی هێزی خەیاڵ هەیە. ئەوە قبوڵ دەکەم کە لەوانەیە ئەڤین و غەمخۆریش هەندێ جار پێویستی بە هەوڵێکی لەم چەشنە هەبێت، بەڵام لەسەر ئەو بڕوایەم خۆشویستنی ژمارەیەکی زۆر یان بەشداری کردن لە کوێرەوەرییەکانیاندا، بۆ هیچ مرۆڤێك ممکین نییە و سەرەڕای ئەمە، لە بنەڕەتدا پێموانییە کارێکی ئەوتۆ خوازراو بێت، چونکە دواجار یان بەفیڕۆ ڕۆیشتنی توانای ئێمەی لێ دەکەوێتەوە بۆ هاوکاری کردن یان توندی و قوڵی ئەم سۆزە لەناو دەبات. بەڵام ئەو عەقڵەی پشت بە خەیاڵ دەبەستێت، وامان لێدەکات توانای تێگەیشتن لەم مانایەمان هەبێت کە تاکە دوورە دەستەکانیش کە ڕەنگە هەرگیز بە دیداریان شاد نەبین، وەکو خودی ئێمەن و پەیوەندییان لە تەك یەکتریدا وەکو پەیوەندی ئێمە و خزم و خۆشەویستەکانمانە. بەبڕوای من، هیچ کەسێك ناتوانێ لەمەڕ چەمکی ئەبستراکتی مرۆڤایەتی هەستوسۆزێکی ڕاستەوخۆی هەبێت. تەنیا دەتوانین لە قاڵبی تاکی دیاری کراو و دەستنیشان کراودا مرۆڤایەتیمان خۆشبوێت. هەلی ئامادەیی بۆ یارمەتی دانی ئەوانەی پێویستیان پێمان هەیە، لە کاتێکدا دێتە ئاراوە کە هێزی بیرکردنەوە و خەیاڵکردن بەکاربکەوێت.

من پێموایە، ئەم تێبینیانە، هەر هەموویان ئەوەمان بۆ ڕوون دەکەنەو کە پەیوەندی نێوان ڕێچکەی عەقلانی و مرۆڤدۆستی زۆر نزیکە و بێگومان زۆر نزیکترە لە پەیوەندی نێوان ڕێچکەی ناعەقلانی و هەڵوێستی دژە مرۆڤدۆستی و دژە یەکسانیخوازی. ئەزموونیش، بە بۆچوونی من، بەپێی توانا داکۆکی لەم دەرەنجامە دەکات. وادێتە بەرچاو کە هەڵوێستی عەقلانی بە زۆری ئامێتەیە لەگەڵ ڕوانگەیەکی یەکسانیخوازانە و مرۆڤدۆستانەدا، بەڵام ڕێچکەی نا عەقلانی لە زۆربەی حاڵەتەکاندا هەروەك شیمان کردەوە، لانی کەم هەندێ مەیلی دژە یەکسانیخوازی پێشان دەدات، هەرچەندە لەگەڵ مرۆڤدۆستیدا پەیوەندی هەبێت. قسەی من ئەوەیە کە ئەم پەیوەندییە پایەو بناغەیەکی تۆکمەی نییە.



## ٤

تا ئێرە هەوڵدانی من بۆ شیکردنەوەی ئەو پۆلە لە دەرەنجامەکانی ڕێچکەی عەقلانی و ناعەقلانی چڕبۆتەوە کە منی هانداوە بۆ بڕیاردان لەسەر هەڵبژاردنی ئەو ڕێگایەی گرتوومەتەبەر. دیسان دووبارەی دەکەمەوە کە ئەم بڕیارە بەشێوەیەکی گشتی بڕیارێکی ئەخلاقییە. بڕیاری بەجدی وەرگرتنی ئەرگۆمێنت و بەڵگەخوازییە. جیاوازی نێوان ئەم دوو هەڵوێستەی لەسەری دوایین هەر لەمەدایە. پەیڕەوکارانی ڕێچکەی ناعەقلانیش پەنا بۆ عەقڵ دەبەن بەڵام هەست بە هیچ چەشنە ئیلتزامێك ناکەن سەبارەت بەم کارە. هەر کاتێ بیانەوێت، دەستەوداوێنی عەقڵ دەبن، هەر کاتێ نەیانەوێت، واز لە عەقڵ دێنن. بەڵام بەبڕوای من، تاکە هەڵوێستێك کە لەڕووی ئەخلاقییەوە ڕاستە، هەڵوێست و تێڕوانینی ئەو کەسانەیە کە ئەوەیان قبوڵە چ لەگەڵ خۆیان و چ لەگەڵ خەڵکانی تردا، دەبێ وەك بوونەوەری عەقڵمەند هەڵسوکەوت بکەن.

هێرشی پێچەوانەی من بۆ سەر ڕێچکەی ناعەقلانی، لەم ڕوانگەیەوە هێرشێکی ئەخلاقییە. ئەو ڕۆشنبیرەی کە بەپێی زەوقی خۆی، ڕێچکەی عەقلانی ئێمە بەشتێکی کەم بایەخ دەژمێرێت و بە دوای دوایین مۆدیلی ڕۆشنبیرانەی جێگەی پەسندی دەستەبژێران (خواص) دادەچێت و دڵخوازی خۆی لە عیرفانی سەدەکانی ناڤیندا دەدۆزێتەوە و دەکەوێتە پەسن کردنی- بەو پەڕی داخ و پەژارەوە لە بەجێ گەیاندنی ئەرکی خۆی لە هەمبەر جۆرەکانی خۆیدا کەمتەرخەمی دەکات. ڕەنگە خۆی و زەوقی ناسکی خۆی بە بەرزتر لە ((سەردەمی زانستیی)) ئێمە لە قەڵەم بدات- بەرزتر لە ((سەردەمی بە پیشەسازی بوون)) کە دەیەوێت، بەبێ عەقڵاندن و بەبێ جیاکردنەوە، ڕوخسارێکی ((ماشینی)) و ((ماددی)) بە هەموو شتێك ببەخشێت و تەنانەت بیری مرۆڤیش بکاتە پاشکۆی پرنسیپی دابەشکردنی کار[٢١]. بەڵام بەم جۆرە بیرکردنەوەی دەریدەخات کە بێ توانایە لە تێگەیشتن لە هێزی ئەخلاقی پەنهانی ناو خودی زانستی ئەمڕۆ. لەوانەیە باشترین گەواهی ئەم شێوازی بیرکردنەوەیە کە جێگەی نارەزایەتی منە و نموونەی ئەم جۆرە دوژمنایەتییە ڕۆمانتیکەیە لەگەڵ زانستی نوێدا، ئەم ڕستانە بێت کە ئێستا لە ئادۆلف کێلەری دەیخوازین[٢٢]:

> پێدەچێت لە ئاستانەی چاخێکی نوێ دابین کە ڕۆحی مرۆڤ، هێزە عیرفانی و دینییەکەی خۆی دەدۆزێتەوەو لە ڕێگای دروست کردنی ئەفسانەی نوێ،

لەبەرامبەر بەماددی بوون و بە ماشینی بوونی ژیان نارەزایەتی دەردەبڕێت. ڕۆحی مرۆڤ ئەو کاتەی کە دەبووایە وەك تەکنسین و شوفێر خزمەتی مرۆڤایەتی بکات، ئازاری دەچەشت. بەڵام ئێستا سەر لەنوێ لە پلەی شاعیر و پێغەمبەردا وەخەبەر دێتەوەو لەژێر فەرمان و بەرێبەرایەتی ئەو خەونانە بەرەو پێش دەچێت کە لەڕووی دانایی و شایستەی متمانەپێکردن، لەگەڵ حیکمەتی عەقڵیی و بەرنامە زانستییەکاندا ململانێ دەکات و لەڕووی ئیلهام بەخشی و وروژێنەرییەوە، لەوان بەرزترە. ئەفسانەی شۆڕش پەرچەکدارێکە لە بەرامبەر چرووکی و خۆپەسندی خۆڕانەری کۆمەڵگای بۆرژواو ئەو کولتوورەی کە کۆنەو رزیوە. نوێخوازی و دڵفراوانی ئەو کەسانە دەگەیەنێت کە بەتەواوی ئاسایش لەنێویاندا بارگەوبنەی پێچاوتەوەو ئێستا لەجیاتی چوونە نێو سنووری واقعیەتە هەستپێکراو و مەلموسەکان، بەرەو دەروازەی خەونەکان هەنگاو داوێژن.

لە شیکردنەوەی ئەم دەستەواژانەدا، سەرەتا گەرەکمانە بەشێوەیەکی سەرپێی سەرنجی خوێنەر بۆ تایبەتمەندی مێژووگەرایی و ئایندەپەرستی ئەخلاقی نووسەر رابکێشین[٢٣] ((لە ئاستانەی چەرخێکی نوێ))، ((کولتوورێکی کۆن و رزیو)) و شتی لەم جۆرە). بەڵام گرنگتر لە تەردەستی وشەبازی، وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەیە کە ئایا ئەوەی وترا راستە؟ ئایا راستە کە ڕۆحی ئێمە نارەزاییە لە هەمبەر بە ماددی بوون و بە مانشینی بوونی ژیان؟ لە ململانێ لەگەڵ کوێرەوەرییە بێ ئەژمارەکان کە چاوگیان بۆ برسێتی و ئافات و بەڵاکانی تایبەت بە سەدەکانی ناڤین دەگەڕێتەوە، ئێستا سەرکەوتن بەدەست هاتووە. ئایا راستە ڕۆحی ئێمە نارەزایەتی هەیە دژی ئەم سەرکەوتنانە؟ ئایا راستە ڕۆحی مرۆڤ لەکاتێکدا کە لە پلەی تکنسیین خزمەتی مرۆڤی دەکرد، ئازاری دەچەشت و کاتێ ملی دابووە بەرنیری کۆیلایەتی و نۆکەری، بەختەوەر بوو؟ بێگومان، هەندێ کەسی ئەوتۆ هەن کە کارەکەیان وشك و ماشینیە و هەست دەکەن کوێرەوەری و وەزگدانەکانیان بێ مانایە. ئەم جۆرە کارە، هێزی داهێنان لە ناو دەبات. مەبەستم بە هەند وەرنەگرتنی ئەم کێشە مەترسیدارە نییە. بەڵام بە کردەوە تاکە کڵاورۆژنەی هیوا ئەوەیە کە ئەم کارە پڕ کوێرەوەری و ماشینیە بە ماشین بسپێرین، نەك کارو کەمکردنەوەی زۆرتری کاری رۆژانە، تاکە شتێك کە دەتوانین بەشێوەیەکی عاقڵانە ئومێدمان پێی هەبێت، زیادکردنی بەرهەمدارییە. (ئەو کات پێموانییە ڕۆحی ئێمە هەمیشە لەبەر ئەوەی



دەبێ لە پلەی تکنسییندا خزمەت بکات، ئازار بچێژێت. من لەسەر ئەو بڕوایەم کە ((تەکنسییەنەکان)) و بۆ نموونە داهێنەران و زانا گەورەکان، بەزۆری چێژیان لەم کارە وەرگرتووەو لە نوێخوازیدا هیچیان لە عارفەکان کەمتر نەبووە). کێ بڕوا دەکات کە ((فەرمان و ڕێبەرایەتی خەونەکان)) بەو چەشنەی کە لە خەوی پێغەمبەر و خەوخۆش و ڕێبەرانی سەردەمی ئێمەدا دەرکەوتووە، بەڕاستی ((لە رووی دانایی و شایستەی متمانەپێکردن لەگەڵ حیکمەتی عەقلّی و بەرنامە زانستییەکاندا ململانێ دەکات؟)) بەڵام بۆ ئەوەی باشتر بۆمان دەرکەوێت کە لێرەدا لەگەڵ چی بەرەوڕووین، تەنیا ئەوەندە بەسە کە بۆ ((ئەفسانەی شۆڕش)) بگەڕێینەوە کە نموونەیەکی رواڵەتی هیستری رۆمانتیکی سەردەمی ئێمە و ئەو رادیکالیزمەیە کە سەرچاوەکەی بۆ لەبەریەك هەڵوەشانی خێڵ و فشاری شارستانیەت، دەگەڕێتەوە (هەروەك لە بەشی نۆیەمدا شی کرایەوە). ئەم جۆرە ((مەسیحیەتە)) کە ئامۆژگاری ئەفسانەسازی دەکات لەجیاتی بەرپرسایەتی ئایینی، مەسیحییەتێکی خێڵەکییە. مەسیحیەتێکە کە خۆی لەژێر باری مرۆڤ بوون دەدزێتەوە. ئامان لەدەست ئەم پێغەمبەرە درۆینانە کە بێ ئەوەی خۆیان ئاگایان لێ بێت، ئامانجیان گەڕانەوەیە بۆ یەکیەتی لەدەست چووی خێڵەکی. گەڕانەوە بۆ کۆمەڵگایەکی داخراوی ئەوتۆ کە ئەمانە بانگەشەی بۆ دەکەن بەمانای گەڕانەوەیە بۆ قەفەز و ڤەگەڕیانە بۆ ئاژەڵەکان[٢٤].

ئێستا بابزانین لایەنگرانی ئەم جۆرە رۆمانتیزمە لەوانەیە چۆن لەهەمبەر ئەم رەخنانەدا دژکردەوە پێشان بدەن. زۆر دوورە بەڵگە بهێننەوە، چونکە ئەم جۆرە رۆمانتیکانە پێیان وایە کە دایالۆگ لەگەڵ عەقڵگەراکان سەبارەت بەم بابەتانە هیچ سوودێکی نییە، ئەگەری ئەوە هەیە تاکە دژکردەوەیان ئەوە بێت کە بەزیرەکییەوە خۆیان دوور بکەنەوەو بڵێین لە نێوان ئەو کەسانەی کە هێشتا ڕۆحیان ((هێزە عیرفانییەکانی خۆی نەدۆزیوەتەوە)) و ئەوانەی کە ڕۆحیان بەم هێزە تەیار بووە، زمانی هاوبەش بوونی نییە. ئەم دژکردەوەیە بە پەرچەکرداری دەروونشیکارەکان دەچێت کە (هەروەك لە بەشی پێشوودا ئاماژەمان بۆ کرد) گەرەکیانە نەیار نەك لە وڵامی پشت بەستوو بە بەڵگە، بەڵکو وەبیر هێنانەوەی ئەم خاڵە بە چۆك دابنێن کە حەزە سەرکوتکراوەکان دەبنە بەربەست لەبەردەم تەسلیم بوون لە بەرامبەر دەروونشیکاریدا. هەروەها ئەم دژکردەوەیە هاوتای پەرچەکرداری کۆمەڵگاشیکارەکانە کە دەڵێن ئایدۆلۆژیای هەمەکی نەیار دەبێتە لەمپەر لەبەردەم ئەوەی کە کۆمەڵناسی مەعریفە قبوڵ بکات. هەڵبەتە هەروەك پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد، ئەم شێوازە بۆ ئەو کەسانەی کە پەنای بۆ دەبەن خاڵی

نییە لەسەر گەرمی و کات بەسەر بردن، بەڵام ئێستا باشتر دەتوانین ئەوە ببینین کە بەپێچەوانەی پێودانگی عەقڵیی، ناچارە مرۆڤەکان بەسەر دوو دەستەی دوور و نزیکدا دابەش بکات. ئەم پۆلێن کردنە لە هەموو ئایین و ئایینزکان دادەبنێرێت بەڵام لە ئیسلام و مەسیحیەت و ڕێبازی عەقڵگەراکاندا کە هەموو کەسێك بەخودان ماتەتوانایەك دەزانێ بۆ بە پیرەوەچوونی ئایینەکەی، تاڕادەیەك بێ ئازارە. لە دەروونشیکاریشدا هەر بەم جۆرەیە کە هەموو کەسێك بەخودان ماتە توانا دەزانێ بۆ دەرمان کردن (ئەوەندە نەبێت کە لە دەروونشیکاریدا، بەربەستی گەورە، ئەو مەبلەغەیە کە دەبێ لەجیاتی ماندووبوون و زەمەتکێشان بۆ هاتنە سەر ئایینە نوێیەکە بدرێت). بەڵام کاتێ دەچینە سەر کۆمەڵناسی مەعریفە، ئەم جۆرە پۆلێن کردنە ئیدی هێندە بێ ئازار نییە. کۆمەڵگاشیکار بانگەشەی ئەوە دەکات کە تەنیا هەندێ لە ڕۆشنبیران دەتوانن بەرۆکی خۆیان لە ئایدۆلۆژیای هەمەکی رزگار بکەن و لە خراپەی ئەو هزرە رزگاریان بێت کە لە بارودۆخی چینایەتییەوە سەرچاوە دەگرێت. بەم چەشنە کۆمەڵگا شیکار، وێنای ماتە یەکێتی عەقڵیی مرۆڤەکان بەلاوە دەنێت و یەکڕاست تەسلیمی ناعەقڵانیەت دەبێت. کاتێ ئەم تیۆرە روخسارێکی بایۆلۆژیش بەخۆوە دەگرێت و ئەمە دەکاتە بنچینە کە سروشت بەسەر هەموو شتێك ((باڵادەستەو لەشێوەی ئەم رێنماییە رەگەزییە رێکدەخرێت کە ((چاوگی بیرمان خوێنمان یان رەگەزمانە))، بارودۆخەکە لە رابردووش خراپتر دەبێت. بەڵام کاتێ مەترسییەکە دەگاتە لوتکە کە بابەتەکە ناسکتر بکرێت و هەر ئەم بۆچوونە خۆی لە بەرگی جۆرە عیرفانێکی ئایینیدا دەربخات- هەڵبەتە نەك عیرفانی شاعیر یا مۆسیقاژەنێك، بەڵکو عیرفانی رۆشنبیرێکی هێگلی کە پێیوایە بیری خۆی و پەیڕەوەکارەکانی لەسەرچاوەیەکی تایبەتیەوە ئیلهامی بۆ دێت و هەر بۆیە خودان هێزێکی عیرفانی و ئایینی تایبەتە کە ئەوانیتر لێی بێ بەشن و هزری خۆیان بە لافاوێك لە بەخششی یەزدانی دەژمێرین. ئەم بانگەشەکارنە بەهۆی ئەو ئاماژە ئارامەی کە بۆ بێبەشان لە بەخششی یەزدانی دەیکەن و بەو هێرش و پەلامارەی کە دەیکەنە سەر ماتە هێزی یەکێتی رۆحی مرۆڤەکان، بەبڕوای من، هەر بەو ڕادەیە کە خۆیان بە خاکەڕی و خۆپارێز و دینداری لە قەڵەم دەدەن، رواڵەتباز و کوفروێژ و دژە مەسیحیەتن.

بە پێچەوانەی ئەم جۆرە عیرفانە کە بەشێوەیەکی عەقڵانی و هزری، خاڵییە لە هەست کردن بە بەرپرسایەتی و دەخزێتە پەنای خەون و فەلسەفەی غەیببێژانە و وشەبازی، زانستی نوێ، عەقڵ و هزرمان بە رێسای تاقیکردنەوە زانستیەکان بەند دەکات. دەتوانین تیۆرە زانستییەکان بە



پێودانگی تاقیکردنەوەی دەرەنجامە پراکتیکییەکان هەڵسەنگێنین. زانا لە بەشی زانستی خۆیدا بەرپرسی ئەو شتەیە کە دەیڵێت. دەکرێت لە رێگای بەری کارەکەیەوە بیناسین و حسابی لە حسێبی پێغەمبەرە درۆینەکان جیا بکەینەوە[٢٥]. یەکێك لەو کەسانەی کە بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن و پەی بەم لایەنەی زانست بردووە، فەیلەسووفی مەسیحی، ج. مێك مێرییە کە (هەرچەندە هەروەك لە بەشی داهاتوودا روونی دەکەینەوە، بیروباوەڕەکانی لەمەڕ پێشگۆیی کردنی مێژووییدا جێگەی پەسندی من نییە) لەم بەستێنەدا دەڵێت[٢٦]: ((زانست لە پانتایی توێژینەوەی تایبەت بەخۆیدا، بۆ تێگەیشتن لە پرسەکان، میتۆدێك بەکاردەهێنێت کە یەکێتی لەدەست چووی نێوان تیۆر و کردەوە، دەگەڕێنێتەوە)). بەبڕوای من، هەر ئەمە بۆتە هۆی ئەوە کە زانست بۆتە درك لە چاوی ئەو عارفانەی کە لە رێگای ئەفسانە چنین، خۆ لەژێر باری کردەوە دەدزنەوە. مێك مێری لە شوێنێکی تردا دەڵێت: ((زانست لە پانتایی خۆیدا، بەرهەمی مەسیحیەتە و تاکو ئێستا یەکێك لە تەواوترین سیماکانی بووە ... توانستی زانست بۆ پێشڤەچوون لە رێگای هاوکاری، بەبێ وەبەرچاوگرتنی سنووری نێوان رەگەز و گەلان و ژن و پیاو، توانای زانست بۆ پێشگۆیی و هێزەکەی بۆ چاوەدێری و هەڵسەنگاندنەوە، ئەمانە هەموویان بەشێکن لە سیماکانی مەسیحیەت بە تەواوترین شێوە کە تا ئێستا لە ئەوروپادا بینراوە)). من بە تەواوی لەگەڵ ئەم رایەدا کۆکم، چونکە پێموایە شارستانیەتی رۆژئاوا لەڕووی پەیڕەوی کردن لە عەقڵ، لەڕووی باوەڕهێنان بە یەکێتی عەقڵی مرۆیی و بڕوا بوون بە کۆمەڵگای کراوە و بەتایبەتی لەڕووی پابەندبوون بە روانگەی زانستی، قەرزداری ئیمانی دێرینی سوقراتی و مەسیحیەتە لەمەڕ برایەتی هەموو مرۆڤەکان و راستگۆیی و بەرپرسایەتی هزری. (یەکێك لەو بەڵگانەی کە زۆربەی کات بۆ سەلماندنی جیاوازی نێوان زانست و ئەخلاق پشتی پێدەبەسترێت ئەوەیە کە بەشێك لە بەرهەمەکانی زانست لەرێگای ئامانجی چەپەڵی وەك جەنگدا بەکاردەهێنرێت. بەڵام ئەم بەڵگەخوازییە تەنانەت نرخی ئەوەی نییە کە کەسێك بیەوێت بەجدیش زەحمەتی هەڵسەنگاندنەکەی بخاتە سەرشانی خۆی. هیچ شتێك لەم دونیایەدا بوونی نییە کە کەڵکی خراپی لێ وەرنەگیرابێت. تەنانەت عیشقیش هەندێ جار گۆڕاوە بۆ ئامرازی مرۆڤ کوشتن و رەنگە ئاشتی خوازی ببێتە هۆی هەڵگیرساندنی جەنگ. دەبێ بەرپرسایەتی هەموو دوژمنایەتییە نەتەوەیی و جەنگە پەلاماردەرییەکان بخەینە سەرشانی دژایەتی کردنی عەقڵ و بەڵگەخوازی نەك عەقڵانیەت. چ پێش جەنگی خاچپەرستی و چ پاش

ئەو، گەلێ جەنگی ئایینی هەڵگیرساوە، بەڵام هیچ جەنگێکمان پێ شك نایەت کە لە ڕێگای ئامانجی ((زانستی)) و بە ئیلهام وەرگرتن لە زانایان سەری هەڵدابێت.

بێگومان ئەم خاڵە لە رستەکانی مێك مێریدا گرنگی پێدراوە کە بەم هۆیەوە دەکەوێتە ستایش کردنی زانست کە ((لە پانتایی توێژینەوەی تایبەت بەخۆیدا)) لێکۆڵینەوە ئەنجام دەدات. بە بۆچوونی من ئەم جەخت کردنە پڕ بایەخە، چونکە ئەمڕۆکە بەزۆری- و زۆربەی کات لەکاتی وتووێژ لەگەڵ هەندێ عارفی وەك ئەدنگتن و جێنز(٩)- دا گوێ بیستی ئەوە دەبین کە زانستی نوێ، بە پێچەوانەی زانستی سەدەی نۆزدە، لەپێ کەوتووترەو ئێستا رازەکانی جیهانی قبوڵ کردووە. بەڵام بە بۆچوونی من ئەم ڕایە بە تەواوی هەڵەیە. داروین و فارادەی(١٠) لە خاکەڕێی و ملکەچی بۆ وەدەست هێنانی حەقیقەت لە هیچ کەسێك کەمتر نەبوون و تەنانەت پێموایە، لەم دوو ئەستێرەناسە گەورەیەی هاوچەرخی خۆمان کە ناومان بردن، زۆر لە پێ کەوتووتر بوون. ئەدینگتن و جێنز ((لە پانتایی توێژینەوەی تایبەت بە خۆیاندا)) هەردووکیان لە گەورە پیاوانن، بەڵام بڕواناکەم بەرفراوانبوونی بەستێنی چالاکیەکانیان بۆ عیرفانی فەلسەفی، لەپێ کەوتووتی و ملکەچییان بسەلمێنێت{٢٧}. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، بەشێوەیەکی گشتی، دوور نییە زاناکان خاکەڕێتر بووبن، چونکە بەرەو پێش چوونی زانست زۆرتر لە ڕێگای پەی بردن بە هەڵەکانەوە دەبێت و لەسەریەك چەندی زیاتر بزانین، ئاشکراتر پەی بەوە دەبەین کە نازانین. (رۆحی زانست، رۆحی سوقراتە{٢٨}).

سەرەڕای ئەوە کە، ئەوەی سەرنجی من ڕادەکێشێت بەشێوەیەکی گشتی لایەنی ئەخلاقی دژایەتی عەقڵانیەت و ناعەقڵانیەتە و بەبڕوای من، لایەنی ((فەلسەفی تری)) پرسەکە خودان گرنگی سەرەکی نییە، بەڵام پێموایە پێوستە لەمەڕ ئەم لایەنەی دواییان بەکورتی روونکردنەوەیەك پێشکەش بکەم. ئەوەی لە هزرم دایە ئەم راستیەیە کە لایەنگری عەقڵانیەتی رەخنەیی لە لایەنێکی تریشەوە دەتوانێت بەسەر لایەنگری ناعەقڵانیەتدا زاڵ بێت، چونکە رەنگە بەڵگەخوازی بکات کە کەسی ناعەقڵانی کە هێندە بەخۆی دەنازێت (بە پێچەوانەی زاناکە هەرگیز لە ئاستی شتەکان ناچێتە خوار) رێز لە رازە قوڵەکانی جیهان دەگرێت و دەرکیان دەکات، لەڕاستیدا نەرێز لەم رازانە دەگرێ و نە تێیاندەگات و بەردەوام بەم بەڵگە بێ

٩. Sir James Hopwood Jeans (١٨٧٧ـ١٩٤٦) فیزیکزان و ئەستێرەناسی ئینگلیزی.

١٠. Michael Faraday (١٧٩٠ـ١٨٦٨) کیمیازان و فیزیکزانی بەناوبانگی ئینگلیزی.



بایەخانە دڵی خۆشە. ئایا ئەفسانە جگە لەمە بۆ هیچ شتێکی ترە کە بەهۆی بەڵگەتاشینەوە پاساو بۆ شتێکی ناعەقڵانی بهێنرێتەوە؟ کام یەك لەم دووانە زیاتر رێز لە رازەکان دەگرێت: ئەو زانایەی کە هەوڵی خۆی هەنگاو بە هەنگاو بۆ دۆزینەوەی رازەکان تەرخان دەکات و هەمیشە ئامادەییە واقعیەتەکان قبوڵ بکات و بەردەوام دەزانێت کە تەنانەت گەورەترین سەرکەوتنیشی جگە لە پلەیەکی تر لەسەر رێڕەوی ئەوانەی لە ئایندەدا دێن، هیچی تر نییە، یان ئەو عارفەی کە بە ئازادی ئەوەی دڵی بیەوێت دەیڵێت، چونکە هیچ ترسێکی لە پێودانگی هەڵسەنگاندنی ئەزمون نییە؟ تازە سەرەڕای ئەم ئازادییە گومانلاوییە، دیسان عارف جگە لە دووبارە کردنەوەی بێ کۆتایی دووبارە بووەکان هیچ ئیشێکی تری نییە. (هەمیشە قسە لەسەر هەمان ئەفسانەی بەهەشتی ونبووی خێڵەکی و هەمان خۆبواردنی شێتانەیە بۆ خۆڕاگرتن لە بەرامبەر قورسی شارستانیەتدا{٢٩}) بە وتەی شاعیری عارف، فرانتس کافکا، کە ئەم وشانە لەتاو داماویدا لە خامەکەی دادەچۆڕا{٣٠}، هەموو عارفەکان ((لە هەوڵی دەبڕینی ئەم خاڵەدان ... کە دەرك کراو، دەرك دەکرێت. بەڵام ئەوە شتێکە کە پێشتریش دەمانزانی)). کەسی ناعەقڵانی دەیەوێت بە عەقڵ پاساو بۆ ئەو شتە بێنێتەوە کە بۆ پاساو هێنانەوەی عەقڵی ناشێت و جگە لەمە، لەسەرە زلەکەیەوە {نەك باریکەکە} فوو لە زۆرنا دەکات. ئەوەی میتۆدی عەقڵیی بەسەردا پراکتیکە ناکرێت، تاکی هەندەکی و تاقانە و دەستنیشان کراو و دیاری کراوە، نەك گشتگەل و ئەبستراکت. زانست بۆ نموونە دەتوانێت، جۆرە گشتیەکانی روانگە یان مرۆڤ وەسف بکات، بەڵام هەرگیز ناتوانێت وەسفێك لە فلان روانگە یان مرۆڤ بکات کە لە هەموو روویەکەوە هەمەلایەن و لەمپەر (جامع و مانع) بێت. بازنەی عەقڵ، بازنەی گشتگەل و جۆرەکانە کە خۆی لە زۆر لایەنەوە بەرهەمی عەقڵە، چونکە لە ئەبستراکتی زانستیەوە بەرهەم دێن. تاك و کارو ئەزموونەکانی و هەروەها پەیوەندی لەگەڵ ئەوانیتر، هەرگیز بە تەواوی لەڕووی عەقڵیەوە پاکانەی بۆ ناکرێت و چونکە تایبەت بەخۆی و بێ هاوتایە{٣١}. و بە ڕواڵەتیش هەر ئەم پانتاییە ناعەقڵانەی فەردیەتە کە گرنگیەکی ئەوتۆ بە پەیوەندی مرۆیی دەبەخشێت. بۆ نموونە، زۆربەی خەڵکی هەست دەکەن ئەگەر تایبەت نەبوونایە و لە هەموو روویەکەوە بە نموونەی جۆریی یەکێك لە توێژەکانی خەڵك بژمێردرابان، بە چەشنێك کە دەبووایە رێك هەمان کاروکردەوەو ئەزموونەکانی ئەم توێژە دووبارە بکەنەوە، ژیان بەهایەکی نەدەبوو. بەهای ژیان رێك لەمەدایە کە هەموو ئەزموونێك- جا چ ئەو ئەزموونەی کە لە تەماشای روانگەیەکەوە بەدەست بێت یان ئەزموونی روانین لە ئاوا بوونی خۆر یان

تێڕامان لەو حاڵەتەی لەسەر روخساری مرۆڤێکدا چیٚ دەبێت تاقانە و تایبەت بە تاکە. بەڵام لە سەردەمی ئەفلاتونەوە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی هەموو ڕێبازە عیرفانیەکان ئەوە بووە کە پەیڕەوکارەکانی هەستیان کردووە چونکە هەموو کەسێك تایبەتە و هەربۆیە، لە دەرەوەی بازنەی گشتگەلی عەقڵیە و پەیوەندییەکی تایبەت بەخۆی لەگەڵ تاکەکانی دیکەدا هەیە، دەبیٚ ئەم هەستە بگوازنەوە بۆ پانتایی گشتگەل و ئەبستراکتەکان- ئەو پانتاییەی کە بەپێی پسپۆڕی تایبەتە بەزانست. هیچ دردۆنگیەك لەمەڕ ئەوە نییە کە ئەو هەستەی عارف هەوڵی داوە بیگوازێتەوە، هەر ئەم هەستە بووە. لای هیچ کەسێك شاراوە نییە کە زاراوەگەلی عیرفان- یەکیەتی عیرفانی، بینینی عیرفانانەی جوانی، عیشقی عیرفانی- لە هەموو قۆناغەکاندا لە سنوور و قەڵەمڕەوی پەیوەندی نێوان تاکەکان، بەتایبەتی لە بازنەی عیشقی سێکسی خواستراوە. هەروەها گومانی تێدا نییە کە عارف ئەم هەستەی بۆ گشتگەل (کلیات) و ئەبستراکت، بۆ ماهییەت، بۆ فۆڕم و ئایدیا {ئەفلاتونیەکان} گواستۆتەوە. ڕەگی ئەم هەڵوێستە عیرفانیە هەمان دڵتەنگیە بۆ یەکیەتی لەدەست چووی خێڵایەتی و حەسرەتی گەڕانەوە بۆ پەناگەیماڵی باوك و ئەو ئارەزوویەی کە جیهان لە هەمان سنووری ماڵی باوکدا بەرتەسك بکرێتەوە. بە وتەی ویتگنشتاین{٣٢}: ((ئەم هەستە کە جیهان گشتێکی سنووردارە، هەستێکی عیرفانییە)). بەڵام ئەم ڕێچکە ناعەقلانیەی کە لەسەر بنەمای گشتگەرایی یان گشتگەلیگەرای(١١) دامەزراوە، دڵی گیرۆدەی شتێك بووە کە شایستەی دڵگیری نییە. ((جیهان)) و ((گشت)) و ((سروشت)) هەموویان ئەبستراکت و گشتگەلێکن کە بەرهەمی عەقڵن. (جیاوازی نێوان فەیلەسووفی عارف و هونەرمەند هەر لەوەدایە کە هونەرمەند لە هەوڵی بەڵگەتاشی و پاساوی عەقڵیدا نییە و پەنا ناباتەبەر ئەبستراکتەکان، بەڵکو لە جیهانی خەیاڵدا، تاکی دیاری کراو و ئەزموون و حاڵەتە تایبەت بە تاکەکان دەخوڵقێنێت). بە کورتی عارف گەرەکیەتی پاساو بۆ شتێکی ناعەقلانی بهێنێتەوە لە ڕێگای بەڵگەتاشییەوە بەشێوەیەکی عەقلانی و لە شوێنی هەڵەدا بەدوای رازو نهێنیدا دەگەڕێت و بەم هۆیە دەست بۆ ئەم کارە دەبات کە لە خەونی گشتێکی دەستە جەمعی{٣٣} و یەکیەتی دەستەبژێر و نوخبەکان دایە، چونکە لە توانای دانییە لەگەڵ ئەرکە کردەییە دژوارەکاندا بەرەڕوو بێتەوە، کە هەر کەسێك یەکەیەکی مرۆڤەکان لە خودی خۆیاندا بەغایەت بزانێت، ناچارە رووبەڕووی ئەم ئەرکانە ببێتەوە.

11. Holistic or universalistic irrationalism



بەبڕوای من، ئەو کێشمەکێشەی کە لە سەدەی نۆزدەدا لە نێوان زانست و دیندا روویدا، ئێستا کۆن و لەناوچووە{٣٤}. عەقلانیەتی ((نارەخنەیی)) هەڵگری دژایەتییە. لەم روویەوە، ئەمرۆکە پەیوەندی بە هەڵبژاردنی یەکێك لە دوو جۆرە ئیمانەکەوە هەیە، نەك هەڵبژاردن لەنێوان زانین و دین. پرسەکە ئێستا بەم شێوەیەی لیٚ هاتووە کە ئیمانی راست کامەیە و ئیمانی ناڕاست کامەیە؟ ئەوەی من ویستوومە پێشانی بدەم ئەوەبووە کە دەبیٚ لەنێوان ئەم جۆرە ئێمانەدا یەکێکیان هەڵبژێرین: یان بڕواهێنان بە عەقڵ و یەك یەکی مرۆڤەکان، یان باوەڕبوون بەهێزی عیرفانی مرۆڤ کە لەگەڵ کۆدا یەکی دەخات. هەروەها هەوڵم داوە ئەوە روون بکەمەوە کە ئەم هەڵبژاردنە، لە هەمان کاتدا هەڵبژاردنە لە نێوان هەڵوێستێك کە دان بە یەکایەتی مرۆڤ دادەنێت و هەڵوێستێك کە مرۆڤەکان بەسەر دوو دەستەی دۆست و دوژمن و کۆیلە و کۆیلەدار دابەش دەکات.

ئەوەی باسمان کرد بۆ روونکردنەوەی هەردوو زاراوەی ((عەقلانیەت)) و ((ناعەقلانیەت)) بەسە و هەروەها بەیان کردنی پاڵنەرەکانی خودی خۆم لەمەڕ هەڵبژاردنی عەقلانیەت و هۆی ئەوەی بۆچی پێموایە رۆشنبیرنوێنی ناعەقلانی و عیرفانی کە ئێستا بۆتەمۆدێل، نەخۆشی هزری پەنهانی سەردەمی ئێمەیە. هەڵبەتە پێویست ناکات ئەم نەخۆشیە زۆر بەجدی وەربگیرێت چونکە قوڵ نییە (و زاناکان، جگە لە ژمارەیەکی یەکجار کەمیان نەبێت، تووشی ئەم نەخۆشییە نەبوونە)، بەڵام دیسان سەرەڕای رووکەشانە بوونی، بەهۆی نفوزکردنی لەبیری کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، نەخۆشییەکی ترسناکە.

**٥**

ئێستا بۆ ئەوەی شایەدێکم لەسەر ئەم مەترسیە هێنا بێتەوە، بەکورتی هەوڵ دەدەم هزری دوو کەس لە بە نفوزترین سەرچاوەکانی هاوچەرخ بخەمە ژێر رەخنەو هەڵسەنگاندنەوە کە بەهۆی دژایەتیان لەگەڵ عەقڵ و بەڵگەخوازی خودان کاریگەر بوونە. سەرەتا، ئالفرێد نۆرس وایتهد کە ناوبانگەی قەرزداری لێکۆڵینەوەکانی لە ماتماتیك و هاوکاری کردنی لەگەڵ برتراند راسڵی گەورە فەیلەسووفی عەقلانی سەردەمی ئێمەیە{٣٥}. هەڵبەتە وایتهدیش خۆی بە فەیلەسووفێکی عەقلانی لە قەڵەم دەدات، بەڵام هێگلیش کە وایتهد لە زۆر لایەنەوە قەرزداریەتی، هەر ئەم بۆچوونەی لەسەرخۆی هەبوو. وایتهد یەکێکە لەو ژمارە کەمەی

فەیلەسووفە نییوهێگلییەکان[١٢] کە دان بە قەرزداری خۆی سەبارەت بە هێگل و ئەرستۆ دادەنێت[٣٦] و بێگومان لەم ڕوویەوە، سەرەڕای نارەزایەتییە توندەکانی کانت، کە وێراویەتی بەبێ گوێ دان بە بەڵگەخوازی، هەوڵی دامەزراندنی سیستەمگەلی میتافیزیکی پڕ شکۆ بدات، منەتباری هێگلە.

سەرەتا یەکێك لەو ژمارە کەمە بەڵگەخوازییە عەقلانیانەی کە وایتهد لە کتێبەکەیدا لەژێر ناوی، **پرۆسس و واقعیەت**، دەهێنێتەوە، تاوتوێ دەکەین و لەم ڕێگەیەوە گەرەکیەتی بەرگری لە میتۆدەکەی خۆی بکات لە فەلسەفەی تیۆری (ئەو میتۆدەی کە بە بۆچوونی خۆی ((عەقلانی و بەڵگەخوازانەیە)). دەنووسێت[٣٧]:

> یەکێك لە نارەزایەتیەکان دژی فەلسەفەی تیۆری ئەوەبووە کە ئەم فەلسەفەیە زۆر بەرزەفڕبووە. هەڵبەتە نارەزاییەکان دان بەوە دادەنێن کە پێشکەوتن لە ناوەوەی سنوورەکانی هەموو زانستێکی تایبەتدا، بەهۆی میتۆدی ڕێبازی عەقڵیەوە ئەنجام دەدرێت. بەڵام لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئەم سەرکەوتنە سنووردارە نابێ ببێتە هاندەری گەلاڵەڕێژی بۆ سیستەمە دوورودرێژەکان لە پێناو دەربڕینی سروشتی دۆخ و شتەکان. یەکێك لەو لایەنانەی کە بانگەشەکاران بۆ پاساوهێنانەوە بۆ ئەم نارەزایەتییە ئاماژەی بۆ دەکەن، سەرنەکەوتنە. دەڵێن سەکۆی هزری ئەورووپا لێوانە لە پرسی میتافیزیکی یەکالا نەکراو و واز لێ هێنراو... (بەڵام) **هەر بەم پێودانگە، دەتوانین زانستە {تایبەتەکانیش} بەنا سەرکەوتوو لەقەڵەم بدەین**. ئێمە وەکو فەلسەفەی دیکارت وازمان لە فیزیکی سەدەی حەڤدەش هێنا... پێوەری ڕاست، یەکلاکەرەوەیی (قەتعیەت) نییە، پێشکەوتنە.

هەڵبەتە ئەم بەڵگەخوازییە لە خودی خۆیدا تەواوماقوڵانەودلگیرە.بەڵام ئایاراستیشە؟ ئەوکەموکوڕییە ئاشکرایەی کە تێیدایەتی و دەتوانین ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە کە فیزیك بەرەو پێش دەچێت بەڵام میتافیزیك پێشکەوتن بەخۆیەوە نابینێت. لە فیزیکدا، ((پێوەری ڕاست)) بۆ هەڵسەنگاندنی پێشکەوتن لە ئارادایە، کە هەمان تاقیکردنەوەو کردەوەیە. ئاشکرایە بۆچی فیزیکی ئەمڕۆ لە فیزیکی سەدەی حەڤدا باشترە. فیزیکی نوێ لە زۆر

12 Neo- Hegelian



تاقیکردنەوەی کردەیی سەربەز دەرچوو کە سیستەمی فیزیکی کۆن بە تەواوی تێیاندا شکستی دەهێنا. هەر بەم چەشنە، ڕەخنەی ئاشکرا لە سیستەمگەلی میتافیزیکی تیۆری ئەوەیە کە ئەو پێشکەوتنەی کە بۆیان جاڕ دەدرێت وەك هەموو شتەکانی تر سەبارەت بەمان، خەیاڵییە. ئەم ڕەخنەیە زۆر کۆنە و پێشینەکەی بۆ بیکۆن و هیوم و کانت دەگەڕێتەوەو بۆنموونە لە کتێبی کانت، **پێشەکی {بۆ هەموو میتافیزیکێکی ئاییندە}**، ئەم وتانە لەمەڕ پێشکەوتنی بانگەشەیی میتافیزیك بەرچاو دەکەوێت[٣٨]:

> بێگومان، گەلێك کەس، وەکو خودی خۆم، نەیانتوانیوە سەرەڕای ئەم هەموو بابەتە ناسکە کە لە ماوەی ئەم ڕابردووە دووردرێژەدا سەبارەت بەم بابەتە نووسراوە، تەنانەت بەڕادەی سەرە پەنجەیەك پێشکەوتن لەم زانستەدا بدۆزنەوە. هەڵبەتە ڕەنگە ئەوە بەرچاومان بکەوێ کە خاڵێکی نوێ بەفلانە پێناسە زیادکراوە یان بۆ فلانە ئەرگۆمێنتی پەککەوتە، داری ژێرهەنگڵی نوێ دەستەبەر کراوە و بەم چەشنە، کۆلاژی چل پارچەی[١٣] میتافیزیك پینەیەکی نوێ لێدراوە یان شێوەکەی گۆڕاوە. بەڵام ئەوەی دونیا پێویستی پێیەتی ئەمە نییە. دونیا لە بیروبۆچوونی میتافیزیکی ماندوو بووە و دەیەوێت ... پێوەری یەکلاکەرەوەی لەبەردەست دابێت بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە وەهمە دیالێکتیکییەکان ... لە حەقیقەت جیا بکاتەوە[١٤].

ڕەنگە وایتهد ئاگاداری ئەم گرفت و کەموکوڕییە کۆنە بووبێت، چونکە لەدوای ئەو ڕستانەی کە لەمەوپێش وەرمانگرت، درێژەی پێدەدات: ((بەڵام ئەو نارەزاییەتیە سەرەکییەی کە لە سەدەی شازدەوە لە ئارادایە و فرانسیس بیکۆن دواجار دەریبڕیوە، دەلالەت لەسەر بێهودەیی

13. crazy quilt

١٤. پێدەچێت پۆپەر خۆی ئەم دەقەی کانتی وەرگێڕابێت. وەرگێڕانی فارسی لەسەر بنەمای وەرگێڕانەکەی ئەو و وەرگێڕانی ئینگلیزی کروس Carusـ ە کە یەکێکە لە کانتناسە بەناوبانگە هاوچەرخەکان و لویس وایت بێك پیاچۆتەوە و ناونیشانەکەی بەم جۆرەیە:

Immanuel Kant, prolegomena to Any Future Metaphysics, ed. Lewis white Beck,. N.K: The library of liberal Arts, 1950, p. 126.

بگەڕێنەوە بۆ ڕوونکردنەوەکانمان لەژێر یادداشتی ٣ لە بەشی هەژدەهەم

تێڕامانی فەلسەفەی دەکات)). بیکۆن لەڕووی تاقیکردنەوەو کردەوە دژی بێهودەیی فەلسەفە ناڕازی بوو و هەربۆیە، پێدەچێت وایتهد ئاگاداری ئەو خاڵە بووبێت کە بەلای ئێمەوە گرنگە. بەڵام سەیردەکەن بەدوای بابەتەکەدا نەچووەو هیچ بەرسڤێکی ئەم کێشە ئاشکرایەی نەداوەتەوە کە فەلسەفەی تیۆریش وەکو زانستەکان دەبێ بەو پێشکەوتنە پاساوی بۆ بهێنرێتەوە کە بەخۆیەوە دەبینێ. لەجیاتی ئەم کارە، وایتهد باسەکە دەگۆڕێت و بەم پرسە تەواو جیاواز و ناسراوە واز دەهێنێت کە ((هیچ فاکتێکی خاو و خاڵی لە دەستکاری کردن بوونی نییە)) و پێویستە هەموو شتێك پەنا بباتە بەر بیرکردنەوەو عەقڵاندن، چونکە ناچارە گشتیەت بە فاکتەکان ببەخشێت و شرۆڤەو راڤەیان بکات. لەسەر بنەمای ئەم تێبینیانە، وایتهد بەرەڤانی لە سیستەمە میتافیزیکیەکان دەکات و دەڵێت: ((کەواتە تێگەیشتن لە فاکتێکی خاو کە هیچ دەستکارییەکی نەکراوە و راستەوخۆ لە بەرامبەرمان دایە، پێویستی بە راڤەی میتافیزیکی هەیە...)) رەنگە، رەنگەشی ناوێت، بەڵام بەڵگەنەویستە کە ئەم بەڵگەخوازییە بە تەواوی لەگەڵ بەڵگاندنی یەکەم جیاوازی هەیە. ئەوەی لە سەرەتادا لە وایتهد بیستمان ئەوەبوو کە، چ لە زانست و چ لە فەلسەفەدا، ((پێوەری راست ... پێشکەوتنە)). ئەو کێشە و کەموکوڕییە ئاشکرایەی کە کانت لێی دۆزیبۆوە، هێشتا بێ وەڵام ماوەتەوە. لەبەرامبەردا، وایتهد دەچێتە ناوپرسی گشتیەت و هەمەکیەت و بەدوای هەندێ پرسی وەك تیۆری ئەفلاتونی لەمەڕ ئەخلاقەوە لە رێچکەی کۆگەلیدا دەچێت و دەنووسێ{٣٩}: ((ئەخلاقی بوونی هەر روانگەیەك، بە چەشنێکی جیانەکراوە پەیوەستە بە گشتیەتەکەیەوە تەنیا کاتێ دەتوانین بەرامبەرێتی و بەرهەڵستی نێوان خێری گشتی و قازانجی تاکەکەسی چارەسەر بکەین کە قازانجی تاك لەگەڵ خێری گشتیدا هاوجووت بێت...)).

ئەمە نموونەیەکی بەڵگەخوازی عەقڵانی بوو. هەڵبەتە بەڵگەخوازی عەقڵانی زۆر دەگمەنە. وایتهد لە هێگلەوە فێربووە کە چۆن خۆ لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو رەخنەی کانت ببوێرێ کە دەیگوت تەنیا کاری فەلسەفەی تیۆری دەستەبەرکردنی داری ژێر هەنگڵە بۆ ئەرگۆمێنتە پەککەوتووەکان. میتۆدی هێگل سادەیە. تا ئەو کاتەی نەچینە ژێرباری ئەرگۆمێنت و بەڵگەخوازی، بە ئاسانیش خۆ لە داری ژێر هەنگڵ دەبوێرین. هێگل لە فەلسەفەدا بەڵگەخوازی ناکات، بەڵکو بڕیار دەردەکات. هەڵبەتە دەبێ ئەوە قبوڵ بکەین کە وایتهد پێچەوانەی هێگل، خۆ وانانوێنێت کە حەقیقەتی کۆتایی بۆ کەسێك ئاشکرا کردووە. بەم مانایە وایتهد فەیلەسوفێکی دۆگماتیست نییە کە فەلسەفەکەی خۆی بە کۆمەڵە پرنسیپێکی بەڵگەنەویست



و دۆگم لە قەڵەم بدات و تەنانەت بە جەخت کردنەوە ئاماژە بە کەمایەسییەکانی دەکات. بەڵام ئەویش وەکو هەموو نیبو هێگلیەکان، پەیڕەوکاری میتۆدی دۆگماتیزمە و بەبێ بەڵگەخوازی، فەلسەفە دادەڕێژێت. دەتهەوێ بتهەوێ، ناتهەوێ نەتەوێ. جێگەی لێدوان نییە. (ئەوەی لەڕاستیدا لەگەڵی بەرەو ڕووین هەمان ((فاکتی خاو و سادەیە))، ئەوەندە نەبێت کە نەك واقعیەتی خاوی ئەزموونی بەو مانایەی کە بیکۆن لە هزری دابوو، بەڵکو واقعیەتی خاوی ئیلهاماتی میتافیزیکی یەکێك لە مرۆڤەکان). بۆ ئاماژەکردن بە نموونەیەکی میتۆدی ((دەتهەوێ بتەوێ، ناتهەوێ نەتەوێ))، ئێستا پارچەیەك لە کتێبی **پرۆسس و واقعیەت** وەردەگرین. هەڵبەتە دەبێ هۆشدار بە خوێنەران بدەم کە هەرچەندە ویستومە لە هەڵبژاردنی ئەم پارچەیەدا ئینساف وەبەرچاو بگرم، بەڵام نابێت هیچ کەسێك بەر لە خوێندنەوەی کتێبەکە حوکمی لەسەر بدات.

دواین بەشی کتێبەکە لەژێر ناوی ((راڤە کۆتاییەکان))[١٥] دوو پاژ لەخۆ دەگرێت: یەکەم ((بەرامبەر {یان بەرهەڵستە} ئایدیالیەکان))[١٦] (کە تێیدا بۆ نموونە باسی ((بەردەوامی و رەوانی))[١٧] دەکات کە یەکێك لە گۆشە بە ناوبانگەکانی فەلسەفەی ئەفلاتونە و پێشتر {لەم کتێبەدا} لەژێر ناوی ((گۆڕان و وەستان)) لەسەری دواین)، و دووەم، ((خوا و جیهان))ـە[١٨]. ئەو لێرەدا وەرمانگرتووە لە پاژی دووەمە. لە پێشەکی ئەم پارچەیەدا، ئەم دوو رستە دەبینین: ((تەنیا دەتوانین کۆبەندی کۆتایی لە قاڵبی گروپێك لە ئەنتی تێزەکاندا دەربڕین کە دژایەتی رواڵەتی[١٩] تێیاندا پەیوەستە بە غافڵ بوون لە وتەزا جۆراوجۆرە وجودییەکان. لە هەموو سێنتێزێکدا، گۆڕانی مانایی هەیە کە بەرامبەرێتی[٢٠] دەگۆڕێ بۆ ناتەبایی[٢١])). ئەم پێشەکییە ئامادەمان دەکات بۆ بەرهەڵستی و رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ جۆرە ((دژایەتییەکی ڕواڵەتی)) کە دەوترێ ((پەیوەستە)) بە جۆرە غافڵ بوونێك. ڕواڵەتی مەسەلەکە بەم چەشنەیە کە ئەگەر خۆ لە غافڵ بوون بپارێزین، لە دژایەتی و ناکۆکیش خۆ دەبوێرین. بەڵام چۆنیەتی وەدیهێنانی ئەم مەبەستە، یان بەجۆرێکی تر، پەی بردن بەمەبەستی نووسەر، لای ئێمە ئاشکرا

15. “Final interpretation”
16. “the idea opposites”
17. “Permanence and flux”
18. “God and the world”
19. apparent self- contradiction
20. opposition
21. contrast

نابێت دەتهەوێ بتەوێ، ناتهەوێ نەتەوێ. ئێستا یەکەمین ((ئەنتی تێز)) لە دوو ئەتنی تێز یان دوو ((دژایەتییە ڕواڵەتیەکە)) دەگوازینەوە کە ئەویش بەبێ هیچ چەشنە بەڵگەخوازییەك بڕیاری لەسەر دەدرێت: ((ڕاستی ئەم دوو وتەیە ڕێك وەکو یەکە کە خوا پایەدار و جیهانە ڕەوانە یان جیهان پایەدار و خوا ڕەوانە. هەروەها ڕاستی ئەم دوو وتەیەش هەر بەم جۆرەیە کە خوا تاك و جیهان فرەیە یان جیهان تاك و خوا فرەیە)){٤٠}. نامەوێ ڕەخنە لە خەیاڵپلاویی فەلسەفی یۆنانیەکان بگرم کە لەم وتەیەدا زایەڵەی دێت. بە پەلە گریمانەی ئەوە دەکەم کە ڕاستی ئەم دوو وتەیە ((ڕێك وەکو یەکە)). بەڵام بەڵێنی ((دژایەتی ڕواڵەتی)) یان پێ دابووین و دەمەوێ بزانم دژایەتی لە کوێی ئەم پرسانە سەر هەڵدەدات. لای من کە تەنانەت ڕواڵەتێك لە دژایەتیش دەرنەکەوتووە. بۆ نموونە دژایەتی لەم ڕستەیە دایە کە بڵێت: ((ئەفلاتون شادە و ئەفلاتون شاد نییە)) و لە هەر ڕستەیەکدا کە خودان ئەم ((فۆڕمە لۆژیکیە))(٢٢) بێت (واتە ئەو ڕستەیەی کە بە پێشاندانی ناوێکی تایبەتی(٢٣) لەجیاتی ((ئەفلاتون)) و سیفەت یان تایبەتمەندییەك لەجیاتی وشەی ((شاد)) دروست بکرێت). بەڵام ئەگەر بڵێین ((ڕاستی ئەم دوو وتەیە ڕێك وەکو یەکە کە ئەفلاتون ئەمڕۆ شادەو ئەفلاتون ئەمڕۆ ناشادە))، هیچ دژایەتیەك دروست نابێت (چونکە ئەفلاتون مردووە و هەر بۆیە، بەڕاستی ((ڕاستی)) هەردوو وتەکە ((ڕێك وەکو یەکە))). هیچ ڕستەیەك- تەنانەت ئەگەر بە ڕێکەوت چەوتیش بێت- کە خاوەنی ئەم فۆڕمە یان فۆڕمێکی هاوچەشنی ئەمە بێت، هەڵگری دژایەتی نییە. هەموو ئەم وتانەم لە پێناو ئەوەدا بوو بڵێم بۆچی لەم لایەنەی تەواو لۆژێکی مەسەلەکە، واتە((دژایەتی ڕواڵەتی))، تێناگەم. سەبارەت بەسەرجەم کتێبەکەش هەر ئەم هەستەم هەیە. نازانم نووسەر دەیەوێ چ شتێك بگەیەنێت. هەڵبەتە ئەگەری زۆری هەیە کەموکوڕییەکە لەو نەبێت، بەڵکو کەمایەسی لە منە کە لە بازنەی دەستەبژێر و هەڵبژێردراوەکان نیم و بەوپەڕی داخەوە گەلێ خەڵکی تریش لە بارودۆخێکی ئەوتۆدان. لەبەر ئەمەیە دەڵێم میتۆدی کتێبەکە ناعەقڵانییە. مرۆڤ بەسەر دوو دەستەدا دابەش دەکات: ژمارەیەکی یەکجار کەم دەستەبژێر (نوخبە) و هەڵبژاردەو ژمارەیەکی زۆر و زەوەند سەر لێشێواو پەرێشان. بەڵام سەرەڕای سەرلێشێواوی، دەتوانم ئەوندە بڵێم، تا ئەو جێگایەی دەیبینم، فەلسەفەی نییو هێگلی ئیدی ئەم کۆلاژە چل پارچە کۆنە نییە بە چەند

22. logical form
23. proper name



پینەیەکی نوێوە کە کانت بەم پێك چواندنە وەسفی کردو ئێستا زۆرتر وەکو بوخچەی ئەو پینانە دێتە بەرچاو کە بەزۆری لێیان دادڕیبێت.

دەستنیشان کردنی ئەم خاڵە بۆ ئەو توێژەرانە بەجێ دێڵم کە خوێندنەوەیەکی ورد لەسەر کتێبەکەی وایتهد دەکەن کە ئایا کتێبەکە بەسەربەرزی لەژێر ئەزموون بە ((پێوەری ڕاست))ی خۆی دەرچووە و ئایا بە بەراورد لەگەڵ ئەو سیستەمە میتافیزیکیانە کە کانت سکاڵای لەدەست وەستاوییان هەبوو، هیچ چەشنە پێشکەوتنێك پێشان دەدات؟ (هەڵبەتە دەستنیشان کردنی ئەم شتە پەیوەستە بە دۆزینەوەی پێودانگێك بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم جۆرە پێشکەوتنە). هەر ئەم توێژەرانە دەبێ لەمەڕ ئەمەوە حوکم بدەن کە ئەم بۆچوونەی کانت سەبارەت بە میتافیزیك کە ئێستا ئاماژەی بۆ دەکەین تا چەندە لە جێگەی خۆی دایە{٤١}:

> بە شێوەیەکی گشتی سەبارەت بە میتافیزیك و ئەو بیروڕایانەی کە لە هەمبەر بەهاکەیەوە دەرم بڕیوە، دەبێ ئەوە قبوڵ بکەم کە لەهەندێ شوێندا دەربڕینم بەو جۆرەی کە پێویستە مەرجدار و ئاوێتەی خۆپارێزی نەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا، نامەوێ ئەم ڕاستیە بشارمەوە کە بە دیدێکی پڕ لە بێزاری و تەنانەت نەفرەتەوە سەیری لاف و گەزافی پڕهاش و هوش و خۆڕانانەی ئەو کتێبانە دەکەم کە تەژین لەم حیکمەت و داناییەی ئەمڕۆ بوونەتە مۆدێلی ڕۆژ. چونکە بە تەواوی هاتوومەتە سەر ئەو بڕوایە کە ئەم ڕێگایانەی هەڵبژێردراوە هەڵەیە و میتۆدە پەسندکراوەکان بەچەشنێکی بێ ئەملاو ئەولاو بێ کۆتایی ئەم نەزانی و گەمژەییانە زیاتر دەکات و تەنانەت ڕەنگە لە ناوچوونی تەواوی ئەم دەستکەوتە وەهمیانە بەڕادەی ئەم زانستە ساختەیی و زان و زیادبوونە بە نەفرەت بووەکەی زیانمەند نەبێت.

دووەمین نموونەی ئەم جۆرە بیرکردنەوە ناعەقڵانیەی ئەم سەردەمە کە گەرەکمە لەسەری بدوێم، کتێبی <u>خوێندنەوەیەك بۆ مێژووی</u> توین بی-ە. پێویستە بە تەواوی ئەوە ڕوون بکەمەوە کە پێموایە، ئەم کتێبە لەڕادەبەدەر بەرجەستە و شایستەی خوێندنەوەیە، لەبەرئەوە هەڵمبژاردووە کە لەهەموو نوسینە هاوچەرخەکانی تر کە لە خامەی ناعەقڵانیەکان و مێژووگەراکان داچۆڕاوەو من پێم شك دێت، باشترە. هەڵبەتە ئەوە لە سەڵاحیەتی من دانییە کە سەبارەت

بەلایەنە باشەکانی تۆین بی لەمەڕ مێژوو نووسییەوە حوکم بدەم. بەڵام لەسەر ئەو بڕوایەم ئەو، بە پێچەوانەی فەیلەسووفە ناعەقڵانییەکانی و مێژووگەراکانی تر، گەلێ شتی ئەوتۆ دەڵێت کە خوێنەر بۆ پشکنین و بیرکردنەوە دەوروژێنێت. ئەمە بۆچوونێکە کە لانی کەم من سەبارەت بەم نووسەرە لام گەڵاڵەبووە. بە خوێندنەوەی نووسینەکانی گەلێ خاڵی بە نرخم بۆ دەرکەوت و بەهیچ چەشنێك نامەوێت لە بەشی لێکۆڵینەوەی مێژوویی خۆیدا بە ناعەقڵانی تۆمەتباری بکەم. لە هەر شوێنێك کە پرسی هەڵسەنگاندنی شایەتی کۆك یان نەیاری راڤەی مێژووی تایبەتی هاتۆتە بەرباس، تۆین بی بێ ئەملاو ئەولاو بێ دوو دڵی پەیڕەوی لە میتۆدی بەڵگەخوازی عەقڵیی کردووە. بۆ نموونە، خوێندنەوەیەك بەشێوازی پراکتیکی ئەنجام دەدات تا دیاری بکات کە ئینجیلەکان وەك بەڵگەنامەی مێژوویی خودان رەسەنایەتین یان نا و دەرەنجامێکی نیگەتیڤی دەست دەکەوێت{٤٢}. داوەری کردن لەسەر بەڵگەو گەواهیەکانی لە توانای من دانییە، بەڵام عەقڵانی بوونی ئەو میتۆدەی بەکاری دێنێت پێویست بە لێدوان ناکات و ئەمە زیاتر لەم رووییەوە شایستەی نرخاندنەکە تۆین بی دڵی لای بیروباوەڕی تەقلیدیی مەسیحیە و لەم روویەوە، بەرگری کردن لە بیروباوەڕێك لانی کەم بەپێچەوانەی نەریت، بێگومان دژوار بووە بۆی{٤٣}. هەروەها گەلێ لەو مەیلە سیاسیانەی کە لەم کتێبەدا دەربڕدراوە- بەتایبەتی هێرشی نووسەر بۆ سەر دەمارگرژی هزری و بیری خێڵ پەرستانە و ((کۆنە پەرستانە))ی پەیوەندییدار بەم دەمارگرژییانە کە لەڕووی کولتوورییەوە دەبێ بە دواکەوتووانە لە قەڵەم بدرێن- بەتەواوی داکۆکیان لێ دەکەم.

بەڵام تۆین بێ لەم کتێبەدا، مێژوو بە بنچینە دادەنێت و رەپێش هەموو شتەکانی دەدات، هۆی ئەوەی کە سەرەڕای هەموو ئەو تێبینیانەی کە ئاماژەم بۆ کرد، پەنجە لەسەر ئەم بەرهەمە مەزن و لەبیرنەکراوە دادەنێم و نووسەر بە پەیڕەوی کردن لە میتۆدێك جگە لە میتۆدی عەقڵانی و بەڵگەخوازی تۆمەتبار دەکەم، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تا ئەو ژەهرە کاریگەری لەسەر نووسینێکی هێندە بە نرخ دانەناوە، ناتوانین مەترسییەکەی بە دروستی دەرك بکەین.

ئەوەی بەناچار دەبێ بە شێوازی هزری ناعەقڵانی تۆین بی لە قەڵەم بدرێت،لە رێگای جیاجیاوە سەرهەڵدەدات. یەکیان خۆ بەدەستەوەدانە بە زەوقێکی ترسناك کە لەسەردەمی ئێمەدا بۆتەمۆدێلی رۆژ. مەبەستم زەوقی ئەو کەسانەیە کە بەڵگەخوازی بە هەند وەرناگرن و تەنانەت لەڕووی تاقیکردنەوەش گوێ بە مەدلوولی ئاشکرای بەڵگەکان نادەن و هەموو بەڵگەخوازییەك



لە پاڵنەر و مەیلە قوڵترە ناعەقڵانییەکانی {قسەکەر} باردەکەن. ئەمە هەمان هەڵوێستی کۆمەڵگاشیکارانە کە لە بەشی پێشوودا خرایە ژێر رەخنەوە- هەڵوێست و تێڕوانینی ئەو کەسانەیە کە لەجیاتی پێڕاگەیشتن بەڕاستی بەڵگەخوازییەکان، سەرەتا بەرەو لای پاڵنەر و هۆکارە ناخود ئاگاکانی زێدی کۆمەڵایەتی بیرمەند دەچن.

هەڵبەتە هەروەك لە بەشی پێشوودا بینیمان، هەڵوێستێکی ئەوتۆ تارادەیەك بۆ پاساو هێناوە دەشێت، بەتایبەتی لەمەڕ نووسەرێك کە یان لە بنەڕەتدا بەڵگەخوازی ناکات یان بەڵگەکانی بە ئاشکرا نرخی تاوتوێ کردنی نییە. بەڵام ئەگەر هیچ هەوڵێك بۆ بەجدی وەرگرتنی بەڵگەخوازییە جدییەکان ئەنجام نەدرێت، ئەوکات، بەبڕوای من، ئێمە لەسەر هەقین کە نەك هەر بەرامبەر، بە ناعەقڵانی وەسف بکەین، بەڵکو بە وەرگرتنی هەمان هەڵوێست لەمەڕ میتۆدەکەی، هەوڵی قەرەبووکردنەوە بدەین. کەواتە، پێموایە بە تەواوی مافی خۆمانە، بە پەیڕەوی کردن لە میتۆدی کۆمەڵگاشیکاران، غافڵ بوونی تۆین بی لە بەجدی وەرگرتنی بەڵگەخوازییە جدییەکان، بە هێمایەك لە نیشانەکانی مەیلی بەرەو رێچکەی رۆشنبیرنوێنانی سەدەی بیستەم لێك بدەینەوە کە سەر لێشێواوییان یان تەنانەت بێ هیوا بوونیان لە عەقڵ و رێگا چارەی عەقڵانی بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکان، لە شێوەی خزینە پاڵ عیرفانی دینی خۆی دەردەخات{٤٤}.

بۆ ئەوەی شایەتێك لەسەر خۆ بواردنی تۆین بی لە جدی وەرگرتنی بەڵگەخوازییە جدییەکان بهێنینەوە، باسەکەی لەمەڕ مارکس هەڵدەبژێرین. یەکێك لەو هۆکارانەی وایان کردووە ئەمە هەڵبژێرم ئەوە بوو کە من و خوێنەر هەردووکمان ئاشنایەتیمان لەگەڵ ئەم بابەتە هەیە و ئەویتریان ئەوەیە کە لە نێوان من و تۆین بی دا سەبارەت بە زۆربەی لایەنە کردەییەکانی بابەتەکە، هاوڕای بوونی هەیە. داوەریە سەرەکییەکانی لەهەمبەر کاریگەرییە سیاسی و مێژووییەکانی مارکس، گەلێ بەو دەرەنجامانە دەچێت کە من بە سوود وەرگرتن لە میتۆدی ئاساییتر پێیان گەیشتووم و لە بنەڕەتدا ئەمە یەکێك لەو باسانەیە کە کرۆك بینی مێژوویی قوڵی تۆین بی پێشان دەدات. واتە، ئەگەر لە بەرامبەر تۆین بی دا بەرگری لە عەقڵانیەتی مارکس بکەم، پێموانییە هیچ کەسێك بە بەرگری کردنێکی بێ جێ و لە خۆڕا تۆمەتبارم بکات. جیاوازی سەرەکی نێوان من و تۆین بی رێك لەسەر ئەم خاڵەیە. تۆین بی، سەبارەت بە مارکس (و سەبارەی بە هەموو کەسێك) بە چەشنێ دەدوێت وەك بڵێی ئەو بوونەوەرێکی

عەقڵمەند نییە کە بۆ داکۆکی کردن لەو شتەی فێرمان دەکات بەڵگەدێنێتەوە. توێژینەوەی توین بی لەمەڕ مارکس و بیروبۆچوونەکانی، پەسندکەری ئەو کاریگەرییەیە کە نووسینەکانی بە شێوەیەکی گشتی لەسەر خوێنەری دادەنێت، بەو مانایەکە هەست دەکەیت بەڵگەخوازی لای نووسەر یەکێك لە روخسارە بێ بایەخەکانی ئاخافتنە و مێژووی مرۆڤ، مێژووی هەستو سۆزو هەڵچوونی ئایینی و فەلسەفە ناعەقڵانییەکان و هەندێ کەرەت هونەر و شێعرە و هیچ پەیوەندییەکی بە مێژووی عەقڵانی و کردەیی مرۆڤەوە نییە. (هەندێ ناوی وەك گالیلۆ و نیوتن و هارڤی[٢٤] و پارستۆر بەهیچ چەشنێك لە شەش بەرگی یەکەمی خوێندنەوەی مێژووگەرایانەی توین بی لەمەڕ قۆناغی ژیانی شارستانیەتەکاندا، هیچ بەشدارییەکیان نییە{٤٥}).

سەبارەت بە هاوچەشنی بیروباوەڕی گشتی من و توین بی سەبارەت بە مارکس، ئەوە دەخەمەوە بیری خوێنەران کە لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا، هەندێ ئاماژەم بە پێکچوونی گەلی هەڵبژاردە و چینی هەڵبژاردە کردووە و لە شوێنێکی تردا، لەهەمبەر تیۆری مارکس سەبارەت بە زەرووەرەتی مێژوویی و بەتایبەتی حەتمیەتی شۆڕشی کۆمەڵایەتی، وەك رەخنە، هەندێ لە بیروبۆچوونەکانی خۆمم دەربڕیوە. توین بی هەر بەم هۆشیاری و وردبینییە تایبەتییەی خۆی، ئەم بیرە لە یەکتر دەبەستێت و دەنووسێ{٤٦}:

> ئەوەی بەشێوەیەکی تایبەتی لە نەریتی یەهوودەوە سەرچاوە دەگرێت و ئیلهام بە مارکس دەبەخشێت، سەرهەڵدانی شۆڕشێکی توندوتیژە لە جیهانی سروش و موکاشفەدا و لەبەرئەوەی قەدەرو حوکمی یەزدانییە، حەتمیە و بۆ خۆ لێ بواردن ناشێت و دەبێ رۆڵی ئێستای **پرۆلیتاریا** و **کەمینەی بالا دەست** پێچەوانە بکاتەوە ... بە چەشنێك کە **گەلی هەڵبژاردە** بە بازدانێك لە نزمترین پلەوە بگاتە بەرزترین پلە و پایە لەم جیهانەدا. مارکس، **خواوەندی ((جەبری مێژوویی))** لەجیاتی یەهووە کە خودان پلەی توانامەندی رەهایە و پرۆلیتاریای ناوخۆیی دونیای نوێی رۆژئاوا بۆ جێگەی گەلی یەهوود هەڵدەبژێرێت و **وێنای بۆ ئەم مەلەکوتە مەسیحاییە، دیکتاتۆری پرۆلیتارییایە**. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا،

٢٤. William Harvey (١٥٧٨ـ١٦٥٧) پزیشك و ئاناتۆمیستی ئینگلیزی و دۆزەرەوەی سووڕی خوێن لە لەشدا.



> تایبەتمەندییە دیارەکانی {داهاتنی رۆژی دوایی لە} سروشە تەقلیدییەکانی یەهووددا، لەو دیوی ئەم بەرگەگۆڕاوە چنراوە دێتە دەرەوە و ئەوەی فەیلەسووف و دەرهێنەری ئێمە بە جلی نوێی رۆژئاواییەوە دێنێتە سەر سەکۆ، لەڕاستیدا هەمان یەهوودایەتی بەر لە خاخامییە...

ئەم پارچەیە بەم دەستەواژە درەخشانە، تا ئەو جێگایەی کە تەنیا لە پێناو پێکچوواندندا دارێژرا بێت، بێگومان هیچ شتێکی ئەوتۆی تێدانییە کە من لەگەڵیدا کۆك نەبم. بەڵام ئەگەر مەبەست لێی (بەشێوەیەکی هەندەکی یان هەمەکی) شیکردنەوەی جدی مارکسیزم بێت، ئەو کات ناچارم ناڕەزایەتی دەربڕم. هەرچییەك بێت مارکس کتێبی سەرمایەی نووسی، خوێندنەوەی لەسەر ئەو سەرمایەدارییە کرد کە لەسەر بنەمای سیاسەتی ئازادکردن دامەزراوە و خاوەن لێکۆڵینەوەی جدی و زۆر گرنگ بوو لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، ئەگەرچی ئەمڕۆ بەشی هەرە مەزنی پووچەڵ بووبێتەوە. بەڵام سەیر دەکەین مەبەست و مەرام لە نووسینی ئەم پارچەیەی ئاماژەمان بۆ کرد، لەڕاستیدا شیکردنەوەیەکی جدی بووە و توین بی لەسەر ئەو بڕوایەیە پێکچوواندن و نواندنەوەکانی یارمەتیدەری تێگەیشتنی جدین لە مارکس، چونکە لە بەشێ کە لە ژێر ناوی ((مارکسیزم، سۆسیالیزم، مەسیحیەت))[٢٥]{٤٧} لەگەڵ ئەم پارچەیە هاوپێچی کردووە (و تەنیا بەشە گرنگەکەی لێرەدا ئاماژەی بۆ کرا) دەکەوێتە لێدوان لەسەر ئەگەری رەخنەی مارکسیستەکان دژی ((شیکردنەوەیەکی ئەوتۆ لەمەڕ مارکس)). ئەو شتەی دەریدەخات کە ئەم ((هاوپێچە))[٢٦]ش بێگومان بە مەبەستی لێدوانی جدی لەسەر مارکسیزم نووسراوە، یەکەمین بەندییەتی کە بەم رستانە دەست پێدەکات: ((رەنگە لایەنگرانی مارکسیزم ناڕەزاتی دەربڕن کە...)) و دووەمین بەند کە لە سەرەتای پەیڤەکەدا دەڵێت: ((لە وەڵامی ناڕەزایەتییەکی ئەوتۆ لەلایەن مارکسیستەکانەوە...)) بەڵام ئەگەر وردتر سەیری ئەم باسە بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە تەنانەت بەهیچ چەشنێك ئاماژە بە هیچ کام لە بەڵگەخوازی و بانگەشە عەقڵانییەکانی مارکسیزم ناکات، چ جای ئەوەی توێژینەوەی لەسەر بکات. تەنانەت یەك وشەش لەمەڕ تیۆرەکانی مارکس و راستی و چەوتییەکانی بەرچاو ناکەوێت. تەنیا یەك پرسی زیادە لە ((هاوپێچ))ـەکەدا خراوەتە ڕوو کە دیسان پەیوەستە بە چاوگی مێژوویی

25. “Marxism, socialism, and Christianity”
26. Annex

پرسەکە. ئەو مارکسیستەی کە توین بی لە هزری خۆیدا بەرجەستەی دەکات، بەپێچەوانەی هەموو مارکسیستێکی خودان هۆشیاری کە بێگومان ناڕەزایەتی دەردەبڕێ کە مارکس بیری دیرێنی سۆسیالیزمی لەسەر بناغەیەکی عەقڵانی و زانستی نوێ داڕشتووە، ((ناڕەزایەتییەکەی)) بە بڕوای توین بی ئەوە دەبێت کە:

> ئێمە {واتە توین بی} لە کورتەیەکی ئەوتۆ سەبارەت بە فەلسەفەی مارکس... تەنیا بەپێی ڕواڵەت، ئەم {فەلسەفەیەمان} بۆ توخمە پێکهێنەرە هێگلی و یەهوودی و مەسیحیەکەی شەکردووە {تجزئە} و وشەیەکمان لە هەمبەر تایبەتمەندترین... بەشی پەیامەکەی نەوتووە... پەیڕەوی مارکس پێمان دەڵێت کە سۆسیالیزم جەوهەری ژیانە بەشێوازە مارکسیەکەی، توخمێکی نوێ و داهێنراوە لە سیستەمی هزری مارکس کە ناشێت هیچ شوێنەوارێکی لەسەرچاوە هێگلی یان مەسیحی یان یەهوودی یان هیچ ژێدەرێکی تری بەر لە مارکس دەست بکەوێت.

ئەمە ناڕەزایەتییەکە کە توین بی لە زمانی مارکسیستێکەوە دەری دەبڕێت. بەڵام هەر مارکسیستێك ئەگەر بێتو <u>**مانیفێستی**</u> {کۆمۆنیستی} خوێندبێتەوە، دەزانێت کە مارکس تەنانەت لە ساڵی **١٨٤٧**، جیاوازی لە نێوان حەوت یان هەشت سەرچاوەی ((بەر لە مارکسی)) سۆسیالیزم- بۆ نموونە، بە وتەی خۆی، سۆسیالیزمی ((مەسیحی)) یان ((قەشەیی))- دادەنا و هەرگیز لە خەونیشدا ئەوەی نەدەبینی کە بڵێت من سۆسیالیزمم کەشف کردووە. تەنیا بانگەشەی ئەوەبوو کە سۆسیالیزمی بەشێوەیەکی عەقڵانی دەرهێناوە یان بە وتەی ئینگڵس، لە بیرۆکەیەکی خەیاڵی یان یۆتۆپیاییەوە گۆڕیویەتی بۆ زانست{٤٨}. بەڵام توین بی هەموو ئەمانە پشت گوێ دەخات و دەنووسێت:

> لە وەڵامی ناڕەزایەتییەکی ئەوتۆ لەلایەن مارکسیستەکانەوە، دەبێ بە تەواوی دان بە چۆنایەتی مرۆیی و بوونیاتنەری ئایدیایی سۆسیالیزم دابنێین و هەروەها دان بە گرنگی ئەم ئایدیایە ((ئایدۆلۆژیای)) مارکس دابنێین. <u>**بەڵام ناتوانم ئەم بانگەشەیەی مارکسیستەکان قبوڵ بکەم کە سۆسیالیزم یەکێك لە کەشفە نوێ و داهێنەرەکانی مارکس بووە**</u>. پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە بەر لەوەی تەنانەت ناوی سۆسیالیزمی مارکس بیسترابێت، وەعزی سۆسیالیزمی مەسیحی دەدراوە و سەرچاوەی کردەوە بووە و کاتێ نۆرەی هێرش کردنە سەر ئێمە بێت، پێویستە ئەوە بڵێم کە سۆسیالیزمی مارکس لە نەریتی مەسیحی سەرچاوەی گرتووە...



من بە هیچ جۆرێك نکۆڵی لەم سەرچاوە گرتنە ناکەم و بێگومان هەموو مارکسیستێك دەتوانێ بەبێ قوربانی کردنی تۆزقاڵێك لە ئارمانجی خۆی، دان بەم خاڵە دابنێت، چونکە ئارمانجی مارکسیستی ناڵێت مارکس داهێنەری ئەم ئایدیا مرۆیی و بوونیاتنەرەیە، دەڵێت مارکس زانایەك بوو کە بە پەنابردن بۆ ئامرازی تەواو عەقڵانی سەلماندی کە سۆسیالیزم دێت و دەریخست کە لە چ ڕێگایەکەوە دێت.

باسەکە توین بی لەهەمبەر مارکسیزمەوە بە ئاراستەیەکدا دەڕوات کە بچووکترین پەیوەندی بەو بانگەشە عەقڵانییەوە نییە کە لەم ئارمانجەدا خراوەتەڕوو. پرسیاری من ئەوەیە دەتوانین چ ڕوونکردنەوەیەك لەم بارەیەوە پێشکەش بکەین؟ بەبڕوای من تاکە ڕوونکردنەوە ئەوەیە کە بانگەشەی عەقڵانی بوونی مارکسیزم بە تەواوی بۆ توین بی بێ مانایە. ئەو تەنیا هۆگری ئەم پرسەیە کە مارکسیزم وەك یەکێك لە ڕێبازەکان، لە چ ژێدەرێکەوە سەرچاوەی گرتووە. من بە تەواوی دان بە خەسڵەتی ئایینی مارکسیزم دادەنێم. بەڵام لانی کەم ئەوەیە کە میتۆدی هەڵسوکەوت لەگەڵ فەلسەفە یان ئایینەکان لەڕووی چاوگ و ژینگەی کۆمەڵایەتی پەتی- واتە ئەو هەڵوێستەی کە لە بەشی ڕابردوو (بەجیاکردنەوەی لە بڕوا بوون بە مێژووگەرایی) بە مێژوویێتی ناوزەدمان کرد- میتۆدێکی زۆر تاك ڕەهەندە. ئەوەی کە ئەم میتۆدە لەوانەیە تاکوێ بەلاوەنانی عەقڵ و بەڵگەخوازی لێ بکەوێتەوە، بەتێڕوانین لە غافڵ بوون و تەنانەت سووکایەتی توین بی بەرامبەر بە یەکێك لە گرنگترین لایەنەکانی ژیانی مرۆیی، واتە سنووری ئەرگۆمێنت و عەقڵاندن، دەردەکەوێت.

توین بی وێڕای هەڵسەنگاندنی کاریگەری مارکس، دەگاتە ئەم دەرەنجامە کە{٤٩}: ((ڕەنگە مێژوو داوەری لەسەر ئەوە بکات کە تاکە دەستکەوتی پۆزەتیڤ و گەورەی کارل مارکس، بەخەبەر هێنانەوەی سەر لەنوێی ویژدانی کۆمەڵایەتی مەسیحیەت بووە)). من هیچ ڕەخنەیەکم لەسەر ئەم هەڵسەنگاندنە نییە. لەوانەیە خوێنەر ئەوەی لەیاد بێت کە خۆیشم پشتیوانیم لە کاریگەری ئەخلاقی مارکس لەسەر مەسیحیەت کردووە{٥٠}. تەنانەت پێموایە توین بی لە

هەڵسانگاندنی کۆتاییدا، بەو جۆرەی کە پێویستە ئەم مانا گەورە ئەخلاقییەی وەبەرچاو نەگرتووە کە نابێ چەوساوەکان چاوەڕوانی خێرات و بەخششی چەوسێنەران بن و دەبێ خۆیان بۆ رزگاربوون هەوڵ و تەقلا بدەن. بەڵام هەڵبەتە ئەمە تەنیا جیاوازییەکە لە بیروبۆچووندا و من بەخەونیش ئەوە نابینم کە مافی توین بی بۆ دەربڕینی بیروڕای خۆی بخەمە ژێر گومانەوە، بەتایبەتی کە بۆچوونەکەی بە بۆچوونێکی زۆر عادیلانە دەزانم. تەنیا گەرەکمە سەرنجی خوێنەر بۆ سەر رستەی ((رەنگە مێژوو داوەری بکات)) رابکێشم کە بە شێوەیەکی لاوەکی دەلالەت لەسەر تیۆری مێژووگەرایی لە ئەخلاقدا دەکات و تەنانەت دەربڕی ئایندەپەرستی ئەخلاقییە[٥١]. بەبڕوای من، خۆ دزینەوە لەژێر باری ئەم جۆرە دۆخە نەدەکرێ و نە پێویستە، چونکە ئەگەر ئێمە داوەری نەکەین و حوکم نەدەین، مێژووش نایکات.

هەر ئەوەندە سەبارەت بە لێدوانی توین بی لەمەڕ مارکسەوە بەسە. لەهەمبەر پرسی گشتیتری مێژوویەتی یان رێژەگەرایی مێژوویی توین بی، ئەو خاڵەی پێویستە ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە کە توین بی ئاگاداری ئەم مەیلەی خۆیەتی، وەلێ لەجیاتی ئەوەی بەشێوەی ئەم پرنسیپە گشتیەی دەربهێنێت کە **هەموو هزرێك** بەپێی زەرووڕەتی هۆداری بەرهەمی مێژووە، بەشێوەی بیرۆکەیەکی سنووردارتر دەریدەبڕێت کە تەنیا لەمەڕ **هزری مێژووییەوە** راستە و بە وتەی خۆی[٥٢] ((هەمیشە بیناکە لەسەر ئەم بنچینەی بابەتەکە {دادەنێت} کە هەموو بیرێکی مێژوویی بەناچار پەیوەندی هەیە لەگەڵ بارودۆخ و هەلومەرجی تایبەتی بیریار لەڕووی کات و شوێنەوە. ئەمە یاسای سروشتی مرۆڤە و هەموو بلیمەتێکی مرۆیی لەخۆ دەگرێت)). پێکچوونی ئەم مێژووییەتییە لەگەڵ کۆمەڵناسی مەعریفەدا روون و ئاشکرایە. ((بارودۆخ و هەلومەرجی تایبەتی بیریار لەڕووی کات و شوێنەوە)). بەئاشکرا ناسینەری هەمان شتە کە رەنگە بتوانین بە ((زێدی مێژوویی))ـەکەی ناوزەدی بکەین، وەك ((زێدی کۆمەڵایەتی)) کە لە کۆمەڵناسی مەعریفەدا وەسف کرا. ئەگەر جیاوازییەك لە ئارادابێت ئەوەیە کە توین بی ((یاسای سروشتی مرۆیی)) بە هزری مێژوویی سنووردار دەکات کە بە بۆچوونی من، سنوورداریەکی سەیر و رەنگە تەنانەت نائەنقەستیش بێت. پێدەچێت دوور بێ کە ((یاسای سروشتی مرۆڤ کە هەموو بلێمەتێکی مرۆیی لەخۆ دەگرێت)) تەنیا سەبارەت بە هزری مێژوویی مسداقیەتی هەبێت، نەك لەمەڕ هەموو هزرێك بەشێوەیەکی گشتی.



گومانی تێدا نییە کە لەم جۆرە مێژوویێتییە یان کۆمەڵناسیگەراییەدا، حەقیقەتێك بوونی هەیە، ئەوەندە نەبێت کە حەقیقەتێکی کەمبارییەخە کە لە بەشی دووەمی رابردوودا لەمەڕ ئەمەوە دواین و پێویست بە دووبارەکردنەوە ناکات. بەڵام رەنگە ئاماژەکردن بەم خاڵە بێ سوود نەبێت کە وتەی توین بی ئەگەر کۆتی هزری مێژوویی لەسەر دابماڵرێت، ئیدی ناکرێ بە یەکێك لە ((بنچینەکانی بابەت))ـە کە بژمێردرێت، چونکە لایەنی پارادۆکس پەیدا دەکات و بەرەو یەکێك لە شێوازە جیاوازەکانی پارادۆکسی دۆرزن گۆڕانی بەسەردا دێت[٥٣]. ئەگەر هیچ بلیمەتێك لەم رێسایە ریزپەڕ نەبێت کە هەرچییەکی جێگای پەسندی زێدی کۆمەڵایەتیەتی بەیان بکات، خودی ئەم رێسا بانگەشەییەش رەنگە تەنیا روونکەرەوەی ئەو شتە بێت کە جێگای پەسندی زێدەکۆمەڵایەتیە دامەزرێنەرەکەیەتی- واتە، لەم حاڵەتەدا، بڕوا هێنان بەڕێژەیی بوونی بارودۆخەکان کە بۆتە مۆدی رۆژ لە سەردەمی ئێمەدا. ئەم خاڵە تەنیا لە پانتایی لۆژیکی فۆڕمیدا شیاوی گرنگی پێدان نییە، بەڵکو دەریدەخات کە مێژوویێتی یان مێژووشیکاری[٢٧] دەتوانرێت لەمەڕ خودی مێژووییەتیش بەکاربهێنرێت و پاش ئەوەی هەر هزرێکمان لە تەرازووی بەڵگەی عەقڵیی دا هەڵسەنگاند، بەتەواوی رەوایە کە لەم روانگەیەشەوە تێیبڕوانین. لەبەر ئەوەی پێشتر مێژووییەتیمان لە تەرازووی عەقڵدا هەڵسەنگاندووە، رەنگە ئێستا کێشەیەك نەبێت کە خۆمان بە شەپۆڵی دەریا بسپێرین و لە رێگای میتۆدی مێژووشیکارییەوە هەوڵی دەستنیشان کردنی {ئازارەکە} بدەین و بڵێین کە خودی مێژووییەتیش یەکێکە لە بەرهەمە تایبەتیەك تاڕادەیەك کۆنەکانی سەردەمی ئێمە، یاخود بەجۆرێکی تر، بەرهەمی پاشکەوتوویی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی رۆژگاری خۆمانە. دژکردەوەیەکی تایبەتە لەبەرامبەر سیاسەتی دەستێوەردانی {دەوڵەتەکان} و چەرخی بەکارهێنانی پێودانگی عەقلانی و هاوکارییە لە پیشەسازیدا- ئەو چەرخەی کە رەنگە زیاتر لەهەر قۆناغێکی تری مێژوو، پێویستی بە بەکارهێنانی پراکتیکی میتۆدە عەقلانییەکان بێت لەمەڕ کێشە کۆمەلایەتییەکان. دەرەنجامی دەستنیشان کردنی مێژووشیکارانەی من بەم جۆرەیە کە مێژوویێتی توین بی، جۆرە دژایەتییەکە لەگەڵ رێچکەی عەقلیی لە پێناو بەرگری و پاساو بۆ هێنانەوە، لەدایك بووی نائومێدییە لە عەقڵ و تەقەلایەکە لە هەمان کاتدا بۆ خۆخراندنە داوێنی رابردوو و پێشگۆیی کردنی ئایندە[٥٤]. کەواتە، خودی مێژوویێتیش دەبێ بە بەرهەمی مێژوو بژمێردرێت.

27. historio- analysis

گەلێ لە کارەکانی توین بی داکۆکی لە دەستنیشان کردنەکانی ئێمە دەکات. نموونەی ئەم حاڵەتە، جەخت کردنیەتی لەسەر ئەوەی کە ئەهلی ڕۆژی دوایی بوون باشترە لە ئەهلی کردەوە بوون و کاریگەری دانان لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی دونیا. ئەو ((سەرکەوتنی دونیایی خەمباری)) هەندێ لە پێغەمبەرەکان بە نموونە دێنێتەوەو دەڵێت ئەو هەلەی کە بۆ ئەنجامدانی کردەوە لەم جیهانەدا بۆ ئەوان ڕەخسا ((تاقیکردنەوەیەك بوو کە ڕۆحیان بەسەرکەوتوویی لێی دەرنەچوو)). ئەم پێغەمبەرانە (( بە قبوڵ کردنی {ئەم هەلە} ... ئەرکی بەرزی پێغەمبەرە پایە بەرزەکانیان بەلاوەنا و بە ئەرکی ئاسایی سیاسەتمەدارە سەرکەوتووەکان ڕازی بوون)). (یاخود بەجۆرێکی تر، تەسلیمی وەسوەسە بوون، ئەوە لە کاتێك دایە کە عیسا تەسلیم نەبوو) ئەو کەسەی کە ورۆژێنەری ستایشەکەی توین بییە، ئیگناتیوس لۆیۆلایە[٢٨] کە وازی لە سەربازی هێناو چووە ریزی قدیسەکانەوە{٥٥}. هەڵبەتە ئەو گرفتەی کە دێتە سەر ڕێگامان ئەوەیە کە ئەم قدیسە تایبەتە، بوو بە سیاسەتمەدارێکی سەرکەوتووش. (لە لەڕواڵەتدا کاتێ پرسی یەسوعیەت[٢٩] لە ئارادایە، هەموو شتێك جیاوازە، چونکە ئەم جۆرە دەوڵەت بەرێوەبردنە گرنگی بە ڕۆژی دوایی دەدات). بۆ پێش گرتن لە خراپ لێك تێگەیشتن، پێویستە ئەوە ڕوون بکەمەوە کە من خۆم پلەو پایەی گەلێ لە قەدیسەکان بە بەرزتر لە زۆربەی- و بەڵکو زۆربەی نزیك بە تەواوی- سیاسەتمەدارەکان لە قەڵەم دەدەم کە ئاگاداری بارودۆخ و کارەکانیانم، چونکە بەشێوەیەکی گشتی سەرکەوتنی سیاسی شتێك نییە کە چاوەکانمان ئابڵەق بکات. ئەوەی وەرمگرت تەنیا بۆ داکۆکی کردن لەم خاڵە بوو کە ئەو دەستنیشان کردنەی کە لەسەر بنەمای مێژووشیکاری خستمەڕوو ڕاستە و مێژووییەتی ئەم پێغەمبەر مێژووییە نوێیە، هیچ نییە جگە لە فەلسەفەی لەبەر دەرچوون و ڕاکردن.

توین بی دژایەتی خۆی لەگەڵ عەقڵ و بەڵگەخوازیدا لە گەلێ شوێنی تریش بە ئاشکرا دەردەبڕێت. بۆ نموونە لە پەلاماری بۆ سەر چەمکی عەقڵانی لێبووردەیی و پێك هەڵکردن،

٢٨. (Saint) Ignantiua Loyola (١٤٩١ـ١٥٥٦). "دامەزرێنەری ئسپانی یەسوعییەکان. دەرباری بوو و پاشان بوو بە سەرباز و لەساڵی ١٥٢١ دین سەرنجی راکێشا... لەساڵی ١٥٣٤ ئەو و شەش کەس لەهاوڕێکانی سوێندیان خوارد هەژاری و خواپەرستی هەڵبژێرن... تاکاتی مردن ڕێبەری یەسوعییەکان بوو..." (دایرە المعارف فارسی)

29. Jesuitism



لەجیاتی ئەوە بەڵگەخوازی بکات، پەنا دەباتە بەر دوو سیفەتی ناکۆکی ((بەرز)) و ((سووك)). لەو پارچەیەی کە ئێستا وەریدەگرم، باسەکە لەسەر دژایەتی نێوان خۆبواردنی تەواو ((نێگەتیڤ))ـە لە توندوتیژی لەڕووی عەقڵیی و ئاشتی و ناتوندوتیژی حەقیقی ئەهلی ڕۆژی دوایی و دەوترێت کە ئەم دووانە، مسداقیەتی ((دوو مانان ... کە لەگەڵ یەکتردا دژایەتی پۆزەتیڤان هەیە)){٥٦}. ئەم پارچەیە بەشێوەیەیە: ((لە سووك و چرووکترین دۆخدا، خۆبواردن لە توندوتیژی ڕەنگە بێ ئەوەی ئیمانێك بگەیەنێت یان دەربڕی هەستێکی بەرز و بوونیاتنەر بێت، تەنیا پێشاندەری بێ هیوا بوون بێت لە توندوتیژی کە لە ڕابردوودا تا **ڕشانەوە** سەرچاوەی کردەوە بووە ... نموونەی ریسوایی ئەم جۆرە ناتوندوتیژییەکە خاڵییە لەلایەنی پاکژبوون، لێبووردەیی و هەڵگردنی ئایینی لە جیهانی ڕۆژئاوایە لە سەدەی حەڤدەوە ... تا سەردەمی خودی ئێمە)). وەسوەسەیەك لە مرۆڤدا بەخەبەر دێت کە ئالۆوێرێکی دوولایەنە بکات و بەسوود وەرگرتن لە زاراوەکانی خودی توین بی، بپرسێت و بڵێت بۆ مەگەر هەر ئەم پەلامارە پاکژکەرەوەیە بۆ سەر لێبووردەیی ئایینی ڕۆژاوا، بێ ئەوەی ئیمانێك بگەیەنێت یان دەربڕی هەستێکی بەرزو بوونیاتنەر بێت، تەنیا پێشاندەری بێ هیوا بوون لە عەقڵ نییە؟ مەگەر ئەم هێرشە خۆی نموونەی ریسوایی ئەو جۆرە دژە عەقڵییە نییە کە لە جیهانی ڕۆژئاوادا مۆدی ڕۆژ بووەوە هێشتاش بەردەوامە و لە ڕابردوودا، بەتایبەتی لەسەردەمی هێگڵەوە تا ڕۆژگاری ئێمە، تا ڕشانەوە سەرچاوەی کردەوە بوو؟

هەڵبەتە مێژووشیکاری من لەهەمبەر توین بی، بە واتای ڕەخنەیی جدی نییە. جۆرە قەرەبوویەکی هاوڕێ لەگەڵ بێ سۆزی و بەرد هاویشتنە لە پاداشی سندەگڵ هاوێژی پەیرەوکارانی مێژووییێتی. ڕەخنەی بنەمایی من بە ئاڕاستەیەکی تەواو جیاوازدا دەڕوات و بێگومان جێگەی داخی من دەبێت ئەگەر بۆم دەرکەوێت کە بەو هورنەنوێنیەی کە لە مێژووییێتیدا دەیکەم، ئەم میتۆدە سووك و چرووکە لە جاران زیاتر ببێتە مۆدی ڕۆژ.

خراپ لێك تێگەیشتن ڕوونەدات. من هیچ دوژمنایەتی و ناکۆکیەکم لەگەڵ عیرفانی دینیدا نییە (تەنیا نەیاری ڕۆشنبیرنوێنە دژە عەقڵەکانم) و تەنانەت ئامادەم لە هەموو هەوڵێکدا بۆ پێش گرتن لەسەر کوت کردنیان، لەڕیزی پێشەوەدا شەڕ بکەم. ئەوەی لایەنگری لە نالێبووردەیی ئایینی دەکات من نیم. بانگەشەی من تەنیا ئەوەیە کە بڕوا بوون بە عەقڵ و

ڕێچکەی عەقڵانی و مرۆڤدۆستی و هیومانیزمیش(٣٠) وەکو هەموو ئارمانجەکانی دیکە مافی خۆیەتی بە ئاڕاستەی باشکردنی بارودۆخ و کاری مرۆڤەکان و ئاستەنگ خستنە بەردەم تاوانی نێودەوڵەتی و سەقامگیرکردنی ئاشتی، وەکاربکەوێت. توین بی دەنووسێ{٥٧}:

> هەموو هەوڵ و سەرنجی هیومانیستەکان بەرەو لای ئەوە دەچێت کە جڵەوی کاروباری مرۆڤەکان بەدەستی مرۆڤەکان بسپێرن. بەڵام... هەرگیز یەکیەتی جۆری مرۆڤ ممکین نییە دابین بکرێت تەنیا لە چوارچێوەی یەکیەتی یەك گشتی بانمرۆیی نەبێت کە مرۆڤیش بەشێکی پێك دێنێت... و هۆزی هیومانیستانی ئێستای ڕۆژئاوا خاوەن ئەم تایبەتمەندییە و بەڵکو کەللەڕەقیش بوونە کە ویستویانە بە دامەزراندنی تاوەری زەبەلاحی بابل(٣١) لەسەر بناغەی خاکی، بگەنە ئاسمان...

ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم، کێشەی توین بی ئەوەیە کە ناکرێ هیومانیستەکان سەرکەوتن بەدەست بێنن لەوەی جڵەوی کاروبارە نێودەوڵەتییەکان بە عەقڵی مرۆڤ بسپێرن. بە پشت بەستن بە برگسۆن{٥٨} بانگەشەی ئەوە دەکات کە تاکە ڕێگای ڕزگار بوونمان، پەیڕەوی کردن لە گشتێکی بانمرۆیی و پەیمان بەستنە لە گەڵیدا و عەقڵی مرۆڤ لە هیچ ڕێگایەکەوە، بە وتەی ئەو لە هیچ ((ڕێگایەکی خاکییەوە))(٣٢) ناکرێ سەرکەوتن بەدەست بێنێ لە ڕووخاندنی دەمارگرژی نەتەوەیی کە لە خێڵگەراییەوە سەرچاوە دەگرێت. من لەوە نارەحەت نیم کە باوەڕی هیومانیستەکان بە ((خاکی)) وەسف کراوە چونکە لەسەر ئەو بڕوایەم یەکێکە لە پرنسیپەکانی هەر سیاسەتێکی عەقڵانی و ئێمە ناتوانین دونیا بکەینە بەهەشت{٥٩}. بەڵام هاوکات ئەوەمان لەیاد نەچێت کە هیومانیزم ڕێزی خۆی لە مەیدانی کردەوەدا سەلماندووە و سەلماندوویەتی کە لەوانەیە لە هیچ ئارمانجێکی دی کەمتر نەبێت. هەرچەندە منیش وەکو زۆربەی هیومانیستەکان پێموایە مەسیحییەت لە ڕێگای فێرکردنی باوکایەتی خواوەند، ڕەنگە

30. humanism

٣١. Tower of Babel "... نەوەکانی نوح (کە بە زمانێك قسەیان دەکرد) بڕیاریان دا لە (شاری بابل) تاوەرێك دروست بکەن تا لەم ڕێگەیەوە بگەن بە ئاسمان. بەهۆی ئەم بەرزە فڕییە وایان لێهات لەقسەی یەکتر تێنەدەگەیشتن." (دایره المعارف فارسی). ئاماژەیە بۆ سەرەرۆیی و بانگەشەی بێجێ.

32. Terrestrial road



یارمەتی برایەتی نێوان مرۆڤەکان بدات، بڕوا ناکەم ئەو کەسانەی کە بڕوا بوون بە عەقڵ لە مرۆڤەکاندا لاواز دەکەن، هاوکارییەکی ئەوتۆیان لەدەست بێت بۆ گەیشتن بەم ئامانجە.

# ئـەنجــام

# ٢٥ ئایا مێژوو مانایەکی هەیە؟

## ١

ئێستا کە لە کۆتایی کتێبەکە نزیك دەبینەوە، گەرەکمە جارێکی تر ئەوە بخەمەوە بیری خوێنەر کە مەبەست لە نووسینی ئەم پەرتووکە، نووسینەوەی مێژووی تەواویی مێژووگەرایی نییە. مەبەستم دەستەبەرکردنی یادداشتگەلێ بوو بەپێی زەوقی تاکەکەسی خۆم لە پەراوێزی ئەم مێژووەدا. ئەم پەراوێز نووسییە کە دواجار وەکو جۆرە دەروازەییەکی رەخنەییە لە فەلسەفەی کۆمەڵگا و سیاسەت، پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ سەرچاوەگرتنیان لە زەوقی تاکەکەسییەوە هەیە، چونکە مێژووگەراییش یەکێك لە جۆرەکانی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەخلاقی (یان رەنگە بتوانین بڵێین، پێچەوانەی ئەخلاق)ـە و لەم رووەوە، هەر لە سەرەتای شارستانیەتی ئێمەوە، توندترین کاریگەری هەبووە. لەم لایەنەوە، رادەربڕین لەهەمبەر بەسەرهاتەکانی بەبێ دوان لەسەر پرسە سەرەکییەکانی کۆمەڵگاو سیاسەت و ئەخلاق، تاڕادەیەك ناممکینە. توێژینەوەیەکی ئەوتۆ، بتەوێ و نەتەوێ، هەمیشە خودان لایەنی بەهێزی تایبەتییە. هەڵبەتە مەبەست ئەوە نییە بڵێم کە بابەتەکانی نێو ئەم پەرتووکە تەنیا رەنگدانەوەی بیروباوەڕی تاکەکەسی نووسەرە. بەردەوام لەو حاڵەتە دەگمەنانە کە هەوڵی تاوتوێ کردنی پێشنیار یان بڕیارە تاکەکەسییەکانی خۆم داوە لەمەڕ پرسە ئەخلاقی و سیاسییەکان، بەتەواوی لایەنی تاکەکەسی مەسەلەکەم روون کردۆتەوە. مەبەستم ئەوەیە بڵێم هەڵبژاردنی بابەتی باسەکە، زۆر زیاتر لەوەی کە بۆ نموونە رەنگە لە نامیلکەیەکی زانستیدا چاوەڕوانیمان هەبێت، پەیوەستە بە هەڵبژاردنی تاکەکەسییەوە.



هەڵبەتە لە روویەکیشەوە، ئەم جیاوازییە، بابەتێکی کەم نییە. تەنانەت زانستیش تەنیا ((ئاپۆڕایەکی فاکتەکان)) نییە و لانی کەم دەبێ بڵێین هەڵبژاردراوێکە پەیوەستە بە بابەتی جێگەی پەسند هەڵبژێرەر و روانگە[1] تایبەتییەکەی. بەزۆری لە زانستدا، ئەم روانگەیە هۆبەندی تیۆری زانستییە، بەم مانایە کە لەنێوان جۆرە بێ ئەژمارەکانی فاکت و جۆرە بی ئەژمارەکانی لایەنەکانی فاکتەکاندا، تەنیا ئەو چەشنە فاکت و لایەنە هەڵدەبژێردرێت کە بەهۆی پەیوەندییان بە تیۆری زانستی کەم تا زۆر پێنەگەیشتوو، سەنج رادەکێشن. کۆمەڵێك لە فەیلەسووفە خاوەن راکان لە میتۆدی زانستی{١} لەسەر بنەمای ئەم جۆرە تێبینییانە گەیشتوونەتە ئەم دەرەنجامە کە بەڵگەخوازی زانستی هەمیشە پێویستی بە خوولە و بە وتەی ئیدینگتن، ((بەدەوام سەیر دەکەین بە دەوری خۆماندا دەسووڕێینەوە))، چونکە ئەو دەرەنجامەی کە لە فاکتە ئەزموون کراوەکانەوە وەریدەگرین لە راستیدا هەمان ئەو شتەیە کە پێشتر لە شێوەی تیۆردا لە قاڵبی هەمان بواردا گونجاندبوومان. بەڵام ئەم بەڵگەخوازییە بۆ بەرگری لێکردن ناشێت. راستە بەزۆری ئەو واقعیەتانە {بۆ خوێندنەوە} هەڵدەبژێرین کە بەجۆرێك لە جۆرەکان پەیوەندی لەگەڵ تیۆرە پێنەگەیشتووەکەماندا هەبێت، بەڵام راست نییە کە هەڵبژاردن تەنیا لەو بوارانەدا بەرتەسك دەکەینەوە کە داکۆکیکار و یان لە حوکمی دووبارەکردنەوەی ئەم تیۆرە دابێت. میتۆدی زانست ئەوەیە کە بەردەوام هۆشیاربین و بزانین چ واقعیەتگەلێ لەوانەیە تیۆرەکەمان پووچەڵ بکەنەوە. تاقیکردنەوەی تیۆر واتە ئەمە- واتە بزانین ئایا دەتوانین کەموکوڕییەکی لێ بدۆزینەوە؟ هەڵبەتە کاتێ خەریکی کۆکردنەوەی واقعیەتەکانین، بەردەوام سیلەی چاومان لەسەر ئەو تیۆرەیە کە هەمانبووە. ئەم واقعیەتە، تا کاتێ تیۆرەکە لە بۆتەی تاقیکردنەوە سەربەرز دەرنەچووە، داکۆکیکاریەتی، بەڵام تەنیا دووبارەبوونەوەی بێ مانای تیۆرێکی پێنەگەیشتوو نییە و تەنیا بەمەرجێك تیۆرەکە پەسند دەکات کە لە ئاکامی هەوڵ و تەقەلای سەرنەکەوتوو بۆ پووچەڵ کردنەوەی ئەو پێش بینیانەی کە لەسەر بنەمای ئەم تیۆرە دامەزراوە، کەوتبێتەوە و لەم روویەوە، گەواهیدەری دیاری راستیەکەی بێت. کەواتە، بەبڕوای من، ئەوەی دەرفەت بۆ تاقیکردنەوەی تیۆر دەڕەخسێنێت و دەبێتە پاڵپشتی خەسڵەتە زانستیەکەی، هەلی کەوتن یان بەدرۆخستنەوەیەتی. کلیلی میتۆدی زانستی ئەم راستیەیە کە هەموو هەوڵدانێك بۆ تاقیکردنەوەی تیۆر، تەقەلایەکە بۆ بەدرۆخستنەوەی ئەو پێش بینیانەی کە لەسەر بناغەی

1. Point of view

ئەوەوە ئەنجام دەدرێن[٢]. مێژووی زانست، داکۆکی لەم بیروباوەڕە لەمەڕ میتۆدی زانستی دەکات، چونکە دەریدەخات کە تیۆرە زانستییەکان بەزۆری لە ئاکامی تاقیکردنەوەدا کەوتوون. کەوتنی هەر تیۆرێك لەراستیدا رێگای پێشڤەچوونی زانست خۆش دەکات. کەواتە ئەم بانگەشەیە بۆ بەرگری لێکردن ناشێت کە کاری زانستی پێویستی بە خوول هەیە.

تاکە خاڵێکی راست لەم بانگەشەیە ئەوەیە کە هیچ وەسفێکی زانستیانە لەمەڕ فاکتەکان لە ئارادا نییە کە لەسەر بنەمای هەڵبژاردن دانەمەزرابێت و پەیوەست نەبێ بە تیۆرەوە. بۆ روونکردنەوەی بابەتەکە، لەوانەیە وەك بەراوردێك، تیشك هاوێژ بە نموونە وەربگرین (من بەزۆری ئەم تیۆرە وەك جیاکردنەوەیەك لە ((تیۆری سەتڵ شێوەیی زەین))[٣]، بە ((تیۆری تیشك هاوێژ ئاسای زانست)) ناوزەد دەکەم). ئەوە کە تیشك هاوێژ چ شتێك والێدەکات ببینرێت، پەیوەندی بە شوێنگەکەیەوە هەیە، چۆنیەتی رێنوێنی کردنی تیشك لەلایەن ئێمەوە، توندی تیشك، رەنگی تیشك و شتی لەم جۆرە و هەڵبەتە بەشێوەیەکی سەرەکی ئەو شتانەی کە تیشکیان لێدەدرێت. هەر بەم چەشنە، هەموو وەسفێکی زانستی بەشێوەیەکی سەرەکی پەیوەستە بە فاکتە وەسف کراوەکان و روانگە و هۆگری ئێمە کە وەك رێسا پەیوەندی بەو تیۆر یان گریمانەیەوە هەیە کە دەمانەوێت تاقی بکەینەوە. لەڕاستیدا دەتوانین بڵێین کە تیۆر یان گریمانە، بریتییە لە گەلاڵە بوونی روانگە. کاتێ هەوڵ دەدەین فۆرمۆڵبەندی روانگەی خۆمان بکەین، زۆربەی کات ئەم فۆرمۆڵبەندییە بە گریمانەی کاتەکی دەژمێرین- واتە ئەو شتەی کە جارێ خێرا وەك بەڵگەنەویست سەیر دەکرێت و ئیشەکەی ئەوەیە کە یارمەتیمان بکات لە هەڵبژاردن و رێکخستنی فاکتەکان. ئەوەندە نەبێت کە پێویستە ئاگاداربین کە هیچ تیۆر یان گریمانەیەك بوونی نییە کە بەم مانایە لایەنی کاتەکی نەبێت و لەم حاڵەتە دەربچێت، چونکە هیچ تیۆرێکی یەکلاکەرەوە و کۆتایی لە ئارادا نییە و هەموو تیۆرێك دەبێ لە هەڵبژاردن و رێکخستنی فاکتەکان، یاریدەدەرمان بێت. کەواتە هەموو وەسفێك خاوەن ئەم تایبەتمەندییەیە کە هەڵبژاردن خۆی تێوەدەگلێنێت و لەم روویەوە، بە مانایەك ((رێژەیی))ـە- هەڵبەتە ((رێژەیی)) تەنیا بەم مانایە کە ئەگەر روانگەکەمان جیا لەمە بووایە، وەسفێکی ترمان دەکرد. ئەم تایبەتمەندییە هەروەها لەوانەیە کاریگەری هەبێت لەسەر **بیروباوەڕمان** لەمەڕ راست بوونی ئەو وەسفەی کردوومانە. هەڵبەتە هیچ کاریگەرییەك لەسەر پرسی راست و چەوت (درۆ)ی ئەو وەسفە دانانێت، چونکە ((راست)) بەم مانایە ((رێژەیی))نییە[٤].



بەم هۆیەوە فاکتەری هەڵبژاردن خۆ لەو وەسفانە هەڵدەقورتێنێ، چونکە فەرەیی و جۆراوجۆری لایەنە ممکینەکانی حەقیقەتە موجودەکانی نێو جیهان، بێ کۆتایین. تاکە شتێك کە بۆ وەسفی ئەم دەوڵەمەندییە بێ کەوشەنە لەبەر دەستمان دایە، ژمارەیەکی بێ کۆتایی کۆمەڵەی پێك هاتوو لە وشەیە کە هەموو کۆمەڵەیەکیش بەنۆرەی خۆی کۆتایدارە. دەتوانین تا دڵمان حەز دەکات درێژە بە وەسف بدەین، بەڵام ئەو وەسفەی دەیکەین هیچ کاتێ تەواو (کامل) نابێت و جگە لە هەڵبژاردەیەك- ئەویش هەڵبژاردەیەکی بچووك- لە فاکتەکان هیچی تر نابێت. ئەوە دەریدەخات کە خۆبواردن لە روانگەی هەڵبژاردەیی، نەدەکرێت و نە بەهیچ چەشنێك خوازراوە، چونکە گریمان لەم هەوڵەشدا سەرکەوتوو دەبووین، وەسفێکی ((بابەتی))ترمان دەست نەدەکەوت و بەرهەمی کارەکە گردێك لە دەستەواژەی تەواو بەیەکەوە نەلکاو بێ پەیوەندی لەگەڵ یەکتر دەبێت. وەرگرتنی روانگە، شتێکی حەتمیە و هەوڵی خاو و ساویلکانەی ئەو کەسانەی گەرەکیانە خۆی لێ ببوێرن، تەنیا خۆخەڵەتاندنی لێ دەکەوێتەوە و هیچ بەرهەمێکی نابێت جگە لە بەکارهێنانی هەڵنەسەنگێنراوی ئەو روانگەیەی کە بەچەشنێکی ناخودئاگا وەدەست هاتووە[٥]. ئەوەی باسمان کرد لەمەڕ **وەسفە مێژووییەکانیش** هەر بەم جۆرە راستە، چونکە بە وتەی شوپێنهاوەر، بابەتی مێژوو بێ کۆتاییە[٦]. هەروەك چۆن لە زانستەکاندا ناتوانین خۆ لە وەرگرتنی روانگە ببوێرین، لە مێژووشدا ناتوانین و باوەڕبوون بە دەرفەتی خۆبواردن لەم شتە، بەناچار خۆهەڵخەڵەتاندن و ناوردبینی لە رەخنە و هەڵسەنگاندنی لێ دەکەوێتەوە. هەڵبەتە مەبەست ئەوە نییە کە سەربەستین درۆ بکەین یان پرسی راستی بە هەند وەرنەگرین. هەموو وەسفێکی مێژوویی بۆ واقعیەت، هەرچەندە دیاریکردنی راستی یان چەوتییەکەی دژوار بێت، یان راستە یان چەوت.

تا ئێرە، بارودۆخی مێژووش هاوچەشنی بارودۆخی زانستە سروشتییەکان، بۆ نموونە زانستی فیزیکە. بەڵام ئەگەر گرنگی ((روانگە)) لە مێژوو و فیزیکدا لەگەڵ یەکتردا هەڵبسەنگێنین، بۆمان دەردەکەوێت کە جیاوازییەکی گەورەیان لەنێواندا هەیە. لە فیزیکدا، هەروەك وتمان، ((روانگە)) بەزۆری وەك تیۆرێکی فیزیکی دەخرێتە ڕوو کە دەتوانین بەدۆزینەوەی فاکتی نوێ بیخەینە ژێر تاقیکردنەوەوە. بەڵام لە مێژوودا پرسەکە هێندە سادە نییە.

## ٢

سەرەتا پشکی تیۆر لە یەکێك لە زانستە سروشتییەکانی وەك فیزیکدا، کەمێك بە وردی تاوتویێ دەکەین. لێرەدا چەندکاری جیاواز بەڵام پەیوەست بەیەکەوە لە تیۆر دەخوازرێت. تیۆر یەکێتی بە زانست دەبەخشێت و هەم یارمەتیدەری شرۆڤەکردنی رووداوەکانە و هەم یارمەتی پێشبینی کردنیان دەدات. ئەم دەستەواژەی ئێستا سەبارەت بە شرۆڤەکردن و پێشبینی وەریان دەگرین، لە یەکێك لە بەرهەمەکانی خۆم هەڵێننجراوە{٧}:

مانای **شرۆڤەی هۆداری**[٢] فلاَنە رووداو،دەرئەنجامگیری پێوەریی دەستەواژەیەکە (ناسراو **بەپێش زانین**)[٣] بۆ وەسفی ئەم رووداوە ،بەسوود وەرگرتن لە هەندێ یاسا هەمەکییەکان[٤] وێرای هەندێ رستەی تاکەکەسی[٥] یان دەستنیشان کراو وەك پێشەکیەکانی[٦] پێوان ( کە دەتوانین **بەمەرجە بەراییەکان**[٧] ناوزەدیان بکەین). بۆ نموونە، بۆ شرۆڤەی هۆداری پچڕانی فلاَنە داو، پێویستە بڵێین ئەو داوە تەنیا دەیتوانی نیو کیلۆ بار هەڵبگرێت لە کاتێکدا یەك کیلۆ باریان پێوە هەڵواسیوە. ئەگەر ئەم شرۆڤە هۆدارییە شی بکەینەوە، بۆمان دەردەکەوێ دوو توخمی جیاواز لەخۆ دەگریت. ١) هەندێ لە گریمانەکانی وەك یاسا هەمەکییەکانی سروشت بە بەڵگەنەویست دژمێرین کە لەمەڕ ئەم حاڵەتەی ئێستا رەنگە وەها بێت: ((هەر کاتێك داوێکی دیاریکراو بکەوێتە ژێر گرژییەکەوە کە لەو پەڕی رادەی گرژی تایبەت بەم داوە تێ بپەڕێت، داوەکە دەپچڕێت)). ٢) هەندێ لە دەستەواژە دیاریکراوەکانی (یان مەرجە بەراییەکان) پەیوەندیدار بە رووداوە تایبەتییەکە وەك بەڵگەنەویست سەیر دەکەین، لە حاڵەتی ئێستادا رەنگە دوو دەستەواژەمان هەبێت، بەم جۆرە: ((ئەو پەڕی رادەی گرژی تایبەت بەم داوە کە ئەگەری ئەوە هەیە داوەکە لەم رادەیە بپچڕێت، یەکسانە بە نیو کیلۆ قورسایی)) و هەروەها ((ئەو قورساییەی کە بەم داوە هەڵواسراوە، یەك کیلۆ گرام بووە)). کەواتە دوو

2. causal explanation
3. prognosis
4. universal laws
5. singular sentence
6. premises
7. initial conditions



جۆرە دەستەواژەمان هەیە کە بەگشتی لێیانەوە شرۆڤەیەکی هۆداری تەواومان دەست دەکەوێت: ١) **دەستەواژە هەمەکییەکانی جۆری یاسا سروشتیەکان و ٢) دەستەواژە دەستنیشان کراوەکان {یان تاکەکەسییەکان}ی، پەیوەندیدار بە هەردوو حاڵەتە تایبەتەکە، واتە مەرجە بەراییەکان**. لەسەر بنەمای یاسا هەمەکییەکان ١) و بەیارمەتی مەرجە بەراییەکانی ٢) دەرەنجامگیری دەستەواژەی دەستنیشان کراوە {یان تاکەکەسی} ٣) دەکەین کە: ((ئەم داوە دەپچڕێت)). دەرەنجامی ٣) رەنگە بە پێش زانینی دەستنیشان کراو {یان تاکە کەسی}یش ناودێر بکەین. مەرجە بەراییەکان (یاخود بەجۆرێکی تر، ئەو دۆخەی کە بە یارمەتی ئەم مەرجانەوە وەسف دەکرێت) زۆربەی کات **بەهۆی**[٨] رووداوی ناوبراو و پێش زانین (یاخود بە چەشنێکی باشتر، ئەو رووداوەی کە بەهۆی پێش زانینەوە وەسف دەکرێت) بە **هۆبەند**[٩] ناوزەد دەکرێت. بۆ نموونە، لەوانەیە بڵێین هەڵواسینی کیلۆیەك قورسایی بە داوێکەوە کە تەنیا توانای هەڵگرتنی نیو کیلۆ باری هەبووە، هۆی پچڕانی داوەکە بووە.

لەم شیکردنەوەیە لەمەڕ شرۆڤەکردنی هۆدارییەوە، چەند شتێك دەست دەکەوێت. یەکیان ئەوەیە هەرگیز ناتوانین بە شێوەیەکی رەها لەسەر هۆ و هۆبەند بدوێین و دەبێ بڵێین فلاَنە رووداو هۆی رووداوێکی ترە (کە هۆبەندیەتی) بە نسبەت فلاَنە یاسای هەمەکییەوە. بەڵام ئەم یاسا هەمەکییە (وەك ئەو یاسایەی کە لە نموونەی سەرەوەدا بینیمان) زۆربەی کاتەکان هێندە کەمبایەخە کە هەمیشە لەجیاتی ئەوەی روون بکرێتەوە، {بێ لەسەر دوان} وەك بەڵگەنەویست سەیری دەکرێت. خاڵی دووەمیان ئەوەیە کە سوود وەرگرتن لەتیۆر لە پێناو **پێشبینی کردنی** فلاَنە رووداو، لایەنێکی ترە لە بەکارهێنانەکەی بۆ شرۆڤەی ئەم رووداوە. تاقیکردنەوەی تیۆر لەوە دایە کە رووداوە پێشبینی کراوەکان لەگەڵ رووداوە بەکردەوە بینراوەکان هەڵبسەنگێنین. کەواتە، شیکردنەوەکەمان هەروەها دەریدەخات کە چۆن دەتوانین تیۆر **تاقی بکەینەوە**. ئەم بابەتە کە ئایا سوود لە تیۆر وەردەگرین لەپێناو روونکردنەوە یان

8. cause
9. effect

پێشبینی یان تاقیکردنەوە، پەیوەندی بەوەوە هەیە کە هۆگری چ شتێك بین یان چ مەسەلەیەك وەك بەڵگەنەویست سەیر دەکەین و یان بەگریمانە وەریدەگرین.

سەبارەت بەو زانستانەی کە بە زانستی تیۆری یان **گشتیەت پێدراو**[١٠] ناسراون (وەك فیزیك و بایۆلۆژی و کۆمەڵناسی و ... تاد)، ئێمە زیاتر حەزمان لە یاسا گریمانە هەمەکیەکانە. گەرەکمانە بزانین ئایا ئەم گریمانە یان یاسایانە راستن یان نا. بەڵام لەبەر ئەوەی ناتوانین راستەوخۆ لە راستیەکەیان دڵنیا بین، بەم شێوەیە بەرەو پێش دەچین کە وردە وردە گریمانە یان یاسا چەوتەکان (درۆکان) بەلاوە دەنێین. هۆگریمان لە هەمبەر رووداوە دەستنیشان کراوەکان- وەك ئەو تاقیکردنەوانەی کە وەسفەکەیان بە یارمەتی مەرجی بەرایی و پێش زانینەکانەوە بە ئەنجام دەگات- تاڕادەیەك سنووردارە. ئەم جۆرە رووداوانە بەزۆری لەم روویەوە سەرنجمان رادەکێشن کە بە ئامرازی گەیشتن بە هەندێ ئامانج دەژمێردرێن و هەل بۆ تاقیکردنەوەی یاسا هەمەکییەکان دەڕەخسێنن. بەڵام لەبەر ئەوەی یاسا هەمەکییەکان یەکێتی لە زانینی ئێمەدا پێك دێنن، لە خودی خۆیاندا حەزمان لێیانە و گرنگیان پێ دەدەین.

لەهەمبەر زانستە کارپێکراوەکانەوە(تطبیقی)[١١]، هۆ گریمان جیاوازی هەیە. ئەندازیاریی کە سوود لە فیزیك وەردەگرێ بۆ دروست کردنی پرد، زیاتر لە هەموو شتێك دەیەوێ پێش زانینێکی هەبێت و بزانێ ئەگەر پردێك لە فلانە جۆر دروست بکات کە بە هەندێ مەرجی بەرایی وەسف دەکرێت، ئەم پردە لە توانایدا دەبێت فلانە بڕ قورسی هەڵبگرێت یان نا. لە روانگەی ئەوەوە، هەموو یاسایەکی هەمەکی ئامرازی گەیشتن بە فلانە ئامانجەیە و وەك بەڵگەنەویستێك لە قەڵەم دەدرێت.

کەواتە، لە زانستە گشتیەت پێدراوە پەتییەکاندا، تاقیکردنەوەی گریمانە هەمەکییەکان گرنگی پێ دەدرێت و لە زانستە گشتیەت پێدراوە کارپێکراوەکاندا، پێشبینی کردنی رووداوە دەستنیشان کراوەکان. شتێکی دیکە کە ئێمە حەزمان لێیەتی، روونکردنەوەی رووداوە دەستنیشان کراو یان تایبەتییەکانە. ئەگەر بمانەوێت رووداوێکی وەك پێکدادانێکی ماشین لێخوڕین روون بکەینەوە، زۆربەی کاتەکان چەندین یاسای هەمەکی کەمبایەخ لە پەراوێزدا بە گریمانەوە وەردەگرین (وەك ئێسقان لەژێر کاریگەری فلانە گرژیدا دەشکێت یان کاتێ ئۆتۆمبیل

10. generalization sciences
11. applied science



بەشێوەیەکی دیاری کراو بەرجەستەی مرۆڤ بکەوێت، بەڕادەیەك فشار دەهێنێت کە ئێسقان وردو خاش دەبێت و شتی لەم جۆرە). لە حاڵەتی ئەوتۆدا ئەوەی بەشێوەیەکی گشتی حەزمان لێیەتی، مەرجی بەرایی یان هۆیە کە وێرای ئەم یاسا هەمەکییە کەمبایەخە، لەسەر یەك و بەیەکەوە رووداوی ناوبراو روون دەکاتەوە. پاشان بۆ ئەوەی گریمانەیەکمان هەبێت، گریمانەکە لەسەر بنەمای بوونی هەندێ مەرجی بەرایی دادەڕێژین و هەوڵدەدەن شایەتی زیاتر بدۆزینەوە بۆ ئەوەی بۆمان دەکەوێت کە ئایا ئەم مەرجە بەراییانە کە وەك گریمانەی بەڵگەنەویست لە قەڵەم دراون، راستن یان نا. یاخود بەجۆرێکی تر، ئەم گریمانانە لەم رێگایەوە دەخەینە ژێر تاقیکردنەوەوە کە تێدەکۆشین لەسەر بنەمای ئەوان (و بەیارمەتی هەندێ یاسای هەمەکی تر بەڵام هەر بەم رادەیە کەمبایەخ) هەوڵ بۆ پێشبینی نوێ بدەین. پێویستە بتوانین ئەم پێشبینیانە بە گەڕانەوە بۆ واقعیاتی بینراو، بخەینە ژێر تاقیکردنەوەوە.

زۆر بە دەگمەن دەکەوێنە دۆخێکی ئەوتۆ کە لەمەڕ یاسا هەمەکیە بەکارهێنراوەکانی ئەم جۆرە روونکردنەوانەش دوو دڵ و نیگەران بین. ئەم رێکەوتە تەنیا کاتێ روودەدات کە لەگەڵ روداوێکی نوێ و نەناسراو-ی وەك کارلێکێکی کیمیایی پێچەوانەی چاوەڕوانی- بەرەو ڕووببینەوە. رەنگە ئەم رووداوە ببێتە هۆی فۆرمۆڵبەندی و تاقیکردنەوەی هەندێ لە گریمانە نوێیەکان و لەمحاڵەتەدا، لەلایەن یەکێك لە زانستە گشتیەت پێدراوەکانەوە گرنگی پێ دەدرێت. بەڵام هەمیشە ئەگەر حەزمان لە رووداوە دەستنیشان کراوەکان و روونکردنەوەیان بێت، هەموو یاسا هەمەکییە پێویستەکانی {ئەم کارە} بە بەڵگەنەویست لە قەڵەم دەدەین.

ئەو زانستانەی کە سیلەی تێڕوانینییان لەسەر رووداوە دەستنیشانکراوەکان و روونکردنەوەیانە، بە هەڵاواردن لە زانستە گشتیەت پێدراوەکان، بە **زانستە مێژووییەکان** ناوزەد دەکرێن.

بە وەبەرچاوگرتنی ئەم بیروباوەڕە لەمەڕ مێژوو، بۆمان دەردەکەوێت کە بۆچی ئەم کۆمەڵە زۆرە لە ئەهلی مێژوو و میتۆدی مێژوویی جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەوەی جێگەی گرنگی و هۆگری ئەوانە، رووداوە هەندەکی و تایبەتییەکانە، نەك ئەوەی بە یاسا هەمەکییەکانی مێژوو ناسراوە. لە روانگەی ئێمەوە، ناکرێ شتێك بەناوی یاسای مێژوو بوونی هەبێت. گشتیەت بەخشین، لەلایەنێکی ترەوە سەرنج رادەکێشێت کە دەبێ بە تەواوی لە هۆگری بە رووداوە دەستنیشان کراو و روونکردنەوە هۆدارییەکانیان جیا بکرێتەوە کە پانتایی مێژووە. ئەو کەسانەی حەزیان لە یاساکانە دەبێ روو بکەنە زانستە گشتیەت پێدراوەکان (بۆ نموونە

کۆمەڵناسی). بۆچوونی ئێمە بەردەوام روون و ئاشکرایە کە بۆچی بەزۆری مێژوویان بە ((رووداوەکانی رابردوو بەو چەشنەی کە بەڕاستی روویداوە)) پێناسە کردووە. لەم پێناسەیەدا، ئەوەی بەشێوەیەکی دیاریکراو لەلایەن ئەهلی مێژووەوە حەزی لێ دەکرێ (بە هەڵاواردنی لە ئەهلی زانستە گشتیەت پێدراوەکان) بە تەواوی روونە، هەرچەندە ناچارین هەندێ نارەزایەتی لە دژ دەربڕین. سەرەڕای ئەمە بۆچوونەکەمان دەریدەخات کە بۆچی لە مێژوودا زۆر زیاتر لە زانستە گشتیەت پێدراوەکان لەگەڵ پرسی پەیوەست بە ((بابەتی خوێندنەوە)) بەرەو ڕووین کە ((بێ کۆتایی))ـە. لە زانستە گشتیەت پێدراوەکاندا، تیۆر یان یاسای هەمەکی، هەم یەکێتی دێنێتە بوون و هەم ((روانگە)) و لە هەموو زانستێکدا ئەوە دەستنیشان دەکات کە پرسەکانی چین، چەقی گرنگی پێدان کوێیە و دەبێ میتۆدی توێژینەوەو بوونیادی لۆژیکی و شێوازی خستنەڕووی بابەتەکە بە دەوری چ تەوەرێکدا بخولێتەوە. بەڵام لە مێژوودا ئەم جۆرە تیۆرە یەکێتی بەخشە بوونی نییە. یاخود بەجۆرێکی تر، ئەو یاسا هەمەکییە کەمبایەخەی کە سوودی لێوەردەگیرێت، بەشێکە لە بەڵگەنەویستەکان و بەکردەوە سەرنج راناکێشێت و ناتوانێ رێکیەك بە بابەتی خوێندنەوەکە بدات. بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێ یەکەمین دابەش بوونی پۆلۆنیا لە ساڵی **١٧٧٢** لە رێگای ئاماژەکردن بەم هۆیەوە روون بکەینەوە کە ئەم وڵاتە نەیتوانی لەبەرامبەر هێزە هاوبەشەکانی روسیا و پروسیا و نەمسادا رابوەستێت، بە چەشنێکی مەجازی دەبێ سوود لە یاسایەکی بەڵگەنەویست و گشتی لەم جۆرە وەربگرین: ((ئەگەر دوو سوپا لەڕووی باشی چەك و چۆل و فەرماندەییەوە یەکسان بن بەڵام یەکیان لە گەلێ رووی ترەوە بەسەر ئەویدیاندا بەرزێتیەکی لەڕادەبەردەری هەبێت. لایەنی بەرامبەر هەرگیز سەرناکەوێت)). (ئەوە کە بڵێین ((هەرگیز)) یان ((تاڕادەیەك هەرگیز))، بە بۆچوونی ئێمە لێرەدا هێندە جیاوازی نییە کە بە ڕای کەشتیوانی <u>ئوستوڵی جەنگی داپۆشراوەوە</u>[12] جیاوازی هەبوو). رەنگە ئەم یاسایە بە یاسای کۆمەڵناسی توانای سەربازی ناودێر بکرێت بەڵام زۆر لەوە کەمبایەخترە کە هەرگیز پرسێك بۆ کۆمەڵناسەکان بێنێتە ئاراوە یان سەرنجیان رابکێشێت. یان ئەگەر

١٢. H.M.S. Pinafore ناوی ئۆپێرا کۆمیکی گیلبرت و سالیڤانە کەلە ساڵی **١٨٧٨** لە لەندەن پێشان درا.



هۆکاری پەڕینەوەی یولیوسی قەیسەر لە رووباری روبیکۆن[13] بە بەرزەفڕی و ماندوونەناسی ئەم پیاوە لە قەڵەم بدەین، پشتمان بە یەکێك لە رێسا گشتیەکانی دەروونناسی بەستووە کە هێندە بەڵگەنەویستە کە رەنگە هەرگیز سەرنجی دەروونناسەکان بۆ لای خۆی رانەکێشێت.

(راستی ئەوەیە کە لە زۆربەی روونکردنەوە مێژووییەکاندا، ئەوەی بەشێوەیەکی مەجازی پشتی پێ دەبەستین، بەر لەوەی یاساگەلی بەڵگەنەویست و کەمبایەخی کۆمەڵناسی یان دەروونناسی بێت، هەمان ئەو شتەیە کە لەبەشی چواردەیەم بە <u>لۆژیکی رەوشی</u> ناوزەدمان کرد. یاخود بەجۆرێکی تر، جگە لە مەرجە بەراییەکان کە لە وەسفی هۆگری و ئامانج و فاکتەرەکانی تری رەوشێك دایە (یەك لەوان زانیاری بەردەست بۆ کەسی ناوبراو)، لەم روونکردنەوانەدا بەشێوەیەکی مەجازی و وەکو جۆرە نزیك کردنەوەیەکی سەرەتایی، گریمانەکە لەسەر راستی ئەم یاسا کەمبایەخە گشتیەش دامەزراوە کە هەر کەسێك کە خودان عەقڵێکی ساخلەم بێت، بەردەوام کەم تا زۆر عاقڵانە هەڵسوکەوت دەکات).

## ٣

کەواتە بۆمان دەدەکەوێت کە یاسا هەمەکییەکان کە بۆ شرۆڤەکردنی {رووداوە} مێژووییەکان پشتیان پێ دەبەستین، هیچ پرنسیپێك بۆ هەڵبژاردن و یەکێتی بەخشین {بە بوارەکان} و هیچ ((روانگەیەك)) لە مێژوودا نادەن بەدەستەوە. هەڵبەتە دەتوانین لە رێگا سنووردارکردنی مێژوو بۆ مێژووی بابەتە تایبەتییەکان- بۆ نموونە مێژوو دەسەڵاتدارێتی سیاسی یان پەیوەندی ئابووری یان تەکنەلۆژی یان ماتماتیك- بە مانایەکی زۆر بەرتەسك روانگەیەکی ئەوتۆ وەدەست بێنین. بەڵام بەزۆری پێویستمان بە پرنسیپی زیاترە بۆ هەڵبژاردن، واتە ئەم روانگانەی کە لە هەمان کاتدا تەوەری شیاوی گرنگی پێدانیش بن. بەشێك لەم روانگانە لەسەر بنەمای ئەو وێنایانە دەست دەکەون کە پێشتر لە زەینماندا نەخشیان بەستووە و لە هەندێ لایەنەوە بە یاسا هەمەکیەکان دەچن: بۆ نموونە ئەم وێنایە کە ئەوەی لە مێژوودا گرنگی هەیە خووخدەی ((گەورە پیاوان))ـە یان ((خوی نەتەوەیی)) یان چەمکە ئەخلاقییەکان یان هەلومەرجی

١٣. Rubicon رووبارێکی بچووکە لە باکووری ئیتالیا کە ئەمڕۆ شوێنەکەی ناناسرێتەوە و لەساڵی ٤٩ پێش زایین یولیوسی قەیسەر بۆ شەڕکردن لەگەڵ پومپیوسی نەیاری لەم رووبارە پەڕییەوە و بەم کارەی بەقسەی مێژوونووسان، رەوتی مێژووی جیهانی گۆڕی.

ئابووری و شتی لەم جۆرەیە. وەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵە گرنگە کە خەسڵەتەکانی گەلێ لە ((تیۆرە مێژووییەکان)) (کە رەنگە باشتر وابێت بە ((نیمچەتیۆر)) ناوزەد بکرێن) لەگەڵ تیۆرە زانستیەکاندا جیاوازی گەورەیان هەیە. لە مێژوودا (و هەروەها لە زانستە سروشتیە مێژووییەکانی وەك جیۆلۆژی مێژوویی)، ئەو واقعیاتەی لەبەر دەستمان دایە یەکجار سنووردارە و بە ویستی ئێمە بۆ دووبارەکردنەوەو جێبەجێ کردن ناشێت. ئەم فاکتانەیان بەپێی روانگەیەکی پینەگەیشتوو خڕکردۆتەوە. لەو شتەی کە بە ((سەرچاوەی)) مێژوویی بەناوبانگە، تەنیا ئەو راستیانەی کە بە شایستەی تۆمارکردن زانراون نووسراونەتەوە. لەم رووەوە، تەنیا ئەو راستیانەی کە لەگەڵ تیۆرێکی پینەگەیشتوودا سازگار بووە، زۆربەی کات لەم سەرچاوەو ژێدەرانەدا نووسراوەتەوە. ئەگەر راستیەیەکی زیاتر لەبەردەست دانەبێت، بەدەگمەن تاقیکردنەوەی تیۆر (یان هەر تیۆرێکی دواتر) ممکین دەبێت. کەواتە بەهەق دەتوانین رەخنە لەوە بگرین کە ئەم تیۆرە بۆ تاقیکردنەوە نەشیاوە مێژووییانە پێویستیان بە خوول هەیە، بەو مانایە کە ئەم رەخنەیە بە ناهەق لە تیۆرە زانستیەکان گیراوە. ئەم چەشنە تیۆرە مێژووییانە، بە جیاکردنەوە لە تیۆرە زانستیەکان، بە ((راڤە گشتییەکان))[١٤] ناودێر دەکەین. راڤە لەم روویەوە گرنگی هەیە کە نوێنەری روانگەیە. وتمان کە هەرگیز خۆ دەربازکردنێك لە ئارادا نییە بۆ وەرگرتنی روانگەو لەمێژوودا بە دەگمەن دەتوانین تیۆرێك بەدەست بێنین کە بۆ تاقیکردنەوە بشێت و هەر بۆیە خودان خەسڵەتی زانستی بێت. کەواتە، تەنانەت ئەگەر فلانە راڤەی گشتی لەگەڵ هەموو بەڵگەنامە و بڕوانامە مەوجوودەکانیش هاوگونجاو بێت، نابێ وەکو شتێکی پەسندکراو لە قەڵەمی بدەین. نابێ خوولی بوونی راڤە گشتیەکانمان لەیاد بچێت و هەروەها نابێ ئەوە فەرامۆش بکەین کە هەمیشە راڤەی دیکەش هەیە کە لەوانەیە لەگەڵ راڤەکانی ئێمەدا جیاوازی و ناکۆکی هەبێت و بەم حاڵەش، لەگەڵ هەمان بەڵگەنامەدا بگونجێت. دەبێ ئەوەمان لەبیربێت کە بەدەگمەن ئەگەری ئەوە هەیە دراوی نوێ {داتای نوێ} بەدەست بێت کە لە حوکمی تاقیکردنەوە هەستیار و یەکلاکەرەوەکانی فیزیکدا بێت[٨]. مێژوونووسەکان بەزۆری ئەوە وەبەرچاو ناگرن کە راڤەی تریش هەیە کە وەکو راڤەی خۆیان لەگەڵ فاکتەکاندا هاوجووتە. تەنانەت لە فیزیکدا کە واقعیەتی زیاتر و جێگەی متمانەتر لەبەردەست دایە، بەردەوام پێویستی تاقیکردنەوەی یەکلاکەرەوەی نوێتر دێتە ئاراوە، چونکە تاقیکردنەوەکانی رابردوو، هەم لەگەڵ تیۆرە کۆنەکەدا هاوجووتە و هەم لەگەڵ تیۆرە نوێیەکە کە جیاوازی و ناکۆکی

14. General interpretation



لەتەکدا هەیە. (شایەتی ئەم مانایە، تاقیکردنەوەی خۆرگیرانە کە ئەگەر کەسێك بیەوێت لە نێوان دوو تیۆری نیوتن و ئەنشتاین لەمەڕ تاودانی زەویەوە یەکێکیان هەڵبژێرێت، بێگومان پێویستی پێی دەبێت). ئەگەر بێتو ئەم خاڵانەمان لە یاد بێت، دەست لەم بیروباوەڕە خاو و ساویلکانەیە هەڵدەگرین کە هەر زنجیرەیەك لە بەڵگەنامە مێژووییەکان رەنگە بۆ هەتا هەتایە تەنیا بە یەك شێواز راڤە بکرێت.

هەڵبەتە هەروەك وتمان ئەمە بەو مانایە نییە کە هەموو راڤەکان بەهایەکی یەکسانیان هەیە. یەکەم، هەندێ لە راڤەکان بەڕاستی لەگەڵ بەڵگەنامە پەسندکراوەکاندا ناگونجێن. دووەم، هەندێ لە راڤەکان پێویستیان بە چەند گریمانەیەکی یاریدەدەر {یان تەواوکەر}ی تاڕادەیەك عەقڵ پەسندیش هەیە و ئەگینا تەنیا بەهۆی بەڵگەنامە مەوجوودەکان ناتوانین راستیەکەیان قبوڵ بکەین. سێیەم، لەوانەیە هەندێ لە راڤەکان بێ توانا بن لە ئاشکراکردنی پەیوەندی بەشێك لە بوارەکان، ئەوە لەکاتێك دایە کە راڤەکانی دیکە هەر ئەم بوارانە بەیەکەوە دەلکێنن و لەم روویەوە، ((روونیان)) دەکەنەوە. کەواتە، تەنانەت لە بەستێنی راڤە مێژووییەکانیشدا رەنگە پێشکەوتنی بەرچاو وەدی بێت. ئەو کات، ئەگەری ئەوە هەیە لە نێوان ((روانگەگەلی)) تاڕادەیەك هەمەکی و گریمانە مێژوویییە تاکەکەسی یان دەستنیشان کراوەکان کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کردن، هەموو جۆرە قۆناغی نێوانی بوونی هەبێت کە لە روونکردنەوەی رووداوە مێژووییەکان، رۆڵی مەرجە بەراییەکان یان گریمانە لە جیات یاسا هەمەکییەکان ڕایی بکات. ئەم گریمانانە بەزۆری بۆ تاقیکردنەوە دەشێن و هەر بۆیە، بۆ بەراورد کردن لەگەڵ تیۆرە زانستییەکان دەشێن. بەڵام هەندێ لەم گریمانە دەستنیشان کراوانە پێکچوونێکی نزیکیان هەیە لەگەڵ نیمچە تیۆرە هەمەکییەکان کە ناومان نا ((راڤە)) و لەم روویەوە، دەتوانین هەردووکیان پێکەوە لەژێر ناوی ((راڤە دەستنیشان کراوەکان)) پۆلین بکەین. گەواهی داکۆکیکەری ئەم جۆرە راڤە دەستنیشان کراوانەش بەزۆری وەك گەواهی داکۆکی کردن لە هەندێ لە ((روانگەگەلە)) هەمەکییەکان، خاوەن چۆنایەتی خوولیە. بۆ نموونە رەنگە تەنیا کەسێکی جێگە متمانە کە دەیناسین رێك هەمان زانیاریمان لەمەڕ هێندێك رووداو پێبدات کە لەگەڵ راڤە دەستنیشان کراوەکانی خۆیدا گونجاو بێت. کەواتە، بەشێکی زۆر لە راڤەکانی ئێمە بۆ ئەم رووداوانەی ئاماژەیان بۆ کرا پێویستی بە خوولە، بەم مانایەکە دەبێ لەگەڵ هەمان راڤەدا هاوگونجاوبێت کە لەسەرەتاوە بۆ هەڵبژاردنی ئەم بوارە، بنەمای کارەکەمان بووە. بەڵام ئەگەر بتوانین راڤەیەك بۆ ئەم جۆرە بابەتانە بخەینەڕوو کە لەگەڵ راڤەی ئەو کەسەی کە ژێدەری

زانیاری بووە لە رەگ و ریشەوە جیاواز بێت (هەروەك بۆ نموونە راڤەی ئێمە بۆ نووسینەکانی ئەفلاتون بێگومان خودان جیاوازییەکی ئەوتۆیە)، دوور نییە راڤەکەمان خاوەن خەسڵەتێکی هاوچەشنی گریمانە زانستیەکان بێت. بەڵام لە بنچینەدا دەبێ ئاگاداری ئەوە بین کە ئەمە بەڵگەیەکی زۆر لاوازە ئەگەر بڵێین فلانە راڤە راستە چونکە بە ئاسانی بۆ پیادەکردن دەشێت و هەموو ئەو شتانە روون دەکاتەوە کە دەیانزانین. هەموو تیۆرێك تەنیا لە کاتێکدا لە مەحەکی ئەزموون دەدرێ کە بەدوای نموونە و گەواهی دژو ناکۆك دابین. (لایەنگرانی ((فەلسەفەگەلی لە قاودەرانەی))[١٥] جۆراو جۆر، بەتایبەتی دەروونشیکار و کۆمەڵگاشیکار و مێژووشیکارەکان، زۆربەی کاتەکان خۆ لەم خاڵە غافڵ دەکەن کە ئاماژەمان بۆ کرد و شێت و شەیدای ئەم شتەن کە بیروبۆچوونەکانیان لە هەموو جێگەیەکدا بۆ پیادەکردن دەشێت.

پێشتر وتمان لەوانەیە راڤەکان جیاوازی و ناکۆکیان لەگەڵ یەکتردا هەبێت، بەڵام ئەگەر بە گەلاڵەبووی روانگەکان لە قەڵەم بدرێن، ئیدی بەم جۆرە نابێت. بۆ نموونە، ئەم راڤەیە کە مرۆڤ بەردەوام (بەرەو کۆمەڵگای کراوە یان هەر ئامانجێکی تر) بەرەو پێش دەچێت، لەگەڵ ئەم راڤەیەدا ناکۆکە کە بڵێین مرۆڤ بەردەوام بەرەو دواوە و بۆ پاشەوە دەگەڕێتەوە. بەڵام ((روانگەی)) ئەو کەسەی کە مێژووی مرۆڤ لە دیدی مێژووی پێشکەوتنەوە سەیر دەکات، حەتمەن لەگەڵ ((روانگەی)) ئەو کەسەی کە پاشکەوتن لە مێژوودا دەبینێت جیاوازی و ناکۆکی هەیە. بە جۆرێکی تر، رەنگە مێژوویەك لەهەمبەر پێشکەوتنی مرۆڤ بەرەو ئازادی بنووسین (کە بۆ نموونە هەڵگری شیکردنەوەی ململانێی ئەو بێت لەگەڵ کۆیلایەتیدا) و مێژوویەکی تر بنووسین لەمەڕ پاشکەوتن و چەوساوەیی و چەوسێنەری مرۆڤ (بۆ نموونە بۆ شیکردنەوەی کاریگەری رەگەزی سپی لەسەر رەگەزەکانی تر). پێویست ناکات ئەم دوو مێژووە ناکۆکیان لەگەڵ یەکتردا هەبێت. ئەگەر لە دوو خاڵی جیاوازەوە سەیری یەك روانگە بکەین، ئەو تێڕوانینەی کە لە هەر خاڵێکەوە بەدەست دێت، تێڕوانینەکەی تر تەواو دەکات. هەر بەم چەشنە، ئەم دوو مێژووەش رەنگە تەواوکەری یەکتری بن. سەرنجدان لەم خاڵە خودان گرنگیەکی یەکجار زۆرە. هەموو نەوەیەك گیروگرفت و کێشەی خۆی هەیە و هەر بۆیە، ئەو پرسانەی هۆگریانە و روانگەکانیشی تایبەتە بەخۆی. لەم رووەوە، هەموو نەوەیەك مافی خۆیەتی لە کلاورۆژنەی دیدی خۆیەوە سەیری مێژوو بکات و بەشێوازی تایبەت بەخۆی بە چەشنێك سەر لە نوێ راڤەی بۆ بکات کە تەواوکەری راڤەی

15. unveiling philosophies



نەوەکانی پێشووتر بێت. هەر چییەك بێت ئێمە بەهۆی هۆگریمان بۆ مێژوو خوێندنەوەی بۆ دەکەین{٩} و دەمانەوێ سەبارەت بە کێشەکانمان شتێکی لێوە فێر بین. بەڵام ئەگەر وێنای ((بابەتیەت)) بە سەرماندا زاڵ بێت کە لەم پانتاییەدا خاڵیە لە مسداقیەت و نەتوانین پرسە مێژووییەکان لە روانگەی خۆمانەوە بخەینەڕوو، مێژوو بەکاری هیچ کام لەم دووانە نایەت. نابێ پێمان وابێت کە ئەگەر روانگەکەمان بە هۆشیاری و ئاگاییەوە بە شێوازێکی هەڵسەنگێنراو پیادە بکرێت، نزمترە لە روانگەی ئەو توێژەرانەی کە بە ساویلکەی لەسەر ئەو بڕوایەن، لە بنەڕەتدا هیچ راڤەو شرۆڤەیەك لە کارەکانیاندا نییە و گەیشتوونەتە رادەیەك لە بابەتیەت کە ((رووداوەکانی رابردوو بەو جۆرەی کە بەڕاستی روویان داوە)) دەگێڕنەوە. (کەواتە، تەنانەت ئەگەر هەندێ رادەربڕین لەم کتێبەدا بەر چاو بکەوێت کە پەیوەندی بەلایەنی تاکەکەسییەوە هەبێت، لەبەر ئەوەی لەگەڵ میتۆدی مێژووییدا هاوجووتە، بەبڕوای من، بێ جێ نییە). بنەما ئەوەیە کە تاك لە هەمبەر روانگەی خۆی هۆشیار و هەڵسەنگێنەر بێت، واتە تا ئەو شوێنەی دەتوانێ خۆ لە حەزی ناخودئاگا و هەر بۆیە، هەڵنەسەنگێنراو ببوێرێت. سەرەڕای هەموو ئەمانە، دەبێ راڤە، لە هەموو لایەنەکانەوە، وەك گوڵاو بێت خۆی بۆنی بێت. باشی راڤە لەوە دایە کە بارگاوی بێت و راستیە مێژووییەکان پێشان بدات و پەیوەندی لەگەڵ دۆخە هەنووکەییەکاندا هەبێت و بتوانی بابەتەکانی رۆژ رۆشن بکاتەوە.

بەکورتی ناکرێ شتێك بەناوی مێژووی ((رووداوەکانی رابردوو بەو جۆرەی کە بەڕاستی روویان داوە)) بوونی هەبێت. تەنیا شتێك کە ئەگەری هەیە، راڤەی مێژووییە و هیچ راڤەیەکی مێژوویی، یەکلاکەرەوەو کۆتایی نییە. هەموو نەوەیەك مافی خۆیەتی لە خۆیەوە راڤەی نوێ بێنێت و تەنانەت دەکرێ بڵێین ئەم کارە ئەرکی سەرشانیەتی، چونکە دەبێ وەڵامی ئەو پێداویستییە بە پەلانە بداتەوە کە لەم روویەوە لە گۆڕێ دان. کێشەی ئێمە ئەوەیە کە گرفتارییەکانی ئەمڕۆ چۆن پەیوەندی لەگەڵ رابردوودا پەیدا دەکەن. گەرەکمانە بزانین لە پێناو چارەسەری ئەو شتەی هەست دەکەین ئەرکی سەرشانمانە و ویستومانە بیکەین بە ئەرکی خۆمان، دەبێ بە چ ئاڕاستەیەکدا بچینە پێش. ئەگەر ئەم نیازە لە رێگای ئامرازی عەقڵانی و عادیلانەوە وەدی نەیەت، دەبێتە هۆی راڤە مێژووگەراییەکان. ئەو کەسەی مێژوو بە بنچینە دەزانێت و رەپێش هەموو شتێکی دەدات، کاتێ خۆی بەناچاری بەرسڤ دانەوە ببینێ، ئەم پرسیارە عەقڵانیە ناخاتە ڕوو کە: ((دەبێ چ شتێك بە خێراترین کێشەی خۆمان بزانین؟ ئەم کێشەو گرفتانە چۆن سەریان هەڵداوە؟ پێویستە لە چ رێگایەکەوە هەوڵی چارەسەرکردنیان

بدەین؟)) ئەوەی دەیخاتە روو ئەم پرسیارە ناعەقڵانی و بەرواڵەت واقعیەیەکە: (( ئەو رێگایەی تێی کەوتووین کامەیە؟ ماهییەتی ئەو رۆڵە چییە کە مێژوو رایی کردنەکەی بە چارەنووسی ئێمە داناوە؟)).

رەنگە لێم بپرسن بە چ هۆیەکی گونجاو ئەو مافە بە پەیڕەوکاری مێژووگەرایی نادەیت کە مێژوو بەشێوازی خۆی راڤە بکات؟ مەگەر خۆت هەر ئێستا راتنەگەیاند کە هەموو کەسێك خودان ئەم مافەیە؟ وەڵامەکەم ئەوەیە کە ئەو راڤەیەی کە لەسەر بنەمای بڕوابوون بە مێژووگەرایی ئەنجام بدرێت، لەو جۆرە تایبەتیانەیە کە جیایە لەو راڤە گونجاوانەی کە پێویستیمان پێیان هەیە و سەرەنجام دەبێ یەکێکیان هەڵبژێرین. هەروەك وتمان رەنگە ئەم جۆرە راڤانە بە تیشك هاوێژ بچوێنین کە تیشکەکەیان لە رابردوو دەگرین و هیوادارین تیشکدانەوەکەیان سەردەمی ئێستامان بۆ رووناك بکاتەوە. بەڵام راڤەی مێژووگەرایانە، وەك ئەو تیشك هاوێژەی کە لە چاوی خۆمانی بگرین، بینینی دەوروبەرمان دژوار و تەنانەت مەحاڵ دەکات و توانای کردەوەمان لێ دەسێنێتەوە. دەربڕینی راستەقینەی ئەم پێکچوواندنە ئەوەیە کە پەیڕەوکاری مێژووگەرایی ئەوە نابینێ کە ئێمە واقعیاتە مێژووییەکان هەڵدەبژێرین و رێك و پێکیان دەکەین. ئەو لەسەر ئەو بڕوایەیە کە هەم ئێمە، بەپێی یاسای خودیی مێژوو، بەهەمی ((خودی مێژوو)) یان ((مێژووی مرۆڤ))ین هەم کێشەکانمان و ئایندەکەمان و تەنانەت روانگەکەشمان. کەسێکی ئەوتۆ ناتوانێت ئەوە دەستنیشان بکات کە پێداویستییەکانمان لە کێشە کردەییەکان و ناچار بوونمان بۆ وەرگرتنی بڕیارەوە سەرچاوە دەگرن و دەبێ راڤەی مێژوویی بەرسڤی ئەم نیازە بداتەوە. بەبڕوای ئەو، حەزمان بۆ راڤەی مێژوویی پێشاندەری کرۆك بینی و تێڕوانینی قوڵمانە کە بۆمان دەرکەوتووە لە چاوەدێری کردنی مێژووەوە، رازو ماهییەتی چارەنووسی مرۆڤمان بۆ کەشف دەکرێت. مێژووگەرا لە هەوڵی دۆزینەوەی ((رێڕەوێك))ـە[16] کە مرۆڤ دەبێ بە حوکمی چارەنووس بە دوایدا بچێت و وەك مێك مێری ئێژێ، شێلگیرە لەسەر دۆزینەوەی ((کلیلی مێژوو)) و کەشف کردنی ((مانای مێژوو)).

## ٤

بەڵام ئایا کلیلێکی ئەوتۆ لە ئارادایە؟ **ئایا لە مێژوودا مانایەك بوونی هەیە؟**

16. The path



لێرەدا نامەوێ بچمە سەر پرسی مانای ((مانا)). وا دادەنێین کە زۆربەی خەڵك کاتێ لەسەر ((مانای مێژوو)) یان ((ماناو مەبەستی ژیان)) دەدوێن، ئارمانج لەم وشەیە بەڕادەی پێویست لایان روون و ئاشکرایە[10]. بەم مەفهوومە- واتە بەو مەفهوومەی کە پرسیار لە مانای مێژوو دەکرێت- بەرسڤی من ئەوەیە کە: **مێژوو مانایەکی نییە**.

بۆ ئاماژە کردن بەهۆکارەکانی ئەم بیروباوەڕە، پێویستە سەرەتا بزانین کاتێ خەڵك لەهەمبەر مانای ((مێژوو))ـەوە پرسیار دەکەن، چ واتایەکیان لە هزردایە. من خۆم تا ئێستا بە جۆرێك لەمەڕ ((مێژوو))ـەوە قسەم کردووە وەکو بڵێی پێویست بە روونکردنەوە ناکات. بەڵام لێرە بە دواوە، ئەم کارە ممکین نابێت، چونکە مەبەستی سەرەکی من روون کردنەوەی ئەم خاڵەیە کە **((مێژوو)) بەو مەفهوومەی کە زۆربەی خەڵك لەسەری دەدوێن**، لە بنەڕەتدا بوونی نییە و ئەمە لانی کەم یەکێك لەو هۆیانەیە کە دەڵێین مانایەکی تێدا نییە.

پرسیارەکە ئەوەیە کە زۆربەی خەڵك زاراوەی ((مێژوو)) چۆن بەکار دێنن؟ (مەبەستم لە ((مێژوو)) بەو واتایەیە کە دەڵێین فلانە کتێب لەمەڕ مێژووی ئەوروپایە، نەك بەو مەفهوومەی کە فلانە کتێب **خۆی** مێژووی ئەوروپایە). زۆربەی خەڵکی بەکارهێنانی ئەم وشەیە لە قوتابخانە و زانکۆکان فێر دەبن و کتێب گەلێ لەم بارەیەوە دەخوێننەوە. دەزانن لەژێر ناوی ((مێژووی جیهان)) یان ((مێژووی مرۆڤ)) باسی چی دەکرێت و هێدی هێدی خوو بەوە دەگرن بە چاوی زنجیرەیەکی کەم تا زۆر دیاریکراو لە فاکتەکان بڕوانن و دێنە سەر ئەم بڕوایە کە مێژووی مرۆڤ هەر لەم واقعیاتانە پێك هاتووە.

بەڵام پێشتر بۆمان دەرکەوت کە سنووری فاکتەکان لەڕادەبەردە دەوڵەمەندە و دەبێ تێیدا هەستین بە هەڵبژاردن. بەپێی ئەوەی کە حەزمان لە چ شتێك بووە، رەنگە بۆ نموونە لەمەڕ مێژووی هونەر هەندێ بابەت بنووسین یان مێژووی رێورەسمی خواردن یان مێژووی تەیفوس (هەروەك زینسێر لە کتێبی **مشك و مێشوولە و مێژوودا** نووسیویەتی). بەڵام بێگومان هیچ کام لەمانە بە تەنیایی یان بەیەکەوە مێژووی مرۆڤ نییە. کاتێ خەڵك باسی مێژووی مرۆڤ دەکەن، زۆرتر مەبەستیان مێژووی ئیمپراتۆریەتی میسر و بابل و ئێران و مەقدۆنیا و رۆم و... تاد و تا سەردەمی خۆمانە. یاخود بەجۆرێکی تر، هەرچەندە لەمەڕ مێژووی مرۆڤ دەدوێن، بەڵام ئەوەی لە هزریان دایە و لە قوتابخانە فێری بوونە، **مێژووی دەسەڵاتی سیاسییە**.

مێژووی مرۆڤ بوونی نییە. ئەوەی لە ئارادایە مێژووگەلی لایەنە جیاجیاکانی ژیانی مرۆڤە بە ژمارەیەکی بێ سنوور و دیاری نەکراو. یەکێك لەمانە، مێژووی دەسەڵاتی سیاسییە کە بۆ ئاستی مێژووی جیهان بەرز دەکرێتەوە. بەڵام ئەم کارە، بەبڕوای من، سووکایەتییە بە هەموو وێنایەکی چاك و پاکژ بۆ مرۆڤ و هیچ باشییەکی بەسەر ئەوەدا نییە کە مێژووی دەستپیسی یان دزی یان ژەهر دەرخوارددان، بە مێژووی مرۆڤ لە قەڵەم بدەین. **مێژووی دەستەڵاتداریێتی سیاسی هیچ نییە جگە لە مێژووی تاوانی نێو نەتەوەیی و کۆکوژی.** (و هەڵبەتە دەبێ ئەوە پەسند بکەین، کە مێژووی تەقەلای مرۆڤیشە بۆ کۆتایی هێنان بە کردەوەیە). ئەمەیە ئەو مێژوویەی کە لە قوتابخانەکاندا دەوترێتەوە و تێیدا هەندێ لە گەورەترین خونکارەکان وەکو قارەمانی مێژوو رێز و ستایشیان بۆ دەنێردرێت.

بەڵام ئایا بەڕاستی مێژووی گشتی بە واتای مێژووی راستەقینەی مرۆڤ بوونی نییە؟ بەبڕوای من، ئەو وەڵامەی کە دەبێ هەموو کەسێکی مرۆڤدۆست و بەتایبەتی هەموو مەسیحییەکی ئیماندار بیداتەوە ئەوەیە کە: ناکرێ مێژوویەکی ئەوتۆ بوونی هەبێت. مێژووی راستەقینەی مرۆڤ ئەگەر بوونی هەبووایە، دەبووایە مێژووی هەموو تاکەکانی مرۆڤ بێت، دەبووایە مێژووی هەموو هیواو هەوڵ و ئازارەکانی مرۆڤ بێت- چونکە هیچ مرۆڤێك لەوانیدی گرنگتر نییە. ئاشکرایە نووسینی مێژوویەك بەم ڕادەیە لە واقعیەتەکان و بەم هەندەکیانە، هەرگیز ممکین نییە. دەبێ دایبماڵین رووتی بکەینەوەو لە هەندەکەوە بەرەو هەمەکی بچین و هەندێ شت وەبەرچاو نەگرین و هەوڵی هەڵبژاردن بدەین. بەڵام هەر کە ئەمەمان ئەنجامدا، دەگەینە هەمان مێژووگەلە جۆراوجۆرەکان کە یەکێکیان مێژووی تاوانی نێونەتەوەیی و کۆکوژییەو بە مێژووی مرۆڤ لە قەڵەم دەدرێت و رادەگەیەنرێت.

بەڵام بۆچی مێژوو دەسەڵاتداریێتی هەڵبژێردراوە و بۆ نموونە مێژووی ئایین یان شێعر هەڵنەبژێردراوە؟ لەبەر چەند هۆیەك. یەکیان ئەوەیە کە دەسەڵات کاریگەری لەسەر هەمووان دادەنێت و شێعر تەنیا لەسەر هەندێکی کەم. هۆیەکی تر، مەیلی مرۆڤەکان بۆ دەسەڵات پەرستی. بەڵام بێگومان پەرستنی دەسەڵات یەکێکە لە خراپترین جۆرەکانی بت پەرستی و پاشماوەی چاخی ژیانی نێو قەفەز و کۆیلایەتی و بەندایەتی مرۆڤە. دەسەڵات پەرستی لە ترسەوە لەدایك بووە و ترس هەستێکە کە بە هەق دەبێ لێی بێزاربێن. سێیەمین هۆی ئەوەی کە دەسەڵاتداریێتی سیاسی بە تەوەری ((مێژوو)) دانراوە بۆ ئەوە دەگەرێتەوە، کە سەرچاوەکانی



دەسەڵات ویستویانە لە پلەوپایەی بت و پەرستراو دابن و توانیویانە ئەم خواستەی خۆیان وەدی بێنن. ئیمپڕاتۆر و سەردار و دیکتاتۆرەکان چاوەدێری کاری گەلێ لە مێژوونووسەکان بوونە.

دەزانین ئەم بیروڕیانە لە زۆر لایەنەوە- یەك لەوان لەلایەن هەندێ لە بەرگریکاران و پاساو هێنەرە مەسیحیەکانەوە- لەگەڵ توندترین نارەزایەتیدا بەرەو ڕوو دەبێت، چونکە زۆربەیان لەسەر ئەو بڕوایەن کە بە پێی بنچینەی ئایینی مەسیحی، خوا لە مێژوودا دەردەکەوێت و مێژوو ماناو مەبەستێکی هەیە و ماناکەی هەمان ویستی یەزدانییە. سەرەڕای ئەوەی کە لە کتێبی چاخی نوێ {ئینجیل} هیچ شتێك بۆ داکۆکی کردن لەم بیروباوەڕە لە ئارادا نییە، ئەوانەی باوەڕیان پێی هەیە بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە بەپێی ئەوەی وترا، باوەڕهێنان بە مێژووگەرایی یەکێکە لە کۆلەکە پێویستیەکانی دین. بەڵام من ئەو شتە قبوڵ ناکەم و بانگەشەی ئەوە دەکەم کە ئەم بیروباوەڕە نەك هەر بەڕای هیومانیست و عەقڵانییەکان، بەڵکو لەڕووی خودی دینی مەسیحییشەوە خورافات و شرك و بت پەرستیەیەکی رووتە.

پێویستە بزانین لە پشت ئەم بڕوابوونە بە مێژووگەرایی کە بەم چەشنە لەگەڵ خواپەرستیدا ئاوێتە کراوە، چ شتێك پەنهانە. ئەوانەی بڕوایەیان بەم بیروباوەڕە هەیە، بە پەیڕەوی کردن لە هێگل، مێژوو، واتە مێژووی سیاسی، وەك سەکۆی نمایش، یان باشترە بڵێین، جۆرە شانۆنامەیەکی دوورودرێژی شکسپیر ئاسا سەیر دەکەن. بینەرانی شانۆ، قارەمانەکانی داستانەکە وەك ((کەسایەتییە گەورەکانی مێژوو)) یان مرۆڤایەتی بە مانا ئەبستراکتەکەی وێنا دەکەن و پاشان دەپرسن: ((نووسەری شانۆ نامەکە کێیە)) و خۆیان وەڵام دەدەنەوە((خوا)) و پێیان وایە بەرسڤێکی زۆر خۆپارێزانەیان داوەتەوە. بەڵام لە هەڵەدان. وەڵامەکەیان کوفری رەهایە، چونکە باش دەزانن کە ئەم شانۆنامەیە تنۆکی خامەی یەزدانی نییە، بەڵکو لەژێر چاوەدێری و سەرپەرشتی سەردار و دیکتاتۆرەکاندا لە خامەی مامۆستایانی مێژوو داچۆڕاوە.

من نکۆڵی لەوە ناکەم کە راڤەی مێژوویی لە روانگەی مەسیحیەتیشەوە وەك راڤەکردنی لە هەر روانگەیەکی دیکەوە، پاساو هەڵگرە. بێگومان دەبێ ئەوە پەسند بکەین کە رۆژاوا لەڕووی ئامانج و ئارەزوو غایەت و دڵگیری بەرامبەر مرۆڤدۆستی و ئازادی و یەکسانی، منەتباری دینی مەسیحە. بەڵام لە هەمان کاتدا نابێت ئەوە بشارینەوە کە تاکە هەڵوێستی عەقڵانی و تاقە هەڵسوکەوتێکی مەسیحی- تەنانەت لەگەڵ مێژووی ئازادیش- بڕوا هێنان بەوەیە کە هەروەك چۆن دەبێ لەهەمبەر ئەو رێگایەی کە لە ژیاندا دەیگرینە بەر هەست بە بەرپرسایەتی

بکەین، ئاوهاش سەبارەت بەو هەڵسوکەوت و هەڵوێستانەش دەبێ خۆمان بە لێپرسراو بزانین و سەرکەوتنە دونیاییەکان نەکەینە پێوەر. هیچ جیاوازییەك لە نێوان ئەو کەسانەدا نییە کە دەڵێن خواو حوکمدانەکانی لە مێژوودا دەدەکەوێت و ئەوانەی کە پێیان وایە پێوەری کۆتایی ڕەوابوونی کردەوەکانمان، ئەو سەرکەوتنەیە کە لە دونیادا وەدەستی دێنین. بەرەنجامی ئەم بیروباوەڕە ڕێك وەك تیۆری ئەو کەسانەیە کە دەڵێن دەبێ مێژوو حوکم بدات و هەر کەسێك لە ئایندەدا هێزی هەبێت لەسەر هەقە و ڕێك هەمان ئەو شتەیە کە پێشتر لەم کتێبەدا بە ((فۆتوریزم یان ئایندەپەرستی ئەخلاقی)) ناوزەدکرا[١١]. ئەوە کوفرە کە بڵێین ئەوەی بە ((مێژوو)) ناونراوە- واتە مێژووی تاوانی نێونەتەوەیی و کۆکوژی- دەرکەوتنی خوایە، چونکە لەم شیکردنەوە بێ بەزەییانەو لە هەمان کاتدا منداڵانەیەدا، هەرگیز ئاماژە بەو شتە ناکرێت کە بەڕاستی لە ژیانی مرۆڤەکاندا ڕادەبرێت. لە هەموو چاخ و سەردەمەکاندا، ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی ئەزموونی مرۆیی، ژیانی تاکە لەبیرکراو و ون بوو و غەم و شادی و ڕەنج و بەڵاو مەرگی ئەوان بووە. ئەگەر مێژوو بتوانێ ئەم داستانە بگێڕێتەوە، من ئیدی ناڵێم بینینی پەنجەی خوا لە مێژوودا یەکسانە بە کوفربێژی. بەڵام مێژوویەکی ئەوتۆ بوونی نییە و ممکین نییە بوونی هەبێت. هەر مێژوویەکی هەیە مێژووی گەورە پیاوان و بەهێزەکانە و تەنانەت لە باشترین حاڵەتدا، لەڕادەی کۆمیدیایەکی ڕواڵەتی تێناپەڕێت. ئۆپێڕایەکی گاڵتەجاڕییە کە ئەو دەسەڵاتانەی لە پشت پەردەی ڕاستیەکانەوە حەشاردراون، ڕۆڵەکان ڕاپی دەکەن (وەك ئۆپێڕای گاڵتەجاڕانەی هۆمیرۆس کە ئەو دەسەڵاتانەی لەسەر لوتکەی ئالمپ و لە پشت سەکۆی تەقەڵاو ململانێی مرۆییەکاندا جێیان گرتبوو، کاراکتەری ئەم نمایشە بوون). ئەوەی بۆتە هۆی بە هەڵە تێکەڵاوکردنی مێژوویەکی ئەوتۆ و ڕاستیەکان، یەکێك لە چرووکترین غەریزەکانمان، واتە غەریزەی شرك ئامێزی پەرستنی دەسەڵات و ستایش کردنی سەرکەوتن بووە. ئەو کات هەندێ لە مەسیحییەکان سەرەڕۆیی دەگەینە جێگەیەکی ئەوتۆ کە لەم ((مێژوو))یە کە تەنانەت چێ کراوی مرۆڤیش نییەو تەزویری مرۆڤە، دەستی خوا لە کارەکەدا دەبینن! بوێری دەگەیەننە ڕادەیەکی ئەوتۆ کە ڕاڤە سووکەکانی خۆیان دەخەنە پاڵ خواوەو بەم خۆهەڵواسینە بانگەشەی تێگەیشتن و دەرکی ویستی ئەو دەکەن. بە وتەی وتەبێژی مەسیحی کارل بارت لە کتێبەکەیدا بە ناوی **مەبەستی من**[١٢]: ((بە پێچەوانەوە، دەبێ سەرەتا بە پەسەندکردنی ئەم شتە دەست پێ بکەین ... کە کاتێ دەڵێین 'خوا' ئەوەی پێمان وایە دەیزانین، نە بە پانتاییەکەی دەگات و نە لەخۆی دەگرێت ... بەڵکو {زانینەکانی ئێمە} هەمیشە لەمەڕ یەکێك لەمانە بەتەنیاییە-



جا چ 'ڕۆح' یان 'سروشت' یان 'چارەنووس' یان 'ئایدیا' بێت- کە خۆمان لە جیهانی وێنادا دروستمان کردووە و بە دەستی خۆمان چێمان کردووە...)) (بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەم هەڵوێستە، بارت «تیۆری نییو پرۆتستانی دەرکەوتنی خوا لە مێژوو» بە «ناڕەواو مەرفوز» دەناسێنێت و بە دەستدرێژی بۆ سەر «پلەی شایانەی مەسیحی دەزانێت»). بە بۆچوونی مەسیحیەت، ڕەگی ئەم جۆرە هزرانە نەك هەر خۆ بەزلزانی و خۆپەرستی، بەڵکو بەتایبەتی تێڕوانینی دژە مەسیحیە. مەسیحیەت ڕێنمایمان دەکات کە سەرکەوتن لەم جیهانەدا زۆر جێگەی متمانە نییە. بارت دەنووسێ: ((مەسیح خۆی لە بەرامبەر حکومەتی پیلاتۆس(١٧) ڕاگرت. دەیپرسی پیلاتۆس چ پەیوەندییەکی بە **مەبەستی منەوە** هەیە؟ بەرسڤەکە سادەیە: پرسی زەمەنی ڕووداو لە ئارادایە)). پیلاتۆس کەسێك بوو کە سەرکەوتنی دونیای وەدەست هێنابوو و لەلایەن دەسەڵاتی مێژوویی زەمەنەوە(١٨)، کرابووە نوێنەر، بەڵام لێرە تەنیا لەم لایەنە فۆڕمیە پەتیەوە گرنگی هەیە کە کاتی ڕووداوەکە دیاری دەکات. ئەم ڕووداوە چی بوو؟ بچووکترین پەیوەندی بە سەرکەوتن لە دەسەڵاتداریێتی سیاسی و ((مێژوو))ـەوە نەبوو. تەنانەت داستانی شۆڕشی نەتەوەیی سەرنەکەوتوو و ئاشتیانەی یەهوودیەکانیش نەبوو کە (بەشێوازی گاندی) لەبەرامبەر جیهانگیرە ڕۆمییەکان ڕاپەڕیبوون. هیچ شتێك نەبوو جگە لە چیرۆکی ئەوەی مرۆڤێك خۆی لەبەر ڕاگرت و چەشتی. بارت جەخت لەسەر ئەم خاڵە دەکاتەوە کە مەدلوولی وشەی ((خۆڕاگرتن))(١٩) نەك هەر مەرگی مەسیح، بەڵکو سەرانسەری ژیانیەتی. دەنووسێ[١٣]: (( عیسا **خۆی ڕادەگرێ**. کەواتە زاڵ نابێت. داگیر ناکات. سەرکەوتن لە کارەکەیدا نییە... کارێك ناکات ... جگە لە لەخاچ دران. هەر بەم چەشنە سەبارەت بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ گەل و موریدەکانی)). مەبەستم لە هێنانەوەی وتەکانی بارت پێشان دانی ئەم خاڵە بوو کە تەنیا لە ڕوانگەی ((عەقلانی)) یان ((هیومانیستانەی)) منەوە نییە کە پەرستنی سەرکەوتن لە مێژوو {یا سەرکەوتنی دونیایی} وەك ناکۆکێك لەگەڵ ڕۆحی

١٧. Pontius Pilate (پۆنتیوس پیلاتوس) "والی یەهوودا لەلایەن دەوڵەتی ڕۆمەوە بەهۆی داواکاری خەڵك عیسای دایە دەست یەهوودییەکان بۆ ئەوەی لەخاچی بدەن..." (دایرە المعارف فارسی)

١٨. واتە ئیمپراتۆریەتی ڕۆم.

١٩. suffer. بۆ ئازارەکانی مەسیح سوود لە passionیش وەردەگیرێت کە دیسان لەگەڵ suffering یەك واتایان هەیە.

مەسیحیەت لێك دەدرێتەوە. ئەوەی بە بۆچوونی مەسیحیەت گرنگی هەیە، کارە مێژوویەکانی جیهانگیرە بەهێزە رۆمانیەکان نییە، بەڵکو (بە وتەی کێرکێ گۆڕ{١٤}) ((دیاری چەند ماسیگرێکە بۆ جیهان)). لەگەڵ ئەمەشدا، لە هەموو ئەو راڤە مێژووییانەی کە بە دەوری تەوەری خوادا دەسوورێتەوە، مێژووی رێکخراو- واتە مێژووی دەسەڵاتدارێتی و سەرکەوتنی دونیایی- وەك شوێنی دەرکەوتنی ویستی یەزدانی لە قەڵەم دەدرێت.

((تیۆری دەرکەوتنی خوا)) جێگەی نارەزایەتی ئێمەیە، بەڵام لەوانەیە لە وەڵامی نارەزایەتییەکەمان دا بڵێن ئەگەر سەرکەوتن لە ئارادانەبووایە و عیسا پاش مەرگ سەرکەوتنی بەدەست نەهێنابووایە، ناکامییەکەی لە ژیانی دونیاییدا، بە گەورەترین سەرکەوتنی رۆحانی لە دیدی خەڵکەوە خۆی نەدەنوواند. لە ئاکامی سەرکەوتنی ئەو و لە ژێر بەرەکەتی رێنماییەکانی دایە کە سەلما لە ژیاندا ئە لەسەر هەق بوو و پێشگۆییەکەی وەڕاست گەڕاوە کە فەرمووی: ((دواین، یەکەمین دەبێت و یەکەمین، دواین))(٢٠). یاخود بەجۆرێکی تر، ویستی یەزدانی لەم شتەدا خۆی نواندووە کە کەنیسە بەدرێژایی مێژوو سەرکەوتنی بەدەست هێناوە. بەڵام ئەم جۆرە بەرگرییە زۆر ترسناکە، چونکە مانا لاوەکییەکەی کە پێیوایە سەرکەوتنی دونیایی کەنیسە بەڵگەی رەوا بوونی مەسیحیەتە، بە ئاشکرا هێمای بێ ئیمانییە. مەسیحییەکانی بەرایی بە هیچ چەشنێك خودان دڵگەرمی دونیایی ئەوتۆ نەبوون و لەسەر ئەو بڕوایە بوون دەبێ ویژدانی ئەخلاقیی مرۆڤ سەبارەت بە سەرچاوەکانی دەسەڵات داوەری بکات{١٥}، نەك بە پێچەوانەوە. ئەو کەسانەی کە پێیان وایە ئەو سەرکەوتنەی کە لە درێژەی مێژوودا بە نسیبی ئایینی مەسیح بووە ئەوا ویستی خوا دەنوێنێ، باشتر وایە لە خۆیان بپرسن ئایا ئەم سەرکەوتنە بەڕاستی سەرکەوتنی رۆحی مەسیحیەت بووە؟ ئایا رۆحی مەسیحیەت لەو رۆژگارەدا کە ئەهلی کەنیسە ئازار و ئەشکەنجە دەدران سەرکەوتنی بەدەست هێنا یان لە سەردەمی داگیر کاری کەنیسەدا؟ کام کەنیسە بەرجەستەکەری پاکتری ئەم رۆحە بوو: کەنیسەی شەهیدان یان کەنیسەی سەرکەوتووی پشکنینی بیروباوەڕ؟

لە ڕواڵەتدا کەسانێکی زۆر دان بە زۆربەی ئەو شتانە دادەنێن کە باس کراو پشت بەم مانایە دەبەستن کە پەیامی مەسیحیەت رووی دەمی لەسەبورەکانە و لەگەڵ ئەوەشدا پێیان وایە کە

٢٠. پەیڤی عیسای مەسیح (ئینجیلی مەتتا، پاژی نۆزدەهەم) کە لە وڵاتی پترۆسدا ئێژی: "لە پەسڵان کاتێ کوڕی خوا لەسەر کورسی شکۆمەندی دانیشت... یەکەمەکان دەبنە دواین و دواین دەبنە یەکەمین."



ئەم پەیامە هەمان پەیامی رێبازی مێژووگەراییە. نوێنەری دیاری ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە مێك مێرییە کە لە کتێبی **<u>کلیلی مێژوودا</u>**، جەوهەری رێنماییەکانی مەسیح بە پێشگۆیی مێژوویی لە قەڵەم دەدات و دامەزرێنەری مەسیحیەت بە دۆزەرەوەی یاسای دیالێکتیکی باڵادەستی سەر ((سروشتی مرۆڤ)) دەناسێنێت. لەسەر ئەو بڕوایەیە کە بەپێی ئەم یاسایە، حەتمەن لە هەناوی مێژووی سیاسیدا ((شاری جیهانیی سۆسیالیزم)) لە دایك دەبێت{١٦}. ئەو پێیوایە ((یاسای بنەمای سروشتی مرۆڤ، بۆ سەرپێچی لێکردن ناشێت ... و سەبورەکان دەبن بە میراتگری زەوی)). بەڵام ئەم مێژووگەراییە کە یەقینی لە جێگەی هیوا داناوە، بە ناچاری ئایندەپەرستی ئەخلاقی لێ دەکەوێتەوە. ئەگەر ئەم یاسایە بۆ سەرپێچی لێکردن نەشێت، بەهەندێ هۆی سایکۆلۆژی دەتوانین لەوە بێگومان بین کە هەرچییەك بکەین ئەنجامەکە یەکسان دەبێت و تەنانەت فاشیزمیش دواجار بە هەمان شاری جیهانیی کۆتایی دێت. کەواتە، دەرەنجامی کۆتایی پەیوەندی بە بڕیارە ئەخلاقییەکانی ئێمەوە نییە و هیچ پێویست ناکات لەمەڕ ئەو بەرپرسایەتییەی لەسەر شانمانە تووشی دڵەڕاوکێ بین. کاتێ دەڵێن بەپێی بەڵگەی زانستی دەتوانین **<u>یەقینمان لەو هەبێت</u>** کە ((دواین، یەکەمین دەبێت و یەکەمین، دواین))، ئایا ئەم قسەیە جگە لەمە هیچ مانایەکی هەیە کە پێشگۆیی مێژوویی جێگەی ویژدانی ئەخلاقی گرتۆتەوە؟ ئایا تیۆرێکی ئەوتۆ (بێگومان بە پێچەوانەی نیازی داڕێژەرەکەی) بە چەشنێکی ترسناك هاوتای ئەم هۆشدارە نابێت کە: ((هۆشیاربن و پەندی دامەزرێنەری مەسیحیەت بکەنە حەڵقەیەك و لە گوێتانی بکەن کە دەروونناسێك بوو ئاگادار لەسەر سروشتی مرۆڤ و پێغەمبەرێکی تێگەیشتوو لە مێژووی ئایندە و رایدەسپارد: تا درەنگ نەبووە بچوونە ریزی سەبورو و بەش مەینەتان، چونکە بەپێی یاسای بۆ زاڵ بوون نەشیاوی باڵادەستی سەر سروشتی مرۆڤ، رێگایەکی لەمە دڵنیاتر بۆ بردنەوە لە ئارادانییە؟)) بەدەست هێنانی کلیلێکی ئەوتۆ بۆ کردنەوەی نهێنی مێژوو، پێویستی بە پەرستنی سەرکەوتنی دونیایی هەیە، پێویستی بە وتەیە بەم مانایە کە سەبوورەکان لەسەر هەقن چونکە ئەوان بردوویانەتەوە. کلیلێکی ئەوتۆ، کلیلی گێڕانەوەی مارکسیزمە- بە تایبەتی تیۆری مێژووگەرایی مارکس لە ئەخلاقدا- لە زمانی پێشگۆکارە ئایینییەکان و ئەو دەروونناسانەی بانگەشەی ناسینی سروشتی مرۆڤ دەکەن. راڤەیەکە کە ئەم مانایە لەخۆ دەگرێت کە گەورەترین سەرکەوتنی مەسیحیەت لەوەدا بووە کە مەسیح رێگای بۆ هێگل خۆش کردووە- هەرچەندە هەڵبەتە لەو گەورەتر بووە.

من باوەڕێکی پتەوم بەوە هەیە نابێ سەرکەوتن بگاتە پلەی بت و پەرستراو و پێودانگی حوکم دان بێت لەمەڕ ئێمەوە و چاوەکانمان ئابڵەق بکات و گەرەکم بووە دەریبخەم ئەم شێوازی بیرکردنەوەیە لەگەڵ ئەوەی بەبڕوای من، ڕێنمایی راستەقینەی مەسیحیەتە هاوجووتە. بەڵام نابێ ئەم بیروباوەڕە راڤەی خراپی بۆ بکرێت. مەبەستم پشتیوانی کردن نییە لە هەڵوێستی ئەهلی رۆژی دوایی کە لە بەشی رابردوودا رەخنەم لێگرت[١٧]. نازانم مەسیحیەت ئایینی رۆژی دواییە یان نا، بەڵام بێگومان، بە پێی ڕێنماییەکانی، تاکە ڕێگای سەلماندنی ئیمان، یارمەتی کردەیی بە نیازمەندەکانە لەم دونیایەدا. بێگومان ئەگەری ئەوە هەیە کە هەم لەمەڕ سەرکەوتنە دونیاییەکان- بە مانای گەیشتن بە دەسەڵات و پلەو سامان- بەوپەڕی پارێزو تەنانەت خەمساردییەوە بجولێینەوەو هەم بۆ بەرەو پێشبردنی ئەو ئامانجانەی کە هەڵمانبژاردووە، ئەوپەڕی هەوڵ تەقەلای خۆمان بخەینە گەڕ و تا وەدەست هێنانی سەرکەوتن- هەڵبەتە نەك لە پێناو خودی سەرکەوتن یان سەلماندنی رەوابوونی خۆمان لە مێژوودا، بەڵکو لە پێناو خودی ئەم ئامانجانە- نەوەستین.

ئەو قسانەی کە کێرکێ گۆر وەك رەخنە ئاڕاستەی هیگلی دەکات، بە باشترین شێوە بیروبۆچوونی ئێمە بەتایبەتی کۆنەبوونەوەی ڕێبازی مێژووگەرایی و دینی مەسیح، پەسند دەکات. کیرکێ گۆر بە پێی نەریتی هێگل پەروەردە ببوو و هەرگیز نەیتوانی بە تەواوی خۆی لە کۆتوبەندەکانی رزگار بکات[١٨]. بەڵام هیچ کەسێك هەتا ئێستا مانای مێژووگەرایی هێگلی بەم روونییە دەستنیشان نەکردووە. دەنووسێ[١٩]: ((بەر لە هێگلیش هەندێ فەیلەسووف هەبوون کە دەیانویست مێژوو روون بکەنەوە. کاتێ پەروەردگار لەم ڕێگایەدا هەوڵەکانی دەبینین، بزەی دەهاتێ. هەڵبەتە پێ نەدەکەنی، چونکە مرۆڤایەتی و دڵسۆزی و راستگۆییەکەیانی دەبینی. بەڵام ئامان لە دەست هێگل! ئیدی لێرەدا پێویستیم بە زمان و دەربڕینی هۆمیرۆس هەیە. دەنگی قاقای خواوەندەکان، گوێی ئاسمانی کەڕ دەکرد! تەسەوڕی پڕۆفیسۆرێکی سووکی بێزارکەر بکەن کە بانگەشەی ئەوە دەکات پەی بەهۆی هەر شتێك و هەموو شتێك بردووە و ئێستا بە ئۆرگە دەستەدارەکەی دەیەوێ دەنگی مەسەلەکە دەربهێنێت: گوێ بگرن، خواوەندانی ئۆلۆمپ، گوێ بگرن!)) کیرکێ گۆر لە درێژەی وتەکانیدا ئاماژە بە هێرشی شوپێنهاوەری مولحد دەکات بۆ سەر هێگلی بەرگریکاری دینی مەسیح[٢٠]: ((خوێندنەوەی شوپێنهاوەر هێندە چێژی پێ بەخشیوم کە لە دەربڕینی بێ توانام. بە تەواوی راست دەکات و ئەگەر بەبێ ئەدەبانە دەڵێت، ئەڵمانییەکان هەقیانە- لە خۆیان بێ ئەدەبتر



نییە)). بەڵام دەربڕینی کیرکێ گۆریش لەڕووی بێ پەردەییەوە هیچی لە شوپێنهاوەر کەمتر نییە. هێگلیانیزم بە ((رۆحی درەخشانی رزیوی)) و ((نەفرەتاوی ترین شێوەی پشێوی)) لە قەڵەم دەدات و پاشان لە ((خۆدەرخەری و قسەزلی)) و ((شەهوەتبازی هزری)) و ((شکۆی شەرماویی گەندەڵی)) دەدوێت.

گومانی تێدا نییە کە پەروەردەی هزری و ئەخلاقی ئێمە بەڕاستی گەندەڵە. ئەو خوارو خێچی و لاڕێییەی کە لە پەروەردەکەماندا دروست بووە، سەرچاوەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە درەوشانەوە رواڵەتیەکان ستایش دەکەین و لە جیاتی ئەوە ناوەڕۆکی وتە (و ماهییەتی کردار) بخەینە ژێر مەحکی رەخنەو هەڵسەنگاندن، شێوازی قسەکردن دەنرخێنین و دەکەوینە ژێر بیروبۆچوونی رۆمانتیك لەمەڕ شکۆمەندی و مەزنی سەکۆی مێژوو و خۆمان بە کاراکتەری ئەم سەکۆیە دەزانین. وافێرکراوین لەکاتی دەوربینیندا، سیلەی چاومان لەسەر ریزی بینەران بێت.

ئەم فەلسەفەی ئەخلاقە بە دەوری تەوەری ناوبانگ خوازی و تەسلیم بوون بە چارەنووسدا دەخولێتەوە. پێودانگی ئەخلاقیی باو، پەرە بە سیستەمێك لە پەروەردەو فێرکردن دەدات کە بناغەکەی هێشتا لەسەر بەرهەمی کلاسیکی پێشینیان دامەزراوە. لەم بەرهەمانەدا، مێژوو لە ڕوانگەیەکی رومانتیکەوە لێی دەڕواندرێت و ئەخلاقیاتی خێڵ پەرستانەی ئەوتۆ پەرەی پێ دەدرێت کە رەگەکانی بۆ هێراکلیتوس دەگەڕێتەوە. سیستەمی پەروەردەیی ئێمە دواجار لەسەر دەسەڵات پەرستی بوونیات نراوە. ئەمانە هەموویان دەستیان خستۆتە ناو دەستی یەکتر و پرسی پەروەردەکردنی مرۆڤی بە تەواوی شێواندووە بۆ ئەوەی بتوانێ بەشێوەیەکی عاقڵانە گرنگی خۆی لەهەمبەر تاکەکانی تر هەڵبسەنگێنێت. لەجیاتی ئەوەی بیروباوەڕی تاکگەرایی بەچەشنێکی هەڵسەنگێنراو لەگەڵ ئەویترخوازیدا لێك گرێ بدرێت[٢١]- واتە لەجیاتی ئەوەی کەسێك بڵێت ((ئەوەی بەڕاستی گرنگی هەیە تاکەکانی مرۆڤە، بەڵام مەبەست ئەوە نییە کە من خۆم هێندە گرنگم))- تێکەڵەیەك لە خۆخوازی و بڕوابوون بە کۆگەرایی بنەمای کارەکە پێك دێنێ. بەچەشنێك، لەسەر بناغەی هەندێ بیروبۆچوونی رۆمانتیك، زێدەڕۆیی کراوە لە گرنگی دان بە خۆ و ژیانی سۆزداری خۆ و درەوشاندنەوەی خۆ و کێشمەکێشی ((کەسایەتی)) تاکەکەسی لەگەڵ گروپ و کۆ، کە ئیدی جێگەیەك بۆ ئەوانیتر نەماوەتەوەو پێك هێنانی پەیوەندی تاکەکەسی عاقڵانە لە بازنەی شیان چۆتە دەرەوە. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە هەڵگری ئەم مانایەیە کە ((یان دەسەڵاتدارێتی بکەن یان ملکەچ بن))، یان بگەنە پلەی **گەورە پیاوان** و

بن بە قارەمان و لەگەڵ چارەنووسدا ملە بکەن و ناوبانگ وەدەست بێنن (بە وتەی هێراکلیتوس ((هەرچەندە لە بەرزترەوە بکەونە خوارەوە، بەناوبانگتر دەبن)) یان بچوونە ریزی ((جەماوەرەوەو ملکەچی سەرکردایەتی رێبەر بن و خۆتان لە رێگای ئایدیالە بەرزەکانی کۆدا بکەنە قوربانی. لەم زێدەڕۆییە لە پشت بەستن بە گرنگی کێشمەکێشی نێوان تاك و کۆ، توخمێك لە خەمۆکی و هیستریا بوونی هەیە و گومانم لەوە نییە کە رازی پێشوازی کردن لەو بەها ئەخلاقییانەی کە لەسەر بنەمای قارەمان پەرستی و زاڵبوون و خۆبەدەستەوەدان دامەزراوە، هەر لەم هیستریایەو لەم دژکردەوەیە لە هەمبەر فشاری شارستانیەتدا پەنهانە{٢٢}.

هەموو ئەم شتانە لە کێشەیەکی راستەقینەوە سەرچاوە دەگرێت. کەم تا زۆر ئەوە روونە کە (هەروەك لە بەشەکانی نۆیەم و بیست و چوارەمدا باسمان کرد) دەبێ سیاسەتمەدار لەجیاتی خەبات لە رێگای وەدیهێنانی بەها ((پۆزەتیڤ)) و ((بەرز))ـەکان (وەك بەختەوەری و شتی لەم جۆرە)، هەوڵی خۆی لە پێناو تێکۆشان دژی خراپە و ئافاتەکان بەرتەسك بکاتەوە. بەڵام لە بنەڕەتدا مامۆستا لە بارودۆخێکی تردایە، چونکە سەرەڕای ئەوەی نابێت ئەو بەها ((بەرزانە))ی کە خۆی بڕوای پێیان هەیە بەسەر قوتابییەکانیدا بسەپێنێت، بێگومان دەبێ هۆگریان لە هەمبەر ئەم بەهایانە بوروژێنێت. پێویستە مامۆستا غەم خۆری رۆحی قوتابییەکانی بێت. (کاتێ سوقرات بە یاوەرەکانی دەوت رۆحی خۆتان دەرمان بکەن، غەمی ئەوانی دەخوارد). کەواتە توخمێکی هونەری رۆمانتیکی لە پەروەردەو فێرکردن دایە کە دەبێ لە سیاسەت دوور بکرێتەوە. بەڵام هاوکات دەبێ ئاگاداری ئەوە بین کە سەرەڕای ئەوەکە ئەوەی وتم لە بنەڕەتدا راستە، بەڵام سەبارەت بە سیستەمی پەروەردەیی ئێمە مسداقیەتی نییە، چونکە پێویستی بەجۆرە پەیوەندییەکی دۆستانە هەیە لە نێوان مامۆستاو قوتابیدا، کە هەروەك لە بەشی بیست و چوارەمدا ئاماژەی بۆ کرا، هەردوولا دەبێ خودان سەلاحیەت بن بۆ پچڕاندنی. (سوقرات یاوەرەکانی خۆی هەڵدەبژارد و ئەوانیش هەڵیاندەبژارد). زۆری قوتابیان لە خوێندگاکانی ئێمەدا ئەم دەرفەتەمان لێ دەسەنێتەوە. لەم روویەوە، هەوڵدان بۆ سەپاندنی بەها بەرزەکان نەك هەر تووشی شکست دەبێت، بەڵکو بێگومان زیان بە {قوتابی} دەگەیەنێت و ئەو دەرەنجامەی لێی دەکەوێتەوە بە پێچەوانەی ئایدیای جێگەی مەبەست هەم گشتیەت و هەم لایەنی تایبەتی خۆی لە دەست دەدات. ئەو پرنسیپەی دەڵێت ئەو کەسانەی بە ئێمە سپێردراون دەبێ بە پلەی یەکەم لە زیان پێگەیشتن پارێزراوبن، هەروەك چۆن لە پزیشکیدا بنەمای کارەکانە، دەبێ لە پەروەردەو فێرکردنیشدا هەروا بێت. دەبێ ئامانجی سیستەمی پەروەردەیی



ئێمە ئەوە بێت کە زیان نەگەیەنێت و (هەر بۆیە، ئەوە بە منداڵ و مێردمنداڵەکان بدات لە کە هەموو شتێك زیاتر پێویستیان پێی هەیە بۆ ئەوەی لە ئێمە سەربەخۆ بن و خۆیان رێگای خۆیان هەڵبژێرن). بێگومان ئەمە ئامانجێکی شایستەیە، هەرچەندە رەنگە بچووك بێتە بەرچاو، بەڵام تا وەدیهاتنی رێگایەکی تاڕادەیەك درێژمان لە پێشە. لە بەرامبەردا، ئەوەی بووەتە مۆدی رۆژ، ئامانجە ((بەرزەکان))ـە- ئامانجە رۆمانتیك و پشت گوێ خراوەکانی وەك ((پەروەردەکردنی تەواویی کەسایەتی)).

لەژێر کاریگەری ئەم وێنا رۆمانتیکەدا، هێشتا ژمارەیەك، وەکو ئەفلاتون، بڕوابوون بە تاکگەرایی بە هاوتای خۆخوازی دەزانن و ئەویترخوازی بە هاوچەشنی کۆگەرایی لێك دەدەنەوە و (یاخود بەجۆرێکی تر، خۆخوازی گروپێك لەجیاتی خۆخوازی تاکەکەسی دادەنێن). بەڵام بەم کارە تەنانەت رێگای فۆرمۆڵبەندی روونی پرسەکەش دەبەسرێت. پرسەکە ئەوەیە چۆن دەتوانین گرنگی خۆمان لە هەمبەر ئەوانیتردا بە چەشنێکی عاقڵانە هەڵبسەنگێنین. لەبەر ئەوەی هەست دەکرێ (هەڵبەتە رەوایە) کە دەبێ ئامانجەکەمان شتێك بێت لەو دیوی خۆمانەوە- شتێك کە بتوانین خۆمانی بۆ تەرخان بکەین و لە رێگایدا پەنا بۆ فیداکاری ببەین- هەر بۆیە دەگەنە ئەم دەرەنجامە کە بەناچار دەبێ کۆ ئامانجی جێگەی سەرنجمان بێت چونکە ((پەیامی مێژوویی)) لەسەر شانە. کەواتە، دەڵێن قوربانی بدەن و دڵنیامان دەکەنەوە ئەگەر ئەم کارە ئەنجام بدەین، ئەوا مامەڵەیەکی زۆر شیرینمان کردووە. دەڵێن راستە قوربانی دەدەن، بەڵام لە بەرامبەردا، ناو و شانازیتان چنگ دەکەوێت، دەبن بە (کاراکتەرە سەرەکی)) و قارەمانی سەکۆی مێژوو، بەو برە مەترسییەی تووشیان دەبێت، پادداشتی گەورە وەردەگرین. بەڵام ئەم پرنسیپە ئەخلاقییە گوماناوییە هی قۆناغێکە کە تەنیا ژمارەیەکی کەم کە بە پەنجەی دەست دەژمێردران، حسێبیان بۆ دەکراو هیچ کەس لە بیری خەڵکی ئاساییدا نەبوو. پرنسیپی ئەخلاقی ئەو کەسانەیە لەبەر ئەوەی بە ئەرستۆکراتی سیاسی و گەورە پیاوانی هزری سەردەمی خۆیان دەژمێردرێن هەربۆیە رێگای وەدەست هێنانی ناو لە کتێبە دەرسییەکانی مێژوو بە روویاندا کراوەیە. ناکرێ ئەو کەسانەی رێز لە دادپەروەری و یەکسانی دەگرن، ئەخلاق لەسەر بناغەی ئەم جۆرە پرنسیپانەدا بڕێژن. ناکرێ ناوبانگ لە مێژوودا دادپەروەرانە بێ، چونکە تەنیا بەر ژمارەیەکی کەم دەکەوێت. ئاپۆڕایەکی بێ ئەژمار کە لە شایستەیی و بەنرخیدا هیچیان لەمانە کەمتر نەبووە و بەڵکو باشتریش بوونە، هەمیشە فەرامۆش کراون.

ڕەنگە فەلسەفەی ئەخلاقێك کە لەسەر بنەمای ڕێنماییەکانی هێراکلیتوس دامەزرابێ- واتە ئەو تیۆرەی کە پێیوایە تەنیا نەوەکانی ئایندە دەتوانن پاداشتی بەرزتر بدەن- لە هەندێ لایەنەوە تۆزێك باشتر بێت لە چاوبڕین لە پاداشتی خێرا. بەڵام ئەوەی ئێمە پێویستمان پێی هەیە ئەمە نییە. ئێمە پێویستمان بە فەلسەفەیەك هەیە بۆ ئەخلاق کە پاشقول لە سەرکەوتن و پاداشت بدات. فەلسەفەیەکی ئەوتۆ پێویستی بە داهێنان نییە. شتێکی نوێ نییە. لە ڕێنماییەکانی مەسیحیەتدا، لانی کەم لە سەرەتای هاتنەبووندا، هاتووە و ئەمڕۆکەش لە ڕێگای پشکداری کردن لە هەوڵدان لە پیشەسازی و هاوکاری لە توێژینەوەی زانستیدا، فێری خەڵك دەکرێت. بەخۆشییەوە پێودانگی ئەخلاقی ڕۆمانتیکی مێژووگەراکان کە بەدەوری تەوەری ناوبانگدا دەخولێتەوە، لەڕواڵەتدا بەرەو نەمان دەچێت. سەبازی ون خۆی گەواهیدەری ئەم بانگەشەیە. وردە وردە پەی بەوە دەبەین کە قوربانی دان لە دیارنەبوون و ونیشدا، هەر بەم ڕادەیە بە نرخ و بگرە لەویش بە نرختره. دەبێ پەروەردەی ئەخلاقی بە ئاڕاستەیەکی ئەوتۆدا بڕوات. دەبێ فێرمان کات کە کارەکەمان بکەین و لە پێناو کاردا، لەخۆبردوو بین نەك لە پێناو وەدەست هێنانی ستایش و یان خۆبواردن لەسەر کۆنە. (هەڵبەتە هەموومان پێویستمان بە دڵگەرمی و هیواو ستایش و تەنانەت سەرکۆنەش هەیە، ئەمە پەیوەندی بەم بابەتەوە نییە) دەبێ کارەکەمان و کردەوەکانمان دەربیبخات ئێمە لەسەر هەقین، نەك ئەوەی وەك ((مانا)) بە ساختەیی بۆ مێژوو دروست دەکرێ.

بانگەشەی من ئەوەیە کە مێژوو مانای نییە. بەڵام ئەم بانگەشەیە پێویستی بەوە نییە بە تاساوی لە مێژووی دەسەڵاتداریێتی سیاسی ڕامێنین و جگە لە گاڵتەی بێ بەزەییانە هیچی تری تێدا نەبینین. دەتوانین بە گرنگی دان بەو کێشە و گرفتانەی کە لە دەسەڵاتداریێتی سیاسییەوە سەچاوە دەگرن و ئەمڕۆ دەمانەوێت چارەیەکیان بۆ بدۆزینەوە، مێژوو ڕاڤە و شرۆڤە بکەین. دەکرێ ڕاڤەی مێژوو لە ڕوانگەی تیکۆشان لە پێناو سەقامگیرکردنی کۆمەڵگای کراوەو حکومەتی عەقڵ و دادپەروەری و ئازادی و یەکسانی و کۆنترۆڵ کردنی تاوانی نێودەوڵەتی ئەنجام بدرێت. ڕاستە کە مێژوو ئامانج و غایەتێکی نییە، بەڵام دەتوانین هەر ئەم ئامانجانەی خۆمان بکەینە ئامانجی ئەو. **مێژوو مانایەکی نییە بەڵام دەتوانین مانای پێ ببەخشین.**

لێرەشدا دیسان هەمان کێشەی سروشت و داب لە ئارادایە[٢٣]. نە سروشت پێمان دەڵێت چی بکەین و نە مێژوو. ناکرێ واقعیاتەکان- جا چ واقعیاتە سروشتییەکان یان مێژووییەکان-



لەجیاتی ئێمە بڕیار بدەین و ئەوئامانجانەی دەبێ هەڵیانبژێرین دیاری بکەن. ئەوە ئێمەین کە مەبەست و غایەت و مانا دەهێنینە ناو سروشت و مێژووەوە. مرۆڤەکان یەکسان نین، بەڵام ئێمە دەتوانین بڕیار بدەین کە لە ڕێگای دابین کردنی مافی یەکسان دەست بە تێکۆشان بکەین. دەزگا مرۆییەکانی (وەك دەوڵەت) هاوجووت نین لەگەڵ پێودانگی عەقڵیی، بەڵام ئێمە دەتوانین بڕیار بدەین کە بۆ گونجاندنیان لە تەك پێوەرە عەقڵییەکاندا خەبات بکەین. خودی خۆمان زۆر زیاتر لەوەی پەیڕەوی لە عەقڵ بکەین، لەژێر کاریگەری سۆزو هەڵچوون داین و زمانیشمان هەر بەم چەشنەیە، بەڵام دەتوانین هەوڵ بدەین بڕێك زیاتر پەیڕەوی لە عەقڵ بکەین و فێری ئەوە ببین کە سوود لە زمان وەربگرین (بە پێچەوانەی پسپۆڕە ڕۆمانتیکەکانی پەروەردەو فێرکردن) نەك وەك ئامرازە دەروەشاندنەوەی خۆمان و دەرخستنی کەسایەتی، بەڵکو بۆ ئاڵوگۆڕی هزر بەشێوازێکی عەقڵانی[٢٤]. مێژوو- هەڵبەتە مێژووی دەسەڵاتداریێتی سیاسی، نەك مێژووی گەشەکردن و پەرەسەندنی مرۆڤ کە بوونی دەرەکی نییە- نە ئامانجێکی هەیە نە مانا، بەڵام ئێمە دەتوانین ئامانج و مانای پێ بدەین. دەتوانین مێژوو لە ڕێڕەوی تێکۆشان بۆ سەقامگیرکردنی کۆمەڵگای کراوەو ململانێی لەگەڵ دوژمنەکانی (کە هەمیشە ڕێگای پاش و پێشەوە بە داخراوی دەبینن، بە پەیڕەوی کردن لە پەندی پاریتو، وەك مرۆڤدۆست خۆیان دەنوێنن) بەرەو پێش ببەین بۆ گونجان لەگەڵ مەبەستێکی ئەوتۆ ڕاڤەی بۆ بکەین. هەر ئەم حوکمە دواجار لەمەڕ ((مانای ژیان)) یش هەر ڕاستە. لەژێر دەستی خۆمان دایە کە بڕیار بدەین دەبێ ئامانج و مەبەستمان لە ژیان چی بێت و غایەت و ئامانجەکانی خۆمان لەسەر ئەم بنەمایە دیاری بکەین[٢٥].

ئەم دوالیزمەی نێوان واقعیەت و بڕیار، بە بڕوای من، لایەنێکی بنەمایی هەیە[٢٦]. واقعیەت لە خودی خۆیدا هیچ مانایەکی نییە و تەنیا لە ئاکامی بڕیارەکانی ئێمەوە مانا وەدەست دێنێ. پەنابردنە بەر ڕێبازی مێژووگەرایی تەنیا یەکێکە لەو هەوڵە زۆرانە بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم دوالیزمە و لە ترسەوە لەدایك بووە. مێژووگەرایان هەوڵدەدەن خۆ لە تێگەیشتن لەم خاڵە ببوێرین کە تەنانەت بەرپرسایەتی کۆتایی هەڵبژاردنی پێوەرو پێودانگەکانیش لەسەر شانی خۆمانە. بەبڕوای من، هەوڵێکی ئەوتۆ، ڕێك پێشاندەری ئەو شتەیە کە بەزۆری بە ((خورافە پەرستی)) ناوزەد دەکرێت و لەم گریمانەیەوە سەرچاوە دەگرێ کە بەبێ لە چاندنیش دەتوانین درووێنە بکەین. پەیڕەوکارانی ئەم بیروباوەڕە وەهمیە گەرەکیانە ئەوەمان پێ قبوڵ بکەن کە تەنیا ئەوەندە بەسە کە لەگەڵ مێژوودا هاوهەنگاو بین بۆ ئەوەی هەموو شتێك بە ئارەزووی دڵی

ئێمە بێت و ئیدی هیچ بڕیارێکی سەرەکیتر لەلایەن ئێمەوە پێویست نەبێت. دەیانەوێ قورسایی بەرپرسایەتی لەسەر کۆڵی ئێمە هەڵگرن و بیخەنە سەر شانی مێژوو و لەم ڕێگایەوە لە پێناو هێزە ئەهریمەنییەکانی دەرەوەی سەڵاحیەتی ئێمە بنووسن. لە هەوڵی ئەوەدان نیازی پەنهانی ئەو هێزانە بە چاوگی کردەوەکانمان بناسێنن کە تەنیا دەبێ لە جیهانی عیرفان و کەشف و شهوددا خۆیانمان بۆ ئاشکرا بکەن. گەرکیانە لە مەعنەویت و ئەخلاقدا، بۆ ئاستی کەسانێك دامان بەزێنن کە بە فالگرتنەوەو خەون بینین ژمارەی بلیتەکانیان لە بەریکانێی بەختەوەریدا هەڵدەبژێرن[٢٧]. بڕوا هێنان بە مێژووگەراییش وەکو قومار، لەدایك بوونی نائومێدی لە عەقڵ و بێ هیوابوونە لە هەستی بەرپرسایەتی. ئومێدێکی بێ نرخ و ئیمانێکی بێ بەهایە. تەقەلایەکە بۆ ئەوەی ئەو یەقینەی چاوگەکەی جۆرە زانستی درۆینە- زانستی درۆینی ئەستێرەبیژی یان مەعریفەی ((سروشتی مرۆڤ)) یان ئاگاداربوون لە چارەنووسی مێژوویی- جێگەی ئەو هیواو ئیمانە بگرێتەوە کە سەرچاوەکەی بریتییە لە هەستوسۆزی ئەخلاقی گوێ نەدان بەسەرکەوتن.

ڕێبازی مێژووگەرایی نەك هەر لەڕووی عەقڵەوە بۆ بەرگری لێکردن ناشێت، بەڵکو لەگەڵ هەموو دینێکدا کە بڕوای بە گرنگی ویژدانی ئەخلاقی هەبێت، ناکۆکە. ئەو دینەی کە حسێب بۆ ویژدانی ئەخلاقی مرۆڤ بکات، حەتمەن لەگەڵ عەقڵدا گونجاوە، چونکە عەقڵ، مرۆڤ بە بەرپرس دەزانێ لە بەرامبەر کردەوەکانی خۆی و ڕەنگدانەوەی ئەم کردەوانە لەسەر ڕەوتی مێژوودا. ڕاستە پێویستمان بە هیوا هەیە و کاروژیان بەبێ ئومێد ممکین نییە. بەڵام جگە لەمە، نە پێویستمان بە هیچ شتێکی ترەو نە پێویست دەکات هیچی ترمان پێ بدەن. ئێمە یەقینی پێویستمان نییە. نابێ دین جیگای خەون و هیور کردنەوەی ئارەزووەکان بکرێتەوە، نابێ وەکو بلیتی بەخت تاقیکردنەوەو بیمە نامەلێك بدرێتەوە. توخمی مێژووگەرایی لە باوەڕی دینیدا، توخمی شرك و خوارفە پەرستییە.

هەر کە دوالیزمی نێوان واقعیەت و بڕیار دەستنیشان بکەین، شێوازی بیرکردنەوەمان لە هەمبەر هەندێ وێنای وەك ((پێشکەوتن))یش دیاری دەکرێت. ئەگەر پێمان وابێت مێژوو بە ئاڕاستەی پێشکەوتن دەڕوات و ئێمەش دەبێ حەتمەن پێش بکەوین، تووشی هەڵەیەك هاتووین هاوچەشنی هەڵەی ئەو کەسانەی بڕوایان وایە مێژوو مانای هەیە و لەسەر ئەو بڕوایەن لەجیاتی ئەوەی خۆیان مانا بە مێژوو بدەن، دەبێ ماناکەی کەشف بکەن. پێشکەوتن واتە جووڵە بەرەو



مەبەست- بەرەو ئەو مەبەستەی کە بۆ ئێمەی مرۆڤ لەڕووی مرۆڤ لە ئارادایە. کارێکی ئەوتۆ لەدەست ((مێژوو)) نایەت، تەنیا ئێمەی تاکەکانی مرۆڤ لەدەستمان دێت و دەتوانین بە پاسەوانی کردن لەو جۆرە دەزگا دیموکراتیکانەی کە ئازادی و پێشکەوتن پشتی پێ دەبەستن هەوڵی جووڵانێکی ئەوتۆ بدەین. چەندی زیاتر پەی بەوە ببەین کە پێشکەوتن پەیوەستە بە خودی ئێمە و چاوەدێری ئێمە و تەقلای ئێمە و تێگەیشتنی روون لە ئامانجەکان و پەیوەندی بەوەوە هەیە کە چەندە لەو بڕیارانەی وەریان دەگرین واقیع بینین[٢٨]، باشتر دەرەقەتی جووڵە بەرەو مەبەست دێین.

لە جیاتی ڕواڵەتبازی بە پێغەمبەری و پێشگۆیی، دەبێ بوونیاتنەری چارەنووسی خۆمان بین. دەبێ فێری ئەوە بین ئەوپەڕی هەوڵی خۆمان لەو شتەدا بەکاربهێنین کە دەیکەین و بزانین لە کوێدا تووشی هەڵە بووینە. کاتێ واز لەم وێنایە بێنین کە مێژووی دەسەڵاتدارێتی حوکممان لەسەر دەدات، کاتێ پێشی ئەم دڵەڕاوکێیە بگرین کە ئایا مێژوو لەسەر ڕەوابوونمان حوکم دەدات ئەو کات ڕەنگەرۆژێ بتوانین لە کۆنترۆڵ کردنی دەسەڵاتدا سەرکەوتن بەدەست بێنین و لەوانەیە تەنانەت بتوانین ڕەوایەتی مێژووش لەم ڕێگەیەوە بسەلمێنین. بەڵگەنەویستەکە مێژوو زۆر بە توندی پێویستی بە سەلماندنی ڕەوایەتی هەیە.

# یاداشتەکان

# بەشی سێزدەهەم

**تێبینیەکی گشتی سەبارەت بەو بەشانەی کە تایبەتە بە مارکس:** لەم یادداشتانەدا لە هەر شوێنێك لوابێت، داوام لە خوێنەران کردووە بگەڕێنەوە سەر **سەرمایە** یان **ڕێنما** یان هەردووکیان. مەبەست لە **سەرمایە** چاپی دوو بەرگی ئەم کتێبەیە بە پێنووسی کارل مارکس، وەرگێڕانی ئی. و سی. پاول[1] و مەبەست لە **ڕێنما**، کتێبی **ڕێنمای مارکسیزمە**، لە پێداچوونەوەی ئی. بورنز[2]. بەڵام هەمیشە ناونیشانی نووسینە سەرەکییەکانیشم پێوە زیادکردووە. ئەوەی ڕاستەوخۆ لە وتەی مارکس و ئینگڵس-م وەرگرتووە، ژێدەرەکەی **کۆمەڵە بەرهەمی**[3] چاپی مۆسکۆیە کە یەك لە دوای یەك لە ساڵی ١٩٢٧ بە دواوە بەسەرپەرشتی د.ریازانۆف[4] و ئەوانیتر بڵاوکراوەتەوە بەڵام هێشتا ناتەواوە. سەبارەتە لینین، سەرچاوەکەمان کۆمەڵە بەرهەمی ئەوە کە دەزگای بڵاوکردنەوەی مارتین لاورنس لە ژێر ناوی **کتێبخانەی بچووکی لینین** هێناویەتە وەشاندن. (ناوی ئەم دەزگایە دواتر گۆڕا بۆ لاورنس و ویشارت)[5]. لەمەڕ بەگەکانی تری سەرمایە، لەژێر ناونیشانی **سەرمایەی (ئەڵمانی)**[6]دا ئاماژەی بۆ کراوە (بەرگی یەکەم لە ساڵی ١٨٦٧ بڵاوکرایەوە). ئەم جۆرە گەڕانەوەیە یان بۆ بەرگی دووەمە کە

1. K. Marx, capital, tr. E. and C. Paul (Everyman Double volume Edition).
2. Handbook of Marxism, ed. E. Burns, 1935.

پۆپەر H.O.M وەك کورتە هێمای ئەم کتێبە دادەنێت. ئێمەش بۆ ڕەچاوکردنی کورتبڕی تەنیا وشەی **ڕێنما** بەکار دەهێنین.

٣. Gesamtausgabe پۆپەر دوو پیتی GA وەك بۆ ئەم کتێبە داناوە. ئێمەش بە **کۆمەڵەی** ناوی دەهێنین.

4. . Ryazanow
5. Little Lenin library, Martin Lawrence (Lawrence and wish art)

پۆپەر پیتەکانی L.L.L بۆ ئەم کتێبە دادەنێ و ئێمەش **ك.ب.ل.**

6. Das Kapital



لە ساڵی ١٨٨٥ هاتە وەشاندن یان بۆ بەرگی سێیەم، بەشی ١ یان ٢، چاپی ١٨٩٤ـە. سەبارەت بەوەی دواییان، بەڕیز هێمای III/١ یان III/٢ مان بەکارهێناوە. دەبێ بە تەواوی ئەوە روون بکەمەوە کە هەرچەندە لەهەر جێگەیەك دەرفەت هەبووبێت، داوام لە خوێنەران کردووە بگەڕێنەوە سەر وەرگێڕدراوە {ئینگلیزی} کان، بەڵام لە هەموو شوێنێ ڕێك دەستەواژەی وەرگێڕەکانم وەنەگرتووە.

١. و.پاێتو، **نامەیەك لەمەڕ کۆمەڵناسی گشتی**، بەندی ١٨٤٣ (وەرگێڕانە ئینگلیزییەکەی لەژێر ناوی **زەین و کۆمەڵگا**، ١٩٣٥، بەرگی٣، ل١٢٨١، هەروەها بگەڕێنەوە بۆ بەشی دەیەم، بابەتەکانی تایبەت بە یادداشتی ٦٥ لە دەقەکەدا). پارێتو دەنووسێ (ل ١٢٨ بەدواوە): ((تەکنیکی وکمڕانێتی بریتییە لە دۆزینەوەی ئامرازگەلێ بۆ سوود وەرگرتن لەم جۆرە هەستوسۆزانە نەك بە فیڕۆدانی هێزی خۆ لە هەوڵێکی بێ سوودا بۆ لەناو بردنیان. بەزۆری تەنیا دەرەنجامی گرتنەبەری ڕێگای دووەم، بە پتەوکردن و بەتین کردنی هەستوسۆزەکان دادەنرێت. هەر کەسێك بتوانێ خۆی لە پەیڕەوکردنی کوێرانە لە هەستوسۆزی خۆی رزگار بکات، دەتوانێ کەڵك لە هەستوسۆزی ئەوانیتر وەربگرێت بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانی خۆی... ئەم حوکمەلەمەڕ پەیوەندی هەموو دەسەڵاتدار و ژێر دەستەکان ڕاستە. سیاسەتمەدارێك دەتوانێ بە باشترین شێوە خزمەت بە خۆی و حزبەکەی بکات کە خۆی لە پێشداوەری و دەمارگرژی بوێرێت، بەڵام شارەزای سوودوەرگرتن بێت لە پێشداوەری و دەمارگرژی ئەوانیتر)). ئەو پێشداوەریانەی پارێتو باسیان دەکات جۆری جیاجیایان هەیە: ناسیۆنالیزم، عیشقی ئازادی، مرۆڤدۆستی. ئەوە بخەینەوە یادمان کە هەرچەندە پاریتۆ خۆی لە کۆتی گەلێ پێشداوەری (حوکمی پێش وەختە) رزگار کردووە، بەڵام بێگومان هێشتا نەیتوانیوە خۆی لە کۆتی هەموو پێشداوەرییەکان ئازاد بکات. دەتوانین بڵێین ئەم مانایە لە هەموو دێری نووسینەکانیدا بەرچاو دەکەوێت، بەتایبەتی هەر کاتێ لەو شتە دەدوێت کە بە ((ڕێبازی مرۆڤدۆستی))[7] ناوزەدی کردووە. و (و ئەمە تاڕادەیەك کالاّ بە قەد بالاّیە). پێشداوەری یان دەمارگرژی تایبەتی خودی پاریتۆ ((ڕێبازی دژە مرۆڤدۆستی[8]))ـە. ڕەنگە ئەگەر سەرنجی لەوە دابایە کە لەم بڕیارەی کە دەبووایە بیدات شتەکە هەڵبژاردنێك بووایە لە نێوان پێشداوەری مرۆڤدۆستانە و پێشداوەری دژە مرۆڤدۆستانە نەك لە نێوان پێشداوەری و ناپێشداوەری، تاڕادەیەك لەرزۆکی کەوتبایە ئەو

7. humanitarian religion
8. anti- humanitarian religion

دڵنیاییەی کە لەمەڕ بەرزێتی خۆیەوە هەستی پێ دەکرد. (سەبارەت بە پرسی پێشداوەری، بگەڕێنەوە بۆ بەشی بیست و چوارەم، یاداشتی ٨ (١) و ئەو بابەتانەی لە دەقەکەدا پەیوەندییان بەمەوە هەیە).

وێنای پاریتۆ بۆ ((تەکنیکی حوکمڕانێتی)) زۆر کۆنە و ڕەگەکەی بۆ کریتیاس دایەنی ئەفلاتون دەگەڕێتەوەو لە نەریتی قوتابخانەی ئەفلاتوندا گرنگیەکی زۆری هەیە (هەروەك لە بەشی هەشتەم، یاداشتی ١٨ دا ئاماژەمان بۆ کرد).

٢. (١) هزری فیختە و هێگل ئافرێنەری پرنسیپی دەوڵەتی نەتەوەیی و دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەییە[9]، ئەو پرنسیپە کۆنەپەرستانەیەی کە بەم جۆرە پیاوێکی وەك ماساریك کە لە پێناو کۆمەڵگای کراوەدا خەباتی دەکرد، لەناخی دڵەوە بڕوای پێی هەبوو و هەروەها ویلسنیش سەرەڕای باوەڕی بە دیموکراسی، ڕێگای پەیڕەوی کردن لەم بیرۆکەیەی گرتەبەر. (لەمەڕ ویلسنەوە بگەڕێنەوە بۆ نموونە بۆ کتێبی زیمن، **بیرۆکە سیاسییەکانی ئێستا**، ل ٢٢٣ بە دواوە). ئاشکرایە ئەم پرنسیپە لە دونیای خاکی ئێمەدا مسداقیەتی نییە، بەتایبەتی لە ئەوروپادا کە نەتەوەکان (واتە گروپە زمانییەکان) بە چەشنێك تێکچرژاون کە دەکرێ بڵێین لێك جیاکردنەویان مەحاڵە. دەبێ شوێنەوارە سەرسوڕهێنەرەکانی ئەم هەوڵەی ویلسن بۆ چەسپاندنی ئەم پرنسیپە ڕۆمانتیکە لە سەکۆی سیاسی ئەوروپادا، لای هەموو کەسێ ڕوون و ئاشکرا بێت. ئەو گوتەیەی دەڵێ پەیماننامەی ڤێرسای توندوتیژ و بێ بەزەییانە بووە، ئەفسانەیە. ئەوانەی دەڵێن پەیڕەوی لە پرنسیپەکانی ویلسن نەکراوە، ئەویش ئەفسانەیە. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئەم پرنسیپانەی ئاماژەیان بۆ کرا، نەدەکرا لەمە باشتر پیادە بکرێن و لە کارکەوتنی پەیماننامەی ڤێرسای بەشێوەیەکی سەرەکی هۆبەندی هەوڵدان بۆ پیادەکردنی پرنسیپە بۆ پیادە نەشیاوەکانی ویلسن بوو (بگەڕێنەوە بۆ بەشی نۆیەم، یاداشتی ٧ و ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە یاداشتی ٥١-٦٤ـەوە هەیە لە دەقی بەشی دوازدەیەمدا).

(٢) هەر لەم بەندەی دەقەکەدا، ئاماژە بە خەسڵەتە هێگلیەکانی مارکسیزم کراوە. ئەو بیروباوەڕە سەرەکیانەی کە لە هێگلیانیزمەوە گەیشتۆتە ماکسیزم لەو پێرستەی ئامادەم کردووە، ئێستا دەخرێتە بەرچاوتان. باسەکەم لەمەڕ مارکسیزمەوە لەسەر بنەمای ئەم پێرستە نییە، چونکە گەرەکمە وەکو توێژەرێکی سەنگین و گران کە خۆی دەتوانێ و دەبێ لەمەڕ

9. national self- determination



خۆیەوە وەڵامدەربێت، بیخەمە ژێر لێکۆڵینەوە نەك وەك یەکێك لە پەیڕەوکارانی هێگل لە چەشنی ئەوانیتر. ئەو پێرستەی ئامادەم کردووە و بیروباوەڕە جیاجیاکان کە بەپێی پلەی گرنگیان لە مارکسیزم پۆلین کراون، بەم جۆرەیە:

(الف) مێژووگەرایی: زانستی کۆمەڵگا دەبێ لە میتۆدی خوێندنەوەی مێژوو وەربگرێت، بەتایبەتی خوێندنەوەی ئەو مەیلانەی کە لەخودی ڕەوتی پەرەسەندنی مێژووی مرۆڤدا پەنهانن.

(ب) ڕێژەگەرایی مێژوویی: ئەوەی لە قۆناغێکی مێژوویدا وەك یاسا لە قەڵەم دەدرێ، پێویست ناکات لە قۆناغێکی تریش هەر بەم جۆرە بێت (هێگل لەسەر ئەو بڕوایە بوو ئەوەی لە قۆناغێکدا ڕاستە، پێویست ناکا لە قۆناغێکی تریش ڕاست بێت).

(ج) یاسای پێشکەوتن یەکێکە لە پێداویستییە خودییەکانی پەرەسەندنی مێژوویی.

(د) پەرەسەندن هەمیشە بە ئاڕاستەی زیادبوونی ئازادی و عەقڵ ئەنجام دەدرێت، هەرچەندە ئامرازی گەیشتن بەم ئامانجە، هێزە ناعەقڵانییەکانی وەکو جۆشوخرۆش و هەڵچوون و بەرژەوەندی تاکەکەسییە نەك بەرنامەڕێژییە عەقڵانییەکانی ئێمە. (هێگڵ ئەمە بە ((مەکری عەقڵ)) ناوزەد دەکات).

(هـ) پۆزەتیڤیزمی ئەخلاقی، یان لەمەڕ مارکسەوە ((فۆتوریزم)) یان ((ئایندەپەرستی)) ئەخلاقی. (ئەم زاراوەیە لە بەشی بیست و دووەمدا شی دەکرێتەوە).

(و) یەکێك لە ئامرازەکانی جوڵەی پەرەسەندن، ئاگایی چینایەتییە. (هێگل لە هەندێ چەمکی وەك ((ئاگایی نەتەوەیی)) و ((ڕۆحی نەتەوەیی)) و ((حەزی نەتەوەیی)) دەدوێت).

(ز) بڕوا بوون بە ماهییەتگەرایی لە میتۆدۆلۆژیادا. دیالێکتیك.

(ح) ئەم ماناو بیروبۆچوونانەی خوارەوە کە لە هێگل وەرگیراوە، لە نووسینەکانی مارکسدا گرنگیەکی زۆریان هەیە، بەڵام لە بەرهەمەکانی مارکسیستەکانی دواتردا گرنگیەکی زۆر زیاتری وەرگرتووە.

(ح-١) جیاوازی دانان لە نێوان ئازادی ((ڕواڵەتی)) پەتی یان دیموکراسی ((ڕواڵەتی)) پەتی و ئازادی ((ڕاستەقینە)) و ئازادی ((ئابووری)) و دیموکراسی ((ئابووری)) و شتی لەم چەشنە.

بوونی تێڕوانینێکی دوو لایەنە و واتە تێکەڵەیەك لە سۆز و رق، لەهەمبەر دیموکراسیەوە کە پەیوەستە بە وتنی ئەم جیاوازییە.

(ح-٢) بڕوا بوون بە کۆگەرایی یان کۆگەلی.

لە بەشەکانی داهاتوودا، (الف) دیسان بابەتی سەرەکی دەبێت. سەبارەت بە (الف) و (ب)، هەروەها دەبێ بۆ یادداشتی ١٣ی ئەم بەشە بگەڕێنەوە. لە هەمبەر (ب) بگەڕێنەوە سەر بەشەکانی بیست و دووەم تا بیست و چوارەم، لەمەڕ (ج)، بۆ بەشەکانی بیست و دووەم و بیست و پێنجەم، سەبارەت بە (د) بۆ بەشی بیست و دووەم (لە هەمبەر ((مەکری عەقل))ی هێگل، بۆ بەشی دوازدەهەم، دەقی تایبەت بە یادداشتی ٨٤)، لەمەڕ (و) بۆ بەشەکانی شازدەیەم و نۆزدەهەم، سەبارەت بە (ز) بۆ یادداشتی ٤ هەر لەم بەشەدا، یادداشتی ٦ لە بەشی حەڤدەیەمدا، یادداشتی ١٣ لە بەشی پازدەهەمدا، یادداشتی ١٥ لە بەشی نۆزدەیەمدا، یادداشتەکانی ٢٠-٢٤ لە بەشی بیستەم و بابەتە پەیوەندیدارەکانی پێیەوە لە دەقەکەدا، و سەبارەت بە (ح-١)، بۆ یادداشتی ١٩ لە بەشی حەڤدەهەم (ح-٢) یەکێك لە فاکتەرەکانی دژایەتی مارکس بووە لەگەڵ دەروونناسیگەراییدا (بگەڕێنەوە بۆ بابەتەکانی پەیوەست بە یادداشتی ١٦ لە دەقی بەشی چواردەیەمدا). مارکس لەژێر کاریگەری رێنماییەکانی ئەفلاتون و هێگل لەهەمبەر بەرزێتی دەوڵەت سەبارەت بە تاك، ئەم تیۆرەی دروست کرد و پەرەی پێدا کە تەنانەت((ئاگایی)) تاك هۆبەندی بارودۆخ و هەلومەرجی کۆمەڵایەتییە. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، مارکس لە بنەڕەتدا بڕوای بە تاکگەرایی هەبوو و ئامانجە سەرەکییەکەی یارمەتی دانی تاکە بەشمەینەتەکان بوو. کۆگەرایی پشکێکی گرنگی لە نووسینەکانی مارکسدا بەرناکەوێت (هەڵبەتە جگە لەو گرنگیەی کە بۆ ئاگایی چینایەتی کۆگەلی دادیدەنێت و لە ژێر ناوی (و)دا ئاماژەمان بۆ کرد، بۆ نموونە بگەڕێنەوە بۆ بەشی هەژدەیەم یادداشتی٤). بەڵام بێگومان پەیڕەویکردن لەم رێچکەیە کاریگەری لەسەر کاروکردەوەی مارکسیستەکان داناوە.

٣. لە کتێبی **سەرمایە** (ل ٣٨٧ — ٣٨٩)، مارکس لەمەڕ تیۆری ئەفلاتون سەبارەت بە دابەشکردنی کار[١٠] و مەدخەلیەتی سیستەمی ((کاست)) لە دەوڵەتەکەیدا، هەندێ قسەی جوانی هەیە (ئەگەرچی تەنیا ئاماژە بە میسر دەکات و بە هیچ جۆری باسی ئیسپارتە

١٠. بگەڕێنەوە بۆ بەشی پێنجەم، یادداشتی ٢٩و بابەتی پەیوەندیدار بەمە لە دەقەکەدا.



ناکات)[١١]. سەبارەت بەمە مارکس هەندێ وتەی شیاوی باس لە ئیسوکراتس دەگێڕێتەوە[١٢]. ئیسوکراتس سەرەتا هەندێ بەڵگە بۆ داکۆکی کردن لە شێوازی هاوچەشنی شێوازی ئەفلاتون بۆ دابەشکردنی کار دەهێنێتەوە[١٣] و پاشان بەم جۆرە درێژەی پێدەدات: ((میسریەکان ... بەڕادەیەك لەم ئیشەدا سەرکەوتوو بوون کە بەناوبانگترین فەیلەسووفەکان کە لەمەڕ ئەم بابەتەوە دواون، لە هەموو حکومەتێکی دیکە زیاتر ستایشی حکومەتی میسریان کردووە و ئیسپارتەکان ... لەبەرئەوەی بۆ ئەم شێوازە، لاسایی میسرییەکانیان کردۆتەوە بەم جۆرە باشە توانای بەڕێوەبردنی شارەکەیان هەیە)). پێموایە، ئەگەری زۆری هەیە، لێرەدا مەبەستی ئیسوکراتس ئەفلاتونە و کرانتوریش کاتێ باسی ئەو کەسانە دەکات کە ئەفلاتون بە حورمەتگرتن لە میسرییەکان تۆمەتبار دەکەن[١٤]، مەبەستی ئیسوکراتسە.

٤. یان ((وێرانکەری هۆش))- بگەڕێنەوە بۆ بەشی دوازدەیەم، بابەتەکانی پەیوەست بە یادداشتی ٦٨ لە دەقەکەدا. سەبارەت بە دیالێکتیك بەشێوەیەکی گشتی و دیالێکتیکی هێگل بەتایبەتی، سەیری بەشی دوازدەیەم بکەن، بەتایبەتی دەقی تایبەت بە یادداشتەکانی ٢٨-٣٣. لەم کتێبەدا نامەوێ لەمەڕ دیالێکتێکی مارکس بدوێم چونکە لە شوێنێکی تر قسەم لەسەر کردووە (بگەڕێنەوە بۆ **دیالێکتیك چییە**؟ کە پێشتر لە گۆڤاری مایندا چاپ کرابوو[١٥] و ئێستا لەگەڵ پێداچوونەوە پیایدا بەشێکی کتێبی حەدسیات و رەدیات (لە ٣١٢ بۆ دواوە) پێك دێنێت). من دیالێکتێکی مارکسیش وەکو دیالێکتێکی هێگل، بە جۆرە بیرکردنەوەیەکی پەرێشانی مەترسیدار لە قەڵەم دەدەم. بەڵام لێرەدا دەتوانین چاو لەشیکردنەوەی بپۆشین، چونکە ئەو رەخنانەی لە مێژووگەرایی مارکسم گرت بەشێکی دیالێکتیکەکەشی لەخۆ دەگرێت.

٥. بۆ نموونە بگەڕێنەوە بۆ ئەو وتەیەی کە لە دەقی تایبەت بە یادداشتی ١١ هەر لەم بەشەدا گێڕدراوەتەوە.

١١. بگەڕێنەوە بۆ بەشی چوارەم، یادداشتی ٢٧.

12. Isocrates, Busiris, 15f, 224-225.

١٣. بگەڕێنەوە بۆ بەشی پێنجەم، بابەتی پەیوەست بە یادداشتی ٢٩ لەدەقەکەدا.

١٤. بگەڕێنەوە بۆ بەشی چوارەم، یادداشتی ٢٧(٣).

15. What is Dialectic? Mind, N.S.vol.49, 1940,pp. 403 ff.

٦. مارکس و ئینگلس، بۆ یەکەمین جار لە **مانیفێستی کۆمۆنیست**[١٦] دا هێرشیان کردە سەر ((یۆتۆپیاگەرایی)). (**رێنما**، ل ٥٥ بۆ دواوە= **کۆمەڵە**، بەرگی ٦، ل ل٥٣٣-٥٥٥). سەبارەت بە پەلاماری مارکس بۆ سەر ((ئابووریزانە بۆرژواکان)) کە ((تێدەکۆشن ئابووری سیاسی لە تەك بانگەشەگەلی پرولیتاریادا بگونجێنن))- ئەو هێرشانەی کە بەتایبەتی ئاڕاستەی میل و ئەندامانی تری قوتابخانەی کۆنت کراوە- بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆ سەرمایە، ل٨٦٨ (دژی میل)[١٧] و ل٨٧٠ (دژی گۆڤاری **رێڤیو پۆزیتیڤیست** کە بڵاوکەرەوەی بیری قوتابخانەی کۆنت بوو)[١٨]. سەبارەت بە پرسی تەکنەلۆژیای کۆمەڵایەتی لە بەرامبەر مێژووگەرایی و لە هەمبەر ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی لەسەرەخۆ یان بەرەبەرە لە بەرامبەر ئەندازیاریی کۆمەلایەتی یۆتۆپیاییدا، بگەڕێنەوە بەتایبەتی بۆ بەشی نۆیەم و (هەروەها بەشی سێیەم، یادداشتی ٩، بەشی پێنجەم، یادداشتی ١٨(٣)، بەشی نۆیەم، یادداشتی ١ و گەڕانەوەکان بۆ کتێبەکەی ئیستمەن، **ئایا مارکسیزم زانستە؟**).

٧. (١) ئەو دوو رستەیەی لە لینین-مان وەرگرتووە، لە کتێبی **کۆمۆنیزمی سۆڤیەت**، دانانی سیدنی و بیاتریس ویب[١٩] دا هاتووە. لەم کتێبەدا، لە پەراوێزدا ئاماژە بەمە کراوە کە دووەمین رستە لە یەکێك لە وتار خوێندنەوەکانی لینین لە مانگی مەی ١٩١٨ وەرگیراوە. خۆشترین شت ئەوەیە کە لینین چەندە زوو لە بارودۆخەکە تێگەیشت. تەنانەت تا ئوتی ١٩١٧، واتە رێك بەر لە هاتنە سەر دەسەڵاتی حزب، کە کتێبی **دەوڵەت و شۆڕش** بڵاو دەکرایەوە، لینین هێشتا بە تەواوی پەیڕەوکاری مێژووگەرایی بوو و نەك هەر لە ئاڵۆزترین کێشەی بوونیاتنانی کۆمەڵگای نویٚ بیٚ ئاگابوو، بەڵکو وەك زۆربەی مارکسیستەکان لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە ئەم جۆرە کێشانە هیچ بوونێکی بابەتیانەیان نییە یان ئەگەر هەشیان بێت، ئەوا لە رەوتی مێژوودا بۆ خۆتان چارەسەر دەبن. بەتایبەتی سەیری ئەو دەستەواژانە بکەن کە لە **رێنما**، ل ٧٥٧ بۆ دواوە، لە کتێبی **دەوڵەت و شۆڕش**[٢٠] وەرگیراوە(= لینین، دەوڵەت و شۆڕش، ك ب ل، بەرگی ١٤، ل ل٧٧-٧٩). لەم رستانەدا، لینین جەخت لەسەر سادەیی پرسەکانی پەیوەندیدار بە رێکخستن و بەڕێوەبردن دەکاتەوە لە قۆناغە جیاوازەکانی کۆمەڵگای روو لە پەرەسەندنی کۆمۆنیسی و دەنووسێت: ((جگە لەمە هیچ شتیٚ پێویست نییە کە {هەموو} بەشێوەیەکی یەکسان کاربکەن و کارەکەیان بە رێك و پێکی ئەنجام بدەن و کرێی وەك یەك وەربگرن. سیستەمی سەرمایەداری پرسی ژمێریاری و چاوەدێری پێویست بەسەر ئەم شتانەی لە ڕادەبەدەر **سادە کردۆتەوە**)) (جەخت کردن لەسەر وشەکان هی دەقی سەرەکییە). ئەم شێوازانەی پیادەکردنی چاوەدێری ((لەبەردەست هەموو کەسێك دایە کە خوێندەواری خوێندنەوەو نووسینی هەبێت و چوارکردەی سەرەکی {کۆ و کەم و جاران و دابەشکردن} ئەژمێر بزانێت)) و کرێکارەکان بە سادەیی دەتوانن ئەم شێوازە {لە سەرمایەداری} وەربگرن. ئەم پەیڤە ساویلکە و ساکارانە، مشتێکە لە خەروارێك. (تەنانەت لە ئەڵمانیا و ئینگلتەراش هاوچەشنی ئەم بیروبۆچوونانە دەردەبڕدرێت- بگەڕێنەوە بۆ بڕگەی (٢) ئەم یادداشتە. ئەگەر ئەم وتانە لەگەڵ وتار خوێندنەوەکانی چەند مانگی دواتری لینین بەراورد بکەین، بۆمان دەردەکەوێت چەندە ئەم ((سۆسیالیستە پێشگۆو پەیڕەوکاری زانستە)) بیٚ ئاگا بووە لەو کێشە و بەڵایانەی لە پێشیدا بووە. (مەبەست بەڵای کۆمۆنیزمی جەنگە، ئەو قۆناغەی لە ئاکامی ئەم جۆرە ماکسیزمە پێغەمبەر ئاساو دژە تەکنەلۆژیکە سەریهەڵدا). لەلایەکی ترەوە، بەوەبەرچاوگرتنی ئەم قسانە دەتوانین پەی بە دەسەڵاتی لینین ببەین بۆ دۆزینەوەی چەوتیەکان و داننان بە هەڵەکاندا. بەڵام بە کردەوە وازی لە مارکسیزم هێنا، هەرچەندە لە جیهانی بۆچووندا بەردەوام پێیەوە پابەندبوو. سەبارەت بە خەسڵەتی مێژووگەرایی پەتی، واتە پێغەمبەر ئاساو دژە تەکنەلۆژیك (یان بە وتەی لینین ((دژە یۆتۆپیایی))[٢١] ئەم ((سۆسیالیزمە زانستەتیە))ی بەر لە گەیشتن بە دەسەڵات، بگەڕێنەوە بۆ دەوڵەت و شۆڕش، ل ل٦٧-٧٣ (=رێنما، ل٧٤٢ بە دواوە).

بەڵام لینین وێڕای داننان بەوەدا کە هیچ کتێبێکی سەبارەت بە پرسی بوونیاتنانەوەو ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی بیٚ شك نایەت، هاوکات ئەوە دەسەلمێنیٚ کە مارکسیستە ئەمەکدارەکانی شەریعەتی مارکس تەنانەت خۆیان لە خوێندنەوەی ((وتە پڕوپووچە یۆتۆپییەکانی سۆسیالیستە پرۆفسیۆرنوێنە ئیسراحەت خوازەکان))یش بواردووە کە

16. Communist manifesto, III, 3.

١٧. بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ١٤ هەر لەم بەشەدا.

١٨. Revue Positiviste. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ بابەتە پەیوەندیدارەکان بە یادداشتی ٢١ لە بەشی هەژدەهەم.

19. Sidney and Beatrice webb, soviet communism, 2nd ed., 1937, p. 650f.

20. State and Revolution.



٢١. **رێنما**، ل٧٤٧ = **دەوڵەت و شۆڕش**، ل٧٠ـ ل٧١.

دەیانەویست دوان لەسەر ئەم جۆرە بابەتانە دەست پێ بکەن. مەبەستم فابیانە ئینگلیزییەکانە و بەتایبەتی منگێر (بۆ نموونە لە کتێبی **تیۆرێکی نوێ سەبارەت بە دەوڵەت**)[٢٢] و پۆپێر لینکویس لە نەمسا. ئەم کەسەی دواییان، سەرەڕای گەلێ پێشنیاری دیکە، تەکنەلۆژیایەکی تایبەتی بۆ کشتوکاڵی کۆمۆنیستی داهێنا بوو کە بەتایبەت لەهەمبەر کیڵگە پانوبەرینەکانی وەك ئەوەی دواتر لە روسیادا دروست کرا، بەسوود بوو[٢٣]. بەڵام مارکسیستەکان بە بیانوی ئەوەی ((نیمچە سۆسیالیستە)) {بیروڕاکانیان} وەبەرچاو نەدەگرت. لەبەر ئەوە بە ((نیمچە سۆسیالیست)) ناوزەدیان دەکرد، چونکە لەو کۆمەڵگایەی ئەم کەسە لە هزری دابوو، پێشبینی بوونی کەرتی تایبەتیش کرابوو و لەسەر ئەو بڕوایە بوو دەبێت چالاکی ئابووری دەوڵەت بەهۆی دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی ژیانی تاکەکان سنووردار بکرێت و لە رادەی دابین کردنی ((لانی کەمی بژێوی ژیان)) تێنەپەڕێت و هەر شتێك لەم رادەیە زیاتر بڕوات، دەبێ بسپێردرێتە سیستەمێك کە لەسەر بنەمای رکەبەرایەتی دامەزراوە.

(٢) بیروڕای لینین لە **دەوڵەت و شۆڕشدا**، هەروەك ج. واینر ئاماژەی بۆ کردووە، گەلێ بە بیروباوەڕی جان کرازێرز دەچێت لە کتێبی **سۆسیالیزم و رادیکالیزم** (بگەڕێنەوە بۆ بەشی نۆیەم، یادداشتی ٩) بە چەشنێك کە لە لاپەڕەکانی ١٤-١٦ ئەم نووسراوەیە دەربڕدراوە. کرازێرز دەنووسێت: ((ئەو سیستەمە داراییەی کە سەرمایەدارەکان دایانهێناوە، سەرەڕای ئاڵۆزی، بەڕادەیەك سادەیە کە بە کردەوە کاری پێ بکرێت و فێری هەموو کەسێك بکات چۆن بە باشترین شێوە کارخانەکەی خۆی بەڕێوە ببات. هاوچەشنی ئەم شێوازە داراییە، ئەوەندە نەبێت گەلێ سادەتر، بە هەمان چەشن رەنگە شێوازی بەڕێوەبردنی کارخانە فێری بەڕێوەبەری هەڵبژاردراوی هەموو کارخانەیەك بکات لە سیستەمی سۆسیالیستیدا و هەروەك چۆن سەرمایەدار پێویستی بە رێنوێنی رێکخەرە پسپۆڕەکان نییە، ئەویش پێویستی پێیان نابێت)).

٨. مارکس ئەم دروشمە ساویلکانەییەی هەروەك براین مگی دەڵێت، لە لویس بلان[٢٤] وەرگرتبووەو بنەماکەی کە لەسەر بڕوابوون بە سروشتگەرایی دامەزرابوو، کردە ((پرنسیپی کۆمۆنیزم)). رەگی دروشمەکە بۆ ئەفلاتون و سەرەتای مەسیحیەت دەگەڕێتەوە (بگەڕێنەوە بۆ

22. A. Menger, neue staatslehre, 2nd ed., 1904, esp. p. 248f.
23. J. Popper- lynkeus, Allgemeine Nahrpflicht, 1912, 2nd ed., 1923, pp. 206 ff and 300 ff.
24. Louis Blanc, L’organisation de travail.



بەشی پێنجەم، یادداشتی ٢٩، **کردەوەی {پێغەمبەران}**، ٢، ٤٤-٤٥ و ٤، ٣٤-٣٥، و ئەو گەڕانەوانەی کە لە بەشی بیست و چوارەم، یادداشتی ٤٨ خراونەتە ڕوو). لینین لە **دەوڵەت و شۆڕشدا** ئەم دروشمەی خواستۆتەوە (رێنما، ل٧٥٢= دەوڵەت و شۆڕش، ل٧٤). ((پرنسیپی سۆسیالیزم))ی مارکس کە لە دەستووری نوێی یەکێتی سۆڤیەتی سۆسیالیستی (١٩٣٦) دا هاتووە، تۆزێك لاوازترە بەڵام ئەو گۆڕانکارییەی تێیدا پێك هاتووە گرنگە. بەندی ١٢ ئەم یاسایە دەڵێت: ((لە یەکێتی سۆڤیەتی سۆسیالیستیدا، پرنسیپی سۆسیالیزم وەڕاست گەڕاوە: ’لە هەر کەس بەپێی توانا و بۆ هەر کەس بەڕادەی کار‘)). دانانی وشەی ((کار)) لەجیاتی زاراوەی ((پێداویستی)) کە رەگەکەی بۆ سەرەتای مەسیحیەت دەگەڕێتەوە، رستەیەکی رۆمانتیکە کە لە بڕوابوون بە سروشتگەراییەوە سەرچاوە دەگرێت و لەڕووی ئابوورییەوە سنوورەکانی دیار نین، دەگۆڕێت بۆ پرنسیپێکی کردەیی هەرچەندە تاڕادەیەك کەمبایەخە کە تەنانەت رەنگە سیستەمی سەرمایەداریش بانگەشەی ئەوە بکات پابەندییەتی.

٩. ئاماژەیەکە بۆ ناونیشانی کتێبە بەناوبانگەکەی ئینگڵس: ((پەرەسەندنی سۆسیالیزم لە یۆتۆپیاوە بەرەو زانست))[٢٥]. (ئەم کتێبە لەژێر ناوی **سۆسیالیزمی یۆتۆپیاتی و سۆسیالیزمی زانستی**[٢٦] وەرگێڕداروەتە سەر زمانی ئینگلیزی).

١٠. بگەڕێنەوە بۆ کتێبەکەی من، **هەژاری {کڵۆڵی} مێژوویيەتی**.

١١. ئەمە یازدەمین تێزی مارکسە لە **تێزەکان لە هەمبەر فویرباخەوە**[٢٧]. (رێنما، ل٢٣١= ف. ئینگلس، **لودویك فویرباخ و کۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانیا**)[٢٨]. بگەڕێنەوە بۆ یادداشتەکانی ١٤-١٦ هەر لەم بەشەدا و پاژەکانی ١ و ١٧ و ١٨ی هەژاری مێژوویيەتی.

١٢. نامەوێ لێرەدا لەسەر وردەکارییەکانی پرسی قەدەرگەرێتی هۆداری بدوێم لەڕووی میتافیزیکی یان میتۆدۆلۆژیانە. ٠لە بەشی بیست و دووەمدا هەندێ قسەی لەسەر دەکەم). تەنیا گەرەکمە ئەوە بخەمەوە بیری خوێنەر کە هاووتا ژماردنی ((قەدەرگەرێتی هۆداری)) و ((میتۆدی زانستی)) هیچ کێشەیەك چارەسەر ناکا. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، هێشتاش هەندێ

25. E. Engels, “The Development of socialism from a utopia into a science”.
26. Socialism: utopian and scientific.
27. Theses on feuerbach (1845).
28. F. Engels, Ludwing feuerbach and der Ausgang der Klassischen deutschen philosophie, J.W. Dietz, Nachf. Berlin, 1946, p. 56.

کەسی وەك توێژەری پایەبەرز مالینۆفسکی کە بەم چەشنە پاراو و ڕەوانە مانا لێك دەداتەوە، دەست بۆ ئەم کارە دەبەن. (بۆ نموونە بگەڕێنەوە بۆ نووسینەکەی لە کتێبێ بە ناونیشانی **بواری مرۆیی**)[29]. من بە تەواوی لەگەڵ مالینوفسکی لەڕووی مەیلە میتۆدۆلۆژییەکان و بانگهێشت کردن بۆ سوودوەرگرتن لە میتۆدی زانستی لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان و ترۆکردنی حەزە رۆمانتیکەکانی ئەنسرۆپۆلۆژیا، کۆك و هاوڕام (بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆ لاپەڕەکانی ٢٠٧ و ٢٢١-٢٢٤ی هەمان کتێب). بەڵام کاتێ بۆ لایەنگری کردن لە ((قەدەرگەرێتی هۆداری لە خوێندنەوەی کولتووری مرۆڤ)) بەڵگەخوازی دەکات، نازانم مەبەست لە ((قەدەرگەرێتی هۆداری)) دەکرێ چی بێت جگە لە ((میتۆدی زانستی)) (لاپەڕەی ٢١٢ و ٢٥٢ی هەمان کتێب). بەڵام هەروەك لە دەقەکەدا دەرم خستووە، بە هاو واتا دانانی ئەم دووانە لە تەك یەکتریدا بۆ بەرگری لێکردن ناشێت، مەترسیدارە و هەندێ جار مێژووگەرایی لێدەکەوێتەوە.

**١٣. هەژاری مێژووییەتی.**

ئەگەر مارکس بڕوای بەم بیروباوەڕە چەوتە بوو بێت کە شتێك بە ناوی ((یاسای سروشتی پەرەسەندنی مێژوویی)) بوونی هەیە، بیانووەکەی قبوڵ دەکرێت، چونکە هەندێ لە گەورەترین زاناکانی هاوچەرخی خۆی (بۆ نموونە تۆماس هێنری هاکسلی[30])یش بڕوایان بە هەلی کەشف کردنی **یاسای پەرەسەندن**[31] هەبووە. بەڵام ناکرێ شتێك بەناوی یاسای ئەزموونی پەرەسەندن بوونی هەبێت، تاکە شتێك کە هەیە گریمانەی پەرەسەندنی[32] دەستنیشان کراوە کە دەڵێ ژیان **لەگۆی زەویدا** لە فلانە ڕێگاگەلەوە پەرەسەندی بەخۆیەوە بینیەوە. بۆ ئەوەی یاسای سروشتی پەرەسەندن گشتیەتی هەبێت و لە هەموو جێگایەك راست بێت، پێویست بوو لە خۆگری گریمانەیەك بووایە لەمەڕ رەوتی پەرەسەندنی ژیان (لانی کەم) لە **هەموو** هەسارەکاندا. یاخود بە جۆرێکی تر، لەهەر شوێنی بینینی ئێمە بەڕەوتی تایبەت بە تاکی ئێمەوە سنووردار بێت، هیچ هیوایەك بۆ دۆزینەوەو تاقیکردنەوەی ((یاساکانی سروشت)) لە ئارادا نییە. (هەڵبەتە هەندێ یاسای پەرەسەندن هەیە کە بەسەر پەرەسەندنی ئۆرگانیزمە گەنجەکان و شتی لەم جۆرەدا باڵادەستە).

29. B. Malinowski, Human affairs (ed. Cattell, cohen, Travers, 1937), ch. XII.
30. T.H. Huxley, Lay sermous, 1880, p. 214.
31. law of evolution
32. evolutionary hypothesis



ئاشکرایە بوونی **یاسای کۆمەڵناسی**، تەنانەت یاساگەلی تایبەت بە پرسی پێشکەوتن، نامکین نییە. بۆ نموونە ئەو گریمانەی دەڵێت لەهەر شوێنێك دەزگا یاسایی و دەزگاکانی گرانتی بڵاوبوونەوەی ئازادانەی و تووێژ و دانووسان، بەشێوەیەکی کاریگەر پشتیوانی لە ئازادی بیرو ئاڵوێری هزر بکات، پێشکەوتنی زانستی بوونی دەبێت، لەم جۆرەیە. (بگەڕێنەوە بۆ بەشی بیست و سێیەم). بەڵام هەندێ بەڵگە لەبەردەست دایە کە لە بنەڕەتدا باشتر وایە لە **یاساکانی مێژوو** نەدوێین. (بگەڕێنەوە بۆ بەشی بیست و پێنجەم، یادداشتی ٧ و بابەتەکانی تایبەت بەمە لە دەقەکەدا).

١٤. سەرمایە، ل٨٦٤ (دیباچەی یەکەم، لەمەڕ وتەیەکی هاوچەشنی ئەوەی میل، بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ١٦ هەر لەم بەشەدا). مارکس دەڵێت: ((ئامانجی کۆتایی ئەم کتێبە، ئاشکراکردنی ... یاسای جوڵەیە لە کۆمەڵگای ئێستادا)). (رێنما، ل٣٧٤، و دەقی تایبەت بە یادداشتی ١٦ هەر لەم بەشەدا). ئەگەر ئەم وشانە لەتەك یازدەهەمین تێزی مارکس لەمەڕ فویرباخەوە هەڵبسەنگێنین[33]، ناکۆکی نێوان بڕوابوونی بە پراگماتیزم لەلایەك و مێژووگەرایی لەلایەکی ترەوە، ئاشکرا دەبێت. لە **هەژاری مێژووییەتی** پاژی ١٧، بیروباوەڕی مارکس سەبارەت بە مێژووگەرایی لە چوارچێوەیەکی رێك وەکو هێرشەکەی ئەو بۆ سەر فویرباخ دارێژراوە بۆ ئەوەی ئەم ناکۆکیە ئاشکراتر بێت. ئەو وتەی مارکس کە پێشتر لە دەقی کتێبەکەدا ئاماژەمان بۆ کرد، رەنگە بتوانن بەم دەستەواژەیە بنووسینەوە: ((مێژووگەراکان تەنیا دەتوانن پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی **راڤە** بکەن و لە رێگای جیاجیاوە ئاسانکاری بۆ بکەن، بەڵام پرسەکە لە روانگەی مارکسەوە ئەوەیە کە **هیچ کەسێك توانای گۆڕینی نییە**)). هەروەها بگەڕێنەوە بۆ بەشی بیست و دووەم، بەتایبەتی بابەتی تایبەت بە یادداشتی ٥ و یادداشتەکانی دواتر لە دەقەکەدا.

١٥. سەرمایە، ل٤٦٩. سێ پاڕەگرافی ئەو وتانەی دواتر وەرگێراون هی لاپەڕەی ٨٦٨ و ٦٧٣ و ٨٣٠ سەرمایەیە (لە دیباچەی چاپی دووەم، گوزارەی ((رێڕەوی ئاوێتەکردنی رووکەشانە)) کە لە وەرگێڕانە {ئینگلیزییەکەیدا} هاتووە، بەو جۆرەی کە پێویستە هێزی دەربڕینی دەقە

٣٣. رێك هەمان ئەم رستانەی مارکس بۆ دەربڕینی ئەم تێزە، لەدەقی تایبەت بە یادداشتی ١١ هەر لەم بەشەدا خراوەتە روو.

سەرەکییەکە ناگەیەنێت). لەمەڕ ((هێما و ئاماژەی زۆر و زەوەند)) بگەڕێنەوە بۆ سەرمایە، ل ل ١٠٥، ٥٦٢، ٦٤٩، ٦٥٦.

١٦. سەرمایە، ل٨٦٤= ڕێنما، ل٣٧٤، هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ١٤ هەر لەم بەشەدا. سێ پەڕەگرافە وەرگیراوەکەی دواتر هی کتێبی **سیستەمی لۆژیکی**[٣٤] میلە. لە بەندی ٨ هەمان بەشی ئەم کتێبەی میلیدا، پارچەیەکی سەرنجڕاکێش نوسراوە کە لەڕووی مەدلوول و ناوەڕۆکەوە تاڕادەیەك لەگەڵ وتە بەناوبانگەکەی مارکس کە لە دەقی تایبەت بە یادداشتی ١٤ وەرگیراوە، یەکسانە. میل ئاماژە بە میتۆدێکی مێژوویی دەکات کە بەدوای ((یاسا باڵادەستەکانی سەر ڕێکی کۆمەڵگا و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی))دا دەگەڕێت و دەنووسێت: ((بە یارمەتی {ئەم میتۆدە} لەمەوبەدوا دەتوانین نەك هەر سەبارەت بە مێژووی ئایندەی دوورە دەستی مرۆڤ تێڕوانینمان هەبێت بەڵکو دەتوانین ئەم بابەتەش دیاری بکەین کە سوود لە چ کەرەستەیەکی دەستکردو بە چ ڕادەیەك وەربگرین، **بۆ ئەوەی پێشکەوتنی سروشتی بە چەشنێکی بە سوود تاو بدەین** و کەموکوڕییە خودییەکانی چارەسەر بکەین و پێشی ئەو مەترسی یان ڕووداوانە بگرین کە مرۆڤ لە ئاکامی ئەو پێشهاتە پێویستانەی کە لە پێشکەوتنەوە سەرچاوە دەگرن، تووشیان دەبێت)) (جەخت کردن لەسەر وشەکان لەمنەوەیە) یان بە وتەی مارکس ((ئازاری زان کورتتر و کەمتر بکەین)).

١٧. میل، هەمان کتێب، هەمان شوێن، بەندی ٢. وتەکانی دواتر لە بەندی ٣ وەرگیراوە. وشەی ((دانراو)) و ((گوازراو))یش هەر هی ئەم بەندەیە. ڕەنگە کاتێ میل باسی ((خولگە)) دەکات، سەرنجی لەسەر هەندێ تیۆری وەك ڕێنماییەکانی ئەفلاتون لە سیاسەتمەدار یان میکاڤیلی لە **وتارگەلێ لەمەڕ لیڤیوس**[٣٥]، بێت سەبارەت بە پەرەسەندنی خولیی مێژوو.

١٨. میل. هەمان کتێب، هەمان شوێن، بەندی ٣. سەبارەت بە هەموو پارچە خواستراوەکانی میل هەروەها بگەڕێنەوە بۆ بەشی چواردەیەم، یادداشتەکانی ٦-٩ و **هەژاری مێژووییەتی**، پاژەکانی ٢٢ و ٢٤ و ٢٧ و ٢٨.

34. J.S. Mill, A system of logic (1st ed., 1843), Book VI, ch. X; sec. 2; 1; sec. 1.
35. N. Machiavelli, Discourses on livy.



١٩. دەروونناسی پایەبەرز د. کەتس لە وتارێکدا لە ژێر ناوی **پێویستیە سایکۆلۆژییەکان**[٣٦]، هەندێ بابەتی لەسەر **دەروونناسیگەرایی** نووسیوە، کە جێگای خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بە چەند رستەیەکی بکەم. (١. هۆسرل زاراوەی دەروونناسیگەرایی داناوە): ((ماوەیەکە لە نێو فەلسەفەدا مەیلێك سەری هەڵداوە دەروونناسی بە تاکە بناغەی سەرەکی هەموو زانستەکان لە قەڵەم دەدات ... بەزۆری ئەم مەیلە بە بڕوابوون بە دەروونناسیگەرایی ناوزەد دەکەن ... بەڵام تەنانەت هەندێ زانستی وەك کۆمەڵناسی و ئابووریش کە پەیوەندییەکی نزیکتریان لەگەڵ دەروونناسیدا هەیە، خودان چەقە ناوکێکی بێ بارگ یان بێ لایەنە کە لایەنی دەروونناسانەی نییە ...)) لە بەشی چواردەیەم، بەدوورو درێژی لەمەڕ دەروونناسیگەرایی دەدوێین. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ بەشی پێنجەم، یادداشتی ٤٤.

٢٠- مارکس، **لەمەڕ ڕەخنەی ئابووری سیاسی**[٣٧] (دیباجە)= ڕێنما، ل٣٧١. ئەم پارچەیە لە دەقی تایبەت بە یادداشتی ١٣، بەشی پازدەیەم، و دەقی تایبەت بە یادداشتی ٣، بەشی شازدەهەم، بە چەشنێکی دوورو درێژتر وەرگیراوە. بگەڕێنەوە بۆ بەشی چواردەهەم، یادداشتی٢.

36. D. Katz, psychological Needs, in Human Affairs, ch. III, 1937, p. 36.
37. Karl Marx, A contribution to the critique of political Economy, 1859 (Zur Kritik der politischen oekonomie, ed. K. Kautsky, J.W. Dietz, Nachf. Berlin, 1930, LIV-LV), also capital, p. XV f.

# بەشی چواردەهەم

١. بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ١٩ی بەشی رابردوو.

٢. مارکس، **لەمەڕ رەخنەی ئابووری سیاسی** (دیباچە). بگەڕێنەوە بۆ بەشی سیزدەهەم، یادداشتی ٢٠، بەشی پازدەهەم، بابەتەکانی تایبەت بە یادداشتی ١٣ لە دەقەکەدا، بەشی شازدەهەم، بابەتەکانی پەیوەندیدار بە یادداشتی ٤ لە دەقەکەدا، رێنما، ل٣٧٢= سەرمایە، ل XVI، هەروەها مارکس و ئینگڵس، **ئایدۆلۆژیای ئاڵمان**[1] (**رێنما**، ل٢١٣= **کۆمەڵە**، بەرگی ٥، ل١٦): ((ژیان هۆبەندی ئاگایی نییە، ئاگایی هۆبەندی (معلول) ژیانە)).

٣. بگەڕێنەوە بۆ **کۆمەڵناسی**، دانانی گینز بێرگ[2]، کە تێیدا هەر ئەم بابەتە بەبێ ئاماژەکردن بۆ مارکس خراوەتە ژێر لێکۆڵینەوە.

٤. بگەڕێنەوە بۆ **نامیلکەی ژمارە ١٠ی ئاژەڵناسی**، لە چاپەمەنی مۆزەخانەی مێژووی سروشتیی مەیدانی شیکاگۆ[3].

٥. سەبارەت بە دەزگاگەرایی، بگەڕێنەوە بەتایبەتی بۆ بەشی سێیەم (دەقی پەیوەندیدار بە یادداشتەکانی ٩ و ١٠) و بەشی نۆیەم.

٦. میل، **سیستەمی لۆژیک**[4]، هەروەها بەشی سێزدەهەم، یادداشتەکانی ١٦-١٨.

٧. میل، هەمان کتێب[5].

1. Marx and Engels, German ideology.
2. M. Ginsberg, sociology (Home University Library), pp. 130. ff.
3. Zoology leaflet 10, field Museum of Natural History, Chicago, 1929.
4. Mill, A system of logic, VI; IX, sec. 3.
5. Ibid., VI; IV, sec. 2.



٨. میل، هەمان کتێب[6]، لەمەڕ بەرانبەرێتی نێوان تاکگەرایی و کۆگەرایی لە میتۆدۆلۆژیدا، بگەڕێنەوە بۆ کتێبەکەی فون هایك، **زانستگەرایی و خوێندنەوەی کۆمەڵگا**[7].

٩. هەردوو وتە خواستراوەکانی ئەم بەندە لە هەمان کتێبەکەی میلە[8].

١٠. زاراوەی ((یاساکانی کۆمەڵناسی)) بە مانای ئەو پۆلە لە یاسا سروشتییەکانە (بەجیاکردنەوە لە یاسا نۆرم داڕێژەکان) کە چاوەدێرن بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیدا. بگەڕێنەوە بۆ بەشی پێنجەم، دەقی پەیوەندیدار بە یادداشتەکانی ٨ و ٩.

١٠. بەشی سێیەم، یادداشتی ١٠، (دەستەواژە خواستراوەکە لە لاپەڕە ٦٥ی کتێبەکەی من، **هەژاری مێژووییەتی**، وەرگیراوە.

مارکس یەکەمین کەس بوو کە تیۆری کۆمەڵایەتی لای ئەو لە حوکمی **خوێندنەوەی رەنگدانەوە کۆمەڵایەتییە نەخوازراوەکانی هەموو کردەوەکانی ئێمە هەبوو**. پولانیی لەکاتی وتووێژێك کە لەساڵی ١٩٢٤ شێوەیەکی تایبەتی لەتەك یەکتردا ئەنجامماندا، ئەم لایەنەی مارکسیزمی وەبیرهێنامەوە.

(١) لەگەڵ ئەمەدا، دەبێ پەنجە لەسەر ئەوە دابنێم کە سەرەڕای ئەم لایەنەی مارکسیزم کە یەکێکە لە لایەنە هاوبەشە گرنگەکانی نێوان بیروبۆچوونی من و مارکس سەبارەت بە پرسی میتۆد، بەڵام گەلێ بیروبۆچوونی جیاوازیش لە نێوانماندا هەیە لەمەڕ چۆنیەتی شیکردنەوەی ئەم جۆرە رەنگدانەوە نەخوازراو یان نائەنقەستانە. **مارکس لە میتۆدۆلۆژیدا پەیڕەوی لە کۆگەرایی دەکات**. بەبڕوای ئەو، ((سیستەمی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان)) لە خودی خۆیاندا دەبنە هۆی دەرەنجامی نەخوازراو- سیستەمێك لە دەزگاکان کە رەنگە لەسەر بنەمای ((ئامرازەکانی بەرهەم هێنان)) بۆ روون کردنەوە بشێن، بەڵام لە چوارچێوەی تاکەکەسی و پەیوەندی نێوان تاکەکان و کردەوەکانیاندا بۆ شیکردنەوە ناشێت. لەبەرامبەردا، من پێموایە دەبێ بە وەبەرچاوگرتنی تاکگەرایی دەزگا و (نەریتەکان) شی بکرێنەوە- واتە لە چوارچێوەی پەیوەندییە

6. Ibid., VI; VII, sec. 1.
7. F.A. Von Hayek, scientism and the study of society, part II sec. VII (Economica, 1943, pp. 41 ff.).
8. Mill, op. cit., VI; X, sec 4.

تاکەکەسییەکاندا لە هەندێ بارودۆخی دیاریکراودا کار دەکەن- و ئەم شیکردنەوەیە دەبێ لەسەر بناغەی دەرەنجامە نا ئەنقەستەکانی کردەوەکانیان ئەنجام بدرێت.

(٢) سەبارەت بە ((لەوح سرینەوە)) بگەڕێنەوە بۆ بەشی نۆیەم، یادداشتەکانی ٩ و ١٢ و هەروەها بابەتەکانی دەقەکە هەر لەم بەشەدا.

(٣) لەهەمبەر ئەو وتانەی لە دەقەکەدا (هەر لەم بەندەدا کە یادداشتەکان تایبەتن بەو لەبەندەکانی داهاتووشدا) سەبارەت بە رەنگدانەوە کۆمەڵایەتییە نا ئەنقەستەکانی کردەوەکانی ئێمە کە لەسەری دواوین، پێویستە ئەوەتان بیر بخەمەوە کە زانستە سروشتیەکان و (لە ئەندازیاریی میکانیك و تەکنەلۆژیا)شدا تاڕادەیەك دۆخەکە هەر بەم چەشنەیە. تەکنەلۆژیاش دەبێ بەشێوەیەکی سەرەکی لە دەرەنجامە نائەنقەستەکانی کارەکانمان ئاگادارمان بکاتەوە. (بۆ نموونە، لەمەڕ ئەوەی ئەگەر هەندێ لە پارچەکانی پردێك بەهێز بکەین، لەوانەیە پردەکە لەڕادەبەدەر قورس بێت). بەڵام وێکچوونی ئەم دووانە لەمەش بەهێزترە. نووژەنی (اختراعات) ماشینی بە دەگمەن وەك گەڵاڵەی سەرەکی دەردەچێت. نووژەنکارانی ئۆتۆمبیل رەنگە رەنگدانەوە کۆمەڵایەتییەکان و بێگومان دەرەنجامە تەواو میکانیکییەکانی کارەکانی خۆیانیان پێشبینی نەکردبێت و نەیانزانیبێت ئەو ئۆتۆمبیلەی دروستی دەکەن لەوانەیە چەند جۆرە کەموکوڕی هەبێت. لە ڕەوتی نەهێشتنی کەموکوڕییەکاندا، هێدی هێدی ئۆتۆمبیل بە چەشنێك گۆڕانی بەسەر داهات کە ئیدی هیچ بەو شتە ناچێت کە لە بنەڕاتدا هەبووە و (وێڕای ئەو گۆڕانکارییانە، پاڵنەر و ئارەزووەکانی خەڵکیش ئاڵوگۆڕییان بەسەر داهاتووە).

(٤) سەبارەت بەو رەخنانەی کە ئاراستەی (تیۆری پیلانگێڕی))م کردووە، بگەڕێنەوە بۆ دەقی دوو وتاری من: **پێشبینی و پێشگۆیی و گرنگی و ماناکانیان لە تیۆری کۆمەڵایەتی و لە بەرهەڤکردنی تیۆرێکی عەقڵی لەمەڕ نەریت**، کە ئێستا هەردووکیان لە کتێبی حەدیسات و رەدیاتدا چاپ کراون[*].

١٢. سەیری ئەم وتەیە بکە کە لە یادداشتی ٨ هەر لەم بەشەدا لە میل خواستراوە.

١٣. بگەڕێنەوە بۆ بەشی دەیەم، یادداشتی ٦٣. گەلێك کەس دەستیان هەبووە لە دامەزراندنی لۆژیکی دەسەڵات- بۆ نموونە ئەفلاتون (لە کتێبی هەشتەم و نۆیەمی کۆمار و لە دیالۆگی یاساکاندا) و ئەرستۆ و میکاڤیلی و پاریتو و کۆمەڵێ خەڵکی دیکە.



١٤. بگەڕێنەوە بۆ کتێبەکەی، **کۆمەڵە وتارێك لەمەڕ تیۆری زانست**[9].

جێگەی خۆیەتی لێرەدا قسەیەکیش سەبارەت بە بانگەشەی ئەو کەسانە بکەم کە بڕوایان وایە کە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا میتۆدێکی جیا لە زانستە سروشتەکان بەکاردەبرێت، چونکە مەعریفەی ئێمە لەهەمبەر ((ئەتۆمە کۆمەڵایەتیەکان))[10] واتە خۆمان، مەعریفەیەکی راستەوخۆ یان بێ نێوبەندە[11]، ئەوە لە کاتێك دایە کە ناسینمان سەبارەت بە ((ئەتۆمە فیزیکیەکان))[12] تەنیا لەسەر بنەمای گریمانە دامەزراوە. هەندێ کەس (یەك لەوان کارڵ مینگێر) لەم پێشەکییەوە گەیشتوونەتە ئەم دەرەنجامە کە لەبەر ئەوەی لە میتۆدی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا سوود لەو مەعریفەیە وەردەگرین کە لەهەمبەر خۆمانەوە هەمانە، هەر بۆیە میتۆدێکی دەروونناسانەیە یان رەنگە تەنانەت خودی ((زەینی))یش بێت و میتۆدی زانستە سروشتییەکان، میتۆدێکی بابەتی (عەینی)یە. پێویستە لە وەڵامدا بڵێم هیچ هۆیەك نییە بۆ ئەوە سوود لەو مەعریفەیە وەرنەگرین کە سەبارەت بە خۆمان هەمانە، بەڵام ئەم مەعریفەیە بەمەرجێك لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا سوودمەند دەبێت ئەگەر بێتو گشتیەتی پێ ببەخشرێت، واتە گریمانەی ئەوە بکەین ئەوەی لەمەڕ خۆمانەوە دەیزانین سەبارەت بە ئەوانیتریش راستە. لەلایەکی ترەوە، ئەو پرسە گشتییەی کە بەم جۆرە بەدەست دێت، لایەنی گرمانەیی هەیە و دەبێ بە پەنابردن بۆ ئەزموونە ((بابەتی)) یەکان، تاقی و راست بکرێتەوە. (هەندێ کەس لەوانەیە تا ئەو کاتە کە تووشی کەسانێك نەبوونە کە حەزیان لە شکولات نییە، لەسەر ئەو بڕوایە بن کە هیچ کەسێك رقی لە شکولات نییە). بێگومان، بەهۆی ئەو مەعریفەیەی کە لەمەڕ خۆمانەوە هەمانە و ئەو سوودەی لە زمان وەریدەگرین، بارودۆخەکەمان لە بەرامبەر (ئەتۆمە کۆمەڵایەتییەکان) لە هەندێ رووەوە باشترە لە بارودۆخمان سەبارەت بە ((ئەتۆمە فیزیکیەکان)). بەڵام لەڕووی میتۆدی زانستیەوە، ئەو گریمانە کۆمەڵایەتییەی کە لە ئاکامی پێژنی (شهودی) سایکۆلۆژییەوە بەدەست هاتبێت، هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ گریمانە فیزیکییەکان لەهەمبەر ئەتۆمەوە. گریمانەی فیزیکیش رەنگە لەسەر بنەمای جۆرە شهودێك سەبارەت بەوەی ئەتۆم چۆن شتێکە، بۆ فیزیکزانەکان وەدەست هاتبێت. لەهەردوو حاڵەتەکەدا، شهود حاڵەتێکی تایبەتییە و پەیوەندی بە خودی ئەو کەسەوە

9. Max weber, Ges. Aufsaetze zur wissenschaftslehre (1922) esp. pp. 408 f.
10. Social atoms
11. (Knowledge) by direct acquaintance
12. physical atoms.

هەیە کە گریمانەکە پێشنیار دەکات. ئەوەی خودان لایەنی ((گشتی))یە و لە روانگەی زانستەوە گرنگی هەیە ئەم پرسەیە کە ئایا ئەم گریمانەیە بە گەڕانەوە بۆئەزموونیش دەشێ تاقی بکرێتەوەو لە تاقیکردنەوەدا سەرکەوتن بەدەست دێنێ یان نا.

لەم روویەوە، تیۆرە کۆمەڵایەتییەکان خودی تر ((زەینی تر)) نین لە تیۆرە فیزیکیەکان. (بۆ خۆبواردن لەم جۆرە ناڕوونی و لێڵیە، لەوانەیە بۆ نموونە باشتر بێت لەجیاتی دوان لەسەر ((تیۆری زەینی بەهاکان)) لەسەر ((تیۆری بەها زەینییەکان)) یان ((تیۆری هەڵبژاردنەکان)) قسە بکەین. بگەڕێنەوە بۆ بەشی دەیەم، یادداشتی ٩).

١٥. ئەم بەندە بەمەبەستی خۆ دوورخستنەوە لەو بەدحاڵیبوونانەی کە لەدرێژەی بابەتەکەدا ئاماژەیان بۆ کراوە، لە دەقەکەدا گونجێنراون. سوپاسی پرۆفیسۆر ئێرنست گەمبریچ دەکەم کە سەرنجی بۆ ئەگەری ئەم جۆرە بەدحاڵیبوونانە راکێشام.

١٦. هێگڵ لەسەر بڕوایە بوو کە ((ئایدیا)) بوونێکی رەهای هەیە، واتە سەربەخۆ لەوەی لە هزری کەسێکدا بگونجێت، بوونی هەیە. کەواتە، دەتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە هێگل دەروونناسی نەکردووە. بەڵام مارکس ((ئایدیالیزمی رەها))ی هێگلی بەجدی وەرنەگرت و لەبەرامبەردا، وەك جۆرە ((دەروونناسیگەرایی)) یەك لێکی دایەوە، ئەوەندە نەبێت لە بەرگێکی گۆڕاودا و لەم روویەوە کەوتە جەنگ کردن لە گەڵیدا و هەقیشی بوو. بەپێی نووسینی ئەو: ((بەڕای هێگل، <u>**پرۆسسی بیرکردنەوە**</u> (کە ئەو لەژێر ناونیشانی گۆڕاوی 'ئایدیا' و هەروەها بکەر یان ناسکارێکی سەربەخۆ ئاماژەی بۆ دەکات) ئافرێنەری فاکت (ئەمری واقیع) یان وەڕاستگەڕاوە)) (<u>**سەرمایە**</u>، ٨٧٣، تۆخ کردنی وشەکان هی منە)، مارکس بەتایبەتی پەلاماری ئەم تیۆرە دەدات کە پرۆسسی بیرکردنەوە (یان ئاگایی یان زەین یان رۆح) خولقێنەری واقعیەتە و تەنانەت لاوازیەکەی لە ئەفراندنی واقعیەتی کۆمەڵایەتیدا دەردەخات (چ بگات بە جیهانی ماددی).

سەبارەت بە تیۆری هێگل لەمەڕ بەستراوەیی تاك بە کۆمەڵگاوە، جیا لە برگەی ٣، بەشی دوازدەهەم، بگەڕێنەوە بۆ توێژینەوەکەمان لە بەشی بیست و سێیەمدا لەهەمبەر کاریگەری توخمە کۆمەڵایەتییەکان یاخود بەجۆرێکی وردتر، پەیوەندی نێوان تاکەکەسەکان لە میتۆدی زانستی و هەروەها ئەو باسەی کە لە بەشی بیست و چوارەمدا لەمەڕ کاریگەری پەیوەندی نێوان تاکەکەسەکان لە رێچکەی عەقڵانیدا خستمانە ڕوو.

# بەشی پازدەهەم

١. دیباچەی کۆل[1] بۆ سەرمایە، لXVI. (هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی دواتر).

٢. لینین-یش هەندێ جار زاراوەی ((مارکسیستە رەشۆکیەکان)) (دیارە بە مانایەکی جیاواز) بەکاردەهێنێ. بۆ ئەوەی بۆتان دەرکەوێ رادەی هاوبەشی مارکسیزمی رەشۆکی و بیروبۆچوونی مارکس چەندە کەمە، بگەڕێنەوە بۆ شیکردنەوەکەی کۆل (سەرمایە، ل XX) و هەروەها بەشی شازدەهەم، بابەتەکانی تایبەت بە یادداشتگەلی ٤ و ٥ لە دەقەکەدا و بەشی حەڤدەهەم، یادداشتی ١٧.

٣. بەبڕوای ئادلێر، شەهوەتی دەسەڵات لەڕاستیدا هەمان حەزی قەرەبووکردنەوە {یان حەشاردانی} هەستی خۆ بەکەمزانینە ریگای هەوڵدان بۆ سەلماندنی بەرزێتی.

تەنانەت هەندێ لە مارکسیستە رەشۆکیەکان پێیانوایە کە ئەنشتاین بە دۆزینەوەی ((رێژایەتی))[2] یان ((رێژەگەرایی))[3] فەلسەفەی مرۆڤی ئێستای تەواوتر کردووە، چونکە دەریخستووە ((هەموو شتێك رێژەییە)).

٤. هێکێر لە کتێبی **دیالۆگەکانی مۆسکۆ**[4]، سەبارەت بە ((ماتریالیزمی مێژوویی)) مارکس، دەنووسێ: ((من خۆم وام پێباشتر بوو ناوی مێژووگەرایی دیالێکتیك یان ... شتێکی دیکەی لەم جۆرەی لەسەر دابنێم)). سەر لەنوێ سەرنجی خوێنەران بۆ ئەوە ڕادەکێشم کە لەم

1. G.D.H. Cole
2. relativity
3. relativism
4. J.F. Hecker, Moscow Dialogues, p.76.



کتێبەدا من سەروکارم لەتەك دیالێکتیکی مارکس دا نییە، چونکە لە شوێنێکی تردا، لەمەڕیەوە دواوم (بگەڕێنەوە بۆ بەشی سێزدەهەم، یادداشتی ٤).

٥. سەبارەت بە دروشمەکەی هێراکلیتوس، بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆ بەشی دووەم، دەقی پەیوەندیدار بە یادداشتی ٤(٣)، بەشی چوارەم، یادداشتگەلی ١٦ و ١٧، بەشی شەشەم، یادداشتی ٢٥.

٦. **سەرمایە**، ل٨٧٣ (پاشماوەی چاپی دووەمی بەرگی یەکەم).

٧. **سەرمایە (ئەڵمانی)**، ٢/ III (١٨٩٤)، ٣٥٥- بەشی ٤٨، کەرتی ٣.

سەرمایە (ئەڵمانی)، ٢/ III، هەمان لاقەرە.

٩. ژێدەری ئەم وتانەی لە بەندەدا لەم ئینگلس-مان خواستووە، کتێبی **ئەنتی دورینگ {یان دژە دورینگ}ـە**[5]. بگەڕێنەوە بۆ رێنما، ل ل٢٨٩-٢٩٩ (=ف. ئینگڵس، **شۆڕشی بەرێز ئویگن دورینگ لە زانستدا**[6]، **کۆمەڵە**، بەرگی تایبەت، ل ل٢٩٤-٢٩٥).

١٠. مەبەستم هەندێ پرسی وەك کاریگەری هەلومەرجی ئابوورییە (بۆ نموونە رووپێوی و نەخشەکێشان) لە هەندەسەدا کە بووە هۆی ئەوەی پەرەسەندنی ئەم زانستە لە میسر لەگەڵ پەرەسەندنی لەسەردەمی فیساگۆرسییە کۆنەکانی یۆناندا جیاوازی هەبێت.

١١. بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆ ئەو پاڕاگرافانەی کە لە بەشی ١٤، یادداشتی ١٣، لە **سەرمایە** وەرمانگرتووە[7] و هەروەها ئەو پارچەیەی دیباچەی **رەخنەی ئابووری سیاسی** کە تەنیا بەشێکی لە دەقی تایبەت بە یادداشتی دواتر ئاماژەی بۆ کراوە. لە هەمبەر بیروباوەڕی مارکس سەبارەت بە ماهییەتگەرایی و ئەو جیاوازییەی ئەو لە نێوان ((واقعیەت)) و ((دەرکەوتە))ی دادەنا، بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ١٣ هەر لەم بەشە و یادداشتەکانی ٦ و ١٦ لە بەشی حەڤدەهەمدا.

5. F. Engels, Anti- Duhring
6. F. Engels, Herrn Eugen Duehrings umwaelzung der wissenschaft.
٧. لەو یادداشتەدا کە پۆپەر داوای گەڕانەوە دەکات، لەدەقی کتێبەکەدا لە بڕگەی تایبەت بەمەدا هیچ شتێك لەسەرمایە وەرنەگیراوە، بێگومان هەڵەیەك روویداوە.

١٢. بەڵام بەڕای من، ئەمە دیسان تۆزێك لە جۆری هێگڵی یان ئەفلاتونی ئایدیالیزم باشترە. هەروەك لە وتاری **دیالێکتیك چییە**؟ دا وتوومە، ئەگەر ناچار بم یەکیان هەڵبژێرم (کە بەخۆشیەوە ناچار نیم) ئەوا ماتریالیزمم هەڵدەبژێرم. (بگەڕێنەوە بۆ گۆڤاری **مایند**، ساڵی ٤٩، ل٤٢٢، یان **حەدسیات و رەدیات**، ل٣٣١، کە تێیدا لەسەر بابەتگەلێکی ئەوتۆ دواوم کە زۆر بەمە دەچێت کە لێرەدا باسم کردووە).

١٣. سەبارەت بەم پەیڤە و ئەم وتانەی کە هەندێك دواتر لە مارکس خواستراوە، بگەڕێنەوە بۆ کتێبی **لەمەڕ رەخنەی ئابووری سیاسی** (دیباچە) ل LV، **رێنما**، ل٣٧٢.

سەرنجدان لەو بابەتەی کە لە **هەژاری فەلسەفە**، پاژی دووەم، ((تێبینی دووەم))، لە خامەی مارکس دا چۆڕاوە[8]، ئەو پەڕاگرافانە روونتر دەکاتەوە کە لێمان وەرگرتووە. مارکس لەوێدا کۆمەڵگا بەسەر **سێ توێژاڵ**[9] دابەش دەکات. توێژاڵی یەکەم، ((واقعیەت)) ((بوو)) یان ((ماهییەت))ـە، توێژاڵی دووەم ڕووالەتی بەرایی دەرکەوتە و توێژاڵی سێیەم رووالەتی دووەمیەتی. ئەم توێژاڵبەندییە زۆر بەو جیاوازی دانانە دەچێت کە ئەفلاتون لە نێوان ئایدکان و شتە هەستپێکراوەکان و وێنەی شتە هەستپێکراوەکاندا دایدەنێت. (سەبارەت بە رێبازی ئەفلاتونی ماهییەتگەریی، بگەڕێنەوە بۆ بەشی سێیەم، سەبارەت بەو بیروڕا هاوچەشنانەی کە مارکس دەریبڕیوە، بگەڕێنەوە بۆ بەشی حەڤدەهەم، یادداشتەکانی ٨ و ١٦). **توێژاڵی یەکەم** (یان ((واقعیەت)) چۆنایەتیەکی بنەمایی هەیە و هەمان توێژاڵی مادییە، واتە ئامرازە ماشینیەکان و کەرەستە ماددییەکانی تری بەرهەم هێنان لە کۆمەڵگادا. مارکس ئەو توێژاڵە بە ((هێزەکانی بەرهەم هێنان))ی ماددی یان ((بەرهەمداری ماددی)) ناوزەد دەکات. **توێژاڵی دووەم**، ناوی ((پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان)) یان ((پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە)) و بە توێژاڵی یەکەمەوە بەستراوەتەوە: ((پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندی و بەستراوەییەکی نزیکیان لەگەڵ هێزەکانی بەرهەم هێناندا هەیە. مرۆڤەکان بەوەدەست هێنانی هێزە نوێیەکانی بەرهەم هێنان، گۆڕان لە شێوازەکانی بەرهەم هێناندا[10] پێك دەهێنن، بە گۆڕینی شێوازەکانی بەرهەم هێنان، ئاڵوگۆڕ لە شێوەی ژیان و هەموو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیاندا

٨. **رێنما**، ل٣٥٤ =**کۆمەڵە**، بەرگی٦، ل١٧٩.

9. Layers
10. Mode of production



دروست دەکەن)). (لەمەڕ دوو توێژاڵی یەکەمەوە، بگەڕێنەوە بۆ بەشی شازدەهەم، بابەتەکانی تایبەت بە یادداشتی ٣ لە دەقەکەدا). **توێژاڵی سێیەم**، لە ئایدۆلۆژیاکان- واتە ئایدیا و وێنا حقوقی و ئەخلاقی و دینی و زانستیەکان- پێك دێت: ((هەر ئەو کەسانە کە لەسەر بنچینەی بەرهەمداری ماددی، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دروست دەکەن، هەندێ پرنسیپ و ئایدیا و وتەزاش بە پێی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان دەخوڵقێنن)). ئەگەر وەکو بنەما سەیری ئەم شیکردنەوەیە بکەین، پێویستە بڵێین کە لە روسیادا توێژاڵی یەکەم لەسەر بناغەی توێژاڵی سێیەم گۆڕانی بەسەردا هاتووە و ئەمە بەڵگەیەکی زۆر سەرنجڕاکێشە بۆ پووچەڵبوونەوەی تیۆرەکەی مارکس (هەروەها بچۆرە سەر ئەم یادداشتەی دواتر).

١٤. پێشگۆیی زۆر هەمەکی و گشتی، ئاسانە. بۆ نموونە دەتوانین پێشگۆیی ئەوە بکەین کە لە ماوەیەکی ماقوڵدا باران دەبارێت. کەواتە، پێشگۆیی کردنی ئەوەی لە ماوەی چەند دەیەی داهاتوودا لە فلانە شوێندا شۆڕش دەکرێت، تاڕادەیەك بێ بەهایە. بەڵام هەروەك بۆ ماندەردەکەوێت، مارکس هەندێ لەم ڕادەیە زیاتر و رێك بەو ڕادەیەی کە بۆ رەخسانی هەلی پووچەڵبوونەوەی وتەکانی لەسەر بنەمای رووداوەکان پێویست بووە، پێشگۆیی کردووە. ئەو کەسانەی هەوڵدەدەن بەڕاڤە و لێکدانەوە، نکۆڵی لە هەلی پووچەڵبوونەوەی پێشگۆییەکانی بکەن، هەموو جۆرە بایەخ و مانایەکی ئەزموونی لە سیستەمە هزرییەکەی دەسێننەوە و بیروبۆچوونەکانی دەگۆڕن بۆ سیستەمێکی ((میتافیزیکی)) (بەو مانایەی کە لە کتێبەکەی مندا، **لۆژیکی دۆزینەوەی زانستی**، ئاماژەی بۆ کراوە).

ئەو روونکردنەوەی ئێستا سەبارەت بە شۆڕشی بۆرژوازی (کە بە ((شۆڕشی پیشەسازی)) ناسراوە) لە **مانیفێستی کۆمۆنیست**[11] وەریدەگرین، دەریدەخات کە مارکس چۆن میکانیزمی هەموو شۆڕشێك لەسەر بنەمای تیۆرەکەی خۆی وێنا دەکات: ((ئامرازەکانی بەرهەم هێنان و ئاڵوویر کە بۆرژوازی لەسەر بناغەی ئەوان وردە وردە دەسەڵات و نفوزی کۆکردبۆوە، لە کۆمەڵگای فیۆدالیدا پێك هاتبوو. لە قۆناغێکی دیاریکراوی پەرەسەندنی ئامرازەکانی بەرهەم هێنان و ئاڵوویردا ... پەیوەندییەکانی خاوەندارێتی فیۆدالی گەیشتە جێگەیەکی ئەوتۆ کە ئیدی لەگەڵ **هێزە پەرەسەندووەکانی بەرهەم هێناندا** نەدەگونجا و ببوو بە تەوق و زنجیر و

١١. **رێنما**، ل٢٧ = **کۆمەڵە**، بەرگی٦، ل٥٣٠.

دەبووایە بپچڕێنرێت و پچڕێنراش)). (هەروەها بگەڕێنەوە بۆ بەشی حەڤدەهەم، بابەتەکانی تایبەت بە یادداشتی ١١ لە دەقەکە و یادداشتی ١٧).

١٥. هانیریش هاینیۆ، **ئایین و فەلسەفە لە ئەڵمانیادا**[١٢] (وەرگێڕدراوی ئینگلیزی، ١٨٨٢). ئەم رستانە لە پاشکۆی وەگێڕاوی پ. کروس لە **پێشەکی {بۆ هەموو میتافیزیکێك}**ی کانت (١٩١٢، ل٢٦٧) وەرگیراوە.

١٦. ئەو بابەتەی کە کۆتایی پەراوێزی ٢، ل٦٧١، **سەرمایەدا** هاتووە، گەواهیدەری ئەم دۆستایەتیەیە.

ئەوەندە پەسند دەکەم کە مارکس بەزۆری نالێبووردە بوو. هەرچەندە لەوانەیە بە هەڵەدا بچم بەڵام وا هەست دەکەم خودان شعورێکی هەڵسەنگێنەر و رەخنەگرانەی ئەوتۆ بوو کە لاوازی بیرکردنەوەی دۆگم دەستنیشان بکات و بێگومان ئەگەر بینیبای چۆن بیروبۆچوونەکانیان گۆڕیوە بۆ کۆمەڵە پرنسیپێکی دۆگم، نارەحەت دەبوو. (بگەڕێنەوە بۆ بەشی حەڤدەهەم، یادداشتی ٣٠، **حەدیسات و رەدیات (یالێکتیك چییە؟)** و بەشی سێزدەهەم، یادداشتی ٤). بەڵام وادیارە ئینگڵس ئامادەبوو نا لێبووردەیی و نەریت پەرستی مارکسیستەکان تەحەمول بکات لە دیبارچەی یەکەمین چاپی ئنگلیزی **سەرمایە** (ل ٨٨٦) دا دەنووسێت کە ئەم کتێبە ((بەزۆری لە وڵاتە ئەوروپییەکاندا بە 'کتێبی ئاسمانی' چینی کرێکار ناوزەد دەکەن)) و دواتر لە جیاتی نارەزایەتی دەربڕین بۆ ئەم پێکچوواندنە کە سۆسیالیزمی ((زانستی)) دەگۆڕێ بۆ یەکێك لە ئایینەکان، وێرای روون کردنەوەکان هەوڵدەدات دەریبخات کە ئەم جۆرە ناونیشانە گەلێ گونجاو و شیاوە، چونکە لە سەرانسەری جیهاندا ((ئەم دەرەنجامەی لەم کتێبەدا وەرگیراون، رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر دەبنە پرنسیپی بنەمای بزاڤی مەزنی چینی کرێکار)). کاتێ ئیشەکە بە ئێرە دەگات، ئیتر یەك هەنگاو مابوو بۆ قۆناغی دواتر بۆ ئەوەی راوەدوی تاکەکان بنێن بە تاوانی ئیلحاد و پەیڕەوکارانی رۆحی زانستیی رەخنەگرانە و هەڵسەنگێنەرانە تەکفیر بکەن- ئەو رۆحەی سەردەمێك نەك هەر تەنیا بە مارکس، بەڵکو ئیلهامی بە خودی ئینگلس-یش بەخشیبوو.

12. H. Heine, Religion and philosophy in Germany.

# بەشی شازدەهەم

١. **مانیفێستی کۆمۆنیست**، نووسینی مارکس و ئینگڵس، **ڕێنما**، ل٢٢ (=**کۆمەڵە**، بەرگی ٦، ل٥٢٥). هەروەك لە بەشی چوارەمدا ئاماژەمان بۆ کرد، ئەفلاتونیش خاوەن بیرێکی هاوچەشنی ئەمە بوو (بگەڕێنەوە بۆ بەشی چوارەم، یادداشتگەلی ٥ و ٦ و ١١ و١٢).

٢. بگەڕێنەوە بۆ بەشی چواردەهەم، یادداشتی ١٥.

٣. کارل مارکس، **هەژاری فەلسەفە**[1]، **ڕێنما**، ل٣٥٥ (=**کۆمەڵە**، بەرگی ٦، ل١٧٩).

٤. **لەمەڕ ڕەخنەی ئابووری سیاسی** (دیباچە)، **سەرمایە**، لXVI، ڕێنما، ل٣٧١ (=**لەمەڕ ڕەخنەی ئابووری سیاسی (ئەڵمانی)**، ل LIV)، هەروەها بەشی سێزدەهەم، یادداشتی ٢٠، بەشی چواردەهەم، یادداشتی ١، بەشی پازدەهەم، یادداشتی ١٣ و بابەتی پەیوەست بەمە لەنێو دەقەکەدا. ئەو دەستەواژانەی کە لە بەشی پازدەهەم، یادداشتی ١٣دا وەرگیراون، مانای ئەم ڕستانە و بەتایبەتی زاراوەگەلی ((هێزە ماددییەکانی بەرهەم هێنان)) و ((پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان)) ڕوونتر دەکاتەوە.

٥. **سەرمایە**، ل٦٥٠. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ پارچەیەکی هاوچەشنی ئەمە لە **سەرمایە**، ل١٣٨ دا، سەبارەت بە سەرمایەدار و پارەکۆکەرەوەی چاوچنۆك (**ڕێنما**، ل٤٣٧، هەروەها بەشی حەڤدەهەم، یادداشتی ١٧). لە شوێنێکی تردا مارکس دەنووسێ: ((ئەندامەکانی بۆرژوازی ئەمڕۆ، لەم ڕوویەوە کە چینێك لە بەرامبەر چینێکی دیکە پێك دێنن، هەر هەموویان خودان تاکە بەرژەوەندییەکن، بەڵام لەو لایەنەوە کە بەرهەڵستی یەکتر دەکەن، بەرژەوەندی دژ و پێچەوانەی یەکدیان هەیە. ئەم دژایەتی بەرژەوەندییە ئاکامی

1. K. Marx, The poverty of philosophy.



هەلومەرجی ئابووری ژیانی بۆرژوازی ئەوانە)). (هەژاری فەلسەفە، ڕێنما، ل٣٦٧= **کۆمەڵە**، بەرگی ٦، ل١٨٩).

٦. **سەرمایە**، ل ٦٥١.

٧. ئەمە ڕێك هاوتای مێژووگەرایی هێگلە کە بناغەکەی لەسەر ناسیۆنالیزم دامەزراوە و بەپێی ئەم ڕێبازە، بەرژەوەندی ڕاستەقینەی نەتەوە لەنێو ڕۆحی زەیینی تاکەکان (بەتایبەتی ڕێبەرانی نەتەوە)دا لەژێر تیشکی ئاگاییدا دەدرەوشێتەوە (ڕووناك دەبێتەوە).

٨. بگەڕێنەوە بۆ سەر بەشی سێزدەهەم، بابەتگەلی تایبەت بە یادداشتی ١٤ لە دەقەکەدا.

٩. **سەرمایە**، ل٦٥١.

١٠. * سەرەتا زاراوەی ((سەرمایەداری ئازادکار یان ئازادی کردەوە))م بەکارهێنابوو، وەلێ بەسەرنجدان لەوە کە ((ئازادکردن)) دەلالەت لەسەر نەبوونی بەربەستی بازرگانی (وەك گومرگ) دەکات (کە بەبڕوای من زۆر پێویستە) و لەلایەکی تریشەوە سیاسەتی ئابووری دەستێوەردان کە لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدە باوی هەبوو و بەبڕوای من زۆر نەگونجاوە و تەنانەت دژی مەبەستەکەشمە، هەر بۆیە بڕیارمدا ئەم زاراوەیە بگۆڕم بۆ ((سەرمایەداری هەوسارپچڕاو)).*

# بەشی حەڤدەهەم

١. **لەمەڕ رەخنەی ئابووری سیاسی** (دیبارچە) (=**رێنما**، ل٣٧٢)[١]. سەبارەت بە توێژاڵەکانی ((سەرخان)) بگەڕێنەوە بۆ بەشی پازدەهەم، یادداشتی ١٣.

٢. لەهەمبەر راسپاردەی ئەفلاتون بۆ سوود وەرگرتن ((هەم لە رازی کردن و هەم لە زۆرەملێ و ناچارکردن))، بگەڕێنەوە بۆ دەقی تایبەت بە یادداشتی ٣٥ لە بەشی پێنجەم و یادداشتگەلی ٥ و ١٠، بەشی هەشتەم.

٣. هەڵبسەنگێنن لەتەك **دەوڵەت و شۆڕش**، نووسینی لینین (**رێنما**، ل ل٧٣٣-٧٣٤ و ٧٣٥= **دەوڵەت و شۆڕش** ، ل ل١٥-١٦).

٤. مارکس و ئینگڵس، **مانیفێستی کۆمۆنیست** (**رێنما**، ل٤٦= **کۆمەڵە**، بەرگی ٦، ل٥٤٦).

٥. **رێنما**، ل٧٢٥ (=**دەوڵەت و شۆڕش**، ل ل٨-٩).

٦. سەبارەت بە پرسی چییەتی کە پەیڕەوکارانی مێژووگەرایی دەیخەنەڕوو (بەتایبەتی هەندێ پرسیاری وەك «دەوڵەت چییە؟» یان «حکومەت چییە؟»)، بگەڕێنەوە بۆ دەقی تایبەت بە یادداشتەکانی ٢٦-٣٠ لە بەشی سێیەم، یادداشتگەلی ٢١-٢٤ و ٢٦ بەدواوە لە بەشی یازدەهەم و یادداشتی ٢٦، بەشی دوازدەهەم.

لەمەڕ **راڤەی زارەکی خواستە سیاسییەکان** (یان بە واتەی ئێل. جی. راسێل، **((پێشنیارە)) سیاسییەکان**) کە من پێموایە دەبێ ببێتە جێگرەوەی ئەم جۆرە بڕوایە سەبارەت بە

1. K. Marx, zur kritik der politischen oekonomie, LV.



ماهییەتگەرایی، بگەڕێنەوە بەتایبەتی بۆ ئەو بابەتانەی کە لە دەقی بەشی شەشەم لەنێوان یادداشتەکانی ٤١ و ٤٢ داهاتووە و هەروەها یادداشتی ٥ (٣)، بەشی پێنجەم.

لەمەڕ بیروباوەڕی مارکس بە ماهییەتگەرایی، بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆ بەشی پازدەهەم، یادداشتگەلی ١١ و ١٣، یادداشتی ١٦ هەر لەم بەشەدا، بەشی بیستەم، یادداشتەکانی ٢٠-٢٤. بگەڕێنەوە بەتایبەتی بۆ ئەو تێبینییانەی کە مارکس لە بەرگی سێیەمی **سەرمایە**[٢] دا سەبارەت بە میتۆدۆلۆژیا ختستویەتەڕوو و لە بەشی بیستەم، یادداشتی ٢٠، ئاماژەیان بۆ کراوە.

٧. **مانیفێستی کۆمۆنیست** (=**رێنما**، ل٢٥= **کۆمەڵە**، بەرگی ٦، ل٥٢٨). بابەتەکانی دەقەکە لە دیبارچەی ئینگڵس وەرگیراوە کە بۆ یەکەمین وەرگێڕانی ئینگلیزی سەرمایەی نووسیوە[٣]. ئێستا ئەو دەستەواژانەی کە لە کۆتایی ئەم دیباچەیەدا سەبارەت بە ئەنجامگیری مارکس نووسراوە، بەتەواوی دینووسینەوە: ((لانی کەم لە ئەوروپادا، ئینگلتەرا تاکە وڵاتە کە رەنگە شۆڕشی حەتمی کۆمەڵایەتی لە رێگای ئامرازی {تەواو} ئاشتیانە و یاساییەوە ئەنجام بدرێت. هەڵبەتە ئەو هیچ کاتێ لە یادی نەچووە کە ئەم خاڵەش زیاد بکات کە بە هیچ چەشنێك چاوەڕوانی ئەوە نییە {چینی} دەسەڵاتداری ئینگلتەرا بێ ئەوەی پەنا بۆ Pro-Slavery rebellion ((یاخیبوون بۆ پاراستنی کۆیلایەتی) یەك ببات، ملکەچی ئەم شۆڕشە ئاشتیانە و یاساییە بێت))[٤]. (**سەرمایە**، ل٨٨٧، هەروەها بچۆرە سەر دەقی تایبەت بە یادداشتی ٧، بەشی نۆزدەهەم). ئەم دەستەواژانە بە ئاشکرا ئەوە دەردەخەن کە لە مارکسیزمدا، توندوتیژێتی، یان نا توندوتیژێتی شۆڕش، پەیوەستە بە بەرگری کردن یان بەرگری نەکردنی چینی دەسەڵاتداری کۆن. هەڵبسەنگێنن لەگەڵ دەقی تایبەت بە یادداشتی ٣ و چەند یادداشتێکی دواتری ئەو لە بەشی نۆزدەهەم.

٢. **سەرمایە** (ئەڵمانی) ٢/١١١، ل٣٥٢.

٣. دیارنییە مەبەستی پۆپەر چییە. لەدیباچەی ئینگلسدا شتێکی وەك ئەوەی کە لەدەقەکەدا گوتراوە بەرچاو ناکەوێت.

٤. رستەکانی هی وەرگێڕانی فارسی سەرمایەیە، ایرج سکندری، (ج١، ل٦٩).

٨. ئینگلس، **ئەنتی دورینگ** (=**ڕێنما**، ل٢٩٦= **کۆمەڵە**، بەرگی تایبەت، ل٢٩٢). هەروەها بگەڕێنەوە بۆ ئەو پاراگرافەی لە یادداشتی ٥ی ئەم بەشە داوای گەڕانەوە بۆیانمان کردووە.

ئێستا چەندین ساڵە کە بەرگری بۆرژوازی لە روسیادا تێك شکاوە، بەڵام هیچ نیشانەیەك لە ((سیس بوون و وشك هەڵاتنی)) دەوڵەتی روسیا، تەنانەت لەڕووی ڕێکخستنی ناوخۆیشەوە بەرچاو ناکەوێت. تیۆری سیس بوون و وشك هەڵاتنی دەوڵەت گەلێ پێچەوانەی واقیع بینیە. بەبڕوای من، مارکس و ئینگلس زیاتر لە پێناوی ئەوەی (با) لە ئاڵای نەیارەکەیان دوور بکەنەوە، پشتیان بەم تیۆرە بەستووە. مەبەستم، لە نەیارەکان، باکونین[٥] و ئانارشیستەکانە. مارکس حەزی نەدەکرد ئەوە بەچاوی خۆی ببینێ کە یەکێك لە رادیکالیزم و توندڕۆییدا پێشی دەکەوێتەوە. باکونین و ئانارشیستەکانیش وەکو مارکس، ئامانجیان رووخاندنی سیستەمی کۆمەڵایەتی هەنووکەی بوو، بەڵام لەجیاتی سیستەمی ئابووری پەلاماری سیستەمی سیاسی و حقوقیان دەدا و لەسەر ئەو بڕوایە بوون دەوڵەت ئەو شەیتانەیە کە دەبێ لەناو ببرێت. ئەگەر ئەم نەیارە ئانارشیستانە نەبوونایە هیچ دوور نەبوو مارکس لەسەر بنەمای ئەو بەراییانە کە خۆی بڕوای پێیان هەبوو ئەوە پەسند بکات کە لە سیستەمی سۆسیالیستیدا، دەوڵەت دەبێ هەندێ ئەرکی نوێ و پێویست- واتە پاراستن و گرانتی کردنی دادپەروەری و ئازادی- بخاتە سەر ئەستۆی خۆی کە تیۆریستیەنە گەورەکانی لایەنگری دیموکراسی بۆیان دەستنیشان کردبوو.

٩. **سەرمایە**، ل٧٩٩.

١٠. لە بەشی ((کەڵەکەبوونی بەرایی)) ({**سەرمایە**}، ل٨٠)، مارکس دەڵێت ئیشی بەسەر ((هۆکارە ئابوورییەکانی شۆڕشی کشتوکاڵی)) یەوە نییە، ((ئەوەی بەڕاستی

٥. Mikhail Aleksandrovich Bakunin (١٨١٤ـ١٨٧٦). نووسەر و شۆڕشگێری رووس. دوژمنی سەرسەختی دەوڵەتی تزار و هەموو جۆرە حکومەتێکی ڕەها. لەنەمسا حوکمی مەرگی بەسەردا درا، لەسیبیری رایکرد کە بەرەو ئەوێ نەفی کرابوو، چوو بۆ ئەوروپا و بووبە ڕێبەری ئانارشیستەکان. هاوکاری لەگەڵ مارکس و ئینگلسدا دەکرد بەڵام بەهۆی بیروبۆچوونە توندەکانی (لەنابردنی تەواوی هەموو چەشنە ڕێکخستنێکی دەوڵەتی و هاوکاری ئازادانەی تاکەکان لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکان) لە ئینتەرناسیۆنالی یەکەم دەرکرا. مارکس و مارکسییەت و کۆمۆنیستەکان لە ئاوەژووکردنەوە و خراپ پێشاندانی بیروباوەڕە ئازادیخوازانەکانی ئەو و هاوکارەکانی و ئانارسیشەکانی تردا کاریگەرییەکی قووڵیان هەبووە.



سەرنجمان رادەکێشێ، ئامرازە زۆرەملێ {واتە سیاسییەکان}ـە کە بۆ پیادەکردنی ئەم گۆڕانکارییانە بەکارهاتووە)).

١١. بگەڕێنەوە بۆ بەشی پازدەهەم،یادداشتی ١٣، کە تێیدا ئاماژە بە پارچە جۆراوجۆرەکانی تایبەت بەمەو تایبەت بە بابەتی سەرخان کراوە.

١٢. بەگەڕێنەوە بۆ دەقی ئەو یادداشتەی کە لە یادداشتی پێشوودا بۆی گەڕاوینەتەوە.

١٣. یەکێك لەسەرنجڕاکێشترین و پڕ بایەخترین بەشەکانی **سەرمایە**، بەشی هەشتەمی بەرگی یەکەمە کە بەڕاستی بەڵگەنامەیەکی نەمرە سەبارەت بە ئێش و ئازاری مرۆڤ و مارکس تێیدا بە دوور و درێژی یاسا بەراییەکانی کار شی دەکاتەوە. ئەو رستانەی کە دواتر لە دەقەکەدا ئاماژەمان بۆ کردووە، هەر لەم بەشە بەڵگەنامەیی و بەڵگێنراوە وەرمانگرتووە.

سەرەڕای ئەمە، دەبێ ئاگادارین کە هەر لەم بەشەدا هەندێ بابەتی ئەوتۆ بەرچاو دەکەوێت کە بەسە پووچەڵکردنەوەی تەواوی ((سۆسیالیزمی زانستی))ی مارکسیستی و لەسەر بناغەی **پێشگۆیی کردنی بەهرەکێشی روو لە زیادی کرێکاران** دامەزراوە. هیچ کەسێك نییە کە ئەم بەشە لە نووسینەکەی مارکس بخوێنێتەوەو پەی بەوە نەبات کە بەخۆشییەوە پێشگۆییەکەی وەڕاست نەگەڕاوە. هەڵبەتە لە ئاستەمەکان نییە کە ئەم شتە بەشێوەیەکی هەندەکی هۆبەندی چالاکی مارکسیستەکان بێت لە ڕێکخستنی کرێکاران. بەڵام هۆکاری سەرەکی زیادبوونی بەرهەمداری کار بووە کە بەبڕوای مارکس، خودی ئەمە دەرەنجامی ((کەڵەکە بوونە بەشێوازی سەرمایەداری)).

١٤. **سەرمایە**، ل٢٤٦ (بگەڕێنەوە بۆ پەراوێزی ١ بۆ ئەم پارچەیە).

١٥. **سەرمایە**، ل٢٥٧ بەدواوە. وتەکانی مارکس لە پەراوێزی ١ی ئەم لاپەڕەیە گەلێ سەرنجڕاکێشە. ئەو دەریدەخات کە تۆرییە[٦] کۆنەپەرستەکانی لایەنگری کۆیلایەتی بە مەبەستی **پڕوپاگەندە بۆ کۆیلایەتی** سوودیان لەم جۆرە حاڵەتانە وەردەگرت و یەکێك لەو

٦. Tories مەبەست لایەنگرانی حزبی "تۆری" بەریتانیایە کە حزبی پارێزگارانی ئێستا لەسەر بناغەی هەندێ لە پرەنسیپەکانی بیروباوەڕی ئەوان دامەزراوە.

کەسانەی کە لە بزوتنەوەی لایەنگری لە کۆیلایەتیدا بەشدار بووە، تۆماس کارلایلی[٧] غەیببێژە. (پێویستە کارلایل بە یەکێك لە پێشەڕەوانی فاشیزم لە قەڵەم بدەین). بەپێی نووسینی مارکس، کارلایل ((تەنیا ڕووداوی گەورەی مێژووی هاوچەرخ، واتە جەنگی نێوخۆیی ئەمریکا لە مەندەدا کورت دەکاتەوە کە پیتر ناوێك لە باکوور گەرەکیەتی سەری پۆل ناوێك لە باشوور هەڵکەنێ، چونکە پیتری باکووری کرێکارەکانی ʼڕۆژانە بەکرێ دەگرێ و پۆلی باشووری، {بە درێژایی} تەمەنʼ)). ئەم وتەیەیمارکس لە یەکێك لە وتارەکانی کارلایل لە گۆڤاری **مێك میلان**[٨] وەرگیراوە. مارکس دەگاتە ئەم دەرەنجامە: ((بەم چەشنە، بلقی هاودەردی تۆرییەکان لەگەڵ کرێکارانی شاری[٩] دەتەقێت (تۆرییەکان هەرگیز هیچ چەشنە هاودەردییەکان لەتەك کرێکارانی کشتوکاڵی نەکردووە. لە هەناویدا چی دەبینین؟ کۆیلایەتی!)).

یەکێك لەو هۆیانەی وایلێکردم ئاماژە بەم پارچەیە بکەم، جەخت کردن بوو لەسەر ئەم خاڵە کە مارکس جیاوازی دادەنا لە نێوان ((کۆیلایەتی)) و ((کۆیلایەتی لە بەرامبەر کرێ))[١٠]. هیچ کەسێك بەر لەو نەیتوانیوە جەخت لەسەر ئەم واقعیەتە بکاتەوە کە هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی و (لەئاکامدا، پێك هێنانی ((کۆیلایەتی لەبەرامبەر کرێ))دا) یەکێکە لە گرنگترین و پێویستترین هەنگاوەکان بۆ ڕزگارکردنی زوڵم لێکراوەکان. زاراوەی ((کۆیلایەتی لە بەرامبەر کرێ)) زاراوەیەکی ترسناك و گومڕاکەرە، چونکە **مارکسیستە ڕەشۆکیەکان** وەکو نیشانەی هاوڕایی مارکس لەگەڵ ئەو شتە لێکیان داوەتەوە کە لەڕاستیدا هەڵسەنگاندنی کارلایلە بۆ مەوقعیەتی هەنووکەیی (موجود) ئەو سەردەمە.

١٦. مارکس ((بەها))ی هەر شمەکێك بە تێکڕای ژمارەی کاتژمێری کاری پێویست بۆ بەرهەم هێنانەوەی سەر لەنوێ پێناسە دەکات. ئەم پێناسەیە بەڵگەیەکی زۆر باشە بۆ لایەنگری مارکس لە **ڕێبازی ماهییەتگەرایی**. بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٨ هەر لەم بەشەدا). ئەم پرسی **بەها** لە پێناو ئەوەدا دێنێتە بەرباس بۆ ئەوەی بە حەقیقەتی خودیی شتەکان بگات. حەقیقەتی

٧. Thomas Carlyle (١٧٩٥ـ١٨٨١) ئەدیب و مێژوونووسی سکۆتلەندی کە بڕوای بە ڕۆڵی گرنگی پیاوە ناوازەکان هەبوو لەمێژوودا و خاوەن کتێبێکە بە ناوی **قارەمان و قارەمانپەرستی**.

8. T. Carlyle, Ilias Americana in Nuce (Macmillan’s Magazine, August, 1863).

9. Urban workers

10. wage- slavery



خودیی، لە بەرامبەر شتێك دایە کە لە شێوەی نرخی شمەك خۆی دەردەخات. نرخ، ڕواڵەتێکی وەهمی و هەڵخەڵەتێنەری هەیە. ((ڕەنگە شتێك **نرخی** هەبێ بەڵام بێ بەهابێت)). (سەرمایە، ل٧٩، هەروەها بگەڕێنەوە بۆ وتە زۆر پڕبایەخەکانی کۆڵ[١١] (بەتایبەتی لە لاپەڕەی XXVII لەو پێشەکیەی کە بۆ **سەرمایەی** نووسیوە). بەکورتی لە بەشی بیستەمدا ئاماژە بە تیۆری مارکس لەمەڕ بەها کراوە (یادداشتەکانی ٩-٢٧ و دەقی تایبەت پێیان).

١٧. سەبارەت بە ((کۆیلە کرێگرەکان)) بگەڕێنەوە بۆ کۆتاییەکانی یادداشتی ١٥ هەر لەم بەشە و هەروەها سەرمایە، ل١٥٥ (بەتایبەتی پەراوێزی ١).بۆ ئاگادار بوون لە شیکردنەوەی مارکس کە بەچڕی دەرەنجامەکانیمان باس کرد، بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆ **سەرمایە**، ل١٥٣ بەدواوە پەراوێزی ١ لە لاپەڕەی ١٥٣ و هەروەها بەشی بیستەم.

بۆ داکۆکی کردن لەو ڕوونکردنەوەی لەمەڕ شیکردنەوەی مارکس خستمەڕوو، خراپ نییە ئاماژە بە وتەکانی ئینگڵس بکەم، کاتێ لە **ئەنتی دورینگدا** بابەتەکانی **سەرمایە** کورت دەکاتەوە[١٢]:

> یاخود بە جۆرێکی تر، تەنانەت ئەگەر هەموو چەشنە دەرفەتێك بۆ دزی و توندوتیژیەتی و فرتوفێڵیش بەلاوە بنێین و شیمانەی ئەوە بکەین هەموو جۆرە دارایییەکی تایبەتی لە بنەچەدا لە ئاکامی کاری خودی خاوەندارەکەوە بەدەست هاتووەو لە سەرانسەری ڕەوتی دواتر هیچ شتێك جگە لە ئاڵوێری بەهای یەکسان لە بەرامبەر بەهای یەکسان لە ئارادانەبووە، وتەنانەت لەم حاڵەتەشدا دیسان گەشەسەندنی ڕوو لەزیادی بەرهەم هێنان و ئاڵوێر، حەتمەن دەبێتە هۆی پێك هاتنی سیستەمی هەنووکەیی بەرهەم هێنان بەشێوازی سەرمایەداری کە پێویستی بە پاوان کردنی ئامرازەکانی بەرهەم هێنان و شمەکەکانی بەکاربردن هەیە لەدەست چینێك کە ژمارەیان کەمە و دابەزینی چینێك کە لە ئاپۆڕای مەزنی {خەڵك} پێکهاتووە بەرەو ئاستی دەستکورتی پرۆلتێر و سووڕی خوولەکی گەشەی خێرای بەرهەم هێنان و بێ بازاڕی بازرگانی، یاخود بەجۆرێکی

11. G.D.H. Cole

١٢. **ڕێنما**، ل٢٩٦ = **کۆمەڵە**، بەرگی تایبەت، ل١٦٠ـ ل١٦٧.

دیکە، هەمو پشێوی و بێ بەندوباری سیستەمی بەرهەم هێنانی ئێستای ئێمە. دەتوانین سەرانسەری ئەم پرۆسسە بە پەنابردن بۆ هۆکاری تەواو ئابووری روون بکەینەوە و هیچ پێویستمان بەوە نییە گریمانەی ئەوە بکەین کەسێك دزی کردووە یان هێزی بەکارهێناوە یان هیچ چەشنە دەستێوەردانێکی سیاسی لە ئارادابووە.

رەنگە رۆژێك لە رۆژان **مارکسیستە رەشۆکیەکان** سەرەنجام بە خوێندنەوەی ئەم پارچەیە قەناعەت بەوە بێنن کە مارکسیزم هۆکاری بێ بازاڕییەکان بۆ پیلانگێڕی ((سەرمایەدارە گەورەکان)) ناگێڕێتەوە. خودی مارکس دان بەوە دادەنێت کە: ((بەرهەم هێنان بە شێوازی سەرمایەداری زامنکەری هەلۆمەرجێکە **سەربەخۆ لە نیازی باش یان خراپ**، تەنیا بەشێوەیەکی کاتەکی دەرفەت بۆ خۆشگوزەرانی رێژەیی چینی کرێکار- ئەویش هەمیشە وەك دەستپێکی بێ بازاڕی- دەڕەخسێنێت))[١٣].

١٨. سەبارەت بەم تیۆرە کە ((خاوەندارێتی واتە دزی)) یان ((خاوەندارێتی واتە جەردەیی))، بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆ بیروبۆچوونی مارکس لەمەڕ جۆن واتس[١٤] (**سەرمایە**، ل٦٠١، پەراوێزی ١).

١٩. جیاوازی دانان لە نێوان ئازادی تەواو ((روالّەتی)) و ئازادی ((بەکردەوە)) یان ئازادی ((راستەقینە)) یان دیموکراسی، ئیشێکە خاوەن ماهییەتێکی هێگلّییە. (بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٦٢، بەشی دوازدەهەم). هێگلّ هێرش دەکاتە سەر سیستەمی حکومەتی بەریتانیا

١٣. **سەرمایە** (ئەلّمانی)، بەرگی٢، ل٤٠٦. تۆخکردنەوەی وشەکان لەمنەوەیە.

١٤. لەبەرئەوەی رەنگە بابەتەکە بۆ هەندێ لەخوێنەران سەرنجڕاکێش بێت، خراپ نییە ئەوە روون بکەمەوە کە Johan watts خاوەن بەرهەمێکە لەپانتایی ئابووری کاردا. مارکس لەو پەراوێزەدا کە پۆپەر ئاماژەی بۆ دەکات، هەندێ رستەی یەکێك لە کتێبەکانی واتس دەهێنێتەوە و پاشان دەنووسێت: "من بەم هۆیە لێرەدا ئاماژەم بەم نامیلکەیە کردووە کە لە راستیدا زبلّدانی هەموو پڕپووچییەکی مەداحانەیە کە ماوەیەکی دوور و درێژە بۆگەن بووە و گەندەلّە. هەر ئەم بەڕێز واتسە... نامیلکەیەکی تری لەسالّی ١٨٤٢ بلاّوکردەوە بەناوی {**حەقیقەت و مەجاز لەئابووری سیاسیدا**} کە تێیدا بۆ نمونە property (خاوەندارێتی ـ مالکیەت)ی بە robbery (دزی) داناوە. بەلاّم ماوەیەکی زۆرە ئەو سەردەمە تێپەڕیوە." (رستەکانی مارکس لە سەرمایەی چاپی فارسی، بەرگی ١، ل٥٠٠) وەرگێراوە.



لەبەر پەرستنی ئازادیەکی تەواو ((روالّەتی))- لە بەرامبەر دەولّەتی پروسیا کە تێیدا ئازادی ((راستەقینە))، ((بەکردەوە هاتۆتە)) ئاراوە. سەبارەت بەو وتەیەی کە لە کۆتایی ئەم بەندە {لە دەقەکەدا} وەرمان گرتووە، بگەڕێنەوە بۆ ئەو پارچەیەی کە لە دەقی تایبەت بە یادداشتی ٧، بەشی بیستەمدا وەرمان گرتووە. هەروەها بگەڕێنەوە بۆیادداشتگەلی ١٤ و ١٥، بەشی بیستەم و ئەو بابەتانەی پەیوەستن بەمانە لەناو دەقەکەدا.

٢٠. سەبارەت بە پارادۆکسنمای ئازادی و پێویستی پاراستنی ئازادی لەلایەن دەولّەتەوە، بگەڕێنەوە بۆ دەقی بەشی شەشەم، چوار بەندی بەر لە یادداشتی ٤٢ و بەشی حەوتەم، بەتایبەتی یادداشتەکانی ٤ و ٥ و ٦ و بابەتەکانی پەیوەندیدار بەمەوە لە دەقەکەدا و هەروەها بەشی دوازدەهەم، یادداشتی ٤١ و دەقەکە و بەشی بیست و چوارەم، یادداشتی ٧.

٢١. رەنگە لە وەلاّمی ئەم شیکردنەوەیەدا بلّێین ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین کە لەنێوان وەبەرهێنەرەکان لە ئاستی بەرهەم هێنەرەکان و بەتایبەتی لە ئاستی کڕیارانی هێزی کار لە بازاڕدا، هەڤڕکییەکی تەواو بوونی هەیە و (ئەگەر، سەرەڕای ئەوە، وادابنێین کە هیچ جۆرە ((لەشکرێکی یەدەکی پیشەسازی)) لە ئارادا نییە کە گوشار بخاتە سەر بازاڕی کار)، ئەوا لەم حالّەتەدا، دوان لەسەر چەوسانەوەی بێ هێزە ئابوورییەکان بەدەستی بەهێزەکان- واتە بەهرەکێشی وەبەرهێنەرەکان لە کرێکاران- ئیدی هیچ مانایەکی نابێت. بەلاّم ئایا ئەمە واقیع بینانەیە ئەگەر یەکێك گریمانەی ئەوە بکات کە هەڤڕکییەکی تەواو لە نێوان کڕیارانی بازاڕی کار بوونی هەیە؟ ئایا ئەوە راست نییە کە بۆ نموونە لە زۆر بازاری خۆجێیی کاردا، تەنیا کڕیارێکی سەرەکی و گرنگ بوونی هەیە؟ ئەوسا، ئەگەر هیچ بەلّگەیەکی دیکەش نەبێت، وتەنیا ئەوەندە بەسە کە بەهۆی توانستی گواستنەوەو گەیاندنی هێزی کار، خۆ لە بڕواهێنان بەم گریمانەیە ببوێرین کە هەڤڕکی تەواو لەخودی خۆیدا کێشەی بێکاری چارەسەر دەکات.

٢٢. لەمەڕ دەستێوەردانی ئابووری دەولّەت و ئەم پرسە کە بۆچی سیستەمی ئابووری ئێستامان بە سیستەمی خۆتی دەسوەردانگەرایی[١٥] وەسف کرد، بچۆرە سەر سێ بەشی ئایندە، بەتایبەتی بەشی هەرژدەهەم، یادداشتی ٩ و بابەتەکانی پەیوەست بەمەلە دەقەکەدا. پێویستە ئەوە زێدە بکەم کە دەسوەردانگەرایی بەو مانایەی لێرەدا بەکارهاتووە، تەواوکەری ئابوورییانەی ئەو شتەیە کە لە بەشی شەشەمدا (بابەتگەلی تایبەت بە یادداشتی ٢٤-٤٤ لە

15. Protectionism

دەقەکەدا) زاراوەی **پاراستنگەرایی** سیاسی-مان بۆ بەکارهێناوە. (ئاشکرایە بۆچی ناتوانین زاراوەی ((پاراستنگەرایی)) لەجیاتی ((دەسوەردانگەرایی)) بەکاربێنن). بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆ بەشی هەژدەهەم، یادداشتی ٩ و بەشی بیستەم، یادداشتگەلی ٢٥ و ٢٦ و دەقەکە.

٢٣. ئەو دەستەواژانەی کە ئەو وشانە بەشێکن لێی لە بەشی سیزدەهەم، یادداشتی ١٤، بە چەشنێکی تەواو و چڕتر ئاماژەی بۆ کراوە. لەهەمبەر دژایەتی هەنگاوی کردەیی لەگەڵ بڕوابوون بە قەدەرگەرێتی هۆداری لە ڕێبازی مێژووگەراییدا، بچۆرە سەر هەمان یادداشت و هەروەها بەشی بیست و دووەم، دەقی تایبەت بە یادداشتی ٥ و یادداشتەکانی دواتر.

٢٤. بگەڕێنەوە بۆ بەشی حەوتەم، بڕگەی ٢.

٢٥. برتراند راسڵ، **دەسەڵات**[١٦]: والتێر لیپمەن، **کۆمەڵگای باش**، بەتایبەتی لاپەڕەی ١٨٨ بۆ دواوە،

٢٦. راسل، **دەسەڵات**، ل١٢٨ بۆ دواوە. تۆخ کردنی وشەکان {یان جەخت کردن لێیان} لەلایەن منەوەیە.

٢٧. یاساکانی پارێزەر و گرانتی دیموکراسی هێشتا لە قۆناغی بەرایی نەشونما دایە. بەڵام دەبێ و دەتوانین گەلێك کار ئەنجام بدەین. بۆ نموونە هۆی ئازادی چاپەمەنی ئەوەیە کە زانیاری راست بە خەڵك بگەیەنرێت. بەڵام ئەگەر لەم روانگەیەوە سەیری بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە بۆ وەدیهێنانی ئەم مەبەستە، گرانتی پێویست لە چوارچێوەی دەزگاکاندا بوونی نییە. دەتوانین لە رێگای دامەزراندنی وردی یاساکان یان سەقامگیرکردنی پێودانگی ئەخلاقی پێویست کە رای گشتی گرانتی جێبەجێ کردنەکەی بێت، هەر ئەو کارە بکەینە ئەرکی سەرشانی چاپەمەنییەکان کە ئێستا رۆژنامە باشەکان بە داهێنانی خۆیان ئەنجامی دەدەن و هەموو هەواڵێکی گرنگ دەگەیەننە جەماوەر. دەتوانین هەندێ جار یاسایەکی ئەوتۆ دابڕێژین کە بەپێی ئەم یاسایە هەموو هەڵبژاردنێك هەڵبوەشێنینەوە کە تێیدا کەسێك لە رێگای ئامرازی ناڕاستەوە سەرکەوتن وەدەست بێنی یان ئەگەر بڵاوکەرەوەیەك ئەرکی خۆیفەرامۆش کردو بەپێی توانا لە ڕاستی ئەو بابەتانە دڵنیا نەبوو کە لە رۆژنامەکەیدا بڵاویان دەکاتەوە، ئەو بە بەرپرسی زیانەکە لە قەڵەم بدەین و بۆ نموونە (لەم حاڵەتەدا) بۆ دانی گوژمەی هەڵبژاردنێکی

16. Bertrand Russell, power (1938), esp. pp. 123 ff.



سەر لە نوێ مەحکومی بکەین. رەنگە ئەم جۆرە یاسایە پێشی هەندێ رووداوی وەك مەسەلەی نامەکەی زینۆڤیۆف[١٧] بگرێ. ناتوانم لێرەدا بچمە ناو وردەکارییەکانەوە، بەڵام بڕوایەکی بەتینم بەوە هەیە کە کێشەو گرفتی تەکنیکی گەیشتن بەهەندێ ئامانجی وەك بەشایەد وەرگرتنی عەقڵ لەجیاتی پەنابردن بۆ هەستوسۆز و هەڵچوون لە ململانێی هەڵبژاردندا، بە ئاسانی چارەسەر دەکرێت. نازانم بۆچی نابێ بۆ نموونە ئەندازە و جۆر و زانیارییەکانی تری نامیلکەکانی پروپاگەندە لە هەڵبژاردندا بخەینە ژێر پێوەری دیاریکراوەوە و هەڵگرتنی دروشمەکان یاساغ بکەین. (ئەم کارە هیچ پێویست ناکات ئازادی بخاتە ژێر مەترسییەوە، هەروەك چۆن دانانی هەندێ سنووری ماقوڵ بۆ خاوەن کێشەکان لە دادگاکاندا، نەك هەر هەڕەشە نییە بۆ سەر ئازادی بەڵکو دەبێتە هۆی پاراستنی). شێوازە هەنووکەییەکانی پروپاگەندە، هەم سووکایەتی کردنە بە خەڵك و هەم بە پاڵێوراوەکانی هەڵبژاردن. لەوانەیە ئەم پڕوپاگەندەیە بۆ فرۆشتنی سابون هیچ عەیبێکی نەبێت، بەڵام نابێ لە بواری وەها هەستیار و مەترسیداردا بەکاربهێنرێت.

٢٨. ٭ بگەڕێنەوە بۆ ((رێسای کۆنتڕۆڵ کردنی دامەزران))[١٨] کە لە ساڵی ١٩٤٧ لەلایەن دەوڵەتی بەریتانیاوە دەرچووە. ئەگەر چی ئەم رێسایە تاکو ئێستا کەڵکی خراپی لێوەرنەگیراوە، بەڵام سوودیشی نەبووە و ئەم راستیە دەریدەخات کە بەهۆی تێنەگەیشتن لە جیاوازی بنەڕەتی نێوان ئەم دوو جۆرە یاساو رێوشوێنە- کە یەکێکیان برتییە لە رێسای گشتی بۆ رێکخستنی رەفتارو هەڵسوکەوتی تاکەکان لەگەڵ یەکتریدا و ئەویتریان کە هەندێ سەڵاحیاتی لاوەکی بە حکومەت دەبەخشێت- هەندێ جار تەنانەت بێ ئەوەی هیچ پێویست بێت، رێوشوێنی زۆر مەترسیدار دادەڕێژرێت. ٭

٢٩. ٭سەبارەت بەم جیاوازییە و هەروەها لەمەڕ زاراوەی ((چوارچێوەی حقوقی {یاسایی})). بگەڕێنەوە بۆ کتێبی فون هایك، **رێگای بەندایەتی** (چاپی یەکەمی ئینگلیزی، لەندەن، ١٩٤٤). لە لاپەڕەی ٥٤ دا، هایك جیاوازی دەکات ((لە نێوان پێك هێنانی **چوارچێوەیەکی هەمیشەیی یاساکان** کە چالاکی بەرهەم هێنان لە ناوی دا لەسەر بنەمای بڕیاری تاکەکەسی

١٧. G.E. Zinovief (١٨٨٣ـ١٩٣٦). یەکێك بوو لەرێبەرە کۆمۆنیستەکان و هاوڕێی لینین کە لەپاکتاوکردنەکانی ستالیندا دادگایی و ئیعدام کرا.

18. “Control of Engagement order”

ڕێنماییی دەکرێت و **بەڕێوەبردنی چالاکی ئابووری** بە دەستی مەرجەعەکان لە ناوەندەوە)) (تۆخ کردنی وشەکان لەلایەن منەوەیە). هایك جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەبێ **چوارچێوەی حقوقی** بە جۆرێك بێت کە تاك بتوانێ ڕەوتی ئایندەی کاروبارەکانی تێیدا **پێشبینی** بکات. (بۆ نموونە بگەڕێنەوە بۆ لاپەڕەی **٥٦ی** کتێبەکەی). *

**٣٠.** ئەم لێکۆڵینەوەیە سەرەتا لە ڕۆژنامەی **پەیامی ئەورووپا**[١٩]، چاپی سان پترس بۆرگدا بڵاوکرایەوە مارکس لە دیباچەی چاپی دووەمی **سەرمایەدا** خواستویەتی (**سەرمایە**، ل٨٧١).

لە پێناو ڕەچاوگرتنی ئینساف لە هەمبەر مارکس دەبێ ئەوە زیاد بکەین کە ئەو هەمیشە سیستەمەکەی خۆی وەك سروشی نێردراو لە قەڵەم نەدەدا و زیاتر وەك ڕوانگەیەك حسێبی دەکرد (کە هەڵبەتە ڕوانگەیەکی لە ڕادەبەدەر گرنگیش بوو) نەك سیستەمێك کە لە پرنسیپی دۆگماتیك پێك هاتبێ و ئامادەبوو هەندێ لە پڕۆژە سەرەکییەکەی خۆی دەستکاری بکات.

لێرەوەیە بۆمان دەردەکەوێ کە لە دوو لاپەڕەی یەك لە دوای یەکی **سەرمایەدا**، دوو قسەی جیاواز وتراوە: لە یەکەمیاندا پشت بە تیۆری هەمیشەیی مارکسیستی واتە خەسڵەتی لاوەکی {دووەمی} سیستەمی حقوقی (واتە سیستەمی حقوقی وەك سەرپۆش یان «دەرکەوتە») بەستراوە، لە دووەمیاندا دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەت زۆر گرنگ و بەهاوپلەی **هەموو هێزێکی ئابووری** تەواو و بێ ئەملاو ئەولا ناسێنراوە. لە یەکەمیاندا، مەبەستی مارکس شۆڕشی پیشەسازییە و ئاماژە بۆ نووسەرێك دەکات کە گەرەکی بوو بزانێت ئەم شۆڕشە بە پێی چ یاسایەك سەری هەڵداوە. مارکس دەنووسێ: ((باش بوو نووسەر ئەوە بخاتەوە بیری خۆی کە شۆڕش بە یاسا سەرهەڵنادات)). لە دووەمیاندا مارکس بە چەشنێکی زۆر جیاواز لە نەریتی مارکسیستی، لەمەڕ شێوازەکانی کەڵەکەبوونی سەرمایە ڕای خۆی دەردەبڕێت و دەڵێ لە هەموو ئەو شێوازانەدا ((سوود لە دەسەڵاتی دەوڵەت وەردەگیرێت کە هێزێکی سیاسی چەقبەستووە لە کۆمەڵگادا. دەسەڵات، مامانێکە بۆ هەموو کۆمەڵگایەکی کۆن کە بە کۆمەڵگایەکی نوێ ئاوسەو **بۆخۆی هێزێکی ئابوورییە**)). (**سەرمایە**، ل٨٣٢ و لاپەڕەی دواتر). تا دوایین ڕستە (کە بە پیتی تۆخ {یان چەماوە} نووسراوە، بابەتەکە تەواو لەگەڵ نەریتدا

19. European



دەگونجێت. ڕستەی کۆتایی، نەریت دەشکێنێ و لێی دێتە دەرەوە. ئینگڵس زیاتر ئەسیری دۆگماتیزمە. بۆ نموونە سەرنج لەم وتەیەی بدەن لە کتێبی **ئەنتی دورینگ**[٢٠] کە دەڵێ: (( ئەو ڕۆڵەی کە دەسەڵاتی سیاسی، بە جیاکردنەوەی لە گۆڕانکاری ئابووری، لە مێژوودا ڕایی دەکات ئێستا ڕوون و ئاشکرایە)). کێشەی ئینگڵس ئەوەیە کە لە هەر جێگەیەك ((دەسەڵاتی سیاسی بە پێچەوانەی گۆڕانکاری ئابووری بجوڵێتەوە وەك ڕێسا و جگە لە هەندێ حاڵەتی ڕێزپەڕ نەبێ، تێك دەشکێ. ئەم جۆرە ڕێزپەڕانە، هەندێ حاڵەتی پەرش و بڵاوی ئەو وڵات داگیرکردنانە دەگرێتەوە کە داگیرکارانی بەربەر... ئەو هێزە بەرهەم هێنەرانەیان لەناو بردووە کە نەیانزانیوە چۆن بەکاری بێنن...)) (هەروەها بگەڕێنەوە بۆ بەشی پازدەهەم، یادداشتگەلی ١٣ و ١٤ و دەقەکە).

دیاردەیەکی بەڕاستی سەرسوڕهێنەر، دۆگماتیزم و پەرستنی زۆربەی مارکسیستەکانە کە دەریدەخات بەشێوەیەکی ناعەقڵانی و وەك سیستەمێکی میتافیزیکی سوودیان لە مارکسیزم وەرگرتووە. ئەم خەسڵەتە، هەم لە توندڕۆکاندا دەبینرێت هەم لە میانڕۆکاندا. بۆ نموونە ئەم وتە سەیر و ساویلکانەیەی ئی. بورنز[٢١] لە (**ڕێنما**، ل**٣٧٤**)دا بێننە بەرچاوی خۆتان کە دەڵێت: (({هەموو هەوڵدانێك بۆ} پووچەڵ کردنەوەی تیۆرەکانی مارکس ... بەناچار ئاوەژووکردنەوەو هەڵگەڕاندنەوەی ئەم تیۆرانەی لێ دەکەوێتەوە)). وەك دیارە لەم پەیڤە ئەم دەرەنجامە وەردەگیرێت کە تیۆرەکانی مارکس بۆ پووچەڵ کردنەوە ناشێن و هەڵناوەشێنەوە. هەروەها، ل. لورا لە کتێبی **مارکسیزم و دیموکراسیدا**[٢٢] دەنووسێ: ((کاتێ سەیری ئەو جیهانە دەکەین کە تێیدا دەژین، دەتاسێین کە چۆن پێشبینییە سەرەکییەکانی کارل مارکس بە وردییەکی نزیك لە ماتماتیك وەڕاست دەگەڕێن)).

وەك دیارە مارکس بە چەشنێکی پێچەوانەی ئەم بیری دەکردەوە. ڕەنگە من لەسەر هەڵە بم، بەڵام لەسەر ئەو بڕوایەم کە (لە کۆتایی دیباچەی چاپی یەکەمی **سەرمایە**، ل٨٦٥) دا لە ڕووی ڕاستگۆییەوە ئەم ڕستانەی نووسیوە: ((هەموو ڕەخنەیەکی زانستی هەرچەندە توندوتیژیش بێت بە باوەشێکی ئاواڵەوە قبوڵ دەکەم. بەڵام لەبەرامبەر پێش داوەرییەکانی

٢٠. **ڕێنما**، ل ٢٧٧.

21. E. Burns
22. L. Laurat, Marxism and Democracy, p. 226.

ناسراو بە رای گشتی، بەردەوام پەیڕەوی لەو ڕێسایە دەکەم کە وەبەرچاوم گرتووە {کە دەڵێت}: درێژە بە ڕێگای خۆت بدە و واز بێنە خەڵك هەچی دەڵێن بابیلێن!)).

# بەشی هەژدەهەم

١. سەبارەت بە بیروباوەڕی مارکس لەمەڕ ماهییەتگەراییەوە و تیۆرەکەی لەمەڕ ئەوە کە ئامرازە مادییەکانی بەرهەم هێنان جێگەی ماهییەتیان گرتۆتەوە، بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆ بەشی پازدەهەم، یادداشتی ١٣ و هەروەها بەشی حەڤدەهەم، یادداشتی ٦، بەشی بیستەم، یادداشتی ٢٠ تا ٢٤ و بابەتەکانی پەیوەندیدار بەمە لە دەقەکەدا.

٢. **سەرمایە**، ل٨٦٤= **ڕێنما**، ل٣٧٤ و بەشی سێزدەهەم، یادداشتگەلی ١٤ و ١٦.

٣. ئەوەی من بە ئامانجی لاوەکی {دووەمی} **سەرمایە** ناوزەدم کردووە- واتە ڕەدکردنەوەی بانگەشەی بەرگریکاران و پاساو هێنەران- ئەرکێکی تاڕادەیەك تیۆری و ئەبستراکت لە خۆ دەگرێ کە بریتییە لە **ڕەخنەی ئابووری سیاسی لە ڕوانگەی پێگە زانستییەکەیەوە**. هەم ناوی کتێبەکە کە مارکس وەك پێشەکییەك بۆ سەرمایە نووسیویەتی- **لەمەڕ ڕەخنەی ئابووری سیاسی**- درکەیەك لەمەڕ ئەم ئەرکە لەخۆ دەگرێت و هەم ناونیشانی لاوەکی خودی **سەرمایەش** کە بەشێوەیەکی وشە بە وشە دەتوانین بەم جۆرە ((**ڕەخنەی ئابووری سیاسی**))[1] وەریبگێڕین. گومانی تێدا نییە کە ئەم ناونیشانانە هەردووکیان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژەن بۆ کتێبەکەی کانت، **ڕەخنە لە عەقڵی پەتی**[2]، کە مەبەست لەمەش بە نۆرەی خۆی ((ڕەخنە لە فەلسەفەی پەتی یان میتافیزیکییە لەڕووی پێگە زانستییەکەیەوە)). (ئەم مانایە لە ناونیشانی کتێبەکەی تری کانتدا کە بابەتەکانی **ڕەخنە لە عەقڵی پەتی** لە ڕێگەی دەستەواژەی جیاوازترە تێیدا دەربڕدراوە، ڕوونتر خۆ دەنوێنێت، پاچڤەکردنی تاڕادەیەك وشە بە وشەی ناوی ئەم کتێبە بەم جۆرەیە: **پێشەکیەك بۆ هەموو میتافیزیکێك کە ڕەنگە لە ئایندەدا بە هەق بانگەشەی**

1. Critique of political Economy.
2. Critique pure Reason.



**پێگەی زانستی بکات**[3]. پێدەچێت مارکس بەم درکەیە گەرەکی بووە بڵێت: ((هەروەك چۆن کانت ڕەخنەی لەو بانگەشانە گرتووە کە لە میتافیزیکدا هاتوونەتە بەرباس و دەریخستووە کە میتافیزیك **زانست نییە**، بەڵکو زیاتر **یەزدانناسی پاساوهێنەرە**، منیش هاوچەشنی ئەم بانگەشانە لە ئابووری بۆرژوادا دەدەمە بەر ڕەخنە)). لەو وێنەیەی کە لە پەرتووکی **دین و فەلسەفە لە ئەڵمانیا**، بە پێنووسی هاوڕێی مارکس، هاینریش هاینێ، بۆ **ڕەخنە لە عەقڵی پەتی**، کێشراوە[4] دەتوانین ئەوە ببینین کە لە ناو ئەو کۆڕ و کۆمەڵانەی مارکس هاتۆچۆی دەکردن، کتێبەکەی کانت وەك هێرشێك بۆ سەر یەزدانناسی یان زانستی کەلامی پاساوهێنەر لە قەڵەم دراوە. سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە، سەرەڕای چاوەدێری ئینگڵس، یەکەمین وەرگێڕەکانی **سەرمایە** بە ئینگلیزی، ناونیشانە لاوەکییەکەیان بە ((شکردنەوەیەکی ڕەخنەی لە بەرهەم هێنان {بە شێوازی} سەرمایەداری))[5] وەرگێڕاوە و بەم چەشنە، جەخت کردن لەسەر یەکەمین ئامانجی ئەم کتێبەیان کردۆتە جێگری درکە بۆ ئامانجی لاوەکی.

مارکس لە **سەرمایە**، ل٨٤٣، پەراوێزی ١، وتەیەك لە بێرك دەخوازێ. وتەکەی بێرك لە کتێبەکەی **هزرەکان و هەندێ وردەکاری لەمەڕ دەگمەنی**[6] وەرگرتووە.

٤. بگەڕێنەوە بۆ ئەو تێبینییەی کە لە کۆتایی پاژی ١، بەشی شازدەهەم، سەبارەت بە ئاگایی چینایەتی خراوەتەڕوو.

لەمەڕ یەکیەتی چینایەتی پاش کۆتایی هاتنی ململانێی چینایەتی دژی دوژمنی چینایەتی، بەبڕوای من ئەم گریمانەیە کە ئاگایی چینایەتی شتێکە **کەڵەکە دەبێ** و پاشان پاشەکەوت دەبێ کە ڕەنگە پاش لەناوچوونی ئەو هێزانەی کە بوونەتە هۆی دروست کردنی، دیسان درێژە بە بوونی خۆی بدات، لەگەڵ بەراییەکانی بەڵگەخوازی مارکس و بەتایبەتی دیالێکتیکەکەیدا ناگونجێت. لەمەش خراپتر گریمانەی ئەو کەسانەیە کە دەڵێن ئاگایی چینایەتی **حەتمەن** پاش نەمانی ئەم هێزانەش **دەبێ** هەر بمێنێتەوە. بەپێی تیۆرەکەی مارکس، خودئاگایی ئاوێنەیەکە کە واقعیەتە توندوتیژە کۆمەڵایەتییەکان دەداتەوە و بەرهەمی ئەم واقعیەتەیە و شیمانەی ئاماژە بۆ کراو لەگەڵ ئەم تیۆرەدا دژایەتی هەیە. بەو حاڵەش، هەر کەسێ بیەوێ لە تەك

3. Proleyment to any metaphysics In future may justly claim scientific status.
٤. بگەڕێنەوە بۆ بەشی پازدەهەم، یادداشتەکانی ١٥ و١٦.
5. A critical Analysis of capitalist production.
6. E. Burk, thoughts and details on scarcity, 1800, p. 31f.

مارکسدا هاودەنگ بێت و بڵێ دیالێکتێکی مێژوو حەتمەن دەبێ سۆسیالیزمی لێ بکەوێتەوە، ئەوا ناچارە دەبێ بڕوا بەم شیمانەیە بێنێت.

ئەم پارچەیەی خوارەوە لە **مانیفێستی کۆمۆنیست** (**ڕێنما**، ل٦٦ بەدواوە= **کۆمەڵە**، بەرگی٦، ل٤٦) بەتایبەتی لەم بارەیەوە شایستەی خوێندنەوەیە، چونکە لەلایەکەوە بە ئاشکرا دەڵێت ئاگایی چینایەتی کرێکاران تەنیا دەرەنجامی ((گوشاری ڕەوش و بارودۆخ))ـە، واتە گوشاری پێگەی کۆمەڵایەتی و لەلایەکی دیکەوە لە خۆگری تیۆرێکە کە لە دەقی کتێبەکەدا ڕەخنەمان ئاڕاستەکرد، واتە پێشگۆیی کردنی دەرکەوتنی کۆمەڵگایەکی بێ چین.

> سەرەڕای ئەوە کە پرۆلیتاریا لە ئاکامی گوشاری ڕەوش و بارودۆخەکان، ناچارە هەر لە کاتی ململانێ لەگەڵ بۆرژوازی، ڕێکخراوی چینایەتی پێك بێنێ، سەرەڕای ئەوە کە بە پەنا بردنە بەر شۆڕش، بیچمی چینی دەسەڵاتدار وەردەگرێ و لەم پلەوپایەدا هەلومەرجی کۆنی بەرهەم هێنان لە ڕێگای هێزەوە دەڕوخێنێ، سەرەڕای هەموو ئەم واقعیەتانە، هەلومەرجی بوونی هەرچەشنە دوژمنایەتییەکی چینایەتی و هەموو جۆرە چینێکیش لەگەڵ هەلومەرجی کۆنی بەرهەم هێنان لەناو دەبات و تەنانەت بەرزێتی چینایەتی خۆشی لەناو دەبات. لە جیاتی کۆمەڵگای کۆنی بۆرژواو چین و دوژمنایەتی چینایەتی ناوی، جۆرێك لە جڤاتمان[7] دەبێت کە تێیدا، پشکوتنی ئازادانەی هەر کەسێك دەبێ بە جەوازی پشکوتنی ئازادانەی هەمووان[8].

ئیمان، ئیمانێکی زۆر جوانە، بەڵام ئیمانێکە جوانپەرستانە و ڕۆمانتیك، یان بۆ ئەوەی وشەی خودی مارکسمان بەکارهێنا بێت، جۆرێك ((یۆتۆپیاگەرایی)) یان خەیاڵپڵاوە بۆ هێورکردنەوەی ئارەزوو، نەك ((سۆسیالیزمی زانستی)).

مارکس بە هەق لەگەڵ ئەو شتەی بە ((یۆتۆپیاگەرایی)) ناوزەدی دەکرد، بەربەرەکانی دەکرد (بگەڕێنەوە بۆ بەشی نۆیەم). بەڵام لەبەر ئەوەی بۆ خۆی مرۆڤێکی ڕۆمانتیك بوو، لە دەستنیشان کردنی ترسناکترین توخمی نێو یۆتۆپیاگەرایی- واتە هیستریای ڕۆمانتیك و

7. Association

٨. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ دەقی تایبەت بەیادداشتی ٨ هەر لەم بەشەدا.



جوانپەرستی ناعەقڵانی پەنهانی ناوی- دەستە وەستان ماو لە بەرامبەردا، بەڕمی بڕوابوون بە مێژووگەرایی، کەوتە ململانێ لە تەك هەوڵی خاو و پێنەگەیشتووی یۆتۆپیاگەراکان بۆ بەرنامە ڕێژییەکی عەقڵانی. (بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٢١ هەر لەم بەشەدا).

مارکس بە هەموو تیژبینی و وردەیەکی لە بەڵگەخوازی و سەرەڕای هەموو تەقەلاکانی کە بە مەبەستی سوود وەرگرتن لە میتۆدی زانستی ئەنجامی دەدا، لە هەندێ شوێنگەدا مۆڵەتی بەوە دەدا کە هەستی جوانپەرستی و هەستوسۆزی ناعەقڵانی جڵەوی هزرەکانی داگیر بکات.

ئەمڕۆکە ئەم کارە بە هێور کردنەوەی ئارەزوو {یان ئارەزوو لەجیاتی واقعیەت دانان} ناوزەد دەکەن. هێورکردنەوەی ئارەزوو بەشێوازی ڕۆمانتیك یان ناعەقڵانی و تەنانەت عیرفانی، مارکسی بە ئاڕاستەی دەرکردنی ئەم گریمانەیە پەلکێش کرد کە تەنانەت پاش گۆڕانی ڕەوشی چینایەتیش یەکیەتی و یەکگرتوویی کرێکاران پایەدار دەبێت. ئەو شتەی مارکسی بۆ پێشگۆیی دەرکەوتنی حەتمی سۆسیالیزم وروژاند، هێورکردنەوەی ئارەزوو و جۆرە بڕوایەکی عیرفانی بە کۆ و جۆرە دژکردەوەیەکی ناعەقڵانی بوو لە بەرامبەر فشاری شارستانییەتدا.

یەکێك لە توخمەکانی مارکسیزم کە مارکسیستەکان لە هەموو شتێك زیاتر پێشوازی لێ دەکەن، هەر ئەم جۆرە ڕۆمانتیزمەیە کە بۆ نموونە لە پێشکەشی کتێبی **گفتوگۆکانی مۆسکۆ**، نووسینی هێکێر، بە کاریگەرترین شێوە دەربڕدراوە. هێگێر سۆسیالیزم بە جۆرە ((ڕێکیەکی کۆمەڵایەتی)) دەناسێنێت ((کە نابێ لەناویدا دوژمنایەتی چینایەتی و ڕەگەزی هیچ شوێنێکی هەبێت و دەبێ هەمووان سوود لە ڕاستی و چاکی و جوانی وەربگرن)). هەڵبەتە کێ هەیە نەیەوێت دونیا ببێتە بەهەشت؟ بەڵام دەبێ یەکێك لە بەراییترین پرنسیپەکانی سیاسەتی عەقڵیی بەردەوام ئەوە بێت کە **ناشێ دونیا بکرێتە بەهەشت**. لانی کەم لە یەك دوو سەدەی ئایندەدا گۆڕانمان بەرەو فریشتە و گیانی پاك و ئازاد، دوور دێتە بەرچاو. ئێمە بوونەوەرگەلێکین پێمان لە گڵی ئەم دونیایە دایە و کۆتی ئەو شتەین کە مارکس ژیرانە بە گونجان و هەڵکردن لەگەڵ جیهان وەسفی دەکات، بوونەوەرگەلێکین، بەپێی ڕاڤەی دینی مەسیح، لە ڕۆح و جەستە پێك هاتووین. کەواتە، دەبێ خاکەڕێ تر بین. لە سیاسەتیشدا وەك پزیشکی، ئەوەی بەڵێنی زۆرو زەوەند دەدات، ساختەچی و فێڵبازە. لەسەرمانە لە پێناو باشکردنی دۆخەکان تێبکۆشین، بەڵام دەبێ ئەم وێنایە لە خۆمان

دووربکەینەوە کە دەشێ حجر الفلاسفە وەدەست بێنین یان فۆرمۆلێك پەیدا بکەین کە کۆمەڵگای مرۆیی گەندەڵی ئێمە بۆ هەتا هەتایە بکاتە زێرێکی بێ خەوش.

رەگی هەموو ئەمانە، ئەو هیوایەیە کە سەرنجام شەیتان لەم جیهانەوەدەردەنێین کە تێیدا دەژین. ئەفلاتون پێیوابوو ئەگەر شەیتان بۆ چینەکانی خواروتر بتارێنێ (نەفی بکات) و فەرمانڕەوایی بەسەردا بکات، دەگات بە مەبەستی خۆی. ئانارشیستەکان خەونیان بەمەوە دەبینی کە هەرکە دەوڵەت و سیستەمی سیاسیان لەناوبرد، بە ئارمانج و خواستی خۆیان دەگەن. مارکسیش ئەم خەونەی لە هزردا بوو، ئەوەندە نەبێت پێیوابوو بە لەناوبردنی سیستەمی ئابووری، شەیتان لە گۆڕەپان دەردەپەڕێنرێت.

بەشێوەیەکی لاوەکی مەبەست لەم وتانە ئەوە نییە کە تەنانەت ریفۆرم کردن لە بارودۆخەکان (هەرچەندە ریفۆرمی تاڕادەیەك بچووکیش)- وەك ریفۆرم پێك هێنان لە سیستەمی باج یان کەمکردنەوەی رادەی سوود- هەروەها پێشکەوتن- و تەنانەت پێشکەوتنی خێراش- ممکین نییە. تەنیا دەمەوێ جەخت لەسەر ئەم خاڵە بکەمەوەو شێلگیرم کە دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بکەین کە داروخانی هەموو خراپە و ئافاتێك، هەندێ رەنگدانەوەی نەخوازراو لەگەڵ خۆیدا دێنێت و کۆمەڵە شەڕەنگێز و ئافاتێکی نوێ- هەرچەندە لەوانەیە بچووکتر- دروست بکات کە لە ئاستێکی دیکەدا ببێتە هۆی پێك هێنانی فشار و پێویستی بە چارەسەری بە پەلە هەبێت. کەواتە، دووەمین پرنسیپی هەموو سیاسەتێکی ساخلەم و عاقڵانە (بە وتەی کراوس[9]، شاعیر و رەخنەگری ڤییەنناوی) ئەوەیە کە **سیاسەت بە هەرحاڵ بریتییە لە هەڵبژاردنی خراپی و کەمایەسیە بچووکەکان**. دەبێ سیاسەتمەدارەکان غیرەت و پیاوەتیان هەبێت و لەجیاتی حەشاردانی ئەو شەڕەنگێز و ئافاتانەی کە بەناچار لە ئاکامی کارو هەنگاوەکانیان دروست دەبن، هەوڵێ دۆزینەوەیان بدەن، ئەگینا هەڵسەنگاندنی راستی ئەو کەمایەسیانەی دەبێ یەکێکیان لێ هەڵبژێرین، شتێکی چەتوون دەبێت.

٥. سەرەڕای ئەوەی گەرەکم نییە بچمە سەر باسێ لەمەڕ دیالێکتیکی مارکس (بگەڕێنەوە بۆ بەشی سیزدەهەم، یادداشتی ٤)، خراپ نییە ئەوە روون بکەمەوە کە چۆن دەکرێ بە درێژەدانی ئەوەی بە ((بەڵگەخوازی دیالێکتیکی[10])) ناوزەد دەکرێ، بەڵگەخوازی لەڕووی لۆژیکیەوە بێ

9. K. Kraus
10. dialectical reasoning



بەرهەم و نەزۆکی مارکس ((بەهێز)) بکرێت. بەپێی بەڵگەخوازی دیالێکتیکی، تاکە کارێك کە دەبێ ئەنجامی بدەین، وەسف کردنی رەوتگەلی بەرامبەر و دژی هەناوی سەرمایەدارییە بە چەشنێك کە سۆسیالیزم (بۆ نموونە لە بیچمی جۆرە سەرمایەدارییەکی تۆتالیتێری دەوڵەتی) لە شکلی سێنتێزی پێویستی ئەم رەوتانە دەربکەوێت. رەنگە بتوانین ئەم دوو مەیلە بەرامبەرەی سەرمایەداری بەشێوەی لای خوارەوە وەسف بکەین. تێز: مەیل بۆ کەڵەکە کردنی سەرمایە لە دەستی ژمارەیەکی کەمدا، مەیل بۆ پیشەسازی کردن و سپاردنی جڵەوی پیشەسازی بە دەستی بیرۆکراتەکان، مەیل بۆ هاوئاست کردنی کرێکاران لە رووی ئابووری و سایکۆلۆژی و لە رێگای هاوتاکردنی پێداویستی و خواستەکان. **ئەنتی تێز:** هەژاری و بێنەوایی روو لە زیادی جەماوەر، بەرزبوونەوەی ئاگایی چینایەتی ئەمان لە ئاکامی (الف) جەنگی چینایەتی و (ب) پێداگرتنی رۆژ لە دوای رۆژ زیاتری ئەمان لەسەر ئەوە کە لە سیستەمی ئابووری کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا کە چینی کرێکار تاکە چینی بەرهەم هێنەرو هەر بۆیە، تاکە چینی پێویستە و رێزو گرنگی ئەمان لە هەمووان زیاترە. (بگەڕێنەوە بۆ بەشی نۆزدەهەم، یادداشتی ١٥ و بابەتە پەیوەندیدارەکان بەمە لە دەقەکەدا).

هیچ پێویست ناکات ئەوە دەربخەین کە سێنتێزی دڵخوازی مارکسیستەکان چۆن {لەم بەراییانەوە} وەدەست دێت. بەڵام لەوانەیە پێویست بێت ئەوە بخەینەوە بیر کە بچووکترین گۆڕان لە روونکردنەوەی ئەم مەیلە بەرامبەرانەی جەختی لەسەر دەکرێتەوە، رەنگە سێنتێزێکی زۆر جیاواز- و لەڕاستیدا هەر سێنێتزێکی تری کە بمانەوێت- لێ بکەوێتەوە. بۆ نموونە دەتوانین فاشیزم یان رەنگە ((تەکنۆکراسی)) یان دەستوەردانگەرایی بە شێوازی دیموکراتیك وەك سێنتێزی {ئەم مەیلە} وەدەست بێنین.

٦. *براین مێگی سەبارەت بەم پارچەیە وەهای نووسیوە: ((کتێبی **چینی نوێی** جیلاسیش[11] هەر سەبارەت بەم بابەتەیە: تیۆرێکی گشتگیر لەمەڕ راستییەکانی شۆڕشی کۆمۆنیستی، بە خامەی کۆمۆنیستێك کە هەرگیز تۆبەی نەکردووە))*.

٧. مێژووی بزاڤی چینی کرێکار لێوانە لە دژایەتی و پێشانی دەدات کە کرێکاران لە ململانێ بۆ رزگارکردنی چینی خۆیان و تەنانەت لە پێناو ئازادی مرۆڤایەتی، روویان لە گەورەترین

11. (M.) Djilas, the new class.

قوربانی دانەکانیش وەرنەگیراوە. بەڵام گەلێ پاژیش لەم مێژووەدا هەیە کە بەو پەڕی داخەوە باسی خۆپەرستیە ئاساییەکان و گەڕان بەدوای بەرژەوەندی تاقمێك بە زیانی ئەوانیتر دەکات.

هەڵبەتە دەتوانین بە تەواوی لەوە تێبگەین کە فلانە یەکێتی کرێکاری، لەژێر سایەی یەکگرتووی و لە ڕێگای دانووسانی کۆگەلی {لەگەڵ سەرکار} جوێیەتییەکی گەورە بۆ ئەندامەکانی بەدەست دێنێ و بیەوێ ئەم جوێیەتیانە ئەو کەسانە نەگرێتەوە کە ئامادە نەبوونە بێنە ناو ریزی یەکێتیەکەوە و بۆ نموونە مەرجێك لە پەیماننامە کۆگەلیەکاندا بگونجێنێت کە دەبێ تەنیا ئەندامەکانی یەکێتییەکە دابمەزرێن. ئەمە پرسێکی جیایە، ئەو شتەی کە بۆ بەرگری لێکردن ناشێت ئەمەیە کە یەکێتیەك کە لەم ڕێگایەوە مافی مۆنۆپۆلیەکی تایبەتی وەدەست دێنێ، لەوە بەدوا ئیدی هیچ کەسێك بە ئەندام وەرنەگرێت و تەنانەت بەبێ دانانی شێوزایێکی دادپەوەرانە بۆ وەرگرتنی ئەندامی نوێ (وەك پابەند کردنی داواکارەکان بۆ ڕەچاوکردنی نۆرە) هاوڕێ کرێکارەکان لە ئەندامێتی بێ بەش بکات. دەرفەتی سەرهەڵدانی ئەم جۆرە پێشهاتانە خۆی ئەمە دەردەخات کرێکاربوون نابێتە لەمپەر لەبەردەم فەرامۆش کردنی یەکگرتوویی ستەملێکراوەکان و سوود وەرگرتنی تەواو لە جوێیەتی ئابووری و بەهرەکێشی لە هاوڕێ کرێکارەکان.

۸. **مانیفێستی کۆمۆنیست** (**ڕێنما**، ل٤٧= **کۆمەڵە**، بەرگی٦، ل٥٤٦). ئەو پارچەیەی ئەم رستەیەی لێ وەرگیراوە، لە یاداشتی ٤ی ئەم بەشەدا کە ڕۆمانتیزمی مارکسی تێیدا خراوەتە ڕوو، بە چەشنێکی تەواوتر ئاماژەی بۆ کراوە.

۹. زاراوەی ((سەرمایەداری)) زۆر لەوە لێڵ و ناروونترە کە بەسەر قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا ببڕێت. ئەم زاراوەیە لە بنەڕەتدا بە مانای سووکایەتی بەکار دەهات و هێشتاش پاشماوەی ئەم دەلالەتەی لە نەریتی گشتی (بە واتای «سیستەمی لایەنگری قازانجی زۆر و زەوەندی تەمبەڵەکان») پاراستووە، بەڵام لە هەمان کاتدا بە شێوازی زانستی و خاڵی لە بەهادانانیش بە گەلێ مانای جیاواز بەکار دەهێنرێت. لەم ڕوویەوە کە بە بڕوای مارکس، دەتوانین هەموو چەشنە کەڵەکە کردنێکی ئامرازەکانی بەرهەم هێنان بە ((سەرمایە)) ناوزەد بکەین، هەر بۆیە دەتوانین ((سەرمایەداری)) بە مانایەك بە هاو واتای (( بە پیشەسازی کردن)) دابنێین و کۆمەڵگا کۆمۆنیستییەکان کە دەوڵەت تێیاندا خاوەنی هەموو سەرمایەکانە،



بە ((سەرمایەداری دەوڵەتی))[12] ناوزەد بکەین. هەر بۆیە، من پێشنیار دەکەم کە ناوی ((سەرمایەداری هەوسارپچڕاو)) بۆ ئەو قۆناغەی کە مارکس شیکردنەوەی لەسەر کردووە و بە ((سەرمایەداری)) ناوزەدی کردووە، بە کاربێنین و قۆناغی خۆمان بە {قۆناغی} بە ((دەستوەردانگەرایی)) بژمێرین. لەڕاستیدا ((دەستوەردانگەرایی هەر سێ جۆرەکەی ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی سەردەمی خۆمان دەگرێتەوە: دەستوەردانگەرایی لەسەر بنەمای ڕێچکەی کۆیی لە ڕوسیا، دەستوەردانگەرایی بەشێوازی دیموکراتیك لە سوید و ((دیموکراسییە بچووکەکان)) کە بەرنامەی ((دەستی نوێی))[13] ئەمەریکا دەگرێتەوەو سەرەنجام تەنانەت مێتۆدە فاشیستییەکانی ((پۆلێن کردن))ی[14] ئابووری. ئەوەی مارکس بۆ ((سەرمایەداری))- بە مانای سەرمایەداری هەوساریچڕاو- بەکاری دەهێنێت، لە سەدەی بیستەمدا بە تەواوی ((سیس بووە و وشك هەڵاتووە)).

۱۰. ((سۆسیال دیموکراتەکان))ی سوید- واتە ئەو کەسانەی کە ئەم تاقیکردنەوەیان لە وڵاتەکانی خۆیاندا دەست پێکرد- زۆربەیان سەردەمێك مارکسیست بوون. بەڵام پاش ئەوە بڕیاریان دا بەپرسیایەتی حکومەت قبوڵ بکەن و بەرنامەی گەورەی ریفۆرمی کۆمەڵایەتیان دەست پێکرد، تیۆرە مارکسیستەکانیان بەلاوەنا. یەکێك لە لایەنەکانی لاڕێی تاقیکردنەوەی سوید لە مارکسیزم، گرنگی دان بوو بە بەکاربەر و ڕۆڵی هەرەوەزییەکانی بەکاربردن لە بەرامبەر جەخت کردنی دۆگمی مارکسیستەکان لەسەر بەرهەم هێنان. تیۆری ئابووری تەکنەلۆژیکی سویدییەکان زۆر بە قورسی لە ژێر کاریگەری ئەو شتە دایە کە مارکسیستەکان بە ((ئابووری بۆرژوا)) ناوزەدی دەکەن و تیۆری مارکس لەمەڕ ((بەها))وە بە هیچ چەشنێك بەشی پێوە نییە.

۱۱. بۆ ئاگادار بوون لەم بەرنامەیە، بگەڕێنەوە بۆ **ڕێنما**، ل٤٦ (=**کۆمەڵە**، بەرگی ٦، ل٥٤٥). سەبارەت بە بەندی یەکەم، بگەڕێنەوە بۆ بەشی نۆزدەهەم، بابەتەکانی پەیوەندیدار بە یاداشتی ١٥ لە دەقەکەدا.

12. State capitalism
13. New Deal
14. regimentation

شایانی باسە کە مارکس تەنانەت لە یەکێك لە بەتینترین دەربڕینەکانی (لێدوانێك روو بە کۆمەڵگای کۆمۆنیستەکان)[١٥] لکاندنی باج بە داهات بە یەکێك لە شۆڕشگێڕانەترین هەنگاوەکان لە قەڵەم دەدات.لە کۆتاییەکانی ئەم لێدوانەدا، کاتێ کە مارکس تاکتیکە شۆڕشگێڕییەکان کۆ دەکاتەوە و سەرنجام دەگاتە دروشمی ((شۆڕشی بەردەوام))، بۆ نموونە ئاوها دەڵێت: ((ئەگەر دیموکراتەکان پێشنیاری باج بە رێژەی نەگۆڕ[١٦] بکەن، دەبێ کرێکاران خوازیاری باجی روو لە زیاد بن[١٧] و ئەگەر دیموکراتەکان بۆ خۆیان باجی ڕوو لە زیادی نەرم و نیان پێشنیار بکەن، دەبێ کرێکاران شێلگیرانە خوازیاری جۆرە باجێکی لەسەرخۆی[١٨] بە توندی روو لە زیاد بن- بەڕادەیەك روو لە زیاد کە ببێتە هۆی داڕووخانی سەرمایە گەورەکان)) (بگەڕێنەوە بۆ **رێنما**، ل٧٠ بەتایبەتی بۆ بەشی بیستەم، یادداشتی ٤٤).

١٢. بۆ ئاگادار بوون لە بۆچوونی من سەبارەت بە ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی لەسەرەخۆ (تدریجی)یان بەرەبەرە، بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆ بەشی نۆیەم. لەمەڕ دەسوەردان لە کاروباری ئابووری و روونکردنەوەی وردتر لە هەمبەر زاراوەی دەسوەردانگەرایی، بگەڕێنەوە بۆ ئەم بەشە، یادداشتی ٩ و بابەتە پەیوەندیدارەکان بەمەوە لە دەقەکەدا.

١٣. بەبڕوای من ئەم رەخنەیە لە مارکسیزم زۆر گرنگە و لە کتێبەکەی مندا، **هەژاری مێژووییەتی**، پاژەکانی ١٧ و ١٨، ئاماژەی بۆ کراوە. هەروەك لەوێدا گوتوومە، تەنیا دەکرێ بە پشت بەستن بە تیۆری ئەخلاقی مێژوویی بەرسڤی ئەم رەخنەیە بدرێتەوە. بەڵام بە بڕوای من، مارکسیزم تەنیا بەمەرجێك دەتوانێ لەم تۆمەتە رزگاری بێت کە برەو بە ((**باوەڕ هێنان بە موعجیزەی سیاسی**)) دەدات، کە ئەم قبوڵبکات[١٩]. (زاراوەی ((باوەڕهێنان بە موعجیزەی سیاسی)) هی یولیوس کرافتە. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتەکانی ٤ و ٢١ هەر لەم بەشەدا.

١٤. سەبارەت بە پرسی سازش، بگەڕێنەوەبۆ بەشی نۆیەم، کۆتایی ئەو بەندەی کە یادداشتی ٣ تایبەتە بەو. لە بەشی نۆیەم و لە **هەژاری مێژووییەتیدا** (بەتایبەتی وێرای

15. Address to the communist league (1850)
16. Proportional taxation
17. progressive taxation
18. graduted tax

١٩. بەراوردی بکەن لەگەڵ بەشی بیست و دووەم، بەتایبەتی یادداشتی٥و یادداشتەکانی دواترو بابەتە پەیوەستەکانی ئەم یادداشتە لە دەقەکەدا.



رەخنەگرتن لە رێبازی گشتگەرایی) پاساو بۆ ئەم وتەیە هێنراوەتەوە کە ((ئەو بۆ گشت کۆمەڵگا بەنامە داناڕێژێت)).

١٥. فون هایك (بۆ نموونە لە کتێبی **ئازادی و سیستەمی ئابووری**) جەخت لەسەر ئەم خاڵە دەکاتەوە کە ((ئابووری بەرنامە بۆ داڕێژراوی)) چەقبەستوو، بەناچار لەخۆگری کارەساتاویترین مەترسییە بۆ سەر ئازادی تاکەکەسی. بەڵام لەهەمان کاتدا بیرمان دەخاتەوە کە **بەرنامەڕێژی بۆ ئازادی** پێویستە. ({کارل} مانهایمیش لە پەرتووکی **مرۆڤ و کۆمەڵگا لە سەردەمی بوونیاتنانەوەدا**[٢٠]، لایەنگری لە ((بەرنامەڕێژی بۆ ئازادی)) دەکات. بەڵام لەبەرئەوەی وێناکەی بۆ ((بەرنامەڕێژی)) بێگومان لەسەر بنەمای **کۆگەرایی و گشتگەرایی** دامەزراوە، هەر بۆیە بەڕوای من، حەتمەن ملهوڕی لێدەکەوێتەوە نەك ئازادی. ((ئازادی)) مانهایمیش وەك ((ئازادی)) هێگلە و لەو دەرکێشراوە. بگەڕێنەوە بۆ کۆتاییەکانی بەشی بیست و سێیەم و **هەژاری مێژووییەتی**).

١٦. دژایەتی نێوان تیۆری مێژوویی مارکسیزم راستییە مێژووییەکانی رووسیا، لە بەشی پازدەهەم یادداشتەکانی ١٣ و ١٤ و دەقەکەدا تاوتوێ کراوە.

١٧. ئەمەش دژایەتییەکی دیکە لە نێوان تیۆری مارکسیستی و ئەوەی بە کردەوە لە مێژوودا روو دەدات. دژایەتی دووەم، بۆ جیاکردنەوە لەو دژایەتییەی کە لە یادداشتی پێشوودا ئاماژەمان بۆ کرد، بۆتە هۆکاری گەلێ مشتومڕ و ژمارەیەك هەوڵیان داوە بە یارمەتی وەرگرتن لە گریمانە لاوەکییەکان، پرسەکە روون بکەنەوە. گرنگترینی ئەم جۆرە گریمانانە بۆ ئیمپڕیالیزم و بەهرەکێشی کۆلۆنیالی دەگەڕێتەوە. بەپێی ئەم تیۆرە، لەو وڵاتانەی کە پرۆلیتاریا لەگەڵ سەرمایەدارەکان دەست تێکەڵ دەکەن بۆ ئەوەی ئەو شتەی کە نەك خۆی بەڵکو خەڵکی خۆجێیی ستەملێکراوی وڵاتە کۆلۆنی کراوەکان چاندوویانە، بدروێتەوە، گۆڕانکاری بە ئاڕاستەی شۆڕش تووشی ئاستەنگ دەبێت. بەشی بیستەم (دەقی تایبەت بە یادداشتی ٣٧ تا ٤٠)، سەبارەت بەم گریمانەیە- کە بێگومان گۆڕانکاری ((دیموکراسییە بچووکە)) نائیمپڕالیستییەکان پووچەڵیەکەی دەسەلمێنێ- بە دوورو درێژی دەدوێین.

20. (K) Mannheim, Man and society in an Age of Reconstruction, 1941.

بەشێکی زۆر لە سۆسیال دیموکراتەکان، بە پەیڕەوی کردن لە پرۆژەی مارکس،ڕاڤەکەیان بەم جۆرە بوو کە شۆڕشی رووسیا، ((شۆڕشێکی بۆرژوازی)) دێرپێگەیشتووە کە لە ئاکامی جۆرە گەشەسەندنێکی ئابووری هاوچەشنی ((شۆڕشی پیشەسازی)) لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، رووی داوە. هەڵبەتە لەم راڤەیەدا گریمانەکە لەسەر ئەوە دامەزراوە کە مێژوو هیچ چارەی نییە جگە لەوەی لەگەڵ پرۆژەکەی مارکسدا بگونجێت. بەڵام لەڕاستیدا، ئەم جۆرە کێشە بنەڕەتییە- سەبارەت بەوە کە ئایا شۆڕشی رووسیا، شۆڕشێکی پیشەسازی دێرپێگەیشتوو بوو یان ((شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی)) زوو پێگەشتوو- تەنیا ناکۆکی لەسەر وشەکانە و ئەگەر کێشە لە هەناوی مارکسیزمدا پێك دێنێ، هەر ئەمە خۆی دەریدەخات کە مارکسیزم بۆ وەسف کردنی ئەو رووداوانەی کە دامەزرێنەرەکانی پێشبینیان نەکردبوو، تووشی کێشەو گرفتی زمانەوانی دەبێت.

١٨. راستە رێبەرە {سۆسیال دیموکرات}کان باوەڕێکی سۆزاویان لەنێو لایەنگرەکانیان دەرهەق بەو پەیامەی هەیانبوو- واتە رزگارکردنی مرۆڤ- خولقاندبوو، بەڵام هاوکات لێپرساوێی تێکشکانی کۆتایی سیاسەتەکانیان و لەبەریەك هەڵوەشانی بزاڤەکەش بوون. تێك شکانی ئەم سیاسەتانە بەشێوەیەکی سەرەکی هۆبەندی (معلول) هەست نەکردن بە بەرپرسایەتی هزری بوو. رێبەرەکان کرێکارانیان دڵنیا کردبۆوە کە مارکسیزم زانستە و بزاڤەکە لە رووی هزری و عەقڵیەوە لەژێر دەستی باشترین کەسەکان دایە. بەڵام هەرگیز هەڵوێستێکی زانستی- واتە هەڵوێستێکی هەڵسەنگێنەرانەو رەخنەگرانەیان- لەبەرامبەر مارکسیزمدا وەرنەگرت. تەنیا دڵیان بەوەندە خۆش کردبوو کە چەمکە گشتییەکانی مارکسیزم بەسەر حاڵەتە تایبەتییەکاندا پراکتیکە بکەن و (چ ئیشێك لەمە ئاسانترە؟) و لە وتار و لێدوانەکانیاندا خەریکی راڤەکردنی مێژوو بن. (هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتگەلی ١٩ و ٢٢ هەر لەم بەشەدا).

١٩. تەنانەت بەر لە دەرکەوتنی فاشیزم لە ئەوروپای ناوەندی، چەندین ساڵ بوو کە بە چەشنێکی هەست پێکراو، رۆحی تێك شکان بەسەر رێبەرە سۆسیال دیموکراتەکاندا زاڵ ببوو. کێشەکە لێرەوە دەستی پێکرد کە ئەوان لەسەر ئەو بڕوایە بوون فاشیزم قۆناغێکی حەتمیە لە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیدا. یاخود بە جۆرێکی تر، دەستیان کرد بە هەندێ چاکسازی و راست کردنەوەی پرۆژەی مارکس، بەڵام هەرگیز گومانیان لە راست و دروستی میتۆدی مێژووگەرایی



نەکرد و هیچ کاتێ ئەمەیان بۆ دەرنەکەوت کە پرسیارێکی لەم جۆرە ((ئایا فاشیزم بەڕاستی قۆناغێکی حەتمیە لە پەرەسەندنی شارستانیەت؟)) رەنگە بە تەواوی گومڕاکەر بێت.

٢٠. بزاڤی مارکسیزم لە ئەوروپای ناوەندی، بە کەمی لە مێژوودا پێشینەی هەبووە، چونکە سەرەڕای ئیلحادو رەدکردنەوەی ئیمان بەخوا، دەبووایە بەڕاستی بە بزووتنەوەیەکی گەورەی ئایینی لە قەڵەم بدرێ. (رەنگە ئەو دەستەیە لە رۆشنبیران کە مارکسیزم بە جدی ناگرن، گرنگی بەم خاڵە بدەن). هەڵبەتە بزاڤەکە لە زۆر لایەنەوە خەسڵەتی کۆگەلی خێڵەکی هەبوو، بەڵام هەر چۆنێك بێت بزووتنەوەیەکی لە نێوان کرێکاراندا دروست کرد و فێری کردن کە لە پێناو ئەو ئەرکەی لەبەردەمیانە خۆیان پەروەردە بکەن و ئاستی هۆگری و پشوودانەکانیان ببەنە سەر و خۆ لە کۆت و بەندەکان رزگار بکەن و لەجیاتی خواردنەوە ئەلکولیەکان خەریکی شاخەوانی بن و مۆسیقای کلاسیك لە جێگەی مۆسیقای سەما دابنێن و لەجیاتی چیرۆکە هەژێنەرەکان کتێبی جدی بخوێننەوە و باوەڕ بەوە بێنن کە ((رزگاری چینی کرێکار تەنیا بەدەستی کرێکاران بە ئەنجام دەگات)). (لەمەڕ کاریگەری قوڵی ئەم بزاڤە لەسەر هەندێ لەچاودێرەکان، بۆ نموونە بگەڕێنەوە بۆ کتێبی گێدای، قەڵا رووخاوەکان)[٢١].

٢١. ئەو دەستەواژانەی وەرمانگرتووە هی دیباچەی مارکسە بۆ چاپی دووەمی سەرمایە (سەرمایە، ل٨٧٠، هەروەها بەشی سێزدەهەم، یادداشتی ٦) و دەریدەخات کە چەندە بەخت یارویاوەری بووە کە رەخنەگری ئەوتۆ خەریکی توێژینەوە بوونە لەسەر کارەکانی.

لە <u>**جەنگی ناوخۆی فەرەنساشدا**</u>[٢٢] (<u>**رێنما**</u>، ل١٠٥) پارچەیەکی زۆر سەرنجڕاکێش بەرچاو دەکەوێت کە تێیدا، مارکس دژایەتی خۆی لەگەڵ یۆتۆپیاگەرایی و بیروباوەڕی لەهەمبەر مێژووگەرایی دەردەبڕێ و بە زمانی داکۆکی لێکردن و پەسندکردن، لەمەڕ ((کۆمۆن))ی ١٨٧١ی پاریس ئاوها دەنووسێ: ((چینی کرێکار چاوەڕوانی موعجیزەی لە کۆمۆن نەدەکرد. {چینی کرێکار} یۆتۆپیایەکی ئامادەی نییە بیەوێت بە فەرمانێك خەڵك بێنێتە ناو مەیدانەوە. دەزانێ بۆ رزگاری خۆی و لە هەمان کاتدا، گەیشتن بە فۆرمێکی بەرزتر[٢٣] کە کۆمەڵگای ئێستای ئێمە بە چەشنێکی حەتمی بەو ئاڕاستەیە لە جووڵە دایە ... دەبێ

21. G.E.R. Gedye, fallen Bastions (1939).
22. Karl Marx, The civil war in france (der Buergerkrieg in frankreich, A. Willaschek, Hamburg, 1920, pp. 65-66.
23. Higher forms

تێکۆشانی دوورودرێژ و پرۆسسی مێژوویی یەك لە دوای یەك تێپەڕ بکات و هەم هەلومەرجەکان بگۆڕێ و هەم مرۆڤەکان. {چینی کرێکار} لە هەوڵی وەدیهێنانی هیچ ئایدیایەکدا نییە جگە لە ئازادکردنی توخم و بەشەکانی کۆمەڵگایەکی نوێ کە کۆمەڵگای کۆن و روو لە ڕووخانی بۆرژوازی لێیان ئاوسە)). کەم پارچەی مارکس هەیە کە بەم جۆرە بێ بەرنامەییەکی روون و ئاشکرا دەربخات کە سەرچاوەکەی بۆ باوەڕهێنان بە مێژووگەرایی دەگەڕێتەوە. مارکس دەڵێت: ((دەبێ {چینی کرێکار} تێکۆشانی دوور و درێژ تێپەڕ بکات))، تاد. بەڵام ئەگەر بەپێی وتەکانی خۆی، {چینی کرێکار} هیچ بەرنامەیەکی نییە جێبەجێ بکات و ((لە هەوڵی وەدیهێنانی هیچ ئایدیایەکدا نییە))، کەواتە بۆچی تێدەکۆشی؟ مارکس دەڵێ: ((چینی کرێکار چاوەڕوانی موعجیزە نەبوو))، بەڵام ئاشکرایە خۆی چاوەڕوانی موعجیزە بوو، چونکە پێیوا بوو ململانێی مێژوویی ((بە چەشنێکی حەتمی)) بە ئاڕاستەی ((فۆڕمێکی بەرزتر)) بەرەو پێش دەچێت. (بگەڕێنەوە بۆ یادداشتەکانی ٤ و ١٣ هەر لەم بەشەدا). هەڵبەتە تاڕادەیەك مارکس لەسەر هەق بوو، کاتێ خۆی لە هاتنە ناو بەستێنی ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی دەبووارد. گومانی تێدا نییە کە رێکخستنی کرێکاران گرنگترین ئەرکی کردەیی سەردەمی ئەو بوو. ئەگەر پوزش خواستن بەم بیانووە گوماناوییە کە ((هێشتا کاتی نەهاتووە)) تەنانەت یەك کەڕەتیش بۆ چاوپۆشی لێکردن بشێت، ئەوا لەگەڵ مارکس دەگونجێ کە نەیدەویست وەك هونەرنوێنی بچێتە ناو پرسی ئەندازیاریی کۆمەڵایەتییەوە لە پانتایی پلان دانانی عەقڵانی بۆ دەزگاکان. (بۆ ئەوەی بزانین ئەو لەسەر هەق بووە، ئەوەندە بەسە کە پێشنیارە یۆتۆپییە منداڵانەکان بێنینە بەرچاوی خۆمان کە خەڵکانێکی زۆر و یەك لەوان بلامی[٢٤]، تاکو ئەمڕۆ خستویانەتە ڕوو). بەڵام بەو پەڕی داخ و پەژارەوە، مارکس بۆ سەلماندنی راستیی ئەم دەرکە شهودییە سیاسیە، لەڕووی تیۆرییەوە هێرشی کردە سەر تەکنەلۆژیای کۆمەڵایەتی و ئەمەش خۆی بوو بە بیانوویەك لای پەیڕەوکارە دۆگماتیست و وشك هەڵاتووەکان کە تەنانەت ئەمڕۆکەش کە بارودۆخەکان گۆڕانیان بەسەر داهاتووە و گرنگی تەکنەلۆژیای سیاسی تەنانەت لە رێکخستنی کرێکارانیش زیاتر بووە، لێرەو لەوێ درێژە بە هەمان شێوازی بیرکردنەوە دەدرێت.

24. A. Bellamy



٢٢. رێبەرە مارکسیستەکان رووداوەکانیان بە هەوراز و نشێوی دیالێکتێکی مێژوو راڤە دەکرد و لەجیاتی ئەوەی رێبەرایەتی کاری سیاسی بکەن، ببوون بە رێنوێنی شاخ و دەشتەکانی مێژوو. ك.کراوس (ئەو شاعیرەی لە یادداشتی ٤ی ئەم بەشەدا ناومان هێنا) ئەو کەسانەی ترۆکردووە کە لەجیاتی شەڕکردن لەگەڵ رووداوە ترسناکە مێژووییەکان، راڤە و شرۆڤەکردنی مێژوویان کردۆتە پیشەی خۆیان.

# بەشی نۆزدەهەم

١. **سەرمایە**، ل٨٤٦ = **ڕێنما**، ل٤٠٣.

٢. مارکس و ئینگڵس، **مانیفێستی کۆمۆنیست**. (**ڕێنما**، ل٣١ = **کۆمەڵە**، بەرگی٦، ل٥٣٣).

٣. **سەرمایە**، ل٥٤٧ = **ڕێنمان**، ل٥٦٠ (ئەو شوێنەی لینین ئەم وتەیە وەردەگرێت).

سەبارەت بە ((خربوونەوەی سەرمایە)) (کە من بە ((خربوونەوەی سەرمایە لە دەستی ژمارەیەکی کەمدا)) وەرمگێڕاوە) پێویستە روون کردنەوەیەك بخەمەڕوو.

لە چاپی سێیەمی **سەرمایەدا**، مارکس جیاوازی {لە نێوان سێ زاراوە} دادەنێت: (الف) **کەڵەکە بوونی** سەرمایە کە مەبەست لەم زاراوەیە تەنیا گەشەی تێکڕای بڕی شمەکە سەرمایییەکانە[1] لە زەمینەیەکی تایبەتیدا، (ب) **خڕبوونەوەی** سەرمایە کە مەبەست لێی (**سەرمایە**، ل ٦٨٩-٦٩٠) گەشەی ئاسایی سەرمایەیە لە دەست یەك بەیەکی سەرمایەدارەکان کە لە مەیلی گشتی بۆ کەڵەکە کردن سەرچاوە دەگرێ و هەر کام لەمانە بەسەر ژمارەیەکی روو لە زیادی کرێکاردا زاڵ دەکات، (ج) **چەقبەستنی** سەرمایە بە مانای (**سەرمایە**، ل٦٩١) جۆرە گەشەیەکی سەرمایە کە سەرچاوەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەندێ لەسەرمایەدارەکان خاوەندارێتی لە هەندێ سەرمایەداری دیکە دەسێننەوە. (بە وتەی مارکس: «هەر سەرمایەدارێك بەشێکی زۆر لە هاوگروپەکانی خۆی لەناو دەبات»).

لە چاپی دووەمدا، مارکس هێشتا جیاوازی لە نێوان خڕبوونەوەو چەقبەستن دانەنابوو و زاراوەی ((خڕبوونەوەی)) بۆ هەردوو مانای (ب) و (ج) بەکاردەهێنا. لە چاپی سێیەمدا (ل ٦٩١) بۆ

1. Capital goods



پێشان دانی ئەم جیاوازییە، دەنووسێت: ((لێرەدا بەجیاکردنەوە لە کەڵەکەبوون و خڕبوونەوە، لەگەڵ چەقبەستی راستەقینەدا بەرەو ڕووین))، ئەوە لەکاتێك دایە کە هەر لێرەدا لە چاپی دووەمدا نووسیبووی: ((لێرەدا بە جیاکردنەوە لە کەڵەکە بوون، لەگەڵ خڕبوونەوەی راستەقینەدا بەرەو رووین)). بەڵام ئەم راست کردنەوەیە تەنیا لە چەند شوێنێك ئەنجام دراوە (بۆ نموونە ل ٦٩٠-٦٩٣ و ٨٤٦) نەك لە هەموو کتێبەکەدا. لەو پارچەیەی کە لە دەقەکەدا ئاماژەم بۆ کردووە، وشەکان هەر ئەو وشانەن کە لە چاپی دووەم نووسراوە. لەو پاراگرافەی کە لە لاپەڕەی ٨٤٦ی سەرمایە لە دەقی تایبەت بە یادداشتی ١٥ ئەم بەشەدا وەرمگرتووە، مارکس ((چەقبەستن))ی لە جیاتی ((خڕبوونەوە)) بەکارهێناوە.

٤. مارکس، **هەژدەی برۆمێری {لویس بوناپارت}**[2] (= **ڕێنما**، ل١٢٣). ((کۆماری بۆرژوایی سەرکەوت. خانەدانی {بازاڕی} دارایی و بۆرژوازی پیشەسازی و چینی ناوەڕاست[3] و وردە بۆرژوازی و سوپا و لۆمپێن پرۆلیتاریا[4] (کە بەشێوەی گاردێکی ئامادە ڕێکخرابوو) و **رۆشنبیرە ناسراوەکان** و قەشەکان و دانیشتووانی لادێ، هەر هەموویان پشتی کۆماریان گرتبوو. هیچ کەسێك لایەنگری لە پرۆلیتاریای پاریس نەکرد جگە لە پرۆلیتاریا نەبێت)).

لە بوارێکدا وتەکانی مارکس سەبارەت بە ((بەرهەم هێنەرە لادێیەکان)) هێندی ساویلکانەیە کە جێگەی سەرسوڕمانە. بڕوانە سەر بەشی بیستەم، یادداشتی ٤٣.

٥. بگەڕێنەوە بۆ بەشی هەژدەیەم، یادداشتی ١١.

٦. هەڵبسەنگێنن لەگەڵ ئەوەی لەسەرەوە لە یادداشتی ٤- بەتایبەتی لەمەڕ چینی ناوەڕاست و ((رۆشنبیرە ناسراوەکان))- وتراوە.

لەمەڕ ((گیرە شێوێن {لۆمپێن} پرۆلیتاریا)) بگەڕێنەوە بۆ هەمان نووسین و هەروەها **سەرمایە**، ل٧١١ بۆ دواوە (کە ئەم زاراوەیە لەوێدا بە ((پرۆلیتاریای شڕەپۆش))[5] وەرگێڕدراوە.

2. Karl Marx, Eighteenth Brumaire (Der Achzehnte Brumaire des Louise Bonaparte, verla fuer literature and politik. Wien- Berlin, 1927, pp. 28-29)
3. middle class
٤. Rabble proletariat لەوەرگێڕانی چاپی مۆسکۆدا: لومپێن پرۆلیتاریا Lumpen proletariat
5. Tatterdemalion proletariat

٧. سەبارەت بە زاراوەی ((ئاگایی چینایەتی)) بە مانا مارکسیەکەی، بگەڕێنەوە بۆ بەشی شازدەهەم، کۆتاییەکانی بڕگەی ١.

جگە لە ئەگەری سەرهەڵدانی ڕۆحی تێك شکان کە لە دەقەکەدا ئاماژەمان بۆ کرد، هەندێ شتی تریش لە ئارادایە کە ڕەنگە ئاگایی چینایەتی کرێکاران لەرزۆك بکات و ببێتە هۆی دووبەرەکی لە نێو چینی کرێکاردا. بۆ نموونە لینین ئاماژە بەوە دەکات کە لەوانەیە ئیمپریالیزم پشکێك لە غەنیمەتەکانی خۆی بدات بە کرێکاران و تووشی چەند دەستەییان بکات (**ڕێنما**، ل٧٠٧= و ١٠. لینین، **ئیمپریالیزم بەرزترین قۆناغی سەرمایەداری**[٦]، ك ب ل، بەرگی ١٥، ل٩٦، هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٤٠ لە بەشی بیستەم). دەنووسێت: ((... لە بەریتانیای مەزندا، حەزی ئیمپریالیزم بۆ دروست کردنی چەند دەستەیی لە نێو کرێکاران و بەهێزکردنی {مۆرەی} هەلپەرست لەنێویاندا و پێك هێنانی گەندەڵی کاتەکی لە بزاڤی چینی کرێکار، گەلێ زووتر لە کۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدە بیست دەرکەوتبوو)).

پارکس لە شیکردنەوەی لێزانانەی خۆیدا لەژێر ناوی **پشکنینی مارکسیزم پاش مەرگ**[٧] (کە لە ژێر ناونیشانی **ئۆتوفیزی مارکسیزمیشدا**[٨] بڵاوکراوەتەوە) ڕاستی بۆچووە کە بە تەواوی ئەگەری ئەوە هەیە وەبەرهێنەران و کرێکاران بۆ بەهرەکێشی لە بەرکاربەرەکان دەست بخەنە ناو دەستی یەکتر لە پیشەسازییە پشتیوانی لێکراوەکان یان مۆنۆپۆل کراوەکان، و لە غەنیمەتەکاندا ببنە هاوبەش. ئەم ئەگەرە دەریدەخات کە مارکس زیادەڕۆیی دەکات لە جەخت کردن لەسەر دژایەتی بەرژەوەندی کرێکاران و وەبەرهێنەران.

هەروەها شایانی وەبیرهێنانەوەیە کە زۆربەی حکومەتەکان حەز دەکەن هەمیشە ئاسانترین ڕێگا هەڵبژێرین و لەوانەیە ئەم حەزە ئەم ئاکامانەی خوارەوەی لێ بکەوێتەوە. لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵگاکانی ئێستادا، کرێکار و وەبەرهێنەرەکان زۆربەی کات لە ڕووی ڕێکخراو و دەسەڵاتی سیاسییەوە بەسەر گروپەکانی تردا ئەفزەڵیەتیان هەیە، ڕەنگە حکومەت بە ئاسانی لەجیاتی ڕاکێشانی ڕەزامەندی بەکاربەر، مەیلی و هەبێت بۆ ڕازی کردنی ئەم دوو گروپە و لەم ڕێگەیەوە تووشی هیچ چەشنە ئازاری ویژدانێکیش نابێت و لای خۆی بەم جۆرە بەڵگەخوازی دەکات،

6. V.L. Lenin, imperialism the highest stage of capitalism.
7. H.B. Parkes, Marxism- A post Mortem (1940)
8. Marxism- An Autopsy.



لەبەر ئەوەی لەم ڕێگایەوە ئاشتی و هێمنی لەنێوان دوو دەستەدا پێك هێناوە کە لە هەمووان زیاتر لە کۆمەڵگادا دوژمنایەتی و دژایەتیان هەیە، هەر بۆیە سیاسەتەکەی زۆر باش بووە.

٨. بگەڕێنەوە بۆ دەقی تایبەت بە یادداشتەکانی ١٧ و ١٨ هەر لەم بەشەدا.

٩. هەندێ لە مارکسیستەکان ئازایەتییەکی ئەوتۆ لە خۆیان پێشان دەدەن و دەڵێن ئەو ڕەنج و کوێرەوەرییەی لە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی توندوتیژەوە سەرچاوە دەگرێ زۆر کەمترە لەو شەرەنگێزی و ئافاتە بەردەوامەی کە بە خودی ئەو شتەی بە ((سەرمایەداری)) ناوزەدی دەکەن، ئاوێزانە. (بگەڕێنەوە بۆ **مارکسیزم و سەرمایەداری** نووسینی ل.لورا[٩]، لورا ڕەخنە لە سیدنی هوك دەگرێ چونکە لە کتێبەکەیدا، **بۆ تێگەیشتن لە مارکس**[١٠]، بڕوای بەم جۆرە بیروبۆچوونە بووە). ئەم جۆرە مارکسیستانە ڕوونی ناکەنەوە کە بنچینەی زانستی ئەم مەزەندە-یان بێ پەردەتر قسە بکەین، ئەم غەیبیبێژییە تەواو بەری لە بەرپرسایەتییە- چییە.

١٠. ئینگڵس لە پارچەیەکدا کە ئاشکرایە بیری هێگل کەوتۆتەوە، سەبارەت بە مارکس دەنووسێ: ((بێ ئەوەی پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زیاتر هەبێت ئاشکرایە ئەگەر شت و نسبەتەکانی بەرامبەریان لەجیاتی ئەوەی بەجێگیر دابنێین، بە گۆڕاو گریمانەیان بکەین، ئەو شێوانەی کە سەبارەت بە مانە لە هزرماندا پێك دێن، واتە وێناکردنیان، تووشی گۆڕان و ئاڵوگۆڕ دەبێت. لە جیاتی ئەوەی بمانەوێ بە تۆبزی لە قەفەزی پێناسەی وشك و ڕەقدا جێگەیان بۆ بکەینەوە، دەبێ بەپێی حاڵەت هەوڵ بدەین بەپێی تایبەتمەندی مێژوویی یان لۆژیکی ئەو ڕەوتەی فۆرمی پێ بەخشیوە، هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکەین)). (دیباچەی ئینگڵس بۆ **سەرمایە (ئەڵمانی)**، (١/III، لXVI).

١١. هۆکاری نزیکەیی بوونی ئەم جیاکردنەوەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەندێ کات کۆمۆنیستەکان بڕوا بە لایەنی میانەڕۆتری تیۆرەکە دێنن. ئەم خاڵە بەتایبەتی بۆ ئەو وڵاتانە ڕاستە کە سۆسیال دیموکراتی لایەنگری ئەم لایەنەی ئاماژەمان بۆ کرد بوونیان نەبێت. بۆ نموونە بگەڕێنەوە بۆ دەقی تایبەت بە یادداشتی ٢٦ هەر لەم بەشەدا.

9. L. Laurat, Marxism and Democracy. Trans. E.Fitzgerald, 1940; p. 38, note 2.
10. Sidney Hook, Towards an understanding of Marx.

١٢. لەگەڵ بەشی حەڤدەهەمدا هەڵیبسەنگێنن، یادداشتەکانی ٤ و ٥، بابەتە پەیوەندیدارەکانی دەقەکە، هەروەها یادداشتگەلی ١٤ و ١٧ و ١٨ هەر لەم بەشەدا و ئەوەی لە دەقەکەدا لە بڕگەی تایبەت بەم یادداشتانە وتراوە.

١٣. هەڵبەتە لە نێوان ئەم دووانەدا، هەڵوێستی تریش لە ئارادایە و بیری میانڕۆتری وەك ((پیاچوونەوە خوازی)) برنشستاین[11]-یش بوونی هەیە کە یەکڕاست دەست لە مارکسیزم دەشوات و لە ڕاستیدا تەنیا لایەنگری جۆرە بزاڤێکی کرێکاریی دیموکرات و ئاشتیخوازە.

١٤. هەڵبەتە بڕوا هێنان بەم ڕەوتی گۆڕانکارییە لە مارکسدا، تەنیا پشت بەڕاڤە دەبەستێ، ئەویش راڤەیەك کە هێندە رازیکەر نییە. راستیەکەی ئەوەیە کە وتەکانی مارکس هەمیشە لەگەڵ یەکتردا ناگونجێن و زاراوەگەلی وەك ((شۆڕش)) و ((زۆرەملێ)) و ((توندوتیژی)) بەشێوەیەکی رێك و پێك بە مانایەکی توێکڵدار {دووڕوویی} بەکار دەهێنێت. مێژوو لە سەردەمی ژیانی مارکسدا بەپێی گەلاڵەکانی بەرەو پێش نەدەچوو و هەر بۆیە بەناچار هەڵوێستی ئەوتۆی وەردەگرت. ڕەوتی مێژوو تەنیا لەم ڕوویەوە لەگەڵ تیۆری مارکسدا هاوجووت بوو کە مەیلێکی ئاشکرای بەرەو دووربوونەوە لەو شتەی مارکس بە ((سەرمایەداری)) ناوزەدی دەکرد- واتە لەڕاستیدا دوور کەوتنەوە لە پرنسیپی ((دەستێوەرنەدان))- پێشان دەدا. مارکس چەندین کەڕەت- و یەك لەوان لە دیباچەی چاپی یەکەمی <u>سەرمایەدا</u>- بە دڵخۆشییەوە ئاماژەی بەم مەیلەکردووە (بگەڕێنەوە بۆ ئەو رستانەی کە لە یادداشتی ١٦ی ئەم بەشە وەرگیراوە و هەروەها بابەتە پەیوەندیدارەکان بەم پرسەوە لە دەقەکەدا). بەڵام هەر ئەم مەیلە (بۆ دەستێوەردان)، بە پێچەوانەی تیۆری مارکس، یارمەتی باشکردنی بارودۆخی کرێکارانیشی دەکرد و لەم رێگایەوە ئەگەری ڕوودانی شۆڕشی کەم دەکردەوە. درندۆنگی و دوو دڵی و راڤە توێکڵدارەکانی مارکس بۆ رێنماییەکانی خۆی، رەنگە لەم بارودۆخە سەرچاوەیان گرتبێت.

---

١١. Eduard Bernstein (١٨٥٠-١٩٣٢) تیۆریسیەنی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیو داڕێژەری تیۆری سۆسیالیزمی پەرەسەندنی (لەبەرانبەر سۆسیالیزمی شۆڕشگێڕانە) کە خوازیاری پیاچوونەوە بووبە رێنماییەکانی مارکس بەپێی ئالوگۆڕەکانی سەردەم (لەدەقە سەرەکییەکەدا، یەکەمین پیتی ناوی بچووکی نووسراوە A کە راست نییە).



شایەتی ئەم مانایە دووپاراگرافی وتەکانیەتی کە یەکەمیانمان لە یەکێك لە بەرهەمە کۆنەکانی و دووەمیانمان لە یەکێك لە کارەکانی دواتری وەرگرتووە. پارچەی یەکەم لە **<u>لێدوان روو بە کۆمەڵگای کۆمۆنیستەکان</u>** (١٨٥٠) وەرگیراوە (<u>رێنما</u>، ل٦٠ بەدواوە = **<u>مانگنامەی کار</u>**[12]، سێپتامبەری ١٩٢٢، ل١٣٦ بەدواوە) لەڕووی لایەنە زانستییەکەیەوە سەنجڕاکێشە. گریمانەی مارکس ئەوەیە کە کرێکاران، دەست لەناو دەستی دیموکراتە بۆرژواکان لە شەڕی دژی فیۆدالیزم سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە و رژێمێکی دیموکراتیکیان دامەزراندووە. مارکس شێلگیرانە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە لەوە بەدوا، دەبێ دروشمی جەنگی کرێکاران ((<u>شۆڕشی بەردەوام</u>)) بێت، پاشان هەڵدەستێ بە شیکردنەوەی مانای ئەم دروشمە (ل٦٦): ((دەبێ {کرێکاران} بە جۆرێك بجولێنەوە کە هەڵچوونی شۆڕشگێڕی یەکڕاست پاش سەرکەوتن دانەمرکێتەوە. دەبێ تا ئەو کاتەی دەشێت پارێزگاری لەم هەڵچوونە بکەن. نەك هەر دەبێ خۆ لە دژایەتی کردن لەگەڵ (بەناو) زێدەڕۆیی ببوێرن- وەك قوربانی کردنی کەسانی بەدناو یان مێنۆمێنتی وەبیرهێنەری یادگاری نەفرەت خولقێن لە پێناو تێرکردنی هەستی تۆڵەسەندنەوەی جەماوەر- و نەك هەر دەبێ لەگەڵ ئەم جۆرە کارانەدا هەڵبکەن، بەڵکو دەبێ خۆیان رێبەرایەتی و بەڕێوەبردنی ئەم جموجۆڵانە بگرنە دەست بۆ ئەوەی ببێتە پەندو عیبرەت بۆ ئەوانی تر)). (هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٣٥(١) هەر لەم بەشەدا و یادداشتی ٤٤ لە بەشی بیستەمدا).

لە بەرامبەردا، بۆ ئاماژەکردن بە وتەیەکی میانڕوترانەی مارکس، ئەم پەرەگرافەی خوارەوەمان هەڵبژاردووە کە لە **<u>لێدوان روو بە ئینتەرناسیۆنالی یەکەم</u>**[13] کە لە ساڵی ١٨٧٢ لە ئەمستردام پێشکەشی کردووە: ((ئێمە نکۆڵی لەوە ناکەین کە هەندێ وڵاتی وەك وڵاتە یەکگرتووەکانی {ئەمریکا} و بەریتانیا- و ئەگەر ئاشنایەکی زیاترمان لەگەڵ دەزگاکانی ئێوە هەبووایە، رەنگە هۆڵندیشمان پێوە زیاد بکردبایە- هەن کە کرێکاران دەتوانن تێیدا لە رێگای ئامرازی ئاشتیانەوە بە ئامانجەکانی خۆیان بگەن. بەڵام لە هەموو وڵاتەکاندا بەم جۆرە نییە)). سەبارەت بەم جۆرە بیروبۆچوونە میانڕۆیانە، بگەڕێنەوە بۆ دەقی تایبەت بە یادداشتەکانی ١٦ و ١٧ و ١٨ هەر لەم بەشەدا.

---

12. Labour Monthly.
13. Address to the first international (L.Laurat,op.cit.,p.36.).

پوختەی ئەم پشێوییە هزرییە زۆر لە کۆنەو تەنانەت وێرای کۆبەندی کۆتایی بابەتەکانی مانیفێستی {کۆمۆنیست}یش بەرچاو دەکەوێت کە تێیدا تووشی ئەم دوو رستە ناکۆکە دەبین (کە تەنیا یەك رستە کەوتۆتە نێوانیان): (١) ((بەکورتی کۆمۆنیستەکان لە هەموو شوێنێك پشتیوانی لە هەموو بزاڤێکی شۆڕشگێرانە دەکەن دژی سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەنووکەیی)) (کە بێگومان ئەم حوکمە بۆ نموونە ئینگلتەراش لەخۆ دەگرێت). (٢) (({کۆمۆنیستەکان} لە هەموو شوێنێك هەوڵدەدەن بۆ پێك هێنانی یەکێتی و رێککەوتن لە نێوان حزبە دیموکراتەکانی هەموو وڵاتەکان)). پەرتەوازەیی و پشێوی لە رستەی دواتردا دەگاتە چڵەپۆپە کاتێ دەڵێت: ((کۆمۆنیستەکان شەرم دەکەن بیروبۆچوون و ئامانجەکانی خۆیان بشارنەوە و بە ئاشکرا رادەگەیەنن کە گەیشتن بە ئامانجەکانیان ممکین نییە تەنیا بە رووخاندنی توندوتیژانە هەموو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییە هەنووکەییەکان نەبێت)) (هەلومەرجی دیموکراتیك لەم رێسایە ریزپەڕنییە).

١٥. سەرمایە، ل٨٤٦ = رێنما، ل٤٠٣ بە دواوە. (لەمەڕ بەکارهێنانی ((چەقبەستن)) لە چاپی سێیەمدا لەجیاتی ((خڕبوونەوە)) لە چاپی دووەمدا، بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٣ هەر لەم بەشەدا) دەبێ ئاگاداری ئەوە بین ئەوەی لێرەدا بە ((پۆشەری سەرمایەداری تووشی هەناسە تەنگی دێت)) وەرگێڕدراوە، رەنگە بەشێوەیەکی وشە بە وشە بەم جۆرە وەربگێردرێت: ((لەگەڵ پۆشەر (یان سەرپۆشی) سەرمایەداریدا ناگونجێت))[١٤]، یان بەشێوەیەکی هەندێ سەربەستانەتر: ((پۆشەرە سەرمایەدارییەکەی بۆ تەحەمول کردن ناشێت)).

لەم پارچەیەدا هەروەك لە درێژەی رستەکانی بۆمان دەردەکەوێت، مارکس زۆر بەتوندی لەژێر کاریگەری دیالێکتیکی هێگل دایە. (هێگل هەندێ جار ئەنتی تێز بە نەرێ {یان نەفی}[١٥] تێز لە قەڵەم دەدات و سێنتێز بە ((نەرێ نەرێ)) {یان نەفی نەفی}). مارکس دەنووسێت: ((شێوازی خاوەندارێتی لە سەرمایەداریدا... یەکەمین نەرێ {یان نەفی}ی ئەو خاوەندارێتە تایبەتیەیە کە لەسەر بنەمای کاری تاکەکەسی دامەزراوە. بەڵام شێوازی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری بە چەشنێکی ئەوتۆ وەك یاسا سروشتییەکان بەشێوەیەکی حەتمی دەجووڵێتەوە

١٤. ئیرەج ئەسکەندەری بەم جۆرە وەریگێڕاوە: "چەقبەستنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و بە کۆمەڵایەتی بوونی کار دەگاتە شوێنێ کەئیدی لە پێستی سەرمایەداری خۆیدا ناگونجێت."

15. negation



کە خۆی نەرێ {یان نەفی} خۆی دروست دەکات. ئەمە نەرێ نەرێ {یان نەفی نەفی} یە. نەڕێ {یان نەفی} دووەم... خاوەندارێتی هاوبەشی زەوی و ئامرازەکانی بەرهەم هێنان سەقامگیر دەکات)). (بۆ ئاگاداربوون بەشێوەیەکی چڕوپڕتر سەبارەت بە چۆنیەتی هاتنەکایەی سۆسیالیزم بەشێوازی دیالێکتیك، بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٥ لە بەشی هەژدەیەمدا).

١٦. ئەم تێگەیشتنە لە دیباچەی مارکس بۆ چاپی یەکەمی سەرمایە (ل٨٦٥) وێرای ئەم پەڕەگراڤە بەرچاو دەکەوێ: ((لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، بوونی پێشکەوتن نکۆڵی لێ ناکرێت ... نوێنەرانی دەرەوەی دەوڵەتی بەریتانیا ... دەڵێن ... ئاڵوگۆڕی پەیوەندییەکانی سەرمایەدار و کرێکار بەو ڕادەی لە ئینگلتەرا ئاشکرا و حەتمیە لە وڵاتە پێشکەوتووترەکانی ئەوروپاشدا هەروایە ... بەڕێز وید[١٦] جێگری سەرۆك کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای باکوور ... لە دانیشتنە گشتییەکاندا رایگەیاندووە کە پاش هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی، بابەتی دووەم لە بەرنامەی کاردا، پێك هێنانی گۆڕانکاری سەرەکییە لە رەوشی سەرمایەداری و خاوەندارێتی زەوی!)) (هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ١٤ هەر لەم بەشەدا).

١٧. دیباچەی ئینگڵس بۆ یەکەمین چاپی سەرمایە، وەرگێڕدراوی ئینگلێزی (ل٨٨٧). لە بەشی حەڤدەهەم، یادداشتی ٩، ئەم وتانەی ئینگڵس بە درێژتری گواستراوەتەوە.

١٨. نامەی مارکس بۆ هانیدمەن لە رێکەوتی ٨ دیسامبەری ١٨٨٠. بگەڕێنەوە بۆ کتێبەکەی هانیدمەن، تۆماری ژیانێکی پڕ بەسەرهات[١٧]، ل٢٨٣. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ کتێبەکەی لۆرا، ل٢٣٩. رێك هەمان پەیڤی مارکس بەشێوەیەکی تەواوتر بەم جۆرەیە: ئەگەر پێم بڵێن لەگەڵ بیروبۆچوونی حزبەکەم سەبارەت بە ئینگلتەرا کۆکی، ئەو وەڵامەی دەتوانم بیدەمەوە ئەوەیە کە حزبەکەم شۆڕش لە ئینگلتەرا بە حەتمی نازانێ، تەنیا بەپێی پێشینەیی مێژوویی، بە ممکینی لە قەڵەم دەدات. ئەگەر ئەم گۆڕانکارییە حەتمیە بەرەو شۆڕش گۆڕانی بەسەردا بێت، سووچ نەك هەر لە چینی دەسەڵاتدار بەڵکو لە چینی کرێکاریشە)). (سەرنج لە هەڵوێستی توێکڵدار و دووڕووی مارکس بدەن).

١٦. wade لە مێژووی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هەرگیز کەسێك بەم ناوە جێگری سەرۆك کۆمار نەبووە.دیار نییە مارکس چۆن تووشی ئەم هەڵە گەورەیە بووە. سەیرتر ئەوەیە نەپۆپەر هەستی بەم هەڵەیە کردووە نە وەرگێڕی فارسی سەرمایە.

17. H.H. Hyndman, the Record of an adventurous life (1911).

١٩. پارکس-یش رایەکی هاوچەشنی ئەمەیە هەیە (هەمان کتێبە ل ل١٠١ و ١٠٦ بەدواوە) و دەڵێت: ((بڕوای مارکسیستەکان بەوەی سەرمایەداری بۆ ریفۆرم ناشێت و تەنیا دەبێ لەناو ببرێت)) یەکێکە لە بنەماکانی تیۆری مارکسیستی ((کەڵەکەکردن)). ((هەر کە تیۆرێکی تر وەبگریت ... ئەگەری ئەوە دێتە ئاراوە کە سەرمایەداری بەشێوازی هەنگاو بە هەنگاو گۆڕانکاری بەسەردا بێت)).

٢٠. وەرگیراو لە کۆتایی **مانیفێستی {کۆمۆنیست}** (**رێنما**، ل٥٩ = **کۆمەڵە**، بەرگی ٦، ل٥٥٧): ((پرۆلیتێرەکان جگە لە زنجیرەکانیان هیچیان نییە لە دەستی بدەن {بەڵکو دەتوانن} جیهانێك بخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە)).

٢١. **مانیفێستی {کۆمۆنیست}** (**رێنما**، ل٤٥ = **کۆمەڵە**، بەرگی٦، ل٥٤٥). ئەم پارچەیە لە دەقی تایبەت بە یادداشتی ٣٥ هەر لەم بەشەدا بە دووروودرێژتری ئاماژەی بۆ کراوە. دواین رستەی وەرگیراو لەم بەندەش هی **مانیفێستی {کۆمۆنیست}**ـە (**رێنما**، ل٣٥ = **کۆمەڵە**، بەرگی٦، ل٥٣٦) هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٣٥ هەر لەم بەشەدا.

٢٢. بەدەگمەن ریفۆرمی کۆمەڵایەتی لە ئاکامی گوشاری رەنجبەرەکانەوە ئەنجام دراوە. هەڵبەتە ئەگەری ئەوە هەیە کە بزاڤە ئایینییەکان (بۆ نموونە پەیڕەوکارانی رێبازی قازانجگەرایی)[١٨] و کەسانی وەك دیکنز، کاریگەری بنەڕەتی لەسەر رای گشتی دابنێن. هەموو مارکسیستەکان و بەشێکی زۆر لە ((سەرمایەدارەکان)) سەریان لەم دۆزینەوەی هینری فۆرد سوڕما کە رەنگە زیادکردنی کرێ بە قازانجی خاوەن کار بێت.

٢٣. بگەڕێنەوە بۆ یادداشتەکانی ١٨ و ٢١ لە بەشی هەژدەیەم.

٢٤. **رێنما**، ل٣٧ (= **کۆمەڵە**، بەرگی٦، ل٥٣٨).

٢٥. **دەوڵەت و شۆڕش** (**رێنما**، ل٧٥٦= **دەوڵەت و شۆڕش**، ل٧٧١). وتەکەی لینین بەشێوەیەکی تەواوتر بەم جۆرەیە: ((دیموکراسی بۆ چینی کرێکار لە ململانێ لە رێگای ئازادی کە لەگەڵ سەرمایەدارەکان دەیکات زۆر گرنگە. بەڵام دیموکراسی بە هیچ چەشنێك سنوورێك

١٨. Utilitarians مەبەست پەیڕەوکارانی قوتابخانەی جێرمی بێنتهام و جیمز میل و جۆن ستوارت میلە.



نییە هیچ کەس نەتوانێ لێی تێپەڕێ، تەنیا یەکێکە لە قۆناغەکانی روتی پەرەسەندنی {مێژوو} لە فیۆدالیزمەوە بەرەو سەرمایەداری و لە سەرمایەدارییەوە بەرەو کۆمۆنیزم)).

لینین جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دیموکراسی تەنیا بە مانای ((یەکسانی رووالەتییە)). هەروەها بگەڕێنەوە بۆ **رێنما**، ل٨٣٤ (= و.ا.لینین، **شۆڕشی پرۆلیتاریا و کاوتسکی مورتەد**، ك ب ل، بەرگی١٨، ل٣٤)[١٩] کە تێیدا لینین ئەم بەڵگەخوازییە هێگلیە کە لەسەر بنەمای یەکسانی تەواو ((ڕووالەتی)) دامەزراوە، بەم جۆرە لە پێناو بە هەڵە لە قەڵەم دانی کاوتسکی بەکاردەهێنێت: ((... ئەو {واتە کاوتسکی} یەکسانی رووالەتی کە لە سیستەمی سەرمایەداری هیچ نییە جگە لە تەڵەکەبازی و دووڕوویی، بە هەمان شێوەی رووالەتی کە دەخرێتە ڕوو، وەك یەکسانی دیفاکتۆ[٢٠] قبوڵ دەکات...)).

٢٦. پارکس، هەمان کتێب، ل٢١٩.

٢٧. ئەم جۆرە جموجۆڵە تاکتیکیانە لەگەڵ ناوەڕۆکی **مانیفێستی {کۆمۆنیست}**دا دەگونجێت کە تێیدا لەلایەکەوە جاڕی ئەوە دەدرێ (({کۆمۆنیستەکان} لە هەموو شوێنێك هەوڵدەدەن بۆ پێك هێنانی یەکێتی و رێککەوتن لە نێوان حزبە دیموکراتەکانی هەموو وڵاتەکان))، و لەلایەکی ترەوە دەوترێ ((گەیشتن بە ئامانجەکانیان ممکین نییە تەنیا بە رووخاندنی توندوتیژانەی هەموو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییە هەنووکەییەکان نەبێت)) یەك لەوان هەلومەرجی دیموکراتیك.

ئەم جموجۆڵە تاکتیکیانە، جگە لەمە لەگەڵ بەرنامەی حزبی ساڵی ١٩٢٨ یش دەگونجێت. لەم بەرنامەیە داهاتووە، (**رێنما**، ل١٠٣٦ = **بەرنامەی نێو نەتەوەیی {ئینەرناسیۆنالی} کۆمۆنیست**، ل٦١)[٢١]: ((دەبێ هەر کام لە حزبە کۆمۆنیستەکان کاتێ کە هێڵی تاکتیکی خۆی دیاری دەکات، شوێنگەی مەوجودی نێوخۆیی و دەرەکی-یش وەبەرچاو بگرێت ... حزب دروشمەکان ... لە پێناو رێکخستنی ... هەرچی بەرفراوانتری جەماوەر دیاری دەکات)). هەڵبەتە ناکرێ بەم ئامانجە بگەیت تەنیا بە سوود وەرگرتنی تەواو لە وتەی توێکڵدار و دوو ڕووبێژی رێك نەبێت لەمەڕ وشەی ((شۆڕش)).

19. V.L. Lenin, the proletarian revolution and the renegade kautsky.
20. de facto equality
21. The programmed of the communist international, modern book, Ltd, London, 1932.

٢٨. **ڕێنما**، ل ل٥٩ و ١٠٤٢ (= **کۆمەڵە**، بەرگی ٦، ل٥٥٧ و **بەرنامەی نێونەتەوەیی کۆمۆنیست**، ل٦٥). هەروەها بگەڕێنەوە بۆ کۆتاییەکانی یاداشتی ١٤ هەر لەم بەشەو هەروەها یادداشتی ٣٧.

٢٩. ئەوەی لێرە وتمان ڕێك گواستنەوەی وتەکان نییە، هەمان ئەو مانایەمان بە رستەی تر دەربڕیوە. بۆ نموونە بگەڕێنەوە بۆ دیباچەی ئینگلس بۆ چاپی یەکەمی وەرگێڕدراوی سەرمایە بە ئینگلیزی کە لە بەشی حەڤدەهەم، یادداشتی٩، هەندێ رستەی لێ وەگیراوە، و هەروەها بۆ کتێبەکەی لۆرا، ل٢٤٠.

٣٠. یەکەمین پارچە لە هەمان کتێبی لۆرا، لە هەمان لاپەڕە، وەرگیراوە، لەمەڕ پارچەی دووەم، بگەڕێنەوە بۆ **ڕێنمان**، ل٩٣ (=**ململانێی چینایەتی لە فەرەنسا ١٨٤٨ — ١٨٥٠**، نووسینی کارل مارکس، پێشەکی ئینگلس، ل٢٩)[٢٢]. جەخت کردن لەسەر وشەکان لەمنەوەیە.

٣١. ئینگلس تاڕادەیەك ئاگاداری ئەوەبوو لەبەر ئەوەی، بە وتەی خۆی ((مێژوو سەلماندوویەتی کە ئێمە و هەموو ئەو کەسانەی وەك ئێمە بیردەکەنەوە بە هەڵەدا چوونە)) ئەم سەنگەر گۆڕینەی بەسەردا سەپێنراوە (**ڕێنما**، ل٧٩ = کارل مارکس، **ململانێی چینایەتی لە فەرەنسا**، ل٨)[٢٣]. بەڵام ئەو پێیوابوو هەڵەی خۆی و مارکس تەنیا ئەوە بووە کە خێرایی گۆڕانکارییەکانیان زیاتر لەوەی هەبووە مەزندە کردووەو هەرگیز دانی بەوەدانەناوە کە گۆڕانکاری لە بنەڕەتدا بە ئاڕاستەیەکی دیکەدا ڕۆیشتووە. هەڵبەتەی جاروبار بەدەست ئەمەوە دەیناڵاند: بگەڕێنەوە بۆ دەقی تایبەت بە یادداشتەکانی ٣٨ و ٣٩ لە بەشی بیستەم کە تێیدا ئەم سکاڵا سەیرەی لێ دەبیسین کە ((چینی کرێکار بە کردەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر حاڵەتی بۆرژوازیی بە خۆیەوە دەگرێت)).

٣٢. بگەڕێنەوە بۆ یادداشتەکانی ٤ و ٦ لە بەشی حەوتەم.

22. Karl Marx, the class struggle in France 1845-1850. Introduction by F. Engels. Co- operative publishing society of foreign workes in the U.S.S.R, Moscow, 1934, p.29.
23 Karl Marx, Die klassenkamfe in frankreich, vorwaerts, Berlin, 1840, p.8.



٣٣. هەڵبەتە ڕەنگە بەردەوام بوونی ئەم ئیمتیازاتانە هۆکاری تریشی هەبێت، بۆ نموونە دەسەڵاتی حاکمی ملهوڕ هەندێ جار پەیوەست بێت بە پشتیوانی بەشێکی تایبەت لە خەڵکی ژێر دەستە. بەڵام بە پێچەوانەی وتەی مارکسیستەکان، **ئەمە بەو مانایە نییە کە حکومەتی ملهوڕی و زۆرەملێ حەتمەن و بەکردەوە حکومەتی چینایەتییە**. تەنانەت ئەگەر ملهوڕ ناچار بوبێت بەرتیل بە بەشێکی تایبەت لە خەڵك بدات و هەندێ ئیمتیازاتی ئابووری یان ئیمتیازاتی تریان پێ ببەخشێت، ناتوانین ئەو دەرەنجامە وەرگرین کە **ئەم بەشە لە خەڵك** ناچاریان کردووە بۆ ئەوەی کارێکی ئەوتۆ ئەنجام بدات یان خاوەن هێزێکی ئەوتۆ بوونە توانیویانە ئەم ئیمتیازاتانە بە مافی خۆیان لە قەڵەم بدەن و بەزۆر بیسێنن. ئەگەر **دەزگایەك** لە ئارادا نەبێت بۆ ئەوەی ئەم بەشە لە خەڵك بتوانن لە ڕێگەی ئەوەوە سوود لە نفوزی خۆیان وەربگرن، لەوانەیە ملهوڕ ئەم ئیمتیازانەیان لێوەربگرێتەوەو لە هەوڵی بەدەست هێنانی بەشێکی دیکە بێت.

٣٤. **ڕێنما**، ل١٧١ (=کارل مارکس، **جەنگی ناوخۆیی لە فەرەنسا**، پێشەکی ئینگلس، ل١٩) هەروەها بگەڕێنەوە بۆ **ڕێنما**، ل٨٣٣ = **شۆڕشی پرۆلیتاریا**، ل ل٣٣-٣٤.

٣٥. **ڕێنما**، ل٤٥ (=**کۆمەڵە**، بەرگی ٦، ل ٥٤٥). هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٢١ هەر لەم بەشەدا و لەگەڵ ئەم رستەیەی **مانیفێستی {کۆمۆنیست}**دا هەڵبسەنگێنن: ((ئامانجی هەنووکەیی کۆمۆنیستەکان ئەوەیە کە ... پرۆلیتاریا دەسەڵاتی سیاسی بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە)). (**ڕێنما**، ل٣٧ =**کۆمەڵە**، بەرگی٦، ل٥٣٨).

(١) ئامۆژگاری تاکتیکی مارکس کە وردەکارییەکانی لە **لێدوان ڕووبە کۆمەڵگای کۆمۆیستەکاندا** قسەی لەسەر کراوە، بەناچار خەبات لە ڕێگای دیموکراسی تووشی تێك شکان دەکات (**ڕێنما**، ل٦٧ = **مانگنامەی کار**، سێتامبەری ١٩٢٢، ل١٤٣، هەروەها یادداشتی ١٤ هەر لەم بەشە و یادداشتی ٤٤ لە بەشی بیستەم). مارکس لەم لێدوانەدا ڕوونی دەکاتەوە کە پاش وەدەست هاتنی دیموکراسی، دەبێ کۆمۆنیستەکان لە هەمبەر هەر کام لە حزبە دیموکراتەکان کە بە پەیڕەوی کردن لە **مانیفێستی {کۆمۆنیست}**[٢٤] بەناچاری ((یەکێتی و ڕێککەوتن))یان لەگەڵدا کراوە. چ هەڵوێستێك وەربگرن. دەڵێت: ((بەکورتی لە چرکەساتی

٢٤. بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ١٤ هەر لەم بەشە.

سەرکەوتن بەدواوە، دەبێ بەدگومانی و بێ متمانەیی خۆمان لە هەمبەر هاوپەیمانەکانی پێشووترمان {دیموکراتەکان} دەربڕین، نەك لە هەمبەر دوژمنی کۆنەپەرستی تێك شکاو)).

مارکس خوازیاری ئەوەیە کە ((پرۆلیتێرەکان بە پەلەو بێ ریزپەڕ خۆیان بە تۆپ و تفەنگ و جبەخانە پڕ چەك بکەن)) و ((کرێکاران هەوڵبدەن بەشێوەی گاردێکی سەربەخۆ، لەگەڵ سەرکردە و ئەرکانێك {لەنێو} خۆیان، رێکخراوێك دروست بکەین)). ئامانج ئەوەیە کە ((حکومەتی دیموکراتی بۆرژوا لە هەر چەشنە پشتیوانییەکی کرێکاری بێ بەش بکرێت و هەر لە سەرەتاوە بکەوێتە ژێر چاوەدێری و هەڕەشەی ئەو پلەو پایەو دەسەڵاتانەی کە جەماوەری چینی کرێکار یەکپارچە لە پشت سەریان وەستاوە)).

ئاشکرایە ئەم سیاسەتە حەتمەن دیموکراسی لەناو دەبات و هانی حکومەت دەدات بۆ ئەوەی بکەوێتە دژایەتی لەگەڵ ئەو کرێکارانەی کە ئامادە نین مل بۆ یاسا بدەن و گەرەکیانە لەژێر هەڕشەدا فەرمانەکان جێبەجێ بکەن. مارکس هەوڵ دەدات بە پەنابردن بۆ پێشگۆیی کردن، بیانوویەك بۆ ئەم ئاڕاستە سیاسییە دابتراشێت و دەڵێت (**رێنما**، ل ل٦٧-٦٨ = **مانگنامەی کار**، سێبتامبەری ١٩٢٢، ل١٤٣): ((حکومەتی نوێ هەر لە چرکەساتی سەقامگیربوونییەوە، مەتەرێزی جەنگ لەگەڵ کرێکاران دادەمەزرێنێ. پاشان درێژەی پێ دەدات: ((ئەم تاقمە {واتە دیموکراتەکان} لە یەکەمین کاتژمێری سەکەوتنەوە دەست بە خیانەت کردن دەکات لەگەڵ کرێکارەکان. دەبێ بۆ نەزۆك کردنی هەنگاوە شووم و بەدکارەکانی، پرۆلیتاریا رێکبخرێت و چەکدار بکرێت)). بەڵام بەبڕوای من، ئەم تاکتیکە رێك هەمان دەرەنجامی شووم و بەدکارانەی لێدەکەوێتەوە کە مارکس پێشگۆیی دەکات و خودی ئەمە دەبێتە هۆی ئەوە کە پێشگۆییە مێژووییەکەی وەڕاست گەڕێت. بێشکە ئەگەر بڕیاربێت کرێکاران شێوازێکی ئەوتۆ بگرنە بەر، هەموو کەسێکی دیموکراتی هۆشمەند- بەتایبەتی ئەگەر بیەوێ خزمەتێك بە ستەملێکراوەکان بکات- بەناچار دەبێ پشکداری ئەو شتە بێت کە مارکس بە خیانەت کردن لە کرێکاران ناوزەدی دەکات و لە پێناو پاراستنی تاك لە زیانەکانی خێرخوازە ملهوڕ و **دیکتاتۆرە مەزنەکان**، بۆ بەرنگاری کردن لە دژی ئەو کەسانە تێبکۆشی کە گەرەکیانە دەزگاکانی دیموکراسی لەبەریەك هەڵوەشێنن.

هەڵبەتە دەبێ ئاماژە بەوە بکەم ئەم وتانەی ئاماژەیان بۆ کرا، هەندێ وتەی کۆنی مارکسن و بیروباوەڕە پێگەیشتووترەکانی رەنگە تاڕادەیەك لەگەڵ ئەوەی خستمانە روو جیاوازی هەبێت و



بەهەر حاڵ توێڵکدارتر و دووڕووترە. بەڵام ئەم راستیە بەردەوام لە جێگای خۆی دایە کە هەر ئەم وتە کۆنانە مارکس کاریگەرییەکی بەرچاویان هەبووەو بنچینە و چاوگی گەلێ هەنگاو بووە و بە زیانی هەمووان کۆتایی هاتووە.

(٢) سەبارەت بەو شتەی لە بەندی (ب) لە دەقەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە، خراپ نییە وتەیەکی لینینیش وەربگرین (**رێنما**، ل٨٢٨ = **شۆڕشی پرۆلیتاریا**، ل٣٠) کە دەڵێت: ((...چینی کرێکار بە تەواوی ئاگادارە کە پەرلەمانی بۆرژواکان، هەندێ دەزگای **بێگانە و نامۆن** بەو و **ئامرازی ستەمکاری** بۆرژوازین بەسەر پرۆلیتاریاوە، دەزگا گەلێکن سەر بە چینی دوژمن و کەمینەی چەوسێنەرن)). ئاشکرایە نەدەکرا ئەم جۆرە چیرۆك هەڵبەستنانە هانی کرێکاران بدات بۆ بەرگری کردن لە دیموکراسی پەرلەمانی لە بەرامبەر پەلاماری فاسیستەکاندا.

٣٦. هەڵبەسەنگێنن لەگەڵ **دەوڵەت و شۆڕش**، نووسینی لینین (**رێنما**، ل٧٤٤ = **دەوڵەت و شۆڕش**، ل٦٧): ((دیموکراسی دەوڵەمەندەکان، دیموکراسی کۆمەڵگای سەرمایەدارییە ... مارکس **ماهییەتی** دیموکراسی سەرمایەداری بە باشی ناسیبوو کاتێ دەیگوت مۆڵەتی ئەوە بەستەملێکراوەکان دەدرێت هەر چەند ساڵ جارێك بە ئارەزووی خۆیان ئەوە هەڵبژێرن کە دەبێ کام نوێنەری چینی ستەمکار زوڵمیان لێ بکات)). هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتەکانی ١ و ٢ لە بەشی هەژدەهەمدا.

٣٧. لینین دەنووسێ (**رێنما**، ل٨٨٤بەدواوە = و.ا.لینین، **نەخۆشی منداڵانەی چەپڕۆیی لە کۆمۆنیزمدا**[٢٥]، ل ب ل، بەرگی١٦، ل ل٧٢-٧٣): ((...دەبێ نیگا یەکڕاست بخرێتە سەر هەنگاوی دواتر ... سەر ئەوەی دەبێ بە چ شێوەیەك **قۆناغی رەدبوون** لە شۆڕشی پرۆلیتاریا بپێوین و لێی نزیك ببینەوە. {ئێستا گەیشتووینەتە قۆناغێکی ئەوتۆ} کە پێشەنگانی پرۆلیتاریا لە ڕووی ئایدۆلۆژییەوە بۆ لای ئێمە هاتوون... بەڵام ئەمە یەکەمین هەنگاوە و هێشتا دووری و ماوەیەکی درێژمان لە پێشە تا سەرکەوتن. بۆ ئەوەی سەرانسەری ئەم چینە ... هەڵوێستێکی ئەوتۆ وەربگرێت، تەنیا پڕۆپاگەندە و وروژاندن بەس نییە. **دەبێ جەماوەر خۆیان ئەزموونی سیاسیان هەبێت**. یاسای بنەمایی هەموو شۆڕشێکی گەورە لەمە زیاتر نییە کە ... **بۆ ئەوەی {جەماوەر} بە ورەیەکی بەتینەوە روو بکەنە کۆمۆنیزم، دەبێ ... لە**

25. V.L. Lenin, Left- Wing communism, An infantile disorder.

**ئەزموونێکی تاڵەوە بۆیان دەرکەتبێت ... کە تاکە کەرتی ممکین لە بەرامبەر دیکتاتۆری پرۆلیتاریا ... حەتمیەتی رەهای دیکتاتۆری کۆنەپەرستە توندڕۆکانە**)). (تۆخ کردنی وشەکان لەمنەوەیە).

**٣٨**. هەروەك دەشێ چاوەڕوانیمان هەبێ، هەر کام لە دوو حزبە مارکسیستەکە دەیانەوێت گوناهی شکان بخاتە سەر شانی حزبەکەی تر. یەکیان بەرامبەرەکەی بەهۆی سیاسەتە کارەساتاوییەکەی لۆمە دەکات و ئەویتریان سەرزەنشی حزبەکەی دیکە دەکات چونکە هیوای بە کرێکارەکان بەخشیوە لەمەڕ ئەگەری سەرکەوتن لە خەبات لە رێگای دیموکراسیدا. تەنزی مەسەلەکە لەوە دایە کە مارکس خۆی بە باشترین شێوە ئەوەی شی کردۆتەوە کە چۆن هەر حزبێك سووچی شکانەکان دەخاتە سەر شانی رەوش و بارودۆخ و بەتایبەتی حزبی نەیار و وەسفەکانی لەگەڵ یەك بە یەکی وردەکارییەکانی ئەم کارەدا دەگونجێت. (هەڵبەتە مەبەستی مارکس لەم شیکردنەوەی نووسیویەتی، یەکێك لە گروپە چەپڕەوە نەیارەکانی سەردەمی خۆی بوو)). مارکس دەنووسێ (**رێنما**، ل١٣٠ = و.ا.لینین، **رێنماییەکانی کارل مارکس**[٢٦]، ك ب ل، بەرگی ١، ل٥٥): **پێوست ناکات بە دیدی رەخنە و هەڵسەنگاندنەوە زۆر لە تواناو سەرچاوەکانی خۆیان ورد ببنەوە. هەر ئەوەندە بەسە کە تەنیا ئاماژەیەك بکەن و خەڵك بە توانا و سەرچاوە بێ کۆتاییەکانی خۆیان دەکەونە گیانی ستەمکارەوە. گریمان بەڕاستی لە کردەوەشدا ئەوە بسەلمێت کە توانا کانیان جگە لە بێ توانایی رووت هیچی تر نەبووە، {بەڵام} دەتوانرێ هەمیشە گوناهەکە بخرێتە سەرشانی سەفسەتە چییە زیانبەخشەکان {واتە بە رواڵەت حزبەکەی تر} کە **خەڵکی یەکگرتوو** تووشی دووبەرەکی دەکەن و بەسەر ئۆردوگای ناتەبادا پەتەوازەیان دەکەن ... یان دەتوانرێ بانگەشەی ئەوە بکرێ لەبەر ئەوەی یەکێك لە وردەکارییەکانی ئیشەکە لە قۆناغی جێبەجێ کردندا راست دەرنەچووە، ئیدی هەموو شتێك لەدەست چووە، یان رەنگە بانگەشەی ئەوە بکرێ رووداوێکی پێشبینی نەکراو بەخێرایی بەرنامەکانی تێك و پێکداوە. هەر چۆنێك بێت، توخمی دیموکرات {یان دژە دیموکرات} هەروەك چۆن لە سەرەتاوە بێگوناهانە هاتبووە ناو چاڵەکە، لە کۆتاییشدا پاك و بێ گوناه شەرمەزارانەترین تێك شکانەکان بەجێ دێڵێت، **ئەوەندە نەبێت ئێستا بە چەکی ئەم ئیمانە تازە وەچنگ هاتووە تەیار کراوە کە بە حوکمی چارەنووس دەبێ سەرکەوتن بەدەست بێنێ و نە پێویستە خۆی دەست لە هەڵوێستی رابردوو هەڵبگرێت، نە حزبەکەی و بە پێچەوانەوە، دەبێ رەوش و بارودۆخەکان، کاتێ نۆرەی هات، بە ئاڕاستەی مەبەستەکانی ئەو بجوڵێنەوە...**)) (جەخت کردن لەسەر {تۆخ کردن} دواین رستە لەمنەوەیە).

26. V.L. Lenin, the teaching of Karl Marx.



**٣٩**. لەبەر ئەوە دەڵێم ((باڵی توندڕۆ {یان رادیکال})) چونکە ئەو کەسانەی کە لەسەر بنەمای رێبازی مێژووگەرایی راڤەکەیان بەم جۆرە بوو کە فاشیزم یەکێکە لە قۆناغە حەتمیەکانی پەرەسەندن و بەرگرییان لەم راڤەیە کردووە، سەر بە گروپگەلی بە تەواوی ئەودیو کۆمۆنیستەکان بوون. تەنانەت هەندێ لە رێبەرانی کرێکاریی ڤەییەنناش کە دلێرانە بەڵام بەبێ رێکخستنی پێویست و کاتێ کار لە کارترازابوو، لە بەرامبەر فاشیزمدا قووت بوونەوە، لەناخی دڵیانەوە بڕوایان بەوە بوو کە فاشیزم هەنگاوێکی پێویستە بە ئاڕاستەی رەوتی پەرەسەندنی مێژوو بەرەو سۆسیالیزم و سەرەڕای ئەو بێزارییەی دەرهەق بەم ئارمانجە هەیانبوو، هەستیان دەکرد دەبێ تەنانەت فاشیزم وەك هەنگاوێك بەرەو پێش و بە ئاڕاستەی نزیك بوونەوەی خەڵکی بەش مەینەت بەرەو ئامانجی کۆتایی، لێك بدرێتەوە.

٤٠. بگەڕێنەوە بۆ ئەو پارچەیەی کە لە یادداشتی **٣٧** ئەم بەشەدا وەرگیراوە.

# بەشی بیستەم

١. تەنیا وەرگێڕانی تەواوی هەرسێ بەرگەکەی سەرمایە بە زمانی ئینگلیزی، خۆی لە ٢٥٠٠ لاپەڕە دەدات. سەرەڕای ئەمە، سێ بەرگی ترە کە بەزمانی ئەڵمانی لەژێر ناوی **تیۆرگەلێ لەمەڕ زێدە بەها**[1] بڵاوکراوەتەوە کە بەزۆری بابەتی مێژووی لەخۆ دەگرێت کە مارکس نیازی وابووە لە کتێبی **سەرمایەدا** سوودیان لێ وەربگرێت.

٢. بگەڕێنە بۆ بەشەکانی شازدەهەم و حەڤدەهەم کە تێیاندا سەرمایەداری هەوسارپچڕاومان لەجیاتی دەسوەردانگەرایی داناوە. (بەشی شازدەهەم، یادداشتی ١٠، بەشی حەڤدەهەم، یادداشتی ٢٢، بەشی هەژدەهەم، یادداشتی ٩ و بابەتە پەیوەندیدارەکان پێیەوە لە دەقەکەدا).

سەبارەت بە وتەکەی لینین، بگەڕێنەوە بۆ **ڕێنما**، ل٥٦١ (= **ڕێنماییەکانی کارل مارکس**، ل٢٩، تۆخ کردنی وشەکان لە منەوەیە). سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە نە لینین ئاگای لەوە بووە کە کۆمەڵگا لە سەردەمی مارکسەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە و نەزۆربەی مارکسیستەکان. **مانیفێستی {کۆمۆنیست}** لە ساڵی ١٨٤٨ بڵاو کرایەوە، بەڵام لینین لە ساڵی ١٩١٤دا بە چەشنێك لەمەڕ ((کۆمەڵگای هاوچەرخ)) دەدوێت، وەك بڵێی ئەم کۆمەڵگایە، هەم هاوسەردەمی خۆیەتی و هەم هاوچەرخی کارل مارکس.

٣. هەموو وتە وەرگێڕاوەکانی ئەم بەندە لە **سەرمایە**، ل٦٩١، وەرگیراوە.

٤. بگەڕێنەوە بۆ ئەو ڕوونکردنەوانەی لەمەڕ ئەم زاراوەیە لە یادداشتی ٣، بەشی نۆزدەهەم، خراوەتە ڕوو.

---

1. Theories of surplus value.



٥. لەبەر ئەوە دەڵێین دەستەواژەی ((هەژاری روو لە زیاد)) بە مانا گشتییەکەی باشترە چونکە ئەگەری دروست بوونی رۆحی تێك شکان کە ئاگایی چینایەتی لەرزۆك دەکات[٢]، کەمتر دەبێتەوە.

٦. **سەرمایە**، ل٦٩٧ بەدواوە.

٧. **سەرمایە**، ل ل٦٩٨، ٧٠٦. ئەو مەفهوومەی بە ((نیمچە بازاڕ گەرمی))[٣] گوزارشتی لێکراوە، بەشێوەیەکی وشە بە وشە دەبووایە بە ((بازاڕ گەرمی نێونجی))[٤] وەرگێڕدرا بووایە. هەروەها لەجیاتی ((زێدە بەرهەم هێنان))[٥] بە ((بەرهەم هێنانی لەڕادەبەردە))[٦] وەرمانگێڕاوە، چونکە مەبەستی مارکس بەرهەم هێنان بەڕادەیەکە {پێش بینی ئەوە بکرێت} بەزوویی فرۆشتنی بەرهەم هێنراوەکان تووشی گیروگرفت دەبێت، نەك ئەوەی لە ئێستادا هێندە بەرهەم بهێنرێت کە دەرفەتی فرۆشتن نەبێت.

٨. بۆ وتەی پارکس، بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ١٩ لە بەشی نۆزدەهەمدا.

٩. تیۆری بەهای کار، گەلێ کۆنە. پێویستە ئاگاداری ئەوە بین کە توێژینەوەکەی من لەسەر تیۆری بەهایە، تەنیا ئەو شتە لەخۆ دەگرێت کە بە ((تیۆری بەهای بابەتی))[٧] ناوزەد دەکرێت و نیازم نییە رەخنە لە ((تیۆری بەهای خودیی))[٨] بگرم (کە رەنگە باشتر بووایە بە ((تیۆری بەهادانەری خودیی))[٩] یان ((تیۆری کردەی هەڵبژاردن))[١٠] ناوزەد بکرێت. بگەڕێنەوە بۆ بەشی چواردەهەم، یادداشتی ١٤). بەڕێز ج. واینەر لەڕووی خۆشەویستییەوە ئەوەی بیر خستمەوە کە تیۆری مارکس لەمەڕ بەها، تەنیا لەم ڕوویەوە پەیوەندی بە تیۆرەکەی ریکاردۆوە هەیە کە مارکس بیروبۆچوونەکانی ڕێکاردۆی خراپ راڤە کردووە و ریکاردۆ هەرگیز نەیووتووە کە هەر یەکەیەکی کار زیاتر لە یەکەیەکی سەرمایە خودان توانای دروست کردنە.

---

٢. بگەڕێنەوە بۆ بەشی نۆزدەهەم، بابەتەکانی پەیوەست بە یادداشتی ٧ لەدەقەکەدا.

3. Semi- prosperity
4. medium prosperity
5. over- production
6. excessive production
7. Objective value theory
8. subjective value theory
9. theory of subjective evolution
10. (theory of) acts of choice

١٠. بەبڕوای من، مارکس هەرگیز گومانی لەوە نەبوو کە ((بەهاکان))ی جێگەی مەبەستی ئەو **بەجۆرێك لە جۆرەکان** لەگەڵ نرخەکانی بازاڕدا هاوجووتن. لەسەر ئەو بڕوایە بوو بەهای فلانە شمەك بەمەرجێك لەگەڵ بەهای فلانە شمەکی تردا یەکسانە کە تێکڕای ژمارەی کاتژمێری کاری پێویست بۆ بەرهەم هێنانیان یەکسان بێت. ئەگەر یەکێك لە دوو شمەکەکە زێڕ بێت، ئەوا دەتوانین، قورساییەکەی بە نرخی شمەکێکی تر بەپێی زێڕ حسێب بکەین و لەبەر ئەوەی بنەمای پارە (بەپێی یاسا، زێڕە، بەم چەشنە نرخی هەموو شمەکێك بەپێی پارە بەدەست دێت.

مارکس پێیوابوو، کاتێ بەم جۆرە بێت، ڕێژەی راستەقینەی ئاڵوێر لە بازاڕدا بەدەوری ڕێژەی بەهاکاندا بەرز و نزم دەبنەوە و هەر بۆیە، نرخی دراوی هەموو شمەکێك لە بازاڕیشدا بە دەوری بەهای ئەم شمەکە لە هەمبەر زێڕ بەرزبوونەوەو نزم بوونەوە بەخۆیەوە دەبینێت (بگەڕێینەوە بۆ ئەو بابەتە گرنگەی کە لە پەراوێزی ١، لاپەڕەی **١٥٣**، سەرمایەدا نووسراوە). بەپێی نووسینی مارکس کە لێرەدا مەبەستەکەی لە ڕێگای دەستەواژەی پڕ کەموکوڕی دەربڕیوە: ((ئەگەر چەندایەتی بەها بۆ نرخ گۆڕانی بەسەردا بێت ... ئەم پەیوەندییە بەشێوەی ڕێژەی ئاڵوێر لەگەڵ **ئەو شمەکەی لێ دێت کە ڕۆڵی پارە دەگێڕێت** {واتە زێڕ}. لەم ڕێژەیەدا، نەك چەندایەتی بەهای شمەك، بەڵکو هەوراز و نشێو و کەم و زۆرێکیش ڕەنگ دەداتەوە کە لە هەلومەرجێکی تایبەتەوە سەرچاوە دەگرێت)) بە جۆرێکی تر، ڕەنگە نرخەکان بەرزو نزم ببنەوە. ((کەواتە، ئەگەری بەدەست هێنانی نرخ لەسەر بنەمای بەها، پێویستی بە دیاردەی نرخە. ئەمە نەك هەر عەیب نییە، بەڵکو دەری دەخات کە دیاردەی نرخ لەگەڵ شێوازی بەهەم هێنان کە تێیدا، **ڕێکی و ڕێسا تەنیا لەوانەیە بەشێوەی تێکڕای پشێوی و نارێکیەکان خۆ بنوێنێ، بەتەواوی دەگونجێت))**. (**سەرمایە**، ل٧٩، تۆخ کردنی وشەکان لەمنەوەیە). بەبڕوای من ئاشکرایە ئەو ((ڕێکی و ڕێسا))یەی مارکس باسی دەکات، هەمان بەهایە کە بەبڕوای ئەو، تەنیا وەك تێکڕای نرخە راستەقینەکانی بازاڕ ((خۆ دەنوێنێ)) (یان ((خۆ ڕادەنێت))) و هەر بۆیە، نرخەکان بە دەوری تەوەری بەهادا بەرز و نزم دەبنەوە.

من بۆیە جەختم لەسەر ئەمە کردەوە چونکە هەندێ نکۆڵی لەم خاڵە دەکرێت. بۆ نموونە، کۆل[11] لەو ((پێشەکیەی)) بۆ **سەرمایەی** نووسیوە (ل XXV) ئاوا دەڵێت: ((مارکس ... بەزۆری جۆرێك دەئاخڤێت وەك بڵێی پاش بەرز و نزم بوونەوە کاتەکیەکانی بازاڕ، هەموو

11. G.D.H. Cole



شمەکێك بەپێی 'بەها'ی خۆی ئاڵوێر دەکرێت. بەڵام لە لاپەڕەی **٧٩**، بەڕاشکاوی رادەگەیەنێت کە مەبەستی ئەمە نییە و لە بەرگی سێیەمی **سەرمایەدا**... جیاوازی حەتمی نێوان نرخ و 'بەها' بەتەواوی روون دەکاتەوە)). هیچ قسەیەك لەسەر ئەوە نییە کە مارکس بەرزو نزم بوونەوەکان بە شتێکی ((دمکی {کاتەکی})) نازانێ، بەڵام ناڵێت کە ئاڵوێری شمەکەکان بەپێی ((بەها))، **پاشکۆیی** بەرزو نزم بوونەوەکانی بازاڕە. لەو پارچەیەی کە پێشتر وەرمانگرت و کۆلیش ئاماژەی بۆ دەکات، مارکس بەرزو نزم بوونەوەو رادەی تێکڕا (نێونجی) شیدەکاتەوەو هیچ شتێك سەبارەت بە **جیاوازی** نێوان بەهاو نرخ ناڵێت. لە بەرگی سێیەمی سەرمایەدا، بارودۆخەکە کەمێك جیاوازەو لە بەشی نۆیەم، مەفهوومێکی نوێی وەك ((نرخی بەرهەم هێنان))[12] جێگای ((بەها)) دەگرێتەوە کە بریتییە لە سەرجەمی خەرجی بەرهەم هێنانی شمەك کۆ(+) رادەی نێونجی زێدە بەها. بەڵام لێرەشدا دیسان تایبەتمەندیی هەمیشەیی بیرکردنەوەی مارکس خۆی دەردەخات و ئەم مەفهوومە نوێیە- واتە نرخی بەرهەم هێنان- وەك جۆرە فاکتەرێکی ڕێکخەری رادەی نێونجی، بە نرخی راستەقینەی بازاڕەوە گرێ دەدرێت. نرخی بەرهەم هێنان بەشێوەیەکی راستەوخۆ نرخی بازاڕ دیاری ناکات بەڵام (وەك ((بەها)) لە بەرگی یەکەمدا) وەك رادەیەکی نێونج کە نرخە راستەقینەکان بە دەوریدا لە بەرزو نزم بوونەوەدان، خۆی دەنوێنێت. ئەو پارچەیەی ئێستا ئاماژەی بۆ دەکەم **(سەرمایە (ئەڵمانی)**، III/٢، ل**٣٩٦**) گەواهی ئەم مانایەیە: ((نرخەکانی بازاڕ لەم نرخە ڕێکخەرانەی بەرهەم هێنان بەرزتر یان نزمتر دەبنەوە، بەڵام ئەو جۆرە بەرزو نزم بوونەوانە یەکدی قەرەبوو دەکەنەوە ... هەر ئەم پرنسیپی نیونجە کە لێرەدا راستە، کێتیلە[13] بەسەر هەمووديارده کۆمەڵایەتییەکاندا گشتیەتی پێ دەبەخشێت)). لەلاپەڕەی **٣٩٩**، مارکس هەروەها لەمەڕ ((نرخی ڕێکخەر[14] ... واتە ئەو نرخەی کە نرخەکانی بازاڕ بە دەرویدا بەرزو نزم دەبنەوە))، دەدوێت و لەلاپەڕەی دواتردا، وێڕای ئاماژەکردن بۆ کاریگەری رکەبەرایەتی، دەڵێت ئەو شتەی کە سەرنجی ئەوی راکێشاوە ((نرخی سروشتی))ـە[15] ... واتە ئەو نرخەی کە ... رکەبەرایەتی (هەڤرکی) ڕێکی ناخات، بەڵکو خۆی ڕێکی و ڕێسا لە رکەبەرایەتیدا پێك دێنێت)). چەمکی نرخی ((سروشتی)) بە ئاشکرا ئاماژەیە بۆ ئەوە کە مارکس هیوادارە ماهییەت {یان حەقیقەتێك} بدۆزێتەوە کە نرخە بەرزو

12. production price

١٣. L.A.J. Quetelet (١٧٩٦ـ١٨٧٤) ئامارگەرو زانای بەلجیکی.

14. Regulative price

15. nature price

نزمکەرەکانی بازاڕ ((سیما رواڵەتیەکەی)) پێك بێنن (هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٢٣ هەر لەم بەشەدا). سەرەڕای ئەمە، هەروەك دەبینین، مارکس هیچ کاتێك دەست لەم بیروباوەڕە هەڵناگرت کە ئەم ماهییەتە- جا چ بە بەها ناوزەد بکرێ، یان نرخی بەرهەم هێنان- وەك نیوەنجی نرخەکانی بازاڕ، خۆی دەنوێنێ. بگەڕێنەوە بۆ **سەرمایە (ئەڵمانی)**، III/١، ل١٧١ بۆ دواوە.

١١. کۆل لە هەمان نووسیندا، ل XXIX تیۆری زێدە بەها بە گوزارشتێکی روونتر بە باشترین شێوە دەردەبڕێت و هاوکات دەڵێت کە مارکس داهێنەری ئەم تیۆرەیە لە ئابووریدا. بەڵام ئینگڵس لەو دیباچەیەی کە بۆ چاپی دووەمی سەرمایەی نووسیوە دەریخستووە کە ئەم تیۆرە هی مارکس نییە و مارکس نەك هەر هیچ کاتێ بانگەشەی داهێنانی نەکردووە، بەڵکو لە یەکێکە لە بەرهەمەکانیدا (**تیۆرگەلێ لەمەڕ زێدە بەها**، بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ١) سەبارەت بە کورتە مێژووەکەی دواوە. ئینگڵس هەندێ رستەی ئەم دەستنووسانەی مارکس وەردەگرێت بۆ ئەوەی پێشانی بدات کە مارکس لەمەڕ لێکۆڵینەوەکانی ئادەم سمیس و ریکاردۆ لە بەستێنی زێدە بەهادا توێژینەوەی ئەنجام داوە و هەروەها بە درێژی لە نامیلکەیەکدا بەناوی **چاوگ و چارەی کێشە نەتەوەییەکان**[16] (کە لە لاپەڕەی ٦٤٦ی سەرمایەدا ئاماژەی بۆ کراوە) هەندێ رستە دەهێنێتەوە بۆ ئەوەی روونی بکاتەوە کە سەرەڕای ئەو جیاوازییە کە مارکس لەنێوان کار و توانای کاردا دایدەنا، بیرۆکە سەرەکییە رێزکراوەکانی ناو ئەم تیۆرە، لەم نامیلکەیەدا دەست دەکەون. (**سەرمایە (ئەڵمانی)**، بەرگی ٢، لXII-XV).

١٢. مارکس بەشی یەکەم بە **کاتی کاری پێویست** و بەشی دووەم بە **کاتی کاری زێدە**[17] ناوزەد دەکات (**سەرمایە**، ل٢١٣ بەدواوە).

١٣. دیباچەی ئینگڵس بۆ چاپی دووەمی **سەرمایە** (**سەرمایە (ئەڵمانی)**، بەرگی٢، لXXI بەدواوە).

١٤. ئاشکرایە تیۆری زێدە بەهای مارکس لەگەڵ رەخنەکانی لە ئازادی ((رواڵەتی)) و دادپەروەری ((رواڵەتی)) و تاد ... پەیوەندییەکی نزیکی هەیە. بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆ

16. The source and Remedy of national difficulties.
17. Necessary labour time and surplus labour time.



یادداشتەکانی ١٧ و ١٩ و بابەتەکانی دەقەکە لە بەشی حەڤدەهەم و هەروەها دەقی تایبەت بە یادداشتی دواتر هەر لەم بەشەدا.

١٥. **سەرمایە**، ل٨٤٥. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ ئەوەی لە یادداشتی پێشوودا داوای گەڕانەوە بۆیمان کردووە.

١٦. بگەڕێنەوە بۆ دەقی تایبەت بە یادداشتەکانی ١٨ و ١٠ هەر لەم بەشەدا.

١٧. بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆ بەشی دەیەم لە بەرگی سێیەمی **سەرمایە**.

١٨. **سەرمایە**، ل٧٦. ئەو پارچەیەی کە بە دەستەواژەی ((زێدە حەشیمەت)) دەست پێدەکات، لە بنەڕەتدا یەکڕاست دوای ئەو رستانە دێت کە لە دەقی تایبەت بە یادداشتی ٧ی ئەم بەشەدا خواستوومانە. (ئاوەڵناوی ((رێژەیی))م لە ((زێدە حەشیمەت)) هەڵگرت چونکە هیچ پەیوەندییەکی بە سیاقی وتەکەمانەوە نەبوو لە باسەکەمان و هەندێ جار دەبووە هۆی هەڵەکردن. لە چاپی {ئینگلیزیدا} Everyman، لەجیاتی ((زێدە حەشیمەت)) و ((زێدە بەرهەم هێنان)) نووسراوە کە وەك دیارە هەڵەی چاپییە). پارچە وەرگیراوەکە بەتایبەتی بە وەبەرچاو گرتنی پرسی داخواز و خستنەڕوو و بە گرنگی دان بەوەی مارکس دەڵێت دەبێ داخواز و خستنەڕوو ((پێشینە)) (یان ((ماهییەت)))ی هەبێت، سەرنجڕاکێشە. بگەڕێنەوە بۆ یادداشتگەلی ١٠ و ٢٠ لەم بەشەدا.

١٩. شایانی باسە کە دیاردەی ناوبراو- واتە هەژاری لە قۆناغی بڵاوبوونەوەی خێرای پیشەسازیدا-(یان لە ((سەرەتاکانی سەرمایەداریدا))[18])- بەم دواییانە لە رێگەی گریمانەیەکەوە روون کراوەتەوە کە ئەگەر بسەلمێنرێت دەریدەخات کە تیۆرەکەی مارکس لەمەڕ بەهرەکێشی لە زۆر لایەنەوە راست بووە. مەبەست، ئەو گریمانەیە کە لەسەر بنەمای تیۆری والتێر ئویکن[19] سەبارەت بە دوو سیستەمی بێگەردی (خالص) دراویی (پارەیی) (سیستەمی زێڕ و سیستەمی ئیعتباری) دامەزراوە و میتۆدەکەی لە هەمبەر شیکردنەوەی سیستەمە ئابوورییە جیاوازەکان لە مێژوودا وەك ((ئاوێتەیەك)) لە سیستەمە بێگەردەکان. لیونهارت میکش لەم رۆژانە بە

١٨. بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٣٦ هەر لەم بەشەداو بابەتەکانی پەیوەندیدار بەمە لەدەقەکەدا.
19. Walter Euken

سوود وەرگرتن لەم میتۆدە، لە وتارێکدا لەژێر ناوی ((سیستەمی دراویی ئاینده))[٢٠]، جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە سیستەمی ئیعتباری، **وەبەرهێنانی ناچاری**[٢١] لێ دەکەوێتەوەو بەکاربەر ناچار دەبێت پاشکەوت بکات و خۆی لە {بەکارهێنانی} ببوێرێت، بەڵام بەپێی نووسینی میکش، ((ئەو سەرمایەیەی کە لە ڕێگای ئەم جۆرە وەبەرهێنانە ناچارییەوە پاشکەوت دەکرێت، دەبێتە هی وەبەرهێنەرە {تایبەتییەکان} نەك هی ئەو کەسانەی کە بەناچاری خۆیان لە بەکاربردن بواردووە)). ئەگەر ئەم تیۆرە پەسند دەربچێت، تارادەیەکی زۆر دەبێتە پاساو بۆ شیکردنەوەی مارکس (جگە لە ((یاسا)) و پێشگۆیی کردنەکانی). بەبڕوای مارکس ((زێدە بەها))، لە ڕاستیدا هی کرێکارانە بەڵام ((سەرمایەدار)) دەبێتە ((خاوەنی)) یان ((خاوەندارێتییەکەی {لە کرێکار} دەسێنێتەوە)). بەبڕوای مارکس، ((پاشکەوتی ناچاری)) دەبێتە دارایی ((وەبەرهێنەری {تایبەتی})) نەك بەکاربەر کە ناچار بووە پاشەکەوت بکات. کەواتە، جیاوازی نێوان ((زێدە بەها))ی مارکس و ((پاشەکەوتی ناچاری)) میکش، زۆر کەمە. میکش خۆی ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو دەرەنجامانەی بە دەستی هێناوە، لە زۆر لایەنەوە گەشەپێدانی ئابووری و دەرکەوتنی سۆسیالیزم لە سەدەی نۆزدەدا روون دەکاتەوە.

دەبێ ئاگاداری ئەوەبین کە میکش لە شیکردنەوەکەی خۆیدا واقعیاتەکانی بەپێی کێماسییەکانی ئەو سیستەمە روون کردۆتەوە کە رکەبەرایەتی فەرمانڕەوایی بەسەردا دەکات (و لە ((مۆنۆپۆلی ئابووری دروست کردنی پارە)) دەدوێت ((کە خاوەن دەسەڵاتێکی تاسێنەرە))، ئەوە لە کاتێك دایە کە مارکس گەرەکیەتی هاوچەشنی ئەم واقعیاتانە بە قبوڵ کردنی بازاڕی ئازاد- واتە بوونی رکابەرایەتی- روون بکاتەوە (هەڵبەتە بەبێ وەبەرچاوگرتنی ئەوە کە ناکرێت ((بەکاربەر)) رێك وەك ((کرێکاری پیشەسازی)) سەیر بکرێ. بە هەرحاڵ، روون کردنەوەی مەسەلەکە هەرچییەك بێت، واقیعیات- هەمان ئەو واقیعیاتەی کە بەبڕوای میکش، ((بە چەشنێکی تاقەتپڕوکێن دژە کۆمەڵایەتی))ـە- لە جێگای خۆیدا هەر ماوەو شانازی مارکس لەوەدایە کە هەم لەم واقیعیاتانە یاخی بوو و هەم ئەو پەڕی هەوڵی خۆیدا بۆ روون کردنەوەیان.

20. Leonhard Miksch, “Die Geldordnung der zukunft” zeitschrift für das Gesamte kreditwesen, 1949.
21. Forced investments



٢٠. بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ١٠ هەر لەم بەشەدا، بەتایبەتی ئەو بابەتانەی کە لەمەڕ نرخی ((سروشتی)) لەم یادداشتەدا وتراوە و هەروەها یادداشتی ١٨ و بابەتی پەیوەست بەمەوە لە دەقەکەدا. لە بەرگی سییەمی **سەرمایەدا**، بە دوورییەکی کەم لەو پارچانەی کە لە یادداشتی ١٠ی ئەم بەشەدا ئاماژەمان بۆ کردووە (**سەرمایە (ئەڵمانی)**، ٢/III، ل ٣٥٧)، مارکس وێرای باسێکی هاوچەشنی ئەمە، ئاماژە بە خاڵێك دەکات کە لە رووی میتۆدۆلۆژیاوە سەرنجڕاکێشە: **((ئەگەر سیمای رووالەتی شتەکان لەگەڵ ماهییەتەکەیان وەك یەك بوو، هەموو زانستێك وەك شتێکی زیادە خۆی دەنوێنی))**. هەڵبەتە وتنی ئەم قسەیە یەکسانە بە باوەڕهێنانێکی رووت بە ماهییەتگەرایی. لە یادداشتی ٢٤ی ئەم بەشەدا پێشان دراوە کە ئەم جۆرە بڕوا بوونە بە ماهییەتگەرایی، شتێکی ئەوتۆی لە تیۆرڕێژیەکانی میتافیزیك کەمتر نییە.

ئاشکرایە کاتێ مارکس لە شوێنی جیاجیا، بەتایبەتی لە بەرگی یەکەمدا، لەمەڕ دیاردەی نرخ دەدوێت، مەبەستی جۆرە ((سیمایەکی رووالەتی))ـە و ((بەها)) بە ماهییەت لە قەڵەم دەدات (بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٦ لە بەشی حەڤدەهەم و بابەتە پەیوەندیدارەکانی لە دەقەکەدا).

٢١. بۆ نموونە لە **سەرمایە**، ل٤٣ بەدواوەدا: ((رازی خەسڵەتی بت ئاسای شمەك)).

٢٢. هەڵیبسەنگێنن لەگەڵ کۆبەندی مارکس لەلاپەڕە ٥٦٧ و ٣٢٨ی **سەرمایەدا**: ((ئەگەر هەر لەو کاتەدا کە ڕێژەی کاری پێویست بۆ زێدەکار بەجێگیری بمێنێتەوەو بەرهەمداری کار دووهێندەی لێ بێت ...تاکە دەرەنجام ئەوە دەبێت کە هەر کام لەم دووانە، ببێتە نوێنەری بەهای خەرج کردن[٢٢] {واتە شمەك} بەڕادەی دوو هێندەی رابردوو و ئەم بەهای خەرجییە دوو هێندە لە جاران هەرزانتر بێت ... کەواتە لەوانەیە لە کاتێکدا کە بەرهەمداری کار رووەو زیادبوون دەچێت، نرخی توانای کار بەردەوام دابەزێت و لەگەڵ ئەوەشدا **ئەم دابەزینە لەگەڵ گەشەی بەردەوامی بڕی ئامرازەکانی بژێوی ژیانی کرێکار هاوجووت بێت**)).

٢٣. ئەگەر بەرهەمداری کەم تا زۆر لە هەموو شوێنکدا زیاد ببێت، رەنگە بەرهەمداری کۆمپانیاکانی {بەرهەم هێنانی} زێڕیش بەرز ببێتەوەو ئەمەش بەو مانایەیە کە زێڕیش وەك هەموو شمەکێکی دیکە، ئەگەر بەپێی کاتژمێری کار هەڵبسەنگێنرێت، هەرزانتر دەبێت. کەواتە، هەرچییەك سەبارەت بە شمەکەکانی تر راست بێت لەمەڕ زێڕیشەوە راستەو وتەی

22. use- value

مارکس (بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی پێشوو) لە هەمبەر زیادبوونی بڕی داهاتی ڕاستەقینەی کرێکار، لە هەمبەر کرێیەکەی بە زێڕ-واتە بە پارە-ش ڕاست دەبێت. (کەواتە شیکردنەوە مارکس لە لاپەڕە ٥٦٨ی **سەرمایە** کە تەنیا کورتەکەی لە یادداشتی پێشوودا ئاماژەی بۆ کرا، لەو حاڵەتانەی کە پەیوەندی بە ((نرخ))ـەوە هەیە، ڕاست نییە، چونکە ((نرخ)) هەمان ((بەها)) یە کە بەزێڕ حسێب کراوەو ئەگەر بەرهەمداری لە هەموو بەشەکان و یەك لەوانە بەرهەم هێنانی زێڕدا بە یەکسانی بەرز ببێتەوە ((بەها)) **بە جێگیری دەمێنێتەوە**).

٢٤. سەیرە کە لە تیۆری مارکس لەمەڕ بەها (بەجیاکردنەوە لە تیۆری قوتابخانەی کلاسیکی ئینگلیز، بە وتەی ج. واینەر)، کاری مرۆڤ لە ڕەگ و ریشەوە لەگەڵ هەموو پرۆسسێکی تری نێو سروشت- بۆ نموونە کاری چوارپێیەکان- بە جیاواز دادەنرێت و ئەمە بە ئاشکرا دەریدەخات کە بنەمای کۆتایی تیۆرەکەی، تیۆرێکی ئەخلاقییە کە بەپێی ئەو، ڕەنج و کوێرەوەری مرۆیی و ئەو تەمەنەی مرۆڤ تێپەڕی دەکات، شتێکە لە بنەماوە لە هەموو پرۆسسەکانی دیکە سروشت جیایە. دەتوانین ئەمە بە **تیۆری پیرۆزی کاری مرۆیی**[23] ناوزەد بکەین. هەڵبەتە من بە هیچ چەشنێك نکۆڵی لەڕاستی ئەم تیۆرە ناکەم لەڕووی ئەخلاقییەوە و ناڵێم دەبێ لە ڕەفتارەکانماندا پەیڕەوی لێ نەکەین. بەڵام لە هەمان کاتدا پێموانییە ئەوە ڕاست بێت کە ئەو کەسەی بەشێوەیەکی ناخودئاگا بڕوای بە تیۆری ئەخلاقی یان میتافیزیکی یان ئایینی هێنا، لەسەر بنچینەی ئەم تیۆرە خەریکی شیکردنەوەی ئابووری بێت. هەروەك لە بەشی بیست و دووەمدا بۆمان دەردەکەوێت، مارکس بەشێوەیەکی خودئاگا بڕوای بە هیچ چەشنە ئەخلاقێکی مرۆڤدۆستانە نەبوو و ئەم بیروباوەڕەی توڕهەڵدەدا و لەگەڵ ئەمەشدا ڕێك لەو شوێنەی کە بەهیچ جۆری بیری بۆی نەدەچوو- واتە لەکاتی فۆرمۆڵبەندی تیۆری ئەبستراکی بەهادا ئەخلاقی دەکرد بە بنچینە. هەڵبەتە ئەمە پەیوەندی هەبوو بە بڕوابوونی بە ماهییەتگەرایی و باوەڕ بەوە کە ماهییەت و جەوهەری هەموو پەیوەندییە مرۆییەکان، کاری مرۆڤە.

٢٥. سەبارەت بە دەسوەردانگەرایی، بگەڕێنەوە بۆ بەشی حەڤدەهەم، یادداشتی٩، و یادداشتی٢ هەر لەم بەشەدا.

23. Holiness of human labour



٢٦. لەمەڕ پارادۆکسنمای ئازادی و بوارەکانی بەکارهێنانی لە بەستێنی ئازادی ئابووریدا، بگەڕێنەوە بۆ بەشی حەڤدەهەم، یادداشتی٢٠ و ئەو گەڕانانەوەی لەم یادداشتەدا ئاماژەیان بۆ کراوە.

پرسی بازاڕی ئازاد کە لە دەقەکەدا تەنیا لە باسی بازاڕی کاردا ئاماژەی پێکراوە، یەکجار زۆر گرنگە. ئەگەر دەوڵەت دەستی تێوەربدات، ڕەنگە ڕێکخراوە نیمچە سیاسییەکان-ی وەك مۆنۆپۆلەکان و ترستەکان و یەکێتییەکان و ئەوانیتر- خۆ تێوەبگلێنن و ئازادی بازاڕ بکەنە شتێکی ئەفسانە. لەلایەکی ترەوە، گرنگیدان بەم حاڵەتەش لە پلەی یەکەمی گرنگی دایە کە بەبێ بازاڕی ئازاد و بەبێ چاوەدێرییەکی ورد بەسەر ئەم بازاڕە، سیستەمی ئابووری بەناچاری لە خزمەت کردنی تاکە ئامانجێك کە دەبێ لەڕووی عەقڵییەوە هەیبێت- واتە **دابین کردنی داخوازی بەکاربەرەکان**- دەستەوەستان دەبێت. ئەگەر بەکاربەر نەتوانێت هەڵبژێرێت و ناچار بێت هەموو ئەو شتانەی بەرهەم هێنەر دەیانخاتە ڕوو، هەڵبگرێت و ئەگەر بەرهەم هێنەر-بە تایبەتی و حکومی و بەڕێوەبەرایەتی فرۆشتنەوە- لەجیاتی بەرکاربەر ببێتە دەسەڵاتداری بازاڕ، بەناچاری بارودۆخێك دێتە پێش کە تێیدا لە جیاتی ئەوەی بەرهەم هێنەر لە خزمەتی بەکاربەر بێت بۆ دابین کردنی نیاز و داخوازییەکانی، دواجار بەکاربەر دەگۆڕێت بۆ چاوگی پارە و پیسی کۆکەرەوەی بەرهەم هێنەر.

ئاشکرایە لێرەدا لەگەڵ یەکێك لە پرسە گرنگەکانی ئەندازیاریی کۆمەڵایەتیدا بەرەو ڕوو دەبینەوە، بەو مانایە کە دەبێ بازاڕ لەژێر چاوەدێری دابێت بەڵام بەجۆرێك کە چاوەدێری نەبێتە هۆی سەندنەوەی ئازادی هەڵبژاردن لە بەکاربەر و پێویستی ڕکەبەرایەتی لە نێوان بەرهەم هێنەرەکانی لە پێناو ڕاکێشانی سەرنجی بەکاربەرەکان لەناو نەبات. هەموو چەشنە ((بەرنامەڕێژییەکی)) ئابووری کە بەم مانایە لە پلان دانان بۆ ئازادی ئابووری بێ توانا بێت، بەچشنێکی ترسناك لە ستەمکاری تۆتالیتێر نزیك دەبێتەوە. (هەروەها بگەڕێنەوە بۆ کتێبی ئێف. ئەی. فون هایك، **ئازادی و سیستەمی ئابووری**.

٢٧. بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٢ لەم بەشە و دەقەکەدا.

٢٨. ئەو جیاوازییەی لەنێوان ئەم دوو جۆرە ئامرازە ماشینەیەدا- یەکیان بۆ **بەرفراوانکردن** و ئەویتریان بۆ **توند کردنی** بەرهەم هێنان- دامان ناوە، زیاتر بۆ ڕوونکردنەوەی باسەکە بووەو هیوادارم بووبێتە هۆی بەهێزکردنی بەڵگەکان.

جێگەی خۆیەتی لێرەدا ریزێك لە گرنگترین وتەکانی مارکس لەمەڕ **سووڕی بازرگانی** و پێوەندی بە **بێکاری** بخەینەڕوو.

**مانیفێستی {کۆمۆنیست}**، ل٢٩ بەدواوە: سووڕی بازرگانی. **سەرمایە**، ل١٢٠: قەیرانی دراویی[٢٤]= بێ بازاڕی گشتی. **سەرمایە**، ل٦٢٤: سووڕی بازرگانی و پارە. **سەرمایە**، ل٦٩٤: بێکاری. **سەرمایە**، ل٦٩٨: سووڕی بازرگانی. **سەرمایە**، ل ل٧٠٣-٧٠٥: پەیوەندی دوولایەنەی سووڕی بازرگانی و بێکاری. **سەرمایە**، ل٧٠٦ بەدواوە: بێکاری. **سەرمایە**، بەرگی سێیەم، بەتایبەتی بەشی پازدەهەم، پاژی تایبەت بە ((زێدە سەرمایە و زێدە حەشیمەت))، **رێنما**، ل ل٢٨-٥١٦: سووڕی بازرگانی و بێکاری. **سەرمایە**، بەرگی سێیەم، بەشەکانی بیست و پێنجەم تا سییودووەم: سووڕی بازرگانی و پارە، بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆ **سەرمایە (ئەڵمانی)**، III/٢. ل٢٢ بەدواوە. هەروەها بەرگی دووەمی **سەرمایە**، ئەو پاژەی کە رستە خوازراوەکەی بەشی حەڤدەهەم، یادداشتی ١٧ی لێ وەرگیراوە.

٢٩. گەواهی شایەتەکان لە **کۆمسیۆنی نهێنی ئەنجوومەنی پیرانی {بەریتانیا}. بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر هۆکارەکانی پشێوی**، تاد، ١٨٧٥. **لە سەرمایە (ئەڵمانی)**، III/١، ل٣٩٨ بەدواوە وەرگیراوە.

٣٠. بۆ نموونە بگەڕێنەوە بۆ دوو وتاری سیمیکن لەمەڕ ((چاکسازی بودجە)) (بەشی نۆیەم، یادداشتی٣). بابەتی ئەم وتارانە سیاسەتی دژە سووڕییە و لە هەردووکیاندا، ئاماژە بە پوختەیەك لەمەڕ هەنگاوی سوێدییەکان کراوە.

٣١. هەمان کتێبی پارکس، بەتایبەتی ل٢٢٠، یادداشتی٦.

٣٢. **سەرمایە (ئەڵمانی)**، III/٢، ل٣٥٤ بەدواوە. (ئەو زاراوەیەی من بە ((شمەکی بەسوود))[٢٥] وەرم گێڕاوە، رەنگە بەشێوەیەکی وشە بە وشە بە ((بەهای خەرج)) وەربگێڕدرێت.

٣٣. بەڕێز واینەر نزیك جەختی لەسەر ئەوە کردووە کە جیمزمیل-یش بڕوای بە تیۆرەکەی من- یان بەهەر حاڵ، بە تیۆرێکی زۆر نزیك لەمە-هەبووە. مارکس بەردەوام بە درکە ئاماژەی

24. monetary crisis
25. Useful commodities



بەم تیۆرە کردووەو بێ ئەوەی بە تەواوی سەرکەوتوو بێت لە روونکردنەوەی ئەو خاڵەی لە هزری دایە، دەست و پەنجەی لەگەڵدا نەرم کردووە. بەکورتی، تیۆری ناوبراو پێیوایە کە هەموو سەرمایەیەك دواجار بۆ کرێ دەگەڕێتەوە، چونکە ((سەرمایەی وەستاو)) (یان بە وتەی مارکس ((سەرمایەی جێگیر))[٢٦]) بەپێی کرێ-لە بەرامبەر ئەودا- دروست دەبێت و بە وتەی مارکس، ئەوەی هەیە تەنیا سەرمایەی گۆڕاوەو سەرمایەی جێگیر بوونی نییە.

پارکس (هەمان کتێب، ل٩٧) تیۆری سەرەوە بەم جۆرە بە زمانێکی زۆر روون و سادە دەردەبڕێت: ((هەموو سەرمایەیەك، سەرمایەی گۆڕاوە. بۆ تێگەیشتن لەم خاڵە، ئەوەندە بەسە پیشەسازییەکی گریمانەی بێننە بەرچاوی خۆمان کە هەموو قۆناغە جیاوازەکانی بەرهەم هێنانی، لە کێڵگە یان کانەوە تا بەرهەمی کۆتایی یەکڕاست لەبەر دەست دایە، بێ ئەوەی پێویستی بە کڕینی ئامرازی ماشینی یان کەرەستەی خاو (سەرەتایی) هەبێت لە دەرەوە. لە پیشەسازییەکی ئەوتۆدا، هەموو تێچووی بەرهەم هێنان تایبەت دەبێ بە کرێ)). لەبەر ئەوەی دەتوانین هەموو سیستەمێکی ئابووری بە پیشەسازییەکی گریمانەیی ئەوتۆ لێك بدەینەوە کە تێیدا، نرخی ئامرازە ماشینییەکان (سەرمایەی جێگیر) بەردەوام لە رێگەی کرێوە (سەرمایەی گۆڕاو)ـەوە دەدرێت، هەمیشە سەرجەمی سەرمایەی جێگیر دەبێ بە بەشێك لە سەرجەمی سەرمایەی گۆڕاو بژمێردرێت.

بەڵام پێموانییە ئەم بەڵگەخوازییە کە سەردەمێك خۆشم بڕوام پێی هەبوو، بیروباوەڕی مارکس پووچەڵ بکاتەوە. و (ئەمە تاکە خاڵێکی گرنگە لە رەخنە بەپێزەکانی پارکس کە بەم هۆیانەی خوارەوە لە گەڵیدا کۆك نیم). ئەگەر ئەم پیشەسازییە گریمانەییە تەنیا بە گۆڕینەوە بە باشتر یان گۆڕینی ئامرازە ماشینەیەکان نەوەستێت و بیەوێت پێیانەوە **زیاد بکات**، رەنگە ئەم کارە بە مەفهوومی هەمیشەیی مارکس بە کەڵەکە بوونی سەرمایە لە **رێگای وەبەرهێنانی قازانجی وەدەست هاتوو**، لێك بدەینەوە. بۆ هەڵسەنگاندنی پلەی سەرکەوتنی ئەم وەبەرهێنانە، پێویستە لەوە بڕوانین کە زیادبوونی قازانج لە ساڵەکانی دواتردا لەگەڵ ئەم وەبەرهێنانەدا هاوڕێژە بووە یان نا. دەتوانین کە زیادبوونی قازانجە نوێیە سەر لە نوێ وەبەربهێنینەوە. بەڵام لەو ساڵەدا کە ئەم قازانجە لە پێناو وەبەرهێناندا خەرج کراوە (یان لە رێگای گۆڕینەوە بە سەرمایەی جێگیر، کەڵەکە بووە) لەبەرامبەر ئەمەدا {یان لەجیاتی ئەمە} سەرمایەی گۆڕاو دراوە. لەلایەکی

26. constant (capital)

ترەوە، پاش ئەوەی قازانج لە پێناو وەبەرهێناندا خەرج کرا، لە قۆناغەکانی دواییدا بە بەشێك لە سەرمایەی جێگیری لە قەڵەم دەدرێت، چونکە دەبێ بەرێژەی خۆی، قازانجی ئایندە زیاد بکات و ئەگەر وانەکات، ئەوا رێژەی قازانج بەناچاری نزم دەبێتەوەو ئەو کات دەڵێین وەبەرهێنانێکی باش نەبووە. کەواتە رێژەی قازانج، پێوەری سەرکەوتنی وەبەرهێنان و پێودانگی هەڵسەنگاندنی بەرهەمداری سەرمایەی جێگیرە کە بەتازەیی {بە سەرمایەی پێشووەوە} زیاد کراوە. ئەم سەرمایە نوێیە هەر چەندە لەجیاتی سەرمایەی گۆڕاوەوە بەدەست هاتووە، بەڵام ئێستا بە مەفهوومی مارکس، بووە بەسەرمایەی جێگیر و کاریگەری لەسەر رێژەی قازانج دادەنێت.

٣٤. بۆ نموونە بگەڕێنەوە بۆ **سەرمایە**، بەرگی سێیەم، بەشی سیزدەهەم (**رێنما**، ل٤٩٩) کە تێیدا نووسراوە: ((کەواتە تێبینی ئەوە دەکەین کە سەرەڕای کێماێسی روو لە زیادی رێژەی قازانج، لەوانەیە هەموو بڕی قازانجی وەدەست هاتوو لەڕووی رادەی رەها زیادبوون پێشان بدات. روو لە بەرزبوونەوەی ئەم زیادبوونە نەك هەر **شیاو** بەڵکو لەسەر بنچینەی {شێوازی} بەرهەم هێنانی سەرمایەداری و بەبێ وەبەرچاوگرتنی بەرزو نزم بوونەوە کاتەکیەکان، **حەتمیە**)).

٣٥. سەرمایە، ل٧٠٨ بەدواوە.

٣٦. پارکس، هەمان کتێب، ل١٠٢.

مارکس لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە هەژاری و بێنەوای سەرچاوەی شۆڕشە. لە سەدەی ڕابردوودا، هەڵگیرسانی شۆڕش لەو وڵاتانەدا کە بەڕاستی تووشی هەژاری روو لە زیاد ببوون، تاڕادەیەك تیۆرەکەی مارکسی سەر ڕاست دەکرد، بەڵام بە پێچەوانەی پێشبینی ئەو هیچ لەم وڵاتانە خودان سیستەمێکی سەرمایەداری گەشەسەندوو نەبوون و هەموویان یان کشتوکاڵی بوون یان وڵاتێك کە سەرمایەداری هێشتا لە قۆناغی بەرایی گەشەسەندنی خۆی دابوو. پارکس (هەمان کتێب، ل٤٨) بۆ پەسندکردنی ئەم وتەیە، خشتەیەکی {بۆ ئەم جۆرە} وڵاتانە ئامادە کردووە. پێدەچێت کە هەرچەندی بە پیشەسازی بوون زیاتر پێش بکەوێت، مەیلە شۆڕشگێڕییەکان روو لە کەم بوونەوە دەکەن. لەم روویەوە، نە شۆڕشی رووسیا دەبێ وەك شۆڕشێکی زوو پێگەیشتوو لێك بدرێتەوە نە وڵاتە پێشکەوتووەکان، ئەو وڵاتانەی کە شۆڕش تێیاندا وەدرەنگی کەوتووە. شۆڕشی رووسیا بەرهەمی ئاسایی ئەو هەژارییە بوو کە سەرچاوەکەی بۆ قۆناغی تازە رەسیوی سەرمایەداری و بێنەوایی وڵاتێکی کشتوکاڵی دەگەڕایەوە کە بەڵاکانی جەنگ و دەرفەتە



وەدەست هاتووەکانی ئاکامی جەنگیشی پێوە زیاد ببوو. بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ١٩ هەر لەم بەشەدا.

٣٧. رێنما، ل٥٠٧.

مارکس لەژێر ئەم پارچەیەدا بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئادەم سمیس لەسەر هەق بووە نەك ریکاردۆ (**سەرمایە (ئەڵمانی)**، /III، ل٢١٩).

رستەکەی ئادەم سمیس کە رەنگە جێگەی مەبەستی مارکس بووبێت، کەمێك دواتر هەر لەم بەندەدا خواستراوە. (**سامانی گەلان**، بەرگی٢، ل٩٥)[٢٧].

مارکس پارچەیەکی ریکاردۆ وەردەگرێت[٢٨]، بەڵام لەویش روونتر ئەو پارچەیە کە ریکاردۆ تێیدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو میکانیزمەی ئادەم سمیس وەسفی کردووە ((ناشێ ... کاریگەری لەسەر قازانج دابنێت))[٢٩].

٣٨. **رێنما**، ل٧٠٨. ئەم دەستەواژەیە لە **ئیمپڕیالیزم** {نووسینی لینین}، ل٩٦، وەرگیراوە.

٣٩. بگەڕێنەوە بۆ بەشی نۆزدەهەم، یادداشتی٣١ و بابەتە پەیوەندیدارەکانی پێیەوە لە دەقەکەدا.

٤٠. لینین، **ئیمپڕیالیزم: بەرزترین قۆناغی سەرمایەداری**(١٩١٧)، **رێنما**، ل٧٠٨ (=**ئیمپڕیالیزم**، ل٩٧).

٤١. هەڵبەتە ئەمە رەنگە هەر تەنیا پۆزشێك بێت- ئەویش پۆزشێکی نابەجێ- بۆ ئەو قسە رووشێنەرەی کە پارکس (هەمان کتێب، ٢١٣) لە مارکسی خواستووە. هۆکاری رووشێنەری وتەی ناوبراو ئەوەیە کە خوێنەر تووشی دڕدۆنگی دەبێت کە ئایا مارکس و ئینگڵس بەڕاستی بەم جۆرەی کە وێنا دەکرێ ئەڤینداری ئازادی بوونە، یان زیاتر لەوەی لە هەموو رێنماییەکانیانەوە دەردەکەوێت کەوتبوونە ژێر بێ بەندوباری و پشێوی هێگل و دەمارگرژییە نەتەوەییەکەی؟

27. Adam smith, wealth of nation, vol. II, p. 95, Everyman edition.
28. David Ricardo, workes, ed. Macculloch, p. 73 – Ricardo, Everyman edition, p. 78.
29. Ricardo, principles, p. 232.

**٤٢.** ((شێوازی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری)) زۆرینەی بەرینی خەڵك هەرچی زیاتر دەگۆڕێت بۆ کۆمەڵێکی پرۆلیتێر و لەم ڕێگایەوە، هێزێك دێنێتە ئاراوە کە هیچ چارەیەکی نییە جگە لەوەی شۆڕش بکات)). (**ڕێنما**، ل**٢٥٩**= **کۆمەڵە**، بەرگی تایبەت، ل ل٢٩٠-٢٩١)). سەبارەت بەو ڕستانەی کە لە **مانیفێستی {کۆمۆنیست}** وەرگیراوە، بگەڕێنەوە بۆ **ڕێنما**، ل**٣٥** (=**کۆمەڵە**، بەرگی٦، ل**٥٣٦**) و هەروەها **ڕێنما**، ل**١٥٦** بەدواوە (=**جەنگی ناوخۆ لە فەڕەنسا**، ل**٨٤**).

**٤٣.** سادەو ساویلکەیی پەنهانی ناو ئەم ڕستانە، سەرسوڕهێنەرە. بگەڕێنەوە بۆ ڕێنما، ل**١٤٧** بەدواوە (=**جەنگی ناوخۆ لە فەڕەنسا**، ل**٧٥** بەدواوە).

**٤٤.** بۆ ئاگادار بوون لەم سیاسەتە، بگەڕێنەوە بۆ ئەو پارچانەی کە لە (**لێدوان ڕوو بە کۆمەڵگای کۆمۆنیستەکان**)ی مارکس، لە بەشی نۆزدەهەم، یادداشتگەلی ١٤ و **٣٥** و **٣٦** و **٣٧**دا خواستوومانە. لەم لێدوانەدا هاتووە (**ڕێنما**، ل٧٠ بەدواوە (تۆخ کردنی وشەکان لەمنەوەیە)= **مانگنامەی کار**، سێپتامبەری **١٩٢٢**، ل ل **١٤٥-١٤٦**): ((کەواتە، ئەگەر بۆ نموونە، وردە بۆرژوازی بڕیار بدات ڕێگای ئاسن و کارخانەکان بکڕێت، دەبێ کرێکاران خوازیاری ئەوە بن دەوڵەت بەبێ دانی هیچ چەشنە غەرامەیەك، دەست بەسەر ئەم ڕێگا ئاسن و کارخانانە دابگرێت، چونکە کۆنە پەرستەکان خاوەنیانن. ئەگەر دیموکراتەکان پێشنیاری باج بەڕێژەی جێگیر بکەن، دەبێ کرێکاران خوازیاری باجی ڕوو لە بەرزبوونەوە بکەن. ئەگەر دیموکراتەکان خۆیان باجی ڕوو لە بەرزبوونەیەکی هێواش پێشنیار بکەن، کرێکاران دەبێ شێلگیرانە خوازیاری جۆرە باجێکی زۆر بەتوندی ڕوو لە بەرزبوونەوە بن-بەڕادەیەك، ڕوو لە بەرزبوونەوەکە ببێتە هۆی لەبەریەك هەڵوەشانی سەرمایە گەورەکان. ئەگەر دیموکراتەکان پێشنیاری ئەوە بکەن کە قەرزی نەتەوەیی سەر بە ڕێوشوێنێکی تایبەتی بێت، دەبێ کرێکارەکان خوازیاری {جاڕی} ئیفلاسی دەوڵەت بن. **خواستەکانی کرێکاران پەیوەندی بە پێشنیار و هەنگاوی دیموکراتەکانەوە هەیە**)). ئەمەیە تاکتیکی کۆمۆنیستەکان کە مارکس لە بارەیانەوە دەڵێت: ((دەبێ دروشمی جەنگەکەیان 'شۆڕشی بەردەوام' بێت.

# بەشی بیست و یەکەم

١. بگەڕێنەوە بۆ بەشی حەڤدەهەم، یادداشتی ٢٢ و بەشی هەژدەهەم، یادداشتی ٩ بابەتی پەیوەندیدار پێیەوە لە دەقەکەدا.

٢. ئینگڵس لە ئەنتی دورینگدا دەڵێت کە فیۆریە ماوەیەکی زۆر پێشتر ((سووڕی پووچەڵی)) شێوازی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری دۆزیبووە. ڕێنما، ل١٨٧.

٣. ڕێنما، ل٥٢٧ (=سەرمایە (ئەڵمانی)، ١/III، ل٢٤٢).

٤. بگەڕێنەوە بۆ نموونە بۆ هەمان کتێبی پارکس، ل١٠٢ بەدواوە.

٥. جارێ پێم باشە ئەم بابەتە بە هەڵپەسێردراوی بمێنێتەوە.

٦. هاوکارم، مامۆستا سیمکین، لەو وتووێژەی لەگەڵ یەکتر هەمان بووە، جەختی لەسەر ئەم خاڵە کردۆتەوە.

٧. بگەڕێوە بۆ بەشی چواردەهەم،یادداشتی ١١ و بەشی هەشتەم، کۆتاییەکانی یادداشتی١٧.

٨. بگەڕێنەوە بۆ دیباچەی مێژووی ئەورووپا، دانانی فیشەر[1]. وتەکانی لە بەشی بیست و پێنجەم، یادداشتی ٢٧، بەشێوەیەکی تەواوتر ئاماژەیان بۆ کراوە.

---

1. H.A.L. Fisher, History of Europe (1935), preface, vol. I, p. VII.

# بەشی بیست و دووەم

١. سەبارەت بە خەباتی کیەرکێ گۆر لەگەڵ ((مەسیحیەتی رەسمی))دا بگەڕێنەوە بەتایبەتی بۆ کتێبی **دادوەر**[1].

٢. ج. تاون زند، نامیلکەیەك لەمەڕ یاسای سواڵکەران ...، **لەسەرمایە**، ل٧١٥، وەرگیراوە. لە ل٧١١ (یادداشتی١)، مارکس دەنووسێت ((ئابە گالیانی، قەشەی بە زەوق و قسەخۆش))یش بیروڕایەکی هاوچەشنی ئەمەی هەبوو و دەیگوت: ((لەبەر ئەمەیە ئەو کەسانەی خەریکی بە سوودترین پیشەکانن، خوادن وەچە خستنەوەیەکی بەرفراوانن))[2].

لە ریزی ئەو کارە لێزانانەیەی کە وێلز لەسەر بیروباوەڕی تاك رەهەند و روو بە فاشیزمی {ویلیام} ئینگ سەبارەت جەنگی ناوخۆی ئسپانیا نووسیویەتی، ئەوەمان بەرچاو دەکەوێت کە تەنانەت لە وڵاتە رۆژئاواییەکانیشدا، رۆحی بەرگری لە گەڕانەوە بۆ کۆمەڵگای داخراوی کۆنەپەرست و ستەمکاری، هێشتا بە تەواوی لە مەسیحیەت جیا نەبووەتەوە. (بگەڕێنەوە بۆ **عەقڵی ساخلەم لە جەنگ و ئاشتیدا**، نووسینی ئیچ. جەی. وێلز ١٩٤٠، ل ل٣٨-٤٠). ئاماژەکردنی من بۆ کتێبی وێلز نابێ بەم چەشنە لێك بدرێتەوە کە ئەوەی ناوبراو- جا چ لە رووی رەخنەگرتنەوە بێت یان لەڕووی بوونیاتنانەوە- لە هەمبەر حکومەتی فدراتیف دەیڵێت- بەتایبەتی ئەو بیرۆکەیەی کە لە لاپەڕە ٥٦ لەمەڕ کۆمسیۆنە جیهانییە خاوەن سەڵاحیەتە گشتگیرەکان خستویەتە ڕوو- جێگەی پەسندی منە. بەبڕوای من، ئەم بیرۆکەیە هەڵگری

1. S. Kierkeggaard, Book of the judge. (German ed h. Gottsched, 1905).
2. Abbe Galiani, Della Moneta, 1803, p. 78.



مەترسی فاشیستیانەی گەورەیە. پێچەوانەی ئەم مەترسیانە، مەترسی پێك هاتنی کەنیسەیەکی لایەنگری کۆمۆنیزمە. بگەڕێنەوە بۆ بەشی نۆیەم، یادداشتی ١٢.

٣. کیەرکێ گۆر، هەمان کتێب، ل١٧٢.

٤. لەلایەکی ترەوە کیەرکێ گۆر بابەتێکی لەمەڕ لۆتەرەوە وتووە، رەنگە سەبارەت بە مارکسیش راست بێت: ((هزری ریفۆرمخوازی لۆتەر ... پێکهێنەری ناسکترین شێوەی {پاش مەسیحی} ئیلحاد بووە)). (هەمان کتێب، ل١٤٧).

٥. **رێنما**، ل٢٣١ (=لویدویك فویر باخ، ل٥٦). بگەڕێنەو بۆ بەشی سیزدەهەم، یادداشتەکانی ١١و ١٤.

٦. بگەڕێنەوە بۆ بەشی سێزدەهەم، یادداشتی ١٤ و بابەتی پەیوەندیدار لە دەقەکەدا.

٧. بگەڕێنەوە بۆ کتێبەکەی من، **هەژاری مێژووییەتی**، پاژی ١٩.

٨. رێنما، ل٢٧٤ بەدواوە (=**کۆمەڵە**، بەرگی تایبەت، ل٩٧).

٩. **رێنما**، ل ل٢٤٨ و ٢٧٩ (پارچەی کۆتایی کورت کراوەتەوە= **کۆمەڵە**، بەرگی تایبەت، ل ل٩٧ و ٢٧٧).

١٠. ل.لۆرا، **مارکسیزم و دیموکراسی**، ل١٦ (تۆخ کردنی وشەکان لەمنەوەیە).

١١. سەبارەت بەم دووپاراگرافە خواستراوە، بگەڕێنەوە بۆ **کەنیسەکان ئەرکی خۆیان تاوتوێ دەکەن**[3]، ل١٣٠ و **زانکۆکان لە ئاڵوگۆڕدا**[4]، ل١. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ دواین رستەکانی پارکس لە میانی رەخنەگرتن لە مارکس. (پارکس، هەمان کتێب، ل٢٠٨).

3. The churches survey their taks (1937).
4. A. Loewe, the universities in transformation (1940).

# بەشی بیست و سێیەم

١. سەبارەت بە مانهایم، بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆ {کتێبەکەی} **ئایدۆلۆژیاو یۆتۆپیا**[١] (کە لێرەدا سوود لە دەقە ئەڵمانییەکەی، چاپی ١٩٢٩، وەرگیراوە). هەردوو زاراوەی ((زێدی کۆمەڵایەتی)) و ((ئایدۆلۆژیای هەمەکی)) دانراوی مانهایم-ن. ((کۆمەڵناسیگەرایی)) و ((مێژوویيەتی)) لە بەشی رابردووشدا ئاماژەیان بۆ کرا. چەمکی ((زێدی کۆمەڵایەتی)) وێنایەکی ئەفلاتونیە.

کتێبەکەی تری مانهایم، **مرۆڤ و کۆمەڵگا لە سەردەمی بوونیاتنانەوەدا**، کە نووسەر تێیدا مەیلی مێژووگەرایانە لەگەڵ جۆرە بڕوا بوونێکی ڕۆمانتیك و تەنانەت عارفانەش لە هەمبەر گشتگەرایی ئاوێتەی یەکتر دەکات، لە نووسینەکەی من، **هەژاری مێژوویيەتیدا**، خراوەتە ژێر رەخنەوە.

٢. بگەڕێنەوە بۆ نووسینەکەی من، **دیالێکتیك چییە**؟ لە کتێبی **حەدیسات و رەدیات**، بەتایبەتی ل٣٢٥.

٣. ئەم زاراوەیە هی مانهایمە (**ئایدیۆلۆژیا و یۆتۆپیا**، ل٣٥). لەمەڕ ((عەقڵی سەرئاوی ئازاد لە ئاوێزانی)) بگەڕێنەوە بۆ هەمان کتێب، ل١٢٣، کە تێیدا ئەم زاراوەیە دراوەتە پاڵ ئالفێرد ڤیبەر[٢]. سەبارەت بە ((ڕۆشنبیرانی بەری لە لەنگەرگەی پتەو لەناو نەریتەکان))دا، بگەڕێنەوە بۆ هەمان کتێب، ل ل٣٤-١٢١، بەتایبەتی ل١٢١.

---

1. K. Mannheim, ideology and utopia.
2. Alfred Weber



٤. سەبارەت بەم تیۆرە-یاخود بەجۆرێکی باشتر، ئەم کردەیە- بگەڕێنەوە بۆ بەشی یازدەهەم، یادداشتەکانی ٥١ و ٥٢.

٥. **دیالێکتیك چییە**؟ (**حەدسیات و رەدیات**، ل٣٧). هەروەها، بەشی دوازدەهەم، یادداشتی٣٣.

٦. {جۆن} ویزدۆم-یش لە نووسینێکدا لەژێر ناوی **زەینەکانی تر**[٣]، ئاماژەی پێکچوونی نێوان میتۆدی دەروونشیکاری و میتۆدی ڤیتگنشتاین دەکات و دەنووسێ: ((گومان و دردۆنگی ئەو کەسەی دەڵێت: 'من هەرگیز ناتوانم بەڕاستی بزانم ئەویتر هەست بەچی دەکات' رەنگە گەلێ سەرچاوەی هەبێت. فرەیی هۆپێکهێنەری (موجبات)[٤] گومانکاری، هەڵگرتن و وەلانانی عەوارزەکان دژوار دەکات. رەنگە بکرێ پێکچوواندنی ڤیتگنشتاین بەرفراوان بکرێت و میتۆدی دەرمان بە میتۆدی دەرمانی دەروونشیکاری بچوێنین، چونکە {لە هەردوو حاڵەتەکەدا} دەرمان هەمان دەستنیشان کردنە و دەستنیشان کردن هەمان وەسفی تەواوی عەوارزە))، تاد. (ئەو شتەی کە پێویستە لێرە پێیەوە زیاد بکەین ئەوەیە کە ئەگەر وشەی ((زانین)) بە مانا باوەکەی بەکاربێنین، هەڵبەتە هەرگیز ناتوانین بزانین ئەوانیتر هەست بەچی دەکەن و تەنیا لەوانەیە هەندێ گریمانە لەم بارەیەوە دروست بکەین و ئەوەی بە ((پرس)) ناوزەد کراوە، بەم جۆرە چارەسەر دەکرێ. بەڵام لە بنەڕەتدا هەڵەیە کەسێك لەم بوارەدا باسی گومان و دردۆنگی بکات و هەڵەیەکی گەورەترە ئەگەر بیەوێت بە پەنابردن بۆ میتۆدی بان لۆژیکی-شیکاریی[٥]، ئەم دردۆنگیە بەلاوە بنێت).

٧. وەك دیارە دەروونشیکارەکانیش هەمان بیروڕایان لەمەڕ پسپۆڕانی دەروونناسی تاکەکەسی هەیە و رەنگە لەسەر هەقیش بن. فرۆید لە **مێژووی بزاڤی دەروونشیکاریدا**[٦]، ئەم پەیڤەی خوارەوە {کە لەگەڵ خۆی دەدوێت} لە ئادلێر خواستووە: ((ئایا تۆ پێتوایە من چێژ لەوە وەردەگرم کە هەموو تەمەنم لەژێر سایەی تۆدا بەرمە سەر؟)) ئەم وتەیە لەگەڵ بیری ئادلێر لەمەڕ دەروونناسی تاکە کەسییەوە دەگونجێت، چونکە بەبڕوای ئەو، هەستی بچووکتری لە هەموو شتێکی تر گرنگترە. سەرەڕای ئەمە، هەر لەم وتەیەوە دەتوانین پەی بەوە ببەین کە لانی کەم لەو

---

3. [John] wisdom, other minds (mind, vol. 49, p. 370, note).
4. over- determination
5. Semiotico- analystic
6. S. Freud, History of the psycho- Analytic Movement (1916), p. 42.

کاتەدا ئادلێر نەیدەزانی ئەو بیروبۆچوونەی هەیبووە بە چەشنێکی شایستە لەمەڕ خۆیەوە پیادەی بکات. ئەم حوکمە، بەبڕوای من لە هەمبەر فرۆیدیشەوە راستە. دەمەزرێنەرانی دەروونشیکاری، هیچ کامێکیان دەروونشیکاری نەکرابوون و هەرچەندە ئەو وەڵامەی لە بەرامبەر ئەم رەخنەیەدا دەیانخستەڕوو ئەوە بوو کە خۆیان خۆیانیان دەروونشیکاری کردووە، بەڵام ممکین نەبوو ئەم پۆزشە لە خەڵکانی تر قبوڵ بکەن و هەقیشیان بوو قبوڵی نەکەن.

٨. لەمەڕ ئەو توێژینەوەی لێرەدا لەسەر بابەتێتی زانستی ئەنجامان داوە، بگەڕێنەوە بۆ کتێبەکەی من، **لۆژیکی دۆزینەوەی زانستی**، پاژی٨ (ل٤٤ بەدواوە).

٩. دەبێ داوای لیبووردن لە کانتییەکان بکەم کە وێرای هێگلییەکان ناوم هێناون.

١٠. بگەڕێنەوە بۆ بەشی یازدەهەم، یادداشتی٣٤ و یادداشتەکانی دواتر.

١٢. کارل مانهایم، **ئایدۆلۆژیا و یۆتۆپیا** (ئەڵمانی، ل١٦٧).

١٣. هەمان کتێب، ل ل١٧٦ و ١٦٦. (بۆ ئاسانکاری لە دەربڕیندا، لەجیاتی زاراوەی reflexive، لە وەرگێڕدراوی {ئینگلیزی} وشە conscious (=خودئاگا بەکارهاتووە).

١٤. **رێنما**، ل٢٥٥ (=**کۆمەڵە**، بەرگی تایبەت، ل ل١١٧-١١٨): ((هێگل یەکەمین کەسە کە پەیوەندی نێوان جەبر و سەربەستی بەشێوەیەکی راست دەربڕیوە. لە روانگەی ئەوەوە، سەربەستی واتە تێگەیشتن لە جەبر)). بۆ ئاگاداربوون لەو رووالەتەی کە هێگڵ خۆی بەم بیرۆکە هەمیشەییەی خۆی داوە، بگەڕێنەوە بۆ **هەڵبژاردەکانی بەرهەمی هێگڵ**، ل٢١٣ (=**کۆمەڵەبەرهەمی هێگڵ**، ١٨٣٢-١٨٨٧، بەرگی٦، ل٣١٠): ((کەواتە، ئازادی {یان سەربەستی} حەقیقەتی پێویستی (زەروورەتی) {یان جەبر}ـە))، ل٣٦١ (=**کۆمەڵە**، بەرگی١١، ل٤٦): ((...ئازادی واتە بنەمای خودئاگایی بەپێی بنچینەی دینی مەسیح))، ل٣٦٢ (=**کۆمەڵە**، بەرگی١١، ل٤٧): ((خەسڵەتی خودیی ئازادی {یان سەربەستی} لە خۆگری پێویستی یان جەبر}ی رەهایە و بەشێوەی گەیشتن بە ئاگایی لەسەر خۆی دەردەکەوێت (چونکە بەپێی خەسڵەتی خۆی بریتییە لە خودئاگایی) و لەم رێگەیەوە، بوونی خۆی وەڕاست دەگەڕێنێ)) و بەم جۆرە تاد.

# بەشی بیست و چوارەم

۱. لێرەدا زاراوەی ((ڕێچکەی عەقڵی)) لە بەرامبەر ((ڕێچکەی ناعەقڵانی))دا بەکار دەهێنم، نەك لەبەرامبەر ((ڕێچکەی ئەزموونی)). کارناپ لە **بوونیادی لۆژیکی جیهاندا**[1] دەڵێت: ((ئەمڕۆکە بەزۆری زاراوەی 'ڕێچکەی عەقڵی' بە مانایەکی تر بەکاردێت ... **لە بەرامبەر و بە جیاکردنەوە لە ڕێچکەی ناعەقڵی**)).

مەبەستی من لە بەکارهێنانی زاراوەی ((ڕێچکەی عەقڵی)) بە مانا سەرەکییەکەی ئەوە نییە کە بڵێم بارودۆخی تری ئەم زاراوەیە- لەبەرامبەر (ڕێچکەی ئەزموونی)- گرنگیەکەی کەمترە. بە پێچەوانەوە، ئەم بەرانبەرێتییە، بە بڕوای من، نوێنەری یەکێك لە شیرینترین پرسەکانی فەلسەفەیە. بەڵام جارێ ئامانجی من تاوتوێ کردنی ئەم پرسە نییە و پێم وایە وا باشترە لە بەرامبەر ((ڕێچکەی ئەزموونی)) زاراوەیەکی دیکە بەکار بێنین- وەك ((بیرخوازی)) یان ((عەقڵانی)) یان ((ڕێبازی بەڵگەخوازی)) یان ((ڕێبازی پێژنی (شهودی) عەقڵی)) کە جێگەی ((ڕێچکەی عەقڵی)) بە مانا دیکارتییەکەی بگرێتەوە. شایانی باسە مەبەستم نییە **پێناسەی** زاراوەی ((عەقڵ)) یان ((ڕێچکەی عەقڵی)) بکەم و ئاگاداری ئەوەم کە ئەم وشانە جگە لە ئەتێکت وەك هیچ شتێکی تر بەکار نەهێنرێن و هیچ شتێك {لەم توێژینەوەیەدا} پەیوەست نییە بە وشەکانەوە. بگەڕێنەوە بۆ بەشی یازدەهەم، یادداشتی٥٠ (لەمەڕ کانت، بگەڕێنەوە بۆ بەشی دوازدەهەم، یادداشتی ٥٦ و بابەتی پەیوەندیدار بەمە لە دەقەکەدا).

1. R. Carnap, der logische Aufbau der welt (1928), p. 260.



۲. ئەوە هەمان ئەو کارەیە کە من خۆم ویستوومە لە وتارێکدا لەژێر ناوی **بەرەو تیۆرێکی عەقڵی لەمەڕ نەریتدا** ئەنجامی بدەم (کە سەرەتا لە ۱۹٤۹ لە **ساڵنامەی عەقڵانییەکان**[2]، ل٣٦ بەدواوە، بڵاوکرایەوە و ئێستا بەشێك لە کتێبی **حەدسیات و ڕەدیات** پێك دێنێت).

۳. ئەفلاتون، **تیمایوس**، ٥١٢ (هەروەها سەیری گەڕانەوەکانی بەشی یازدەهەم، یادداشتی٣٣ بکە).

٤.بگەڕێنەوە بۆ بەشی دەیەم، بەتایبەتی یادداشتەکانی ۳۸ تا ٤١ و بابەتەکانی دەق.

لەلای فیساگۆرس و هێراکلیتۆس و پامیندس و ئەفلاتون، توخمی عەقڵی و عیرفانی ئاوێتەی یەکتر کراوە. بەتایبەتی ئەفلاتون، سەرەڕای هەموو پشت بەستنەکانی بە ((عەقڵ)) توخمێکی وەها خەستی لە ڕێچکەی ناعەقڵانی بە فەلسەفەکەیەوە زێدەکردووە کە دەتوانین بڵێین هیچ جێگەیەك بۆ ڕێچکەی عەقڵی نەماوەتەوە کە لە سوقراتەوە پێی گەیشتبوو. ئەم شتە دواتر دەرفەتی ئەوەی لەبەردەم نییو ئەفلاتونییەکاندا ڕەخساند کە لەسەر بنەمای ڕێنماییەکانی ئەفلاتون، عیرفانەکەیان دابمەزرێنن و زۆربەی مەیلە عیرفانییەکانی دواتریش هەر لەمەوە سەرچاوە دەگرن.

ڕەنگە بە ڕێکەوت بێت بەڵام بەهەر حاڵ زۆر سەرنجڕاکێشە کە هێشتا لە نێوان ئەوروپای ڕۆژئاواو کەنارەکانی ناوەندی ئەوروپا، لەڕووی کولتوورییەوە سنوورێك بوونی هەیە. ئەم کەنارانە دەتوانین بڵێین وەکو ئەو خاکانەیەکە لە سەردەمی ئاوگوستۆسدا، نەکەوتە ژێر فەرمانڕەوایی ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆم و لە بەرەکەتی ئاشتی و هێمنی ئەم ئیمپڕاتۆریەتە و شارستانیەتەکەی بێ بەش بوو. خەڵکی ئەم جۆرە شوێنە ((بەربەرانە)) داهێنەری عیرفان نەبوون بەڵام توانایەکی تایبەتیان هەبووە بۆ قبوڵ کردنی. بێرنارد کلەڕوویی[3]، پرشنگدارترین

2. The Rationalist Annual (1949).
ناوی ئەم گۆڤارە لەبەشی حەوتەم، یادداشتی ٧، بەم شێوەیەی لای خوارەوە نووسراوە کە تارادەیەك جیاوازی لەگەڵ ئەمەی ئێستادا هەیە (هەڵبەتە ئەم جیاوازییە لە وەرگێڕانی فارسی {و کوردی}دا هیچ کێشەیەك دروست ناکات): The Rationalist Yearbook(1949).

۳. Bernard of clairxaux (یان سەن بێرنار: ۱۰۹۰ـ۱۱٥۳ زایینی) حەکیمی یەزدانی و عارفی فەرەنسی.

سەرکەوتنەکانی لە ئەڵمانیا وەدەست هێنا و هەر لەوێ بوو کە دواتر ئیکهارت[٤] و پەیڕەوکارانی قوتابخانەکەی و بومە[٥] ئیشەکەیان برەوی پەیدا کرد.

ماوەیەکی زۆر دواتر سپینوزا هەوڵیدا بۆ لێك گرێ دانی عیرفان و عەقلانیەت بەشێوازی دیکارت و سەر لەنوێ تیۆرێکی لەسەر بنەمای شهودی عارفانەی عەقڵی داهێنا، کە سەرەڕای ئەوەی لەلایەن کانتەوە دژایەتییەکی توندی کرا، بەڵام پاش ئەو بووە هۆی سەرهەڵدانی جۆرێکی نوێی ((ئایدیالیزم)) و دەرکەوتنی هەندێ کەسی وەك فیختە و شلینگ و هێگل. هەروەك لە بەشی دوازدەهەمدا بە کورتی ئاماژەی بۆ کراوە، دەتوانین بڵێین ڕەگ و ریشەی هەموو ڕێبازە ناعەقلانیەکانی ئەمڕۆ بۆ هێگل دەگەڕێتەوە. (هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتەکانی ٢٩ تا ٣٢ و یادداشتی ٥٨ هەر لەم بەشە و بەشی یازدەهەم، یادداشتگەلی ٣٢، ٣٣ و ئەو گەڕانەوانەی لەم یادداشتانەدا بۆ بابەتی عیرفان کراوە).

٥. لەمەڕ ((چالاکییە ماشینیەکان)) بگەڕێنەوە بۆ یادداشتەکانی ٢١ و ٢٢ هەر لەم بەشەدا.

٦. دەڵێین دەبێ ((وازی لێ بهێنرێت)) بۆ ڕەچاوکردنی بۆچوونی ئەو کەسانە کە ڕەنگە بڵێین گریمانەیەکی ئەوتۆ (١) چەوتە، (٢) ئەگەرچی بە ڕێکەوت ڕاست بێت، نازانستی (یان نارەوایە) و (٣) ((پشتگوێ خراو)) یان ((بێمانا))یە، بۆ نموونە بەو مانایەی ڤیتگنشتاین لە __نامیلکەدا__ بەکار دەهێنێ. بگەڕێنەوە بۆ بەشی دوازدەهەم، یادداشتی ٥١ و یادداشتی ٨ (٢) هەر لەم بەشەدا.

سەبارەت بە جیاوازی نێوان ڕێچکەی عەقڵی ((ڕەخنەیی)) و ((نارەخنەیی))، بەمانایەك دەتوانین بڵێین دانزسکۆتوس[٦] و کانت، هەردووکیان لە ڕێنماییەکانی خۆیاندا لە ڕێچکەی عەقڵی ((ڕەخنەیی)) نزیك بوونەتەوە (مەبەستم لە تیۆرەکەیانە لەمەڕ ((ئەولەویەتی ئیرادە)) کە ڕەنگە بە ئەولەویەتی بڕیاری ناعەقلانی لێك بدرێتەوە).

٤. Eckhart (ناسراو بە مایستەر ئیکهارت: ١٢٦٠ـ١٣٢٨ زایینی) خواناسی عارف سیفەتی ئەڵمانی.

٥. J. Boehme (١٥٧٥ـ١٦٢٤). عارفی یەکیەتی بوونی ئەڵمانی.

٦. Duns Scotus (١٢٦٥ـ١٣٠٨ زایینی). فەیلەسووف و خواناسی سکۆتلەندی کە ڕەخنەی زۆری لە بیروبۆچوونەکانی ئەرستۆ و تۆماس ئەکویناس گرت و بۆ نموونە بڕوای وابوو کە ئیمان (کە بنەمای خواناسییە) لە ئیرادەوە سەرچاوە دەگرێت نەك لەهێزێن تیۆری و عەقڵی.



٧. لەم یادداشتە و یادداشتی دواتردا، ئاماژە بە چەند خاڵێك دەکەین لەسەر __**پارادۆکسی درۆزن**__[٧] بەڵام لە پێشدا دەبێ ئەوەتان بیربخەمەوە کە پارادۆکسە ((لۆژیکی)) و ((واتاناسی))ـەکان ئیدی بە پێچەوانەی ڕابردوو تەنیا وەکو یاریچە و ئامرازی کات بەسەربردنی لۆژیستەکان سەیر ناکرێ و ئێستا نەك هەر لە ماتماتیك بەڵکو لە سەرجەم بەشەکانی تریشدا گرنگی خۆی هەیە. بوونی پەیوەندی لە نێوان پارادۆکسەکان و پرسە گرنگەکانی فەلسەفەی سیاسی- وەك پارادۆکسنمای ئازادی[٨]- شتێکی یەکلاکراوەو بنبڕە. لە بەندی (٤) ئەم یادداشتەدا، پێکچوونی نزیکی __**پارادۆکسە جیاجیاکانی سەروەری**__[٩] لەگەڵ پارادۆکسی درۆزن، بەکورتی پێشان دەدرێت. بەڵام پرسی چارەسەرکردنی ئەم پارادۆکسانە لە ڕێگای میتۆدەکانی ئێستا (یاخود بەجۆرێکی تر، دروست کردنی زمانێکی بەری لەم جۆرە پارادۆکسانە) قسەی لەسەر ناکرێت چونکە لە دەرەوەی بابەتەکانی ئەم کتێبەیە.

(١) دەتوانین __**پارادۆکسی درۆزن**__ بە شێوازی جیاواز بەیان بکەین کە یەکێکیان بەم جۆرەیە. گریمان ڕۆژێك کەسێك دەڵێ: ((ئەوەی ئەمڕۆ بیڵێین درۆیە)) یاخود بەجۆرێکی باشتر- ((هەر دەستەواژەیەك ئەمڕۆ دەریببڕین درۆیە))- و ئەو ڕۆژە هیچ شتێکی تر نەڵێت. ئەگەر لە خۆمان بپرسین ئەو کەسە ڕاستی وتووە، ئەو بارودۆخەی دێتە پێش بەم جۆرە دەبێت: ئەگەر وادابنێین ئەوەی وتوویەتی ڕاستە، بە وەبەرچاوگرتنی ئەوەی وتوویەتی بەم دەرەنجامە دەگەین کە درۆی کردووە، و ئەگەر وادابنێین ئەوەی وتوویەتی درۆیە، بە وەبەرچاوگرتنی ئەوەی وتوویەتی دەبێ بەو دەرەنجامە بگەین کە ڕاستی کردووە.

(٢) هەندێ جار پارادۆکس بە ((دژایەتی))[١٠]یش ناوزەد دەکرێت بەڵام ڕەنگە ئەم کارە تاڕادەیەك گومڕاکەر بێت. دژایەتی ئاسایی ((یان دژایەتی خودیی)) لە دەستەواژەیەکدا پەیدا دەبێت کە لەڕووی لۆژیکییەوە چەوت بێت. وەك ئەوەی بڵێین ((ئەفلاتون دوێنێ دڵخۆش بوو و ئەفلاتون دوێنی دڵخۆش نەبوو)). ئەگەر وادابنێین کە ئەم ڕستەیە چەوت یان درۆیە، هیچ

7. Paradox of the lair

٨. بگەڕێنەوە بۆ بەشی حەڤدەهەم، یادداشتی ٢٠ و بەشی حەوتەم، یادداشتەکانی ٤ و٦.

٩. بگەڕێنەوە بۆ بەشی حەوتەم، یادداشتی ٦و دەقەکە.

10. Contradiction

کێشەیەکی ترمان نابێت. بەڵام نەدەشێ گریمانەی ئەوە بکەین کە پارادۆکس راستە **نەدرۆ**، چونکە لە هەردوو بواردا تووشی کێشە دەبین.

(٣) بەڵام هەندێ دەستەواژەش هەیە، هەرچەندە لەگەڵ پارادۆکسەکاندا پەیوەندییەکی نزیکیان هەیە، بەڵام ئەگەر لێیان وردبینەوە بۆمان دەردەکەوێ تەنیا بەشێوەیەکی خودیی پێویستیان بە دژایەتی هەیە، وەك ئەم دەستەواژەیە: ((هەموو دەستەواژەیەك درۆیە)). ئەگەر وادابنێین ئەم دەستەواژەیە راستە، بە وەبەرچاو گرتنی ئەوەی تێیدا وتراوە، بەم دەرەنجامە دەگەین کە درۆ (یان چەوت)ـە، بەڵام ئەگەر شیمانەی ئەوە بکەین کە درۆیە، کێشەکەمان چارەسەر دەبێت، چونکە تاکە دەرەنجامێك کە لەم گریمانەیە وەردەگیرێت ئەوەیە کە گشت دەستەواژەکان درۆ نین، یاخود بەجۆرێکی وردتر، هەندێ لە دەستەواژەکان درۆ نین و لانی کەم دەستەواژەیەك هەیە کە درۆ نییە. ئەم دەرەنجامە، زیان بە هیچ شوێنێك ناگەیەنێ چونکە پێویستی بەوە نییە کە دەستەواژە سەرەکییەکەمان یەکێك لە دەستەواژە راستەکان بێت. (هەڵبەتە ئەمە بەو مانایە نییە کە بتوانین زمانێکی **بەری لە هەموو جۆرە پارادۆکسێك** چێ بکەین کە تێیدا، فۆرمۆڵبەندی {ئەم دەستەواژەیە} ((هەموو دەستەواژەیەك درۆیە)) یان ((هەموو دەستەواژەیەك راستە))، ممکین بێت).

ئەم دەستەواژەیەی بڵێت ((هەموو دەستەواژەیەك درۆیە))، لەڕاستیدا پارادۆکس نییە، بەڵام بەهۆی پێکچوونێکی ئاشکرا بە پارادۆکسی درۆزن، بۆ ئاسانکاری لەوانەیە بە ((یەکێك لە فۆرمەکانی پارادۆکسی درۆزن)) ناوزەد بکرێت. یۆنانییە دێرینەکان ئەم پارادۆکسەیان بەم چەشنە فۆرمۆڵبەندی کردبوو: ئێپی منیدس کراتی[11] دەڵێت، ((هەموو کراتیەکان هەمیشە درۆ دەکەن)). لە چوارچێوەی زاراوەکانی ئێمەدا، ئەم پارادۆکسە تەنیا ((یەکێکە لە فۆرمە جیاوازەکانی پارادۆکسی درۆزن))، واتە هەڵگری دژایەتییە نەك ئەوەی لە ڕاستیدا پارادۆکس بێت. (بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٥٤ هەر لەم بەشەو بابەتی پەیوەندیدار پێیەوە لە دەقەکەدا).

(٤) لە نێوان پارادۆکسی درۆزن و فۆرمە جیاوازەکانی پارادۆکس سەرەوەریدا (وەك ئەم پرنسیپە کە دەبێ باشترین یان زاناترین تاك یان زۆرینە فەرمانڕەوایی بکات)[12] پێکچوونێك لە ئارادایە کە ئێستا بەکورتی هەوڵی شیکردنەوەی دەدەین.

11. Epimenidse the cretan

١٢. بگەڕێنەوە بۆ بەشی حەوتەم، یادداشتی ٦و بابەتێن پەیوەست لەدەقەکەدا.



یەکێك لەو فۆرمە جیاوازانەی کە دەکرێ بدرێتە پاڵ پارادۆکسی درۆزن و لەنگفۆرد[13] شیکردۆتەوە، ئەم فۆرمانەی خوارەوەیە:

گریمان دوو کەس بەناوەکانی الف و ب دوو رستەی بە جۆرە بڵێن:

الف بڵێت: (ئەوەی ب دەیلێت راستە)).

ب بڵێت: ((ئەوەی الف دەیلێت درۆیە)).

ئەگەر ئەو میتۆدە بەکاربهێنین کە پێشتر روونمان کردەوە، بە ئاسانی بڕوا بەوە دێنین کە هەر کام لەم دوو رستەیە یەك پارادۆکسە.

ئێستا ئەم دوو رستەیەی خوارەوە دێنینە بەرچاوی خۆمان کە لە یەکەمیاندا ئەم پرنسیپە بەیان کراوە کە دەبێ زاناترین کەس فەرمانڕەوایی بکات:

(الف) پرنسیپی ناوبراو دەڵێت: ئەوەی زاناترین کەس لە {بەندی} (ب)دا بیلێت، دەبێ حوکمی یاسای هەبێت.

(ب) زاناترین کەس دەڵێت: ئەوەی پرنسیپی ناوبراو لە {بەندی} (الف) بیلێت، نابێ حوکمی یاسای هەبێت.

٨. (١) ئەگەر بابەتەکە بەم چەشنەی لای خوارەوە دەربڕدرێت، بە ئاسانی بۆمان دەردەکەوێت کە بنچینەی خۆبواردن لە هەموو جۆرە پێش گریمانەیەك، ((یەکێکە لە فۆرمەکانی پارادۆکسی درۆزن))، بەو مانایەی کە لە بەندی (٣)ی یادداشتی ٧ دا شی کرایەوە، کەواتە، لە خودیی خۆیدا هەڵگری دژایەتییە. فەیلەسووفێك دێنینە بەرچاوی خۆمان کە بێ بەڵگەخوازی، لێکۆڵینەوەکەی بە بەڵگە نەویست سەیر کردنی ئەم پرنسیپە دەست پێدەکات: ((هەموو پرنسیپێك کە بێ بەڵگەخوازی وەك بەڵگەنەویست لە قەڵەم بدرێت، نارەوایە)).

ئاشکرایە ئەگەر وادابنێین کە ئەم پرنسیپە راستە، دەبێ بگەینە ئەم دەرەنجامە کە بە وەبەرچاوگرتنی ئەوەی دەیلێت، نارەوایە. (پێچەوانەی ئەم گریمانە بە هیچ چەشنە کێشەیەك دروست ناکات). وشەگەلی ((رێنوێنێك بۆ وەدەست هێنانی تەواویی (کمال)))، کینایەیە کە بۆ رەخنەگرتنی باو لەم پرنسیپە کە یەکێك لە دارێژەرەکانی هۆسرل بوو. لەرد، لە کتێبی

13. C.H. Langford

فەلسەفەی دوایی[١٤]، دەڵێ ئەم پرنسیپە ((یەکێکە لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی فەلسەفەی هۆسرل. بەڵام ئەوە کە بڕوا هێنان پێی سەرکەوتنێکی بە نسیب کردبێ جێگەی گومانە، چونکە دەرکەوتووە ناکرێ بەری پێش گریمانەکان بگیردرێت)). تا ئێرە من بە تەواوی لەگەڵیدا کۆکم، بەڵام لە تەك ئەوەی دواتر دێت بە تەواوی کۆك نیم: ((... خۆبوواردن لە هەموو چەشنە پێش گریمانەیەك رەنگە رێنوێنێك بێت بۆ وەدەست هێنانی تەواوی، بەڵام لەو دونیایەدا کە غەفڵەت و نەبوونی چاوەدێری بەسەریدا فەرمانڕەوایە، کردەیی نییە)). بگەڕێنەوە بۆ بەشی بیست و پێنجەم، یادداشتی٥).

(٢) لێرەدا جێگەی خۆیەتی هەوڵی تاوتوێ کردنی هەندێ ((پرنسیپی)) دیکەش بدەین، کە رەنگە بتوانین هەموویان بەو مانایەی کە لە بەندی (٣)ی یادداشتی ٧ دا بەکارهاتووە، بە ((فۆڕمی جیاوازی پارادۆکسی درۆزن)) و هەر بۆیە لە خودی خۆیدا بە هەڵگری دژایەتی لە قەڵەم بدەین.

(الف) پرنسیپی خوارەوە لە ((رێبازی کۆمەڵناسیگەرایی)) دا و (پرنسیپە هاوچەشنەکەی لە ((مێژووییەتی))دا) لە ڕووی فەلسەفەی کۆمەلایەتییەوە سەرنجڕاکێشە و لەوانەیە بەم جۆرە فۆرمۆڵبەندی بکرێت: ((هیچ دەستەواژەیەك بە شێوەیەکی رەها راست نییە و هەر دەستەواژەیەك بەناچاری بەپێی ئیعتباری زێدی کۆمەلایەتی (یان مێژوویی) داهێنەری ئەم دەستەواژەیە، رێژەییە)). ئاشکرایە ئەو تێبینییانەی کە لە بەندی (٣)ی یادداشتی ٧ دا خرانەڕوو، لێرەش دەتوانین بڵێین بەبێ هیچ چەشنە گۆڕانکارییەك مسداقیەتی هەیە. ئەگەر وادابنێین کە ئەم پرنسیپە راستە، واپێویست دەکات {بەرەهایی} راست نەبێ و ((بەپێی ئیعتباری زێدی کۆمەلایەتی (یان مێژوویی) داهێنەری ئەم دەستەواژەیە))، رێژەیی بێت. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٥٣ هەر لەم بەشە و بابەتی پەیوەندیدار پێیەوە لە دەقەکەدا.

(ب) نموونەی لەم جۆرە لە **نامیلکەی** ویتگنشتان-یشدا دەست دەکەوێت. یەکیان ئەو حوکمەیەتی (کە لە بەشی یازدەهەم، یادداشتی ٤٦، بەشێوەیەکی تەواوتر ئاماژەی بۆ کراوە): ((تەواویەتی دۆزە راستەکان {یەکسانە لەگەڵ} تەواویەتی زانستە سروشتییەکان)) لەبەر ئەوەی ئەم دۆزە بۆ خۆی سەربە زانستە سروشتییەکان نییە و (سەر بە جۆرێك لە

14. J. Laird, Recent philosophy, 1936, p. 121.



میتازانستە[١٥]، واتە ئەو تیۆرەی کە لەمەڕ زانستەوە توێژینەوە دەکات)، هەر بۆیە واپێویست دەکات حوکم لەسەر ناڕاستی[١٦] {یان درۆی} خۆی بدات، کەواتە، هەڵگری دژایەتییە.

ئێستا، ئەم دۆزە بە ئاشکرا ئەو پرنسیپە رەفز دەکات کە وینگنشتاین خۆی بڕوای پێی هەیە (**نامیلکە**، ل٥٧) بەپێی ئەم پرنسیپە: ((هیچ دۆزێك ناتوانێ شتێك لەمەڕ خۆیەوە بڵێت...)).

سەرەڕای ئەمە، دەردەکەوێت تەنانەت ئەم پرنسیپەی دواییشیان (کە بە پرنسیپی W ناوزەدی دەکەین) بۆ خۆی یەکێکە لە فۆرمە جۆراوجۆرەکانی پارادۆکسی درۆزن و حوکم لەسەر ناڕاستی {یان چەوتی یان درۆی} خۆی دەکات و (هەر بۆیە، بەپێچەوانەی وێنای وینگشتاین، نەهاواتای ((تیۆری پۆلە {لۆژیکی}ـەکان))[١٧]ـە و نە بەرەنجامیەتی و نە جێگرەوەکەی. برتراندراسل، بۆ خۆبوواردن لەو پارادۆکسانەی دۆزیبوونیەوە، تیۆری ناوبراوی بەم جۆرە لێ کرد کە هەموو ئەو دەستەواژانەی کە وەك نیمچە دۆز دێنە بەرچاو بەسەر سێ پۆلدا دابەش کرد: دۆزە راستەکان، دۆزە چەوتەکان (درۆییەکان) و دۆزە بێماناکان یان نیمچە دۆزەکانی). رەنگە بشێت پرنسیپی W وینگنشتاین سەر لەنوێ بەم جۆرەی لای خوارەوە فۆرمۆڵبەندی بکەین:

+W: هیچ دەستەواژەیەك- بەتایبەتی هیچ دەستەواژەیەکی نیمچە دۆزیی- کە دەلالەت لە سەرخۆی بکات- چ هەڵگری ناوی خۆی بێت یان هەڵگری گۆڕاوێکی تاکە کەسی[١٨] کە ئەو پۆلە لەخۆ بگرێ کە خۆی سەربەوە- دۆز نییە (بەڵکو نیمچە دۆزێکی بێمانایە).

ئەگەر {پرنسیپی} +W راست بێت، بە وەبەرچاوگرتنی ئەوە کە خۆی دەستەواژەیەکە و دەلالەت لەسەر هەموو دەستەواژەیەك دەکات، ناشێت دۆز بێت و هەر لەم رێگەیەوە راستیش نییە.

لەم رووبەوە، گریمانەی ئەوەی {+W} راستە، بۆ بەرگری لێکردن ناشێت. {پرنسیپی} +W ناشێت راست بێت، بەڵام ئەمە دەرنیاخات کە بەناچار دەبێ چەوت {یان درۆ} بێت، چونکە هیچ کام لەم دوو گریمانانە یەکیان کە پێیوایە {+W} درۆیە و ئەویتریان کە دەڵێ {+W} دەستەواژەیەکی بێمانا (گوێپێنەدراو)یە تووشی کێشەیەکی بە پەلەمان ناکەن.

15. meta- science
16. untruth
17. theory of types
18. individual variable

لەوانە بوو وینگنشتاین بڵێت، کاتێ ئەم رستانەی خوارەوەی دەنووسێ (**نامیلکە**، ل١٨٩، بەشی یازدەهەم، یادداشتی ٥١(١)) خۆی ئاگاداری ئەم بابەتە بووە: ((دۆزەکانی من روونکردنەوەیەکە بەم چەشنە کە ئەو کەسەی لە {بۆچوونی} من تێدەگات، سەرەنجام ئەم دۆزە بەبێ مانا لێك دەداتەوە...)) بەڵام، هەر چۆنێك بێت، دەتوانین سۆسەی ئەوە بکەین {ئەگەر ئەو مابووایە} +W بە بێمانا وەسف دەکرد نەك درۆ. بەڵام بەبڕوای من، +W بێمانا نییە، درۆیە. یاخود بەجۆرێکی وردتر، من لەسەر ئەو بڕوایەم کە لە هەموو زمانێکی فۆرمیدا کە هەڵگری ئامرازگەلێك بن بۆ ئاخافتن لەمەڕ دەستەواژەکانی خودی ئەو زمانە و هەروەها هەڵگری ناوگەلێ بن بۆ ناودێرکردنی پۆلە جیاوازەکانی دەستەواژەکانی وەك ((دۆزەکان)) و ((نادۆزەکان))[١٩]، **گوزارەیەکی بە فۆرم کراوی وەك +W کە حوکم لەسەر بێمانا بوونی خۆی بدات، نە بێمانا دەبێ نە بەڕاستی پارادۆکسێك، بەڵکو تەنیا هەڵگری دژایەتی دەبێ لە خودی خۆیدا**. (نموونەی زمانی فۆڕمی، ئەو زمانەیە کە تێیدا گوزارە بنبڕنەخوازەکانی[٢٠] گۆدل[٢١] بۆ دەستەواژەبەندی بشێن). ئەم گوزارەیە بەم هۆیە ساکارە مانایەکی هەیە کە حوکم لەسەر ئەوە دەکات هیچ دەستەواژەیەك لە فلانە جۆر، دۆز نییە (واتە فۆرمۆلێکی باش پێك هاتوو نییە) و ئەم حوکمە یان راست دەبێ یان چەوت، بەڵام بێمانا نییە، چونکە باش پێك هاتوویی یان نەهاتوویی)، سیفەتی دەستەواژەکانە. بۆ نموونە، ((هەموو دەستەواژەیەك بێمانایە)) هەڵگری دژایەتییە لە خودی خۆیدا بەڵام پارادۆکسی راستەقینە نییە. ئەم دەستەواژەیەش هەر بەم جۆرەیە: ((دەستەواژەی X بێمانایە))، ئەگەر بێتو ناوی ئەم دەستەواژەیە لەجیاتی X دابنێین. بۆ ئەوەی یەکێك لە بیرۆکە فیندلیەکان بە کەمێك دەستکارییەوە دەربڕین، دەتوانین بەم جۆرە بینووسین:

**ئەو دەستەواژەیەی کە بەدەست دێت لە جێگۆڕکێی[٢٢] گۆڕاوەکە لە دەستەواژەی خوارەوەدا: ((ئەو دەستەواژەیەی کە بەدەست دێت لە جێگۆڕکێی گۆڕاوە کە لە دەستەواژەی Xی خوارەوە**

19. non- propositions
20. undecidable statements.
٢١. K. Goedel لۆژیست و ماتماتیکزانی نەمسایی، لەدایك بووی ١٩٠٦.
22. Substituting



**بەناوی وەرگیراوی ئەم دەستەواژەیە، گوزارە نییە))، بەناوی وەرگیراوی ئەم دەستەواژەیە، گوزارە نییە**[٢٣].

بەڵام دەردەکەوێت ئەوەی هەر ئێستا نووسیمان لە خودی خۆیدا هەڵگری دژایەتییە. (ئەگەر لەجیاتی ((گوزارە نییە)) دیسان بنووسین ((گوزارەیەکی چەوت نییە))، پارادۆکسی درۆزنمان دەست دەکەوێ، ئەگەر بنووسین ((گوزارەیەکی ئەرگۆمێنت نەخوازە))، گوزارەیەکمان دەست دەکەوێ بەشێوازی گۆدل لە نووسینی فیندالیدا).

کورتەی باسەکە ئەوەیە بە پێچەوانەی ئەوەی رەنگە لە بەراییدا بێتە بەرچاو، ئەو تیۆرەی کە بەشێوەیەکی ئیلتزامی دەلالەت لەسەر بێمانبوونی خۆی بکات، بێمانا نییە، درۆیە، چونکە دراوە پاڵ (محمول)ی ((بێمانا))- بە هەڵاواردن لە دراوەپاڵی ((درۆ))- پارادۆکس دروست ناکات.کەواتە، تیۆری وینگشتاین، بە پێچەوانەی رای خۆی، بێمانا نییە، درۆیە (یاخود بەجۆرێکی تر، هەڵگری دژایەتییە لە خودی خۆیدا).

(٣) هەندێ لە پۆزەتیڤیستەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە دابەشکردنی دەستەواژەکانی زمانێك بەسەر سێ پۆلی وەك (١) گوزارە راستەکان، (٢) گوزارە چەوتەکان، (٣) دەستەواژە بێماناکان (یان بەشێوەیەکی باشتر، دەستەواژەی جگە لە گوزارە باش پێك هاتووەکان)، دابەش کردنێکی کەم تا زۆر سروشتییە و دەرفەت بۆ بەلاوەنانی پارادۆکسەکان بەهۆی بێمانا بوونیان و لە هەمان کاتدا بەلاوەنانی سیستەمە میتافیزیکیەکان دەرەخسێنێت. ئەوەی ئێستا باسی دەکەین رەنگە دەربیخات کە ئەم جۆرە دابەش کردنە سێ پۆلیە بە تەنیا بەس نییە.

ئەفسەری سەرۆکی دژە زانیاری ژێر فەرماندەیی ژنراڵ سێ سندوقی هەیە کە بەڕیز لەسەریان نووسراوە: (١) ((سندوقی ژنراڵ))، (٢) ((سندوقی دوژمن)) (کە دەبێ ناوەڕۆکەکەی بخرێتە ژێر دەستی سیخورەکانی دوژمن) و (٣) ((وەرەقە پووچەڵەکان)) فەرمان بەسەر ئەم ئەفسەرەدا کراوە

٢٣. بۆ زانیاری ئەم خوێنەرانەی حەزیان لە لۆژیکی نوێیە و شارەزای ئینگلیزین. رێك ئەم رستانە بە زمانی سەرەکی دەنوسمەوە:

The expression obtained by substituting for the variable in the following expression, “the expression obtained by substituting for the variable in the following expression X the quotation name of this expression, is not a statement”, the quotation name of this expression, is not a statement.

کە هەموو رۆژێك بەر لە کاتژمێر١٢، هەموو ئەو زانیارییانەی کە بەدەستی دەگات بەپێی ئەوەی ئایا (١) راستە، (٢) درۆیە، یان (٣) بێمانایە، بەسەر ئەم سێ سندوقەدا دابەش بکات.

تاکو ماوەیەك ئەم ئەفسەرە زانیارییە گەیشتووەکان، بەبێ هیچ کێشەیەك بەسەر سێ سندوقەکەدا دابەش دەکات (بۆ نموونە زانیارییە وەرگیراوەکان، گوزارەی راستی تیۆری ژمارە سروشتییەکان و... تاد. هەندێ جار گوزارەگەلی لۆژیکی وەك: ((لە نێوان کۆمەڵە گوزارەیەکی راستدا، ناتوانین بە پێوەری راست دەرەنجامگیری هیچ گوزارەیەکی درۆ {چەوت} بکەین)) بەڵام دواین پەیامی گەیشتوو کە بە پ ناوزەدی دەکەین و رێك بەر لە کاتژمێری ١٢ بە دواین پۆستدا بەدەستی گەیشتووە، تۆزێك سەرۆکی دژە زانیاری تووشی سەرلێشێوان دەکات. لە پ دانووسراوە: ((لە کۆی هەموو ئەو گوزارانەی کە خراونەتە 'سندوقی ژنراڵ' یان دەبێ بخرێنە ناوی، گوزارەی '١=٠' بە پێوەری راست بۆ دەرەنجامگیری کردن ناشێت)). لەسەرەتادا، سەرۆکی دژە زانیاری دوودڵە لەوەی رەنگە پێویست بێت پ بخاتە سندوقی (٢)ـەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی دەگاتە ئەم دەرەنجامە کە ئەگەر بیخاتە سندوقی (٢) ئەوا زانیارییەکی راست و بە نرخی بە دوژمن داوە، سەرەنجام بڕیار دەدات بیخاتە سندوقی (١)ـەوە.

بەڵام دەردەکەوێ بە کارەی هەڵەیەکی کوشندەی ئەنجامداوە. پسپۆڕانی لۆژیکی سیمبولی (یان لۆژیستیك؟) لە ناوەندی فەرماندەییدا بۆیان دەردەکەوێ، پاش وێنەکردن و "ئەژمێری" ناوەڕۆکی سندوقی ژنراڵ، کۆمەڵێك گوزارەیان وەدەست هێناوە کە حوکم لەسەر تەبایی و گونجاوی[٢٤] خۆیان دەکەن و ئەم شتە بە پێی دووەمین دۆزی گۆدل لەمەڕ بنبڕخوازی[٢٥]، دژایەتی لێ دەکەوێتەوە، بە چەشنێك کە ((١=٠)) لە راستیدا دەتوانین وەك زانیاری راست دەرەنجامگیری بکەین کە بەدەست ژنراڵ گەیشتووە.

چارەسەرکردنی کێشەکە پەیوەستە بە دەستنیشان کردنی ئەم واقعیەتە کە دابەش کردنی سێ پۆلی-لانی کەم بۆ زەمانە ئاساییەکان- رەوا نییە. لەسەر بنەمای تیۆری تارسکی سەبارەت بە ڕاستی، لەوە تێدەگەین کە هیچ ژمارەیەکی دیاریکراو و سنووورداری سندوقەکان {بۆ مەبەستی ئێمە} کافی نییە. لەهەمان کاتدا، سەیر دەکەین کە ((بێمانا بوون))- بە واتای ((پەیوەست نەبوون بە فۆرمۆڵە باش پێك هاتووەکان))- بە هیچ چەشنێ بەڵگە نییە بۆ ((پووچبێژی))

24. Consistency
25. decidability



((پووچبێژی)) بە واتای ((کۆمەڵە وشەیەك کە هەرچەند رەنگە بانگەشەی ئەوە بکرێت مانایەکی قوڵیان هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا هیچ مانایەك نادات بەدەستەوە)). ((بێمانابوون)) (بەو مانایەی باسمان کرد) دەریدەخات کە پۆزیتیڤیستەکان بەشێوەیەکی سەرەکی دەیانەویست ئەم سیفەتە بۆ میتافیزیك بسەلمێنن.

٩. پێدەچێت ئەو شتەی وایتهدی هاندا بۆ ئەوەی لە کتێبی **پرۆسس و واقعیەتدا** بەڵگەخوازی پشت گۆی بخات، گیروگازی پەیوەندیدار بە پرسی ناسراو بە ((پرسی هەڵێنجان (استقراء))) بوو. (هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتەکانی ٣٥ و ٣٦ و ٣٧ هەر لەم بەشەدا.

١٠. بڕیارێکی ئەخلاقییە و تەنیا بەشێك نییە لە زەوق و سەلیقە، چونکە پرسێکی تایبەتی نییە و کاریگەری لەسەر ئەوانیتر و ژیانیان دادەنێت. (لەمەڕ بەرانبەرێتی پرسی حەز و جوانناسی لەگەڵ پرسە ئەخلاقییەکان، بگەڕێنەوە بۆ دەقی تایبەت بە یادداشتی٦، بەشی پێنجەم و بەتایبەتی دەقی تایبەت بە یادداشتەکانی ١٠ و ١١ بەشی نۆیەم). گرنگی لەڕادەبەدەری ئەو بڕیارانەی کە دەبێ لە ئەخلاقدا وەریانبگرین، بەتایبەتی سەرچاوەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو ((بڕیارانەی)) کە لەگەڵ ئەم جۆرە بڕیارانەدا بەرەو روون، پێویستە لەڕووی هزری و عەقڵییەوە وەك ئەمینداری ئەو کەسانە هەڵسوکەوت بکەن کە لەگەڵ ئەم جۆرە بڕیارانەدا بەرەو ڕوو نین.

١١. بەبڕوای من، رەنگە گەورەترین هێزی مەسیح لەوە دابێت کە لە بنچینەدا لەجیاتی ئەوەی پەنا بەرێتە بەر هێزی عەقلاندنی رەهای مرۆڤ، لەرێگای وەسفی دیاریکراو و مەلموس کە لە رەنج و کوێرەوەری مرۆڤ هەڵدەقوڵێت، داوا لە هێزی خەیاڵ دەکات بۆ شایەتی دان.

١٢. دەبێ کانت لەڕووی بڕیاری ئەخلاقییەوە بە یەکێك لە یەکسانیخوازە گەورەکان لە قەڵەم بدرێت، چونکە جەخت لەسەر بەهرەی هەڵقوڵاو لە نایەکسانی مرۆڤەکان دەکاتەوە. ئاگاداری ئەوەیە کە رەنگاو رەنگی و تاکایەتی و بیروباوەڕی مرۆڤەکان، یەکێکە لە مەرجە بنەڕەتییەکانی پێشکەوتنی ماددی و بەرزێتی ئەخلاقی.

١٣. ئاماژەیەکە بۆ کتێبی **جیهانی بوێری گەنج (نازە)**، نووسینی ئالدس هاکسلی.

١٤. لەمەڕ جیاوازی نێوان فاکتەکان و بڕیار یان خواستەکان، بگەڕێنەوە بۆ بەشی چوارەم، دەقی تایبەت بە یادداشتی ٥ و یادداشتەکانی دواتر. سەبارەت بە ((زەمانی خواستەکان)) یان

(بە وتەی ئێڵ. جی. راسل) ((پێشنیارە سیاسییەکان))، بگەڕێنەوە بۆ دەقی تایبەت بە یادداشتەکانی ٤١-٤٣ لە بەشی شەشەم و هەروەها بەشی پێنجەم، یادداشتی ٥(٣).

بەڕای من ئەو تیۆرە کە دەڵێت هەموو مرۆڤەکان بەشێوەیەکی خۆرسك لەڕووی هزری و عەقڵییەوە یەکسانن، ناڕاستە، بەڵام لەبەر ئەوەی بەپێی بانگەشەی هەندێ کەسی وەك نیلس بۆر[٢٦]، جیاوازی تاکەکان تەنیا لە ئاکامی کاریگەری ژینگەوە دروست دەبێت و لەلایەکی ترەوە، داتای تاقیکردنەوەیی پێویستمان لەبەر دەست نییە بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم پرسە، رەنگە باشتر بێت بڵێین تیۆری ناوبراو ((لەوانەیە ناڕاست بێت)).

١٥. بۆ نموونە بگەڕێنەوە بۆ دایالۆگی **سیاسەتمەداری** ئەفلاتون کە لە دەقی تایبەت بە یادداشتی ١٢ی بەشی نۆیەم، ئاماژەمان بە پارچەیەکی کردووە. لە کۆمار، ٤١٠a — ٤٠٩eشدا پارچەیەکی هاوچەشنی ئەمە بەرچاو دەکەوێت. ئەفلاتون سەرەتا دەڵێت (c— ٤٠٩b): ((دادوەری باش ... بۆیە باشە چونکە گیانچاکە)). پاشان درێژەی پێ دەدات (٤٠٩e): ((کەواتە ئایا لە هەوڵی ئەوە دانابێت کە هەندێ پزیشك و دادوەر ... بۆ چاوەدێری کردن لەو کەسانەی کە میزاجێکی جەستەیی و رۆحی باش و ساخلەمیان هەیە، دابمەزرێنی؟ ئەوان واز لەو کەسانە دێنن کە بێ بەشن لە ساخلەمی جەستەیی بۆ ئەوەی بمرن، و ئەو کەسانە دەکوژن کە گیانیان خراپ و بۆ دەرمان نەشیاوە)). گوێگر دەڵێت: ((بەڵێ، چونکە خۆت سەلماندت کە ئەم کارە هەم بۆ ئەو کەسانەی کە بەم جۆرە هەڵسوکەوتیان لە تەکدا دەکرێ و هەم بۆوڵات، باشترین کارە)).

١٦. بگەڕێنەوە بۆ بەشی هەشتەم، یادداشتی ٥٨ و بەشی دەیەم، یادداشتی٢٨.

١٧. نموونەی ئەم جۆرە کەسانە ئێچ. جەی. وێلز بوو کە یەکەمین کتێبەکەی، **عەقڵی ساخلەم لە جەنگ و ئاشتیدا**، بەم ناونیشانە جوانە دەستنیشان کردووە: ((تاکە رەسیووەکان پێویستیان بە رێبەر نییە)). (بگەڕێنەوە بۆ بەشی بیست و دووەم، یادداشتی٢).

١٨. لەمەڕ پارادۆکسی لێبووردەیی، بگەڕێنەوە بۆ بەشی حەوتەم، یادداشتی ٤.

٢٦. Niels Bohr (١٨٨٥ـ١٩٦٢) فیزیکزانی گەورەی ئەڵمانی.



١٩. ((جیهان)) پەیڕەوی لە عەقڵ ناکات، بەڵام ئەرکی زانستە رێك و پێکیەکی ((عەقڵی)) پێ ببەخشێت. ((کۆمەڵگا)) پەیڕەوی لە عەقڵ ناکات، بەڵام ئەندازیاری کۆمەلایەتی ئەرکی سەرشانیەتی رێك و پێکیەکی ((عەقڵی)) پێ ببەخشێت. ((هەڵبەتە مەبەستمان ئەوە نییە دەبێ ئەو کۆمەڵگا ((رێنوێنی)) بکات یان ((بەرنامەڕێژی)) لەناوەندەوە یان ئەو پلانەی کە گشت بە بنچینە دادەنێت، شتێکی خوازراوە).

زمانی ئاسایی ئێمە پەیڕەوی لە عەقڵ ناکات، بەڵام ئەرکی ئێمەیە رێکیەکی ((عەقڵی)) پێ ببەخشین یان لانی کەم پێودانگی پاراویی بپارێزین. ئەم شێوازە بیرکردنەوەیە کە دەکرێ بە ((رێچکەی عەقلانی پراگماتی))[٢٧] ناوزەدی بکەین، خودان نزیکیەکە لەگەڵ رێچکەی عەقلانی هەڵنەسەنگێنراو و رێچکەی ناعەقلانی هاوچەشنی نزیکی نێوان رێچکەی عەقلانی هەڵسەنگێنراو لەگەڵ ئەم دووانەدا. رەنگە پەیڕەوکارانی رێچکەی عەقلانی هەڵنەسەنگێنراو بڵێین جیهان پەیڕەوی لە عەقڵ دەکات و ئەرکی زانست دۆزینەوەی عەقلانیەتەکەیەتی. لەوانەیە لایەنگرانی رێچکەی ناعەقلانی بڵێن جیهان لە ڕەگ و ریشەوە ناعەقلانییە و دەبێ لە رێگای هەستوسۆز و هەڵچوون (یان شهودی عەقڵی) ئەزموون بکرێت، نەك لە رێگای میتۆدی زانستییەوە. بەڵام ئەو کەسەی پەیڕەوی لە رێچکەی عەقلانی پراگماتی دەکات سەرەڕای ئەوەی دەستنیشانی ئەوە دەکات کە جیهان لەسەر خولگەی عەقڵ نییە، **گەرەکیەتی تا پێمان دەکرێ بیخەینە پێودانگی عەقڵیەوەو پێوەرە عەقڵیەکانی بەسەردا زاڵ بکەین**. لەوانەیە بابەتەکە لە زمانی کاناپەوە (لە کتێبی **بوونیادی لۆژیکیی جیهان**، لVI) بەم جۆرە دەربڕین کە پەیڕەوکاری رێچکەی عەقلانی پراگماتی ((لە هەموو شوێنێکدا بەدوای روونیدا دەگەڕێت بەڵام لە هەمان کاتدا ئاگای لەو کۆمەڵە رووداوانەی ژیان هەیە کە هەرگیز بە تەواوی ناکرێ لێیان تێبگات و هیچ کاتێ ئاڵۆزییەکانیان بە تەواوی لە چوارچێوە عەقڵدا ناگونجێت)).

٢٠. لەمەڕ پێودانگی پاراویی، بگەڕێنەوە بۆ بەشی دوازدەهەم، یادداشتی ٣٠ و دواین یادداشت لە بەشی ئێستادا.

٢١. یەکێك لەو کەسانەی کە هێرش دەکاتە سەر بە پیشەسازی بوون و دابەشکردنی کار، توین بی یە (**خوێندنەوەیەك بۆ مێژوو**، بەرگی١، ل٢٢ بەدواوە). توین بی بەدەست ئەمەوە دەناڵێنێ کە: ((سیستەمی پیشەسازی ئەو ئابڕو و مسداقیەتەی وەدەستی هێناوە بەسەر ئەو کەسانەدا

27. Pragmatic rationalist

دەسەپێنێ کە لە جیهانی رۆژئاوادا خەریکی ئیشی هزرین ... و هەر کاتێ ئەم کەسانە ویستبیتیان ئەم حاڵەتانە بەشێوەی ‘شمەکە دروستکراو یان نیمچە دروستکراوەکان’ی کار بهێننەوە، ناچار بوونە سەر لەنوێ پەنا ببەنە بەر دابەشکردنی کار...)) (هەمان کتێب، ل٤).

لە لاپەڕەی ٢ی هەمان کتێبدا، توین بی لەمەڕ بڵاوکراوەی زانستە سروشتییەکان دەڵێت: ((ئەم بڵاوکراوانەش وەك سیستەمی پیشەسازیین- ئەوەندە نەبێت ‘لە شێوەی کتێب’ دان کە پەیڕەوی لە هەمان {سیستەمی} دەبەشکردنی کار دەکەن و دەبێ بەرهەم هێنانی ئەو شمەکانەی کە بە **چەشنێکی ماشینی** لە کەرەستەی سەرەتایی، دروستی دەکەن بەشێوەیەکی یەکرێتم لە زۆرترین رادەدا بپارێزن)). (تۆخ کردنی وشەکان لەمنەوەیە). لە پەراوێزی لاپەڕەی ٣دا، توین بی بۆچوونی دیلتای[28] پەسند دەکات (کە یەکێك لە پەیڕەوکارانی هێگل بوو)). دیلتا لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە لانی کەم دەبێ زانستە مرۆڤایەتییەکان[29] خۆیان لەم میتۆدانە دوور بخەنەوە. (ئەو رستەی لە دیلتای وەرگرتووە بەم جۆرەیە: «لە هیچ جێگەیەکی زانستە مرۆڤایەتییەکان[30] و زانستە سروشتییەکاندا، چەمکە مەوجوودەکان وەك یەك نین»).

بەبڕوای من، نە راڤەی توین بی بۆ دابەشکردنی کار لە بەستێنی زانستەکاندا راستە و نە ئەو جیاوازییەی کە دیلتای لە نێوان میتۆی زانستە سروشتییەکان و زانستە کۆمەڵایەتییەکانی دادەنێت. ئەوەی توین بی بە ((دابەشکردنی کار)) ناوزەدی کردووە، باشتر وابوو ناو بنرێت ((هاکاری)) یان ((رەخنەو هەڵسەنگاندنی دوولایەنە)). بگەڕێنەوە بۆ بەشی بیست و سێیەم، بابەتی تایبەت بە یاداشتەکانی ٨ و ٩ لە دەقەکەدا و هەروەها وتەکانی مێك مێری سەربارەت بە هاوکاری زانستی کە لە دەقی تایبەت بە یاداشتی ٢٦ هەر لەم بەشەدا

٢٨. Wilhelm Dilthy (١٨٣٣ـ١٩١١) فەیلەسووفی ئەڵمانی.

٢٩. Spiritual science (بەمانای: زانستە رۆحییەکان). پۆپەر ئاماژەبە وشە سەرەکییەکە ناکات لەزمانی ئەڵمانیدا، بەڵام بەو شارەزاییەی لەسەر هزری دیلتای هەمانە، زۆر پێدەچێت، مەبەست هەمان چەمکی Geistewissenschaften بێت کە لە فارسی و ئینگلیزیدا هاوواتایەکی رێکی نییە و (لەبەرانبەر زانستە سروشتییەکان) و هەندێ جاریش بە "زانستە کۆمەڵایەتییەکان" وەردەگێردرێت. (بگەڕێنەوە بۆ رستەی دواتر و بەندی ئاینده لەیاداشتی پۆپەردا).

٣٠. Sciences of the spirit. بگەڕێنەوە بۆ ئەو روونکردنەوەی لە یاداشتی پێشوودا خستمانەڕوو.



خواستراوە (لە هەمبەر دژایەتی توین بی لەگەڵ رێچکەی عەقڵانی، بگەڕێنەوە بۆ بەشی یازدەهەم، یاداشتی ٦١).

٢٢.ئادۆڵف کلەر، **دین و دەوڵەت لە کیشوەری ئەورووپادا**[31]. پێویستە سوپاسی بەڕێز وێب[32] بکەم کە بیری بۆ ئەم پارچە سەرنجڕاکێشە راکێشام.

٢٣. سەبارەت بەوە کە ئایندەپەرستی ئەخلاقی یەکێکە لە بەشەکانی رێبازی پۆزیتیڤیزم لە ئەخلاقدا، بگەڕێنەوە بۆ بەشی بیست و دووەم (بەتایبەتی دەقی تایبەت بە یاداشتی ٩ و یاداشتەکانی دواتر).

بە پێچەوانەی ئەو شێوازەی ئێستا باوە (بگەڕێنەوە بۆ بەشی یازدەهەم، یاداشتی٥)، هەوڵی من بۆ ئەوەیە وتەکانی کلەر بە جدی وەربگرم و لەجیاتی ئەوەی وەك پۆزیتیڤیستەکان پەیڤەکە بە پووچ لە قەڵەم بدەم و بەلاوەی بنێم، راستەیەکی بخەمە ژێر گومانەوە.

٢٤. بگەڕێنەوە بۆ بەشی دەیەم، یاداشتی ٧٠ و بابەتە پەیوەندیدارەکان پێیەوە لە دەقەکە، بەشی یازدەهەم، یاداشتی ٦١.

٢٥. ئینجیلی مەتتا، بابی حەوتەم، ئایەتەکانی ١٥ و ١٦: ((خۆتان لە پێغەمبەرە درۆینەکان بپوێرن کە لە پۆشاکی پەزەکاندا دێن بۆ لاتان، بەڵام لە ناخیاندا گورگی دڕندەن. ئەوان لە میوەکانیانەوە دەناسن)).

٢٦. ج. مێك مێری، **کلیلی مێژوو**[33]. (لەهەمبەر جیاوازی بیروڕای من لەگەڵ مێك مێری، بگەڕێنەوە بۆ بەشی بیست و پێنجەم، بابەتی پەیوەست بە یاداشتی ١٦ لە دەقەکەدا).

٢٧. بگەڕێنەوە بۆ کتێبی **فەلسەفە و فیزیکزانەکان**، نووسینی ئێل. ئێس. ئستبینگ[34] و وتە کورتەکانی من لە کتێبی **دیالێکتێك چییە**؟ (**حەدسیات و رەدیات**، ل٣٣٠)، سەبارەت بە مەیلی هێگلیانەی جینز.

٢٨. بگەڕێنەوە بۆ بەشی حەوتەم، یاداشتەکانی ٨ تا ١٢ و دەقەکە.

31. Adolf Keller, church and state on the European continent (Beckley social service lecture, 1936).
32. L. Webb
33. J. MacMurray, the clue to History (1938), pp. 86, 192.
34. L.S. Stebbing, philosophy and the physicists.

**٢٩**. بگەڕێنەوە بۆ کۆتاییەکانی بەشی دەیەم، یادداشتەکانی **٥٩** تا **٧٠** و دەقەکە (بەتایبەتی ئەو ئاماژەیەی بۆ مێك تگرت کراوە)، هەروەها یادداشتی تایبەت بە ((پێشەکی)) ئەم کتێبە و بەشی یازدەهەم، یادداشتی **٣٣**، بەشی دوازدەهەم، یادداشتی **٣٦** و یادداشتگەلی ٤ و ٦ و **٥٨** هەر لەم بەشەدا و هەروەها ئەو رستانەی کە لەخوارتر لە یادداشتی **٣٢**دا لە ویتگنشتاین-مان وەرگرتووە لەهەمبەر ئەوەی چاوەدێری جیهان یان هەستی هاوڕازی لەگەڵ جیهان[٣٥] وەك **گشتێکی سنووردار**، هەستێکی عیرفانییە.

یەکێك لە نووسینەکانی ئەم دواییانە لەمەڕ عیرقان و رۆڵی عیرفان لە سیاسەتدا، کتێبی **خاوەن شکۆی خۆڵەمێشی پۆشی**[٣٦] ئالدوس هاکسلییە کە گەلێ قسەو باسی لەسەر دەکرێت. خاڵی سەرنجڕاکێشی ئەم کتێبە ئەوەیە کە پێدەچێت نووسەر ئاگایی لەوە نەبێت کە ئەو چیرۆکەی لەمەڕ عارف و سیاسەتمەدارێك بەناوی باوکە ژۆزێف دەگێڕێتەوە، رێك بانگەشەکەی خودی نووسەر پووچەڵ دەکاتەوە. هاکسلی بانگەشەی ئەوە دەکات ئەو کەسانەی کە لەهەر وڵاتێکدا لە سیاسەت و بەڕێوەبردنی دەسەڵاتدا نفوز و کاریگەرییان هەیە دەبێ بنچینەی ئەخلاق و دینیان بە تەواوی پتەو بێت و تاکە شێوازێکی پەروەردەو فێرکردن کە رەنگە ئەم بنچینە و بنەمایە دەستەبەر بکات، پەروەردەی عیرفانییە. بەڵام ئەو بەسەرهاتەی کە لە نووسینەکەی ئەودا باسی دەکرێت دەریدەخات کە باوکە ژۆزێف سەرەڕای ئەو پەروەردەی وەدەستی هێنابوو، کەچی تووشی وەسوەسە هات و گیرۆدەی هەمان وەسوەسە بوو کە لە چاوەڕوانی هەموو خاوەن دەسەڵاتەکان دایە و نەیتوانێ لەبەردەم ئەم وەسوەسەیەدا خۆی رابگرێت و دەسەڵاتی رەها، بەڕەهایی ئەوی گەندەڵ کرد. یاخود بەجۆرێکی تر، تاکە شایەتێك کە بەدوور و درێژی لە کتێبەکەدا تاوتوێ کراوە، بەتەواوی پووچەڵی بانگەشەی نووسەر دەسەلمێنێت و پێناچێت باوکە لەم رێرەوەدا تەنانەت دڵەڕاوکێیەکیش بە دڵی دابێت.

**٣٠**. فرانتس کافکا، شورەی چین[٣٧].

**٣١**. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ١٩ هەر لەم بەشەدا.

35. Feeling for the world
36. Aldous Huxley,Grey Eminence.

ئەمڕۆ لە فەرەنسی و ئینگلیزیدا زاراوەی"بەڕێزخۆڵەمیشی پۆش" بەکەسێك دەگوترێ کە دەسەڵاتی راستەقینە بەشێوەیەکی نهێنی لە دەست ئەودایە.

37. F.kafka,the Great wall of china (English trans.by E. Muir,1933),p.236



**٣١**. ویتگنشتاین لەلاپەڕەی **١٨٧** **نامیلکەدا** دەنوسێت: (( عیرفان واتە جیهان هەیە، نەك ئەوەی جیهان **چۆنە**. چاوەدێری جیهان لەلایەنی سەرمەدی یان لە دەرەوەی دۆخی زەمەن[٣٨] بە مانا چاوەدێری کردنیەتی وەك گشتێکی سنووردار. هەستی ئەوەی جیهان گشتێکی سنوودارە، هەستێکی عیرفانییە)). سەیر دەکەین عیرفانی ویتگشتاین لەسەر بنەمای گشتگەرایی دامەزراوە. هەندێ رستەی دیکەشی هەیە بۆ نموونە: ((بێگومان شتێك هەیە کە دەرنابڕدرێت {بەڵام} **دیارە** و ئەمە هەمان بواری عیرفانییە)) (هەمان کتێب، هەمان شوێن). لە بارەیەوە بگەڕێنەوە بۆ رەخنەکانی کارناپ لە **سینتاتیکای لۆژیکیی زمان**، ل٣١٤ بەدواوە. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ بەشی بیست و پێنجەم، یادداشتی **٢٥** و بابەتەکانی دەق و یادداشتی **٢٩** هەر لەم بەشەو ئەو گەڕانەوانەی لەوێندەر داواکراون.

**٣٣**. بگەڕێنەوە بۆ بەشی دەیەم، لەناویاندا یادداشتگەلی ٤٠ و ٤١. نموونەی مەیلی خێڵەکی پەنهانی ناو ئەم جۆرە فەلسەفەیەی تایبەت بە بژاردە و دانایانی راز، رستەیەکە کولنای لە **جەنگ لەگەڵ رۆژئاوا**، ل٧٤، لە بلوهێری[٣٩] وەرگرتووە: ((مەسیحیەت ئارمانجێکە بە دڵنیاییەوە خانەدانییە و لە کۆتی ئەخلاقی ئازادە و بۆ فێرکردن ناشێت. مەسیحیەکان یەکتری لە قالبی رووالەتی یەکدییەوە دەناسن و جڤاتێك لە کۆمەڵگای مرۆیی دا پێك دێنن کە هەرگیز لێك تێگەیشتن لە نێو {ئەندامەکانی} دا بارگەوبنە ناپێچێتەوە و **هیچ کەسێ جگە لە خۆیان ناتوانێ لێیان تێ بگات**. مەسیحیەکان ئەنجوومەنێکی نهێنی پێك دێنن. ئەو خۆشەویستییەی لە دینی مەسیح دایە لە جۆری ئەو خۆشەویستیەیە کە پەرستگای موشریکەکانی {بەر لە مەسیحی} رووناك دەکردەوەو لەگەڵ ئەوە بە خۆشەویستی بۆ مرۆڤ یان خۆشەویستی لە هەمبەر دراوسێ ناسراوەو لە داهێنراوەکانی یەهوودە، بچووکترین نزیکایەتییەکی نییە)). نموونەیەکی دیکە، ئەو رستەیەی کتێبی فون زالمۆنە بەناوی **یاخیەکان**، لاپەڕە ٢٤٠ (کە لە بەشی دوازدەهەم، یادداشتی ٩٠یشدا هەندێ رستەمان لێ خواستووە): ((**یەکڕاست یەکترمان دەناسییەوە**، ئەگەرچی هەر کامەمان لەبەر ئەوەی هەواڵی کێشمەکێش و مەترسیمان بەرگوێ کەوتبوو، لە قوژبنێکی رایشەوە هاتبووین)). (تۆخ کردنی وشەکان لەمنەوەیە).

38. sub specie aeterni
39. H.Blueher.

٣٤. نابێ ئەم وتەیە بە مانای مێژووگەرایی لێك بدرێتەوە. مەبەستم ئەوە نییە پێشگۆیی ئەوە بکەم ئەم ناکۆکییە هیچ ڕۆڵێکی لە گۆڕانکارییەکانی ئایندەدا نابێت. مەبەست ئەوەیە هەتا ئێستا دەبێ فێری ئەوە بوو بین کە کێشەیەکی ئەوتۆ ئیدی لە ئارادا نییە و ئەگەر وادابنێین کە لە ئاراش دایە، بە بەراورد لەگەڵ کێشەی بوونی **ڕێبازی گلاوی** وەك تۆتالیتاریزم و ڕەگەزپەرستی کە هەنووکە لە تەکیاندا بەرەو ڕووین، شتێکی بچووکە.

٣٥. مەبەست هاوکارییە لە نووسینی کتێبی **پرینیکیپیا ماتماتیکا** {=بنەماکانی بیرکاری}[٤٠]. (وایتهد لە **پرۆسس و واقعیەت**، ل١٠دا دەڵێت ((دەتوانم بڵێم سەرانسەری باسەکانی پێشبار (تمهیدی) و لە نووسینی دووەمدا، هەمووی راسل نوسیویەتی)).

٣٦. بگەڕێنەوە بۆ ئەو گەڕانەوانەی کە وایتهد لە **پرۆسس و واقعیەت**، ل٤، بۆ هێگڵ (گەلێکی تری وەك ئەفلاتون و ئەرستۆ) داوایان دەکات.

٣٧. وایتهد، هەمان کتێب، ل١٨ بەدواوە.

٣٨. کانت، **پێشەکی {بۆ هەموو میتافیزیکێکی ئاینده}**، ((پاشکۆ)) (**کۆمەڵە بەرهەم**، پێداچوونەوەی کاسیرەر، بەرگی٤، ل١٣٢. لەمەڕ زاراوەی crazy quilt (=کۆلاژی چل پارچە)، بگەڕێنەوە بۆ وەرگێڕانی ئینگلیزی کرێس لە پێشەکی (١٩٠٢ و ١٩١٢، لIV).

٣٩. وایتهد، هەمان کتێب، ل٢٠ بەدواوە.

لە هەمبەر شێوازی بیرکردنەوەی **دەتهەوێ بتەوێ، ناتهەوێ نەتەوێ**، کە لە دەقەکەدا لە بەندی دواتردا شی کراوەتەوە، بگەڕێنەوە بۆ بەشی دوازدەهەم، یادداشتی٥٣.

٤٠. وایتهد، هەمان کتێب، ل٤٩٢. دووپارەگرافی ئەنتی تێزەکانی تر بەم چەشنەیە: ((ڕاستی ئەم دوو وتەیە ڕێك وەك یەکە کە جیهان ناڤمانییە[٤١] لە نێو خودا یان خودا ناڤمانییە لە نێو جیهان ... ڕاستی ئەم دوو وتەیە ڕێك وەك یەکە کە خودا جیهانی ئەفراندووە یان جیهان خودای ئەفراندووە)). بە خوێندنەوەی ئەم ڕستانە مرۆڤ دەکەوێتەوە یادی عارفی ئەڵمانی، شفلێر

40. A.N.whitehead,B. Russell,principia Mathematica.
41. Immanent



(ئانگلوس سیلیسوس)[٤٢] کە دەیووت: ((من وەك گەورەیی خوام و خوا وەك بچووکی من، من ناتوانم بێ ئەو بم ئەو بێ من)).

لە خوارتر هەر لەم بەندەی دەقەکەدا وتوومە: ((تێناگەم نووسەر دەیەوێ چیمان پێ بگەیەنێت)) دەبێ بیرتان بخەمەوە زۆر ڕقم لە نووسینی ئەم ڕستەیە دەبووە و بە تەواوی ئاگاداری ئەوەم کە ئەم شێوازەی ڕەخنەگرتنە لەریزی هونەر نوێنییە چرووك و ترسناکەکانە. تەنیا لەبەر ئەوە ئەم ڕستەیە لە خامەکەمدا چۆڕاو، چونکە سەرەڕای هەموو هەوڵەکانم بۆم دەرکەوت بەڕاستی وەهایە.

٤١. نامەی کانت لە ڕێکەوتی ٨ ئاوریلی ١٧٦٦ بۆ مندلسۆن (**کۆمەڵە بەرهەم**، پێداچوونەوەی کاسیرەر، بەرگی٩، ل٥٦ بەدواوە).

٤٢. توین بی، **خوێندنەوەیەك بۆ مێژوو**، بەرگی٦، ل٥٣٦ بەدواوە.

٤٣. توێن بی سەبارەت بە ((خودان بیروباوەڕە تەقلیدییەکان)) دەنووسێ (هەمان کتێب، ل٥٣٧) کە ئەم کەسانە: ((توێژینەوەکەمان وەکو هێرشێك لە قەڵەم دەدەن بۆ سەر بنەماو بەها مێژووییەکانی بەسەرهاتی عیسای مەسیح بەو جۆرەی کە لە ئینجیلەکاندا هاتووە)). ئەو پێیوایە (ل٥٣٨) کە خودا نەك هەر لە ڕێگای حەقیقەتەکانەوە، بەڵکو لە شێعریشدا خۆی دەنوێنێ. بەپێی تیۆری توین بی، خودا ((لە کولتووری خەڵك {=فۆلکلۆر}دا خۆی دەنوێنێ)).

٤٤. لە درێژەی بەکارهێنانی میتۆدی توین بی لەمەڕ خودی ئەوەوە، ڕەنگە ئەم پرسیارە بێتە بەرباس کە **ئایا خوێندنەوەیەك بۆ مێژووش**، کە نووسەر نیازی وایە لە سێزدە بەرگدا بینووسێت- وەك ((زنجیرەی بەرگە مێژووییە جیاوازەکان کە چاپخانەی زانکۆی کامبریج[٤٣] خەریکی چاپ کردنیەتی- و توین بی بە لێهاتوویی لە بەرگی یەکەم، لاپەڕە٤، لەگەڵ ((تونێل و پرد و بەنداوەکان و پاپۆرە زەریا بڕەکان و ئوستولی جەنگی و هەورەبانە سەیر و سەرسوڕهێنەرەکان))دا بەراوردی دەکات، بە وتەی خۆی لە ریزی ((هونەرنوێنییە تاسێنەرەکان)) نییە؟ بەتایبەتی دەتوانین بپرسین ئایا ئامانجی ((هونەرنوێنییە تاسێنەرەکانی))

٤٢. scheffler [Johannes] (Angelus silesius) (١٦٢٤-١٦٧٧).شاعیر و عارفی ئەڵمانی.
43. Cambridge university press

توین بی خۆی، بە وتەی خۆی دروستکردنی ((ماشێنێکی زەمەن))[٤٤]ی دیکە- یان ڕاکردنێکی تر بەرەو ڕابردوو- نییە؟ (بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆ بەشی یازدەهەم، یادداشتی ٦١، کە تێیدا حەزی توین بی بۆ سەدەکانی ناڤین تاوتوێ کراوە. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٥٤ هەر لەم بەشەدا).

٤٥. تا ئێستا تەنیا شەش بەرگی یەکەمم بینیووە. ئەنشتاین یەکێك لەو زانا کەمانەیە کە ناوی بردراوە.

٤٦. توین بی، هەمان کتێب، بەرگی٢، ل١٧٨.

٤٧. توین بی، هەمان کتێب، بەرگی٥، ٥٨١ بەدواوە (تۆخ کردنی وشەکان لەمنەوەیە).

سەبارەت بە غەفڵەتی توین بی لە ڕێنماییەکانی مارکس و بەتایبەتی **مانیفێستی کۆمۆنیست**، ئاماژەکردن بەم وتەیەی خۆی لە بەرگی پێنجەم، ل١٧٩ {**خوێندنەوەیەك بۆ مێژوو**} لەخۆڕا نییە: ((لە مارسی ١٩١٨، باڵی بەلشەڤیك یان زۆرینەی[٤٥] حزبی سۆسیال دیموکراتی ڕووسیا، بۆ بەرز ڕاگرتن و یادی کۆمۆنی ١٨٧١ی پاریس، ناوی خۆی گۆڕی بۆ 'حزبی کۆمۆنیست ڕووس' ...)) هاوتای ئەم وتەیە، لە لاپەڕەی ٥٨٢ هەمان بەرگدا بەرچاو دەکەوێ.

بەڵام ئەم قسەیە ڕاست نییە. گۆڕینی ناو لە کۆنفرانسی ئاوریلی ١٩١٧ی حزب، لەسەر پێشنیاری لینین ئەنجام درا (**ڕێنما**، ل ل٧٨٣ و ٧٨٧) و بە ئاشکراش ئاماژە بوو بۆ **مانیفێستی کۆمۆنیست** و هەر بەم بۆنەیەوە بوو کە بە وتەی لینین، ((مارکس و ئینگڵس خۆیان بە کۆمۆنیست ناوزەد کرد بوو)).

٤٨. ئینگلس، **سۆسیالیزمی یۆتۆپیایی و سۆسیالیزمی زانستی** (بگەڕێنەوە بۆ بەشی سێزدەهەم، یادداشتی ٩). لە هەمبەر دوو ڕیشەی مێژوویی کۆمۆنیزمی مارکس (واتە کۆمۆنیزمی ئەفلاتون و ڕەنگە کۆمۆنیزمی فیساگۆرس، یان کۆنەپەرستی و کتێبی **کردەوەی {پێغەمبەران}**، بگەڕێنەوە بۆ بەشی پێنجەم، یادداشتی٢٩ و هەروەها بەشی چوارەم، یادداشتی ٣٠، بەشی شەشەم، یادداشتەکانی ٣٤ و ٣٥ و ٣٦ و بەشی سێزدەهەم، یادداشتگەلی ٣ و ٨ و دەقەکە.

٤٤. time machin. ئاماژەیە بۆ کتێبە بەناوبانگەکەی ئێچ.جەی. وێلز

45. Majoritarian wing



٤٩. توین بی، هەمان کتێب، بەرگی٥، ل٥٨٧.

٥٠. بگەڕێنەوە بۆ بەشی بیست و دووەم، بەتایبەتی دەقی پەیوەندیدار بە یادداشتەکانی ١ تا ٤ و کۆتاییەکانی ئەم بەشە.

٥١. ئەمە تاکە ڕستە نییە. توین بی بەزۆری ڕێزی خۆی لە هەمبەر ((داوەری مێژوو)) دەردەبڕێت و تیۆرەکەی کە پێیوایە ((مەسیحیەت بانگەشەی ئەوە دەکات ... خوا لە مێژوودا خۆی دەنوێنێ)) هەر بەم ئاڕاستەیەدا دەڕوا. تیۆری ناوبراو کە {وتەبێژی عیسەوی}، کارل بارت، بەتیۆرێکی ((نییو پرۆتستانی)) ناودێری دەکات، لە بەشی داهاتوودا بابەتی توێژینەوەیە (بگەڕێنەوە بەتایبەتی بۆ یادداشتی ١٢ لە هەمان بەشدا).

شایانی باسە کە شێوازی باسی توین بی لەمەڕ مارکسەوە، زۆر بە توندی لەژێر کاریگەری مارکسیزم دایە. لە لاپەڕەی ٤١ی بەرگی یەکەمی **خوێندنەوەیەك بۆ مێژوودا**، دەخوێنینەوە: ((ئەم جۆرە چێکراوە مارکسیستیانە ئەمڕۆ تەنانەت لەنێو ئەو کەسانەشدا برەوی سەندووە کە پرنسیپە دۆگماکانی مارکس ڕەد دەکەنەوە)). مەبەستی بەتایبەتی وشەی ((پرۆلیتاریا))یە، بەڵام ئاشکرایە مەدلولی ڕستەکە لە بەکارهێنانی ڕووتی وشەکان زیاتر دەڕوات.

٥٢. توین بی، هەمان کتێب، بەرگی٣، ل٤٧٦. ڕستە خواستراوەکە بۆ بەرگی یەکەم، پاژی یەکەم، ئەلف، **ڕێژەیەتی هزری مێژوویی**، دەگەڕێتەوە (پرسی ((ڕێژەیی)) هزری مێژوویی لە بەشی داهاتوودا لێکۆڵینەوە لەسەر دەکرێت). بۆ ئاگاداربوون لەو ڕەخنە لێزانانەی کە ماوەیەکی زۆر لەمەوبەر ئاڕاستەی ڕێژەگەرایی مێژوویی و (ڕێبازی مێژووگەرایی) کراوە، بگەڕێنەوە بۆ کتێبی هـ. سیج ویك، مەوداو پەیوەندییەکانی فەلسەفە[٤٦]، وانەی ٩، بە تایبەتی لاپەڕەی ١٨٠.

٥٣. چونگە ئەگەر هەر هزرێك، بەپێی ئیعتباری زێدی مێژوویی خۆی، بەمانایەکی ئەوتۆ ((بەناچار ڕێژەیی)) بێت کە ((بەشێوەیەکی ڕەها ڕاست)) نەبێت (یاخود بەجۆرێکی تر، ڕاست نەبێت)، ئەم حوکمە لەهەمبەر خودی ئەم بانگەشەیەش ڕاستەو هەر بۆیە، ناشێت ڕاست بێت و لەم ڕوویەوە ((یاسای سروشتی مرۆڤ)) نییە. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٨(٢) (ئەلف) هەر لەم بەشەدا.

46. H.sidgwick,philosophy_its scope and Relations (1902)

٥٤. سەبارەت بەم کێشەیە کە توین بی بەرەو رابردوو رادەکات، بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٤٤ هەر لەم بەشە و یادداشتی ٦١ لە بەشی یازدەهەم (لەمەڕ حەزی توین بی لە هەمبەر سەدەکانی ناڤین). توین بی خۆی باشترین رەخنە لە کۆنەپەرستی دەگرێت (**خوێندنەوەیەك بۆ مێژوو**، بەرگی٦، ل٦٥ بەدواوە) و من لەگەڵ ئەو هێرشەی بۆ سەر ئەو ناسیۆنالیستانەی گەرەکیانە زمانە دێرینەکان بەتایبەتی لە فەلەستین زیندوو بکەنەوە، بەتەواوی کۆکم. بەڵام خودی خۆی لەو پەلامارەی دەیکاتە سەر بە پیشەسازی بوون، لەڕووی کۆنەپەرستییەوە هیچی لە ناسیۆنالیستەکان کەمتر نییە. (بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٢١ هەر لەم بەشەدا). سەبارەت بە راکردن بەرەو ئایندە، تاکەشایەتێك کە دەتوانم ئاماژەی بۆ بکەم، ناونیشانی پێغەمبەرانەی پاژی دوازدەی کتێبەکەی توین بی کە بەم جۆرەیە: **دوورنما {یان ئایندەی} شارستانیەتی رۆژاوا**.

٥٥. ((سەرکەوتنی دونیایی غەمگینی)) هەندێ لە پێغەمبەرەکان، لە لاپەڕە ٤٧٢، بەرگی سێیەمی کتێبی توین بی تاوتوێ کراوە. لەمەڕ ئیگناتیۆس لویولا، بگەڕێنەوە بۆ هەمان کتێب، بەرگی٣، ل ل٢٧٠، ٤٦٦.

٥٦. توین بی، هەمان کتێب، بەرگی٥، ل٥٩٠. پارچە وەرگیراوەکە، لە هەمان بەرگ، ل٥٨٨ـە.

٥٧. توین بی، هەمان کتێب، بەرگی٦، ل١٣.

٥٨. توین بی، هەمان کتێب، بەرگی ٦، ل١٢ بەدواوە. (ئاماژەی توین بی، بۆ کتێبەکەی برگسۆن، لەژێر ناوی **دوو سەرچاوەی ئەخلاق و دینە**).

ئەو پارچەی خوارەوە کە توین بیێ تێیدا (هەمان کتێب، بەرگی٥، ل٥٨٥) مێژووی بە بنچینە داناوە، لەڕووی بابەتی باسەکەمانەوە سەرنجڕاکێشە: ((مەسیحیەکان لەسەر ئەو بڕوایەن- و **خوێندنەوەی مێژوو بە دڵنیاییەوە راستی بیروباوەڕەکەیان دەسەلمێنێ**- کە ئاستەمە مرۆڤ لێبووردەیی وەدەست بێنێ مەگەر ئەوەی ببێتە هاووڵاتی شاری یەزدانی[47] کە لە دونیای مرۆیی بەرزترە و خوداوەند خۆی پاشایەتی)). ((تۆخ کردنی وشەکان لەمنەوەیە)). پرسیار ئەوەیە چۆن دەشێت خوێندنەوەی مێژوو، بانگەشەیەکی ئەوتۆ بسەلمێنێ؟ ئایا هەر خودی

47. civitas Dei



ئەمە کە کەسێك بانگەشەی سەلماندنی شتێکی ئەوتۆ دەکات، بەرپرسایەتییەکی قورسی بەدواوە نییە؟

لە هەمبەر کتێبەکەی برگسۆن، من بە تەواوی لەگەڵیدا هاوڕام کە توخمێکی ناعەقڵانی و پێژنی لە هەموو هزرێکی ئافرێنەردا بوونی هەیە، بەڵام ئەم توخمە لە بیرکردنەوەی عەقڵانی زانستی-شدا دەست دەکەوێ. هزری عەقڵانی، هزرێکی پێژنی (ناشهودی) نییە- دۆزینەوەو شهودێکە کە (بە پێچەوانەی دۆزینەوەو شهودی بێ کۆت و بەند) دەبێ بخرێتە ژێر پێودانگی تاقیکردنەوەو هەڵسەنگاندنەوە. من ئەم حوکمە لەمەڕ پێك هێنانی کۆمەڵگای کراوەش بەڕاست دەزانم و ئەوە پەسند دەکەم کە هەندێ کەسی وەك سوقرات، بەهرەدار بوون لە شهود و ناخبینی، بەڵام وێڕای ئەمە پێموایە ئەو شتەی دەبێتە مایەی جیاوگی دامەزرێنەرانی کۆمەڵگای کراوە، عەقڵانی بوونی ئەوانە و هەر ئەم فاکتەرە لەو کەسانە هەڵیانداوێڕێت کە هەوڵیان داوە رەوتی پەرەسەندنی ئەو کۆمەڵگایە بوەستێنن. سەرچاوەی ئیلهامی ئەم کەسانەش، وەك ئەفلاتون، دۆزینەوەو شهود بووە، ئەوەندە نەبێت شهودێکی ناعەقڵانی (بەو مانایەی کە ئەم زاراوەیە لەم بەشەدا بەکاردەهێنرێت). هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی تایبەت بە ((پێشەکی)) ئەم کتێبە.

٥٩. بگەڕێنەوە بۆ بەشی هەژدەیەم، یادداشتی٤.

# بەشی بیست و پێنجەم

١. واتە ئەو گروپەی کە بە ((دابییەکان))[1] ناسراون (وەك هـ. پوانکارێ، پ. دۆیم[2] و بەم دواییانەش ئیدینگتن). بگەڕێنەوە بۆ بەشی پێنجەم، یادداشتی ١٧.

٢. بگەڕێنەوە بۆ کتێبەکەی من بەناوی، **لۆژیکی دۆزینەوەی زانستی**.

٣. تیۆری ((سەتڵ شێوەیی زەین)) لە بەشی بیست و سێیەمیشدا ئاماژەی بۆ کراوە. *(لەمەڕ ((تیۆری تیشك هاوێژ ئاسای زانست)) بگەڕێنەوە بۆ نووسینی من **بەرەو تیۆرێکی عەقڵی لەمەڕ نەریت**، کە ئێستا لە کتێبی **حەدسیات و ڕەدیاتدا** چاپ کراوە)* ڕەنگە بتوانین بڵێین ((تیۆری تیشك هاوێژ ئاسا)) تەنیا تۆخمە بۆ بەرگری شیاوەکانی کانتیزم لەخۆ دەگرێت. هەڵەی کانت لەوەدابوو کە پێیوابوو ناتوانین تیشك هاوێژ باش بکەینەوەو ئاگاداری ئەوە نەبوو کە لەوانەیە هەندێ لە تیشکاوێژەکان بێتواناین لە ڕووناك کرنەوەی بەشێك لە فاکتەکان و ڕەنگە هەر ئەم فاکتانە لەژێر تیشکی تیشکاوێژەکانی تردا ڕووناك ببنەوەو ڕێك هەر بەم جۆرەیە کاتێ هەندێ لە تیشکاوێژەکان بەرەلاّ دەکەین و پێشکەوتن وەدەست دێنین.

٤. بگەڕێنەوە بۆ بەشی هەشتەم، یادداشتی٢٣.

٥. سەبارەت بە هەوڵدان بۆ خۆبواردن لە هەر چەشنە پێش گریمانەیەك، بگەڕێنەوە بۆ ئەو ڕەخنەیەی لە بەشی بیست و چوارەم، یادداشتی ٨(١) و دەقەکەدا ئاڕاستەی (هۆسرل) کراوە. هـ. گۆمپرتس-یش لەلایەنێکی ترەوە هێرشی کردۆتە سەر ئەم بیرۆکە خاو و ساویلکانەیە کە

1. Conventionalists

٢. پێدەچێت مەبەست Paul Duhem (١٨١٦ـ١٩٦١)ی فیزیکزان و ماتماتیکزانی فەرەنسی بێت.



خۆ بوواردن لە پێش گریمانە (یان ڕوانگە) دەشێت ئەنجام بدرێ[٣]. هێرشی گۆمپرتس بە بۆسەر ئەزموونگەرا ڕادیکالەکانە (نەك هۆسرل) دەڵێت:

> هەڵوێستی فەلسەفی یان زانستی لە هەمبەر فاکتەکان، بەردەوام هەڵوێستێکی هزرییە و نەك هەر تەنیا هەڵوێستی چێژ وەرگرتن بێت لە فاکتگەلی وەك گا یان تەماشای فاکتەکان وەك وێنەکێش یان نغرۆ بوون لە فاکتەکان وەك کەسێك کە لە جیهانی هەپەڕووتدا وێڵە. کەواتە، دەبێ گریمانەی ئێمە ئەوە بێت کە فەیلەسووف ڕازی نییە بە هیچ چەشنە فاکتێك بەو جۆرەی کە هەیە، بەڵکو بیریشی لێ دەکاتەوە... ئاشکرایە لەو دیوەوەی ئەو جۆرە ڕادیکالیزمە فەلسەفییەی بانگەشەی... گەڕانەوە بۆ فاکت یان داتا بێ نێو بەندەکان دەکات، قبوڵ کردنی هەڵنەسەنگێنراوی بیروبۆچوونە بۆماوەییەکان خۆی مەڵاس داوە، چونکە دەبێ هەندێ لە بیروڕاکان سەبارەت بە فاکتەکان تەنانەت بە هزری ڕادیکالە فەلسەفییەکانیشدا گوزەر بکات. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوان بەڕادەیەك لەم بیروڕایانە بێ ئاگان و دەڵێن تەنیا فاکتەکان پەسند دەکەین. بەناچاری دەبێ گریمانەی ئەوە بکەین بیروبۆچوونەکانیان هەڵنەسەنگێنراوانەیە.

(هەروەها بگەڕێنەوە بۆ وتەکانی ئەم نووسەرە لە وتارێکدا بەناوی ((**ڕاڤە**))[٤].

٦. بگەڕێنەوە بۆ بیروڕاکانی شۆپێنهاوەر لەمەڕ مێژوو (**هونەرنوێنییەکان و {تەواوکارییەکان}**[٥]، بەرگی٢، بەشی نۆزدەهەم، بەندی ٢٣٨، **کۆمەڵە بەرهەم**، چاپی دووەمی ئەڵمانی، بەرگی٦، ل٤٨٠).

٧. (١) ئەم تیۆرە لە هەمبەر هۆیەتی کە بەکورتی گەڵاڵەکەی لێرەدا بەرچاو دەکەوێت، تا ئەو جێگایەی من ئاگادارم بۆ یەکەم جار لە کتێبەکەی مندا **لۆژیکی توێژینەوە** (١٩٣٥)دا ئاماژەی بۆ کراوە کە ساڵی **١٩٥٩** دا لەژێر ناوی **لۆژیکی دۆزینەوەی زانستیدا** وەرگێڕدراوەتە

٣. بگەڕێنەوە بۆ: Weltanschauungs lehre, 1, 1905, pp. 33-35 ڕەنگە وەرگێڕانەکەم تاڕادەیەك سەربەستانە بێت.

4. [H. Gomperz], "interpretation", Erkenntnis, vol. 7, pp. 225f.

5. [A.] Schopenhauer, parerga [and paralipomena]

سەر زمانی ئینگلیزی (بگەڕێنەوە بۆ ئەم دەقە وەرگێڕدراوە، لەلاپەڕە **٥٩** بۆ دواوە). لێرەدا لەم دەقەی ئێستا، کەوانەکانی دەقی سەرەکیم هەڵگرتووە، بەڵام چەند ژمارەیەك و چوار دەستەواژەی کورتم لە نێوان دووکەوانەدا زیاد کردووە بۆ ئەوەی لەلایەکەوە، واتای ئەم پارچە چڕە باشتر دەرك بکرێت و لەلایەکی دیکەوە (هەروەك سەبارەت بە دووکەوانەکەی کۆتایی تێبینی دەکرێت)، هەڵێکیش بۆ دەربڕینی روانگەی تارسکی کە بە ((واتاناسی))[٦] ناوزەدی کردووەو لە ساڵی **١٩٣٥** هێشتا لای من روون نەبووە، بڕەخسێت (بۆ نموونە بگەڕێنەوە بۆ نووسینەکەی **بنەمای واتاناسی زانستی**[٧] و کتێبەکەی کارناپ **دەروازەی واتاناسی**). ئێستا بەهۆی زەحمەتگەلێ کە تارسکی لە پێناو گەشەپێدانی بنەماکانی واتاناسی کێشاویەتی، بەپێچەوانەی ئەو کاتەی کە {**لۆژیکی توێژینەوە**}م دەنووسی، ئیدی هیچ گومان و دوودڵییەکەم لە هەمبەر بەکارهێنانی تەواوی هەردوو زاراوەی ((هۆ)) و ((هۆبەند)) نییە، چونکە دەتوانین بە سوود وەرگرتن لە مەفهوومی تارسکی بۆ ((راست)) و بەیارمەتی پێناسەی واتاناسانە، هەردووکیان پێناسە بکەین. بۆ نموونە بەم چەشنە: رووداوی $A$ هۆکاری رووداوی $B$ یە و رووداوی $B$ هۆبەندی رووداوی $A$ یە، بەم مەرجە و تەنیا بەم مەرجە کە زمانێك لە ئارادابێت کە بتوانین تێیدا هەرسێ دۆزی $u$ و $a$ و $b$ بە چەشنێك فۆرمۆڵبەندی بکەین کە $u$ یاسایەکی گشتی راست بێت و $a$ رووداوی $A$ وەسف بکات و $b$ رووداوی $B$ و $b$ پاشیەندی لۆژیکی $u$ و $a$ بێت. (لێرەدا زاراوەی ((رووداو)) یان ((فاکت)) دەتوانین بە یارمەتی فۆرمی واتاناسانەی من بۆ ((رووداو)) لە **لۆژیکی دۆزینەوەی زانستی**، ل٨٨ بەدواوە، بۆنموونە بەم شێوەیە پێناسە بکەین: رووداوێکی وەك $E$ مەدلولی هاوبەشی چینێك لە گوزارەی تاکەکسییە {کە بەشێوەیەکی} بەرامبەر دوو لایەنە بۆ هەڵگێڕانەوە دەشێن).

(٢) جێگای خۆیەتی لێرەدا چەند خاڵێکیش سەبارەت بە پێشینیەی مێژوویی هۆ و هۆبەند بخەمەڕوو. وێنای ئەرستۆ بۆ هۆ، نموونەی وێنای ماهییەتگەراکانە. (مەبەستم هۆی رووالەتی و هۆی ماددی و هۆی بکەرییە، هۆی کۆتایی بە کردەوە جێگەی باس نییە، وەك بڵێیی ئەوەی دەیڵێین لەهەمبەر ئەویشەوە راستە). لای ئەو پرسەکە، پرسی روون کردنەوەی ئاڵوگۆڕ یان جوڵەیە. ئەم شتە بەگەڕانەوە بۆ بوونیادی شاراوەی شتەکان روون دەکرێتەوە. ماهییەتگرایی

6. Semanties
7. A. Tarski, Grunslegung der wissenschaftli – Chen semantik, in Actes du congres International philosophique, vol. III, paris, 1937, pp. 1 ff.



لای بیکۆن و دیکارت و لوك و تەنانەت نیوتنیش بەرچاو دەکەوێ. بەڵام تیۆرەکەی دیکارت رێگایەك بۆ تێڕوانینێکی نوێ لەبارەیەوە دەکاتەوە. دیکارت ماهییەتی هەموو تەنە سروشتییەکانی بەرەهەند یان دووری شوێنی یان شێوگە ئەندازەییەکەی لە قەڵەم دەدا و گەیشتبووە ئەم دەرەنجامە کە تەنەکان لەوانەیە تەنیا بە پاڵنان کاریگەری لەسەر یەکتری دابنێن. هەموو تەنێکی بزۆك حەتمەن دەبێ تەنێکی دیکە لە جێگاکەی وەلا بنێت چونکە هەردووکیان خاوەن رەهەندن و هەربۆیە، ناشێت یەك شوێن داگیر بکەن. **کەواتە هۆبەند حەتمەن بەدوای هۆ دادێت و دەبێ هەموو روونکردنەوەیەکی هۆداری راستەقینەی ((روداوە فیزیکییەکان) لەسەر بنەمای پاڵنان ئەنجام بدرێت.** نیوتنیش وەك بەڵگەنەویستێك سەیری ئەم بۆچوونەی دەکرد و سەبارەت بە تیۆری تاودانی زەوی کە خۆی داڕێژەری بوو (لەوێدا لەجیاتی پاڵنان، وێنای کێشی بەکارهێنابوو) بەم چەشنە بیروڕای خۆی دەردەبڕی کە هەر کەسێك کەمترین زانیاری لەسەر فەلسەفە هەبێت، ئاستەمە تیۆری ناوبراو وەك روونکردنەوەیەکی قانع کەر لێك بداتەوە. ئەم بیروباوەڕەی ئاماژەمان بۆ کرد هێشتاش لە فیزیکدا پەیڕەوکاری خۆی هەیە و هەندێ کەس بەردەوام لە بیرۆکەی ((کاریگەری لە دوورەوە)) ناڕازین. بارکلی یەکەمین کەس بوو کە روونکردنەوە لەسەر بنەمای ماهییەتی پەنهانی خستەبەر رەخنە، جا چ ئەم ماهییەتە بە مەبەستی ((روونکردنەوەی)) کێشی نیوتنی بێتە ناو باسەکانەوە یان سەرەنجام بە تیۆری پاڵنانی دیکارت کۆتایی بێت. ئەو لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە دەبێ زانست لەجیاتی روونکردنەوە لەسەر بناغەی بە یەکەوە لکاوییە خودیی یان پێویستیەکان، تەنیا خەریکی وەسف کردن بێت. ئەو تیۆرە دواتر بوو بە یەکێك لە کۆڵەکەکانی پۆزیتیڤیزم، بەڵام ئەگەر تیۆرەکەی ئێمە لەمەڕ روونکردنەوەی هۆداری خودان مسداقیەت بێت، ئیتر هیچ سوودێکی لێ وەرناگیرێت، چونکە لەم حاڵەتەدا روونکردنەوەش دەبێ بەجۆرە وەسف کردنێك، ئەوەندە نەبێت کە وەسفێك دەبێ کە لە میانی دا سوود لە گریمانەی گشتی و مەرجە بەرییەکان و دەرەنجامگیری لۆژیکی وەردەگرێت. هیوم گرنگترین خاڵی لەمەڕ تیۆری هۆیەتیەوە خستەڕوو (ئەگەرچی سکستوس ئیمپیریکوس[٨] و غەزالی و چەند کەسێکی تریش پێشتر هەندێ بیرۆکەی هاوچەشنی ئەمەیان هەبووە). هیوم لە بەرهەڵستی کردنی بیروباوەڕی دیکارت، ئاماژەی بەوە کرد کە ناشێت ئێمە شتێك لە بارەی پەیوەندی زەرووری دوو رووداوی $A$ و $B$ یەوە بزانین. تاکە

٨. Sextus Empiricus یەکێکە لە گومانکارە یۆنانییەکانی سەدەی دووەم و سێیەمی زایینی.

شتێك کە دەکرێ بیزانین ئەوەیە کە رووداوەکانی جۆری A (یان وەك A) تا ئێستا رووداوی جۆری B (یان وەك B) یان لێ کەوتۆتەوە. دەتوانین لەوە تێبگەین کە ئەم جۆرە رووداوانە بە کردەوە پەیوەندییان بە یەکترەوە هەبووە، بەڵام لەبەر ئەوەی ناشێت بزانین ئەم پەیوەندییە، پەیوەندییەکی پێویستە (زەروورییە)، تەنیا لەوانەیە بڵێین ئەم پەیوەندییە لە رابردوودا هەبووە. لە تیۆرەکەی ئێمەدا، رەخنەکەی هیوم بە تەواوی حسێبی بۆ کراوە، جیاوازی ئێمە لە تەك ئەودا لەم لایەنەوەیە کە یەکەم، لە تیۆرەکەی ئێمەدا ئەم **گریمانە گشتیە** بەراشکاوی فۆرمۆڵبەندی کراوە کە رووداوی جۆری A هەمیشە و لە هەموو شوێنێك رووداوگەلی جۆری B یان بەدوادا دێت و دووەم، حوکم لەسەر راستی ئەو گوزارەیە کراوە کە A هۆکاری B یە بەو مەرجە کە گریمانە گشتیەکە راست بێت. بەجۆرێکی تر، هیوم تەنیا سەیری خودی رووداوەکانی A و B دەکرد و نەیدەتوانی هیچ شوێنەوارێك لە بەیەکەوەلکاوی هۆداری یان پەیوەندی پێویستی نێوانیان بدۆزێتەوە، ئەوە لەکاتێك دایە کە ئێمە شتی سێیەم، واتە یاسایەکی گشتیش بەم دووانەوە زیاد دەکەین و لەچوارچێوەی ئەم یاسایەدا، لەهەمبەر بەیەکەوەلکاوی هۆداری یان تەنانەت پەیوەندی پێویست دەدوێین. بۆ نموونە، رەنگە پێناسەیەکی بەم جۆرە بخەینە ڕوو: رووداوی B لەگەڵ رووداوی A **بەیەکەوەلکاوی هۆداری (یان پەیوەندی پێویستی)** هەیە بەم مەرجەو تەنیا بەم مەرجە کە A (بەو واتایەی کە لە پێناسەی واتاناسانەی پێشوودا ئاماژەی بۆ کرا) هۆکاری B بێت. لەوانەیە لە هەمبەر راستی یاسای گشتی بڵێین کە گەلێ یاسای گشتی بێ ئەژمار هەیە کە هەرگیز راستیەکەیان لە ژیانی رۆژانەدا ناخەینە ژێر گومانەوەو هەربۆیە، حاڵەتی بێ ئەژماری هۆیەتیش هەیە کە لە ژیانی رۆژانەدا هیچ کاتێك ((بەیەکەوەلکاویە پێویستە هۆداریەکەیان)) گومانی لێ ناکرێت. بەڵام لەڕووی میتۆدی زانستییەوە، رەوشەکە جیاوازە. هەرگیز ناشێت لە رێگای عەقڵەوە راستی یاسا زانستییەکان بدۆزینەوە، تاکە کارێك کە لە دەستمان دێت ئەوەیە کە ئەم جۆرە یاسایانە بخەینە ژێر تاقیکردنەوەی توندەوەو لەم رێگەیەوە {یاسا} چەوتەکان {درۆ} بەلاوەبنێین و (رەنگە ئەمە گیانی وتەکانم بێت لە **لۆژیکی دۆزینەوەی زانستیدا**). کەواتە هەموو یاسایەکی زانستی بۆ هەتا هەتایە چۆنایەتییەکی گریمانەیی دەبێت و تەنیا یەکێك لە گریمانەکانمان دەبێت و لەم روویەوە، هەموو گوزارەیەك لەمەڕ هەموو پەیوەندییەکی هۆداری تایبەتیش خودان هەمان چۆنایەتی دەبێت. هەرگیز ناتوانین (بەمانا زانستییەکەی) بە یەقینەوە بڵێین A هۆکاری B یە چونکە هیچ کاتێك ناتوانین یەقینمان لەوە هەبێ کە گریمانە گشتیەکە، هەرچەندە باشیش



تاقی کرابێتەوە، راستە. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، چەندی زیاتر گریمانە گشتیەکە تاقی بکەینەوە و سەرڕاستی بکەینەوە، ئەم حەزە لامان بەهێزتر دەبێ کە ئەو گریمانە تایبەتییەی کە دەڵێت A هۆکاری B یە، بە مەقبولتر لە قەڵەم بدەین. (سەبارەت ب تیۆرەکەی من لە هەمبەر سەرڕاست کردن(تأیید)، بگەڕێنەوە بۆ بەشی دەیەم و هەروەها پاشکۆیی٩*، **لۆژیکی دۆزینەوەی زانستی**، بە تایبەتی لاپەڕەی ٢٧٥، کە تێیدا توێژینەوە لەسەر هاوکۆلکە زەمەنییەکان[٩] یان نیشانەکانی رستەی پشتڕاستی[١٠]، کراوە).

(٣) سەبارەت بە تیۆرکەم لەمەڕ شرۆڤەی مێژوویی کە هەندێ دواتر لە دەقەکەدا بەدووردرێژی باسی لەسەر کراوە، پێویستە لێرەدا چەند تێبینییەکی رەخنەیی سەبارەت بە وتارەکەی مۆرتن وایت، لەژێر ناوی ((**شرۆڤەی مێژوویی**))[١١] بخەمەڕوو. وایت شیکردنەوەکەی ئێمە بۆ بۆ شرۆڤەی هۆداری، بەو چەشنەی کە یەکەم جار لە کتێبی **لۆژیکی توێژینەوەدا** هاتووە، پەسند دەکات (ئەم کتێبە ئێستا بەناوی **لۆژیکی دۆزینەوەی زانستی** {بە ئینگلیزی} وەرگێڕدراوە). دواجار ئەم تیۆرە بە هەڵە دەخاتە پاڵ همپلّ (لە وتارێکدا لە **جۆرناڵ ئۆف فیلۆسۆفی**)[١٢]. بگەڕێنەوە بۆ ئەو رەخنەیەی همپلّ لە **دویچە لیتراتۆر تسایتۆنگ**[١٣] لەسەر کتێبەکەی من نووسیویەتی). وایت بە بینینی ئەوەی ئەم پرسیارە، ئاماژە بەوە دەکات کە تایبەتمەندی شرۆڤەی بایۆلۆژیانە (بۆ نموونە بە جیاکردنەوەی لە روونکردنەوەی فیزیکی) بوونی **زاراوەی تایبەتمەندی بایۆلۆژیانەیە** لە یاساکانی شرۆڤەی گشتیدا و پاشان بەم ئەنجام دەگات کە شرۆڤەکردنی مێژوویی شرۆڤەیەکە کە **زاراوەی تایبەتمەندی مێژوویی** تێدا بێت و دیسان بەم ئاکامە دەگات کە هەر یاسایەك ئەگەر شتێکی وەك زاراوەی تایبەتمەندی مێژوویی تێدابێت، باشتر وایە بە یاسای کۆمەڵناسانە ناوزەد بکرێت، چونکە زاراوەگەلی ناوبراو زۆرتر خودان خەسڵەتی کۆمەڵناسانەن نەك مێژوویی. بەم چەشنە، دواجار ناچار دەبێت ((شرۆڤەی مێژوویی)) رێك بە ((شرۆڤەی کۆمەڵناسانە)) لە قەڵەم بدات.

بەڵام بەبڕوای من ئاشکرایە کە وایت جیاوازی نێوان **زانستە مێژووییەکان و زانستە گشتیەت بەخشەکان** و پرس و میتۆدی تایبەتی هەر کامیانی کە لە دەقەکەدا شی کراوەتەوە، پشت گوێ

9. Temporal coefficients
10. Indices of confirmation sentences
11. Morton G. white, (Historical Explanation), Mind, vol. 52, 1943, pp. 212 ff.
12. C.G. Hempel in Journal of philosophy, 1942.
13. Deutsche literatuzeitung. 1937, (8), pp. 310 -314.

خستووە. دەمەتەقێ لەمەڕ پرس و میتۆدی مێژوو، زۆر لە مێژە روونی کردۆتەوە کە مێژوو گرنگی بە رووداوە دیاریکراوەکان دەدات نەك بە یاسا گشتییەکان. مەبەستم، بۆ نموونە، وتارەکانی ساڵی ١٨٥٨ی لۆرد ئیکتنە لە دژایەتی کردنی باکل[١٤] (کە ئێستا لە کتێبی **وتارەکان و خوێندنەوەی مێژووییدا**[١٥] چاپ کراوە) و هەروەها دیداری نێوان ماکس ڤیبەر و ئێرنست مایر[١٦]. ڤیبەریش وەك مایر هەمیشە بە هەق جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە مێژوو گرنگی بە **رووداوە جیایەکان** دەدات نەك بە یاسا گشتییەکان و لە هەمان کاتدا، سەرنج لە **شرۆڤە هۆدارییەکان** دەدات. بەڵام ئەم بیروبۆچوونە راستە، مخابن چەندین جار بووە هۆی دژایەتی ئەو لەگەڵ ئەم بیروباوەڕە کە هۆیەتی پەیوەندی لەگەڵ یاسا گشتییەکاندا هەیە[١٧]. بەبڕوای من، ئەو تیۆرەی لە دەقەکەدا لەهەمبەر شرۆڤەی مێژوویی گەشەی پێدراوە نەك هەر ئەم کێشەیە چارەسەر دەکات بەڵکو روونی دەکاتەوە چۆن دەشێت ئەم کێشەیە رووبدات.

٨. دابیەکان (بەتایبەتی دویم) پەلاماری ئەم تیۆرەیان داوە کە دەشێت لە فیزیکدا تاقیکردنەوەی بنبڕ ئەنجام بدرێ. بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ١ هەر لەم بەشەدا). بەڵام کاتێ دویم بابەتەکانی خۆی دەنووسی، هێشتا ئەنشتاین نەهاتبوو و ئیدینگتن تێڕوانینەکانی خۆی لەمەڕ رۆژگیران ئەنجام نەدابوو و نەتانەت لومێر[١٨] و پرنگس هایم[١٩] تاقیکردنەوەکانی خۆیان ئەنجام نەدابوو کە بووە هۆی پووچەڵ کردنەوەی فۆرمۆڵەکانی رەی لی[٢٠] و جینز و داهێنانی تیۆری کۆانتۆم.

٩. مایر و رەخنەگرەکەی، واتە ڤیبەر، هەردووکیان دانیان بەوە داناوە کە مێژوو پەیوەستە بەو شتانەی ئێمە هۆگرین پێیانەوە. مایر دەنووسێت: هەڵبژاردنی فاکتەکان پەیوەستە بەو شتەوە

١٤. H.T. Buckle (١٨٢١ـ١٨٦٢) مێژوونووسی ئینگلیز و نووسەری پەرتووکێك بەناوی **مێژووی شارستانیەت لە ئینگلتەرا**، لەمێژوونووسیدا هەوڵیدا سوود لە میتۆدی زانستی وەربگرێت.

15. Lord Acton, Historical Essays and studies (1908)

١٦. بگەڕێنەوە بۆ: M. Weber, Gesammelte Aufsaetze zur Wissenschaftsleher, 1922, pp. 215 ff.

17. Ibid., p.8.

١٨. O. Lummer (١٨٦٠ـ١٩٢٥) فیزیکزانی ئەڵمانی.

١٩. E. Pringsheim (١٨٥٩ـ١٩١٧) فیزیکزانی ئەڵمانی.

٢٠. Rayleigh، ناسراو بە J.W. Strutt (١٨٤٢ـ١٩١٩). فیزیکزانی ئینگلیزی.



کە لە مێژوودا ئەو کەسانە حەزیان لێدەکەن کە لە ئێستادا دەژین...[٢١])) ڤیپەر دەنووسێت: ((ئەوەی ئێمە هۆگرین پێیەوە... داوێنی ئەو جۆرە بەها کولتوورییانە دیاری دەکات و ئەوانیش سنووری مێژوو دیاری دەکەن))[٢٢]. ڤیبەر بە پەیڕەوی کردن لە ریکێرت[٢٣]، لەسەر ئەوە سوورە کە هۆگرییەکانیشمان، بە نۆرەی خۆیان، پەیوەندییان بە وێنای ئێمەوە هەیە بۆ بەها. لەم بەستێنەدا بێگومان هەڵەی نەکردووە، بەڵام هیچیشی بە شیکردنەوەی میتۆدەکانەوە زێدە نەکردووە. ئەوەندە نەبێت کە پرسەکە ئەوەیە کە هیچ کام لەم تویژەرانە بەم دەرەنجامە شۆڕشگێڕانەیە نەگەیشتوون کە لەبەر ئەوەی هەر مێژوویەك پەیوەستە بە حەزەکانی ئێمەوە، هەر بۆیە رەنگە تەنیا مێژووگەڵی جۆراوجۆر بوونی هەبێت نەك ((مێژوو))یەك کە بەتەنیا چیرۆکی گەشەو گۆڕانکاری مرۆڤ بێت ((بەو چەشنەی کە بەڕاستی روویداوە)).

بۆ ئاگاداربوون لەم دوو راڤە دژیەکە بۆ مێژوو، بگەڕێنەوە بۆ بەشی یازدەهەم، یادداشتی٦١.

١٠. سەبارەت بەخۆبواردن لە لێدوان لەمەڕ پرسی ((مانای مانا)) (بە وتەی ئاگرن و ریچاردز)[٢٤] یاخود بەجۆرێکی باشتر، ((مانایی مانا)) (بە گوتەی هـ. گومپرتس)، بگەڕێنەوە بۆ بەشی یازدەهەم، بەتایبەتی یادداشتگەلی ٢٦ و ٤٧ و ٥٠ و ٥١ و هەروەها یادداشتی ٢٥ هەر لەم بەشەدا.

١١. لەهەمبەر فۆتۆریزم یان ئایندەپەرستی ئەخلاقی، بگەڕێنەوە بۆ بەشی بیست و دووەم.

١٢. مەبەستی من، نووسینی کارل بارتە، ل١٢. سەبارەت بە ناڕەزایەتی بارت لەهەمبەر تیۆری ((نییو پروتستانی خۆنواندنی خوا لە مێژوودا)) بگەڕێنەوە بۆ هەمان کتێب، ل١٤٢. ژێدەری هێگلیی ئەم تیۆرە لە دەقی تایبەت بە یادداتی ٤٩، بەشی دوازدەهەم، ئاماژەی بۆ کراوە. هەروەها سەیری بەشی بیست و چوارەم، یادداشتی ٥١ بکەن. سەبارەت بەو وتەیەی بارت کە کەمێك لەوە پێش لە بارتمان وەرگرت، بگەڕێنەوە بۆ هەمان کتێبی خۆی، ل٧٩.

21. E. Meyer, Zur Theorie and methodic der Geschichte, 1902, p. 37.

22. Weber, op. cit., p. 259.

٢٣. H. Rickert (١٨٦٣ـ١٩٣٦). فەیلەسوفی نییو کانتی ئەڵمانی.

٢٤. C.K. Ogden & I.a. Richards. دوو رەخنەگر و ئەدەبیی ئینگلیزی کە کتێبێکی بەناوبانگیان هەیە بەنێوی مانای مانا (The Meaning of Meaning).

سەبارەت بەوەی وتوومە بەسەرهاتی مەسیح ((تەنانەت چیرۆکی شۆڕشێکی نەتەوەیی سەرنەکوتووش ... نەبوو))، ئێستا ڕام گۆڕاوە و پێموایە بەسەرهاتەکەی ڕێك لەوانەیە شتێکی ئەوتۆ بوو بێت[25]. هەر چۆنێك بێت، ئاشکرایە، داستانی ژیانی ئەو، چیرۆکی سەرکەوتنی دونیایی نەبووە.

١٣. بارت. هەمان کتێب، ل٧٦.

١٤. سەیری یادداشتی ڕۆژانەی بکەن لە ساڵی ١٨٥٤ و هەروەها وەگێڕدراوی کتێبی **دادوەر** بە ئەڵمانی (١٩٠٥)، ل١٣٥.

١٥. بگەڕێنەوە بۆ بەشی یازدەهەم، دەقێ تایبەت بە یادداشتی٥٧.

١٦. بگەڕێنەوە بۆ دوایین ڕستەی **کلیلی مێژوو**، ل٢٧٣.

١٧. بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆ بەشی بیست و چوارەم، یادداشتی ٥٥ و دەقەکە.

١٨. کیەرکێ گۆڕ لە دەورانی گەرموگوڕی هێگلیانیزم و نفوزی یەکێك لە وتەبێژەکان بەناوی مارتینسن دا[26]، لە زانکۆی کۆپنهاك خوێندبووی (نموونەی تێڕوانینێکی توندوتیژ کە لەم بەستێنەدا سەری هەڵدابوو، حوکمی ئەکادیمیای کۆپنهاکە لە دژی وتارێکی شۆپێنهاوەر لەژێر ناونیشانی **بنەماکانی ئەخلاق**[27] کە بۆ بردنەوەی خەڵاتی پێشبڕکێیەك نووسیبووی. ئەگەری زۆری هەیە کە ئەم دۆزە لەسەردەمێکدا کە شۆپێنهاوەر تەنانەت لە ئەڵمانیاش نەناسرابوو، بووە هۆی ئاشنایی کیەرکێ گۆڕ بە بیروبۆچوونەکانی).

١٩. بگەڕێنەوە بۆ بیرەوەری ڕۆژانەی کیەرکێ گۆڕ لە ساڵی ١٨٥٣ و هەروەها دەقی وەرگێڕدراوی کتێبی **دادوەر**، ل١٢٩. کە ڕستە خواستراوەکانی دەقەکە بەشێوەیەکی ئازاد لەوەوە وەرگێڕدراوە.

کێەرکێ گۆڕ تاکە بیرمەندی مەسیحی بەرهەڵستکار نەبوو دژی مێژووگەرایی هێگڵ. وەك بۆمان دەرکەوت بارتیش نارەزایەتی لە دژ دەربڕیوە (بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ١٢ هەر لەم بەشەدا). ئێم. بی. فاستێر کە فەیلەسوفێکی مەسیحی و یەکێکە لە پیاهەڵدەران و (بگرە

25. R. Eisler, Jesus Basileus.
26. [Hans L.] Martensen
27. A. Schopenhauer, foundation of morals (1840).



پەیڕەوکارانی) هێگل و نووسەری کتێبێکە بەناوی **فەلسەفە سیاسییەکانی ئەفلاتون و هێگل**[28]، ڕەخنەیەکی زۆر سەرنجڕاکێش و گرنگی ئاڕاستەی هێگل کردووە لەمەڕ ڕاڤەکەی بۆ مێژوو لەسەر بنەمای هۆی کۆتایی. ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم، خاڵی سەرەکی ڕەخنەکەی فاستێر ئەوەیە کە هێگل بەهۆی ئەم جۆرە ڕاڤەیەوە لەجیاتی ئەوەی هەموو قۆناغێك لە خودی خۆیدا وەك غایەتێك لێك بداتەوە، تەنیا وەك ئامرازێك سەیری دەکات لەپێناو گەیشتن بە ئامانجێکی کۆتایی. بەبڕوای ئەو، ئەم گریمانەیەی هێگل هەڵەیە کە هەموو دیاردە یان قۆناغێکی مێژوویی ئامرازی گەیشتنە بە ئامانجێك کە دەکرێ جیا لەخودی ئەم دیاردەیە وێنا بکرێت و دەربردرێت، هەروەك چۆن دەتوانین مەبەست لە هەر کارێك لە خودی ئەو کارە جیا بکەینەوە یان ئاکامی ئەخلاقی شانۆنامەیەك لە خودی شانۆنامەکە جوێ بکەینەوە (هەڵبەتە ئەمە لەکاتێك دایە ئەگەر بێتو کەسێك خاوەن ئەم بۆچوونە هەڵەیە بێت کە تاکە ئامانجی شانۆنامە، گەیشتن بووە بەم ئاکامە ئەخلاقییە). بەپێی بانگەشەی فاستێر، گریمانەی ناوبراو گەرەکیەتی ئەوە بێژێ کە جیاوازی کاری ئەو کەسەی خەڵق دەکات لەگەڵ کاری ئامێرسازێك یان پیشەکارێك یان ((**دەمی ئورگوس**))[29] بەڕاست و دروستی دەرك نەکراوە. دەنووسێ (هەمان کتێب، ل ل٢٠١-٢٠٣): ((بەدوای یەکراهاتنی زنجیرە بەرهەمێك کە ئافرێنەری تێدا بەکارهاتووە ڕەنگە وەك جۆرە گۆڕانکارییەك لێك بدرێتەوە ... و پێویست ناکات هیچ کەسێك وێنای ئەوە بکات کە ئەو بەرهەمە دەربڕی پێشکەوتنە بەرەو ئامانجێکی تایبەتی ... بۆ نموونە دەتوانین ئاوا لێکی بدەینەوە کە وێنەکێشی فلانە قۆناغ {لە ئاکامی} وێنەکێشی قۆناغی پێش خۆی گۆڕانکاری بەسەر داهاتووە، بەبێ ئەوەی بە نزیکتر لە ئامانج یان پلەیەکی تایبەت لە تەواوێتی لێك بدرێتەوە ... مێژووی سیاسیش هەر بەم جۆرەیە و دەتوانین وەك جۆرە گۆڕانکارییەك سەیری بکەین بێ ئەوەی پێویست بکات غایەتێکی تایبەتی بۆ وەبەرچاو بگرین. بەڵام هێگل چ لێرەو چ لە شوێنەکانی دیکەدا، دەریدەخات کە لە مانای ئافرێنەری تێنەگەیشتووە)). فاستێر پاشان درێژەی پێ دەدات (هەمان کتێب، ل٢٠٤): ((هێگڵ پێیوایە ئەمە یەکێکە لە نیشانەکانی کێماسی خەیاڵی دینی و ئەو کەسانەی بڕویان بە نیازی

28. M.B. Foster, the political philosophies of Plato and Hegel.

٢٩. لە بنەڕەتدا Demiurge کە شێوەی ئینگلیزی وشەی یۆنانی دێمی ئورگوشی (demiourgos)ە. لە فەلسەفەی ئەفلاتوون و فەلسەفەی گنوسیدا، دێمی ئورگوس بەمانای ئافرێنەرێك دێت (بە جیاکردنەوە لە خوا) کە جیهانی ماددی دروست کردووە. لە بەکارهێناندا ئێستای بە مانای چێکار بەکاردێت.

پەروەردگارە، ئێژن نیازەکەی نەزانراوە ... بێگومان، وتەی بۆ پشکنین نەشیاوی نیازی پەروەردگار، لەڕووی دەربڕینی بابەتەکەوە کەموکوڕی تێدایە، بەڵام ئەو حەقیقەتەی کە لەم قاڵبە پڕ کەموکوڕییەدا بەیان کراوە ئەوە نییە کە ناتوانین پەی بە نیازەکەی ببەین، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە خواوەند- وەك خالق، نەك وەك چێکار (دەمی ئورگوس)- **لە بنەڕەتدا بەپێی نیازو مەبەست کار ناکات**)).

بەبڕوای من ئەم رەخنەیە هێژایە، هەرچەندە هەڵبەتە دەبێ ئاگاداری ئەوە بین کە سەرەڕای ئەوەی ئەفراندنی بەرهەمێکی هونەری غایەت و مەبەستێکی نییە، بە مانایەکی تر بەپێی ((رێکی یان نەخشە)) ئەنجام دەدرێت، چونکە لەوانەیە هەوڵی هونەرمەند بۆ وەدیهێنانی شتێکی وەك ئایدیای ئەفلاتونی ئەم کارە هونەرییە بگەیەنێت- واتە کۆپی کردنی سەرمەشق یان ئەو نموونە تەواوەی کە وێنەکێش یان مۆسیقار لە بەرامبەر چاوی دڵی یان گوێی گیانی دایە. (بگەڕێنەوە بۆ بەشی نۆیەم، یادداشتی٩، و بەشی هەشتەم، یادداشتی ٢٥ و ٢٦).

٢٠. بۆ ئاگاداربوون لە هێرشەکەی شۆپێنهاوەر بۆ سەر هێگل کە کێەرکێ گۆر ئاماژەی بۆ کردووە، بگەڕێنەوە بۆ بەشی دووازدەهەم، دەقی تایبەت بە یادداشتی ١٣ و رستەکانی کۆتایی ئەو بەشە. درێژەی قسەکانی کێەرکێ گۆڕ لەهەمان کتێبی خۆی، ل١٣٠، وەرگیراوە. (لەو یادداشتەدا کە دواتر کێەرکێ گۆر پێیەوە زیاد کرد ((داڕزیوی)) گۆڕی بۆ ((یەکیەتی بوون))[30].

٢١. بگەڕێنەوە بۆ بەشی شەشەم، بەتایبەتی دەقی تایبەت بە یادداشتی٢٦.

٢٢. لەهەمبەر ئەخلاقی هێگلیانەی زاڵبوون و خۆبەدەستەوەدان، بگەڕێنەوە بۆ بەشی یازدەهەم، یادداشتی٢٥. سەبارەت بە قارەمانپەرستی، بگەڕێنەوە بۆ بەشی دووازدەهەم، بەتایبەتی دەقی تایبەت بە یادداشتی ٧٥ و یادداشتەکانی دواتر.

٢٣. بگەڕێنەوە بۆ بەشی پێنجەم (بەتایبەتی دەقی تایبەت بە یادداشتی٥).

٢٤. دەتوانین بێ ئەوەی مانایەك بگەیەنین، لەزۆر رێگەوە ((کەسایەتی خۆمان دەربخەین)). سەبارەت بە ئەرکی ئێمە بۆ سوود وەرگرتن لە زمان بۆ ئاڵوویری مانایی بەشێوازێکی عەقڵانی

30. Pantheist



و پێویستی پاراستنی پێوەرەکانی پاراوی، بگەڕێنەوە بۆ بەشی بیست و چوارەم، یادداشتەکانی ١٩ و ٢٠ و بەشی دووازدەهەم، یادداشتی٣٠.

٢٥. رەنگە بکرێ ئەم لێك دانەوەیە بۆ پرسی ((مانای ژیان)) لەبەرامبەر تێگەیشتنی ڤیتگنشتاین بۆ ((مەفهوومی ژیان)) دابنێین لە **نامیلکە** (ل ١٨٧). دەنووسێت: ((چارەی پرسی ژیان، لە ون بوونی ئەم پرسەدا دەبینرێت. (ئایا هەر بەم هۆیەوە نەبووە ئەو کەسانەی کە پاش ماوەیەکی درێژ لە گومان و دوو دڵی، مەفهوومی ژیان لایان روون بۆتەوە، هەرگیز نەیانتوانیوە بڵێن ئەو مەفهوومە چی بووە؟)) سەبارەت بە عیرفانی ڤیتگنشتاین، بگەڕێنەوە بۆ بەشی بیست و چوارەم، یادداشتی٣٢. لەهەمبەر ئەو راڤەیەی لێرەدا بۆ مێژوو پێشکەش کرا، سەیری بەشی یازدەهەم، یادداشتی٦١(١) و یادداشتی ٢٧ لەم بەشەدا بکەن.

٢٦. بۆ نموونە بگەڕێنەوە بۆ بەشی پێنجەم، یادداشتی٥، و بەشی بیست و چوارەم، یادداشتی١٩.

جیهانی فاکتەکان، لە خودی خۆیدا تەواو (کامل)ـە (چونکە دەتوانین هەموو بڕیارێك بە فاکتێك راڤە بکەین). کەواتە، وتەی ئەو کەسەی بڕوای بە مونیزم (تاکبینی)[31] هەیە و سوورە لەسەر ئەوەی هیچ شتێك جگە لە فاکتەکان بوونی نییە، هەرگیز ناتوانێت پووچەڵ بکرێتەوە. بەڵام بۆ پووچەڵ نەشیان نابێ وەك باشی بژمێردرێ، هەروەك چۆن ئایدیالیزمیش بۆ پووچەڵ کردنەوە ناشێت.

٢٧. وەك دیارە یەکێك لەو بوارانەی بووەتە هۆی سەرهەڵدانی رێبازی مێژووگەرایی ئەوەبووە کە پەیڕەوکارانی ئەم رێبازە بێ ئەوەی کەرتی سێیەم دەستنیشان بکەن، تەنیا بڕوایان بە دوو کەرت هەبووە: یان دەبێ **دەسەڵاتی زاڵ** یان ((چارەنووسی خودیی)) یان ((عەقڵ)) بە مانا هێگلیەکەی {لەسەرەوەڕا} بەسەر ئەم جیهانەدا فەرمانڕەوایی بکات، یان ئەم جیهانە تەنیا پاشکۆی بەخت و رێکەوتە و عەقڵ دەستی تێدا نییە و لە سەکۆی قومار زیاتر هیچی دی نییە. **بەڵام ئەگەری سێیەمیش لە ئارادایە:** لەوانەیە ئێمە خۆمان عەقڵ و بەڵگەخوازی بهێنینە ناو جیهان (بگەڕێنەوە بۆ بەشی بیست و چوارەم، یاداشی١٩)، جیهان پێش ناکەوێت، بەڵام رەنگەی ئێمە خۆمان — چ بەجیاو چ بە هەوڵی هاوبەش — پێش بکەوین.

31. monism

فیشەر لە کتێبەکەیدا، **میژووی ئەوروپا**، بە باشترین شێوە ئەم ئەگەری سێیەمەی روون کردۆتەوە. بەرگی١، لVII) (بەشێك لەم پارچەیە لە بەشی بیست و یەکەم، دەقی تایبەت بە یادداشتی ٨ یش وەرگیراوە). دەڵێ: ((لە جیهانی بیرکردنەوەدا، چێژێك لە من بێ بەش کراوە. خەڵکانی زاناو داناتر لەمن ئەوەیان دەرخستووە کە پلان و ریتم و گەڵاڵەیەکی لەپێشدا دیاریکراو لە مێژوودا بوونی هەیە. ئەم هەماهەنگی و هاودەمیە لە دیدی من پەنهان بووە. تاکە شتێك کە دەتوانم ببینم ئەوەیە کە هەروەك چۆن شەپۆلەکان یەك لەدوای یەك دێن، پێشهاتە لەناکاوەکانیش یەك بەدوای یەك دادێن و تەنیا یەك حەقیقەتی گەورە بەرچاو دەکەوێت و لەبەر ئەوەی **تایبەت بە تاکە، هەر بۆیە بۆ گشتیەت پێ بەخشین ناشێت** و تاکە رێسایەك کە دەبێ مێژوونووس وەبەرچاوی بگرێت ئەوەیە کە حسێب بۆ گەمەی ئەگەرەکان و بوارە پێشبینی نەکراوەکان بکات)). فیشەر رێك پاش ئەم هێرشە گورچکبڕە بۆ سەر مێژووگەرایی[٣٢]، درێژەی دەداتێ و دەڵێت: **((بەڵام نابێ ئەم تیۆرە بەبێ باوەڕی و ساردو سڕی و نائومێدی و داماوی بارگاوی بکرێت. واقعیەتی پێشکەوتن بە خەتێکی جوان لە مێژوودا دیاری کراوە. بەڵام پێشکەوتن، یەکێك لە یاساکانی سروشت نییە. ئەوەی نەوەیەك رستوویەتی، رەنگە بەدەستی نەوەی دواتر بکرێتەوە خوری))**.

سێ رستەکەی کۆتایی رێك دەربڕی ئەو شتەیە کە من بە ((ئەگەری سێیەم)) ناوزەدم کردووە، واتە بڕوا بوون بەو بە پرسیارییەی کە لەسەر شانمانە و باوەڕهێنان بەوەی هەموو شتێك لەدەست ئێمە دایە. سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە توین بی ئەم قسانەی فیشەر بە نوێنەری ((بڕوای نوێی رۆژئاوا بە دەسەڵاتی رەهای بەخت و رێکەوت)) دەناسێنێت (**خوێندنەوەیەك بۆ مێژوو**، بەرگی٥، ل٤١٤) و هیچ شتێك بەم روونی و راشکاوییە تێڕوانینی بۆ شێوازی بیرکردنەوەی پەیڕەوکارانی مێژووگەرایی و بێتواناییەکەیان بۆ دەستنیشان کردنی ئەگەری سێیەم، دەرناخات، هەرچەند رەنگە لە هەمان کاتدا پێشانی بدات بۆچی ئەم جۆرە کەسانە لەو شتەی بانگەشەی بۆ دەکەن کە ((دەسەڵاتی رەهای بەخت و رێکەوتە)) رادەکەن و پەنا دەبنە بەر دەسەڵاتی رەهای **هێزێك** کە لە پشت سەکۆی مێژوو — واتە رێبازی مێژووگەرایی — داخۆی مەڵاس داوە (بگەڕێنەوە بۆ بەشی یازدەهەم، یادداشتی٦١).

٣٢. ئەو وشانەی تۆخکراونەتەوە بەراورد بکەن بە یادداشتی ١٣ لە بەشی سێزدەهەم.



توێن بی وتەکانی فیشەر تا کۆتایی رستەی تایبەت بە ((بواری پێشبینی نەکراو)) وەردەگرێت. ئێستا جێی خۆیەتی بیروبۆچوونەکانی ئەو لەمەڕ قسەکانی فیشەر بەشێوەیەکی تەواوتر بگوازمەوە: ((ناتوانین ئەم پارچە بەم دەستەواژە پرشنگدارانە تەنیا وەك لاف لێدان و خۆپەسندی نووسەر لێك بدەینەوەو بەلاوەی بنێین، چونکە ئەو لیبرالێکە و ئەو ئارمانجە فۆرمۆڵبەندی دەکات کە لیبرالیزم خستیە قاڵبی کردەوەوە ... ئەو بڕوا نوێیەی رۆژئاوا بە دەسەڵاتی رەهای بەخت و رێکەوت، لەسەدەی نۆزدەدا، لە کاتێکدا کە وادەهاتە بەرچاو هەموو شتێك بەپێی مورادی خەڵکی رۆژاوا دەچێتە پێش، سیاسەتی ئازادکردن یان ئازادی کردەوەی هێنایە ئاراوە...)) (هەڵبەتە توین بی ئەوە روون ناکاتەوە بۆچی بڕواهێنان بەو پێشکەوتنە کە بەدەستی خۆمانە، دەبێ پێویستی بە باوەڕهێنان بە دەسەڵاتی رەهای بەخت و رێکەوت بێت یان پێك هێنەری سیاسەتی ئازادکردن بێت).

٢٨. مەبەست لە ((واقع بینی)) لە هەڵبژاردنی ئامانج ئەوەیە کە ئەو ئامانجانەی هەڵیاندەبژێرین دەبێ لە ماوەیەکی ماقووڵدا وەدی بێن و خۆ لە ئایدیایی نارِوون و خەیاڵی ببوێرین، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە ئەم ئایدیایانە یارمەتی دیاری کردنی ئامانجی خێراتر و لە خودی خۆیدا بە نرختر بکات. بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆ بەشی نۆیەم کە پرنسیپەکانی ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی بەرە بەرە تێدا شیکراوەتەوە.

**دەستنووسی کۆتایی یەکەمین چاپی بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە لە ئۆکتۆبەری ١٩٤٢ و دەستنووسی بەرگی دووەم لە فیۆریەی ١٩٤٣ دوماهی هات.**

# پاشکۆکان

# ١ فاکتەکان، نیشاندەرەکان و ڕاستی: رەخنەیەکی تر لە ڕێژەگەرایی[١]

گەورەترین نەخۆشی سەردەمی ئێمە، جۆرە ڕێژەگەراییەکی عەقڵی و ئەخلاقییە. ڕێژەگەرایی عەقڵی، لانی کەم لە هەندێ لایەنەوە، بناغەی ڕێژەگەرایی ئەخلاقییە. مەبەستم لە ڕێژەگەرایی- یان ئەگەر زۆرتر بە پەسندی بزانن، گومانکاری — بە کورتی ئەم بیروباوەڕەیە کە پێیوایە هەڵبژاردن لە نێوان دوو تیۆری ناتەبادا، بیاڤێکە پەیوەندی بە ویست و دڵخوازەوە هەیە، چونکە یان لە بنەڕەتدا شتێك بەناوی راست یان راستی بابەتی بوونی نییە، یان گریمان ئەگەر هەشبێت شتێ بەناوی تیۆری راست یان بەهەر حاڵ تیۆرێکی راستتر لە تیۆرێکی دیکە لە ئارادا نییە، یان ئەگەر دوو تیۆر یان زیاترمان هەبێت، هیچ رێگا یان ئامرازێکمان لەبەردەستدا نییە بۆ ئەوەی بزانین کامیان باشترە.

ئەو تیۆرەی گەرەکمە لەم پاشکۆیەدا[٢] بیخەمەڕوو ئەوەیە کە بۆ دەرمان کردنی ئەم نەخۆشییە، بەشێك لە تیۆری راستی تارسکی[٣] — کە رەنگە هەندێ لە تیۆرەکەی خودی خۆشم لەمەڕ نزیکتر بوونەوە لەڕاستی کرۆکەکەی پێك هێنا بێت — زۆر کاریگەر و بە سوودە، ئەگەرچی هەڵبەتە دان بەوە دادەنێم کە لەوانەیە پێویستیمان بە هەندێ دەرمانی تری- وەك

---

١. ئەم پاشکۆیە لەساڵی ١٩٦١ زیاد کراوە.

٢. پێویستە دان قەرزباری بێپایانی خۆم دابنێم دەرهەق بە دکتۆر ویلیام بارتلی کەبە رەخنە وردەکانی خۆی نەك هەر یارمەتی راستکردنەوە و چاککردنی بابەتەکانی بەشی بیست و چوارەمی ئەم کتێبەدا (بە تایبەتی لاپەڕە ٤٤٧) ، بەڵکو ناچاری کردم هەندێ گۆڕانکاری گرنگ لەم پاشکۆیەدا ئەنجام بدەم.

٣. سەیری ئەو داوای گەڕانانەوانە بکەن کە لە پێرستی تارسکیدا ئاماژەی بۆکراوە.



ئەبستمۆلۆژیای نائوتوریتەخوازی[٤] من- هەبێت[٥]. هەروەها دەمەوێت (لە پاژی ١٢ ئەم پاشکۆیەدا) پێشانی بدەم کە لە سنوور و قەڵەمڕەوی نیشاندەرەکانیش، بەتایبەتی لە بەستێنی ئەخلاق و سیاسەتدا، دەتوانین بڵێین رەوشەکە هەر وەك پانتایی فاکتەکانە.

## ١. راست یان راستی

هەندێ لە بەڵگەخوازییەکان بۆ داکۆکی کردن لە ڕێژەگەرایی، لەم پرسیارەی گومانکارەکانەوە سەرچاوە دەگرێت کە متمانە بە خۆ و بە دڵنیابوون لەوەی پرسیارەکە بێ بەرسڤە، دەپرسن: ((راست چییە؟)) دەتوانین بە چەشنێکی سادەو عەقڵانی بەم جۆرە وەڵامی ئەم پرسیارە پیلاتیس[٦] ئاسایە بدەینەوە (کە رەنگە بۆ کەسێکی وەك ئەو جێگای رەزامەندی نەبێت): هەموو حوکم یان دۆز یان هەواڵ یان ڕایەك بەم مەرجەو تەنیا بەم مەرجە راستە کە لەگەڵ واقیعدا هاوجووت بێت بەڵام مەبەست لەوە کە گوزارەیەك لەگەڵ واقیعدا هاوجووت بێت چییە؟ بە بۆچوونی گومانکار و ڕێژەگەراکان، پرسیاری دووەم وەك پرسیاری یەکەم بێ بەرسڤە، بەڵام لە راستیدا دەتوانین هەر بەو ئاسانییە وەڵامی ئەویش بدەینەوە. ئەگەر ئەوە بێنینەوە بەرچاوی خۆمان کە هەموو دادوەرێك وەك بەڵگەنەویست سەیری ئەوە دەکات کە ئەو شایەتەی لە دادگادا ئامادە دەبێت، دەزانێ مەبەست لە راستگۆیی (بەمانای هاوجووتی وتەکانی لەگەڵ واقیعدا) چییە، بۆمان دەردەکەوێ کە بەرسڤی پرسیارەکە نەك هەر دژوار نییە، بەڵکو تاڕادەیەك بەڵگە نەویستیشە.

**بەڵگەنەویستە** بەپێی وتەی تارسکی کە دەڵێت پرسەکە، پرسی هەواڵ دان یان **قسەکردنە** لە گوزارەکان یان فاکتەکان و ئەو پەیوەندییە هاوجووتییەی کە لە نێوان گوزارە و فاکتەکان دا

---

4. Non- authoritarian theory of knowledge

٥. بۆ نموونە بگەڕێنەوە بۆ وتارەکەم "سەرچاوەی زانین و نەزانی" کە ئێستا بۆتە پێشەکی کتێبی **حەدسیات و رەدیات** و هەروەها بەشی دەیەمی ئەم کتێبە و هەڵبەتە **لۆژیکی دۆینەوەی زانستی**- یش.

٦. ئاماژەیەکە بە پرسیاری پیلاتوس، والی رۆمیی یەهوودا (ئینجیلی یوحەننا، پاژی ١٨، ئایەتی ٣٨) کەکاتێ عیسا وتی:"من... بۆیە لەدایك بووم و هاتمە سەر دونیا تا بەراستی شایەتی بدەم" لەم حەزرەتەی پرسی "راستی چییە؟"

هەیە و هەربۆیە، دەبێ بۆ شیکاری پرسەکەش لەسەر گوزارە یان فاکتەکان **هەواڵ بدرێ یان قسە بکرێ** و هەروەها لەمەڕ پەیوەندی نێوانیان.

**(١) ئەم گوزارەیە کە ((تۆزێك لە کاتژمێر دەو چارەك تێپەڕیوە، کوردۆ چووە ناو دوکانی دەلالێك)) هاوجووتە لەگەڵ واقیع بەم مەرجە و تەنیا بەم مەرجە کە تۆزێك لە کاتژمێر دەو چارەك تێپەڕیبێت، کوردۆ چووبێتە ناو دوکانی دەلالێك.**

کاتێ بابەتەکانی بەندی (١) دەخوێنینەوە، لەوانەیە یەکەمین شت کە سەرنجمان رادەکێشێت، بەڵگەنەویستی بابەتەکە بێت. بەڵام خێرا کارمان بە بەڵگەنەویستییەکەی نییە. ئەگەر دووبارەو بە دیدێکی وردترەوە سەیری بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە یەکەم، هەواڵی گوزارەیەکی دیاریکراوە و دووەم هەواڵ لە هەندێ فاکت دەدات و هەربۆیە سێیەم، رەنگە دەربڕی مەرجی زۆر روون و ئاشکرا بێت کە بوونیان پێویستە ئەگەر چاوەڕوانی ئەوەمان هەبێت گوزارەی ناوبراو لەگەڵ فاکتە ئاماژە بۆ کراوەکاندا هاوجووت بێت.

ئەو کەسانەی پێیان وایە بابەتەکانی بەندی (١) بەڵگەنەویستر و کەمبایەختر و ساکارتر لەوەیە کە شتێکی سەرنجڕاکێشی تێدا بێت، دەبێ ئەو حەقیقەتەش بێننەوە بەرچاوی خۆیان کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد کە هەموو کەسێك (تا ئەو کاتە کە خۆی لە گومانکاری لەمەڕ بابەتەکان ببوێرێت). دەزانێت مەبەست لە راست یان راستی یان هاوجووت بوون لەگەڵ واقیع چییە، پرسەکە دەبێ لە روویەکەوە بەڵگەنەویست و کەمبایەخیش بێت.

ئەوەی ئێستا لە بەندی (٢)دا دەیخەینە بەرچاو، روونی دەکاتەوە کە ئەو بیرۆکەیەی کە لە بەندی (١)دا فۆرمۆڵبەندی کراوە، راستە.

**(٢) وتەی شایەت کە ((تۆزێك لە کاتژمێر دەو چارەك تێپەڕیوە، کوردۆ دەچێتە ناو دوکانی دەلالێك)) راستە بەم مەرجە و تەنیا بەم مەرجە کە تۆزێك لە کاتژمێر دەو چارەك تێپەڕیبێت، کوردۆ چوو بێتە ناو دوکانی دەلالێك.** ئاشکرایە کە بابەتەکانی ئەم بەندەش گەلێ بەڵگەنەویست و کەمبایەخن. بەڵام نابێت لە یادمان بچێت کە مەرجی خستنەپاڵی دراوەپاڵی (محمول) ((راست)) بۆ سەر ئەو حوکمەی شایەت دەیدات، بەشێوەیەکی تەواو تێیدا بەیان کراوە. لەوانەیە هەندێ کەس رایان وابێت کە باشتر وابوو ناوەڕۆکی بەندی سەرەوەمان بەم چەشنەی خوارەوە فۆرمۆڵبەندی کردبایە:



**(٣) وتەی شایەت کە ((بینیم تۆزێك لە کاتژمێر دەو چارەك تێپەڕیوە، کوردۆ دەچێتە ناو دوکانی دەلالێك)) راستە بەم مەرجەو تەنیا بەم مەرجە کە شایەت بینیبێتی کە تۆزێك لە کاتژمێر دەو چارەك تێپەڕیوە، کوردۆ چووەتە ناو دوکانی دەلالێك.**

ئەگەر ئەم بەندە لەگەڵ بەندی (٢)دا بەراورد بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە لە بەندی (٢)دا مەرجەکانی راستی حوکمەکە لەمەڕ کوردۆ و کردەوەکەی دەربڕدراوە، ئەوە لەکاتێك دایە کە لە بەندی (٣) مەرجەکانی راستی حوکمەکە لەمەڕ شایەت و کردەوەکەی یان (بینینەکانی) ئەوە دەربڕدراوە. ئەمە تاکە جیاوازی نێوان ئەم دوو بەندەیە. جگە لەمە، هەموو بەندێك بەشێوەیەکی تەواو هەڵگری مەرجەکانی راستی گوزارەیەکی جیاوازە کە لەخودی خۆیدا ئاماژەی بۆ کراوە.

یەکێك لە رێساکانی جێهێنانی شایەتی (ادای شهادت) ئەوەیە کە شایەت عەیانەکان تەنیا ئەو شتەی **بەڕاستی بینیویانە** دەربڕن. پەیڕەوی کردن لەم رێسایە، هەندێ جار هەڵاواردنی شایەتی دانی راست لە شایەتی دانی درۆ بۆ دادوەر ئاسانتر دەکات. کەواتە، ئەگەر لەڕووی **حەقیقەتخوازی و حەقیقەت دۆزییەوە** سەیری دۆزەکە بکەین، رەنگە بەندی (٣) لە بەرامبەر بەندی (٢) لە هەندێ لایەنەوە بەمەرجەع بژمێرین.

بەڵام لەڕووی مەبەستی هەنووکەییەوە، کاری سەرەکی ئەوەیە کە حەقیقەتخوازی یان حەقیقەتدۆزی (واتە پرسی ئەپستمۆلۆژی یان میتۆدۆلۆژی) لەگەڵ ئەم پرسەدا تێکەڵاو نەکەین کە کاتێ سەبارەت بەڕاستی یان هاوجووت بوون لەگەڵ واقیع (واتە پرسی لۆژیك یان ئەتنۆلۆژی) دەدوێین، مەبەستمان چییە. لەم روانگەیەوە، بەندی (٣) هیچ سەربوونێکی بەسەر بەندی (٢) نییە. هەربەندە بەشێوەیەکی تەواو دەربڕی مەرجەکانی راستی گوزارەیەکە کە خۆی باسی دەکات.

کەواتە، لە هەردوو بەندەکەدا، بە یەکسانی بەرسڤی ئەم پرسیارە دراوەتەوە کە ((راست چییە؟))، ئەوەندە نەبێت کە ئەم کارە لەهەر بەندێکدا، **لە رێگای دەربڕینی مەرجەکانی راستی گوزارەیەکی دیاریکراو و جیاوازەوە، ئەنجام دراوە.**

## ٢. <u>پێودانگ (پێڤان)</u>

خاڵێك خودان گرنگیەکی یەکلاکەرەوەو بنبڕە: ئەوە کە بزانین راستی مانای چییە- یان فلاّنە گوزارە لە سایەی کام هەلومەرجدا راستە- جیایە لەمە و دەبێ بە ئاشکرا لەم پرسە جیابکرێتەوە کە ئامراز یان پێودانگێکمان لەبەر دەست دابێت کە بنبڕانە بڵێین فلاّنە گوزارە ئایا راستە یان درۆ {چەوت}.

ئەم جیاوازییەی ئاماژەمان بۆ کرد زۆر گشتییە و هەروەك دواتر بۆمان دەردەکەوێت، لەڕووی دیاریکردنی بەهای رێژەگەراییەوە گرنگیەکی یەکجار زۆری هەیە.

بۆ نموونە، دەشێت بزانین مەبەستمان لە ((گۆشتی باش)) و ((گۆشتی گەندەڵ)) چییە، بەلاّم رەنگە لانی کەم لە هەندێ حاڵەتدا نەزانین کە چۆن یەکێکیان لە ئەویتریان هەلاّوێرین کاتێ دەڵێین <u>**پێوانگێکمان**</u> بۆ دیاریکردنی ((باشی)) گۆشت لەبەردەست دانییە، جگە لەمە هیچ مەبەستێکی ترمان نییە. هەر بەم چەشنە، هەموو پزیشکێك کەم و زۆر دەزانێ مەبەست لە ((سیل)) چییە، بەلاّم لەوانەیە هەمیشە نەتوانێ ئەم نەخۆشییە دەستنیشان بکات. هەرچەندە ئێستا گەلێ تاقیکردنەوە هەیە کە <u>**شێوازێ**</u> بۆ بنبڕکردنی ئەم پرسە دروست دەکات و یاخود بەجۆرێکی تر، <u>**پێودانگێك**</u> دێنێتە ئاراوە. بێگومان شەست ساڵ لەمەوبەر تاقیکردنەوەیەکی ئەوتۆ- و لە ئاکامدا، پێودانگێکی ئەوتۆ- لەبەردەستی پزیشکەکان نەبوو. بەلاّم لەو سەردەمیشدا هەموو پزیشکێك بە باشی دەیزانی مەبەست جۆرە هەوکردنێکی سییەکانە کە سەرچاوەکەی چەشنێ میکرۆبە.

بێگومان، ئەگەر پێودانگ یان شێوازێکی دیاریکراو بۆ یەکلاکردنەوەو بنبڕکردنی پرسەکان لەبەردەست دابێت، هەموو شتێك روونتر و بنبڕترو وردتر دەبێت. لەم رووەوە، بە تەواوی ئەوە دەرك دەکرێ کە هەندێ کەس، تینوی وردەکاری و خوازیاری پێودانگ بن و هەڵبەتە ئەگەر بکرێت پێودانگێك وەدەست بێنین، ئەوا لەوانەیە چاوەڕوانییەکەیان بە شتێکی زۆر ماقوڵ لە قەڵەم بدرێت.

بەلاّم ئەم بۆچوونە هەڵەیە کە تا پێودانگێك بۆ حوکمێکی بنبڕ لەمەڕ تووش بوون بە نەخۆشی سیل لەبەردەست دانەبێت، رستەی ((X تووشی سیل بووە)) بێ مانایە، یان هەتا پێودانگێك بۆ دیاریکردنی باشی یان گەندەڵێ گۆشت لە ئارادا نەبێت، هەوڵدان بۆ دیاریکردنی گەندەڵێ فلاّنە



پارچە گۆشتە بێهودەیە، یان تا ماشینێکی درۆ پێوی جێگەی متمانە بوونی نەبێت، ناتوانین بزانین کاتێ دەوترێ X بەئانقەست درۆ دەکات، مەبەست چییە و هەربۆیە، تەنانەت نابێ ((دەرفەتی)) درۆکردنیش وەبەرچاوبگرین، چونکە هەر لە بنەڕەتدا دەرفەتێکی ئەوتۆ لە ئارادا نییە و بنچینەی دۆزەکە بێمانایە، یان تا کاتێ پێودانگێك بۆ دەستنیشان کردنی راستی نەبێت، لە بنەڕەتدا ناتوانین بزانین کاتێ دەوترێ فلاّنە گوزارە راستە، مەبەست چییە.

کەواتە ئەو کەسانەی کە شێلگیرن لەسەر ئەوە کە تا پێودانگێك یان تاقیکردنەوەیەکی جێگای متمانە بۆ دیاریکردنی سیل یان درۆ یان راست لەبەردەست نەبێت، ناشێت مانایەك بۆ وشەگەلی ((سیل)) یان ((درۆ)) یان ((راست)) وەدەست بێنین، بێگومان هەڵە دەکەن. راستییەکەی ئەوەیە کە پێکهێنانی تاقیکردنەوەی پێویست بۆ دەستنیشان کردنی سیل یان درۆزنی تەنیا پاش ئەمە ئەنجام دەدرێت، هەرچەند بە نزیکەیی بەلاّم ئەوەمان دیاری کردبێت کە مەبەستمان لە ((سیل)) یان ((درۆزنی)) چییە.

بێ شك لەوانەیە لە رەوتی پێکهێنانی تاقیکردنەوەی پێویست بۆ دەستنیشان کردنی سیل، گەلێ شتی نوێ سەبارەت بەم نەخۆشییە فێر ببین و ئەم شتانە هێندە زیاد بن وامان لێبێت بڵێین بەهۆی ئەو زانیارییەی تازیەی وەدەستمان هێناوە، لەبنەڕەتدا مانای وشەی ((سیل)) سەروژێر بووەو لە ئاکامی ئەو پێودانگە نوێیەی دەستمان کەوتووە، ئێستا مانای ئەم وشەیە جیایە لە هی رابردوو. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، ئەم حەقیقەتە هەروەك خۆی دەمێنێتەوە کە هەرچەندە لە رابردوودا زانیارییەکانمان لەم بارەیەوە کەمتر بوو، بەلاّم لەو کاتیشدا ئەم وشەیە مانایەکی دەدا بەدەستەوە. لەڕاستیدا رەنگە نەخۆشیەك بوونی نەبێت کە پێودانگ یان پێناسەیەکی نەبێت و لەوانەیە نەتوانین پێودانگێکی ئەوتۆ بدۆزینەوە کە جێگای متمانە بێت (کە لەم حاڵەتەدا باشتر وایە هەر لە بنەڕەتدا ناوی ((پێودانگ))ی لەسەر دانەنرێت).

لەوانەیە بۆ دیاریرکردنی تەزویر بوونی پارەی یەك لیرەیی هیچ پێودانگێکمان لەبەردەستدا نەبێت، بەلاّم ئەگەر دوو پارەی یەك لیرەیی پەیدا بکەین کە هەردووکیان یەك ژمارەیان لەسەر بێت، ئەو کات تەنانەت سەرەڕای نەبوونی هیچ چەشنە پێودانگێك، هەر بەم هۆیەوە مافی خۆمانە بڵێین کە لانی کەم یەکێك لەم دوو پارەیە تەزویرن و هیچ کەسێك ناتوانێت بڵێ لەبەر ئەوەی پێودانگێکمان لەبەردەستدا نییە بۆ دەستنیشان کردنی پارەی تەزویر، کەواتە ئەوەی وتوومانە بێمانایە.

بەکورتی، تیۆری ئەو کەسانەی کە پێیان وایە بۆ دیاریکردنی مانای وشە، دەبێ سەرەتا پێودانگێك بۆ چاوەدێری رەوشەکە و بەکارهێنانی راست و دروستی ئەو پێك بهێنین، تیۆرێکی هەڵەیە، چونکە دەتوانین بڵێین هیچ کاتێك پێودانگێکی ئەوتۆ لە ئارادا نییە.

## ٣. فەلسەفە پێودانگییەکان

ئەو تیۆرەی ئێستا رەدکرایەوە، پێیوابوو بۆ ئەوەی بزانین لە هەمبەر چ شتێکەوە — جا چ سیل یان درۆزنی یان بوون یان مانا یان راست — دەئاخڤین، دەبێ لەبەرایيدا هەندێ پێودانگ (پێڤان)مان هەبێت. ئەم بۆچوونە، راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بناغەی گەلێ فەلسەفە بووە. دەتوانین ئەم جۆرە فەلسەفانە بە ((فەلسەفە پێودانگیەکان))[7] ناوزەد بکەین.

بەڵام ئاشکرایە لەبەر ئەوەی ئەم پێویستییە سەرەکیەی فەلسەفە پێودانگیەکان دەستەبەر ناکرێت، هەر بۆیە خەریك بوون بە فەلسەفەیەکی لەم چەشنە، لەزۆر بیاڤدا دڵساردی و رێژەگەرایی و گومانکاری لێ دەکەوێتەوە.

بەبڕوای من، ئەو شتەی کە ئەم هەستەی لای گەلێ خەڵك وروژاندووە کە پرسیاری ((راستی چییە؟)) ناشێت بەرسڤێکی هەبێت، خواستی پێودانگی راستی، بووە. **بەڵام نەبوونی پێودانگی راستی، مانای راستی ناسڕێتەوە، هەروەك چۆن نەبوونی پێڤانێك بۆ ساخلەمی، مەفهوومی ساخلەمی لە مانا بەتاڵ ناکاتەوە. رەنگە نەخۆش هیچ پێودانگێکی بۆ ساخلەمی نەبێت و لەگەڵ ئەمەشدا بە دوای تەندروستیدا بگەڕێت. ئەو کەسەی هەڵەی کردووە لەوانەیە پێودانگێکی بۆ دیاریکردنی راستی لەبەر دەست دانەبێت و بەڵام بەم حاڵەش خوازیاری راستی بێت.**

رەنگە هەردووکیان بێ ئەوەی لەمەڕ مانای وشەی ((ساخلەمی)) یان ((راستی)) خۆیان تووشی سەرئێشە بکەن، تەنیا خوازیاری تەندروستی یان راستی بن، چونکە هەم خۆیان و هەم ئەوانیتر بۆ گەیشتن بەو مەبەستەی لە پێشیانە، بە باشی لە مانای ئەم وشەیە تێ دەگەن.

7. Criterion philosophy



یەکێك لە دەرەنجامە راستەوخۆکانی لێکۆڵینەوەی تارسکی سەبارەت بەڕاستی، ئەم دۆزەیە لە لۆژیکدا کە **ناشێت هیچ چەشنە پێڤانێکی گشتی بۆ راستی بوونی هەبێت** (تەنیا لەمەڕ هەندێ زمانی چێکراوی تاڕادەیەك هەژار دانەبێت).

دەتوانین ئەم دەرەنجامەی سەرەوە بەشێوەیەکی ورد تۆمار بکەین و بۆ ئەم کارە، دەبێ مانای راستی بە واتای هاوجووت بوون لەگەڵ واقیع بەکاربێنین.

ئێمە لێرەدا سەروکارمان لەگەڵ دەرنجامێکی زۆر سەرنجڕاکێش و لەڕووی فەلسەفیەوە، زۆر گرنگدا هەیە (کە بەتایبەتی لە ڕووی پرسی ئەپستمۆلۆژیای نادەسەڵاتخوازەوە گرنگیەکی تایبەتی هەیە)[8]. بەڵام ئەم دەرەنجامە بەیارمەتی مانایەك و (لەم بوارەدا، مانایەك بۆ راستی) بەدەست هاتووە کە خودان هیچ پێڤانێك نییە. کەواتە، ئەگەر بڕیاربووایە لەم حاڵەتەدا، ملمان بۆ مەرجی ناماقوڵی پەیڕەوەکارانی فەلسەفە پێودانگیەکان دابووایە کە دەڵێن هەتا پێودانگێك لە ئارادا نەبێت، نابێ هیچ مەفهوومێك بەجدی وەربگیرێت، دەبووایە هەتایە لە گەیشتن بەم دەرەنجامە گرنگەی لۆژیك کە لەڕووی فەلسەفیشەوە گەلێ سەرنجڕاکێشە، بێ بەش بووباین.

هاوکات شایانی باسکردنە کە ئەو دەرەنجامەی دەڵێت ناشێت هیچ چەشنە پێڤانێکی گشتی بۆ ڕاستی بوونی هەبێت، خۆی پاشبەندی راستەوخۆی دەرەنجامێکی تەنانەت گرنگتریشە (کە تارسکی لە لێك گرێ دانی دۆزی بۆ بنبڕ نەشیاویی گودل و تیۆرەکەی خۆی لە هەمبەر راستی وەدەستی هێناوە) و بەپێی ئەمە، ناشێت لە بەستێنی تاڕادەیەك سنوورداری تیۆری ژمارەکان یان لە هەر زانستێکدا کە بەشێوەیەکی تەواو سوود لە ئەژمێر وەربگرێت، هیچ چەشنە پێڤانێکی گشتی بۆ راستی بوونی هەبێت. ئەم حوکمە هەر بەم جۆرە سەبارەت بە راستی لە هەموو پانتاییەك لە دەرەوەی ماتماتیکیش راستە کە بەشێوەیەکی بێ سنوور تێیدا سوود لە ئەژمێر وەربگیرێت.

٨. وەسف و رەخنەگرتن لە ئەپستومۆلۆژیای ئوتوریتەخوازانە (یان بۆ خلیسکان نەشیاو)، لە بەشەکانی ٥ و٦ و١٠و بەشەکانی دواتری پێشەکییەکەی من بۆ کتێبی حەدسیات و رەدیاتدا هاتووە.

## ٤. خلیسکان (خزین) خوازی

هەموو ئەمانە دەریدەخەن کە بەشێك لە جۆرەکانی گومانکاری و ڕێژەگەرایی کە هێشتا باوی هەیە، نەك هەر هەڵە، بەڵکو هەڵوەشاوەیەو جگە لەسەر بنەمای تێکەڵاوی و هەڵەی لۆژیکی- واتە بە هەڵە تێکەڵ کردنی مانای وشە لەگەڵ پێودانگی ڕاست بەکار هێنانەکەیدا- لەسەر هیچ بنەمایەکی دیکە دانەمەزراوە، گەرچی ئامرازەکانی چارەکردنی ئەم هەڵەیە نزیکەی سی ساڵ لەمەوبەر لەبەردەست دابووە.

هەڵبەتە دەبێ دان بەوە دابنێین کە هەم لە گومانکاریدا شتۆکەیەك حەقیقەت بوونی هەیە و هەم لە ڕێژەگەراییدا و حەقیقەتەکەش ئەوەیە کە هیچ چەشنە پێڤانێکی گشتی بۆ ڕاستی بوونی نییە. بەڵام ئەم تێبینییە دەرفەت بۆ ئەم دەرەنجامگیرییە نارەخسێنێ کە هەڵبژاردن لە نێوان تیۆرە دژو ناتەباکان، شتێکە پەیوەندی بە خواستەوە هەیە و تەنیا هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەمیشە ئەگەری هەڵە لە هەڵبژاردندا لە ئارادایە و لەوانەیە بەردەوام یان لە حەقیقەت دوور بکەوینەوە یان کلۆڵ بین لە پێگەیشتنی و نەك هەر وەدەست هێنانی یەقین، بەڵکو تەنانەت بەدەست هێنانی مەعریفەی زۆر ڕێتێچووش (هەروەك لە شوێنی جیاجیا، بۆ نموونە لە بەشی دەیەمی حەدسیات و ڕەدیاتدا دەرم خستووە) مسۆگەر نابێ بۆمان و ئێمە بوونەوەرێکین خلیسکان (خزین) خواز.

تا ئەو جێگایەی من بزانم، حەقیقەتی سادە هەر ئەمەیەو بەس. مرۆڤ لە هیچ پانتاییەکدا لە هەڵەو خلیسکان بە دوور نییە. ئەوەی تا دوێنێ بە بەڵگەنەویست و تۆکمە و تەنانەت بنبڕ لە قەڵەم دەدرا، ڕەنگە ئەمڕۆ دەرکەوێ هێندە ڕاست نەبووە هەر بۆیە، ناڕاستەو پێویستی بەڕاست کردنەوە هەیە.

نموونەیەکی بەتایبەت بەرچاوی ئەم حاڵەتە، دۆزینەوەی ئاوی قورس و هایدرۆژینی قورس (واتە دوتریوم)[9]ـە کە یەکەم جار هارۆلد یوری[10] لە ساڵی **١٩٣١**دا توانی لێکیان جیا بکاتەوە. هەتا بەر لەم دۆزینەوەیە، هیچ شتێك بنبڕترو یەکلاکراوەتر نەبوو لە زانیارییەکانمان سەبارەت بە ئاو ($H_2O$) و توخمە کیمیاییە پێکهێنەرەکانی. تەنانەت بۆ پێناسەکردنی ((کارلێکی))

9. Deuterium
10. Harold C. Urey



گرام- واتە یەکەم ستانداری تەن لە زنجیرەی ((ڕەهای)) مەتری- سوود لە ئاو وەردەگیرا و هەربۆیە، ئاو بە یەکێك لە یەکە سەرەکییەکانی پێوانەکردن لە فیزیکی تاقیکاری لە قەڵەم دەدراو زانیارییەکانمان لەهەمبەر ئەو وەك شتێکی هێندە بەڵگەنەویست سەیری دەکرا کە ئاو بنەمای تۆکمەی هەموو پێوانێك بوو لە فیزیکدا. بەڵام پاش دۆزینەوەی ئاوی قورس دەرکەوت ئەوەی تا ئەوکات بە پێکهاتەیەکی کیمیایی بێگەرد دەژمێردرا، لەڕاستیدا تێکەڵەیەکە لە پێکهاتەیەك کە لەڕووی کیمیاییەوە چوون یەکن بەڵام لەڕووی فیزیکییەوە زۆر جیاوازن کە خودان جیڕی و خاڵی کوڵین و خاڵی بەستنی گەلێ جودان، ئەگەرچی لەرابردوودا ئاو بنەمای هەڵسەنگاندنی هەموو ئەو خاڵانە بوو.

ئەم ڕووداوە نموونەی ئەم جۆرە پێشهاتانەیە لە مێژوودا و ئەو وانەیەی لێیەوە فێر دەبین ئەوەیە کە ناکرێ پێشبینی بکەین کام بەش لە زانیاری زانستی ئێمە ڕەنگە ڕۆژێك لە ڕۆژان تووشی نووشوستی بێت. کەواتە، بڕواهێنان بە یەقینی زانستی و ئیمان بە ئەرگۆمێنی زانستی، هیچ نییە جگە لە هێورکردنەوەی ئارەزوو. **زانست خلیسکان خوازە چونکە بوارێکی مرۆییە**.

زانیارییەکانمان لەبەردەم هەڵە و خلیسکان دایە و دەتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە هەموو زانیارییەك سۆسەیەکە (حدس)، هەرچەندە هەندێ لە زانیارییەکان لە سۆسەگەلێ پێك هاتووە کە دژوارترین تاقیکردنەوەیان تێپەڕاندووە. بەڵام نابێ ئەم بوارە وەك داکۆکی کردن لە گومانکاری یان ڕێژەگەرایی لێك بدرێتەوە. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ڕەنگە هەموومان هەڵە بکەین و هیچ پێودانگێك بۆ ڕاستی بوونی نەبێت کە لە هەڵەکردن بمانپارێزێت. بەڵام ناتوانین لەم حەقیقەتەوە بگەینە ئەو دەرەنجامە کە هەڵبژاردن لە نێوان تیۆرە جیاوازەکان، شتێکە پەیوەندی بە خواستەوە هەیە و عەقڵ دەستی تێدا نییە و فێربوون و نزیکتر بوونەوە لەڕاستی لە دەرەوەی توانای ئێمەدایە و زۆربوونی زانیاری ممکین نییە.

## ٥. خلیسکان خوازی و زۆربوونی زانیاری

مەبەستم لە ((خلیسکان خوازی))، ئەم بیروباوەڕەیە یان قبوڵ کردنی ئەو ڕاستییەیە کە دەشێ هەموومان هەڵە بکەین و کەوتنە دوای یەقین (یان تەنانەت ئەگەری بەهێز) هەڵەیە. بەڵام ئەمە هەڵگری ئەوە نییە کە خواستی ڕاستی هەڵەیە. بەپێچەوانەوە، هەڵە خۆی وەك پێویستی دەلالەت لەوە دەکات کە شتێك بەناوی ڕاست بوونی هەیە و ئەو نیشاندەرەیە کە ڕەنگە ئێمە

دەستمان وێڕابگات، هەڵگری ئەم مانایەیە کە هەرچەندە لەوانەیە رابێن بۆ گەڕان بەدوای راستیدا و (بەبڕوای من، لە زۆر حاڵەتدا وەدەستی بێنین) لێ هەرگیز ناشێت یەقینمان لە دۆزینەوەی هەبێت. بەردەوام ئەگەری هەڵە لە ئارادایە، گەرچی رەنگە لە هەمبەر هەندێ ئەرگۆمێنتی لۆژیکی و ماتماتیکی زۆر لاواز بێت.

بەڵام نابێ بە هیچ چەشنێك خلیسکان (خزین) خوازی وەك پێشەکیەك بۆ گەیشتن بە گومانکاری یان ڕێژەگەرایی لێك بدرێتەوە. ئەم خاڵە کاتێك لامان روون و ئاشکرا دەبێت ئەگەر ئەوە بێنینە بەرچاوی خۆمان کە هەر نموونەیەکی **ناسراوی خلیسکان خوازی** مرۆڤ لە مێژوودا — کە هەموو بوارە **ناسراوەکانی** جێبەجێ نەبوونی راستی دادپەروەری لەخۆ دەگرێ — **شایەتێکە لەسەر پێشکەوتنی زانیارییەکانمان**. هەر کاتێ هەڵەیەك دەدۆزرێتەوە، لەڕاستیدا، زانیارییەکانمان پێشڤەچوون بەخۆیانەوە دەبینن. بە وتەی رۆژێ مارتن دۆگار لە {رۆمانی} ژان باروا[11]: ((ئەمە بۆخۆی گرنگە کە بزانین حەقیقەت لە کوێدا پەیدا نابێت)). بۆ نموونە دۆزینەوەی ئاوی قورس دەریخست کە بەر لەو لە هەڵەدا بووین، ئەم حاڵەتە نەك هەر لە خودی خۆیدا وەك پێشکەوتنێك لە زانیارییەکانمان لە قەڵەم دەدرا، بەڵکو پەیوەندی بەسەرجەم پێشکەوتنەکانی ترەوە هەبوو و گەلێ پێشکەوتنی دیکەی هێنا ئاراوە. **کەواتە ئەگەری ئەوە هەیە کە پەند لە هەڵەکانی خۆمان وەرگرین**.

بەرچاوڕوونی سەبارەت بەم بابەتە لایەنێکی بنەڕەتی پێك دێنێ و لەڕاستیدا بنەمای هەموو جۆرە ئەپستمۆلۆژیا و میتۆدۆلۆژیایەکە و ڕێنوێنێکە بۆ ئێمە کە چۆن بە سیاقێکی رێك و پێك تر فێر ببین و چۆن خێراتر پێش بکەوین (هەڵبەتە مەرج نییە تەنیا بۆ بەرەو پێشبردنی تەکنەلۆژیا، چونکە هەموو خوازیارێکی راستی، بە هەندێ هۆی تایبەتی خۆی، پرسی خێراکردنی پێشکەوتنی خۆی لە پێشەوەی پرسەکانی تر دادەنێت). ئەو رێنوێنییەی وەریدەگرین بە زمانێکی ساکار جگە لەمە هیچی تر نییە کە **دەبێ بەدوای دۆزینەوەی هەڵەکانی خۆمانەوە بین** —یاخود بەجۆرێکی تر، **دەبێ لە هەولّی رەخنەگرتن لە تیۆرەکانی خۆماندا بین**.

پێدەچێت کە تاکە ئامرازێك کە بۆ دۆزینەوەی هەڵەکانی خۆمان و پەند وەرگرتن بەشێوەیەکی رێك و پێك لە هەڵەکان لە بەردەستمان دایە، رەخنەو هەڵسەنگاندنە.

11. Roger Martin du Gard, Jean Barois.



## ٦. نزیکتربوونەوە لە ڕاستی

ئەو شتەی کە لە سەرانسەری ئەم لێکۆڵینەوەیەدا گرنگیەکی بنبڕی هەیە، بیرۆکەی زۆربوونی زانیاری و نزیکتربوونەوە لەڕاست یان راستیە. ئەم بیرۆکەیە لە بەرایی بە هەمان روونی وێنای راستییە. هەموو گوزارەیەك بەمەرجێك راستە کە هاوجووت بێت لەگەڵ واقیعدا و بەمەرجێك لە گوزارەیەکی تر لەڕاستی نزیکترە کە وردتر لەگەڵ واقیعدا هاوجووت بێت.

بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە ئەم بیرۆکەیە لەبەراییدا روون و ئاشکرایە و کەم کەسی ئاسایی یان زاناکان گومان لە پاساو خوازییەکەی دەکەن، وەلێ هەندێ لە فەیلەسووفەکان (بۆ نموونە بەم دواییانە کواین[12]) ئەم بۆچوونەی بە نابەجێ لەقەڵەم داوە و هێرشی کردۆتە سەر. هەر لەم روویەوە، جێگەی خۆیەتی بڵێم بەم زووانە من خۆم توانیومە بە لێك بەستنی دوو شیکردنەوەی تارسکی، بۆچوونی نزیکبوونەوە لە راستی تەنیا لەسەر بنەمای لۆژیکیی تیۆرەکەی ئەو ((پێناسە)) بکەم. (ئیشی من تەنیا ئەوە بووە کە دوو بۆچوونی ناوەڕۆك[13] و راستی لێك گرێ بدەم و بۆچوونی ((ناوەڕۆکی راستی))[14]ی گوزارەیەکی وەك الف بەدەست بێنم — واتە چینی هەموو ئەو گوزارە راستانەی کە لە الف دەکەونەوە — و هەروەها ((ناوەڕۆکی درۆیی))[15] گوزارەی ناوبراو کە کەم تا زۆر ناسێنەری ناوەڕۆکەکەی-کەم ناوەڕۆکە راستییەکەیەتی. رەنگە بابەتەکە بەم چەشنە دەرببڕدرێ کە گوزارەی الف لە گوزارەی ب لەڕاستینزیکتر دەبێتەوە بەم مەرجەو تەنیا بەم مەرجە کە ناوەڕۆکی راستیەکەی زیاد بووبێت بێ ئەوەی بە ناوەڕۆکە درۆییەکەیەوەزیاد بێت. بگەڕێنەوە بۆ بەشی دەیەمی **حەدسیات و رەدیات**). کەواتە هیچ هۆکارێك لە ئارادانییە بۆ ئەوەی لەهەمبەر بۆچوونی نزیکتربوونەوە لەڕاستی یان پێشکەوتنی زانیاری، گومانکار بین. هەرچەندە ئەگەری هەڵە هەمیشە بوونی هەیە، بەڵام لەزۆر حاڵەتدا (بەتایبەتی لەمەڕ تاقیکردنەوە هەستیار و بنبڕەکان بۆ هەڵبژاردنی یەکێك لە دوو تیۆر) وێنایەکی تاڕادەیەك روونمان هەیە لەسەر ئەوەی ئایا لەڕاستی نزیکتر بووینەتەوە.

پێویستە ئاگادار بین کە وێنای ئەوەی گوزارەی الف لە گوزارەی ب لەڕاستییەوە نزیکترە، بەهیچ چەشنێك کەموکوڕی لەم مانایەدا دروست ناکات کە هەموو گوزارەیەك یان راستە یان

12. W.V. Quine, words and objects, 1959, p. 23.
13. Content
14. truth content
15. falisity content

درۆ {چەوت} و کەرتی سێیەم لە گۆڕێ نییە. ئەم بۆچوونەی ئاماژەی بۆ کرا تەنیا دەربڕی ئەو حەقیقەتەیە کە تەنانەت لەوانەیە لە گوزارەیەکی درۆشدا گەلێ بابەتی راست بوونی هەبێت. گریمانەی ئەوە بکەن من بڵێم: ((ئێستا کاتژمێر سێ و نیوەو بە شەمەندەفەری کاتژمێر **٣** و **٣٥** خولەك ڕاناگەین)) رەنگە وتەکەی من درۆ بێت چونکە هێشتا درەنگ نەبووە بۆ گەیشتن بە شەمەندەفەری **٣** و **٣٥** خولەك و (ئەو شەمەندەفەرە بە رێکەوت **٤** خولەك دواکەوتووە).

لەگەڵ ئەمەشدا، هێشتاش وتەکەی من هەڵگری گەلێ زانیاری راستە. راستە دەبووایە ئەوەشم زیاد کردبووایە ((مەگەر ئەوەی شەمەندەفەری **٣** و **٣٥** خولەك بەدواکەوێت (کە بەدەگمەن شتێکی ئەوتۆ روو دەدات)، و هەڵبەتە ئەگەر ئەم رستەیەم پێوە زێدەکردبووایە، ناوەڕکی راستیی وتەکەم بەرز دەبۆوە. بەڵام گوێگرەکەشم دەیتوانی ئەم رستە زیادەیە بە رستەیەکی پەنهانی ناو وتەکەم لێك بداتەوە. (لەلایەکی دیکەوە، ئەگەری ئەوە هەبوو وتەکەی من بەم هۆیەوە درۆ بێت کە کاتێ ئەو قسەیەم دەکرد کاتژمێر تەنیا **٣** و **٢٨** خولەك بوو و هێشتا نەبووە سێ و نیو. بەڵام تەنانەت لەو حاڵەتەشدا، دیسان هەڵگری گەلێ زانیاری راست دەبوو).

تیۆرێکی وەك تیۆرەکەی کۆپلەر کە خولگەی هەسارەکان بە وردەکارییەکی سەرنجڕاکێشەوە شی دەکاتەوە، رەنگە هەڵگری گەلێ زانیاری راست بێت ئەگەرچی بەهۆی ئەو لاڕێیانەی کە لە خولگە هێلکەییەکانی کۆپلەرەوە بەدەست دێت، تیۆرێکی چەوت بێت. تیۆری نیۆتن-یش هەر بەم جۆرەیە، هەرچەندە لەوانەیە لێرەدا بە چەوت گریمانە بکرێ، تا ئەو شوێنەی دەتوانین بیزانین، برێکی تاسێنەر لە زانیاری راست لەخۆ دەگرێت و لەم رووەوە زۆر لە تیۆرەکەی کۆپلەر باشترە. کەواتە، تیۆری نیوتن نزیکەییەکی باشتر لە تیۆرەکەی کۆپلەر دەدا بەدەستەوەو لەڕاستی نزیکتر دەبێتەوە. بەڵام هیچ کام لەم تێبینیانە نابنە هۆی ئەوەی تیۆرەکەی راست بێت: دەشێت رێك لە هەمان کاتدا کە لەڕاستی نزیکتر دەبێتەوە، تیۆرێکی چەوت بێت.

## ٧. رەهاگەرایی

خەڵکانێکی زۆر بەهەق لە بۆچوونی رەهاگەرایی فەلسەفی[١٦] رادەکەن و بەڵگەیان ئەوەیە کە رەهاگەرا فەلسەفیەکان زۆربەی کاتەکان بەشێوەیەکی دۆگم و ستەمکارانە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە خودانی راستی یان پێڤانی دەستنیشان کردنی راستین.

16. philosophical absolution



بەڵام جۆرە رەهاگەراییەکی دیکەش- واتە رەهاگەرایی ئەو کەسانەی بڕوایان بە خلیسکان خوازی هەیە- لە ئارادایە کە هەموو ئەمانە رەد دەکاتەوەو تەنیا دەڵێت لانی کەم هەڵەکانمان، هەڵەی رەهان، بەو مانایە کە ئەگەر تیۆرێك لە شەقامی راستیدا بەلاڕێ داچوو، ئەگەرچی لە تیۆرێکی تر کەمتر خزا بێت، ئەوا تیۆرێکی چەوتە {درۆیە}. کەواتە، لەڕوانگەی ئەو کەسەی کە بڕوای بە خلیسکان خوازی هەیە، نیشانەی رەها هەمان بۆچوونی راست و بەدەست نەهێنانی راستییە. ئەم جۆرە رەهاگەراییە بەتەواوی لە پیسی بەندەیی و ستەمکاری پاکە و لە مشتومڕە رەخنەییە جدییەکاندا زۆر رێگا خۆشکەرە، هەرچەندە رەنگە ئەویش بەنۆرە خۆی، بە پەیڕەوی کردن لەم پرنسیپە کە <u>**هیچ شتێك لە رەخنە ناپارێزرێت**</u>، بدرێتە بەر رەخنە. بەڵام لانی کەم ئێستا پێدەچێت رەخنەگرتن لە تیۆری (لۆژیکی) راستی و تیۆری نزیکتربوونەوە لەڕاستی، دوورە بەهیچ شوێنێك بگات.

## ٨. چاوگەکانی مەعریفە

هەروەك لە جێگایەکی دیکەش هەوڵم داوە پێشانی بدەم (بگەڕێنەوە بۆ پێشەکی <u>**حەدسیات و رەدیات**</u>)، ئەم پرنسیپە کە <u>**دەبێ هەموو شتێك بکەوێتە بەر رەخنەوە**</u> (یەك لەوان خودی ئەم پرنسیپە)، پرسی چاوگ یان سەرچاوەکانی مەعریفە بە ئاسانی چارەسەر دەکات. رێگە چارەی ناوبراو بەم جۆرەیە کە: هەموو ((چاوگەکانی)) مەعریفە — بە نەریت و عەقڵ و خەیاڵ و بینین و شتی ترەوە — جێگەی پەسندن و سوود وەرگرتن لێیان رەوایە، <u>**بەڵام هیچ کامێکیان مەرجەعیەتی (ئوتوریتەی) نییە**</u>.

وەرگرتنەوەی مەرجەعیەت لە چاوگەکانی مەعریفە، رۆڵێکی تریان پێ دەسپێرێت جیا لەو پشکەی تا ئێستا تەسەور کراوە کە لە ئەبستمۆلۆژیەکانی رابردوو ئێستادا گێراویانە. شێوازی هەڵسوکەوتی ئێمە، لەسەر بناغەی رەخنە و هەڵسەنگاندن و گریمانەی خلیسکان خوازی دامەزراوە و بەشێکە لەم هەڵسوکەوتە کە ئێمە پێشوازی لە هەموو چاوگەکان دەکەین بەڵام هیچ وتەیەك لەهەر ((چاوگێکەوە)) دەرچووبێت، لە رەخنە پارێزراو نییە. بەتایبەتی نەریت — کە هەم لەلایەن عەقڵگەراکانی وەك دیکارت و هەم لەلایەن ئەزموونگەراکانی وەك بیکۆن رەدکراوەتەوە — لای ئێمە بە یەکێك لە گرنگترین ((چاوگەکان)) لەقەڵەم دەدرێت و جێگای پەسندە، چونکە دەتوانین بڵێین هەموو ئەو شتانەی لە گەورەترەکان یان کتێبەکان یان قوتابخانەوە فێری دەبین، لە نەریتەوە سەرچاوە دەگرێت. کەواتە، بەبڕوای من دەبێ دژە نەریتی،

رەفز بکرێتەوە چونکە بێهوودەیە. بەڵام ئەو جۆرە نەریتگەراییەش دەبێ رەد بکرێتەوە کە مەرجەعیەت بە نەریتەکان دەبەخشێت، چونکە نەك هەر پووچ، بەڵکو هەڵەشە، هەروەك چۆن هەر ئەپستمۆلۆژیایەکی دیکەش ئەگەر یەکێك لە چاوگەکانی مەعریفە (وەك شهودی (پێژنی) عەقڵی یان شهودی هەستی)[17] بە مەرجەع لە قەڵەم بدات یان بە گرانت و پێودانگی راستی لێکی بداتەوە، ئەوا چەوتە.

## ٩. ئایا دەرفەتی میتۆدێکی رەخنەیی لەئارادایە؟

بەڵام ئەگەر هەرچەشنە بانگەشەیەکی مەرجەعیەتی (ئوتوریتە) بۆ هەموو چاوگێکی تایبەتی مەعریفە رەفز دەکەینەوە، چۆن دەتوانین رەخنە لە تیۆرەکان بگرین؟ مەگەر نابێ هەموو جۆرە رەخنەگرتنێك لە هەندێ پرنسیپی بەڵگەنەویستەوە دەست پێ بکات؟ **و هەربۆیە، ئایا بەم جۆرە نییە کە راستی هەموو چەشنە رەخنەگرتنێك پەیوەندی بەڕاستی پرنسیپ یان گریمانەگەلێکی ئەوتۆوە هەیە**؟ ئەگەر دەرکەوێ رەخنەگرتن خەوشدار و بێ ئیعتبار بووە، چ سوودێکی هەیە ئەگەر تیۆرێك بخەینە ژێر رەخنەوە؟ مەگەر نابێت بۆ سەلماندنی راستی رەخنەکە، پێویستە سەرەتا ئەو گریمانانەی کە رەخنەکەی لەسەر دامەزراوە، تۆکمە بکەین یان پاساوی بۆ بێنینەوە؟ ئایا تۆکمەکردن و پاساو هێنانەوە بۆ گریمانەکان رێك هەمان ئەو شتە نییە کە هەموو کەسێك هەوڵی بۆ دەدات و (بەزۆریش ناگات بە هیچ کوێ) و من خۆشم رامگەیاندووە کە شتێکی ئاستەمە؟ بەڵام ئەگەر کارێکی ئەوتۆ ئاستەمە، ئایا نابێ رەخنەگرتنی (راست)یش بە ئاستەم لە قەڵەم بدەین؟

بەبڕوای من، بەشێوەیەکی سەرەکی هەر ئەم زنجیرە پرسیار یان نارەزایەتیانەیە بوونەتە لەمپەر لەسەر رێگای قبوڵ کردنی (تاقیکردنەوەی) رایەکان کە لێرەدا دەرمانبڕێ. هەروەك لەم پرسیارانەوە بۆمان دەردەکەوێت، دەشێت یەکێك بە ئاسانی لەسەر ئەو بڕوایە بێت کە لەڕووی لۆژیکیەوە، میتۆدی رەخنەییش تووشی گرفتارییەکانی هەموو میتۆدێکی دیکە دەبێت، چونکە بێ ئەوەی هەندێ پرنسیپ بە بەڵگەنەویست بژمێرێ، ناکرێ پیادەبکرێت و هەر بۆیە، ئەو کەسەی گەرەکیەتی ئەم میتۆدە بەکاربێنێت دەبێ سەرەتا پاساو بۆ ئەو بەڵگەنەویستانە بێنێتەوە، ئەوە لەکاتێك دایە کە خاڵی سەرەکی لێکۆڵینەوەکەمان ئەوەبوو کە ناتوانین بنبڕی

17. sense intuition



(قطعیت) — یان تەنانەت ئەگەری — هیچ شتێك تۆکمە بکەین یان پاساوی بۆ بێنینەوەو تەنیا دەبێ بەوەندە رازی بین کە تیۆرێك لەبەرامبەر رەخنەدا توانای خۆڕاگری هەبێت.

گومانی تێدانییە کە ئەو نارەزایەتیانەی ئاماژەمان بۆ کردن زۆر گرنگن و گرنگی ئەو پرنسیپە روون دەکاتەوە کە بڕوامان پێی هێنا کە هیچ شتێك لە رەخنە پارێزراو نییە و نابێ وەك پارێزراو لێك بدرێتەوە، تەنانەت خودی ئەم پرنسیپەش کە بناغەی میتۆدی رەخنەییە. ئەم نارەزاییەتیانە یەکسانە بەو رەخنە گرنگ و سەرنجڕاکێشانەی کە لە هەڵوێستی من گیراوە. بەڵام خودی ئەم نارەزاییەتیانەش دەکرێ بە نۆرەی خۆیان بخرێتە ژێر رەخنەوە و پووچەڵ بکرێنەوە.

یەکەم، تەنانەت ئەگەر ئەوە پەسند بکەین کە دەبێ هەموو رەخنەیەك لەهەندێ گریمانەوە دەست پێ بکات، ئەوە حەتمەن بەو مانایە نییە کە مەرجی راست بوونی رەخنە، پاساو هێنانەوە یان تۆکمەکردنی گریمانەکانە. بۆ نموونە دەشێ گریمانەکان بەشێك بن لە هەمان ئەو تیۆرەی رەخنەی ئاراستە دەکرێت (کە لەم حاڵەتەدا دەبێ لە ((رەخنەگرتن لە ناوەوە))[18] بدوێین). یان دەکرێ گریمانەکان بەشێك نەبن لەو تیۆرەی دەخرێتە ژێر رەخنەوە بەڵام خەڵکی ئاسایی بە دیدی پەسندەوەسەیریان بکەن. لەم حاڵەتەدا، رەخنەگرتن یەکسانە بە ئاماژەکردن بەو خاڵە کە تیۆری رەخنەلێگیراو بێ ئەوەی لایەنگرەکانی ئاگایان لێ بێت، لەگەڵ هەندێ بیروباوەڕی جێگای پەسندی خەڵکی ئاساییدا دژایەتی هەیە. ئەم جۆرە رەخنەگرتنە زۆر بە نرخە ئەگەر تووشی نووسینیش بێت، چونکە لەوانەیە لایەنگرانی تیۆری رەخنە لێگیراو بەرەو گومان کردن و دردۆنگی لە بیروباوەڕی جێگای پەسندی خەڵکی ئاسایی پەلکێش بکات و ئەمە لە خودی خۆیدا دۆزینەوەی گرانبەهای لێ بکەوێتەوە. (نموونەی سەرنجڕاکێشی ئەم حاڵەتە، کورتە مێژووی تیۆری دژە ئەتۆمی دیراکە)[19].

هەروەها رەنگە ماهییەتی گریمانەکان لەگەڵ یەکێك لەم تیۆرە ناتەباو دژانەدا یەکسان بێت (کە لەم حاڵەتەدا لەوانەیە رەخنەگرتنەکە بە «رەخنەگرتن لە دەرەوە»[20] ناوزەد بکەین، لەبەرامبەر «رەخنەگرتن لە ناوەوە»). بۆ نموونە دەکرێ ئەوەی بە بەڵگەنەویست لە قەڵەم دراوە، گریمانە یان

18. immanent criticism

١٩. P.A.M. Dirac (لەدایك بووی ١٩٠٢). فیزیکزانی ئینگلیزی و پێشەنگی توێژینەوە گرنگەکان سەبارەت بە میکانیکی کوانتۆم.

20. Transcendent criticism

سۆسەگەلێ بن کە بتوانین ڕاستەوخۆ بیانخەینە ژێر تاقیکردنەوەوە یان بیانخەینە ژێر ڕەخنەو هەڵسەنگاندنەوە. لەم حاڵەتەدا ڕەخنەگرتن بەو مانایەیە کە دەبێ بێینەناو گۆڕەپانەکە و بۆ هەڵبژاردنی یەکێك لە دوو تیۆرە دژەکە، دەست بۆ هەندێ تاقیکردنەوەی هەستیارو بنبڕ ببەین.

ئەو نموونانەی هێنامانەوە دەریدەخات کە ئەو کێماسیە گرنگانەی کە لە تیۆرەکەی من لەهەمبەر ڕەخنەگرتنەوە گیراوە، هەر هەموو لەسەر بناغەی ئەم پرنسیپە دۆگم و بۆ بەرگری لێنەکرانە دامەزراوە کە مەرجی ((ڕاستی)) ڕەخەگرتن، دەست پێکردنیەتی لە گریمانەی تۆکمەو پاساوهەڵگر. ئەو کات، لەوانەیە ڕەخنەگرتن، ئەگەر ناڕاستیش بێت، گرنگ و ڕۆشنگەر و تەنانەت سوود بەخشیش بێت. ئەو بەڵگانەی بۆ ڕەدکردنەوەی ڕەخنە ناڕاستەکان هێنامانەوە، لەوانەیە هەندێ لایەنی نوێی ئەو تیۆرانە ڕوون بکەنەوە کە ناکۆکیان لەسەرە و وەك ئەرگۆمێنتێکی کاتەکی بۆ داکۆکی کردن لێی لە قەڵەم بدرێت. کەواتە بەهەق دەتوانین بڵێین: ئەو تیۆرەی بەم چەشنە لەبەرامبەر ڕەخنەکاندا خۆڕاگربووە، بە بەڵگەخوازی ڕەخنەگرەکان بەهێز بووە.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە ڕەخنەگرتنی ڕاست لە تیۆر بریتییە لە ئاماژەکردن بەم خاڵە کە ئەو تیۆرە ئەم پرسانە چارەسەر ناکات کە بڕیار بوو چارەیان بکات. ئەگەر ڕەخنەگرتن لەژێر سایەی ئەم تێبینیە وەبەرچاو بگیرێت، بێگومان پێویست ناکات وەك پشت بەستوو بە هیچ کۆمەڵەیەکی تایبەت لە گریمانەکان لێك بدرێتەوە (واتە دەشێ ((ڕەخنەگرتن لە ناوەوە)) بێت)، ئەگەر چی ئەگەری ئەوەش لە ئارادایە کە سەرەتا لە بەشێك لە گریمانە نامۆکانی (یان ((لەدەرەوە))ی) تیۆری ناوبراوەوە ئیلهامی وەرگرتبێت.

## ١٠. پرسی بنبڕی و بڕیار

لەسەر بنەمای ئەو بیروبۆچوونەی تا ئێرە ئاماژەمان بۆ کرد، بەشێوەیەکی گشتی هیچ تیۆرێك بۆ تۆکمەکردن و پاساو هێنانەوە ناشێت و ئەگەرچی لەوانەیە لە ڕێگای بەڵگەی ڕەخنەییەوە بەهێز بکرێت، بەڵام ناتوانێت بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە پشت بەم بەڵگانە ببەستێت. کەواتە، بەزۆری ناچارین بڕیار بدەین کە ئایا ئەم جۆرە بەڵگانە بۆ قبوڵ کردنی تیۆرەکە بە شێوەیەکی ئەزموونی بەسە یان نا —یاخود بەجۆرێکی تر، بە سەرنجدان لەو توێژینەوانەی کە لەپێناو ڕەخنەگرتن لێی ئەنجام دراون، سەربوونێکی هەیە بەسەر تیۆرە ناکۆك و دژەکانیدا یان نا. بەم



چەشنە، پرسی بنبڕی دێتە ناو میتۆدی ڕەخنەییەوە. هەڵبەتە بنبڕکردنی پرسەکە بەم چەشنە هەمیشە لایەنی دەمکی یان ئەزموونی هەیە و پەیوەستە بەو ڕەخنانەی کە ئاڕاستەی دەکرێت. بەڵام دەبێ جیاوازییەکەی لەگەڵ ئەوەی هەندێ لە فەیلەسووفە ناعەقڵانییەکان یان دژە عەقڵانییەکان یان پەیڕەوکارانی فەلسەفەی بوونگەرایی {ئیگزیستانسیالیزم} بە ((بڕیار)) یان ((بازدان لە تاریکی))دا ناوزەدی دەکەن، وەبەرچاو بگیرێ. ڕەنگە ئەم جۆرە فەیلەسووفانە لەژێر کاریگەری ئەم بەڵگەخوازییەدا کە ڕەخنە بەبێ بڕواهێنان بەهەندێ پێش گریمانە ناشێ ئەنجام بدرێت (ئەو بەڵگەخوازییەی کە لە بڕگەی پێشوودا ڕەفز کرایەوە)، بڕوایان بەم تیۆرە هێناوە کە بناغەی هەموو بیروبۆچوونەکانمان دەبێ بڕیارێکی بنەمایی یان ((بازدان لە تاریکی)) دابێت — واتە ئەو بڕیارەی کە وەك دەڵێن، کوێرانە داومانە یان ئەو بازدانەی بەچاوی بەستراوەوە کردوومانە — چونکە بێ کۆمەڵێك گریمانە و بێ ئەوەی پێشتر بڕیاری وەرگرتنی فلانە هەڵوێستی سەرەکیان دابێت، ((زانین)) مسۆگەر نابێت و هەڵوێستی سەرەکی ناوبراو ناشێت لەسەر بناغەی ((زانینەکانی)) ئێمە وەرگیرابێ. کەواتە ئەوەی لەگەڵێدا بەرەو ڕووین، جۆرە هەڵبژاردنێکە، ئەوەندە نەبێت هەڵبژاردنێکی مەترسیدار و چارەنووسساز و بۆ گەڕانەوە نەشیاوە کە کوێرانە یان بەشێوەیەکی غەریزی یان هەر بە ڕێکەوت یان لەژێر چاوەدێری یەزدانی ئەنجام دەدرێت.

ئەوەی لە بەشی پێشەوە وتمان بۆ ڕەدکردنەوەی ئەو ڕەخنانەی ئاڕاستەمان کرابوون، پێشانی دەدات کە تێگەیشتنی ناعەقڵانیەکان لە بڕیار، پرسەکە زۆر بە زەرق و بەرقتر لەوەی کە هەیە نیشان دەدات. ئێمە پێویستی بڕیاردان پەسند دەکەین، بەڵام پێویست ناکات بڕیارەکانمان بنبڕ بن تەنیا ئەو کاتە نەبێ کە شێلگیر بین لەسەر ئەوەی گوێ بە بەڵگەکان نەدەین و عەقڵ وەبەرچاو نەگرین و پەند لە هەڵەکانمان وەرنەگرین و گوێ نەدەین بە ڕەخنەی دژەکانمان کە ئاڕاستەی بیروبۆچوونەکانمان دەکرێت. تەنانەت بڕیاردان لەسەر هەڵسەنگاندنی ڕەخنەکانیش مەرج نییە بنبڕبێت. (عەقڵانیەت تەنیا لەوانەیە لە ڕوانگەیەکەوە بەو مانایەی کە لە بەشی بیست و چوارەمدا ئاماژەمان بۆ کرد خۆبەس نەبێت و ئەویش لەڕووی بڕیاری پەیڕەوکارەکانی بۆ خۆبوواردن لە ئەنجامدانی بازدانێکی بێ گەڕانەوە بۆ ناخی تاریکی ڕێچکەی ناعەقڵانییە).

بەبڕوای من، ئەپستمۆلۆژیای ڕەخنەیی کە هێلە سەرەکییەکانی لێرەدا وێنەکێشرا، پرسە گەورەکانی هەموو تیۆرێك لە ئەپستمۆلۆژیادا تاڕادەیەك ڕوون دەکاتەوە: پرسگەلی وەك ئەوەی

چۆن مەعریفەی ئێمە هێندە زۆر و هێندە کەمەو چۆن دەشێت، وەك ئەو کەسەی گەرەکیەتی بە قەیتانی پێڵاوەکانی خۆی بەرزبکاتەوە، خۆمان لە زەلکاوی نەزانی بێنینە دەرەوە. لەم رێگەیەوە دەتوانین کارێکی ئەوتۆ ئەنجام بدەین کە بەسۆسە بچینە پێشەوە و بە سوود وەرگرتن لەو رەخنانەی ئاڕاستەمان دەکرێ، سۆسەکانمان باشتر بکەین.

## ۱۱. پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان

ئەبستمۆلۆژیا کە لە پاژەکانی پێشووتری وئەم پاشکۆیەدا بەکورتی ئاماژەمان بۆ کرد، هەندێ دەرەنجامی لێ دەکەوێتەوە کە بە بڕوای من، لەڕووی هەڵسەنگاندنی رەوشی کۆمەڵایەتی سەردەمی ئێمە کە بەشێوەەکی بنەڕەتی لەژێر کاریگەری نەمانی دیانەتی ئوتوریتەخواز دایە، خودان گرنگیە. لەناوچوونی ئەم دیانەتە بۆتە هۆی تەشەنەسەندنی رێژەگەرایی و نێهێلیزم و نزم بوونەوە هەموو بیروباوەڕەکانی — یەك لەوانە بڕوابوون بە عەقڵ و لە ئاکامدا بڕواهێنان بەخۆی- لێ کەوتۆتەوە.

بەڵام بەڵگەخوازییەکانمان دەریدەخەن کە هیچ هۆیەك لە ئارادا نییە بۆ ئەم جۆرە دەرەنجامگیرییە بێ هیواییە. ئەرگۆمێنتی رێژەگەراو نێهێلیستەکان و (تەنانەت ئیگزیستانسیالیستەکان) هەموویان لەسەر بناغەی بەڵگەی سەقەت دامەزراون و دەریدەخات کە پەیڕەوکارانی ئەم جۆرە فەلسەفانە سەرەڕای ئەوە کە عەقڵ و بەڵگەخوازی قبوڵ دەکەن، لێ ناتوانن بەڕاستی سوودی لێوەربگرن و هەروەك خۆیان دەڵێن، بێتوانان بۆ تێگەیشتن لە ((بارودۆخی مرۆڤ)) و بەتایبەتی لەمەڕ گەشەی عەقڵی و ئەخلاقی ئادەمیزاد.

نموونەی بەرچاوی ئەم بەدحاڵیبوونە — و ئەو دەرەنجامە بێ هیواکەرەی کە لەسەر بناغەی تێگەیشتنێکی پڕ کەموکوڕی لە رووی مەعریفە خوازییەوە، وەرگیراوە — ئەم پارچەیەی خوارەوە لە بەشی سێیەمی نووسینێکی نیچە سەبارەت بە شۆپێنهاوەر لە کتێبی **نامیلکەی پێچەوانەی رۆژگار**[21]:

کاتێ شۆپێنهاوەر گەورە دەبوو، یەکەمین مەترسی کە باڵی بەسەر ژیانی داکێشا، تەنیایی و گۆشەگیری بوو. دووەمین مەترسی، بێ هیوایی بوو لە بەدەست هێنانی حەقیقەت. مەترسی دووەم بەردەوام لەگەڵ هەموو کەسێك دایە کاتێ فەلسەفەی کانت بکاتە چاوگی خۆی —هەڵبەتە هەر کەسێك کە بەڕاستی پیاو بێت و مرۆڤێکی زیندوو بێت و بتوانێ رەنج بکێشێ و ئارەزووی لە دڵ دابێت، نەك مرۆڤۆکەیەکی شەقشەقە سیفەت و مێشکێکی ماشینی بژمێر (حسێبگەر) ... سەیری هەر کوێ دەکەین دەبینین نووسراوە {لەژێر سایەی بوونی کانتدا} ... لە هەموو سنوورێکی هزردا، شۆڕشێك سەری هەڵداوە، بەڵام هێشتا ناتوانم بڕوا بکەم ... ئەگەر کانت رۆژێ لە رۆژان نفوزێکی بەرینتر پەیدا بکات، بۆمان دەردەکەوێ کە نفوزەکەی لە شێوەی جۆرە گومانکاری و رێژەگەراییەکی خشۆك و وێرانکار دەردەکەوێ و تەنیا ئەو کەسانەی رۆحیان لەوانیتر چالاکتر و بەرزترە ... تووشی ئەو گورزە قوڵەی سۆزداری و بێ هیوایی لە گەیشتن بە حەقیقەت دەبن کە بۆ نموونە کەسێکی وەك هاینریش فۆن کلایست[22] گیرۆدەی بوو... چەندە وشەکانی هەژێنەرن کاتێ دەنووسێت: ((بەم دواییانە لەگەڵ فەلسەفەی کانتدا ئاشنا بوومە و دەبێ هزرێك لەگەڵ ئێوەدا بخەمەڕوو کە لەوە ناترسێم ئێوەش بهەژێنێ، هەروەك چۆن زۆر بە قوڵی بەم شێوە دەرداوییە منی وەلەرزە خست. {ئەم هزرە ئەوەیە کە} ئاستەمە بەشێوەیەکی بنبڕە ئەوە دیاری بکەین کە ئەو شتەی بەناوی حەقیقەتەوە پەنای بۆ دەبەین لەڕاستیدا خودی حەقیقەتە یان تەنیا بەم جۆرە خۆی لامان دەنوێنێ. ئەگەر بەشی دووەم راست بێت، هەر حەقیقەتێك لێرەدا وەدەستی بێنین، لەدوای مەرگی ئێمە هیچە و ئەو هەمووە هەوڵەی دەیدەین بۆ ئەوەی بەڵکو شتێ پێك بێنین یان بەشتێ بگەین کە لەدوای خۆمان پایەدار بێت، پووچ و بێ بەرهەمە. ئەگەر نووکی تیژی ئەم هزرە دڵتان کون ناکات، لەبەرئەوەی هەست دەکات پاکترین

۲۱. Tracts Against the times ئەم ناوە لەناو بەرهەمەکانی نیچەدا نائاشنایەو بەداخەوە پۆپەر ناوە ئەڵمانییەکە نەنووسیوە. گوایە مەبەستی کتێبێکە بەم ناوە.Unzeitgemasse Betrachtungen

۲۲. Heinrich Von Kleist (۱۷۷۷ـ۱۸۱۱). شاعیر و شانۆنامەنووسی ئەڵمانی کە سەرەنجام بەهۆی هەژاری و بێهیوایی خۆی کوشت.

قوڵایی رۆحی لەم رێڕەوەدا زامدار بووە، گاڵتە دەتانگرێ. بەرزترین ئامانج و تاکە مەبەستی من بووە بە خاك و خۆڵ و ئیدی هیچم لەدەستدا نییە)).

من لەسەر ئەوەی وتەکانی کلایست هەژێنەرن، هاوڕام و هەروەها ئەوە پەسند دەکەم کە راڤەی کلایست بۆ رێنماییەکانی کانت لە هەمبەر ئەوە کە وەدەست هێنانی مەعریفە لەسەر شتەکان لە خودی خۆیدا ممکین نییە، روون و راستە، هەرچەندە هەڵبەتە لەگەڵ رۆحی فەلسەفی کانتدا ناتەبایی هەیە، چونکە کانت زانستی بە شیاوی وەدەست هاتن و دەست راگەیشتن بە حەقیقەتی بە ممکین دەزانی. (تاکە شتێك کە بەرەو زەینگەرایی پەلکێشی کرد و ئەو گورزەی لە کلایست سرەواند، پێویستی پاساو هێنانەوە بۆ ئەم پارادۆکسە بوو کە زانست لەمەڕ سروشت لەهەمان کاتدا دەبێ لە پێشەوەی ئەزموون بێت). نائومێدی و پەرێشانی کلایست لانی کەم لە هەندێ لایەنەوە هۆبەندی سەرلێشێواوییەتی لەمەڕ بینینی بە باداچوونی بیروباوەڕی گەشبینانەی بۆ بوونی پێڤانێکی سادە (وەك بەداهەت) بۆ دۆزینەوەی حەقیقەت. بەهەرحاڵ، ئەم نائومێدییە فەلسەفییە هەر کورتە مێژووییەکی هەبێت، نا پێویستە. بە پێچەوانەی بۆچوونی پەیڕەوکارانی دیکارت و بیکۆن، حەقیقەت لەخۆڕا ئاشکرا نابێت و رەنگە وەدەست هێنانی یەقین مسۆگەر نەبێت، بەڵام بارودۆخی مرۆڤیش بە هیچ چەشنێك بنجهەڵکەن و بێ ئومێدکەر نییە. بەپێچەوانەوە، دەبێ بڵێین زۆر رۆحبەخش و دڵڕفێنە. ئێمەین و ئەم کارە لە ڕادەبەدەر چەتوونەی ناسینی خۆمان و ئەو جیهانە جوانەی تێیدا دەژین. راستە تووشی هەڵەو خلیسکان دەبین، بەڵام بەو پەڕی سەرسوڕمانەوە سەیر دەکەین هێزی تێگەیشتن و دەرك کردنمان بۆ ئەو کارەی لەبەر دەممانە کەم و زۆر کافیە و هەرگیز بە خەونیش نەماندەبینی بەم پلەو پایەیە بگات. بۆمان دەردەکەوێ لە رێگای میتۆدی تاقیکردنەوەو هەڵە بەڕاستی فێر دەبین و پەند لە هەڵەکان وەردەگرین. لەهەمان کاتدا، لەوە تێدەگەین ئەوەی دەیزانین چەندە کەمە. هەروەك شاخەوانەکان لەگەڵ هەر هەنگاوێك کە بۆ سەرەوە دەیهاوێژین، روانگەیەکی نوێمان لەم سەر زەوییە نەناسراوەدا بەڕوودا دەکرێتەوە و جیهانگەلی تازە لەبەرامبەرماندا پانوبەرین دەبنەوە و کاتێ دەستمان کرد بە سەرکەوتن لە بوونیان بێ ئاگابووین. کەواتە، ئەگەرچی هەرگیز نەتوانین بگەین بە **مەعریفەی یەقینی**، بەڵام لە توانامان‌دا هەیە **فێر ببین** و بە هەگبەی مەعریفەکانمانەوە **زیاد بکەین**. لەبەر ئەوەی توانای فێربوونمان هەیە، هیچ هۆیەك لە ئارادا نییە بۆ بێ هیوابوون لە عەقڵ، و لەبەر ئەوەی هیچ کاتێ ناتوانین دەوران دەوری مەعریفە بگرین، هیچ هۆیەك لە گۆڕێ نییە بۆ ئەوەی لافوگەزاف لێ بدەین یان بەهۆی زۆربوونی زانیاری خۆمان لەخۆبایی ببین.



رەنگە بڵێن ئەم رێگا نوێیەی وەدەست هێنانی زانیاری، گشتی ترو ناسکتر لەوەیە کە جێگای دیانەتی ئوتوریتەخوازی بگرێتەوە. رەنگە بەم جۆرە بێت. بەڵام نابێ بەچاوێکی سووك سەیری هێزی هزر و توانای رۆشنبیران بکەین. هەر ئەم رۆشنبیر —یان بە وتەی فون هایك ((سەوداچییانی دەستی دووی هزرەکان)) — بوون کە تۆوی رێژەگەرایی و نێهێلیزم و بێ ئومێدی عەقڵیان بڕژاند. کەواتە، هیچ هۆیەك لە ئارادا نییە کە هەندێ رۆشنبیری تر — رۆشنبیرانی گەشبین تر — سەرەنجام مژدەی ئەوە بە خەڵکی جیهان بدەن کە هاتوهاواری نێهێلیستەکان بەڕاستی بۆ هیچ بوو.

## ١٢. دووالیزمی نێوان فاکت و نیشاندەرەکان

پێشتر لەم کێتبەدا لەسەر دووالیزمی نێوان فاکت و بڕیارەکان دوایین و بە پەیڕەوی کردن لە ئێل. جەی. راسڵ (لە بەشی پێنجەم، یادداشتی ٥(٣) ئاماژەم بەوە کرد، دەشێت ئەم دووالیزمە بە دووالیزمی نێوان دۆز و پێشنیارەکان بناسێنین. ئەم ناودێرکردنەی دواییان خودان سەربوونی (مزیت) بیرهێنانەوەی ئەم خاڵەیە کە هەم دۆز کە هەواڵێ لە فاکتەکان دەدات جێگای باس و گفتوگۆی عەقڵی هەیە، هەم پێشنیارەکان کە بەرنامە یان سیاسەتێك دەخاتە بەردەم یان پرنسیپ یان نیشاندەرێك کە چاوەدێر بێت بەسەر سیاسەتەکاندا. سەرەڕای ئەمە، هەموو بڕیارێك —بۆ نموونە، بڕیاردان بۆ وەرگرتنی فلانە پرنسیپ لە رەفتارکرندا — کە پاش باس لەمەڕ پێشنیارێکی دیاریکراو وەرگیرابێت، رەنگە لایەنی کاتەکی یان ئەزموونی هەبێت و لەزۆر رووەوە هاوچەشنی بڕیاری هەڵبژاردنی (کاتەکی یان ئەزموونی) دۆزێك بێت بۆ بەیان کردنی فلانە فاکت وەك باشترین گریمانەی هەنووکەیی.

بەڵام دەبێ ئاگاداری ئەم جیاوازییە گرنگەش بین کە لەهەمبەر پێشنیار بۆ وەرگرتنی فلانە سیاسەت یان هەڵبژاردنی فلانە نیشاندەر، دەتوانین خودی باسەکە لەم بارەیە و بڕیار بۆ قبوڵ کردنی پێشنیارەکە بە پێکهێنەری ئەو سیاسەتە یان نیشاندەرە لەقەڵەم بدەین، ئەوە لەکاتێك دایە پێشنیارکردنی فلانە گریمانە و باس و بڕیار لەهەمبەر وەرگرتنی — یان بڕیاردان بۆ پەسندکردنی فلانە دۆز — بەو مانایە پێکهێنەری فاکتێك نییە. رەنگە هەر بەم هۆیە بێت

پێموابوو زاراوەی ((بڕیار)) باشتر دەتوانێ جیاوازی نێوان قبولّ کردنی سیاسەتەکان یان نیشاندەرەکان و قبولّ کردنی فاکتەکان، بگەیەنێت. بەڵام بێگومان بابەتەکە روونتر دەبووەوە ئەگەر لەجیاتی دوان لەسەر دووالیزمی نێوان فاکت و بڕیارەکان، **لەمەڕ دووالیزمی نێوان فاکت و سیاسەتەکان یان فاکت و نیشاندەرەکان** دوابایـن.

بەڵام جگە لە پرسی زاراوەکان، ئەوەی گرنگی هەیە خودی ئەم دووالیزمەیە کە ناتوانین بۆ شتێکی تری بگەڕێنینەوە. فاکت و نیشادەرەکان (بۆ نموونە پرنسیپەکانی سیاسەتی ئێمە) هەرچییەك بن، بەر لە هەموو شتێك دەبێ لە یەکدی جیابکرێنەوە و ئاگاداری ئەوە بین بۆچی ناکرێ نیشاندەرەکان بۆ فاکتەکان بگەڕێنینەوە.

## ١٣. پێشنیار و دۆزەکان

کەواتە پەیوەندی نیشاندەر و فاکتەکان، دووبارەبوو یان دوولایەنە نییە. کاتێ (لانی کەم بەشێوەی کاتەکی و ئەزموونی) بڕیار دەدەین فلاّنە پێشنیار قبولّ بکەین، (لانی کەم بەشێوەی کاتەکی و ئەزموونی) نیشاندەرە چاوەدێرەکانی سەریشی پێك دێنین. بەڵام کاتێ بڕیار دەدەین بۆ قبولّ کردنی فلاّنە دۆز (قچیە)، واقعیەتی چاوەدێری سەری پێك **ناهێنین**.

پەیوەندییەکی نادووبارەبوو یان یەك لایەنەی دیکە ئەوەیە کە هەمیشە نیشاندەرەکان **پەیوەستن** بە فاکتەکانەوە، بەڵام فاکتەکان لە رێگای نیشاندەرەکانەوە هەڵدەسەنگێنن. ناتوانرێت ئەم پەیوەندییە رێژەییە پێچەوانەبکرێتەوە.

کاتێ واقعیەت، بەتایبەتی واقعیەتێك کە دەشێ گۆڕانی بەسەردا پێك بهێنرێت، لەبەرامبەرمان دایە، لەوانەیە بپرسین ئایا هاوجووتە لەگەڵ نیشاندەرێکی دیاریکراو یان نا. دەبێ ئاگاداری ئەوە بین کە ئەم پرسیارە جیاوازە لەوەی واقعیەتی ناوبراومان خۆشبوێت یان نا، چونکە سەرەڕای ئەوەی بەزۆری بە پەیڕەوی کردن لەوە کە چ شتێك پەسند دەکەین یان پەسند ناکەین، نیشاندەرەکانمان هەڵدەبژێرین و دیسان هەرچەندە حەزکردن یان نەکردن لەوەدا کە ئایا فلاّنە نیشاندەری پێشنیاری قبولّ دەکەین یان نا پشکێکی بنەڕەتی پێ دەبڕێت، بەڵام زۆربەی کات گەلێ نیشانەی دیکەش هەیە کە هەڵمانبژاردووە و رەنگەی فاکتە ئاماژە بۆ کراوەکان لە رێگای هەر کام لەمانە بخرێنە ژێر داوەری و هەڵسەنگادندنەوە. کەواتە بۆمان دەردەکەوێت کە لەڕووی لۆژیکیەوە، ئەو پەیوەندییەی کە لە هەڵسەنگاندنی (فاکتی جێگای گومان بەهۆی



نیشاندەری پەسند کراو یان پەسند نەکراوەوە) هەیە، بەتەواوی جیایە لە پەیوەندی دەروونی تاکە کەس لەگەڵ فاکت یان ئەو نیشاندەرەی لە هزری دایە، واتە ئایا واقعیەت یان نیشاندەری ناوبراو جێگای پەسندیەتی یان نا. پەیوەندی دەروونی چەمکێك نییە لە چەمکەکانی نیشاندەرەکان، بەڵکو ئەویش دەبێ بە یەکێك لە فاکتەکان بژمێردرێت. حەزکردن یان نەکردن واقعیەتێکە کە وەك هەموو فاکتەکانی تر دەشێ هەڵبسەنگێنرێت.

هەربەم چەشنە، ئەم راستیە کە تاکێك یان کۆمەڵگایەکی دیاریکراو فلاّنە نیشاندەری پەسند کردووە یان نەکردووە، دەبێ وەك یەکێك لە واقعیەتەکان لە هەموو جۆرە نیشاندەرێك — لەناویاندا نیشاندەرە پەسندکراو یان رەدکراوەکان — جیا بکرێتەوە و لەبەر ئەوەی ئەمە خۆی یەکێکە لە فاکتەکان و (فاکتێکی نەگۆڕیشە) دەبێ لەگەڵ نیشاندەری تردا حوکمی لەسەر بدرێت یان هەڵبسەنگێنرێت.

ئەو بەڵگانەی خستمەڕوو تەنیا بەشێك لەو بەڵگانە بوو لەسەر ئەوەی بۆچی پێویستە لەنێوان نیشاندەر و فاکتەکاندا و هەربۆیە لە نێوان پێشنیار و دۆزەکان بەشێوەیەکی بنبڕ و ڕاشکاوانە جیاوازی دابنرێت. بەڵام هەر کە بڕوامان بەم جۆرە جیاوازییە هێنا، لەوانەیە سەرنج نەك هەر لە ناهاوچەشنیەکان، بەڵکو لە هاوچەشنیەکانی نێوان فاکت و نیشانەکانیش بدەین.

سەرەتا هەم دەتوانین پێشنیارەکان بخەینە ژێر باس و رەخنەوەو بڕیاریان لەسەر وەربگرین و هەم دۆزەکان. دووەم، لەهەمبەر هەردووکیان، جۆرە وێنایەکی رێکخراوی[٢٣] بوونی هەیە کە لە سنووری فاکتەکاندا، هەمان وێنای هاوجووتی گوزارە یان دۆزە لەگەڵ واقیعدا واتە وێنای راستی —و لە بەستێنی نیشاندەر یان پێشنیارەکاندا کە دەتوانین بەناوی جیاجیای وەك ((هەق)) یان ((باش)) ناوزەدی بکەین. رەنگە بڵێین فلاّنە پێشنیار هەق (یان پووچەڵە) یان بۆ نموونە، باش (یان خراپە) و مەبەستمان ئەوە بێت کە لەگەڵ هەندێ نیشاندەری دیاریکراودا هاوجووتە کە هەڵمانبژاردووە (یان هاوجووت نییە). لەلایەکی دیکەوە، لەوانەیە بڵێین کە فلاّنە نیشاندەر هەقە یان پووچەڵە یان باش یان خراپە یان راستە یان ناڕاست یان نزمە یان بەرز و مەبەستمان ئەوە بێت کە ئەو پێشنیارەی هاوجووتە لە تەکیدا دەبێ رەفز بکرێتەوە یان قبولّ. کەواتە، دەبێ ئەوە پەسند بکەین کە لەڕووی لۆژیکەوە، رەوشی وێنای رێکخراوەیی — واتە ((هەق)) یان ((باش)) — بەهیچ چەشنێك بەڕوونی وێنای هاوجووت بوون نییە لەگەڵ واقیعدە.

---

23. Regulative idea

ئەم کێشەیە هەروەك لەم کتێبەدا ئاماژەمان بۆ کرد، کێشەیەکی لۆژیکییە و بەهێنانەکایەی سیستەمێك لە نیشاندەرە دینییەکان یەکلا ناکرێت. ئەم راستیە کە خودا یان هەر مەرجەعێکی دیکە فەرمانمان بەسەردا دەدات بۆ ئەنجامدانی کارێك، گرانتی ئەوە ناکات کە ئەو کارە هەقە. منم دەبێ بڕیار بدەم ئایا گەرەکمە ئەو نیشاندەرانەی کە هەر کەجەعێك دیاریکردووە، وەك ئەوەی لەڕووی ئەخلاقی باشە یان خراپ، قبوڵ بکەم یان نا. خوا بەمەرجێك باشە کە فەرمانەکانی باش بێت. ئەگەر بڵێم فەرمانەکانی باشە، چونکە فەرمانی ئەوە، نەك هەر هەڵەیەکی کوشندەیە، بەڵکو لەڕاستیدا جۆرە ئوتورێتەخوازی و بەندەییەکی پێچەوانەی ئەخلاقە، تەنیا کاتێ نەبێت کە پێشتر (لەسەر بەرپرسیاری خۆمان) گەیشتبینە ئەم دەرەنجامەکە ئەو جگە لە فەرمانی هەق و چاکە هیچ فەرمانێکی ترمان بەسەردا ناکات.

ئەوە هەمان وێنای کانتە بۆ خۆپەیڕەوی[٢٤] لەبەرامبەر ئەویتر پەیڕەویدا[٢٥] دا. کەواتە پشت بەستن بە هیچ مەرجەعێك — تەنانەت مەرجەعی دینیش — چارەی ئەم کێشەیە ناکات کە وێنای ڕێکخراوەیی ((رەوایی)) یان ((چاکی)) بەپێی لۆژیك لەگەڵ وێنای راستی رەهادا جیاوازی هەیە و دەبێ ئەم جیاوازییە قبوڵ بکەین. ئەو راستیەی پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد و لەسەر ئەم بنەمایە دامەزرابوو کە بەمانایەك، کاتێ نیشاندەرێك پێشنیار دەکەین و دەیخەینە ژێر باسەوەو هەڵیدەبژێرین، لەڕاستیدا هەوڵی **پێك هێنانی** دەدەین، ئەوا هەر لەم جیاوازییەوە سەرچاوە دەگرێ.

هیچ چارەمان نییە جگە لە داننان بەو شتەی وتمان، بەڵام لە هەمان کاتدا لەوانەیە وێنای راستی رەها- یان هاوجووت بوون لەگەڵ واقیعدا — بکەینە جۆرە سەرمەشقێك لە سنووری نیشاندەرەکان بۆ ئەوەی لە سەرنج دان بەم خاڵە غافڵ نەبین کە هەروەك چۆن دەتوانین لە پانتایی فاکتەکاندا بەدوای ئەو دۆزانەی کە بەشێوەیەکی رەها یان لانیکەم نزیکتر لە راستی دا بگەڕێین، ئەوا لە بەستێنی نیشاندەرەکانیشدا دەتوانین بەدوای ئەو پێشنیارانەدا بگەڕێین کە بەشێوەیەکی رەها هەق یان راست یان لانیکەم باشتر یان راستترن. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، بەبڕوای من، نابێ بەهەڵە **کونجکۆڵی و گەڕان** لەگەڵ **دۆزینەوە** تێکەڵ بکەین. دەبێ بەدوای پێشنیارە هەق یان راستەکاندا بگەڕێین، بەڵام هەرگیز نابێ پێمانوابێت کە ئەم جۆرە

24. autonomy
25. heteronomy



پێشنیارانەمان دۆزیوەتەوە، چونکە ئاشکرایە کاتێ ناشێت پێڤانێك بۆ راستی رەها لە ئارادا بێت، ئەوا هەر بەم چەشنە هیچ پێودانگێکیش بۆ **رەوایی رەها** لە گۆڕێ نابێت. رەنگە نیازەکە ئەوە بێت کە دابین کردنی لانی زۆری بەختەوەری بکرێتە پێڤان، بەڵام من هەرگیز پێشنیاری ئەوە ناکەم کە پێودانگی ئێمە ئەوە بێت بەدبەختی بۆ کەمترین ڕادە دابەزێنین، ئەگەرچی پێموایە ئەم پێڤانە دیسان باشترە لە هەندێ بیروبۆچوونی لایەنگرانی قازانجخوازی. یەکێك لەو بیرۆکانەی لەم کتێبەدا خستمەڕوو ئەوەبوو کە دەبێ نزمکردنەوە ئەو بەدبەختیانەی کە دەشێ پێشیان پێبگیرێت، بخرێنە بەرنامەی کاری سیاسەتڕێژی کۆمەڵایەتییەوە (کە هەڵبەتە مەبەست ئەوە نییە کە هیچ پرسێك لە پرسەکانی سیاسەتی کۆمەڵایەتی پێویستە لە ڕێگای حسێب کردنی  لانی کەمی بەدبەختی چارەسەر بکرێت) و دەبێت دابین کردنی لانی زۆری بەختەوەری بەخودی تاك بسپێردرێت. (هەندێ لە رەخنەگرەکانم دەریانخستووە کە ئەگەر پرنسیپی لانیکەمی بەدبەختی بکرێتە پێڤان، دەرەنجامی گاڵتەجاڕانە و پووچەڵ دەدات بەدەستەوە. بەتەواوی لەگەڵیاندا کۆکم و پێموایە ئەم حوکمە لەهەمبەر هەموو پێودانگێکی ئەخلاقی تریشدا راستە).

هیچ پێڤانێکمان لەبەردەستدا نییە بۆ رەوایەتی رەها، بەڵام بێگومان لەم بەستێنەدا پێشەڤەچوون بەخۆمانەوە دەبینین و لێرەشدا هەروەك سنووری فاکتەکان، دەتوانین هەندێ دۆزینەوە ئەنجام بدەین. ئەگەر بێ بەزی بوون و دلڕەقی هەمیشە ((خراپ))ـە و ئەگەر لەهەر شوێنێك بشێت دەبێ خۆمانی لێبوێرین، ئەگەر یاسای زێڕینی ئەخلاقی {واتە ئەوەی بۆ خۆتت پێخۆش نییە بۆ ئەوانتریش پێتخۆش نەبێ} نیشاندەرێکی چاکەو ئەگەر بەپێی توانا، ئەو شتەمان بۆ خەڵك پێ پەسند بێت کە خۆمان پەسندی دەکەین، تەنانەت ئەم یاسایە باشتریش دەبێت- ئەمانە هەموو نموونەگەلی سادە بەڵام لەڕادەبەردەر گرنگی دۆزینەوەیە لە پانتایی نیشاندەرەکاندا.

دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە دۆزینەوانە، هەندێ نیشاندەرە لەنەبوونەوە دروست دەکەن و لەم بەستێنەشدا هەروەك ئەو دۆزینەوانەی کە لە سنوری فاکتەکاندا ئەنجام دەدرێت، ناچارین بە قەیتانی پێڵاوەکانمان خۆمان بەرزبکەینەوە. حەقیقەتی جێگای سەرسوڕمان ئەوەیە کە دەتوانین لەسەر بنەمای هەڵەکانمان و ئەو رەخنانەی دەگیرێن، فێر ببین و هەروەك چۆن کە لەسنووری فاکتەکاندا فێر دەبین، لە بەستێنی نیشاندەرەکانیشدا فێرببین.

## ١٤. دوو پووچەڵ یەکسان نییە بە دوو هەق

هەر کە تیۆری راستی رەهامان قبوڵ کرد، دەرفەتی وەڵامدانەوەی یەکێك لە بەڵگەخوازییە کۆن و جدی بەڵام هەڵخەڵەتێنەرەکان دێتە ئاراوە کە بە پێوان لەگەڵ واقعیاتە راستەکان و نیشاندەرە راست و دروستەکان، وەك لایەنگری لە ڕێژەگەرایی عەقڵی و بەهایی خراوەتە ڕوو. لە بەڵگەخوازی هەڵخەڵەتێنەری جێگای مەبەستی من، پشت بەم دۆزینەوەیە دەبەسرێت کە خەڵك وێناو بیروباوەڕێکی گەلێ جیاوازیان لە بیروبۆچوونی ئێمە هەیە. کەواتە، ئێمە کێین کە بڵێین وێناو بیروباوەڕەکانی خۆمان هەقن؟ نزیکەی ٢٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر، کسنوفانس ئاوها ئێژێ[٢٦]:

حەبەشیەکان دەڵێن، یەزدانەکانیان لووت پان و رەشن،

تراکیان ئێژن، خواکانیان چاوشین و قژ سوورن،

بەڵام ئەگەر گاو ئەسپ و شێرەکانیش دەستیان هەبووایە و توانیبایان بنووسن و وەك مرۆڤەکان پەیکەرچێ بکەن، ئەسپەکان خواکانیان وەکو ئەسپ دەکێشایەوە،

گاکان وەك گاو و هەر کامێکیان

پەیکەری یەزدانەکەی لەسەر بیچمی خۆی دروست دەکرد.

کەواتە هەرکام لە ئێمە خوای خۆی و جیهانی خۆی لە روانگەی خۆیەوەو بەپێی نەریت و شێوازی پەروەردەی خۆی دەبینێ و هیچ کەسێك لەم مەیلە زەینییە بەدوور نییە. ئەم بەڵگەخوازییە بە چەشنی جیاجیا پەرەی پێدراوە. بەڵگەیان هاوردووە کە رەگەز یان نەتەوایەتی یان پێشینەی مێژوویی یان سەردەمی مێژوویی یان بەرژەوەندی چینایەتی یان زێدی کۆمەڵایەتی یان زمان یان زانیاری سەرەتایی تایبەتی ئێمە، لەمپەرێکی بۆ دزە نەشیان — یان تاڕادەیەك بۆ دزە نەشیان — ی لە نێوان ئێمە و بابەتیەتی بوارەکاندا پێك هێناوە.

دەبێ ئەو راستیانە قبوڵ بکەین کە بنەمای ئەم بەڵگەخوازییە پێك دێنن. دەبێ ئەوە پەسند بکەین کە هیچ کام لە ئێمە هەرگیز ناتوانێ بەرۆکی خۆی لە چنگی پێش داوەرییەکان رزگار بکات. بەڵام هیچ پێویست ناکات خودی بەڵگەخوازییەکە یان دەرنجامە رێژەگەرییەکانی قبوڵ بکەین. سەرەتا دەتوانین لە رێگای بیرکردنەوەی رەخنەگرانە و بەتایبەتی بە گوێگرتن لە رەخنە،

26. Diels- Kranz, B, 16, 15.



قۆناغ بە قۆناغ هەندێ لە پێش داوەرییەکان {حوکمی پێشوەختە} لە خۆمان دوور بکەینەوە. گومانی تێدا نییە کە بۆ نموونە کسنۆفانس خۆی توانیبووی لە رێگای ئەم دۆزینەوەوە، بە پێشداوەرییەکی کەمترەوە دۆخ و شتەکان بخاتە ژێر تیڕوانینەوە. دووەم، راستیەکەی ئەوەیە کە تاکەکان کە خودان پێشینەی کولتووری زۆر جیاوازن دەتوانن بچنە ناو دیالۆگی زۆر سوود بەخشەوە، بەم مەرجە کە هۆگری نزیکتر بوونەوە لەڕاستی بن و گەرەکیان بێت گوێ لە وتەکانی یەکدی بگرن و شتێ لە یەکتر فێر بن. ئەمە دەریدەخات کە لەمپەری کولتووری و زمانی لە ئارادایە بەڵام بۆ دزە نەشیان نییە.

کەواتە زۆر گرنگە کە لە هەموو پانتاییەکدا، سوود لە دۆزینەوەکەی کسنوفانس وەربگرین و چاوپۆشی لەوە بکەین کە پێمان وابێت مەل قاچێکی هەیە و خوازیاری رەخنە بین. بەڵام لەهەمان کاتدا زۆر گرنگە کە ئەم دۆزینەوە کە هەنگاوێکە بە ئاڕاستەی رەخنەگری، وە هەنگاوێ بەرەو رێژەگەرایی لێکی نەدەینەوە. کاتێ دوو کەس جیاوازن لەگەڵ یەکتری، ئەمە بەو مانایە نییە کە یان یەکیان هەڵە دەکات یان ئەویتریان، یان هەردووکیان. ئەمە رای کەسێکە کە پابەندی رەخنەیە، بەڵام پێچەوانەی بۆچوونی رێژەگەراکان، بەو مانایە نییە کە رەنگە هەردوولا لەسەر هەق بن. لەوانەیە قسەی هەردووکیان پووچەڵ بێت، ئەگەرچی مەرج نییە حەتمەن وابێت. بەڵام هەر کەسێ بڵێیت پووچەڵێ قسەی هەردووکیان یەکسانە بەوەی هەردووکیان لەسەر هەق بن، تەنیا یاری بە وشە و میتافۆرەکان دەکات.

یەکێك لە گەورەترین هەنگاوەکان کە دەتوانین بەرەو پێشەو بیهاوێژین ئەوەیە کە فێری رەخنەگرتن لەخۆ بین و فێری ئەوە بین لەوانەیە بەرامبەرکەمان لەسەر هەق بێت و تەنانەت لە ئێمە راستتریش بێت، بەڵام ئەو مەترسییە مەزنەی کە لەم پرسە دایە ئەوەیە کە هەندێ جار پێمان وابێت هەم ئێمە لەسەر هەقین و هەم نەیارەکەمان. رەنگە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لە دیدی ئێمەوە هێمای خاکەڕێی و رەخنە لە خۆگرتن بێت، بەڵام بەپێچەوانەی وێنای ئێمە، هیچ کام لەم دوو سیفەتە ناگەیەنێ، چونکە ئەگەری بەهێزتر ئەوەیە کە هەردووکمان وتەکانمان پووچەڵ بێت، نابێ رەخنە لەخۆ گرتن بکەینە پەرژینێ بۆ تەمبەڵی و رێژەگەرایی. هەروەك چۆن دوو پووچەڵ یەکسان نییە بە دوو هەق، لە ناکۆکیشدا دوو نەیاری پووچەڵوێژ یەکسان نین بە دوو نەیاری هەقوێژ.

## ١٥. دوو چاوگی مەعریفە: ((ئەزموون) و ((پێژن (شهود)))

ئەو راستیەی گرنگی بنەڕەتی هەیە، ئەمەیە کە چ لە سنووری نیشاندەرەکان و چ لە بەستێنی فاکتەکاندا، پەند لە هەڵەکانمان و لەو رەخنانەی دەگیرێن، وەردەگرین. بەڵام ئایا هەر ئەوەندە بەسە کە تەنیا پشت بە رەخنەکان ببەستین؟ ئایا نابێ ئێمە (بەتایبەتی لە سنووری نیشاندەرەکاندا) پشت بە مەرجەعیەتی ئەزموون یان شهود ببەستین؟.

لە پانتایی فاکتەکاندا، تەنیا رەخنەی روون لە تیۆرەکان لامان بەس نییە، بەڵکو بە پشت بەستن بەو ئەزموونەی کە لە ئاکامی تاقیکردنەوەو بینیندا وەدەستمان هێناوە، دەست بە رەخنەگرتن دەکەین. هەرچەندە فەیلەسوفەکان، بەتایبەتی فەیلەسوفە ئەزموونگەراکان، هەمیشە دەرکی هەستی و بەتایبەتی بیناییان بە چاوگی مەعریفە ناساندووەو لەسەر ئەو بڕوایە بوونە کە ئەو ((دراوە {داتا})) دیار و ئاشکرایانەی کە ئەزموون لەوانەوە پێك هاتووە، لەم چاوگەوە دابین دەبن، بەڵام هەڵەیەکی ترسناکە ئەگەر پشت بە مەرجەعیەت (ئوتوریتە)ی ئەزموون ببەستین. ئەو وێنەیەی فەیلەسوفەکان بەم چەشنە کێشاویانە، بەبڕوای من بەتەواوی هەڵەیە. تەنانەت ئەو ئەزموونەی لە ئاکامی تاقیکردنەوەو بینیندا وەدەستی دێنین لە ((دراوەکان)) پێك نایەت و تانۆپۆیەکانی لەو سۆسە (حدس) و گومان و چاوەڕوانی و گریمانانە دێتە بوونەوە کە لەگەڵ گێڕانەوەو وتە و پێش داوەرییەکاندا تێکچنراون. شتێ بەناوی ئەزموونی **پەتی** بەرهەمی تاقیکردنەوە و بینین — واتە ئەو ئەزموونەی کە شوێنەواری چاوەڕوانی و بیروبۆچوونەکانی بەسەرەوە نەبێت — بوونی نییە. هەر بەم چەشنە، شتێ بەناوی ((دراوە)) پەتییەکانیش — وتە ((چاوگگەلێ بۆ مەعریفە)) کە لە ئەزموونەوە دەست کەوتبێ و بتوانین لە رەخنەگرتندا پشتی پێببەستین — لە ئارادا نییە.

((ئەزموون))- جا چ ئەزموونی ئاسایی و چ ئەزموونی زانستی بێت- زیاتر لەو شتە دەچێت کە کاتێ ئۆسکار وایلد پەردەی سێیەمی شانۆنامەی **باوەشێنی خاتوو ویندرمیر**[٢٧]ی دەنووسی، لە هزری دابوو:

دامبی: هەموو کەسی هەڵەکانی ناو دەنێ ئەزموون.

27. Oscar Wilde, Lady Windermere’s fan.



سیسیل گراهام: مرۆڤ لە بنەڕەتدا نابێ هەڵە بکات.

دامبی: بەڵام ژیان بێ هەڵە زۆر هیلاك کەر دەبێت.

هەر ئەم مەفهوومە هەڵەیە — واتە پەند وەرگرتن لە هەڵە کە بێگومان ژیان بێ ئەو زۆر هیلاك کەر دەبێت — لە نوکتەی بەناوبانگی دکتۆر جانسۆنیش[٢٨] لەمەڕ ((سەرکەوتنی هیوا بەسەر ئەزمووندا)) بەشێوەیەکی لاوەکی بوونی هەیە و هەروەها لە وتەی سی. سی. کینگ لە چیرۆکی **هێزی وشکانی بەریتانیا**[٢٩] دەبینرێ: ((رێبەرانی بەریتانیا چارەنووسیان ئەوەبوو کە لە 'تاکە قوتابخانەیەك کە گەمژەکان وانەی لێوەردەگرن، واتە قوتابخانەی ئەزموون' دەرز وەربگرن)).

کەواتە پێدەچێت وشەی ئەزموون {experience=}، لانی کەم لە هەندێ حاڵەتی بەکارهێنانی ئاساییدا، لەگەڵ ئەو شتەی بە بڕوای من تایبەتمەندی ((ئەزموونی زانستی)) و ((مەعریفەی ئەزموونی ئاسایی))ـە زۆر باشتر بگونجێت نەك لەگەڵ ئەو شیکردنەوانەی کە لەکۆنەوە لەنێو فەیلەسوفە ئەزموونگەراکاندا برەوی هەبووە و ئەمە خۆی لەتەك مانای سەرەکی وشەی empeiria (لە رەگی Peirao بە مانای تاقیکردنەوە و ئەزموون کردن و تاوتوێ کردن) و هەر بۆیە لەگەڵ وشەکانی experimentum, experientia دا گونجاوترە. بەڵام نای پێمان وابێت کە ئەو شتە، چ لەسەر بنەمای بەکارهێنانی ئاسایی وشە و چ لەسەر بناغەی رەگەکەی، بەڵگەیەك پێك دێنێت. مەبەست لەو شتانەی باسکرا تەنیا ئاماژەکردن بوو بە هەندێ شایەتی شیکردنەوەی لۆژیکیی بوونیادی ئەزموون بەپێی ئەم شیکردنەوەیە، ئەزموون و بابەتیەتی ئەزموونی زانستی، بەرهەمی سۆسە هەڵەکان و ئەزموونکردنی ئەم سۆسانە و پەند وەرگرتن لە هەڵەکانە. ئەزموون (بەم مانایە) نە یەکێکە لە ((چاوگەکانی مەعریفە)) و نە ئوتوریتەی هەیە.

هەر بەم چەشنە، ئەو رەخنەیەش کە بە پشت بەستن بە ئەزموونەوە ئاڕاستە بکرێت بێ ئوتوریتەیە. رەخنەگرتن ئەوە نییە کە دەرەنجامە گوماناوییەکان لەگەڵ دەرەنجامە تۆکمەو پتەوەکان یان ((شایەتی هەستی)) یان ((دراوەکان)) بەراورد بکەین. مەبەست لە رەخنەگری،

٢٨. Dr. Samuel Johnson (١٧٠٩ـ١٧٨٤) ئەدیب و رەخنەگر و فەرهەنگی نووسی بەناوبانگی ئینگلیزی.

29. C.C. King, story of the British Army, 1897, p. 112.

هەڵسەنگاندنی دەرەنجامە گوماناوییەکانە لەگەڵ دەرەنجامی تردا کە ئەوانیش بەهەمان پلە گوماناویین بەڵام رەنگە ئێستا وەك بەری لە گومان گریمانە بکرێن ئەگەرچی لە هەموو چرکەساتێکدا لەوانەیە لەگەڵ هاتنە ئارای گومانی نوێ یان بەهۆی سۆسەو وێنای تازە — بۆ نموونە سەبارەت بەوە کە دوور نییە فلانە تاقیکردنەوە دۆزینەوەیەکی نوێیی لێ بکەوێتەوە — سەر لەنوێ گومان لە راستیەکەیان بکرێت.

بە بڕوای من سەبارەت بە وەدەست هێنانی مەعریفە لەبارەی نیشاندەرەکانیش، دۆخەکە هەر بەم چەشنەیە.

لێرەشدا فەیلەسووفەکان دیسان بەدوای <u>چاوگێك</u> بۆ ئەم جۆرە مەعریفانە گەڕاون کە ئۆتوریتەی هەبێت و بەشێوەیەکی بنەڕەتی دووچاوگی لەم چەشنەیان دەست کەوتووە: یەکیان هەستی چێژ و ئازار یان هۆش و شهودی ئەخلاقی تایبەتە بۆ دەستنیشان کردنی هەق لە پووچەڵ (هاوشێوەی دەرکی {هەستی} لە بەستێنی ناسینی فاکتەکاندا) و ئەویتریان چاوگێکە بەناوی ((عەقڵی کردەیی)) (هاوشێەی ((عەقڵی پەتی)) یان هێزی ((پێژنی عەقڵی)) لە مەعریفە لەمەڕ واقعیاتەکان). مشتومڕ و ناکۆکی لەمەڕ هەموو یان تەنیا هەندێ لەم چاوگە خودان ئۆتوریتانە بۆ مەعریفەی ئەخلاقی، بەردەوام بە گەرموگوڕییەکی زۆرەوە درێژەی هەبووە.

بەڵام بەبڕوای من، ئەم پرسە، پرسێکی درۆ {چەوت}ـە. خاڵی سەرەکی، ((بوونی)) هیچ کام لە هێزەکان نییە کە خۆی لە خۆیدا یەکێکە لە پرسە زۆر ناروون و گوماناوییەکانی دەروونناسی، پرسیار ئەوەیە کە ئایا هیچ کام لەم ((چاوگانەی مەعریفە)) ئۆتوریتەیەکی ئەوتۆی هەیە کە ((دراوەکان)) یان ژێدەرە روون و دەستنیشان کراوەکانی ترمان بۆ دابین بکات یان لانی کەم چوارچێوەی مەرجەعێکی پایەدار بدات بەدەستەوە لەپێناو رەخنەگرتندا؟ من نکۆڵی لەوە دەکەم کە چ لە مەعریفە لەمەڕ فاکتەکان و چ لە ناسینی نیشاندەرەکاندا، هیچ چاوگێکی لەم جۆرە کە خودان ئۆتوریتەیەکی ئەوتۆ بێت بوونی هەبێت و ئەوە قبوڵ ناکەم کە ئێمە نیازمان بەم چوارچێوەی مەرجەعە هەبێت بەمەبەستی رەخنەگری.

کەواتە چۆن مەعریفە لەسەر نیشاندەرەکان وەدەست دێنین؟ چۆن لەم سنوورەدا پەند لە هەڵەکان وەردەگرین؟ سەرەتا، فێری لاسایی کردنەوە لەوانیتر (بەشێوەی تاقیکردنەوەی هەڵە) دەبین و فێری ئەوە دەبین کە نیشاندەرەکانی بان رەفتارەکان وەك رێسای جێگیر و ((دراوێك)) لێك بدەینەوە. پاشان (دیسان لەسەر بنەمای تاقیکردنەوەی هەڵە) بۆمان دەردەکەوێ تووشی هەڵە



دەبین و بۆ نموونە ئەوانیتر بێزار دەکەین. لەم رێگەیەوە فێری یاسای زێرینی ئەخلاقی دەبین، بەڵام بەزوویی بۆمان دەردەکەوێ کە رەنگە لەهەمبەر شێوازی بیرکردنەوە یان تێڕوانین یان زانیاری پێشوو یان ئامانجەکان یان پێودانگی ئەوانیدی حوکمێکی راستمان نەدابێت و پەندە لەو هەڵەیە وەردەگرین کە کردوومانە و تەنانەت وێوەتر لە سنوورەکانی یاسای زێڕینیش هەوڵی چاوەدێری کردن بدەین.

بێگومان، هەندێ شتی وەك هاودەردی و لە جیهانی خەیاڵدا خۆدانان لەجیاتی ئەویتر، پشکێکی گرنگیان لەم رەوتەدا هەیە بەڵام هەروەك چۆن کە چاوگەکانی مەعریفەی ئێمە لەبەستێنی فاکتەکاندا ئۆتوریتەی نییە، ئەوا ئەم جۆرە شتانەش نیانە. شتێکی وەك دەرکی پێژنی هەق و پووچەڵیش لەوانەیە لەم رەوتەدا پشکێکی گرنگی هەبێت بەڵام ئەویش چاوگێکی خودان ئۆتوریتە نییە، چونکە رەنگە ئەمڕۆ بە ئاشکرا بۆمان دەرکەوێت ئێمە لەسەر هەقین و بەیانی تێبگەین بەهەڵە داچووین.

((پێژنگەرایی)) ناوی یەکێك لە قوتابخانە فەلسەفیەکانە کە لایەنگرەکانی پێیان وایە کە هێزێك یان توانایەکمان لەناو دایە بۆ پێژنی عەقڵی کە دەرفەتی ئەوە دەرەخسێنێت حەقیقەت ((بینین))، و ئەوەی بەم چەشنە دەیبینین حەتمەن دەبێ حەقیقەتی هەبێت. کەواتە، پەیڕەوکارانی ئەم قوتابخانەیە بڕوایان بە چاوگێکی خودان ئۆتوریتە هەیە بۆ مەعریفە دژە پێژنگەراکان و بەزۆری نکۆڵی لە بوونی چاوگێکی ئەو تۆ دەکەن، بەڵام لە هەمان کاتدا باوەڕیان بە چاوگی دیکەی وەك دەرکی هەستی هەیە. بەبڕوای من، بە دوو هۆ هەردوولا لە هەڵەدان. سەرەتا، پێموایە شتێکی وەك پێژنی عەقڵی لە ئارادایە و هەر بەم هۆیەوە بەشێوەیەکی بنبڕ ئەم هەستەمان لا دروست دەبێت کە حەقیقەت بینین (ئەو خاڵەی کە نەیارانی شهود نکۆڵی لێدەکەن). دووەم، پێموایە ئەگەرچی پێژنی عەقڵی پێویستە، بەڵام زۆربەی کات بە ترسناکترین شێوە دەمانخاتە هەڵەوە، چونکە بەزۆری لە دڵنیابوون لەوەی حەقیقەت لامان دەرکەوتووە تووشی هەڵە دەبین. دەبێ هەڵە بکەین بۆ ئەوەی فێر بین ئەم جۆرە شهودە شایانی متمانە نییە.

کەواتە دەتوانین متمانە بەچی بکەین؟ دەبێ چی قبوڵ بکەین؟ بەرسڤ ئەوەیە کە بەبێ وەبەرچاوگرتنی ئەوە کە چ شتێك قبوڵ بکەین، تەنیا دەبێ بەشێوەیەکی ئەزموونی و کاتەکی متمانەی پێ بکەین و هەمیشە ئەوەمان لەیاد بێت کە تەنانەت لە باشترین حاڵەتەکاندا، تەنیا رەنگە بەشێك لە حەقیقەت (یان هەق) لامان دەرکەوێت و درەنگ یان زوو نەك هەر لەمەڕ

ئەوەی هەیە (فاکتەکان)، بەڵکو لە هەمبەر ئەوەی دەبێ هەبێت (نیشاندەرەکان) بەناچار هەڵەیەك دێتە پێش و بە هەڵە حوکم دەدەین. دووەم، تەنانەت بەشێوەیەکی ئەزموونی و کاتەکیش تەنیا بەم مەرجە دەبێ متمانە بە دەرکی پێژنی خۆمان بکەین کە ئەم دەرکە لە ئاکامی گەلێ هەوڵ بۆ بەکارخستنی هێزی خەیاڵ و زۆر هەڵە و گەلێ ئەزموون و زۆر گومان و گەلێ رەخنەگرتنەوە وەدەست هاتووە.

تێبینی ئەوە دەکەین کە ئەم جۆرە دژایەتیە لەگەڵ پێژنگەراییە (یان رەنگە بە بۆچوونی هەندێ کەس، ئەم جۆرە پێژنگەرایيە) لە رەگ و ریشەوە لەگەڵ جۆرەکانی رابردوودا جیاوازی هەبێت و دیسان بۆمان دەردەکەوێ کە توخمی سەرەکی تیۆرەکەمان ئەوەیە کە رەنگە هەمیشە نیشاندەرێك بۆ حەقیقەتی رەها یان رەوایی رەها لە ئارا دابێت، کە ئێمە لەبیرو کردەوەی خۆماندا بێتونابین لەگەیشتن پێی.

* * *

رەنگە نارەزایەتی دەربڕن کە بە چاوپۆشی لەوە کە بیروراکانی من لەهەمبەر ماهییەتی مەعریفەی ئەخلاقیو ویژدانیاتی ئەخلاقی بۆ پەسەندکردنی بشێت یان نا، بە هەرحاڵ "رێژەیی"یان "زەینییە"، چونکە هیچ نیشانەیەکی رەها لە ئەخلاقدا تۆمار ناکات و تەنیا دەریدەخات کە وێنای نیشانەی رەها، وێنایەکی رێکخراوەییە و تەنیا بۆ ئەو کەسانە دەست دەدات کە پێشتر بڕوایان بەم بیروباوەڕە هێنابێت و ئێستا دەیانەوێت سەبارەت بە نیشاندەرە ئەخلاقییە باش یان حەقیقی یان راستەکان زیاتر بزانن یان هەوڵی گەڕان بە دوای ئەم نیشاندەرانە بدەن. وەڵامی من ئەوەیە کە هیچ نیشاندەرێکی وەها یان کۆمەڵە نۆرمێکی ئەخلاقی لە ئارادا نییە کە تەنانەت "تۆمار" کردنیشی ـ بۆ نموونە لە سەر بنەمای لۆژیکی پەتی ـ لەم رووەوە جیاوازییەك دروستبکات. گریمان توانیشمان لە رووی لۆژیکەوە ئەرگۆمێنت بۆ راستی فلانە نیشاندەری رەها یان کۆمەڵە نۆرمێکی ئەخلاقی ببینینەوە بە چەشنێك کە لەسەر بناغەی لۆژیك بتوانین بۆ ئەویتری بسەلمێنین کە دەبێ چۆن هەڵسوکەوت و رەفتار بکات، دیسان رەنگە ئەو خەمسارد بێت و لە وەڵامدا بڵێت: "من بچووکترین هۆگریم بە "دەبێیەکان" یان رێسای ئەخلاقی ئێوە نییە، هەروەك چۆن ئەرگۆمێنتی لۆژیکی یان بیروڕای ئێوە لە ماتماتیکی پێشکەوتوودا بچووکترین جیاوازی لەژیانی مندا دروست ناکات." کەواتە، تەنانەت ئەرگۆمێنتی لۆژیکیش، هیچ گۆڕانێك لەو رەوشەدا پێك ناهێنێت کە تەنیا کەسێك دەکەوێتە



ژێر کاریگەری بەڵگە ئەخلاقییەکانەوە (یان هەر بەڵگەیەکیتر) کە ئامادەبێت ئەم جۆرە شتانە بەجدی وەربگرێت و شتێکی نوێ لەم بارەیەوە فێربێت. ئێوە ناتوانن لە رێگای بەڵگەخوازییەوە کەسێك ناچاربکەن بەڵگەخوازی بە جدی وەربگرێت یان رێز لە عەقڵی خۆی بنێت.

## ١٦- دوالیزمی نێوان فاکت و نیشاندەرەکان وچەمکی لیبرالیزم

بە پێی بانگەشەی من، یەکێك لە کۆڵەکەکانی نەریتی لیبراڵ، قبووڵکردنی دوالیزمی نێوان فاکت ونیشاندەرەکانە. یەکێك لە کۆڵەکەکانی نەریتی ناوبراو قبوڵکردنی هەبوونی ستەم و بێداد لە دونیا و ورەی یارمەتیدانی قوربانییەکانیەتی، بەو مانایە کە لەنێوان فاکت و نیشاندەرەکاندا، ناتەبایی یان لانیکەم جیاوازی لە ئارادایە و رەنگە ئەوەی هەیە (واقعیات) بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی دەبێ هەبێت (نیشاندەرەکان) کەموکوڕی و کەمایسی پێشانبدات و ئەم حوکمە بە تایبەتی سەبارەت بە واقعیەتی قبووڵکردن و جێبەجێکردنی پرەنسیپەکانی دادپەروەرییەوە راستە. بە جۆرێکیتر، لیبرالیزم، لە سەر بنەمای دووالیزمی نێوان فاکت و نیشاندەرەکان دامەزراوە، ئەمەش بە واتای بڕواهێنانە بەوەکە، بە تایبەتی لە بەستێنی سیاسەت ویاسادانانادا، پێویستە هەمیشە لە هەوڵی دۆزینەوەی نیشاندەری باشتر لە پێشووبین.

بەڵام هەندێ لە رێژەگەراکان، لە رێگای بەڵگەخوازی هاوچەشنی ئەم بەڵگەخوازییانەی لای خوارەوە، دووالیزمی نێوان فاکت و نیشاندەرەکان رەفز دەکەنەوە:

١. قبووڵکردنی هەر پێشنیارێك ـ هەر بۆیە، هەرنیشاندەرێك- خۆی لەخۆیدا یەکیکە لە واقیعیەتە سیاسی یان مێژووییەکان

٢. لەوانەیە ئەو نیشاندەرەی کە هێشتا پەسەندنەکراوە لەگەڵ نیشاندەرێکی پەسەندکراودا هەڵبسەنگێنین وبگەینە ئەم دەرئەنجامە کە نیشاندەرەی یەکەم تەژی لە کەم وکوڕی و کەمایەسییە، بێ وەبەرچاوگرتنی ئەوە کە چ کەسێك ئەم کارەی ئەنجامداوە، ئەم کردەوەیەش لە خودیخۆیدا یەکێکە لە واقیعیەتە سیاسی یان مێژووییەکان.

٣. تەنانەت ئەگەر حوکمێکی ئەوتۆ بکرێتە بنەمای بژاڤێکی کۆمەڵایەتی وسیاسی تایبەت، ئەم شتەش لە خودی خۆیدا یەکێکە لە واقیعیەتە مێژووییەکان.

٤. تەنانەت ئەگەر ئەم بزاڤە لە سەرکەوتنەوە نزیك بێت و لە ئاکامدا، نیشاندەرە کۆنەکان ریفۆرمیان تێدا پێك بێت یان نیشاندەری نوێ شوێنی ئەوان بگرنەوە، ئەم دۆخەش لە خودیخۆیدا واقیعیەتێکی مێژووییە.

٥. کەواتە (بە پێی بەڵگەخوازی رێژەگەراکان یان ئەو کەسانەی لە ئەخلاقدا پابەندی پۆزەتیفیزمن )، ئەگەر واقیعیەتە کۆمەڵایەتی یان سیاسی یان مێژوویەکانیش لە سنووری واقیعیاتدا بگونجێن، هەرگیز پێویست ناکات لەم سنوورە بەرزتر ببینینەوە،دوالیزمێك لە نێوان فاکت و نیشاندەرەکاندا بوونی نییە.

بە بڕوای من ئەو دەرئەنجامەی کە لە بەندی ٥ وەرگیراوە، هەڵەیە و لەو پێشەکییانە ناکەوێتەوە کە لە بەندی ١ تا ٤ کۆکراونەتەوە. هۆی رەدکردنەوەی ئەم دەرەنجامگیرییە سادەیە : بەردەوام ئەگەری ئەم پرسیارە لە ئارادایە کە ئایا ئەو ئاڵوگۆڕەی لێرەدا شیکرایەوە ـ واتە سەرهەڵدانی فلانە بزاڤی کۆمەڵایەتی لە سەر بنەمای قبوڵکردنی فلانە بەرنامە بۆ پێکهێنانی ریفۆرم (چاکسازی ) لە بەشێك لە نیشاندەرەکان ـ "باش" بووە یان "خراپ". هەر کە ئەم پرسیارە خرایە ڕوو، جیاوازی نێوان فاکت و نیشاندەرەکان (کە لە بەڵگە خوازی یەك رەگی ١تا ٥دا نکوڵی لێکراوە) سەر لەنوێ سەر هەڵدەداتەوە.

لەم شتانەی باسمانکرد بە راست ودروستی دەتوانین بگەینە ئەم دەرئەنجامە کە ئەم جۆرە هەڵوێستە یەك رەگییە ـ واتە فەلسەفەی یەکێتی فاکت ونیشاندەرەکان ـ ترسناکە، چونکە تەنانەت لەو جێگایەشدا کە نیشاندەر و فاکتە هەنووکەییەکان بە یەك شت لە قەڵەم نادات و ناڵێت لە ئێستادا هێزو زۆرەملی هەقە، حەتمەن دەگاتە شوێنێکی ئەوتۆ کە دەبێ بڵێت لە ئایندەدا هێز و هەق دەبن بە یەك.

لە سەر بنەمای ئەم جۆرە هەڵوێستە یەك رەگییە، ناتوانین ئەم پرسیارە بێنینە بەر باس کە ئایا فلانە بزاڤی چاکسازی هەق یان پووچەڵ (یان باشە یان خراپە )، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە ئەم پرسیارە پەیوەست بکرێ بە بزاڤێکیتر و بە ئاراستەی پێچەوانە بخرێتە روو. کەواتە، تەنیا دەتوانین بپرسین کە دواجار کام یەك لەم دوو بزاڤە پێچەوانەیە توانیویەتی نیشاندەرەکانی خۆی وەك فاکتی کۆمەڵایەتی یان سیاسی یان مێژوویی تۆمار بکات. یا خود بەشێوەیەکیتر، ئەو فەلسەفەی روون کرایەوە ـ واتە هەوڵدان بۆ "بەرزتربوونەوە" لە دوالیزمی نێوان فاکت و نیشاندەرەکان لە پێناو دروستکردنی سیستەمێکی یەك رەگ و ئەفراندنی جیهانێك کە تەنیا



واقیعیات لە خۆ بگرێ ـ ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە نیشاندەرەکان لەگەڵ زۆرە ملی و هێزی هەنووکەیی یان هێز و زۆرە ملی ئایندە بە یەك شت لە قەڵەم بدەین وسەرئەنجام بە رێبازی پۆزتیڤیستی لە ئەخلاقدا کۆتایی دێت یان بە مێژووگەرایی، هەروەك لە بەشی بیست ودووەمی ئەم کتێبەدا شیتەڵمان کرد.

## ١٧ـ دیسان هێگل

ئەو بەشەی بۆ هێگلم تەرخانکردووە بە توندی کەوتووە ژێر رەخنەوە. زۆربەی ئەو رەخنانە بۆ من شیاوی قبوڵکردن نین، چونکە بەرسڤێك نین بۆ رەخنە سەرەکییەکانی من لەهێگل. قسەی من ئەوە بوو کە ئەگەر فەلسەفەی هیگڵ لەگەڵ فەلسەفەی کانتدا بەراورد بکرێ (هێشتا هێنانی ناوی ئەم دووانە لەگەڵ یەکتری، بە بڕوای من سووکایەتی کردن بە پیرۆزییەکانە) هێمای داڕووخانی ترسناکی راستگۆیی ودلسۆزی هزرییە وهەر بەم هۆیە نابێ بەڵگەخوازییە فەلسەفییەکانی هێگل بە جدی وەربگرین وفەلسەفەکەی، بە وتەی کنراد هایدن، یەکێك لە فاکتەرە بنەڕەتییەکانی سەرهەڵدانی (سەردەمی ناڕاستی و تەزویری هزری ) بووە وپانتاییەکی بۆ "خیانەتی رۆشنبیران"[٣٠] لە سەردەمی ئێستادا خۆشکردووە کە تا ئێستا یارمەتی هەڵگیرسانی دوو جەنگی جیهانی کردووە.

نابێ ئەوەمان لە بیر بچێت کە من ئەو کتێبەم بۆ بە جێگەیاندنی پشکی خۆم لە هەوڵدان بۆ سەرکەوتن لە جەنگدا نووسیوە و لەبەر ئەوەی پێموابووە کە هیگڵ و هیگڵییەکان بەرپرسیاری گەلێ لەو رووداوانە بوونە کە لە ئەڵمانیادا روویاندا، هەستم دەکرد لە ئاست پلەوپایەی فەیلەسووفێك دەبێ دەریبخەم کە ئەم فەلسەفەیە، فەلسەفەیەکی درۆزنانە بووە.

ئەو پرەنسیپەی لەو کاتەدا ( رەنگە لە ژێر کاریگەری شوپێنهاوەردا) بە گەشبینییەوە وەك بەڵگە نەویست سەیرم دەکرد ئەوەبوو کە واقیعییەتی رووتی جەنگ پەردە لەڕووی ماهییەتی یاریچییەتی رۆشنبیران ـ یوەك رێژەگەراکان ـ هەڵدەماڵێت و ئەم داهۆڵە وشەییە ون دەبێت. رەنگە زەمەنی نووسینی ئەم کتێبە بووبێتە هۆکاری بڕواهێنانم بەم گریمانەیە. بەڵام دواتر دەرکەوت لە ڕادەبەدەر گەشبین بوومە. وەك دیارە زۆربەی ئەو کەسانەی رەخنەیان لێگرتوومە،

٣٠. ئاماژەیە بۆ کتێبە بەنرخەکەی ژولین بێندا:
Julien Benda, La Trahison des clercs.

بە شێوەیەكی ئەوتۆ گریمانەی راستی یەكێك لە فۆرمە جۆراجۆرەكانی رێژەگەرایی ـ یان كردووە، كە بڕوایان بەوە نەكردووە من بە راستی رەفزم كردبێتەوە.

دان بەوە دادەنێم كە لە هەمبەر هەندێ پێشهاتدا بە هەڵەدا چووم. بەرێز رۆدمەن[٣١] لە زانكۆی هارڤاردەوە ئاماژەی بەوە كردووە كە لە جێگایەك دەبوایە لە جیاتی "دوو ساڵ" نووسیبام "چوار ساڵ" و جگە لەمە، لە بەشی ناوبراودا چەند هەڵەیەكی گرنگتر ـ هەرچەندە نائاشكراتر ـ یش هەیە و بە بڕوای ئەو، " هەندێ مەبەستی پەنهان " خستنە پاڵ هێلگەوە لە رووی مێژووییەوە پاساوی بۆ ناهێنرێتەوە.

ئەم جۆرە هەڵانە هەرچەندە بۆ مێژوونووسی لە من باشتریش هاتۆتە پێش، بە هەر حاڵ جێگای داخە. بەڵام ئەو پرسیارەی گرنگی راستەقینەی هەیە ئەوەیە كە ئایا ئەو هەڵانە هیچ كاریگەرییەكان لە سەر هەڵسەنگاندنەكەی من لە مەڕ فەلسەفەی هێگل و دەرئەنجامە كارەساتاوییەكەی هەبووە ؟

وەڵامی من ئەوەیە كە كاریگەری نەبووە. ئەوەی بۆتە هۆكاری دروستبوونی بیروبۆچوونی من لە سەر هیگڵ، فەلسەفەكەی بووە نەك ژیاننامەكەی. من هێشتا سەرم سوڕماوە كە چۆن هەندێ فەیلەسووفی خاوەن ڕا لەو هێرشە تێكەڵ بە گاڵتەیەی من بۆ سەر ئەو فەلسەفەیەی كە تا ئێستاش نەمتوانیوە بە جدی وەربگرم، تووڕە بوونە. هیوادابووم جووڵەی توند و وروژێنەر و زمانی پڕ لە گاڵتەی ئەو بەشەی لە مەڕ هیگڵ نووسیبووم، مەبەستەكەم بگەیەنێت و لایەنی گاڵتەجاڕانەی ئەم فەلسەفە هەڵبەتە بە بڕوای من، پووچ و ترسناكە ئاشكرا بكات.

هەموو ئەم خاڵانە لە كتێبەكەمدا بە تەواوەتی روون و ئاشكرایە، وێڕای ئەم خاڵە كە نەدەرفەت هەبووە و نەحەزم كردووە، كاتێكی بێسنوور بۆ توێژینەوەیەكی قووڵ لە هەمبەر بەسەرهاتی فەیلەسووفێك تەرخان بكەم كە لە بەرهەمەكانی بێزارم. لە نووسینەكەی من سەبارەت بە هێگل گریمانەكەم لە سەر ئەوە بووە كە كەم كەس هەیە بە جدی وەربگرێت. ئەگەر چی رەخنەگرە هێگلییەكانم لە شێوازی كاركردنی من تێنەگەیشتوون و هزری ترسناكیان شادمان نەبووە، بەڵام هێشتا هیوادارم هەندێ لە خوێنەران لە تەنزی بابەتەكە تێگەیشتبن. بەڵام هەموو ئەمانە بە بەراورد كەم بایەخن. ئەوەی گرنگی هەیە ئەویە كە ئایا تێروانینی من

31. H. N. Ridman.



لەسەر هێگل بە جێ بووە یان نا و ئەوەی ئێستا گەرەكمە بینووسم لەپێناو یارمەتیدان بۆ روون بوونەوەی وەڵامی ئەم پرسەیە.

❋ ❋ ❋

پێموایە زۆربەی هێگلییەكان دان بەوە دادەنێن كە یەكێك لە پاڵنەر و نیازە سەرەكییەكانی هیگڵ ئەوە بووە كە جێگرەوەیەك بۆ بڕواهێنان بە دووالیزمی نێوان فاكت و نیشاندەرەكان پەیدابكات كە لە كانتەوە سەرچاوەی دەگرت و بناغەی فەلسەفەی لیبرالیزم و ریفۆرمیزی كۆمەڵایەتی بوو ((بەرزێتی لێبخوازی)).

بەرزتر بوونەوە لە دوالیزمی نێوان فاكت و نیشاندەرەكان، ئامانجی سەرەكی فەلسەفەی شووناسی {ئەمئەوەكی} هیگڵە، بەو مانایە كە، بە پێی بانگەشەی ئەو، شتی مەعنەوی یان ماقووڵ هەمان شتی وەراستگەڕاو یان هەنووكەییە و هەركەس هێزی هەبێت لە سەر هەقە. هەموو نیشاندەر و پێڤانێك ماهییەتی مێژوویی هەیە و یەكێكە لە واقیعیەتەكانی مێژوو : قۆناغێكە لە رەوتی پەرەسەندنی عەقڵ و پەرەسەندنی عەقڵیش یەكسانە بە پەرەسەندن وئاشكرابوونی شتە مەعنەوی یان ماقووڵ و دۆخە وەراستگەڕاو یان هەنووكەییەكان. هیچ شتێك بوونی نییە تەنیا ئەوە نەبێت كە واقعییە و هەیە، دواجار بەشێك لە واقیعیەتە كۆمەڵایەتی یان مێژووییە هەنووكەییەكان لە هەمان كاتدا نیشاندەر و پێڤانیشن.

بەڵگە خوازی هێگل لە بنەڕەتدا هەمان ئەو بەڵگەخوازییەیە كە لە پاژی پێشوودا ئاماژەمان بۆ كردو رەخنەمان ئاراستە كرد، ئەوەندە نەبێت هێگل بە شێوەیەكی لە ڕادەبەدەر ناڕوون و بەستەزمان و بەرواڵەت لە سەر هەق خستوویەتە ڕوو. قسەی من ئەوەیە ئەم فەلسەفە ئەمئەوەكییە (شوناسییە) (سەرەڕای هەندێ ئاماژەی "پێشكەوتنخوازانە"و مەیلێكی نەرم بەرەو تەڤگەرە "پێشكەوتووەكان" كە لەوێدا هەن، رۆڵێكی سەرەكی هەبووە لە رووخاندنی بزاڤی لیبرالیزم لە ئەڵمانیاو ئەوەمان لە بیر نەچێت ئەوە هەمان ئەو بزاڤە بوو كە بەئیلهام وەرگرتن لە فەلسەفەی كانت، بیرمەندی هێژای وەك شیلەر و ویلهلم فون هومبولتی دروستكرد كە نموونەیەك لە كارە گرنگەكەیان **ناميلكەيەك بۆ دياريكردنی سنووری دەسەڵاتی دەوڵەتە**[٣٢]، لە نووسینی هومبولت.

32. Wilhelm Von Humboldt, Essay toward the Determination of the limits of the powers of the state.

ئەمە یەکەمین وسەرەکیترین تۆمەتی منە دژی هێگل. تۆمەتی دووەم کە بە بڕوای من لە پاڵیەتی وپەیوەندی نزیکی لەگەڵ تۆمەتی یەکەمدا هەیە، ئەوەیە کە فەلسەفەی شووناسی (ئەمئەوەکی) ئەو بە هۆی یارمەتیکردن و بەبنچینە دانانی مێژوو و بە یەك شت ژماردنی هێز و هەق،   بۆتە هۆی هاندانی شێوازی هزری ستەمکاری و تۆتالیتاریزم .

سێیەمین تۆمەتی من لە هەمبەر هێگلەوە ئەوەیە کە بەڵگەخوازییەکان (هەرچەندە پێویستی بە هەندێ ناسکی و وردبینی هەبووە، بەڵام بە جۆریك نییە کە نەکرێ لە فەیلەسووفێکی گەورە چاوەڕوان بکرێت) تەژییە لە هەڵە و فرتوفێڵی لۆژیکی و رووالەتەکەی بۆ تۆقاندنی خوێنەر رازێنراوەتەوە. هیگڵ بەم کارەی نەك هەر پێوەرەکانی بەرپرسیاری و راستگۆی هزری لاوازکردووە و دابەزاندووە، بەڵکو بۆتە هۆکاری سەرهەڵدانی فەلسەفە ستەمکارییەکان و لەمەش خراپترە، ورەی بیرمەندەکانی سستکردووە بۆ وەستانەوە لە بەرانبەر ئەم جۆرە فەلسەفانەدا.

ئەمە بوو بەشێکی سەرەکی نارەزایەتی من لە هەمبەر هێگل و پێموایە لە بەشی دوازدەهەمی ئەم کتێبەدا بە چەشنێکی تا ڕادەیەك روون دەربڕدراوە. هەڵبەتە بێگومان پرسی سەرەکی، واتە فەلسەفەی شووناسی یان یەکێتی نێوان فاکت و نیشاندەرەکان بەو جۆرەی کە پێویست بوو (لەو بەشەدا) شیکردنەوەم لە سەر نەکردووە. بەڵام هیوادارم لەم پاشکۆیەدا ئەم کەمایەسیەم بۆ ئەو کەسانە قەرەبوو کردبێتەوە کە هێگل زیانی پێگەیاندوون (نەك بۆ خودی هیگڵ ).

## ١٨ـ دەرئەنجام

تەنانەت ئێستا کە کتێبەکە بەرەو کۆتایی دەچێت، دیسان وەك هەمیشە ئاگاداری کەموکوڕییەکانیم. ئەم کەمایسیانە، لە لایەکەوە لە پانوبەرینی کتێبەکەوە سەرچاوە دەگرن کە لە سنووری هۆگری پسپۆڕی من تێدەپەڕێت و لە لایەکی دیکەوە، ئاکامی خلیسکان خوازی خودی خۆمە. لە خۆڕانییە(لە فەلسەفەی خۆمدا) خلیسکان خوازیم کردووە بە بنچینە. بەڵام سەرەڕای ئەوە کە زۆر بە توندی ئاگادارم لەو خاڵە کە من وەك تاکێك دەشێ بخزم (خلیسکان خوازم ) وتەنانەت ئەوەی ئێستاش گەرەکمە بیلێم ریزپەڕنییە لەم ڕیسایە، وەلێ باوەڕێکی پتەوم بەوە هەیە ئەگەر فەیلەسووفی کۆمەڵایەتی پرەنسیپی خلیسکان خوازی وەبەرچاو بگرێ، گەلێ سوودی پێدەگات. ئەگەر بڕوا هێنان بە خلیسکان خوازی هاوجووت بێت لەگەڵ رەخنە و هەڵسەنگاندن (و پێشکەوتن خوازی)، لە بەر ئەوەی چۆنایەتی لە خودی خۆیدا رەخنەگری و



هەر بۆیە، خەسڵەتی شۆڕشگێڕانەی بیرکردنەوەی مرۆڤ، وەبەرچاو دەگرێ و ئەوە قبووڵدەکات کە مرۆڤ زۆر زیاتر لە کۆکردنەوەی زانیاری پەند لە هەڵەکانی خۆی وەردەگرێت ولە لایەکی ترەوە، بۆی دەردەکەوێت کە کەم تا زۆر هەموو کێشە و چاوگە (بێ ئوتوریتەکانی ) هزری ئێمە رەگ و ریشەیان لە نێو نەریت دایە و دەتوانین بڵێین هەمیشە نەریتەکان دەخرێنە ژێر رەخنەلێگرتنەوە، روانگەیەك دەخاتە بەردەستمان کە نەك هەر بۆ هەڵسەنگاندنی نەریت، بەڵکو بۆ هەڵسەنگاندنی بیرکردنەوەی شۆڕشگێڕانە یەکجار زۆر پێویستە و لە پێداویستییەکانە. هەروەها بڕوا هێنان بە خلیسکان خوازی دەریدەخات کە بیرکردنەوە ئەرکی سەرشانیەتی لە جیاتی توندوتیژی و جەنگ، لە رێگای دیالۆگ و رەخنەگرتنەوە شۆڕش هەڵبگیرسێنێ. نەریتی بە نرخی عەقلانیەتی رۆژئاوا وا دەخوازێ کە بە رمی وتە بچینە جەنگەوە نەك بە شمشێر.

شارستانیەتی ئێمە لە رۆژئاوا هەر لەبەر ئەمە لە خودی خۆیدا خوازیاری پلورالیزم و رەنگاورەنگییە، هەربەم هۆیەوەیە کە ئامانجە کۆمەڵایەتییە یەکپارچە و یەك رەگەکان بە نرخی مەرگی ئازادی ـ هەم ئازادی بیروڕاو هەم ئازادی خواستی حەقیقەت ـ کۆتایی دێت و مەرگی ئازادی بە مانای مردنی عەقلانییەت وشەرەفی مرۆڤە.

# ٢

## پەرتووکی شوارتس شیلد سەبارەت بە مارکس[(١)]

چەند ساڵێك دوای نووسینی ئەم کتێبە، لەگەڵ پەرتووکی لیۆپۆلد شوارتس شیلد سەبارەت بە مارکس، لە ژێر ناوی پرۆسیی سوور[(٢)]، ئاشنا بووم (وەرگێڕانی ئینگلیزی (لەندەن ١٩٤٨) بە پێنووسی مارگارت وینگ[(٣)]). لای من جێگەی گومان نییە کە شوارتس شیلد بە چاوی دژایەتی و تەنانەت دوژمنایەتیش سەیری مارکس دەکات و بە زۆری بە خراپترین شێوە وێنەی روخساری مارکس دەکێشێت. بەڵام هەرچەندە ئەم کتێبە هەندێ جار لە ئینساف دووردەکەوێتەوە، لێ هەڵگری هەندێ گەواهی وبەڵگەیە- بە تایبەتی لە سەر بنەمای نامە گۆڕینەوەی مارکس و ئینگڵس- کە دەریدەخات مارکس بەو چەشنەی لە کتێبەکەی مندا وێناکراوە مرۆڤدۆست و عاشقی ئازادی نەبووە. شوارتس شیلد بە پیاوێکی ئەوتۆ وەسفیدەکات کە بە زۆری "پرۆلیتاریا"ی وەك ئامرازێك بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجە تاکەکەسییەکانی خۆی لە قەڵەمداوە. سەرەڕای ئەوەی رەنگە ئەو بەڵگانەی پشتیان پێبەسراوە بەس نەبێت بۆ تێگەیشتنێکی وەها توندوتیژ، بە هەر حال دەبێ دان بەوە دابنێین ئەوەی خراوەتە روو زۆر تەزێنەرە.

---

١. ئەم پاشکۆیە لە ساڵی ١٩٦٥ زیادکراوە.

2. Leopold schwazschild ,the red Prussian
3. Margaret wing

# ئاماژەی وەرگێڕی فارسی

...ئەوەی لە لاپەڕەکانی دواتردا دەخرێتە بەر چاوتان، دیمانەیەکە کە براین مەگی لەساڵی ١٩٨٦ دا لەگەڵ پۆپەر ئەنجامیداوە و لەڕووی کۆکردنەوەی بیرۆکەکانی پۆپەر زۆر بەنرخە، بەتایبەتی‌لەم لایەنەوە کە پەیوەندی نێوان بۆچوونەکانی لە لۆژیك و فەلسەفەی زانست (کە لەڕاستیدا بواری پسپۆڕی خۆیەتی ) لەگەڵ بیرو باوەڕەکانی لە فەلسەفەی سیاسیدا روون دەکاتەوە... دەقی ئەم دیمانەیە لە کتێبی **فەلسەفەی مۆدێرنی بەریتانیا**[1]، پیاچوونەوەی براین مەگی، بڵاوکراوەتەوە.

1. Moden British philosophy, ed. Brayan Magee, oxford university press , 1986, pp. 88 -107.

**مەگی:** کارل پۆپەر لە ساڵی ١٩٠٢لە ڤییەننا لە دایك بووە و تا بەر لە سی ساڵی هەر لەم شارە ژیانی بەسەر بردووە. هەرگیز ئەندامی بازنەی ڤیەننا نەبووە، ئەگەر چی لەگرنگیدان بەزۆربەی پرسەکان لەگەڵیاندا هاوڕابوو بەلاّم لەتەك بنچینەی بیر و باوەڕەکەیان داکۆك نەبوو.تەنانەت ڕەنگە بتوانین بڵێین یەکەمین کتێبی خۆی Logik der forchung. کە ڕەنگە بشێت ناونیشانەکەی بەم جۆرە وەربگێڕین: "لۆژیکی توێژینەوە" دژی بازنەی ڤیەننا نووسراوە. ئەم کتێبە لەپاییزی ١٩٣٤{بە ئەڵمانی} بلاّو کرایەوە بەلاّم بەداخەوە چارەکە سەدەیەکی خایاند (تا لە ژێر ناوی **لۆژیکی دۆزینەوەی زانستی**) وەرگێڕدرایە سەر زمانی ئینگلیزی. من خۆم ناتوانم لەم هەستە خۆم ببوێرم کە ئەگەر ئەم کتێبە زووتر وەرگێڕدرابووایە سەر زمانی ئینگلیزی، لەوانەبوو فەلسەفەی ئەم نەوەیەی ئینگلتەرا جیاوازی هەبووایە.

پۆپەر ساڵی ١٩٣٧ڤییەننای بەجێ هێشت و ساڵەکانی جەنگی {دووەمی جیهانی} لە نیوزلاند بەسەر برد و لەوێ **کۆمەڵگای کراوە و دوژمنەکانی** نووسی کە بوو بە هۆی بلاّوبوونەوەی ناوبانگی لە جیهانی ئینگلیزی زماندا. **کۆمەڵگای کراوە** پەرتوکێکی بە ناوەڕۆك و بەهێزە کە بەپشتبەستن بە بەنگەی بەهێز داکۆکی لە دیموکراسی دەکات لە بەرانبەر تۆتالیتاریزم داو رووبەرووی گەورەترین نەیارە **فەلسەفییەکانی** دیموکراسی ، واتە بە شێوەیەکی سەرەکی ئەفلاتوون و مارکس دەبێتەوە. وێرای **کۆمەڵگای کراوە**، پۆپەر زنجیرەیەك وتاری لە مەڕ میتۆدەکانی زانستە کۆمەلاّیەتییە تیۆریکەکان بلاّو کردەوە کەدواتر لەدووتوێی کتێبێکی بچووکتر بەناوی هەژاری (کلۆڵی) مێژووییەتی چاپکراو رەنگە وەك بەدواداچوونێکی **کۆمەڵگای کراوە** بژمێردرێت. هەر بەم چەشنە، **حەدسیات و رەدیات**-یش کە لە ساڵی **١٩٦٣** بلاّو کراوەتەوە دەشێت وەك بەدواداچوونێك بۆ کتێبی یەکەمی پۆپەر، واتە **لۆژیکی دۆزینەوەی زانستی** لەقەڵەم بدرێت کە تۆوی بیرۆکەکانی تێدا چاند. پۆپەر لە ساڵی **١٩٤٥** بوو بە هاولاّتی ئینگلتەرا و لەو کاتەوە تا ساڵی ١٩٦٨کەوەك ئوستازی لۆژیك و میتۆدی زانستی خانەنشین



کرا، ئەندامی دەستەی زانستی کۆلێژی ئابووری و {زانستە سیاسییەکانی زانکۆی} لەندەن بوو: بەلاّم لە سەردەمی خانەنشینیشدا خامەکەی بەردەوام بەرهەمی بە پێزو دەوڵەمەندی پێشکەش کردووە.

❊ ❊ ❊

سێرکارل، من لەو گفتوگۆیانەی کە پێشتر بەیەکەوە کردوومانە، دەزانم بەڕای تۆ، فەیلەسووف بوون شتێکە دەبێ لە هەمبەریەوە داوای لێبووردن بکرێت، دەکرێ پێمان بیژن بۆچی؟

**پۆپەر:** بەڵێ، راستە. بۆ من مایە سەربەرزی نییە کە پێم بڵێن فەیلەسووفە.

**مەگی:** قسەیەکی سەیرە. بۆچی ئەم قسەیە دەکەی؟

**پۆپەر:** لە مێژووی دوور و درێژی فەلسەفەدا، ژمارەی ئەو بەڵگەخوازییە فەلسەفییانەی دەبێتە هۆی شوورەیی و شەرمەزاری من ، زۆر زیاترن لەو بەڵگەخوازییە فەلسەفییانەی مایەی شانازی منە.

**مەگی:** بەلاّم گومانی‌تێدا نییە کە پێتانوایە فەیلەسووف بوون ئەگەر مایەی شانازیش نەبێت، لانیکەم شایستەی ئەو زەحمەتەیە.

**پۆپەر:** لانیکەم پێموایە دەتوانم بیانوویەك بۆ ئەم کارە بێنمەوە ـ شتێکی وەك پاساو هێنانەوە بۆ بوونی فەلسەفە یان بەڵگەیەك بۆ ئەوە کە بۆچی بیرکردنەوە لە مەڕ فەلسەفە پێویستە.

**مەگی:** دەتوانن پێمان بڵێن ئەم بەڵگەیە چییە؟

**پۆپەر:** ئەوەیە کە هەموو کەس دواجار فەلسەفەیەکی هەیە: هەموومان ـ من ، تۆ ، هەموو کەسێك جا چ ئاگادار بین یان نا، گشتمان وەك بەڵگەنەویست سەیری گەلێ لە شتەکان دەکەین.

بە زۆری ئەم گریمانە هەڵنەسەنگێنراوانە خەسڵەتی فەلسەفەییان هەیە. هەندێ جار ڕاستن، بەلاّم زۆربەی کاتەکان ئەو فەلسەفانەی بڕوامان پێیان هەیە ناڕاستن. بەزۆری تەنیا لەم ڕێگەیەوە دەتوانین پەی بەوەببەین کە ئێمە لە سەر هەقین یان نا ئەگەر بێتو ئەو فەلسەفانەی کە بەبێ هەڵسەنگاندن وەك بەڵگەنەویست گریمانەیان دەکەین ، بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە بخەینە ژێر تاوتوێ کردنەوە، بە رای من، ئیشی فەلسەفە و بەڵگەی بوونەکەی هەر ئەم پێداچوونەوە رەخنەییەیە.

**مەگی:** دەتوانی ئاماژە بە چ بەڵگەیەك بکەیت لە ئارمانجە فەلسەفییە هەڵنەسەنگێنراوە هاوچەرخەکان کە پێویستی بە پێداچوونەوەیەکی هەڵسەنگێنراوانەو ڕەخنەگرانە بێت؟

**پۆپەر:** یەکێك لە جۆرە زۆر باوەکانی ئەم فەلسەفانە، ئەم بیروباوەڕەیە کە هەرشتێکی"خراپ" کە لەکومەڵگادا روو دەدات —هەندێ شتی وەك جەنگ و هەژاری و بێکاری کە ئێمە نەفرەتیان لێدەکەین حەتمەن دەبێ بەرهەمی جۆرە نیاز خراپی یان گەلاڵەیەکی شووم بێت،حەتمەن کەسێك بە "ئەنقەست" دەستی لەدروست کردنی دابووە و نیازێکی هەیە و هەڵبەتە حەتمەن یەکێك سودی لێوەردەگرێت. من ناوی ئەم گریمانە فەلسەفییەم ناوە تیۆری کۆمەڵایەتی پیلانگێڕی.دەشێت ڕەخنە لەم بیروباوەڕە بگیردرێت و بەڕای من، دەتوانین ناڕاستیەکی دەربخەین. لەکۆمەڵگادا گەلێ ڕووداو روودەدەن کە دەرەنجامی نائەنقەست و پێشبینی نەکراوی کردووەکانی خۆمانە.

تیۆری کۆمەڵایەتی پیلانگێڕی یەکێك لەو پۆلە فەلسەفە هەڵنەسەنگێنراوانەیە کە پێویستی پێداچوونەوەیەکی هەڵسەنگێنەرانە دێنێتە ئاراوە و بەرای من،پیانوویەکە بۆ بوون بە فەیلەسوف. ئەم فەلسەفە ناڕاستانە زۆرباون و دواجار دەبێ کەسێك بیانداتە بەر رەخنەو توێژینەوە.

**مەگی:** دەتوانی ئاماژە بە بەڵگەیەکی دیکەش بکەیت؟

**پۆپەر:** بەڵگە و نموونە زۆرە .دەتوانین فەلسەفیەکی زۆر زیانبەخش و وێرانکەر لە قاڵبی ئەم چەند وشەیەدا فۆرمۆلبەندی بکەین: "بەرژەوەندی ئابووری یان سیاسی هەموو کەسێك دەبێتە هۆی هاتنە ئارای بیروبۆجونەکانی" ئەم کەسەی لەسەر ئەم بڕوایەیە، بەزۆری تەنیا لەهەمبەر نەیارەکانی بەکار دێنێت و ئێژێ: "ئەگەر ئێوەش بڕواتان بەم بۆچوونانە نەبێت کە من بڕوام پێیان هەیە،بێگومان کەوتوونەتە ژێر پاڵنەری شوومی ئابوورییەوە." خراپترین کەموکورتی ئەم جۆرە فەلسەفەیە ئەوەیە کە قبوڵ کردنی دیالۆگی جدی نامکین دەکات و بە نەمانی حەز و هۆگری بۆ دۆزینەوەی حەقیقەتی شتەکان کۆتایی دێت، چونکە خەڵك لە جیاتی ئەوەی بپرسن "حەقیقەتی ئەم بابەتە چییە؟" تەنیا ئەم پرسیارە دەکەن "پاڵنەری ئێوە چییە؟" و ئاشکرایە ئەم پرسیارە گرنگی و مانایەکی ئەوتۆی نییە.



هاوچەشنی ئەم فەلسەفە، کە ئەویش زیانبەخش و وێرانکەرە و جگە لەمە ئێستا برەوێکی زۆری سەندووە ، دەتوانین بەم جۆرە فۆرمۆلبەندی بکەین: "دایالۆگی عەقلانی تەنیا دەشێت لە نێوان ئەو کەسانە دا بکرێت کە لە مەڕ پرەنسیپە بنەماییەکاندا کۆك و هاوڕان" ئەو کەسانەی ئەم دۆزە پەسند دەکەن، لە هەمان کاتدا بڕوایان بەمە هەیە کە وتوویژی عەقلانی لە مەڕ پرسە بنەماییەکان محاڵە. هەندێ جار بۆ داکۆکی کردن لەم فەلسەفەیە ئێژن :"تەنیا بە مەرجێك دەتوانین لە دیالۆگێکی عەقلانیدا هیوامان بەوەدەستهێنانی هاوڕایی بێت کە سەرەتا چوارچێوەیەکی بەرین و هاوبەشی گریمانەکان قبوڵ بکەین".

بە ڕواڵەت ئەم فەلسەفەیە زۆر دڵگیر و ژیرانەیە بەڵام بەرەنجامی تۆقێنەری لێدەکەوێتەوە، چونکە مرۆڤ وەك گرووپی جۆراو جۆر __ واتە گرووپە کەلتووریەکان ـ کە جگە لە جەنگ ناشێ هیچ شتێکی تریان لەنێواندا بێت ، لەبەر یەك هەڵدەوەشێنێ. لێ سەرەڕای ئەوەی فەلسەفەیەکی خراپە ، بەڵام ناتوانین تەنیا لە ماوەی چەند خولەکێکدا پووچەڵیەکەی بسەلمێنین . بە هەر حاڵ ، بە ڕای من ، بوون و برەوە لە ڕادە بەدەرەکەی، لە خودی خۆیدا یەکێکە لە بیانووەکانی بوون بە فەیلەسووف.

**مەگی:** کەواتە، تێزەکەتان ئەوەیە کە ئێمە هەموومان بەو واتایە کە بڕوامان بە بیر و بۆچوونی فەلسەفی هەیە و ئەم بۆچوونانە دەخەینە قاڵبی پراکتیکیشەوە، بە کردەوە فەیلەسووفین . بەڵام بە زۆری ئاگامان لەوە نییە کە لەڕاستیدا ئەوەی ئەنجامی دەدەین، قبوڵ کردنێکی هەڵنەسەنگێنراوانەی ڕاستی (صدق) فلانە تیۆرە.

**پۆپەر:** بەڵێ.

**مەگی:** جگە لەمە، دەڵێیت هەندێ لەم تیۆرانە ڕاستن و ئەوانی تر نەك هەر چەوت (خگأ) بەڵکو زیان بەخشیشن. هەروەها پێتانوایە کاری ڕاستەقینەی فەلسەفە پێداچوونەوەیەکی هەڵسەنگێنەرانە و ڕەخنە گرانەی حوکمە پێشوەختە فەلسەفییەکانە کە زۆربەی کاتەکان بە شێوەیەکی ناخودئاگایانە بڕوایان پێدەهێنین و لە کاتی پێویستدا دەبێ ئەم پێشداوەرییانە ڕاست بکەینەوە.

**پۆپەر:** رێك وایە، وێڕای ئەمە حەز دەکەم ئەمەش زیاد بکەم کە بە بۆچوونی من، پێویستی ڕاستکردنەوەی وتەی فەیلەسووفە پیشە گەرەکان {نا ئازادەکان} بە تەنیا بیانوویەکی بەجێ نییە بۆ بوونی فەلسەفە.

**مەگی:** ئەم ڕێك خاڵی پێچەوانەی بۆچوونی (جەی. ئی) مۆرە کە لە شوێنێکدا دەڵێت بوونی دونیا بەتەنیایی پرسێك بۆ من ناخاتە ڕوو تا لەم رووەوە بمەوێت خەریکی فەلسەفاندن بم. تەنیا بەهۆی وتە بۆ قبووڵکردن نەشیاوەکانی فەیلەسووفەکانی تر بوو، بووم بە فەیلەسووف.

**پۆپەر:** من پێموایە ئەم بۆچوونە گیرۆدەبوونی فەلسەفەی لێدەکەوێتەوە لە ناو گەرووی ئەو هزرانەی لە بەشێکی پسپۆڕی سنووردارەوە سەرچاوە دەگرن و لە سەر بنەمای نموونەی زانستە نوێیەکان، فەلسەفەش بەرەو پسپۆڕی پەرستیپەلکێش دەکەن، ئەوە لەکاتێك دایە کە دەتوانین لە خودی زانستەکانیشدا بەڵگەی بەهێز وەربگرین بۆ ڕەدکردنەوەی ئەم جۆرە پسپۆڕی گەراییە کە ئێستا بووەتە مۆدێل. بۆ رەدکردنەوەی پسپۆڕی گەرایی لە فەلسەفەدا تەنانەت بەڵگەی بەهێزتریش لە ئارادایە.

**مەگی:** باسی زانستە نوێیەکانت کرد ـ پێموایە خۆشتان تا ڕادەیەك زانستەکانت خوێندەوە، ئایا وا نییە؟

**پۆپەر:** بەڵێ، من بە ماتماتیك و فیزیك دەستم بە خوێندن کرد و یەکەمین پیشەم لە وانەوتنەوە، مامۆستای دواناوەندی ئەم دوو وانەیە بووم. بەڵام هەرگیز پسپۆڕ نەبوومە و هەمیشە سەبارەت بەو شتەی لە هەموویان زیاتر حەزم لێدەکرد ئیشم دەکرد. لەفیزیکدا ئاماتۆر {بە حەز و خولیا} بووم و هیچ کاتێ نەبووم بە پیشەکار. ئەو تێزەی بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی وانە وتنەوەی ماتماتیك نووسیم ، سەبارەت بە پرەنسیپە دانراوەکانی ئەندازیاری بوو و دواتریش مادەیەك لەسەر پرسی پرەنسیپی بە مەوزووعی کردنی تیۆری ئەگەرەکان کارم کردووە.

**مەگی:** ئایا ئەمە تەوەری بەشی توێژینەوەی جەنابت بووە؟

**پۆپەر:** بە تەواوی ناتوانم بڵێم ئەمەیە، رەنگە باشتربێت بێژم کە تەوەری لێکۆڵینەوەکانم ، میتۆد گەلی زانستەکان و بەتایبەتی فیزیکی نوێ بووە یان وەك ئەمرۆ پێی دەڵێن فەلسەفەی زانست. بەڵام حەزم لەگەڵێ شتی تریشە.



**مەگی:** چ بیرۆکەیەك تەوەری یەکەمین کتێبت، واتە کتێبی لۆژیکی توێژینەوەی زانستی، پێك دێنیٚ؟.

**پۆپەر:** پێموایە بیرۆکەی سەرەکی ئەوە بوو کە بەوەبەر چاو گرتنی تیۆری نوێی ئەنشتاین سەبارەت بە تاوان، هەموو شرۆڤەکانی ڕابردوو لەمەڕ سووڕانی ئیشی زانستەکان و ماهییەتی مەعریفەی زانستی، هەڵە بووە.

**مەگی:** چۆن؟

**پۆپەر:** ئەو کات بەزۆری پێیانوابوو زانست یان مەعریفەی زانستی وەك جۆرە مەعریفەیەکی دڵنیا یان جۆرە مەعریفەیەکی <u>یەقینییە</u> و دەرەنجامی بینین و ئەزموونە. بە جۆرێکی تر، بینین و ئەزموون بەرەو فۆرمۆلبەند کردنی گریمانە پەلکێشمان دەکەن. پاش ئەوەی ئەم گریمانەیە چەندان جار تاقیکرایەوە، وەك تیۆری زانستی تۆمارکراو یان جێگیربوو قبولْ دەکرێت. ئەمە کورتەی ئەم بیر و باوەڕە پەسند کراوە بوو، بەڵام من بۆم دەرکەوت بە هۆی ئەو گومانەی ئەنشتاین سەبارەت بەتیۆری نیوتن خستوویەتە ڕوو، ئیدی ئەم بیر و باوەڕە پەسندکراوە، بۆ داکۆکی کردن ناشێت، ئەوە لەکاتێکدایە کە تیۆرەکەی نیوتن سەرکەوتووترین وگرنگترین تیۆرە کە تائێستا پێشنیار و قبووڵ کراوە.

**مەگی:** بۆچی ئەم پلە تایبەتە بە تیۆرەکەی نیوتن دەبەخشێت؟

**پۆپەر:** نیوتن یەکەمین کەس بوو کە شتێکی لە هەمبەر ئەو جیهانەی تێیدا دەژین تێگەیاندین. بۆ یەکەمین جار بەڵگەیەکی بهێزمان کەوتە بەر دەست تا پێمان وابێت ئەو تیۆرەی هەمانە راستە. تیۆری نیوتن ئەو هەلەی بۆ رەخساندین کە سەبارەت بە جۆرە نوێیەکانی دیاردەکان- وەك لادان لەیاساکانی کۆپلەر- تێرو تەسەل ترین پێشبینییەکان بخەینە ڕوو، ئەم پێشبینیانە تەنانەت لە بۆتەی وردترین تاقیکردنەوەکانیشدا سەرکەوتنن بەدەستهێنا.

هەڵبەتە گەورەترین سەرکەوتنی تیۆرەکەی نیوتن، دۆزینەوەی هەسارەی نیپتۆن بوو و هەر ئەمە بووە هۆی ئەوە کە سەرکەوتن جێگای مەترسی شکست بگرێتەوە.

**مەگی:** دەکرێ هەندێ زیاتر ئەم بابەتە ڕوون بکەیتەوە؟

**پۆپەر:** روانینەکان لە هەمبەر هەسارەی ئۆرانوس ، دەربڕی هەندێ جیاوازی هەندەکی بوو لە گەڵ ئەو پێشبینیانەی لە سەر بنەمای تیۆرەکەی نیوتن دامەزرابوو. بەڵام ئادامز[٢] لە ئینگلتەراو لڤریە[٣] لە فەرەنسا ئاماژەیان بەوە کرد کە دەتوانین ئەم جیاوازییە ڕواڵەتییانە لەسەر بنەمای ئەم گریمانەیە شرۆڤە بکەین کە هێشتا سەیارەیەکی بەرزتر و کەشف نەکراوی دیکە بوونی هەیە. ئادامز و لفریە ڕەوشی ئەم هەسارە نەناسراوەیان حسێبکرد و گالی[٤] لە بەرلین خێرا دۆزییەوە. بەڕای من، ئەمە سەر سوڕهێنەر ترین و قانیعکەرترین سەرکەوتنی هزری مرۆڤ بوو تا ئەو کات، هەرچەندە هەڵبەتە لەو کاتەوە تا ئێستا ئەم جۆرە پێشبینییە سەرکەوتووانەیە بەردەوام ئەنجامدراون. بە هەر حاڵ ، دوای ئەم سەرکەوتنە مەزنە، ئیدی کەم کەس گومانی لە ڕاستی تیۆرەکەی نیوتن دەکرد. بۆچوونی گشتی ئەوە بوو کە ئەم تیۆرە بە هۆی ئیستقرایەك کە لەسەر بنەمای بینین ڕۆنراوە، تۆمارکراوە. لێ دواتر ئەنشتاین بە تیۆرێکی نەیارەوە سەری هەڵدا. بیروڕا سەبارەت بە لایەنە باشەکانی ئەم تیۆرە نوێیە زۆر جیاواز بوو و هێشتاش جیاوازە، هەر وەك چۆن هێشتا هەندێ لە فیزیکزانەکان بە هۆی جیاوازەوە دەست لە تیۆرەکەی نیوتن هەڵناگرن.

**مەگی:** خۆت کامەیان زیاتر پەسند دەکەی؟

**پۆپەر:** من پێموایە تیۆرەکەی ئەنشتاین لە تیۆرەکەی نیۆتن باشترە" بەڵام لەڕاستیدا خاڵی سەرەکی جێگەی سەرنجی من ئەمە نییە.

**مەگی:** کەواتە چییە؟

**پۆپەر:** ئەوەیە کە هەموو ئەو بەڵگانەی بەرەنجامی بینین و دەشێت بانگەشەی ئەمەیان پێبکرێت کە تیۆرەکەی نیوتن پشتڕاستدەکەنەوە، دەتوانرێت بانگەشەی ئەوەش بکرێ پشتڕاستکەری تیۆرە زۆر جیاوازەکەی ئەنشتاینیشە. ئەمە بە چەشنێکی بنبڕ هەڵەکەمان دەردەخات کە پێمانوابوو تیۆرەکەی نیوتن لە سەر بنەمای ئەم بینینانە، تۆمارکراوە یان لە ڕێگای ئیستقراوە سەلمێنراوە. و دیسان ئەوە دەردەخات کە ناشێت بانگەشەی ئەوە بکرێت کە

٢. John Couch Adams (١٨١٩ـ١٨٩٢) ئەستێرەناسی ئینگلیزی.

٣. U.J.J. Leverrier (١٨١١ـ١٨٧٧) ئەستێرەناسی فەرەنسی.

٤. Johann Gottfried Galle (١٨١٢ـ١٩١٠) ئەستێرەناسی ئەڵمانی.



هیچ تیۆرێك لە ڕێگای ئیستقراوە تۆمار بکرێت. گونجاویی تیۆر لەگەڵ ئەو بەڵگانەی بەرەنجامی بینینن، ناکرێ لەوەی لەمەڕ تیۆرەکەی نیوتن لە ئارادبوو، زۆرتربێت، بەڵام ئەگەر ئەوەش نەتوانێت تیۆرێك لە ڕێگای ئیستقرائەوە تۆمار بکات، ئاشکرایە کە هیچ شتێکی تر هەرگیزناتوانێ.

**مەگی:** ئایا هەر لەبەر ئەمە بوو وازت لە تیۆری ئیستقرا هێنا؟

**پۆپەر:** بەڵێ، ڕەوشەکە لە ڕووی لۆژیکییەوە لەبنەڕەتدا لە ڕادەبەدەر سادەیە. بینینی سپیەتی قوو، هەرچەندە بە بەردەوامیش ئەنجامدرابێت، تیۆری سپی بوونی هەموو قووەکان تۆمار ناکات، یەکەمین جار کە قووەیەکی ڕەش بینرا، تیۆرەکە پووچەڵدەبێتەوە. هەڵبەتە بینینە پشت ڕاستکەرەکانی تیۆرکەی نیۆتن زۆر زۆر بەهێزتر بوون و بە هۆی ئەوپێوانە وردانەی (ئەندازەگرتنانەی) کە بە یارمەتی ئەم تیۆرە بە وردەکارییەکی بەرفراوانەوە پێشبینی دەکرا. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، تەنانەت تیۆرێکی ئەوتۆش لەگەڵ یەکەمین کێشەی ڕاستەقینە پووچەڵ دەبێتەوە.

**مەگی:** هەڵبەتە ئەم کێشەیە بە ڕاستیش سەری هەڵداـ ئەگر بە هەڵە نەچووبم، شتێك بوو پەیوەندی بە هەسارەی عەتارودەوە هەبوو.

**پۆپەر:** بەڵێ، بەڵام ئەم کێشەیە لە ڕادەبەدەر بچووك بوو و (هەروەك دیك[٥] بیری خستینەوە) لەوانە بوو لە چوارچێوەی خودی تیۆرەکەی نیوتندا پاساوی بۆ بهاتبایەوە. ئەم خاڵەی من گەرەکمە جەختی لە سەر بکەم هێندە ئەوە نییە کە بێژم تیۆرەکەی نیوتن پووچەڵ بۆتەوە یان بەهۆی تیۆرەکەی ئەنشتاین هەڵوەشاوەتەوە، بەڵکو ئەو شتەی کە دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە کە لەو کاتەوە کە ئەنشتاین ئەم تیۆرە نەیارەی هێنایە ئاراوە، ئیدی ئەوە دەزانین کە تەنانەت بەرزترین سەرکەوتن لەپێشبینی و توندترین تاقی کردنەوەش ناتوانێ تیۆرێك لە ڕێگای ئیستیقرائەوە تۆمار بکات و ئەمە بە مانای گۆڕانی بنبڕە لە تێگەیشتنمان بۆ زانست: بەو واتایەیە کە لە هەمبەر مەعریفەی زانستی بەهەڵەدا چووبووین: بەم مانایەیە کە هیچ تیۆرێکی زانستی هەرگیز لە فۆرمی گریمانە ناچێتەدەر، بەم واتایەیە هەمیشە دەرفەتی ئەوە لە ئارادا بووە کەتەنانەت تۆمار کراوترین تیۆری زانستیش بە هۆی تیۆرێکی باشترەوە هەڵبوەشێتەوە. تاکە

5. Dicke

شتێك کە دەتوانین بیڵێین ئەوەیە دەبێ تیۆرە باشەکە دەوری هەموو تیۆرێکی سەرکەوتوو و تاقیکراوەیەکیش بدات وەك جۆرە نزیکییەك کە لەڕابردوودا هەبووە و لەم ڕێگەیەوە سەرکەوتنەکەی روون بکاتەوە.

مەگی: دەتوانم داوات لێبکەم، کۆبەندی ئەم تێگەیشتنە نوێیەی خۆت بۆ زانست بخەیتەڕوو؟

پۆپەر: یەکەم، هەرگیز ناشێت هیچ تیۆرێکی زانستی بە شێوەیەکی بنبڕ وەك تیۆرێکی تۆمارکراو یان سەلمێنراو لێکبدرێتەوە. دووەم، کەم و کورتییەکی بنەڕەتی لە تێگەیشتنی ئەو کەسانەی دەیانگوت یەقین (یان ئەگەر)ی زانستی بە پێی دووبارە بوونەوەی بینین یان تاقیکردنەوەکان زۆرتر دەبێت، بەر چاو دەکەوێت. لە جیاتی ئەمە دەبێ بڵێین بینین و تاقیکردنەوە هەمان کاری **ئەزموون** ئەنجام دەدات. چەندی ئەم جۆرە ئەزموونانە **توندتر بن**، گرنگەکەیان زیاترە. بۆ نموونە، دۆزینەوەی نیپتۆن، ئەزموونێکی لە ڕادە بەدەر توند بوو، بەڵام نەبووە هۆی تۆمارکردن و سەلماندنی تیۆرەکەی نیوتن. ئەمانە هەموویان بوون بە هۆی ئەوە کە من هەموو ئەزموونێکی زانستی وەك جۆرە هەوڵێك بۆ پووچەڵ کردنەوەی تیۆر وەسف بکەم و بێژم تیۆر تا کاتێ سەرکەوتووە کە بتوانێ بە سەربەرزی لە ژێر ئەزموون بێتە دەرەوە و لە بەرانبەر هەوڵەکانماندا بۆ پووچەڵکردنەوەی خۆڕاگر بێت و ئەگەر پووچەڵکرایەوە، پێویستی تیۆرێکی شرۆڤەکاری نوێ دێتە ئاراوە کە هەم سەرکەوتنەکان و هەم شکستەکانی تیۆرەکەی پێشوو شرۆڤە بکات.

**مەگی:** بەڵام ئەگەر هاتوو نەمانتوانی تیۆرێکی ڕازیکەری نوێ لە جیاتی تیۆرە پووچەڵ بووەکەی پێشوو دابنێین، ئەو کات چی بکەین؟

**پۆپەر:** لەم حاڵەتەدا، هەڵبەتە بەردەوام سوود لە تیۆرە پووچەڵ بووە کۆنەکە وەردەگرین هەتا تیۆرێکی باشتر سەر هەڵدەدات. ئەوەندە نەبێت کە دەبێ بە زانینی ئەم خاڵە کەڵك لە تیۆرە کۆنەکە وەربگرین کە کەمو کوڕیەکی تێدایە.پرسەکە بە هەڵپەسێردراوی دەمێنێتەوە و دەبێ پێش وەختە ئەوە بزانین کە دەبێ تیۆرە نوێیەکە خودان لانیکەم چ هەلومەرجێك بێ بۆ ئەوەی وەك ڕێگا چارەیەکی شایانی باسی ئەم پرسە هەڵپەسێردراوە لەقەڵەم بدرێت.



**مەگی:** هەڵبەتە ئەوەی بووە هۆی جیابوونەوەی تۆ لە فەلسەفەی ئەزموونی تەقلیدی، بۆچوونەکانت بوو لە هەمبەر لۆژیکی چارەسەرکردنی پرسەکان. مۆڵەتم دەدەن تا ئێرە بە کورتی گەشتێك بە نێو بابەتەکاندا بکەم؟

لە {فرانسس} بیکۆن بە دواوە، ئەو بۆچوونەی کە بە شێوەیەکی تەقلیدی هەمووان لەمەڕ چۆنییەتی  پێشڤەچوونی زانست قبووڵیان کردبوو بەم جۆرە بوو: زانایان داتاکان (دراوەکان) لە ڕێگەی بینین (مشاهدە)و تاقیکردنەوە، کۆدەکەنەوە تا کاتێ کە هێندە داتا بەدەستدێنن کە هێدی هێدی هەندێ لە سیما گشتییەکانی لەم ناوەدا دەربکەون. پاشان لەسەر بنەمای ئەم سیماگشتییانە، هەندێ گریمانە دروستدەکەن. دواتر هەوڵدەدەن ئەم گریمانانە لە ڕێگەی بینین و تاقیکردنەوەی زۆرترەوە پشتراست بکەن. ئەگەر لەم هەولآنەدا سەرکەوتن بە دەست بێنن،گریمانەکە وەك یاسایەك تۆمار دەکرێت و یەکێکی تر لە رازەکانی سروشت دەکرێتەوە.ئەم رەوتە بانگەشەکارانەیەی بەدەستهێنانی یاساکانیان ناوە ناوە ئیستقرا، کە لەسەر بنەمای گشتاندنی راستییەکان دروست دەبێ. رای ئێوە لە هەمبەر ئەوە بەتەواوی جیاواز بوو. ئەو تیۆرە سەرسورهێنەرەی راتانگەیاند ئەوەبوو کە هەر لەبنەڕەتدا ئیستقرا بوونی نییە و وتت ئەو تێگەیشتنە نە پێشاندەری میتۆدی کاری راستەقینەی زانایانە و نە سیما عەقلییەکەیەتی.

پۆپەر:بەڵێ،بۆچوونەکەم لەگەڵ هی خەڵکانی دیکە جیاوازی هەبوو و ئێستاش جیاوازە.بە رای من گیانلەبەر و مرۆڤەکان بە کۆڵێك لە خەزێنەی گەورەی مەعریفە غەریزییەکانەوە لەدایك دەبن ـ واتە ڕێگا گەلی دەربڕینی پەرچەکردار لە بەرانبەر پێگە جۆراوجۆرەکان و بە چاوەڕوانی جیاوازەوە. منداڵی ساوا چاوەڕوانی خۆراك و سەرپەرستی هەیە. بەڵام ڕەنگە ئەم چاوەڕوانی یان مەعریفە سۆسەیە زگماکە جێبەجێ نەکرێت. لەم حاڵەتەدا، منداڵەکە دەمرێت تەنیا ئەوکاتە نەبێت کەبەجۆرێك لە جۆرەکان ڕێگا چارەیەك بۆ پرسەکەی دابنرێت. ئەوە کە لەوانەیە مەعریفەی زگماکی ئێمەش بە هیچ کوێ نەگات، دەریدەخات کە تەنانەت مەعریفەی زگماکیش تەنیا لایەنی سۆسەیی هەیە. جگە لەمە، من پێموایە لە ڕێگای چارەکردنی پرسەکانەوە شتی تازە فێردەبین نەك بەهۆی بینین یان تەداعیاتەوە. پرسەکە کاتێ دێتە پێش ئەگەر سۆسەکانمان بە هیچ جێگەیەك نەگات یان چاوەڕوانییەکانمان جێبەجێ نەبێت. ئێمە لە ڕێگای دەستکاری و گۆڕانی سۆسەکانمان، پرسەکان چارە دەکەین.

ئەم سۆسە ئەزموونی یان کاتەکییە نوێیانە، ڕێگا چارەی ئەوتۆن کە وەك تاقیکردنەوە بیریان لێدەکەینەوە. ڕەنگە چارە یان حەل یان ڕەفتار یان سۆسە یان تیۆرە نوێیەکە شتێکی لێبکەوێتەوە، یان شکست بێنێ. کەواتە ئێمە لە ڕێگای ئەزموون و هەڵەوە شتی تازە تر فێردەبین، یاخود بە جۆرێکی تر، بە هۆی ڕێگا چارەی ئەزموونی یان کاتەکی و هەروەها بە بەلاوەنانی ئەم ڕێگا چارانە ئەگەر سەلمێنرا هەڵەن. هەروەك چۆن جنینگز[٦] لە ساڵی ١٩١٠دەریخست، تەنانەت ئەمیباش سوود لەم شێوازە وەردەگرێت.

**مەگی:** بەڵێ، بەڵام هەروەك خۆتان لە شوێنێك دا ئاماژەتان بۆ کردووە، سوود وەرگرتنی ئەمیبا لەم شێوازە جیاوازە لە کەڵك وەرگرتنی ئەنشتاین.

**پۆپەر:** ڕاست دەکەی تۆ لەسەر هەقی. جیاوازییەکی لە ڕادەبەدەر لە ئارادایە و جیاوازییەکەش ئەوەیە کە هەموومان لە ئاستی پێش زانستیدا زۆر بێزارین لەم بۆچوونە کە ڕەنگە هەڵەمان کردبێت. کەواتە، تا کاتێ بتوانین، بەشێوەیەکی دۆگمایانە بە سۆسەکانمانەوە دەچەسپێین. بەڵام لە ئاستی زانستیدا، بە چەشنێکی ڕێك و پێك بە دوای هەڵە و سووچەکانماندا دەگەڕێین. خاڵی گرنگ ئەوەیە کە بۆ دۆزینەوەی هەڵەکانمان ئاگایانە شتەکانمان هەڵدەسەنگێنین و ڕەخنە دەگرین. لە ئاستی پێش زانستیدا، زۆربەی کاتەکان لەناو دەچین و وێڕای تیۆرە هەڵەکانمان نابوود دەبین و دەمرین. لە ئاستی زانستیدا، هەوڵدەدەین بە شێوەیەکی ڕێك و پێك تیۆرە چەوتەکانمان {درۆینەکانمان} بە لاوە بنێین، یاخود بە جۆرێکی تر، لێدەگەڕێین تیۆرە چەوتەکانمان لە جیاتی ئێمە بمرن. **ئەمە میتۆدی ڕەخنەیی یان هەڵسەنگێنراوی لە ناو بردنی هەڵەکانە.** میتۆدی زانستە و پێویستی بەوەیە بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە و وەك شتێکی دەرەوەی خۆمان سەیری بۆچوونەکانمان بکەین. لەم ئاستەدا، بۆچوونەکان بە پێچەوانەی رابردوو ئیدی بیر و باوەڕی زەینی (خودی) خۆمان نییە، بەڵکو سۆسە بابەتیەکانی ئێمەن.

کەواتە، وێنای‌گشتی زانست بەم جۆرەیە کەسەرەتا پرسێکی سەرنجڕاکێش هەڵدەبژێرین: پاشان وەك ڕێگا چارەیەکی کاتەکی ، تیۆری بوێرانە پێشنیار دەکەین: دواتر بەپێی توانا هەوڵدەدەین ڕەخنە لەم تیۆرە بگرین یاخود بە جۆرێکی تر، پووچەڵیەکەی بسەلمێنین. ئەگەر توانیمان پووچەڵییەکەی بسەلمێنین، تیۆرێکی نوێ دەخەینە ڕوو و سەر لەنوێ دەیخەینەوە بەر

٦. Herbert Spenser Jennings (١٨٦٨ـ١٩٤٧) بایۆلۆژیستی ئەمریکی.



ڕەخنە و بەم چەشنە تادوایی. بەم جۆرە، تەنانەت ئەگەر نەتوانین تیۆرێکی ڕازیکەر پێشکەش بکەین، دیسان لەکۆتاییدا بۆمان دەردەکەوێ کە گەلێ شت بەتایبەتی سەبارەت بە خودی پرسەکە فێربووین و تێگەیشتووین سووچەکە لە کوێ دایە. ڕەنگە بتوانین سەرانسەری ئەم میتۆدە لە چەند وشەیەکدا کورت بکەینەوە: سۆسە بوێرانە کۆنترۆڵ کراوەکان بە هۆی ڕەخنەی توند کە تاقیکردنەوە توندەکان لە خۆدەگرێ. ڕەخنە و تاقیکردنەوە بەمانای هەوڵدانە بۆ پووچەڵ کردنەوە.

**مەگی:** کەواتە ببینین و تاقیکردنەوە تا بەر لە قۆناغی دووەم لە ئارا دانییە؟

**پۆپەر:** بە ڕای من، بینین و تاقیکردنەوە، لە خودی خۆیاندا **ڕێگایەکن بۆتاقیکردنەوەی بۆچوونەکان**. بەم جۆرە، لەوانەیە وەك بەشێك لەباسی ڕەخنەگرانە سەبارەت بە بۆچوونەکان لەقەڵەم بدرێت.

**مەگی:** ئەم بۆچوونەی ئێوە ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە لەڕاستیدا ئێمە هەرگیز هیچ شتێ نازانین، تەنیا هەندێ پلەی جیاوازی نایەقین بوونی هەیە.

**پۆپەر:** "زانین" و"یەقین" مانای جیاوازییان هەیە. ڕەنگە "دەزانم" بە مانا تایبەتییەکەی بەم جۆرە وەسف بکرێت کە"دەزانم" واتە"**ڕام وایە لەگەڵ ئەوەدا کە بەڵگەی پێویستم بۆ ئەم ڕایە هەیە، یاخود بەجۆرێکی تر، محاڵە هەڵە بکەم.**" کەواتە تۆ لەسەر هەقی و **بەم مانایە** ئێمە هەرگیز نازانین و ئەگەری هەڵە هەمیشە لە ئارادایە. بەڵام بە بۆچوونی من ئەم مانایە، بێ بایەخە و هیچ گرنگییەکی تێدا نییە. **ئەوەی گرنگی هەیە جیاوازی نێوان زانین یان مەعریفەیە مانا زەینییەکەی (خودییەکەی) و زانین یان مەعریفەیە بە واتا بابەتییەکەی.**

**مەگی:** دەکرێ ئەم جیاوازییە روون بکەیتەوە؟

**پۆپەر:** مەعریفە بە مانا خودییەکەی بریتییە لە ئامادەیی بۆ فلانە کردەوە یان بڕوا هێنان بە فلانە دۆخ یان وتنی فلانە شت. مەعریفەکانی من بریتییە لە ئامادەییەکانی من و مەعریفەکانی تۆ بریتییە لە ئامادەییەکانی تۆ. بەڵام مەعریفە بە مانا بابەتییەکەی بریتییە لە وتە زارەکی یان نووسراو یان چاپ کراوەکان، واتە ئەو گوتە یان بۆچوونانەی کە لە هەندێ دەقدا بۆ نموونە لە گۆڤارە زانستیەکاندا بەر چاو دەکەون. نموونەی مەعریفە بە مانا بابەتییەکەی بریتییە لە، تیۆرەکەی نیۆتن یان تیۆرەکەی ئەنشتاین. نموونەی

مەعریفەی تاکەکەسی یان خودی، ئامادەیی نیۆتنە بۆ نووسینی تیۆرەکەی یان دوان لەسەری. بەڵام هەرکە بیرۆکەکانی خستە قاڵبی وشەوە یان خستییە سەر کاغەز، مەعریفە بە مانا بابەتییەکەشی سەر هەڵدەدات. هەردوو جۆرە مەعریفەکە، نایەقینی یان سۆسەیی (حدسی) یان گریمانەیین.

**مەگی:** بەڵام ئایا لە رووی لۆژیکییەوە، ئەو مەعریفەیەی لە زەینی مندایە، بەڕاستی ئەو جیاوازییە هەستیارەی لەگەڵ ئەم مەعریفەیە هەیە کە تەنیا بە شێوەی نووسراو لەبەر دەست دایە؟

پۆپەر: بەڵێ هەیەتی، هەر کە بیرۆکەکانمان خستە قالبی وشەوە یاخود تەنانەت لەمەش باشتر، بیخەینە سەر کاغەز، جیاوازییەکی گرنگ دێتە ئاراوە، چونکە لەم ڕێگەیەوە هزرەکانمان توانستی هەڵسەنگاندن و ڕەخنە وەردەگرن. پێشتر بەشێك بوون لە خۆمان، بەڵام ئەگەری ئەوە هەبوو هەندێ دوودڵیمان هەبێت، لێ نەماندەتوانی هەر وەك چۆن ڕەخنە لە دۆزێکی گوتراو یان پەیامێکی نووسراو دەگرین، رەخنە لە هزرەکانمان بگرین. کەواتە لانیکەم "مەعریفە" بە مانایەکی گرنگ لە ئارادایە و ئەویش " بۆچوونێکە کە لە قاڵبی زماندا فۆرمۆڵبەندی کراوە و دەدرێتە بەر ڕەخنە و هەڵسەنگاندن. "من ئەمە بە" مەعریفە بە مانا بابەتییەکەی "ناوزەد دەکەم. مەعریفەی زانستیش هەر لەم جۆرەیە. ئەم جۆرە لەکتێبخانەکەماندا پاشەکەوت دەکرێن نەك لەزەینماندا.

**مەگی:** ئێوە ئەو مەعریفەتان پێ گرنگترە کە لەکتێبخانەکاندا هەڵگیراوە نەك ئەو مەعریفەیەی کە لە زەینی ئێمە دایە؟

**پۆپەر:** لە هەموو ڕوویەکەوە، زۆر گرنگترە ـ تەنانەت لە رووی چێژ وەرگرتنی تاکەکەسی لە مەعریفە و زانیاری کە ڕوانگەیەکی زۆر زەینیانەیە. ئەوەی ئێمە چێژی لێوەردەگرین، خودی تیۆرە. گریمانەی ئەوە بکە من و تۆ تیۆرێکی نوێ بخەینەڕوو. خودی ئەم کارە ئەزموونێکی چێژ بەخشە. ئەم بیرۆکەیە لە گەڵ بیرۆکە بابەتییە کۆنەکاندا پەیوەندییەکی بابەتییانەی هەیە، هەروەها لەگەڵ ئەو پرسانەی کە بەم بیرە نوێیەمان چارەیان دەکەین. ئەم پەیوەندییە، لە خودێتی ئەو چێژەیە کە وەریدەگرین. هەڵبەتە هەرگیز ناتوانین دۆزینەوەیەك بکەین تەنیا ئەو کاتە نەبێت کەسەرەتا هەندێ لە تیۆرە بابەتییە مەوجودەکان و لە ڕەوشی بابەتی پرسەکە تێبگەین یاخود بە جۆرێکی تر، کتێب و بڵاو کراوەی زانستی بخوێنینەوە کە هەموویان



یەکسانن بە مەعریفە بە مانا بابەتییەکەی. جگە لەمە، یەکێك لە هۆکارە گرنگەکانی ئەو چێژەی وەریدەگرین ئەم ڕاستییەیە کە هەروەك دەڵێین، خۆشمان "خزمەتێکی زانست و مەعریفە دەکەین" و وەك ئەو کرێکارانەین کە یارمەتی دروست کردنی بینایەك یان کەنیسەیەکی گەورە دەکەن. بێگومان کاتێ‌بزانین ئێمەش بە نۆرەی خۆمان خزمەتێك بە **گەشەی** مەعریفە دەکەین بە مانا بابەتییەکەی، ئەو چێژەی وەریدەگرین جیاوازیدەبێت.

**مەگی:** بگەڕێنەوە سەر پرس یەقین و نایەقین. ئایا تێگەیشتنی من راستە کە کاتێ تۆ باسی گەشەی مەعریفە دەکەی، بەڕاستی مەبەستت تەنیا گەشەی ئەو سیستمانەیە کە لە گریمانە و سۆسەکان پێکهاتوون، ئەوەندە نەبێت کە هەڵبەتە ئەو سۆسانەی بە باشی خراونەتە ژێر هەڵسەنگاندن و ڕەخنە و تاقیکردنەوەیەکی توندەوە؟

**پۆپەر:** بەڵێ، راستە. هەموو تیۆرێك سۆسەیە.

**مەگی:** گەشە لە **ئەنجامی** هەڵسەنگاندن و ڕەخنە بەدەست دێت؟

**پۆپەر:** لە ڕێگای هەڵسەنگاندن و ڕەخنەی توند و داهێنەرانەوە کە یارمەتی ئاشکرابوونی پرسە نوێیەکان دەدات و لە ڕێگای سۆسە بوێرانە و داهێنەرەکانەوە کە یاریدەمان دەدات تیۆری تازە و شۆڕشگێڕانە ـ بۆ چارەسەری کاتەکی ئەم پرسانە بخەینە ڕوو.

**مەگی:** بەڵام ئەگەر هەرگیز بەڕاستی هیچ شتێك نەزانین و زانیاریمان لە سەری نەبێت، چ کۆلەگەیەك بۆ ڕەخنەکانمان دەمێنێتەوە؟ لە سەر چ بنەمایەك فلانە گریمانە قبووڵ دەکەین و گریمانەکەی تر ڕەد دەکەینەوە؟

**پۆپەر:** باسە ڕەخنەیی و هەڵسەنگێنراوەکەمان لە مەڕ تیۆرە نەیارەکان پایە و کۆڵەگەکانمان بۆ دەستەبەر دەکەن. لەم مشتومڕانەدا هەوڵی ئێمە بۆ ئەوەیە کە هەموو تیۆرێك لە رووی ڕاست و چەوتییەوە هەڵبسەنگێنین. یاخود بە جۆرێکی باشتر، هەوڵدەدەین بە خستنەڕووی ئەم پرسیارە کە کام تیۆر لە هەموویان زیاتر لە حەقیقەت نزیکە، تیۆرەکان لەتەك یەکتردا هەڵبسەنگێنین.

**مەگی:** بەڵام ئەگەر یەقین و مەعریفە لەئارادا نەبێت، دەشێ چ مانایەك بۆ "راستی" بخەینەڕوو؟

**پۆپەر**: بە پێی فاکت. دەزانین کە هاوجووتی نێوان تیۆر و فاکت بە چ مانایەکە، تەنانەت ئەگەر دڵنیاش نەبین ئایا بە ڕاستی تیۆر لە گەڵ فاکتدا هاوجووتە یان نا؟

**مەگی**: تۆ زاراوەی نزیکەیی یان تەقریب لەڕاستی بە "ڕاستنوێنی" (یان شیمانەی ڕاست)[7] بە کار هێناوە، ئایا وانییە؟

پۆپەر: بەڵێ، هەوڵی ئێمە لە باسەکانماندا ئەوەیە تێبگەین کام یەك لە تیۆرە نەیارەکان راستنوێنی {یان شیمانەی راستی} زۆرتریان هەیە. هەندێ جار لەباسەکانماندا بەڵگەی بەهێز لە ئارادایە کە لەم ڕووەوە، هەندێ لە تیۆرە نەیارەکانمان پێ لە سەرجەم تیۆرەکانی تر باشترە.

بەڵام ئەمە جگە لە بە باشترزانینی تیۆرێکی دیاریکراو هیچی دی نییە کە بەم چەشنە دەتوانین بە شێوەیەکی عەقڵی داکۆکی لێبکەین. ئەگەر کەسێك سبەینێ تیۆرێکی تر بهێنێت، لەوانەیە بارودۆخی رکەبەرایەتی نێوان تیۆرەکان و هەر بۆیە بە باشتر زانینی ئێمەش گۆڕانکاری بەسەردا بێت.

**مەگی**: کەواتە هەر بەم هۆیە وتووتانە هەرگیز ناتوانین پاساو بۆ بڕواهێنان بە ڕاستی هیچ تیۆرێك بێنینەوە، ئەگەر چی هەندێ جار دەتوانین پاساو بۆ باشتر بوونی تیۆرێك بەسە تیۆرێکی تردا بێنینەوە.

**پۆپەر**: رێك وایە. فەیلەسووفەکان بە زۆری هەوڵیانداوە پاساو بۆ تیۆر یان بڕوابوونی ئێمە بە تیۆرێك بێنینەوە. ئەم کارە ناکرێت. بەڵام ئەگەر بەختێکی باشمان هەبێت، دەتوانین پاساو بۆ بەباشتر زانینی خۆمان بێنینەوە، هەروەك چۆن من خۆم دەرمخستووە کە بۆچی دەتوانم پاساو بۆ بەباشتر زانینی تیۆری ئەنشتاین لە مەڕ تاوان بێنمەوە، ئەگەر ئەو بەڵگانەش وەبەرچاو نەگرین کە لە جووڵەی عەتارودەوە بەدەست هاتوون.

**مەگی**: ئایا هیچ پەیوەندییەکی بە پرسەکەوە هەیە ئەگەر بپرسین بۆ چی؟

**پۆپەر**: سەرەتا، دەتوانین ئەوە دەربخەین کە درێژایی هەر پرسێك کە بە تیۆری نیۆتن چارە دەکرێ، لەوانەیە بە یارمەتی تیۆری ئەنشتاینیش ڕێگا چارەیەك بەدەستبێنێ کەلانیکەم بە هەمان پلە ورد و رێك بێت. یاخود بە جۆرێکی تر، دەتوانین بێژین کەناوەڕۆکە زانیاری یان

7. Verisimilitude



ئەزموونییەکەی تیۆری ئەنشتاین لانیکەم بەڕادەی تیۆرەکەی نیۆتنە. پاشان دەتوانین لەم ڕادەیەش زیاتر بچینە پێشەوە و پێشانی بدەین کە ناوەڕۆکی تیۆری ئەنشتاین لە تیۆرەکەی نیۆتن زۆرترە، چونکە مۆڵەتی خستنەڕوو و چارەسەری ئەو پرسانەمان پێ دەدات کە تایبەتن بە دەرچوون و بڵاو بوونەوەی تیشك لە مەیدانە تاودانییەکاندا کە لە توانای تیۆری نیۆتندا نییە. من دەرمخستووە کە ئەم ناوەرۆکە ئەزموونییە زۆرترە بەم مانایەیە کە تیۆری ئەنشتاین لە تیۆرەکەی نیوتن زیاتر **بۆ تاقیکردنەوە دەشێت** و هەر بۆیە زۆرتر بۆ پشتڕاست کردن دەبێت. دواجار دەتوانین پێشانی بدەین کە تەنانەت ئەگەر چاوپۆشی لە حاڵەتی عەتارودیش بکەین ، دیسان تیۆرەکەی ئەنشتاین لەڕاستیدا باشتر پشتڕاست دەکرێت. بەڵام لە بەر ئەوەی کە دەبووایە بەراوردەکەمان لە رووی نزیکی زیاتر یان کەمتر لە ڕاستی ئەنجام بدرابووایە، وەك کۆکردنەوەی بابەتەکە دەتوانم بڵێم کە دەرەنجام ئەوەمان پێدەڵێت کە لە ئێستادا، پێدەچێت تیۆری ئەنشتاین لە تیۆرەکەی نیۆتن لە راستی نزیکتر(یان ئەگەر ڕاست بوونی زیاتر) بێت.

**مەگی**: ئایا ڕاستی بۆ چوومە، کاتێ دەفەرموون "لە ئێستادا" مەبەستتان ئەوەیە "بە وەبەرچاوگرتنی رەوشی باس و لێدوانەکان لە ئێستادا"؟

**پۆپەر**: بەڵێ.

**مەگی**: بەڵام ئایا وێناکردنی"رەوشی باس و لێدوانەکان لە ئێستادا" توخمێکی ڕێژەگەرایی ناهێنێتە ناو پرسەکەوە؟

**پۆپەر**: نەخێر. توخمێکی مێژوویی دەهێنێتە ناوەوە نەك توخمێکی ڕێژەگەرایی. هەر دۆز یان تیۆرێك کە بەبێ ئیهام یان دووڕووبێژی فۆرمۆڵبەندی کرابێت، یان ڕاستە یان چەوت، لایەنی سێیەم لە ئارا دا نییە. بەڵام لەوانەیە فلانە تیۆری چەوت لە فلانە تیۆری چەوت لە ڕاستی نزیکتر بێت. هەر بەم جۆرە، رەنگە فلانە تیۆری ڕاست لە فلانە تیۆری ڕاستی دیکە، ڕاستییەکی زیاتری تێدا بێت یان بە قسەی من، "ناوەڕۆکێکی راستی" زیاتری هەبێت.

**مەگی**: دەتوانیت ئاماژە بە نموونەیەك بکەیت؟

**پۆپەر**: وا دابنێ ئێستا کاتژمێر سێ خولەکی بوێت بۆ دوازدە. کەواتە ئەو دۆزەی بڵێت ئێستا پێنج خولەکی دەوێت بۆ دوازدە، بێ گومان چەوتە، بەڵام لە هەمان کاتدا، لەم دۆزە لە ڕاستی نزیکترە کە بێژێت ئێستا دە خولەکی ماوە بۆ دوازدە یان دە خولەك تێپەڕیوە. هەر بەم چەشنە،

دۆزێکی چەوت کە بڵێ ئێستا پێنج خولەکی ماوە بۆ دوازدە، ناوەڕۆکی ڕاستییەکەی زیاتر لە دۆزێکی ڕاست بەڵام ناڕوون کە بۆ نموونە بێژێت ئێستا کاتژمێر لە نێوان یازدە و یەك دایە. یاخود بە جۆرێکی تر، چینێکی گەورەتر لە دۆزە ڕاستەکانی لێدەکەوێتەوە.

**مەگی:** بۆچی لە هەموو تەمەنتاندا بە شێوەیەکی سەرەکی هۆگری زانستەکان و مەعریفەی زانستی بوون نەك جۆرەکانی تری مەعریفە؟

**پۆپەر:** بەو هۆیەوە کە کەوتمە ژێر کاریگەری زانا گەورەکان و خەسڵەتی شۆڕشگێڕانەی بیرو بۆچوونەکانیان . ئەوسا، زانست هەمان هۆشیاری ئاساییە کە بەختەێکی خۆش نووسراوەتەوە. هەڵسەنگاندن و ڕەخنە بەشێکە لە هۆشیاری ئاسایی. هۆشیاری ئاسایی حوکم لەسەر ئەوە دەدات کە ئەو بیر و بۆچوونانە بدەینە بەر ڕەخنە و هەڵسەنگاندن کە لە سەر بنەمای هۆشیاری ئاسایی دامەزراون. زانست بەرەنجام و ئاکامی ئەم جۆرە ڕەخنەو هەڵسەنگاندنەیە.

**مەگی:** تۆ بەم لێدوانەت، ئەم پرسیارە دێنیتە بەر باس کە "زانست چییە؟" و ئەو میتۆدەی بۆ سنووربەندی نێوان زانست و نازانست پێشنیارت کردووە، یەکێك بووە لە گرنگترین خزمەتەکانی تۆ بە فەلسەفە.

**پۆپەر:** پێشنیارەکەم ئەوەبوو کە بڵێم هەموو تیۆرێك بە مەرجێك سەر بەزانستە ئەزموونییەکانە کە بتوانین بە ڕاشکاوی ئەوە دەربڕین کە چ جۆرە ڕووداوێك پووچەڵیەکەی پێشان دەدات. یاخود بە جۆرێکی تر، هەموو تیۆرێك بە مەرجێك سەر بە زانستەکانە کە لەبنەڕەتدا بۆ پووچەڵکردنەوە بشێت. بە پێی ئەم ڕایە، ئەو تیۆرەی نەتوانێ لە گەڵ هیچ ڕووداوێکی ممکین یان وێناکراو ناتەبا بێت، لە دەرەوەی کایەی زانستەکان دایە.

**مەگی:** مۆڵەتم بدەن هیچ تەمومژێك لەم دۆزەدا نەهێڵین.

قسەی تۆ ئەوە نییە کە هەرچییەکی لە دەرەوەی کایەی زانستەکان بێت حەتمەن چەوت یان بێ مانایە.

پۆپەر: بە هیچ چەشنێك. ئێمە ناتوانین زانست یەکسان بکەین بە ڕاستی (صدق) چونکە پێمانوایە هەم تیۆری نیوتن سەر بە زانستەکانە و هەم تیۆری ئەنشتاین، لێ ناشێت هەردووکیان ڕاست بن، هەرچەندە بە باشی ئەم ئەگەرە لە ئارادایە کە هەردووکیان چەوت(درۆ)بن. ئەو شتەی لە گۆڕێیە ئەوەیە کە ، هەردوو تیۆرەکە بۆ تاقیکردنەوە دەشێن،



واتە ئەگەر بە سەرکەوتوویی لە بۆتەی تاقیکردنەوە دەرنەچن، پووچەڵیەکەیان دەسەلمێت. من بۆ تاقیکردنەوەشیان یان توانستی پووچەڵیم بە پێڤانی خەسڵەتی زانستی داناوە.

**مەگی:** ئەندامانی بازنەی ڤییەننا ـ و لەڕاستیدا هەموو پۆزەتیڤیزستە لۆژیکییەکان ـ پێیان وابوو کە هەر دۆزێك بکەوێتە دەرەوەی کایەی زانستەکانەوە، بە مانای ڕاستەقینە بێمانا و بە مانای ڕاستەقینە پشتگوێ خراوە. تۆ هەرگیز لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا هاوڕا نەبوویت.

**پۆپەر:** نەخێر نەبووم. بە بۆچوونی من، هەر دۆزێك بۆ پووچەڵی نەشێت، سەر بە زانستە ئەزموونییەکان نییە، بەڵام ئەمە بەڵگەی بێمانا بوونەکەی نییە. گەلێ لە تیۆرە زانستییەکانمان لە تیۆرە نائەزموونی و پێش زانستییەکانەوە گۆڕاون. دەکارین بە دوای مێژوو تیۆری نیوتن تا ئاناکسیماندروس و هیسۆدوس بگەڕێینەوە. تیۆری دێرینی ئەتۆمیزم تا نزیکەی ساڵی ١٩٠٥بۆ تاقیکردنەوە نەدەشیا {نا ئەزموونی بوو} لەڕاستیدا، زۆربەی تیۆرە زانستییەکان سەرچاوەکەیان بۆ حیکایەتخوانی پێش زانستی دەگەڕێتەوە. لێ بە ڕای من، گومڕاکەرە ئەگەر بمانەوێت ئەم حیکایەتانە بەبێ مانا لەقەڵەم بدەین ... هەر چۆنێك بێت، وا دێتە بەر چاو کە ڕەخنە گرتنەکانم لە فەلسەفە پۆزەتیڤیستییەکان لە مەڕ نەبوونی مانا، ئەمڕۆ بە شێوەیەکی تا ڕادەیەك بەر فراوان پەسند دەکرێت.

**مەگی:** لەڕاستیدا، تۆ هەرگیز هزرت زۆر بە پرسی ماناوە خەریك نەکردووە، ئایا وانییە؟

هەر بەم چەشنە، پێتوانەبووە زمان لە خودی خۆیدا لە هەموو شتەکانی دیکە گرنگترە. ئەم شتە بەتایبەتی لەکات و لەشوێنێکدا شایانی گرنگی پێدانە کە هەموو فەلسەفەیەك بە جۆرێك لە جۆرەکان مەیلێك پێشاندەدات کە وەك فەلسەفەی {شیکردنەوەی} زمانی لێبێت. چ شتێك دەبێتە هۆکاری ئەوە کە ئەم ڕێبازە وەربگیرێت؟

**پۆپەر:** پێموانییە تێگەیشتنەکەتان بۆ شێوازی مامەڵەی من ڕاست بێت. ڕاستە من حەزم لە پرسی نەبوونی مانا نییە و تاقەتی باسم نییە لەمەڕ مانای وتەکان و دیسان ڕاستە کاتێ ئەو کەسانەی ناوی خۆیان دەنێن فەیلەسووفی زمان، هۆگری ئەو پرسانەن کە پەیوەستن بە ماناوە کە بە هیچ چەشنێك من حەزی لێ ناکەم، لێ ئەگەر بلێیت گرنگی بە زمان نادەم، قسەکەتان ڕاست نییە. تەنیا ئەوەندە بەسە ئەو شتانە بێنیتەوە بیری خۆت کە پێشتر لە هەمبەر مەعریفەی بابەتی لەسەریان دوام. من پێموانییە گرنگی هیچ شتێك بە ڕادەی زمان بێت. من

بڕوام بەو تیۆرەیە کە بە پێی تیۆرەکە، ئەوەی دەمانکات بە مرۆڤ زمانە و ئاگایی مرۆڤ ـ واتە ئاگایی لە مەڕ خۆ ـ لە زمانەوە سەرهەڵدەدات. یەکێك لەو هۆکارانەی کە وادەکات هۆگری فەلسەفاندن نەبم سەبارەت بە مانای وشەکان ئەوەیە کە ڕام وایە تەنانەت گیانلەبەریش دەتوانن مانای وشەکان فێر بن. بەڵام **دەستپێکی زمانی مرۆڤ بەکارهێنانی وەسفی ڕستەکانە**، یان بۆ ئەوەی لێکدانەوەی بابەتەکە زۆر وشك نەبێت، دەستپێکی زمان، حیکایەتخوانییە.

**مەگی**: کەواتە لەڕاستیدا، تێگەیشتنەکەی من ناڕاست نەبوو، ئەگەر چی لەوانەیە بابەتەکەم بە باشی دەرنەبڕیبێت. ئەوەی گەرەکم بوو بیڵێم ئەوەیە کە تۆ حەزت لە شیکردنەوەی مانای وشەکان نییە. دەتوانیت بێژیت بۆچی؟

**پۆپەر**: بەڵێ نیگەرانی دەربڕین لە وتە و مانای وشەکان، یەکێکە لە کۆنترین سەرگەرمییەکانی فەلسەفە. ئەفلاتوون چەندین کەڕەت ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە یەکێك لە سۆفیستەکان بە ناوی پرۆدیکوس(٨) هۆگری جیاکردنەوەی مانای جیاوازی وشەکان بوو. هەر بۆیە، سڤند رانولف(٩) پێویستی ئەم جیاکردنەوەی بە "پرەنسیپی پرۆدیکوس"ناوزەد کردووە. هەڵبەتە ئەم پرەنسیپە لە ساڵی ٤٢٠ بەر لە زایین نوێ بوو و گرنگی خۆی هەبوو. لێ ئەمڕۆ ئیدی هەندێ لە ئێمە ئەم وانەیە فێر بووینە. تەنانەت لەم پانتاییەدا پرسی سەرنجڕاکێشتریش لە ئارادایە.

**مەگی**: وەك چ پرسێك؟

**پۆپەر**: وەك ئەوە کە دەبێ سوود لە وشەکان وەربگیرێت بۆ دەربڕینی بیر و بۆچوونەکان و هەر چەشنە گرنگی دانێکی تایبەتی بە خودی وشەکان و مانای وشەکان ـ بەتایبەتی پێناسە ـ وشە بازی پووچی لێ دەکەوێتەوە. من سی ساڵە پووچی پێناسەکانم ڕاگەیاندووە و پووچەڵی ئەم خورافەیەم دەرخستوە کەئێژی ئەگەر بمانەوێ ورد بین، دەبێ ئەو وشانە پێناسە بکەین کە بەکاریان دەهێنین . هەوڵمداوە لە دژی برەوسەندنی ئەم خورافەیە بەتایبەتی لە فەلسەفەی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا خەبات بکەم. بەڵام سوودی نەبووە. فەیلەسووفە سیاسییەکان هێشتا لاپەڕەی یەك لە دوای یەك بۆ بەراورد کردنی پێناسەکان ڕەش دەکەنەوە. بۆ نموونە، بەم دواییانە کتێبێك سەبارەت بە تۆتالیتاریزم بڵاوکراوەتەوە کە نزیکەی چواردە پێناسەی جیاوازی

٨. Prodicus (سەدەی پێنجی پێش زایین). سۆفیستی یۆنانی، هاوسەردەمی سوقرات.

9. Svend Ranulf



"تۆتالیتاریزم" لە ڕووی سیما هاوبەش و جوایەزەکان، لە گەڵ یەکتردا بەراورد دەکات. تەنانەت یەکێك لەم پێناسانە خرابووە پاڵ منەوە و نووسەرەکە لە پەراوێزدا سەرکۆنەی کردبووم و وتویەتی "پۆپەر هەرگیز بە ڕوونی پێناسەی تۆتالیتاریزم ناکات." ئەو لەم خاڵەدا سەرنجی ئەوەی نەداوە کە من لە هەمان کتێبدا کەخۆی پشتی پێ بەستووە، بەڵگە خوازیم کردووە بۆ ڕەدکردنەوەی ئەو وشەبازییە پووچانەی کە لە گەڕان بە دوای پێناسەی وردەوە سەرچاوە دەگرن.

**مەگی**: ئەو کەسانەی هیچ لە بارەی فەلسەفەی ئێوەوە نازانن پێیان وایە فەلسەفەی سیاسی تۆ هیچ پەیوەندیەکی بە ئیشەکانتەوە نییە لە فەلسەفەی زانستەکاندا. هەڵبەتە ئەم جۆرە کەسانە هیچ سووچێکیان نییە. لێ ڕاستییەکەی ئەوەیە کە تۆ لەبنەڕەتدا هەر ئەو بۆچوونانەت لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا تەشەنە پێداوە کە لە زانستە سروشتییەکاندا بڕوات پێیان هەبووە، وانییە؟ یاخود بە جۆرێکی تر، فەلسەفەی تۆ لەم پانتاییەدا بەڕواڵەت جیاواز و لەڕاستیدا یەکێکە.

**پۆپەر**: ڕەنگە باشتر وابێت بڵێیت کە هەندێ بۆچوونی هاوبەشیان لە نێوان دایە. بۆنموونە، ئێمە هەمیشە چ لە سیاسەت و چ لە شوێنەکانی تر، هەڵە دەکەین بەڵام هەوڵدەدەین پەند لەم هەڵانە وەربگرین.من ئەم ئامادەییەم بۆ پەند وەرگرتن و هۆشیاری بۆ دۆزینەوەی هەڵەکان بە ڕێبازی عەقڵانی ناوزەد کردووە کە هەمیشە دژی بەندایەتی و ئوتوریتەخوازییە. لەسیاسەتدا، بنەمای ئەم شێوازەی پەند وەرگرتن لە هەڵەکان، ڕەخنە و باسی ئازادە لە مەڕ هەنگاو و کارەکانی حکوومەت.

**مەگی**: پێناسەکەتان بۆ دیموکراسی لەسەر ئەم بناغەیە داڕێژراوە نەك لەسەر بنەمای وێنای حکوومەتی زۆرینە.

**پۆپەر**: من بە هیچ شێوەیەك نامەوێت پێناسەی دیموکراسی بکەم. ئەوسا، هیچ کاتێ زۆرینە حوکم ناکات. بەبێ وەبەر چاوگرتنی ئەوە کە کامە حزب هەڵبژاردن بباتەوە، بە هەر حاڵ من و تۆ حکوومەت ناکەین . بەڵام وێڕای ئەوە دەبێ ئەوە ڕوون بکەمەوە کە بە بڕوای من، دوو جۆر حکوومەت بوونی هەیە. یەکیان ئەوەیە کە دەتوانین بە بێ خوێن ڕێژی لە شەڕەنگێزییەکەی ڕزگارمان بێت: جۆرەکەی تریان بێ خوێن ڕێژی ـ بگرە بە هیچ چەشنێك ـ ڕزگار بوون لە شەڕەنگێزییەکەی لە ئارادا نییە. پێشنیاری من ئەوە بووە کە یەکەمیان بە دیموکراسی و دووەمیان بە ملهوڕانە ناوزەد بکەم، هەرچۆنێك بێت، ناو گرنگ نییە. گرنگ ئەوەیە ئەگەر

ولاتێك خاوەن دەزگای ئەوتۆ بێت کە دەرفەتی گۆڕینی حکوومەت بەبێ توندوتیژی بڕەخسێنێ و سەرەڕای ئەمە، گرووپێك پەنا ببەنە بەر توندوتیژی و لە بەر ئەوەی بەبێ توندوتیژی سەرکەوتنیان بەدەست نەهێناوە، لەم حاڵەتەدا، بە بێ وەبەر چاوگرتنی ئەوە کە ئەم گرووپە چۆن بیر دەکاتەوە و چ مەبەستێکی هەیە، کردەوەکەی ئەوە دەگەیەنێ کە لە هەوڵی دامەزراندنی حکوومەتێکە لە سەر بنەمای توندوتیژی ـ واتە ئەو حکوومەتەی ناکرێ بەبێ توندوتیژی لە شەڕەنگێزییەکەی ڕزگاریمان بێت ـ یاخود بە جۆرێکی تر، دەیەوێ حکوومەتێکی ملهوڕ و سەرەڕۆ دروست بکات. هەرچەندە ئەم بابەتە ئاساییە، بەڵام خەڵك بە دەگمەن هێندە بە قووڵی بۆی دەچن.

**مەگی:** بۆچی فەلسەفە سیاسیەکەت هێندە تەرخان کردووە بۆ هێرش کردنە سەر یۆتۆپیاگەرایی؟

**پۆپەر:** گەلێ شت لە ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمەدا ناشیرینە و بەرهەمی بێ ڕەحمی و گەمژەیی و ستەمکارین و هەمیشە دەرفەتی بەرفراوان بۆ باش بوون لە ئارا دایە. خەڵك هەمیشە خەونیان بە دونیایەکی باشترەوە بینیوە و بەشێك لەم خەونانە بووەتە ئیلهامی ریفۆرمی کۆمەڵایەتی. بەڵام هەروەك لە کتێبی **کۆمەڵگای کراوە** دەرمخستووە، خەونی کۆمەڵگایەك بە ڕادەی تەواوێتی (کەماڵ) ترسناکە. ریفۆرمیستەکان ئارەزوویان ئەوە بوو کۆمەڵگایەکی تەواو و کامڵ دروست بکەن. رۆبسپیریش ئەم ئارەزووەی هەبوو. بەڵام هیچ کامێکیان نەك هەر نەیانتوانی دونیا بکەن بە بەهەشت، بەڵکو دۆزەخێکیان لە توندوتیژی و سەرەڕۆیی و ملهوڕی دروست کرد.

**مەگی:** هەندێ لەو شتانەی کە تۆ لە فەلسەفەی سیاسیدا کەشفت کرد لە بۆتەی غەفڵەتدا مایەوە هەتا کەسانی دیکە دیسان خۆیان هەمان ئەم شتانەیان دۆزیەوە. بۆ نموونە (میلوان) جیلاس دوای ئەوەی بوو بە یەکێك لە سیما ناسراوەکانی دونیای کۆمۆنیزم، کتێبێکی نووسی لە ژێرناوی **چینی نوێ** کە ئێستا بووە بە یەکێك لە بەرهەمە بەنرخ و نەمرەکان و لەم کتێبەدا هەمان ئەو بیرۆکانە دووبارە دەکاتەوە کە تۆ زۆر پێشتر لە **کۆمەڵگای کراوە** دا خستبووتە ڕوو. دیسان لە دواین کتێبیدا واتە **کۆمەڵگای ناتەواو**[10]، پاش دوور و درێژ کردنەوە، دواجار دەڵێت: "من لە سەر ئەو بڕوایەم ممکین نییە کۆمەڵگا تەواو و کامل بێت." ئەمڕۆ جیلاس

10. M. Djilas, the unperfect society.



پێیوایە، ئەم بۆچوونەی دەڵێت دەشێت کۆمەڵگا بە ڕادەی کەمال و تەواوی بگات، هەڵەی سەرەکی کۆمۆنیستەکان بووە."

**پۆپەر:** پێموایە سەبارەت بە جیلاس ڕاست دەکەی ، چونکە ئەو پاش چەند ساڵ رەنج و کوێرەوەری و زیندان، بەو دەرەنجامانە گەیشت کە خەڵکانی تر لە ڕێگای هەڵسەنگاندن و رەخنەوە پێی گەیشتبوون. بەڵام من دەرەنجامەکانی ئەوم پێ کاریگەر تر و بەنرخترە.

**مەگی:** سەرەڕای ئەمە، ئەم ڕۆژانە سەیر دەکەین دیسان گەنجەکان هۆگری ئەم قوتابخانە و هەندێ نووسەری ـ وەك هیگڵ و مارکس و دەروونشیکاری و ئیگزسیستانسیالیزم ـ دەبن کە لەرابردوودا تۆ هێرشت دەکردە سەریان. چۆن سەیری ئەم پرسە دەکەی؟

**پۆپەر:** هەمیشە ئەم حەز لەخەڵکدا هەبووە کە بەدوای بەردی فەیلەسووفان (یان ئەکسیر) دا بگەڕێن و نوسخەیەك بۆ دەرمانی هەموو دەردەکان بخوازن. ئەم رەوشەی ئێستا تازە نییە ـ هەڵبەتە جگە لە کەمبوونەوەی حەسرەتاوی هۆگری بۆ باسە عەقڵانییەکان. یەکێك لە هۆکارەکانی بۆ بێسەبری دەگەڕێتەوە“ هۆکارەکەی تریان ئەوەیە کە ئەم هەموو قسەیە دواجار بە هیچ کوێ نەگەیشتووە. هەر بۆیە، دایالۆگ لە گەڵ نەیارەکان، ئیدی جێگەی پەسند نییە. ئیتر کەس هەوڵنادات بۆ ئەوەی بزانێت چ سووچ و هەڵەیەك لە بەڵگەکانی بەرانبەرەکەی دایە“ بە پێچەوانەوە، لە کۆتی فلانە تیۆردا بە ویقار دەبێت. هەڵبەتە دەتوانین ئەم مەیلە دەرك بکەین، بەڵام ئەگەر ببێتە یەکێك لە تایبەتمەنییەکانی رۆشنبیرە گەنجەکان، جێگای داخەو نیشانەی لە ناو چوونی پێودانگە هزرییەکان و ئاوابوونی هەستی بەرپرسیاری عەقڵانییە. نموونەی بێ فیکری هاوجووت لە تەك ئەم جۆرە دژایەتی کردنەی عەقڵ، ئەو ئەنارشیزمەیە کە ئێستا بووەتە مۆدێل. گومانی تێدانییە دەبێ لە دژی گەشەی بیرۆکراسی و زیادبوونی دەسەڵاتی دەوڵەتدا خەبات بکەین. بەڵام من لەوە تێناگەم چۆن دەکرێ هەر ئەو خەڵکانەی دەزانن ئەنارشی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا جەنگی ئەتۆمی لێدەکەوێتەوە، لەهەمان کاتدا رایان وابێت بە بێ گیرۆدە بوون بە جەنگی ئەتۆمی، دەکرێ لە ئاستی نەتەوەیی دائەنارشیت هەبێت.

مەگی: چەند ساڵێك دەبێت هیچ کتێبێکی تازەت بڵاو نەکردووەتەوە، بەڵام وتار و قسەکردنەکانت بەردەوام بێبڕانەوە درێژەی هەبووە. دەشێت پێمان بێژی لەم قۆناغەی دواییدا گرنگیت بە چ شتێك داوە؟

**پۆپەر:** سەبارەت بە گەلێ پرس کارم کردووە: یەکیان تیۆرێکی تایبەتە بەو شتەی کە بە **"جیهانی۳"** ناوزەدم کردووە، واتە جیهانی بابەتیی بەرهەمەکانی زەینی مرۆڤ، کە مەعریفەی بابەتی ، بە واتای پرس و تیۆر و مشتومڕە زانستییەکان و جیهانی بەرهەمە بابەتییە هونەرییەکان لە خۆ دەگرێ، پرسێکی تر کە پەیوەندی بە پرسی پێشووترەوە هەیە و سەرنجی ڕاکێشاوم، تیۆری پەرەسەندن بووە و حەلقەی پەیوەندی نێوان ئەم دوو پانتاییە، واتە تیۆری زمانی مرۆڤ بە تایبەتی لە رووی بایۆلۆژییەوە و ئەمە دیسان خۆی بووەتە هۆی گەلاڵەکردنی هەندێ بیرۆکە لای من سەبارەت بە پەیوەندی نێوان رۆح و جەستە.

**مەگی:** تێکەڵەیەکی سەیرت لە پرسەکان چێ کردووە. ئیستا خەریکی چیت؟

**پۆپەر:** خەریکی ئامادە کردنی بەرسڤم بۆ ڕەخنەگرەکانم.

**مەگی:** بۆ بەرگی تازەی ئەو کتێبەی تایبەتە بە خۆت و بڕیار وایە بە خێرایی لە زنجیرەی کتێبی فەیلەسووفە زیندووەکان[11]دا بڵاو بکرێتەوە؟

**پۆپەر:** بەڵێ.

11. Library of living philosophers.